# واتە

13

کۆوارێکی ڕۆشنبیریی گشتییە

ئاب ٢٠١١

کۆواری واتە
بەهاوبەشی لە نێوان
دەزگای شەفەق لە کەرکووک و
دەزگای ئاراس لە هەولێر
دەردەچێ

هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964

**واتە بۆ ئەوانەیە کە**
**دەیانەوێ واتەیەک بدەن بەژیان**

خاوەنی ئیمتیاز: بەدران ئەحمەد حەبیب
راوێژکار: ئەحمەد تاقانە
سەرنووسیار: یوسف لەتیف
نەخشاندن: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: تریسکە ئەحمەد، بۆکان نووری، ئاریان ئەحمەد

# کارەساتەکانی شوێنەواری زانایانی کورد

محەمەد عەلی قەرەداغی

گومان نابەم زیادەڕەویم کردبێت کە لە یەکێک لە نووسینەکانمدا نووسیومە: ئەگەر شوێنەواری زانایانمان مابووایەن و پارێزراو بووایەن بەئەندازەی بارسایی یەکێک لە چیاکانی کوردستان شوێنەواری نایاب و جۆرەوجۆرمان لە دەستدا دەبوو.

ئەم بۆچوونەم لەوەوە بۆ دروست بووە کە کەمێک لە کارەساتی لەناوچوون و لەناوبردنی ئەم دوادواییەی ئەو سامانەم زانیوە[1]. جا ئەگەر لە توانادا بووایە هەموو کارەساتەکانی پێشوومان بەدرێژایی مێژوو بزانیایە ئەوسا دەبوو چۆن بیرمان بکردایەتەوە.

بۆ ئەوەی قەوارەی ژیانمان بزانین و بۆ مێژوویش بیرەوەریی چینانی ئەمەولا بن هەوڵ دەدەم نموونەگەلێک لەو کارەساتانە بۆ مێژوو تۆمار بکەم. بەڵام وەک ئاماژەم کرد ئەمەی من دەینووسم نموونەگەلێکن تاکەکەسێک لە سنوورێکی کەمی سەردەمێکی نزیکدا کۆی کردوونەوە. بەهیوای ئەوەی ئەم لایەنە دەوڵەمەند ببێت و هەوڵەکەیش لە تاکەکەسی دەربچێت، سەرەتا ڕووی دەمم دەکەمە ڕۆشنبیر و دڵسۆزان و خەمخۆرانی سامانی کولتووری کورد، هەر کەس هەرچی دەزانێ و بیستوویەتی لە وێنەی ئەمانەی لێرەدا باسیان دەکەم – با زۆر بچووکیش بن – یان خۆی تۆماری بکات و بڵاوی بکاتەوە، یان بینێرێ بۆ من لە تەک سوپاسی پێشەکیی زۆرمدا بۆ ئەو بەڕێزانە بەناوی خۆیانەوە بە ئەمانەتەوە لە بابەتێکی تێروتەسەلدا بە یارمەتیی خوا بڵاویان دەکەمەوە.

هەرچەند باسەکەم بۆ ژیانی کەلەپووریی کۆن تەرخان کردووە و ڕەگی لە مێژوودا زۆر ڕۆیشتووە و بۆ سەردەمانێکی کۆن دەگەڕێتەوە، لە پێشدا لە ئێستەوە دەست پێ دەکەم:

# خەمساردی

یەکێک لەو کارەساتە سامناکانەی کە تا کاتی نووسینی ئەم بابەتەیش کەلەپوور و کولتوور و شوێنەواری زانایانی کورد بەدەستیەوە دەناڵێنێ خەمساردیی ڕۆشنبیران و بەرپرسانی کوردە لە ئاستی ئەو سامانە نەتەوەییە گرانبەهادا.

لەم سەدەی (٢١) و لەم جیهانی تەکنۆلۆجیا و ڕابوونی زانست و تەقینەوەی بیر و هۆش و هەوڵدان بۆ دەستخستن و کۆکردنەوەی هەرچی بەسوودە بۆ گەل و وڵات و ڕامکردن و هێنانە ژێردەستی یاخی و باڵا لە هەر بوارێکدا، ئا لەم کاتەدا کە گەلانی جیهان بۆ بەدەستهێنانی دەستخەت و وێنەی دەستخەت و زانیاری لەبارەیەوە و کۆکردنەوەیان و پۆلێنکردنیان؛ کارگەلی سەرسوڕهێنەر ئەنجام دەدەن، ئێمەی کورد هێشتا لە گوێی گادا نووستوین و نازانین چیمان هەیە و سامانی کەلەپووریمان لە چ ئاستێکدایە.

تا ئێستەیش لە کوردستاندا مەڵبەندێک نییە دەستخەت و شوێنەواری زانایانی کوردی تێدا کۆ کرابێتەوە، تائێستەیش لە کوردستاندا قانوونێک نییە ڕێ و شوێنی هەڵگرتن و پاراستنی دەستخەتی تێدا ڕوون کرابێتەوە. تا ئێستەیش لە کوردستاندا ئالییەتێک نییە بتوانرێ لە ڕێگەیەوە پێوەندی بەناوەندی دەستخەت و کەلەپووری وڵاتانی جیهانەوە بکرێت و بزانرێت خەڵک چی دەکەن و گەیشتوونەتە چ ئاستێک و ئێمە لە چ ئاستێکداین.

ڕەنگە کەسانێک کە لە نزیکەوە ئاگایان لەم مەبەستە نەبێت بڵێن: تۆ لە خۆتەوە هێرشی ناڕەوا دەکەیتە سەر داوودەسگاکان و لە خۆتەوە قسەی قەبە و بێ بناغە دەکەیت.

بەڵام هەر بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر دەڵێم: جگە لەوەی ئەو ئەندازە دەستخەتەی کە ئێستە هەمانە و لەو هەموو بەڵا و کارەساتانە قوتار بوون کە لەم باسەدا دەیخوێنیتەوە لە کوێ پارێزراون؟ من لە وەڵامدا پێت دەڵێم: بەشێکیان لە کتێبخانەی ئەوقافی سلێمانیدا لە بارودۆخێکدا پارێزراون کەسانی شارەزا ببینن گریانیان بەحاڵی دێت و لەوانەیە زۆر قسەی تاڵ و ساردمان پێ بڵێن و بمانکەن بە کەژدا.

هەر لە پاڵ ئەمەدا و بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە دەڵێم: زیاتر لە ساڵێکە - دوای ئەوەی بەشێکی باشی کتێبخانەی خاڵ بەڵگ و بن کرا - نێزیکەی (٤٠٠) چوارسەد دەستخەتی باش لەو کتێبخانە بەپارەیەکی مشە کڕرا، بەڵام دوای کڕینەکە (دەڵێن) ئەو دەستخەتانە لە بانکی ئەزمڕ پارێزراون.

دەبێ بپرسین: لەو بانکەدا لە چ بارودۆخێکدا پارێزراون؟ کێ سەرپەرشتیان دەکات؟ ئاخۆ مشک و مۆرانە و مرە و خۆرە تێیان نادات؟ ئەمە لە کاتێکدایە لە وڵاتانی جیهاندا دەستخەت لە کەشوهەوای تایبەتی و لە پلەیەکی ستانداردی سەرما و گەرمادا هەڵ دەگیرێت و چاودێریی وردی دەکرێت و هەر شەش مانگ جارێک بەدەرمانی تایبەتی دژی مۆرانە و میکرۆب تەعقیم دەکرێت. جگە لە مانەیش ئایا دەستخەت مادەیەکی زانستی نییە کە دەبێ کار بۆ لێکۆڵینەوە و

بووژاندنەوەی بکرێت؟ ئاخۆ دەستخەت بۆ ئەوە نییە وەک وڵاتانی جیهان وا دەکەن بەسامانێکی نەتەوەیی دابنرێت و لە چەندان ڕووەوە سوودی لێ وەربگیرێت؟ –

پێش ئەوەی بگەمە سەر نووسینی باسی ئەو کارەساتانەی بیستوومن یان لەملا و لا کۆم کردوونەتەوە، دەبێ بەهۆیەک دەست پێ بکەم کە بەدرێژاییی مێژوو هاوملی هەموو کارەساتەکان و لە هەمووشیان کاریگەرتر بووە و بێ ئەوەی کەس بتوانێ لە بەرانبەریدا بوەستێ، هەموو کات کاری سامناکی خۆی کردووە: کە کەشوهەوای کوردستان و نەدارایی و هەژاریی زۆربەی مامۆستایانی کورد بووە.

وەک لە بیرمانە و لە پێشینانمان بیستووە کەشوهەوای سالآنی پێشوو وەک ئێستە نەبووە، بارینی بەفر و باران ڕێژەی لە چاو ئێستەدا قابیلی بەراورد نییە. لە کوردستاندا و بەتایبەتی شوێنە کوێستانەکان بەدرێژاییی زستان چیا و گوندەکان پەردەی زیوینییان پۆشیوە و بای شەماڵی بەهارێکی درەنگ ئەوسا توانای ئەوەی بووە درز و کەلێن بکاتە بەستەڵەکی بەفر و زوقمی لەسەر یەک پەستراوی زستانی درێژ.

لەو سەردەمانەدا و تا چەند ساڵێک لەمەوبەر نەک مامۆستا و مەلای گوند بگرە زۆر لە مامۆستایانی شوێنە گەورە و دیارەکانیش توانای ئەوەیان نەبووە – وەک پێویست – مەکتەبە و سندووق بۆ کتێب و شوێنەوارەکانیان دابین بکەن و ئەوە تەنیا لە توانای میران و دەسەڵاتداراندا بووە[٢].

جا مامۆستایەکی زانای هەژار کە لە گوندێکی دوورەدەست و چەپەکی کوردستاندا ژیابێت و وایش بووبێت لە بنەماڵەیەکی بابەلباب مەلا و مەلازادە بووبێت و بەخۆی و باو و باپیرانی چەندان دانراوی خۆیان و دەستخەتی مامۆستایانی تریان کۆ کردبێتەوە، چۆن و لە کوێدا پاراستوویەتی؟

گومان لەوەدا نییە باشترین شوێن بۆ ئەو سامانە چەند تاقمێک بووە لەناو دیواری قوڕیندا سا یان لە ماڵ خۆیاندا یان لە حوجرەی مزگەوتدا، ئەمانەیش – جگە لە هەڕەشەی مشک و مۆرانە و شتی تر – هەردەم لە بەردەمی هەڕەشەی ئەوەدا بوون کە بارانی زۆر بباریٚ و سەربان دڵۆپە بکات و ئاو بەدیواردا بێتە خوارەوە و تاقی کتێبەکانی مامۆستا پڕ ببێت لە ئاو و دەستخەتەکانی بخووسێن و ببن بە هەویر، یان بەفری زۆر لە سەربان کەڵەکە ببێت و ماڵ هەرەس بێنێ و دیوار بتلیسێتەوە و کتێبەکانی مامۆستا لەناو قوڕ و لیتەدا ببن بەژێر دار و پەردووەوە.

دەکرێ لە پەنای ئەم خاڵەدا خاڵێکی تر تۆمار بکەم کە ئەمیش نیشانەی کارەساتی گەورەی خان و ماڵ کاولکەری لێ وەردەگرێت. لەسەر لاپەڕەکانی مێژوو، یان لە قەڵەمی ئەو مامۆستا و میرزایانەوە کە ڕووداوی جۆرەوجۆریان لە پەنای دەستخەتەکانیاندا تۆمار کردووە، دەیان ڕووداوی گەورەی مێژوویی وەک ڕشانەوە و چاوەقووڵە، یان قاتی و قڕی کە کەوتووەتە ناوچەیەک بە داڵەواز کەسی لێ دەرچووە و وا بووە خەڵک داویانەتە کێو و چیا و دەشت و دەر و ماڵ و سامانیان بەجێ هێشتووە و سەر دەرکە ماڵ دەبێتەوە بووە. تەنانەت وا بووە باوک لە کوڕی و مێرد لە ژنی

نەپرسێتەوە، چ جای ئەوەی بیری بەلای کتێبخانە و دەستخەتەوە بووبێت.[3]

بۆ نموونە لە ساڵانێکی پێشوودا پەتا و چاوەقوولە لە شارێکی وەک سلێمانیدا - کە ئەو سەردەمە وەک گوندێکی ئێستە وا بووە - دروێنەی خەڵکی کردبێت و ڕۆژانە ٥٠ - ٦٠ کەس مردبن و کەس نەبووبێ تەرمەکانیان بشارێتەوە و وا بووبێت سەگ لاشەی مردووی خواردبێت، دەبێ دەستخەت کەوتبێتە چ بارودۆخێک بۆ پاراستنی؟[4]

لەم خاڵەوە دەگوێزمەوە بۆ لای ئەو خاڵانەی کارەساتی وا لەخۆ دەگرن کە بۆیان لواوە تۆمار بکرێن و لەسەر لاپەڕەکانی مێژوو شوێنی خۆیان هەبێت.

یەکێک لەو کارەساتە سەختانە کارەساتی کتێبخانەی (عەبداڵخانی میری بتلیس)ە کە بەپێی نووسینی کەسێکی لەبارەی ئەحمەد پاشا و ناحەز بەکورد، کتێبخانەی عەبداڵخان لەو سەردەمەدا ڕەنگە لە جیهاندا بێ وێنە بووبێت و ئەوەی ئەولیا چەلەبی لەو بارەوە نووسیویە ئەگەر ئەوە نەبووایە کە خۆی بە چاوی خۆی دیویەتی و ڕاستەوخۆ دیمەنەکانی نووسیوە و مەبەستیشی پێداهەڵدانی کتێبخانەی عەبداڵخان نەبووە، لەوانە بوو بۆ هەموو کەس جێگەی بڕوا نەبێت.

ئەوەندە لە بابەت لادەدەم لێرەدا دەڵێم: لەو کتێبخانە بێ وێنە چی لە کتێبخانەکانی کوردستاندا ماوە؟ یان ئێمە هەواڵی چی لەو کتێبخانە و دانراوەکانی عەبداڵخان خۆی دەزانین؟ وابزانم خوێندنەوەیەکی لە سەرخۆی ئەم کارەساتە بە تەنیا بەسە بۆ زانینی قەوارەی ژیانی سامانی کولتوور و کەلەپووری کوردی.

ئەوەی ئەولیا چەلەبی لەم ڕووەوە نووسیویە لێرەدا بەو درێژییە جێگەی نابێتەوە، من تەنیا نموونە لە پوختەی ئەو نووسراوە وەردەگرم.

باسی کتێبخانەکە:

مەبەستم لە باسی کتێبخانەکە ئەو کتێبانەیە کە لەو کتێبخانەدا بوون کە سوپای ئەحمەد پاشا دوای شکانی عەبداڵخان دەستیان بەسەردا گرت، کە کورتەکەی ئەمەیە:

یازدە سندووقی چوارگۆشەی میناکاریی ڕازێنراوە بەنایابترین شێوە، هەر یەکی دە دانە کتێبی بە نرخ و بایەخداری تێدا بوو کە لەلایەن خۆشنووسە بەناوبانگەکانەوە نووسرابوونەوە و بەچەشنێک ڕازابوونەوە کە هەریەکەیان کرابووە پارچە ئەنیتیکەیێکی بێ وێنە، جگە لە قەڵەمدان و لمدان و گوڵاودان و بوخوردان و سووڕەدان و مقەست و قەڵەمبڕی بەنقێم و وردەکاریی بە بەردی گرانبایی. لە کتێبەکان: شانامە و گوڵستان و شەرەفنامە و چەند دیوانی شیعر کە زۆربەیان بەدەستخەت و مۆری زیادین خان خۆی بوون.

حەڤدە بەرگ قورئانی نەخشێنراو و بۆ شاهان نووسراوە بەدەستخەتی یاقووتی موستەعسەمی، ئەحمەدی قەرە حەساری شێخ بایەزیدی وەلی، شێخ قەرە محەمەد، عەبدوڵڵای قرێمی، خالید ئەفەندی ئەسکوداری، دەمیرچی حەسەن چەلەبی.

هەزار و سێسەد بەرگ تەفسیر و کتێبی بەنرخ کە لەسەر کاغەزە باشەکانی خەتایی و دیمەشقی و سەمەرقەندی و ئەحمەد ئاوایی نووسرابوونەوە.

حەفتا بەرگ تەفسیری پیرۆز وەکو تەفسیری سەبریی تەبەری، تەفسیری دەیلەمی، تەفسیری فەیزوڵڵای هیندی (جگە لە ئایەتەکان وشەی تەفسیرەکە هیچی نوختەدار نەبوون) تەفسیری ئەبولەیسی سەمەرقەندی، تەفسیری شێخ، تەفسیری بەغەوی، تەفسیری قازی، تەفسیری ئەبوسعوودی سلێمانی کە هیچیان لای شێخولئیسلامەکان دەست ناکەون.

هەزار و سێسەد بەرگ کتێبی حەدیسی پێغەمبەر (د.خ) جگە لە قەدووری و مولتەقا و کەششاف و قەهستانی و مەلا جامی. تەجویدی بەهەڵبەست ڕێکخراوی شاتبی و حەریری.

لە کتێبی زمان: قامووسی و ئەختەری و شەمعی و لوغەتی ئیبنومالیک و چارەپەردی و گەلێک کتێبی بایەخداری تر. بیست بەرگ شانامەی فیردەوسی بەخەتی تەعلیق نووسراوە.

هەزار بەرگ دەستخەتی جۆرەجۆر لە خەمسەی نیزامی و دیوانی حافز و عورفی و گولستان و بۆستان و نیعمەتوڵڵا و.... گەلێکی تر لە کتێبی نەخشاو و ڕازاوە.

دووسەد و شێست پارچە بەیاز کە هەر تاقە لاپەڕەیەکی سەد قرۆشی دێنا. ئەو بەیازانە هەندێکیان شەشسەد پەڕە بوو کە هەمووی دەسخەتی سەردەمی سوڵتان بایەزیدە.

ئەمانە بەهەموو جۆرە خەتەکانی دیوانی و نەسخ و ثولث و ڕێحانی و سیاقی و کووفی و حەفسی و مەغریبی و فارسی و مەرانکۆشی و... لەناو نووسەرانی خەتی تەعلیقدا (فەخریی بەرسەوی) هەبووە کە خەتی ئەوەندە جوانە نە لە پێش ئەو کەس وای نووسیوە و نە پاش ئەو کەس دەیگاتێ. قورئان و گوڵستان و بۆستانێکی نووسیوە موعجیزەیەکن بۆ خۆیان.

هەروەها تۆماری وایان لەناو هاتە دەر کە هەریەکەی گومبەزێکی ئەفراسیاو دێنێ. ئەوەندە بەهەرزان فرۆشران کە پارەکە بایی یەک نوختەیان نەبووە.

باری حەوت وشتر کتێبی باریدار کە مۆری خانیان پێوە بوو. کە هەموویان کتێبی نایابی زانستە جۆرەوجۆرەکان بوون.

جگە لەمانە حەفتا و شەش بەرگ کتێبی فارسی و عەرەبی و تورکی لە دانانی (عەبدالخان) خۆی لەگەڵ سەد و پێنج پارچە نامیلکەی جۆرەجۆر کە زۆربەیانی بە زمانی فارسیی نووسیبوو.

دووسەد بەرگ ئەتڵەس مینۆر و جوگرافی و پاپامۆنتە و کتێبی هەیئەت و حیکمەت بەچاپی فەرەنگ هەرکەس دەیانبینێ هۆش لە سەریا نامێنێ. چەند نەخشەی ڕەنگاوڕەنگی دنیای کۆن و نوێ کە سەری تەماشاکەریان دەسووڕاند، هەر جۆرە گیا و ڕووەکێک بۆ پزیشکان پێویست بێ. وێنەی هەموو ئەندامی لەشی ئادەمیزاد کە هیچ تەماشاکەرێک لەگەڵ ئەندامی ڕاستەقینەدا لێکیان ناکاتەوە. دووسەد دانە وێنە و نیگاری سەرسوڕێنەر بەقەڵەمی عەجەم و فەرەنگ کێشراون و هەریەکەیان نموونەی جادووکارییە یەک لەوانە نیگاری شەڕی نێوان دوو دەستە کەشتی شەڕکەر

بوو کە بەپوختەیی لە کاری جادووگەر دەچێ و پێت وایە ئەوە زیندوون و لە بەرچاوتن...

بەڵێ هەزاران بەرهەمی هونەرکارە بەرزەکانی دنیا لێرەدا خرابووە هەڕاجەوە و ئەو کوردە هەمەڕەنگە و ئەو جڕ و جانەوەرانە و ئەو خەڵکەی هینی خۆی و گێزەر لێک ناکەنەوە، ئەم وێنانەیان دەستاودەست دەگێڕا و لەم خێوەتەوە دەیانبردە خێوەتێکی تر و بێ قەدر ئەمدیوە و دیویان دەکردن تا وایان لێ دەهات بەشڕ و ژاکاوی دەدرایەوە دەستی دەڵاڵەکە.

هەر لەو شتە نایابانەی ئەولیا چەلەبی باسی کردوون ئەمەی خوارەوەیش لە گەنجینەی عەبداڵخاندا بووە:

خڕکراوەیەکی نەدیتراو کە برێتی بوو لە سێسەد و هەشتا پەڕە و هەر پەڕەی دەسکردی یەکێک لە مۆرهەڵکەنە هەرە بەرز و ناسراوە کۆنەکانی جیهانی پێوە بوو، ئەم مۆرانە هەندێکی شیعر و هەندێک سەجع و هەندێکی تریان ناوەکە تێکەڵاوی قسەی نەستەق کرابوو، خەتی ئەم مۆرانە لە تەعلیق و نەسخەوە بگرە تا رووقعە و کووفیی تێدا بوو، لەناویاندا دەسکردی مۆرهەڵکەنە ناودارەکانی وەکو (نەقشی)، (سەلامی)، (شەهلادبەگ)، (جان بەگ)، (مەمی)، (سەهی)، (جەم بەگ)، (چەمەنی بەگ)، (ئەحمەد بەگ)، (مەحموود چەلەبی)، (فەرید چەلەبی)، (سەیریی چەلەبی) بەرچاو دەکەوتن. ئەو مۆرەی لە لاپەڕەیەک درابێ لە لاپەڕەیەکی تردا دووبارە نەکرابووەوە. ئەم تۆمارە ڕەنگینەش زۆری دەستاودەست کرد و نەزانان ئەمدیوە و دیویان کرد تا لە دواییدا (عەلیەفەندیی غینایی زادە) بە سەد قرۆش کڕی.[5]

داود چەلەبی باسی کتێبخانەی عیمادییە دەکات و دەڵێت: گەنجینەی کتێبخانەی (المدرسة الجديدة) لە عیمادییە هەزار دانە کتێبی تێدا بوو - دیارە هەرە زۆریان دەستخەت بوون - لە ڕووداوێکی ناوچەکەدا ساڵی ١٩٢٠ ئەو کتێبخانەیە سووتا تەنیا ٣٥ کتێبی لێ دەرچوو ئەوانیش نەوەی مەلا یەحیا بردنیان چونکە کتێبخانەکە وەقف نەبوو وا باو بوو کتێبخانەی مەلا یەحیا بوو - دیارە مەبەستی مەلا یەحیای فرووریە -[6]

منیش دەڵێم: بەخزمەت چەند دەستخەتێک گەیشتم بە دووری نازانم پاشماوەی ئەم کتێبانە بن و ئەو کاتەیش گومانی ئەوەم بوو کە دەبێ کتێبخانەی مەلا یەحیای مزووری چی بەسەرهاتبێت؟[7]

چەند ساڵێک لەمەوبەر کاتێ بەسەردان چوومەوە دێی تەکیە لە مزگەوتەکەدا تاقمێک هەیە[8] کە بەردەمەکەی دیوار کراوە و لێوانلێوە لە جزمەشڕە و پەڕە کتێب و قورئانە کۆنەدا. بەهیوای ئەوەی شتێکی کوردیی تێدا بدۆزمەوە سەر و بنێکم کرد و پێیدا گەڕام. بەڵام دەرکەوت پێش من دەستی پێ گەیەندرابوو، لەو کاتەدا من خەریکی ئەو تاوتووە بووم پیاوێکی پیر لای زۆپاکەوە دانیشتبوو بەدەم جگەرەکێشانەوە پرسی: ئەوە فلان خەریکی چیت؟ منیش هەر بەدەم کاری خۆمەوە وردە وردە مەبەستی خۆم بۆ ڕوون کردەوە، وتی: جا ئەوانە بەکاری چی دێن؟ دووبارە هەندێک لە سوود و قازانجی ئەو جۆرە شتانەم بۆ ڕوون کردەوە. کەچی وتی: بەخوا من خۆم بەکۆڵ و جاجم چەند کۆڵم کتێب و پەڕەی وا کردووەتە چەمەکە. لێم پرسی: چۆن؟ وتی: وەک ئێستە نەبوو؛ مزگەوت

جمەی دەهات، حوجرە دایما سی چل فەقێی تێدا بوو، هەر بەین نابەینێ ئەم تاقانە پڕ دەبوون لە کتێبە کۆنە، زستان کاتێ کەواوەکەی قۆپیی دەهاتە خوارۆ و چەمەکە دەهات و سوار لێی نەدەدا جاجممان لەو کتێبانە دەئاخنی و ئەماندا بەدەم ئەو ئاوەوە.[9]

ماوەیەک لەمەوپێش چوومە ماڵی شێخ مەحموودی دۆڵان لە سلێمانی، بیستبووم شیعری (مەولەوی)یان لایە بەدەستخەتی (سەودایی) – شێخ سمایلی باپیریان – کاک تاهای کوڕی و باسیتی برازای، پاش ئەوەی لە یارمەتیدانم درێغییان نەکرد، وتیان: بەخوا ئەوسا منداڵ بووین دەچووین بۆ سەیران لە گومەزی شێخ مارفی نۆدێ و گومەزەکانی تردا باوش لەمانە – دەستیان بۆ بەیاخێکی شیعری مەولەوی ڕادەکێشا، ئەهێنا و یاریمان پێ دەکرد و لە قوڕ و چڵپاوا دەرزین[10].

***

دۆستی خۆشەویستم کاک (ئیبراهیم باجەلان) بۆی گێڕامەوە وتی: تەمەنم یەک ساڵان بوو کە باوکم کۆچی دوایی کرد، باوکم خوێنەوار بوو لەگەڵ خوێندەوارییەکەیشیدا دەستی خۆشنووسی و وێنەکێشانی هەبوو، پاش لە دنیا دەرچوونی پڕ سندووقێکی گەورە کتێب و دەستخەتی لێ بەجێ مابوو، ماوەیەک سندووقەکە لە ماڵەوە کەوتبوو، دوایی کەسوکار وتیان: ئێمە چاومان بەرایی نادا ئەم سندووقە لەم ماڵەدا بێت و ئێمە هەرچەند چاومان پێی بکەوێت وەک کۆسمان کەوتبێت وایە هەڵسان سندووقەکەیان دا بەکۆڵیاندا و بردیان دایان بە دەم ئاوی سیروانەوە.

کاک ئیبراهیم دەڵێ: کاتێ گەورە بووم و فامم کردەوە پرسیم، وتیان: ئەو سندووقە گەلێ دەستخەتی نایابی تێدا بووە دیوانی شیعری باوکم – خۆی – تێدا بووە، دیوانی باباعەلی (بێدار) و چەند شاعیری تری کوردی تێدا بووە[11].

***

خەریکی نووسینی ئەم باسە بووم ڕۆژێک لە کۆڕێکدا باسی دەستخەت و کەشکۆڵی شیعری کوردی کرا. مامۆستا سەبری بۆتانی گێڕایەوە وتی: لەم ماوەیەدا (عەبدولڕەقیب یوسف) لە هەولێر چووەتە جێگەیەک پڕ تاقێکی گەورە کتێبە کۆن و دەسنووسی تێدا بووە – بەشی زۆریشی کوردی بووە – مشک و مۆرانە سەریان تێ کردووە و بەشێکی زۆری کتێبەکان وەک ئاردە برنجی لێ کراوە و گوومشکیش بەشێکی تری داپۆشیوە. کاتێک ڕێگەی ئەوەی نەدراوە شتێکیان لەگەڵ بکات و بزانێ کەڵکی هیچیان ماوە یان نە، ویستوویەتی کامێرەیەک بێنێ و وێنەیەکی ئەو دیمەنە دڵتەزێنە بگرێت و بەڵگەیەکی سامانی بەزایەچووی ئەدەبی کوردی تۆمار بکات. دووبارە ڕێگەی ئەوەیشی نەدراوە و دەست بەدڵیەوە – پێش ڕووی – نراوە[12]

***

شەوێک کاک عوسمان شەمیرانی کارمەندی کەناڵی ئاسمانیی پەیام لە ماڵی خۆمان کە باسی جەفایی کرا، وتی: لە خوشکەکانی جەفاییی بیستووە، کە بەتەمەنن، دوای کۆچی دواییی جەفایی

کتێبەکانی – کە دیارە بە زۆری دەستخەت بوون – باری دوو گوێدرێژ بوون، بار کراون و بران....

شەوی ٥/٦-١٠-٢٠٠٨

## بیرەکەی ماوەران

ئەوەی هێنامیەوە ئەم باسە ئەوە بوو لەم ماوەدا شەوێک یەک دوو میوانی ئازیزم هاتن – لەبەر بێ کارەبایی – بەتاریکی دانیشتبووین قسانمان دەکرد. یەکێک لە میوانەکان – دوکتۆری داهاتوو – مامۆستا عەبدولحەکیمی مامۆستا مەلا عوسمانی مامۆستا مەلا ساڵحی کۆزەپانکەیی – بێ ئەوەی بزانێ من چیم لایە و چ بیرێک لای من دەوروژێنێ – باسی مەدرەسەی ماوەرانی کرد و باسی ئەوەی کرد کە ئەو گوندە – ماوەران – سەردەمێک ١٦ مەدرەسەی تێدا بووە. جارێک لە گوندەکە رەویان کردووە. ئیتر ئەو نەیدەزانی کەی و لەبەرچی بووە – پێشرەوەکەیان مامۆستایانی بنەماڵەی حەیدەری، کە شامەلای ناوچەکە و گەورە مامۆستای مەدرەسەکانی ئەو گوندە بوون. هاتوون (بیر)ێکیان بۆ ئەوە هەڵبژاردووە کتێبەکانیان تێدا بپارێزن. بەم شێوە لە سەرووی ئاوی بیرەکە – سا ناوەڕاست بووە یا کەمتر یا زیاتر – دەوری بیرەکەیان کون کردووە و دارەڕایان کردووە. هەرزاڵەیەکیان لە بۆشاییی بیرەکەدا دروست کردووە. دوایی کتێبەکانیان هێناوە لەسەر هەرزاڵەکە هەڵیان چنیون و دوایی بیرەکەیان داپۆشیوە.

کاتێک گەڕاونەتەوە سەری بیرەکەیان هەڵداوەتەوە دەبینن هەرزاڵەکە ڕووخاوە و کتێبەکان – کە دیارە لەو کاتەدا هەموویان دەستخەت بوون – کەوتوونەتە ناو ئاوی بیرەکە و خووساون و لە کەڵک کەوتوون.[١٣]

ئەم ڕووداوە لە ساڵی ١١٤٤و ١١٤٥ی کۆچیدا بووە. ئەو گوندە لەو سەردەمەدا زانکۆی حەیدەرییەکان بووە، ئەو ١٦ مەدرەسە تایبەتی حەیدەرییەکان بووە و خۆیان مامۆستایان بوون و فەقێی زۆر و باشیان تێدا بووە. جا دەبێ چەند دەستخەتیان بووبێت و چۆن بووبن و؟ چی بووبن؟.

کتێبخانەی قوببەهان – قوبادخان –:

ئەم کتێبخانە یەکێک بووە لە چەندان کتێبخانەی ناوچەی عیمادییە و دەوروبەری کە بەداخەوە هەموویان بەکارەساتی جۆرەوجۆری ڕۆژگار لە بەین چوون و گەلێکیان ناونیشانیان نەماوە. ئەوانەیشیان کە ناویان لە سووچ و قوشبن یان پەراوێز و کۆتاییی دەستخەتەکان و فیهرەستەکاندا ببینرێت هەر ئەو ناوەیە و بەس. ئیتر ئەو مەدرەسانە چۆن بوون؟ چییان تێدا بووە؟ چەند کتێب و دەستخەتیان تێدا بووە؟ تا کەی دەوامیان کردووە؟ ئەمانە و زیاتریش پرسیاری بێ وەڵامن.

مەدرەسەی قوببەهان یەکێکە لەو مەدرەسە گەورانەی کە مێژووەکەی بۆ پێش پتر لە (٨٠٠) ساڵ

دەگەڕێتەوە و بەدرێژاییی ئەو مێژووە مەدرەسە و کتێبخانەکە ئاوەدان بوون و مامۆستای باش و فەقێی زۆریان تێدا بووە و لەژێر چاودێریی میرانی ناوچەکەدا بوون و دەستی کۆمەک و یارمەتییان بۆ درێژ کردوون و بەکتێب و دەستخەتی نایاب کتێبخانەکەیان دەوڵەمەند کردووە، تا وای لێ هاتووە هەزاران بەرگ کتێبی نایابی تێدا بووە. کە گەلێکیان بەخەتی دانەرەکانیان بوون.

دوای هەرەسهێنان و لەناوچوونی ئیمارەتی عیمادییە و ئاوابوونی ئەستێرەیان کتێبخانەکەیشیان لە تەک مەدرەسەکەدا ڕوویان کردووەتە کزی و مەلای باشیان کەم بووەتەوە و مەدرەسە ئەو شەوق و گەشییەی جارانی نەماوە و کتێبخانە بێ خاوەن کەوتووە و دەستی تێ براوە و هەرکەس بۆ خۆی هەرچی ویستبێ کەس نەبووە بڵێ: بۆ وادەکەیت و بۆ کوێی دەبەیت؟ تا ئەو کتێبخانە شکۆمەندە وردە وردە لەناوچووە و لە هەزاران کتێبەوە هاتووەتە سەر چەند سەد کتێب[١٤].

بۆیە لێرەدا داخ و کەسەری زیاتر بۆ ئەم کتێبخانەیە دەردەبڕم؛ چونکە لە نزیکەوە دوا ئەڵقەی شانۆیی یان تراجیدیای کارەساتی ئەم کتێبخانەم بەچاوی خۆم بینی ئەویش کورتەکەی بەم شێوەیە:

ئوسامە نەقشبەندی کە ئەو سەردەمە بەرپرسی کتێبخانەی (دار صدام للمخطوطات)ی ئەو سەردەمە و (المركز الوطني للمخطوطات)ی ئێستە بوو بۆی گێڕامەوە: ڕۆژێک لە کاتی گرانی و گەمارۆکەدا مەلایەک لە پیکابێکدا چەند کارتۆن کتێبی دەستخەتی هێنابوو، مەلاکە شڕۆڵە و پەرپووت و بێ سەروبەر بوو، دیاربوو زۆر نەبوو و داماو بوو. پەلەی ئەوەی بوو زوو شتێکی بدەینێ و بگەڕێتەوە بۆ شوێنی خۆی. ئێمەیش – واتە ئوسامە و هاوڕێکانی لێژنەی کڕینی کتێب – دانیشتین نرخمان بۆ دەستخەتەکان دانا، ڕۆژی دوایی کە مەلاکە هاتەوە و نرخەکانمان پێ وت باوەڕی نەدەکرد و وەخت بوو شاگەشکە ببێ. ئەو نرخەیش ئەوان دایاننابوو لە دەوروبەری هەزار(١٠٠٠) دینار دابوو کە بایی پارەی یەک دەستخەتیشیان نەبوو.

بەڵێ لە کاتی گەڕانم بەناو دەستخەتەکانی ئەو کتێبخانەدا ڕێگەم لەو کۆمەڵە دەستخەتە – پاشماوەی کتێبخانەی قوبەهان – کەوت و فرمێسکی بەکوڵ و بەخوڕم بۆ ڕشتن؛ چونکە هیچ کۆمەڵە کتێبێکی ئاوا بەیەکەوە نایابم نەدیبوو، چەند ڕۆژێک کە دەچووم بۆ ئەو کتێبخانە ئەو کتێبانەم داوا دەکرد و ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر پێیان سەرسام دەبووم و زانیاریی سەرنجڕاکێشترم تێدا دەدۆزینەوە، کە هەندێکیانم تۆمار کردووە و هەرکەس بیانخوێنێتەوە – ڕەنگە – وەک من سەرسام بێت. بۆ نموونە ئەو دەستخەتانە چۆن نووسراونەتەوە و شوێنەواری چ کەسانێک بوون؟

خاوەنی ئەو دەستخەتانە کەسانێک بوون – نەک تا سەر ئێسک – تا دوا هەناسە لەگەڵ زانست و کەرەستەی زانستدا گەڕاون. تۆ وەرە لە تەک مندا بچینە خزمەتی دەستخەتێک لەو دەستخەتانە تا بەچاوی خۆت ئەو عیشق و سۆزە بێ سنوورە بۆ زانست ببینیت: مامۆستایەک تووشی چاوەقووڵە بووە، مردنی بەچاوی خۆی بینیوە، ها ئێستە یان سەعاتێکی تر بەو نەخۆشییە گیانی

دەربچێت، هاتووە بیری لە چی کردووەتەوە؟ دەستخەتێکی هەیە بەشی زۆری نووسیوەتەوە کەمی ماوە تەواوی بکات، دەترسێ کە بەو نەخۆشییە بمرێ دەستخەتەکەی بەناتەواوی بمێنێتەوە، هاتووە دەستخەتەکەی هێناوە بە پەلە دەستی کردووە بەنووسینەوەی و لە پاڵ کارەکەیدا ئەمەی نووسیوە:

«ناسخة خضر المسمي بالسلماسة في ٩٣٨ في حلب. ثم يقول: والباعث علي الاشتغال بكتابة هذا اللكتاب في هذة الحالة خوف أن أموت ويبقي غير تام، وقد كان مؤلما مضروبا بالطاعون ضربا لا يعلمه الا هو وفاعله»[١٥].

ئەم دەستخەتانە وەک گوتم لە نایابیدا کەم وێنە بوون و زۆریان نوسخەی تاقانە و بێ وێنە بوون. – دووبارە – هەر بۆ نموونە ناوی تەفسیری کەواشی دێنم کە لەناو ئەو دەستخەتانەدایە و ساڵی ٧٠٢ی کۆچی نووسراوەتەوە و یەکێکە لە تەفسیرە نایابەکانی شوێنەواری مامۆستایەکی کوردی لەبیرکراو.

ئەم کارەساتە زۆری دەوێت و نووسین زۆر هەڵدەگرێت، ئەوەی لەو کاتەدا بە من کراوە ئەوە بووە – لە تەک ناسۆری سەخت و فرمێسکڕشتندا – ژمارەکانیم دیاری کردووە (بەڵکو!) لەمەولا کەسانێک یان کەسی دڵسۆز هەبێت بیر لە هێنانەوە و ئازادکردنی ئەو سامانە نابەسامانچووە بگەڕێنێتەوە بۆ زێدی خۆی.

ئەو دەستخەتانە زیاد لە (٣٢٠) دەستخەت بوون و بەژمارەکانی (٢٠٧٦٥) تا (٢١٠٨٦) لە کتێبخانەی ناوبراودا پارێزراون.[١٦]

کە باسی ئەم کارەساتە دەنووسم مانای ئەوە نییە لە دەستخەتەکانی مەدرەسەی قوببەهان هەر ئەم ئەندازە کتێبە گەیشتبنە بەغدا و لەو کتێبخانەدا لەنگەریان گرتبێ، بگرە گەلێ کتێبی تری ئەو کتێبخانە لە ڕێگەی کەسانی ترەوە گەیەنراونەتە بەغدا و ئێستە لەوێدا پارێزراون. دووبارە بۆ نموونە ئاماژە بۆ کتێبی (المقرر في شروح المحرر)ی مامۆستای زیادی دەکەم کە بەخەتی خۆی نووسیویەتییەوە و پێشکێشی میران و مامۆستایانی عیمادییەی کردووە و ئەمەیش لەو بارەوە لەسەر ئەو دەستخەتە نووسراوە:

«این نسخه کتاب که شرح محرر است مؤلف او کە علی بن یحیی زیادی است بخط خود نوشته اند و وبرای علما و امرای عمادیه بهدیه روانه فرماید، و منی حقیر خریدم بچهار لیره در مدینه عمادیه. احمد بن موسی الدیاربکری»

دەبێ ئەوە لە بیر نەکەم ئەم دەستخەتە دوو بەرگە و بە ژمارەکان: (١٥٧٤٩ – ١٥٧٤٨) لە کتێبخانەی بەغدادا پارێزراوە و ئەو ژمارانەیش هیچ کام لەم ژمارانە نین کە پێشتر نووسیمانن[١٧].

کتێبخانەی بیارە:

بیارە یەکێکە لە شارۆکە دێرینەکانی کوردستان و بەدرێژایی مێژوویەکی درێژ و بێ پسان مەڵبەندی ڕۆشنبیری بووە، بۆ زانینی مێژووی بیارە ئەوەندە بەسە کە وەک مامۆستا مەلا

عەبدولکەریمی مودەڕیس نووسیویە و چەند جار بەدەمی لێم بیستووە دەیفەرموو: بنەماڵەی مەلا ئیبراهیمی بیارە (٢٥) پشت پشتاوپشت و کوڕ لە باوکەوە میراتی زانست و ئاڵای خوێندنیان بەیەک سپاردووە و بێ بڕانەوە مامۆستای مەدرەسەی بیارە بوون.

مامۆستا فەرمووی: لە مزگەوتی سەرەوەی بیارە – مزگەوت و خانەقای ئێستا نا – ژێرزەوینێک هەبوو بە چەندان پلیکانە دەچوویتە خوارەوە ئەوسا دەگەیشتیتە ناوی، ڕۆژێک چرایەکم برد و زەلامێکم لەگەڵ خۆمدا برد بزانم چی تێدایە، کە تەماشام کرد بنی دیار نەبوو پڕ بوو لە دەستخەت و کتێبی کۆن، لە ترسی مار و دووپشک و جرِ و جانەوەر نەموێرا هیچ بکەم و هەروا هاتمەوە سەرەوە[18].

دوای ئەمەیش چەندم پرسیوە لە کەسم نەبیستووە بۆ شوێنەواری ناو ئەو ژێرزەوینە شتێک کرابێت و هەروا بووە ژێر خانوو و ماڵەوە و دوور نییە ئێستەیش ئەگەر خەمخۆری هەبێ شتی بەسوودی لێ دەربهێنرێت.

لە داوێنی ئەم چەند خاڵەدا کە لە بابەتی تۆمارکراو کۆم کردنەوە دەمەوێ بڵێم: ئەم بابەتەی من دەبێ وەک نەخشەکێشان و ڕەنگرێژی دابنرێت بۆ بابەتێکی دەوڵەمەند و فراوان ئەگەر منیش پیایدا نەگەم، دەکرێ کەسێ یان کەسانێکی تر مادە و کەرەستەکانی کۆ بکەنەوە و کتێبێکی زانستی و دەوڵەمەند و هەردەم زیندووی لێ پێک بێنن، خۆمان و خەڵکیش سوودی باشی لێ وەربگرین؛ چونکە کەرەستەی ئەم بابەتە زۆرە و ئەگەر بکرێ – هەموویشی نەبێ – بەشێکی باشی لێ کۆ بکرێتەوە ئەوە مادەی ئەو باسەمان دەداتێ کە مەبەستمانە.

من لەم ڕەنگرێژییەدا هەموو شت ناخەمە ناو ئەم باسە و گەلێ شتم لەلایە دەکرێ دواتر دوای بابەتبەندی شوێنی شیاوی خۆیان بدرێتێ. بۆ نموونە ئاماژە بۆ دوو بابەت دەکەم:

یەکەم: بابەتێکم وەک سیمینار لە ئەکادیمیای کوردی خوێندەوە و لە ڕۆژنامەی خەباتیشدا[19] بڵاو کرایەوە و ئێستە لە بەرگی نۆیەمی بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورددا بڵاو دەبێتەوە بە ناونیشانی (شیوەنێک بۆ کۆڕی زانیاری کورد). لەو باسەدا سووچێکی قەرەبوونەکراوەی سامانی کەلەپووری کوردی خراوەتە ڕوو.

دووەم: بابەتێکم بەناونیشانی (مەنەری مەدرەسە و فەرمانڕەواییی بێتووش) لە گۆڤاری ئەکادیمیای کوردیدا بڵاو کردووەتەوە و[20] ئەویش لە هەمان بەرگی بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورددا بڵاو دەبێتەوە. ئەویش بەشبەحاڵی خۆی ئاوێنەیەکی ڕوونی چەند نموونەی زیانی قەرەبوونەکراوەی کەلەپووری کوردی دەنوێنێ.

ئەمانە و ئەوانە و ئەوانەیش لەملا و لا لەلای من یان لەلای کەسانی ترەوە کۆ دەبنەوە کەرەستەی تەواوی ئەو پرۆژەن.

مامۆستا سەید باقری هاشمی:

ئەم مامۆستا بەڕێزە یەکێکە لەو مامۆستایانەی دەمێکە خەمخۆری بە یاخی و کەشکۆڵی شاعیران و شوێنەواری مامۆستایانی کوردە و لە هۆڵی کۆکردنەوە و رزگارکردن و پاراستنیاندایە. بەو بۆنەوە گەلێ کارەساتی سامناک و دڵتەزێنی لە بواری تێداچوونی کتێبخانەکانی کوردستاندا بیستووە و هەواڵی سەخت و جەرگبڕی زۆری بۆ گێڕاوەمەتەوە، لەوانەی کە فریای تۆمارکردنیان کەوتووم ئەمانەی خوارەوەن:

١- دوای شۆڕشی ئیسلامیی ئێران و هەڵگیرساندنی شەڕی ئێران - عێراق و هێرشکردنی باڵەفڕەکانی عێراق بۆ سەرگوندەکانی ئێران، لە گوندێک لە گوندەکانی نێزیکی پاوە بووین. کوڕێکی گەنج کە قوتابیی زانکۆ بوو هاتە لامەوە وتی: بڕێ نووسراوە و کتێب و قورئانم لەلایە، کات شەو بوو، شەوانە لە ترسی باڵەفڕەی عێراق دنیا خامۆش بوو، چرا و کارەبا نەبوو. لەگەڵ کوڕەکەدا ڕۆیشتم پەتوویەکیان بەسەر سەرمەوە ڕاگرت، چرایەکیان لەژێر، پەتووەکەوە داگیرسان و بەو شێوە ڕۆیشتین تا گەیشتینە ئەو ماڵە. ئەو کوڕە گەنجە لەناو کادانا دوو گونیە دەستخەتی دەرهێنا و هێنایە بەردەستمان، گونیەکان پڕ بوون لە کتێبی دەستخەت و قورئانی دەستخەت. (١٤) قورئانی دەستخەتیان بەقەوارەی جۆرەوجۆری گەورە و بچووک لەناودا بوو، بەشێکیان پتورکا بوو، بەشێکی مشک خواردبووی، هەندێکیش لەوانە نم لێی دابوون و کەڵکیان نەمابوو. دوایی بیستم هەموویان سووتاندبوو نەوەک ماڵیان بپشکنن و تووشی شتێکیان بکەن.

٢٠١٠/١٠/١٣

مامۆستا سەید باقر فەرمووی:

لە شارۆکەی پاوە میرزا و خەتخۆشێک هەبووە ناوی میرزا ئەحمەد بووە. لە نەوەی میرزا ئەحمەدی (رەمال) بووە، میرزای عەباسی خانی سەردار ڕەشید بووە کە ناوبراو فەرمانڕەوای پاوە و دەوروبەری بووە. میرزا ئەحمەد پیاوێکی خەتخۆش و مونشی بووە، دوای خۆی دوو کچی لێ بەجێ مابوو. مامۆستا سەید باقر دەفەرمووێ: لە دەوروبەری ڕووخانی شا و هاتنی جمهوری ئیسلامیدا چووم بۆ لای کچەکانی وتم: ئەگەر لە باوکتان شتێکتان بۆ بەجێ ماوە بە هەر شێوەیەک بێ بەهیمەت یا بە قیمەت بمدەنێ با لەناو نەچێ. یەکێ لە کچەکانی کە ناوی شەوکەت بوو دەستی کرد بەگریان وتی: وەڵڵا لەم ڕۆژانە هاتنە سەر ماڵی دراوسێکەمان بەبیانووی ئەوە سەر بە شا بووە زۆریان ئازار داوە و گەلێ شتیان بردووە، ئێمەیش لە ترساندا هەرچی شتی باوکمان بوو. کە پڕ بەسندووقێک بوو، بەسندووقەکەوە ئاگرمان تێ بەردا و سووتاندمان.

هەروەها فەرمووی:

مزگەوتی گەورەی خانەگای پاوە، کە ویستوویانە نۆژەنی بکەنەوە دیوارەکەیان ڕووخاندووە، بینیویانە لە پشتی ئەو دیوارەوە دیوارێکی تر بووە کە تاقی زۆری تێدا بووە، تاقەکان هەموو پڕ

بوون لە دەستخەت و قورئانی کۆن. ئەو خزمەمان کە ئەوەی بۆ گێڕامەوە وتی: دەستخەتەکانمان کۆ کردەوە و باری یەک قاتر بوو بردمان لە ئاتەشگا خستمانە بیرێکەوە.

٢٠١٠/١٠/١٤

کارەساتێکی تر

مامۆستا سەید باقری هاشمی شەوی ٢٨/٢٩-٤-٢٠٠٦ لە ماڵی خۆیان لە کرماشان بۆی گێڕامەوە فەرمووی:

گەنج بووم بیستم پیاوێکی بە تەمەن هەیە لە گوندی... خوێندەواریی هەیە و باو و باپیریشی خوێندەوار و مەلا بوون و ڕەنگە دەستخەت و کتێبی کۆنیان هەبێت. هەڵسام چووم بۆ لای پیاوەکە، کە چووم دیم پیاوێکی بەتەمەن بوو، دوای دانیشتن هەواڵی دەستخەتم لێ پرسی. یەکسەر هۆن هۆن فرمێسک بە هەردوو چاویدا هاتە خوارەوە، زۆر پەشیمان بوومەوە لەوەی کە بووم بەهۆی زەحمەت بۆ ئەو پیاوە. دوایی خۆی وتی: ئەوە بۆ ناپرسی بۆ گریام؟ وتم: وەڵڵا زۆر پەشیمانم لەوەی تۆم گەیاندە ئەو حاڵە. وتی: ڕۆڵە ئەمە بەسەرهاتی هەیە با بۆت بگێڕمەوە. وتم: فەرموو. وتی: منداڵ بووم تەمەنم ١٠-١٢ ساڵان بوو ڕۆژێک بەرخەلەوانەکە بەرخەکانی ئێمەی نەبردبوو بۆ لەوەڕاندنیان، دایکم وتی: ڕۆڵە ئەو بەرخانە بکەرە ئەو قەدپاڵە و چاوت لێیان بێ با نەختێ بلەوەڕێن. منیش بەرخەکانم برد بۆ لەوەڕ تا دەمەوعەسر لەلایان بووم، بارانێکی زۆر بە خوڕ و تەرزە دایکرد، باران کوتامی، کەلوپەلەکەم لەبەرما خووسا، بەو تەڕی و سەرمایە هاتمەوە بۆ ماڵەوە، دایکم ئاگری بۆ کردمەوە و کەلوپەلەکەمی وشک کردەوە، لەبەر ماندوویێتی خەوم لێ کەوت تا درەنگێکی شەو بەخەبەر نەهاتم.

ماڵەکەمان تاقی بەرزی تێدا بوو کتێب و دەستخەت و پەڕە کاغەزیان تێدا بوو، دیوارەکان دووکەڵ و دۆرنج ڕەشی کردبوون. کە لە خەو خەبەرم بووەوە و چاوم هەڵگڵۆفت شوێنی لەپی دەستم بەدیوارەکە و لای تاقەکانەوە بینی، وتم: دایە ئەوە چییە؟ وتی: وەڵڵا ڕۆڵە هەر چییەک هات خورما و کشمیشی پێ بوو، هەرچی هەوڵم لە تەکیدا دا نە بەپارە نە بەگەنم نە بەجۆ نەیفرۆشت وتی: تەنیا بە پەڕە کاغەز و کتێبە کۆنەی دەدەم، منیش بانگم کرد هات لەو تاقانەدا چی بەدڵ بوو دەری هێنا و ئەو سندووقە خورما و کشمیشەی دامێ.

پیاوەکە وتی: هەر بەیانی زوو هەڵسام کەوتمە شوێن چەرچی دێ بەدێ تا گەیشتمە روانسەر نەمگرت. چووبووە هەر دێیەک چۆن دەستی دایکمی بریبوو خەڵکی ئەو گوندانەیشی وا لێ کردبوو، کتێبخانەی گەلێ بنەماڵەی گسک دابوو.

هەروەها مامۆستا سەید باقری هاشمی بۆی گێڕامەوە فەرمووی: چوومە خزمەتی مامۆستا مەلا عەلی فەخری کوڕی مامۆستا مەلا قادری خەڵکی گوندی یارێی جوانڕۆ عەرزم کرد: مامۆستا هیچ دەستخەت و شوێنەوار و بەڵگەنامەی مامۆستایانی بنەماڵەکەتان و کەسانی دیت لە خزمەتدا نییە؟

دەبێ ئەوەیش بڵێم: وا مەشهوورە کە مامۆستا مەلا عەلی لە نەوەی مەلا مستەفای بێسارانییە.

مامۆستا مەلا عەلی بەداخێکی زۆرەوە و بەپڵەمەگریانیەوە فەرمووی: ڕۆڵە زۆرمان هەبوو، بەڵام بەداخەوە هەمووی لە بەین چوو، شێوەی لە بەینچوونەکەی وەهابوو: کێشە و بەرە و ناخۆشی هەبوو لەگەڵ قەڵخانیاندا، ئێمەیش ئەو شتە بەنرخانەمان لەناو کایەن (کادان)دا کردبوو بەژێر کاوە، کاتێک قەڵخانییەکان هێرشیان بۆ سەر گوندەکەمان هێنا کایەنەکەیان ئاگر دا و هەرچی تێدا بوو هەمووی بوو بەخۆڵەمێش.

مامۆستا سەید باقر بۆی گێڕامەوە:

مامۆستا سەید تاهیری هاشمیش یەکێکە لەوانەی لە ژیانی خۆیدا زیانی کەلەپووریی زۆری لێ کەوتووە و دەستخەت و کتێبیان لێ وەرگرتووە و دوایی بۆیان نەهێناوەتەوە و تێدا چووە.

یەکێک لەوانەی کە بەداخیەوە سەری ناتەوە و هەرگیز لە دڵی دەرنەچووە ئەوە بووە کە د. سەعیدی کوردستانی چووەتە خزمەتی و کۆمەڵێک بەیاخی و دەستخەتی نایابی لێ وەرگرتووە و دوایی نەیداوەتەوە و دەستی پێ داگرتوون.

مامۆستا سەید تاهیر داخ و خەفەتی خۆی بۆ ئەمە دەربڕیوە و بە پارچە شیعرێک د. سەعیدی داشۆردووە و هەجووی کردووە.

زیانێکی تری کەلەپوور

دوکتۆر ئیسماعیلی شەمس کە خۆی لە بنەماڵەی مەردۆخییە و لە نەوەی شێخ قەسیمی گەورەیە بۆی گێڕامەوە:

کە لە خانەوادەکەیاندا کتێبخانەیەکی گەورە هەبووە بە خەتی گەورە زانایانی بنەماڵەی مەردۆخی و دانراوی خۆیشیانی تێدا بووە، جارێک دەڵێن: ڕەزا شا سەردانی ئەو ناوچە دەکات و هەر کتێب و شوێنەوارێکی کورد ببینێ دەیسووتێنێ و خاوەنەکەیشی جەریمە دەکات، ئەمانیش هەڵدەستن باری دوو قاتر دەستخەت بار دەکەن دەیبەن لە دەرەوەی گوندەکە چاڵیان بۆ هەڵدەکەنن و دەیانخەنە ناوی، پاش ماوەیەک کە دەچن سەریان لێ دەدەن دەبینن هەمووی بووە بە خۆڵ.

د. ئیسماعیل دە پازدە دەستخەتی نایابی پێشان دام لە (دائره المعارف بزرگی اسلامی) پاراستوونی بەشێک بوون لە پاشماوەی ئەو کتێبخانە و بەخەتی زانایانی بنەماڵەی مەردۆخی بوون و هەموویان نوسخەی دەستخەتی نایابن.

٢٠٠٩/١/١ تاران

مامۆستا ئەحمەدی نەزیریش کارەساتێکی بەمجۆرە بۆ گێڕامەوە:

ئاغا ئیقبال هەیە لە شاری سنە، برای خێزانی خوالێخۆشبوو شێخولئیسلامە، منیش لە خزمەت شێخولئیسلامدا عەلاقەیەکی تایبەتیم هەبوو، بەو بۆنەوە ئاغا ئیقباڵ منی دەناسی پێی

گوتم: فـلان کـەس زەحـمـەت نەبێ لەگەڵمـا وەرە کتێب و دەسنـووس و سـەنەد و مـەداریکێک هـەیە دەیفرۆشن، وەرە قیمەتەکەیمان بۆ دیاری بکە. منیش وتم: زۆر چاکە. ناونیشانەکەم لێ وەرگرت و چەند ڕۆژ بەهیوا بووم لێم بپرسێتەوە دەنگی نەبوو.

دوایی خۆم بەناونیشانەکەوە ڕۆیشتم و ماڵەکەم دۆزییەوە، وتم: منیان ناردووە بۆ تەماشای ئەو کتێبانەتان کە دەیانفرۆشن، ئەویش بانگی کەسێکی کرد وتی: ئەم ئاغا هاتووە تەماشای کتێبەکان بکات. ئەویش وتی: دەبیبەن با تەماشایان بکا. بەچەند پلیکانەدا چووینە خوارەوە بۆ ژێرخانێکی زۆر گەورە، کتێبی چاپ و خەتی زۆری تێدا بوو، بەڵام کتێبە چاپییەکان هەر کامیان لە دوو سێ جەڵد زیاتر بووایە نیوەی دیار بوو. لەو کەسەم پرسی: بۆ ئەم کتێبانە وا ناتەواون؟ وتی: ئەمانە لەناو براکاندا بەش کراون. ئەم کتێبە کە لە ١٢ بەرگ شەش بەرگی دیارە شەشەکەی تری بەر بەشی برایەکی تر کەوتووە.

جگە لەو کتێبە چاپانە کتێبی دەستخەت و بەڵگەنامەی زۆری تێدا بوو، گەلێ تەماشام کردن هیچم پێ نەکرا هاتمە دەرەوە. دوایی لەگەڵ ئاغا ئیقباڵ قسەم کرد وتم: کاکە گیان ئەم کتێبانە نرخیان بۆ دانانرێت. لەوانەیە نرخیان زۆر لەوە بەرزتر بێت من و تۆ بیریان لێ دەکەینەوە. ئەویش وتی: وەڵڵا ئەوان داوای (٢٢٠٠٠) بیست و دوو هەزار تمەن دەکەن و من هەژدە هەزار تمەنم داونەتێ ئەوان نەیانداوە. منیش وتم: ئەمە لە هەژدە و بیست و سەد و دووسەد و ملیۆنیشدا نییە. هۆشت ببێت و ئاگات لێیان بێت لە دەست دەرنەچن، باش بیر بکەرەوە بە دوکتۆر ئەسعەدیش بڵێ با لە باسەکە ئاگەدار بێت. من هەر بیرم لێ دەکردەوە و لە مێشکم دەرنەدەچوو، چەند ڕۆژێک دوای ئەوە پرسیم لە ئاغا ئیقباڵ: کتێبەکان چییان بەسەرهات؟ وتی: وەڵڵا کابرایەکی.... کۆنەسێن چوو بوو بە (٢١٥٠٠) بیست و یەک هەزار و پێنجسەد تمەن لێی سەندبوون. نەیشمانزانی کڕیارەکە خەڵکی کوێ بوو، ئەوەندە هەیە خۆی وتبووی زایدانیم.

ئەم کتێبانەیش بەوە دۆزرابوونەوە کە بەقاڵێکی سەرشەقامەکە دوو کتێبی لێ وەرگرتبوون نۆک و گوڵەبەڕۆژەی تێدا فرۆشتبوون. کابرای دوکاندار نەخوێندەوار بوو، کەسێک پێی زانیبوو وتبووی: برا ئەمانە کتێبی کۆنن و گوناحە وایان لێ دەکەیت و کەسێک شوێن باسەکە کەوتبوو ماڵەکەی دۆزیبووەوە. ئەم ڕووداوە لە ساڵی ١٣٦٩ی هەتاویدا لە شاری سنەدا ڕووی داوە.

سەید ئیسماعیلی حسەینیی بۆی گێڕامەوە:

لە دێیەک لە ناوچەی کەلاتەرزان کە کەس گومانی ئەوەی نەبردووە مەلایان بووبێ یان کتێبی تێدا بووبێت. ڕۆژێک کەسانێکی قاچاخچیی دەستخەت پرسیاریان کردووە: کەس هەیە کتێبی کۆنی ببێت؟ یەکێک لە دانیشتوانی گوندەکە وتوویەتی: من هەندێ کتێبم لەلایە لە تورەکەیەکدا. کە چوون تەماشایان کردووە دەبینن هەمووی دەستخەتە، بەخاوەنەکەیان وتووە: بەچەند دەیفرۆشی؟ ئەویش وتوویەتی: هیچی لێ نازانم کەیفی خۆتانە. قاچاخچییەکان بەپارەیەکی کەم لە

دەستیان دەرهێناوە. دوایی دەرکەوتووە دەستخەتگەلێکی ئەوەندە بەنرخ بوون و هەر لە نرخاندن نەهاتوون.

٢٠١٠/٤/١٣ لە ماڵی خۆمان

مامۆستا حیسامەدینی کوڕی مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای قەڵاتێ بۆی گێڕامەوە:

لە کاتی ڕاگواستن و وێرانکردنی ناوچەی گەڵاڵەدا کە ئەمان ماڵیان لەوێ بووە کتێبخانەیەکی گەورەیان بووە، لەناو کتێبەکانیاندا کتێبی (الوسیط)ی ئیمامی غەزالی بەخەتی خۆی تێدا بووە. لە کاتی بارکردندا سەربازێکی عەرەب دەستی پێدا گرتووە و بردوویەتی.

هەروەها مامۆستای ناوبراو بۆی گێڕامەوە:

کتێبخانەی گوندی ڕایات باری (٥) هێستر دەستخەتی تێدا بووە، لە ناو ئەو دەستخەتانەدا دانراوی ئەبوحەنیفەی تێدا بووە بەخەتی خۆی، لە کاتی ئەنفال و ڕاگواستندا ئەو دەستخەتانە هەموویان تێدا چوون.

٢٠٠٤/٦/٥

هەروەها د. جەنین لوتفوڵڵا بۆی گێڕامەوە:

ماڵی باوکی پڕ سندووقێک دەستخەتی کوردی و تورکییان هەبووە. تا ئەم ساڵانەی دوایی هەر ماوە، لەم دواییانەدا لە سەربان دایانناوە باران لێی داوە و تەڕ بووە و کەڵکی نەماوە و فڕێیان داوە.

٢٠٠٠/١/١٠

لەم ماوە نزیکانەدا مانگی ٢٠١٠/٥ قاچاخچیی دەستخەت لە نێزیکی سەقز چوونەتە گوندێک لای کەسانێک کە دەستخەتیان هەبووە، (١٥٠) سەد و پەنجا دەستخەتیان لە کەسێک کڕیوە بە (٤٠٠) دۆلار.

سەباحی حسەینی. سەقز

پەڕاوێز:

(١) دەمێکە هەستم بەم کارەساتانە کردووە و لە گەلێ لە نووسینەکانمدا بە شێوەگەلی جۆرەوجۆر ئاماژەم بۆ کردوون، بۆ نموونە: بایەخدانی میرانی ئامێدی بە ڕۆشنبیری لە دەڤەری بادینان، چاپی یەکەم، ئاراس ٢٠٠٦، ل ٦، هەروەها سەرەتاکانی بەرگەکانی (بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە) ١-٩

(٢) هەر لەبەر ئەمەیە دەبینین کاتێک کەسێک یان بنەماڵەیەک کە ویستوویانە شتێکی بەبایەخی وەک سەنەد و قەباڵە و شەجەرەی بنەماڵە بپارێزن هاتوون لوولەیەکی ئاسنینیان بۆ دروست کردووە کە

سەروقەباغیشی هەر لە ئاسن بووە و وەها بووە کە ئاو و دڵۆپەی بەربکەوێت کاری تێ نەکەن.

(٣) ئەم کارەساتانە – چاوەقووڵە – ئەوەندە زۆر بوون ناوبردن و ناونووسکردنی گشتیان کارێکی ئاسان نییە، هەر بۆ نموونە بڕوانە: بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە بەرگی یەکەم ل: ١٣٥، بەرگی دووەم ل: ٢٠٥ و ٢٦٧ بەرگی سێیەم ل: ١٣٧ و ١٦٥ و ١٨٠ و ٢٥٢ و ١٥٨

هەروەها بڕوانە: دیوانی ڕەنجووری مەلا عومەری زەنگەنە، لێکۆڵینەوە محەمەد عەلی قەرەداغی، چاپخانەی (آفاق عربیة) بەغدا، ١٤٠٣ک (١٩٨٢ز)، چاپی یەکەم ل: ٧٤

(٤) دەستخەتی فەتاوای مامۆستای دێلێژەیی کە لە کتێبخانەکەی خۆمدا پارێزراوە.

(٥) بڕوانە: سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی، وەرگێڕانی سەعید ناکام، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، چاپی یەکەم، ل: ٢٧٨

(٦) امارة بهدينان العباسية، محفوظ محمد عمر العباسي، مطبعة الجمهورية الموصل. ١٣٨٨ه (١٩٦٩م) ص: ١٥٦

(٧) بڕوانە: بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد، بەرگی چوارەم، ل: ٣٥٠

(٨) ئەم نووسراوە پێش ئەنفال و کاولکردنی مزگەوتەکان و گوندەکان لەلایەنی بەعسەوە نووسراوە و دەقەکەم نەگۆڕی، ئەگینا ئەو مزگەوتە و تاق و حوجرەی بەردەمی شۆفڵی بەعس کرایە چەمەکە و شوێنەوار و یادگار و پیرۆزیی سەدان ساڵی خزمەتی نەبڕاوەی مەلا و فەقێی ئەو دێ دێرینەی کوردستان لە بری (هەیە) بوو بە (هەبوو).

(٩) بڕوانە: دیوانی جەفایی، شێخ عەبدوڵڵای شێخ حەمەئەمینی عەبابەیلێ، کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی محەمەد عەلی قەرەداغی، چاپخانەی شەفیق، بەغدا، چاپی یەکەم، ١٩٨٠ ل: ٦

(١٠) سەرچاوەی پێشوو.

(١١) سەرچاوەی پێشوو.

(١٢) سەرچاوەی پێشوو.

(١٣) بڕوانە: بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد، بەرگی چوارەم، ل ٣٢٦

(١٤) بڕوانە: امارة بهدينان العباسية، ص ١٥٥

(١٥) بڕوانە: بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد، بەرگی چوارەم، ل ١٥٥

(١٦) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو.

(١٧) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، بەرگی (٣) ل: ١٠٠

(١٨) بڕوانە: کۆواری (الحوار) ٢٠٠٣

(١٩) ڕۆژنامەی خەبات ژمارەکانی ٣٠٨٤ و ٣٠٩٠

(٢٠) بڕوانە: ژمارە (١٠)ی کۆواری ئەکادیمیای کوردی ٢٠٠٩

# ئەرمەن و کورد

فەرهاد پیربالْ

٢ لە ٢

### ئەدەبیات و کولتووری کورد
### لە ئەرمەنستانی یەکەتیی سۆڤیەتی پێشوودا

ئەدەبیات و کولتووری کورد لە یەکەتیی سۆڤیەتی پێشوودا بە تایبەتی لە کۆماری ئەرمەنستاندا ئەگەرچی مێژوویەکی دێرینی نییە، بەڵام لە چارەگی یەکەمی سەدەی بیستەمەوە توانیویەتی ناسنامەیەکی جیاکەرەوەی خۆی هەبێت و ڕۆڵێکی باش ببینێ لە بەرەوپێشەوە بردنی ئەدەبیاتی کورد.

کۆماری ئەرمەنستان (ئەرمینیا) لە ڕووی دانیشتوانەوە لەوڵاتە چڕەکان دێتە ژماردن بۆ هەر ١کیلۆمەتری چوارگۆشە ١٢٦ کەسی بەردەکەوێ، ڕێژەی سەرژمێری بەپێی سەرژمێریی ساڵی ٢٠٠١ دەگاتە ٣٣٣٦١٠٠ هاووڵاتی. ئەرمەنەکان لەم وڵاتە ڕێژەی لە ٨٨٪ پێک دەهێنن، لەگەڵیان چەند کەمە نەتەوایەتییەک دەژین: ئازەرییەکان لە ١,٦٪، رووس لە٢,٣٪ ، کورد لە ٥,١٪، هەندێکیش لە ئۆکرانی و گورجی و تورک و فارس و ئاشووری و هەندێکی تر. بە ڕێژەی لە ٩٦٪ی دانیشتوانی کۆمار بە ئەرمەنی دەدوێن لە ٢٪ بە رووسی و لە ٢٪ زمانەکانی ترن.

ئەرمینیا بەسەر ١٠ هەرێمدا دابەش دەبێ: ئاراگاتسۆتن، ئارارات، ئارماڤیر، گیگهارکونیک، کۆتایک، لۆری، شیراک، سیونیک، تاڤوش، ڤایۆتس دزور. لەگەڵ شاری یەریڤانی پایەتەخت.

کوردی ناو کۆمارەکانی یەکەتیی سۆڤیەتی پێشوو (لە ئەرمەنستان، گورجستان -جیۆرجیا-، ئازەربایجان، تورکمانستان.. هتد) بەشێوەیەکی تێکڕا ژمارەیان دەگاتە ملیۆنێک کەس.

زۆربەی مێژوونووسان ڕایان وایە کورد لە پێش سەدەی یازدەمەوە لە قەوقاس هەبوونە، لە ناوچەکانی دەوروبەری ئەرمەنستان و گورجستاندا ژیاون، واتە بەر لە سەردەمی سەلاحەدینی ئەیووبییەوە کورد لە ئەرمەنستان و تورکمانستاندا دەژیان پێش ئەوەی ڕووسیا ئەرمەنستان و تورکمانستان داگیر بکا. بەڵام دواتر هەندێ کوردی تر لە ئازەربایجان و تورکیاوە ڕەویان کردە ئەرمەنستان.

لە ١٨١٣ دوای پەیمانی گوڵستان بەشێک لە جیۆرجیا و ئازەربایجان کەوتە دەست قەیسەری ڕووسیا. لە ١٩٢١ سەرتاپای قەوقاس کەوتە ژێردەستی ڕووسیا. هەموو ئەم ڕووداوانە، هەروەها چەوسانەوە و ئاوارەبوون و بەزۆرەملێ ڕاگواستنەوەی کورد وایان کرد کورد زۆرتر لە ئەرمەنستان و جیۆرجیا کۆ ببنەوە. بۆیە ئەمڕۆ دەبینین زۆرترین ژمارەی کورد لە جیۆرجیا بەتایبەتیش لە ئەرمەنستان دەژین. بەشی هەرە زۆری ئەو کوردانەی ئەرمەنستان و جیۆرجیا یەزیدین. پەنجا هەزار کوردێکش لە ئازەربایجاندا دەژین کە مافی دەربڕینی کولتووری نەتەوەیی و ئازادییان نییە.

ڕاستییەکەیشی کورد لە یەکەتیی سۆڤیەتی پێشوودا، لە چاو هەموو کۆمارەکانی تر زیاتر، بە پلەی یەکەم لە کۆماری ئەرمەنستانی سۆڤیەتیدا نیمچە ئازادییەکی خۆیان هەبووە و مافی نووسین و بڵاوکردنەوەی بە زمانی خۆی پێ دراوە. هەر تەنیا لەوێشدا زیاتر ژیانێکی کولتووریی کوردی گەشەی کردووە.

پێوەندیی نێوان کورد و ئەرمەن تەنیا دراوسێیەتی نەبووە، هەروەها تەنیا پابەندیش نەبووە بە کۆماری ئەرمەنستانی سۆڤیەتیەوە، بگرە نێزیکایەتییەکی کۆمەڵایەتی و کولتووری لە نێوانیاندا هەر لە کۆنەوە هەبووە: لە بەشەکانی کوردستانی تورکیا و ئێرانیشدا. لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەم بەملاوە، یەکێک لە سەرەتاکانی پەخشانی کوردی و دەستپێکردنی وەرگێڕان لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا، وەک ئاماژەمان پێی دا، بە هۆی هاوکاریی ئەرمەنەکانەوەیە کە دەردەکەوێت.

بەم شێوەیە، پێوەندیی کورد و ئەرمەن و هاوکارییەکانی نێوانیان زۆر لە ١٩١٧ و دروستبوونی کۆماری ئەرمەنستانی سۆڤیەت کۆنترە.

بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧ لە ڕووسیا وەرچەرخانێک بوو لە ژیانی کوردەکانی ئەرمەنستانی سۆڤیەتدا، هەروەها تەکانێکی بەهێز بوو لە ڕووی پتەوترکردنی پێوەندییەکانی نێوان ئەم دوو نەتەوە هاودەرد و ئازادیخوازە. ئەرمەنەکان، کە بۆ خۆیان سەربەستیی نووسینیان لە چوارچێوەی کۆماری ئەرمەنستانی سۆڤیەتیدا وەدەست هێنابوو، لە هەمان کاتدا، بە بڕیاری لینین، ڕێگەیان دایە کوردەکان بتوانن بە کوردی بنووسن و بخوێننەوە، بڵاوکراوە و قوتابخانەیان بە زمانی خۆیان هەبێت. بەکورتی: لە شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧ بەملاوە، بایەخێکی فراوان، لەلایەن ئەرمەنەکانەوە، درا بە پێشکەوتنی زمان و بڵاوکردنەوەی ئەدەبیات و نووسینی کوردی لە کۆماری ئەرمەنستانی سۆڤیەتدا.

یەکێک لە کارە باشەکانی یەکەتیی سۆڤیەت لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتیی لینیندا کردی، ئەوە

بوو کە لە ١٩٢١ بەملاوە هەڵمەتێکی دەست پێ کرد بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری لەناو کوردەکاندا: لە ١٩٢١ بەملاوە هیچ کوردێک نەما منداڵی خۆی نەنێرێتە بەر خوێندن. سەرچاوەکان دەڵێن: پێش ١٩١٧ لە سەدا نۆهەتی کورد نەخوێندەوار بوون، بەڵام لە کۆتاییی ساڵانی سییەکانەوە هەر هەموو کورد فێری خوێندەواری بووبوون. لە ساڵانی کۆتاییی بیستەکاندا، (٤٤) قوتابخانەی کوردی لەسەر خاکی یەکەتیی سوڤیەتدا دامەزران.

لە ساڵی ١٩٢٣، لەسەر داخوازیی لینین، ناوچە کوردنشینەکان، وەک مەڵبەندێکی سەربەخۆی سیاسی، ئۆتۆنۆمیی خۆی و ئیدارەیەکی ئۆتۆنۆمی پێ دەدرێت بە ناوی (کوردستانی سوور) کە پایەتەختەکەیشی برێتی بوو لە شاری (لاچین) لە ناوچەی Nagoron - Karabakh ، کورد خۆیان بەڕێوەیان دەبرد.

هەرێمی ئۆتۆنۆمی (کوردستانی سوور) بۆ ماوەی پێنج ساڵ، واتە تا ساڵی ١٩٢٩ ڕۆژنامەیەکیشیان بە ناوی (کوردستانی سوور Sovetskia kurdistan) بڵاو دەکردەوە. بەڵام لە ١٩٢٩ بەملاوە، کاتێ ستالین حوکم دەگرێتە دەست، بەهۆی سیاسەتی دیکتاتۆریانەی ستالین لە هەمبەر کەمایەتییە نەتەوەیییەکان، کورد هەرێمە ئۆتۆنۆمەکەیان لێ دەسەندرێتەوە، دەسەڵات و تەنانەت مافە کولتوورییەکانیشیان کز و کزتر دەبێتەوە و لە هەندێ قۆناغدا هەر بەیەکجاری، لە سایەی ڕێژیمی ستالینەوە، دەسڕێتەوە. بە فەرمانی ستالین، هەرێمی «کوردستانی سوور» دەکەوێتە ژێر ڕکێفی بەڕێوەبردنی جیۆرجیا و ئەرمەنستان و ئازەربایجانەوە. ئیتر وردە وردە ڕاگواستنەوەی کورد و ئازاردانی کورد دەست پێ دەکاتەوە بەتایبەتی لە کۆماری ئازەربایجاندا.

بەم شێوەیە تاقە مەنزڵگەیەک و تاقە هیوایەک بۆ بووژانەوەی کولتوور و ئەدەبیاتی کوردی تەنیا ئەرمەنستان مایەوە.

نووسەری ئەرمەنیی کوردناس، هاگۆب گازاریان لازۆ، لە ساڵی ١٩٢١، لە شاری ئێچمیادزین (نێزیک یەریڤان) لە ئەرمەنستانی سۆڤیەتدا، ئەلفابێیەکی ئەرمەنیی بۆ زمانی کوردی داڕشت. ئەمەشی لە کتێبێکی وێنەداردا بە ناونیشانی (شەمس) بڵاو کردەوە. ئەو ئەلفابێ ئەرمەنییەی ناو کتێبی (شەمس) بێگومان هەندێ دەنگی تایبەت بە زمان و فۆنەتیکی کوردیی خرابووە سەر. کتێبی شەمس، لە ساڵی ١٩٢١ بەملاوە بووە بنچینەیەک بۆ بەکارهێنانی ئەلفوبێی ئەرمەنی بۆ نووسین بە زمانی کوردی لە ئەرمەنستانی سۆڤیەتیدا. چەندان کتێب و بڵاوکراوەی پێ نووسرا و بڵاو کرایەوە؛ هەروەها چەندان قوتابخانەی کوردیی وەک قوتابخانەی (لازۆ) و قوتابخانەی (یانەی کوردان) کرانەوە. لەو قوتابخانانەدا زمانی کوردی بەو ئەلفابێ ئەرمەنییە دەخوێنرا.

دوای ئەوە، بە هاوکاریی نووسەری ئەرمەن، ئۆربێللی Orbeli، لە ١٩٢٨ ئەلفابێی لاتینی جێگەی ئەو ئەلفابێ ئەرمەنییەی گرتەوە بۆ نووسین بە کوردی. ئەلفوبێ لاتینییەکە، لەلایەن عەرەبی شەمۆ و (مارە گۆڵێف)ەوە دروست کرابوو وردە وردە جێگەی ئەلفوبێ ئەرمەنییەکەی گرتەوە تاکو لە لە ١٩٣٠/١/١ بەملاوە بەشێوەیەکی رەسمی کەوتە کار.«٩٤» . ئەلفابێ لاتینییەکە لە ئەرمەنستان و

جیۆرجیا بەکار دەهات، بەڵام لە کۆماری ئازەربایجان بەکارهێنانی زمان و کولتوور و نووسینی کوردی بە هیچ شێوەیەک ڕێگەی پێ نەدەدرا. لە باکۆ یەکەم کتێب بە کوردی لە ١٩٣٠ چاپ دەکرێ. لە تورکمانستان بەدرێژایی ١٩٣٣ تا ١٩٣٦ تەنیا شەش کتێب چاپ دەکرێن بە کوردی.

کورد لە ئەرمەنستان لە هەموو کۆمارێکی تری سۆڤیەت بەختەوەر بوون: لە ١٩٢٩ بەملاوە ژمارەی کتێبی چاپکراو بەشێوەیەکی بەرچاو بەرز دەبێتەوە لە ئەرمەنستان. هەر لەو زەمانەشدا ڕۆژنامەیەکی هەفتانە بە زمانی کوردی (ڕیا تازە ١٩٣٠ــ ١٩٣٨ و ١٩٥٥ ــ ١٩٩٣)، زمانحاڵی پارتی کۆمۆنیستی ئەرمەنستان، لە یەریڤان دەورێکی باشی لە بووژاندنەوەی ڕۆژنامەوانی و وەرگێڕان و ئەدەبیاتی کوردیدا بینیوە.

پێشتریش واتە لە ساڵی ١٩٢٧ هەر لە ئەرمەنستانی یەکەتیی سۆڤیەت، فیلمێکی کوردی بە ناوی (زارێ)، دەرهێنانی: بێگ نەزاڕۆڤ، کە (٧٢) دەقیقەیە، بێدەنگ، ڕەش و سپی، لەلایەن (ئەرمێنکینۆ) بەرهەم دەهێندرێ؛ باس لە ژیانی کۆچەرە کوردە یەزیدییەکانی سەر سنووری ئەرمەنستانی سۆڤیەت و کوردستانی تورکیای ساڵی (١٩١٥) دەکا. لە ماوەی دوو ساڵدا ١٩٣١ ــ ١٩٣٢ لە کۆماری ئەرمەنستاندا زیاتر لە نۆ کتێب، لە رووسی و ئەرمەنییەوە، کرانە کوردی. لە هەمان کاتدا دەبینین لە ساڵی ١٩٣٢– ١٩٣٣ لە ئەرمەنستان چل قوتابخانەی کوردی هەبوون کە ٧١ مامۆستای کورد و ١٩٣٦ قوتابیان هەبوو. درەنگتر پەیمانگەیەکی مامۆستایانیشی لێ کرایەوە. ئنجا لە ١٩٣٢ لقێکی نووسەرانی کورد لەناو یەکەتیی نووسەرانی ئەرمەنستان بۆ نووسەرانی کورد دامەزرا، کە یەکەمین بەرهەمی چاپکراویان بریتی بوو لە ڕۆمانەکەی (عەرەبی شەمۆ) بە ناونیشانی (شڤانی کورد). دوای ئەویش کتێبێکی ٦٦٤ لاپەڕەییان لەبارەی فۆلکلۆری کورد بڵاو کردەوە. ڕاستییەکەیشی ماوەی ١٩٣٢– ١٩٣٨ سەردەمێکی زێڕین بوو بۆ پێشکەوتنی کولتووری کورد لە ئەرمەنستانی سۆڤیەتیدا. هەر لە ساڵی ١٩٣٤یشدا بوو لە یەریڤان کۆنگرەیەک بۆ نووسەرانی کورد لەبارەی نووسین بەکوردی و ئەدەبیاتی کوردی ساز درا. لە ماوەی ١٩٣٧دا بەرنامەیەکی ڕادیۆییش بە زمانی کوردی وەشان دەکرا. ئەمە جگە لە بەرهەمهێنانی چەندان فیلم بە زمانی کوردی.

بەڵام لە ١٩٣٨ بەملاوە، واتە لەگەڵ سەرەتای شەڕی دووەمی جیهانیدا بایەخدان بە زمان و کولتووری کورد دایە کزی و پاشان نەما. ڕۆژنامەی (ڕیا تازە)ش داخرا. چاپکردنی کتێبیش بە کوردی نەما. ئەمە جگە لە سیاسەتی تواندنەوەی زمان و کولتووری کورد لەلایەن کۆمارەکانی یەکەتیی سۆڤیەتەوە لە ماوەی ساڵانی ١٩٤٤– ١٩٤٥دا. بۆیەش دەبینین لەو ساڵانەدا ئەلفابێی لاتینی بۆ زمانی کوردی نامێنێ و ئەلفابێی سیریلیک Cyriliques کە ئەلفابێی ڕووسییە جێگەی دەگرێتەوە. هەندێ لە نووسەرانی کوردیش، لەوانە عەرەبی شەمۆ، بە فەرمانی ستالین نەفی دەکرێن و ڕادەگوێزرێنەوە.

دوای مردنی ستالین لە ١٩٥٦ دۆخ دیسان باش دەبێتەوە و چاپکردنی کتێب بە کوردی دەست

پێ دەکاتەوە. بەرنامە کوردییەکەی ڕادیۆ و ڕۆژنامەی (ڕیا تازە)ش دەست پێ دەکاتەوە. مۆسیقا و نیگارکێشان و بەتایبەتیش شانۆ بە کوردی دەبووژێنەوە بەتایبەتی لە ئەرمەنستان و جیۆرجیا. لە ١٩٦١ زیاتر لە ١٣٠ کوردی سۆڤیەت لە زانکۆکانی مۆسکۆ و یەریڤان و لینینگراد و باکۆ دەیانخوێند.

لەو ماوە کورتەی باسمان کرد، دەیان ئەکادیمی، ڕۆژنامەنووس، هونەرمەند و نووسەری باشی کورد لە کۆمارەکانی یەکەتیی سۆڤیەتی پێشوودا، بەتایبەتی لە کۆماری ئەرمەنستاندا، سەریان هەڵداوە و لە ئاستی کوردستانی گەورەدا شۆرەتیان پەیدا کردووە: میکائیلی ڕەشید کە لە ١٩٢٥بەملاوە شیعری نوێ بڵاو دەکاتەوە، کارلینێ چاچان لە ١٩٢٩، ئەمینی عەڤداڵ لە ١٩٣٢، ئنجا لە ١٩٣٤ بەملاوە چیرۆکنووس جاسمێ جەلیل و ڕۆماننووسی مەزن (عەرەبی شەمۆ)، دواتریش حاجی جندی، وەزیری نادری، قاچاغێ موراد، میکائیل ڕەشید، خاتوونە هونەرمەند جەمیلەی جەلیل، شاکرۆی خدۆ، ئۆردیخانی جەلیل، تۆسن ڕەشید، ئەسکەری بوویک، تا دەگاتە د. جەلیلی جەلیل.

لێرەدا وا باشترە بەشێوەیەکی کرۆنیک، گرینگترین بڵاوکراوە کوردییەکانی چوارچێوەی کۆماری ئەرمەنستانی سۆڤیەتی پێشوو بەرچاو بخەین:

١٩٢٥: لە ئەرمەنستانی یەکەتیی سۆڤیەت، میکائیلی ڕەشید شیعری نوێ بڵاو دەکاتەوە.

١٩٢٩: ڕەشید نەجیب لە ١٩٢٩ نازناوی (گۆران) دەبەخشێتە عەبدوڵلا بەگی شاعیری نوێخواز.

– لە ئەرمەنستانی یەکەتیی سۆڤیەت، کارلینێ چاچان شیعری نوێی بڵاو کردووەتەوە.

١٩٣١: یەکەم چیرۆکی تەرجەمەکراو بە کتێب بڵاو کرابێتەوە: (چیرۆکی سەرهاتیا جاسم) کە حاجی جندی و ئەمینی عەڤداڵ لە نووسینێکی لازۆی ئەرمەنییەوە، لە ئەرمەنییەوە کردوویانەتە کوردی، بە پیتی لاتینی، یەریڤان، لە ٣٢ لاپەڕەدا.

١٩٣٢: بڵاوبوونەوەی یەکەمین شیعرەکانی ئەمینی عەڤداڵ لە ئەرمەنستاندا.

– خاچاتریان: زمنامەیێ کرمانجی، چەند داستانێکی کوردەوارییە لەژێر ئەم ناوانەدا: حەفت کۆسە، مەحموودێ نێچیرڤان، عوسمانێ پاڵەوان، ئەسەدێ دەڤدار. بە دیالێکتی کرمانجی، بە پیتی لاتینی، لە یەریڤان لە ٣٩ لاپەڕەدا بڵاو کراوەتەوە.

١٩٣٣: حکیات دەرحەق عیسا. ر. درامبیان، لە نووسینێکی ( ئامۆسۆف)ی رووسەوە کردوویە بە کرمانجی. چەند چیرۆکێکی ئاینییە لەبارەی عیساوە. لە ٣٤ لاپەڕەدا، ساڵی ١٩٣٣ لە یەریڤان چاپ کراوە.

١٩٣٤: تەرجەمەکردنی چەند چیرۆکێکی سۆڤیەتی: جاسمێ جەلیل کۆمەڵە چیرۆکێکی سۆڤیەتی ئەوسای بە ناونیشانی سوورا سەفەرێ کردووەتە کوردی و لە یەریڤان، لە ٢٤ لاپەڕەدا چاپ کراوە. وێنە بۆ چیرۆکەکان کێشراوە.

١٩٣٥: ئەمینی عەڤدالْ: یەکەم نامیلکەی شیعری خۆی لە یەریڤان.

– نۆڤلێتی شڤانێ کورد، عەرەبی شەمۆ نووسیویەتی، لە ١٥٥ لاپەڕەدا لە یەریڤان.

– کراستاپۆر کۆلۆمبس. ر. درامبیان ئەم چیرۆکەی لە ئەدەبیاتی سۆڤیەتییەوە کردووەتە کوردی و لە ٣١ لاپەڕەدا لە یەریڤان. گەشتەکەی کۆلۆمبس بە وێنەوە دەگێڕێتەوە.

١٩٣٦ : شیعرەکانی وەزیری نادری لە ئەرمەنستانی سۆڤیەت.

١٩٣٧: تەرجەمەی دوو چیرۆکی رووسیی سەدەی نۆزدەم: پووشکین: عەفران و حکیات، وەرگێڕانی: ر. درامبیان، ١٣٨ لاپەڕە، یەریڤان؛ لەگەڵ تولستۆی، وەرگێڕانی: قاچاغێ موراد، ٥٨ لاپەڕە، یەریڤان.

– تەرجەمەی چوار کۆمەڵە چیرۆکی منداڵان بۆ کوردیی کرمانجی کە لە یەریڤان بڵاو کراونەتەوە. ل ٥١ ـ ٥٢.

– رۆبنسۆن، وەرگێڕانی: جەردۆی گەنجۆ، ٧٥ لاپەڕە، یەریڤان.

– تەیر و توو، وەرگێڕانی: جاسمێ جەلیل، ڕەنگاوڕەنگ، ١٦ لاپەڕە، یەریڤان.

– چیرۆکی خووەیی و خولام، وەرگێڕانی: جاسمێ جەلیل، ڕەنگاوڕەنگ، ١٢ لاپەڕە، یەریڤان.

– رۆمانی سمانتۆ و خەجێ زەری، وەرگێڕانی: جاسمی جەلیل و ر. درامبیان، ٣٢ لاپەڕە، یەریڤان.

١٩٥٤: ئەمینی عەڤدالْ و میکائیل ڕەشید و چەند شاعیرێکی تر لە ئەرمەنستانی سۆڤیەت دیوانە شیعرێکی هاوبەش دەردەکەن ( نڤیسکارێ کورمانجا سۆڤیەتێ).

١٩٥٧: ئا. چاچان: گوڵبەهار، یەریڤان (ئەرمەنستانی سۆڤیەت).

١٩٦٣: ئەسکەری بوویک، لەدایکبووی ١٩٤١، یەکەم شیعرەکانی بڵاو دەکاتەوە.

## دۆستایەتی و کێشەی نێوان ئەرمەن و کورد
## لە کۆنگرەی ئاشتیدا لە پاریس ١٩١٩

دەوڵەتە ئەوروپاییەکان (فرەنسا و ئینگلتەرا و رووسیا) بەشداریکردنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییان لە شەڕی یەکەمی جیهانی لە تشرینی دووەمی ١٩١٤دا، بە هەل زانی بۆ ئەوەی سامانەکانی بەسەر خۆیاندا دابەش کەن. دەستیان بە نەخشەدانانی دابەشکردنی ئەو وڵاتانە کرد کە رێژیمەکانیان بۆگەن بووبوو و ماوەیەکی زۆر بوو چاکسازییان لە داوودەزگا حکوومەتییەکاندا نەکردبوو.

فرەنسا و ئینگلتەرا دوای وەرگرتنی ڕەزامەندیی رووسیا و ئیتالیا، رێککەوتننامەی سایکس

بیکۆیان لە ١٩١٦ بەست، لەسەر ئەوە ڕێک کەوتن کە تورکیای ئاسیایی بەسەر پێنج ناوچەدا دابەش کەن، بەپێی ئەم ڕێککەوتننامەیە لیوای مووسڵ (کوردستانی عێراق) و باشوری ڕۆئاوای کوردستان (عەنتاب، ماردین، هەکاری) و کلیکیایان خستە ژێر دەسەڵاتی فرەنسا، ناوچەکانی تری کوردستان و ئەرمینیای ڕۆئاوایان بە رووسیا بەخشی، بەڵام لە ئەنجامی شۆڕشی سۆشیالیستی ١٩١٧ رووسیای قەیسەری لە شەڕ دەکشێتەوە بە هۆیەوە هاوکێشەکان دەگۆڕێن لەگەڵ هەڵوێستی هەریەک لە فرەنسا و ئینگلتەرا و وڵاتە داگیرکەرەکانی تری کوردستان و ئەرمینیا، هەروەها هەڵوێستیان لە دابەشکردنەکەش گۆڕا واتە هەڵوێستەکان لە دیالۆگەوە بووە ململانێ بۆ دووبارە دەستگرتن بەسەر پاتارەکانی شەڕ.

ئەم ململانێیە لە کۆنگرەی ئاشتەوایی پاریس زیاتر لە نێوان وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان و ئەرمینیا گەڵاڵە بوو، کە لە ماوەی ١٨ تا ٢١ی دیسەمبەری ١٩١٩ لە پاریس بەسترا. زۆربەی بڕیارەکانیش لە بەرژەوەندیی وڵاتە زلهێزەکانی ئەوروپا هاتن بە تایبەتی ئینگلتەرا و فرەنسا. لەم کۆنگرەیەدا شاندی ٣٣ دەوڵەت ئامادە بووبوون لە نێوانیاندا دوو شاندی ئەرمەنی کە یەکێکیان بە سەرۆکایەتیی (ئاوادیس ئاوهانیان)ی نوێنەری پارتی تاشناق و کۆماری ئەرمەنی بوو کە دوای کشانەوەی رووسیا سەربەخۆیی خۆیان راگەیاند بوو، شاندی دووەمیان بە سەرۆکایەتی (بۆدۆس نووبار باشا)ی وەزیری میسریی کۆن بوو کە نوێنەرایەتیی ئەرمینیای ڕۆئاوای دەکرد واتە ئەو پارچە ئەرمینیایەی دەکەوێتە ناو خاکی کوردستانی تورکیا. لێرەوە بوو کە کێشەی کورد لەگەڵ ئەرمەن دەستی پێ کرد، واتە کێشە لەسەر دیاریکردنی سنووری سیاسیی کوردستان و ئەرمەنستان کەوتە نێوان نووبار پاشای ئەرمەن و جەنەراڵ شەریف پاشای نوێنەری کورد.

دوای کردنەوەی کۆنگرەکە دانیان بە کۆماری ئەرمینیا نا وەکو دەوڵەتێکی سەرکەوتوو لە شەڕی یەکەمی جیهانی. هەروەها لەم کۆنگرەیەدا شاندێکی بچووکی کوردیی نافەرمی بە سەرۆکایەتیی جەنەراڵ شەریف پاشا و ئەندامێتیی چەند سیاسەتوانێکی کوردی ڕکابەری پارتی ئیتیحاد و تەرەقی بەشداری دەکەن. شەریف پاشا لەلایەن پارتی سەربەخۆی کورد و کۆمەڵەی کوردی و پارتی دیموکراتی کوردی وەکو نوێنەری کورد هەڵبژێردرابوو.

جەنەراڵ شەریف پاشا وەک سەرۆکی شاندی کوردی توانی دوو یاداشت و دوو نەخشە پێشکێش بە کۆنگرە بکات کە تیایدا داخوازییەکانی گەلی کورد و سنووری ئەو کوردستانەی داوای دەکا بخاتە ڕوو. (ناوەڕۆکی ئەم داخوازینامەیەمان لە کتێبی (جەنەراڵ شەریف پاشا) تەرجەمە و بڵاو کردووەتەوە.

لە کاتێکدا هەریەک لە کورد و ئەرمەن هەوڵی ئەوەی دا بە پشتبەستن بە پەیمانەکانی ئینگلیز بە پشتیوانیکردن لە داوا ڕەواکانیان و بنەماکانی نامەی سەرۆکی ئەمەریکا کە تایبەتە بە مافی گەلان لە چارەی خۆنووسینیان کە لە ئارتیکلی (١٢)یدا دەڵێ: (ئەو نەتەوانەی ئێستا لەژێر دەسەڵاتی تورکدان دەبێ بواری تەواویان بۆ بڕەخسێندرێ بۆ ئەوەی بە مافی ڕەوای خۆیان بگەن

لە ئازادی و سەربەخۆییدا)، بەڵام دەوڵەتە مەزنەکان کە تازە بە سەرکەوتوویی لە شەڕ وەدەرکەوتبوون، خەریکی وەدەستهێنانی پاتار و دەسکەوتی ئابووریی زیاتر بوون بۆ ئەوەی قەرەبووی ئەو زیانانە بکەنەوە کە لە شەڕی جیهانی لێیان کەوتبوو. کێشەی کورد و ئەرمەن و هاوپەیمانێتییەکەیان بووبووە پرسێکی دیار و بەرچاو لە کارەکانی کۆنگرە، بە گرینگیان دەزانی چارەسەرییەکی بنەڕەتیانەی بۆ بدۆزنەوە.

ئینگلتەرا کە پێشتر هەوڵی دروستبوونی دەوڵەتێکی یەکگرتوو یا چەند میرنشینێکی کوردیی دەدا، لە هەڵوێستەکەی پاشگەز دەبێتەوە. سەرەتا ئەمە ڕای بوو بەڵام دواتر فەرەنسا پرۆژەیەکی چارەسەری کێشەی ئەرمینیا و کوردستانی پێشکێش کرد کە یەکێک لە بەندەکانی، بەم شێوەیە بوو: (کوردەکان لە توانایاندایە لەگەڵ هەریەک لە ئەرمەن و ئاشوورییەکان ڕێک بکەون بۆیە نابێ بیر لە دەوڵەتی کوردی بکرێتەوە بە بێ بیرکردنەوە لە دەوڵەتی ئەرمەنیی سەربەخۆ کە ئینگلیزەکانیش لەسەر ئەمە لەگەڵ فرەنساییەکان ڕێک کەوتوون).

بۆ وەڵامدانەوەی پیلانگێڕان، بۆ دەمکوتکردنەوەی ئەوانەی لە هەوڵی نانەوەی دووبەرەکیدا بوون لە نێوان کورد و ئەرمەن، بۆ بەرپەرچدانەوەی هەوڵە نەزۆکەکانیان لە پەڕاوێزی کۆنگرەکەدا، ڕێککەوتننامەیەکی لەیەک تێگەیشتن لە نێوان شاندی کوردی و ئەرمەنی، لە نۆڤەمبەری ١٩١٩ ئیمزا کرا. لەم ڕێککەوتنەدا باس لە هەموو پرس و گرفتە هاوبەشەکان کرا، تەنیا پرسی سنووری نێوانیان نەبێ، ئەویشیان بۆ کۆنگرە جێ هێشت کە ئەو کاتەی لێژنەیەک بۆ ئەم مەبەستە بەڕێ دەکا ئەوسا باس لەم گرفتەش بکرێ. هەردوو سەرۆکی شاندی کوردی و ئەرمەنی بە هاوبەشی، نامەیەکیان ئاراستەی سەرۆکی فرەنسایی( کلیمەنسۆ) کرد وەکو ئەوەی سەرۆکی کۆنگرەکەیە ئەمە ناوەڕۆکەکەیەتی:

پاریس لە ٢٠ نۆڤەمبەری ١٩١٩

جەنابی سەرۆک

دڵخۆشین بەوەی بە هاوپێچ نووسراوێکتان ئاراستە بکەین کە بۆ بەردەم کۆنگرەی ئاشتی ئاراستە کراوە و لەلایەن هەردووکمان، نوێنەری شاندی ئەرمەنی و شاندی کوردی بۆ کۆنگرەی ئاشتی ئیمزا کراوە.

خۆتان دەبینن کە بەپێچەوانەی گوتەی ناحەزانمان گوایە کورد و ئەرمەن ناتوانن بە ئاشتی بەیەکەوە بژین، ئەوەتا ئێمە لەسەر ڕۆشنایی جێبەجێبوونی ئامانجە نەتەوایەتییەکانمان، کە پێوەری چارەنووسمانە، ڕێککەوتنێکی ئاشتیمان ئیمزا کرد هیوادارین ریزمان قەبووڵ بکەن.

سەرۆکی شاندی کوردی بۆ کۆنگرەی ئاشتی.. شەریف پاشا

سەرۆکی شاندی نیشتمانیی ئەرمەنی.. یۆگۆس نۆبار پاشا

ئەمەی خوارەوەش دەقی ڕێککەوتنەکەیە:

شاندی کوردیی یەکگرتوو: ١٢ شەقامی سەرۆک ولسون، پاریس
شاندی ئەرمەنیی یەکگرتوو: ١٢
شەقامی سەرۆک ولسون. پاریس   پاریس ٢٠ نۆڤەمبەری ١٩١٩

جەنابی سەرۆک

ئێمە کە لە خوارەوە ئیمزامان کردووە، نوێنەری گەلی ئەرمەن و کوردین، بۆ ئێمە مایەی شەرەفە کە بە کۆنگرە رابگەیەنین، گەلەکانمان هاوبەرژەوەند و هاوئامانجن، هەست بە ئازادی و سەربەخۆیی خۆیان دەکەن تا لەژێر زەبر و ستەمی عوسمانییەکان رزگاریان بێ بەتایبەتی ئەرمەنەکان، واتە لەژێر ڕکێفی ئیتیحاد و تەرەقی رزگاریان بێ، ئێمە هەموومان یەک داخوازیمان لە کۆنگرە هەیە ئەویش بە پشتبەستن بە بنەماکانی سەرۆک ولسن دان بە ئەرمینیای یەکگرتوو و کوردستانی ئازاد بنێن بە هاوکاریی دەوڵەتە مەزنەکانەوە.

لە جیاتیی کوردستان شەریف پاشا
سەرۆکی شاندی کوردی لە کۆنگرەی ئاشتی
بۆگوس نوبار  سەرۆکی کاتیی شاندی کۆماری ئەرمینیا
د. ئەوهانیانیان سەرۆکی شاندی نیشتمانیی ئەرمەنی

ئەم ڕێککەوتنە لەسەر ئەو بنەمایە پێکهاتبوو کە هیچ کام لە کورد و ئەرمەن بە هیچ شێوەیەک بەشداری لە هیچ جۆرە چالاکییەک نەکەن دژی بەرژەوەندییەکانی ئەوی تر بێ، چونکە کامەرانی و ئاسایشی هەردوو گەلی دراوسێ لە ریز لە یەکتر گرتندایە نەک لە کێشە و ململانێ.

دوای ئەوەی هێزی کەمالیستە سەربازییەکان دەبووژێتەوە کە ڕاپەڕینی کوردەکانی لە (مەلاتی) دامرکاند و دەستی بەسەر ناوچەیەکی زۆری تورکیادا گرتبوو هەوڵی پشت لێ سەندنی لەو ڕێککەوتنەی نێوان کورد و ئەرمەنی گرت ئەویش بە دەرکردنی (میساقی مللی) تیایدا جەختی لەسەر ئازادی و رزگاری و ئاشتی بۆ هەموو هەرێمەکانی زۆرینەی تورک دەکردەوە کە چارەنووسی هەموو هەرێمەکانی ئیمپراتۆریەت لە ڕێگەی ڕاپرسییەوە یەکلایی بکرێتەوە.

بە هۆی ئەوەی تورکیا و ئێران داوای ئەوەیان دەکرد کە دەست بەسەر کوردستانەوە بگرن بۆیە فرەنسا و ئینگلیز لە نێوان خۆیاندا لە ڕێگەی ئامادەکردنی ڕێککەوتنێکی ئاشتەوایی لە تورکیا ئەم وڵاتەیان دابەش کرد، هەردوو دەوڵەت بە یەکجارەکی لە کۆنگرەی سان ریمۆ لە ٢٤ی نیسانی ١٩٢٠ لە بەریتانیا لەسەر پرۆژەی کۆنگرەکە پێکهاتن کە لە کۆتاییدا کار بەوە گەیشت خەونی دامەزراندنی دەوڵەتی کورد و ئەرمەن لە ناوچەکەدا بۆ یەکجاری بسڕێتەوە و لەبار ببرێت.

ئەم بەڵگەنامانەی لێرەدا دەخرێنە بەرچاو، ئەوە ڕوون دەکەنەوە کە سەرەڕای دۆستایەتیی نێوانیان، هەندێک گرژی و ئاڵۆزی لە نێوان کورد و ئەرمەنەکاندا لە ساڵی (١٩١٩) بەملاوە لەسەر مەسەلەی دەسنیشانکردنی سنووری (ئەرمینیا) و (کوردستان) ڕووی داوە.

## بزووتنەوەی کورد لە تۆماری ئەرمەنییەکاندا

Bulletin Armenien - 1919-1921

سەردەمی پاش شەڕی یەکەمی جیهانی (١٩١٤–١٩١٨) بۆ هەموو گەلانی رۆهەڵاتی ناوەڕاست، بە عەرەب و فارس و ئەرمەن و تورک و کوردیشەوە، بە سەردەمێکی هەتابڵێی گرینگ و مێژوویی لە قەڵەم دەدرێ. بەتایبەتی بۆ گەلی کوردی ژێر دەست، کە وڵاتەکەی، لەو سەردەمەدا بە قۆناغێکی هەژەند و ڕاچەنیوی هەتا بڵێی پڕ لە تراجیدیا و کارەساتی جۆرەوجۆر تێپەڕ دەبوو، هەر لەو سەردەمەشدا بوو، واتە لە دوای کۆتاییهاتنی شەڕی یەکەمی جیهانی، کوردستان سەرلەنوێ بە شێوەیەکی تازە دابەش کرایەوە، نەخشەیەکی سیاسیی جوگرافیی تازەی بەسەردا سەپێنرا.

گەلانی تورک، عەرەب، ئەرمەن، فارس، لەو سەردەمەدا هەریەکەیان چ لە ناوەوە چ لە دەرەوەی وڵاتەکەی خۆیاندا (لە ئەمەریکا، لە لەندەن، لە پاریس، لە جنێڤ...) هەریەکەیان چەندان بولتەن و تۆمار و بڵاوکراوەی تایبەتی نەتەوەیی خۆیان هەبووە، هەموو دەنگوباس و دۆکیومێنیت و ڕاستییە مێژووییەکانیان لەبارەی جموجۆڵی کولتووری و سیاسیی وڵاتەکەی خۆیان لەو تۆمارانەدا پاراستوون، کەچی گەلی کورد، بە پێچەوانەی ئەو میللەتانە، لە چەند رۆژنامەیەکی پەرپووت بەملاوە کە لەو سەردەمەدا تاک و تووک لەژێر سانسۆری ئەو دەوڵەتانەدا دەریان کردوون – کە ئەوانیش ئەمڕۆ نوسخەکانیان زۆر بەدەگمەن دەست دەکەون – هیچ تۆمار و بڵاوکراوەیەکی سەربەخۆی ئەوتۆی نەبووە کە ئەمڕۆ مێژوونووس وتۆژەرەوەی کورد بتوانێ بۆ لێکۆڵینەوەی ژیانی کولتووری و سیاسیی ئەو سەردەمەی گەلی کورد پشتیان ببەستێ.[1]

یەکێک لە سەرچاوە گرینگ و بایەخدارەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە بزووتنەوەی سیاسیی کورد، هەروەها بۆ ساغکردنەوەی ژیانی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتیی گەلی کورد لەو سەردەمەدا، تۆمار و بوڵتەن و بڵاوکراوەی گەلە دراوسێکانی کوردن، بەتایبەتی تۆمار و بڵاوکراوە ئەرمەنی و تورکییەکان، لەبەرئەوەی ئەم دوو میللەتە لەو سەردەمەدا پێوەندییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی ڕاستەوخۆیان بە میللەتی کورد هەبووە، لێرەوە، فێربوونی زمانی ئەرمەنی و وەرگێڕان لە زمانی ئەرمەنییەوە، خزمەتێکی گەورە بە مێژووی نەتەوەکەمان دەگەیەنێت.[2]

تۆماری ئەرمەنییەکان Bulletin Armenien کە تۆمارێکی سیاسی– کۆمەڵایەتیی ئەرمەنییەکان بووە و بە شێوەی کۆوار، چەند جارێک لە ماوەی ساڵانی ١٩١٩–١٩٢٤ لە پاریس بە زمانی فرەنسایی بڵاو کراوەتەوە، بە یەکێک لەو سەرچاوە هەرە گرینگانە دەژمێردرێت، کە تۆژەری کورد بتوانێ زانیاری و بەڵگە و ڕاستییە مێژووییەکان لەبارەی ژیان و بزووتنەوەی گەلی کوردەوە لەو سەردەمەدا هەڵبهێنجێنێ.

لاپەڕە درەوشاوەکانی ئەم تۆمارە ئەرمەنییە Bulletin Armenien چەند تیشکێکی تازە لە دیدێکی ئەرمەنییەوە، واتە لە گۆشەنیگایەکی تایبەتی ئەرمەنییەوە دەخەنە سەر ژیانی تاریکی بزووتنەوەی

سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووریی گەلی کورد لەو سەردەمەدا.

لێرەدا هەوڵ دەدەین بەشێک لەو دۆکیومێنتە دانسقەیە لە زمانی فەرەنساییەوە وەربگێڕینە سەر زمانی کوردی، بە هیوای ئەوەی سوودی خۆی بگەیەنێ.

پێویستە پەنجەنومای ئەوە بکەین، کە ئەرمەنییەکان لە هەموو دۆکیومێنت و سەرچاوەکانی ئەو سەردەمەیاندا، بە شێوەیەکی زۆر فراوان، زۆر برینداران، ناوەڕۆکی کارەساتی قەتڵوعامەکەی خۆیان بە دەستی کوردە بەکرێگیراوەکانی سوڵتان عەبدولحەمید دووپات دەکەنەوە، بۆیە لێرەدا لەم وەرگێڕانەدا- خۆمان لە وەرگێڕانی پەرەگرافەکانی ئەم مەسەلەیە بە دوور راگرتووە، هەوڵمان داوە زیاتر ئەو بەشە سوودگەیێنانە وەربگرین کە لە شوێنی تردا باس نەکراون.

## تورکەکان لە ئەرمەنستاندا پلان دەنێنەوە

بەپێی تازەترین هەواڵەکان، کە لە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوەوە پێمان گەیشتوون، کوردەکان لەسەر داخوازیی سەرکردەکانی «تورکە لاوەکان» لەم ماوەیەدا لەسەر سنووری وڵاتی فارس و قەوقازدا لە جموجۆڵێکی زۆر گەرم و بەتاوداں بۆ چوونە ناو ئەرمەنستانەوە[٣]. ئامانجی ئەم کۆچکردنە ئەوەیە کە ژمارەی کوردەکان لەسەر خاکی ئەرمەنستاندا زیاد بکرێت، ئامانجێکی تریش ئەوەیە کە زەحمەتی و ئەستەم بخرێتە بەردەم ئەو ئەرمەنیانەی کە ئەمڕۆ لە وڵاتی فارس و قەوقازدا پەناهەندەن و دەیانەوێ بگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان (...)

ئەم پلانە گڵاوە هەڵبەتا بە مشووری کۆمیتەی تورکە لاوەکانەوە بەڕێوە دەبرێت، کە لە ناوچەکانی باشووردا دەسەڵاتیان یەکجار زۆر دەڕوا (...)

دوو سەرۆک عەشیرەتی کورد سەرتۆپی ئەم جموجۆڵەن: (محەمەد سدقی ئاغا) و (سەید تەها) کە جڵەوی عەشیرەتەکانیان بە دەستەوە گرتووە و زۆریان لێ دەکەن کە بچنە ئەرمەنستان، لەوێ ژیان بەسەر ببەن. عەشیرەتی جەلالییەکان، کە ژمارەیان (١٠٠٠) خێزانێکە و لە ناوچەکانی وڵاتی فارسەوە هاتوون، هەر لە ئێستاوە هاتوون لە هەندێ گوندە ئەرمەنییە چۆڵکراوەکانی قەراغ شاری وان بنکە و بارگەی خۆیان هەڵخستووە.

عەشیرەتی عەرووسانلی، سەر بە ناوچەی ئالان لە وڵاتی فارس، کە لەژێر دەسەڵاتی خانی ماکۆ، بنەوباگەی خۆیان هێناوەتە گوندەکانی ناوچەی ئارژاک و قەرەکۆنیس لە دەوروبەری شاری (وان)دا.

سمکۆ، سەرۆک عەشیرەتێکی ٣٠ماڵی، کە بەدرێژاییی ماوەی (١٩١٤-١٩١٨) قەتڵوعامی ئەرمەنی و نەستوورییەکانی لە مەڵبەندی (دیلمان)دا بەڕێوە دەبرد، ماوەیەک بوو خۆی لە ناوچەی سەڵماسی وڵاتی فارس کشاندبووەوە، ئەمڕۆش خەریکە بە خۆی و بە (١٠٠) خێزانی عەشیرەتی گەراڵییەوە پێ دەنێتە خاکی ئەرمەنستانەوە و خۆی رێک دەخا کە بەرەو (وان) بەڕێ بکەوێ.[٤]

عەشیرەتێکی تری کورد، عوسمان بەگ، کۆنە هاوەڵی (جەودەت) «ئەو پیاوەی بە هەزاران ئەرمەنی و نەستووریی لە شاری سەرایدا لە خوێن گەوزاند» ئەمڕۆ لەلایەن ڕێژیمی تورکەکانەوە دەسەڵاتی دراوەتێ کە عەشیرەتەکەی لە شاری قۆنیاوە ڕاپێچتە ناوچەی (وان).

هەڵبەتا ڕێژیمی ئەستەمبۆڵە کە ئەم پلانە بەڕێوە دەبا، هەموو ئامرازێکی جێبەجێکردنی بۆ سەرۆک عەشیرەتە کوردەکان ناردووە تا پلانەکە لە ولاتی ئەرمەنستاندا بە ساختە زۆرتر ببێت و لە هەمان کاتدا ڕێگە لەو سەدان هەزار ئەرمەنییە ئاوارانەی ولاتی قەوقاز بگیرێ و نەتوانن بگەڕێنەوە زێدی خۆیان.

Bulletin Armenien N.1: 15 juillet 1919 P.4. paris

## ڕێژیمی تورکیا یاسای بەرەوزانینی

## کۆچکردنی تورک و کوردەکان بەرەو ئەرمەنستان بلاو دەکاتەوە

جموجۆڵی کۆچکردنی کورد و تورکەکان بەرەو ئەرمەنستان، بە شێوەیەکی نەخشە بۆ کێشراو بەردەوامە.

گەڕانەوەی ئەرمەنییە پەراگەندەکانی ولاتی فارس و قەوقاز بەرەو زێدی خۆیان، لەلایەن هێزە چەکدارەکانی تورکیاوە کە وێرا وێرای سنووریان گرتووە، قەدەغە کراوە (...) لەلایەکی تریشەوە، ڕێژیمی تورکیا لە پلان نانەوەی خۆی بەردەوامە بۆ کۆچ پێکردنی بە کۆمەڵی کوردەکانی ئازەربایجانی ولاتی فارس و قەوقاز بۆ ئەوەی بێن زێدی چۆڵکراوی ئەرمەنییەکان داگیر بکەن (...)

Bulletin Armenien N.1: 15 juillet 1919 P.4. paris

## کۆچکردنی کورد و تورکەکان

بەپێی ڕۆژنامەکانی ئەستەمبۆڵ، ڕەوکردنی کورد و تورک بەرەو ولاتی ئەرمەنیان بەشێوەیەکی زۆر توندوتیژ هەر بەردەوامە، ئەو دوو کەسەی کە بە شێوەیەکی سەرەکی ئەم کۆچ پێکردنە بەڕێوە دەبەن، بریتین لە دوو سەرۆک عەشیرەتی کورد: سدقی ئاغا و سەید تەها (...)[5]

سمکۆ سەرۆک عەشیرەتێکی ٣٠٠ خێزانییە، کە پێشتر چەندان جار قەتلوعامی ئەرمەنی و ئاسوورییەکانی کردبوو لە مەڵبەندی دیلمانلی Dilmanliدا ئێستا بە خۆی و بە عەشیرەتی گەردانلییەوە هاتوونەتە ئەرمەنستان و بەرەو وان دەچن (...) هەموو ئەو کاروبارانە بەدەستی (جەودەت بەگ)، نوێنەری والیی شاری وان و حەیدەر بەگی هاوڕێیەوە ئەنجام دەدرێن (...)

Bulletin Armenien N.6,30 sept.: 15 juillet 1919 P.3. paris

## کورتە هەواڵ

کۆمیتە کوردییەکە Le Comite Kurde ڕای گەیاندووە کە کوردەکان هیچ پێوەندییەکیان بە هێزە ناسیونالیستەکانەوە نییە[٦]. ئەم ڕێکخراوە کوردییە دان بە مافە نەتەوەیییەکانی گەلانی تر لە تورکیا ناهێنێ (...)

کوردەکان هیچ ئامانجێکی تریان نییە جگە لەوەی ڕێز لە فەرمانەکانی ڕێژیم بگرن تا ئەو ڕۆژەی کە ئیتر کۆنفرانسی ئاشتی بریارێک لەبارەی مەسەلەکەیانەوە دەدات (...)

Bulletin Armenien N.9 juillet 1919 P.8. paris

## کورتە هەواڵ

دەنگوباس لە دەوروبەری شارەکانی کوردستانەوە گەیشتووەتە ڕێژیمی تورکیا: ڕێژیمیان ئاگەدار کردووەتەوە کە کوردەکان ئێستا خەریکن خۆیان پرچەک دەکەن و زۆر توندوتیژانە بەجۆش کەوتوون. ئەم هەڵسوکەوتەی کوردەکان دەسەڵاتدارانی تورکی خستووەتە مەترسییەوە.

Bulletin Armenien N.14: 30 Janv 1920 P.8. paris

***

ئەو نامەیەی کە جەنەراڵ شەریف پاشا لە ڕۆژنامەی Le matin لە ڕۆژی ٨ی مارسدا بڵاوی کردووەتەوە، هەروەها ئەو وتارەی کە لە ڕۆژنامەی Temps لە ڕۆژی ١٠ی مارسدا بڵاوی کردووەتەوە[٧]، هەردووکیان بەسەهووچوونێکی لەلایەن نووسەرەوە تێدایە کە ئێمە بە ئەرکی خۆمانی دەزانین لێرەدا نەشتەر قەڵەمێکیان بکەین.

جەنەراڵ نووسیویەتی کە لە دوای شەر ڕاوەستان لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی عوسمانی «وڵاتی کوردان بەتەواوەتی بووەتە نێچیرێک. هەم ڕێکخەرە سیاسییە ئەرمەنییەکان و هەم هەندێک لە هێزە هاوپەیمانەکان مرخی خۆیان لێی خۆش کردووە...».

ئەم گازاندەیە هیچ بنەمایەکی راستی نییە، ئەو وەفدە ئەرمەنییەی لە کۆنفرانسی ئاشتیدا بەناوی گەلی ئەرمەنەوە بەشداریی کردبوو. لە یاداشتنامەیەکەی خۆیدا داوای هیچ زەویوزارێکی ئەوتۆی نەکردبوو کە سەر بە «کوردستان» بێت.[٨]

ئەرمەنییەکان هەرگیز ڕێگەیان بە خۆیان نەداوە بڵێن «کوردستان تەنیا زاراوەیەکی جوگرافیاییی تازە دروستکراوە» بگرە هەموو کات دانیان بەوەدا ناوە کە نیشتمانێکی کورد بە ڕاستی لە تەنیشت ئەرمینیا بوونی هەیە، ئەو نیشتمانە چەندان سەدەیە نەتەوەیەکی لەسەر دەژی کە وەکو ئێمەی ئەرمەن لە ڕەگەزی ئارین و ئێمەش هەست دەکەین ئەو نەتەوەیە زیاتر لە ئێمەوە نێزیکن وەک لە تورک، بەڵام هێندە هەیە کە بەشێکی ئەو نیشتمانەیان- خۆ هەر بە دەستی

ئەرمەنییەکانی چاخە کۆنەکانیش ئاوەدان کراوەتەوە– ئەمڕۆ بە زۆری بە ئیسلام کراوە و بە کورد کراوە.

ئەو نیشتمانەی کوردەکان، هەر لە سەردەمی ئێگزەنەفۆنەوە کە بە کوردستان و ئەرمینیادا تێپەڕ بووبوو، بەداخەوە نەیتوانیوە پێ بەپێی شارستانیەت بڕوات، هەردەمیش لەسەر داوونەریتە کێوییە سەرەتاییەکانی خۆی ماوەتەوە. ئەرمەنییەکان، بە درێژاییی سەدەی نۆزدەم، چەندان هەوڵ و کۆششیان نواندووە بۆ بڵاوکردنەوەی خوێندەواری و ڕووناکبیری لە کوردستاندا، هەوڵیان داوە کە هەستی نەتەوایەتیی کوردەکان بە جۆش بهێنن و تامی کولتوور و ڕۆشنبیری لەسەر زمانیان شیرینتر بکەن. بەڵام هەموو ئەو کۆششانەی ئێمە، بەداخەوە، بەفیڕۆ چووە، چونکە داوودەزگای ڕێژیمیی تورک بەردەوام کۆسپ و تەگەرەی خستووەتە نێوانمان و بەردەوام ویستوویەتی کوردەکان سەرچیغ ببات و لەناو زەلکاوی کڵۆڵیی ڕۆشنبیری و ئابووریدا بیانهێڵێتەوە، ئەمەش بە تایبەتی لەژێر فەرمانڕەوایەتیی سوڵتان عەبدولحەمیددا کە چووە ژێر کلێشەی کوردەکانەوە و دژی ئەرمەنییەکان بە گەڕی خستن (...)

(...) وەفدی ئێمە لە وەڵامدانەوەی یانەی نەتەوەییی کوردەکاندا Kurde Club National لە ئەستەمبۆڵ[9] رازیبوونی خۆی پێشان داوە بۆ ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەیەک لەگەڵ شەریف پاشا لە پێناو بەجێگەیاندنی داخوازییە ڕەواکانی گەلی کورد: بۆ ئەوەی گەلی کورد بتوانێت بە ئازادییەوە لەسەر خاکی نیشتمانەکەی خۆیدا خۆی پێکەوە بنێت. ئەمە شتێکی سەیرە کە شەریف پاشا هاتووە ئەرمەنییەکانی تاوانبار کردووە بەوەی گوایە بوونی گەلی کورد و نیشتمانی کوردیان پێشێل کردووە (...)[10]

(...) ئەگەر ئەنجوومەنی کۆنفرانس بڕیار بدات، وەک ئەوەی جەنەراڵ شەریف پاشا بیری لێ دەکاتەوە، کە کوردستان دابەش بکرێتە سەر دوو زۆن و هەر زۆنێک لەژێر ئینتیدایی هێزی هاوپەیمانێکدا بێت، لەو کاتەدا نابێ ئەم کارە بە زیانی ئەرمەنییەکان بشکێتەوە (...)

(...) هاوئاینبوونی کورد و تورکەکان بە هیچ شێوەیەک ڕەوایی ناداتە ئەوەی کە شەریف پاشا ئۆتۆنۆمیی کوردەکان لەژێر سەرپەرشتیی تورکیادا بە باشتر بزانێ، چونکە ئاشکرایە جۆرە ئۆتۆنۆمییەکی لەم بابەتە لە «تەڵەیەک» زیاتر هیچی تر نابێ، عەرەبەکان، ئەڵمانییەکان، خەباتیان کرد بۆ سەربەخۆییی سیاسییان، واتە بۆ جیابوونەوەی تەواوی خۆیان لە دەست ئیمپراتۆریەتی عوسمانی.

مەسەلەی ئاین پێوەندییەکی یەکجار زۆر کەمی بە سەربەخۆییی نەتەوەیی و ئازادییەوە هەیە. خەباتی گەلی ئەرمەن خەباتێکی ئاینی نییە. بگرە تاقە ئامانجێکی ئەوەیە کە ئێمەی گەلی ئەرمەن بە سەربەخۆییی نەتەوەیی خۆمان بگەین. لە سۆنگەی هەمان شتدا، دوای ئەوەی پیرۆزباییمان لە سەربەخۆییی گەلی موسڵمانەکانی وەکو ئەلبانییەکان و عەرەبەکان کرد، بە هەمان شێوە و بە دڵگەرمییەوە بە تەنگ بانگەوازی کوردەکانیشەوە چووین بۆ ئەوەی هاوکاریان بکەین ئەوانیش

سەربەخۆییی خۆیان وەدەست بێنن (...)

ئێــمــە وا هەست دەکــەین ئەم دوو وتارەی شــەریف پاشــا، تەعــبــیــر لە بیــروباوەڕی ئەو نیـشـتـمـانپـەروەرە کـوردانە ناکـات کـە لە ئەسـتـەمـبـۆڵ « یانەی نەتەوەییی کـوردیان» لە پێناو وەدەســتــهــێنانی ســەربەخــۆییی کــوردســتــان دامــەزراندووە. هـەر لەبەر هـەمــان هـۆش، ئەم نیشتمانپەروەرە کوردانەی «یانەی نەتەوەییی کورد» ڕێگەیەکی دابڕیان گرتووەتە بەر و هەر تەنیا ماوەیەکی کەم لەمەوبەر ڕەفزی ئەوەیان کردبووەوە کە لە هەڵبژاردنەکانی (ئینتخاباتی) پەرلەمانی تورکـیـدا بەشـداری بکەن[11] ئێـمـە هیـواداریـن گـەلی کـورد لـە ڕێگەی خـەباتی جـیـابـوونەوە و ئازادیخوازانەی خۆیدا هەر جەسوور و بەردەوام بێت.

Bulletin Armenien N.18 - 19-20, 30 Avril 1920 P.4. paris

## درکاندنی چەند نهێنییەک لەلایەن سکرتێرێکی تایبەتییەوە

لە ڕۆژنامەی ڤەرجینە لوور Vertchine Lour ئەرمەنییەوە
وەرگێڕدراوە، ڕۆژی ١٩٢٠/٢/٢٧

لە نامەیەکدا کە لە ڕۆژنامەی Alemderدا بڵاو کراوەتەوە، غـالیب بەگ، سکرتێری تایبـەتی شـەریف پاشا ڕوونی دەکاتەوە کە چۆن شەریف پاشا هاتووەتە سەر ئەوەی بچێت داخوازیی دامـەزراندنی دەوڵەتێکی کــوردی بکات بۆ ئەوەی بـەم داخــوازییــە تـەگــەرە بخــاتە بـەردەم داخــوازییــەکــانی ئەرمەنییەکان، هەروەها چۆن بەمەبەستی ئەوەی کە هەنجەتی نەتوانینی خۆبەڕێوەبردنی کوردەکان پووچەڵ بکاتەوە و بتوانێ لە کۆنفرانسی ئاشتیدا لە هەمان ئاستی ئەرمەنییەکاندا خۆی بنوێنێ، توانیویەتی قەناعەت بە بۆگۆس پاشا Boghos pacha بهێنێ و ئیمزای ڕێککەوتننامەیەکی پێ بکات.

ئەم کارەی شەریف پاشا، بێگومان، بەسەرکەوتنێکی دیپلۆماسی لە قەڵەم دەدرێ (...).

غـالیب بەگ، دوای ئەوەی دەڵێ کە ئەم دەسپێشخەرییە نیشتمانپەروەرییەی شـەریف پاشـا لە بەردەم کۆنفرانسی ئاشتیدا بە ئاشکرا ڕوونی کردەوە کە ئەو زەویوزارانەی ئەرمەنییەکان داوایان کردبوو، بە هیچ شێوەیەک سەر بە وڵاتی ئەرمەن نین، بگرە سەر بە کوردستانن؟ هەروەها شەریف پاشــا چەندان نامــەی ناردووە بۆ جــەمــعــیــەتی تەعــالیی کــورد Union Teali Kurd، بۆ ســەرەک عەشیرەتە کوردەکان: پێی ڕاگەیاندوون کە ئەو هەر لە ئێستاوە ئامانجە سیاسییەکانی دەرەوەی وڵاتی کە پێی سپێردرابوون جێبەجێ کردوون، ئیدی ئێستاش- بەبیروڕای ئەو- سـەرفرازیی گەلی کورد لەوەدایە کە لەگەڵ تورکیا ببن بە یەک. کوردستان پێویستە ئۆتۆنۆمییەکی ئیداری وەدەست بهێنێ، بەڵام لە ڕووی سیاسییەوە هەردەم سەر بە تورکیا بێت.

غـالیب بەگ - خـۆی ئـەم نامـەیەی گـەیاندووەتە (جـەمـعـیـەتی تـەعالیی کـورد) لە ئەسـتـەمـبـۆڵ،

ئێستاش چاوەڕێی وەڵامیان دەکات. دەڵێن گوایە ئەگەر پێشنیازەکانی شەریف پاشا پەسند نەکرێن، ئەوا شەریف پاشا ئیستقالە دەدا و چیی تر ڕازی نابێ ببێتە نوێنەری وەفدی کوردان لە کۆنفرانسی ئاشتیدا لە پاریس.

Bulletin Armenien 30 Mors, 15-30 Avril 1920,p.4

## بیروڕای چەند کوردێک

بەڕێز ئەکرەم جەمیل پاشا Djemil Pachazade Ekrem Beg، یەکێک لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی جەمعیەتی تەعالیی کورد Teali Dlemieti کە یەکێکە لە ڕێکخراوە کوردییە هەرە بەهێزەکان، ئەم ڕاگەیاندنەی خوارەوەی لە ڕۆژی ١٩٢٠/٢/١٨ داوەتە ڕۆژنامەی (جاگادامارد- Djagadamard):

- بەشی هەرە زۆری گەلی کورد، بە ورەیەکی زۆر بەرزەوە، داخوازیی جیابوونەوە و سەربەخۆیی دەکەن. تورکەکان پەیتا پەیتا چەندان تەلەگرامی ناوەخۆییان بۆ ویلایەتە کوردییەکان ناردووە، بەڵام ئەو تەلەگرامانە هیچ نرخێکیان بۆ دانەنراوە، چونکە تەلەگرامی درۆزنانەن. ئاخۆ تورکەکانی سەر بە حزبی میللی Milli ڕایان نەگەیاندبوو کە ئەرمەنییەکانیش هەر بێ پشت و پەنا لە ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵاتدا، چوونەتە پاڵ کوردەکانەوە؟!

ئەم جۆرە بانگەشەیە، درۆودەلەسەی تورکەکانن، جیهانی دەرەوە باش ئاگەداری ئەو زەبروزەنگە وەحشیگەرانەیەی تورکەکانن کە دەرهەق بە گەلی ئەرمەن و یۆنانی دەینوێنن. خۆ کوردیش هەر لەم زەبروزەنگ و چەوسانەوەیە بێبەش نەبووە.

ئێمەش وەکو ئەرمەنییەکان ڕاگوێزراوینەتەوە، قەتڵوعام کراوین. زیانەکانی ئێمە گەیشتوونەتە سەدان هەزار. بەو زیانانەی لە ماوەی جەنگیشدا لێمان کەوتوون، سەرجەمیان دەگەنە ملیۆنێک. سەبەبکاری ئەم قەسابخانەیەش هەمووی مستەفا کەمالە، سەرۆک بزووتنەوەی ناسیونالیزمی تورک.

تەڵعەت پاشا و ئەنوەر پاشا قوڕیان بۆ ئەرمەنییەکان گرتەوە، بۆ یۆنانی و ئاسوورییەکان، جەمال پاشا بۆ عەرەبەکان، مستەفا کەمالیش بۆ ئێمەی کورد.

شەریف پاشا لە سەرەتادا نوێنەری (جەمعیەتی تەعالیی کورد) بوو، واتە مەندووبی گرینگترین ڕێکخراوی سیاسیی کوردەکان. پاشان ئەم مەندووببوونەی شەریف پاشا، سەرلەنوێ لەلایەن حزبی ناسیونالیستی کورد Parti Nationl Kurde کە لەم دواییەدا ساز کراوە دووپات کرایەوە. ئێمە دەتوانین بڵێین کە پەیامەکەی شەریف پاشا سەدایەکی بەرزی دایەوە و لە کۆنگرەی نەتەوەیی کورداندا، کە پێش دوو مانگ لە شاری ماردیندا ساز کرابوو، بە هەڵوێستێکی جوامێرانە لە قەڵەم درا.

کۆنگرێسی نەتەوەیی کورد Congres Nationl Kurde ئەو کۆنگرەیەی لە شاری ماردین دا بە تەواوی دەنگ هاوڕایی خۆیان بۆ شەریف پاشا دەربڕی و متمانەی خۆیان بە شەریف پاشا دووپات کردەوە.

لێرەدا بۆ ئەوەی بۆتانی بسەلمێنم کە ئێمە مافی ئازادی و سەربەخۆیی خۆمان هەیە، پێتانی رادەگەیەنم کە تورک بە هیچ شێوەیەک کوردیان لە خشتە نەبردووە. کوردستان – خۆی، بە خواستی خۆی، خۆی بە تورکیا گرێ داوەتەوە.

کوردەکان سەبارەت بە سوننیبوونیان بە هانای سوڵتان سەلیمی عوسمانی کەوتن و یارمەتییان دا بۆ ئەوەی سەرکەوتنی بەغدا وەدەست بهێنێ. ئیدریسی بەتلیس، یەکێک لە کوردە بەتوانا و دەسەڵاتدارەکانی ئەو سەردەمە، کاتێ لە بەغدا گەڕایەوە، بە سوڵتان سەلیمی ڕاگەیاند کە کوردەکان دەیانەوێ لەگەڵ تورکیا ببن بە یەک. ئیدی بەسترانەوەی کوردستان بە تورکیاوە هیچ گیروگرفتێکی نەهاتە سەر ڕێ.

رۆحی کورد پڕە لە ڕق و کینە دەرهەق بە زەبروزەنگی تورکەکان. ئەم ڕق و کینەیەش زۆر بە ئاشکرا لە گۆرانییە فۆلکلۆری و نەتەوەییەکانماندا ڕەنگیان داوەتەوە و نیشانەی شەڕەکانی نێوان تورک و کوردن. ئەم گۆرانیيانە گاڵتە بە ترسنۆکیی تورکەکان دەکەن، ئەوە نیشان دەدەن کە تورک لە ڕاوەڕووت و زەبروزەنگ و تاڵانکردنی ماڵی خەڵک زیاتر حەز لە هیچ شتێکی تر ناکەن. گۆرانییە هاوچەرخەکانیشمان، بەدکارییەکانی ڕژێمی ئەمڕۆی تورکیا پێشان دەدەن، دەسەڵاتخوازیی والیەکان، دزی و حیزی و پۆخڵەواتەکانیان، بەزۆر سەپاندنی باج و سەرانەکانیان.

زمانی تورکی بەقەد زمانی چینی عەنتیکە و سەمەرەیە بۆ خەڵکی ڕەشۆکی کورد، جووتیارە کوردەکان بە هیچ شێوەیەک تورکی نازانن، بەتەنیا کوردی ناو شارەکان تورکی دەزانن.

***

دوای ئەو دەمەقاڵییانەی کە لە پەرلەمانی تورکیدا کراون، سیناتۆری کورد عەبدولقادر ئەفەندی، ئەم ڕاگەیاندنەی خوارەوەی دابووە چەند ڕۆژنامەنووسێک:

«ئەرمەنییەکان لە کۆنفرانسی ئاشتیدا داوای هەر شەش ویلایەتەکەی ڕۆهەڵاتیان کردبوو. ئێمەی کوردیش بە هەمان شێوە ڕوومان لە کۆنفرانسی ئاشتی نا بۆ ئەوەی ڕوونی بکەینەوە کە ئێمەی کوردیش، لەبەرئەوەی بەشی زۆری دانیشتوانی ئەو ویلایەتانە پێک دەهێنین، داوا دەکەین وەفدێکی تایبەت بنێردرێتە ئەو ویلایەتانە بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەیەکی سەرجەمگیر لەبارەی ڕێژەی دانیشتوانی کورد و ئەرمەنەوە ساز بدرێت.

(بۆگۆس نووبار پاشا) رازی بوو لەسەر ئەوەی کە ئەو وەفدە بنێردرێتە ئەو ویلایەتانە، هەروەها گفتی ئەوەی دا کە چیی تر پڕوپاگەندە دژی نەتەوەی کورد نەکات».

«لەبارەی شەریف پاشاشەوە، بێگومان ئاشکرایە کە ئەو نوێنەری جەمعیەتی تەعالیی کوردانە. ئەم جەمعیەتەش بۆ ئێمە نوێنەری هەستی نیشتمانیمانە. کەواتە، شەریف پاشا بە تەواوەتی مافی ئەوەی هەیە کە لەوێ وەک نوێنەری گەلی کورد ڕەفتار بکات». «ئێمە داوای ئۆتۆنۆمیی هەر ئەو پێنج ویلایەتەمان کردووە کە لە ڕۆژهەڵاتی تورکیادا کوردیان تێدا دەژی. ئێمە خۆمان بە دەروەست دەزانین لە ئاست ئەوەی کە وڵاتەکەمان بەوە پێشەوە ببەین و هەنگاو بەرەو شارستانیەت هەڵبهێنین، ئەمەش بە هێز و توانای شەخسیەتە هەرە کارامە و بەهرەمەندەکانی نەتەوەکەمان. بێگومان تورکەکانیش دەتوانن بەشداری لە کاروبارەکانی دەسەڵاتدارێتی Gouverment بکەن. بەڵام ئێمە ئەگەر بێین پشت بە لاوازیی خۆمان ببەستین و خۆمان بدەینە پاڵ ئەرمەنییەکان لە دژی تورک، ئەوا ئەم هەڵوێستە دەبێتە شێوە خیانەتکارییەکی بێ مانا و پڕوپووچ».

Bulletin Armenien 30 Mors, 15-30 Avril 1920,p.4-5.

پەڕاوێزەکانی وەرگێڕ:

٣– لە تێکستەکەدا وشەی ئەرمینیا Armenie بەکار هاتووە، کە ئەرمەنستانی تورکیا دەگرێتەوە.

٤– نەستۆرییەکان Nestoriens. مەبەستی لە ناوچەی سەڵماست لەوانەیە (شەڵماش) بێت لە کوردستانی ئێراندا.

٥– لە ژمارە (٢)ی تۆمارەکەدا هیچ شتێک لەبارەی کوردەوە بڵاو نەکراوەتەوە. لە ژمارە (٣)دا لە لاپەڕە (٢)، وتارێک باسی چاوپێکەوتنی کورد و تەتەرەکان دەکات لە کۆماری ئەرمینیادا، کە بە سەرپەرشتیی داوودەزگای تورکەکان ئەنجام دراوە. لە ژمارە (٤) و (٥)یشدا شتێکی ئەوتۆ لەبارەی کوردەوە بەدی ناکرێ.

٦– گەلی کورد لە ساڵی ١٩١٩دا زیاتر لە سێ کۆمیتەی هەبووە، بەداخەوە لێرەدا پێشان نەدراوە کە باس لە کام کۆمیتەی کوردی دەکات! بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، لەوانەیە ئەم کۆمیتەیە (جەمعیەتی تەعالی) بێت کە سەرۆکەکەی (جەمیل پاشازادەی ئەکرەم بەگ/ Djemil Pachazade Ekrem bey) بووە چونکە بەپێی هەمان سەرچاوە، ژمارە (٢٠/١٩/١٨) ٣٠ مارس – ٣٠ ئەپریل ١٩٢٠ لاپەڕە (٤)

٧– ڕۆژنامەی Le Matin و Temps دوو ڕۆژنامەی فرەنسایین کە لە سەرەتای ساڵانی بیستەکاندا بە زمانی فرەنسایی بڵاو دەکرانەوە. جەنەراڵ شەریف پاشای کورد، بەردەوام لەم دوو ڕۆژنامەیدا وتاری لە پێناو بەنێودەوڵەتیکردنی کێشەی کورد هەروەها لەبارەی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردەوە و پێویستبوونی سەربەخۆیی کوردستان بڵاو کردووەتەوە.

ئەم وتارە جۆرەوجۆرانەی جەنەراڵ شەریف پاشا کە بە زمانی فرەنسایی لەبارەی سەربەخۆیی کوردستان لە نێوان ساڵانی ١٩١٩–١٩٢٥دا لە کۆوار و ڕۆژنامە فرەنساییەکاندا بڵاو کراونەتەوە، بایەخێکی تا بڵێی گرینگیان بۆ لێکۆڵینەوە مێژوویی و سیاسییەکان لەبارەی بزووتنەوەی ناسیونالیستی کوردەوە لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا هەیە. ئێمە ئەم دوو وتارە ناوبراوە و چەند وتارێکی تریشمان کردوونەتە کوردی و لە داهاتوودا پێشچاو خوێنەرانی دەدەین. شایانی باسە، ئەم تۆمارە ئەرمەنییەی بەردەست، ڕەخنە لە بۆچوونە سیاسییەکانی دوو لەم وتارانەی شەریف پاشا دەگرێ.

٨- ئەم پەڕاوێزەی خوارەوە هی سەرچاوەی ئەسڵییە ئەرمەنییەکەیە. دەڵێ (هەموومان دەزانین کە سەرۆک وەفدی کوردان، شەریف پاشا، هەروەها وەفدی ئەرمەنییەکانیش، پێکەوە هەریەکە و یاداشتنامەیەکی خۆیان پێشکێش بە کۆنفرانسی ئاشتی کردبوو لە پاریس. بڵاوبوونەویی ئەم یاداشتنامەیەی شەریف پاشا هەرایەکی بێ ئەندازەی خستە ناو رۆژنامە تورکییەکانەوە. ئەو رۆژنامە تورکییانە شەریف پاشا بەکابرایەکی «هیچ» لە قەڵەم دەدەن و دەڵێن کە ئەو بە هیچ شێوەیەک نوێنەری نەتەوەی کورد نییە. هەروەها گوایە شەریف پاشا ئەو یاداشتنامەیە لەسەر داخوازیی ئەرمەنەکان پێشکێش کردووە. بۆ ئەوەی لە هەمان کاتدا ببێتە هاندەر و داخوازییەکانی ئەرمەنییەکانیش دانیان پێ دابنرێت. رۆژنامە تورکییەکان دەڵێن کە گوایە نەتەوەی کورد بە شێوەیەکی ئۆفیسپال رای گەیاندووە کە ئاگای لە ئیمزاکردنی ئەو یاداشتنامەیە نییە و شەریف پاشا تەنیا لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆی ئەم کارەی کردووە. بۆ ئەوەی لە داهاتوودا ببێتە سەرۆک دەوڵەتی کوردان). بڕوانە هەمان بوڵتەنی ئەرمەنی ژمارە (١٩/١٨-٢٠) لاپەڕە (٣) رۆژی ١٩٢٠/٤/٣٠.

٩- Club National Kurde کە وەرگێڕانە کوردییەکەی دەقاودەق دەکاتە (یانەی نەتەوەییی کورد) لەساڵی ١٩١٩-١٩٢٠دا لە ئەستەمبۆڵ هەبووە. لە کۆتاییی ئەم دۆکیومێنتەدا کەسێکی تریش باسی ئەم یانە کوردییەی کردووە، بڕوانە پەڕاوێزی (١١) کامەیە و ناوەڕۆک و ئەندامەکانیان چۆن و کێ بوونە.

١٠- لێرە بەملاوە لە سێ پەرەگرافی درێژدا رەخنە لە بیروباوەڕەکانی شەریف پاشا دەگرێ کە لە رۆژنامەی Le Temos, Matin دا بڵاوی کردوونەتەوە لەبارەی مەسەلەی دیاریکردنی سنووری جوگرافیایی- سیاسی بۆ ئەو دوو دەوڵەتەی لە داهاتوودا بۆ گەلی ئەرمەن و کورد دروست دەکرێ. دەڵێ: هیچ مەڵبەندێک لە جیهاندا بەقەد مەڵبەندەکانی وان و بەتلیس ئەرمەنی نین».

١١- دیاری نەکراوە سەرۆک و ئەندامەکانی ئەم یانەیە کێ بوونە. بێگومان دەستەی نووسەرانی ئەم بۆلتەنە ئەرمەنییە ویستوویانە کە وا نیشانی رای گشتیی فرەنسایی بدەن کە گوایە ناکۆکی و ناتەبایی لە نێوان ڕای گشتیی خەڵکی کورد و شەریف پاشادا هەبووە. هەروەها گوایە رووناکبیرە کوردەکانی ئەندامەکانی (یانەی نەتەوەییی کورد) دژی بیروباوەڕ و هەڵوێستەکانی شەریف پاشا بوونە لە پاریس

١٢- سەرچاوەی تێکڕای بەشەکانی ئەم دۆکیومێنتە، ئەمەیە:

Bulletin Armenien, N.1(Juill, 1919 M25( Juillet 1920) paris.

## دۆستایەتی و ڕێککەوتننامەی نێوان
## پارتی تاشناقی ئەرمەن و پارتی خۆیبوونی کورد
## ١٩٢٧

لە سەدەکانی پێش سەدەی بیستەم، ئەگەر پێوەندییەکانی نێوان کورد و ئەرمەن پێوەندیی خۆڕسک بووبن یا لە ئەنجامی دۆخێکی گشتی هاتبوونە کا، ئەوا پێوەندییەکان لە ١٩١٩ و لەگەڵ گەلاڵەبوونی بزووتنەوەی سیاسیی کوردی و بزوتنەوەی سیاسیی ئەرمەن کە رۆژ لە دوای رۆژ پێشوەچوونی بەخۆوە دەبینی، بوونە پێوەندیی سیاسیی پتەو لە نێوان پارت و کۆمەڵەکانی ئەرمەن و کورد.

پێوەندییەکی پتەوی دۆستانەی تر لە نێوان ئەرمەن و کورد برێتی بوو لەو پێوەندییەی نێوان پارتی تاشناق و پارتی یەکەتیی شۆڕشگێڕی ئەرمەنی لەگەڵ پارتی خۆیبوونی کورد، کە دوای شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران (١٩٢٥) لە ساڵی ١٩٢٧دروست بوو. ئەم پێوەندییە دۆستانەیەش لە ئەنجامی کۆمەڵێک دانیشتن و بەیەککەیشتنی نوێنەرانی گەلی ئەرمەن و کورد لە کوردستان و لە تاراوگەدا (بەتایبەت لە سووریا و لبنان) هاتە دی.

پارتی تاشناق (پارتی شۆڕشگێڕی ئەرمەن) پێشتر لە شاری بدلیس لە ١٨٩٠ ، لەسەر دەستی سێ سەرکردەی ئەرمەن دامەزرابوو کە برێتی بوون لە (کریستابور، روسدوم، زافاریان) لەژێر ناوی یەکەتیی شۆڕشگێڕە ئەرمەنەکان، دواتر ناوەکە گۆڕا، بووە پارتی شۆڕشگێڕی ئەرمەنی (تاشناقسوتیون). دوای کۆنگرەی یەکەمی حزب لە ١٨٩٢ لە پێناو ڕزگارکردن و سەربەخۆبوونی ئەرمینیا ڕێبازی خەباتی چەکدارییان گرتە بەر. لە بەیاننامەکەدا بەم شێوەیە هاتووە: (ئێمە ڕوو لە خەباتی چەکداری دەکەین بۆ ئەوەی لەژێر ستەم و زۆرداریی تورک ڕزگاریمان ببێ و بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ئاشتییانە لەگەڵ گەلانی ناوچەکە بژین و ئازادیی رادەربڕین و بازرگانی فەراهەم بکەین). شان بەشانی خەباتی چەکداری، چەندان گرووپ و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕیان دروست کرد بۆ دژایەتیکردنی توندوتیژییەکانی حکوومەت کە دژی گەلانی تری پیادە دەکرد وەکو کورد و عەرەب و ئێزدی و سریانی و تورکە بێلایەنەکان.

وەکو جێبەجێکردنی ئەوەی لە بەیاننامەی دامەزراندندا هاتووە پارتی ( تاشناق) پێوەندییان بە چەندان کەسایەتی و سەرکردەی کوردەوە کرد لەوانە میر عەبدوڕەحمان بەدرخان کە سەرپەرشتی و خاوەندارێتیی ڕۆژنامەی کوردستانی دەکرد، هەندێک جاریش لە ڕۆژنامەی تاشناق وتاری بڵاو دەکردەوە لە وتارەکانیدا بانگخوازی دژایەتینەکردنی ئەرمەنەکانی دەکرد و داوای لە خەڵک دەکرد کە لەسەر حیسابی ئەرمەنەکان دۆستایەتیی تورکەکان نەکەن.

لە هەمان کاتدا هەندێک لە ڕۆشنبیر و سیاسەتوانی کورد لە سووریا و تورکیا هەوڵی یەکخستنی پارت و کۆمەڵەی کوردیان دەدا تا لە یەک ڕێکخراودا کۆیان بکەنەوە. مەمدووح سەلیم ڕۆڵی سەرەکیی لەو هەوڵانەدا هەبوو (چونکە دۆستایەتی و پێوەندییەکی فراوانی لەگەڵ کەسایەتیی گەلی ئەرمەندا هەبوو و ا پێشبینی دەکرا ڕۆڵێکی بەرچاو لەو بوارەدا بگێڕێ).

مەمدووح سەلیم لە ساڵی ١٨٨٠ لە شاری وان هاتووەتە دنیا، خەڵاتی لە ئەدەب و زمانی فرەنسایی وەرگرتووە. لە ئەستەمبوڵ پێوەندیی باشی لەگەڵ سەرکردە کوردەکاندا هەبوو بەتایبەت خانەوادەی بەدرخان و شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری و خانەوادەی بابان و ئەوانەی دوای هەرەسی شۆڕش لە ئەستەمبوڵ دەستبەسەر بوون، لە ١٩١٢ دەچێتە ریزی کۆمەڵەی هیوا و دواتر لەگەڵ هەریەک لە نەجمەدین حوسنی و کەمال فەوزی و بابانزادە عەزیز، پارتی گەلی کوردیان دامەزراند کە خۆی سکرتێرەکەی بوو. دواتر ئەم پارتە ناوەکەی گۆڕدرا بۆ پارتی دیموکراتی کوردی، هەروەها لەگەڵ ئەمین عالی بەدرخان و منداڵەکانی سورەیا و جەلادەت و کامیران لە ١٩٢٠

کۆمەڵەی ڕێکخستنەکانی کوردیی دامەزراند. بە هاوبەشی لەگەڵ ئەمین عالی بەدرخان لە ١٧ی حوزەیرانی ١٩٢٠ سوپاسنامەیەکیان بۆ سەرۆکی ئەمەریکاییی ئەوسا ولسۆن نارد تیایدا سوپاسیان کرد بۆ ئەو بڕیارەی کە دابووی سەبارەت بە مافی چارەی خۆنووسی گەلان. بەهۆی دامەزراندنی لەلایەن کۆنگرەی ئاشتیی پاریس بە ناوبژیوان بۆ دیاریکردنی سنوورەکانی نێوان کورد و ئەرمەن بەو هۆیەوە بۆ سووریا دوور دەخرێتەوە و تا کۆچی دواییی لە ١٩٧٦ لەوێ دەمێنێتەوە.

دوای ئەوەی پارتی تاشناق بە هەوڵ و تەقەلایەکانی مەمدووح سەلیم دەزانن دەستخۆشیی لێ دەکەن بۆ ئەم هەنگاوە ئەمەش لە ڕێگەی نوێنەریان لە لبنان (واهان بابازیان)ەوە پێی ڕاگەیەندرا، ئەوە بوو دوای کۆمەڵێک لە پێوەندی و دانیشتن لەگەڵ هەندێک لەو پارت و کۆمەڵانە هەندێکیان بڕیاریان دا بارەگاکانیان لە ئەستەمبۆڵەوە بۆ قاهیرە بگوازنەوە.

بەوەرگرتنی ڕەزامەندیی زۆرێک لە سەرکردە و سیاسەتوانی کورد لە تورکیا و سووریا و عێراق و تاراوگە بڕیاریان دا کۆنگرەیەکی کوردیی گشتی ببەسترێ بەناوی (کۆنگرەی نەتەوایەتیی کوردی).

بەهۆی ئەو پێوەندییەی نێوان مەمدووح سەلیم و پارتی تاشناقەوە لە لبنان و بە هەوڵ و تەقەلاکانی، توانرا کۆنگرەی نەتەوایەتیی کوردی لە ماڵی واهان بابازیان لە شاری بحمدون لە لبنان لە ١٩٢٧ ببەسترێ، دوای گفتوگۆ و دانیشتن توانرا بڕیار لەسەر دامەزراندنی پارتی خۆیبوون بدەن لە ٥ی ئۆکتۆبەری ١٩٢٧. ئەمیر جەلادەت بەدرخانیشیان بە سەرۆکی ئەم پارتە هەڵبژارد و لێژنەیەکی ناوەندیشیان لە سێ ئەندام پێک هێنا جگە لە واهان بابازیان کە نوێنەری تاشناق بوو، لە هەمان کاتیشدا بووە ئەندامی لێژنەی ناوەندیی پارتی خۆیبوون. لەگەڵ دامەزراندنی پارتی خۆیبوون پێوەندیی باش لە نێوان ئەم پارتە و پارتی تاشناقی ئەرمەن دروست بوو، بەرهەمی ئەم پێوەندییانە هاوپەیمانییە نهێنییەکە بوو کە ناونرا بە (هاوپەیمانیی سوێندخۆری و دۆستایەتی لەگەڵ تاشناق) لە ١٩ بەند پێک هاتبوو و ٨ لە ئەندامانی سەرکردایەتیی خۆیبوون ئیمزایان لەسەر کردبوو لەگەڵ نوێنەری تاشناق لە لبنان، واهان بابازیان.

ئەم هاوپەیمانی و ڕێککەوتننامەیەی نێوان حزبی تاشناقی ئەرمەن و ڕێکخراوی خۆیبوون، لە (١٩) بەندە بە زمانی فەرەنسایی نووسراوە. لێرەدا هەندێک لەو بەندانە، کە لە کتێبی (فارس عوسمان: کورد و ئەرمەن، پێوەندییە مێژووییەکان، وەرگێڕانی خالید هەرکی، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما، زنجیرەی (٨١)، چاپی یەکەم/ هەولێر: ٢٠١٠.) وەرگیراوە، پێشچاو دەخەین کە یەکێکە لە گرینگترین وێستگەکانی دۆستایەتی و ڕێککەوتننامە مێژووییەکانی نێوان ئەرمەن و کورد لە ساڵی (١٩٢٧) کە هاوزەمانە لەگەڵ دامەزراندنی ڕێکخراوی (خۆیبوون)ی کورد:

(- ئەم هاوپەیمانە کە لەلایەن هەردوو لایەنی تاشناقی ئەرمەنی، واهان بابازیان، لێپرسراوی

یەکەمی تاشناق و لایەنی دووەم کە هەموو ئەندامانی لێژنەی مەرکەزیی خۆیبوون ئیمزا کراوە، کە بریتین لە:

١- عەلی رەزا ئەفەندی خەڵکی (بالو).

٢- د. شوکری سەکبان بەگ.

٣- موستەفا شاهین بەگ، سەرۆکی خێڵی بەرازی.

٤- حاجۆ ئاغا، سەرۆک خێڵی هڤیرکان.

٥- ئەمین ئاغا، سەرۆک خێڵی رمان.

٦- کەریم رۆستەم بەگ، خەڵکی سولەیمانییە.

٧- مەمدووح سەلیم، خەڵکی وان.

٨- جەلادەت عالی بەدرخان.

- هەریەکەیان دەبێ بڕوای بە داخوازییەکانی ئەوی تر بێ و دان بە سەربەخۆیی کوردستانێکی ئازاد و یەکگرتوو و ئەرمینیایەکی ئازاد و یەکگرتوو بنێت. بۆ بەرگریکردن لەو بیروڕایانە، دەبێ سوود لە هەموو دەرفەتێک وەربگیرێ هاوکارییەکانی نێوانیان ببووژێندرێنەوە.

- خەبات بکرێ بۆ ڕزگارکردنی هەردوو نیشتمانی کوردستان و ئەرمینیا بێ گوێدانە ئەوەی لە کوردستانە یا لە ئەرمینیایە، هەوڵەکان تەنیا بۆ ئازادی و سەربەخۆبوونی هەردوو وڵات بێ، دوژمنایەتییان هاوبەش بێ، سنوورەکانیش دواتر دەستنیشان بکرێن.

- هەردوو لایەنی ئیمزاکردوو لەسەر ئەم پەیماننامەیە دەبێ لە کاتی هێرشی تورکی بۆ سەر هەر لایەنێک هەردووکیان بەوپەڕی توانایانەوە بەرگری بکەن و بەرژەوەندییەکانی یەکتر لەم ڕێگەیەوە بپارێزن، واتە دوای ئەوەی لەم پەیماننامەیە دۆست و دوژمنی یەکتر دیار و دەستنیشان کران ئیتر هەر لایەک دەتوانێ دۆستایەتی لەگەڵ ئەو لایەنە بکات کە بەرژەوەندییەکانی هەردوو لایەن دەپارێزێ.

- هەردوو لایەن دەبێ پابەند بن لە بڵاوکردنەوەی بیروڕای لایەنی تر و کار بۆ جێگیربوونیان بکەن جا ئەمە چ بە ڕێگەی زارەکی یا لە ڕێگەی ڕۆژنامە و هۆکارەکانی تری راگەیاندن بێ.

- دەبێ پارتی تاشناق پەیمانی ئەوە بدات هانی سەرجەم ڕێکخستنەکانی خۆی لە ئەوروپا و سەرتاسەری دنیا بدات بۆ ئەوەی پروپاگەندەکانی تۆرانییەکان ڕیسوا بکات و بەدرۆیان بخاتەوە. ئەمەش بۆ ئەوەیە کە تاشناق ئەوە بسەلمێنێ کە پروپاگەندەی تۆرانییەکان سەبارەت بەوەی کوردەکان دەستیان لە کۆکوژییەکەی ئەرمەنەکاندا هەبووە بەدرۆ بخاتەوە و ڕیسوایان بکات.

- لەسەر پارتی تاشناقە هاوکاریی دارایی پێشکێش بە پارتی خۆیبوون بکا و بەڵێنی هاوکاریی تەقەمەنی و ئیداریش بدات.

- پارتی تاشناقی شۆڕشگێڕ پەیمانی ئەوە بدات  لە وڵاتە ئەوروپاییەکانەوە یارمەتی بۆ کوردەکان کۆ بکاتەوە بە تایبەت لەو دەوڵەتانەی کە پێوەندیی لەگەڵیان کۆکە.
- هەردوو لایەن دەبێ پێوەندییەکانی رێکخراوەییان پتەو و بەهێز بکەن. پارتی تاشناقیش لە بڕیارەکانی لیژنەی مەرکەزیی پارتی خۆیبوون بەشداریی پێ بکەن. بۆ ئەم مەبەستە دەبێ ئەندامێکی تاشناق وەکو نوێنەری تاشناق لەناو لیژنەی مەرکەزی خۆیبوون دابندرێ.
- چونکە تورکەکان دان بەو ناوچە ئەرمەنییانە یا کوردانە نانێن کە ئێستا ڕزگار کراون یا دواتر ڕزگار دەکرێن، بۆیە هەر لایەک ئازادە ئەگەر دواتر هەر جۆرە رێککەوتنێک لەگەڵ تورکیا ئیمزا بکات، یا هەر حکوومەتێکی تر.

## یاداشتنامەکەی جەنەراڵ شەریف پاشا لەبارەی داخوازییەکانی گەلی کوردەوە

داخوازییەکانی ئەرمەنییەکان، سەرەڕای ناواخنی  ئیمپریالیستانە، مادام ئەمڕۆ بەشێوەیەکی فەرمی دانیان پێ دانراوە، کەواتە منیش وا تێ دەگەم لە توانامدا هەبێ، بەتایبەتیش لێرە لە بەردەم کۆنفرانسی ئاشتیدا، داخوازییە ڕەواکانی نەتەوەی کورد ڕابگەیەنم.

کەوشەنەکانی کوردستانی تورکیا لە ڕووی ئەتنۆگرافییەوە بەم شێوەیە دەست پێ دەکەن: لە باکوردا زیفین، وێڕای سەر سنووری وڵاتی قەوقاز کە درێژ دەبێتەوە بەرەو رۆئاوا تا دەگاتە ئەرزەرۆم، ئەرزنجان، ئەرەبگیر. لە باشووردا هەران، تەپۆلکەکانی ژەنگار، تەلەعفەر، ئەربیل، کەرکووک، سلێمانی، سنە. لە رۆهەڵاتیشدا بە رەواندز دەست پێ دەکا، باشقەڵا، وەزیر قەڵا، واتە وێڕای سنووری وڵاتی فارس تا دەگاتە چیای ئارارات .

کورد لە رۆژگارە هەرە دێرینەکانەوە بە ناوی جیا جیا، لە سێزدە سەدە لەمەوبەریشەوە بە ناوی کورد لەم مەڵبەندانەدا گیرساونەتەوە و بنەگربوونە[٣]. تا ئەو رۆژەی بە خواستی خۆیان چوونەتە ژێر ڕکێفی دەسەڵاتداریتیی سوڵتان سەلیمی یەکەمەوە. دیناوەر، هەکاری، ئامێدی، حەسەن کیف، میرداسی، شێروان، سلێمانی، سەحران، پڵینگان، بەتلیس، گارزا، بۆتان.. هەموو ئەم شارانە لەژێر دەسەڵاتی میرنشینە کوردە سەربەخۆکاندا بوونە.

مومسن Mommsen لە کتێبەکەی خۆیدا لەبارەی مێژووی رۆمانییەکانەوە، وڵاتی ئەرمینیای خستووەتە نێوان سەرچاوەکانی رووباری دیجلە و فورات و رووباری کوور. ئینسیکلۆپیدیای ئینگلیزیی Nuttals مەسەلەکەمان لەوە باشتریش بۆ ڕوون دەکاتەوە. وا لێرەدا دەقاودەق قسەکانی دەگوازینەوە:

(ئەرمینیا وڵاتێکە لە رۆئاوای ئاسیا، کەوتووەتە رۆئاوای دەریای قەزوینەوە. لە باکوری چیاکانی کوردستاندا دابەش کراوەتە سەر تورکیا و رووسیا و وڵاتی فارس. دەشتێکی شەقار شەقار پێک

دەهێنێ. ئەملا و ئەولای چەند دۆڵێکی بەپیت و پاراون کە لووتکەکانیان لە چیای ئاراراتدا قووت دەبنەوە.

ئەم راستییە بە ئاشکرا ئەوە دەگەیەنێ کە ئەرمەنییەکان لە حاڵەتی دەسەڵاتخستنی خۆیاندا پێویستە ڕوو لە وڵاتەکەی خۆیان بکەن، نەوەک بێن بە شێوەیەکی ناڕەوا مرخ لە مەرز و بوومی کوردان خۆش بکەن.

لەمەڕ ئەو بەشی کوردستانەی کە دەکەوێتە ویلایەتی ئەرزەڕۆمەوە، ئێمە دەتوانین پشت بە بەڵگەی جوگرافیاناسی مەزن ئینلیزێ ریکلووس E.Reclus ببەستین کە لە کتێبە گەورەکەی خۆیدا سنووره گشتییەکانی هەندێ لە هەرێمەکانی ئاسیای دیاری کردووە، کە ئەم سنوورانەش بە بۆچوونی ئەو کوردستانێکی ڕەوایان لێ پێک دێت ئەمەش سەبارەت بە زۆریی ژمارەی کورد لەو هەرێمەدا و هەروەها سەبارەت بە سنوورەکانیان[٥].

ئێمە بە ئەرکی خۆمان ناتوانین خۆمان لە بەڵگەکانی ئەم جوگرافیاناسە گەورەیە بدزینەوە، ئەمەش لە پێناو بنیاتنانی بناخەکانی پەیامی مرۆڤایەتی، لە پێناو پیادەکردنی پرەنسیپی نەتەوەکان لە بواری ئەو گۆڕانەی داهاتوو کە بەسەر نەخشەی جیهاندا دێت[٦].

«لەنێو ئەو دەشت و دۆڵانەی بە تایبەت دەوروبەری زابی گەورەدا کۆمەڵە خەڵکێک لە شێوەی چەند خێڵ و عەشیرەتێکی یەکانگیردا نەتەوەیەکی خاوەن هێزی هێندە گەورە پێک دەهێنن کە بەڕاستی بتوانن لە هەمبەر تورک و فارسەکاندا کەڵکەڵەی سازکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆیان هەبێت».

فەرموون ئەمەتا یەکێک لە گەورەترین جوگرافیاناسەکان لە ساڵی ١٨٨٤دا ئەمەی سەرەوەی نووسیوە. بە شێوەیەکی سروشتی چەند خەسڵەتێکی دانسقەی تریش هەن بتوانن لەم کۆنفرانسەدا وەدیار بکەون.

هیوادارین ڕێگەمان بدرێتێ پەنجەنومای ئەوەش بکەین کە لە حاڵەتێک ئەگەر مەڵبەندە کوردنشینەکانیش هەر بخرێنە سەر ئەو دەوڵەتە ئەرمەنییەی خەریکە دروست دەبێ، سەبارەت بەوەی کورد خەڵکێکی شەڕوان و هەردەم حەز لە ئازادی و سەربەخۆیی نەتەوەکەیان دەکەن، ئەوا ئەو دەوڵەتە ئەرمەنییەی داهاتوو قەتاوقەت لە بشێوی و تەنگژەیەکی بەردەوام زیاتر هیچی تر بە چاوی خۆیەوە نابینێ: تەنیا مەگەر دەوڵەتە هاوپەیمانەکان بە خۆیان بە لەشکرێکی گەورە بێن هێزەکانی خۆیان لەوێ ڕابخەن، کە لەو کاتەشدا ئەوانیش هەر دەکەونە بەر شاڵاوی شەڕێکی بێ ئامانەوە.

ئەرمەنییەکان بە گەزافەگۆیی کەوتوون و گەورەترین ئەرمەنستانیان دەوێت، ئەمەش لەبەرئەوەی لە سەردەمی تیگراندا – پەنجا ساڵ پێش لەدایکبوونی مەسیح – دەوڵەتێک بە ناوی ئەرمینیاوە هەبووە، کەچی بە ئانقەست ئەو راستییە لە بیر خۆیان دەبەنەوە کە مەرز و بوومی وڵاتەکەیان خۆ بەشێوەیەکی راستەوخۆ پابەندی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانییەکانیش بوو، لە هەمان سەردەمی تیگراندا

لەلایەن پوومپی سەرلەنوێ داگیر کرایەوە.

ئەم سەرنجە ئیدی چیی تر ئەوە بە شتێکی سروشتی نازانێ کە ئەرمەن ڕێ بدەنە خۆیان ئەرمینیای گەورە بە بێشکەی شارستانیەت و نەژادی خۆیان لە قەڵەم بدەن، ئەرمەنییەکان وەک ئەوانەی داکۆکییان لێ دەکەن، دەیانەوێ داخوازییەکانیان بە ڕەوا بسەلمێنن، بۆ ئەمەش دێن پشت بەو دیاردەیە دەبەستن کە گوایە چەند هەزار ئەرمەنییەک ئەمڕۆ لە کوردستاندا دەژین.

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم لاف و گەزافانە ئێمە دیسان پشت بە بەڵگە و قسەکانی نوتال Nuttals دەبەستینەوە کە دەڵێ:

ئەرمەنییەکان لە ڕۆژگارە هەرە دێرینەکانەوە هەردەم ڕەویان کردووەتە وڵاتەکانی دەوروبەری خۆیان وەک جوولەکە بەردەوام عەوداڵی پڕۆژە و کاروباری بازرگانین بەشی هەرە زۆریشیان پووڵدار و خاوەن سەرمایەن. کورد هەرگیز ئەوەیان لەخۆ نەکردووەتە غەم کە ئەو ئەرمەنییانەی ئەمڕۆ لە کوردستان دەژین و هەموو کات خەریکی بازرگانین قازانج و بەرژەوەندییەکانی خۆیان لەسەر خاکی وڵاتەکەی ئەوان ئەنجام دەدەن. ئیدی ئەرمەنییەکان بەم شێوەیە بە نیازی ڕووتاندنەوە و بەکارهێنانی کوردەکان وایان بەباش زانیوە بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە ڕوو بکەنە کوردستان.

کەواتە هەر سەبارەت بەهەمان کەڵکەڵەیە کە هەردەم واشیان بە باشتر زانیوە بێن لە شارەکاندا بژین تەنانەت هەر بە تەواوەتیش کارکردنی مەزرا و کشتوکاڵ بە یەکجاری فەرامۆش بکەن.

بۆ سەلماندنی کەمایەتیبوونی ئەم ئەرمەنییانە لە کوردستاندا دەتوانین پشت بەو گەواهییە فەرمییە هەرە تازانە ببەستین کە لەلایەن تورکیا و دەوڵەتە ئەوروپاییەکانەوە دەرچوون. یەکسەر لە دوای پەیمانی بەرلین وەفدێک بە سەرپەرشتیی جەنەراڵی ئینگلیز، بێکر پاشا و سەعید پاشای سەرۆک ئەنجوومەنی دەوڵەتی عوسمانی، هەروەها بە سەرپەرشتیی یەکێک لە پیاوماقووڵە ناودارە ئەرمەنییەکان میناسە فەندی بە نیازی سەرژمێرکردنی دانیشتوان نێردرانە کوردستان[7].

لەو سەرژمێرییەدا هێندە بەسە کە تەنیا دیاربەکر بە نموونە بهێنینەوە چونکە ئەنجامەکەی، لەناو ٨٤٠٠٠٠ دانیشتواندا ٦٠٠٠٠٠ موسڵمان دەرچووبوون، ئنجا ٢٤٠٠٠٠یش مەسیحی یان جوولەکە.

لە ساڵی ١٨٩٥دا میر لوبانۆف Lubanof وەزیری کاروباری بێگانان لە ڕووسیا، کە هەڵبەتا زۆر دوورە لەوەی دۆستی کوردان بێت، ساغی کردەوە کە ئەرمەنییەکان لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا تەنیا کەمایەتییەکی نەتەوەیی بچووک پێک دەهێنن.

لە ڕۆژی ٣ی نوڤەمبەری ساڵی ١٨٩٥دا بڕوانە ڕۆژنامەی (جورنال ئۆفیسیال) ڕۆژی ٤ی نوڤەمبەری ١٨٦٩، ل ١٣٥٧–١٣٥٨، وەزیری کاروباری بێگانان لە گفتۆگۆیەکدا لەبارەی مەسەلەی ئەرمینیاوە کە لەو ماوەیەدا لە خانەی وەزیرانی فرەنسادا ساز کرابوو، ئەم بانگەوازەی ڕاگەیاند:

لە شارەکانی تورکیادا کە ئەمڕۆ تاقە گیروگرفتێکن مشتومڕیان لەسەر دەکرێ بەپێی سەرژمێرییەکانی بەدەستمان گەیشتوون، گەلی ئەرمەن ژمارەیان هەر چەندێک بێت لە کەرتێکی

زیاتر له ١٣٪ دانیشتوانی تورکیا تێپەڕ ناکا لەلایەکی ترەوە مەرزبوومەکانیان لە ویلایەتەکانی ئاسیادا زۆر ناهاوسانە، لە هەندێ شوێندا ژمارەیان زۆرە لە هەندێ شوێنیشدا هەتا بڵێی پەرش و بڵاون. بە کورتی ئێمە هیچ هەرێمێک لە شارەکانی تورکیادا بەدی ناکەین کە ئەم میللەتە بەدبەختە بەڕاستی بەشی هەرە زۆری دانیشتوان پێک بهێنێت یان توانیبێتی مەڵبەندێک بۆ خۆی پێکەوە بنێت بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەو مەڵبەندەوە بتواندرێت جۆرە ئۆتۆنۆمییەکیان بۆ ساز بکرێت.

لێرەدا بۆ ئەوەی هۆی نارەزاییی کورد بەتەواوەتی روون بێتەوە، ئەم چەند کۆپلەیەی خوارەوە بەنموونە دەهێنینەوە کە لە نامیلکەیەکی ئامادەکراو لەلایەن سەرپەرشتکاری دەوڵەتی رووسییەوە وەرگیراون و کاتی خۆی بەشێوەیەکی نهێنی بەسەر تەنیا چەند شەخسیەتێکدا دابەش کراون. ئیدی سەنگینی و بایەخەکەی گومانی لێ ناکرێ، چونکە تەنیا لە پێناو کاروباری سەربازی و سیاسەتی رووسیادا ئامادە کراوە هەر لە سۆنگەی ئەمەشە کە ئەم نامیلکەیە هەڵوێستێکی بەتەواوەتی بێلایەنی لە هەمبەر کێشەی کورد و ئەرمەن هەیە، ئامانجی بڵاوکردنەوە و گەیاندنی کۆمەڵێک زانیاری بووە کە دەبووایە وەک نهێنییەک تەنیا لەنێو خۆیاندا بمێنێتەوە[8].

لەبارەی ویلایەتەکانی (وان) و (بەتلیس) ئەو دوو هەرێمەی کە بەقسەی ئەرمەنییەکان (هەر بە تەواوەتی ئەرمەنین) نووسەر بە ڕاشکاوییەوە دەڵێ:

لە شاری واندا ٤٦٪ کورد بەرامبەر ٢٦٪ ئەرمەن هەن. لە شاری بەتلیس ٥٥٪ کورد بەرامبەر ٣٩٪ ئەرمەنی هەن[9]. تورکەکانیش، کە سەر بەهەمان دینی کوردەکانن لەم دوو ویلایەتەدا لێرەدا نەدراونەتە پاڵ هیچ کامێکیان.

تەنیا لە شارەکانی وان و مووشدا دەبینین ژمارەی ئەرمەنییەکان کەمێک بەرز دەبێتەوە دەگاتە ژمارەی دانیشتوانی کورد لە هەرێمی بەتلیسدا: ٥٠٪ کورد بەرامبەر ٤٠٪ ئەرمەن هەن، بەڵام لە تەواوی هەرێمەکانی تردا، ژمارەی کورد چەندان قاتی ئەرمەنییەکانە. بە کورتی لە هەر هەرێمێکی بڵێی ئەرمەنییەکان تەنانەت نیوەی ژمارەی دانیشتوانیش پێک ناهێنن. کورد لە (هەکاری) ٥٩٪ ، لە (سیرت) ٦٠٪ ، لە (کەنج) ٧٩٪ی ژمارەی دانیشتوان پێک دەهێنن.

لەم هەرێمە ناوبراوانەی دواییدا کورد ژمارەیان هێندە زۆرە کە ئەرمەنییەکانی ئەو ناوچانە لە زمانی کوردی زیاتر ناتوانن بە هیچ زمانێکی تر بدوێن، تەنانەت لە هەرێمەکانی وان و بەتلیسدا، هەندێ ناوچە هەن کە زمانی ئەرمەنی تەنیا لەلایەن پیاوە دینییەکانەوە بەکار دێت و بەس.

سەدابارى دینییەکانیش لەم دوو ویلایەتەدا بەمجۆرەیە: لە هەرێمی واندا ٥٤٪ موسڵمان، ٤٣٪ مەسیحی، ٣٪ ئاینی تر هەن. لە هەرێمی هەکاری دا ٥٦٪ موسڵمان، ٤٣٪ مەسیحی، ١٪ ئاینی تر هەن.

لە ویلایەتی بەتلیسدا تەنانەت لە هەموو هەرێمی بەتلیس دا ٦٠٪ موسڵمان بەرامبەر ٤٠٪ مەسیحی هەن. لە شاریشدا ٥١٪ موسڵمان بەرامبەر ٤٨٪ مەسیحی، هەروەها ١٪ خەڵکی سەر بە ئاینی تر هەن.

له شاری سیرتدا ٦٥٪ موسڵمان بەرامبەر ٣٤٪ مەسیحی و١٠٪ خەڵکی سەر بە ئاینی تر هەن.
له شاری کەنجدا ٦٩٪ موسڵمان ٢٠.٪ مەسیحی، ١.٪ خەڵکی سەر بە ئاینی تر هەن.

بەشێوەیەکی گشتی، لەناو هەموو ئەو ٣٢ قەزایەی کە ویلایەتەکانی وان و بەتلیس پێک دەهێنن، ژمارەی مەسیحییەکان تەنیا لە ٨ قەزادا دەگاتە نیوەی ژمارەی دانیشتوان، لە قەزاکانی تردا، موسڵمان هەموو کات ژمارەی هەرە زۆری دانیشتوان پێک دەهێنن[10].

هەموو ئەم سەرژمێرییە فەرمییانە خۆ لە سەردەمێکیشدا کراون کە سەرتاپای ئەوروپا لە گەرمەی رووداوە تراجیدییەکانی ئەرمینیادا لایەنگیریی خۆی بۆ بەرژەوەندیی ئەرمەنییەکان پێشان دەدا. روون و ئاشکرا ئەوە دەسەلمێنن کە ئیتر ئەرمەنییەکان لە هیچ ناوچەیەکی سەر بە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا بەشی زۆربەی دانیشتوان مەجوریت پێک ناهێنن. هەر بۆیەش هەڵبەتە ناکرێ بگوترێ کە ئەو ئەرمینییانە لە کوردستاندا (کە کوردستان بەشێکی فراوانی لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی گرتووەتەوە) بەشی زۆربەی دانیشتوان پێک دەهێنن.

لەلایەکی تریشەوە، بۆ دواین بەڵگە لەبارەی سەلماندنی زۆرتربوونی ژمارەی دانیشتوانی کوردەکان لەو هەرێمانەدا پێویستە بڵێم کە لەو دوو ویلایەتەی باسمان لێ کردن، لە هەمان کاتدا خەڵکێکی بێ شوماری سوارەی حەمیدیە هەن کە لە عەشیرەتە کوردەکان پێک هاتوون، عەشیرەتی حەیدەرانلی (سەرۆکەکەیان محەمەد سادق بەگ)، عەشیرەتی ئەدەمانلی (عەلی بەگ)، عەشیرەتی موکری (ئیبراهیم بەگ)، عەشیرەتی میلان (محەمەد بەگ)، عەشیرەتی شەمسیکی جیمسیکی (سادق بەگ)، عەشیرەتی جی کیە شەریف بەگ)، عەشیرەتی ئەدومانلێ (سولەیمان بەگ)، عەشیرەتی تاکووری (حوسین بەگ)، عەشیرەتی ئەرتووش (حەسەن بەگ)، عەشیرەتی ئەدەمانلی (ئوشان بەگ)، عەشیرەتی بەنیان (لوتفولا بەگ)، عەشیرەتی شەیدانلی (عومەر بەگ)، عەشیرەتی ئەلەج، هەروەها حەیدەرانلی (حاجی دەمید پاشا)، عەشیرەتی حەیدەرانلی کە شەش فەوج لە سوارەی حەمیدیە پێک دەهێنێ لە نێوان رۆهەڵاتی گۆمی وان و رۆئاوای زنجیرەی چیاکانی ئالاداردایە.

عەشیرەتێکی تریش هەر بەناوی حەیدەرانلی هەیە کە پێیان دەڵێن حەیدەرانلی ئەهەسە، لە دوندەک و مەلازگەرد و هەرجیشدا دەژین. لە مەڵبەندی مەلازگەرد ژمارەی خەڵکی سەر بەعەشیرەتی حەسنانلی زۆرترن. عەشیرەتی حەسنانلی لە دەوروبەری مەلازگەرد دەژین، پێنج فەوجی سوارەی حەمیدییەیان پێک هێناوە، سێ لەو پێنج فەوجە لە ویلایەتی بەتلیسدان.

لە مەڵبەندی هەرجیشدا کە دەکەوێتە قەراخ رووباری زەیلان، عەشیرەتی هیدمنالیەر دەژین. عەشیرەتی جەبدانلیش دوو فەوجی سوارەی حەمیدییە پێک دەهێنن و لە قەزای فەرتودان. هەرچی عەشیرەتەکانی تریشن، ژمارەیان لە چاو ئەوانەی سەرەوە کەمترە، هەریەکەشیان لە فەوجێک زیاتر پێک ناهێنن.

عەشیرەتی جەنلی لە قەراغی رۆهەڵاتی گۆمی واندا دەژین. عەشیرەتی تەکوری لە شاری

(سەرای) هەروەها لە قەزای (مەحموودییە)دا دەژین کە دەکەوێتە سەر سنووری وڵاتی فارس، عەشیرەتی میلانلی لە هەمان کەوشەندا دەژین. بەڵام هەندێک بەلای ڕۆئاواوە، عەشیرەتی موکریش بە هەمان شێوە لە هەمان ناوچەدان. عەشیرەتی ئەلبەگدان، کە دەکەوێتە ژوورووی ڕووباری زاب. عەشیرەتی شەیدانلی لە قەزاکانی حەمیدییە و نورجیندا دەژین. هەروەها عەشیرەتی ئەلەج لە ناوچەی مەڵازگەرد و ئەرجیشدا دەژین.

جگە لەو عەشیرەتانە عەشیرەتی تریش هەن کە بایەخیان لە پلەی دووەمدایە، هەریەک و چەند فەوجێکیان لەو هەرێمانەدا پێک هێناوە.

هەموو ئەو عەشیرەتانە، سەرەڕای هاوسازییان لە ڕووی سیستەمی بەڕێوەبردنی ناوخۆیاندا، بەڵام لەگەڵ ئەمەش نەیانتوانیوە سەرۆکەکانی خۆیان بگەیەننە باوەڕی ئەوەی کە داوای سەربەخۆیی و جیابوونەوە لە حکوومەت بکەن، ئەو عەشیرەتانە، هەر بە سروشتی سەرکەشانەی خۆیانەوە، هەستی دڵبلندییەکی پتەو ڕەگاژۆی نەریتی نەتەوەییان بووە، هەموو کات حەز لە سەربەخۆیی نەتەوەیی دەکەن.

ئیتر ئەو کەمایەتییە نەتەوەییەی ئەرمەنییەکان، ئەگەر تەنانەت هێزێکی ئەوروپایشیان لە پشت بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەش بێهوودەیە لاف و گەزافی ئەوە لێ بدەن بتوانن ئەم گەلە شەڕوانە، کە ژمارەی دانیشتوانیان لە ئەوان زیاتریشە، بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە.

موژدەگارە مەسیحییەکان کە بۆ یەکەمین جار بە کەڵکەڵەی دینەوە پێیان نایە خاکی کوردستان، لە سەرەتادا بە کوردەکان دەستیان پێ کرد: بۆ ئەوەی بیانهێننە سەر ئاینی خۆیان، بەڵام کاتێ دەمودەست هەستیان کرد کە سەرکەوتنی ڕۆژەکەیان ئاستەمە؛ ئیتر بۆ درێژەدان بە کۆششی خۆیان ڕوویان کردە عەشیرەتە مەسیحییەکانی کوردستان. لەناو ئەم عەشیرەتانەشدا، ئەرمەنییە ئۆرثۆدۆکسەکان لە هەموو کەسێک زووتر و ئاسانتر چوونە ژێر بارەوە. تەنانەت هێندەی پێ نەچوو کە قوتابخانەی ئەو موژدەگارە مەسیحییانە پڕ کران لە قوتابییە ئەرمەنییەکان.

موژدەکارەکان بە نیازی ئەوەی کە هەست و نەستی بەرزەفڕانەی ئەرمەنییەکان بورووژێنن هاتن مێژووی تیگران و هەروەها لێکۆڵینەوە لە شەڕوشۆڕەکانی تیگران و ئیمپراتۆریەتە کۆنەکەیان کردە بابەتی قسەکانی خۆیان.

لە ئاکامی ئەم پەروەردەکارییە لێوانلێوەی هەستی نیشتمانپەروەری، بۆ یەکەمین جار بیری (سەربەخۆخوازی) لەلای ئەرمەنییەکاندا سەرهەڵدەدا. هەڵبەتە بێ ئەوەی ئێمە توانیبێتمان پێشبینیی بایەخ و سەرەنجامەکانی ئەم دیاردەیە بکەین.

لەبارەی موژدەگارەکانەوە دیسان پەنا دەبەمەوە بەر نامیلکە ڕووسییەکەی پێشتر ئاماژەم پێ دابوو L Etat Majeur و ئەم ڕستانەی لێ دەگوازمەوە:

(لە ویلایەتەکانی واندا، موژدەکارە کاتۆلیک و پرۆتستانتەکان، لە سی ساڵ لەمەوپێشەوە ڕەگ

و ڕیشەی خۆیان لە مەڵبەندە گرینگەکاندا، هەروەها لە ناوچەرگەی هەردوو شاری وان و بەتلیسدا دامەزراندووە. لەناو ئەوانەدا، ئەرمەنییەکان لە پێش هەموو کەسێکەوەن کە پڕوپاگەندەی ئاینی دەکەن و بە هانای هەزارانەوە دەچن، بێ ئەوەی گوێش بدەنە نەژاد و دینی ئەو هەزارانە، هەروەها قوتابخانەکانیشیان لە ڕووی ڕێکخستنەوە لە هەرە باشترین قوتابخانەکانن. لە قوتابخانەی مۆژدەگارەکانی شاری وان و بەتلیسدا، هەندێ لقی پیشەوەری کراونەتەوە کە پیشە جۆرەوجۆرەکان لەو قوتابخانانەدا بە دەرس دەگوترێنەوە.

شایانی سەرنجە، ئەو خوێندنگە ئەمەریکاییانەی کە خوێندکارە ئەرمەنییەکان ڕوویان تێ دەکەن، پێش هەموو کەسێک باربووی ئەو خوێندکارانە دەکەن کە شۆڕشگێڕی هەرە شارەزا و کارامەی دنیان بۆ پڕوپاگەندە و بانگەشەکردن. ئامەریکاییەکان ،سەرەڕای ئەوەی کە چەندەی پێیان بکرێ پارە و سامانی خۆیان لەو ئەرمەنییانە خەرج دەکەن، بەڵام ئەرمەنییەکان خۆشیان ناوێن.

ئەرمەنییەکان کە هەر بەشێوەیەکی زگماک چاوبرسیتییەکی بازرگانییانە پاڵیان پێوە دەنێ هەردەم لە بەشی خۆیان زیاتر داوا بکەن، ئەمڕۆ هاتوون زور لەوە زیاتریان داوا کردووە کە یاسا بتوانێت جێبەجێی بکات. لەوە دەچێ ئیمپراتۆریەتەکەی جارانیان بەلاوە زۆر بچوک بێت، حەز دەکەن بەشێکی فراوانی کوردستانیش کە ئەمڕۆ وەبەر ئاسیای بچووک کەوتووە بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە، ئەمەش بە یادی ئەو سەرکەوتنە ڕاگوزارییەی کە ڕۆژێ لە ڕۆژان پاڵەوانە ناودارەکەیان، تیگران، لە مێژووی نەتەوەییاندا وەدەستی هێنابوو.

دەوڵەتی عوسمانی، کە ئەوروپا (لە ڕێگەی دەست تێوەخستنی کاروباری ناوخۆیی ڕژێمی حەمیدەوە) بەردەوام پاڵەپەستۆی خستووەتە سەر، ئەوەی بە پێویست زانی کە ڕێگە بداتە ئەرمەنییە ناڕازییەکان، ئەگەر بیانەوێ وڵاتەکەی خۆیان بەجێ بێڵن یان واز لە ڕەگەزنامەی عوسمانیی خۆیان بهێنن. ئیتر لە ئەنجامی ئەوەدا هەزاران ئەرمەن سەری خۆیان هەلگرت و ڕەویان کرد بەرەو مەڵبەندەکانی ئیمپراتۆریەتە کۆنەکەی جارانیان، ئەو مەڵبەندانەی کە بەپێی بەندەکانی (کۆنگرەی بەرلین) خرابوونە سەر ئیمپراتۆریەتی قەیسەرەوە.

وەک دەردەکەوێ، بەشی هەرە زۆری ئەو ئەرمەنییە ڕەوکردووانە عەردەکانی خۆیان بە کوردەکان فرۆشت. هەروەها بەشێکی تریش لەو ئەرمەنییانە هەر لە خۆیانەوە زەویوزارەکانی خۆیان بەجێ هێشت.

بەپێی قانوونی عوسمانی، هەر پارچە عەردێکی بەیار(تۆونەکراو) ئەگەر تا سێ ساڵان لەلایەن زەویدارەوە کاری تێدا نەکرێت، ئەوا زەویدارێکی تر بۆی هەیە دەست بە سەر ئەو پارچە زەوییەدا بگرێت، یانیش لەلایەن دەوڵەتەوە بفرۆشیت. ئیتر ئەو زەویوزارانەی ئەرمەنییەکان بەجێیان هێشتبوو، بەم شێوەیە فرۆشرایە کوردەکان.

دوای ڕاگەیاندنی ڕێژیمی دەستووری (مەشرووتیەت ١٩٠٨) ئەو ئەرمەنییانەی بەرەو ڕووسیا

پەراگەندە بووبوون، سەبارەت بەوەی ڕێژیمی قەیسەر رووسیایان لە چاو ڕێژیمی تورکیا کوشندەتر و سەختتریش بۆ دەرکەوتبوو، هاتن روویان کردە ئەمنیستی گشتی، کەوتنە دەست و پەل کوتانی ئەوەی کە مەرزوبوومی زێدی خۆیان بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیان، بۆ ئەمەش هاتن داوایان لە دەوڵەت کرد بۆ ئەوەی ئەو زەویوزارانەی بە ناهەق کەوتبوونە دەست زەویدارە تازە کوردەکان بدرێنەوە خۆیان.

ڕێژیم کە بەردەوام لەژێر زەبری داخوازیی زێدەڕۆکانی دیپلۆماسیە ئەوروپاییەکاندا بوو، ناچار کرا دەست لەو زەویوزارانە بکشێنێتەوە، بەڵام کوردەکان کە لە دەست ئەم ستەمە کەللەیی بووبوون، بە هەموو توانای خۆیان ڕووبەڕووی ئەم تەرزە رەفتارە وەستانەوە. کاتێ شەڕی جیهانی دەستی پێ کرد، کۆمیسیۆنێکی ئەوروپایی تایبەت بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشە و ناتەباییە، چووە ئاسیای بچووک و کوردستان.

هەموو ئەو شتانە بە ئاشکرا ئەوە دەسەلمێنن کە بەشی هەرە زۆری ئەو ئەرمەنییانەی لە کوردستان ژیان بەسەر دەبەن، بە خواستی خۆیان ئەو وڵاتەیان جێ هێشتووە .کەواتە لە ڕووی یاساوە چیی تر مافی ئەوەیان نییە داوای ئەو هەرێمانە بکەنەوە.

ئەگەر زۆربەی نەتەوەیەک نەیتوانیبێ کەمایەتییەکی نەتەوەیی بەشێوەیەک بەڕێوە ببات کە ئەو کەمایەتییە نەتەوەییە پێی رازی بێت، ئاخۆ ئەمە بە شتیکی رەوا دەزانرێت کە ئەمڕۆ ئەو کەمایەتییە نەتەوەییە ڕێگەی پێ بدرێت بەڕێوەبردنی نەژادێکی وەکو نەژادی کورد کە ژمارەیان زۆر لە ئەوانیش زیاترە و هەردەم حەز لە سەربەخۆیی و ئازادی دەکەن، بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە؟

لەلایەکی ترەوە، کۆمیسیۆنێکی سەر بە چەندان وڵاتانی ئەوروپایی، پێویستە لە مەسەلەی گەڕاندنەوەی سامانی لەدەستچووی ئەرمەنییەکان بکۆڵێتەوە. ئەمە لە کاتیکدا ئەگەر ئەرمەنییەکان ئارەزووی ئەوە بکەن بەرەو ئەرمینیا کۆچ بکەن، هەروەها ئەگەر ئەو کۆمیسیۆنە ڕەزامەندیی کوردەکانیش وەربگرێت.

بەپێچەوانەی پرەنسیپەکانی ویڵسن، ئەمڕۆ هەموو شتێک دژی کوردەکان دەکەوێتەوە، واتە دژی ئەوەی کە ئەمڕۆ دەوڵەتێکی ئازاد و سەربەخۆی کورد دروست ببێ.

هەر چواردە بەندەکانی ویڵسن کە سەرتاپایان لەلایەن ڕێژیمیی عوسمانییەوە قبووڵ کراون، کوردەکان وا لێ دەکەن (ئەو بەندانە بە ڕاستی مافی ئەوەی پێ داون) کە بێن داوای سەربەخۆیی خۆیان بکەن. ئەمەش بەبێ هیچ پاداشتدانەوەیەکی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی: ئەو ئیمپراتۆریەتە عوسمانییەی کە کوردەکان هەردەم بەدەم پاراستنی داوونەریتی خۆیانەوە، بەدرێژاییی چەندان سەدە لەژێر سایەیدا ژیاون.

ئەوەتا، ئێستا، ئەمەیە پوختەی داخوازییەکانی کوردەکان کە لەژێر رۆشناییی ئەو سەرنجانەی سەرەوەدا هەڵمان هێنجاون.

ئێمە بەتوندی نارەزاییی خۆمان دەردەبڕین لە هەمبەر داخوازییە دەستدرێژکارییەکانی ئەرمەنییەکان بۆ سەر خاکی کوردستان، ئەو کوردستانەی کە لە چوارچێوەی سنوورەکانی خۆیدان – وەک لەو نەخشەیەی پاشان پێشانی دەدەین – پێویستە تەنیا بۆ کوردەکان خۆیان بمێنێتەوە.

سەبارەت بەوەی کە سامانی نەتەوەییی کورد تەنیا بەخێوکردنی مەڕومالاتە و هەروەها ئاووهەوا ناچاریان دەکات کە بۆ دۆزینەوەی لەوەڕگا و پاوانەکانیان گەرمیان و کوێستان بکەن، ئێمە لە پێناو مسۆگەرکردنی ژیانی ئەم گەلە و پاراستنیان لەدەست نالەباری و چورتمی ئابووری، سوورین لەسەر داواکردنی خۆمان لەوەی کە ئەو پاوان و مێرگانە نەخرێنە دەرەوەی ئەو سنوورەی بۆ کوردستان دیاری دەکرێ.

لە کۆتاییدا ئێمە داوای سەربەخۆبوونی خۆمان دەکەین. ئەمەش مافێکی ڕەوای (قانوونی) خۆمانە، تەنیا ئەم سەربەخۆبوونەشە رێگەمان دەداتێ لە پێناو پێشکەوتن و گەیشتن بە شارستانیەتدا کۆشش بکەین، هەروەها بتوانین بەهرە لە سامانەکانی وڵاتەکەمان وەربگرین و لەگەڵ دراوسێکانماندا بە ئاشتی بژین.

وێڕای ئەمەش ئێمە ئاواتەخوازین کە کۆنفرانسی ئاشتی، کۆمیسیۆنێکی نێودەوڵەتی پێک بهێنێت. ئەو کۆمیسیۆنە ئەرکی ئەوە بێت سنوورەکانی کوردستان بەپێی پرەنسیپی نەتەوایەتییەکان بەشێوەیەک دیاری بکات کە سەرتاپای هەرێمە کوردنشینەکان بگرێتەوە: ئەو هەرێمانەی کە کورد ژمارەیان لە چاو ژمارەی میللەتانی تر زیاترە.

بە لە بەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەگەر لەو هەرێمە دیاریکراوانەی دەدرێنە پاڵ کوردستان کۆمەڵە خەڵکێکی غەیرە کورد هەبن، ئەوا ئەو کۆمەڵە خەڵکە مامەڵەیەکی تایبەتی وایان لەگەڵ دەکرێت کە لەگەڵ داوونەریتی نەتەوایەتییان پێکەڵپێک بێنەوە.

ئێمە هیوایەکی زۆرمان بە دادپەروەرایەتیی ئەم کۆنگرەیە هەیە. ئیدی ژیان و داهاتووی گەلێکی دێرینی پێ دەسپێرین: ئەو گەلەی کە ئەگەر رێگەی پێ بدرێ باش دەزانێ چۆن رێگەی بووژاندنەوەی خۆی پەی بکات.

پاریس ٢٢ مارس ١٩٩٩
جەنەراڵ شەریف پاشا
سەرۆک وەفدی کوردان لە کۆنفرانسی ئاشتی لە پاریس

پەڕاوێز و سەرچاوە:

- ماوەیەک بوو لە وەرگێڕانی ئەم دۆکیومێنیتە بۆ کوردی بووبوومەوە، لە ناکاو چاوم بە کتێبەکەی د.بلەچ شێرکۆ کەوت (کێشەی کورد، مێژینەی و ئێستا) کە کاک حەمەی حەمەباقی لە عەرەبییەوە کردوویەتی بە کوردی. لێرەدا لەبەر ئەوەنا کە ئەم تێکستە تەرجەمەکراوەی بەردەست لە سەرچاوە فرەنساییە ئەسڵییەکەوە کراوە، بگرە لەبەرئەوەی دوای بەراوردکردنێکی وردی نێوان هەردوو تێکستەکە (تەرجەمەکەی خۆم و تەرجەمەکەی کاک حەمەباقی) بۆم دەرکەوت کە وەرگێڕانە لە زمانی عەرەبیکراوەکەی حەمەباقی، لە گەلێک شوێندا شتی لەخۆڕای لێ زیاد کراوە، یانیش زۆرجاران لێی کەم کراوەتەوە و دەسکاری کراوە. ئەمە جگە لە هەڵە و پەڵەی ئامار و سەرژمێرییەکان، بە هەڵە نووسینەوەی ناوی جێگا و شار و هۆزە کوردەکان. هەر چۆنێک بێ، وەرگێڕانە لە زمانی عەرەبیکراوەکە هەم شێواز و هەم ناوەڕۆک و بیری یاداشتنامەکەیان شێواندووە.

ئێمە لە کاتێکدا دڵنیاین بنچینەی ئەم هەڵە و کەموکورتییانە دەگەڕێتەوە بۆ تەرجەمە عەرەبییەکە، هیواداریین ئەم وەرگێڕانەی بەردەست کە ڕاستەوخۆ لە فرەنساییەوە کراوە، هەم بۆ ڕووناکبیر و مێژوونووسانی کورد، هەم بۆ چاپی داهاتووی ئەو کتێبە سوودێک بگەیەنێ.

١/ ئێمە ئەم دۆکیومێنتەمان لەم سەرچاوەیەوە وەرگێڕاوەتە سەر کوردی:

Memurandum sur les revandication deu Peuple Kurde, Impr. AGI. Hoir: 26, Rue de Deta, 26, Paris: 1919. 15 Pages.

٢/ شەریف پاشا لە نووسینەکەدا زاراوەی نایشن (نەتەوە)ی بەکار هێناوە بۆ کورد، نەک (گەل).

٣/ ناوەڕۆکی ئەم یاداشتنامەیە ئەوە پێشان دەدا کە جەنەراڵ شەریف پاشا شارەزاییەکی قووڵ و فراوانی لەبارەی مێژووی کۆنی نەتەوەکەی خۆیەوە هەبوو.

٤/ پێش ئەم یاداشتەی شەریف پاشا، ئەرمەنییەکان یاداشتێکیان بەناوی داخوازییە سیاسییە (نیشتمانییەکانی) ئەرمەنییەکان پێشکێش کردبوو. لەو یاداشتەی خۆیاندا بەشێکی زۆری خاکی کوردستانیان لەگەڵ (ئەرمینیا) دابوو.

٥/ئەم سەرچاوەیە کە شەریف پاشا پشتی پێ بەستووە ئەمەیە:

E. Reclus: Nouvelle Geographie Universelle, 9me Vol., Paris: 1894, 1879.

کۆد و ژمارەکەی لە کتێبخانەی لانگزۆ لە پاریس(ئێم ئین٢ ، ٤).

٦/ئەم پرەنسیپ و یاسایە، ویڵسن لە دوای کۆتاییی شەڕی یەکەمی جیهانی دایهێنا کە هەر نەتەوەیەک لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدا پێویستە دەوڵەتی خۆی هەبێ.

٧/بۆ سەرژمێریی کورد و ئەرمەن هەروەها جوگرافیای کوردستان و ئەرمینیا لە سەدەی نۆزدەمدا بڕوانە ئەم دوو سەرچاوەیە بە زمانی عوسمانی:

علی امیری دیاربکر الی: عسمانلی ولایات شرقیەسی. استانبول، اقبال کتابخانەسی، سالی چاپ(١). ١١٢ لاپەڕەیە، کۆدی لە کتێبخانەی لانگزۆ لە پاریس (٢٧) ٨ ، ٦٥٩ میل.

سعادتلو سعید پاشا: سالنامە ولایت دیاربکر، قسم تانی استانبول (١٣٠٢ھ) (کۆد و ژمارەی لە

کتیبخانەی لانگزۆ لە پاریس:١١١, ٦٣٥ تور.

٨/بڕوانە

Statitiqye de Van et de Betlis, Tr. de Russe en Fr. par M. Sadik Bay, Imp. Militaire, Constantinople: 1924.

ئەم کتێبە لە بنچینەدا بە رووسی نووسراوە لە کۆتاییی سەدەی نۆزدەمدا بە ناونیشانی سەرژمێری دانیشتوانی وان و بەتلیس. محەمەد سادق بەگ لە رووسییەوە کردوویە بە فرەنسی.

٩/ ئەنسیکلۆپیدیای ئیسلام دەڵێ کە شاری بەتلیس ناوچەرگە و مەڵبەندێکی هەرە سەرەکیی کوردستانە، بڕوانە وشەی بەتلیس لە سەرچاوەی ناوبراودا:

Encyclopedie de l Islam, T. 1., P. 733. Paris: 1913.

١٠/ بڕوانە پەراوێزی ژمارە (8).

## سەرچاوەکان


فرەنسی:

Encyclopedique Larousse, Libr. Larousse, Paris: 1979, P. 924.

L etat Majeur Russe: Statistiques de Van et Bitlis, tr. du russe par M. SADIK BEY, comandat de Cavalerie, Immpr. Militaire, Constantinople: 1914.

Sherif Pasha: Memorandum sur les revandications du peuple Kurde, Imprimerie A-G. L HOIR, Paris: 1919, P. 11.

Les Quqtre Evangiles en Kurde en Caracteres Armeniens. Constantinople: 1857. سێ دانە لەو کتێبە لە ئەرشیڤخانەکەدا هەیە. ئەمەش کۆدی کتێبەکەیە لە ئەرشیڤخانەی ناوبراودا: نوسخەی یەکەم: AB. VII. 52، نوسخەی دووم: QA. X. 252، نوسخەی سێیەم: BA. III. 23

Archang TCHOBANIAN: La nation armenienne et son oeuvre culturelle, Paris: 1945. P. 15.

A. TCHOBANIAN: La nation armenienne, Paris: 1945. P. 15.

H. VAHRAMIAN: Les dialectes de la langue armenienne, in CRDA, No 80, Janvier 1984, Paris. P. 23-27.

Abecedaire et abreger de l histoire d Armenie, Constantinople: 1861.

واتە ( ئەلفبای ئەرمەنی و کورتەیەک لەبارەی مێژووی ئەرمەنستان). ئەمەش کلیلەکەیەتی، لە هەمان کتێبخانەدا.

OP. VII. 8.

Henry BINDER: Au Kurdistan, Maison Quantin, paris: 1887.

Le cte DE CHOLET: Armenie, Kurdistan et Mesopotamie, Libr. Relation d un Voyage du Levant, Imp. Royale, Paris:1717.

Stanford SHAEW: Histoore de L Empire pttoman et la Turquie,Tome. 1. ed. Harvath paris: 1983

Addai SCHER: Histoire Nestorienne Chronique de Seert, Archeveque Chaledeen du Kurdistan, 1909.

CHODZKO: Etudes philologiques sur la langue Kurde - Dialecte de Suolemanie, in Journal Asiatique, No 4, Paris; 1857. 60 pages.

Mierlla GALLETTI: Curdi e Kurdistan in opere italiana del XIII-XIX, in Riv. ORIENTO MODERNO, Anno LVII, Nr. 11, Nov. 1978, P. 563-596.

Raphael J. Bidawid: Les ettres du Patriarche Nestorien Thimote 1, Cittadel Vatican 1956.

A. JABA: Resume de l ouvrage d Ahmed Effendi Khani, Tr. par A. JABA, in Bulletin Hist. Philologique, LXV, 1858, No 11, P. 161-171.

Alexandre JABA: Recueil de Notices et Recits kourdes, St Petersbourg: 1860

Pierre RONDOT: Publication Kurde en caracteres latins Hawar, Revue Kurde in Bulletin d Etudes Orientals de l Institut Francais de Damas, T2, 1933, P. 3.

Roger LESCOT: Litterature Kurde, PP. 795-805, in Encyclopedie de la Pleade, Histoire des Litteratures, Vol. 1, ed. Gallimard, Paris: 1977, P. 903.

Emir Kamuran BEDE-RKHAN: Le Roi Du Kurdistan, Roman Epique traduit du Kurde Par Emir Kamuran BEDE-RKHAN et Adolphe de FALGAIROLLE, ed. OPHRYSGAP. Paris: 193?, 84 pages.

Thoas BOIS: Connaissance des Kurdes, Khayat, Beyrouth: 1965, P. 133.

Basile NILITINE Les Lurdes Ed . D. Aujourd hui Paris: 1956. p. 23.

C.Le STRANGE: The Lands of the Esterm caliphate Cambridge at the Uni versty Press. 1950 p. 192.

La. Turquie Col Lection Monde et Voyages Edition Larousse. Paris: 1974 pp. 20 -21.

Basile NILITINE Les Lurdes Ed . D. Aujourd hui Paris: 1956. p. 23.- 24

V. MINORSKY. "Kurdes.pp. 1196- 1222"in (Encyclopedie de L Islam) dictionnire Geographdique Rthog. et. Biog. des peuples Musulmand. Tome 2. E.L.A PICARD editeut. Pares 1927. p. 1220.

C.Le STRANGE: The Lands of the Esterm caliphate Cambridge at the Uni versty Press. 1950 p. 5

A.SPIEGEL Eranisch Alertuni Col. Kartsew.B- Chevalier CHARDIN: Voyages du ch CHARDIN EN Perse 4 vol Amsrtsame: 1735,reedite a paris (1811)

Notices et Extraits des MANUSCRITS de la Bibliotheque du Roi Publied Paar Linstitut Royal de France Tome 13e Imp Royal Paris 1838 p. 305

G, Le STRANGE Mesopotamie and Persea Under the Mangol,London: 1903 . pp ,5 27, 52, 57,

DRIVER DISPERSION of rhe kurds in ansient times in (Joumal of the Royal Asiats Society) october 1921 pp 563 572.

Gerard CHALIAND. Atlas de la decouverte du monde, ed Fayard. Paris 1983, pp. 62.

ROBERT OSLON: THE EMERGENCE OF KURDISH NATIONALISM (1880-1925) U.OF TEXAS PRESS, USA: 1989 P 15

REVUE DU MONDE MUSULMAN V.X , PARIS: 1910, N, IV P 578.

BULLETIN ARMENIEN, N 18-19-20, P. 4 , PARIS: MARS 1920

The Cambridge history of Iran.V.2. The Medien and Achamenian Period, ed. by ILya GESCHVITCH, Cambridge university Presse, London_ Newyork_ Sydney: 1968?,P354, 365_359.

tome ll, Livre lV- Vll, Texte etabli et traduitr psar Paul Masqueray, ed. Societe d.:Xenophon: Anabase edition (Les Belles Lettres), Paris :1967.p.18.

Herkol Azizan: kardox. le govari Hawar, jimre 32,L.4-7,Dimasiq: 1941.

Xenophon: Anabase. T.ll.p.175-185:(Notes com plementaires) page N 7.

V.MINORSKY:(kurdes) in Encyclopedie de Islam, T. ll, E-K, Paris: 1927.pp.1197-1196.

Hinna Fiee: Jalons pour une histoire de l Eglise en Iraq in >> Scriptorum Christianorum Orientalium, Lovan: Lovan: 1970, P. 110-112.

J. M. MERIGOUX: Un precurseur de dialogue islam-chretian: Frere Ricoldo, R. Th., 4, Paris: 1974.

E. B. SOEN: A short Anthology of Guran Poetry, in Journal of the Royal Asiatic Society, Pt 1, 1921,

T. BOIS: Coup d oeil sur la litterature kurde, Al `` machriq, Mars 1955, P. 206. تۆما بوا . P. 57-81.

Voyage d Ibn Battita, ed. et tr. francaise: C. Defremery et B. R. SAnguinetti, Paris, Vol. II, P. 134- ) 138, 141-142.

Raphael J. Bidawid: Les ettres du Patriarche Nestorien Thimote 1, Cittadel Vatican 1956.

Less Six Voyages en Turquie et en Perse l er edition, Amstrdam chez johannes Van Someren, 1678.

فارسی:

– علی اکبر فیاض: گزنفن در بازگشت، مجلهء (یغما)، شماره (٥)، ص ٤٤٣–٤٩٣، طهران:؟١٩٥٩.

هاشم رضی، تاریخ مطالعات دینهای ایرانی، چاپ دوم، ١٣٧١ش، چاپخانەی خواجه، انتشارات بهجت، تهران. ص٩٢– ,٩٣

– حبیب الله صمدی: کردستان در چهل هزار سال پیش، مجلهء (بغستان) جلد اول. شمارهء اول، ص ٣٨–٣٩. طهران: ١٩٦٣.

– حبیب الله تابانی: هاونەتەوەییی قەومی کورد و ماد، و: جەلیل گادانی، سلێمانی: ٢٠٠٨

کوردی:

– فارس عوسمان: کورد و ئەرمەن، پێوەندییە مێژووییەکان، وەرگێڕانی خالید هەرکی، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبیی نما، زنجیرەی ( ٨١)، چاپی یەکەم/ هەولێر: ٢٠١٠.

– د. کەمال مەزهەر: مێژوو، بەغدا: ١٩٨٣، ل ١٢٥ ـ ١٢٩؛ هەروەها بڕوانە " چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد"، بەشی یەکەم، د. ر. ب. ک.، بەغدا: ١٩٨٥، ل ٣٠ ـ ٣١.

– محەمەدی مەلا کەریم، هەنگاوێکی تر بەرێگەدا بەرەو ساغکردنەوەی دیوانی حاجی قادری کۆیی، بەغدا، ١٩٨٩، چاپخانەی (دار الحرية).

– بێرنارد لویس: بەریەککەوتنی کولتوورەکان، و: یاسین حاجی زادە، دەزگای موکریانی، هەولێر: ٢٠٠٨

– ئەرشاک سافراستیان: کوردستان و کوردەکان، وەرگێڕانی : خالید هەرکی، چاپی یەکەم، هەولێر: ٢٠١٠، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبیی نما، زنجیرەی (٩٣).

– د. نەجاتی عەبدوڵڵا: بیبلیۆگرافیای کوردناسی، بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر: ٢٠٠٩

– د. فەرهاد پیرباڵ: ئینجیل لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا، چاپ و بڵاوکردنەوەی «مەڵبەندی بڵاوکردنەوەی

ئاشتی»، دهۆک: ١٩٩٩، ل ٢٤-٢٥.
- کورد لە کەیەکەوە خەریکە، و: لە تورکییەوە: عەلی عیرفان، بەغدا: ١٩٢٧، ل ٢٧
- جەلیلی جەلیل: هەندێ سیمای ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووریی کورد لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆردەم، و: ئەنوەر قادر محەمەد، ستۆکهۆڵم: ١٩٩٣.
- ئەکرەمی مەحموودی ساڵحە رەشە: شاری سلێمانی، بەرگی دووەم، بەغدا: ١٩٨٩.
- جەمال نەبەز: زمانی یەکگرتووی کوردی، بڵاوکراوەکانی یەکەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، بامبێرگ (ئەڵمانیای رۆئاوا): ١٩٧٦، ل ٧٨ ـ ٨٧.
- کەمال مەزهەر: چمکێک لەبارەی یەکەم چاپخانەی کوردی لە شاری سلێمانی، کتێبی (چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد). بەشی یەکەم، د.ڕ. ب. ک. بەغدا: ١٩٨٥، ل ١٥٣.
- کەمال ڕئووف محەمەد: ئەدەبی نامەنووسینی کوردی، ٣ بەرگ، دەزگای ئاراس، هەولێر: ٢٠٠٤
- محەمەد بایراقدار: ئیدریسی بدلیسی، شکور مستەفا کردوویە بە کوردی، ئاراس، هەولێر: ٢٠٠٩.
- مشیحا زیخا: کرۆنۆلۆجیای ئەربێلا، کوردناسی ئەڵمانی، ئێدوارد زاخاو Edward Sachau لە ساڵی ١٩١٥ لە بەرلینی رۆئاوا تەرجەمەی ئەڵمانیی کردووە و چاپی کردووە، و: لە ئەڵمانییەوە: عەبدولمۆئمین دەشتی، بنکەی چاپەمەنیی سەکۆ، بەرلین: ١٩٩٥.
- عەبدوڵڵا بابەکر حەمەد ئاغا: رۆژنامە و ڕێکخراوە کوردییەکانی تورکیا، لە تورکییەوە ئامادەی کردووە، کاروان، ژمارە ٦٤، ١٩٨٨
- د. کەمال مەزهەر: ماتێنەدەران، بەیان، ژ ٣٠، بەغدا: ١٩٧٥، ل ٧ـ ١٠.
- د. جەمال رەشید: لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی لەبارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی بەغدا. ١٩٩٨
- فەیسەڵ دەباغ: یەکەم کۆمەڵەی کوردی، رۆژنامەی برایەتی، ژ (٢٩٤٦) رۆژی ١٣-١٠- ١٩٩٩، ل ٢.
- د. جەمال نەبەز: کوردستان و شۆڕشەکەی، بنکەی ئازاد، ستۆکهۆڵم: ١٩٨٥
- فیلیپ کرینبۆرک: کولتوور و ناسنامەی کورد، و: وریا ڕەحمانی، موکریانی، هەولێر: ٢٠٠٨.

عەرەبی:
- الدكتور كمال مظهر احمد، كردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى، ترجمة محمد الملا عبدالكريم، بغداد، ١٩٧٧، مطبعة المجمع العلمي الكردي، الطبعة الاولى.
- د. أ. استارچیان: تأريخ الامة الارمنية چاپی مووسڵ، ١٩٥١.
- اسامه نقشبندی و جمیل روفائیل: مخطوطه ارادن، مجلة بين النهرين، عدد: ١٣، الموصل: ١٩٧٦، ص٦٩ ـ ٧٣.
- محمدامين زكي بگ: خلاصة تأريخ الكرد و كردستان، ج (١) و (٢)، ترجمة من العربية الي الكردية (محمد علي عوني).
- د. يوسف حبي: كنيسة المشرق، کۆواری بين النهرين، ژمارە ١٤ ـ ١٥، مووسڵ: ساڵی ١٩٧٦، لاپەڕە ١٩ ـ ٢٩.

- ولیەم دو ڤریز: نشاه بطریركیة كرسی المشرق، تعریب: الاب د. سرهد جمو، بین النهرین، عدد: ٩ ـ ١٠، موصل: ١٩٧٥، ص ١٠.
- الاب لویس ساكو: البطریرك طیمثاوس الكبیر، كۆواری بین النهرین، ژماره ١٤ ـ ١٥، مووسڵ: ساڵی ١٩٧٦، لاپەڕە ٢٣٤ ـ ٢٣٧.
- ادوین بڤن: ارض النهرین، ت: انستاس الكرملی، بغداد: ١٩٦١، ص ٤٢.
- پ. پیتەر P. Peeter: شەهیدەكانی ئەربێلا، لە (هەڵبژێردراوە پۆڵەندییەكان)، ژ (٤٣)، پاریس: ١٩٢٥، بە فرەنسی.
- ف. زوريل: تأريخ كنيسة أربيل، في مجموعة الشرقيات المسيحية، عدد ٣١، مجلد ٤ و ٨، روما: ١٩٣١. لەم سەرچاوەیەدا باس كراوە:
- جان فییەک تأریخ أربیل، مجلة الشرق السریاني، عدد ١٢، ١٩٦٧، ص٢٦٥ - ٣٠٢، بە عەرەبی.
- دبليو. آر. هي: سنتان في كردستان ١٨-١٩٢٠، ترجمة: فؤاد جميل، الجزء الاول والثاني، مطبعة الزهراء، بغداد: ١٩٧٣.
- توفيق وهبی: الاثار الكاملة، الجزء الاول، منشورات (بنكەی ژین)، مطبعة شظان، السلیمانیة ٢٠٠٦، ص ٥٧
- زنار صلوبی: فی سبیل كردستان، ت: د. رظوان علی، دارالكاتب، بیروت: ١٩٨٧، ص ٢٢.
- د. جليلي جليل: نهضة الأكراد الثقافية، ت: ولاتو، دمشق: ؟. هەروەها د. عبدالستار طاهر شريف: تاريخ الاحزاب والمنظمات الكوردية ١٩٠٨-١٩٥٨، شركة المعرفة. بغداد: ١٩٨٩.
- د. وليد حمدي: الكرد في الوثائق البريطانية، لندن: ١٩٩١.
- د. فرهاد پیربال: دراسات حول تاريخ الكورد، ت: ترزه جاف، دار كاوا، بيروت: ١٩٩٩
- میریللا غالیتی: التراث الكردی فی مؤلفات الایطالیین، ت: د. یوسف حبی، كۆواری كۆڕی زانیاری عێراق، دەستەی كورد، بەرگی هەشتەم، بەغدا: ١٩٨١، ل ٢٢٥ــ ٣٠٠.
- د، یوسف حبی: كنیسه المشرق، كۆواری بین النهرین، ژماره ١٤ ـ ١٥، مووسڵ: ساڵی ١٩٧٦، ص ١٩ ـ ٢٩.
- ولیەم دو ڤریز: نشاة بطریركیة كرسي المشرق، تعریب: الاب د. سرهد جمو، بین النهرین، عدد: ٩ ـ ١٠، موصل
- حنا عبدالاحد رؤوف: شعراء مسيحيون في اربيل في القرن الثالث عشر الميلادي، زاگروس، عدد ٢، اربيل: ١٩٩٧.
- سهيل قاشا: الموصل في مذكرات الرحالين الاجانب، بين النهرين، عدد ٥، موصل: ١٩٧٧
- د. حكيم احمد خوشناو: الكورد وبلادهم عند البلدانيين و الرحالة المسلمين (٨٤٦- ١٢٢٩)، دار الزمان، دمشق: ٢٠٠٩
ـ م. سترك: دائرة المعارف الاسلامية، مادة اربل، طبعة مصر: ١٩٣٣، ص ٥٧٤.
- احمد بن يوسف الارزق الفارقي: تاريخ الفارقي، تحقيق و تقديم: د. بدوي عوض، القاهرة: ١٩٥٩

# كورد و وڵاتەكەی

## مێژووی گەلی كورد
## لە سەردەمە هەرە كۆنەكانەوە تا سەردەمی نوێ


موقەدەم شێخ عەبدولواحید

لەگەڵ پێشەكییەكی
فیلدمارشاڵ محەمەد ئەیووب خان
وەرگری نیشانەی هەیڤی پاكستان و هەیڤی ئازایەتی و سەركردەی گشتیی
سوپای پاكستان
(سەركۆماری پێشووی پاكستان)


### مێژووی گەلی كورد و پەسنی وڵاتەكەی

پێشكێش
بە هەموو خاكێتییەكی شاری مەزنی تكریتی عێراق دەكەم
– كە پیاوەیلی گەورەی ئەوتۆی بەرهەم هێنا كە ڕەوتی مێژوویان گۆڕیوە –

### پێشەكیی وەرگێڕ

ئەم كتێبەی لەبارەی كورد و كوردستانەوە نووسراوە، وەك لە پێشەكییەكەیەوە دیارە، نووسەرەكەی لە تەمووزی ١٩٥٤دا لە دانانی بووەتەوە، هەر ناوەكەی هەندێك زانیاریمان بۆ دەدركێنێ كە شێخیشە و "موقەدەم"ێكی سەر بە سوپای پاكستانیشە كە دەوڵەتەكەی وەك دەسەڵات، گرفتی ئەو دۆزەی هەیە كە نووسەر بە پاتانست و پاتانستانی ناو دەبا.

پشتوو یان پشتوون (Pachtouns) لە كۆنەوە دانیشتوانی چیاكانی هیندوكووش ـی باكوری ناوچەی كابولی پایەتەخت بوونە. لە سەردەمانی داگیركاریی مەنگۆل و هیندی و پاتشایانی

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەحمەد تاقانە

فارسدا لەو چیایانەدا ماونەتەوە کە دەستی داگیرکەران و شەڕەکانیان پێ نەگەیشتووە، بەمجۆرە لە ئارامییەکی ڕێژەییدا زیادیان کردووە. دواتر بە دوولادا بڵاو بوونەتەوە، ئەوانەی بەرەو ڕۆهەڵات و دەشتاییەکانی هیندستان ڕۆیشتوون گەلی " پاتان "یان پێک هێناوە.

ئەوانەی بەرەو ڕۆئاوای دەوروبەری ڕووباری هلمەند چوون گەلی پشتوو "پشتوون"یان پێک هێناوە.

ئەم دوو لقە وەک بە ڕەسەن یەکن خۆشیان بە یەک گەل دەزانن و داوای یەکگرتنەوە و دامەزراندنی دەوڵەتی یەکگرتووی خۆیان دەکەن.

ئینگلیزەکان لە شەڕەکانیاندا لەگەڵ ئەفغانستاندا ناوچەیەکی پاتانیان " نارەوا " بە شاری " بیشاور "ەوە دابڕیوە و خستوویانەتە سەر پاکستان، سەرکردە ئەفغانییەکان گەلێک جار داوای گەڕاندنەوەی ئەو ناوچەیە دەکەن بۆ سەر ئەفغانستان. کە ئەم دۆزە بە دۆزی پاتانیزم و پاتانستان ناوبراوە، گومانی تێدا نییە ئەم داوا ڕەوایە لە بەرژەوەندیی دەسەڵاتی پاکستانی نییە و بە جوداخوازیان لە قەڵەم دەدەن.

دیارە نووسەر وەک ئەفسەرێکی سەر بە دەسەڵاتی پاکستانی ئەندامی " پەیمانی بەغدا "ی ئەو سەردەمە ماوەیەک لە بەغدا بووە و کەسێکی چاو پێ کەوتووە کە دۆزی کورد و کوردستانی بەشێوەیەکی ناڕاست بۆ باس کردووە، کە نووسەر لەو هەڵوێستەی دژی " بزووتنەوەی پاتانستان "ە دژی دۆزی ڕەوای کوردستان کەوتووەتە قسە، کە ئەوسا بۆ مەبەستی تایبەتیی خۆیان کە هیچیان بۆ نەدەمایەوە، بەناوی بەرگری لە لەتلەتکردنی وڵاتە موسڵمانەکان پڕوپاگەندە و هێرشی ناڕەوایان دژی داواکارییە ڕەواکانی گەلی کورد کردووە.

بەهەرحاڵ زۆر بە دووریشی نازانم کە لەبەر خۆشەویستیی کورد و لە ترس و بیمی ڕێ لێ گرتن و تووشی سزادان بوونەوە ئەمەی کردبێ، دەنا کتێبەکەی لە لایەنەکانی تردا زانیاریی چاک و پەسنێکی چاکی کورد و کوردستان و مێژووەکەی کردووە.

لەگەڵ ئەم سەرنجانەشماندا ئەمەیان بێ یان ئەوەیان، مەبەستمان بوو کتێبێک لەبارەی نەتەوەکەمانەوە نووسراوە، " لەگەڵ هەر سەرنجێکمانەوە لەبارەیەوە هەبێ !! " بیخەینە بەردەستی خوێنەری کوردی ئازیزەوە. هیواداریین کارێکی باشمان کردبێ.

سەرکردایەتیی گشتی

ڕاولبەندی

٢ی ئەغستوس " ئەیلوول "ی ١٩٥٨

## پێشەکی

ئەمە کتێبێکی ترە مێجەر وەحید دوای کتێبی یەکەمی لەبارەی عێراق (ڕووباری عەرەب)ەوە دایناوە، ئەمجارەیان لەبارەی ئەو کوردانەوە دەنووسێ کە بەشێکی بەبایەخی گەلی عێراق پێک دەهێنن نووسەر هەوڵی وێناکردنی قەوارە عەشایەرییەکەی کوردانی داوە زمانیان و نەریتی کۆمەڵایەتی و سروشتی جوگرافیایی ئەو وڵاتەی لێی دادەنیشن. هەروەها بە دوور و درێژی بەشداریی کوردی لە مێژووی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست و ئیسلامدا باس کردووە کە لەوانەیە بە بایەخترینیان ئەو کارە بەرزانە و ئەو سەرکەوتنە بەبەهرانەی سوڵتان سەلاحەدینی ئەیووبی (کە بەرەگەز دەچێتەوە سەر کورد) و ئەو بەرگرییە سەختەی کوردەکان لە ڕووی مەغۆلەکاندا لە سەدەی سێزدەدا ئەنجامیان داوە بە بایەخترینیان بێ. نووسەر بەدوای مێژووی جەنجاڵی کوردانەوە چووە تا ئەم سەردەمە من لەو بڕوایەدام هەر کەسێک بایەخ بە خوێندنەوەی کاروباری ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست دەدا ئەم کتێبە بە وردی دەخوێنێتەوە، بەتایبەتی کوردەکان نەتەوەیەکن لە زۆر لاوە لە عەشیرەتەکانی ئێمە دەچن کە لە ناوچە سنوورییەکانی باکوری ڕۆئاوادا دەژین. بێگومان بیر و بۆچوونەکانی ناو ئەم کتێبە تایبەت بە نووسەرە نەک هی دەستەیەک کە سەر بەوان بێ.

لە کۆتاییشدا پیرۆزباییم پێشکێش بە دانەر دەکەم بۆ ئەو کۆششانەی سەرەڕای ئەرکە فەرمییەکانی لە دانانی کتێبێکی بەبایەخی وەک ئەمە کردوونی.

ئیمزا

جەنەڕاڵ محەمەد ئەیووب خان

سەرکردەی گشتیی سوپای پاکستان



## بەرایی بۆ چاپی یەکەم

لە بەغدا بزووتنەوەی "باتانستان"ی پاکستانم بۆ برادەرێکم باس دەکرد، کەچی هەڵچوونەوەی بەسەر ڕوودا دەرکەوت و بەڕوومدا تەقییەوە و گوتی: ئەمە هەر ڕێک وەک کێشەی کوردستان ە، کە دوژمنانمان هەردەم کار بۆ تێکدانی ڕیزی موسڵمانان دەکەن، بە وردی دەمانخوێننەوە تا خاڵە لاوازەکانمان دەزانن و بۆ بەجێهێنانی مەبەستەکانیانی بەکار دەهێنن و دوای ئەوەی ئایەتێکی لە قورئانی پیرۆز خوێندەوە گوتی: تەنانەت خوای گەورە پێشبینیی لاوازیمانی کردووە و هۆشداری لە مەترسییەکانی لێک هەڵوەشانەوەمانی داوە و " بە نووکی پەنجەکانیەوە دەنکەکانی تەسبیحەکەی... " لە قسەدا بەردەوام بوو: ئێمە وەک جوولەکە نەفرەتمان لێ کراوە و بە لەناوبردنی بیرە تایەفەگەری و زمانییەکان و دەست بە برایەتیی ئیسلامیی بەرزەوە گرتن نەبێ ناتوانین خۆمان ڕزگار بکەین، ئەم خوێنگەرمییەی ئەم عێراقییە پاساوی خۆی هەبوو چونکە لێکچوونی پاتانییەکان و کوردان نەک هەر وەک تاک " بگرە لێکچوونێکی گەورەش لە نێوانی پاتانستان و کوردستانیشدا هەیە وەک دوو بزووتنەوە، هۆیەکانی ئەم لێکچوونەش ئاشکرا و دیارە، چونکە هەڵبەستەکانی ئەم بزووتنەوە ڕیز تێکدەرانەکان لە یەک سەرچاوە سرووش وەردەگرن و بۆ یەک ئامانج کار دەکەن ئەوەش ڕووخاندنەوەی ئەوەی پێغەمبەری میهرەبان " د. خ " کۆششی لە پێناو وەدیهێنانیدا کردووە کە یەکەتیی گشتگیری ئیسلامییە و ئەم لێکچوونە ئەوەندەی نەزانی لەبارەی پاتانییان و مەبەستی بزووتنەوەی پاتانستانەوە لە عێراقدا و ئەوەندەی نەزانی لەبارەی کورد و مەترسیی بزووتنەوەی کوردستانەوە لە پاکستاندا هەیە قووڵ دەبێتەوە، – کە من لەم کتێبە بچووکەدا هەوڵی پێشکێشکردنی ڕاپۆرتێکی ڕاستگۆیانە لەبارەی ڕەسەنی کورد و مێژوویانەوە بدەم لە تەک پەسنی ئەو وڵاتەی تێیدا دەژین و پێشکێشکردنی ئەمەش لە ڕاستیدا هەوڵێکە بۆ پێشکێشکردنی ئەم گەلە مەزنە بە خوێنەرانی زمانی عەرەبی – هەروەها هەوڵم داوە تەنیا ڕووداوە مێژووییەکانی لەبارەی ڕەسەنی کورد و مێژووی ڕابردوویانەوە باس بکەم، هەروەها هەوڵم داوە بەشێوەیەکی ڕاستگۆیانە "کوردستان" وەک بزووتنەوە باس بکەم کە بایەخدانم بە کورد و وڵاتەکەیان ئەوە ڕەت ناکا بایەخدانێکی خوێندکارانە بێ بۆیە دەشێ ئەم کتێبە کتێبێکی مێژوویی بێ نەک لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی هەروەها من جەخت لەسەر ئەوە دەکەم کە دانانی ئەم کتێبە هەرگیز پێوەندیی بە فەرمانبەریمەوە نییە کە ئەو هێزە چەکدارەی سەر بەوم هیچ پێوەندییەکی بە بابەتە باسکراوەکەوە نییە و هیچ یارمەتییەک یان ڕێنوێنییەکی لێ وەرناگرم، جەخت لەسەر ئەمە دەکەم چونکە من بەرپرسیاری نووسینەکانمم، ئەو بۆچوونانەی دەریان دەبڕم ڕاگەلێکی تایبەتی خۆمن و ناکرێ بە فەرمی دابنرێن.

لە دەنگوباسە جیهانییەکاندا باس لە گەلی کورد و بارودۆخی ئێستایانەوە بەدەگمەن نەبێ ناکرێ، ئەمەش نەزانیی نزیکەی هەموو جیهان دەردەخا بەرامبەر ئەم گەلە مەزنە لەگەڵ ئەوەشدا

ئەم گەلە لە توانایدایە بڕیاری (سیاسی و سوپایی) بدا کە ببێتە هۆیەکی سەرەکی لە ئاراستەکردنی ڕووکاری مێژوو، ئەو کتێبانەی لەبارەی کورد و وڵاتیشیانەوە دانراون کەمن و زۆربەشیان لەسەر ڕاستی بنیات نەنراون و زانیارییە هەرە تازەکان بەخۆوە ناگرن تەنانەت ئەنسیکلۆپیدیاکانیش یەک لاپەڕە یان دوو لاپەڕە نەبێ بۆ ئەم بابەتە تەرخان ناکەن مێژووی کورد هەروەک مێژووی پاتانییان کە لە ناوچەی سنووری باکوری ڕۆئاوای پاکستاندا ژیان بەسەر دەبەن بۆ پتر لە سەد سەدە دەگەڕێتەوە کە لە ڕاستیدا مێژووی تورکیا و سوڵتانە تورکەکان و مێژووی ئەرمینیا و ئەرمەن و مێژووی عێراق و سووریا و مێژووی ئێرانە، وڵاتی کوردانیش بەناوچەیەکی قەدەغەکراو دادەنرێ، کە دەکەوێتە سنووری چوار دەوڵەتی گەورەوە، کە دوو باوەڕی گەورەی لێ بە یەک دەگەن.(*)

ئەوەی خەڵکی لەسەر کۆکن ئەوەیە کە لە هەر کوێیەکدا دوو ڕووبار لە ئاوەڕۆیەکدا بن، پێلی پڕ مەترسیی لێ دەبێ کە چیی دێتە بەر ڕای دەماڵێ بەڵام ئەگەر سێ یان چوار ڕووبار یەک بگرنەوە شەپۆلەکە نەک مەترسیدار و شتڕامال نابێ بگرە زنجیرە گەرداوێکی بە سام پێک دێ کە گەورەترین و بەهێزترین کەشتی دەخنکێنێ لەگەڵ ئەوەشدا توانراوە قانوون و ئارامی لەو ناوچانەی عێراق و ئێران و تورکیا بپارێزرێ کە کوردەکانی لێ دەژین، ئەوەش بەهۆی بەئەزموونیی کارگێڕیی حکوومەتەکانی ئەم دەوڵەتانە.

لە ناوچە کوردییەکاندا، گەشتیار میوانداری و پێشوازییەکی گەرمی لێ دەکرێ، بەپێچەوانەی پڕوپاگەندەی ناحەزانە کە دوژمنانی عێراق و ئێران بڵاوی دەکەنەوە ئەوەندەش بەسە کە گەشتیار بۆ ماوەیەکی کەم سەرێکی لە مەهاباد و تەورێز لە ئێران و مووسڵ و کەرکووک لە عێراق بدا، بۆ ئەوەی بەخۆی کارگێڕیی چاک و بەرقەراربوونی ئاسایش و ئارامی ببینێ، کە لافی ناحەزان ڕەت دەکاتەوە.

گەلێک سوودم لە گەشتەکانی ناوچە کوردنشینەکان بینیوە بە هاوەڵیی هاوسەرەکەم کە چاکەی ئەو پێشوازییەی خەڵک لە ئێمەیان دەکرد لە دێ و دەشتەکاندا، بۆ ئەو دەگەڕێتەوە، کە کاری وەرگێڕانیشی بۆ دەکردم و یارمەتیی کۆکردنەوەی تازەترین زانیاریی دەدام لەبارەی خەڵکی ئەو ناوچەیەوە، بە تایبەتی لە ئاغا کوردەکان، سەرباری ماندووبوون و شەکەتی لە ڕاگوزاریی دوور و درێژمان کە نزیکەی سێ هەزار میلمان بڕی.

لە کاتی سەردانی کوردستانمدا ئێران بەداخەوە بە قۆناخێکی سەختی مێژووییدا ڕەت دەبوو کە دوژمنانیان هەموو هۆیەکیان بۆ لاوازی بەکار هێنابوو ئاڵۆزی لە کوردستاندا لە هەڵچووندا بوو بارودۆخ لە ئازەربایجانیشدا جێگیر نەبوو، بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو شتە وەزارەتی دەرەوەی ئێران بەڵگەنامەیەکی بە سەربەستی گەڕان لە ناوچەی تەورێز و مەهابادی دامێ و من سوپاسی حکوومەتی ئێران دەکەم بۆ ئەم هەڵسوکەوتە جوانە.

سەربازی عێراقی و سەربازی ئێرانی گەلێک دڵسۆزی نیشتمانیانن، تا دوورترین ڕادە دەتوانن

بەرگەی سەختی و زەحمەتی بگرن. گچکە ئەفسەرانی عێراقی و ئێرانی شارەزاییەکی باشیان لە کاروباری نێودەوڵەتی هەیە و ئەرکەکانیان پسپۆڕانە بەجێ دەگەیەنن و دڵسۆزی شێوە جلوبەرگی سەربازییانن و شانازیی پێوە دەکەن هەریەکە لە ئەفسەر و سەربازەکان دۆستایەتی و خۆشەویستییان بەرامبەر پاکستان هەیە.

لیستێکی درێژی ناوی ئەو دۆستانەم لەلایە کە قەرزاری سوپاس و پێزانینیانم بۆ ئەو یارمەتی و هاندانەی پێشکێشیان کردووم، کە بەبێ ئەم یارمەتی و هاندانە هەرگیز ئەم کتێبە دەرنەدەچوو بۆیە لە کانگەی دڵمەوە سوپاسی بێ پایانیان پێشکێش دەکەم.

٨ ی یۆلیۆ " تەمووز " ی ١٩٥٤
ژمارە ٢٢ تیجکاون
(پاکستانی ڕۆهەڵات)
عەبدولواحید

(*) چوار دەوڵەتە گەورەکە: عێراق و ئێران و تورکیا و یەکەتیی سۆڤیەتن.

## بەرایی بۆ چاپی دووەمی (بژارکراو)

لەم چاپەدا بابەتی کتێبەکە وەک خۆی ماوەتەوە بێ لێ گۆڕین و تەنیا هەندێک هەڵەی چاپ نەبێ هیچی تر ڕاست نەکراوەتەوە، من سوپاسم پێشکێشی عەقید محەمەد شەفیع-ی برادەرم دەکەم کە گۆکردنی هەندێک وشە و هەڵەی چاپی بۆ ڕاست کردمەوە کە لە چاپی یەکەمدا تێی کەوتبوو.

زۆربەی ئەو هێژایانەی بە کتێبەکەمدا چوونەتەوە لە ئامانجە ڕاستەکەی گەیشتوون کە " سەلماندنی بەرزتربوونی یەکەتیی ئیسلامی لە سنووره جوگرافیایی و سیاسی و ڕەگەز و زمانی هەڵبەستراوە لە ڕێی بە بەڵگەهێنانەوە لە مێژووی گەلی کورد. ئەگەر خۆ ئامانجەکە (بەم هۆیەوە یان بەهی ترەوە) نەهاتە تێگەیشتن، شوێنەواری بە زیانی لە شێوەی دوو بزووتنەوەی " کوردستان " و " بختوونستان "دا دەردەکەوێ و مێژووی گەلی کورد ئەوانە بەدرۆ دەخاتەوە کە بە فووی بەدکارانەوە پروپاگاندەیان بڵاو دەکەنەوە کە بانگهێشتن بۆ باوەڕی نەتەوەی ئیسلامی گیروگرفت بۆ کەمایەتییە کرستیانەکان پەیدا دەکا کە لە دەوڵەتانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدا دەژین. مێژووی گەلی کورد کە لەبارەیەوە دەڵێن لە گەلە موسڵمانە دواکەوتووەکانە سەلماندوویەتی کە خۆشەویستی و برایەتییەکی گەورەیان لەنێو ئەم و ئەرمەنە خرستیانەکاندا هەیە، ئەوەش لەبەرئەوەیە کە ئیسلام و مەسیحییەت لە یەک شوێنەوە ڕواون و هەر بە ڕاستیش یەک میللەتن کە میللەتی "ئیبراهیم"ە دروودی لێ بێ. هەروەها مێژووی ڕابردوو سەلماندوویەتی کە ئاشتی لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدا پشت بە پێکەوەژیانی دۆستانەی نێوان مەسیحیێتی و ئیسلام دەبەستێ و (با هەموو جیهان ئەم ڕاستییە بزانێ)، لە ڕاستیشدا لەوانەیە ئەم پێکەوەژیانە دۆستانەیە مرۆڤایەتی لە تێکڕمان ڕزگار بکا.

خۆ ئەگەر خوێنەری ئازیزم بە بایەخی ئەم ڕاستییە مێژووییە بزانێ، ئەم پێ زانینە دەبێتە گەورەترین پاداشت بۆ من.

١ ی یەنایر (کانوونی دووەم)ی ١٩٥٨
١٨ / هـ ڕێی پیشاور ڕاوڵپەندی
عەبدولواحید

## بەشی یەکەم

### پێشەکی

لە تۆمارە کۆنەکانی کۆمپانیای هیندستانی ڕۆژهەڵاتدا وشەی " ڕاجپوت " بەشێوەی " ڕاش بهوت " و وشەی " باتان "یش بە " بیتان " گۆ کراوە، هەروەها ئەو تۆمارانە لە لێکدانەوەی بە دوور و درێژیی باتانیدا بەرەو پێشەوە دەچن، بەڵام ئەو کاریگەرییە کۆتاییەی ڕاڤەکە بەجێی دەهێڵێ کە، کەسێکی هەڵەوەڕی لە قانوون دەرچووی سەر بە هیچ شارستانییەک نییە و دەستدرێژی لە پاکژیی ئافرەتان دەکا.(*)

ئەم تۆمارانەش پێوەندییان بە سەرەتاکانی سەدەی هەژدەمەوە هەیە، ئەوسا کە خەیاڵ و زیادەڕۆیی لەو هونەرانە بووە کە لەناو نووسینی جیدیدا بەکار هێنراوە بەڵام ئەوەیان کارەساتە کە تەنانەت لەم سەردەمەشدا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم ئەوەیە کە هێشتا زانیاری لەبارەی کوردەکانەوە تەنانەت لەناو کەسانی شارەزاشدا کەمە و بەڕادەیەک شێوێنراوە کە هەست دەکەین هێشتا لە سەدەی نۆزدەمدا دەژین، سەردەمی زیادەڕۆیی.

لە باسێکی جیدیدا کە ئەفسەرێکی ئەوروپای شارەزا دەیکرد، ئاماژەی بە کوردەکان کرد کە: "ئەوانە... دەروێشە سەماکارەکان... شەرواڵ فشەکان.. ئەوانەی لە چیاکانی سووداندا دەژین ".

بێگومان کوردەکان شەرواڵی پانوپۆڕ لەبەر دەکەن و لە چیاکاندا دەژین، بەڵام بەهیچ شێوەیەک لە هیچ ناوچەیەکی نزیکی سوودان ناژین، لە کاتێکدا ئەو ناوچەیەی کوردەکانی لێ دەژین بۆ ئاشتیی جیهانی گەلێک لە سوودان بە بایەختترە، هەروەها دۆزی سوودان پێ دەچێ نزیکی یەکلابوونەوەیە بەڵام دۆزی کورد ئەگەر بەڕاستی دۆزێکی هەبێ ڕۆژ لە دوای ڕۆژ توندتر بووە و بە هەنجەتی ئەوەی بە زیانی کورد، بگرە بە زیانی هەموو موسڵمانان یەکلا کراوەتەوە.

ئەو هەوڵەی لە لاپەڕەکانی داهاتوودا دەیدەم لە پێناوی خستنەڕووی دۆزی کوردەوە نابێ کە لە ڕاستیدا لەوانەیە هەر نەبێ، بگرە لە پێناوی هەندێک ناساندنی خوێندەوار بەم گەلە مەزنە رووگەشە کە گەلی کوردی پێ دەگوترێ، هەروەها لەم بەشەدا هەوڵ دەدەم سادەترین سەرەتاکانی پێناسەکردنی کورد و وڵاتەکەی پێشکێش بکەم. ئەم بەشەش بۆ ئەو کەسانە دانراوە کاتی ئەوەیان نییە هەموو کتێبەکە بخوێننەوە، لە کاتێکدا بەشەکانی دواترم بە پلەی یەکەم بۆ خوێنەری مێژوو و

هەر کەسێک بیەوێ خوێندنەوەیەکی تێکڕاییی کوردەکان و وڵاتەکەیان بکەن، بە مەبەستیش خۆم لەوە لاداوە کە ناوی کوردستان بەو وڵاتەدا بنێم کە کوردەکانی لێ دەژین.

وشەی " کوردستان "یش لە زماندا ئەو زەوییە دەگەیەنێ کە کوردەکانی لێ نیشتەجێن، بەڵام بەداخەوە ئێستا لەلای هەندێ لە کوردان بووەتە هێمای ئارەزووە جیاخوازییەکان، بۆ ئەوەی دەوڵەتی جودای تایبەت بەخۆیان هەبێ، بەدابڕینی بەشگەلێک لە هەریەک لە تورکیا و ئێران و عێراق و سووریا. ئەمەش دیاردەیەکی ترە لە دیاردەکانی نەتەوایەتیی ئەوروپایی، هەندێک جار لەسەر دەستی خودی هەندێک لە ڕۆشنبیرە موسڵمانەکان بە خۆیان بەسەپاندن دەسەپێنرێتە سەر دۆخی سیاسی لە وڵاتانی موسڵمانان و بزۆریش لەسەر دەستی ئەو دەوڵەتە بیانییانەی بەرژەوەندییان لە پەرتبوونی موسڵمانانندا دەبینن.

دۆخە سیاسییەکان لە جلوبەرگی تایبەتی دەچێ کە بۆ کەس ناشێ ئەوە نەبێ بۆی بە دوورین دراوە، باوەڕی " نەتەوەیی " و " نیشتمانی " کە لە شۆڕشی پیشەسازی و سەردەمی فراوانبوونی ئیمپریالی لە ئەوروپا دژایەتی لەگەڵ ئەو باوەڕی " نەتەوەیی " و " نیشتمانی "یەی ئیسلام هێناویەتی. ئەمەش ئەو هۆیە سەرەکییەیە کە بزووتنەوەی کوردستانی وا لێ کرد (وەک بزووتنەوەی بختوونستان کە کابول جاری بۆ دەدا) تا بە دەست تەنیا برێکی تایبەتی سیاسییەوە بمێنێ، کە نەک هەر ڕەمەکی گەورەی کوردەکان و ڕەمەکی گەورەی باتانەکان نارازین لێی بگرە هەموو کەسێکی موسڵمانی نیاز خاوێنیش لێی ڕازی نابێ.

با ئێستا دووبارە بگەڕێینەوە سەر بابەتەکەمان (کوردەکان) و بەوشەگەلێکی کورت پەسنی کوردەکان بکەین: موسڵمانێکە لە پیاوانی عەشایەر کە لە ناوچە شاخاوییەکاندا دەژین کە سنووری ئێران بە سنووری تورکیا و عێراق دەگا، هەروەها سنووری تورکیای لێ لەگەڵ سنوورەکانی سووریا و عێراق بە یەک دەگەن. کەواتە گەلی کورد لە نێوانی چوار دەوڵەتی ئێران و عێراق و تورکیا و سووریای سەربەخۆدا دابەش کراوە.

## ئاین

کورد بەگشتی ژمارەیەکی زۆر کەمیان نەبێ – موسڵمانی سوننین لەسەر سنووری تورکیا و عێراقدا بە تایبەتی لە چیا سەختەکانی باکوری عێراقدا لە دەوروبەری ئامێدی و هەولێر و ڕەواندزدا چەند عەشیرەتێک و چەند گوندێک هەن لەسەر ڕێبازی شیعەگەرییەکی سەیرن.

## قزڵباش

عەشیرەتێکی کوردیش هەیە لە دەوروبەری سنوورەکانی عێراق و ئێراندا دەژین، " قزڵباش "یان پێ دەگوترێ، ئەم قزڵباشانەش ئێرانی نین، بگرە کوردن و بە کرمانجی دەپەیڤن، هەرچەندە

هەندێک لە دەسرۆیانی ئەم عەشیرەتە لە تاران و شاری تری ئێران دادەنیشن و بە فارسی قسە دەکەن لەگەڵ ڕێزمدا بۆ دۆستە قزڵباشییەکانم وشەی قزڵباش واتە کەسێکی کەڵەگەتی بەهێزی هەڵەوەڕی لە قانوون بەدەر، ئەمە نەک هەر لە زمانی ئەرمەنی و تورکیدا بگرە لە خودی زمانی کرمانجی " کوردی "شدا وەهایە.

## ڕەسەنیان " بنەچەیان "

ڕەسەنی عەشیرەتی قزڵباش لە لاپاڵەکانی چیای زاگرۆسەوەیە نەک ئێران، ڕێبازی قزڵباش-یش تەنانەت لە نیشتمانی خۆشیاندا ڕێبازی شیعەگەرییە، بەڵام لە ڕێبازی شیعەی ئێران جودایە و من لەو بڕوایەدام ئەو هۆیەی وا لە هەندێک دەکا بە ئێرانییان بزانێ ئەوەیە کە شیعەن و بە زمانی فارسی دەدوێن.

## عەلییوڵڵاهییەکان

جۆرێکی تری کوردی موسڵمان هەن عەلییوڵڵاهییان پێ دەگوترێ کە نیمچە بتپەرستێکن، لە بنچینەدا بتپەرست بوونە و دواتر بوونەتە موسڵمان. ئەم عەلییوڵڵاهییانە لەبەر نەزانیی زۆریان تەنیا بە ناوە بوونەتە موسڵمان، کە لە ڕاستیدا هێشتا سرووتە ئاینییە کۆنەکانی خۆیان پاراستووە و ناوی خوداوەندانی ئاینە بتپەرستییە کۆنەکەی خۆیان بەناوی خواناسە موسڵمانەکان گۆڕیوەتەوە، هێشتاکە هەر لەسەر باوەڕی هەزاران ساڵەی بەر لە ئێستایاندان، تا ڕادەیەکی زۆر لەو خەڵکی هیندستانی ناوەڕاستە دەچن کە بوونەتە موسڵمان و سەر بە نزمترینی چینەکانی کۆمەڵن، ئەوانەی هەر بەو شێوەیەی " دوسەهرا "ی هیندۆکیی تەقلیدی ئاهەنگ لە ڕۆژی "عاشوورا"دا دەگێڕن.

ئەم عەلییوڵڵاهییانە بەشێکیش نین لە ئێزیدییەکان، بگرە چینێکی سەربەخۆن و بەخۆیان دەڵێن کورد و بەشێوەی کرمانجی قسە دەکەن ڕێبازیان ڕێبازی شیعەیە و زۆربەیان زۆر نزیکترن لە ئیسماعیلییەکان، ڕێزێکی زۆری ئاغا خان دەگرن.

لەگەڵ ئەوەشدا کە بەئاشکرا موسڵمانی شیعەن و سەرەڕای چوونە مزگەوتیان کەچی بەنهێنی ئەو سرووتە تایبەتییانەی لە باو و باپیرانیانەوە لە سەردەمێکی دێرینەوە بۆ ماوەتەوە بەجێ دەهێنن، ئەم بیروباوەڕەی کە یەک لە مەرجە سەرەکییەکانی بەرجەستەبوونی حوایەتییە لەبان زەویدا، هەروەها لەو کاتەدا کە عەلییوڵڵاهییەکان ئاینە کۆنەکەیان لەناو قاڵبێکی ئیسلامیدا جێبەجێ دەکەن، هەموو ئەو پێغەمبەرانەی لەناو قورئاندا ناویان هاتووە بە پیرۆز دەزانن، ئیبراهیم، مووسا، یووسف، مەسیح، و محەمەد. ئینجا پلە پلە لە "عەلی"یەوە بۆ سەلمانی فارسی و هی دیکە، لە پێشەوا و چاکە شیعەکان، عەلییوڵڵاهییەکان هەموو ئەمانە بە لەسەر زەویدا

بەرجەستەبوونی خوا دادەنێن.

عەلییولّلاهییەکان بۆ نزیکبوونەوە خواناسێکی خۆجێیی پەسند دەکەن کە گۆڕەکەی بەپیرۆز دەزانن و قوربانی و نزری پێشکێش دەکەن، هەروەها هەر عەلییولّلاهییەک پابەندی کەسێکی لە ژیاندا دەبن و " ئاغا " یان " بەگ "ی پێ دەڵێن و بە پیرۆزی دەزانن کە لەو بڕوایەدان نوێنەرایەتیی خوا دەکا، هەروەها کوردە (گۆران)ەکان گۆڕی باوە یادگار " بابا یادگار " بە پیرۆز دەزانن کە لەناو ئەشکەوتێکی چیایەکدایە دەڕوانێتە سەر شارە کۆنەکەی حولوان، لە کاتێکدا پیرۆزی لە نەوەی بنەماڵەیەکی سەیددایە لە نزیک ئەو شوێنەدا نیشتەجێن.

هەروەها بیروباوەڕی لەوچوو لە ناوچە چیاییەکانی تر هەیە دەکرێ لەگەڵ ڕێبازی درووز و ئەنساری سووریا و ئیسماعیلییەکانی ئێراندا بەراورد بکرێن.

کوردە عەلییولّلاهییەکان و قزڵباشەکان لە شەڕوانە سەرسەختەکان دەژمێررێن، تەنی بتەویان هەیە و گوێڕایەڵی فەرمانە سەربازییەکانن و ئەگەر بخرێنە ژێر فەرماندەی سەرکردەیەکی بە ئەزموون توانای ئەنجامدانی هەر کارێکی سەربازییان هەیە. شانازی بە داوونەریت و پێشینەکانیانەوە دەکەن و دڵسۆزی ئاغا و بەگەکانیانن و دەتوانن بەرگەی زەحمەتی بگرن. بەڵام لە رووی پەروەردەیانەوە زۆر جیاوازن، بەدەگمەن نەبێ ئامێری ڕادیۆ لەناو گوندی قزڵباش و عەلییولّلاهییاندا بڵاو نەبووەتەوە، بەڵام کەمێکیان کە بەریتانییەکان لە دوو شەڕی جیهانیی یەکەم و دووەمدا بەسەربازی وەرگرتوون و بەتایبەتی تیپی سەربازانی هێزی شاهانەی ئاسمانیی (کە میلیشیای ناوچەیی بوو پاسی بنکەیەکی سەر بە هێزی ئاسمانیی بەریتانیی لە حەببانییە و شوعێبەی نزیک بەسرە دەکرد، ئەمانە شارەزاییەکی زۆریان لە کاروباری نێودەوڵەتیدا هەبوو.

هەروەها دەکرێ بە مادەیەکی زۆر چاکی پیاوی پڕوپاگەندەی بە بەهرە دابنرێ، کەسیش بۆی نییە بۆ لای خۆیان کێش بکا، ئەوەش بەهۆی دڵسۆزییانەوە بۆ ئاغا و گەورەکانیان.

## کوردە سوننییەکان

زۆربەی هەرە زۆری ئەو کوردانەی لە سووریا و عێراق و ئێراندا نیشتەجێن لەسەر ڕێبازی سوننین، ئەو کوردانەش کە لە ڕۆژهەڵاتی تورکیادان هەر هەموو سوننین، کوردی سوننیش کەسێکی ئاسایی و گەلێک سادەیە و وەک هەموو پیاوانی عەشیرەتەکان زۆر پابەندی ئاین و بەئەمانەت و ڕاستگۆیی و خاکێتی ناسراون و لە خواترس و هەڵسوکەوتی باش لەگەڵ خەڵکیدا دەکا.

بارودۆخی ژیانی کورد و زۆربەی داوونەریتیان کاریگەریی کارەکەیان "شوانکارەیی"ی بەسەرەوەیە، کە ئەم پیشەیە ئاوەزێکی دانەمرکاوی و چاوێکی وریای بێداری داوەتێ و کورد بەزگماک سەرباز و شەڕوانێکی ئازا و ئامادەی خۆبەختکردنە لە ڕێی خوا و ئایندا و کوردەکان ڕێز لە کەسی بڕوادار و بە ئاین دەگرێ، هەروەها مەلاش دەسەڵاتێکی زۆری تەنانەت لەنێو عەشیرەتە سوننییەکانیشدا هەیە و کورد ڕێز لە قسەی خۆی دەگرێ و زۆر پابەندی نەریتەکانی




ئیسلامە، وەک پەنادانی هەر کەسێک پەنای بۆ ببا تەنانەت ئەگەر دوژمنیشی بێ، میهرەبانیی زۆر و پێوەندیی دراوسێتیی چاک و لەلایەن ئاینەوە زۆر لێبووردەیە، کە خرستیانەکان بە تایبەتی خرستیانە ئەرمەنییەکان چەندان سەدە لەنێویاندا بە تەبایی و ئارامی ژیاون و کوردەکان شانازی بەوەشەوە دەکەن کە ژمارەیەکی زۆر لە چاک و خواناس و قارەمانی شەڕوانیان تێدا هەڵکەوتوون، وەک باوە یادگار و سەلاحەدینی ئەیووبی (کە بەسەر خاچپەرستاندا سەرکەوت).

## دانیشتوان

زانینی ئەژماری ڕاستەقینەی کوردەکان زەحمەتە، بەڵام نزیکترین بۆچوون پێنج ملیۆن و حەوت سەد و بیست و پێنج کەسن لە نێوان چوار وڵاتی سەربەخۆدا دابەش کراون کە تورکیا و ئێران و عێراق و سووریان.

تورکیا گەورەترین کۆمەڵی کوردەکانی لێیە بەڵام یەکگرتوو و بەیەکداچوو نین لەگەڵ کۆمەڵانی تردا، ژمارەی کوردەکانیش لە ڕۆهەڵات و باشووری ڕۆهەڵاتی تورکیا بە نزیکەی دوو ملیۆن و نیو کەس دەخەمڵێنرێ. چڕیی کوردان لە تورکیا لەنێو دانیشتوانی ناوچە سەر سنوورییەکانی تورکیا – ئێراندا و سنووری تورکیا – عێراق و سنووری تورکیا – سووریادا پترە، هەروەها هەندێک شوێنی پەرتی کوردان هەیە لە دەوروبەری سنووری تورکیا – ڕووسیا نزیکی ناوچەی قەفقاس. هەندێک گوندی کوردیش و ژمارەیەکی زۆر لە کوردان لە ئەرمینیا و بگرە لە گورجیستان "جۆرجیا"ی ڕووسیدا هەیە.

ژمارەی کورد لە ئێراندا نزیکەی ملیۆنێک و حەوت سەت هەزار کورد دەبن زۆربەیان لە ڕۆئاوا و باکوری ڕۆئاوای هەرێمی ئازەربایجاندا دەژین. دوو شاری مەهاباد و ڕەزائییەی سەر ڕۆخی دەریاچەی ورمێ لە ١٠٠ ٪ کوردن و کوردەکان زۆرینەی نێو دانیشتوانی سنووری ئێرانی تەک هەریەک لە عێراق و تورکیا پێک دەهێنن. لەسەر ڕۆخی ڕۆهەڵاتی دەریای خەزەریشدا لە دووریی ٢٠٠ میل لە باکوری ڕۆئاوای مەشهەدی هەرێمی خوراسان لە ئێران. دوو نشینگەی گەورەی کوردیش لە دەوروبەری دوو شاری بوجینوەرد و کوتشاندا هەیە. ئەم دوو شارە کوردییەش نزیکەی هەزار میل لە وڵاتەکەی تری کوردانەوە دوورن و سەرژمێری دانیشتوانیان نزیکەی ٢٠٠ هەزار کەسن.

لە عێراقدا نزیکەی یەک ملیۆن کورد هەیە زۆربەی دانیشتوانی ناوچە سنوورییەکانی باکوری ڕۆئاوا و باکوری ڕۆهەڵاتی تەک سووریا و تورکیا و ئێران پێک دەهێنن، باکوری عێراق بە نیشتیمانی دێرینی کوردە کۆنەکان و لانکەی ئیمپراتۆریەتیەکەیان دەژمێررێ، گەورەیی کورد لە ناوچەکانی دەوروبەری مووسڵ و کەرکووک و ڕەواندز و هەولێردا دەردەکەوێ. گوندی تکریتیش کە سەلاحەدینی لێ لەدایک بووە لە دووریی ٨٠ میلی باکوری بەغداوەیە.

کوردەکانی عێراق شانازی بەوەوە دەکەن کە لە کوردەکانی تر ڕەسەنتر و بە چین باڵاترن. هەروەها کوردی عێراق لە چاو هەموو کوردەکانی تر، هەروەک عەشیرەتی " یووسف زا "ی باتانی لە چاو عەشیرەتە بەختوونییەکانی دیکە دەژمێردرێن.

لە باکوری سووریا و باکوری ڕۆهەڵاتیدا ژمارەیەکی کەمی کورد هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تێکەڵ بوون و تەبان، بەناوبانگترینی ئەو عەشیرەتە کوردانەی لەسەر سنووری سووریا – تورکیادا دەژین عەشیرەتی مللی و میهرانیی کوردن، کۆی ژمارەی کورد لە سووریا نزیکەی ٣٧٥ هەزار کەس دەبن، حکوومەتی سووریا بەدەگمەن نەبێ هیچ گرفتێکی بەدەس ئەم عەشیرەتە کوردانەوە نییە.

لە توانادایە شوێنپێی هەندێک لەو عەشیرەتە کوردانە هەڵبگیرێ کە لە نیشتمانە ڕەسەنەکەیانەوە " واتە لە باکوری عێراق "هوە کۆچیان بەرەو ڕۆهەڵات کردووە تا لە هەندێک ناوچەی ئەفغانستان و پاکستاندا نیشتەجێ بوون، کە دوو عەشیرەتی باویندا و گیلزای ئەفغانی بەڕەسەن کوردن، هەروەها ئەو بلووشانەی لە بلووشستان نیشتەجێن کوردن چەند سەدەیەک دەبێ نیشتمانە ڕەسەنەکەی خۆیان جێ هێشتووە.

کوردەکان شوێنێکی شیاویان لە هەر چوار لە دەوڵەتەکاندا لە پۆستە حکوومەتییەکاندا وەرگرتووە و گلەییی ڕەگەزپەرستیشیان لە هیچ یەکێک لە عێراق و سووریا و ئێراندا نییە.

جارێکیان وا ڕێک دەکەوێ شەش پیاو لە چایخانەیەکی بەغدادا کۆ دەبنەوە سێیان ئینگلیز و سێیەکەی تریان عێراقی بوون، لەو سێ ئینگلیزەش یەکێکیان لە ناوچەی وێلز و ئەوی تر لە سکۆتلەندا و سێیەمیان لە لەندەنەوە هاتوون، سێ عێراقییەکەش دوانیان عەرەب و سێیەمیان کورد دەبن، هەموویشیان بە تەبایی دانیشتوون و قاپێک وێسکی دەخۆنەوە و گفتوگۆیەکی دۆستانەیان لەناودا بەڕێوە دەچێ و پەرە دەستێنێ تا دەبێتە دەمەقاڵێی گەرم و دەبنە دوو تیپ و بەهۆیەکەوە تەنیا خوا نەبێ کەس نازانێ لەسەر چی بووە، کوردەکە لایەنگیری سکۆتلاندییەکە دەبێ و تاوی گفتوگۆ گەرمتر دەبێ تا دەگاتە شەڕەدەست و کوردەکە و سکۆتلاندییەکە بە دووان دەتوانن بەسەر چوار کەسەکەی تردا سەرکەون. ئەمەش سەیر نییە کە لە گشت دەوڵەتانی جیهاندا، هەموو کات تەبایی لە نێوان تاکەکانی تایەفە لێکچووەکاندا نابێ. بارودۆخی کورد لە عێراق و ئێران و تورکیا جیاوازی لەوەی سکۆتلەندای ئینگلتەرا نییە.

## زمان

کوردەکان بە زمانی خۆیان دەڵێن کرمانجی، بە پیتی عەرەبییش دەنووسرێ و لەگەڵ دوو زمانی تورکی و فارسیدا تێکەڵە و لەسەر دوو زمانی کلدانی و تۆرانیدا دامەزراوە و لەگەڵ ئەوەشدا کە کرمانجی زمانی گفتوگۆی کوردانە بە گشتی کەچی هەندێک عەشیرەتی کورد بە گەلێک شێوەی کرمانجیی تر قسە دەکەن بە بایەخترینیان زازاکی و گۆرانە. ئەو کوردانەی لە تورکیا و لە هەرێمی ئازەربایجانی باکوری ڕۆئاوای ئێراندا دەژین بە شێوەی زازاکی قسە دەکەن جیاوازییەکی زۆریش لە نێوان کرمانجیی بنچینەیی و شێوەی زازاکیدا هەیە، ئەوەی دواییان گەلێک وشەی ئەرمەنی و تورکیی تێدایە، هەروەها زمانی کەبادۆسی (کەپادۆکی)ی کۆن لە پێکهاتە بنچینەییەکەیەتی، شێوەی زازاکییش لەلایەن وشە و دەنگەوە لە کرمانجیی بنچینەیی جیاوازە و کوردی ئاسایی کە بە کرمانجی دەدوێ ناتوانێ بەئاسانی قسە بکا لەگەڵ ئەو کوردەی بە شێوەی زازاکیی پەتی قسە دەکا. بەڵام شێوەی گۆران ئەو کوردانە پێی دەدوێن کە لە پێدەشتەکانی چیای زاگرۆسدا دەژین(*)

ئەو کوردانەی بە گۆرانی دەدوێن لە دوو شاری هەمەدان و کرماشانی ڕۆئاوای ئێراندا هەن، ئەو ناوچانەی بەشێوەی گۆران دەپەیڤن تا قەسری شیرین و بێستوونی ڕۆهەڵات دەکشێ. شێوەی گۆرانیش لە فارسی نزیکترە وەک لە کرمانجی و لە ڕاستیشدا هەر کەسێکە فارسی قسە بکا دەتوانێ لە شێوەی گۆران تێ بگا کە کوردەکانی کرماشان و قەسری شیرین و بێستوون پێی دەدوێن.

بە ڕای خاوەنی شەرەفنامە، کە کتێبێکی مێژووییە (٦٠٠) ساڵ لەمەوبەر بە فارسی دانراوە، کوردی عەشیرەتی گۆران خاوێنترینی عەشیرەتە کوردەکانە کە یەکسەر دەچنەوە سەر بەختوننەسر.

وڵاتی کوردەکان لەلایەنی ستراتیجییەوە بایەخێکی گەورەی هەیە... گومانیشی تێدا نییە کە زۆربەی ئەو تۆژینەوانەی لەبارەی کوردەکان و جوگرافیای وڵاتەکەیان و بەروبووە کانزاییەکانیانەوە، تەنانەت لەبارەی ڕەوشت و داوونەریتیانەوە کراوە، ئەو ئەفسەرانی سوپای بەریتانیا، کە لە شەڕی یەکەم و دوای ئەو لە عێراق خزمەتیان کردووە، ئەنجامیان داوە و لەم دواییانەدا تەنیا بابا گوڕگوڕ (نەوت) سەرنجی کەسانی تری ڕاکێشاوە.

## ئەدەبیات

زمانی کوردی تا ڕادەیەک دەوڵەمەندە و لە توانایدا هەیە ببێتە هۆیەکی باشی دەربڕین. بەڵام زمانی کوردی کە لە توانایدا نەبوو وشەیەکی گونجاو بدۆزێتەوە یەکسەر لە فارسی یان لە عەرەبی یان لە تورکیی دەخوازێ. هەروەها لەم دواییانەدا هەندێک وشەی زانستیی ئینگلیزیش خزاونەتە

ناو زمانی کوردییەوە. زمانی کوردیش (بە هەردوو زاراوەی کرمانجی و گۆرانییەوە) شانازی بە ئەدەبە دەوڵەمەندەکەیانەوە دەکەن. گەلێک لە کتێبە کوردییەکان کە لە (٥٠٠) لەمەوبەرەوە لە بارەی سۆفیگەری و چیرۆک و گۆرانیی میللییەوە دانراون دەخوێنرێنەوە، کوردەکانیش دڵبەندییەکی زۆریان بە ئەدەبەکەیانەوە هەیە. هەروەها لە سەدساڵی ڕابردوودا هەندێک کتێب لە زمانی فارسی و تورکییەوە بۆ کوردی گۆڕاوە و لەم دواییانەشدا هەندێک لە کتێبی ئینگلیزی و ئەڵمانییش گۆڕاوە. ئەڵمانەکان بە یەکەمینی ئەوانە دادەنرێن کە مێژوو و ئەدەبیاتی کوردیان بە وردی خوێندووەتەوە و لێیان تۆژیوەتەوە. هەروەها ئینجیل - یش ساڵی ١٨٥٧ لە ئەستەمبوڵ بە زمانی کوردی لە چاپ دراوە و قەشە سەمووئێل ڕەحبا ڕێزمان و فەرهەنگۆکی شێوەی هەکاریی ساڵی ١٨٧٢ بڵاو کردووەتەوە. هەریەکە لە لێرخ ویروغش و تشود و زوک و بێر یووسف و ئیلان دواتریش هەندێک لە ئەدیب و زانا ئینگلیزەکان کتێبگەلێکی زانستییان بڵاو کردووەتەوە کە لە لایەنەکەنی جودا جودای ژیان و ئەدەبی کوردی دەکۆڵێتەوە. لە پاش ئەڵمانەکانەوە ڕووسەکانن لە بایەخدان بە کورد. ساڵی ١٨٧٩ ئەکادیمیای ئیمپراتۆرییەت لە پتروسبورگ فەرهەنگێکی فرەنسایی کوردیی بڵاو کردەوە کە لە بە نرخترینی ئەو نووسینانە دادەنرێ تا ئێستا لەبارەی کوردەوە نووسرابێ، کە پێشەکییەکەی زانیاریی بە بەهای لەبارەی عەشایەری کوردەوە تێدایە.

لە ماوەی دوای شەڕی یەکەمی جیهانییەوە بەریتانییەکان جێی ئەڵمانەکان و ڕووسەکانیان لە مەیدانی لێکۆڵینەوە لەبارەی کوردەوە گرتەوە. وا ڕێک کەوتووە بە ناوبانگترینی کێڵگە نەوتییەکان لە مووسڵ و کەرکووکدا هەن لە خاکە کوردییەکاندا. چیای بابا گوڕگوڕیش لە نزیک کەرکووکەوە لە ناوەڕاستی وڵاتی ڕەسەنی کورددایە، کە لە دەروونییەوە شلە زێڕەکە (نەوت) هەڵدەقووڵێ.

## داوونەریتە کۆمەڵایەتییەکان و ژیانی ناوماڵ

بۆ بەدبەختی دژی کورد خراپ بەناهەق پروپاگەندەی خراپ هەیە، ئەو کارانەی بوونەتە هۆی بڵاوکردنەوەی ئەم پروپاگەندە خراپانە دژی کورد ئەوەیە کە لەگەڵ هەموو دەسەڵاتێکی حوکمدا بەردەوام لە بارودۆخی شەڕدان، کە بە زۆری وا لە کورد دەکا ناپەسند بن و خەڵکەکەیان لێ دوور بکەوێتەوە، لە تورکیا بن یان لە عێراق یا سووریا، ئەوەی لە ئەنجامدا تووسی هەستی خۆ بە کەمزانین بکا کە لە بەرژەوەندیی ئەو نیشتمانەدا نییە کە تێیاندا دەژین و کورد بە تایبەتمەندیی ئازایەتی و میوانپەروەری زانراوە. کە لەگەڵ هەموو کەسێکدا خواردەیە و ئاغای کورد بە پیری هەر کەسێکەوە دەچێ لە هەر سەعاتێکی شەودا لە دەرگەی بدا، هەرچەند هەژار بێ یان بێگانە بێ یان دوژمنی خانەخوێ بێ پێشوازییەکی چاکی بە سنگفراوانییەوە لێ دەکرێ.

کوردەکان لەو بڕوایەشدان ئەو ماڵەی میوانی نایێ لە پیت و فەڕی خوایی بێبەش دەبێ، کە بیروباوەڕی کورد وەهایە ڕووتێکردنی بێگانە و میوان فەڕ و بژێوی دەهێنێ و هەموو کاتیش لە کاتی ڕۆیشتنەوەی میوان دیاریی دەدرێتێ ئەگەر بەیانی بڕوا نوقڵ و پەنیر لەگەڵ خۆی دەبا،

لەوانەشە ڕایەخ و چاکەتی لە کەوڵ دروستکراویشی پێشکێش بکرێ. خانەخوێی کورد چاوەڕوانی هیچ چاکە و سوپاسێکیش لە میوانەکەی ناکا.

عەشیرەتە کوردییەکان هێشتاکەش لە قۆناخی پەرت و بڵاویدان و گەلێک لە عەشیرەتەکان یەکەیەکی سەربەخۆ لە یەکەی خێزان یان گەورەتریان پێک نەهێناوە. بە تەمەن گەورەترینیان یان باپیرە گەورەیان دەبێتە سەرۆکی تیرە، هێشتا سیستەمی سەرەک خێزان لە ناویاندا نەچەسپیوە و تیرە بچووکەکان خێزانێکی گەورەی لە مام و کوڕەکانی مام نەبێ هیچی تر نییە.

فرەژنی لەناو کورددا بڵاوە- تەنانەت ئەوەی داهاتیشی مامناوەندی بێ هەوڵی ئەوە دەدا لە یەک ژن پتر بهێنێ. بەداخەوە مەسەلەی فرەژنی بە پایەی کۆمەڵایەتیی مێردەوە بەندە، ژمارەی ژنەکانی چەند زۆرتر بێ پلەی لەنێو کورداندا بەرزتر دەبێ. بەبڕوای من ئەم فرەژنییە هەندێک پێویستی دەیسەپێنێ. ئافرەتی کورد چاوپۆشی لە پایە کۆمەڵایەتییەکەی خۆی دەکا ئەگەر ژنە ئاغا بێ یان هاوسەری پیاوێکی هەژار بێ هەر بەخۆی کاروباری ناوماڵ ڕادەپەڕێنێ.

## ژیانی ناوماڵ

ڕۆژی ئاسایی کەیبانووی ماڵی کوردی لە سەعات پێنجی سەرلەبەیانییەوە دەست پێ دەکا و هەرکە لە خەو هەڵدەستێ ڕوو لە مەڕوماڵاتەکەی دەکا، ئینجا بە دەستەکانی چێڵە پەسندەکەی دەدۆشێ. دوای ئەوەی بە کاڵایەکی خاوێن شیرەکە دەپاڵێوێ مەنجەڵە گەورەکەی شیر دەنێتە سەر ئاگر، دوای ئەوەی کەیبانوو شیرەکە دەکوڵێنێ و لە سووچێکی دادەنێ مەڕوماڵات دەباتە دەرەوەی گوند و دەیداتە دەست (شوان و گاوان !!) کە هەموو مەڕوماڵاتی گوند کە نزیکەی دووسەد یان سێسەد سەر دەبێ دەلەوەڕێنێ، دوای ئەوەی کەیبانووی ماڵ دەگەڕێتەوە ماڵەوە ئەو دۆیەی لە ئێوارەوە ئامادەی دەکا، دەکاتە مەشکەیەکەوە و لەگەڵ ئافرەتێکی تردا دەیژەنن و کەرەی لێ دەردەهێنن، هەر لەم کاتانەشدا مێردەکە لە خەو هەڵدەستێ و دەستنوێژ هەڵدەگرێ و نوێژی بەیانی دەکا، ژنەکە نانی بەیانی لەسەر (دەستەرخان!!) دادەنێ کە پارچە کاڵایەکی گەورەیە لەسەر ئەو زەوییە ڕادەخرێ کە بە مافوور و لباد ڕاخراوە. خواردنی بەیانییش لە پەنیری تازە و کەرە و ماست و نانی گەرمی لە تەنوور برژاو. لەسەر دەستەرخانی ئاغای دەوڵەمەنددا بێ یان هی کەسێکی هەژار پارچەی گەورە لە قەیماخی ئەستوور و هەنگوینی تازە و خەپلەیەکی گەورەی هێلکە دەبینین لە دە یان بیست هێلکە دروست کراوە.

تاکەکانی خێزان هەموو پێکرا نانی بەیانی دەخۆن بەڵام لە خێزانە گەورەکاندا دەستەرخان لە پێشدا بۆ پیاوان دادەنرێ دوای خواردنی ئەوان ئافرەت دادەنیشن بۆ خواردنی بەیانی، ئەمە ئەگەر خێزانەکە گچکە نەبوو لە چەند کەسێکی دیار پێکهاتبێ و دوای نانخواردن پیاوان ڕوو لە کێڵگەکانیان دەکەن یان بۆ ڕەزەکانیان و ئافرەتان دەچنە مۆڵگەکانی مەڕوماڵات و قشپل و تەپاڵە کۆ دەکەنەوە و تێکەڵی دەکەن لەگەڵ کا و وشکە گەڵا و لە سەربانی خانووەکانیاندا ڕایان دەخەن و

جێیان دەهێڵن تا وشک دەبێ و وەک سووتەمەنی بەکاری دەهێنن.

خۆر لەم کاتانەدا هەڵهاتووە و سەعات بووەتە نزیکی حەوتی بەیانی، کەیبانووی ماڵ دەست بەماڵینەوەی ماڵەکەی دەکا و کەلوپەلەکانی ڕێک دەخا ئینجا کۆڵ دەکا " جل دەشوا " و هی دیکە.. کاتی پێکردنی تەنوور دێ بۆ ئامادەکردنی خواردن کە وەک ئاساییە لەتە گۆشتی گەورە گەورەی لە تەنووردا برژاو پێک دێ، لەگەڵ کۆمەڵێکی گەورەی تەماتە و پەتاتە و بیبەر و بەهارات بەکار ناهێنێ و لە لێنانی گۆشت و هی تردا تەنیا پیاز بەکار دەهێنرێ.

لە خواردنە پەسندەکانی تری برێک " دەعان!! " کە بە کوتانەوەی ناو هاوەنی گەنم ئامادە دەکرێ بۆ لابردنی توێکڵەکانی تا دەنکە گەنمی وردی سپیی لێ دەمێنێتەوە لە برنج دەکا و بەر لەوەی عابوور لە تەنوور بکرێ دوو هێلکەی بەناودا دەشکێنرێ و بە چاکی تێک وەردەدرێ و تێکەڵی ماست و دەعان دەکرێ. دوای ئەوە دەفرەکە دەخرێتە سەر ئاگر و بە کەوچکێکی گەورە بەردەوام تێک دەدرێ تا عابوورەکە دەکوڵێ دوای پەیتبوونی عابوور لەسەر ئاگر لادەبرێ و هەندێک خوێ و پەلکە نەعنای دەخرێتە سەر بۆ خۆشکردنی تامەکەی و – دوای ئەوە گەرمیی تەنوور کەم دەکرێتەوە و کاتی نانکردن دێ تا تەنوورەکە تا ڕادەیەک سارد دەبێتەوە شەش حەوت شیش دەهێنرێ و گۆشت و تەماتە و باینجان و بیبەری پێوە دەکرێ و دەکرێتە ناو تەنوورەوە و شیشەکان لە ئاگری هێمن دادەنرێ بۆ ئەوەی بەرەبەرە ببرژێ، لە کاتێکدا کەیبانووەکە بە دەم پینەکردنی هەندێک جل، یان خوری ڕستنەوە بۆنی برژانەکە دەکا کە دەم پڕ لە لیکاو دەکا لەوانەشە ئەم ماوە کورتە بۆ ئەوەی کەیبانوو هەندێک چاوی لە منداڵەکانی بێ.

لەو ماوەیەی خاوێنکردنەوەی ماڵ و کۆڵکردن و پینەکردن و چاودێریی منداڵاندا گۆشتی ناو تەنوورەکە دەبرژێ و دەبێتە کەبابێکی بەتام و بۆنی ڕۆنی تواوەی بەتام کەیبانوو ئاگەدار دەکاتەوە بچێتە سەر تەنوور و کەیبانوو هەموو ئەوانەی برژاندوونی دەخاتە لایەکی گەرمی تەنوور و چاوەڕوانی هاتنەوەی مێردەکەی دەکا بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ. جارێکی تریش پیاوان لە پێشەوە نان دەخۆن ئینجا ئافرەتان و ئەگەر پیاوان لە کێڵگەدا کار دەکەن ئافرەتان نانەکە دەبەنە سەر کاری مێرد لە کێڵگەکاندا کە لەوانەیە دوو میل یان سێ میل دوورە کە ئێوارە دادێ کەیبانوو خزمەتی تەویلە دەکا و زەوییەکەی بە گەڵاداری وشک و کا دادەپۆشێ و ئالیکی مەڕوماڵات ئامادە دەکا کە لە کای تێکەڵ بە جۆ پێک دێ و – تاریک دادێ و مەڕوماڵات بە خۆیان لە لەوەڕگا دێنەوە – و پێشەکی ئاو دەدرێن و دەدۆشرێن و لە شوێنەکانیاندا دەبەسترێنەوە.–

کەیبانوو دەگەڕێتەوە ماڵەوە و نانی شێوان لە تەنووردا ئامادە دەکا. پەسندترین قاپی شێوانیش پێی دەگوترێ " ئاش " کە بەهەندێ ماست و هەندێک دەعان و تەڕەپیاز و ئسپێناخ و هەندێک نەعنا و خوێی تێ دەکرێ. هەروەها هەندێک گۆشتی سوورەوەکراوی تێ دەکرێ و بەر لەوەی "ئاش"ەکە بخرێتە سەر "دەستەرخان" هەندێک پیاز لە کەرەدا سوورەوە دەکرێ و بەر لە خواردنی تێکەڵی ئاشەکە دەکرێ بەم بۆنەیەوە دەڵێم هەندێک لە ئوتێلە گەورەکانی ئەورووپا و ڕۆهەڵاتی

ناوەڕاست ئەم خواردنە بەناوی جودا جوداوە پێشکێش دەکەن بەڵام بەزۆری شۆربای ئێرانی یان قەفقاسیی پێ دەگوترێ کە بەڕاستی خواردنێکی بەتامە بە تایبەتی لە وەرزی زستاندا -.

لە خواردنە بەناوبانگەکانی تەنانەت لە بان خوانی کوردی هەچاریشدا گۆشتی برژاو و کەباب و واش "کە لەتە نانی باریک و درێژی لەناو تەنووردا برژاوە."

لە خواردنە بەناوبانگەکانی تر، کە زستانان دەخورێ " هەریسە "یە، کە بە قیمەکردنی "دۆعن " لەگەڵ بڕێکی هێندەی ئەو لە گۆشت کە گۆشتی مامر پەسندترە. ئینجا بڕێک کەرە دەقرچێنرێ و بەسەر هەریسەکەدا دەکرێ و ئەم خواردنە بە مڵاک دەخورێ. ئەمەش بەخواردنێکی تێرکەرەوە و زۆر بەتام دادەنرێ و تا ڕادەیەکی زۆر لە خواردنی " حەلیم " دەچێ کە لە خواردنە بەناوبانگەکانە لە ئەفغانستان و بیشاور و کوییتا و کشمیردا.

نانی شێوان زوو دەدرێ لە دەوروبەری سەعات هەشت کە پیاوان لە ژوورێکی جودا دادەنیشن و ئافرەتانی گەڕەک لە ژوورێکی تر دادەنیشن. ئەو ژوورەی پیاوانی لێ دادەنیشن دیوان "دیوەخان"ی پێ دەگوترێ.

بڕی زۆری میوەی وشککراوە و شەوچەرەی وەک باوی و گوێز و مێوژ دادەنرێ. چای ڕەش و چای سەوز بە دەگمەن نەبێ لە ماڵی کوردیدا نادرێن. لە دیاردەکانی دیوەخانی کوردیی تایبەتی کە لە دیوانی عەرەب و ئەرمەنی و ئێرانییانی جودا دەکاتەوە ئەوەیە کە عەرەق و خواردنەوە مەستکەرەوەکانی تری تێدا زۆر زۆر بەدەگمەن نەبێ ناخورێتەوە، ئەم زۆر دەگمەنەش زۆر بەدزییەوە نەبێ نابێ و کوردەکان هەرگیز مەی ناخۆنەوە. کە کورد پابەندی ئاینی ئیسلامە و ورەی بەهێزە. ئەگەر بیەوێ دەتوانێ لە بەردەمی زۆر شتی دڵکێشدا خۆی ڕابگرێ. لەگەڵ ئەوەشدا کە کوردەکان لە هەموو لایەکی وڵاتیاندا تێکەڵی ئەرمەن و ئێرانییان و عەرەب و تورکان دەبن و سەرەڕای بوونی ئەم خواردنەوە مەستکەرەوە " نیشتمانییانە "ی وەک ڤۆدکا و شەراب و عەرەق، کورد هەرگیز لەم خواردنەوە مەستکەروانە نزیک نابێتەوە.

پێشتر باسی ئەوەم کرد کە فرەژنی لەنێو کورداندا پێویستیی بارودۆخ بووە. بیهێنە بەرچاو کە هەموو کارەکانی ناوماڵ تاکە یەک ژن ئەنجامی بدا. ئەو هەموو جۆرە خواردنە بێنەرە بەرچاو کە ڕۆژانە ئامادە دەکرێ مێردەکە بیانخوا.

هاوسەرکاری لەگەڵ دوو ژن بۆ کوردەکان پێویستە بەتایبەتی تا بارودۆخی ژیانی وەک خۆی بمێنێتەوە.

## بەشی دووەم

شێوە جوگرافیاییەکانی وڵاتی کورد، کە بەسەر ئەم چوار بەشە دابەش دەکرێ:

(١) ڕۆهەڵات و باشووری ڕۆهەڵاتی تورکیا.

(٢) ڕۆئاوا و باشووری ڕۆئاوای ئێران.

(٣) باکور و باکوری ڕۆهەڵات و باکوری ڕۆئاوای عێراق.

(٤) باکوری ڕۆهەڵاتی سووریا.

١- ڕۆهەڵات و باشووری ڕۆهەڵاتی تورکیا:

ئەم ناوچەیە لە زنجیرە چیایەک پێک هاتووە، لە باکوردا بەیەک دەگەن و بەرز دەبنەوە بەڵام بەرەبەرە لێک جودا دەبنەوە و نزم دەبنەوە لە شێوەی گردێکی شکاوە، تا لە کۆتاییدا دەبێتە دەشتێکی شەپۆلاوی تا باکوری عێراق و باکوری ڕۆهەڵاتی سووریا درێژ دەبێتەوە.

لەم ناوچە شاخاوییە ئەرمەن و کورد دادەنیشن و لە گشت لایە جوداکانیدا تێکەڵی یەکترن، بەڵام زۆربەیان کوردن، کە ئەرمەنەکان لە پەنجا ساڵی ڕابردوودا لە وڵاتە ڕەسەنەکەیانەوە "حایستان " کۆچیان بەرەو دوو دەوڵەتی دراوسێی ئێران و عێراق دەکرد.

لە کۆتایی سەدەی ڕابردوودا ڕێژەی کورد بەرامبەر ئەرمەنەکان لەم ناوچەیەدا ٤٠٪ بووە، بەڵام کوردەکان ژمارەیان پتر بوو و وایان لێ هات ٦٠٪ ی دانیشتوانی ناوچەکە پێک دەهێنن. نەبوونی یەکانگیری و تەبایی سیاسی و ئاینی لەم ناوچەیەدا تەنانەت لە گۆڕەپانی جوگرافیایی و جیۆلۆجیشدا ڕەنگ دەداتەوە و وا دیارە شێوەی زەوی لەم ناوچەیەدا دوور نییە لە ئەنجامی هۆیە ناوەکییە جودا جوداکانەوە بووبێ کە پێ بەپێی ڕوودانی شەقاری بە ئاشکرا دیاری توێی زەوی هاتبێتە کایەوە، ئەوەی پشتگیریی ئەم تیۆرییەش دەکا گۆڕانی ڕێڕەوی ڕووبارەکان و بوونی بەربەستەکانە لە ڕێڕەوەکانیاندا. ئەوەی لێک هەڵوەشانەوەی سروشتیی ئەم ناوچەیە پتر دەکا بوونی سێ ڕووباری ئەرەکسیس و فورات و دیجلەیە لە تەک بوونی ژمارەیەک لە حەوزی ڕووبارە ڕێڕەوگۆڕەکانە کە هەندێکیان ڕۆچوونی ناوەکییان بۆ پەیدا بووە و هەندێکیشیان لە شێوەی کانیاودا دەتەقنەوە. هەروەها ئاگری توونە گڕکانەکان هەڵدەچن و تەواوی دۆڵگەلێکیان پڕ کردووەتەوە و کۆمەڵێک گۆڕەپانی بەرینیان لە گردی ڕووت پێک هێناوە. لەم گڕکانە هەڵچووانەش گڕکانی نەمرووده کە ڕێی لە ڕووبارێک گرتووە و بەمجۆرە دەریاچەی وانی جوانی دروست کردووە و زنجیرە چیای ئەم ناوچەیە بە دیاردەی ئاڵۆز تایبەتمەندە، کە لە باکوردا زنجیرە چیای تەریبی ڕۆخی دەریای ڕەش لە ڕۆهەڵاتەوە بەرەو ڕۆئاوا دەکشێ، ئینجا دوای ئەوە لە باشووری ڕۆئاواوە بەرەو باکوری ڕۆهەڵات دەکشێ و تا لە چیای قەفقاس نزیک دەبێتەوە جارێکی تر بەرەو ڕووکارە ڕەسەنەکەی خۆی دەبێتەوە.

بەرووکاری باشووریش بەرەو دیاربەکر، چیاکانی تۆروس لە زنجیرە بەرزاییەک پێک دێ کە دوای ئەوە لە شێوەی کەوانەیەکی مەزندا بەرەو باشووری خۆرهەڵات لار دەبێتەوە و ئەم کەوانەیە تا باکور و باکوری ڕۆهەڵاتی کەرکووک دەکشێ. بابا گورگوڕیش، چیای نەوتی بەناوبانگ دەکەوێتە ئامێزی باکوری ئەم زنجیرەیەی بەرەو باکور بەردەوام دەبێ تا لە ڕۆهەڵاتی ئێراندا " دەبێ ڕۆئاوا بێ!! " بە یەکجاری بە زنجیرە چیای زاگرۆسەوە پێوەست دەبێ. لەناو قوولاییی ئەم کەوانەیەدا گردێکی بەرینی لێیە شارەکانی دیاربەکر و ماردین و ئورفەی بەناوبانگی لێیە، ئەوجا ئەم گردە بەرە بەرەبەرەو باکوری سووریا شۆڕ دەبێتەوە.

وا دەردەکەوێ ئەم ناوچەیەی دەکەوێتە باکوری تەک هەرێمی ئازەربایجانی ئێرانییەوە تووشی هەڵچوونەوەیەکی نوێی توندی گڕکانی هاتووە. بۆیە لەسەر بەردە ڕەقەکاندا چینێکی تەنکی خۆڵ هەیە دەستی بە پروان کردووە و چینێکی باریکی تری خۆڵ جێی دەگرێتەوە. بەم هۆیەوە دۆڵەکانی ئەم ناوچەیە زۆر بەپیت دادەنرێن و بە هەموو جۆرە میوە و دانەوێڵەیەک دەوڵەمەندن.

## ڕووبارەکان

ڕووبارەکان ڕێڕەوەکانیان لە مادە گڕکانییە نەرمەکان ئاودڕ کردووە و گەلێ جار قوولاییی دەگاتە چەند هەزار پێیەک لەو گردەی دەورەیان دەدا. ڕۆخی سەرەوەشی بە ڕادەیەک تەسکە دانیشتن زەحمەتە، بەڵام ڕۆخەکانی خوارەوەی بەرینە و پڕە لە قوڕی نیشتوو. ئەگەر هاتو ئەم دەشتانە بچێنرێن زۆر بە بەروبووم دەبن. نیشتەجێبوون لەم بەرزاییە گڕکانییانەدا بەهۆی بەرزیی (٧٠٠٠) پێ یان پترییانەوە و لەبەر لێ نەبوونی دارستان و ڕووەکەوە لە تواناد نییە و هەروەها لە جوانترینی دیمەنە سروشتییە دڵکێشەکان بڵاوبوونەوەی لێرە و لەوێی گەرووە گڕکانییەکانە و هەڵدانەوەی شلەئاگری ناخی زەوییە، لەمانەش گڕکانی چیای ئاراراتە کە لە ترۆپکەکەیدا کەوانەی نووحی پێغەمبەر درووەدی لێ بێ دروست کراوە. سەختیی زەوی لەلای باشووردا لە دەوروبەری دیاربەکر و ماردیندا کەم دەبێتەوە. ئورفەش لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕووبارەکان ڕێڕەویان لە قوولاییەکی دوور لە ڕووی گردەوە ئاودڕ کردووە، کە ڕووپێوی ئەو زەوییانەی بۆ کشتوکاڵ باشن سنووردار کردووەتەوە. هەندێک لە جووتکارە کوردەکانیش ئاوی ئاودێرییان لەو شوێنانەوە دەست دەکەوێ کە لە توانادایە ئاوەکەی بەئاسانی لێ هەڵێنجرێ بۆ ئاودانی کێڵگەکان، بەڵام ڕێژەیەکی زۆر لە کوردەکان ژیانیان بە ئاژەڵدارییەوە بەڕێ دەچێ.

## کەشوهەوا

کەشی ئەو وڵاتی کوردەی دەکەوێتە ناو سنووری تورکیاوە گەلێک جیاوازیی هەیە. هاوینان بەتایبەتی چەند بەرەو باشووری ڕۆهەڵاتدا بچین گەرم و وشکە، کە ڕادەی باڵای لە ١٠٠ پلەی فەهرنهایت پتر دەبێ و لە دۆڵە قووڵەکاندا دەگاتە ١٢٠ پلەی فەهرنهایت بەڵام لە باکوری

ڕۆهەڵاتدا هاوینان پلەی گەرما کەم دەبێتەوە و ناوەندەکەی بە ڕۆژ ٩٠ پلەی فەهرنهایتە، هەرچەندە جیاوازییە ئاشکراکەی نێوان گەرمی ڕۆژ و ساردیی شەو ناوەندی ڕۆژانەی پلەی گەرما لە نێوانی ٦٥ – ٧٠ پلەی فەهرنهایتدا دەبێ. زستانیش تەنانەت لەوپەڕی باکوریشدا ساردە، پلەی گەرما لە دیاربەکر لە مانگی کانوونی دووەمدا دەگاتە ٣١ پلەی فەهرنهایت و سەرماکە تا بەرەو باکور بڕۆی ساردتر دەبێ، لە شاری " قارس "دا کە دەکەوێتە ئەوپەڕی باکووری ڕۆهەڵاتی ناوچەکە، پلەی گەرما لە کۆتاییی مانگی کانوونی دووەمدا بۆ نۆ پلەی فەهرنهایت دادەکەوێ و شەوانە دەگاتە ٥٠ پلەی ژێر سفر. بەفر بۆ ماوەی چوار مانگ لە ناوچەکانی باکوری ڕۆهەڵاتدا کە بەتەک هەرێمی ئازەربایجانەوەیە کەڵەکە دەبێ، لە کاتێکدا لە باشووردا لە دەوروبەری دیاربەکر و ماردیندا تەنیا ١٥ ڕۆژ دەمێنێتەوە. بەهۆی بەرزیی ڕوو لەم ناوچەیەدا باران بەخوڕتر دەبارێ وەک لە ناوەڕاستی تورکیا. ڕێژەی باران بارینیش لە نێوانی ١٧ و ٢٤ ئینج " بووسە "دایە. لە دوو مانگی شوبات و ئاداریشدا باران زیاد دەبێ بەڵام لە نزیک گۆلی واندا بارودۆخی کەش لەگەڵ دەریای ڕەشدا لەیەک دەچن، بۆیە باران لە مانگی ئایاردا لە ئەرزەڕۆم و مانگی تەمووزیش لە شاری " قارس "دا خوڕتر دەبێ. کەش لە وڵاتی کورداندا وەک کوردەکان بەخۆیان زبر و سەختە.

هاوینان گەرم و وشک و بە تەپوتۆزە وەک چیا و بەرزاییەکانی بلووچستان. زستانیش ڕێک وەک زستانی بلووچستان سەرمایەکی تووشە و بەهار و پایزیش هەردووکیان تووشی شەپۆلەیلی گەرما یان سەرمای کتوپڕ دەبن. شەپۆلە گەرمەکان دەبنە هۆی هەڵکردنی ڕەشەبای " فۆهن " و "خەمماسین Khamsin "، کە لە بیاوانی عەرەبەوە لە باکورەوە هەڵدەکا و شەپۆلە ساردەکانیش دەبنە هۆی هەڵکردنی ڕەشەبا لەناو ئاسیاوەکە گەلێک جار لە مانگی ئایاردا دەبێتە هۆی بەفر کەوتن.

٢- ڕۆژئاوا و باشووری ڕۆژئاوای ئێران

شێوەی زەوی لە ناوچەی ئێرانیی وڵاتی کوردان دەمانخاتە سەر ئەو باوەڕەی دێوێکی زل بەدەست پاڵی بەسەر ڕووی زەوییەوە ناوە و چیاگەلێکی لێرە دەرپەڕاندووە و نشێوگەلێکی لەولا پێک هێناوە. ئەو چیایانەش کە بێ دەسکاریی ئەو دێوە زلە لە باکوری ڕۆژئاوادا بەجێ هێڵراوە گەردن کەش لە بەرزاییەکی بەرزدا وەک بەرزاییەکی بەرین دەنوێنێ بەرەو باشووری ڕۆهەڵات شۆڕ دەبێتەوە و چەندان شێوی نزم نێوانی هەر بەرزاییەک و بەرزاییەکی تر جودا دەکاتەوە و ڕووی زەوی جیاوازییەکی دیاری تێ دەکەوێ. دۆڵەکانی هەندێک ڕووباریش لە نشێو و ڕێڕەوی چیایی بەولاوە هیچی تر نییە، بەڵام شێوەکانی تر بەهۆی ناخی زەوییەوە بەرینترن وەک دۆڵی ڕووباری ئاراکس "ئاراس"، کە پانییەکەی لە نێوانی دە و چواردە میلە و دۆڵی سەفید ڕوود "ڕووباری سپی "ی پێچاوپێچ لە حەوزێکی نزم کە بەرینیی ١٥ میلی دەوری میانە "وهب" دەبێ: شاری میان دواب – میانی دوو ئاو "ی یەک لە شارە بەناوبانگەکانی کوردستانی ئێران. دیاردەی سێیەم کە شێوەڕوو " تضاریس "ی ئەم بەشە کوردییەی زنجیرە چیاکانی زاگرۆس، بوونی چەندان

دەوە گڕکانییە کە بە خڕبوونەوەی نیشتەنی بەدرێژاییی هێڵە شەقار شەقارەکانە. بە زۆریش لەسەر بەرزاییەکاندا پێک دێ و لووتکەکانی " سفالان! "ی (١٤٠٠٠ پێ) و " سەهد! "ی (١٢٠٠٠ پێ) و خرزانا (١١٥٠٠ پێ) دەردەکەون.

بە گشتیش بەرزییەکانی بەرزاییە بەردینەکە و شەپۆلاوییەکە یان بە چینە گڕە هاوێژراوە گڕکانییە تازەکان داپۆشراوە جیاوازییەکی لەیەکنەچوو لە کەشدا دێتە کایەوە، هەر بۆیەش بەدەگمەن دانیشتوان لەوێ دەژین، هەروەک بەرزاییی ڕۆئاوای " کویتا " لەسەر سنووری ڕۆئاوای پاکستان شوانە کۆچەرەکان نەبن هاوینان کە ماڵاتیان لەسەر بەرزاییە گڕکانییە ڕووتەکاندا دەلەوەڕێن کەس سەر لەم ناوچانە نادەن و زستانانیش بۆ شارەکان یان بۆ دۆڵە قووڵەکانی دەم ڕووباران شۆڕ دەبنەوە. چڕیی دانیشتوان لە ناوچە ڕووبارییە بەرینەکاندا پتر دەبێ کە جیاوازیی زۆر لە کەشدا کەم دەبێتەوە و بەپێتی لە ناوچە وشکە ڕووتەکان دیار دەبێ کە سەدان میل بەهەموو لایەکدا درێژ دەبێتەوە. یەک لەو شارانەی بەهۆگەلێکی جوگرافیایی و ئابوورییەوە بەرین بووە و پێشکەوتووە شاری مهایار " دەبێ مەهاباد بێ " کە لە ناوەندە هەرە بە بایەخە جەنگییەکانە لە ڕۆهەڵاتی " دەبێ: ڕۆئاوا.. بێ!" ئێرانە.

## کەش

کەش لەم ناوچەیە جیاوازییەکی گەورەی هەیە، هاوینی زۆر گەرمە و زستانەکەی زۆر سارده زۆر لە ڕێژەی ئەو ناوچانەی کەوتوونەتە سەر هەر ئەو هێڵی پانییە ساردترە.

## باران

لە چیاکانی مەهاباد و دەوروبەرەکەی و لە باشووری تەورێز و ڕەزائییەدا باران بەخوڕ دەبارێ.

باران بە گشتی لە مانگی ئاداردا زۆر دەبێ بەڵام باران نزیکەی بە درێژاییی زستان هەر دەبارێ، هەروەها تەزرە لە مانگی ئاداردا دەبارێ هەندێک جاریش لە مانگی نیسانیشدا، لە مانگەکانی تری ساڵدا نزیکە لە وشکی.

## با و ڕەشەبا

لە دیاردەکانی تر، هەڵکردنی ڕەشەبای توندە، کە جیاوازیی زۆر لە پلەکانی گەرمی پتر دەکا، ئەگەر لە زستاندا بێ یا لە هاوین. هاوینان ئەم ڕەشەبا توندانە دەبنە هۆی تەوژمێکی توندی وەرزانەی وشک کە لە باکوری ڕۆئاوای نیمچە پارزەوینی هیندستان و پاکستان و بلووچستانەوە دێ و بەرەو ڕۆئاوا تا دەگاتە ئێران و دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرمی کە دەگاتە ١٢٠ پلەی فەهرنهایت لە کاتێکدا ئەم ناوچەیە کاریگەریی زستانێکی زۆر ساردی بەسەرەوە دەبێ بەهۆی بۆرانە سیبیریاییەکانەوە لەبەر نەبوونی بەربەستی سروشتی ڕێ لە ڕەتبوونەوەی بای زۆر سارد و وشک بگرێ کە ڕوو دەکاتە باشووری ڕۆئاوا و لەلایەکی ترەوە ئەو چیایانەی لە ڕۆئاوا و

باشووردا هەن کاریگەرییەکانی دەریا گل دەداتەوە، کە تەنیا ناوچە دەرەکییەکانی کوردستانی ئێران نەبێ سوود لە ڕەشەبا مامناوەندییە شێدارەکان نەبینێ کە لە دەریای سپیی ناوەڕاست و دەریای قەزوین و کەنداوی فارسەوە هەڵدەکا.

هەروەها بەرزبوونی ڕووش دەبێتە هۆی ساردیی نائاساییی زستان و لەگەڵ ئەوەشدا کە بەرزیی ڕوو بە ڕۆژ توندیی گەرمیی هاوین زۆر خۆش ناکاتەوە بەڵام شەوانە دەبێتە هۆی داکەوتنێکی زۆری پلەی گەرمی. لە مەهاباد و ڕەزائییە " ورمێ "دا ڕێژەی پلەکانی گەرمی ساڵانە لە نێوانی ٣٥ پلە و ٤٥ پلەی فەهرنهایتدایە. لەبەر ئەوە لە کۆتاییەکانی زستان و سەرەتاکانی بەهاردا شەختە زۆر دەبێ. هەوریش زۆر کەم دەبێ. نەبوونی هەوریش بەگشتی لەو یاریدەرە بایەخدارانەیە کە دەبێتە هۆی جیاوازییەکی زۆر لە پلەکانی گەرمیی ڕۆژانە و وەرزانە. هاوینان هەتاو لەسەر ڕووی زەوییە لە هەور ڕووتەکاندا بەتین دەبێ و گەرمیی بەسەردا دەڕێژێ و شەوانە و لە ڕۆژانی زستاندا ئەو گەرمییەی زەوی مژیویەتی دەیداتەوە هەوا، بێ ئەوەی هیچ هەورێک ڕێی لێ بگرێ.

٣ - باکور و باکوری ڕۆهەلاتی عێراق

ئەم ناوچەیە بەلانکەی کوردستانی دێرین ناودەبرێ کە بەرزاییی هەرە گەورە لە ئاسیای ناوەڕاستدا وا دەنوێنێ کە وردە وردە لەگەڵ دەشتەکانی عێراقدا خابوور یەکی گرتووەتەوە و هەمووشی چیایی و لووتکە بەرز و دارستان چڕ و جگە لەلای باکوری ڕۆئاوای دەوروبەری مووسڵ و لەو ناوچەیەدا کە بە ڕووباری زێی گەورە و بەشەکانی سەرەوەی دیجلە و ڕووباری خابووری لقیەوە سنووردارە لە دەشتی بەپیت پێکهاتووە، بەلام بەشەکانی تری ناوچەکە بەتایبەتی لەلای باکوری ڕۆهەلاتدا، لە زەویی بەردەڵانی ڕووتی بە زنجیرە چیای تەریب پێک هاتووە کە دۆڵی قووڵیان لە نێواندایە. ئەم چیایانەش پێوەست نین، نشێوییەکی زۆریان لە ناودایە. هەروەها ڕووبار و دەشتی وشک کە بوونەتە هۆی پەیدابوونی ئەو شەقارە زۆرانەی لەم ناوچە بەرزەدا هەیە، پێکهاتنی دۆڵی ڕۆخ نشێویی زۆر کە هەندێکیان لە شەقار و گەرووی تازە پێکهاتوو پێک هاتووە، بەڕادەیەک کە قوڕی هەڵنیشتوویان تێدا نییە.

لە هەندێک لە ناوچەکاندا ڕووبارەکان ڕێگەیان ڕاست و ڕاست بەرەو دەشتەکانی دیجلە هەڵدەدڕن و ڕێگەی زنجیرەیەک شەقار و نشێوی قووڵ بە ناو چیای چڕدا ڕێ دەکەن. گەلێک جاریش ئەم شەقار و نشێوانە ڕێیان لە بەرزاییی چیاکانەوە هەڵدەدڕن، کە وا دەزانین لەو جۆرە قووڵاییەدا ڕووبار تەنیا بەخۆی ناتوانێ ڕێی خۆی هەڵبدڕێ. هەندێک لە زانایان پێیان وایە ئەم شەقار و نشێوانەی کوردەکان تەنگ "تەنگە"ی پێ دەڵێن لە بنەچەدا داتەپینی یەکتری بڕی ڕووی زەوین، بە گۆشەی ستوونی لە چاو تەوەری سەرەکی بەرزایی پێک هاتووە و ڕووبارگەلێک کە بە کاری ئاوی ڕەوانەوە قووڵاییان چتر بووە و هەندێک جاریش بەهۆی ڕەشەباکانەوە بووە. ئەم تەنگە وشکانەش کە هیچ نیشانەیەکیان نییە بەڵگەی ئەوە بێ بنە ڕووبارن. کەچی لە وەرزی باران باریندا پڕ دەبن لە ئاوی ڕەوان. ڕووی زەوی لە باکوری ڕۆهەلاتی کوردستان بوونی داخورانێکی

زۆر دەردەخا کە ئاوی ڕەوانی بەردەوام دروستیان کردوون و بەوەش بنە ڕووباری لە قوولاییی زۆردا هەڵکەندراوە کە ڕووباریان لە ئاستێکی زۆر کەمتر لە ئاستی ڕووی ئەو دەشتانەی دەوروبەریان پێدا دەڕوا و بە بەرزاییی ئەوتۆ سنوور دراون دەگەنە ٢٠٠ و ٣٠٠ پێ. خورەندەکەی ڕەواندز یەکێکە لە نموونەکانی ئەو شەقارانەی پەسنی جوگرافیاییی سەرەوە باسی لێ کردووە.

ئەگەر لە هەولێرەوە بە ڕێی بەناوبانگی هاملتوندا بەرەو ڕەواندز ڕەت بین، ئینجا سنووری عێراق بەرەو ئێران بپەڕینەوە زەوی داتەپینی سروشتیی سەیر دەبینین کە پێکهاتە جوگرافیاییە ڕۆئاواییەکان کاری خۆیان لە دیمەنی سروشتی دەکات و بەدیمەنێکی دەگێڕێ لە دیمەنەکانی جیهانی پەنهان، کە ئەم ناوچەیە لە پارچەیەکی لە مانگ یان لە مەریخ یان لە هەر وڵاتێک لە وڵاتە نادیارەکان دەچێ کە لەسەر شاشەی سینەمادا دەیبینین نەک لەم جیهانە ڕاستەقینەیە.

لەوانەشە ئەم داتەپینە سروشتییانە ئەنجامی پێکهاتەیەکی جیۆلۆجی بێ کە پێویستییەکی کوتوپڕ لە بنی کەنداوی عەرەبیی پێک هێنابێ بەهۆی کەڵەکەبوونی بڕی زۆر گەورەی نیشتووەوە، یان بەهۆی بەرزبوونەوە لە زنجیرە چیاکانی ئەنادۆڵ پێک هاتبن. لەوانەشە لە ئەنجامی قۆناخێکی کەشی کاتی شێی تێدا بەبڕێکی زۆری تێدا زۆر بووبێ، لە سەردەمی جیۆلۆجیی سێیەم یان چوارەمدا ڕووی داوە و ڕووبارەکان لافاویان لێ هەڵساوە و ڕووەکانی ڕامالیوە و شەقاری قووڵی تێ خستووە. ڕاڤەی ئەمەش بێگومان لە تەورات و قورئاندا لە چیرۆکی تۆفانی نووحدا هەیە. لە شوێنەوارە ئابوورییەکانی ئەم جۆرە شێوەڕووی زەوییە ئەوەیە کە لادانی قووڵی ڕووبارەکانی بەشی دێرینی وڵاتی کوردان ئاودێریی کردووەتە گرفتێکی گەلێک ئاڵۆز و ئەم کەمیی ئاودێرییە پەسنی سەرەکیی کوردانی خوڵقاندووە کە ژیانی ڕەوەندی و عەشیرەتگەرییە.

کەشوهەوا

کەش لەم ناوچەیەدا بەگشتی سارده، زستانان پلەی گەرمیی پتر لەو شوێنانەوە دادەبەزێ کە لەسەر هەمان هێڵی پانیدان، ئەمەش ئەوە لێک دەداتەوە کە بەردەوام شەختە بە لووتکەی چیاکانەوە هەیە، کە شەپۆلە ساردییەکی توند دەهێنێتە کایەوە کە کاردانەوەی باوبۆرانە سیبریاییەکان تا پشتی باشووری ڕۆئاوا و بەتایبەتی ناوەڕاست دەچن، لەم بەشەی وڵاتی کورداندا بایە تەوەرییە پارزەوییە ساردەکان بەسەر لووتکەکانی چیا بە بەفر داپۆشراوە لە دارستانە ڕووتەکاندا ڕەت دەبن.

باران

باران لە وەرزی زستان نەبێ نابارێ، تەزرەش پایزان و بەهاران دەبارێ، قەوارەی دەنکەکانی تەزرە گەلێک لەو دەنکە تەزرانە درشتترن کە لە ناوچەگەلی تردا دەبارێ، کە هەر لەسەر ئەو هێڵە پانییەدان. زستانانیش باران بە هەڵکردنی بای دەریاییی شێدار دەبارێ، کە لە دەریای سپیی

ناوەڕاستەوە لەسەر شێوەی داکەوتە هەواییە تەنکەکان کە شێیان کەم بووەتەوە هەڵدەکەن. چونکە بای شێدار لە پێشدا بەسەر چیاکانی ئەنادۆڵ یان چیاکانی سووریادا ڕەت دەبێ و زۆربەی شێیەکەی جێ دەهێڵێ تا دەگاتە ئەم ناوچەیە ئەوەندە شێی تێدا نابێ بەشی ئەوە بکا تێکەڵی ئەو بایە ببێ پێشتر هەیە کە هەندێک لە شێی بایە وەرزییەکانی تێدایە.

٤- باکوری ڕۆهەڵاتی سووریا

جوگرافیا

لەلایەن جوگرافیاوە، ئەم بەشەی وڵاتی کوردان دەکەوێتە جزیرە کە لە ژووروری دوو ڕووباری فورات و دیجلەدایە کە بەشێکی دانەبڕاوەیەتی. ئەم بەشەش لە وڵاتی کوردان کە دەکەوێتە ناو سنوورەکانی سووریای تازەوە، کە بەشی ڕۆهەڵاتیی جزیرەیە و لە ڕۆئاواوە ژووروەکانی ڕووباری فورات و لە باکورەوە زنجیرە چیاکانی تورکیای باکور سنووریەتی و ئەم بەشەی وڵاتی کوردانیش بە زۆری لە دەشتی بەرز و نزمی گردوبانێکی نزم کە لە بەرزای نێوانی ٥٠٠ و ١٠٠٠ پێی سەرووی ڕووی دەریادایە و دۆڵ و ڕووباری گچکەی ئەوتۆی تێدایە کە ڕێژگەیان نییە. گەورەترینی ئەم دۆڵانە کەندەکێکی بچووکە لە قووڵاییەکی زۆردا لە بانەکەدا هەڵکەنراوە کە لەناو سنوورەکانی عێراقدا دۆڵی سەرساری پێ دەڵێن. چەند ڕووبارۆکەیەک دۆڵەکە دەبڕن کە لەلای باکورەوە دێن بەڵام لەلای باشووردا بە ناو گۆماوێکی سوێردا شۆڕ دەبنەوە. لەوانەشە ئەم دۆڵە ڕێڕەوێکی کۆنی ڕووبارێک بووبێ و وشکی کردبێتەوە یانیش لەوانەیە بەهۆگەلێکی ناوەکییەوە پێک هاتبێ بەڵام هەرچۆنێک بێ لە دێرزەمانەوە بەڕێیەکی شێوە دیار دادەنرێ لە باکورەوە بەرەو باشوور دەچێ سەرەڕای ئەوەی کە لەوەرگەی کوردە مللییەکانە، لەلای باکوری ڕۆئاواوە چیای سنجارەکە درێژەی بەرزاییەکانی سووریایە. بەهۆی بەرزییەوە کە دەگاتە (٣٠٠٠ پێ) بە درێژای زستان لە بەشی ژووروی چیاکەدا بارانێکی زۆر دەبارێ و بەشێوەیەکی جێگیر بواری چاندنی دۆڵە نزمەکان دەدا، کوردە قزڵباش و میللییەکان لەم ناوچەیەدا جووتکاری و شوانکارەیی دەکەن.

لە دیاردەکانی تر لە جزیرەدا دۆڵی خابووری نیشتمانە دێرینەکەی میتانییانە کە ئاودێریی تێدا تا ڕادەیەکی بەرز پەرەی سەندووە و دانیشتوانێکی چڕی لێ گیرساوەتەوە. چیای عەزیزیش کە لەلای ڕۆئاوای ڕووباری خابوورەوەیە بە دیمەنێکی تری دیاردەکانی سروشت دادەنرێ، ئەمەش چیایەکی نزمە بەرزییەکەی ٢٥٠٠ پێ ڕەت ناکا. لە لێژاییەکانی چیای عەزیزیشدا دۆڵگەلی قووڵ قووڵ هەن پتر لە نۆ مانگی ساڵ وشک دەکەنەوە. زستانان باراناو ئەم دۆڵانە پڕ دەکەن و لە کۆتاییشدا دەڕژێتە ناو بیاوانی وشک و برینگ. لە ناوچە کوردییەکەدا ڕووبارۆچکەیەکی بچووک لە تەک ڕیققەدا کە شارێکی بایەخدارە دەڕژێتە ناو فوراتەوە، لێرەشدا تەنیا لە دەوروبەری ڕووباری بلێخدا نەبێ ناتوانرێ بەشێوەیەکی جێگیر زەوییەکە بچێنرێ، بەڵام لە دوای ئەوەوە کوردە موهرانییەکان ناتوانن مەڕوماڵاتیان بلەوەڕێنن.

## کەشوهەوا

کەشوهەواکە هاوینان زۆر گەرم و وشکە و زستانیشی سارد و شێدارە، لە کاتێکدا بەهار و پایز بە دوو قۆناغی کورتی ڕەتبوونەوەی نێوانی زستان و هاوین دادەنرێن، پاڵەپەستۆی نزمی وەرزانە لە بان کەنداوی عەرەبیتان و باکوری ڕۆئاوایی پاکستاندا پێک دی و بایەکە ڕوو دەکاتە ڕۆئاوا و دەبێتە هۆی ڕەشەبای باکوری ڕۆئاوایی و بەدرێژاییی هاوین هەڵدەکا و بە بای باکور ناو دەبرێ، هەروەها بای وشکی لە هەور بەتاڵ بەسەر زەوییە نزمەکاندا هەڵدەکا و پلەی گەرمی بەرز دەکاتەوە و لەبەر سێبەردا جارجار دەگاتە ١٢٠ پلەی فەهرنهایت، بەڵام شەوان بەهۆی جیاوازیی پلەی گەرمیی ڕۆژانەوە هەموو کات ساردە و دەشێ بەڕۆژ لە نزیک ڕووبار و گۆماوەکاندا بە هەڵمبوونی زۆر پلەی گەرمی چەند پلەیەک کەم بکاتەوە.

## بەروبوومە گرینگەکان

سەرەڕای نەبوونی لێکچوون و گونجان لە زۆربەی بوارەکانی وڵاتی کوردان بەڵام لێکچوونی دیار لە بەروبووی کشتوکاڵیدا لە هەموو بەشە تورکی و عێراقی و ئێرانی و سووریی وڵاتی کورداندا هەیە. لە ناوچە چیاییەکانی وڵاتی کورداندا هەموو جۆرە میوەیەک دەچێنرێ، لە دەشتایی و دۆڵە بەرینەکانیشدا گەنم و جۆ و برنج و گەنمەشامی و تووتن دەچێنرێ.

## جۆ

ئەو عەشیرەتە کوردانەی کاری کشتوکاڵی دەکەن جۆ بۆ خۆراکی خۆیان و ئالیکی ئاژەڵانیان بەکار دەهێنن، هۆیەکەشی ئەوەیە کە هێزی بەرگەگرتنی وشکیی هەوا و سوێریی خاکی پترە لە گەنم و برنج و لە ماوەیەکی لەوان کەمتر پێگەیینیەتی. لە دەشتەکانی ئاراکسیس " ئاراس " و مەهاباد و ڕەزائییە " ورمێ "ی ئێران و هەروەها لە ناوچەکانی مووسڵ و هەولێر و ڕەواندز و کەرکووکی باکوری عێراقدا، جۆ بەبڕی یەکسان دەچێنرێ.

## گەنم

گەنمیش وەک جۆ لە بەروبووە زستانییەکانە، بەڵام بوونی تەنیا لە ناوچە شێدارەکاندا هەیە، باشترین جۆری گەنم لە هەموو لایەکی وڵاتی کورداندا دەچێنرێ. نانی لە گەنم دروستکراوی کوردی بۆنێکی خۆشی دڵکێشی هەیە و هەردەم لەسەر خوانی خێزانە ئاست بەرزەکانی هەریەک لە تورکیا و ئێران و عێراق و سووریادا هەیە.

## برنج

برنج لە بەروبوومە بە بایەخەکانی ترە کە وڵاتی کوردانی وا لێ کردووە کە نەک هەر بژێویی بەشی

خۆی بەرهەم بهێنێ بەڵکو لەو ناوچانەشە کە دانەوێڵەی خۆراک دەنێرێتە دەرەوە و چاندنەکەشی تەنیا لەو ناوچانەدا دەبێ کە ئاوی زۆر و بەردەوامی بەسەرەوەیە، یانیش ئاودێرییان تێدا سانایە، جۆری برنجیش چاکترە لە جۆرەکانی گەنم و جۆ، خۆ ئەگەر ئاوی ئاودێری هەبێ دەتوانرێ چوار ئەوەندەی بەروبووم دەست بکەوێ و بەمەش سەرەڕای بەرتەسکی و کەمیی ڕووپێوی چێنراو – برنج دەورێکی بەبایەخی لە ئابوورییەکانی وڵاتی کوردان هەیە، ئەو برنجەی بە درێژاییی کەنارەکانی ڕووباراندا دەچێنرێ بەباشترین جۆری برنج دادەنرێ و بۆنی برنجی کوردی گەلێک لە بۆنی ئەو برنجی پەیغامی و بەسمەتی –یە خۆشترە کە لە پەنجاب دەچێنرێ. جۆری برنجی کوردی برنجی " بارا "مان بیر دەخاتەوە و کێڵگەکانی نزیک گوندی شێخان ئەو کێڵگە برنجانەمان بە بیر دەهێننەوە کە لە دۆڵی ڕووباری " بارا "ی دەشتەکانی خاجووری "بیشاور" دان لەسەر سنورەکانی باکووری ڕۆئاوای پاکستاندا. برنج و هەرزن دەورێکی گرینگ لە ئابووریی کوردانـدا دەبینێ، کە بڕی زۆری لێ بە کار دەهێنرێ بۆ گۆڕینەوەیان بە کاڵاو خوێ و هی تری پێویستییەکانی ژیان.

## بەروبووی لابەلایی

میوەجات و تووتن لە بەروبووە لابەلاییەکانی وڵاتی کوردانە، کە نزیکە هەموو جۆرە میوەیەک لە دۆڵ و باخە جوانەکانی هەموو لایەکی ناوچەکانی کوردان‌دا، لە تورکیا و ئێران و عێراق و سووریا دەچێنرێ. هەروەها خۆخی گەورە و هەڵووژە و هەنجیر و بەرقووق " بە جۆرە هەمەچەشنەکانیەوە و توو و باشترین جۆری ترێ " ڕەز "، دەنکەکانی ترێی کوردی گەورە و بێ تۆون و گەلێک خۆشە، ترێی ڕەش وشک دەکرێتەوە و هەروەها ترێی سپیی گەورەش و چاکترین جۆری مێوژ لە وڵاتی کوردانەوە دەنێررێتە دەرەوە.

بازاڕەکانی تەورێز و تاران و بەغدا و حەڵەب پڕن لە چاکترین جۆری میوەی وشککراوەی وەک خۆخ و بەرقووق و هەڵووژە و توو و هەروەها گوێز و باوی و پستە " فستق "ەکانی.

داری گوێز و بەڕوو بەزۆری لە چیل کوردییەکاندا دەڕوێن، بەمەش کارگە ناوخۆیەکانی پێستە خۆشکردن پێویستییەکانی پێستە خۆشکردنیان بۆ دابین دەکرێ. هەروەها توێکلە دارهەنار کە بە زۆری لە هەموو لایەکی ناوچەکەدا دەڕوێ بۆ ئامادەکردنی چاکترین جۆری بۆیاخ بەکار دەهێنرێ.

## ئاژەڵداری

ئەم پیشەیە بەپیشەیەکی نەتەوەیی نزیکەی هەموو گەلی کورد دادەنرێ هەر ئەمەش کەسایەتیی کورد پێک دەهێنێ و هۆی گونجانی پیشەی ئاژەڵداریش نزیکیی نێوان ئەو زەوییە وشکەی بەرێکوپێکی ئاو نادرێ لە دەشتە چێنراوەکان و مەڕ لە هەموو ئاژەڵەکانی تریش زۆرترە لە پاڵ ئەوەی کوردەکان گۆشتیان لە مەڕ دەست دەکەوێ، جۆرە خوریی نایابیشیان لێ بەدەست دەهێنن کە لە هەناردە سەرەکییەکانی کوردە بۆ دەرەوە خوریی مەڕ لە تەونکاریی بەڕەی ئەستوور و

دروستکردنی ڕایەخ و عابا و جلوبەرگی خوریی تریشدا بەکار دەهێنرێ بەڵام بزن لە ناوچە چیاییەکاندا نەبێ کە لەگەڵیدا دەگونجێ لە جێی تر نییە. بەبایەخترینی بەروبوومی بزنیش ماستە کە کەرە و پەنیر و هی تری لێ دەردەهێنرێ. پەنیری کوردییش لە بە تامترینی جۆرەکانی پەنیرە لە هەموو جیهاندا. ئاغا کوردەکان مانگا و گامێشیش بەخێو دەکەن بەڵام مەڕ و بزن جۆری هەرە بە بایەخی ئاژەڵانە و بەبڕبڕەی پشتی لبادی کوردی دادەنرێ. ناوچە کوردییەکان مەڕ بۆ بازاڕە ئێرانی و عێراقی و تورکی و سوورياييەکان دەنێرێ، تا ڕابردوويەکی نزيکيش ئەو ڕێيە سەرەکييەی مەڕی پێدا هەناردە دەکرا ڕێگەی باکوری ڕۆژئاوای عێراق و سووريا بووە، مەڕەکان بەپيادەيی بەرەو بازاڕەکانی ڕۆژئاوا لە ڕێی ڕەققە و حەڵەبەوە دەڕانرا، کە يەک لەو زەحمەتييانەی لەم ڕێيەدا هەيە، باران بارينی بەشێوەيەکی نارێک بوو لە ناوچەکەدا کە بەزۆری و لە سەرتاسەری ڕێيەکەدا دەبووە هۆی قاتوقڕيی لەوەڕگە، کە کاری گوازتنەوەی مەڕوماڵاتی دوا دەخست. بەڵام ڕاکێشانی هێڵی ئاسنی نێوان عێراق و تورکيا و سووريا، ئەم بارودۆخەی گۆڕی و حەڵەب و ڕەققە بوون بەبايەخترين وێستگەی وەرگرتنی مەڕوماڵاتی هەناردەی خاکی کوردان. هەروەها سەلمێنرا کە ڕێی گواستنەوەی وشکانی بە ئۆتۆمۆبێلی بارەبەر لە کوردستانی باشوور و بەشی ڕۆژهەڵاتی تورکيا باشتر و بەپەلەترە و ئابووريترە لە گواستنەوەی مەڕوماڵات لە لەوەڕگە نيمچە ڕووتەکان.

## کانزاکان

بێگومان نەوت سامانە کانزاييە سەرەکييەکەی وڵاتی کوردانە، بيرە نەوتەکانی مووسڵ و کەرکووکيش بە بيرە هەرە بەبايەخەکانی جيهان دادەنرێن، لە پاڵ ئەوەشدا کە ئەم بيرانە يەدەکێکی گەورەی نەوتيان تێدايە، گرينگترينی تايبەتمەندييەکانی ئەم بيرانە ئەوەيە کە نەوت لە هەموو لايەکی خاکی کورداندا لە خۆيەوە دەردەپەڕێ چونکە لەژێر پاڵەپەستۆيەکی تونددايە، بەمەش تێچووی هێنانە سەر ڕووی زەويی نەوتەکە کەمترە و ئێستاکە بەبايەخترين دوو کێڵگەی بەرهەمهێنانی نەوت لە زەوييەکانی کورددا يەکێکيان لە بابە گوڕگوڕدايە(*)، کە چيايەکی نزيک شاری کەرکووکە لە باکوری عێراقدا و کێڵگەی دووەم لەسەر سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی عێراق و ئێرانداية لەو ناوچەيەی عەشيرەتەکانی گۆران و کەڵهوڕی لێ دادەنيشن لە قەسری شيرين و کرماشان و دەوروبەريان. هەروەها لە کەرکووک يەدەکێکی ئێجگار گەورەی نەوت لە يەک کێڵگەدا هەيە درێژييەکەی لە نێوان ٥٠ و ٦٠ ميلە و پێوەندييە کراوەکەی لەگەڵ ناوەوەی ئەم کۆگا بەردينە ياريدەی بە پاڵەپەستۆيەکی خۆيی دەرچوونی نەوتی خاو دەکا. ئێستا لە کێڵگەکانی نەوت لە کەرکووک کە بۆ يەکەم جار لە ١٩٢٧ بەکار براوە، ڕۆژانە پتر لە (١٠٠٠٠٠) بەرميل دەردەکرێ بەڵام لە توانادا هەيە ڕۆژی (٢٤٠٠٠٠) بەرميل بەرهەم بهێنرێ لەگەڵ يەدەکێک کە بە (٥٠٠٠) مليۆن بەرميل دادەنرێ.

نەوتی کەرکووک بە لوولە لە بياوانەوە دەگوێزرێتەوە بۆ بەندەری تەرابولس و بانياس لەسەر

دەریای سپیی ناوەڕاستدا، لەوێشەوە بە بارەبەری نەوت دەبرێتە کارگەکانی پاڵاوتن لە بەریتانیا و فرەنسا، بەم بۆنەیەشەوە نەوتی کەرکووک بەهۆیەکی سەرەکی دادەنرێ بۆ ئەوەی توانای جووڵە بە سوپاکانی ئەوروپا بدات، تا بتوانێ لە هەموو شەڕێکدا کار بکەن. لەم ساڵانەی دواییشدا لە ساڵی ١٩٥٦ەوە لە عەین زالە و ناوچەکانی عەشیرەتەکانی بارزانیی کورددا کێڵگەگەلێکی بە نەوت زۆر دەوڵەمەند دۆزراوەتەوە. ئەم نەوتەش دەستی بەڕۆیشتن کردووە بۆ کارگەکانی پاڵاوتنە ئەوروپاییەکان. یەدەکی عەین زالەش لەوەی کەرکووک کەمتر نییە.

ناوچەکەی تری بەرهەمهێنی نەوت لە خاکی کوردانەدا دەکەوێتە ناوچەکانی عەشیرەتەکانی گۆران و کەڵهوڕ و " کەنکانی " لە هەرێمەکانی کرماشان و نەفتخانە و خانەقین لەسەر سنوورە ڕۆهەڵاتییەکانی عێراق. نەوتی خاویش لە " ئەڵوەن " لە دووریی ٣٠ میلی نزیک خانەقین دەپاڵێورێ و بەرهەمەکە لەناو خودی عێراقدا بەکار دەهێنرێ. حکوومەتی عێراق ئەم بەشەی لە پیشەسازیی نەوتی بەخۆماڵی کرد.

لە نەفتشای بەری تری ناو ئێران نەوتی خاو بەهێڵی لوولەی ڕۆژانە بەڕێژەی سەد تەنی نەوت دەگوێزرێتەوە کرماشان. ئەم نەوتەش لە ناوەخۆدا بەکار دەهێنرێ و لە پاڵ ئەم سامانە زۆر گەورەیەی نەوتدا جۆری تری زۆری کانزا لە چیاکانی کوردانەدا هەیە. خەڵووز و بەردی گەرمایی لە هەموو لایەکی کوردستانەدا هەیە و لە تواناندا نییە بڕیار لە جۆری خەڵووزەکە و کانزا بەنرخەکانی تر بدرێ، تەنیا بەلێکۆڵینەوەی جیۆلۆجیی ورد نەبێ، هەروەها " لجنایت !" و کرۆم و خوێ و قسڵ لە هەموو ناوچەکانی خاکی کوردانەدا هەیە. ڕێژەی بەرهەمهێنانی لجنایت لە کفری " لە ناوچەی عەشیرەتی خونشان!! "دا ساڵانە ٣٥٠٠ تەنە.

ئاژەڵە کێوییەکان

لەو گیاندارە کێوییانەی لە دەشتەکانی خاکی کوردانەدا هەیە، بەور و وشەک و کتکە کێوی و ورچ و کەمتیار و بەرازە کێوی و گورگ و ڕێوی و چەقەڵ و مامزی سوور و ئاسک و (الحلوف) مامزی کووڕ و نێریی سپی و چێلەکێوی لە لاپاڵەکانی چیاکاندا و نێری و (المغلون) لە تەک گورپە و کەروێشکی کێوی و (السنسار) و جۆران کتکە کێوی و هی تر لە گیانلەبەری گچکەی تر.

نە شێر و نە پڵنگ لە چیاکاندا نییە، هەر چەندێک جاروبار شێرگەل لە تەک ڕوباری دیجلەدا کۆ دەبنەوە و پڵنگیش لە دارستانەکانی قەزویندا زۆرن. لە مەلە ڕاوکەرەکانیش (کیکی) و کەوی گەورە و (سەممان) و مریشکە کێویلە و (سنقب) و سێ جۆر چرگ، هەروەها قاز و مراویی کێویلەشی زۆرن.

***

پەڕاوێز

(*) دانەر لە کتێبۆکەیەکی بچووکدا بەناوی "بابە گوڕگوڕ مێژووی نەوت لە عێراق"دا باسی ئەم ناوچەیەی دوور و درێژتر کردووە.

# له بارزانەوه..
# تا مەهاباد و یەکەتیی سۆڤیەت و
# ئەنفال و زیندەبەچاڵکردن

جگەرسۆز پێندرۆیی

ئەگەر لاپەڕەکانی مێژووی گەلەکەمان هەڵدەینەوه، پڕیەتی لە داستان و جۆش و خرۆشی شۆڕشگێڕانه و قوربانیدان و بەرپاکردنی شۆڕش و ڕاپەڕین و بەرخودان، ئەم هەموو خەبات و قوربانیدانەش لە پێناو ڕزگاربوون بووه لە زوڵم و جەور و ستەم و چەوسانەوه و بەدەستهێنانی ئازادی و سەربەخۆیی، چونکە کورد یەکێکە لەو گەلە ستەمدیدانەی کە بە درێژاییی مێژوو کەوتووەتە بەر لافاوی لەناوبردن و قەلاچۆکردن.

تەنانەت ڕەنگە هیچ گەلێک بە قەدەر گەلی کورد لەلایەن نەیار و دوژمنانیەوه نەچەوسێندرابێتەوه و مافی پێشێل نەکرابێت و ئاوارەو دەربەدەر و ئەنفال و زیندەبەچال نەکرابێ.

بەڵام ئەم گەلە هەرگیز خۆی بەدەستەوه نەداوه و شەڕی مان و نەمانی دژ بەداگیرکەرانی کوردستان کردووه و هەر بە هۆی ئەم ڕۆحی بەرخودان و شۆڕشگێڕانەش بووه توانیویەتی هەبوونی خۆی بۆ دۆست و دوژمنانی بسەلمێنێ و خاک و کولتوور و زمانی خۆی بپارێزێ و درێژه بە ژیان بدات.

بێگومان تا ئێستە بە دەیان شۆڕش و ڕاپەڕین لە سەرتاسەری کوردستان بەرپا کراون، وەک شۆڕشەکانی دەرسیم و شێخ مەحمودی حەفید و شێخ عوبەیدوڵلای نەهری و شێخ سەعیدی پیران و سمکۆی شکاک و قازی محەمەد و... تاد، بەڵام یەکێک لەو دەڤەرانەی کە بە مەڵبەندی شۆڕشەکان ناسراوه و وەک کێوە سەرکەشەکانی کوردستان لە بەردەم دوژمناندا چەقیوه و بەرگریی لە مافەکانی کورد کردووه و چۆکی بە دوژمنان داهێناوه، دەڤەری بارزان بووه، ئەم دەڤەره مەڵبەندی چەندان شۆڕش و ڕاپەڕینی کوردستانه، هەر لە شۆڕشی شێخ عەبدولسەلامی بارزانییەوه بگره تا شۆڕشەکانی شێخ ئەحمەد و مەلا مستەفا بارزانی، هەموو ئەو شۆڕشانەش

نیشانە و هێمان بۆ خۆڕاگریی کورد و بەڵگەن لەسەر زیندوویەتیی ئەم گەلە قارەمانە.

راستە زۆرجار بە هۆی نابەرابەری و ناهاوسەنگیی هێزی مادی و لەشکری و دارایی لە نێوان کورد و دوژمنانیدا، داگیرکەران زەفەریان بە کورد بردووە و بڵێسەی شۆڕشەکەیان بۆ ماوەیەکی کورت خامۆش کردووە، بەڵام هەرگیز نەیانتوانیوە تا سەر دەنگی ئازادیخوازان کپ بکەن و ڕۆحی خۆڕاگری و بەرخودان لەناو دڵ و دەروون و جەستەی ئەواندا بکوژن.

نموونەشمان لەم بارەیەوە لە مێژوودا زۆرە، لێرەدا جێی خۆیەتی باسی بەشداریکردنی کوردەکانی پارچەکانی تری کوردستان بکەین لە دامەزراندنی یەکەم کۆماری کوردستاندا، کە بە کۆماری مەهاباد ناسراوە، لەوانەش کوردەکانی کوردستانی باشوور، هەروەک دەزانین دوای تێکچوونی شۆڕشی بارزان لە ساڵانی (١٩٤٤-١٩٤٥)دا، کە شێخ ئەحمەدی بارزانی و مەلا مستەفای بارزانی ڕابەرایەتییان دەکرد، نەک هەر شۆڕشگێڕەکان خۆیان بەدەستەوە نەدا، بگرە سەرکردەکانی شۆڕش لەگەڵ سەدان خانەوادە و ئەفسەر و پێشمەرگەی خۆڕاگر ڕێگەی کوردستانی ڕۆهەڵاتیان گرتە بەر و بڕیاریان دا وەک ئەرکێکی نەتەوایەتی و نیشتمانی بەشدار بن لە پاراستنی کۆماری کوردستاندا، ئەڵبەتە کوردەکانی باشوور بە گشتی و بارزانییەکان بە تایبەتی ڕۆڵێکی زۆر چالاک و ئەکتیڤیان هەبوو لە پاراستنی ئەم کۆمارەدا و بە سەدان پێشمەرگە لەگەڵ هەموو ئەفسەر و سەرکردەکانیان، چەکی شەرەفیان کردە شان و چوونە ڕیزی سوپای کۆماری کوردستانەوە و بڕیاریان دا وەک سەربازێکی دڵسۆز و بە وەفا لە خزمەت ئەم کۆمارەدا بن و تا رووخانی کۆماریش لەلایەن داگیرکەران و ئیمپیریالیزمەوە هەر بەخۆڕاگری مانەوە.



دوای ڕووخانی کۆماریش کوردەکانی باشوور هەر خۆیان بەدەستەوە نەدا و، زیاتر لە ٥٠٠ پێشمەرگە بڕیاریان دا لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی درێژە بە خەبات بدەن و بە هیچ شێوەیەک خۆیان بەدەستەوە نەدەن، بەڵام بارودۆخی ئەوسای کوردستان گونجاو نەبوو بۆ ئەوەی درێژە بە خەباتی شۆڕشگێڕانەی خۆیان بدەن، دوو ڕێگەیان لە بەردەم دابوو، یان خۆبەدەستەوەدان، یاخۆ کۆچکردن بۆ یەکەتیی سۆڤیەت، بەڵام ئەوان ڕێگەی دووەمیان هەڵبژارد و، بڕیاریان دا سەر بۆ دوژمنان شۆڕ نەکەن و لە شەڕێکی دەستەویەخەدا توانییان سنووری ناودەوڵەتیی هەرسێ وڵاتی (عێراق-ئێران-تورکیا) ببڕن و پەنا بۆ یەکەتیی سۆڤیەت ببەن، دوای زیاتر لە ١٢ ساڵ، گوزەراندنی ژیان لە ئاوارەیی و تاراگە و دوور لە خاکی نیشتمان و کەسوکاریان، دواجار دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٩٥٨ لە عێراق، بارزانی و هەڤاڵەکانی توانییان بە سەربەرزی بۆ وڵات بگەڕێنەوە و وەک پاڵەوان لەلایەن گەلانی عێراقەوە پێشوازییان لێ بکرێت.

بەڵام دوای تێکچوونی شۆڕشی ١٩٥٨، کورد ناچار کرایەوە دەست بە شۆڕش بکاتەوە و چەکی خەبات و بەرخودان بکاتە شان و بەرگری لە خاکی کوردستان بکات، دوای هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٧٥، بە دەیان هەزار کەس ئاوارەی ئێران بوونەوە.

ڕێژیمی بەعسی گۆڕبەگۆڕیش بۆ نەهێشتنی شۆڕش و بەرخودان، بە هەزاران گوندی کوردستانی خاپوور کرد و خەڵکی ئەو گوندانەی ڕاپێچی کۆمەڵگە زۆرەملێیەکان کرد، دەڤەری بارزانیش کەوتە بەرشاڵاوی خاپوورکردن و خەڵکی سیڤیلی ئەو ناوچەیە لە کۆمەڵگەکانی (قوشتەپە و بەحرکە و هەریر و دیانا) گیرسانەوە، بەڵام دوژمن بەمەش نەوەستا و بە دەیان هەزار کوردی بێ تاوانی لە پرۆسەی بەدناوی ئەنفالدا زیندەبەچاڵ کرد، بارزانییەکانیش بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتن و بە هەزاران کەس لە بارزانییەکان لە کۆمەڵگەکانی (قوشتەپە و بەحرکە و هەریر و دیانا) ئەنفال و زیندەبەچاڵ کران، کە لەنێویاندا بە سەدان پیرەمێرد و منداڵیشی تێدابوو، لەنێو ئەوانەشدا (٦٤) کەس ئەو کەسانە بوون کە بە (هەڤاڵانی بارزانی ناسراون)، واتە لەگەڵ مەلا مستەفای بارزانیدا بەشدارییان لە کۆماری مەهابادا کردبوو و چووبوونە یەکەتی سۆڤیەتەوە.

ئەمەش ناوی ئەو (٦٤) کەسەیە لەو (٥٠٠) کەسانەی کە بە هەڤاڵانی بارزانی ناسراون و بۆ یەکەتیی سۆڤیەت کۆچیان کردبوو و لەلایەن ڕێژیمی سەدامی گۆڕبەگۆڕەوە ئەنفال و بێ سەروشوێن کرابوون و، ناوی خۆیان تا ئەبەد لە مێژووی پڕ سەروەری کورد و کوردستاندا

تۆماری ناوی هەڤاڵانی بارزانی ئەنفالکراو و زیندەبەچاڵکراو:

١- ئالو عەلی ئالو عوسمان

٢- ئیبراهیم خۆشەوی ڕەشید حەجی

٣- ئەحمەد بریندار جیجو

٤- ئیسماعیل شیخومر ئیسماعیل سلێمان

٥- ئیسماعیل تەها عەلی خالید
٦- بیرو حمو ئیبراهیم
٧- تیلو باقی محەمەد
٨- جادر عزیز حەمید فەقێ ئەحمەد
٩- جتو محەمەد عەبدولکەریم
١٠- جومعە مستەفا یوسف مستەفا
١١- جەمیل عەبدوڵڵا حەسەن عەبدوڵڵا
١٢- حاجی عەلی سلێمان
١٣- حدو محەمەد ئەحمەد بریا
١٤- حەسەن سلێمان مەلازازوکی
١٥- حەسەن محەمەد سەلیم عەبدولوەهاب عومەر
١٦- حوسێن سلێمان مەلا حوسێن
١٧- حوسێن محەمەد جیجو سۆفی
١٨- حوسێن ملکو محەمەد مەسیح
١٩- خەلیل عەلی سلێمان
٢٠- خمو شمدین بایزدین قادر
٢١- خوستی سنجو خوستی بیرو
٢٢- خۆشەوی سۆفی محەمەد همر
٢٣- داود عەلی جەمیل عەلی
٢٤- سەعید عومەر جەمیل عەزیز
٢٥- سەعید مەلا عەبدوڵڵا قاسم
٢٦- سەلیم سەعید فەقێ عەبدوڕەحمان
٢٧- سلێمان عەبدوڵڵا ئیسماعیل حەسەن
٢٨- سەید فەقێ عومەر
٢٩- شاحوسێن عەلی حەمەد شاحوسێن
٣٠- شاهین ئیبراهیم شاهین مەحموود
٣١- شەفیق مەلا عەبدوڵڵا قاسم
٣٢- شێخ اومر شنیک مەلا اومر
٣٣- شێخ مرادخان شێخ
٣٤- شێخ وەسمان محەمەدئەمین فەقێ

٣٥- ساڵح ئەحمەد حوسێن سیامەند
٣٦- ساڵح تاهیر خزیران محەمەد شەریف
٣٧- ساڵح عەلی مەحموود خیروزوکی
٣٨- تەها ئەسکەندەر حەسەن دیوالی
٣٩- تەها حەجی تەها
٤٠- عەبدوڵڵا ساڵح عەبدوڵڵا ساڵح شیفکی
٤١- عوسمان حەسەن مەحموود بیانی
٤٢- عومەر بابیر نبی مەلا
٤٣- عومەر حەسەن عەلی سامی
٤٤- عومەر شینو عەبدوڕەحمان
٤٥- عومەر محەمەد ئەحمەد نیجیر
٤٦- عیسا خالید حوسێن خالید
٤٧- عیسا محەمەد ملکو
٤٨- قادر ئیبراهیم شاهین مەحموود
٤٩- قاسم سەعدی عەبدی ئیبراهیم
٥٠- کەریم ملکو ئەحمەد وەسمان ئاغا
٥١- مالخو میرالی سەلیم میرو
٥٢- محەمەد عەزیز محەمەد
٥٣- محەمەد عەلی ئەلیجان عەلی
٥٤- محەمەد مام ڕەش شمدین
٥٥- مەحموود عوسمان نەبی نەبی
٥٦- مستەفا سەعید جیجو ئەحمەد
٥٧- مستەفا محەمەد بابەکر سلێمان
٥٨- مستەفا محەمەد تەها
٥٩- مفردی خانو حدو مفردی
٦٠- مەلا کوج خدر عەلی
٦١- میرزا عەبدوڵڵا میرخان
٦٢- میکائیل محەمەد جبرائیل عەبدوڵڵا
٦٣- هسد محەمەد خالید حەسەن
٦٤- همیر قادر باج ئاغا

# عێراق و کورد

## ڕووبەڕووبوونەوەی ترسی پاشەکشە

### ڕاپۆرتی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست ژمارە ١٠٣ ، ٢٨ی ئاداری ٢٠١١

گرووپی تەنگژەی نێودەوڵەتی
بۆ ڕێگرتن لە ململانێ لە سەرتاسەری دنیا

٢ لە ٢

---

سێیەم: مەتەڵی ئاسایش لە کەرکووک

گرووپی تەنگژەی نێودەوڵەتی پێشتر جەختی لەسەر گەرمیی بارودۆخی هێڵی تەماس کردبووەوە کە ئەو ناوچانە لە تەواوی عێراق جیا دەکاتەوە کورد دەڵێن لە ڕووی مێژووییەوە سەر بە کوردستانە و دەسەڵاتدارانی کوردیش دەیانەوێ بیخەنەوە سەر کوردستان و هێزە تەناهییەکانی کوردستایان ڕاسپاردووە کە بیپارێزن لە هەر تەجاوزێکی هێزەکانی عێراقی فیدرال[٩٤]. ئەم هێڵە تەقریبەن بەناوەندی ناوچە کێشەدارەکاندا دەڕوات بۆی هەیە پێشبینیی سنوورێکی داهاتوو بکات بە نێوان کوردستانی فرەوانبوو و باقیی عێراق ئەگەر مادەی ١٤٠ ڕێگەی پێ بدرێت بەر بگرێت.

لە کاتێکدا تیشکیی زۆر خراوەتە سەر پارێزگەی نەینەوا لە ماوەی ساڵ و نیوی ڕابردوودا دوا بەدوای زنجیرەیەک لە ڕووداو لەسەر هێڵی تەماس[٩٥]، پارێزگەی کەرکووک مەترسیدارترین ئاستەنگی مەودادووری لەخۆ گرتووە بەهۆی داواکارییە بەردەوامەکانی کورد بۆ وەرگرتنەوەی ئەو ناوچانە و هەبوونی عەمباری گەورەی نەوت. نیگەرانییەکی سەرەکی لە هەردوو پارێزگەی نەینەوا و کەرکووک (و، تا ڕادەیەکی کەمتر پارێزگەی دیالە) بریتییە لە هەبوونی هێزی تەناهیی کوردی کە فەرمان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە وەردەگرن یان لە دوو پارتە سەرەکییەکان لە جیاتیی حکوومەتی فیدراڵ یان حکوومەتە ناوخۆییەکان. ئەو هێزانە پێشمەرگەن، شەڕکەر گەریلای

.................................................................

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: رابەر یوونس

پێشووی کە ئێستە هێزی پاسەوانیی هەرێمیان پێک هێناوە، لە هێزێکی پارامیلیتەری (زێرەڤانی) و هێزی پۆلیسی تەناهیی سەر بەحزب (ئاسایش)، وێڕای دەزگەگەلی هەواڵگری کە لەلایەن پارتییەوە پێیان دەگوترێ "پاراستن" لەلایەن یەکێتیشەوە "زانیاری"[٩٦].

چارەنووسی هێزە کوردییەکان لە هەرێم، لەوانەش کێ مووچەکانیان بدات (لەبەرئەوەی ئەو هێزانە پاسەوانیی سنووریش دەکەن لەسەر سنووری سووریا و ئێران و تورکیا) سەرچاوەی مشتومڕ بووە لە نێوان حکوومەتی هەرێم و حکوومەتی فیدراڵ بۆ چەندان ساڵ. کێشەکە بەشێکە لە پرسی فرەوانتری دەسەڵات و بەشکردنی سەرچاوە ئابوورییەکان لە نێوان بەغدا و هەولێر کە ئێستە پرۆسەی پێکهێنانی حکوومەت هیوای تازەی وەبەر ناوە. پرسێکی جیا و، تەنانەت ئەستوورتر، بریتییە لە چی لە هێزە تەناهییە کوردییەکان بکرێ کە لەو ناوچانەی دەرەوەی هەرێم کە دەستوور بە جێناکۆکیان وەسف دەکات بڵاو کراونەتەوە. بۆ حکوومەتی هەرێم، ئەو هێزانە دەبێ بمێننەوە بۆ پاراستنی کوردەکان، بە لە بەرچاوگرتنی بیرەوەریی ستەم و بەعەرەبکردنی بەرفرەوانی ڕابردوو، هەروەها بۆ پتەوکردنی هەلی دواجار خستنەوە سەری ئەو ناوچانە بۆ سەر هەرێم. لە بەرامبەردا، حکوومەتی فیدراڵ و دەسەڵاتە مەحەلییەکان دەیانەوێ بالادەستیی خۆیان بۆ سەر ئەو ناوچانە کە دوای داگیرکاریی ٢٠٠٣ لە دەستیان داوە، درێژ بکەنەوە. بۆ کەمکردنەوەی گرژییەکان، ئەمەریکا میکانیزمی هێزی هاوبەشی لە شوێنە سەرەکییەکان دانا بەدرێژاییی هێڵی تەماس لە کۆتاییی ٢٠٠٩دا[٩٧].

ئەم میکانیزمانە پێک هاتبوون لە خاڵی پشکنینی هاوبەش، دەورییەی هاوبەش کە لە ڕەگەزی هەموو لایەنە سەرەکییەکان پێک هاتبوون: هێزی پاسەوانیی کوردی و سوپای عێراقی و پۆلیس، لەگەڵ ئەفسەرە ئەمەریکاییەکان کە لەگەڵ ئەو هێزانەدا هاوپێچ کراون بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هاریکاری و پێوەندییان. ئەو میکانیزمانە هەروەها بەشێکی ئەرکانیان بریتی بوو لە هاوئاهەنگی لە سەنتەری تایبەتیدا لەگەڵ کۆبوونەوەی زوو زوو کە تێیاندا فەرماندەی بالای هەموو لایەنە ڕکابەرەکان هەلی ئەوەیان دەبێ کێشەکان تاوتوێ بکەن. ئەم هەوڵە کە لە سەرەتادا مشتومڕی لەسەر بوو لەلایەن سیاسەتوانانی تورکمان و عەرەبی کەرکووک کە لە بەرژەوەندیی کورددا بێت، بەڵام سەلماندی کە سوودی هەیە بەشێوەیەکی بەرفرەوان بووەتە مایەی قبووڵکردن، بەلایەنی کەم لە کەرکووک، بەڵام بەشێوەیەکی کەمتر لە نەینەوا.

خەڵکانی جیاوازی سیاسی لە ناوچە کێشەدارەکان بەتایبەتی کەرکووک بەشێوەیەکی کراوە ترسی خۆیان لە داهاتووی دوای کشانەوەی هێزە ئەمەریکاییەکان – کە ئەو ترسە وەکو کەتیرەیەک ئەو میکانیزمانە بەیەکەوە ڕادەگرێت – دەرنابڕن، لە کاتێکدا بەپێی خشتەی دیاریکراو ئەو هێزانە پێش کۆتاییی ٢٠١١ دەبێ بڕۆن. ئێستە پرسیارەکە بووەتە: دواتر چی؟ ئاخۆ شتێکی هەیە کە دەتوانێ شوێنی خاڵی پشکنین و دەورییە هاوبەشەکان بگرێتەوە و ڕێگە لەوە بگرێت ڕووداوێکی بچووک ئاگرێکی فرەوانتری لێ بکەوێتەوە و پێشوەچوون لە بەرەی سیاسەت

بوەستێنێت؟ بۆچوونەکان بەشێوەیەکی زۆر گەورە جیاوازن، مەسەلەکەش زیاتر تێک ئالاوە بەهۆی ئەو هەڵوێستە نەگۆڕانەی زۆرێک لە ناوچە جێناکۆکانەی کە هێزە ئەمەریکاییەکان ئەمساڵ جێیان ناهێڵن.

ئەوان دەڵێن کە ئیدارەی ئۆباما ئەوەی بەنرخێکی زۆرەوە بەدەستی هێناوە ناکاتە قوربانی و ئەو هەڵە ستراتیجییە بۆ ئیهمالکردنی هەڕەشەی ناوچەیی ناکات ئاماژەیەکی ژێر پەردە بۆ دەستتێوەردانی ئێران[٩٨]. هەروەها هۆشیاریی ئەوە دەدەن کە جێهێشتنی هێزەکانی ئەمەریکا بۆی هەیە ببێتە هۆی تەقینەوەیەک لە کەرکووک شوێنەکانی تر لە ناوچە جێناکۆکەکان[٩٩].

١- میکانیزمی تەناهیی هاوبەش

ڕەنگە چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووک لە هەمووان زەحمەتتر بێت لەبەرئەوەی بە پێچەوانەی نەینەوا[١٠٠]، سەرانی کوردی دەڵێن ئەو پارێزگەیە بەتەواوی هی کوردستانە و پێداگری دەکەن کە بەپێچەوانەی ناوچە کێشەدارەکانی تر ئەوان ناتوانن لە کەرکووک تەنازول بکەن. تەنانەت ئەگەر لەسەر چارەسەرێکی مامناوەندیش لەسەر زەوی ڕێک بکەون ڕەنگە پێداگری بکەن کە تەواوی شاری کەرکووک بخەنەوە سەر کوردستان لەگەڵ ناوچەکانی تری باکور و ڕۆهەلاتی شار کە بەشێوەیەکی سەرەکی کوردین. گرژییەکان لە چەندان فاکتەرەوە سەرچاوە دەگرن: جموجۆڵێکی ئاست نزم بەلام بەشێوەیەکی چەکداری (بڕوانە خوارەوە)، هەبوون و چالاکییەکانی هێزەکانی ئاسایشی کوردی (بڕوانە خوارەوە) هەروەها لالموزییەکی بەردەوام لە نێوان هێزی پاسەوانی هەرێم و سوپای عێراقی.

هێزە تەناهییەکانی دەوری شار کە سەر بەسوپای عێراق و پۆلیسن لەگەڵ هێزی پاسەوانی هەرێم بەسەر سێ بازنە یان چیندا بلاو کراونەتەوە. دوو بازنەکانی ناوەوە بە پۆلیس کۆنترۆڵ کراون (لە خوارەوە زیاتر تاوتوێی دەکەین)، بەلام بازنەی دەرەوە کە بالادەستە بەسەر ڕێگەکانی نێزیکبوونەوە لە کەرکووک لەلایەن لیوای ١٠ی هێزی پاسەوانی هەرێم سەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و فیرقەی ١٢ی سوپای عێراق.

لیوای ١٠ کۆنترۆڵی ئەو ناوچەیە دەکات کە دەکاتە باکور و ڕۆهەلاتی شار - هاوسێی هەرێم کوردستان - کە بارەگاکەی لە قەرەهەنجیرە (گوندێکە لەسەری ڕێگەی کەرکووک-هەولێر)، لە کاتێکدا فیرقەی ١٢ کۆنترۆڵی ڕێگەکانی باشوور و ڕۆئاوا دەکات کە بارەگاکەی پێی دەگوترێ ناوچەی سەرکردایەتیی کەی-١[١٠١].

لەوەتەی فیرقەی ١٢ لە ساڵی ٢٠٠٩دا گەیشتووەتە ئەو ناوچەیە، چەندان ڕووداو تا ڕادەی ململانێی کراوە هاتوون[١٠٢]. لە بیری زۆر لە کورد، ئەو فیرقەی، کە نێزیکەی لە سەدا ٧٥یان عەرەبن، لەلایەن حکوومەتی مالیکییەوە بلاو کراونەتەوە بۆ ئەوەی شوێنی فیرقەی لیوای ١٥ی فیرقەی ٤ کە لەلایەن کوردەوە سەرکردایەتی دەکرا، بگرێتەوە بۆ ئەوەی بەر بەکاریگەریی کورد

بگرێت و دووبارە باڵادەستیی عەرەب بەسەر کەرکووکەوە بسەپێنێتەوە. ئەوان دەڵێن مالیکی سەرکردەی ئەو فیرقەی - رائید عەبدولئەمیر رەزا ئەلزیادی - بەشێوەیەکی تایبەت هەڵبژاردووە لەبەرئەوەی ئەو ئەزموونی پێشووی سەردەمی ١٩٩٠ەکانی هەیە لەو ناوچەیەدا، کاتێک سوپای عێراقی و هێزی پێشمەرگە بەدرێژاییی هێڵی سەوز - هێڵی باڵادەستی کە هەرێم ئۆتۆنۆمیی کوردستانی لە ساڵی ١٩٩١ەوە تا ٢٠٠٣ دیاری دەکرد - جێگیر کرابوون و، کەرکووک ڕووبەڕووی تەعریب بووبووەوە. ئەوان هەروەها باوەڕیان وایە کە ئەو فیرقەی بەدوای بیانوویەدا دەگەڕا بۆ ئەوەی بچێتە ناو کەرکووک[١٠٣].

ئەفسەرانی سەربازیی ئەمەریکایی لە کەرکووک لە ساڵی ٢٠٠٩دا نیگەرانییان دەربڕی کە هەردوولا ڕەنگە تموحی سەربازییان لە هەگبەدا بێت: هێزە کوردییەکان کە هەر لەودیوی هێڵی سەوزیش بڵاو کرابوونەوە ڕنگە بەدوای ئەوە بن لە هێڵی تەماس تێ پەڕن و کۆنترۆڵی شار و ناوچەکانی تریش لەو پارێزگەیە بکەن[١٠٤]، بەهەمان شێوەش، سوپا ڕەنگە هەوڵ بدات بچێتە ناو کەرکووک و ئەو ڕێگانە کۆنترۆڵ بکات کە بەرەو سلێمانی و هەولێر دەچن[١٠٥].

ڕووبەڕووبوونەوەیەک ڕەنگە بەخێرایی تەشەنە بکات[١٠٦]. لە شوباتی ٢٠١١دا، نیزیکەی ١٠,٠٠٠ سەربازێکی کوردی ڕەوانەی ناوچەکانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کەرکووک کران و تەنگژەیەکیان نایەوە. (بڕوانە خوارەوە) لە ئابی ٢٠٠٩دا، دوای ٢ مانگ لە کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە شارەکان و لە وەڵامی گرییەکان لە نەینەوادا دوای سەرکەوتنی حەدبا لە هەڵبژاردنەکانی شوباتدا لە ئەنجوومەنی پارێزگە، جەنەراڵ ئۆدێرنۆ، سەرکردەی هێزە ئەمەریکاییەکان لە عێراق، پێشنیازی کرد هێزەکان ئەو شان بەشانی سوپای عێراق و پێشمەرگەی کورد لە ناوچە جێناکۆکەکان بڵاو بکرێنەوە بۆ ئەوەی کردەی هاوبەش ئەنجام بدەن. ئامانج ئەوە بوو پێوەندی و هاریکاری و هاوئاهەنگی لە نێوان ڕکابەرەکان دروست ببێت و دەرفەتی توندوتیژ کەم بکرێتەوە[١٠٧].

بەپێی ئۆدێرنۆ، ئەو پێشنیازە دوای داوای یارمەتیی تەناهیی ئەمەریکا بە درێژاییی هێڵی تەماس هات لەلایەن هەریەک لە سەرەک وەزیران و سەرۆک بارزانی[١٠٨]. ئۆدێرنۆ کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ وەزیرانی بەرگری و ناوەخۆی عێراق و وەزیرانی ناوەخۆ و پێشمەرگەی کوردستان ئەنجام دا لە بەغدا لە ١٦ی ئاب[١٠٩]. دوا بەدوای ئەم کۆبوونەوەیە، دوو کۆبوونەوەی تری هاوشێوە هات یەک لە ئەیلوول ئەوی تر لە تشرینی یەکەم کە لەمیانەیاندا هەموو لایەک بەلاغێکی مەبدەئەکانیان بە ڕەسمی ئیمزا کرد بۆ ئەوەی ببێتە ڕێنوێنیکەر بۆ میکانیزمە تەناهییە نوێیەکان.

کۆبوونەوەکانی نێوان سەرانی عەسکەری لە بەغدا بە کۆبوونەوەی لیژنە تەناهییە ناوەخۆییەکانی کەرکووک کە لە فەرماندەی لیوای ١٠ی هێزەکانی پاسەوانی کوردستان و فیرقەی ١٢ی سوپای عێراقی و پۆلیس و فەرماندەکانی هێزە ئەمەریکاییەکان پێک هاتبوو، تەواو کرا.

لە ئەیلوولی ٢٠٠٩دا، کۆبوونەوەکە گەیشتە ڕێک کەوتن لەسەر شەش خاڵ کەرکووک ناوچەیەکی جێناکۆکە، بەرپرسیارێتیی تەناهییەکەی لە ئەستۆی پارێزگار و پۆلیسە، ناوچەکانی باشوور و ڕۆئاوای لەژێر کۆنترۆڵی سوپای عێراقی دەبێت، ناوەکانی باکور و ڕۆهەڵاتی لەژێر کۆنترۆڵی هێزی پاسەوانیی هەرێمی کوردی دەبێت، خاڵەکانی پشکنین لەلایەن پۆلیسەوە بەڕێوە دەبرێت و لەژێر سەرپەرشتیاری عەسکەریی ئەمەریکایی، لەگەڵ دروستکردنی هێزێکی هاوبەشی ٥٠٠ سەربازی لە بنکەی هێزەکانی ئەمەریکا لە کەرکووک بۆ جەنگان لە دژی چەکداران لە سەرتاسەری پارێزگەکەدا (لەوانە ناوچە شارییەکانیش)[١١٠].

لەگەڵ مانگی شوباتی٢٠١٠دا، میکانیزمە تەناهییە هاوبەشەکان بەتەواوی کەوتنە کار. شەش خاڵی پشکنینی هاوبەش لە دەوروبەری کەرکووک دانران، ١٥ش لە نەینەوا و پێنجیش لە دیالە. ئەو خاڵانەی زۆر تۆکمەن بەڵام لە ناوچەی دیاریکراوی خۆیاندا جێگیرن، بەتایبەتی ئەو ڕێگەیانەی دەروەی کەرکووک، مووسڵ و خانەقین.

لە نەینەوا و دیالە، ئەو خاڵانە سەربازین لە دەرەوەی ناوچە شارییەکان، لە کەرکووک، بەپێەوانەوە، ئەو خاڵانە تەنیا لەلایەن پۆلیسەوە کۆنترۆڵ کراون لەبەرئەوەی هەر ڕێک لە دەوروبەری کەرکووکن. هەر لایەک دەسەڵاتی ڤیتۆی بەسەر ئۆپەراسیۆنەکاندا هەیە، تا ئێستەش بەسەرکەوتوویی بەڕێوە چوون[١١١].

لە کەرکووک، هەوڵەکان لەلایەن سەنتەری هاوئاهەنگیی کەرکووکەوە، کە هەموو فەرماندە تەناهییەکان لەخۆ دەگرێت، سەرپەرشتی دەکرێن. ئەرکی دابینکردنی کارمەند بۆ ئەو خاڵە پشکنینە هاوبەشانە دراوە بە یەکەی پاڵپشتیی فریاکەوتنی پۆلیس کە لیوایەکی نیوچە عەسکەرییە (لە سێ بەتالیۆن پێک دێت) و نێزیکەی ٢.٥٠٠ پیاوی هەیە بە فەرماندەیی لیوا خەتاب عومەر عارف، کورد، لەژێر سەرکردایەتیی گشتیی جەمال تاهیر بەکری فەرماندەی پۆلیسی کەرکووکە، کە ئەویش هەر کوردە. ئەرکی بەڕێوەبردنی ئەو خاڵی پشکنینانە نێزیکەی نیوەی لیواکەی سەرقاڵ کردووە. بێجگە لەوەش، ئەمەریکا هێزێکی تەناهیی هاوبەشیان پێک هێنا کە نێزیکەی ٢٠٠ پیاوی لەخۆ گرتبوو، بە سەرکردایەتیی کاپتنێکی ئەمەریکایی و سیمبۆلی پێناسەکەی سەری شێرێک بوو. ئەو هێزە لەناو شاری کەرکووک کە لای ئەوان بە زەردێنەی هێلکە ناودەبرێ، هەروەها لە دەوروبەریشی کە لای ئەوان بە سپێنەی هێلکە ناودەبرێ، ئەرکیان بەجێ دەهێنا، تەنیا ئەو ناوچانە نەبێ کە دەکەوێتە باشوور و باشووری ڕۆئاوای ئەو پارێزگەیە کە بەشێوەیەکی سەرەکی عەرەب و تورکمانن و لیوای ١٠ی هێزە کوردییەکان ناتوانێ بچێتە ئەو ناوچانەوە و لە بەرامبەریشدا فیرقەی ١٢ی سوپای عێراقی ڕێگەی پێ نادرێ بپەڕێتەوە بۆ ناوچەکانی باکور و ڕۆهەڵاتی ئەو پارێزگەیە و، هیچ یەکیش لەم دوو هێزانە ڕێگەیان پێ نەدراوە بچنە ناو سەنتەری شاری کەرکووک. (لە پارێزگەی کەرکووک، هێڵی تەماس لە باکوری ڕۆئاوا بۆ باشووری ڕۆهەڵات بەنێو شاری کەرکووکدا دەڕوات) ئەمە ڕێکخستنێکی ئاڵۆزە بەڵام لەوەتەی ساڵێک و نیوی

دەستبەکاربوونی پێ دەچێ لەلایەن هەموو دانیشتوانی ناوچەکەوە جێی قبووڵکردن بێت.

سەرەتا عەرەب و تورکمانی کەرکووک ئەو ڕێکخستنە نوێیەیان ڕەت کردەوە، بەشێوەیەکی سەرەکی لەبەرئەوەی وایان دەبینی کە ئەمە ڕێگەیەکە بۆ کورد، بە پاڵپشتیی ئەمەریکا، بۆ ئەوەی شەرعییەت بەبوونی تەناهیی خۆیان لە ناوچە جێناکۆکەکان بدەن و بەم شێوەیەش هەنگاوێکی تر هەڵبێنن بەرەو واقیعێک کە بەشێکی پارێزگەکە دەخرێتەوە سەر هەرێمی کوردستان[112]. سیاسەتوانێکی تورکمان گوتی:

من هاوڕام کە ئێمە پێویستیمان بە هێزە بۆ پاراستنی خەڵک و شارەکە، بەڵام لەم حاڵەتەدا ئەو شێوازەی کاری پێ دەکرێ لەسەر هەڵە دانراوە: کە بەشداریی هێزی پێشمەرگەی کوردییە کە لە کوردستانەوە هاتوون. ئەوان تەنیا لە ناوەوەی کوردستان یاسایین نەک دەرەوەی. کورد ڕێگرن لە بەردەم هێزەکانی سوپای عێراق لە چوونە ناو کوردستان بێ مۆڵەتی ئەوان، لە کاتێکدا هێزە کوردییەکان دەتوانن ئەو بڕیارەی خۆیان پشتگوێ بخەن و بێنە کەرکووک. ئەمە بۆ ڕازیکردنی سیاسەتی کوردە نەک خەڵکی کەرکووک. ئێمە دژی کورد نین بەڵام دەمانەوێ هەموو خەڵکی کەرکووک (بە هەموو پێکهاتەکانیەوە) لە هێزێکی لەو جۆرەدا بەشدار بێت. ئێمە دەترسین کە ئەم هێزە کوردییە بچووکە قەوارەی گەورە بێت و کۆنترۆڵی تەواوی داوودەزگە تەناهییەکانی ئەو شارە بکات وەکو بەشێک لە پلانی گێڕانەوەی کەرکووک بۆسەر هەرێمی کوردستان جا بەشێوەیەکی شەرعی بێت یان بە هێز بێت. ئێمە لە سیاسەتی ئەمەریکا نیگەرانین، کە هەموو کات پشتی کورد دەگرێت. ئێمە هەموومان لەو هاوپەیمانێتییە کوردی– ئەمەریکاییە ئاگەدارین.[113]

سیاسەتوانانی عەرەب و تورکمان هەروەها نیگەرانییەکی قووڵیان لە بەرامبەر هەبوونی هێزی پۆلیسی تەناهیی کوردی لە شار و شارۆکەکان و گەڕەکەکانیان پێشان دا. تەنانەت سەرکردەیەکی پۆلیسی کوردی شارەکەش ڕەوایەتیی بەو نیگەرانییەوە بینی:

کاتێک ئەم بیرۆکەیە هاتە ئاراوە، بەرهەڵستییەکی زۆر لەلایەن عەرەب و تورکمانەوە هەبوو و هەموو کۆک بوون لەسەر ڕەتکردنەوەی. هۆکاری زۆر لەو بەرهەڵستییانە بریتی بوو لەوەی کە ئاسایش لە ساڵانی ڕابردوو خەڵکێکی زۆری گرتووە، ڕفاندووە و هەڕەشەی لێ کردوون و توندوتیژیی بەکار هێناوە لە کاتی گرتنی خەڵک. زۆر لە گیراوەکان براون بۆ شوێنی نادیار لە سلێمانی و هەولێر، کەسوکاریشیان چارەنووسیان نازانن. ئەوان تەنیا ئەوە دەزانن کە ڕۆڵەکانیان لەلایەن ئاسایشی کوردییەوە گیراون.[114]

لەوەش گرینگتر، سیاسەتوانانی عەرەب و تورکمان ئامادەسازییان ئەنجام نەدابوو کاتێک بەرپرسانی ئەمەریکا بیرۆکەی دروستکردنی میکانیزمی تەناهیی هاوبەشیان پێشنیاز کرد. کاتێک بەرپرسە سەربازییە ئەمەریکاییەکان و دیپلۆماتکارەکان بیرۆکەکەیان ڕوون کردەوە و فەرماندە و سیاسەتوانە دیارەکانی ناوچەکەیان کۆ کردەوە، بەرهەڵستییەکە پووچەڵ بووەوە[115].

لەو کاتەوە، ئەفسەرانی سەربازیی ئەمەریکایی لە کەرکووک کۆبوونەوەی دوو هەفتە جارێکیان ئەنجام داوە لەگەڵ هەموو سەرکردە سەربازییەکان و فەرماندەکانی پۆلیس لەو ناوچەیە، بۆ ئەوەی سەرەتا بنبەستەکە بشکێنن و دواتر متمانەی نێوان چین و پێکهاتەکان دروست بکەن لە کاتێکدا چارەسەرێکی سیاسی لەبارەی چارەنووسی کەرکووک لە ئارادا نییە[١١٦]. ئەمەریکا هەروەها مەشقیشی پێشکێش بە هێزە هاوبەشەکانی پێشمەرگە و سوپای عێراقی کردووە بۆ ئەوەی ڕێزی هاوبەش لە نێوانیاندا پەرە پێ بدات، ئەمە وێڕای پەرەپێدانی بەلێهاتوویییان و زیادکردنی هاوکاری لە نێوانیان.

هەموو لایەک کۆکن لەسەر ئەوەی پێوەندییەکان گەرموگوڕ بوونەتەوە و گرژییەکان سارد بوونەتەوە، تەنانەت ئەگەر بەردەوامیش بن لە تەماشاکردنی شەڕ[١١٧]. ئەفسەرێکی پۆلیسی ناوەخۆ وەسپی دەورییە هاوبەشەکانی کرد کە تەناهییان بۆ ناوچەکە هێناوە و متمانەیان دروست کردووە: "ئێمە پێویستە سوپاسی هێزە هاوپەیمانەکان بکەین بۆ پاڵپشتیکردن لە بیرۆکەیەکی ئاوا و هێنانە دی. پێش دروستکردنی ئەم هێزە، پێوەندی لە نێوان پۆلیس و فیرقەی ١٢ی سوپای عێراقی باش نەبوو، هیچ هاوکارییەک لە نێوانیاندا نەبوو. ئەمەریکایییەکان توانیویانە کۆیان بکەنەوە، کێشەکانیان چارەسەر بکەن و وایان لێ بکەن بەیەکەوە کار بکەن" هەروەها ئەوەشی خستە سەر کە :"کورد حەز ناکەن سوپای عێراقی پاسەوانیی ناوچەکانیان بکەن. ئەوان پێیان وایە ئەم سوپایە و سیاسەتی حکوومەت هەروەکو پێشانە. ئەوان لە سوپا دەترسن، بەڵام کاتێ بینییان سوپا شان بەشانی ئەمەریکایییەکان و پێشمەرگە پاسەوانییان دەکرد، ئەوانیش بیریان گۆڕا. هەمان شتیش لەگەڵ عەرەبەکان ڕووی دا: ئەوان حەز ناکەن پێشمەرگە لە ناوچەکانیان بن، بەڵام ئەوانیش لەگەڵی ڕاهاتن[١١٨].

متمانە لە پێکهاتە نوێیەکەدا بەشێوەیەک بوو کە سوپا توانی بچێتە ناو شاری کەرکووک لە کاتی هەڵبژاردنەکانی ٧ی ئاداری ٢٠١٠ بێ ئەوە ڕووبەڕووی ڕەخنەی توند ببێتەوە _ کەرکووک لەو ڕۆژەدا تاکە شاری عێراقی بوو سوپای عێراقی بچێتە ناوی. سوپا لە وەڵامی داوایەکی ئەمەریکایییەکاندا ئەو کارەی کرد کە ئامانج لێی برێتی بوو لە پاراستنی تەناهیی بنکەکەکانی دەنگدان و پاسکردنیان لە هێرش و توندوتیژیی تر. لە کاتێکدا کە بڵاوکردنەوەی ئەو هێزانە کارێکی سەرکەوتوو بوو، کە سوپای عێراقی لە دووریی بنەکەکانی دەنگدانەوە وەستابوون، هەندێ سیاسەتوانی (ناکورد) گلەیی ئەوەیان هەبوو کە ئەو هێزانە تەنیا لە گەڕەکە عەرەبی و تورکمانییەکاندا هەبوون و لە گەڕەکە کوردییەکاندا نەبوون، وەک ئەوەی ئەو هێزانە قەدەغە بێت بچنە ناو ئەو گەڕەکانە لەبەر بەرهەڵستیی کورد.[١١٩]

ئەگەرچی ناوە ناوە گلەیی هەبوو لەبارەی لایەنگیری و تەحەیوزەوە، تەوافوقی کەرکووک پێ دەچێ کە بەهۆی ئاسانکاریی خاڵە پشکنینە هاوبەشەکان و دەورییە هاوبەشەکانەوە بەهەبوونی سەربازی ئەمەریکایی لەنێو ڕیزی یەکە کوردی و عەرەبییەکاندا، کە پێوەندیکردن لە نێوان

پێکهاتەکاندا ئاسان دەکەن و زەوینە خۆش دەکەن، بووەتە بەشێکی بنچینەیی بۆ تەناهی و جێگیریی ناوچەکە.

بە هێزێکی گەورەی زرێپۆشەوە، یەکە سەربازییە ئەمەریکاییەکان کە تا هەڵمەتی ئابی ٢٠١٠ لە کەرکووک جێگیر کرابوون – لیوای یەکی فیرقەی دووی زرێپۆش و لیوای یەکی فیرقەی گەڕۆکی سوارچاکی لەنێو قورسترین هێزی ئەمەریکایی بوون لە ڕیزەکانی تەواوی سوپای ئەمەریکا (نەک تەنیا لە عێراق)، کە بەرزبوونەوەیەکی گەورە بوو لە هێزی شەڕوانی لە بەرامبەر ئەو تاکە بەتالیۆنەی ئەمەریکا لە کۆتایی ٢٠٠٨دا لە کەرکووک هەیبوو. کاتێک ئەرکی شەڕوانی ئەمەریکا بەشێوەیەکی رەسمی لە ئابی ٢٠٠١ کۆتایی هات، لیوای یەک دووبارە وەکو "هێزێکی ئامۆژگاری و هاریکاری" لە کەرکووک ڕاسپێردرایەوە. لە کاتێکدا چەندان لە یەکە زرێپۆشە قورسەکانی ئەو لیوایە عێراقیان جێ هێشت، بەڵام هێشتا هێزێکی شەڕوانی بەرچاوی مابوو لە شانە یاریدەرەکانی.[١٢٠]

پشتبەستن بە هێزەکانی ئەمەریکا بۆ پاراستنی ئاشتی ڕەنگە لە حاڵی حازردا سەر بگرێت، بەڵام دۆخەکە زیاتر کێشەی تێ دەکەوێ کە کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا دێتە پێشەوە. لە کاتێکدا پەیماننامەیەک دوا بەدوای ڕێککەوتننامە تەناهییەکەی نێوان حکومەتی مالیکی و حکوومەتی بوش کە لە ساڵی ٢٠٠٨دا ئیمزا کراوە، لە ئارادا نەبێت، خاڵی پشکنینە هابەشەکان و دەورییەکان بە درێژایی هێڵی تەماس لە دوای کانوونی یەکەمی ٢٠١١ چیی تر هێزە ئەمەریکاییەکانیان لەگەڵدا نابێت. زۆر کەس نیگەرانییان پێشان داوە کە شتەکان ڕەنگە لێک بترازێن. سیاسەتوانێکی تورکمان پرسیاری کرد: "ئێستە ئەو یەکانە لەژێر کۆنترۆڵی ئەمەریکاییەکاندا کار دەکەن. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە: کاتێک ئەمەریکاییەکان دەڕۆن، کێ بەرپرسیارێتییان دەگرێتە ئەستۆ؟"[١٢١] جێگری فەرماندەی پۆلیسش، تۆرهان یوسف بەشێوەیەکی زۆر ڕاستەوخۆتر ئەمەی دەربڕی:

واز لە دروشمە نیشتمانپەروەرییەکانیان بێنە: هەموو کەس لێرە کۆکە _ بە عەرەب و کورد و تورکمان – لەسەر ئەوەی کە ئێمە پێویستیمان بە هێزە ئەمەریکاییەکان هەیە لە کەرکووک. ئەوان ئێمە بەهاوسەنگی دێڵنەوە. واقیعی کەرکووک ئەوەیە کە ئاسایش باشە، بەڵام سیاسەت جێگیر نییە. ئێمە پێویستیمان بە کاتە بۆ ئەوەی دۆخی سیاسیی کەرکووک جێگیر بێت. کشانەوەی ئەمەریکا هەڵەیەکی کوشندەیە[١٢٢].

دوای چەند مانگێک بە هێزێکی زیاترەوە دووپاتی کردەوە کە :"پێویستە سەربازە ئەمەریکاییەکان بمێنینەوە، ئەگەرنا شەڕی ناوەخۆ دەقەومێ"[١٢٣]. فەرماندەیەکی پۆلیسی کورد لەوە کەمتر ڕەشبین نەبوو کاتێک گوتی: "من بەتەواوی دڵنیام کە شاری کەرکووک لە ماوەی ٢٤ سەعات دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا دەکەوێتە شەڕی ناوەخۆ، دڵنیاتان دەکەمەوە هۆکارەکەشی ئەوەیە هیچ متمانەیەک لە نێوان لایەنەکاندا نییە. کارەساتێک دەقەومێ و کاتێکیش

که ئەوە لێرە ڕوو بدات تەنانەت کاریگەریی بۆ سەر بەسرەش دەبێت."

ئەو ڕوونی کردەوە کە: نەتەوایەتیی جیاواز لە دائیرەکانی حکومەتی ناوەخۆییدا و دەزگەکانی تردا هەن و ئەوانە بەڕاستی دڵسۆزی دەوڵەت نین. ئەگەر ئەمەریکاییەکان بکشێنەوە، ئەوانە دەگەڕێنەوە سەر کارکردن بۆ بەرژەوەندیی حزبەکانیان کە کاتی خۆی لە بەدەستهێنانی کارەکانیان یارمەتیدەریان بوونە. من تەنیا باسی لەباریەکچوونی هێزە تەناهییەکان ناکەم کە لەگەڵ کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا ڕوو دەدات، بگرە ئەوەی لێی دەترسین شەڕی ناوەخۆییە[١٢٤].

جەنەراڵ ئۆدێرنۆش لە دیمانەیەکی تەمووزی ٢٠١٠دا (دوو مانگ پێش ئەوەی عێراق جێ بێڵێت) ئەو دوو ترس و نیگەرانییانەی خەڵکی کەرکووکی دووپات کردەوە کە ڕەنگە میکانیزمی تەناهیی هاوبەش، کە ئەو دایمەزراند، دوای کشانەوەی ئەمەریکاییەکان بەردەوام نەبێت، ئەو گوتی ڕەنگە پێویست بکات هێزێکی ئاشتیپارێزی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان دوای ٢٠١١ ڕێ لە لێکخشانی لایەنەکان بگرێت لە کەرکووک[١٢٥]. هیچ گفتوگۆیەکی ڕەسمی تا ئێستە لەبارەی بڵاوکردنەوەی هێزێکی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کەرکووک ئەنجام نەدراوە بەشێکی لەبەرئەوەی حکوومەتی عێراقی داوای لە نەتەوە یەکگرتووەکان نەکردوە و ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیش پێشنیازی هێزێکی وای نەرکردووە، تەنانەت هیچ جۆرە گفتوگۆیەکی جدیش لەبارەی بڵاوکردنەوەی هێزێکی وا لە عێراق ئەنجام نەدراوە[١٢٦].

٢- چەنگەچڕی لەسەر ئاسایش

ئەگەر سوپا چینی دەرەوەی تەناهیی کەرکووک بگرێتەوە، هێزەکانی پۆلیس زۆر گرینگن لە ناوچەکانی دانیشتوان لە چینەکانی ناوەند و ناوەوەی کەرکووک. چینی ناوەند کە قەزا و ناحیەکانی کەرکووک دەگرێتەوە پێک هاتووە لە هێزەکانی پۆلیس لەژێر فەرماندەی سەرحەد قادر کە کوردە. چینی ناوەوە، شاری کەرکووک، لەلایەن پۆلیسەوە کۆنترۆڵ کراوە لەژێر فەرماندەی بورهان تەیب تەها کە تورکمانە. ئەوانە هەردوو ڕاستەوخۆ فەرمان لە فەرماندەی پۆلیسی پارێزگەوە وەردەگرن، جەمال تاهیر بەکر، کە ئەویش کوردە، لەگەڵ جێگرەکەی تۆرهان یوسف عەبدوڕەحمان کە تورکمانە[١٢٧].

وێڕای ئەمانە، چینی ناوەند هێزەکانی ئاسایش و زێرەڤانیش لەخۆ دەگرێت[١٢٨]. لەوەتەی دروستبوونی میکانیزمی تەناهیی هاوبەش، هاوکاری لە نێوان پۆلیس و سوپا باشتر بووە. نوێنەرانی لقەکانی هێزەکانی ئاسایش لە نووسینگەیەکی هاوبەشدا، سەنتەری هاوکاریی کەرکووک، لە ئاستێکی باڵادا بە بەردەوامی کۆ دەبنەوە کە دەکەوێتە بنکەیەکی سەربازیی عێراقی لە دەرەوەی کەرکووک.

فەرماندەی (کوردی) قەزا و ناحیەکانی کەرکووک باسی لە جۆرێک لە بەرەوپێشچوونێکی

بەردەوامی نێوان پۆلیس و سوپا کرد کە لەلایەن عەرەب کۆنترۆڵ کراوە و ڕێگەی پێ نادرێ بچێتە ناو گوندەکانەوە تەنیا بە یاوەریی پۆلیس نەبێت: "ئێمە ئێستە هاوئاهەنگییەکی زۆر باشمان لەگەڵ سوپادا هەیە، لە کاتێکدا پێشترێ ئەمە مەسەلەیەکی هەستیار بوو. ئەرکی سوپا ئەوەیە دەوری ناوچەیەکی دیاریکراو بدات و کاری ئێمەش ئەوەیە خەڵک بگرین بەپێی مۆڵەتی دەستگیرکردن، لەبەر ئەوەی سوپا لە کەرکووک ڕێگەی پێ نەدراوە کەس بگرێت"[١٢٩].

هاوئاهەنگییەکی لەو جۆرە زۆر گرینگە لەبەرئەوەی لە کاتێکدا هەڕەشەی چەکداری هەروەک لە هەموو ناوچەکانی تری عێراقیش کەم بووەتەوە، بەڵام هێشتا هێشی توندوتیژی ماوە. چەندان گرووپ لە کەرکووک هێشتا کاران و کێشە سیاسییەکانی ئەو پارێزگەیە دەقۆزنەوە[١٣٠]. وێڕای هەموو ئەو پێشوەچوونە، هێشتا پۆلیس کێشەی پرسی هاوسەنگیی نەتەوەیی هەیە کە سیاسەتوانە تورکمان و عەرەبەکان کوردەکان بەوە تاوانبار دەکەن کە کۆنترۆڵی پۆلیسیان کردووە و ئامانجی دواییشیان ئەوەیە کەرکووک بخەنەوە سەر کوردستان. هێزی پۆلیس (چینی ناوەند و ناوەوە) کە لە ٦٣٠٠ کەس پێک هاتووە بەشێوەیەکی سەرپێیی لە ٤٠٪ی پێک هاتووە لە کورد، لە٣٠٪ی عەرەب و لە ٣٠٪ی تورکمان[١٣١].

جێگری فەرماندەی پۆلیس کە تورکمانە ئەو ژمارانەی پشتڕاست کردەوە بەڵام ئەوەشی خستە سەر کە ئەو ژمارانە بۆ تەواو هێزی پۆلیس وایە نەک لە ڕیزی ئەفسەرانی پۆلیس. ئەو گوتی لە ڕیزی ئەفسەرانی پۆلیسدا، لە ٥٢٪ کوردن (٤٠٠ ئەفسەرن)، لە ٣٩٪ عەرەبن (٣٠٠ ئەفسەر) لە ٨٪ تورکمانن (٦٢ ئەفسەر) هەروەها لە نێوان یەک بۆ دوو لە سەدیش کلدۆئاشوورین کە ١٢ ئەفسەرن[١٣٢].

بەڵام فەرماندە کوردەکەی پۆلیس ئەو ژمارانەی هاوکارەکەی ڕەت کردەوە. ئەو گوتی لەو ٤٠٠ پۆلیسەی لەژێر فەرماندەی ئەون لە ٤٧٪یان عەرەبن و لە ٢٧٪یان کوردن و لە ٢٤٪یان تورکمانن و لە ٢٪ش کلدۆئاشوورین. ئەو تێک نەکردنەوەیە لە ژمارەکان _ کە ئەویش نموونەیەکی تر سرووشتی مشتومڕهەڵگری کێشەی دیمۆگرافیایی لە کەرکووک بۆی هەیە لە بڕیارێکی وەزارەتی ناوەخۆ کە هێشتا جێبەجێ نەکراوە، بۆ تێکەڵکردنەوەی ٤٠٠ چەکداری پێشوو (کە دواتر بوونە ئەندامی سەحوە) لەگەڵ پۆلیس لەسەر ئەو بەرهەڵستییەی ئەو فەرماندەیە. لە ئەنجامی ئەوەشدا، ئەو گوتی "ئەندامی عەرەب و تورکمان ژمارەیان بەرز دەبێتەوە و کورد کەم دەبێتەوە. ئەمە کێشەیەکی سیاسییە"[١٣٣].

کێشەکە تەنیا کێشەی ژمارە نییە، بگرە کێشەی پاڵپەستۆی سیاسییە لەسەر فەرماندەکانی پۆلیس لەبارەی لایەنە جیاوازەکانی کردەکانیان، بەتایبەتی وەرگرتنی ئەندامی نوێ و، دامەزراندن و گواستنەوە. رائید تۆرهان گلەییی ئەوەی کرد کە: کێشەکە برێتییە لە بەسیاسیکردنی پۆلیس لەلایەن پارتە سیاسییەکانەوە. کاتێک وەزارەتی ناوەخۆ لە بەغدا فەرمانێک دەردەکات، ئێمە یەک ملیۆن تەلەفۆنمان بۆ دێت لەلایەن پارتە سیاسییەکانەوە کە پێمان دەڵێن کە وا و وا بکەین. ئێمە

هەوڵ دەدەین هێزێکی پرۆفێشناڵ دروست بکەین نەک مەزهەبی. دڵسۆزیی ئێمە دەبێت بۆ ئاڵای عێراق بێت تەنانەت ئەگەر نەتەوایەتیشمان زۆر بەلاوە بەنرخ بێت. ئێمە دەبێ سیاسەت لە کاری پیشەییانەی خۆمان جیا بکەینەوە. تۆرهان ئاماژەی بە پارتە کوردییەکان کرد بۆ ڕەخنەیەکی تایبەت[١٣٤].

ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگەی کەرکووک پۆلیسی بە "بێسوود" ناوبرد لەبەرئەوەی "پۆلیس کار لەسەر داواکان ناکات، بۆ نموونە هەڕەشەی چاوترساندن، تاوانکاران وا هەست دەکەن ئەوان پارێزبەندییان هەیە". ئەویش ئاماژەی بەوە دا کە ئەوە خەتای کۆنترۆڵکردنی پۆلیسە لەلایەن کوردەوە[١٣٥].

کێشەیەکی تر کە بووەتە هۆی گەورەترین بارگرژیی هەبوونی هێزی تەناهیی کوردییە کە سەر بەحزبەکانن و بەئاسایش دەناسرێن، لەگەڵ هەڵسووڕاوی هەواڵگریی نهێنی کە کار بۆ پاراستن (پارتی) و زانیاری (یەکێتی) دەکەن. ئەو هێزانە کە ناوچەیەکی زۆری جێناکۆکەکان لەژێر کۆنترۆڵیاندایە، لە نزیکەوە لەگەڵ ئەمەریکاییەکان هاوکارییان هەبووە. ئەمەش ڕەنگە توانای ئەوەی پێدابن توانای پیشەگەرییان بەرز بکەنەوە و ئامرازەکانیشیان باشتر بکەن، بەڵام ئەمە هەروەها یارمەتییەکی بێ بەرامبەریشی پێ داون لەوەی کورد و ئەمەریکاییەکان بەکردەی دژە تیرۆری دەدەنە قەڵەم و عەرەب (تا ڕادەیەکیش تورکمان) بە هێرشی ڕەشبگیری دەدەنە قەڵەم لە دژی ئەو ناوچانەی کوردی نین.

ئاسایش لە کەرکووک و ناوچەکانی تر جۆرە ڕۆڵێکی تەناهیی سەربەخۆیان بۆ خۆیان داتاشیوە کە تەنیا فەرمان لە سەرکردە سیاسییەکانی خۆیان وەردەگرن و تەنیا ئەوان دەتوانن لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکەن. لە کاتێکدا ئەمەریکاییەکان وەسپی ئاسایش دەکەن لە پاراستنی جێگیریی کەرکووک و ئاسایش خۆیشیان جەخت لەوە دەکەنەوە کە پرۆفێشناڵن[١٣٦]، هیچ گومانێک لەوەدا نییە کە زۆر لەو بارگرژییەی کەرکووک لەبارەی ئەوە بەکرداری ڕەشبگیری و ڕەگەزپەرستی دەزانرێ کە لەلایەن ئەو هێزە نانیزامییە ئەنجامی دەدات.

ئەمەشدا خەمڵاندنەکان جیاوازن. لە چاوی جێگری فەرماندەی (تورکمانی) پۆلیسی کەرکووک، نزیکەی ٨،٠٠٠ ئاسایش لە ناوەوەی کەرکووک کار دەکەن و ٦،٠٠٠ی تریش لە ناوچەکانی تری ئەو پارێزگەیە[١٣٧].

لە بەرامبەردا، بەرپرسی ئاسایشی یەکێتی گوتی کە پارتی و یەکێتی بەیەکەوە ٤،٠٠٠ ئاسایشیان هەیە لە تەواوی پارێزگەکەدا[١٣٨]. ژمارە ڕاستەقینەکە هەر چەند بێت، کە ڕەنگە پشتڕاستکردنەوەی زەحمەت بێت، کاریگەری زۆر گەورەیان هەبووە هەر لەو ساتەوە کە گەیشتوونەتە ناو شار لە ساڵی ٢٠٠٣ بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی لەلایەن ڕێژیمی لادراوی پێشوو بەجێی هێشت و پۆلیس و ئەمنی عام لە شار دیار نەمان.

بەرپرسی ئاسایشی یەکێتی لە کەرکووک گوتی:

لە ساڵی ۲۰۰۳دا هیچ هێزێکی تەناهی لە ناوچە جێناکۆکەکاندا نەبوو، بۆیە ئەمەریکاییەکان داوایان لە ئێمە کرد لەوێ کار بکەین. پۆلیس لە کەرکووک هەبوو، بەڵام کەم بوو، بۆیە ئێمە ژمارەیمان زیاد کرد (بەدامەزراندنی ئەندامانی کورد). کاتێک ئەمەریکاییەکان یەکێکیان بگرتایە متمانەیان بە پۆلیس نەبوو بۆیە ئەوانەیان دەدایە دەست ئێمە بۆ ئەوەی لە گرتیگەکانی هەرێمی کوردستان بیانخەینە ژوورەوە. هەر کاتێک گرتیگەکانیان تەواو بوون ئەوا ئێمە ئەو خەڵکە لە گرتیگەکانی خۆمان دەگوازینەوە ئەوێ. کاری سەرەکیی ئێمە لە کەرکووک بریتییە لە کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر تیرۆریستەکان و یارمەتیدانی هێزە تەناهییەکانە لە شوێنکەوتنیان. ئێمە مامەڵە لەگەڵ تاوان و کێشە عەشایەرییەکاندا ناکەین[١٣٩].

ئەو جەختی لەوە کردەوە کە کاری پۆلیس باشتر بووە و ئەوەش کە لە ئەنجامدا ئاسایش خەریکە متمانەیان پێ دەکاتەوە و کردەیان لەگەڵدا ڕێک دەخات کە تێیدا ئاسایش تیشک دەخاتە سەر کۆکردنەوەی زانیاری.

کردارەکانی دەستگیرکردن لەلایەن پۆلیسەوە ئەنجام دەدرێت بەپێی مۆڵەتی گرتن کە لەلایەن دادوەرەوە دەردەکرێ، ئەو وای گوت، گیراوەکان دەدرێنە دەست یەکەی تاوانی گەورەی پۆلیس کە لەلایەن دادوەرێکی لێکۆڵەرەوە بەڕێوە دەبرێت و دواتر دەبرێنە دادگە.

ئەو هەروەها ئەوەشی خستە سەر کە ئەندامانی پاراستن و زانیاریی پارتە کوردییەکان لە کەرکووک کە بەشێوەی نهێنی کار دەکەن، ئەوانیش زانیاریی هەواڵگری کۆ دەکەنەوە بەڵام چەک هەڵناگرن و لە هەڵمەتەکان پۆلیس بەشدار نابن وەکو ئاسایش[١٤٠].

کەرکووکییە ناکوردەکان هێزە تەناهییە کوردییەکان بە ڕەشبگیری و گواستنەوەی نایاسایی گیراوەکان بۆ گرتیگەکانی هەرێمی کوردستان و گرتنی بێ لەدادگەدان تۆمەتبار دەکەن. کارمەندێکی ڕێکخراوێکی ناحکوومەتی گوتی لە سەرەتادا (ساڵی ۲۰۰۳) ئاسایش کاریان پاراستنی بارەگا و باڵەخانەکان بوو بەڵام "ئەمەریکاییەکان دەستیان کرد بە بەکارهێنانیان بۆ کاری تر لەوانەش هەواڵگری و گرتنی خەڵک بێ مۆڵەت"[١٤١]. ئەفسەرێکی پۆلس گوتی، "ئاسایش دۆخێکی خراپ دروست دەکەن. ئەوان خۆیان لە هەندێ شت هەڵدەقورتێنن کە کاری ئەوان نییە."[١٤٢]

بەرپرسانی ئاسایش لە کەرکووک ئەو جۆرە ڕەخنانە ڕەت دەکەنەوە و گلەیی لەوە دەکەن کە ئەوان لە بەرامبەر ئەو سەقامگیرییەی لە کەرکووک بەهۆی ئاسایشەوە لە ئارادایە نرخی بۆ دانەنراوە هەروەها ئەوان گلەیی لەوە دەکەن کە ئەوان بەشێوەیەکی ناماقووڵانە تۆمەتبار دەکرێن لەبەرئەوەی زۆربەی هێرشە چەکدارییەکان لە کەرکووک بەزۆری لە ناوچە عەرەبنشینەکانی ئەو پارێزگەیەیە.

بەرپرسی ئاسایشی یەکێتی لە کەرکووک گوتی "عەرەب و تورکمان کێشمان بۆ دروست دەکەن، بەڵام ئەوان ئەوەیان لە بریی کردووە کە بەهۆی ئێمەوە باری تەناهیی کەرکووک زۆر باشتر بووە. بەڵێ ئێمە بەشێوەیەکی تایبەتی لە ناوچە عەرەبنشینەکان کەیفیان پێمان نایە، بەڵام تیرۆریستەکان لەو ناوچانەدا چالاکن."[١٤٣]. هاوکارە پارتییەکەی گوتی:

لە ٩٠٪ تیرۆریستەکان عەرەبن، لە کاتێکدا زۆربەی تاوانە باوەکان لەلایەن کوردەکانەوە ئەنجام دەدرێن. خۆ ئەوە بەدەستی ئێمە نییە کە زۆربەی تیرۆریستەکان عەرەبن! لە ١٦ی تەمووزی ٢٠٠٧ تەقینەوەیەکی گەورە بە ئۆتۆمۆبێلی بۆمبڕێژکراو لە شارەکەدا ڕووی دا، ئێمە لە حەویجە (عەرەبنشین) کرداری هەڵکوتانمان ئەنجام دا. ئەو کاتە ئێمە بۆ هەڵکوتانە سەر ناوچە عەرەبنشینەکە ڕەخنەمان لێ گیرا! خەڵک ڕقیان لە ئاسایشە لەبەرئەوەی ئێمە سەر بەکوردستانین. ئەوان ئێمە بەوە تۆمەتبار دەکەن کە دەمانەوێ مادەی ١٤٠ جێبەجێ بکەین[١٤٤].

هەردوو بەرپرس گوتیان کە هێزە ئەمەریکاییەکان نەک ئاسایش بەرپرسیارە لە گواستنەوەی گیراوەکان بۆ هەرێمی کوردستان. لە گەرمەی شەڕی مەزهەبی لە ساڵانی ٢٠٠٥-٢٠٠٧، داوودەزگە عێراقییەکان توانای ئەوەیان نەبوو ڕووبەڕووی ئەو ئاستەنگانە ببنەوە، ئەوان وایان گوت. پۆلیس و دەسەڵاتی دادوەری، بەتایبەتی، بووبوونە ئامانجی توندوتیژی و لەبەر ئەوە زۆرجار سەرکەوتوو نەدەبوون لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی خۆیان. دادوەرەکان لەژێر هەڕەشەدا بوون، پۆلیس چاویان لێ سوور دەکرایەوە و گرتیگەکان زۆر بەلاوازی پاسەوانییان دەکرا. لەبەرئەوەی گرتیگە ئەمەریکاییەکان پڕ بووبوون، ئیدارەی جۆرج بوش داوای لە هاوپەیمانە کوردەکانی کرد کە هەندێ لەو گیراوانەی ئەوان گرتبوونیان و لە بنکەکانی گرتن کۆی کردبوونەوە لە گرتیگەکانی هەرێمی کوردستان جێیان بکەنەوە، سەرکردەکانی کوردیش ئەوەیان کرد. بەرپرسی ئاسایشی پارتی گوتی، "ئەمە هاوکاریکردنە لە نێوان هێزە ئەمەریکاییەکان و پۆلیسی عێراقی و ئاسایش کەچی هەموو گلەییەکە لە ئێمە دەکرێ لەبەرئەوەی گرتیگەکان لەلایەن ئێمەوە بەڕێوە دەبرێن. بەڵام ئێمە تەنیا ئەوانەمان لە گرتیگەکان ڕاگرتبوو و لێپێچینەوەمان لەگەڵدا نەکردوون. ئەمەریکاییەکان لێپێچینەوەیان لەگەڵیان دەکرد."[١٤٥].

کاتێک توندوتیژی لە ساڵی ٢٠٠٨هێور بووەوە و داوودەزگەکان خۆیان گرتەوە، بەهۆی ئەو زیانەی بەر ناوبانگی ئەوان کەوتبوو، کورد بەپەرۆش بوون بۆ ئەوەی گیراوەکان بگەڕێننەوە بۆ پارێزگەکانی خۆیان. زۆر لەو گیراوانە بەر دران، بەڵام چەکدارەکان گوێزرانەوە بۆ گرتیگەکانی کەرکووک و بەغدا. دەسەڵاتی دادوەری ڕەتی کردەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکات لەبەرئەوەی لە بنەڕەتدا دادوەرەکان مۆڵەتی گرتنیان بۆ ئەوان دەرنەکردبوو، ئەویش ئەگەر مۆڵەتی گرتنیان هەر هەبووبێ. لەبەر ئەوە ئازاد کران[١٤٦].

ئەمە تووڕەیی عەرەبی لەسەر گواستنەوەی ئەو گیراوانە بۆ کوردستان ڕەواندەوە بەڵام گلەییەکان هەر ماون لەبارەی ڕەشبگیری کە لەلایەن پۆلیسەوە ئەنجام دەدرێن بە هاوکاریی

ئاسایشی کوردی و کردارەکانی تر کە توورەییی ناکوردەکان هەڵایساندووە.[147]

یەکێک لەو ڕووداوە ورووژێنەرانە لە کاتی جەژنی قورباندا ڕووی دا، کە ئەو کاتە لە ٢٠١٠ ئەو جەژنە کەوتو ناوەڕاستی مانگی تشرینی دووەم. بە لە بەرچاوگرتنی چەند هێرشێکی تازە و بەرزبوونەوەی نیگەرانییەکان لەبارەی هەڕەشەی تەناهی لە کاتی ئەو جەژنەدا، ئاسایش گوتی ئەوان بۆ پارێزگاریی زیاتر بۆ ماوەی دوو هەفتە پێشکێش دەکەن بۆ ئەو شارە. ئەندامێکی کوردی ئەنجوومەنی پارێزگەی کەرکووک ئەوەشی گوت کە بڵاوکردنەوەی ئاسایش لە شاردا بۆ ئەوەشە کە بەکوردەکانی ئەوێی "پێشان بدەن کە ئاسایش بۆ پاراستنی ئەوان لەوێیە"[148]. ئاسایش بەسەر هەموو شاردا بڵاو بوونەوە و خاڵی پشکنینیان دانا و هەر کەسێک ڕەت بووبووایە دەیانپشکنی و چەندان عەرەبیان دەستگیر کرد بەگشتی عەرەب و تورکمانیان، کە وایان هەست دەکرد گومان ئاراستەی ئەوان دەکرێ، توورە، کرد.

ئەندامێکی تورکمانی ئەنجوومەنی ئاسایشی کەرکووک گوتی بڵاوکردنەوەی ئاسایش پێشێلکاریی ڕێککەوتننامەی میکانیزمە تەناهییە هاوبەشەکان دەکات و گوتی کە دیپلۆماتکار سەرکردە سەربازییە ئەمەریکاییەکان باوەڕیان بە ئاسایش هێنا لە دوای ١٠ ڕۆژ لەناو شار بکشێنەوە[149].

ئەندام پەرلەمانێکی عەرەب ئەوەی ڕەت کردەوە کە ئەو توندوتیژییەی پێش جەژنی قوربان ڕوویان دا پێویستیی بەوە بێت ڕێوشوێنی تەناهی زیاد بکرێت ئەو سێ تەقینەوەی بە ئۆتۆمۆبێلی بۆمبڕێژکراو لە ناوچە کوردنشینەکان ڕوویان دا لە ٦ی تشرینی دووەم بە تەنیا بیانوویەک وەسف کرد بۆ کورد بۆ ئەوەی ماسوولکەیان نمایش بکەن.[150]

حەسەن تۆران، ئەندامێکی تورکمانی ئەنجوومەنی پارێزگەی کەرکووک، گوتی ئەمە و ڕووداوەکانی پێشتر ئەوەیان پێشان دا کە: ئاسایش سیمبۆلی دەسەڵاتی پارتە کوردییەکانن بۆ کۆنترۆڵکردنی کەرکووک. ئەوان لێرەن بۆ ئەوەی هەر دەنگێ کپ بکەنەوە کە لە جیاتیی ئەو دوو پارتە قسە بکات، وە ئەوەش بێ هیچ بنەمایەکی یاسایی دەکەن، بێ هیچ مۆڵەتێکی گرتن. ئەوان پۆلیس بەکار دێنن بۆ ئەوەی مۆڵەتی گرتن لە دادوەرێکەوە وەربگرن و ئەمەش هەمان ئەو شێوەیە کە لە سەردەمی سەدام دەکرا: ئەو کاتیش پۆلیس بێ هێز بوو و لەژێر کۆنترۆڵی پۆلیس ئاسایش بووە بە ئەمن دەناسرا. ئەمن و ئاسایش هەردوو ترساندن وەکو بیانوویەک بۆ کۆنترۆڵی سیاسی بەکار دێنن.[151]

لە ڕوانگەی عەرەب و تورکمان، ئاسایش، میلیشیایەکی نایاساییە و ئەجێندایەکی سیاسیی شاراوەی هەیە بۆ گێڕانەوەی ناوچە جێناکۆکەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان, بەلای کوردیشەوە، ئاسایش هێزی پاراستنە لە بەرامبەر چەکدارە عەرەبەکان و گرەنتیی دووبارەنەبوونەوەی سیاسەتی بەعەرەبکردن لەلایەن حکوومەتی ناوەندی و هاوپەیمانەکانی لە ناوچە جێناکۆکەکاندا

که دانیشتوانێکی چڕی کوردیان هەیە.[١٥٢]

مەبەستی ڕاستەقینەی ئاسایش لە کەرکووک هەر چییەک بێت، کە ڕەنگە تێکەڵییەک بێت لەوانەی لە سەرەوە باسیان لێوە کرا، بوونی ئەوان ڕێک بەپێچەوانەی ئەوەی کوردستان و پارتە کوردییەکان دەڵێن ئاسایش بۆ ئەوە لەوێیە، کاریگەریی هەیە، واتە لە جیاتیی ئەوەی متمانەی تورکمان و عەرەب بە ئیدارەی هەرێمی کوردستان زیاد ببێت وەکو ئامادەکارییەک بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم کە کورد هیوا دەخوازن بەهۆیەوە کەرکووک ببێتەوە بەشێک لە کوردستان، کەم بووەتەوە. متمانەی ناکوردەکان بە بەڕێوەبردنی کەرکووک لەلایەن پارتە کوردییەکانەوە پێ دەچێ بەشێوەیەکی بەردەوام لەوەتەی ساڵی ٢٠٠٣ەوە خراپ بووبێت، بەشێوەیەکی زۆریش بەهۆی بوون و هەڵسوکەوتی هێزە تەناهییە کوردییەکان – ئاسایش و پێشمەرگە (لە خوارەوە تاوتوێ دەکرێ).

لە کانوونی یەکەمی ٢٠٠٧دا، ئەمەریکا ناوبژیوانیی لە نێوان عەرەبی کەرکووک و سەرانی کورد بۆ ڕێککەوتنێکی هاوبەشی دەسەڵات کە تەنیا بەشێکی جێبەجێ کرا بەتایبەتی ئەو بەشەی کە "دەزگە تەناهییە نارەسمییەکان کە ئێستە لە کەرکووک کار دەکەن دەبێ بگەڕێنەوە ئەو ناوچانەی کە لێیەوە هێنراون" پشتگوێ خرا[١٥٣].

لە کاتێکدا ئاسایش هەر لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە لەژێر پارێزگاریی ئەمەریکاییەکان کاریان دەکرد، ئاسایش لە ناوچە جێناکۆکان ڕووبەڕووی داهاتوویەکی نادیار دەبنەوە کە هێزە ئەمەریکاییەکان خۆیان بۆ کشانەوە ئامادە دەکەن. لە کاتێکدا کە کۆنترۆڵی تەناهیی کورد لە کەرکووک توندوتۆڵ دیارە، دەکرێ تەنیا مەسەلەی کات بێت و حکوومەتی مالیکی دەست بکات بەتاقیکردنەوەی هێزی کورد لە کەرکووک ئەگەر هیچ پێشوەچوونێک لە دۆزینەوەی چارەسەرێکی سیاسی بۆ کێشەی کەرکووک نێتە دی.

پەراوێز:

٩٤– بڕوانە ڕاپۆرتی گرووپی تەنگژەی نێودەوڵەتی، کێشە بە درێژاییی هێڵی تەماس، بەتایبەتی لاپەڕە ١٣–١٤.

٩٥– ئەو ڕووداوانە لە دوو ڕاپۆرتی تەنگژەی نێودەوڵەتیدا ئاماژەیان پێ کراوە، لە هەمان ڕاپۆرت و ڕاپۆرتێکی تر بە ناوونیشانی، بەرەی شەڕی نوێی عێراق، وێڕای ئەمەش، لە ڕووداوێکی نزیک لە کوشندە لە شوباتی ٢٠١٠دا، پارێزگاری نەینەوا ئەسیل نوجێفی پێشنیازی ئەوەی کرد بچێتە شارۆکەی تەلکێف لە ناوچە جێناکۆکەکان بەڵام دەسەڵاتدارەکان گوتیان کە ڕێی پێ نادەن. لەم کاتەدا هێزەکانی ئەمەریکا هاتنە ناوەوە بۆ مسۆگەرکردنی ئازادی جموجۆڵ و پاراستنیان پێشکێش کرد. کە نوجێفی هەوڵی دەدا بچێتە ناو تەلکێف، کێشەیەک ڕووی دا کە تێیدا خەریک بوو نوجێفی بگۆڕێ. ئەمەریکا باڵەفڕەیەکی شەڕوانیی ئێف ١٦ی نارد بۆ ئەوەی بەسەر سەریانەوە بسووڕێتەوە وەکو ئاگەدارکردنەوەیەک بۆ هەردوولا بۆ ئەوەی لێک بکشێنەوە. هێزەکانی ئەمەریکا ٨ کوردیان گرت، لە

تۆڵەشدا هێزە تەناهیە کوردییەکان چەند عەرەبێکیان گرت. بەرپرسە ئەمەریکاییەکان ناچار بوون دەسەڵاتدارانی کوردی لە هەولێر قایل بکەن کە بۆ ئەوەی بارمتە عەرەبەکان بە گیراوە کوردەکان ئاڵوگۆڕ بکەن کە لەلایەن ئەمەریکاییەکانەوە گیرابوون. دیمانەی گرووپی تەنگژەی نێودەوڵەتی، بەرپرسێکی ئەمەریکایی، واشنتۆن، تشرینی یەکەمی ٢٠١٠.

٩٦- زێرەڤانی هێزێکی نیوچە سەربازیی جەندرمە ئاسایە کە لەلایەن پارتییەوە دروست کراوە بەڵام لەژێر دەسەڵاتی حکوومەت کار دەکەن. ئاسایشیش بە ئینتیمای حزبییەوە بانگ دەکرێن لە کوردستان: هێزەکانی ئاسایشی یەکێتی برێتین لە هێزە تەناهییەکانی یەکێتی، هەروەها هێزەکانی ئاسایشی پارتی برێتین لە هێزە تەناهییەکانی پارتی. ناوی تەواوی پاراستن برێتییە لە ئاژانسی پاراستنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان و سەر بە پارتییە. ناوی دەزگەکەی یەکێتیش برێتییە لە دەزگای زانیاری (ئازانسی هەواڵگری) و هی یەکێتییە.

٩٧- نیویۆرک تایمز، ٢٧ کانوونی دووەم ٢٠١٠

٩٨- زۆر لە عێراقییەکان هەروا نیگەرانی دەردەبڕن کە هەر بۆشاییەک بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا دروست ببێت ئەوا لەلایەن وڵاتانی هاوسێوە دەقۆزرێتەوە بەتایبەتی ئێران. لەوەتەی ٢٠٠٣ەوە، هەموو وڵاتە هاوسێکانی عێراق دەستیان وەرداوەتە ناو کاروباری ناوخۆی عێراق، بەڵام وا دیارە دەستتێوەردانەکەشیان بە هاوسەنگی لەگەڵ یەکتر بووە و هیچ دەوڵەتێک ناتوانێ ویستی خۆی بسەپێنێ. ڕەنگە مەسەلەی هەڕەشەیەکی ئێرانی بەشێک بێت لە ستراتیجییەتێک کە بە چەندان ڕەچوکردنی ناپێوەند بە ئێرانەوە ڕادەگەیەنرێن، بۆ ئەوەی ئەمەریکا قایل بێت هەموو هێزەکانی نەکێشێتەوە لە ساڵی ٢٠١١.

٩٩- دیمانەی گرووپی تەنگژەی نێودەوڵەتی، بەغدا، کەرکووک، هەولێر، کانوونی دووەم ٢٠١١.

١٠٠- هەمان شت بۆ دیالەش تەواوە، کە لەم ڕاپۆرتەدا باسی لێوە نەکراوە.

١٠١- لە شوێنەکانی تری پارێزگەی کەرکووک کە زۆرینەی ناکوردین، لە باکوری ڕۆئاواوە تا باشووری شارەکە، سوپا پاسەوانیی ناوچە ناشارییەکان و کێڵگە نەوتییەکان دەکات.

١٠٢- ڕاپۆرتی گرووپی تەنگژەی نێودەوڵەتی، کێشە بەدرێژاییی هێڵی تەماس، لاپەڕە ١٣-١٤.

١٠٣- دیمانەی گرووپی تەنگژە، ئەفسەری سەربازیی ئەمەریکایی، کەرکووک، ١٩ کانوونی یەکەمی ٢٠٠٩.

١٠٤- فەرماندەی لیوای ١٠ی هێزی پاسەوانیی کوردستان گوتی ئەرکی ئەو ئەرکێکی سەربازییە و تاکە ئامانجی هێزەکەی ئەو برێتی بوو لە "ڕاونانی تیرۆریستەکان". دیمانەی تەنگژەی نێودەوڵەتی، عەمید شێرکۆ فەتاح نامیق، قەرەهەنجیر، ٢ تشرینی یەکەم ٢٠٠٩.

١٠٥- ئەفسەرێکی سەربازیی ئەمەریکا نیگەرانیی پێشان دا کە "فیرقەی ١٢ی سوپای عێراقی دەیەوێ بێتە ناوشار و ئاسایش بپارێزێت. ئەگەر وا بکەن، پێشمەرگەش بەهەمان شێوە دەکەن، ئەمەش شیمانەی هەیە تەشەنە بکات" دیمانەی گرووپی تەنگژەی نێودەوڵەتی، کەرکووک، ١٩ کانوونی یەکەم ٢٠٠٩.

١٠٦- هەریەک لە فەرماندەی پۆلیسی کەرکوک، عەمید جەمال تاهیر و جێگرەکەی عەمید تۆرهان یوسف عەبدوڕەحمان کە تورکمانە، گوایە ئامادەسازییان پێشان دا تەقە لە سەربازانی فیرقەی ١٢ بکەن ئەگەر هەوڵ بدەن بێنە ناو شاری کەرکووک. دیمانەی گرووپی تەنگژەی نێودەوڵەتی، ئەفسەری

سەربازیی ئەمەریکایی، کەرکووک، ١٩ کانوونی یەکەم، ٢٠٠٩. جەبار یاوەر، جێگری وەزیری کاروباری پێشمەرگە لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان هۆشداریی دا کە: "تەنیا لە یەک ناوچەدا، ئەگەر تەنیا یەک تاکە فیشەک بتەقێنرێت بۆی هەیە شەڕێکی لێ بکەوێتەوە" ئەمە لە ڕۆژنامەی لۆس ئەنجیلۆسدا هاتووە، ٢٦ نیسان ٢٠٠٩.

١٠٧- دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە شارەکانی عێراق لە حوزەیرانی ٢٠٠٩دا، جەنەراڵ ئۆدێرنۆ پێشنیازی کرد سەربازی ئەمەریکایی بخاتە ناو پێکهاتەی دەورییە هاوبەشەکانەوە کە لە سوپای عێراقی و پێشمەرگە پێک هاتبوون لە ناوچە جێناکۆکەکان. ئەو گوتی "ئەوان (عەرەب و کورد) هەموو هەست بەئارامییەکی زیاتر دەکەن کە ئێمە لێرە (باکور) بین... هەبوونمان لێرە بەژمارەیەکی زۆر نابێت ئەگەر بمێنینەوە. تەنیا ئەوەندە دەبێت متمانە دروست بکەین ئەو کاتە بە هێواشی بکشێینەوە..." بڕوانە ڕۆژنامەی لۆس ئەنجیلۆس تایمز، ١٨ ئاب ٢٠٠٩، لەلایەکی ترەوە ئۆدێرنۆ ڕای گەیاند کە "قاعیدە ئەو ناکۆکییانەی کە لە نێوان عەرەب و کوردەکان دەیانبینی لە نەینەوا و هەرێم، دەقۆزێتەوە. ئەوەی ئێمە هەوڵ دەدەن بیکەین نەهێشتنی ئەو ناکۆکییانەیە... ئەوان هەرکە ڕاهاتنە لەسەر ئەوەی لەگەڵ یەکتر کار بکەن، ئەمە زۆر ئاسان دەبێت" ئەمە لە نیویۆرک تایمز وەرگیراوە، ١٨ ئاب ٢٠٠٩.

١٠٨- لە ٢ی ئابی ٢٠٠٩، مالیکی لە دۆکان لەگەڵ بارزانی کۆ بووەوە، لە نێزیک سلێمانی، ئەمەش دوای ماوەیەکی زۆر لە چەقبەستوویی، ئەمە لە ڕاپۆرتی گرووپی تەنگژەی نێودەوڵەتی بە ناوونیشانی کێشە بە درێژاییی هێڵی تەماسدا باسی لێوە کراوە، لاپەڕە ١-٣، مالیکی دواتر داوای یارمەتیی لە ئۆدێرنۆ کرد بۆ چارەکردنی پرسی تەناهی لە نەینەوا کە لەوێ ئەلقاعیدە ئەوەی ئەمەریکاییەکان بە "بۆشایی"ی تەناهییان وەسف دەکرد دەقۆستەوە بۆ ئەنجامدانی تەقینەوە. دیمانەی گرووپی تەنگژە، بەرپرسانی ئەمەریکایی، کەرکووک، ٢ تشرینی یەکەم، ٢٠١٠. نێزیکەی مانگێک پیش ئەمە، ڕووداوەکان لە ناوچەیحەوی جەی زۆرینە عەرەب لە کەرکووک بارودۆخە تەناهییە جێگیرەکەیان هەژاند. فەرماندەی فیرقەی ١٢ی سوپای عێراقی رائید عەبدولئەمیر رەزا ئەلزەیدی گوایە داوای لە بەرپرسەکانی کردووە لە بەغدا کە بالادەستیی تەناهی بۆ سەر پۆلیسی کەرکووک بدەن بە سوپا بێ ڕاوێژکردنیش لەگەڵ هەریەک لە هێزە تەناهییە کوردییەکان کە هەڵمەتی هەڵکوتانی هاوبەشیان لەگەڵ هێزە ئەمەریکاییەکان ئەنجام دەدا لە دژی چەکداران ئەگەرچی دانیشتوانی ناوچەکان پێیان ناخۆش بوو، یان ڕاوێژکارە ئەمەریکاییەکان. کورد ئەمەیان بە بەشێک لە "تاکتیکێکی سەلامی" (واتە خستنەوەی دووبەرەکی بۆ دەستبەسەرداگرتن) لە قەڵەم دا بۆ ڕەخساندنی پێشینەیەک بۆ دەستوەردانە ناو کەرکووک. بەڵام لە ڕوانگەی زۆر لە عەرەبەکانەوە، ئەمە کردارێکی شەرعی بوو لەلایەن سوپاوە بۆ ئەوەی تەناهی دابین بکات بۆ ناوچەیەکی نائارام کە بەهۆی چەکداران و پەرچەکردارەکانی هێزە کوردی و ئەمەریکاییەکانەوە تووشی ناخۆش بووبوون. ئەمە بووە هۆی لێدانی زەنگ لە بارەگاکانی هێزە ئەمەریکاییەکان لە کەرکووک. بە یارمەتیدانی هەموو لایەک، ئەمەریکاییەکان هەوڵیان دەدا ڕێ لە هەنگاوە ورووژێنەرەکان بگرن، لەوانەش ناردنی تاکی T-72 لەلایەن بەغداوە. دوا بەدوای گفتوگۆی هەموو لایەنەکان لە بارەگای ئەمەریکاییەکان، ڕێک کەوتن لەسەر پێکهێنانی "ناوچەی تەناهیی هاوبەش" و ئەنجامدانی پاسەوانی سێلایەنە لە حەویجە بەبەشداریی فیرقەی یەکەمی زرێپۆشی

ئەمەریکاییەکان و فیرقەی ١٢ی سوپای عێراقی و پۆلیس. بەغدا بەمە ڕازی بوو لەبەرئەوەی بەمە ڕۆڵی فیرقەی ١٢ فرەوان بوو، کورد قبووڵیان کرد لەبەرئەوەی ئەمەریکاییەکان دڵنیایان کردنەوە کە ئەوان ڕێگە لە فیرقەی ١٢ دەگرن لەوەی کۆنترۆڵی تەواوی ناوچەکە بگرێتە دەست. دیمانەی گرووپی تەنگژە، ئەفسەری سەربازیی کەرکووک، ١٩ کانوونی یەکەم ٢٠٠٩.

١٠٩- دیمانەی گرووپی تەنگژە، جەنەراڵ ڕای ئۆدێرنۆ، فەرماندەی ئەمەریکایی، بەغدا، ٢٥ ئەیلوول ٢٠١٠.

١١٠- دیمانەی گرووپی تەنگژە، جەنەراڵ ڕای ئۆدێرنۆ، فەرماندەی ئەمەریکایی، بەغدا، ٢٥ ئەیلوول ٢٠١٠.

١١١- دیمانەی گرووپی تەنگژە، پسپۆڕێکی سەربازیی ڕۆژئاوایی، ئەیلوول ٢٠١٠.

١١٢- سیاسەتوانە تورکمانەکان مشتومڕی ئەوەیان دەکرد کە بڵاوکردنەوەی هێزی پاسەوانی هەرێم لە ناوچە جێناکۆکەکان پێشێلی دەستوور دەکات کە مادەی ١٢١ (٥) دەسەڵاتی ئەو هێزانە لە ناوەوەی هەرێمی کوردستان دادەنێت، لە کاتێکدا مادەی ١١٠ (٢) دەسەڵاتی حەسری دەداتە حکوومەتی بەغدا لە دامەزراندن و بەڕێوەبردنی هێزی چەکدار. لەبەر ڕۆشنایی ئەمە، ئەوان ئەوەیان قبووڵ بوو کە هێزەکانی پاسەوانیی هەرێم لە ناوچە جێناکۆکەکان بخرێنە سەر سوپای عێراقی و بکەونە ژێر کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆی حکوومەتی فیدراڵ. دیمانەی گرووپی تەنگژە تەحسین کایە، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگەی کەرکووک (یەکێتیی ئیسلامیی تورکمانی)، لەگەڵ حەسەن تۆران، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگەی کەرکووک (پارتی دادی تورکمانی)، کەرکووک، ١ تشرینی یەکەم ٢٠٠٩.

١١٣- دیمانەی گرووپی تەنگژە، جەمال شان، سەرۆکی پارتی نیشتمانیی تورکمانی عێراقی، کەرکووک، ١١ ئایار ٢٠١١. بڕوانە ڕاپۆرتی نەوتی عێراق، ٢ شوبات ٢٠١٠، لە مانگی ئەیلوولی ٢٠٠٩، سەرکردەیەکی سیاسیی شەبەک بەگرووپی تەنگژەی گوت کە "پێشنیازی ئەمەریکاییەکان بۆ مانەوەیان لەو ناوچانە یارمەتیمان دەدات، بەڵام لە هەمان کاتدا، ئەمە جۆرە شەرعیەتێکیش بە کورد دەدات بۆ ئەوەی لەو ناوچانەدا بوونیان هەبێت. ئەمە بەڕاستی کێشەیەکی دووسەرەیە" دیمانەی گرووپی تەنگژە، حونەینقادو، سکرتێری گشتی، گردبوونەوەی دیموکراتیی شەبەک، بەغدا، ١٣ ئەیلوول ٢٠٠٩.

١١٤- دیمانەی گرووپی تەنگژە، ئەفسەری پۆلیس، کەرکووک، ١٢ ئایار ٢٠١٠.

١١٥- جێگری پۆلیسی کەرکووک کە تورکمانە گوتی "سەرەتا، جۆرە بەدحاڵیبوونێ هەبوو لە نێوان هەندێ لە سیاسەتوانەکان، بەتایبەتی عەرەب و تورکمانەکان، لەبارەی سروشتی خاڵی پشکنین و دەورییە هاوبەشەکان _ واتە لەبارەی چەندێتیی دەسەڵاتی کورد. بەڵام دوای گفتوگۆکان شتەکان ڕوون بوونەوە و ئێستەش هەوڵە هاوبەشەکان بوونەتە مەسەلەیەکی ئاسایی کە هیچ کێشەیەک نانێتەوە" دیمانەی گرووپی تەنگژە، عەمید تۆرهان یوسف عەبدوڕەحمان، ١١ ئایار ٢٠١٠.

١١٦- ئەم کۆبوونەوانە لە بنکەی ئەمەریکاییەکان لە کەرکووک ئەنجام دەدرێن. بەمانایەکی تر، ئاسانکاریی ئەمەریکاییەکان هەر گرینگە. دیمانەی گرووپی تەنگژە، کەرکووک، ١٨ ئەیلوول ٢٠١٠.

١١٧- دیمانەی گرووپی تەنگژە، عەمید سەرحەد قادر، کەرکووک، ١٩ کانوونی یەکەم ٢٠٠٩، لەگەڵ عەمید شێرکۆ فەتاح نامق، قەرەهەنجیر، ١٩ کانوونی یەکەم ٢٠٠٩، لەگەڵ عەمید عەبدولئەمیر ڕەزا ئەلزەیدی، کەرکووک، ٢٠ کانوونی یەکەم ٢٠٠٩، لەگەڵ کەریم سنجاری، وەزیری ناوەخۆی هەرێمی کوردستان،

هەولێر، ٩ نیسان ٢٠١٠، هەروەها بڕوانە ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆست، ٨ شوباتی ٢٠١١.

١١٨- دیمانەی گرووپی تەنگژە، ئەفسەری پۆلیس، کەرکووک، ١٢ی ئایار ٢٠١٠.

١١٩- دیمانەی گرووپی تەنگژە، ئەفسەری پۆلیس، کەرکوک، ٧ نیسان ٢٠١٠، دیمانەی گرووپی تەنگژە، ئەرشەد سالْحی، کە لەسەر لیستی عێراقییە بۆ پەرلەمانی عێراقی هەڵبژێردراوە، کەرکوک، ٢٣ ئایار ٢٠١٠. لە کەرکووک، هاوسەنگیی ئەتنی زۆر گرینگە، بۆیە گریمانەیەکی باو ئەوەیە کە شیمانەی هەیە سوپا بێتە ناو شار دەبێت ئەو هاتنە ناوەوە تەواوی شار بگرێتەوە تەنانەت ئەگەر هەڕەشەی تەناهی تەنیا لە یەک ناوچەدا هەبێت.

١٢٠- دوا بەدوای کشانەوەی ئابی ٢٠١٠، هێزەکانی ئەمەریکا چیی تر هێزی شەڕوانییان لە عێراق نییە. لە کەرکووک، ئەمەریکا بارەگای لیوایەکی شەڕوانییان هێشتەوە: واتە ئەفسەرە فەرماندەکان لەوێن بەڵام لیواکە نا. نیویۆرک تایمز، ٧ ئاب ٢٠١٠، بەڵام بارەگاکە هێشتا فەرماندەیی ئەو یەکانە دەکات، کە بە هێزی "ئامۆژگاری و هاریکاری" ناونراون، کەچی هێزی شەڕوانیی ڕاستەقینەیان هەیە. بۆ نموونە، لەوەتەی شوباتی ٢٠١١ەوە، یەکەم هێزی ئامۆژگاری و هاریکاریی سەر بە فیرقەی یەکەمی پیادە کە لە بەشێکی تیمی شەڕوانیی لیوای قورسی یەکەم دانراون، بەتالیۆنێکی پیادە و زرێپۆشیشی هەیە. بڕوانە "ئەفسەرانی هێزی پاسەوانیی هەرێم هەوڵ دەدەن سەرکردەی لێهاتوو بن" بەیاننامەی هێزی یەکەمی ئەمەریکا، ٤ شوبات ٢٠١١، لەگەڵ "یەکەیەکی بژاردەی پۆلیسی کەرکووک شارەزاییەکانی کاردانەوە تاقی دەکاتەوە" بەیاننامەی هێزی یەکەمی ئەمەریکا، ٢٧ شوبات ٢٠١١.

١٢١- دیمانەی گرووپی تەنگژە، جەمال شان، سەرۆکی پارتی نیشتمانیی تورکمانی عێراقی، کەرکووک ١١ ئایار ٢٠١٠.

١٢٢- دیمانەی گرووپی تەنگژە، تۆرهان یوسف عەبدورەحمان، جێگری بەرپرسی پۆلیسی کەرکووک، ١١ ئایار ٢٠١٠.

١٢٣- دیمانەی گرووپی تەنگژە، کەرکووک، ٢٠ ئەیلوول ٢٠١٠.

١٢٤- دیمانەی گرووپی تەنگژە، ئەفسەری پۆلیس، کەرکووک، ١٢ ئایار ٢٠١٠، دیمانەکانی شوباتی ٢٠١١ ئەوە دەردەخەن کە کەرکووکییەکان رای خۆیان نەگۆڕیبوو لەبارەی بەرەجامەکانی کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا. بۆ نموونە، ئەندامێکی عەرەبی ئەنجوومەنی پارێزگەی کەرکووک گوتی "ئەمەریکاییەکان داوای مۆڵەتیان لە ئێمە نەکرد کە هاتنە ناو عێراق، هەروەها داواشی ناکەن بۆ ئەوەی لێی دەرچن". ئەو گوتی کە ئەمەریکا پێویستە نەڕوات لەبەرئەوەی "زۆر کێشەی چارەسەرنەکراو هەن. لەوەتەی ٢٠٠٣ەوە، لە کەرکووک هەر دواخستن و دواخستن و دواخستن بووە. پێویستە یەکەم جار هاوسەنگییەک بۆ هێز لە نێوان پێکهاتەکاندا لێرە دروست بکەین (پێش ئەوەی هێزەکانی ئەمەریکا دەربچن). هەموو دەترسن." دیمانەی گرووپی تەنگژە، عەبدوڵڵا سامی ئەلعاسی ئەلعوبێدی، کەرکووک، ١٩ شوبات ٢٠١١، ئەندام پەرلەمانێکی کورد گوتی "بوونی هێزەکانی ئەمەریکا گرینگە و کێشەیەکی گەورە دەنێتەوە کە دەڕۆن. ئێمە پێویستمان بە ناوبژیوانێک هەیە لەبەر ترسەکانمان." دیمانەی گرووپی تەنگژە، نەجمەدین کەریم، بەغدا، ١٧ شوبات ٢٠١١، نەجمەدین کەریم دواتر بوو بەپارێزگاری کەرکووک لە نیسانی ٢٠١١.

١٢٥- له دیمانەیەکدا لەگەڵ ئەسۆشیەیتید پرێس، ئۆدێرنۆ ئاماژەی بە پلانی یەکخستنەوەی هێزە کوردییەکان بۆ سەر هێزە تەناهییەکانی حکوومەتی فیدراڵدا و گوتی "ئەگەر ئێمە (تا کۆتای ٢٠١١) یەکیان نەخەینەوە، ڕەنگە پێویست بکات بیر لە میکانیزمی تر بکەینەوە. من ئێستە نازانم ئەو میکانیزمە چی دەبێت. ئاخۆ ئەمە میکانیزمە هێزێکی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێت" من نازانم. بەڵام ئەوە شتێکە کە دەبێ چارە بکرێ، ئەوەش پشت بەوە دەبەستێ کە ئێمە دەتوانین تا چەند ئەو پرۆسەیە بەرێوە بەرین." ئەسۆشیەیتید پرێس، ٦ تەمووز ٢٠١٠

١٢٦- بەرپرسێکی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاماژەی بەوە دا کە ناردنی هێزی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕەنگە نەبێت. دیمانەی گرووپی تەنگژە، شوبات ٢٠١١

١٢٧- دیمانەی گرووپی تەنگژە، بەرپرسی ئەمەریکایی، واشنتۆن، ٣ تشرینی دووەم، عەمید سەرحەد قادر، کەرکووک، ١٩ کانوونی یەکەم ٢٠٠٩، لەگەڵ ئەفسەرێکی سەربازیی ئەمەریکا، کەرکووک، ١٩ کانوونی یەکەم ٢٠٠٩.

١٢٨- ئینتیمای حزبیی هێزە تەناهییە کوردییەکان دیارە، بۆ نموونە هەرکە دەچیتە ناو نووسینگەیەکیان لە کەرکووک یەکسەر وێنەیەکی لە چوارچێوەگیراوی سەرکردەی یەکێتی جەلال تاڵەبانی یان سەرکردەی پارتی مەسعود بارزانی دەبینی.

١٢٩- دیمانەی گرووپی تەنگژە، سەرحەد قادر محەمەد، کەرکووک، ٢٠ ئەیلوول ٢٠١٠.

١٣٠- جێگری فەرماندەی پۆلیسی کەرکووک گوتی "دۆخی تەناهیی کەرکووک زۆر باشە، بەڵام هێشتا بۆشایی هەن و گرووپ هەن دەیانەوێ ئەو بۆشاییانە بقۆزنەوە. ئەنسارولئیسلام، گرووپی نەقشبەندی (سوپای پیاوانی تەریقەتی نەقشبەندی) و قاعیدە لە عێراق کە بە دید و ئەجێندای جیاوازەوە کار دەکەن، خەریکن خۆیان ڕێک دەخەنەوە بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەی دارایی نوێ و دانانی پلانی نوێ. ئەوان سەرکردەکانیان خەڵکی دەرەوەی کەرکووکن (سەرکردەی ئەلقاعیدە، ئەنسار و نەقشبەندی خەڵکی نەینەوان) بەڵاو ئەوان دەتوانن خەڵک لێرە بدۆزنەوە بۆ چوونە ریز ڕێکخراوەکانیان لەبەر ناکۆکییەکانمان، بۆ نموونە لەبارەی سەرژمێریی گشتی" دیمانەی گرووپی تەنگژە، تۆرهان یوسف عەبدورەحمان، کەرکووک، ٢٠ ئەیلوول ,٢٠١٠ بۆ شرۆڤەیەک لەبارەی گرووپە چەکدارەکان لە عێراق بروانە راپۆرتی گرووپی تەنگژە ژمارە ٧٤، عێراق دوای هەڵکشان ١: ڕوانگەی نوێی سوننییەکان، ٣٠ نیسان ٢٠٠٨، لەگەڵ ڕاپۆرتی ژمارە ٥٠، لە زمانی خۆیانەوە: خوێندنەوەی بزووتنەوەی چەکداریی عێراق، ١٥ شوبات ٢٠٠٦.

١٣١- "پوختەی شرۆڤەی ناوچە: ناوچەی کەرکووک"، یونامی (بڵاو نەکراوەتەوە، نیسان ٢٠٠٩) لاپەڕە ٥٢.

١٣٢- دیمانەی گرووپی تەنگژە، کەرکووک، تۆرهان یوسف عەبدولقادر، ٢٠ ئەیلوول ٢٠١٠، ئەندامێکی عەرەبی ئەنجوومەنی پارێزگەی کەرکووک گلەیی ئەوەی کرد کە عەرەب نوێنەرایەتییان لە ریزی ئەفسەرانی پۆلیس کەمە. لە شاری کەرکووک "ئێمە تەنیا یەک فەرماندەی پۆلیسمان هەیە _ لە بنکەی پۆلیسی عەداله. بەشێوەیەکی گشتی، تەنیا یەک یان دوو لە سەد عەرەبمان هەیە لە هەیکەلی فەرماندەیی پۆلیسدا" دیمانەی گرووپی تەنگژە، عەبدوڵڵا سامی ئەلعاسی/ کەرکووک، ١٠ شوبات ٢٠١١.

١٣٣- دیمانەی گرووپی تەنگژە، سەرحەد قادر محەمەد، کەرکووک ٢٠ ئەیلوول ٢٠١٠.

١٣٤- دیمانەی گرووپی تەنگژە، تۆرهان یوسف عەبدورەحمان، کەرکووک، ٢٠ ئەیلوول ٢٠١٠، لە کاتێکدا سەرکردەیەکی تورکمانی پۆلیس لە کەرکووک چاوەڕوانی ئەوەی لێ دەکرێ کە ڕەخنە لە پارتە کوردییەکان و پاڵنەرەکانیان بگرێ، باکگراوندی تۆرهان ئەوە دەردەخات کە ڕەنگە ئەو ئۆتۆماتیکی دژایەتیی کورد نەکات. ئەو دایکی کوردی خەڵکی کۆیەیە لە هەرێمی کوردستان و چووەتە قوتابخانەی کوردی لە سلێمانی. ئەو بەشێکی بەرچاوی ژیانی پیشەییی خۆی لە هەرێمی کوردستاندا بەسەر بردووە.

١٣٥- دیمانەی گرووپی تەنگژە، کەرکوک ٢٠ شوبات ٢٠١١.

١٣٦- لە ڕوانگەی پارتە کوردییەکانەوە، هێزە تەناهییەکانیان نانیزامی نین بگرە هێزی پاسەوانیی هەرێمن لەژێر کۆنترۆڵی مەدەنی بە هەڕەمێکی سەرکردایەتی و دیسپلین و سەربازگەی مەشقیی سەربازییەوە. ئەفسەرێکی ئاسایشی یەکێتی گوتی ئەو دەزگایە ئەفسەری وای تێدایە کە پسپۆڕی لە بواری ڕێگرتن لە پێشێلکاری دژە بەمافەکانی مرۆڤ دەکەن، هەروەها ئەفسەرانی ئەو هێزانە لە هەلی مەشقپێکردنی ناتۆ و سەرکردایەتیی کاتیی هێزی تەناهیی فرە ڕەگەزەکان _ عێراق، بەشدار بوونە. دیمانەی گرووپی تەنگژە، کەرکوک، ٢٠ کانوونی یەکەم ,٢٠٠٩

١٣٧- دیمانەی گرووپی تەنگژە، کەرکوک، تۆرهان یوسف عەبدورەحمان، ٢٠ ئەیلوول ٢٠١٠.

١٣٨- دیمانەی گرووپی تەنگژە، هەڵکەوت عەبدوڵڵا عەزیز، بەڕێوەبەر لە کەرکووک، پۆلیسی تەناهیی یەکێتی (ئاسایش). کەرکوک، ٢٠ ئەیلوول ٢٠١٠.

١٣٩- هەمان سەرچاوە.

١٤٠- هەمان سەرچاوە. لە ڕووی تەکنیکییەوە، ئاسایش سیاسەتی تەناهی جێبەجێ دەکات، لە کاتێکدا، پاراستن/زێرەڤانی تەنیا زانیاریی هەواڵگری کۆ دەکەنەوە. لەبەر ئەم هۆیە، دانیشتوانی کەرکوک، ئاگایان لە چالاکییەکانی ئەوەی دواتر نەبووە، کە بەشێوەیەکی نهێنی ئەنجام دەدرێن و هیچ بنکەیەکی دیاریکراویان نییە. دیمانەی گرووپی تەنگژە، ئەندامێکی تورکمانی ئەنجوومەنی پارێزگەی کەرکوک، کەرکووک، ٢٠ شوبات ٢٠١١.

١٤١- دیمانەی گرووپی تەنگژە، کەرکوک، ١٨ ئەیلوول ٢- ٢٠١٠.

١٤٢- دیمانەی گرووپی تەنگژە، کەرکوک. ٢١ ئەیلوول ٢٠١٠.

١٤٣- دیمانەی گرووپی تەنگژە، هەڵکەوت عەبدوڵڵا عەزیز، بەڕێوەبەر لە کەرکووک، پۆلیسی تەناهیی یەکێتی (ئاسایش). کەرکوک، ٢٠ ئەیلوول ٢٠١٠.

١٤٤- دیمانەی گرووپی تەنگژە، هەڵۆ نەجات هەمزە، بەڕێوەبەر لە کەرکووک، پۆلیسی تەناهیی پارتی (ئاسایش). کەرکوک، ٢٠ ئەیلول ٢٠١٠.

١٤٥- هەمان سەرچاوە.

١٤٦- "کورد نێزیکەی ساڵێک لەمەوبەر دەستیان کرد بە ناردنەوەی ئەو گیراوانە. دادوەرکان لێرە لە کەرکووک ڕەتیان کردەوە وەریان بگرن، لەبەرئەوەی ئەوان مۆڵەتی گرتنیان دەرنەکردبوو بۆیان، زۆریان بەر دران، بەڵام خراپەکان نێردرانە بەغدا. دوای سێ مانگ، ئەوانیش ئازاد کران. دادوەرەکەی بەغدا

گوتی که ئەو مۆڵەتی گرتنی بۆیان دەرنەکردووە ــ بێگومان هیچ حاڵەتێکی لەو جۆرە بوونی نەبوو ــ هەروەها ئەو مامەڵاتە ئۆرجیناڵەکەی نەبینیبوو، بۆیە هیچ بنەمایەکی یاسایی نەبوو بۆ گرتنیان. بەڵام ئەوانە کەسانی زۆر خراپ بوون. ئەمە خەتای ئاسایشە، ئەوان ئەو هەڵەیان کرد (کە گیراوەکانیان لە ئەمەریکاییەکان وەرگرت)" دیمانەی گرووپی تەنگژە، تۆرهان یوسف عەبدورەحمان، کەرکووک، ٢٠ ئەیلوول ٢٠١٠.

١٤٧- نموونەی کرداری لەم شێوەیە: نیشتەجێیەکی تورکمانی کەرکوک گوایە لەلایەن ئاسایشی پارتییەوە گیرا و لێی درا دوای ئەوەی ناڕەزاییی دەربڕیبوو لە دژی بنیاتنانی باڵەخانە لەسەر ئەو زەوییەی هی ئەو بووە، لەو کاتەوە کێشەی زەوییەکە چووتە دادگە. دیمانەی گرووپی تەنگژە، ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگە، کەرکووک، ٢٠ شوبات ٢٠١٠، لە کانوونی یەکەمی ٢٠١٠، گوایە ئاسایشی یەکێتی ئافرەتێکی تورکمانی ڕفاند دوای ئەوەی گرووپێکی چەکدار ئافرەتێکی خزمی سەرکردەیەکی کوردی پۆلیسی هەواڵگریی ڕفاند. دوای چەند سەعاتێک ژنەکە بەر درا، بەڵام ئەو کردارە تووڕەییی لەنێو کۆمەڵگەی موحافیزکاری کەرکووک دروست کرد. دیمانەی گرووپی تەنگژە، ئەندام پەرلەمانێکی عێراق لە کەرکووک، بەغدا، ١٣ شوبات ٢٠١١.

١٤٨- دیمانەی گرووپی تەنگژە، کەرکووک، ٢٠ شوبات ٢٠١١.

١٤٩- دیمانەی گرووپی تەنگژە، کەرکووک، ٢٠ شوبات ٢٠١١.

١٥٠- ئەو گوتی کە ئۆتۆمۆبێلە بۆمبڕێژکراوەکان ماڵی سێ سیاسەتوانی کوردیان کردبووە ئامانج، بەڵام هێرشەکان لە یەک سەعاتدا ڕوویان دابوو - شەشی بەیانی - کاتێک خەڵکێکی کەم لەو نێزیکانە بوون، هەروەها خانووەکان بەتاڵ بوون، وەکو ئاماژەیەک کە ئاسایش ئەو کارەی ئەنجام دابێت بۆ ئەوەی زەوینەیەک دروست بکات بۆ بڵاوکردنەوەی هێز لە کاتی جەژنی قوربان، دیمانەی گرووپی تەنگژە، کەرکووک، عومەر ئەلجبوری، بەغدا، ١٢ شوبات ٢٠١١، بەڵام بە لایەنی کەم ١٨ کەس لەو هێرشانە بریندار بوون. ئەسوات ئەلعێراق، ٦ تشرینی دووەم ٢٠١٠.

١٥١- دیمانەی گرووپی تەنگژە، کەرکووک، ١٠ شوباتی ٢٠١٠، لە سەردەمی ڕژێمی سەدام حوسێن، چەکدارە کوردەکان لە کەرکووک و ناوچەکانی تر هێرشیان دەکردە سەر داوودەزگەکانی دەوڵەت.

١٥٢- تەنانەت گۆڕانیشن پارتی ئۆپۆزسیۆنی کوردی، پاڵپشتی لە هەبوونی ئاسایش دەکات وەکو پارێزگارییەک بۆ کوردەکانی ناوچە جێناکۆکەکان، بەڵام دەیەوێ لەژێر کۆنترۆڵی پارتی و یەکێتی دەربێن و لەژێر کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆی حکوومەتی هەرێم بێت. دیمانەی گرووپی تەنگژە، کەرکووک، بەرپرسێکی گۆڕان، شوباتی ٢٠١١.

١٥٣- "دەقی دوا ڕێککەوتن لە نێوان لیستی برایەتیی کەرکووک و لیستی گرووپی کۆماریی عێراقی" کەرکووک، ٢ کانوونی یەکەم ٢٠٠٧ (بەعەرەبی).

### له بەڵگەنامە نهێنییەکانی وەزارەتی دەرەوەی فرەنسا

# نامەی ئەمین عالی بەدرخان بۆ کۆمیسێری فرەنسا لە کۆنستانتینۆپل

دوای ئەوەی سەرکردەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی لە ئەستەمبۆڵ تەواو لەوە بێ هومێد دەبن کە ئینگلیز شتێک بۆ کورد بکات بە ناچاری ڕووی دەکەنە فرەنسا بەو هیوایەی بەڵکو لەو دەرگەیەوە شتێک بۆ نەتەوەکەیان بەدەست بهێنن. یەکێک لەو سەرکردانە ئەمین عالی بەدرخان کە کوڕی گەورەی میری بەدرخانی گەورە و یەکێک لە پیاوە دیارەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی بوو، لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٢٠ لە نامەیەکدا بۆ کۆمیسێری بەرزی کۆماری فرەنسا لە کۆنستانتینۆپل داوا دەکات جەزیرە بخرێتە ژێر چاودێریی ئابووریی فەرانسا و لەمەدا زیاتر مەبەستی ئەو بووە ئەم ناوچەیە بخرێتە ژێر ئینتیدابی فرەنساوە. بەڵام بەداخەوە نە ئینگلیز و نە فرەنسا هیچ پرۆژەیەکیان نەبوو بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ هیچ بەشێکی کوردستان بخەنە ژێر دەستی خۆیانەوە. ئەم نامەیە لە ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی فرەنسا وەرگیراوە.



ئەمین عالی بەدرخان

وەرگێڕانی لە فرەنسییەوە: د. نەجاتی عەبدوڵڵا

کۆنستانتینۆپل، ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٢٠

کۆمیسێریای بەرزی
کۆماری فرەنسا
لە ڕۆهەڵات

بەشی کاروباری
سیاسی و بازرگانی
ئاسیا- ئۆقیانووس
ژمارە: ٣٢٢

لە بەڕێز دوفرانس، کۆمیسێری بەرزی کۆماری فرەنسا لە ڕۆهەڵات
بۆ بەڕێز جەنابی بەرێز میللێراند، سەرۆکی ئەنجوومەن. وەزیری کاروباری هەندەران
لە پاریس

لەبارەی میر ئەمین عالی بەدرخانەوە
ئەمین عالی بەدرخان وەک بە خۆی دەڵێ «دوایەمین میری دەوڵەتی جزیرە»، پێی ڕاگەیاندم، بەختیار دەبێ بالادەستی شەخسیی خۆی بخاتە خزمەت فرەنساوە لەو ناوچانەی کوردستاندا کە بەر ناوچەی کۆنترۆڵی ئێمە دەکەون.
شەرەفی ئەوەم هەیە لەگەڵ ئەم نامەیە، کۆپیی ئەو نامەیەتان بگەیەنمە دەست کە لەبارەی ئەم باسەوە ئاراستەی من کراوە.

هـ. دوفرانس

نامەکەی ئەمین عالی بەدرخان
(کۆپی)
کۆنستانتینۆپل، ١٦ی حوزەیرانی ١٩٢٠

بۆ جەنابی
بەڕێز کۆمیسێری بەرزی کۆماری فرەنسا لە
کۆنستانتینۆپل
جەناب،
بنەماڵەی بەدرخان بەم چەند دێرە سوپاسی فرەنسا، یەکێک لەو هێزانەی کە کۆنفرانسی

ئاشتیی پێک هێناوە، دەکەن، بەوەی ئاواتە نەتەوەییەکانی کوردەکانیان هێنایە دی لەبارەی دەسەڵاتی تایبەتیی خۆیانەوە لە وڵاتەکەیاندا، کە سەربەخۆییێکی لۆکالی پێ دەدەن و هاوپەیمانەکان دەیخەنە ژێر باڵی گشتیی خۆیانەوە.

دەبێ بەشێکی باشووری کوردستان (دەوڵەتی جزیرەی ئیبن عومەر) بخرێتە بەر چاودێریی ئابووریی فرەنسا. بنەماڵەی بەدرخان کە باو و باپیرانی لە سەدەی حەوتەمەوە تا ساڵی ١٨٤٧ ئەم ناوچە تەواو کوردەوارییەیان بەڕێوە بردووە، ئەم خاڵانەی خوارەوە دەخەنە بەردەم ڕۆحی دادوەریی فرەنسا، بە تکا لەوەی لە بەرچاویان بگرێ.

لە نیوەی دووەمی سەدەی حەوتەمدا، ئەمیر سولێمان، کوڕی خالید کوڕی وەلید، کە بە زەبروەشێنی ناسراو بوو و یەکێک لە سەرکردە هەرە گەورەکانی محەمەد بوو، باشووری کوردستان داگیر دەکات. دوای مردنی سولێمان، کوڕەکەی عەبدولعەزیز شاری جزیرە دروست دەکات و دەیکاتە پایەتەختی وڵاتەکەی، ناوی عەزیزان (کوڕانی عەزیز) لەوەوە هاتووە و ئەم ناوە بەو میرنشینە براوە کە ئەم وڵاتەی بەڕێوە بردووە، ئەو میرنشینەی کە دوا میری، بەدرخانی باوکی ئێمە بوو، کۆشکە بەهێزەکەی هێشتا لە جزیرە هەر ماوە.

دوای چەند شەڕ لە دژی ئیمپراتۆریای عوسمانی، بەدرخان ساڵی ١٨٤٧ شکا و وەک دیلی شەڕ ڕەوانەی کۆنستانتینۆپل کرا. لەسەر داوای خۆی، حکوومەتی عوسمانی ڕێگەی پێ دەدا لە شام نیشتەجێ بێت و هەر لەوێش کۆچی دوایی کرد و ئەمڕۆ هێشتا گۆڕەکەی ماوە.

ئیمپراتۆریای عوسمانی دەستی بەسەر هەموو سەروەت و سامانەکانیدا گرت، وەک قەرەبوو بژێوییەکی پێ دەداین کە نەدەگەیشتە یەک لە سەدی ئەوەی کە دەبوو بیداتەوە. بەهەمان شێوە، لە چەندان بۆنەدا، ئێمە ویستوومانە داوای سەروەت و سامانی سروشتی و هەقی مێژوویی خۆمان لە وڵاتی خۆماندا بکەینەوە.

ساڵی ١٨٧٧، دوو کەسی ئێمە، عوسمان پاشا و حوسێن پاشا، چوونەتەوە جزیرە و میرنشینەکەی ئێمەیان بوژاندووەتەوە. سوڵتان عەبدولحەمید یەکێک لە برایەکانی ئێمە، بەحری پاشای ناردووە تا وایان لێ بکات بگەڕێنەوە و گفتی ئەوەی پێ داون بۆ ڕاییکردنی هەموو داوایەکانیان جێبەجێ بکات. بۆ ئەوەی ڕێگە لە خوێنڕشتن بگرن، گەڕاونەتەوە و عەبدولحەمیدیش هیچ لە وادەکانی خۆی بەجێ نەگەیاند.

ساڵی ١٨٩٢ بۆ هەمان ئامانج، خەلیل بەگ و عەبدورەزاق بەگ، ساڵی ١٩١٠ بەدری پاشا و میدحەت بەگ، ساڵی ١٩١١ حەسەن بەگ، حوسێن پاشا و سولێمان پاشا، وێڕای ئەو قەدەغەکارییەی کە حکوومەتی تورک خستبوویە سەریان، کەچی چوونەتەوە بۆ کوردستان. دوو لەوانەی دوایی لە شەڕێکدا دژ بە هێزی تورکەکان کوژراون. ساڵی ١٩١٦، بۆ دووەم جار، عەبدوڕەزاق دێتەوە بۆ کوردستان و دەمودەست ژیانی خۆی بۆ وڵاتەکەی دەکاتە قوربانی . دوای ئەوەی ئەو وردەکارییانەمان خستە بەردەم جەنابی بەڕێزتان، ئێمە دەمانەوێ پێی بڵێین بە هەموو

بەرژەوەندییێکی تایبەت بە جیا، ئێمە نفووزێکی گەورەمان لەناو تەواوی کوردستاندا هەیە، بەتایبەت لەو بەشەدا کە کەوتووەتە بەر مانداتی فرەنسی.، نفوزێک کە حکوومەتەکەی ئێوە دەتوانێ بەکاری بهێنێ بۆ گەیشتن بە ئامانجی خۆی کە تەنیا بریتییە لە زامنکردنی ئاشتی و گەشەپێدان لەو وڵاتانەدا کە دەکەونە ژێر نفووزییەوە.

بەو هیوایەی کە جەنابی بەڕێزتان بیەوێ خواستەکانی ئێمە بە حکوومەتەکەی ڕابگەیەنێ، ئێمە داوای لێ دەکەین بە سوپاسگوزاریی پێشدەستیانەمان، دەربڕینی زۆر بەرزی ڕێزلێنانمان قەبووڵ بفەرمووێ.

لەلایەن بنەماڵەی بەدرخانەوە

ئیمزا: ئەمین عالی بەدرخان،

کوڕی گەورەی میر بەدرخان،

دوایەمین میری دەوڵەتی جزیرە.

تێبینی:

کورتەیەکی چەند زانیاریگەلێکی پێویست لەبارەی دەوڵەتی جزیرەوە بەگەڵ ئەم تێبینییە خراون.

بۆ جەنابی

بەڕێز کۆمیسێری بەرزی کۆماری فڕەنسا لە

کۆنستانتینۆپل

## پاشکۆ
## (کۆپی)

چەند زانیارییێک لەبارەی دەوڵەتی جزیرەوە

دواین دەوڵەتی کوردیی جزیرە ساڵی ١٨٤٧ بە شکستپێهێنانی حکوومەتی تورک بۆ سەر میر بەدرخان، نەوەی بنەماڵەی کۆنی عەزیزان کە ماوەی زیاتر لە هەزار ساڵێک حوکمڕانی جزیرەی کردووە بەکۆتا هات.

لە ماوەی قەڵەمڕەوی میر بەدرخاندا، میرنشینەکەی ئەم بەشانەی دەگرتە خۆ:

یەکەم: ناوچەکانی جزیرە، نەسیبین، میدیەت کە دەکەوتنە باشووری-ڕۆهەڵاتی دیاربەکر.

دووەم: ناوچەکانی بەرواری، ئیرخ، شیرناخ، گوزان، شێروان، سیعرد کە دەکەوتنە باشووری بدلیس.

سێیەم: ناوچەکانی جۆڵەمێرگ کە دەکەوتنە باشووری-ڕۆئاوای وان.

چوارەم: ناوچەی زاخۆ، ئامێدی، دەنلوک کە دەکەوتنە باکوری ڕۆئاوای(؟) مووسڵ.

پێنجەم: بانەکانی هوگنێ و ئوڤرناد کە دەکەونە ڕۆئاوای مووسڵ.

شەشەم: چیایەکانی شەنگاڵ کە دەکەونە ڕۆئاوای مووسڵ و تا دێر-زوور درێژ دەبنەوە و ناوچەیەک بەهەمان ناو پێک دەهێنن.

حەوتەم: ئەو چیایانەی کە ناوچەکان تیاری-تخوب پێک دەهێنن.

پەڕاوێز:

(١) بەداخەوە مێژووی مردنی میر عەبدوڕەزاق هێشتا زۆر ئاشکرا نییە، لەم بەڵگەنامەیە کە ڕۆژی ١٦ی حوزەیرانی ١٩٢٠ لەلایەن ئەمین عالی بەدرخان، کوڕی گەورەی میر بەدرخان و مامی عەبدوڕەزاق بەدرخان بۆ کۆمیسێری بەرزی کۆماری فرەنسای نووسیوە مێژووی مردنی هاوینی ١٩١٦ داناوە، بەڵام سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ساڵی ١٩١٧ و زۆربەی زۆریش ئاماژە بۆ ساڵی ١٩١٨ دەکەن. بەڵام من پشتئەستوور بەسەرچاوەگەلی تر زیاتر بەرەو ئەوە دەچم کە هاوینی ١٩١٦ زۆر دروست بێت. سەرکردەی فەیلەقی سێیەمی سەربازی محەمەد کامیل لە ١٩١٥/٨/٢٣ لە وەڵامێک بۆ پەیامێکی سەربازی بۆ دەسەڵاتی باڵای سەرکردایەتیی سەرەکیی هەمایۆنی لە هەرێمی ئەرزەڕۆم نووسیویە: "بەهۆی" دەمگۆی خەڵکییەوە؛ زانیومانە کە گرووپێکی کورد و ئەرمەن لە دەوروبەری عەبدوڕەزاق بەدرخانی کۆ بوونەتەوە و ئامادەن کوردەکانی سەر بەحکوومەت هان بدەن کە لە ناوچەکانی شیرناخ و پێرڤاری ڕابپەڕن و سەرکردەکەیان بە هۆزەکانی جەزیرەی گوتووە پێوەندی بەوانەوە بکەن. لەگەڵ بیستنی ئەم هەواڵە لە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوەوە لە ڕێگەی ویلایەتی دیاربەکرەوە ئاگەدار کراونەتەوە کە بەتالیۆنێکی جاندرمەی گەڕۆک لە میدیەتەوە بەرەو لای شیرناخ ناردران بە دوای فەرمانێکی نووسراو تا عەبدوڕەزاق بە دیل بگرن". بڕوانە

Documants, publication de résidence du Conseil direction general de la presse et de: I´information, Ankara, 1982, p.115

ئێستە پرسیار ئەوەیە من هیچ بە مەنتیقی نازانم کەسێکی خوێندەواری وەک ئەمین عالی بەدرخان چەند ساڵێک دوای بێ سەروشوێنکردنی عەبدوڕەزاق هەڵەی کردبێت و لە جیاتیی ١٩١٨ نووسیبێتی ١٩١٦، چونکە مێژووی نووسینی نامەکە لەگەڵ مێژووی ڕووداوەکە هەر زۆر لەیەکەوە نزیکە بۆیە من پێم وانییە ئەمین عالی بەدرخان سەرچیخ چووبێت.

Haut Commissariat
de la
République Française
en Orient

DIRECTION DES AFFAIRES
POLITIQUES ET COMMERCIALES
-:-:-:-:-:-:-:-

ASIE OCEANIE
-:-:-:-:-:-:-

No 612

Constantinople, le 29 Juin 1920 168

Série E-311-3

MONSIEUR DEFRANCE HAUT COMMISSAIRE
DE LA REPUBLIQUE FRANCAISE EN ORIENT
A SON EXCELLENCE, MONSIEUR MILLERAND
PRESIDENT DU CONSEIL,
MINISTRE DES AFFAIRES ETRANGERES à
PARIS

A.s. de l'Emir Emin
Ali Bedirhan.

Emin Ali Bedirhan, se disant le " Dernier EMIR de l'Etat de Djézireh ", me fait savoir qu'il serait heureux de mettre son influence personnelle au service de la France dans la région du Kurdistan qui relèverait de notre contrôle.

-------1 p.j.----

J'ai l'honneur de faire parvenir, ci-joint, à Votre Excellence la copie de la lettre qui m'a été adressée à ce sujet./.

Vu:

H. Defrance

169

C O P I E

Constantinople, le 16 Juin 1920.

A Son Excellence

Monsieur le Haut Commissaire de la République Française

à Constantinople

Excellence,

La famille de l'Emir Bédirkhan vient par ces lignes remercier la France, une des Puissances formant le Congrès de la Paix, d'avoir réalisé les voeux nationaux des Kurdes, concernant leur propre autorité dans leur pays, en leur accordant une autonomie locale, qu'Elles prennent sous Leur commune assurance.

Une partie du Sud du Kurdistan (Etat de Djeziré-ibni-Omar) devant être soumise à la surveillance économique de la France, la famille Bédirkhan, dont les ancêtres ont dominé cette contrée proprement Kurde, du 7ème siècle à l'année 1847, soumet les points suivants à l'esprit de justice de la France, en La priant de les prendre en considération.

Dans la seconde moitié du 7ème siècle, l'Emir Suleiman, fils de Khalide-ibni-Vélid surnommé le Fougueux, un des plus grands commandants de Mahomet, conquit le sud du Kurdistan. Après la mort de Suleiman, son fils Abdul-Aziz fonda la ville de Djeziré, et la fit capitale de son Etat; c'est de là que vient le nom de Azizan (fils de Aziz) donné à la dynastie qui a régné dans ce pays, dynastie dont le dernier Emir fut Bédirkhan, notre père, dont le chateau-fort existe encore à Djeziré.

Après plusieurs batailles contre l'Empire Ottoman, Berdikhan fut vaincu en 1847, et amené comme prisonnier de

guerre à Constantinople. Sur sa demande, le Gouvernement Ottoman lui accorda de résider à Damas, où il mourut et où l'on se montre encore aujourd'hui son tombeau.

L'Empire Ottoman confisqua tous ses biens, et nous accorda comme compensation une pension qui n'égale pas la centième partie de ce qu'elle doit être. Aussi, à plusieurs reprises, nous avons voulu revendiquer nos biens matériels et nos droits historiques dans notre pays.

En 1877, deux de nous, Osman Pacha et Hussein Pacha, allèrent à Djeziré et restaurèrent notre principauté.
Le Sultan Abdul-Hamid leur envoya un de nos frères, Bahri Pacha, pour les engager à revenir, leur promettant d'acquiescer à toutes leurs demandes. Afin d'éviter une effusion de sang, ils revinrent. Abdul-Hamid ne tint aucune de ses promesses.

En 1892, dans le même but, Halil Bey et Abdul Rézak Bey, en 1910 Bédri Pacha et Midhat Bey, en 1911 Hassan Bey, Hussein Pacha et Suleiman Bey, allèrent au Kurdistan, malgré la défense que leur en faisait le Gouvernement Turc. Les deux derniers furent tués dans un combat contre les forces turques. En 1916, pour la deuxième fois, Abdul-Rézak pénétra dans le Kurdistan et donna aussi sa vie pour son pays.
Après avoir soumis ces détails à Votre Excellence, nous voulons Lui dire que, tout intérêt particulier à part, nous avons une grande influence dans tout le Kurdistan, et surtout dans la partie tombant sous le mandat français; influence que Votre Gouvernement peut utiliser pour arriver à son but qui n'est que d'assurer la paix et la prospérité dans les pays qu'Il prend sous Son influence.

Dans l'espoir que Votre Excellence voudra bien communiquer nos voeux à Son Gouvernement, nous La prions de

bein vouloir agréer, avec nos remerciments anticipés, l'expression de notre très haute considération.

Pour la famille Bédirkhan,

signé : EMIN AALI BEDIRKHAN,
fils ainé de l'Emir Bédirkhan,
dernier Emir de l'Etat de Djeziré.

N.B. Un abrégé des renseignements nécessaires sur l'Etat de Djeziré est joint à cette Note.

A SON EXCELLENCE
MONSIEUR LE HAUT COMMISSAIRE DE LA REPUBLIQUE FRANCAISE
A CONSTANTINOPLE

172

COPIE

RENSEIGNEMENTS SUR L'ETAT DE D J E Z I R E

Le dernier Etat Kurde de Djeziré a pris fin, en 1847, par la défaite, par le Gouvernement Turc, de son chef, l'Emir Bédirkhan, descendant de l'ancienne famille Azizan, qui a dominé Djeziré et tous ses environs pendant plus de mille ans.

Pendant la domination de l'Emir Bédirkhan, son Emirat (principauté) comprenait :

I-Les départements de Djeziré, Nassibine, Midiate qui sont situés au S.E. de Diarbékir.

II-Les départements Bervari, Erukh, Chirnakh, Gozan, Chirvan, Saard, situés au S. de Bitlis.

III-Les départements de Djolamergue, situé au S.O. de Van.

IV-Les départements de Za, Kho, Imadié, Denlouk, situés au N.O? de Mossoul.

V-Les plateaux de Hugné et de Uveynade situés à l'O. de Moussoul.

VI-Les montagnes de Sindjar, qui se trouvent à l'O. de Mossoul et qui s'allongent jusqu'à Dir-zor, formant le département du même nom.

VII-Les montagnes qui forment le département de Tiar-Tukhub.

کتێبی ئاراس:

# کەسێتیی تاکی عێراقی

باقر یاسین

بەشی هەشتەم

## دیکتاتۆری لە ئاکاری کەسێتیی عێراقیدا

### ئاخۆ کەسێتیی عێراقی بەدەسەڵاتخوازی دەناسرێتەوە؟

١٣- عێراقی بانگەشەی دیموکراسی دەکات و سەر بۆ ڕەوایی دانانەوێنێت:

هێزی حەزی دەسەڵاتخوازی (واتە حەزی دیکتاتۆری) بەهەزاران ساڵ بەقووڵاییی کەسێتیی عێراقیدا ڕۆ چووە، لەم دۆخەی ئێستادا وای لە هەست و هەڵوێستەکانی تاکی عێراقی کردووە نزیکتر بێت لە دوورکەوتنەوە و جیاوازی و لەتکردن و دوژمنایەتیی هەموو ئەوانەی دیموکراسیی ئازاد لە یاسا و ڕەوایی و داوونەریت و بەهای ئاکاریی پراکتیکی دەیسەپێنێت و دەیخوازێت، بەڵام ئەوە ڕاناگەیەنێت و هەستە ڕاستەقینەکانی ئاشکرا ناکات، بگرە پێچەوانەی ئەم ڕاستییە ڕادەگەیەنێت و بانگەواز دەکات.

ڕۆشنبیریی دیکتاتۆری، کە تەشەنەی کردووەتە قووڵاییی هۆشی تاکی عێراقییەوە، گەڵێک جار هانی دەدات بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دوژمنایەتیی دیموکراسی بکات، ڕەنگە لە ناهۆشیارییەوە، یا دەستئەنقەست بێت، ئەمەش لە کاتی وەستانەوەیدا بە ڕووی پراکتیک و یاسا بەسروشت دیموکراسییەکان.

................................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: سەباح ئیسماعیل

هەرچی لەسەر ئاستی بەڕێوەبردنی سیاسی و حوکم و دەسەڵاتە، بەگشتی عێراقی بەخۆڕسک لایەنگیری سیستەمی دەوڵەتی سەنتراڵی بەهێزی خودان دەسەڵاتە، دەوڵەتی تاک سەرۆکی بەهێز و زاڵ، کە سووکایەتی دەکات و هەمەدەستەیی سەرکردایەتی لە وڵاتدا، یا دابەشکردنی دەسەڵات لە یەک دەوڵەتدا بەکەم دەزانێت، زۆرجار وا دیار دەدات ئەم ئاکارە، کە عێراقی دەیگرێتە بەر ئاکارێکی زۆردارەکیی لەخۆگرتووی بەسەردا سەپێنراوە، لە سۆنگەی ئەو ڕۆشنبیرییە دیکتاتۆرییە بەدرێژاییی چەندان سەدە چەسپاوە لە ناخیدا، کە لە دیموکراسی دایدەبڕێت و ڕێی لێ دەگرێت بەخوایشتی خۆی سەر دانەوێنێت بۆ یاسا و داوونەریتە ناسراوەکانی، یا وەڵامدانەوە بەرەواییە پێویستەکانی... لەبەر ئەم هۆیانە دەبینین پێڕەوکردنی دیموکراسی لە عێراقدا وێڕای کەمی و دەگمەنیی ئەو ڕەوشەی تێیدا پێڕەو کرا، فۆرمی سەیر سەیر و ئاوارتەی وەرگرت، هەندێک جاریش بووەتە هۆی بەدیهێنانی ئەنجام و ڕووداوی کارەساتبار، کە هیچ پێوەندییان بەچەمکی دیموکراسییەوە نەبووە.

لەداردانە سیاسییەکان، کە ساڵی ١٩٤٩ ڕێژیمی پاشایەتیی دیموکراسیی پەرلەمانیی دەستووری لە عێراقدا بەرابەر بەسەرکردە سیاسییە ناسراوەکان، لە ئەندامانی نووسینگەی سیاسیی حزبی شیوعیی عێراقی پێڕەوی کرد، لە نێویاندا ئەمینداری گشتیی حزبەکەش، ئەوە بەهۆکاری سیاسییەوە رووی دا، لە سۆنگەی ئەوەی سەر بەڕێکخستنی حزبی شیوعیی قەدەخەکراو بوون، نەک لەبەر کاری تاوانکاریی دیارکراو ئەمانە ئەنجامیان دابێت، ئەمەش کارێکە لەگەڵ دیموکراسیدا نایەتەوە، کە ڕێگە بەئازادییە سیاسییەکان دەدات، هەروەها هەڵوێستێکی نەسرۆ و سەیرە لە ئاکاری باو و پێویست، یا پێشبینی کراوە لە هەر سیستەمێکی پاشاییی دەستووری، بگرە لە خەسڵەتی سیستمی پاشاییی دەستووریی پەرلەمانی نییە لە هەر وڵاتێک لە وڵاتانی جیهاندا، چونکە حزبی شیوعی لەو کاتەدا لە بەریتانیای پاشایی مۆڵەتی وەرگرتبوو و هیچ پاڵپەستۆیەکی لەسەر نەبوو، ئەو لەداردانە سیاسییانە دەرچوون بوو لە باو و داوونەریتی ناسراو لە سیستەمە دەستوورییە پەرلەمانییە پاشاییەکان و بەڵگەیەکی چەسپاون لەسەر ئەوەی کە دیموکراسی لە عێراقدا کەڵبەی دیکتاتۆریی هەیە و ڕەنگە ئەمەش شتێکی سەیر و ئاوارتە بێت لە مێژووی دیموکراسییەکان لە جیهاندا.

هەرچی ئەو دیموکراسییە بوو، کە حوکمی تاک حزبی لە عێراقدا لە ساڵی ١٩٦٨ تا ٢٠٠٣ جێبەجێ دەکرا، کە خۆی لە پەرلەمانی دروستکراودا لە لایەنی تەناهییەوە دەنواند، ئەو کات ناوی نرا ئەنجوومەنی نیشتمانی، دیموکراسییەکی دەقاودەق بوو، کە ئاوەزی عێراقی جێبەجێی دەکرد و بەڵگەیەکی چەسپاوە لەسەر گرتنەخۆی ڕۆشنبیریی دیکتاتۆری بەسەر ئاکاری گشتیی کەسێتیی عێراقییەوە، ئەو پەرلەمانە دروستکراوە لەلایەنی حکومەتی و تەناهییەوە ئەوپەڕی ڕێگە پێدانی بوو لە ئازادی و دیموکراسی بەپێی ڕۆشنبیریی تاکی عێراقیی نقومبوو لە حەزی دەسەڵاتخوازیی دیکتاتۆری.

هەرچی ئەو دیموکراسییە بوو، کە دوای ساڵی ٢٠٠٣ لە عێراقدا دامەزرا و بەشێوە و ناوەڕۆکەوە لەلایەن هێزەکانی داگیرکەری سەر بە زۆربەی وڵاتە دیموکراسییەکانەوە سەپێنرا، هەندێکیان وڵاتی دێرین لە پێڕەوکردنی دیموکراسیدا و ڕۆڵیان هەبوو لە دیارکردنی هەندێک ڕەهەند و چەمکی ئەم دیموکراسییە نوێیە لە عێراقدا بەشێوەیەک دوور نییە پێچەوانە، یا ناکۆک بێت لەگەڵ ڕۆشنبیریی تاکی عێراقیدا و لەگەڵ قەناعەتە کۆمەڵایەتییە باوەکانیدا نایەنەوە، بۆ نموونە سنووردانانی ڕێژەی ئافرەت لە پەرلەماندا بەبڕی چارەک، دەڵێین هەرچی دیموکراسییە، کە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣دا دامەزرا، ئەو کات و تا ئێستاش لەلایەن عێراقییەکانەوە دەرگیری هەوڵی بێ وچانە، بۆ ملکەچکردنی بۆ تایبەتمەندی و ڕەهەندی دیکتاتۆریی دەسەڵاتخوازی دەستەیی لەژێر ناو و گریمانەی جیاواز جیاوازەوە، بیردۆزی بەشبەشۆکێی (محاصصة) تایەفی و حزبی و نەتەوەیی، کە لە پاش ساڵی ٢٠٠٣وە پێڕەو و جێبەجێ کرا، حوکم و سیستمی سیاسی لە عێراقدا دامەزرا و بەپێی ئەوە و لەگەڵیدا نەخشەی دابەشکردنی سیاسیی تایەفی لەناو پەرلەماندا جێبەجێ کرا، کە شێوەیەکە لە شێوەکانی دیکتاتۆریی دەمامکدار، کە ئاوەزی عێراقی پەنای بۆ برد، بۆ داپۆشینی حەزی شاراوەی لە پراکتیزەکردنی دیکتاتۆری، دیموکراسییەکی زرێپۆشدار و چەکداری بەهێز و لەمپەرێلی دیکتاتۆری بەناوی بەشبەشۆکێوە دامەزراند، دیکتاتۆریی بەشبەشۆکێ نموونەی سەیر سەیری شەرمهێن و نەبینراوی لە گەندەڵیی ئیداری و دارایی و ئاکاریی دزێو و نائاسایی لە وڵاتدا دەرداوە و عێراقی کردە شەش حەوت سیستمی دەرەبەگایەتیی سیاسیی حزبی و تایەفی، دەستیان بەسەر گشت شتێکدا گرتووە و بەتاڵان بردوویانە و کۆنترۆڵی سەرجەم چالاکییەکانی ژیانیان کردووە.



له پێناو بەجێگەیاندنی دەرهێنانی پێویست بۆ دروستکردنی (دیموکراسیی دیکتاتۆری) (کە وادیارە داهێنانێکی تازەی نەناسراوی عێراقییە)، ئەوا لە ئاستێکی فراوان و بەشێوەیەکی تۆڵەستێنانەی ئابڕووبەر پەنا بۆ میتۆدی دابڕینی سیاسی برا، کە خۆی لە بیردۆزی بنبڕکردن و یاسا ناسراوەکەی دەبینێتەوە، هەروەها بیرمەندان لەم ماشێنە سیاسییە دەستەگەراییە نوێیەدا سیستمی لیستی داخراویان لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەماندا داهێنا، هەڵبەت باوەڕمان وایە تازە داهێنراوێکی نوێیە لە گزیکردن لە دیموکراسیی ڕاستەقینەی ئازاد و هەڵاتن لە مافەکانی و بەدڵنیاییەوە گەڕانەوە بۆ دیموکراسیی ئاراستەکراو و دروستکراو، کە بەدوگمەی نەبینراو کار دەکەن، ئەوە بوو کارەساتە گەورەکە ڕووی دا، کە لە مەزەندەی میللەتی عێراقدا نەبوو، دوای ئەو هەموو کوژران و قوربانییە تاڵە لەگەڵ دیکتاتۆریی پێشوودا، بەم ئاوایە تێکۆشەرێلێکی ناسراو لە ڕابەرانی پێشووی ئۆپۆزسیۆن لە ناوەڕاستی دەریایەک لە هەلپەرستی و بەرژەوەندیخوازیدا نقوم بوون و لەنێو قەرەباڵغیی ڕووداوە هەڵکشاوەکاندا ون بوون و گەلێک لە لایەنگرانی نوێی ستایشکەران و چەپڵەکوت و مەراییکەران و کەسانی هەڵگەڕاو لە حزب و سەرکردەکانیان گەڕانەوە بۆ داگیرکردنی شانۆکە جارێکی تر و خستنە ژێر ڕکێفی سەنتەرەکانی دەسەڵات و سامان و بڕیار.

بەتەواوی بۆ هەمووان ڕوون بووەوە، هەر بەڕاستی شاخەکە ئاوس بوو، وەلێ ئەمجاریان مشکێکی ئیفلیج و ناتەواوی بوو.

لەسەر ئاستی پەرلەمانی عێراقیش، گۆڕان لە میتۆدی بەشبەشۆکێ لە دابەشکردنی کار و پۆست و لە شێوازی لێکۆڵینەوەی کێشەکان و بڕیار لەسەر دانیان، بۆ میتۆدی دەست هەڵگرتن لە بڕیاردان، یاخۆ بڕیار نەدان لە یاساکاندا و بەکارهێنانیان بۆ لاوازکردن، یا خستنی هەندێک بەرپرس لە حکوومەتدا، جا ئیتر مەبەست سەرۆک حکوومەت بێ، یا وەزیر، یان بەرپرسێکی تر، تەنانەت ئەگەر ببێتە هۆی زیانگەیاندن بەبەرژەوەندیی گەل و نیشتمان، ئەوا ئەم میتۆدە پیادەکردنێکی خراپە بۆ حەزی دەسەڵاتخوازیی دیکتاتۆری بەشێوەیەکی قایلکەری ناڕاستەوخۆ، تا ئێستا لەوە ناکات ئاوەزی عێراقی ئامادە بێت بۆ دوورکەوتنەوە لە بیردۆزی بەشبەشۆکێ، کە هەمووان نارەزاییان لە بەرابەردا دەربڕی، تەنانەت داهێنەرەکانیشی، پاش ئەوەی وەبەریان هێنا و ئیمتیازی (دارایی و پۆست) گەورەیان لێ بەدەست هێنا، وا ئێستا لە کۆششدان بۆ ناولێنانی نوێ لە بیردۆزی بەشبەشۆکێ لەگەڵ هێشتنەوەی ناوەڕۆک، بۆ نموونە ناولێنانی بەشداریکردن لە بریی بەشبەشۆکێ ڕەنگێکی تازەیە، کە بەکار دەهێنرێت بەمەبەستی بۆیەکردنی بیردۆزی بەشبەشۆکێی ڕەتکراوە و قێزەون بۆ دەرخستنی بەڕەنگ و بەرگێکی تازەوە، بگرە سەرلەنوێ عێراقییەکان بۆ ماوەیەکی تریش تەفرە بدات.

هۆی گشت ئەمانە ئەوەیە، عێراقی وێڕای وا نیشاندانی کە باوەڕی بەدیموکراسی هەیە، کەچی مل بۆ بەش و پێویستییەکانی کەچ ناکات.

هەروەها پێوەستبوونی پیشەیی توند بەپێویستیی هەبوونی گونجانی تەواو لە هەموو بڕیارێکی بچووک و گەورەدا و گشت کێشە و بابەتێکدا، تەنانەت دامەزراندنی بەردەست و گسکدەرانیش و پشتگوێخستنی هەر ڕاستییەک بۆ حوکمی زۆرینە و زۆربە لە پەرلەماندا، مەیلێکی بەرچاوە بەرەو دیکتاتۆریی بەشبەشۆکێ و بەباشتر دانانی بەسەر هەر شتێکی تردا.

ئاوەزی عێراقی لە بەشە شاراوەکەیدا تا ئێستاش هەر سەرکردە و بیرکەرەوە و جێبەجێکاری ئەم کشانە دیکتاتۆرییە هێورە ناوپۆشە بەدیموکراسیی گەشەسەندوو لە عێراقدا لە ساڵی ٢٠٠٣ و بەدواوە، سەرەڕای هاتوهاواری بیریاران و ڕۆشنبیران و سیاسییە دڵسۆزەکان و ناڕەزاییەکانیان، کەچی کەس ئاوڕی لەو دەنگانە نەدایەوە، کە دەکۆشن بۆ ڕاستکردنەوەی ڕەوتەکە و دامەزراندنی دیموکراسیی ڕاستەقینەی ناشیواو لە عێراقدا و بۆ بەرگرتن لە وێرانکردنی چەمکەکانی دیموکراسیی ئازاد و ناسراو لەسەر ئاستی جیهاندا.

هەوڵەکانی ئاوەزی عێراقی بۆ داهێنانی (دیموکراسیی دیکتاتۆری) بەتایبەتمەندیی داهێنراوی بێ پێشینە لە مێژوودا، ترسناکترین کارە لەم قۆناخە مێژووییەدا لە عێراق جێبەجێ دەکرێت، لەمەش مەترسیدارتر زەبەلاحیی بەرژەوەندییە مادی و سوودە داراییە گەورەکانن، کە دەکرێت لە سۆنگەیانەوە ملی سەرجەم ناڕەزاکان ببڕدرێت و لەناویان بەرن، هەروەها بێدەنگکردنی ئەوانی تر، ئیتر ژمارەیان هەر چەندێک بێت. بەڵام هێشتا وێڕای هەموو شتێک، هیوا بەسەرکەوتنی ئەزموونی دیموکراسیی گەشەکردوو ماوە.

١٤- عێراقی ئافرەت دەچەوسێنێتەوە و ژیان و چارەنووسی لەژێر دەستیدان:

هەروەها لە سیماکانی حەزی دەسەڵاتخوازی لە ئاکاری تاکی عێراقیدا (لێرەدا بەتایبەت مەبەست لە پیاوانە) فۆرمی گشتیی باوە لە پێوەندیی پیاوی عێراقی بەئافرەت و هەڵسوکەوتی لەگەڵیدا لە هەموو بوارەکاندا، کە بەزۆری بەدەسەڵاتدارێتیی یەکجارەکی و دەسەڵاتخوازی و چەوسانەوە دەناسرێتەوە، لەگەڵ بوونی چەندان ئاوارتەدا، لەم توێژینەوەیەدا دەکۆشین وەسفێکی گشتگیر بەهەموو لایەنەکانی ژیانی و کردەنی بدەین سەبارەت بەم پێوەندییە تێکەڵ بەئاڵۆزی و توندی و لووتبەرزییە، هەوڵ دەدەین ئەم بابەتە تێکچڕژاوە بەوپەڕی وردی و بابەتییەوە بخەینە بەرچاو.

لە بەراییدا وای دەبینین ویژدان وا دەخوازێت بڵێین، توێژێکی گەورە لە پیاوانی عێراقی هەن بەشێوەیەکی باڵای ژیارییانە مامەڵە لەگەڵ ئافرەتدا دەکەن، لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و ڕەوشتییەوە و تێگەیشتنێکی ڕاستەقینە نیشان دەدەن بۆ هەست و ناسکی و خەم و ئاریشەکانی و ڕێز لە کەسایەتییەکەی دەگرن، بەدوور لە ساختەیی و مەرایی، لەوانەش گرینگتر واقیعییانە ڕۆڵی لە خێزان و کۆمەڵگە و ژیاندا بەرز دەنرخێنن، جا ئەگەر ئەو ئافرەتە دایک بێت، یا خوشک، یان ژن، یاخۆ کچ، یانیش هاوەڵ یا خۆشەویست بێت.

لەبەر ئەمە ڕێز و سۆز و چاودێری و مامەڵەی ناسکی بەرەوشتانەی لە بەرابەردا دەنوێن و خۆشەویستی و بەرگەگرتن و ڕازیبوونی بۆ دەردەخەن و لە خراپەکاری لە بەرابەریدا دوور دەکەونەوە.

لێ ئەوی مایەی خەمە ئەمانەی قسەیان لەسەر دەکەین، جگە لە کەمینەیەک سەرجەم پیاوان لە کۆمەڵی عێراقیدا پێک ناهێنن، لەبەر ئەمە ناکرێت لەسەر ئەم هەڵوێستانەیان هەڵسەنگێنرێن و بکرێنە پێوەر بۆ هەڵوێستی پیاوی عێراقی لە بەرابەر ئافرەتدا، چونکە زۆربەی زۆری پیاوانی عێراقی بەم وەسفانە ناناسرێنەوە، نە لە تێگەیشتنیان و نەیش لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ ئافرەتدا، بگرە بەوەسف و هەڵسوکەوتی تری تەواو ناکۆک بەوانەی پێشتر باسمان کردن، بەڕاشکاوییەکی خاڵی لە ڕووپامایی (مجاملة) باس لە هەڵوێستی پیاوی عێراقی دەکەین، کە لە بەرابەر ئافرەت لە گشت لایەن و ئاستێکدا پێی دەناسرێتەوە.

زۆربەی زۆری پیاوە عێراقییەکان بەپلەی جیاجیا مەیلیان لە چەوسانەوەی ئافرەت و بەنزمدانان و کۆنترۆڵکردنی ژیانیەتی و بەشێوەیەکی وا هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکەن، دڵڕەقی و گوێنەدان و سووکایەتی و گرینگینەدان تێکەڵ بەکۆژان و ئێش و ئازار و خەمە دەروونییەکانی دەبن و ئاوڕ لە داخوازی و حەزەکانی نادەنەوە، هەندێک جاریش عێراقی وا نیشان دەدات ناحەزییەکی خۆڕسکی لە ناخدا شاراوەی لە بەرابەردا هەیە، بێ ئەوەی بتوانێت نیشانەکانی ئەو ناحەزییە لە قسە و تۆنی دەنگ و سیمایدا بشارێتەوە، کەچی لە هەمان کاتدا قبووڵ ناکات و ناهێڵێت کەس ئەم ڕاستییە تاڵەی بەڕاشکاوی پێ بڵێت، چونکە هێند نابات پەنا بۆ نکووڵیکردن و مشتومڕ و هەڵەکاری و چیرەدرێژی لە بەرگریکردن لە هەڵوێستی دەبات، لەگەڵ وانیشاندان کە ڕێز لە ئافرەت دەگرێت و پابەندە بەماف و ئازادییەوە، پاشان پەلە دەکات بۆ قسەکردن لەسەر حوکمی داوونەریتی کۆمەڵایەتیی باو و هێزی نەریت، کە بە هێزی یاساکان و پێویستیی چاولێبوون و ملکەچی بۆ بڕیارەکانی، لە ترسی قسەی خەڵک... هتد.

لە گشت حاڵەتەکاندا بەدواداچوو دەتوانێت ژمارەیەک بەڵگە و تێبینی ببینێت، یاخۆ ئەو نیشاندەرە بەرچاوەی ئەو کەشاکە دەدات، کە ئافرەتی هاوشانی پیاوی عێراقی، جا نزیکایەتیی هەر چییەک بێت لێوەی، ئەوا دەبێتە بارێکی قورس بەسەریەوە لە کاتی پێکەوە ڕۆیشتندا بۆ هەر شوێنێک، چونکە لە زۆر کاتدا وا دیار دەدات کە لەگەڵیدایە، خەمبارە و منجەمنج دەکات و پەلەیەتی و سەبری نەماوە و مۆن و دڵتەنگە، بێ هۆیەکی ئاشکرا، یا دیاریکراو، ڕەنگە ئەمەش مایەی سەخڵەتی و شەرم، یا دوورکەوتنەوە و خۆبەزلزانی، یان هەستی خۆبەکەمزانین بێت، وادیارە ڕوون و ئاشکرایە ئەو پێکەوە دەرچوونە، یا هاوشانییەی بەسەریدا سەپێنراوە، ڕەنگە ئاواتی خواستبێت بەزووترین کات لەو هەڵوێستە قوتاری بێت، ئەو بەدەرچوون لەگەڵ ئافرەت بەبەرچاوی خەڵکەوە دڵی خۆش نابێت، جا ڕادەی نزیکییەکەی و هۆی دەرچوونی لەگەڵیدا هەرچییەک بێت.

کاتێک عێراقی لەگەڵ کەسێکی بێگانەدا، تەنانەت برادەرەکانیشی قسە لەبارەی ژنەکەیەوە (گەر لەوێ نەبێت) دەکات، ئەوا ناوی ناهێنێت، بگرە لە بریی ناوەکەی دەستەواژە و وشەی تر بەکار دەهێنێت، وەکو: ماڵەوە، خێزان، خزمەکان، ئەوان، دایکی منداڵەکان. زۆربەی کاتیش قسەکان بەکۆ دەکرێن، وەکو: ماڵەوە پرسیاریان کردووم، نازانم هۆیەکەی چییە؟، یا ماڵەوە ڕایان سپاردم خواردنیان بۆ ببەمەوە، وابزانم ئەمڕۆ چێشتیان لێ نەناوە.

یاخۆ دەڵێت: خێزانەکەم بۆ پزیشک دەچێت، دەبێت لەگەڵیدا بڕۆم... هتد.

زۆرجاریش مەبەست لەم بڕگانە ژنەکەیەتی، کە نایەوێ ناوی بهێنێت.

هەندێک زەلامی عێراقییش هەن لەگەڵ ئافرەتدا قسە ناکەن، بەتایبەت ژنەکەی بێبەری دەکات لە پەیڤی خۆشەویستی و میهرەبانی و لە کاتی ئامادەبوونی هاوەڵ و خزمەکانی ستایشی ناکات، هەندێک لەمانە وای دەبینن بەوە لە نرخ و شکۆیی و ڕێزی کەم دەکاتەوە و کەسێتی و پێگەی لای ئەوانی تر لاواز دەکات، ئەگەر بەژنەکەیدا هەڵدا و ستایشی هەڵسوکەوتەکانی، یا جوانییەکەی، یان توانای کرد، ئەوا لە ڕەخنەی ئەوانی تر دەترسێت، بۆیە خۆی لەو قسە پڕ لە میهرەبانی و ناسکانە لەگەڵیدا دەپارێزێت.

کاتێک پیاوی عێراقی بەتەلەفۆن لەگەڵ ژنەکەیدا دەدوێت، هەوڵ دەدات تا بکرێت قسەکان کورت بکاتەوە، کەچی لەگەڵ یەکێکی تردا درێژدادڕی دەکات، خۆ ئەگەر کەسانێکی ناسیاو لە نزیکییەوە بن، ئەوا قسەکانی کورت و جیدی دەبن، بەئەنقەستیش ڕووی خۆی مۆن دەکات و وا نیشان دەدات بێزار و جدی و بێ سەبر و حەزی لە کۆتاییهێنان بەگفتوگۆکەیە و بڕگەیلی ڕەتکردنەوە و نەهێشتن و هەڵگرتن بەسەر زمانیدا دێن، بەگشتی نیشانەکانی بزە و کرانەوە و خۆشی بە ڕوویەوە نابینیت...

هەموو ئەمانە لە ترسی ئەوەی ئەوانی تر بڕیاری بەسەردا نەدەن، کە لاواز، یا کلک، یان ژنانییە، کە وشەیل و تۆمەتیلێکی ڕەق و ئامادەن، عێراقییەکان بەیەکی دەڵێن، گەر یەکێک میهرەبانی و نەرمی و خۆشەویستیی بۆ ژنەکەی بنوێنێت.

پیاوی عێراقی لە زۆرجاردا (ئەمە بڕیارێکی گشتی نییە و بەسەر هەمووواندا پێڕەو نابێت) بۆ کۆنترۆڵ و زاڵبوونی پلە بەپلە بەسەر موڵک و ماڵی ژندا بەڕێگەیەک لە ڕێگەکان دەکۆشێت، وادیارە ئەم سیفەتە تایبەت نییە بەپیاوی عێراقییەوە، بگرە زۆربەی پیاوانی جیهان لە بەرابەر ژندا بەشدارن.

کار دەکات بۆ بەجێگەیاندنیان بەچەندان شێواز لە پێچوپەنا و فێڵکردن، کە بەبیری کەسدا نایەن، زۆرجار بەوە دەست پێ دەکات، کە دەری دەخات ئارەزووی لە یارمەتیدان و هاوکاری هەیە، بۆ ئەنجامدانی مامەڵەی ڕەسمی و کارڕاییی یاسایی ڕۆتینیی تایبەت بەموڵک و ماڵ و خانووبەرەی ژنەکەی، یا کێشە کەسێنییەکانی بەقۆڵبڕین و غەفڵەتهێنان و گەمەکردن بەگرێبەستەکان و دزینی ناڕاستەوخۆ، ڕەنگە هۆکار و پاڵنەری ئەم جۆرە ئاکارە ئەو هەستە

شـاراوەیە بێت لای پیـاو، کـە ئافـرەت بوونـەوەرێکی لاواز و ئابڵـووقـەدراوە و توانای دیاریکراوە و ئاسـانـە ملکەچی بکەیت بەو واقـیـعـە ڕازی بێت و ئـەو کـەم فـێڵـە لـە بەرگـریکردن لـە خـۆی و لە مافـەکانی و توانای ئەوەی نییە هـەڵسوکەوتێکی ڕاستەوخـۆی دوژمنکارانە دەربڕێت، کە مـەترسیی گەورەی لەسـەر بێت. بۆیە ئاسانە فریو بدرێت و مافەکانی بخوات.

هـەروەهـا ئافـرەتێک پارەدار و خـاوەنی زەویوزار بێت و توانای بەئـازادی خـەرجکردنـی پارەی تایبەت بەخـۆی هـەبێت، ئەوا لای زۆرێک لە پیاوانی عێراقی هەستێکی شاراوە لە ئیرەیی و بێزاری و ناڕەزایی دروست دەکات، هۆیـەکـەشـی ئەوەیە ئافـرەتێک خـودان مـوڵک و مـاڵ بێت، واتا هێـز و سـەربەخـۆییی کـەسێتی و شـوێنی هـەیە و مل بۆ پـاڵەپەسـتۆی پێـویسـتیی مـادی کـەچ ناکات، یا چاوەڕوانیی سـۆز و بەزەیی و بەخشندەیی بکات لە پیـاوەوە، پارەداریی ئافرەت، پێگە و هـەڵوێستی لە کێشـەکانی ڕۆژ بەتین دەکات، ئەمەش هـەژموونی پیاو و سـتـەم و دەسـەڵاتی بەسـەر ئافرەتدا لاواز دەکات، ئینجـاش دەسـەڵات و پاوانکردنی واقـیـعی لە چارەنووس و ژیانی لاواز دەکـات و کـاتێک هاوتاییی مـاقـووڵ لە پێـوەندیی نێوانیـاندا دروست دەبێت، واتا ئەودەمـی پێوەندیی نێـوان خـاوەن کۆیلە بەکۆیلـەوە لە نێوانیـاندا نامێنێت، ئەو کاتە پێوەندییـەکە هـاوسـەنگ دەبێت و لەسـەر بنەمـای ڕێککەوتن و خـۆشـەویسـتیی ڕاسـتـەقـینە و قـەناعـەتی خـۆیی و ڕازیبـوونی دوور لە دیکتـاتۆری و ناچارکردن و خۆبەزلزانین دروست دەبێت.

هـەرچی ئاسـتی کاری دارایی و بازرگانیی هاوبەشـە (لە چوارچێوەی خێزاندا) زۆر بەدەگمـەن ڕێک دەکـەوێت پیـاوی عـێراقی خـوڵقی هاوبەشـیی لە هەر پڕۆژەیەکی بازرگـانی لەگـەڵ ئافـرەتدا هـەبێت (خـێزانەکـەی یا یەکێک لە ژنانی بنەمـاڵە)، بەتایبـەت ئەگـەر دۆخی دارایی بەهێـز بێت و ناچار نـەبێت، یاخـۆ کاتێک پێـویسـتی بەپارە بێت بـەدەسـتـیـیـەوە هـەبێت، کـەچی ئەگـەر ڕەوشی داراییی خراپ، یا وێران بێت، ئەوا پێی قبـووڵە و نەرمی دەنوێنێت بۆ بەشداریکردن یا هـاوکاری لە ئافرەتەوە.

لە کـاتی سـەرگـرتنـی ئەم بەشـداربوونەدا، شـیـمـانەی ئەوە هـەیە ئەم هـاوبەشـیـیـە بگۆڕێت بۆ ناتەبایی و ناخـۆشـیی تاڵ و درێژماوە، زۆرجـار بەلەدەسـتدانی پارە و سـامـانی ئافرەتـەکە کۆتاییی دێت، لەگەڵ بێ توانایی لە سـەندنەوەی مافەکانی لەم هـاوبەشییەدا.

لەلایەکی تریشـەوە جـێی خـۆیەتی لێـرەدا ئامـاژە بەبوونی هـەزاران پیـاوی عـێـراقی بکەین، کـە بەبەخـشندەیییـەکی زێدەڕۆیییەوە بێ بەرابەر پارە و دیاریی بـەنرخ پێشکێشی ژن و کیژ و دایک و خزمـەکـانیـان دەکـەن و ئەوپەڕی پلەی ڕێزلێنانیـان پـێ دەدەن (هـەڵبـەت هـەر کـەس و بـەپێی توانای داراییی خـۆی)، ڕەنگە ئەم خـووە جوانە لە ئازایـەتی و وەفـاداری و بەخـشندەییی ناسـراو و ئەرک بەجێگەیاندن لە بەرابەر ئافرەت و خێزاندا یەکێک لە خـەسڵـەتە دڵگیرە جوانەکان بن، کـەسێتیی عـێراقی لە قـووڵاییی هۆشـیـاریدا هـەڵی دەگرێت، کە بەوپـەڕی سـەربڵندییـەوە لای هـەندێک تاکی عێراقی بەدەردەکـەوێت، وێڕای ئەوەی ئەم خـووە لە خـەسـڵـەتە باشـەکانی ئاکاری هـەندێک پیـاوی

عێراقییە، وەلێ لە هەمان کاتدا جەخت لەسەر بوونی حەزی ناکۆکی لە کەسێتیی عێراقیدا دەکاتەوە، ئەگەر بپێورێ بەهەڵسوکەوتی زەلامێلی عێراقییەوە، ئەوانەی دەکۆشن بۆ زاڵبوون نەک هەر بەسەر ژیانی ئافرەت و چارەنووسیدا بگرە بەسەر ماڵ و موڵکیشیدا.

بەڵام کاتێک ناخۆشی، یا مشتومڕ، یان شەڕێک لە نێوان پیاوێکی عێراقی و ژنێکی تر لە خزمەکانی، یا بێگانە سەبارەت بەبابەتێکی جیدی ڕوو دەدات، پێوەندیی بەمافی دارایی، یا ئیشەکەیەوە، یان بازرگانی، یاخۆ تەنانەت ئەگەر ناکۆکییە توندەکە هەمبەر بابەتی کۆمەڵایەتی، یا ڕەوشتی، یان شەرعی، یاخۆ هزری، یا سیاسی بێت، ئەوا عێراقی لە بەراییدا ناچێتە ناو مشتومڕەوە، یا بەشداربوون لە گفتوگۆی درێژ لەگەڵ ئافرەتدا (یا لەبەر ڕێز، یان ڕقی لێیەتی)، بەڵام لە کاتی توندبوونەوەی مشتومڕ و ناکۆکییەکە لە نێوانیاندا و گلەییکردن و قسەی ئازاردەر و ناتۆرە و جاڕسبوون بەهۆی مشتومڕی توندەوە، ئەو کات سڵ ناکاتەوە لە هێرشبردن و هەڵبەستنی تۆمەتی خراپ و ناشیرین دژ بەئافرەتەکە، خۆ ئەگەر گەنج و جوان بوو، ئەوا بۆ دەمکوتکردنی دەمودەست پەنا دەباتە بەر قسەکردن بەناموس و ئاکار و شەرەفی، تەنانەت ئەگەر نەشیناسێت و هیچیش لەبارەیەوە نەزانێت، پەنا دەباتە بەر قسە و وتەی نادیار و ناڕۆشنی دوور لە تێگەیشتن، ئاماژە بەتۆمەت و گومان دەدەن، وەلێ بە ڕوونی ئاماژە بەمانای گومان ئامێزی خراپ دەدات، کە مەبەستییەتی، ئەمەش کورتترین ڕێگەیە، بۆ بێدەنگکردن و زاڵبوون بەسەریدا پەنای بۆ دەبات، بەڵام ئەگەر ئافرەتەکە ناشیرین بێت، ئەو کات ناشرینتری دەکات و گاڵتە بە ڕوو و هەڵسوکەوتی دەکات، بەلێکچوواندنی سەیر و بەراوردی سووک و مایەی گاڵتەجاڕی، تا زۆرترین سووکایەتی و ڕەنجاندن و وەڕسی دەروونی پێ بدات.

لەلایەکی ترەوە پێوەندیی کۆمەڵایەتی و هاوسەرکاری لە نێوان پیاوی عێراقی و ئافرەتدا بەدەست تەنگژەیەکی توندەوە دەناڵێنێت و مەترسییەکی گەورە دروست دەکات، هەڕەشە لە قووڵاییی ئەم پێوەندییە دەکات و بەردەوام تووشی شیمانەی هەڵوەشانەوە و لاوازی و ڕووخانی دەکات، ئەمەش لە سۆنگەی بەکەم زانینی پیاوی عێراقی لە پرسی ناپاکیی خێزانیدا (لێرەدا مەبەست زۆربەی زۆری پیاوانی عێراقییە نەک هەموویان)، چونکە پیادەکردنی ناپاکیی خێزانی لای ئەو هیچ کێشەیەک، یا گرێیەکی گەورە، یا گۆڕانێکی یەکلاکەرەوە، یاخۆ چارەنووسسازی گرینگ و زیندوو لە ژیانی هاوسەرکاریدا دروست ناکات، دەتوانین بڵێین گەلێکیان بەئاسانی ناپاکیی هاوسەرکاری دەکەن وەک ئەوەی کارێکی باو بێت و بێ هیچ هەستکردنێک بەپەشیمانی، یاخود گوناه، ئامادەییشی تێدایە چەندان جار ئەم کارە بکاتەوە و چۆنی بۆ ڕێک بکەوێت، ئەو وای نابینێت ئەمە درز دەخاتە پێوەندیی هاوسەرکارییەوە، یاخۆ وێرانی دەکات، ئەم جۆرە (کە زۆرن) هێند گوێ بەشاردنەوەی ئەم جۆرە چالاکییە سێکسییە تابوویە نادەن و تا ئێستا ژمارەیەکی کەم نین ئەو پیاوە عێراقییانەی بەتایبەتیش نەخوێندەوارەکانیان، یاخۆ دانیشتوانی گوند، ئەوانەی تا نووکە بڕوایان بەشتێلێک هەیە نزیکترە لە بەکۆیلەکردنی ئافرەت و ڕێ بە ژنەکانیان نادەن

چەندوچوون، یا پرسیاری هەڵسوکەوتیان لە دەرەوەی ماڵ لێ بکەن، پیاوی لەم بابەتە هەر لە بناغەوە ڕەتی دەکاتەوە ژنەکەی لێی بپرسێت لە کوێ بوویت؟ یاخۆ بۆ کوێ دەڕۆیت؟.

ئەوەی مایەی سەرسووڕمانە لە ژینگەی کۆمەڵایەتیی عێراقیی وادا، کە بوختان و پیلان و ئاژاوەگێڕیی تێدا بڵاوە و گشت نهێنییەک بڵاو دەبێتەوە، لە هەمان کاتدا بێدەنگی و شاردنەوەی ئەم چالاکییە بەردەوامانە لە کاری خیانەتکاریی هاوسەری، کە پیاوان بێ ئەوەی ژنەکانیان بزانن، ئەنجامی دەدەن، زۆربەی کات هەواڵی وا ناگاتە ژنەکانیان، بەڵام ئەو ئابڕووچوون و دانەسەرە ڕاستەوخۆیانەی لەلایەن ژنەکانیانەوە دەکرێت بۆ سەر چالاکیی سێکسیی زیندووی وا، ئەوا لە چاو ئەوەی ڕۆژانە ڕوو دەدات کەمن، ڕەنگە هۆی ئەم بێدەنگی لێکردنە بوونی بەرژەوەندیی هاوبەش بێت لە نێوان ئەندامانی هەر تۆڕێک، یا گرووپێک لەو پیاوانەی گلاونەتە ناپاکیی هاوسەرکارییەوە، ڕێ لە هەموان دەگرێت هەواڵی وا، یا زمان لێدان، یا تەشهیر بڵاو بکەنەوە، چونکە هەر تاکێک لەو کۆمەڵە وا هەست دەکات ئابڕووچوونەکە هەموان دەگرێتەوە و هیچ یەکێک لەو تیمە ناتوانێت بەتەنیا بێ ئەوانی تر خۆی قوتار بکات، بەتایبەت ئەگەر ژنی هێنابێت، وێڕای ئەوەش کارەکە خاڵی نابێت لە هەندێک ئابڕووچوون، بەهۆی خۆ لێ دەرکردن و زمان لێدانەوە.

سەرەڕای تێوەگلانی ژمارەیەکی کەم نا لە پیاوان لەوانەی وا نیشان دەدەن دیندارن و بەردەوام دوعا و ئایەت دەخوێنن و بەدرێژاییی ڕۆژ برگەی ئاینییان لەسەر زارە و نقووم بوونەتە ناو ئەم چالاکییە سێکسییە تاوانکارییانەوە، وەلێ ماف و ویژدان و بابەتی وامان لێ داوا دەکەن بڵێین ڕێژەیەکی زۆری پیاوان لە کۆمەڵگەی عێراقیدا بڕوای ئاینی لەمپەر و بەرهەڵستێکی ڕاستەقینەی بەهێزە، لێیان ناگەڕێت کاری ناپاکیی هاوسەری ئەنجام بدەن، بەتایبەت ئەوانەی تا ڕادەیەک تەمەنیان هەڵکشاوە.

لە بەرابەردا لەبەر ڕۆشناییی تێبینییە بەرچاوەکان لە کۆمەڵگەی عێراقیدا، دەتوانین بڵێین ژمارەی ئەو ئافرەتانەی لە دەرەوەی بارودۆخی پێویستیی مادیی ناچارانەی بەزۆر و بەدەر لە کاردانەوە و تۆڵەسەندنەوەی دوولایەنە ناپاکیی هاوسەری دەکەن، ژمارەیان زۆر کەمە، ڕەنگە لە چاو ژمارەی پیاوانەوە لەم بابەتەدا بەراورد نەکرێن، بەتایبەت پێش ئەو شەڕە یەک لە دوای یەکانەی بەملیۆنان پیاوی عێراقیی لەناوبرد و ژمارەیەکی زۆری خێزانیان وێران کرد، دەبێت بڵێین ژمارەیەکی کەم نین ئەو ئافرەتە عێراقییە بێدەنگانەی بەڵگەی تەواوی یەکلاکەرەوەیان لەسەر مێردەکانیان نییە، کە ناپاکییان لێ دەکەن، بەڵام لە هەمان کاتدا گومانی زۆریان هەیە لەسەر ئەوەی پیاوەکانیان لەگەڵ ئافرەتانی تردا، کە ئەمان نایاننناسن ناپاکی دەکەن.

وێڕای ئەمەش ژنی بەستەزمانی هەڵخەڵەتێنراوی عێراقی هەوڵ دەدات خۆی بەهەڵەدا ببات و زۆر لە خۆی بکات و هەستەکانی ئیرەیی بشارێتەوە، تاکو بتوانێت گومانە گەورەبووەکانی سەبارەت بەناپاکیی مێردەکەی بەدرۆ بخاتەوە، گەلێک جاران پەنا دەباتە بەر بێدەنگی لێکردن و چاوپۆشی و خۆگێلکردنی بەئەنقەست لە پێناو پاراستنی ئابڕووی خێزان و منداڵەکانی و ڕێگرتن

له وێرانبوونی خێزان.

له سۆنگەی دڵڕەقیی داوونەریتی باوەوە لە کۆمەڵگەی عێراقیدا و پەرچەکرداری خوێناویی تۆڵەستێنی دەمودەست، کە پیاوی عێراقی لەژێر ناوی بەرگری لە شەرەف و ئابڕوو پەنای بۆ دەبات، بۆیە ئافرەتی عێراقی سانسۆرێکی خودیی تۆکمە و کۆتی یەکلاکەرەوەی لەسەر خۆی و ئاکاری سۆزداری و سێکسی داناوە، ئەمەش لە پێناو پاراستنی ژیان و ئابڕوو و خۆی لە مەرگی سەد لە سەد بپارێزێت، هەروەها لە هەمان کاتدا ناموسی کەسوکار و خێزانەکەیشی بپارێزێت، بۆیە لە خۆوە (لە زۆر کاتدا و بەشێوەیەکی گشتی) لە هەر هەڵسوکەوتێک، کە گومان سەبارەت بەئاکاری ڕەوشتی دروست بکات، دوور دەکەوێتەوە، ئەم بابەتە نەک هەر لای ئافرەتی عێراقی هێڵی سوورە، کە دەبێت لەسەری بوەستێت، بگرە هێڵی خوێناویی مەرگە، کە پێویست دەکات تەنانەت لە مەبەست و ناوەکانیشی دوور بکەوێتەوە.

هەرچی کرداری سێکسیشە، ئەوا خراپترین شتێک ئاکاری عێراقیی پێ بناسرێتەوە، هەڵکشانی هەستی ڕق لێبوونەوە و گاڵتە پێکردن و بەسووکزانین و هەڵسوکەوتی نابەجێی خاڵی لە جوانکرداری و سۆز و خۆشەویستی لە بەرابەر ئەو ئافرەتەی لە دەرەوەی پێوەندیی هاوسەری سێکسی لەگەڵدا کردووە.

دڵڕەقیی بارودۆخەکە و پاڵەپەستۆی هەمەجۆر، کە تا ئەم کاتەش زۆربەی ئافرەتانی عێراق لەگەڵیدا دەژین و دەرگیرین، ئەوا هێشتا دەتوانین بڵێین ژمارەیەکی زۆری ئافرەتی عێراقی ڕووبەڕووی ڕەوشی ژیانی گەلێک زەحمەت دەبنەوە، کە لە پاشماوەی چاخەکانی کۆیلایەتییە، بەهۆی توندڕۆیی کۆمەڵگەی عێراقی و بێ سەرەوبەرەیییەکەی بەگشتی، بەهۆی توانایی ستەم و خۆبەزلزانی، کە زۆربەی پیاوان لە بەرابەر ئافرەتدا پێڕەوی دەکەن، دەبێت ئاماژە بەوە بدەین، کە مەبەست لە ملیۆنان ئافرەتی عێراقیی گوند و بیاوان و زۆنگاوەکان و دێهاتە دوورەدەستەکان و شارۆکە و دەوروبەری شارە گەورەکانە لە هەموو لایەکی عێراقدا، نەک ژمارەیەکی دیاریکراو لە ئافرەتانی شارە گەورەکان و گەڕەکە پێشکەوتووە خۆشگوزەرانەکان و شێوازەکانی ژیاری مەدەنیی نوێ.

له سیماکانی ئەم پاڵەپەستۆیانە و سەختیی ژیان، کە ئافرەتی عێراقی تێیاندا دەژێت و بەدەستیانەوە دەناڵێنێت، بۆ نموونە: ڕێگەنەدان بەکچ بەخوێندن و خوێندن تەواوکردن لە گوند و شوێنە دوورەدەستەکاندا (بەئەنقەست، یا بەزۆر) هەروەها زۆر کات ناچارکردنی بەئەنجامدانی کاری قورس، وەکو دار کۆکردنەوە و ئاڵف دان بەئاژەڵ و نانکردن بۆ هەموو خێزانەکە و ئاوهێنان لە مەودایەکی دوورەوە بۆ ماڵەوە بەهۆی دەفری قورسەوە، کە تووشی کوترانی ئێسکی شان و مل دەبێت، هەروەها شوشتنی سەرجەم قاپوقاچاغی ماڵەوە بەدەستی خۆی و شوشتنی هەموو جلەکانی ئەندامانی خێزان، پاشان ئامادەکردنی خواردن و لێنانی بۆ گشت ئەندامانی خێزانەکە سێ جار لە ڕۆژێکدا بەدرێژاییی مانگ و ساڵەکان و ڕۆیشتنی بۆ ماوەیەکی دوور بۆ بازاڕی شار

بۆ فرۆشتنی بەرهەمی ئاژەڵ و پەلەوەری ماڵەوە، وەکو هێلکە و مریشک، یا ماسی، یان شیرەمەنییەکان بۆ دابینکردنی بژێویی خێزانەکەی، ئینجا بەیانییان ئامادەکردنی منداڵەکان بۆ قوتابخانە تا بزانێت چییان پێویستە.

ئەمانە و زۆری تریش، کە وێنەیەکن بۆ ئەرک و ماندووبوونی ڕۆژانەی تاقەت پرووکێن، کە ئافرەتی عێراقی ئەنجامیان دەدات، کەچی پیاو لە زۆربەی ئەم کار و بەرپرسیارێتییانەدا بەشدار نابێت، کە ئافرەتان بەتەنیا دەیگرنە ئەستۆ، ئەم ئەرکانە تووشی شەکەتیی جەستەیی و دەروونیی دەکەن، کەچی وێڕای ئەنجامدانی ئەم هەموو ئەرک و کارە قورسانەش هێشتا بەهیچ مافێکی تایبەتیی خۆی بەهرەمەند نییە، ئەو پارەی تایبەت بەخۆی نییە و پارە بۆ خۆی وەرناگرێت، بەرچاوترین شتێک شکی ببات جلەکانی بەریەتی، کە لە دوو سێ پارچە لە قوماشی ڕەش بەدرێژاییی ساڵ تێپەڕ ناکەن.

هەرچی چارەنووسێتی ئەوا زۆرجار پیاو بڕیاری لەسەر دەدات، هەر ئەو بڕیاری بەشوودانی بەوەی بیەوێت دەدات، زۆر زەحمەتە بەلای ئافرەتەکەوە نارەزایی دەربببڕێت، یا ڕەتی بکاتەوە، کاتێکیش لەم بارەیەوە ڕای وەردەگیرێت، تەنیا پرسە گورگانەیەکە و هیچی تر.

تا ماوەیەکی نزیکی بەر لە ئێستا ئافرەت دەخرایە لیستی زیان و پێبژاردنەوە، کە دەبوو بدرایا، یاخۆ پێشکێشی خێزان، یان ئەو خێڵەی هێرشی کراوەتە سەر بکرێت، لە دۆخی کوشتن، یا ڕووداوی دەستدرێژیکردن، ئەمەش لە بەرابەر ئاشتەوایی و خۆدوورخستنەوە لە کاری تۆڵەسەندنەوەکە شیمانەی ڕوودانی دەکرێت، وەک ئەوەی سزاکەی بڕێک پارە و ژمارەیەک گا و گۆتاڵ بێت لەگەڵ ئافرەتێک یا پتر و پێویستیی تر بەرابەر ئاشتی و ڕێک کەوتن.

فەتواکان، ئەوانی لە سەرچاوە ئاینییەکانەوە دەرچوون، بەتایبەت ناوەڕاست و خوارووی عێراق ئەم مامەڵە دزێوەیان دژ بەئافرەت وەستاند، لەو فەتوایانەدا هاتووە توانای گۆڕین و سڕینەوەی ئافرەت لە لیستی پێبژاردن هەیە، کە پێی دەگوترێت خوێنبایی، یا خوێنبژاردن (الدية)، گۆڕینەوەی بەبڕێک پارە "ڕزگارانە" لە بەرابەر مارەییی ئافرەتەکە دادەنرێت بۆ هەر ئافرەتێک لە لیستی بژاردن بسڕێتەوە، ئەگەر ئەم فەتوایانە نەبوونایا، ئەوا ئافرەتی عێراقی هێشتا ملکەچی یاسا کۆنە خێڵەکییە شەرمهێنەرەکان دەبوو، کە بەخوێنبایی (لە بری خوێن) ناودەبرێت.

تا ماوەیەکی نزیکیش لە زۆربەی گوندەکانی عێراقدا داوونەریت وابوو، ئەو ئافرەتەی لەلایەن پیاوێکەوە دەستدرێژیی سێکسیی دەکرێتە سەر، کەسوکاری خۆی دەیکوژن، ئەمەش براکەی، یا باوکی، یان ئامۆزاکەی ئەنجامی دەدات، ئیدی هیچ چارەیەکی تری نییە. نەریت وابووە ئەو پیاوەی ئەتکی کردووە نکووڵیی لێ دەکات و نایخوازێت، ئەمەش لەبەر ئەو هەستی ڕق لێبوونەوە و گومانەی دوای زۆرگێییەکە لای دروست دەبێت.

پاش ئەوەی خێزانەکە ئەو ئافرەتە دەکوژن (سەرەڕای قەناعەتیان، کە بەزۆر ئەتک کراوە)، ئینجا داوا لە خێزانی کوڕەکە، یا ئەو پیاوەی خراپی کردووە دەکەن، بێن ڕێک کەون، واتا بژاردنی

قورس، ئەگەر بیانەوێت ناکۆکییەکە نەهێڵن و خۆیان لە تۆڵەسەندنەوەی خوێناویی پێشبینیکراو بەدوور بگرن، کە زۆرجار یەکێک لە خزمەکانی ئافرەتە ئەتککراوەکە بۆ تۆڵەسەندنەوە ئەنجامی دەدات.

لەم پرۆسەی ڕێککەوتنە ژمارەیەک پیاوماقووڵ و پیاوی ئاینی و پیاوباش لە خودان دەسەڵات بەشداری دەکەن و لە پێویستییەکانی ئەم ڕێککەوتنەش بۆ کوژاندنەوەی ئاژاوە و بەدیهێنانی ئاشتی، دەبێت ئافرەتێک لە کەسوکاری کوڕەکە، یا زەلامەکەی دەستدرێژیی کردووە بستێن، زۆرجار ئەو ئافرەتە خوشکی، یاخۆ یەکێک لە خزمە نزیکەکانیەتی وەکو بژاردن، یا سەر بەسەر، بەم ئافرەتەش دەڵێن مەسلەت پێکراو (الفصلیة)، ئیتر ئافرەتەکە دەبێتە سەرانە بۆ یەکلاییکردنەوەی ناکۆکیی نێوان هەردوو خێزانەکە، ئافرەتە مەسلەت پێکراوەکەش (بەواقیع نەک بەقسە) هیچ مافێکی نییە و بەسووک و ڕیسوایی دەمێنێتەوە و بڕیار دەدرێت بدرێتە کەسێکی کەمئەندام، یا شێتۆکە، یان پیرەمێردێک و نە خۆی و نەیش کەسوکاری مافی ناڕازیبوونیان نییە، چەندێک ناخۆشی لەناو ئەو دوو خێزانەدا ڕوو بدات ئەوە دەدرێت بەچاویا کە سوڵحی پێ کراوە، ئەم ئافرەتە بەم چارەنووسە دەبرێت و هیچ شتێک سەبارەت بەتاوانی سێکسی نازانێت، کە برا هەڵەشەکەی لە ساتێک لە ساتەکانی حەز و هەڵچووندا ئەنجامی داوە.

لەژێر سایەی ڕێژیمی پێشوودا بەر لە ساڵی ٢٠٠٣ یاسایێلی پڕ لە بوێریی مەدەنی دەرچوون، تا ڕادەیەکی زۆر دادپەروەریی بۆ ئافرەت تێدا بوو و لەگەڵیدا وەستا، بەشێوەیەک ئافرەت بتوانێت بەهۆی ئەو زیانەی پێی گەییوە لە ماوەی پێوەندیی خێزانیدا، داوای تەڵاق بکات.

تەنانەت ئەگەر دەرکەوت پیاوەکە ناتەواویی نییە، ئەوا دەتوانێت داوا لەسەر ئەو بابەتە بەرز بکاتەوە و ئەو کات دادگە بەدواداچوون بۆ داواکە دەکات و بڕیاری لێک جیابوونەوە دەدات، خۆ ئەگەر تەڵاق درا، ئەوا ئافرەتەکە و منداڵەکانی لەو خانووەی تێیدا دەمێننەوە سوود وەردەگرن.

سەرەڕای ئەمانەش واقیعی حاڵەکە ئاماژە بەبەردەوامیی هەژموونی دیکتاتۆریی پیاوانی عێراقی بەسەر ژیانی ئافرەت لە عێراقدا دەدات، چەندان دەیەی تر لە تێکۆشان لە بەردەم ئافرەتی عێراقیدایە، بەر لەوەی هاوسەنگی و پێگە و مافەکانی لە کۆمەڵگەی عێراقیدا بگێڕێتەوە.

## بەشی چوارەم

## خوێنڕێژی لە ئاکاری کەسێتیی عێراقیدا

ڕوونکردنەوەی پێویست:

لە سەرەتای ئەم توێژینەوەیەدا پێویستە هەندێک چەمک و پێناسە ڕوون بکەینەوە، تا ڕێگە لە ڕوودانی تێکەڵیی مانا مەبەستدارەکان، یا هەڵە لە چەمک و مەبەست و بڕیارە بەکارهاتووەکان بگرین، کە لەم بابەتەدا دێن. لە یەکەمین ئەو پێناسانەی پێویست بەڕوونکردنەوە دەکەن، ئەو

کەسایەتییەی لە قسە و دەستەواژە وەسفی و ئەدەبییەکانماندا بەکەسێتیی خوێنڕێژمان ناو برد و پێی ئاشنا بووین، لە زاراوە و وشەی بەکارهاتوو لە توێژینەوەکانی دەروونزانیدا هەمان مانا وەرناگرێت، بگرە بەکەسێتیی دوژمنکار ناودەبرێت و خەسڵەتی خوێنڕێژی یەکێک لە شێوە، یاخۆ جۆرەکانی لە وەڵامدانەوە و چالاکییەکاندا دەبێت، کە کەسێتیی دوژمنکار پێی هەڵدەستێت. بەم مانایە خۆی لە خۆیدا کەسێتیی خوێنڕێژ نییە، بگرە کەسێتیی دوژمنکاری هەیە، لە نێوان شێوەکانی ئاکار و هەڵسوکەوت و جووڵانەوەکانیدا ئەو کارانە پێڕەو دەکرێن، کە مۆرکی خوێناوییان هەیە.

لەلایەکی ترەوە و بۆ ئەوەی بەخراپ لەم توێژینەوەیە نەگەین، پێویستە ئەوەش ڕوون بکەینەوە، کە ناونانی دەستەواژەی خوێنڕێژ لە ئاکاری کەسێتیی عێراقیدا گوزارشتێکی مەجازییە، مەبەست لێی قەوارەی تێکڕای گشتیبوونی دیاردەکانی حەزی خوێنڕێژییە لە ڕیزەکانی کۆمەڵگەی عێراقیدا، ئەو دیاردانەی هەر کۆمەڵگەیەک لە کۆمەڵگە مرۆییەکان لە جیهاندا لێی بەدەر نین، مەبەستیش لێی لکاندنی سیفەتی خوێنڕێژی نییە بەهەر تاکێکی عێراقییەوە بەشێوەیەکی ڕەها، واتا مەرج نییە هەر عێراقییەک گیرۆدەی حەزی خوێنڕێژی بووبێت، بەسەدان هەزار عێراقیی باش و بێوەی هەن لەوە دوورترن هەر حەزێک، یا ئاکارێکی خوێنڕێژی، یا دوژمنکارییان هەبێت و بڕوایان بەهیچ پیادەکردنێکی خوێناوی نییە، جا ئیتر لە هەر ئاستێکدا بێت، هەروەها دوورن لە هەر چالاکییەک بۆنی دوژمنکاریی لێ بێت. بگرە دەیانبینیت نموونەی ناسکی و بەزەیی و میهرەبانی و مرۆڤایەتین.

هەروەها دەبێت ئەوەش ڕوون بکەینەوە، کە ئەو کار و چالاکییانەی مۆرکی خوێنڕێژییان پێوە دیارە، شێوەیەکی باون و لەناو گشت نەتەوە و گەلێکدا هەن و تایبەت بەگەلێک، یا کەسێتییەک نین، هەروەها لە قۆناغێکیشدا کورت نابێتەوە، بگرە ئەوە جۆرێکە لە ئاکار و لە کۆنترین چاخەوە هاوشان بووە لەگەڵ ژیانی مرۆڤایەتیدا، بۆیە مەبەست و مانا لەم قسانەمان سەبارەت بەخوێنڕێژی لە عێراقدا و ئاکاری خوێنڕێژیی هاوشان بەکەسێتیی عێراقی، شێوەی ئەوپەڕ و زێدەڕۆییی تێدا کردن و ئاوارتە و توندکردنەوەی کاری توندوتیژیی خوێناویی نائاسایی و ئەوپەڕێتی لە دڵڕەقی و دڕندەیی، کە وای لێ دەکات لە دەرەوەی باودا بێت و لە چوارچێوەی دڕندەیی و نامرۆیی ئەنجام بدرێت.

مێژووی گەلان لە سەرجەم وڵاتانی جیهانی سێیەمدا بەدرێژاییی چەندان قۆناغی جیاجیا و تا ئێستاش بار و نموونەی جیاجیای لە زەبروزەنگ و خوێنڕێژی بەشێوەیەکی فراوان بەخۆوە بینیوە، کە شێوەیەکە لە شێوەکانی ئاکاری دوژمنکاری لە دەروونی مرۆڤدا، کەچی توندوتیژی و خوێنڕێژی لە واقیعی عێراقدا لە ماوەی چەندان سەدەی جیاجیاوە مۆرک و قەوارەی گەورە و ئاوارتەییی هەبووە لە دڵڕەقی و دڕی لە زۆرێک لە ڕووداو و بوویەرەکاندا، لە نێوانی سەرجەم قۆناغەکانی مێژوودا، ئەمەش ئەوەیە کە مەبەستمانە و دەمانەوێت قسەی لەسەر بکەین و شیکردنەوە بۆ هۆکارەکانی بکەین.

هەڵبەت ناتوانین بڵێین زەبروزەنگی خوێناویی جۆری و تا ئەوپەڕی لە قەوارە و دڵڕەقی و دڕندەیی لە عێراقدا هەیە، ئەگەر نموونە لەسەر ئەمە نەهێنینەوە، لە ڕێگەی بەڵگەی ڕاستەقینە و واقیعیی هەڵێنجراو لە ڕووداوە مێژووییەکانەوە، کە بەدڵنیاییەوە و هەر بەڕاستی لە عێراق و نێوەندەکانی کۆمەڵگەی عێراقیدا ڕوویان داوە، هەروەها قەوارە و ژمارەی ڕووداوەکان دەبێت گەورە و سەرتاسەری بن، تا بەس بێت بۆ دەرکردنی بڕیارێکی زانستیی گشتی لەم بارەیەوە.

هەروەها بەر لەوەی بڵێین زەبروزەنگی خوێناویی ئاوارتەیی و پێوەست بەکەسێتیی عێراقییەوە هەیە، تا ئەو پلەیەی دەکرێت سیفەتی خوێناوی بەتێکڕای گشتی بدات، پێویستە ئەو ڕووداو و بوویەرانەی بارکراون بەسیفەتی خوێنڕێژی بەپلەی یەکەم بخەینە بەرچاو، لەگەڵ ئەوانەی دەلالەت لە بوونی ئەم ڕاستییە ئاوارتەییە بەرچاو و بەدەر لە باو لە واقیعی عێراقی دەکەن، ئەگینا قسەکردن لەسەر بوونی توندوتیژیی خوێناویی ئاوارتەیی و ئاستی بەرز دەبێتە قسەیەکی ناتەواو و بێ نیشانە و دوور لە بەڵگەی زانستی و کردەنی (عملي).

پێویستە ئاماژە بەوە بدەین، کە ئێمە ناتوانین سەرجەم ئەو ڕووداوانەی دەلالەتی خوێنڕێژییان لە مێژووی عێراقدا هەیە بخەینە بەرچاو، تەنانەت ئەوانەیشی کە گەورەن و ئاوارتەن، چونکە تا بڵێی زۆرن و ناکرێت کورتیان بکەینەوە، دەکرێت بەهەموویان کتێبێک پڕ بکەنەوە. بۆیە ئەو ڕووداو و بوویەرانەی ناویان دەبەین، نموونە و هەڵبژاردنی کەم و لێرە و لەوێن لە قۆناغی مێژوویی جیاجیا و دوور لە یەکەوە دەرمان هێناون.

لەو کارانەی پێویستە ڕوونی بکەینەوە ئەوەیە، ئەو ڕووداو و بوویەرە خوێناوییانەی لە قۆناغی مێژوویی جیاجیا لە مێژووی عێراقدا ڕوویان داوە و پێوەندن بەئاکاری خوێناوییەوە، دەکرێن بەدوو بەشەوە:

بەشی یەکەم: ئەو ڕووداوە خوێناوییانە دەگرێتەوە، کە بێگانە و نامۆ ناعێراقییەکان ئەنجامیان داوە، ئەوانەی لە دەرەوە وەکو داگیرکەر و وڵاتگر و چاوبرسی و نامۆ بۆ وڵاتی میزۆپۆتامیا هاتن و تێیدا بەزۆر و بەحوکمی دیفاکتۆ نیشتەجێ بوون.

ئەم جۆرە ئاکاری خوێناوییەش قەوارەی گەورەتر و دڕتر و دڕندانەتر و لە پێشینەتر بوو لە کات و مێژوودا، ڕەنگە وێرانکەرتر و قووڵتر بووبێت لە وێرانکردنی دەروونی و ئاکاری لە ناخی کەسێتیی عێراقیدا، بەڵگە و ڕووداوی مێژوویی هەن دەلالەت لە بوونی ئەم جۆرە لە پیادەکردنی خوێنڕێژیی دەرەکی دەدەن، بێگانە و بیانییەکان کە دەگەڕێنەوە بۆ قۆناغە جیاجیا و بەدوای یەکداهاتووەکان لە مێژووی عێراقدا، کە هەندێکیان بۆ هەزارەی سێیەمی بەر لە زاین دەگەڕێنەوە، ئەنجامیان داوە.

بەشی دووەم: ئەو ئاکارە خوێناوییەیە، کە بەدەستی دانیشتوانی ناوچەکە و بەویستی خۆیی لەلایەن کەسێتیی عێراقی ئەنجام دراوە، دوای ئەوەی تووشی دەردەکە هاتووە و کاری لێ کردووە و نەخۆشیی ئاکاری خوێنڕێژی و ڕێبازی توندوتیژیی پاکتاوکردن گرتوویەتییەوە، کە بێگانە و

بیانییەکان لە وڵاتی دوو ڕووباردا بەدرێژاییی چەندان سەدەی بەردەوام ئەنجامیان داوە.

لافاوێکی بەردەوام لە ڕووداوی زەبروزەنگی خوێناوی تا ئەوپەڕی و ئاوارتە لە بیرەوەریدا دێن و دەچن، ئەو کاتی دەکۆشین ئەو ڕووداوانە بێنینەوە بیر خۆمان و ڕووداوەکانی پێوەند بەم بابەتە تۆمار بکەین، هەوڵ دەدەین ئەو ڕووداوانەی پتر لکاون بەمانا و دەلالەتی پێویست و فراوانتر و گشتگیرترن هەڵبژێرین، لە لایەنی زۆری بەشداران تێیدا لەگەڵ ژمارەی قوربانییان و تێوەگلاوان، تاکو نزیکتر بێت لە مانا و دەلالەتە بەکۆمەڵەکان، هەتا بتوانین بیکەینە پێوەر بۆ ئەو بڕیارانەی هەوڵ دەدەین لەم بارەیەوە بیاندەین، یەکەمین جاریش بەخستنە بەرچاوی ئەو ڕووداو و بوویەرە خوێناوییانە دەست پێ دەکەین، کە بێگانە و بیانییان لە وڵاتی میزۆپۆتامیادا لە گشت قۆناخە مێژووییەکاندا پێڕەویان کردن:

## بێگانان تاو بەئاکاری خوێنڕێژی لە وڵاتی دوو ڕووباردا دەدەن

ئێمە نامانەوێت بەرپرسیارێتی لەسەر عێراقییەکان، یا ئەوانەی لە زەمەنەکانی پێشوودا پێیان دەوترا خەڵکی عێراق لاببەین، دەڵێین نامانەوێت بەرپرسیاری لە عێراقییەکان و کەسێتیی عێراقی دوور بخەینەوە، یاخۆ ئەستۆیان پاک بکەین لە بەرپرسیارێتیی ئەم بڵاوبوونەوە ترسێنەرەی دیاردەی ئاکاری خوێنڕێژی و باو و ئاوارتەییەی سیماکانی توندوتیژیی بەردەوام لە عێراقدا، بەڵام ڕاستییەک هەیە دەبێت لە پێناوی پاراستنی بابەتیی زانستی و بابەتیی مێژوویيدا بوترێت، ئەویش ئەوەیە کە ژمارەیەکی زۆر لە ڕووداوە مێژووییەکانی عێراق، کە زۆر خوێناوین و پڕن لە دڕندەیی و نامرۆیی و توندوتیژیی بێ سنوور، واتا ڕووداوی زەبروزەنگی ئاوارتەییی نەناسراو لە دروستکردنی بێگانە و دەرەکییان بوون، ئەوانەی لە دەرەوەی وڵاتەوە هاتوونە و یارییان بەچارەنووسی دانیشتوانەکەی کرد، ئەو بێگانانەی وەکو وڵاتگیر، یا داگیرکەری نیشتەجێ، یا چاوبرسیی سەقامگیر هاتن، لە هەر جارێکیشدا ئەمانە لە بەراییدا سەردەکەون، پاشان فەرمانڕەوایی دەکەن، ئینجا بڵاو دەبنەوە، دواتر دەبەزن و هەڵدەوەشێنەوە و لەناودەچن، وڵاتی دوو ڕووبار و خەڵکەکەیشی بەدرێژاییی سەدەکان هەر بەنەمری دەمێننەوە.

کەچی ئەو بێگانانە لە هەر جارێکدا جێ پەنجەی خراپەکاری و ئازار و وێرانکاری دەهێڵنەوە، هەروەها لە ناخی دانیشتوانەکەیشیدا، لە هەڵسوکەوتەکانیشیاندا نموونەی ئاکاری ناپەسند و دوژمنکاریی پڕ لە دڕندەییی خوێنڕێژی و دواکەوتن و نابەرپرسیارێتی و ڕق و سووکایەتی بەڕۆحە مرۆییەکان دەچێنن، هەروەها میتۆدێک لە ئاکاری خوێناویی ئاوارتەیی ئەوپەڕی دڵڕەقی و دڕندەیی و دزێوی لە وڵاتی دوو ڕووباردا بڵاو دەکەنەوە، ئەم بۆماوە و پاشماوانەش بەزۆری زیانیان پترە لە بوونی بێگانەکان خۆیان، لێرەدا بوارەکە بەشی ئەوە ناکات هەموو ڕووداو و گۆڕانکاری و ئابڕووچوونە خوێناوییەکان بخەینە ڕوو، کە ئەو بێگانە و بیانییانە دروستیان کردوون، یا ئەوانەی بەرپرس بوون لە ڕوودان و هەڵگیرسانە پڕ لە دڕندەییەکانیان لە وڵاتی دوو ڕووباردا، وێڕای

ئەوەش و لە پێناوی دەستنیشانکردنی بەرپرسیارێتیی مێژوویی و زانستی و بابەتی لەم توێژینەوە مەترسیدارەدا، بەشێوەیەکی تیژتێپەڕ و ڕاگوزەر ناونیشانە گەورەکانی ڕووداوە خوێناوییە یەکلاکەرەوەکانیش بێت دەخەینە بەرچاو، کە دەستی بێگانە و بیانییەکان لەم وڵاتەدا نایانەوە، کە ڕەنگە هەر ناونیشانە و هێمای چەندان سەدە، یاخۆ بەلای کەمەوە چەندان دەیە بێت لە مێژووی عێراقدا...

گۆتییەکان کە لە ڕۆهەڵاتەوە هاتن و شانشینی ئەکەدیان لە کۆتایی هەزارەی سێیەمی بەر لە زاین وێران کرد، کۆمەڵێکی دڕندە بوون بەزەییان بەئافرەت و منداڵدا نەدەهاتەوە و وێرانکاری و ترس و پشێوییان بۆ وڵات هێنا[1]..

هەروەها حیسی و کاشییەکان، ئەوانیش لە ڕۆهەڵاتەوە هاتن و هەمان شتیان کرد، لە ناوەڕاستی هەزارەی دووەمی بەر لە زاین دوا بەدوای یەک بابلیان داگیر کرد.

هەرچی میدییەکان بوون، ئەوانەی لە باکورەوە هاتن و لە ناوەڕاستی هەزارەی یەکەمی بەر لە زاین شاری ئاشووریان داگیر کرد، بەشی زۆری دانیشتوانی شانشینی ئاشووریان کوشت و ئەوانی لە ژیاندا مانەوە کۆچیان پێ کردن (کاتێک نەبو بلاسر گەیشتە ئاشوور جگە لە وێرانی و دووکەڵ هیچی تری نەبینییەوە)[2] پێش ئەوەش بەشدار بوون لە وێرانکردن و سووتاندن و لەناودانی شاری نەینەوا و نەهێشتنی سیماکانی و بەتاڵانبردنی گەنجینەکانی (تەنانەت سەرکردەیەکی گریکی کە ناوی زینەفۆن بوو، دوای دوو سەدە پێیدا تێپەڕی نەیتوانی شوێنەکەی بدۆزێتەوە)[3].

هەرچی داگیرکاریی فارس بوو بۆ بابل لە ساڵی ٥٣٩ی بەر لە زاین، بووە هۆی بەیەکجار ونبوونی شانشینی بابلی نوێ لەسەر نەخشە.

هەروەها ململانێی سەربازی لە نێوان لەشکری ئیمپراتۆریای فارسی و سوپای ئەسکەندەری مەکدۆنی لە بان زەویی میزۆپۆتامیا بەڕێوە دەچوو، ئەمەش وای لەم وڵاتە کرد ببێتە گۆڕەپانی ئەو شەڕە ماڵوێرانکەرانە. ئەوە بوو ئەسکەندەر لەشکری فارسی، کە بەسەرکردایەتیی داریۆس بوو لە شەڕی کوکمیلە لە دووریی ٣٠ کم لە مووسڵی ئێستا، تێک شکاند. بەمە دیمەنێلی مەرگ و کوشتار لە سەرتاپای وڵاتدا دووبارە دەبوونەوە. لە کاتی ئەمانەوە دەتوانین قەوارەی ئەو وێرانکاری و خوێن و ماڵوێرانییە بزانین، کە ئەم وڵاتە لە سەدەکانی بەر لە مێژوودا بەدەست ئەو بێگانە و بیانییانەوە دەرگیریان بوو، هەروەها بیرۆکەیەکمان لەسەر قەوارەی وێرانەیی دەروون و ئاکار دەداتێ، کە تا ئەو کاتە زووەی مێژوو لە ناخی دانیشتوانەکەدا جێی هێشت.

هەرچی ئەو کوشتارەیە، کە لە ساڵی ٦٣٤ز. دا لە دیوەخانی ساسانی لە کۆشکی کیسرا لە مەدائین ڕووی دا (بەتەیسەفۆن ناودەبرێت)، نزیکەی ٤٥ کم لە باشووری ڕۆهەڵاتی بەغدای ئێستاوە دوورە، یەکێک لە ڕووداوە پڕ لە توندوتیژییە خوێناوییەکانی ئەوپەڕی دروستکراوە بەدەستی بێگانان، بەڵام لەسەر خاکی عێراقدا، ڕەنگبێ ئەو کوشتارە، کە لەناو کۆشکی پاشایی ساسانی لە ساڵی ٦٣٤ز ڕووی داوە، کۆپییەکی نموونەیی و بنچینەیی کۆن بێت بۆ کوشتارەکەی

کۆشکی پاشایی لە عێراق لە ساڵی ١٩٥٨دا، لە کاتی ڕووخاندنی سیستمی پاشایی لە عێراقدا، لەبەر زۆر لەیەکچوون لە قەوارەی دڵڕەقی و زەبروزەنگی خوێناوی، کە لە هەردوو کوشتارەکەدا پێڕەو کرا.

دواتر هێرشی مەغۆل و کوشتاری خوێناویی گەورە و لەناودانی بەکۆمەڵی دانیشتوانەکە لە ماوەی ڕووخانی بەغدا لە سەردەمی خەلیفە ئەلموستەعسمی عەباسی لە ساڵی ٦٥٦ کۆچی – ١٢٥٨ز. دا.

پاشان کوشتاری مووسڵ بەدەستی مەغۆلییەکان دوای دوو ساڵ لە کەوتنی بەغدا لە ساڵی ١٢٦١ز.

ئینجا کوشتارەکانی تەیموور لەنگ، کە لە ساڵی ١٣٩٣ز. دا بەغدای گرت و خەڵکەکەی ئەشکەنجە دا و ماڵیانی تاڵان کرد، پاشان گەڕایەوە و ساڵی ١٤٠١ز حەڵاڵی کرد، ئەمجاریان کوشتارێکی بەگشتی بۆ دانیشتوانی بەغدا ساز کرا، تێیدا چەند قوللەیەک لە سەری کوژراوان دروست کرا و لە سۆنگەی زۆریی تەرمە بۆگەنکردووەکانەوە هەوای شارەکە تێک چوو.

پاشان ملکەچکردنی عێراق بۆ حوکمی سەفەوی لەسەر دەستی شا ئیسماعیلی سەفەوی، کە بەقەسابخانەیەکی خوێناویی پاکتاوکردن دژ بەدانیشتوانی بەغدا ساڵی ١٥٠٨ز دەستی پێ کرد، قوربانییەکانیش لایەنگرانی مەزهەبی سوننی بوون.

دواتر ملکەچیی عێراق بۆ عوسمانییەکان بەسەرکردایەتیی سوڵتان موراد، کە لە ساڵی ١٦٣٨ز بەغدای داگیر کرد، ئیدی ئەو کوشتارە ڕووی دا و تێیدا سی هەزار کوژراوی شیعە تێدا چوون.

پاشان عێراق بووە گۆڕەپانی شەڕی خوێناویی ئاڵوگۆڕ و یەک لە دوای یەک لە نێوان فارس و عوسمانییەکان (ئەوە بوو عێراق بووە جێگەی ململانێی توند لە نێوان هەردوو وڵاتی فارسی و عوسمانی و سێ سەدە بەم ئاوایە بەردەوام بوو)[٤].

هەروەها لەو ڕووداوە خوێناوییانەی بەدەستی هێزەکانی بێگانە ئەنجام دران و بەدڵڕەقی و ئەوپەڕی دڕندەیی ناسراون، لەو کارە ئابڕووبەرە خوێناوییانەی لە شەڕی (ام الحنطە)دا ڕوویان دا، کە لە شاری ئەلڕەماحیە لە فوراتی نێوەند لە ساڵی ١٧٠١ز. دا لە نێوان سوپای عوسمانی و ژمارەیەک لە خێڵە عێراقییەکاندا ڕووی دا، ئەوە بوو لەشکری عوسمانی هەرەمێکی لە سەری براوی مرۆڤەکان پێک هێنا، کە بەهەزار سەر دەخەمڵێنرێت، گردێکیش لە کوژراوە عێراقییەکان دروست کرا، تەرمەکان لەو ناوە بوون و بۆ ماوەی چل ساڵ نەنێژران.[٥]

پاشان زنجیرەی ئەو دەسیسە خوێناوی و ململانێی پاکتاوکردنە و پیلانی کوشتن و تیرۆر و زمان لێدانە مەرگهێنەرەی کە دەسەڵاتدارە بێگانەکانی یەک لە دژی ئەوەی تر لەناوداوە، کە نزیکەی سەدەیەکی تەواو لە نێوان ساڵانی ١٧٤٩ز ــ ١٨٣١ز بەردەوام بوو و بەکوشتاری گەورەی خوێناوی بڕایەوە، کە بەفەرمانی سوڵتانی عوسمانی لە ساڵی ١٨٣١ز دا مەمالیکەکان لە بەغدا

لەناوبران، دوای ئەوەش فەرمانی سوڵتان دەرچوو بەلەناودانی مەمالیکەکان لە هەر کوێیەکی عێراقدا بن.

پاشان کوشت و کوشتاری والی و سوڵتانە عوسمانییەکان لە سەدەی نۆزدەم دژ بەیەکتر و دژ بەدانیشتوانەکە و یاخیبوونی هۆزەکان لە سەرجەم دەڤەرە جیاجیاکانی عێراقدا.

ئینجا داگیرکاریی بەریتانیایی بۆ سەر عێراق لە سەرەتای سەدەی بیست لە ساڵی ١٩١٤ تا ١٩١٨ و ئەو شەڕە ماڵوێرانکەرانەی سەرجەم شارەکانی عێراق هەر لە باشوورەوە تا باکور بەخۆیانەوە بینییان.

دواتر داگیرکاریی ئەمەریکای پاڵپشت بەسوپای وڵاتانی هاوپەیمان لە ساڵی ٢٠٠٣ و لەوە بەدوا.

بەدەر لەو هۆ و پاڵنەر و پاساوانەی لە هەر جارێکدا بەکار دەهێنران، ئەوا ئەو زنجیرە درێژە تۆقێنەرە درێژبووەوەیەی پێنج هەزار ساڵ لە کوشتن و مردن و خوێنڕێژی و ماڵوێرانی و کوشتار و وێرانکردنەی بێگانە و بیانی و داگیرکەرەکان پیادەیان کردن، بەدڵنیاییەوە بەشدار بوون لە بڵاوبوونەوەی میتۆدی ئاکاری خوێناوی لە کۆمەڵگەی عێراقیدا و لە کەسێتیی عێراقی حەزی ئاکاری خوێنڕێژی و پراکتیکی خوێناویی چاندووە، وێڕای ئەوەش ئەمە پاکانە نییە نە بۆ کۆمەڵگەی عێراقی و نە بۆ تاکی عێراقی و نە بۆ کەسێتیی عێراقی لە لێخۆشبوون لە بەرپرسیارێتیی تێوەگلان لە پیادەکردنی ئاکاری خوێناویی ئابڕووبەر، کە لەم بەشەدا بابەتی باسەکەمانە، ئەوەش ئەو ئاکارەیە پێویستە لەسەرمان بیناسین و لێی بکۆڵینەوە و قەوارەی ئەو ڕەنگدانەوە و نەخۆشییە دەروونی و ئاکارییانەی لای کەسێتیی عێراقی جێی هێشتوون، شارەزا بین.

تەنانەت ئەگەر واشمان دانا بێگانە، یاخۆ دەرەکی، یا داگیرکەران زەبروزەنگی خوێناوی و خوێنڕێژیی بەئەنقەستیان توند نەکردووەتەوە و کوشتاری دڕندانەی گەورەیان نەگێڕاوە و کاری دڵڕەقانەی پاڵنەر و هاندەریان بەسەر ئاکاری خوێناوی و پراکتیکیی خوێناوی لە وڵاتی دوو ڕووباردا ئەنجام نەداوە، کە گریمانەیەکی ناواقیعی و نادروستە، ئەوا تەنیا بوونی بیانی و بێگانە هەستی تووڕەیی و هەڵگەڕانەوە و بەرهەڵستی و شۆڕش و توندوتیژی لای دانیشتوان دژ بەمانە دەوروژێنێت، ئەمەش لە جێی خۆیەوە هەڵچوونی ئاکار و چالاکیی خوێناوی و چوونە ناو گێژاوی توندوتیژی و توندوتیژیی دژ، کە ئاکاری خوێنڕێژیی یەکێک لە پێویستی و پایەکانی پێک دەهێنێت.

بەدەر لە هۆکارەکان، ئەنجامە بەدەستهاتووەکەی یەکێکە، واتا تاوسەندنی ئاکاری ناسراو بەخوێنڕێژی لە وڵاتی دوو ڕووباردا بەدرێژاییی چەندان سەدەی یەک لە دوای یەک، ئەمەش بەزۆر پشکدار بووە لە وێرانکردنی بینای دەروونی و ئاکاریی کەسێتیی عێراقیدا.

دروستکردنی خوێنڕێژی بەدەستی عێراقییەکان خۆیان:

هەرچی ئەو ڕووداو و بوویەرانەن کە پێوەندن بەئاکاری خوێنڕێژیی ئەندازەبەدەر لە توندی و دڵڕەقی و دڕندەیی، کە بەدەستی عێراقییەکان خۆیان نەک بیانی ئەنجام دراون و دروست کراون، لێرەدا بەشێوازێکی ڕاشکاوانە و بەرچاو وردەکارییەکانیان دەخەینە ڕوو، ئەمەش لە کاتی وەسفی واقیعییەوە بۆ ژمارەیەک لەو ڕووداوە یەکلاکەرەوە و جۆرییانە لە مێژووی عێراقدا، ئەوانەی دەلالەتی سەد لە سەدن لەسەر تێوەگلانی کەسێتیی عێراقی لەم جۆرە ئاکارە خوێناوییە دزێوانە، وا لێرەدا هەندێک نموونە لەو ڕووداو و بوویەرانە هەڵدەبژێرین، لەوانە:

گرتێبەربوونە خوێناوییەکەی بابل:

بابل لە سەردەمی ئاشوورییەکاندا شانشینێک بوو لەلایەن شمش شمۆکینی پاشای ئاشوورییەوە فەرمانڕەوایی دەکرا، برا گەورەی شا ئاشوور پانیپاڵ و پادشا بوو بەسەر نەینەواوە، پاش مەرگی شا ئەسرحدۆن ناکۆکییەکی توند لە نێوان ئەو دوو برایەدا ڕووی دا، کە وەسێتی کرد ویلایەتی ئیمپراتۆریەتی ئاشووری بۆ ئاشوور پانیپاڵی کوڕە بچووکی بێت لە بریی شمش شمۆکینی کوڕە گەورەی، دوای مردنی ئەسرحدۆن شمش شمۆکینی کوڕە گەورە هەڵگەڕایەوە، کە پاشا بوو لەسەر بابل و ڕەتی کردەوە مل کەچ بکات بۆ دەسەڵاتی ئاشوور پانیپاڵی برای، کە پاش مەرگی باوکی لە نزیکەی ٦٥٢ی بەر لە زاین، بووە پاشا بەسەر هەموو ئیمپراتۆریای ئاشوورییەوە، لە سۆنگەی ئەم یاخیبوونەوە ئاشوور پانیپاڵ لەشکرێکی بێ شوماری تەیار کرد و بەرەو باشوور ڕووەو مەملەکەتی بابل بردی، بەمەبەستی بەزۆر ملدانی شمش شمۆکینی برا هەڵگەڕاوەکەی. توانی بابل ئابڵووقە بدات و بەسوپاکەی لە گشت لایەکەوە دەوری بدات، شا شمش شمۆکین بەهەموو شێوەیەک خۆدانە دەستەوە، یا ملکەچکردنی بۆ براکەی ڕەت کردەوە..

وەلێ دوای ئەوەی لە بەدەستهێنانی سەرکەوتن بێ ئومێد بوو و لە دۆڕان دڵنیا بوو، ئەمەش بەهۆی ئابڵووقەی درێژماوە و تۆکمەوە، کە ئاشوور پانیپاڵ بەسوپاکەیەوە بەدەوری بابلدا سەپاندبووی، ئیتر شمش شمۆکین هەستا بەئەنجامدانی کارێکی خوێناویی ئەوپەڕی دڵڕەقی و دڕندەیی، سەرجەم ئافرەت و کەنیزەکە جوانەکانی خۆی سەربڕین و هەموو ئەندامانی دەوروبەری پاشای کوشت، هەروەها سەرپاکی ئەسپە هەڵبژێرراوەکانی سەربڕین و هەموو کۆیلە و یاریدەرەکانی خۆی کوشتن، پاشان گڕی لە بابل بەردا و خۆی کوشت.

سەرجەم ئەم ڕووداوە خوێناوییە دڕندانە و کارەساتبارانە لە بابل لەسەر دەستی شا شمش شمۆکین ئەنجام دران، کەچی ئاشوور پانیپاڵی برای لە دەرەوەی شار چاوەڕوانی دەکرد و بەلەشکرەکەی لە گشت لایەکەوە بابلی ئابڵووقە دابوو، پاشان دوای ئەوەی هەموو شتێکی کرد بەخۆڵەمێش، داگیری کرد.

ویستی خوێنڕێژی و حەزی زەبروزەنگی بارگاوی بەوپەڕی پلەی دڵڕەقی و تۆڵەی دڕندانە بەسەر

هەر حەزێک لە ئاشتەوایی، یا ڕێککەوتن، یا لێبووردەیی وێڕای ئەوەی هەردوو نەیارەکە بران، هەروەها لە دانیشتوانە ڕەسەنەکەی دۆڵی دوو ڕووبارن. دەبینین ئەم ڕێبازە خوێناوییە دڕندەییە هەر دەبێ و لە زۆربەی ڕووداوە داهاتووەکانی مێژووی عێراقدا ئامادەیی دەبێت.

گرتێبەربوونەکەی بابل بەو وەسف و شێوەیەی مێژوو باسی بۆمان دەکات، ڕووداوێکی ئاوارتەیە و قەوارەیەک لەوپەڕی خوێنڕێژی و حەزی توندوتیژیی بارگاوی بەبەرزترین پلەی دڵڕەقی و تۆڵەی دڵڕەقانە و خوێنڕشتن لەخۆ دەگرێت "تابلۆیەکی زۆر قەوارە گەورەی دڵگیری زەیتیی هەیە لادیوارێکی تەواو لە یەکێک لە هۆڵەکانی مۆزەخانەی لۆڤەری پاریس بۆ وێنەکێشی بەناوبانگی فرەنسایی دێلاکروا داگیر کردووە، ناوی (مەرگی سەردیناپاڵ)ـە، دێلاکروای هونەرمەند لەو تابلۆیەدا وێنەی وردەکارییەکانی ڕووداوی ئاگرەکەی بابل و خۆکوشتنی شمش شمۆکینی کێشاوە، تێیدا پاڵی داوەتە بان جێیە گەورە سەرین ڕازێنراوەکانیدا و یەکێک لە کەنیزەکەکانی جامێک مەییی دەداتێ، لەولاشەوە کۆیلە و جەلادەکان بەخەنجەرەکانی دەستیانەوە مژووڵی کوشتنی ئافرەت و کەنیزەکە جوانەکانی پاشان، هەروەها ئەسپە خۆشڕەوەکان سەردەبڕن و بەپێی فەرمانی پاشا کەلوپەلی کۆشک تێکوپێک دەدەن و وێرانیان دەکەن".[٦]

هەڵدانەوەی تۆڵەسێنانەوەی گۆڕی پاشا و سەرکردە و ئیمامەکان لە عێراقدا:

لە دیاردە دەلالەتدارەکان لەسەر بوونی حەزی خوێنڕێژی لە ئاکاری کەسێتیی عێراقیدا بڵاوبوونەوەی نەریتی خراپی گۆڕهەڵدانەوە و دەستدرێژیکردنە سەر تەرمەکانە بەمەبەستی تۆڵەسەندنەوەی سیاسی، یا تایەفی، یا ئاینی.

مەبەست لێرەدا هەڵدانەوەی گۆڕی پاشا و سەرکردە و ئیمام و زانا و فەرمانڕەوا و ئەسحابە و ئەولیا و کەسە ناودارەکانە.

لەم وەسفەوە ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە مەبەست لە هەڵدانەوەی ئەم گۆڕانە و دەستدرێژیکردنە سەریان، دزی یا پشکنین لە ئاڵتوون و شتی بەنرخ نەبووە، بگرە خراپەکردن و تۆڵەستاندنەوە لە خاوەنەکانیان بووە.

ئەم ئاکارە حەزی خوێنڕێژیی زاڵە لە تۆڵەسەندنەوەی سیاسی و تایەفی و بیروباوەڕ، هەروەها ڕەهەندی تاوانکاری لەم کارە پڕ لە تاوانە دزێوە دەنوێنێت.

هەوڵ دەدەین ناوی هەندێک لەو ڕووداوانە بهێنین، کە لەم بارەیەوە لە سەردەمی جیاجیا لە مێژووی عێراقدا ڕوویان داوە، هەروەها دەکۆشین مەبەستەکانی ئەو ڕووداوە تۆڵەستێنانە و مانا سیاسی و تایەفییەکانیان ڕوون بکەینەوە. کە کەسان و سەرکردەیلی سەر بەئاینزا و ڕەوتە هزرییە جیاوازەکان دەگرێتەوە. خۆ ئەگەر بمانەوێت لە سەدە دێرینەکانی مێژووەوە دەست پێ بکەین، ئەوا دەتوانین ڕووداوێکی بەناوبانگ بهێنینەوە، کە پێش لەدایکبوونی عیسای مەسیح کەوتووە، ئەوی ئاشوور پانیپاڵی فەرمانڕەوا ئەنجامی داوە، ئەوە بوو ئەم فەرمانڕەوا ئاشوورییە

هەستا بەداگیرکردن و رووخاندنی شاری سووسەی پایەتەختی ولاتی عیلامییەکان لەو سەردەمەدا (شاری شووشی ئێستای ئێرانی)، لە سۆنگەی وەستانی عیلامییەکان لەگەڵ شای بابل شمش شمۆکینی برایدا، کە لە دەسەلاتی ئاشوور پانیپاڵی برای هەڵگەڕایەوە، دوای ئەوەی شاری سووسەی داگیر کرد و وێرانی کرد، رووی لە گۆڕستانی پاشایان کرد و گۆڕی پاشا عیلامییەکانی هەڵدایەوە و تەرم و ئێسک و پرووسکیانی دەرکردن و پەرش و بلاوی کردنەوە، ئەمەش لە دوای ساڵی ٦٥٠ی پ.ز بوو.

شاری سووسە (واتا شووشی ئێستا) دوای ١٣٠٠ ساڵ لەو مێژووە دیسانەوە وێرانکاری و زەبروزەنگی خوێناویی عێراقیی بەخۆوە بینی، ئەمەش لە هەشتاکانی سەدەی بیستدا بوو لە ماوەی شەڕی عێراق و ئێران، ئەوە بوو شووش لەو شەڕەدا چەندان جار لەلایەن عێراقییەکانەوە دەرگیری تۆپباران و بۆمباران بووەوە.

ئەو کارە شێوەی بەئاشکرای حەزی خوێنڕێژی بوو لە ئاکاری کەسێتیی عێراقیدا.

هەروەها دەکرێت ئەو گێڕەوانە بەنموونە بهێنرێنەوە، کە باسی ئەوە دەکەن چۆن تەرمەکەی ئیمام عەلی ئەم گۆڕ و ئەو گۆڕی پێ کراوە، لە ترسی ئەوەی نەکو خەواریجەکان گلکۆکەی هەڵدەنەوە و هەڵکوتنە سەر تەرمەکەی "ئەبوبەکری کوڕی عەباس گوتی: گۆڕەکەی عەلی لە ترسی خەواریجەکان شاردرایەوە.. موبەرەد لە زمانی محەمەدی کوڕی حەبیبەوە گوتوویەتی: یەکەمین کەسێک ئەم گۆڕ و ئەو گۆڕی پێ کرابێت عەلییە خوای لێ ڕازی بێت".[7]

هەروەها گۆڕی ئیمام حوسێن "سلاوی خوای لێ بێت" دوای ١٧٠ ساڵ لە شەهیدبوونی هەڵتەکێنرا و لە بووندا سڕایەوە، ئەم کارەش گەواهێکی ترە لەسەر بوونی ئەم دیاردە خراپە لە دەستدرێژیی سیاسی بۆ سەر گۆڕەکان بەمەبەستی تۆڵەسەندنەوە لێیان، ئەلموتەوەکیلی خەلیفەی عەباسی گۆڕی ئیمام حوسێنی رووخاند و پاشان ئەو ماڵ و خانووانەی لە دەوروبەری بوون وێرانی کردن و شوێنی گۆڕەکە و زەوییەکانی دەوروبەری کێلا و کشتوکاڵی لێ کردن و ئاوی بەردانە سەر، تاکو کەس شوێنیان پێ نەزانێت، لە کتێبەکەی ئەلسیوتیدا هاتووە "لە ساڵی سی و شەشدا (مەبەست ساڵی دووسەد و سی و شەشە) فەرمانی بەرووخاندنی گۆڕی حوسێن و ئەوانەی دەوروبەری دا شوێنەکەیان بچێنرێن و ڕێ لە سەردانی خەڵکی بگرن، ئیتر وێران کرا و بووە بیاوان، متەوەکیل بەدەمارگیر ناسرابوو، موسڵمانەکان ئەمەیان زۆر پێ ناخۆش بوو، خەڵکی بەغدا جوێنی خۆیان لەسەر دیوار و مزگەوتەکان دەنووسی و شاعیرانیش قسەیان بەمتەوەکیل گوت".[8]

ئامانج لەم کارە دزێوە ئامانجێکی سیاسی بوو، متەوەکیل خۆی سەر بەگرووپی ناسبییەکان بوو، کە دژایەتیی ئیمام عەلییان کرد و تۆوی رق و کینە و ناکۆکییان لە دژیدا چاند، لەبەر ئەمە متەوەکیل هەر لەگەڵ هاتنە سەر خەلافەت سیاسەتی دژ بەعەلەوییەکانی پێڕەو کرد، بەدوویانەوە بوو و چەندێکی پێ بکرایا ئازاری دەدان، متەوەکیل تا دوا ڕۆژەکانی ژیانی لەسەر ئەم سیاسەتە

دوژمنکارییــە خــوێناوییــەی بەردەوام بوو لە بەپەندبردنی هەوادارانی ئیــمــام عــەلی، کــاتێک مونتەسیری کوڕی لە سەروبەندی بەزم و ڕەزمی شەوانەیدا تیرۆری کرد و خۆی لە جێگەی کرد بەخەلیفە.

هەروەها گۆڕەکەی ئیمام ئەبوحەنیفەی نەعمان لە ساڵی ١٦٢٣دا پاش داگیرکردنی بەغدا لەلایەن شا عەباسەوە هەڵتەکێنرا و ڕووخێنرا، لە ئیسلامدا ئیمام ئەبوحەنیفەی نەعمان دامەزرێنەری مەزهەبی حەنەفییە، ئەوە بوو گۆڕەکەی وێران کرا و لە بووندا سڕایەوە و دەستکاری ئێسک و پرووسکەکەیشی کرا، ئەمە لە دوای نزیکەی هەشتسەد و پەنجا ساڵ لە مردنی ئیمام ئەبوحەنیفەی نەعمان ڕووی دا، ئیدی سیمای گۆڕەکە بەیەکجا سڕایەوە، کاتێک بڕیاری نۆژەنکردنەوەی درا ئەوانەی سەرپەرشتیی ئەم ئیشەیان گرتە ئەستۆ زەحمەتییەکی زۆریان لە ناسینەوەی جێگەکەیدا بینییەوە، ئەمەش لەبەر هۆکاری سیاسی و تۆڵەستاندنەوەی تایەفی بوو.

هەرچی مەزاری ئیمام عەبدولقادری گەیلانییە، گومەزەکەی لە ساڵی ١٦٢٣ی ز. دا ڕووخێنرا،[٩] دەرگیری دەستدرێژییەکی دوژمنکارانە هات و تا ماوەیەک کرایە تەوێڵەی ئاژەڵان، بەر لەوەی ڕێزی بۆ بگەڕێنرێتەوە و سەرلەنوێ بایەخی پێ بدرێت، ئەمەش هەر لە سۆنگەی هۆکاری سیاسی و تایەفەییەوە بوو.

هەروەها لە سەدەی هەژدەی زاینیدا بەر لەوەی جارێکی تر بنیات بنرێنەوە، گۆڕی تەڵحەی ئەسحابەی ناسراو و گۆڕی زوبێر بن عەوام لە بەسرە ڕووخێنران.

دەستدرێژیکردنە سەر گۆڕەکان بەم شێوە دزێوە لە عێراقدا، لە گشت دۆخەکاندا نیشانەی پەرەسەندنە لە حەزی دوژمنکاریی خوێناویی تۆڵەستێن.

لە چاخی نوێدا و بەدیاریکراوی لە سەدەی بیستدا تەرمی نووری سەعیدی سەرۆک وەزیران لە سەردەمی پاشاییدا بەشێوەیەکی دزێو و دڕندانە لە ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨دا بەزەویدا ڕاکێشرا، پاشان نێژرا، دواتر گۆڕەکەی هەڵدرایەوە و تەرمەکەی دەرهێنرا و دیسانەوە بەمەبەستی تۆڵەی سیاسی بەزەویدا ڕایان کێشایەوە.

هەروەها گۆڕەکەی عەبدولکەریم قاسمیان هەڵدایەوە و تەرمەکەی دەرهێنرا، دوای ئەوەی سەگەل بەبۆن دۆزیبیانەوە و کەوتنە گیان تەرمەکەی، بۆیە بەپەلە و بەقووڵاییەکی کەم لە چاڵ نرا، لە ترسی ئەوەی نەوەک لەلایەن لایەنگیر و خۆشەویستانییەوە بکرێتە مەزارگە، تەرمەکەیان دەرهێنایەوە و ئاسنی قورسیان پێوە بەست و خرایە ڕووباری دیجلەوە، وێڕای جیاوازیی گێڕانەوە و وردەکارییەکان، کە باسی دەکەن، هەموویان لەسەر ئەوە کۆکن کە تەرمی عەبدولکەریم قاسم لە گۆڕەکەی دەرهێنراوە و خراوەتە ڕووباری دیجلەوە.[١٠]

ئەوی بەسەر لاشەی عەبدولکەریم قاسمی سەرۆکی کودەتای سەربازیدا هات، کە ڕێژیمی پاشایی ڕووخاند، لەگەڵ ئەو ڕیسواییەی بەتەرمەکەیان کرد دوای لەداردانی، بەدڵنیاییەوە هۆکاری سیاسی و تۆڵەسەندنەوەی لە پشتەوە بوون.

هەروەها تەرمی سەرکردەی کورد مەلا مستەفای بارزانی پاش ساڵێک لە مردن و ناشتنی، لە گۆڕەکەی دەرهێنرا و فڕێ درایە سەر جادە، ئەمەش بەدەستی کەسانێکی کورد ئەنجام درا، لەلایەنی سیاسییەوە جیاوازن لەگەڵ حزبی دیموکراتی کوردستانی عێراق، کە مەلا مستەفای بارزان ڕابەرایەتیی دەکرد، ئەم کارە لە وەختی خۆیدا خەڵکی لە ڕیزەکانی میللەتی کورد لە عێراقدا تووڕە کرد و خەم و پەژارە دایگرتن.

هەندێک لە گێڕانەوەکانیش باس لە هەڵدانەوەی گۆڕی میشێل عەفلەقی دامەزرێنەری حزبی بەعس و دەستدرێژیکردنە سەر لاشەکەی دەکەن، لە پاش ڕووخانی ڕژێمەوە لە ساڵی ٢٠٠٣دا، ئەگەر ئەم قسانە سەبارەت بەهەڵدانەوەی گۆڕی میشێل عەفلەق ڕاستبێت، ئەوا ئەم کارە مۆرکی تۆڵەسەندنەوەی سیاسی هەڵدەگرێت، لە سنووری ئەوەی ئێمە دەیزانین، کوڕەکەی میشێل عەفلەق لای هەندێک ڕێکخراوی نێودەوڵەتی سەبارەت بەدەستدرێژیکردنە سەر گۆڕەکەی باوکی داوای بەرز کردووەتەوە.

هەرچی تەقاندنەوەی مەزاری هەردوو ئیمامی عەسکەرییە لە سامەڕا، ئەوا کارێکە لە کارەکانی تۆڵەسەندنەوەی سیاسیی تایەفیی خوێناوی، دەستدرێژیکردنەکە بەشێوەی تووڕەکردن و وروژانی هەستەکان بوو، بێگومان بەمەبەستێلی سیاسیی تایەفەیی.

سەرجەم ئەم کارانە و هی تریش لە دەستدرێژیکردنە سەر گۆڕ و مەزارەکان، کە باسی هەندێک لە بوویەرە دزێوەکانمان کرد، کە لە سەردەمی جیاجیا و دوور لە یەکتر لە مێژووی عێراقدا ڕوویان داوە، شێوەیەکن لە شێوەکانی حەزی خوێنڕێژی لە ئاکاری کەسێتیی عێراقیدا.

ئەوی وەسفی ئەم کارە بەسروشت خوێناوییە دوژمنکارانە بەڕاست دەگێڕێت، بەشداریی سەرجەمیانە لە پاڵنەری سیاسیی تۆڵەستێن، کە لەودیویەوە دەوەستێت، ئەمانە بەهۆی دزیکردنەوە، یا پشکنین لە ئاڵتوون، یاخۆ پاشماوەی نێژراو لەگەڵ تەرمەکاندا ڕوویان نەداوە، بگرە لە پێناوی تۆڵەسەندنەوە لە خۆیان و لەو بیرۆکە یا ئامانجە، یاخۆ پرەنسیپ، یان ئاینزایە ڕوویان داوە.

## قەلاچۆکردنی ئەمەوییەکان بەدەستی خەلیفە ئەلسەفاح[11]

ئەو کوشتارەی خەلیفە ئەبولعەباسی ئەلسەفاح دژ بەکۆمەڵێکی گەورەی میر و پیاوانی دەوڵەتی ئەمەوی بەڕێوەی برد، ئەوانەی بانگهێشتنی کردن بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ لای خۆی، پاشان هەموویانی کوشتن، ڕووداوێکی ناسراو و بەناوبانگە و سەرچاوە مێژووییە دێرینەکان باسیان کردووە، وادیارە ئەلسەفاح دوای ڕووخانی دەوڵەتی ئەمەوی بۆ ئارامکردنەوەیان دەیویست ڕوو لە ئاشتەوایی و لێبووردن بکات، بۆیە میرانی بەنی ئومەییە و پیاوماقووڵ و کەسایەتییە ناسراوەکانیانی بۆ نیوەڕۆ خوانەکەی بانگهێشتە کردن و لە پێناوی ئەمەدا چادر و خێوەتی تایبەتی هەڵدا بۆ پێشوازیکردنیان... ڕەوشەکە ئاسایی بەڕێوە دەچوو، بەڵام یەکێک لە شاعیران،

کە بەسدیفی کوڕی مەیموون بانگ دەکرا و یەکێک لە هاوەڵە دێرینەکانی ئەلسەفاح بوو، دیمەنی میرەکانی بنەماڵەی ئومەییە سەرودڵی گرت، کە ژمارەیان پتر لە هەشتا کەس دەبوو لەسەر کورسی لە خێوەتەکانی ئەبولعەباسی ئەلسەفاحدا دانیشتبوون، ڕێزی لێ دەگرتن و لە خۆی نزیک دەکردنەوە و ڕازیی دەکردن، ئەمەش وای لە شاعیری ناوبراو کرد ئیزن لە ئەلسەفاح بخوازێت بەوتنی چامەیەک، ئەویش ڕێگەی پێ دا.

ئەوە بوو سدیفی شاعیر چامەیەکی ئاگرینی دنەدەری خوێندەوە، گڕی لە ئەلسەفاح بەردا و ناوی گشت ئەو سەرۆک و ئیمامە عەلەوی و عەباسییانەی هێنا، کە لە سەردەمی جیاجیای مێژوودا بەدەستی ئەمەوییەکان کوژرابوون، وەکو: حەمزەی مامی پێغەمبەر، کە لە شەڕی ئوحوددا کوژرا و بەتەنیشت شاخێکەوە ناوی ئەلمهراس بوو نێژرا، هەروەها ئیمام حوسێنی کوڕی عەلی، کە یەزیدی کوڕی معاویە لە کەربەلا کوشتی، ئینجا ئیمام زەیدی کوڕی عەلی کوڕی حوسێن، کە هیشامی کوڕی عەبدولەلیکی خەلیفەی ئەمەوی لە کوفە کوشتی و سەری پەڕاند و بۆ ماوەی چوار ساڵ بەدارەوەی هێشتەوە، هەروەها ئیبراهیم ئەلئیمامی فەرماندەی عەباسی، کە برای ئەلسەفاح و فەرماندەی یەکەمی شۆڕشی عەباسی بوو، کە خەلیفەی ئەمەوی مەروانی کوڕی محەمەد کوشتی، دوامین خەلیفەی ئەمەوی بوو لە شاری حەڕانی نزیک ئەلڕیقە.

ئەم شاعیرە لە چامەکەیدا داوای لە خەلیفە ئەلسەفاح کرد میرانی خێڵی ئومەییە لە دانیشتنەکەی دوور بخاتەوە و لایان بدات و شمشێریان لە گیان بەکار بهێنێت و کوشتنی ئەو سەرکردە و ئیمام و شەهیدانەی بەنی هاشم و بەنی عەباس بیر خۆی بێنێتەوە، ئەوانەی بەدەستی ئەمەوییەکان لەناوچوون، جێی خۆیەتی چەند دێرێکی ئەو چامە هاندەرە تۆقێنەرە بهێنینەوە، کە بووە شیمانەی ئەو کوشتارە خوێناوییە:

| | |
|---|---|
| أقصهم أيها الخليفه واحســـم | عنک بالسیف شـأفه الارجـاس |
| واذكــرن مصـرع الحسين وزيد | وقتيل بجانب المهـــــــــراس |
| والإمام الذى بحـــــران أمسى | رهن قبر فـی غربه وتنـاســـی |
| فلقد ساءنی وساء سوائــــــی | قربهم من نمـارق وكــراســــی |

چامەکە تژییە لە دنەدانی خوێنڕێژی، کە هەستی ڕق و تووڕەیی و تۆڵەی لای ئەلسەفاح گەیاندە ئەوپەڕی، هەروەها تۆڵەسەندنەوەکانی کۆنی بیر خستەوە، ئەمەش وای لێ کرد فەرمان بدات بەکوشتنی سەرجەم ئامادەبووان لە خێڵی ئومەییە و جێبەجێکردنی قەسابخانەکە، ئەوە بوو پاسەوانەکانی ئەلسەفاح هەڵمەتیان برد و هەموو ئامادەبووانیان کوشت.

چەندان گێڕانەوە هەن لە چەند سەرچاوەیەکدا دووبارە دەبنەوە، باس لەوە دەکەن چۆن ئەلسەفاح بەرەی خواردنی لە بان تەرمی کوژراوەکان لەو خێوەتانەدا ڕاخست و خۆی و هاوەڵانی نانی نیوەڕۆیان خوارد، لەسەر لاشەیلێک هێشتا هەندێکیان دەجووڵانەوە.

ئەگەر ئەم گێڕانەوانە ڕاست بن ئەوە ڕەهەندی ئاوارتەیی بەرچاوە لە ئاکاری خوێنڕێژی لە عێراقدا.

قەوارەی ئەو زێدەڕۆیی و پێوەنانە لەم گێڕانەوە کۆنانەدا هەرچۆنێک بێت، ئەوا پرسێکی گرینگ سەرنجمان ڕادەکێشێ و مایەی بایەخە و پێوەندە بەبابەتی باسەکەمانەوە سەبارەت بەحەزی خوێنڕێژی، ئەوا کورت نابێتەوە لە هەڵسوکەوتی فەرمانڕەوا و خەلیفە و بەرپرسان لە عێراقدا، بگرە لە ناوەندە گشتییەکانیش لە عێراقی و سیاسییەکان و تەنانەت نووسەران و ڕۆشنبیرانیش، وەک چۆن سدیقی کوڕی مەیموون حەزی خوێنڕێژیی لای خەلیفە ئەلسەفاح جووڵاند و هانی دا بۆ سازدانی ئەو قەسابخانەیە دژ بەمیوانە ئەمەوییەکانی لەو ڕووداوەی پێشتر باسمان کرد، دەبینین بۆ نموونە بیریار و زانا و گرووپی ئەلموعتەزیلە ئەوانەی لە دانیشتنەکەی ئەلواسقی (٨٤١ز ــ ٨٤٦ز) خەلیفەی عەباسیدا ئامادە بوون، بەشدار بوون لە هاندانی واسق بۆ لەداردانی ئیمام ئەحمەدی کوڕی نەسری خوزاعی، یەکێک لە گەورە فەرموودە گێڕەرەوەکانی پێغەمبەر لە سەردەمی عەباسیدا، کە ناکۆک بوو لەگەڵ خەلیفەدا سەبارەت بەخەلقی قورئان و پێداگرتنی ئیمام خوزاعی لەسەر ڕایەکەی، کە قورئان دروستکراو نییە و قسەی خوایە، ئەوانەی لەو مشتومڕەدا ئامادە بوون هاواریان کرد خوزاعی شایانی دارکاریکردنە... ئەمەش هانی واسقی دا داوای ئامادەکردنی کەوڵ (ئامرازێک بوو بۆ لەداردان بەکار دەهێنرا) بکات، فەرمانی دا خوزاعی پێوە ببەستنەوە، پاشان هەڵسا و لە ملی دا... ئەو ڕووداوە خوێناوییە لە سامەڕا لەسەر خاکی عێراق ڕووی دا...!!

دەیانکوژن و بەزەویدا ڕایان دەکێشن و بەباگردێن (حادلە) پانیان دەکەنەوە:

ئەوی دەمانەوێت لێرەدا بیڵێین ئەوەیە، پاوانکردنی حەزی خوێنڕێژی لە ئاکاری کەسێتی لە عێراقدا تەنیا لەسەر کەسانی فەرمانڕەوا و سەرکردە و پاشا و خەلیفە و سەرۆکەکان کورت نابێتەوە، بگرە دەڕژێتە دەروونی زۆرێک لە ڕەشە خەڵکەکە و تاکە ئاساییەکانی نێوەندی کۆمەڵگەی عێراقی لە سەرجەم پیشە و بوارەکاندا.

نموونەی ئەمە، ئەوی کەسانێکی سادەی عێراقی لە ڕەشە خەڵکەکە جێبەجێیان کرد لەو تاوانە خوێناوییە دزێوەی ئەوپەڕی دڵڕەقی و دڕندەیی لەخۆ گرتبوو، کە پارێزەر ئەمجەد ئەلموفتی و مامۆستا عومەر ئەلشەعاریان کردە ئامانج، هەردووکیان دوو هاووڵاتیی عێراقین لە ڕۆڵەکانی شاری مووسڵ، کە تاوانێکی سیاسییە و لە ١٩٥٩/٣/٩دا ڕووی دا، لە کاتی کوشتارە بەناوبانگەکەی مووسڵدا، کە لە نێوان نەتەوەپەرستەکان و کۆمۆنیستەکاندا لەو ماوە شێتەی ململانێی سیاسیی خوێناوی لە نێوان حزبە عێراقییەکاندا قەوما:

ئەو دوو غەدر لێکراوە لە مووسڵەوە بەئۆتۆمۆبێلەکەی ئەمجەد ئەلموفتیی پارێزەر بۆ شارەدێی تلکێف دەرچوون بۆ بازاڕی، چونکە دوکانەکان لەبەر قەدەغەکردنی هاتوچۆ لە مووسڵ داخرابوون، لەگەڵ گەیشتنیان بۆ تلکێف یەکێک لە کۆمۆنیستەکان لە نزیک بنکەی پۆلیسەکەوە ڕووبەڕوویان

بووەوە و هاواری بەسەردا کردن: بەعسییەکان.[12]

ئەوانیش بەئۆتۆمۆبێلەکەیان تێیان تەقاند و ڕوویان لە بنکەکە کرد و دوای ئەوەی خۆیان دایە دەست بەرپرسی بنکەی پۆلیسەکەوە داوای پاراستنیان لێ کردن، هەواڵەکە بەتلکێفدا بڵاو بووەوە و ژمارەیەکی زۆر لە کۆمۆنیستە چەکدارەکان لە بنکەکە ئامادە بوون و گریان لە ئۆتۆمۆبێلەکەی ئەمجەدی پارێزەر بەردا و داوای دانە دەستەوەی ئەو دوو پەنابەرەیان کرد، بەرپرسی بنکەکە قەبووڵی نەکرد، پاشان بەرپرسانی بنکەکە ئەو دووانەیان بەپاسەوانیی چوار پۆلیس و بەئۆتۆمۆبێلی حکومەتی ڕەوانەی مووسڵ کرد، ئەوە بوو لە ڕێگە کۆمۆنیستەکان بەرەنگاری ئۆتۆمۆبێلەکە بوونەوە و ئەو دووانەیان بەزۆر داگرت و تەقەیان لێ کردن و دەمودەست هەردووکیانیان کوشت، پاشان هەردوو تەرمەکەیان شێواند و نەوتیان بەسەردا کردن و سووتاندیانن، پاشان باگردێنێکی گەورەیان هێنا، کە بۆ دوای قیرتاوکردن بەکار دەهێنرێت، بەسەر لاشەکانیاندا ڕەت بوو و وا پلیشاندنیەوە هیچ سیمایەک بەلاشەکانەوە دیار نەبوو، ئەمەش بەو مەبەستەی سەر لە لێکۆڵینەوە تێک بدەن.

ئەم تاوانە ڕەوانەی ئەنجوومەنی عورفیی سەربازیی یەکەم لە بەغدا کرا، کە لە ١٩٦١/١/١٧دا بەسترا، ئەنجوومەن لە بڕیاری تاوانبارکردنیاندا گوتی: (ئەنجوومەنی عورفیی سەربازیی یەکەم دەیەوێت ڕوونی بکاتەوە، ئەم تاوانە ڕووبەڕوو وەستانەوەیە بە ڕووی دەسەڵاتی یاسا و ماندووکردنی ویژدانی دادپەروەرییە، ئەمەش لەوەدا دەردەکەوێت خەڵکانێک ڕێ بەخۆیان دەدەن لە شەقامەکاندا ببنە فەرمانڕەوا و قازی، خەڵک بکوژن و بەدوای ئۆتۆمۆبێلدا ڕایان بکێشن و بەم شێوە دزێوە تەرمەکانیان بشێوێنن).١٣

لێرەدا دەبێ بڵێین: (کوشتنی ئەم دوو عێراقییە بەدەستی عێراقییانێک نایانناسن و پێشتریش تێکەڵیان نەبوونە و بێ ئەوەی تاوانێکی بینراو یا بەڵگەداریان ئەنجام دابێت و ئەنجامدانی کوشتنەکەیان بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە، زەبروزەنگێکی خوێناویی بێ پاساوە، وێڕای پاڵنەرە سیاسییە بەرچاو و ئاشکراکانی، هەرچی شێواندنی تەرمەکانیانە لە پاش کوشتنیان ئەوا هەڵکشانێکی تری توندوتیژیی بێ پاساوە، بەڵام هێنانی نەوت و کردنی بەسەر لاشەکاندا و سووتاندنیان ئەوا چوونە ناوەوەیە بۆ توندوتیژیی خوێناویی تۆڵەستێن لە دەرەوەی زانستی سیاسەتدا.

ئامادەکردنی باگردێنی زەبەلاحی تایبەت بەقیرتاوکردنی شەقامەکان و هێنانی بەسەر تەرمەکاندا و پلیشاندنەوەیان بەشێوەیەک لە پەڕۆ کۆنە بکەن، ئەوە بەشێکی ئاوارتەییە لە ئەوپەڕی توندوتیژیی خوێناویی عێراقیی تایبەتمەند و بێ پێشینە و تا ئەم ڕادەیە، پێویستە پرسیار دەست پێ بکات سەبارەت بەسروشتی نەخۆشیی دەروونی و ئاکاریی نەسرۆ (شاژ) و نامۆ بەکەسێتیی ئەم عێراقییانە، کە ئەنجامدەر و بەشداربووی ئەم ڕەهەندە بەرچاو و ئاوارتەیەن لە توندوتیژیی خوێناویی زاڵ بەسەر ئەم تاوانە ناشیرینەدا.

ئەنجامدەرانی ئەم توندوتیژییە خوێناوییە عێراقییە ئاوارتەییە یەکلاکەرەوەیە، نە دەسەڵاتدار و نە سەرکردە و نە پاشا و نە سەرۆک بوون، بگرە لە ڕەشە خەڵکە عێراقییەکە و سادەکانیان بوون.

هەروەها ئەو زمان لێدانە تەناهییانەی بەهەزاران عێراقی لە ماوەی ڕژێمە سیاسییە یەک بەدوای یەکەکاندا هاتن و زۆرێک لە بێتاوانان تێدا چوون، شێوەیەکە لە شێوەکانی ئاکاری تێکەڵ بەحەزی خوێنڕێژی لە کەسێتیی عێراقیدا.

## جەواهیری هانی عەبدولکەریم قاسم بۆ لەداردانی بەعسییەکان دەدات

لە سەردەمی نوێدا دەبینین بۆ نموونە جەواهیریی شاعیر بەهاندانێکی خوێناویی حەماسی دنەی عەبدولکەریم قاسمی (فەرمانڕەوای تاک و تەنیای عێراق) دا و بانگی کرد بۆ لەداردانی بەعسییەکان، ئەوانەی لە ساڵی ١٩٥٩دا تەقەیان لە ئۆتۆمۆبیلەکەی کرد، لە بریی ئەوەی مۆچیاری بکات بۆ لێبووردن و لێخۆشبوون و بەخشین و تۆڵەنەسەندنەوە، ئامۆژگاریی کرد تەنگەتاویان بکا و دەست لە بیناقاقایان گیر بکات، مەبەستیشی لەداردانیان بوو.

چامەکەی جەواهیری، کە ڕێکی خست بۆ هاندانی عەبدولکەریم قاسم بەسزادان و لێنەبووردنیان، یا نەرمی نەنواندن، ڕەنگە ئەوەندە بەس بووبێت بۆ قایلکردنی عەبدولکەریم قاسم بەجێبەجێکردنی بڕیاری لەداردانی بەعسییەکان لەو کاتەدا، ئەگەر هەندێ هۆیەکی تر نەبوونایا، کە ڕەنگە ڕێیان لێ گرتبێت.[١٤]

بۆ ڕوونکردنەوە چەند دێڕێک لە چامەکەی جەواهیری دێنینەوە، کە هێندەی نەمابوو قەسابخانەیەکی خوێناوی دروست بکات، لە هەندێک دێریدا بەم ئاوایە قسان لەگەڵ سەرۆک عەبدولکەریم قاسمدا دەکات:

تصور الأمر معكوسا وخذ مثلا      مما يجرونه لو أنهم نصروا
هل كان للرفق ذكر فى معاجمهم      أم عن كريم وعن أصحابه خبر؟
فضيق الحبل وأشدد من خناقهم      فربما كان فى إرخائه ضرر

بەم شێوەیە ئەگەر ڕێک کەوت ڕۆژێک لە ڕۆژان یەکێک لە فەرمانڕەوایانی عێراق بەبەزەیی و لێبووردە بوو لە کێشەکانی ژیاندا و ویستی بەرەو بەزەیی و میهرەبانی و لێبووردەیی و دڵ پێ سووتان و ئارەزووی لێخۆشبوون لە کارێک لە کارەکاندا هەنگاو بنێت، ئەوا زۆرێک لە عێراقییەکان دەبینێتەوە، لەوانەی بەڕوویدا دەوەستنەوە تا ڕێگریی لێ بکەن لە ڕۆیشتن بەرەو ڕێگەی بەخشندەییی مرۆییانە، بەڵکو هانی دەدەن ئاکاری ڕێگەی خوێن و پەنددادان و تۆڵە بگرێتە بەر.

ڕەنگە لە تواناماندا بێت شەپۆلێکی لەبن نەهاتوو لە ڕووداو و بوویەری خوێناوی بهێنینەوە، کە نیشانەن بۆ پاوانکردنی حەزی خوێنڕێژی لە ئاکاری کەسێتیی عێراقیدا. ئەو کەسێتییە چۆن بووە، جا لە دەسەڵات بووبێت یا لە ڕەشە خەڵکەکە... ئەو حەزەی بەهۆیەوە لە عێراقدا سەدان هەزار

قوربانی و کەسانی بێتاوان لە مێژووی عێراقدا تێدا چوون، لە سەرکردە و نووسەر و شاعیر و بیریار و فەیلەسووف و زانای ئاینی و ئیمام و فەرمووده گێڕەرەوە و سیاسی و زانا و داهێنەر و خەڵکی ئاسایی... لە ماوەی مێژوویی یەک لە دوای یەکدا سەری یەکتریان پەڕاندووە.

پەراوێزەکان:

(١) د. عيد مرعي. تاريخ بلاد الرافدين. دار الابجدية للنشر. دمشق ص٥٥.

(٢) د. عيد مرعي. تاريخ بلاد الرافدين. دار الابجدية للنشر. ص١٢٥.

(٣) د. فيليب حتي. خمسة الاف سنة من تاريخ الشرق الادني. ج,١ ص٧٠.

(٤) د. علي الوردي. لمحات اجتماعية من تاريخ العراق الحديث. ج١. دار كوفان للنشر. لندن. ص١٢

(٥) ستیڤن لۆنگریکی نووسەر لە کتێبەکەیدا: اربعة قرون من تاريخ العراق الحديث. منشورات مكتبة اليقظة العربية. ص١٥٢. باس لە هەندێک وردەکارییەکانی ئەم ڕووداوە دەکات.

(٦) باقر ياسين. تاريخ العنف الدموي في العراق. دار الكنوز الادبية. بيروت _ لبنان. ص٥٣.

(٧) تاريخ الخلفاء للسيوطي. تحقيق محمد محي الدين عبدالحميد. ص ١٧٦.

(٨) تاريخ الخلفاء للسيوطي. تحقيق محمد محي الدين عبدالحميد. ص٣٤٧.

(٩) اربعة قرون من تاريخ العراق الحديث. ستيفن لونكريك. ترجمة: جعفر الخياط. منشورات مكتبة النهضة. ص٧٧

(١٠) لە کتێبی: اين الحقيقه فى مصرع عبدالكريم قاسم؟. احمد فوزى. مطبعه الديوانى. بغداد. ص١٨٤دا وردەکاری لەسەر ئەم بابەتەوە نووسراوە، ئەوی بیەوێت دەتوانێت بگەڕێتەوە سەری.

(١١) ئەلسەفاح: یەکەمین خەلیفەی عەباسی بوو و بە(ابو العباس)یان ناودەبرد. کەچی لە یەکەمین گوتاریدا بۆ خەڵکی کوفە ڕاستەوخۆ دوای ڕووخانی دەوڵەتی ئەمەوی نازناوی ئەلسەفاحی لە خۆی نا، لە نێوان سالانی ٧٥٠ز تا ٧٥٤ز خەلافەتی بەدەستەوە گرت و ماوەی فەرمانڕەواییەکەی بەدڵڕەقی و ئەوپەڕی خوێنڕێژی ناسرا.

(١٢) الصراع بين عبدالكريم قاسم والشيوعيين. العميد المتقاعد: خليل ابراهيم حسين. دار الحرية للطباعة. ص٢٩٨

(١٣) هەمان سەرچاوە. ل٢٩٩

(١٤) بەعسییەکان لە سووریا لەو کاتەدا ڕاگەیاندنێکیان دەرکرد هەڕەشەی لێدانی لوولە نەوتەکانی عێراقیان کردبوو، کە نەوتی عێراقی لە ڕێگەی سووریاوە دەگواستەوە، ئەگەر حکوومەتی عێراق بڕیاری جێبەجێکردنی لەداردانی ئەو بەعسییە عێراقییانە جێبەجێ بکات، کە تەقەیان لە ئۆتۆمۆبیلەکەی عەبدولکەریم قاسم کرد.

سەرچاوە: باقر ياسين. شخصية الفرد العراقي. دار آراس للطباعه وانشر. اربيل. ٢٠١٠. ص١٨٣-٢١٧

بناوانی لێبووردەیی لە هزری عەرەبی ـ ئیسلامیدا

# کولتوور و دەوڵەت

د. عەبدولحوسێن شەعبان

بەشی سێیەم

پاژی دووەم

**لێبووردەیی و بناوانی نێودەوڵەتیی هاوسەردەم**

ئێمەی گەلانی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە ڕزگارکردنی
نەوەکانی داهاتوومان لە بەڵاکانی شەڕ، خستووەتە ئەستۆی خۆمان
... دیسان دووپاتی دەکەینەوە،
باوەڕمان بەمافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ و شکۆی
تاک و قەدەری هەیە... لە پێناو ئەو مەبەستانەشدا، بڕیارمان دا لەنێو خۆماندا لێبووردە بین و
بەئاشتییانە و وەک هاوسێیەکی چاک، پێکەوە بژین...
میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان

١- نەتەوە یەکگرتووەکان و بیرۆکەی لێبووردەیی

ڕەنگە هەوڵەکانی قەدەخەکردنی بازرگانیی کۆیلان، بەتایبەتی لە سەدەی نۆزدەدا، بڕژێتە نێو دنیای پان و بەرینی "لێبووردەیی"یەوە. هەنگاوە بەراییەکانی دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتووەکان،

................................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عەبدورەڕاق عەلی

بیرۆکەی لێبووردەییان لە بەرچاو بوو، نەخاسمە پاش دوو شەڕی دنیایی کە دەیان ملیۆن مرۆڤیان کردە قوربانی. مادەی یەکەمی پێشەکی (دیباجە) پاکتەکە و مادەی ٥٥، لێبووردەیی، دادەنێن بەیەکێک لەو بنەما و ئامانج و مەبەستانەی نەتەوە یەکگرتووەکان کاری بۆ دەکات و بەو گوێرەیەش هەڵسوکەوت دەکات.

نەتەوە یەکگرتووەکان، لەوەتەی دامەزراوە ساڵی ١٩٤٥ لە کۆنگرەی سان فرانسیسکۆ، هەوڵی داوە بیرۆکەی لێبووردەیی بڵاو بکاتەوە، پاکتەکەی باسی ئەوە دەکات و تێیدا هاتووە: "ئێمەی گەلانی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە ڕزگارکردنی نەوەکانی داهاتوومان لە بەڵاکانی شەڕ، خستووەتە ئەستۆی خۆمان، کە لە ماوەی نەوەیەکدا، دووجار، مرۆڤایەتی دووچاری خەم و پەژارەیەک کردووە، باس ناکرێ، دیسان دووپاتی دەکەینەوە، باوەڕمان هەیە بەمافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ و شکۆی تاک و قەدەری و هەرچی مافەیلی پیاوان و ئافرەتان و نەتەوەکان بەگەورە و بچووکیەوە. لە پێناو ئەو ئامانجانەشدا، بڕیارمان دا لەنێو خۆماندا لێبووردە بین، بەئاشتییانە و وەک هاوسێیەکی چاک پێکەوە بژین و هێزەکانمان بکەینە یەک تا ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی بپارێزین..."[٢٠].

ئەودەمەی جاڕی دنیایی مافەکانی مرۆڤ لە ١٩٤٨دا دەرچوو، کە بەبەڵگەنامەیەکی نێودەوڵەتیی خودان بەهایەکی شارستانییانە دێتە ژماردن، مادەی یەکەمی دەڵێ: "هەموو خەڵک بەئازادانە بەزاین دەبن و لە شکۆ و مافەکانیاندا یەکسانن، عەقڵ و ویژدانیشیان پێ دراوە تا بەگیانی برایانە مامەڵەی یەکتر بکەن".

بڕگەی دووەمی مادەی بیست و شەش جەخت لەسەر مافی خوێندن دەکاتەوە و ئاماژە دەدات کە ئامانجی پەروەردە بریتییە لە "پێگەیاندنی تەواوی مرۆڤ و چەسپاندنی ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان و برەودان بە لێک تێگەیشتن و لێبووردەیی و دۆستایەتی لە نێوان هەموو گەلان و کۆمەڵە ئەتنی و ئاینییەکاندا..."[٢١].

لە ماوەی شەش دەیەی ڕابردوودا، چەمکی لێبووردەیی، چووەتە نێزیکەی هەموو بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکانەوە، نەخاسمە بەڵێننامەی نێودەوڵەتیی پێوەست بەمافە مەدەنی و سیاسییەکانەوە، هەروەها بەڵێننامەی نێودەوڵەتیی پێوەست بەمافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانەوە، کە لە کۆمەڵی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ساڵی ١٩٦٦ دەرچوون و ١٩٧٦ کەوتنە واری جێبەجێکردنەوە، ئەم دوو بەڵێننامەیە و جاڕی دنیایی مافەکانی مرۆڤی ١٩٤٨، دادەنرێن بەبنچینەی یاسای نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ[٢٢].

دیسان، لێبووردەیی لە کۆمەڵێک ڕێککەوتننامە و بەڵگەنامەی نێودەوڵەتیی تردا ناوی هاتووە و باس کراوە: ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتیی تایبەت بە "بنبڕکردنی ڕەگەزی مرۆڤ" لە ١٩٤٨/١٢/٩دا، ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاکارییەکی نەژادی لە ١٩٧٣/١١/٣١، ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتیی لەبارەی تاوانی جیاکاریی نەژادییەوە لە ١٩٧٣/١١/٣٠، ڕێککەوتننامەی مافەکانی منداڵ کە لە کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە

له ٢٠/١١/١٩٨٥دا دەرچووە، ڕێککەوتننامەی نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاکارییەک لە دژی ئافرەتان لە ١٩٧٩/١٢/١٨، ڕێککەوتننامەی بەگژداچوونەوەی دارکاری لە کانوونی یەکەم/سێپتێمبەری١٩٨٤، ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان لەبارەی پەنابەرانەوە ساڵانی ١٩٣٣ و ١٩٨١، کە دیباجەکەی جەخت دەکاتەوە "لێک تێگەیشتن و لێبووردەیی و ڕێزگرتن لە کاروباری پێوەست بەئاین و باوەڕەوە، زۆر گرینگە".

مادەی پێنجەم داوای پاراستنی منداڵ دەکات لە "هەر جۆرێک لە جۆرەکانی جیاکاری لەسەر بنەمای ئاین و باوەڕ، پێویستە پێگەیاندنی منداڵ لەسەر گیانی لێ تێگەیشتن و لێبووردەیی و دۆستایەتیی نێوان گەلان و نەتەوەکان و برایەتیی دنیایی و ڕێزگرتن لەوانی تری جیاواز لە ئاین و باوەڕدا، هەروەها هۆشیاریی تەواو بەپێویستی پێکهێنانی وزە و توانا و بەهرەکانی لە خزمەتی برای مرۆڤیدا"[٢٣].

نەتەوە یەکگرتووەکان بانگی هەمووانی کرد بۆ بڵاوکردنەوەی کولتووری لێبووردەیی و بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی، کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤ ساڵی ١٩٨٦بڕیاری دامەزراندنی بڕیاردەرێکی دا تایبەت بەبەدواداچوونی دیاردەیلی دەمارگیری و ڕێوشوێنەیلی حکوومەتان بەمەبەستی نەهێشتنی ئەو دیاردەیە.

هەروەسا، ساڵی ١٩٩٢، ڕاگەیەندراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بەکەمینەکان دەرچوو، ڕاگەیەندراوەکە، جەخت لە پرسی لێبووردەیی دەکاتەوە بەرانبەر کەسەیلێکی سەر بەکەمینە نەتەوەیی، نەژادی، ئاینی یان زمانەکین. کۆنگرەی ڤیەننای نێودەوڵەتی بۆ مافەکانی مرۆڤ کە لە ١٤ ـ ٢٥حوزەیران/یونیۆ ١٩٩٣ بەسترا، باسی پرسی لێبووردەیی و ڕەتکردنەوەی دەمارگیریی کرد، نەخاسمە لە پلاننامەکەی پەسنی کرد کە دادەنرێ بەپێشڤەچوونێک لە بواری مافەکانی مرۆڤدا.

کۆنگرەی ١٩٩٣ی ڤیەننا، دووەمین کۆنگرەی دنیایی بوو پاش کۆنگرەی ١٩٦٨ی تاران، گرینگییەکەشی لەوەدا بوو کە لە دۆخێکی نێودەوڵەتیی جیاواز لە سەروەختی شەڕی سارد بەسترا و لە سایەی دۆخگەلێکدا کە پرسی مافەکانی مرۆڤ لە سەرلەبەری دنیادا بووە پرسێکی باڵادەست، بەتایبەتی، دوای ئەوەی بووە یەکێک لە بنەما پەیگیرەکانی (ملزمە) jus cogens یاسای نێودەوڵەتی و لە بنیاتی ژێرخانی هەر کۆمەڵگەیەک لەو کۆمەڵگانەی ڕوویان لە پێشکەوتن بوو.

ئەڵبەت گێرمەی (ئیشکالیەتی) لێبووردەیی، بەڕەتکردنەوەی هەموو جۆرەکانی جیاکاریی نەژادی و دەمارگیری و ڕقلێبوونەوەی بیانییان، تەوەر و ناوکرۆکی ئەو کۆنگرە گرینگە دنیاییە بوو کە لە دێربن (باشووری ئەفریقیا) لە دوا دوایییەکانی ئاب/ئۆگستس و سەرەتاکانی ئەیلوول/سێپتێمبەری ١٠٠١دا بەسترا و درێژەپێدەری ئەو دوو کۆنگرە نێودەوڵەتییە بوو کە ساڵانی ١٩٧٨ و ١٩٨٣ پێش نەمانی ڕێژیمی جیاکاریی نەژادی (ئەپارتاید) لە باشووری ئەفریقیا بەستران.

هەر دەبێ ئامـاژە بدەین کـە پێوەندییەک لە نێوان نالێبـووردەیی و جیـاکاریی نـەژادیدا هەیە، دوکتۆر ئەمین مـەکی مەدەنی، دەڵێ، ئەم جۆرە جیاکارییە، ناشیرینترین جۆرگەلی جیاکارییە کە پشت بەفەلسەفەی نازیزم دەبەستێ و لەسەر بنچینەی باڵادەستیی نەژادی ئاری بەسەر تەواوی مرۆڤایەتیدا ڕۆنراوە. دوکتۆر مەدەنی، بڕێک نموونەی ئەو هەڵسوکەوتانە دێنێتەوە کە بەرانبەر جوولەکە و قەرەج و زنجییەکان و خەڵکانێکی تر کراوە، جا لە ڕێی کۆمەڵکوژی یان لە ڕێی ڕاگواستن و بارکردن و بەندکردنەوە بێ. ئەم ئاماژەیە وا پێویست دەکات باسی ڕێژیمی جیاکاریی نەژادی باشووری ئەفریقیـا بکرێ کە دەیان ساڵی خایاند، ئەو ڕێژیمەی پشتی بەیاساگەلێکی نەژادی و جیاکاریی دژی ڕەشپێست و ڕەنگاوڕەنگەکان پێڕەو دەکرد لە قازانجی سپیپێستەکان، بەتایبەتی ڕێژیمی بانتوستان Bantustan کـە برێتی لەوەی ڕەشەکان دوور لە سپییەکانی سەرکاریان بخەون.

نموونەیەکی تر، فەلسەفەی ئیسرائیلە کە هەوڵ دەدات دەوڵەتێکی سەرومڕ جوولەکە ڕۆ بنێ کە جیاکاری بکات لە نێوان ڕەگەز nationality و هاووڵاتیبووندا citizenship، هەروەها جیاکاری بکات لە نێوان جووانی ڕۆهەڵات "سفاردیم" و جووانیی ناعەرەبی "ئەشکەنازی" و لە نێوان عەرەبی کۆچەری و ناکۆچەریدا، لە نێوان جووانی فەلاشادا، ئەمەش، ئیسرائیل دەکاتە نموونەیەک بۆ نالێبووردەیی و جیاکاریی نەژادی[٢٤].

شایەنی ئاماژەیە، ڕۆژی ٢١ی ئادار/مارس، دادەنرێ بەڕۆژی دنیایی نەهێشتنی جیاکاریی نەژادی کە ڕۆی قەسابخانەی شاربفیلی باشووری ئەفریقیایە، لە دیادا یادی ئەو ڕۆژە بەرز ڕادەگیرێ.

هەرچی ئەنتوان مەسەڕەیە، باس لە ڕۆڵ و ستراتیجی لێبووردەیی و ئاشتیی دنایی دەکات، وای دادەنێ بەشداریی ئاینگەل لە ئاشتیدا پێوەستە لانی کەم بە سێ هۆکاری بنچینەیییەوە:

١- لێبووردەیی وەک کۆمەڵێک بەهاگەل، بەگوێرەی چەمکی یونسکۆ کە لە خولی ٢٨ی ١٩٩٥/١١/١٦دا دەستنیشانی کردووە.

٢- بەڕێوەبردنێکی دیموکراتییانەی فرەییی ئاینی و مەزەبی لە ڕێی میکانیزمگەلێکی بەشداری لە دروستکردنی بڕیار و سامانی گشتیدا.

٣- دادپەروەری نێودەوڵەتی بەپێی پاکتی نەتەوە یەکگرتووەکان.

وێنەی ئەوی تر، کورت ناکرێتەوە لە یەک جۆر و شێوازدا، بگرە دەشێ چەندان جۆر لەوی تر جیا بکەینەوە، کە هەر شێواز یان جۆرێکیانش پێویستی بە میتۆدێک لە شیکاری و چارەسەر هەیە:

شێوازی یەکەم: ئەوی تر وەک هەڕەشەی سیاسی.

شێوازی دووەم: ئەوی تری ڕکابەر.

شێوازی سێیەم: ئەوی تری دۆست[٢٥].

یەکەم، ڕەتکردنەوە و دوورخستنەوە و ڕیشەکێشکردنی گەرەکە؛ دووەم، هەڕەشە لە پێناسە ناکات، هەڕەشە لە وارەکە دەکات؛ سێیەم، جۆرێکە لە یەکتر تەواوکردن. بۆیە ناکرێ تەنیا بەڕووە ئاینییەکەیدا باسی لێبووردەیی بکەین، چونکە ئەوە کوڵکردنەوەی (اختزال) چەمکەکەیە[٢٦].

## ٢- یونسکۆ و لێبووردەیی

چەمکی لێبووردەیی، چ لە ئاستی هزریدا چ لە ئاستی واری کردەنی، لێکەوتەوەی زۆری هەیە، نەخاسمە لەم ساڵانەی دوایدا زۆرتر کەوتووەتە سەر زاران. بۆ ئەوەی وەسپێکی بنەمای لێبووردەیی بکەین، ئاماژە بەوشە ئینگلیزییەکەی دەدەین toleration. کاتێک باسی کردەکە واتە کرداری لێبووردەیی دەکەی دەگوترێ tolerance. فەرهەنگی ئۆکسفۆردی ئینگلیزی هەردوو وشەی toleration و tolerance بەچەند مانایەکی تەقلی هەڤ و هێندێک جار لێک جیاواز بەکار هێناوە[٢٧]. وەلێ تیۆری لێبووردەیی یان بیروباوەڕی لێبووردەیی لای فەرەنساییەکانە وشەی -Ttol erantismeیان لە بەرانبەردا داناوە.

نەتەوە یەکگرتووەکان، ساڵی ١٩٩٦ی بەساڵی لێبووردەیی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا هێنایە ژماردن. ئەو "ڕاگەیاندراوی بنەماگەلی لێبووردەیی"یەی خولی بیست و هەشتەمینی یونسکۆ لە ١٦ی تشرینی دووەم/نۆڤێمبەری ٢٠١١دا، داوای کرد، هەموو ساڵێک، لە هەموو دنیادا، ئەو ڕۆژە بەڕۆژی لێبووردەیی ناساند. یونسکۆ، داخوازی کرد جێ و ڕێی میتۆدییانە و عەقڵانی بگیرێتە بەر بۆ فێرکردنی لێبووردەیی، کە باس لە هۆکارەکانی نالێبووردەیی کولتووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاینی بکات، واتە ڕەگ و ڕیشە سەرەکییەکانی توندوتیژی و ستەمکاری.

لە ماناکانی ڕاگەیاندنی بنەماکانی لێبووردەیی؛ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پێویستی بەبڵاوبوونەوەی بەهاگەلی لێبووردەیی و جێگیرکردنیانە وەک تێڕوانینێکی مرۆڤانی و ئاکاری، ئاخر ئەم پێشکەوتنەی ئێستای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و مرۆڤایەتی لەو گێژاوەی ئێستای دەرباز نابێ بەتەشەنەکردنی بیرۆکەی قەبووڵکردنی ئەوی تر نەبێ، با ئەوی تر، بۆچوونیشی لەگەڵ (کۆمەڵ) جیاواز بێ، نەخاسمە ئەوە، پێداویستییەکی نووکەییە نەک ڕابوێرییەکی هزری (ترف فکری)، پێچەوانەکەشی (لێبووردەیی)، واتە دەمارگیری و کەڵەگایی و ڕەتکردنەوەی ئەوی تر، بەزمانی سیاسەتیش، فرەوانبوونی بازنەی توندوتیژی و ڕێگرتن لە بۆچوونی ئازاد و ستەمکاری لە ئاستی حکومەتیدا و بڵاوبوونەوەی دیاردەی توندڕۆی و توندوتیژی و ڕێگەنەدانی بۆچوونی تر و تاوانبارکردنی، واتە، سەپاندنی بۆچوون بەزەبری هێز و تۆقاندن لە دەرەوەی دەسەڵاتەوە و بەزاندنی یاسا و ڕێساگەلی باو.

"ڕاگەیاندراوی بنەماگەلی لێبووردەیی"[٢٨]ی یونسکۆ (ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەروەردە و فێرکردن و ڕۆشنبیری)، دادەنرێ بەپێشڤەچۆنێکی نێودەوڵەتیی گرینگ لە بواری

بیرۆکەی لێبووردەییدا، ڕاگەیەندراوەکە، وەک یەک لە پایە بنەڕەتییەکانی هەر کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و کارێک لە پێناو ئاشتیدا دادەنێ، هەروەسا پێویستی بەدانپێدانانی ئەوی تر و ڕێزگرتنی شایستەی هەیە. لێبووردەیی، پێویستی بە پێکەوەژیان و ئاگالێبوونە لەگەڵ ئەوانی تردا "لێبووردەیی مانای ڕێگرتن و قەبووڵکردنی فرە کولتووریی ئەم دنیایە و شێوەکانی ڕادەربڕین و خەسڵەتە مرۆڤانییەکانمانە، ئەم لێبووردەییەش، بە ماریفەت و کرانەوە و پێوەندیگرتن و ئازادیی هزر و ویژدان و باوەڕ دەچەسپێ".

لە لێکدانەوەی چەمکی لێبووردەییدا، لە درێژەی ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە "پێکەوەگونجانی جیاوازەکان، نەک تەنیا ئەرکێکی ئاکرییە، بگرە ئەرکێکی سیاسی و قانوونییە". هەروا دەڵێ لێبووردەیی واتە "وەرگرتنی هەڵوێستێکی ئەرێنی کە دان بەمافی ئەوانی تردا بنێ کە دەبێ مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنچینەییەکانیان بۆ فەراهەم بێ".

جەخت دەکاتەوە "لێبووردەیی" بەرپرسیارێتییەکە دادەنرێ بەپایەی سەرەکی مافەکانی مرۆڤ و فرەیی (بەفرەیی کولتووریشەوە) و دیموکراسی و حوکمی یاسا و ڕەتکردنەوەی دۆگماتیزم و ستەمکارییە... مرۆڤ، ئازادە لەوەی لەسەر باوەڕێک بێ و پێویستە قەبووڵیشی بێ ئەوانی تریش لەسەر باوەڕی دڵخوازی خۆیان بن.

لێبووردەیی، مانای دانان بەوەی مرۆڤگەل، لە ڕوو و دۆخ و ڕەوتار و بەهاگەلیاندا جیاوازن و مافی ئەوەیان هەیە ئاشتییانە بژین. ڕاگەیەندراوەکەی یونسکۆ ئاماژە بەوە دەدات کە یەکەمین هەنگاوی تەشەنەکردنی بنەمای لێبووردەیی بریتییە لە "خەڵک فێری ماف و ئەرکە هاوبەشەکانیان بکرێن تا ڕێز لەو ماف و ئەرکانە بگرن، سەرباری ئەوەی سوور بن لەسەر ئەوەی ماف و ئەرکی ئەوانی تریش بپارێزن"[٢٩].

فیدریکۆ مایۆر، بەڕێوەبەری گشتیی پێشووی یونسکۆ دەڵێ: بەهۆیەوە توانیمان لە چەندان ڕووبەڕووبوونەوە خۆمان بپارێزین، توانیمان چەندان شکۆی مرۆڤەکان بگێڕینەوە و بەگوێرەی "هاریکاریی ڕۆشنبیری و ئاکاری" کە پاکتی یونسکۆ بانگهێشتنی بۆ دەکات، پارێزگارییان لێ بکەین، مایۆر، ئەوەی لەو پاکتەدا هاتووە دەڵێتەوە "چونکە شەڕەکان لە عەقڵی مرۆڤەکاندا بەزاین دەبن، بۆیە دەبێ قەڵاکانی ئاشتیش لە عەقڵیاندا ڕۆ بنرێن".

ڕەنگە ئەوە بێ ئەو فەرزی زەین یان بیرەوەرییەی مایۆر لە وتارێکیدا بەناونیشانی "فەرزی بیرەوەری ١٩٩٤ - ١٩٩٥" لە ڕۆژنامەی "ئەلحەیات"ی لەندەنیدا لە ٥٤مین ساڵوەگەڕی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، باسی دەکات و ئەو باجە گرانەی ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان کە ملیۆنان مرۆڤ بوونە قوربانی لە ئەنجامی بێدەنگی و بەزاندنی بنەماکانی لێبووردەیی کە بوونە هۆی ڕوودانی زریان و ئاگر و شەڕ و کارەساتگەل.

## ٣- گێرمەی لێبووردەیی

پێ ناچێ پرسی لێبووردەیی "گێرمە _ ئیشکالییەت"ێکی ڕاستەقینە بێ لە کۆمەڵگە کراوەکاندا، ئەگەرچی لێرە و لەوێ برێک خلّتە و خاشاکی کۆن و پێشێلکاریی زەق ڕوو دەدەن نەخاسمە لە ئاستی کردەنیدا. هەموو مرۆڤێک "تاکێک"، برێتییە لە پرسی لێبووردەیی هەموو تاکێکی "تر". ئاخر ئەو کۆمەڵگەنە گەیشتوونەتە جۆرێک لە "لێک دڵنیابوون"، پاش شەڕگەل و کۆژانگەلێکی دوور و درێژ تا گەیشتنە قۆناخی لێبووردەیی و پێڕەوکردنی وەک بەرجەستەیەک، بگرە ڕاستییەکی وازلێنەهێنراو لە پێناو پێشڤەچوونی کۆمەڵگەدا، وەک ڕێکخستنێکی هزریی ئاکاری، لە هەموو ئاستەکانی سیاسی، ئاینی، مەزەبی، کۆمەڵایەتی و کولتووریدا. وەلێ بەداخەوە، لێبووردەیی، وەک چەمک و وەک مافگەل، ئەوە لە پێڕەوکردن هەر بگەڕێ، تا ئێستە لە دنیای عەرەبی و ئیسلامیدا، بوونی نییە.

ڕەنگە هەر ئەم ڕاستییە تاڵە بێ وای لە هزریارێکی ئیسلامی کردبێ بڵێ: "لایەنێک لە هزری ئیسلامیمان، هزرێکی پووچگەرایە، وەک باگردێن بەدەوری خۆیدا خول دەخوات و ئاگرێکە خۆی دەسووتێنێ، ئەوەش کرۆکی دواکەوتوویی و تێشکانە"[٣٠].

نەلوونی لێبووردەیی، واتە؛ بڵاوبوونەوەی دیاردەی دەمارگیری و توندوتیژی و باڵادەستی عەقڵییەتی حەرامکردن و تاوانبارکردن لە دەسەڵات و دەرەوەیدا لەلایەن گرووپگەلە توندڕۆکانەوە یان ئەوانەی بەئسووڵی یان بناوانخواز ناسراون، چ لە ئاستی هزری یان سیاسی یان کۆمەڵایەتی یان کولتووری یان سەبارەت بەشێوازی ژیان.

لە ڕووی هزرییەوە، نالێبووردەیی، واتە؛ ڕێگرتن و حەرامکردنی مافی بیرکردنەوە و باوەڕ و ڕادەربڕین، لە ڕێی سەپاندنی مەرج و کۆنترۆڵگەلێکەوە بۆ بەرگرتن لە پێڕەوکردنی ئەو مافە، بگرە حوکم و سزا دادەبارێ بەسەر ئەو کەسانەدا وەک خۆیان بیر بکەنەوە، جا ئەوانە لە ڕێی یاساگەلێکی دەستوپێ بەستەرەوەوە بێ یان لە ڕێی هەڵسوکەوتێکی چەوسێنەرانەوە بەبڕ و بیانووی جیاجیاوە.

وەلێ لە ڕووی سیاسییەوە، نالێبووردەیی، واتە؛ قۆرخکردنی حوکمڕانی و هەوڵدان بۆ کۆنترۆڵکردنی و پاکانەکردن بۆ ڕێگرتن لە بۆچوونی ئەوی تر، جا بە ناوی نەتەوەییەوە بێ یان بەناوی ململانێی عەرەبی - ئیسرائیلییەوە بێ، یان بەناوی چینایەتی و بەرگریکردن لە بەرژەوەندیی زەحمەتکێشانەوە، یان بەناوی ئاینەوە، لە پێناو نەهێشتنی هیچ دەنگێک و سەپاندنی دەستبەسەراگرتن و بانگهێشتنی خاوەندارێتیی ڕاستی.

لە ڕووی ئاینیشەوە، نالێبووردەیی، مانای؛ قەدەخەکردنی ئیجتیهاد و حەرامکردن و بەکافرکردنی هەر بۆچوونێکی ئازاد بەبیانووی لادان لە سابەی پاکانەگەلێکی دیماگۆگی لێڵدا کە ڕێ بەلێکدانەوەی تر نادەن، نەخاسمە بۆچوونێک لەگەڵ باودا نەیەتەوە، هێندێک جاران دیمەنەکە

تاریکتر دەبێ لە سایەی تاکئاینی و لە ڕێی سەنگەرگرتنی تایەفی و مەزەبییەوە، وەک هەوڵێک بۆ ڕەتکردنەوەی کۆمەڵ و مەزەب و ئیجتیهادەکانی تر، بگرە دەستبەسەراگرتنیان[٣١]. تا ئەو جێیەی حزبێکی ئیسلامی کۆنگرەیەک لەژێر دروشمی بەرەنگاربوونەوەی دیموکراسی لە بەریتانیا ببەستێ، وەک شێخ ڕاشید ئەلغەنووشی ئاماژەی پێ کردووە.

پێم وانییە کۆمەڵگەیەک هەبێ جیاوازی یان ناڕازیبوونی تێدا نەبێ و بۆچوونەکانی تێدا دابەش نەبووبێ، بگرە دەتوانم بڵێم، کۆمەڵگەیەکی بێ جیاوازی یان لێکنەچوون یان تایبەتمەندی، کۆمەڵگەیەکی خەیاڵییە و لە واردا بوونی نییە. لێکچوون، جۆرێکە لە مەحاڵ. خۆ ئەگەر کۆمەڵگەیەکی وا هەبێ، بێگومان، کۆمەڵگەیەکی مردووە، ئاخر جیاوازی، سروشتی شتەکان خۆیانە، فەرمانڕەوایەک، چاکسازیخوازێک، هزرڤانێک یان پەیامبەرێک نییە، کەسی ناڕازی بەرانبەری نەبێ، وەک جیاوازیی خێر و شەڕ، تەنانەت بەرانبەر خوای گەورە و بالادەست، ئیبلیسێک لاملی کرد و سوجدەی نەبرد.

بەم شێوەیە، جیاوازی و لێکنەچوون، لە هەناوی ژیانی مرۆڤایەتیدایە وەک چۆن ژن و پیاو، شەو و ڕۆژ، هەق و ناهەق، زاڵم و زوڵم لێکراو، خێر و شەڕ جیاوازن، بگرە جیاوازی لە سروشتی دیاردەکە خۆیدا و ئیجتیهادە جیاوازەکاندا هەیە لەبارەی گەیشتن بەئامانجێک، لە کاتێکدا کەرەسە و ڕێوشوێنەکان لێک ناچن و هێندە جۆرەوجۆرن تا ئاستی پێکەوەنەگونجان و لێک جیابوونەوە.

پێناسەی کۆمەڵگە و قەوارە و یەکەتی و تۆکمەییەکەی، دژبەری ململانێ و جیاوازی و جۆرەوجۆری و فرەییەکەی نێوی نییە. جیاوازی، یەکێکە لە ڕەگەزەکانی زیندوویەتیی هۆشیاری و هۆکارێکی کارا بوون و هاوکارێتی لە پێشڤەچوون و نوێبوونەوەدا. پێناسەی "من"یش ڕاست نابێتەوە، بەبێ پێناسەی "ئەوی تر".

جیاوازی پرسێکی سروشتی ژیانە لە شێوە و دۆخی کۆمەلایەتی و زمان و ڕەوتار و بەهاگەل و ئاین و بۆچوونی سیاسی و ئی تردا. دیسان، جیاوازیی مافە، ڕەتکردنەوەشی، دەبێتە هۆکاری چەقبەستن و مەنگبوونی کۆمەڵگە و دەبێتە زەوینەسازی ستەمکاری، ئاخر لە جیاوازیدا، واتە بەرجەستە دەبێ و دەلالەتیش دەخوڵقێ.

ئەگەر لێکنەچوون خەسڵەتێکی زەرووری بێ، لەبەرئەوەیە چونکە لە سروشتی شتەکاندایە، زێدەڕۆی تێداکردنیشی، بەرەو داخران و دەمارگیری و دوورکەوتنەوە لە بنەچەمان دەبات، دەبێتە هۆی دەستگرتن بە تایبەتمەندێتییەکی بەرتەسکەوە، تا ئەو ئاستەی، ئەوی تر، دەبێتە شایستەی کینە و فەرامۆشکردن، ڕەنگە هێندێک جاران، بگاتە لەنێوبردنیش. ئەوە دروست داخران و خۆدوورگرتنە لەوی تر، بەبیانووی خۆپاراستن نەک تێکەلاوبوون لەگەڵ "ئەوی تر". بەم شێوەیە، پێناسەی لاوەکی، حزب، تایەفە، مەزەب، شوێنی پێناسەی گشتی دەگرێتەوە و مێژووی "تایبەت" دەبێتە تاکە مێژووی ڕەوا و شەرعی، هەرچی ئەوانی تریشە، دروستکراوی دوژمنن.

له ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، نالێبووردەیی، واتە؛ سەپاندنی شێوازێکی دیاریکراو لە ژیان، بێ ڕەچاوکردنی پێشڤەچوونە خێراکانی دنیا و لێکەوتە جۆرەوجۆر و جیاواز و تێکچڕژاو و کارلێکەرەوەکانی، جارانێک خەڵکەکە بەشێوازێک سەنگەر لێک دەگرن و هەڵسوکەوت دەکەن بەشێوازی سەدان ساڵ لەوەوبەر.

بەڵام لە ڕووی کولتوورییەوە، نالێبووردەیی، واتە؛ دەستگرتن بەبەهاگەل و چەمکە کۆن و کلاسیکییەکانەوە و دژایەتیی هەر ویستێکی نوێگەری، یان هەر شێوازێکی گۆڕین، تەنانەت شیعری نوێ دەبێتە "بیدعە و سەرلێشێوان" و بگرە دژایەتیی کەلەپوور و مێژوو و لەوانەیە "پلانێکی گەورە" بێ کە سەرۆکارانی شایستەی بەردباران و سزادانن، ئەم تێڕوانینەش بۆ ئەدەبیات و هونەرگەل هەر وایە، نەخاسمە موزیک و سەما و گۆرانی و شانۆ و پەیکەرتاشی و هونەرەکانی تر، خۆ باسی خۆشەویستی هەر مەکە!

لە ئاست ئەو داخراوییەی باڵی بەسەر دنیای عەرەبی و ئیسلامیماندا کێشاوە، سەرەڕای بڕێک دەرکەوتەگەلی (ارهاصات) تازە، دەبینین دنیا، هەوڵی بەرفرەوانکردنی یاساییەنەی لێبووردەیی دەدات، پاش تەشەنەکردنی ئاکارییانەی. لە بانگهێشتنەکانی ئەم لێبووردەییە، بەرگریکردن لەو نالێبووردانەی ئایدیۆلۆجیاگەلی نالێبووردەی تۆتالیتاری بڵاو دەکەنەوە. هەرچەندە، ئەم بیرۆکەیە ئێستە لە ڕۆئاوا ڕووبەڕووی ڕەخنە، بگرە سڵەمینەوە و لێ ترسان بووەتەوە، نەخاسمە پاش ڕووداوە تیرۆریستییەکانی ١١ ئەیلوول/سێپتێمبەر ٢٠٠١ی ئەمەریکا، چونکە بەلای هێندێکەوە مەترسییە بۆ سەر بیرۆکەی لێبووردەییی خۆی، بگرە لەنێوبردنی ئازادییە، وەلێ کارڵ پۆپەر وەڵام دەداتەوە و دەڵێ، لەسەرمان پێویستە نابێ بەو هەستە خۆڕسکە هەڵخەڵەتێین کە گوایە بەردەوام ئێمە ڕاستین. لەم بارەوە، گفتوگۆی زۆر کرا، بەتایبەتی پاش سەرکەوتنی ئیسلامییەکان لە جەزایر، ئەوانەی ڕایان گەیاند دیموکراسی دەنێژن، ئەو دیموکراسییەی پێی گەیشتبوونە دەسەڵات، ئەوەش پاساوی (پاساوێکی ناپەسند و ناڕەوا) بەسەربازییەکان دا بەبیانووی پاراستنی دیموکراسییەتی هەڕەشەلێکراوەوە لەلایەن ئەوانەی زۆرینەیان هێناوە، کودەتاکەیان جێبەجێ بکەن.

بەم شێوەیە، دیموکراسی لای ئەوانەی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانیاندا ناگونجێ، "بێزەوەر" دەبێ، کەچی "زۆر چاکە" ئەگەر لەگەڵ مەبەست و ئامانجەکانیاندا بێتەوە. شتێکی سەیرە بەڕاستی کاتێک دیموکراسییەک کە بەدوایدا وێڵین زیاتر لە تارمای دەچێ لە کاتێکدا دیموکراسییە چاوەڕوانکراوەکە، دەبێتە خەونێکی دوورەدەست[٣٢].

ئەڵبەت ڕووداوەکانی ١١ئەیلوول/سێپتێمبەر ٢٠٠١ و دواتر شەڕی ئەفغانستان و عێراق، دەرگەی گفتوگۆ و مشتومڕی لەبارەی چۆنیەتیی هەڵسوکەوت لە تەک نالێبووردوواندا خستە سەر گازەرەی پشت.

بەڵام پرسەکە بەناوهێنانی بڕێک ئاراستە و تەوژمەوە نەوەستا، بگرە پرسەکە بەشێوەیەکی

دووفاقی قۆزرایەوە و کرایە گێژاوێک بۆ ناوچەی عەرەبی _ ئیسلامی و بزووتنەوەکانی دژە داگیرکاری و تۆمەتبارکردنیان بەتاکە سەرچاوەی بنەڕەتی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی.

ئەڵبەت بۆ تێپەڕاندنی ئەو پێڕەوە، کاتێک باس دێتە سەر موقاوەمەت، کە لەلایەن لایەنە باڵادەستەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتییەوە، بەتایبەتی ئەمەریکا و ئەوانەی سەر بەو دنیایەن، کراوەتە هاوکووفی تیرۆریزم، یەکسەری وێنەی ناشیرینی بنلادن و سەدام حوسێن و زەرقاوی دێتە پێشەوە، کەچی باس لە پێشێلکارییەکانی ئیسرائیل ناکرێ، نەخاسمە حکوومەتەکەی شارۆن و ئەو قەسابخانانەی دژی گەلی فەلەستین لە جنین و ڕامەڵڵا و خەلیل و نابلوس و غەززە و قودس، ئەنجامیان دەدات، ئەمانە جگە لە ڕاوەدوونانی سەرکردەگەلی فەلەستینی وەک ئەوەی لەم دواییەدا دژی سەرکردەکانی "حەماس" کردی، کاتێک شێخ ئەحمەد یاسین و عەبدولعەزیز ئەلڕەنتیسی کوشت، سەرباری دیواری جیاکاریی نەژادی (جیاکەرەوە) وێڕای ناڕازیبوونی نەتەوە یەکگرتووەکان و داوای کۆمەڵەی گشتی بۆ هەڵوەشاندنەوەی و تەواونەکردنی، بەو پێیەی کارێکی ناشەرعی و نارەوایە. ئەڵبەت پرسی ئەو دیوارە ساڵی ٢٠٠٤ خرایە پێش دادگەی دادپەروەریی نێودەوڵەتی لە لاهای وەک ڕاوێژ، بەڵام ئیسرائیل ناڕازی بوو، بەکارێکی سیاسی نەک یاسایی لە قەڵەم دا.

## ٤- لەبارەی مانای لێبووردەیییەوە

بیرۆکەی لێبووردەیی مانای توانای قەبووڵکردنی بۆچوونێکی تر یان بۆچوونی ئەوی تر، خۆڕاگرتن لە بەردەم ئەو شتانەی مرۆڤ خۆشی ناوێن و حەزیان پێ ناکات، بگرە هێندێک جار بە دژی بیرکردنەوە و ئاکاری خۆی دەزانێ، ئاخر قەبووڵکردنی بنەمای لێبووردەیی و بیرۆکەی پێکەوەژیان، واتە؛ تێپەڕاندنی دابەشکاری بەگوێرەی خوێن و نەتەوە و ئاین و ئێل و عەشرەت و شتی تر، لانی کەم لە هەردوو لایەنی تیۆری و ئاکارییەوە.

بنەمای لێبووردەیی، مانای پێکەوەژیانێکی جیاواز، چ بەمافی ڕادەربڕین بێ یان مافی دەربڕینی باوەڕ و ڕێکخستن و بەشداریی سیاسی. ئەمانەش، ماف و ئازادییەلی بنچینەیین، پاش مافی ژیانی ئاشتییانە، ئەمەش کرۆکی بیرۆکەی مافەکانی مرۆڤە، کە لە شۆڕشی فرەنساوە ١٧٨٩ و پێش ئەویش دەستووری ئەمەریکا ١٧٧٦، پێشڤەچوونی بەخۆیەوە بینیوە بەجەختکردنە سەر مافی هەر تاکێک ئازاد بێ ئەگەر ڕێزی لە ئازادی ئەوانی تر گرت و نەیبەزاندن.

قەبووڵکردنی پێکەوەژیان و لێبووردەیی مانای ڕازی بەهەموو شتە هاوبەشەکان، با بەتێڕوانینی ئەوی تر، نائاکاریش بێ، یان نێزێک بێ لە خراپەوە ئەگەر هەر خراپ نەبێ. بەم مانایە، بنەمای لێبووردەیی، بیرۆکەیەکی ئاکارییانەیە کە ڕەهەندێکی سیاسییانە و هزرییانەی بەرانبەر بیروباوەڕ و کردار و ڕەوتارەکان هەیە، پێچەوانەی بیرۆکەی لێبووردەییش، نالێبووردەیییە، واتە؛ دەمارگیری و توندوتیژی و هەوڵی سەپاندنی بۆچوون بەزەبری هێز[٣٣].

ئیبن سـینا کاتێک باسی شـەڕ دەکات دەڵێ: "شـەڕ نییـە لـە دنیـای زەوی و گەنـدەڵیـدا نەبێ". ئەوەشی وا لێکداوەتەوە کە شەڕ "کەم و لاوەکییە"، بەڵام زەرووره لە پێناو "خێر"ێکی زۆر و گشتی و بەردەوامدا... وەلێ شەڕ، خۆی لە خۆیدا بوونی نییە. بۆیە خێر، لە دۆخێکی وادا، بۆ خۆی نییە، بگرە سەبارەت بەبوونی شەڕ، هەیە. شەڕ، لە خێر بەزاین دێ و شێوە دەگرێ، دواتر دەبێتە مەرج و پایەیەک لە پایەکانی.

لەبارەی ڕاستـیی پێشـڤەچوونی بنەمـای لێبووردەیـیـەوە، بەلای دنیـای شـارستـانی و مرۆڤی مەدەنییەوە، هیچ لارییـەکی لەوە نەماوە کە بیرۆکەکە، تەنیا پاڵنەرێکی ئاکاری نییە، بگرە نێزیکە لە ئەرک، یان بنەمـایەکە، ڕێزگرتنی بووەتە ئەرک لە دنیـا یان کـۆمـەڵگەیەکی جۆرەوجـۆری جیـاوازی دژبەردا.

ڕەنگە بگوترێ، هەمـوو ئایدیۆلۆجیـایەک، بڕێک لە پاساوسـەمتی خـۆی تێدایە بۆ بنیـاتی هزری و بەرگری لە هەڵوێست و بۆچوونەکانی، کە خاڵی نییە لە جۆرێک لە ستەمکاری و بەرگری لە باوەڕ و دەمـارگیـرییـەکی بێزراو و داخـران و ڕەتکردنەوەی بـەرانبـەر. خـۆ ئەگـەر مـرۆڤ زێدەڕۆییی کرد لە سـەپاندنی باوەڕ بەزەبری هێز، پرسـە سـەر دەکێشێ بۆ ئاستی پێڕەوکردنی تیـرۆریزم و ئەو کات گفتوگۆ دەبێتە ویستێکی "ئەوی تر" بۆ بەزاندنی یاسا و شەریعەت و حەرامکراوەکان.

ڕەوتاری توێژەر لە ڕەوتاری سیاسـەتوان جیاوازە، توێژەر لە خـەمی دەرخستنی ڕاستیدایە بێ گوێدانە ئایدیۆلۆجیا و باوەڕی سیاسی، وەک کردارێکی داهێنەرانە و مرۆڤانی سـەیری دەق دەکات دوور لە پیـرۆزی، هەرچی سیاسـەتوانە، وەک پیرۆزێک سـەیری دەق دەکات کە دەیەوێ دیاردەکان لێک بداتەوە و هەوڵ دەدات دیاردەکان لەگەڵ دەقەکاندا بگونجێنێ.

جۆن لۆک، بەرگری لە بنەمـای لێبووردەییی ئاینی کرد بەئاماژەدان بەوەی هەمـوو مرۆڤگەل مافی ئازادیی سـروشتـییـان هەیە، وەلێ ئازادییـەکی مەرجدارە بەئاکار و یاسـای سـروشتی. لۆک، عـەقڵ بەیاسـای سـروشـتی دادەنێ نەک ئەو فـێـری ئەو یاسـایەمـان بکات، بۆیە یاسـای سـروشـتی لە بنەڕەتدا عەقڵانییـە. وەلێ کۆنترۆڵەکانی دەسەڵاتی سیاسی لەسـەر ئازادیی سروشتی "بـنچینەی ئازادییەکان"، ئەوە سێ دامـەزراوەی زەرووری بۆ خاوەندارێتیی ئەو مافانە لە ئارادایە کە پێویستە خـەڵک ڕێزیان بگرن: ئەو دامەزراوانـەی مافـەکان دەسـتنیشـان دەکەن (دەسـەڵاتی یاسـادانان)؛ ئەو دامـەزراوانەی ناکـۆکییـەکـان چارەسـەر دەکەن (دەسـەڵاتی قـەزایی)؛ ئەو دامـەزراوانـەی سـزاکـان بەسـەر پێشـێلکارانی مـافـەیلدا دەدەن؛ هـەمـان ئەم بیـرۆکـەیە بووە کـرۆکی بنەمـای جیـاکردنەوەی دەسەڵاتەکان. خەڵکێکیش هەیە، دەسەڵاتی چوارەمی دەخەنە سەر کە بریتییە لە ڕۆژنامەوانی.

مـەبـەست لەمـەی چوارەمـیـان، دەزگـەگەلی ڕاگەیاندنی نوێیـە کە دنیـایان کردووەتە "گـوندێکی گەردوونی"، نەخاسـمە لە سایەی جیهـانگیریدا. دەتوانین دەسـەڵاتێکی پێنجەمیش بخـەینە سـەر ئەو چوارەی تر، ئەویش دەسـەڵاتی مافـەکانی مرۆڤە کە دنیـای مەدەنی ناتوانێ پشـتگوێی بخـات، ئاخر ئاسـتی پێشکەوتنی هـەر وڵات و گەل و کـۆمـەڵگە و نەتـەوە و کۆمـەڵەیـەکی سیاسـی یان ئاینی بەوە

دەپێورێ، ئاخۆ تا چەند ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ دەگرێ، کە بووەتە کەڵکەڵەی هەمووان، نەخاسمە پاش داڕمانی سیستەمی دوو جەمسەری و کۆتاییی شەڕی سارد و گۆڕانی ململانێ ئایدیۆلۆجییەکە لە شێوەیەکەوە بۆ شێوەیەکی تر.

وەلێ ڤۆڵتێر ئاوها وەڵامی پرسیاری: لێبووردەیی چییە دەداتەوە: "ئەنجامی مرۆڤبوونمان. ئێمە هەموومان بەرهەمی لاوازین: هەمووان فشەڵ و مەیلی هەڵەکردنمان هەیە، دە لێ گەڕێن با لە یەکتری ببوورین. با لە تەک شێتایەتیی هێندێکماندا، بەرانبەر یەکتر لێبووردە بین، ئەوەش یەکەمین یاسای سروشتە". ڤۆڵتێر دیسان دەڵێ: "لێبووردەیی، یەکەمین بنەمای مافەکانی مرۆڤە". ڤۆڵتێر، مەبەستی ئەوە بوو، لێبووردەیی، دەبێ بەرانبەرێن بێ لە نێوان ئەوانەی لە ئاین، سیاسەت، کۆمەڵایەتی نەتەوە و ... هتد[٣٤]، لێک جیاوازن.

سەرەڕای ئەوەی هەژموونی ڕای گشتی لە کۆمەڵگە کراوەکاندا، نەخاسمە لە ڕۆئاوا، ڕێگرە لە دووبارەبوونەوەی کارەساتە خوێناوییەکانی ڕابردوو کە برێتی بوون لە شەڕی ئاینی و تایفی و نەتەوەیی و سیاسی و لێکترازانە توندەکان، بەڵام نەبووە ڕێگر لە بەردەم گەیشتنی ڕێژیمگەلێکی تۆتالیتار و سەرتاپاگیر بەدەسەڵاتی سیاسی کە نەک هەر بنەمای لێبووردەییان پشتگوێ خست، بگرە پێشێلکاریی زەبەلاحیان ئەنجام دا. "شەوی خەنجەرە درێژەکان" کە هیتلەر قەسابخانەکەی "نازیستە" ڕەشۆکییەکانی تێدا جێبەجێ کرد، بووە زەوینەسازی دووەمین شەڕی دنیایی. دادگە سەرسوڕهێنەکانی ستالین لە نێوەڕاستی سییەکانی سەدەی پێشوو کە سەرکردەگەلێکی زۆریان تێدا تیاچوو، زەوینەی تاکپەرستی و وەلانانی هەر پەڕاوێزێکی لێبووردەییی خۆش کرد، ئەوەی لە قەسابخانەکانی بۆسنی هەرزەگۆڤین و چەچانستان و کۆسۆڤۆ و سۆماڵ و ئەفغانستان و عێراق و فەلەستیندا بینیمان، باشترین بەڵگەیە کە لێبووردەیی، تەنانەت لە سایەی سیستەمی نوێی دنیاشدا کە دەگوترا "مرۆڤانەترە" لە سیستەمی دووجەمسەری، ئەو ڕێزەی لێ نەگیرا، لێبووردەییشی نەخستە جێی شایستەی خۆی.

لێرەدا هێندە بەسە ئەوەی فیدریکۆ مایۆر لەبارەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە نووسی بێنینەوە یادمان، کە پێویستە لەسەرمان بیر بکەینەوە و کار بکەین وەک ئەوەی لە ١٩٤٥دا کردمان... وەک پێشینان، یەکەتیی وڵاتەکانمان تۆکمەتر بکەین تا ڕێ لە توندوتیژی و شەڕ بگرین، ئەو یەکەتییەش پێویستە بەگوێرەی چوار گرێبەستی نوێی: کۆمەڵایەتی، سروشتی، کولتووری و ئاکاری، ڕۆ بنرێتەوە. دەبێ هێندێک بنەما بۆ ڕەوتارەکانمان دابنێین لەبارەی جووڵەی سەرمایەگەل و وزە و ئاو و چەکگەلەوە و بیانسەپێنین، ئەوەش لە ڕێی بانگهێشتن بۆ گەڕانەوە بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان کە دەکارێ ڕەگ و ڕیشەی توندوتیژی و تیرۆریزم هەڵکێشێ، کە دوو هۆکاری دەمارگیریی نەتەوەیی و ئاینی و ئایدیۆلۆجین. نەتەوە یەکگرتووەکانە دەتوانێ وا لە خێزانی نێودەوڵەتی بکات دان بەوانەدا نەنێ کە لە ڕێی خوێنڕشتنەوە دەگەنە دەسەڵات نەک لە ڕێی سندووقەکانی دەنگدانەوە، هەر ئەویش دەتوانێ هێز بنێرێ بۆ دەخاڵەتکردن لە کاتی داڕمانی حوکمڕانی و پێشێلکاریی زەقی مافەکانی

مرۆڤ. ئەودەم، هەمووان دەزانن چۆن هەنگاو دەنێن، لە کۆڵ ئەو سەرگەردانییانە دەبینەوە کە لەگەڵ هەموو ناکۆکییەکدا سەرهەڵدەدات، ئاخر ڕاستی؛ یەکەمین قوربانی هەر شەڕێکە.

ئەگە بەو پێوەرانە بکەین کە فیدریکۆ مایۆر و بانگهێشتنکارانی دەخاڵەتی مرۆڤانی بانگهێشتنی بۆ دەکەن، بەڵام بەتەتەڵەکاری (انتقائی) و دووفاقی نا، بگرە بەڕێوشوێنێکی دروست کە لەگەڵ بنەماکانی پاکتی نێودەوڵەتی و یاسای ناودەوڵەتیی مرۆڤانیدا بگونجێن، ئێستە دۆخەکە زۆر جیاوازتر دەبوو.

تەجرەبەی گەمارۆدانی گەلی عێراق بۆ زیاتر لە ١٣ ساڵان و دواتر شەڕکردنی بەدژی، بەبیانووی ڕێژیمە ستەمکارەکەی و بوونی چەکی کۆمەڵکوژەوە، هەروەها پێوەندیی لەگەڵ تیرۆریزمی نێودەوڵەتی، دووپاتی دەکەنەوە کە لێبووردەیی گەل و شارستانی و نەتەوەگەلی تر ناگرێتەوە، با فەرمانڕەوایانیان چی تاوان و گوناهە کردبێتیان، ئەوە گەلەکانیانە باجەکە دەدەن، بەدرێژاییی حەفتاکان و هەشتاکان ئەو دنیایە بە ڕۆئاوا و ڕۆهەڵاتەوە بەرانبەر پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ لەسەر دەستی ڕێژیمی عێراق، نوقەیان لەخۆ بڕیبوو، چونکە ڕۆڵێکی "ویستراو"ی دەبینی لە ناوچەکەدا، نەخاسمە لە کاتی شەڕی عێراق – ئێراندا (١٩٨٠ – ١٩٨٨).

بەم شێوەیە وا دەهاتە بەرچاو وەک ئەوەی گەلی عێراق تاوانبار بێ، وەلێ ئەنجامدەری ڕاستەقینە لە هەردوو باردا ئازاد و بەرەڵا، لە کاتێکدا، گەل، دووجار باجەکەی دا، ئەگەر زیاتر نەبێ، لە یەکەمیاندا، لە نێوان سندانی گەمارۆی دەرەکی کە ئێسکی عێراقییەکانی وردوخاش کرد و خوێنی ڕژاندن و چەکوشی ستەمکاری درێژخایەنی نێوخۆیدا، مانەوە، دووەمیشیان، عێراق بووە نێچیری داگیرکاری و گەڕەلاوژە و دواتر پێکهەڵبژان و ئاڵۆزی و توندوتیژی، نەخاسمە، پاش هەوڵی داگیرکار بۆ دۆزینەوەی شێوازێک لە دابەشکاری تایفی و ئەتنی لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا بەهاوکاریی خۆی، ئەمەش بووە هۆکاری وروژاندنی مەیل و هەست و کینەکان، بگرە توندوتیژی نێوەندێکی فرەوانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینی و نەتەوەیی و مەزهەبیی گرتەوە.

ئا ئەو "کرداره"، بووە جۆرێک لە جۆرەکانی بەیاساییکردنی ئازاردانی نێودەوڵەتی و نێوەخۆیی، دەست بەسەراگرتنی دەرەکی و چەوساندنەوەی درێژخایەنی نێوەخۆیی: کە دژبەری لێبووردەییە لە هەردوو ئاستی نێودەوڵەتی و نێوەخۆییدا، بگرە تاوانێکی کۆمەڵکوژیی نێودەوڵەتییە، کە یاسای نێودەوڵەتی لێی خۆش نابێ بەتایبەتی ڕێککەوتننامەکانی جنێڤ ١٩٤٩، نەخاسمە، ڕێککەوتننامەی چوارەم و پاشکۆکەی ساڵی ١٩٧٧ی لەبارەی دانیشتوانی سڤیلەوە[٣٥]. هاوکات چەوساندنەوە و زوڵمێکی نێوەخۆیی هەبوو بەگوێرەی یاسا و بڕیارەکانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش بەدژی مافەکانی مرۆڤ، کە لە بەرانبەریاندا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بێدەنگ بوو، بگرە تێوە گلابوو، لە کاتێکدا، پرسەکە پێوستی بە دەخاڵەتێکی مرۆڤانی زوو بەزوو هەبوو، نەک هاندان، دواتر گوێ پێنەدان و دواتر پەلاماری سەربازی و داگیرکردن.

لە عێراق، سەدام حوسێن و ڕێژیمی پێشوو، هەر بەوەندەوە نەوەستان عێراقیان تووشی دوو

کارەساتی نیشتمانیی نەتەوەیی کرد، یەکەمیان شەڕی عێراق _ ئێران و دووەمیان پەلاماردانی کوێت، بگرە بەپێچەوانەی بنەمای لێبووردەیییەوە لە سەروبەندی شەڕی عێراق _ ئێراندا، دەستی کرد بەدەرکردنی نێزیکەی ملیۆن و نیوێک هاوولاتی وەک تۆڵەسەندنەوەی پشتبەستوو بە بیانووگەلێکی شۆڤێنییانە و تایفی و ئەتنی گوایە ئەوانە بەبنەچە ئێرانین.

بەهەمان بیانوو، شاری کوردنشینی هەڵەبجەی بەگازی خەردەل کیمیاباران کرد و دەستی کرد بەشالاوە بەدناوەکانی ئەنفال و پاکتاوکردنی نەژادی، هەمان شتیشی بەرانبەر مرۆڤ و ژینگە لە زۆنگاوەکان و باشووری عێراق ئەنجام دا کە بەڵگەی ئەوەن ئەو ڕێژیمە بەیەکجاری بنەمای لێبووردەیی تەلاق دا. وەنەبێ ڕێژیمی پێشوو کە ئەو هەڵسوکەوتەی لە تەک دوژمنان و ڕکابەراندا دەکرد، هەمان شتی بەرانبەر دۆستان و بگرە لایەنگرانی نەکردبێ.

ئەوەبوو لە سەروبەندی هاتنە سەر حوکمی سەدام حوسێن لە تەمووز/ یۆلیۆ ١٩٧٩دا، شایەکی خوێناویی ساز کرد کە بەبێ دادگە و بەخۆشحاڵییەکی زۆرەوە، سەرکردەگەلێکی بەعسی کردە قوربانی (لە دادگەیەکی ڕووکەشانەدا، ٢٢ سەرکردەی لەدار دا و ٣٣ تریشی بە حوکمی قورس حوکم دا) چەشنی مانگیستۆ هایلامیریامی ئەسیوپیا هاوڕێکانی خۆی بە چ دەردێک برد.

یەمەن، ساڵی ١٩٨٦، ڕووداوگەلێکی هاوشێوەیان بەخۆوە بینی، هەروەها سەروەختی یەکگرتنەوەی ١٩٩٤یش، دیسان کوردەکانیش لە پاش تەجرەبە تازەکەیان دووچاری خۆکوژییەکی نێوەخۆیی بوونەوە کە نێزیکەی سێ هەزار کەسی تێدا چوو، ئەڵبەت ئەوەش لە ئامادەنەبوونی بنەمای لێبووردەیی و ململانێ لەسەر دەسەڵات کە لە ساڵانی (١٩٩٤ – ١٩٩٨)دا ڕووی دا.

بەرگریکردن لە بەهاگەلی لێبووردەیی، بەرگریکردنە لە بەهاگەلی دیموکراسی، ئاخر لێبووردەیی، بەو پێیەی یەکێک لە بەرزترین بەها مرۆڤانییەکان، توان دەدات مرۆڤ خۆی لە بەردەم هەڵەدا ڕابگرێ و بتوانێ لەگەڵ خەڵکی تردا بژی (هاوسێیەتیی دژەکان) بەشێوازی نیوەی ڕێگە و پەنابردن بۆ عەقڵ و گوێگرتن بۆ ڕای گشتی، ئەمەش فرەوانکردن و قووڵبوونەوەی بیرۆکەی دیموکراسی و دامەزراوەکانیەتی.

دیکار[٣٦]، تا ئەو جێی چوو کە بڵێ، عەقڵ، دادپەروەریترین شتگەلی ناو خەڵکە، بەمانایەک لە ماناکان، عەقڵ هێندێک پرسیار دەورووژێنێ کە ڕەنگە نیگەرانکەر یان لە گومانەوە نێزیک بن، وەلێ کردار؛ بەڵگە و نیشانەیە. ئەگەر غەزالی باسی غەیبی کردووە، ئیبن سینا[٣٧]، پرسیارگەلێکی ڕەهەند فەلسەفییانەی لەبارەی بوون و چییەتییەوە، خستووەتە ڕوو کاتێک دەڵێ: "بۆچی نەفس چووە نێو جەستەوە؟ مەبەست چییە لە دابەزینی مرۆڤ لە فیردەوسی خوایانەوە بۆ زەوی؟ بۆچی نەفس لە دنیایەکی ترەوە هات بۆ دنیای ئێمە کە هەر دەبێ بگەڕێتەوە بۆ ئەو دنیایەی لێوەی هاتووە و بۆ لای خواکەی؟ ئاخۆ ئەوە حیکمەتە یان ویستە، هەر ئەو ڕۆژەی خەڵک دەخوڵقێن، خواناسی و خراپەیان لە دەورە تا یەکیان هەڵبژێرن، کەچی دواتر خۆی لێیان دەپێچێتەوە گەر ڕێگەی خراپەیان هەڵبژارد؟

بەلای حوسێن مرووەوە، فەلسەفەی سینەوی (ئیبن سینا)، نەک هەر پاشکۆی فەلسەفەی فارابییە، بگرە پاشکۆی نەوەیەکی تەواوی فەلسەفی کە فارابی[38] دیارترینیانە، ئەم نەوەیە، گۆڕانکارییەکی بەرچاویان بەسەر فەلسەفەی یۆنانی: ئەسینایی و ئەسکەندەرانیدا هێنا، نەخاسمە تیۆری (لەسەرڕژان - الفیض)(*)، کە ئاسۆی نوێی والا کرد لەبەردەم فەلسەفەی عەرەبیدا بۆ شەنوکەوی گرینگترین کێشە نێوەڕۆک ئایدیۆلۆجییەکانی سەردەمەکانی نێوەڕاست لە مێژووی ئیسلامدا، وەک کێشەی پێوەندیی نێوان خوا و دنیا[39].

فارابی بایەخی بەنەفسی مرۆڤانی دەدا، دەکرێ بڵێین دامەزرێنەری زانستی دەروونناسییە لە ئیسلامدا، هەردەمیش پەنای بۆ ئەو ئایەتەی قورئان دەبرد "ویسألونک عن الروح، قل الروح من أمر ربی وما أوتیتم من العلم الا قلیلا" (الاسراء: ٨٥).

فارابی، لە قەزادا کاری کردووە و ئاگەداری فەلسەفەی یۆنانی بوو، بەشداریش بووە لە پێشڤەچوونیدا، نەخاسمە ڕێنوێنییەکانی ئەرستۆی مامۆستای یەکەم. فارابی، بەسەفەری زۆر ناسراوە، هاتووەتە بەغدا، پایەتەختی ئەوێ ڕۆژیی دەوڵەتی ئیسلامی، جگە لە گەشتەکانی بۆ ئاسیای نێوەڕاست، بۆیە پیاوێکی لە هەموو شتزان و فرەڕۆشنبیریی لێ دەرچوو، هەر ئەودەم دەستی کرد بەنووسینی کتێبەکەی "شاری چاکەکاری _ المدینە الفاضلە" لە بەغدا و کۆتایی ساڵی ٣٣٠ لەگەڵ خۆیدا بردی بۆ شام و لەوێ ساڵی ٣٣١ ک تەواوی کرد. فارابی، سەیفولدەولە بن حەمدانی بینی و زۆر سەرسام بوو بەداناییی فارابی. فارابی، جگە لە عەرەبی، فارسی و تورکی زمانگەلی تریشی دەزانی، مرۆڤێکی خاکی و هیچ نەویست بوو[40].

بایەخی زۆری بەلێکۆڵینەوەی میتۆد و ڕیزبەندکردنی زانستەکان دەدا، بەتایبەتی زانستی زار و لۆگیک و زانستی ڕێنوێنیگەل کە دەکرێت بە ١٧ بەشەوە: زانستی ژمارە، ئەندازە، دیمەنگەل، ئەستێران، موزیک، قورساییگەل، نەوە "قسە و بەڵگە"، زانستی سروشتی، زانستی خوایانە، مەدەنی، یاسا"بناوان"، زانستی قسەکردن.

فارابی، سەرەتا وەک ئەرستۆ، میتۆدی دیالێکتیکی پێڕەو دەکرد، وەک عەبدوڕەحمان بەدەوی دەڵێ "ماریفەتی دیالێکتیکی، بەمانا تەواوەکەی برێتییە لە ماریفەتی فەلسەفی، مرۆڤ ناتوانی زانست بەمانا ڕاستەقینەکەی وەرگرێ، لە ڕێی دیالێکتیکەوە نەبێ"[41].

لە بۆچوونەکانی فارابی لە کتێبی دانیشتوانی شاری چاکەکاری:

١- تایبەتمەندێتیی ئیرادە و هەڵبژاردن بۆ ئەندامانی کۆمەڵگە (دژی سەپاندن).

٢- دیاریکردنی پلە و پایەی ئەندامانی کۆمەڵگە بەگوێرەی بەهرە کردەنییەکانیان و ئیرادەیان لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەدا.

٣- توانای ڕاستەقینەی خەڵک و پلەی کۆمەڵایەتییان، چالاکیی کۆمەڵایەتییان بڕیاری لێ دەدات.

وەلێ ڤۆڵتێر، جەختی لەسەر بیرۆکەی هەڵە و ڕاست دەکردەوە، ئەو بیرۆکەیە کە خۆی لە خۆیدا

هەڵگری مانای لێبووردەییە، وەک ئیمامی شافیعیش گوتوویەتی: "بۆچوونی من ڕاستە و هەڵە هەڵدەگرێ، بۆچوونی تۆ هەڵەیە و ڕاستی هەڵدەگرێ". ئیمام ئەبوخەلیفەی نوعمان تا ئەو جێیە چووە کە دەڵێ: ئەم قسەیەی ئێمە، بۆچوونێکە، ئەوەی باشتری لایە بیخاتە ڕوو، ڤۆڵتێریش هەر وای بۆچووە و هەر لەسەر ئەم بنەمایە بیرۆکەی لێبووردەیی ڕۆ ناوە کاتێک دەڵێ: "ئێمە شیمانەی ئەوەمان هەیە بەهەڵەدا بچین... ئێمە مرۆڤین و زۆرجاران هەڵە دەکەین..". لەبەر ئەوە ئەو دەگاتە ئەوەی کە لێبووردەیی زەرووره و ئیجتیهادیش، پرسێکی ڕێژەییە و شیمانەی بەهەڵەدا هەیە. بەم مانایە، بۆچوونەکان سەرلەبەریان چوونیەکن، چونکە شیمانەی هەڵەبوونیان لە ئارادایە، وەک چۆن شیمانەی ڕاستبوونیشیان هەیە. ڤۆڵتێر بەم شێوەیە بیرۆکەکەی دادەڕێژێ: "لەوانەیە من هەڵە بم و تۆ ڕاست بی". خۆ ئەگەر دوو لای هەر کێشەیەک بەم گوتەیە بڕۆن، دەشێ بگەنە لێبووردەییی بەرانبەرێن و دیموکراسی و عەقلانییەت و دواتر شایانی ڕاستکردنەوەی هەڵەکان(٤٢).

پەراوێزەکان:

٢٠- أنظر: ميثاق الأمم المتحدة والنظام الأساسي لمحكمة العدل الدولية، نيويورك، ١٩٩٧.

٢١- أنظر: الاعلان العالمي لحقوق الانسان الصادر في ١٠ كانون الأول/ديسمبر ١٩٤٨، المواثيق الدولية المتعلقة بحقوق الانسان، منشورات الوزارة المكلفة بحقوق الانسان، الرباط، ١٩٩٨.

٢٢- أنظر: شعبان، عبدالحسين، الانسان هو الأصل، مدخل الى القانون الدولي الانساني وحقوق الانسان، مركز القاهرة لدراسات حقوق الانسان، القاهرة، ٢٠٠٢.

٢٣- أنظر: المواثيق الدولية المتعلقة بحقوق الانسان، مصدر سابق.

أنظر: مدني، د. أمين مكي، اللاتسامح والتمييز العنصري، ورقة مقدمة الى المؤتمر الاقليمي حول "قيم التسامح _ نحو تحقيق الأمن الانساني"، المعهد الدبلوماسي الأردني، المركز الاقليمي للأمن. انظر: شعبان، عبدالحسين، "مؤتمر ديربن وسؤال العنصرية: نصف انتصار أم نصف هزيمة"، مجلة المستقبل العربي، بيروت، العدد٢٧٢، تشرين الأول/أكتوبر، ٢٠٠١.

٢٤- كان الدكتور عاطف عضيبيات قد أشار في كلمته الافتتاحية في فندق "راديسون ساس" في عمان يوم ٢٠ تشرين الأول/أكتوبر٢٠٠٣ في ندوة التسامح الدولية التي نظمها المركز الاقليمي للأمن الانساني المشار اليها، الى دعوة جلالة الملك عبدالله الثاني طلبة المدارس الأردنية في أيلول/سيبتمبر٢٠٠٣ الى التمسك بقيم الحق والعدل والتسامح والأخلاق الحميدة معتبرا ذلك رؤية ثاقبة لنشر قيم التسامح وتأصيلها في المجتمع الأردني لتعزيز قيم الأمن والسلام.

أنظر كذلك: شعبان، عبدالحسين، الملك حسين: الوجه الآخر، الحاكم والانسان وسؤال التسامح، جامعة الحسين بن طلال، معان (الأردن)، ٨ - ١٠ نيسان/أبريل ٢٠٠٢ (مؤتمر دراسات فكر الحسين ابن طلال).

٢٥- أنظر: مسرة أنطوان، مفهوم التسامح - الأبعاد، الدلالات، الاشكاليات، ندوة المركز الاقليمي للأمن الانساني، عمان، مصدر سابق.

٢٦- أنظر: نيكولسون، بيتر، ب، "التسامح كمثال أخلاقي"، كتاب مشترك، التسامح بين شرق وغرب، ترجمة

ابراهيم العريس، دار الساقي، لندن، ط١، ١٩٩٢، ص ٢٨ - ٢٩ ومابعدها.

٢٧- أنظر: اعلان المبادئ بشأن التسامح، اليونسكو، باريس، الدورة الثامنة والعشرون، ١٦تشرين الثاني/نوفمبر ١٩٩٥ وكذلك: اعلان سنة الأمم المتحدة للتسامح والاعلان بشأن التسامح، ١٥تشرين الثاني/نوفمبر١٩٩٣

٢٨- المصدر السابق. أنظر كذلك: شعبان، عبدالحسين، "التسامح في الفكر العربي _ الاسلامي"، مداخلة في ندوة منتدى الفكر العربي، عمان ١٧ - ١٩ كانون الأول/ديسمبر٢٠٠٢

٢٩- عزام التميمي، (اعداد وتحرير)، الشرعية السياسية في الاسلام، منظمة ليبرتي، مداخلة الشيخ راشد الغنوشي، لندن ١٩٩٧، ص١٩٩

٣٠- قارن: كتاب مشترك، التسامح بين شرق وغرب، مصدر سابق. كذلك أنظر: البكوش، ناجي، والطالبي، محمد وعمر، عبدالفتاح، دراسات في التسامح، المعهد العربي لحقوق الانسان، المجمع التونسي "بيت الحكمة" تونس، ١٩٩٥ كذلك: المجلة العربية لحقوق الانسان، اصدار المعهد العربي لحقوق الانسان، العدد٢، تونس، تشرين الأول/أكتوبر ١٩٩٥، الملف الخاص بالتسامح.

٣١- شعبان، عبدالحسين، مداخل الانتقال الى الديمقراطية في البلدان العربية (مجموعة مؤلفين)، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ٢٠٠٣

٣٢- أنظر: الملتقى الفكري الخامس للمنظمة العربية لحقوق الانسان، لندن، ١٩٩٥، الموسوم ب"التسامح والنخب العربية وحقوق الانسان"، كتاب مشترك بعنوان ثقافة حقوق الانسان، اصدار البرنامج العربي لنشطاء حقوق الانسان، القاهرة ٢٠٠١، تحرير وتقديم عبدالحسين شعبان.

كذلك: شعبان، عبدالحسين، سؤال التسامح، كتاب مشترك، محاضرة للباحث وحوار معه بمشاركة نخبة من أساتذة الجامعة ومدراء مراكز الأبحاث في الأردن، اصدار مركز عمان لدراسات حقوق الأنسان، عمان، ٢٠٠٢

٣٣- قارن: الكتاب المشترك ثقافة حقوق الانسان. كذلك: قارن الكتاب المشترك دراسات في التسامح، مصدر سابق، وكذلك كتاب سؤال التسامح، مصدر سابق. كذلك: محاضرة شعبان، عبدالحسين، بعنوان: "فقه التسامح"، مؤتمر الاسلام والتسامح، مؤسسة المنتدى الثقافي في هولندا بالتعاون مع الجامعة الاسلامية في روتردام، ١٥ - ١٦ تشرين الثاني/نوفمبر ٢٠٠٢.

٣٤- أنظر: اتفاقيات جنيف لعام ١٩٤٩، اللجنة الدولية للصليب الأحمر الدولي، جنيف، ١٩٨٧، وبخصوص فكرة "التدخل الانساني" تناولها فيدريكو مايور، فقد دعا اليها الباحث منذ وقت مبكر كما تناولها بالبحث والتدقيق، دون أن يهمل التطبيقات الخاطئة التي استندت اليها والتي اتسمت بالازدواجية والانتقائية في المعايير، ولعل المثال الذي ظل يستعين به على مدى عقد ونيف من الزمان وهو القرار ٦٨٨ بخصوص احترام حقوق الانسان في العراق خير دليل على ذلك، وقد أطلق عليه اسم "القرار اليتيم والتائه والمنسي" مقارنة بنحو ٦٠ قرارا صدرت عن مجلس الأمن كلها ضمن الفصل السابع الخاص بالعقوبات، باستثناء القرار ٦٨٨ ويمكن هنا الرجوع الى بعض ما كتبه الباحث بخصوص مبدأ "التدخل الانساني": السيادة ومبدأ التدخل الانساني، جامعة صلاح الدين، أربيل، اقليم كردستان العراق، ٢٠٠٠ وجامعة الدول العربية والمجتمع المدني العربي: الاصلاح والنبرة الخافتة _ مقاربات في السيادة والشراكة والبعد الانساني، دار

المحروسة، القاهرة، ٢٠٠٤ وعاصفة على بلاد الشمس، دار الكنوز الأدبية، بيروت، ١٩٩٤ وبانوراما حرب الخليج، دار البراق، دمشق _ لندن، ١٩٩٤.

٣٥- ولد رينيه ديكارت في فرنسا مقاطعة تورين ١٥٩٦ وتوفى ١٦٥٠، ويعرف ديكارت الفلسفة بانها دراسة الحكمة وليس المقصود بالحكمة؛ الفطنة بالأعمال، بل المعرفة الكاملة بكل ما في وسع الانسان معرفته بالاضافة الى تدبير حياته وصيانة صحته باكتشاف الفنون ولكي تكون المعرفة يجب أن تكون مستنبطة من المبادئ لكي تكون الفلسفة جملة واحدة. وحسب منهجه هناك أربع قواعد عملية:

القاعدة الأولى: أن لا أسلم الا بشئ الا أعلم أنه حق متجنبا التسرع والأفكار المسبقة.

القاعدة الثانية: أن أقسم كل مشكلة تصادفني ما وسعني التقسيم وما لزم لحلها على خير وجه

القاعدة الثالثة: أن أسي بأفكاري بنظام فأبدأ بأبسط المعلومات وأسهلها معرفة وأرتقي بالتدريج الى معرفة أكثر الموضوعات تركيبا.

القاعدة الرابعة: أن أقوم بكل مسألة باحصاءات شاملة سواء في الفحص على الحدود الوسطى أو استعراض عناصر المسألة بحيث أتحقق أني لم أغفل شيئا.

٣٦- ولد ابن سينا في سنة ٣٧٠ ه = ٩٨٠ م في قرية أفنشة التابعة الى بخارى، يكنى "أبا علي" واسمه الحسين، ويلقب في أدبيات الفلسفة الشيخ الرئيس. تلقى العلوم على أيدي أساتذة خصوصيين في منزل والده كما يخبرنا هو في سيرة حياته التي أملاها على تلميذه أبو عبدالله الجوزجاني القفطي، في كتابه اخبار العلماء بأخبار الحكماء. توفي في همدان سنة ٤٢٨ه = ١٠٣٦م. نشأ ابن سينا في بيت اسماعيلي النزعة والمذهب ولكنه بقي في مستقل الرأي عن أبيه وأخيه، رغم أنه كان يصغي اليهما وهما يتحدثان عن المذهب ويدعوان اليه. لكن دخوله العمل السياسي خلافا لأسلافه مشاركا في الوزارة مرتين أو ثلاثا حسب بعض المصادر (في همدان) حيث نعم بجاه السياسة والحياة المترفة، لكنه ظل بعيدا عن أفكار الحكام ولم يستخدم فلسفته للتعبير عن آيديولوجية الطبقة الحاكمة ولم يترك العمل السياسي يطغى على مشاكله الفكرية. أنظر: القفطي، أبو عبدالله الجوزجاني، اخبار العلماء بأخبار الحكماء، ص٢٦٩، نقلا عن مروة، حسين، النزعات المادية في الفلسفة العربية _ الاسلامية، ج١، ص. ١٩٤ قارن: حرب، د.علي، خطاب الهوية، سيرة فكرية، دار الكنوز الأدبية، ط١، بيروت، ١٩٩٦، ص١٥٦ _ ١٥٧.

٣٧- هو أبو نصر محمد بن محمد بن طرخان بن أوزلغ. أغلب الظن أنه تركي الأصل من فاراب وعاش نحو ٨٠ سنة وتوفي في دمشق (ومن المحتمل أن تكون ولادته عام ٢٥٩ه ووفاته عام ٣٣٩) اشتهر الفارابي بكنيته "أبو نصر". أنظر: ابن خلكان، وفيات الأعيان، ج٥، تحقيق د. احسان عباس، دار الثقافة، بيروت، ١٩٦٨، ص١٥٣ أنظر كذلك: عبدالرزاق، الشيخ مصطفى، فيلسوف العرب، والمعلم الثاني، طبع عيسى الحلبي، القاهرة، ١٩٤٥، ص٥٥ (نقلا عن الدكتور ابراهيم العاتي). قارن: العاتي، د. ابراهيم، الانسان في فلسفة الفارابي، دار النبوغ، بيروت، ١٩٩٨، ص. ١٦

(*) تیۆری (لەسەرڕژان – الفیض)، ئەم تیۆرییە بەو تیۆرییانە دادەنرێ کە کاریگەریی زۆریان بەتایبەتی لەسەر فەلسەفە و زانستە ئیسلامییەکان هەیە لە ڕێی فەیلەسووفگەلێکی وەک فارابی و ئیبن سینا و ئیخوانی سەفا کە بایەخێکی گەورەیان پێداوە. لەلایەنی زمانەوانییەوە، لەسەرڕژان، واتە زۆربوونی شتێک تا ئاستی لەسەرڕژان و سێلاو، دەگوترێ ئاوی ڕووبارەکە هێندە زۆر بوو یان بەرز بووەوە تا

لەسەری ڕژا. دەگوترێ هێندە گریا تا فرمێسک لە چاوانی ڕژا. واتە شتێک هێندە زیاد دەبێ تا لەسەری دەڕژێ بێ ئەوەی خۆی لێی کەم بێتەوە یان خاو بێتەوە، واتە؛ مادامەکی لەسەرڕژان بەردەوامە، شتەکە بەردەوامە، یان مادامەکی کردەوەی لەسەر ڕژان بەردەوامە کەواتە مادەکەش بەردەوامە یان بوونی مادەکە بەردەوامە. لەبارەی ئەم تیۆرییەوە ئیبن سینا دەڵێ: هەڵسووڕێنەری گشت یان هەمووان: بەمانای ئەو بوونەی هەموو بوونێکی تری لەسەر دەڕژێ یان لەسەری ڕژاوە، مەبەستیش: هەموو بوونەوەرەکانی دنیا، لێڕژاوی یەک پرەنسیپ یان گەوهەرن، بێ ئەوەی لە کاری ئەو پرەنسیپ یان گەوهەرەدا پچڕانێک یان خاوبوونەوەیەک ڕوو بدات. بەگوێرەی ئەوەی باس کرا، دەشێ تێگەیەکی گشتگیر بدەینە تیۆری لەسەرڕژان: تیۆری لەسەرڕژان بەتێگە فەلسەفییەکەی، تیۆرییەکی مێژووییە کە خودانگەلی ئەفلاتونیزمی نوێگەر دایانڕشتووە تا تەفسیری چۆنیەتیی خوڵقاندنی دنیای پێ بکەن کە چۆن چۆنی ئەم فرەیە لەو تاقانەیە پەیدا بووە و داڕشتەکەشیان بەشێوازی ڕەمزی و خەیاڵی بووە، ئەوەبوو ئەم تیۆرییە گەیشتە دنیای ئیسلامی و فەیلەسووفانی وەک فارابی، ئیبن سینا، ئیخوان سەفا، ئیبن ڕوشد، ئیبن باجە، ئەبوحەیان ئەلتەوحیدی، بەشێوازێکی تازە دایانڕشتەوە لە تەک پاراستنی گەوهەرەکەیدا، وەلێ دواتر لە دنیای ئیسلامیدا، زۆر بەتوندی ڕەت کرایەوە. دواجار تیۆری لەسەرڕژان وەک تیۆرییەکی مێژوویی دنیایی مایەی مشتومڕ و هەراوزنا مایەوە کە هزری ئاینی وێنا دەکات لە چرکەیەکی مێژوویی دیاریکراودا، بەدەستگرتن بەتیۆریی ئەفلۆتین ( ٢٠٥ - ٢٧٠ز) لەبارەی پێشڤەچوونی بیرکردنەوەی مرۆڤەوە لە چرکەیەک لە چرکەکانیدا، زیاتر لەوەی تەعبیر و گوزارە بێ لە تەفسیرێک بۆ دنیا کە عەقڵ بیبڕێ.

٣٨- أنظر: مروة، د.حسين، النزعات المادية في الفلسفة العربية - الاسلامية، ٤ مجلدات، دار الفارابي، بيروت، ٢٠٠٢، ص١٧٧ - ١٧٩.

٣٩- أنظر: العاتي، د. ابراهيم، الانسان في فلسفة الفارابي، مصدر سابق، ص٢٠ - ٢٨.

٤٠- بدوي، د. عبدالرحمن، أفلاطون، ط٢، مكتبة النهضة المصرية، ١٩٤٤، ص ١٤٢.

٤١- أنظر كذلك: العاتي، د. ابراهيم، الانسان في فلسفة الفارابي، مصدر سابق، ص٤٩.

٤٢- أنظر: البكوش، ناجي وآخرون، الكتاب المشترك، دراسات في التسامح، مصدر سابق. أنظر كذلك: المجلة العربية لحقوق الانسان، العدد٢، ١٩٩٥، مصدر سابق. أنظر كذلك: الكتاب المشترك، ثقافة حقوق الانسان، مصدر سابق.

# ئەقڵی دەشتەکی
# و
# تێکچوونی ئەخلاق

عەلی وەردی

ئەخلاق لەو شتە گۆڕەیییانەیە کە خەڵک لە هەڵسەنگاندنیدا جیاوازن. خەڵک هەموو یەکڕان لەسەر ئەوەی هەموو نەخۆشییەکان خراپن و بەرۆکی مرۆڤ دەگرن. هاوکات لەشساغی چاکەیەکە و مرۆڤ کار بۆ بەدەستهێنانی دەکات. بەڵام هەمووان ئەم تێڕوانینە جێگیرەیان بۆ چەمکی ئەخلاق نییە. دەتوانین بڵێین هەر کولتوورێکی مرۆیی سیستمێکی ئەخلاقیی تایبەت بە خۆی هەیە، کە بەجۆرێک لە گومان و بێ نرخی تەماشای ئەخلاقی ئەوانی تر دەکات.

هەر بۆیە پێویستە بزانین ئەخلاق چییە، تا بتوانین بزانین ئەو ئەخلاقە چی لێ کەم بووەتەوە.

سەرەتا هەوڵ دەدەم بەراوردێک لە نێوان ئەخلاقی دەشتەکی (البداوة) و ئەخلاقی شارستانی (الحضارة)دا بکەم، ئەویش چونکە کۆمەڵگە عەرەبییەکان بەوە جیا دەکرێنەوە لەلایەک زۆر بە توندی بە دەشتەکیبوونەوە بەستراونەتەوە، لەلایەکی تریشەوە مەڵبەندی دێرینترین شارستانیەتییەکانی مێژوون. واتە کۆمەڵگەی عەرەبی لە کەلەپووری ڕۆشنبیری و شارستانیەکەیدا لە کۆمەڵگە ڕۆئاواییەکان جودایە، هەر بۆیە بۆ توێژینەوە لەم کۆمەڵگانە پێویست بە بەکارهێنانی میتۆدێکی جیاواز لەو میتۆدە دەکات کە بۆ توێژینەوە لە کۆمەڵگە ڕۆئاواییەکان بەکار دێ.

پێش هەموو شتێک نابێ لە بیرمان بچێ کە وڵاتە عەرەبییەکان دەکەونە نێو گەورەترین ناوچە بیاوانییەکانی جیهان. مێژووی ئەم وڵاتانە لێوانلێوە لەو شەپۆلە مرۆییانەی کە نەوە دوای نەوە دەشتەکیبوون بەرەو دەشتە بە پیتەکان پاڵی پێوە ناون.

کەواتە نابێ کاریگەری بیاوان لەسەر پێکهاتنی کۆمەڵگەی عەرەبی فەرامۆش بکەین. بەها دەشتەکییەکان بەشێکی گاڵتەپێنەکراو لە سیستمی کۆمەڵایەتی پێک دێنن, بۆیە ئێمە ناتوانین لە

......................................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عومەر عەلی غەفوور

ئەخلاقی ئێستەی عەرەب تێ بگەین بەبێ دیراسەکردنی باپیرە بیاوانشینەکانمان و چۆنیەتیی تێڕوانینیان بۆ کاروبارەکانی ژیان.

## کەسایەتیی کۆمەڵگەی دەشتەکی یاخۆ بیاواننشین

توێژینەوە کۆمەڵایەتییە نوێکان پێمان دەڵێن هەر کۆمەڵگەیەکی بەشەری وەک تاک خاوەنی کەسایەتیی تایبەتی خۆیەتی کە بە زاراوە زانستییەکەی پێی دەگوترێ کولتوور culture.

لێرەدا دەپرسین ئەو بناغەیە چییە کە کەسایەتیی کۆمەڵگەی دەشتەکی لەسەر دامەزراوە؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە پێویستە بەراوردێک لە نێوان (کەسایەتیی دەشتەکی) و کەسایەتییە دژەکەی واتە (کەسایەتیی شاری) بکەین. دەتوانین بڵێین کەسایەتیی شاری لەسەر "بەرهەمهێنان" دامەزراوە, لە کاتێکدا کەسایەتیی دەشتەکی لەسەر "دەست بەسەرداگرتن" دامەزراوە، جیاوازیی نێوان بەرهەمهێنان و دەست بەسەرداگرتنیش وەک جیاوازیی ئاسمان ڕێسمانە. ئێمە دەزانین ئەو مرۆڤەی خاوەنی ریشەیەکی شارستانیی دێرین بێ زەحمەت دەتوانێ بەبێ پیشەیەک یان جۆرێک لە بەرهەمهێنان بژی کە ڕەنجی تێدا بکێشێ جا ئاخۆ ئەو بەرهەمە مادی بێ یان مەعنەوی. چەندیش ئەو تاکە لە پیشەکەیدا دەستڕەنگین بێ بازاڕی گەرمتر دەبێ  و ئاستی گوزەرانی بەبەراورد بە هاوکووفەکانی بەرزتر دەبێتەوە. هەرچی مرۆڤی دەشتەکییە لە بیاواندا زۆر کەم نەبێ شتێک لەبارەی بەرهەمهێنانەوە نازانێ. چونکە هیچی تێدا نییە جگە لە گژوگیا کە بە فەرمانی خوا سەوز دەبێ. قورئان روو بەڕوو خەڵکی بیاوان دەڵێ "وفي السماء رزقكم وما توعدون"(الذاريات ٢٢)، کە تێیدا ئاماژە بە باران دەکات کە لە ئاسمانەوە دەبارێ و گژوگیای پێ سەوز دەبێ و بیرەکان پڕ ئاو دەبن و خەڵکی بیاوان تێر دەبن بەبێ ئەوەی هیچ حیسابێک بۆ سبەی بکەن.

کێشەی گەورەی بیاواننشین ئەوەیە ناتوانن لەوەڕگە و سەرچاوەکانی ئاو لە نێوانیاندا دابەش بکەن و ماف و خاوەندارێتییەکانیان تۆمار بکەن، وەک شارییەکان دەیکەن.

لەوەڕگە و سەرچاوەکانی ئاو لە چاو ژمارەی زۆری بیاوانشینەکاندا کەمن، بۆیە ناچارن بە زەبری شیر ڕکابەری لەسەر دەست بەسەرداگرتنیان بکەن. لە بیاواندا جێی کەسی لاواز نابێتەوە کە بانگەشە بۆ پرەنسیپەکانی دادپەروەری و یەکسانی بکات. لە پەندەکانیاندا هاتووە "حەڵاڵ ئەوەیە بەردەست دەکەوێ". ئەوەی لەگەڵ دەشتەکییەکان دابنیشێ و گوێ لە دەمەتەقێکانیان بگرێ، دەبینێ لای ئەوان پێوەری پیاوەتیی تەواو توانای زاڵبوون و دەست بەسەرداگرتنە و کاتێ پەسنی پیاوێک بکەن دەڵێن "شێرەکوڕ"ـە، بەدەستی خۆی هەقی خۆی دەسێنێ و کەس دەرەقەتی نایەت. سووکایەتییەکی گەورەیە بەیەکێکیان بگوترێ ئەو پیشەکارە یاخۆ درومانە، چونکە ئەوە بەلای ئەوانەوە واتای ئەوەیە ئەو کەسە لاوازە و وەک ژنان بە ئارەقی نێوچاوانی نان پەیدا دەکات، نەک بە زەبری شیر. هەر بۆیە کاری دەستییان ناوناوە "مهنة"، کە لە وشەی "مهانة"، واتە (سووکایەتی)یەوە داتاشراوە.

خاوەن شارنشینی رەسەن ئەم بەها دەشتەکییانەی لا پەسند نییە. ئەو هەر لە منداڵییەوە لەسەر هەندێ بەهای تر پەروەردە بووە و نرخاندنی بۆ خەڵک بەگوێرەی رادەی لێهاتووییان لە پیشەکانیان و دەستکەوتەکانیان دەبێ. ئەو دەشتەکییەکان بە کەسانی جەردە و تاوانکار دادەنێ کە جێی متمانە نین. لە بیری چووە کە بابای دەشتەکیش بە چاوی سووک لەو دەڕوانن و بە کەسێکی ترسنۆک و زەبوون دەزانن کە هیچ کەرامەتێکی نییە و شایستەی ژیان نییە.

دوکتۆر فازڵ ئەلجەمالی سەردانی هۆزی عەنزەی لە بیاوانی شامدا کرد، حەپەسا کاتێ بینی ئەو خەڵکە باوەڕیان بە خوا هەیە و نوێژ دەکەن و ڕۆژوو دەگرن, کەچی کاتێ دەرفەت دەڕەخسێ سڵ لە چەپاوکردن و بەسەردادان ناکەنەوە. لەبارەی ئەم دژبەرییەوە پرسیاری لێ کردن, وەڵامیان ئەوە بوو کە ئەوان قەت بیریان لە وەڵامی ئەو پرسیارە نەکردووەتەوە.

گرفتی دوکتۆر جەمالی ئەوەیە بە پێوەری ئەو شارستانییەتە دەیانپێوێ کە خۆی تێیدا پێ گەیشتووە. لە بیری چووە کە ئەوان پێوەری ئەخلاقیی تایبەت بە خۆیان هەیە. لە خەیاڵی ئەواندا خواش وەک ئەوان ڕێزی ئەو پیاوە جەربەزەیە دەگرێ کە تالانی دەکات. بەڵگەش لەسەر راستیی ئەوەی بەم شێوەیە بیر دەکەنەوە ئەوەیە ئەو پارەیەی لە تالانییەکاندا دەستیان دەکەوێ خێر و سەدەقەی بۆ مردووانیان پێ دەکەن.

نابێ ئێمە لۆمەی دەشتەکییەکان بکەین لەسەر ئەو ئەخلاقەی هەیانە، چونکە ئەخلاق لە راستیدا هیچ نییە جگە لە وێنەیەک لە وێنەکانی خۆگونجاندنی مرۆڤ لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا. بیرمەند و خەڵکانی سەردەمە دێرینەکان هەڵە بوون کاتێ دەیانویست ڕێساکانی ئەخلاق لە ئەقڵی رووتی خۆیانەوە گەڵاڵە بکەن و بەسەر خەڵکیاندا بسەپێنن.

مرۆڤ لەو بەها باڵایانە تێ ناگات کە فەیلەسووفە خۆشخەیاڵەکان هێناویانن، بگرە ئەو جۆرە رەفتارە هەڵدەبژێرێ کە کۆمەڵگە بەهۆیەوە ڕێزی دەگرێ، جا ئەگەر هەموو خەڵک ڕێزی مەیموونێکیان گرت، ئەوا هەموو خەڵک هەوڵ دەدەن ببن بە مەیموون. پەنا بەخوا!

## هەڵەی هەندێ لە رۆژهەڵاتناسان

هەندێ لەو رۆژهەڵاتناسانەی توێژینەوەیان لەسەر بیاواننشینەکان کردووە بینیویانە مرۆڤی بیاواننشین تا ڕادەیەکی زۆر پارەی خۆش دەوێ و دینار و درهەم بەلای ئەوەوە هەموو شتێکن. هەرچی مەعنەویاتە هیچ بەهایەکی لەلایان نییە. لەوانە رۆژهەڵاتناس ئۆلیری، کە لە کتێبی Arabia before Mohammed دا دەڵێ "کەسی دەشتەکی نموونەیەکە بۆ مادەپەرستی و تەماح هەموو هەستی داگیر دەکات و هیچ بوارێک بۆ خەیاڵ و سۆز و ئاین ناهێڵێتەوە".

من پێم وایە ئەم بۆچوونەی ئۆلیری زێدەڕۆییی تێدایە، چونکە لە یەک لایەنەوە بۆ هەقیقەتی

کۆمەڵایەتی دەڕوانێ و لایەنەکانی تر فەرامۆش دەکات. لە راستیدا ئێمە لە کاتێکدا مرۆڤی دەشتەکی وەک کەسێکی دەستدرێژیکار و تاڵانچی دەبینین، لە هەمان کاتدا دەبینین ئەو کەسێکی مەرد و بەوەفایە بە رادەیەک کەسی شاری قەت پێیدا ناگا.

راستە بابای دەشتەکی بەدوای پارەوەیە، بەڵام ئەو پارەی لە پێناو پارەدا ناوێ، بگرە پارە بەلای ئەوەوە هێمای پیاوەتی و باڵادەستییە. هەر بۆیە کاتێ پارەی دەست دەکەوێ لە خەرجکردنیدا دڵفراوانە، لێرەوە مرۆڤی دەشتەکی وەسف بەوەی تاڵانکارێکی بەخشندە (نهاب وهاب)ە. ئەو تاڵانکارە کاتێ تاڵانکردن هێمای هێزە. هەروەها دەبەخشێ کاتێ بەخشینیش هێمای هێزە.

پیاوی دەشتەکی هەروەها راستگۆ و راشکاوانە قسە دەکات و حەزی لە رووپامایی و فرتوفێڵ نییە. رەنگە ئەو فرتوفێڵ بە هەموو جۆرەکانیەوە بە لاوازی دابنێ کە لەگەڵ سروشتی پیاوە ئازاکاندا ناگونجێ. ئەو دەتکوژێ یان تاڵانت دەکات، بەڵام خیانەت لە ئەمانەتت ناکات و قەرزەکەت ناخوات. رەنگە لەوپەڕی بیاوانەوە بە هەڵەداوان بکەوێتە رێ و بێت تا ئەو قەرزەت لەلایەتی و رەنگە تۆ هەر لە بیرشت نەمابێ بۆت بگێڕێتەوە. سوێندی درۆ ناخوات ئەگەر بەو سوێندە لە مردنیش رزگاری ببێ.

## کاتێ دەشتەکی دەبێتە شارنشین

ئەمەیە کەسایەتیی مرۆڤی دەشتەکی بەچاک و خراپەکانیەوە، کە هەمووی لەسەر بناخەی زاڵبوون و دەس بەسەرداگرتن و ئازایەتی دامەزراوە. دەتوانم بڵێم ئەو کەسایەتییە دەست بە لایەنە چاک و خراپەکانیەوە دەگرێ تا ئەو کاتەی لە بیاواندا بێ.

لێرەدا دەپرسم ئاخۆ بابای دەشتەکی دەتوانێ تا ماوەیەکی درێژ لە بیاوانە وشک و بێ خێرەکەیدا بمێنێتەوە؟ ئەو کەسێکی نەبەرد و بەجەرگە و شیری تیژی بەدەستەوەیە، دەبینێ لە تەنیشتیدا خەڵکێکی شارنشین هەن کە لە خواردن و ناز و نیعمەتدا دەتلێنەوە، لە هەمان کاتیشدا ترسنۆک و دەستوپێ سپین، تۆ بڵێی وازیان لێ بێنێ لەو ناز و نیعمەتەیاندا سەلامەت بمێننەوە یان هەڵدەکوتێتە سەریان و ماڵەکانیان چەپاو دەکات؟ مێژوو زنجیرەیەکی دوور و درێژی لە پەلاماری هۆزە بیاوانشینەکان بۆ سەر شارە هاوسێکانیان بەخۆوە بینیوە. ئیبن خەلدون پێی وایە دەشتەکییەکان هەر ئەوەندەی دەستیان بەسەر شارەکاندا گرت و کەوتنە نێو ناز و نیعمەتەکانیەوە، وردە وردە رەوشتە کۆنەکانیان لە بیر دەکەن و رەوشتی شارییەکان دەگرن. مەبەستی ئیبن خەلدون هەموو رەوشتەکانیانە بە چاک و خراپیانەوە.

من پێم وایە ئەم بۆچوونەی ئیبن خەلدون لە چوارچێوەی سەردەمە کۆنەکاندا کە ئەو تێیدا ژیاوە یان مێژووەکەی خوێندووەتەوە ڕاستە، بەڵام بۆ سەردەمە دواییەکان مەرج نییە تەواو راست بێ.

لە سەردەمەکانی دواییدا سروشتی ئەو چەکەی لە شەڕی دەشتەکی و شارییەکاندا بەکار دەهات گۆڕانی بەسەردا هات. لە کۆندا خەڵک شیریان بەکار دەهێنا، لەبەر ئەوە زۆربەی جاران

دەشتەکییەکان شەڕەکەیان دەبردەوە، لەبەرئەوەی ئەوان لە بەکارهێنانی شیردا لە شارییەکان لێهاتووتر بوون. بەم پێیە ئەوان دەستیان بەسەر شارەکاندا دەگرت و دەبوونە چینی حوکمڕان تێیاندا. بەڵام لە سەردەمەکانی دواییدا شیر و تیر باویان نەما و چەکە ئاگرینەکان جێیان گرتەوە. دەشتەکییەکانیش ناتوانن لە دروستکردن و بەکارهێنانی ئەم چەکە نوێیانەدا وەک شارییەکان کارامە بن، لەبەر ئەوە هەستیان بە دەستەپاچەیی کرد لە هەڵکوتانە سەر شارەکانی هاوسێیان وەک جاران دەیانکرد، چونکە هەرکە دەست بۆ شارێک دەبەن دەستبەجێ لەلایەن تۆپهاوێژە قورسەکانەوە ئاگرباران دەکران. بۆیە هەستیان کرد جەربەزەییەکەی پێشوویان لە بەردەم لوولەی تۆپ و تەقەی تفەنگەکاندا دادیان نادا. خۆم لە لێکۆڵینەوەی مێژووی عێراق لە سەردەمی عوسمانییەکاندا تێبینیی ئەوەم کرد کە هۆزە بیاواننشینەکان لە باتیی شەڕ، لە ڕێی کۆچکردنی پلە بەپلەوە دەهاتنە عێراق. هەندێ لە هۆزەکان لەژێر کاریگەریی مەزهەبی وەهابیدا چەند جارێک هەوڵیان دا بە زەبری شیر هەڵبکوتنە سەر عێراق، بەڵام شکستیان هێنا. حکومەتی عوسمانی وێڕای لاوازییەکەی، دوای ئەو قەسابخانەیەی لە کۆتاکانی سەدەی هەژدەدا لە کەربەلا ئەو بیاواننشینانە ئەنجامیان دا توانی بیانشکێنێ و پاشەکشەیان پێ بکات.

محەمەد عەلی پاشا توانی هێرش بکاتە سەر پایەتەختەکەیان لە جەرگەی بیاواندا و لە شەڕێکی بێ پێشینە لە مێژووی دوور و درێژی دوورگەی عەرەبیدا و زەبرێکی کەمەرشکێنیان لێ بوەشێنێ، کە پێشتر هیچ سوپایەکی شارنشین نەیتوانیوە پەلاماری بیاوان بدات و تا قووڵاییەکەی پێشڕەوی بکات و داگیری بکات.

## ئەخلاقی عەشایری عێراق

ئێستە دێینە سەر لێکۆڵینەوە لە ئەخلاقی خێڵەکان (عەشایر) دوای نیشتەجێبوونیان لە شار لە سەردەمەکانی دواییدا. ئەو خێڵە بیاواننشینانەی لە سەردەمەکانی دواییدا بەتایبەت لە سەردەمی عوسمانیدا لە عێراق جێگیر بوون وردە وردە زۆر لە ڕەوشتە چاکەکانی پێشوویان لە دەست دا، بەڵام رەوشتە خراپەکانیان وەک خۆیان هێشتەوە.

ئەوان لە کاتێکدا رەوشتە جوانەکانی وەک راستگۆیی و دەستپاکی و راشکاوییان لەدەست دا، دەستیان بە دەمارگیریی خێڵەکی و تۆڵەسەندنەوە و شانازیکردن بە هێز و باڵادەستی و پەلاماردان و چەپاوکردنەوە گرت، ئەمەیش شتێکی نامۆ و جێی سەرنجە. چی وای کرد لە سەردەمی شارنشینیدا سیفەتە باشەکان لاواز بن و سیفەتە خراپەکان بمێننەوە. دەبێ هۆکارێک لە پشت ئەم ئەنجامەوە هەبێ.

من و هەندێ لە هاوڕێ کۆمەڵناسەکانم بۆ ئەوە دەچین ئەو سیستمی حوکمڕانییەی لەو سەردەمەی دواییدا لە عێراق باڵادەست بوو، دەستی لەو تێکچوونە ئەخلاقییەی خەڵکدا هەیە.

راستییەکەی حکومەتی عوسمانی حکومەت نەبوو، بەتەنگ پاراستنی ئاسایش و چەسپاندنی

یاسـاوه لە وڵاتدا نەبوو وەک کـە لە وڵاتـە پێـشکەوتووەکـاندا بـاوه. تەنیـا خــەمی ئەوه بـوو بـاج و سەرانە لە خەڵک کۆ بکاتەوه، ئیتر خەڵک چی بەخۆیان دەکەن چش!

سیاسەتی حکوومەت بەرامبەر عەشایر ئەوە بوو بەرەڵای دەکردن بەربنە گیانی یەکتر و یەکتر تاڵان و چەپاو بکەن، بگرە هەندێ جار لە ڕوانگەی سیاسـەتی "پەرتکە زاڵبەوه" بۆ لاوازکـردنیـان ئاگری ناکۆکییەکەیشی خۆش دەکرد.

ئەوەی ئەم ناکۆکی و ململانە خێڵەکییەی قووڵتر دەکردەوە ئەوە بوو خاکی عێراق لە بنەڕەتدا، پێشتر و ئێستەیش، لە رووی بەپیتی و ئاسانیی ئاودێریکردنیەوە لە گۆڕانێکی بەردەوامدایە.

زۆرجار پارچە زەوییەک سەرەتا باشە، کەچی دواتر خوێی لەسەر دەنیشێ و کەڵکی نامێنێ و خێڵەکە ناچار دەبێ بەدوای زەوییەکی تردا بگەڕێ. دیارە ئەوەیش دوا شەڕێکی سەخت دەبێ کە تێیدا خێڵە بەهێزەکە دوای دەرکردنی خێڵە لاوازەکە دەست بەسەر زەویەکەییدا دەگرێ.

عێراق تا ئەم دواییەش سیستمێکی جێگیری بۆ رووپێو و تاپۆکردنی زەویوزار نەبوو، بەم پێیەش خێڵەکان لەسەر زەوییە بەپیتەکانی عێراق بە شەڕ دەهاتن وەک چۆن پێشینان لەسەر گژوگیای بیاوان بەشەڕ دەهاتن.

خێڵە عێراقییەکان لە کاتێکدا لەگەڵ یەکتر بەشەڕ دەهاتن و یەکتریان تاڵان دەکرد و لە بەرامبەر ئەو کەسەی بیویستایە هەتکی حورمەتیان بکات هەستیان بە شکۆمەندییەکی توندڕۆیانە دەکرد، کەچی لە بەرامبەر حکوومەت هەڵوێستی سەرشۆڕکردن و لاوازییان هەڵدەبژارد.

دەتوانم بڵێم تاکی عەشایری بەم هۆیەوە بوو بە کەسێکی دووڕوو، ئەو لە بەرامبەر هاوتا خێڵەکییەکەیدا جەربەزە و تووڕە و دەمارگیر و تۆڵەسێنە، کەچی هەرکە باجگر و پیاوەکانی حکوومەت دەبینێ بەرگی کەسایەتییەکی تر دەپۆشێ و دەبێتە کەسێکی ترسنۆک و لاواز، کە بە ئاسانی زڵلە و سووکایەتییەکانی پیاوانی دەوڵەتی پێ قبووڵ دەکرێ بەبێ ئەوەی تووڕەیی ببزوێ.

تاکی عەشایر وردە وردە سیفەتەکانی راشکاوی و شکۆمەندی و دەستپاکی و باقیی رەوشتە جوانەکانی باو و باپیرانی لە بیاوان لە دەست دەدات. ئەو بەچاوی خۆی دەبینێ باجگرەکانی حکوومەت مرخیان لێ خۆش کردووە و مەڕوماڵات و بەروبوومە کشتوکاڵییەکانی بە وردی دەژمێرن، ئەویش ناچارە درۆیان لەگەڵدا بکات و بە درۆ سوێند بە خوا و هەموو پێغەمبەران و پیاوچاکان بخوات تا رێژەیەک لەو باجەی لەسەریەتی لە کۆڵ بکاتەوە. خۆ ئەگەر راستی بگوتبا شتێکی وای بۆ نەدەمایەوە بەرگ و خۆراکی خۆی و کڵفەتەکەی پێ دابین بکات.

عەشایری عێراق بۆ ماوەیەکی زۆر کەوتنە ژێر باڵی عوسمانییەکان و لەو سەردەمەدا فێری درۆکردن و فرتوفێڵ و بەرجەستەکردنی دەبڵ کەسایەتی بوون، کە بە یەکێکیان ڕووبەڕووی پیاوەکانی حکوومەت دەبوونەوە و بەوەی تریشیان ڕووبەڕووی هاوتا خێڵەکییەکانیان دەبوونەوە.

دەتوانم بڵێم دوای سەرهەڵدانی دەسەڵاتی نیشتمانیش خێڵە عێراقییەکان ئەم ئەخلاقەیان هەر نەگۆڕی.

جێی داخە حکوومەتی نیشتمانیش کە لەسەر داروپەردووی حکوومەتی پێشوو دامەزرا، فەرمانبەرە کۆنەکانی بەشێوەیەکی بەرفراوان بەکار هێنایەوە، هەر بۆیە تاکی عەشایری جیاوازییەکی  گەورە لە نێوان رابردوو و ئێستەیدا نابینێ.

ئەوەی قورەکەی خەستتر کردەوە ئەوە بوو حکوومەتی نیشتمانی سیستمی بەسەربازکردنی زۆرەملێی پێڕەو کرد و بەسەر خێڵەکانیدا سەپاند کە لە سەردەمی عوسمانیدا لەوە بەخشرابوون. لێرەوە تاکی عەشایری دەیبینی جگە لە باجگرەکان، ئەفسەرەکانی تایبەت بە بەسەربازگرتنیش بۆی دەهاتن، بەمەش وای لێ دەهات پەنا بە خوا ببات لە هەردووکیان و لە هەر فەرمانبەرێک حکوومەت رەوانەی بکات بۆ لای.

عەشایر وای لێ هات لە ئەفەندی و هەر شتێک پێوەندیی بە ئەفەندییەوە هەبێ بسڵەمێتەوە، چونکە ئەفەندی تەنیا لەنێو کاری خراپەدا دیوە، بۆیە ناتوانێ لە هیچ شتێکدا لەگەڵی راشکاو و راستگۆ بێ تەنانەت ئەگەر راستگۆیی لە بەرژەوەندیشیدا بێ.

جارێکیان لەگەڵ هەندێ لە قوتابیان بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی کۆمەڵایەتییان سەردانی گوندێکمان کرد، خەڵکی گوندەکە وایان زانی ئێمە سیخوڕین و حکوومەت بۆ هەواڵگری و زیان پێگەیاندنیان رەوانەی کردووین. هەر بۆیە مینجەمینج و فرتوفێڵ بە وەڵامەکانیانەوە بە ڕوونی دیاربوو. ئەگەر سوێندی قورسیشمان بخواردایە کە بۆ ئەوە نەهاتووین، هەر باوەڕیان پێ نەدەکردین، چونکە لای ئەوان سوێندخواردنی درۆ لە کاتی پێویستدا بووبوو بەشتێکی ئاسایی.

ئەم حاڵەتە تەنیا لای جووتیارەکان نییە، لەناو دانیشتوانی شاریشدا بەتایبەت لەنێو نەخوێندەوارەکاندا باوە، هەر ئەمەیش وای کردووە ئەو ئامارانەی حکوومەت یان لێژنە پسپۆڕەکان دەیانکەن هەڵە دەردەچن و جێ متمانە نین.

## کاریگەریی دەرەبەگایەتی لەسەر ئەخلاق

دەرەبەگایەتی لە عێراقدا نوێیە. لە سەردەمی عوسمانییەکاندا بەو شێوەیە نەبوو کە ئێستە هەیە. هۆکاری ئەوەیش بۆ رووپێو و تاپۆکردنی زەویوزارەکان دەگەڕێتەوە لەلایەن حکوومەتی ئێستەوە. نکووڵی لەوە ناکەم کە حکوومەت مەبەستێکی دروستی لەو کارەدا هەبووە، بەڵام لە هەندێ رووەوە کارەکەی بە خراپە شکایەوە.

سەرهۆز لە رابردوودا لە شەڕدا سەرکردایەتیی هۆزەکەی دەکرد و لە ئاشتیشدا چاودێریی کاروبارەکانی دەکرد. ئەو وەک زانایانی کۆمەڵناسی دەڵێن شوێنکەوتە (متبوع) بوو نەک باڵادەست (مسیطر). پلە و پایەکەی لە گوێڕایەڵیی هۆزەکە و رێز لێگرتنیەوە سەرچاوەی گرتبوو. ئەگەر ستەمی لە هۆزەکەی بکردایە یان بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی خۆی بەکاری بهێنابان، پشتیان تێ دەکرد و شوێن یەکێکی تر لە برا و ئامۆزا و ڕکابەرەکانی دەکەوتن، هەر بۆیە سەرۆک هۆز ناچار بوو رەفتاری باش بێ، تا بتوانێ درێژە بە زەعامەتەکەی بدات.

سەرهۆز ئەوەندە نەبێ بتوانێ خەرج و ئەرکی سەرۆکایەتییەکەی پێ دابین بکات، هیچ مافێکی لە بەرهەمی زەویدا نەبوو. بگرە دەتوانین بڵێین ئەندامانی هۆز لە سایەی سەرۆک هۆزەکەیاندا بەشێوەی هەرەوەزی زەوییەکانیان وەبەر دەهێنا.

ئەوان هەستیان دەکرد لە زەوییەکەدا پشکدارن نەک کرێگرتە.

بەڵام ئێستە دوای ئەوەی زەوییەکان رووپێو کران بەناوی سەرهۆزەکانەوە تۆمار کران، دۆخەکە گۆڕانێکی گەورەی بەسەردا هاتووە، ئیدی سەرهۆزەکە وا هەست دەکات زەوییەکە بووەتە موڵکی تایبەتی خۆی و دەتوانێ بەکاری بێنێ و چێژ لە بەروبوومەکەی وەرگرێ مادام حکوومەت لێی رازییە. لێرەوە وای لێ هات زەوییەکەی بە بریکارەکانی دەسپارد و خۆی دەچوو لە پایەتەخت دادەنیشت و بەدەور و خولی کاربەدەستانی حکوومەتدا دەهات. دوور نییە سەرلەئێوارانیش بچێ بۆ رابواردنگەکان و ئەو پارەیەی جووتیارەکان بەدرێژای ساڵ ڕەنجیان بە پەیداکردنیەوە کێشاوە، لە ژنە گۆرانیبێژەکاندا خەرج بکات. واتە سەرهۆز وەک دەرەبەگی دوور لە زەوییەکەی لێ هات و بۆشایی نێوانی لەگەڵ شوێنکەوتووانی رووی لە زیادی کرد. ئەرکە کۆمەڵایەتییە کۆنەکەی لەنێو هۆزەکەیدا فەرامۆش کرد و رەنگە بێزیش لە سەردانی گوندەکەی و دیدەنیی دانیشتوانە پیس و پۆخڵەکانی بکاتەوە. هەندێ لە سەرهۆزەکان ژمارەیەک کاسەلێسیان پەیدا کرد کە سەرپەرشتیی رەعیەتەکانیان دەکرد و باجیان لێیان دەسەند بەشێوەیەک گوندی عێراقی بەخۆیەوە نەدیوە. جووتیاران زیاتر لە باجگرەکانی دەوڵەت بەدەست ئەم شەلاتییانەوە گرفتار بوون، چونکە دەسەڵاتی ئەوەیان هەبوو دارکاریی بکەن، بەندی بکەن یان تەنانەت بشیکوژن ئەگەر هاتو ئەوەی داوای لێ دەکرا نەیدا. جگە لە ویستی سەرهۆزەکە هیچ یاسایەکی تر نەبوو رەفتاری ئەوانە دیسپلین بکات. ئەم دۆخە تێکدانێکی گەورەی لە ئەخلاقی جووتیاری عێراقیدا دروست کرد. ئەو ناچارە لە بەردەم کاسەلێسەکانی سەرهۆزەکەیدا خۆی بە هێمنی و دڵپاکی پێشان بدات، کەچی لە ناخی خۆیدا شتێکی تری حەشار داوە. ئەو پێش لە گەیشتنیان لە بەرهەمەکەی دەدزێ، بەڵام کاتێ ئەوان دێن سوێند بە خوا و گشت پیاوچاکان دەخوات کە نە هیچی دزیوە و نە قەتیش دزیی کردووە. زۆر دەگمەنە جووتیارێکی عێراقی ببینینەوە دز نەبێ، هەروەک دەگمەنە جووتیارێک بدۆزینەوە بۆ سەلماندنی بێتاوانی خۆی لە دزی سوێند نەخوات.

ئێمە ناوی دەنێین دزی، بەڵام ئەو ناوی دەنێ مافێکی ڕەوا، لەوەیشدا لۆمە ناکرێ، چونکە ئەو دەیەوێ بژی، ئەگەر دزیش نەکات خۆی و منداڵەکانی لە برسا دەمرن.

پێویستە ئەوەیش بڵێین سروشتی دزیکرن لای جووتیاری عێراقی جیاوازە لەوەی باپیرە دەشتەکییەکانی لە بیاوان دەیانکرد. بابای دەشتەکی بە زەبری شیر دزیی دەکرد و حەزی لەوە نەبوو لە ڕێی ناپاکی و دووڕوویییەوە دزی بکات، چونکە ئەو کارەی بە رەوشتی مرۆڤە لاواز و ترسنۆکەکان دەزانی. بەڵام جووتیار شیر نادی نادات، لەبەر ئەوە ئەگەر بیەوێ بژی دەبێ رێگەی پەنامەکی و درۆ لە دزیکردندا بگرێتە بەر.

## کاریگەریی سووخۆرەکان لەسەر تێکچوونی ئەخلاق

دوای دەرەبەگەکان سووخۆرەکان دێن، کە لەنێو هۆزە عێراقیەکاندا زۆر و زەبەندین. لە بازاڕی گوندەکاندا، خاوەن دوکان (حانوت)ەکان لە ئاڵوێرەکانیاندا لەگەڵ جووتیارەکان کار بە سیستمی قەرز بە سووی زێدەگران دەکەن.

جووتیاری عێراقی لە باپیرە دەشتەکییەکەیەوە سیفەتێکی بۆ ماوەتەوە کە تەنیا بیر لە ئەمڕۆی بکاتەوە و حیسێبی سبەی نەکات. ئەو هێشتاش لەو باوەڕەدایە کە گرینگیدان بە کاروبارەکانی سبەی بەڵگەی لاوازیی مرۆڤ و کەمیی متمانەیەتی بە ئازاییی خۆی و زەبری شیرەکەی. هەر بۆیە دەچێ لای دوکاندارەکان هەرچی پێویستە دەیکڕێ، ئەوانیش ئەو سیفەتەی دەقۆزنەوە و بە ئارەزووی خۆیان نرخی سووی لەسەر فەرز دەکەن، تا کاتێ وادەی دانەوەی قەرزەکەی دێ دەبینێ هێندە سووی لەسەر کەڵەکە بووە توانای دانەوەی قەرزەکەی نییە. جار دوای جار قەرزی زیاتری لەسەر کۆ دەبێتەوە تا دەبێتە چەندقاتی ئەوەی یەکەم جار قەرزی کردووە.

کەسێکی جێ متمانە گێڕایەوە جووتیارێکی فوراتی ناوەڕاست پارەیەکی کەمی لە سووخۆرێک قەرز کرد تا سێ مریشکی پێ بکڕێ و میوانداریی‌یەکی پێ بکات. قەرزەکە جار دوای جار لەسەری کەڵەکە بوو تا لە کۆتایدا جووتیاری داماو ناچار بوو بۆ بژاردنی پارەی سێ مریشکەکە گایەک بفرۆشێ. ئەم چیرۆکانە لە گوندەکانی عێراقدا بێ ئەندازە روو دەدەن. هەموویشی نیشانەی ئەو پاڵپەستۆیەیە کە لەلایەن قەرزدەر و سووخۆرەکانەوە دەخرایە سەر جووتیاران.

دەتوانین بڵێین ئەو حاڵەتە گرێیەکی دەروونیی لای جووتیارەکە بەرامبەر هەر بەڵێنێک کە دەیدات یان قەرزێک کە دەیکات دروست دەکات و بەو هۆیەشەوە بەناچاری دەستبەرداری رەوشتی بەوەفایی دەبێ کە باپیرە بیاواننشینەکانی پێی بەناوبانگ بوون.

بگرە ئەو گرێیە هەندێ جار تەشەنە دەکات و وای لێ دێ بە چاوی رق و سووکایەتییەوە لە هەر خاوەن دوکانێک بڕوانێ بە کەسێکی بێ نرخ و بێ غیرەت و کەرامەتی بزانێ، بۆیە سڵ ناکاتەوە لە زەبر لێدانی.

خاوەن دوکانەکەیش دووبەرامبەر تۆڵەی لێ دەکاتەوە و سڵ ناکاتەوە لەوەی لە دادگە شکاتی لێ بکات و شیری یاسا بخاتە سەر گەردنی.

لە پەندە باوەکانی گوندی عێراقیدا هاتووە "قەرز رزقە"، پێم وایە ئەمە ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی ئەوان بەئاسانی قەرز دەکەن و بەزەحمەت دەیدەنەوە ، کەواتە قەرز رزقێکە خوا بۆی ناردوون!.

پێم وایە پێوەندیی قەرزدەر و قەرزکار لە گونددا وەک پێوەندیی براوە و دۆڕاوی بیاوانی لێ هاتووە کە تێیدا پیاو لە بردنەوەدا هەست بە شانازی و لە دۆڕاندا هەست بە شەرمەزاری دەکات. هەروەها بە نیشانەی پیاوەتی دەزانێ کە لە وەرگرتنەوەی قەرزی خۆی لەسەر خەڵک و نەدانەوەی ئەو قەرزانەی لەسەریەتی دڕ و سەرسەخت بێ.

تێبینیم کرد ئەم خووە وەک پەتا بۆ هەندێ لە دانیشتوانی شاریش گوازراوەتەوە بە تایبەت ئەوانەیان کە بنەچەیەکی گوندی یان دەشتەکییان هەیە. بۆیە دەبینی کەسێکیان دڵفراوانانە پارەیەکی زۆر لە شایی و مێوانداریدا خەرج دەکات، کەچی لە دانەوەی قەرزێکی کەمدا منجڕی دەکات، یان لە قاوەخانە یان چێشتخانەدا کێبەرکێ لەگەڵ برادەرانیدا دەکات تا ئەو پارەکەیان واسڵ بکات، کەچی لەگەڵ حەماڵ و بەقاڵێکدا دەیکاتە هەرا لەسەر دوو فلس کە مافی خۆیانە.

## پاڵنەری قازانج و ئەخلاق

دوکتۆر مەتا عەقراوی لە کتێبی (العراق الحديث)دا ئاماژەی بەوە دا ئەوەی لای رۆئاواییەکان پێی دەگوترێ پاڵنەری قازانج، بەسەر ئەخلاقی خێڵەکیی عێراقیشدا زاڵ بووە, ئەوەیش ئەخلاقی تێک دان و دەستیان دایە فرتوفێڵ و درۆ و چاوبەست لە پێناو بەدەستهێنانی قازانجدا.

بەبۆچوونی من ئەو لەبەریەک هەڵوەشانە ئەخلاقییەی عەشایری عێراقی تەنیا بەهۆی پاڵنەری قازانجەوە نەبووە, بگرە دەشگەڕێتەوە بۆ ئەو نەریتەی بیاواننشینییەوە بۆیان مابوویەوە کە برێتییە لە بەسووک سەیرکردنی پیشە و کاری دەستی. وەک زانراوە زۆر لە کوڕانی عەشایر لە گوندەکانی عێراقدا بە سووکایەتی دەزانن کارێک بکەن بەرەو کڕین و فرۆشتنیان ببات. بۆ نموونە خۆیان دوور دەگرن لە چاندنی سەوزە یان پەروەردەکردنی گامێش یان ڕاوکردنی ماسی بە تۆڕ، چونکە پێیان وایە بەو کارانە دەبنە وردەفرۆش (بقال). وردەفرۆشیش لای ئەوان کەسێکی زۆر بێزراوە و پیاوەتیی تەواو نییە. بۆیە لەگەڵی دانانیشن، ژنی نادەنێ و ژنیشی لێ ناخوازن.

لێرەدا دەبێ بپرسین چۆن ئەم بەهایانە خۆیان لە بەردەم بارودۆخە شارستانییە نوێیەکاندا کە وردە وردە روو لە گوندەکاندا بڵاو دەبنەوە؟ ئاخۆ کوڕانی عەشایر دەتوانن خۆ لە بازرگانیکردن یان کاری دەستی دوور بگرن لە کاتێکدا لە دۆخێکی ئابووریی زۆر دژواردا دەژین؟

نکووڵی ناکرێ لەوەی زۆر لە خەڵکی گوند وێڕای دەستکورتییان بەبەها کۆنەکانیانەوە پابەند بوون، ئامادە بوون بەرگەی دەستکورتی و سەختیی ژیان بگرن پیشەیەک نەکەن کە بەلایانەوە لە پیاوەتیی پیاو کەم دەکاتەوە. بەڵام ئەوانە بەهۆی بارودۆخی شارستانییەوە کە تا دەهات تەنگی پێ هەڵدەچنین وردە وردە روویان لە کەمی کرد.

پێداویستیی ئابووری رەنگە مرۆڤ پاڵ پێوە بنێ کۆت و بەندەکان بشکێنێ. ئەم دیاردەیە لەنێو گوندەکانی عێراقدا رووی دا وردە وردە بەها کۆنەکانیان لە بەرچاو سووک بوون و ئەو پیشانەیان دەکرد کە قازانجیان تێدابوو ئەگەرچی لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە سووک بوون, بە دەربڕینێکی تر وایان لێ هات پارە بەسەر پایەدا هەڵبژێرن. ئەمەش جۆرێ لە نارێکوپێکیی ئەخلاقی هێنایە کایە.

لە دەروونناسیدا دەگوترێ مرۆڤ ئەگەر جارێ جورئەتی کرد کاری حەرام بکات، ئاسان دەبێ بۆ جاری دووەم و سێیەم بیکاتەوە. ئەمە ئەو شتەیە کە لای خەڵکی گوند رووی دا. ئەوان تامی حەرامیان کرد و چێژیان لێ بینی، مەبەستیشم لە حەرام دەرچوونە لە بەها بۆماوەیییەکان. هەر

قازانجێک کە دەیکەن بەرەو زیاتر ڕۆچوون تێیدا پەلکێشیان دەکات. تا وایان لێ دێ لە کۆتاییدا, بەرامبەر هەموو بەهاکان، بە کۆن و نوێیانەوە بێ موبالات دەبن.

پاڵنەری قازانج بەسەریاندا زاڵ بوو. بەڵام ئەوان جیاواز لە تێگەیشتنی بازرگانەکان لە وڵاتە پێگەیشتووەکان لە پاڵنەری قازانج گەیشتن. بازرگانیی ئەو وڵاتانە بازرگانییەکەی لەسەر بناخەی ڕازیکردنی مشتەری دادەمەزرێنێ لەسەر ئەو ڕێسایە کار دەکات کە دەڵێ "مشتەری هەردەم لەسەر هەقە"، چونکە دەزانێ سەرکەوتنی بازرگانییەکەی بە ڕەزامەندیی مشتەرییەکانی و باشیی ناوبانگی لەنێویاندا بەندە. بەڵام لای برادەرانمان پاڵنەری قازانج هانیان دەدات بۆ گزیکردن لە مشتەری و خەڵەتاندنی بەبێ ئەوەی هیچ بایەخێک بدەن بەوەی کە سبەی چ هەڵوێستێکی دەبێ.

باپیرانمان چۆن چۆنی سەیری ڕکابەرە شەڕکەرەکانیان دەکرد ئەمانیش بە هەمان شێوە سەیری مشتەری دەکەن. دەبێ لە بیرمان نەبێ کە مشتەریش ڕەنگە لەم ڕەوشتەدا وەک ئەو بێ، هەر بۆیە وەکو زۆرانبازییەکی لێ دێ کە هەریەکەیان هەوڵ دەدات بیباتەوە و بەدۆڕاندن ئازار دەچێژێ. ئەم ئاکارە تەنیا لە بواری کڕین و فرۆشتندا نییە، بگرە هەندێ جار بواری پیشە دەستییەکانیش دەگرێتەوە، دەبینی پیشەکارێک بەکرێ دەگریت کارێکت بۆ بکات، هەر پشتت تێ کرد و تەمەڵی لە کارەکەیدا دەکات یان هەوڵ دەدات گزیی تێدا بکات تێیدا . پێ دەچێ ئەم نەزعەیەی لە دەشتەوە بۆی ماوەتەوە بواری ئەوەی پێ نادات بەو شێوەیە کار بکات کە بەرژەوەندیی هەمیشەییی خۆی دەیخوازێ. دوای ئەوەیش زۆر ئاساییە سوێندی قورست بۆ بخوات کە لە کارەکەیدا سەرڕاست بووە و خوا شاهیدە ڕاست دەکات.

### ئەخلاق لە دوا دۆخیدا

ئەمە دۆخی ئەخلاق بوو لە شارەکانی عێراقدا پێش لە شەڕی جیهانیی یەکەم کاتێ عێراق لەژێر دەسەڵاتی عوسمانیدا دەیناڵاند. نکوڵی ناکەم لەم دۆخە بەهۆی پێشکەوتنە نوێیەکانەوە دەستی بەگۆڕان کردووە، بەڵام دەبێ دان بەوەشدا بنێم کە پاشماوەی بەها کۆنەکان هێشتا لێرە و لەوێ بەرچاو دەکەوێ، نەخوازەڵا لەو ناوچانەی زۆر نەکەوتوونەتە ژێر کاریگەری بارودۆخە نوێیەکانەوە.

بەها کۆمەڵایەتییەکان بە گشتی لە پڕ لە دڵی خەڵک ناسڕێنەوە، ئەو بەهایانە لە قووڵاییی لاشعوردا جێگیر بوون و سوورن لەسەر مانەوە تێیدا بۆ ماوەیەکی درێژ و لەوێوە، وێڕای گۆڕانی ئەو بارودۆخەی لەگەڵی گونجاو بوو، هەر ڕەفتاری مرۆڤەکان ئاراستە دەکات.

ئەوەی پیاسەیەک بە گەڕەکە کۆنەکانی شارەکانی عێراقدا بکات دەبینێ خەڵک هەروەک جاران شانازی و سووکایەتیکردنەکانیان ماوە و پیاوان لە قاوەخانە قەرەباڵخەکاندا باس لە "شێرەکوڕ" و "ترسنۆک"، "براوە" و "دۆڕاو" دەکەن بە شێوەیەک لە بنەڕەتدا جیاوازیی لەگەڵ دەمەتەقێکانی بیاواندا نییە.

دەبینی بەتوندی دەست بە بیروباوەڕە ئاینییەکانەوە دەگرن و لە ڕادەبەدەر پێغەمبەر و

پیاوچاکەکان پیرۆز رادەگرن و پەلاماری هەر کەسێک دەدەن گومان بخاتە راستیی بیروباوەڕەکەیان یان سووکایەتی بە پێغەمبەران و پیاوچاکان بکات، کەچی لە هەمان کاتدا رێز لەو کەسە ناگرن کە لە کردار و رەفتاریدا لەسەر رێبازی پێغەمبەران و پیاوچاکان بڕوات.

دەبینی کەسێکیان ملکەچی و تەقوا پێشان دەدات و هۆن هۆن فرمێسک دەڕێژێ کاتێ واعیزەکان باس لە ترسی خوا دەکەن، بەڵام هەرکە لەگەڵ هاوڕێکانی کۆ بووەوە، دەست دەکات بە گێڕانەوەی داستانی شەڕ و پەلامار و لەناوبردنەکانی و ئەوەی چۆن چۆنی فلانی بەزاند و فلانی خەڵەتاند، یان فلانی چاوشکاو کرد و لە شانازیدا قاقا پێ دەکەنێ.

ئەوەتا ناپرسن ئاخۆ چ سوودێکی لەو کارەی دەیکەن دەستیان دەکەوێ، گرینگ لەلای ئەوان ئەوەیە بەهەر شێوەیەک بێ براوە بن، ئەوە لای ئەوان نیشانەی پیاوەتییە.

ئەم نەزعەیە لە مەسەلەی لادانی سێکسیشدا دەردەکەوێ. لە رۆئاوا خەڵک بەجۆرێ لە چاوی بەزەیی سەیری لادەری سێکسی دەکەن لەو ڕووەوە کە نەخۆشە و پێویستی بەچارەسەر هەیە. لەوەشدا جیاوازی لە نێوان لادەری نێگەتیف و پۆزەتیف ناکەن. لە هەندێ لە گەلانی پێشکەوتوودا زیاتر دژ بە لادانی پۆزەتیڤن تا نێگەتیف، چونکە یەکەم هۆکار و دووەم ئەنجامە.

بەڵام لای برادەرانمان بابەتەکە پێچەوانەیە، ئەمان رقیان لە لادەری نێگەتیڤە و بەچاوی رێزەوە لە پۆزەتیڤەکە دەڕوانن، چونکە بەپێی بیرکردنەوەی ئەوان ئەو کەسێکی براوەیە. واوەیلا بۆ ئەو کەسەی لەو بوارەدا دۆڕاو بێ، چونکە لە نەریتی ئەواندا "چاوشۆڕە" بەرامبەر زۆرینەیان و ناتوانێ بۆ ماوەیەکی درێژ لە روویاندا چاو بەرز بکاتەوە.

ئەوان بەهەمان تێڕوانینی دووفاقینە مامەڵە لەگەڵ زینایشدا دەکەن. بۆ پیاو جێی شانازییە زینا لەگەڵ ژنانی خەڵکدا بکات، بەڵام سەرشۆڕییە بۆی ئەگەر یەکێک زینا لەگەڵ ئافرەتێکی ئەودا بکات. زۆربەی جارانیش بارگرانییەکە لەسەر ئافرەتە. خەڵک لە بیاوانەوە نەریتی ئەوەیان بۆ ماوەتەوە کە رقیان لە ئافرەت بێ و بەهۆی هەر گومانێکەوە لە رەفتاری بیکوژن، بەڵام مەردایەتی و داوێنپاکیی خەڵکی بیاوانیان لە بیر کرد. لەبەر ئەوە کوشتنی ژن لە عێراق بووەتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی جێی سەرنج. رۆژێک تێ ناپەڕێ تێیدا نەبیستی پیاوێک ئافرەتێکی خزمی بە پاڵنەری ئابڕووشۆری کوشتووە و دواتر خەنجەرە خوێناوییەکەی رادەست پۆلیس کردووە.

بەکورتی ئەخلاق لە عێراق هێشتا هەندێ لە بەهاکانی دەشتەکیبوونی لە خۆیدا هەڵگرتووە لە رێزگرتنی براوە و بەسووک سەیرکردنی دۆڕاودا، بەڵام ئەوانە بەهاگەلی شێواون و لە ژینگەی یەکەمی خۆیان دەرچوون و ئەرکە کۆمەڵایەتییەکەیان لەدەست داوە، بەڵام وەک گرێیەکی دەروونی هێشتا هەر رەفتاری تاکەکان ئاراستە دەکەن، بەبێ ئەوەی ئامانجێکیان هەبێ کە لەگەڵ ژینگە نوێیەکەدا بگونجێ.

سەرچاوە: کتێبی (الاخلاق).

# ڕاگەیاندنی تایفی

محەمەد فەریق حەسەن

دەسەڵات لە زۆرێک لە وڵاتانی دواکەوتووی ڕۆهەڵاتدا، بۆ بەرقەراربوون و درێژەدان بە مانەوەی خۆی، وەک چۆن پێویستیی بە پێگەی ئابووری و سوپا و دەزگەکانی تری سەربازی و تەناهی هەیە، پێویستیی بە ڕاگەیاندنی بەهێزیش هەیە. لەوێ ڕاگەیاندن، بە کاغەزی و ئەلیکترۆنییەوە، بە بینراو و بیستراوییەوە، بەشێکن لە پێکهاتە هەرە لە پێش و سەرەکییەکانی دەسەڵات. وەلێ تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لەم وڵاتانەدا، ئەدگار و شەقڵی ئەو ڕێژیمە بەخۆوە دەگرن. وڵاتی وا هەیە، تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لەوێ هەر لە ڕۆژنامەوە بگرە تا دەگاتە ڕادیۆ، تیڤی و ماڵپەڕەکان، هەموویان تایفین. تۆ هەر بەناو و دروشم و لۆگۆ و ڕەنگ و ڕووی کەناڵەکانیدا، ئەم ڕاستییەت لەلا بەرجەستە دەبێت، کە ئەم کەناڵانە سەر بە ئۆلێک یان زمانحاڵی تایەفەیەکی دیاریکراون و داکۆکی لە بەرژەوەندیی تاکە تایەفەیەکی ئەو وڵاتە دەکەن، بۆیە ناتوانن نوێنەرایەتیی سەرلەبەری وڵاتێکی فرە ئۆل و تایفە بکەن. ئەم دۆخەیش، ئەگەر وردی بکەینەوە ئەوە دەگەیەنێ، کەناڵەیلی ناوبراو گوێڕایەڵییان بۆ نیشتمان لەدەست داوە. چونکە نیشتمان فرە ڕەنگ و فرە دەنگ و فرە ئۆلە. ئەوانیش بوونەتە زمانحاڵی تەنیا پاژێک لەو نیشتمانە. واتای ئەوەیش بەدەستەوە دەدات، کە ئەم کەناڵانە، تەواوی نەتەوە و ئۆل و گرووەکانی تر، کە لەسەر ئەو ڕووبەرە خاکە دەژین، بە ئەوانی تر دەزانن و فرێیان داونەتە ڕیزی نەیارەوە. بە چاکەی تەنیا لایەک دەدوێن و بانگەشە دەکەن. دەبینیت گرینگییەکی زیاد لە پێویستیش بە بیرەوەرییە پیرۆزەکانی ئۆلی خۆیان دەدەن. زۆر بە شانی ڕابەرە نوورانییەکانی خۆیاندا هەڵدەدەن و زوو زوو کار و پەرجووەکانیان بەگوێی خەڵکدا دەدەنەوە. ئەوان بە جۆرێکی وەها وتارەکانیان دادەڕێژن، کە ڕابەر و هەڤۆتەکانی ئۆلەکانی تر بشارنەوە، یان لە بەهایان کەم بکەنەوە. بۆ تێگەیشتن لە ڕۆڵی ڕاگەیاندنی تایفی، دەبێت لە ڕۆڵی بەرچاوی ئاین لەم سەروبەندەدا تێ گەیشتبین. دەبێت ئەوەیشمان لە بەرچاو بێت، کە نووسەر و ڕۆژنامەنووسانی کەناڵە تایفییەکان، مووچە و دەرماڵە لە کۆمەڵە و گرووە ئاینییەکانەوە وەردەگرن، وەک ئەوەی

فەرمانبەری ئەوان بن کار دەکەن. وێڕای ئەوەی دووریش نییە ئەم کەناڵانە لەلایەن پێگە ئاینییە دەوڵەمەندەکانی ناوچەکەوە پشتگیری بکرێن. ڕۆڵی ئەم کەناڵە تایفییانە لە هەڵکشاندایە. ئەگەر وڵاتی عێراق بە نموونە وەربگرین. بەر لە ساڵی ٢٠٠٣ شتێکی ئەوتۆ بەناوی ڕاگەیاندنی تایفییەوە لە ئارادا نەبوو. یەک لەباری ناوچەکەیش، لەگەڵ بەهاری ئازادیدا، ڕۆڵی ڕاگەیاندنی تایفی بەرەو هەڵکشان دەچێت. ئێستا خاوەنی دەیان پێگەی ئەلیکترۆنین. وێڕای ڕۆژنامەی کاغەزی و ڕادیۆ و سەتەلایت. کەناڵە تایفییە هاوشێوەکانیش، جا دەنگی و ڕەنگی بن، یان ئەلیکترۆنی، لە هەر کوێیەکی ناوچەکەدا بن هاوکاری یەکن. بە هەواڵ، زانیاری، ڕاپۆرت و شیکرنەوە، هاریکاریی یەکودوو دەکەن. بەم شێوەیە دەبنە سەرچاوەگەلی باوەڕپێکراو بۆ توێژێکی پان و بەرینی خەڵک. ئەوان هاوئاهەنگن. هەموو پێکەوە تۆڕێکی فراوانی یەکگرتوو پێک دەهێنن. چونکە لە یەک سەرچاوە ئاو دەخۆنەوە. ڕاگەیاندنی تایفی بەجیدی کاری بۆ دەکات و دەست لەسەر ڕۆڵی ئاین دادەگرێت، بەو حیسابەی، گەرەکە لە کۆمەڵی خۆیاندا، ئاین و تایفە دەستیان لە بیچمگیربوونی ئەوێتیی (شوناس) تاکەکان و لە سیاسەتیشدا باڵا بێت.

ئەم دۆخە، دوای هەڵکردنی باهۆزی ئازادی بە پانی و درێژیی وڵاتانی عەرەبدا، لە جاران زیاتر هەستی پێ دەکرێت. ئەوانەی بەر شەپۆلی باهۆزەکە کەوتوون و ئەوانەیشی وا بەڕێوەن بەم نزیکانە هەرەس بهێنن. ئەم واقیعە نوێیە پێمان دەڵێت، لەم نێوەندەدا، ئێمەی کوردیش بە ڕاگەیاندنی تایفی دۆڵپێچ کراوین. چونکە ئەمڕۆ سەرحەد و کەوشەنەکان ناتوانن ببنە بەربەست لە ڕێی کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا. ئەوان دوورهاوێژ، سنووربڕ و بێ منەتن. لەو هەرێمانەدا، کە گرووە چەکدارە فەناتیکەکان بە ئارەزووی خۆیان تەراتێن دەکەن، ڕۆژنامەنووس و میدیاکارانی لایەنەکانی تر، یان ئەهلی، ناتوانن بە تەواوی ئازادی بیر بکەنەوە. پرکێشی ناکەن، ئەوەی بروایان پێیەتی بینووسن و بیڵێن. چونکە سانسۆری چەکداری بە قین و توندوتیژی بارگاویی نەبینراو و نەناسراو، بەسەر سەریانەوە ئامادەی تۆڵە و دەستوەشاندنن. نموونەیش زۆرن.

ڕاگەیاندنی تایفی دەتوانێت بە ئاسانی ئەو کەلێن و بۆشاییيانە بقۆزێتەوە کە لە گۆڕەپانەکەدا دروست بوون. چونکە لەلایەک ڕاگەیاندنی ئازاد بێهێزە، لەلایەکی تریشەوە، بە درێژاییی نزیکەی دوو دەیە، میدیای حزبی نەیتوانیوە ببێت بە دەنگی مرۆڤی پەڕاوێزخراو و گوزارشت لە خەمەکانیان بکات، کە ئەمەندە زۆرن پشتی چەماندوون. بگرە میدیا و ڕاگەیاندنی حزبی ئەوانی زیاتر پەڕاوێز خستووە. ئەو تاکە پەڕاوێزخراوانە، کە توێژێکی بەرفراوانی خەڵک پێک دێنن، خۆزیا و برییانە لە هەر جێیەک سووسەی مایکرۆفۆنێک، یان وتربیۆنێک بکەن، تاکو بتوانن لەوێوە نەختاڵێک لە خەم و کۆڤانەکانیان هەڵبڕێژن و بە نیازی چارەسەر بیدەن بە با.

ڕاگەیاندنی وەها ڕێخۆشکەر و ئاگرجۆشدەری شەڕی نێوەخۆیە، کە هەردەم بۆی هەیە لە وڵاتی وەها فرە ئۆل و نەتەوەدا، بە تایبەتی لەم ڕۆهەڵاتی ناوینەدا، شەڕ هەڵبگیرسێت. وەک چۆن لە وڵاتی لوبنان دیمان و لەم ساڵانەی دواییدا لە عێراقدا ڕووی دا و تا ئێستایش درێژەی هەیە. ڕاگەیاندنی وەها لە بریی ئەوەی ڕای گشتیی یەکگرتوو بخولقێنێت، پەرت و بڵاوی دەکات و ناهێڵێت خەڵکەکەی

لەسەر هیچ بنەمایەک کۆک و تەبا بن. هەردەم لە دۆخی ئامادەسازیدایە، کار بۆ ئەوە دەکات زۆرترین هەواداری کاڵفام لە خۆی کۆ بکاتەوە، بەو ئاراستەیەی خۆی گەرەکێتی جۆشیان بدات و غیرەتیان بجووڵێنێت، وەک ئەوەی لەشکری خاچپەرستان، ئوردوو بە شوێن ئۆردوودا ڕوویان لە ناوچەکە کردبێت. هاکا گەیشتنە جێ و شەڕ بەرپابوو. گوایە ئاینەکەیان، یان ئەو ئۆلەی، کە ئەو میدیایە بڕوای پێیەتی لە ژێر مەترسیی لەنێوچووندایە و هاکا لەژێر زەبری گورزی گرانی دوژمناندا توایەوە و ئاسەواریشی نەما. لە کاتێکدا هەرچی مەترسیی لەو جۆرە بێت لە گۆڕێدا نییە. لە دۆخی وەهادا ڕاگەیاندن بۆ تیژکردنەوەی ناکۆکییەکانە. چەکی دەستی سەرخێڵ و ئیمام و ئایەتوڵاکانە. دەبێت بە کەڕەنا بۆ عێلجاڕی (النفیر العام) تایفە. هەتا ڕاگەیاندنی تایفی فرە کەناڵ و فرە سەکۆ بن، ئەوا درز و شەبەقی زیاتر دەکەوێتە ڕیزی هاونیشتمانیانی ئەو وڵاتەوە. لە بریی ئەوەی لێک تێگەیشتن و پێکەوەژیان دەستەبەر بکات، ئۆل و تایفەکان لەیەک دادەبڕێت و زیاتر داغانیان دەکات. ئەگەر ڕاگەیاندنی وەها باڵادەست بوو، ئەوا هەر تایفەیەک لەلای خۆیەوە مەبەستیەتی و کاریشی بۆ دەکات، سەرکەوتن بەسەر ئەوی تری نەیاردا مسۆگەر بکات.

وا چاوەڕوان دەکرێت، هۆیەکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵی بەرچاو لە گۆڕانی کۆمەڵدا بەرەو باشتر بگێڕن. بێ ئەوەی ئەم گۆڕانە توندوتیژیی تێ بکەوێت. ڕاگەیاندن، بە ئینتەرنێت و کەناڵە ئاسمانییەکانەوە بە هێزی نەرم (القوة الناعمة) پێناسە کراون. ڕاگەیاندن (إعلام) بنەما بەرهەم دەهێنێت و بانگهێشتنی بینەر و بیسەریش دەکات بۆ قەبووڵکردنی ئەو بنەمایانە. دواتر ئەویش بۆ چاکەی خۆی، بۆ ئامانجە دوور و نزیکەکانی خۆی دەیانخاتە کار. وەلێ ئێمە ناتوانین بە ڕاگەیاندنی تایفی بڵێین هێزی نەرم. ئەوان ئامانژە، ڕستە و دەستەواژەی تایبەت بە تایفەیەک بەکار دێنن، ئەمەیشیان هەر بەنیازی بێڕەنگکردنی تایفەکانی ترە. ئەم تەرزە ڕاگەیاندنە، قەڵەم و نووسەری خۆی هەیە، کە لێکدا لێکدا نەوت بە ئاگردا دەکات و ڕستەی ئاگراوی لە زاری دەبارێ. ئەم کەناڵانە ئاماژەی توند، وێنەی تووڕە و خوێناوی پێشانی خەڵک دەدەن، مرۆڤ کاتێک دەیانبینێ، موچڕک بە جەستەیدا دێت و ترس دایدەگرێت. ئەم تەرزە ڕاگەیاندنە بۆ کولاندنەوەی زامە سەختە مێژووییەکان و کەرت و پەرتکردنی وڵاتێک لە کاردایە. ڕێ بۆ جیاوازیکاری (تمییز) لەنێو ڕۆڵەکانی یەک گەلدا خۆش دەکات. لە ڕاگەیاندنی تایفیدا حەقیقەت بزر دەبێت و ڕاستییەکان دەشێوێنرێن. لە کاتێکدا مافی هاونیشتمانییە ڕاستییەکان وەک خۆیان هەن، بزانێت. ئەرکی ڕاگەیاندنیشە ڕاستییەکان بە بینەر و بیستەری خۆی بگەیەنێت. گەرەکە مافی هەموو لایەک پارێزراو بێت، نەک مافی تەنیا ئۆل و تایفەیەک. بۆیە لە دۆخی وەهادا کەناڵی ڕکابەر و دژبەیەک چێ دەبن. قبووڵکردنی یەکتر نامێنێت و کۆمەڵ بە تیژی دوو کەرت دەبێت. وەک سەردەمی زووی ئیسلام و کافر، هەر تەرەفێک، دژی هەر لایەک دەوەستێتەوە، کە لەگەڵ خۆیدا نەبێت. ئەمەیش بشێوی، تیژکردنەوەی پتری ناکۆکییەکان و هەڵکوتانە سەر مافی ئەوانی تری لێ دەکەوێتەوە. فەتوای دژ بە یەک بڵاو دەکەنەوە. سیاسەت و ئاین تێکەڵ بە یەک دەکەن. تایەفە دەست دەخاتە نێو ورد و درشتی تایبەتمەندییەکانی ژیانی تاکەوە و وڵات دەبێتە دۆزەخێک، نێڵەنێڵ دەسووتێت.

# مێژووی
# ساڵانی پاتشایان و پێغەمبەرانی سەر زەوی

حەمزەی کوڕی حەسەنی ئەسفەهانی

بەشی سێیەم

بەشی دووەم

## لە باسی مێژووی ساڵانی پاتشایانی ڕۆم، ئەمەش پێنج بەندە

بەندی یەکەم

### لە باسی ساڵانی پاتشایانی مەقدۆنیا[1]

دوای ئەسکەندەر پاتشاکانی مەقدۆنیای یۆنانی پاتشایەتیی ڕۆمیان کردووە، مەقدۆنیاش شاری حەکیمانە لە خاکی ڕۆمدا. دوای ئەسکەندەر بەتلیمۆسی کوڕی " کەروێشک! "، چل ساڵ جێگری ئەسکەندەر بووە. دوای ئەو بەتڵیمۆس-ی کوڕی لەعووس-ی " ئەوەی باوکی خۆش دەویست " سی و هەشت ساڵ. ئینجا بەتڵیمۆسی "وەستا "[2] بیست و شەش ساڵ، ئینجا بەتڵیمۆس "ئەوەی باوکی خۆش دەویست " حەڤدە ساڵ. ئینجا بەتڵیمۆسی " ئەستێرەناس " بیست و چوار ساڵ. ئینجا بەتڵیمۆس " ئەوەی دایکی خۆش دەویست " سی و پێنج ساڵ. ئینجا بەتڵیمۆسی وەستای دووەم بیست و نۆ ساڵ. ئینجا بەتڵیمۆسی ئەسکەندەری، بیست ساڵ. ئینجا بەتڵیمۆسی ئاسنین هەشت ساڵ. ئینجا بەتڵیمۆسی ئاژاوەگێڕ " خەبیس " سی ساڵ. ئینجا شابانوو "فلۆقەترا "[3]ی کچی مخە، بیست و دوو ساڵ. پاتشاییان کردووە. کە دەکاتە سێ سەد و چوار ساڵ بۆ سێزدە پاتشا " هەر خۆی چاکتر دەزانێ ".

................................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەحمەد تاقانە



فلۆقەترا " کلیۆپاترا "

## بەندی دووەم

## لە بەشی دووەم

## لە باسی ساڵانی پاتشایانی ڕۆم

ئینجا ڕۆمەکان بەسەر یۆنانیاندا زاڵ بوون، پاتشایانێک پاتشایەتیی ڕۆمیان کرد پێیان دەگوتن کوڕانی سۆفەر، ئیسرائیلییان پێیان دەڵێن سۆفەر، سۆفەری کوڕی نەسر–ی کوڕی عیسای کوڕی ئیسحاق. ڕۆمەکان و یۆنانییەکان ئەوە بە ڕاست نازانن، کوڕانی سۆفەر لە ڕۆما دادەنیشتن، یەکەم کەسێکیان لێ بوو بە شا یۆلیۆس بوو حەوت ساڵی پاتشایی کرد، ئینجا قەیسەر ئەغستۆس، کە یەکەم کەس بوو ناوی نرا قەیسەر، پەنجا و شەش ساڵ پاتشایەتیی کرد. ئینجا تەباریس بیست و دوو ساڵ، ئینجا تەباریسی گرژ چوار ساڵ، ئینجا قلۆدفوس چواردە ساڵ، ئینجا نیرۆن[٤] بیست و چوار ساڵ پاتشایەتیی کرد.

ئینجا تاتوس و ئیستیسیانوس بە هاوبەشی، سێزدە ساڵ، ئینجا دۆمتیانوس پازدە ساڵ، ئینجا ترایابوس نۆزدە ساڵ، ئینجا ئەدریانوس بیست و یەک ساڵ، ئینجا ئەنتۆنیوس بیست و سێ ساڵ، ئینجا مورقوس نۆزدە ساڵ، ئینجا قۆمۆدوس سێزدە ساڵ، ئینجا سویروس هەژدە ساڵ، ئینجا ئەنتۆنیوس–ی کوڕی، حەوت ساڵ، ئینجا دوای ئەو ئەنتۆنیوس–ی دووەم کە لە کۆتاییی پاتشاییدا گالینۆس[٥]ی نۆژدار مرد، چوار ساڵ، ئینجا ئەلکساندر " ئەسکەندەر " مامیاس کە واتای بێدەسەڵات دەگەیەنێ سێزدە ساڵ، ئینجا ماکسیمۆس سێ ساڵ، ئینجا گەردیانۆس شەش ساڵ، ئینجا فیلۆقس شەش ساڵ، ئینجا دیقیۆس دوو ساڵ، ئینجا گلۆس پازدە ساڵ، ئینجا



نیرۆن

قلۆدیۆس ساڵێک، ئینجا ئۆربیلۆس شەش ساڵ، ئینجا ئەبرۆبۆس حەوت ساڵ و شەش مانگ، ئینجا دەقلتیانۆس و مەقسیمیانۆس نۆزدە ساڵ، ئینجا قرۆیقۆس پێنج ساڵ، ئینجا دەقلتیانۆس بیست ساڵ، پاتشاییان کردووە. ئەمەش دەکاتە سێسەد و هەشتا و دوو ساڵ و شەش مانگ، بۆ بیست و هەشت شا.

هەروەها ئەبومەعشەر لە کتێبی هەزاران " الالوف "دا ساڵانی دوو شای لە شایەکانی ڕۆمی باس کردووە کە دەقلتیانۆس و ئەغستۆس- ن و نێوانی ئەسکەندەر و ئەغستۆس دووسەد و هەشتا ساڵ بووە و نێوانی ئەم و دەقلتیانۆس پێنجسەد و نەوەد و شەش ساڵ بووە.

## بەندی سێیەم

## لە بەشی دووەم

## لە باسی ساڵانی پلتشلیانی قوستەنتینییە

ئینجا قوستەنتینی سەرکەوتووی کوڕی هێلانی " هێلانە " کە ئەمەیان ناوی دایکیەتی سی و یەک ساڵ پاتشاییی کردووە، ئینجا قوستەنتینی کوڕی بیست و چوار ساڵ پاتشاییی کردووە، ئینجا یۆلیانۆسی برازای قوستەنتین دوو ساڵ و شەش مانگ، ئینجا ئەوانیس-ی کوڕی نوحالە چواردە ساڵ، ئینجا تیدۆسیس-ی گچکە چل و دوو ساڵ، ئینجا مرقیانوس و بەلخاریا-ی ژنی حەوت ساڵ، ئینجا ئیلیۆن-ی گەورە، کە لە ڕەمەکی مەردوم " چینی مامناوەندیی خەڵک " بوو شازدە ساڵ، ئینجا ئیلیۆنی بچووکی کوڕی، ساڵێک، ئینجا زینین-ی ئەرمیناقی حەڤدە ساڵ، ئینجا نوستاس کە لە چینی ناوەڕاستی خەڵک بوو بیست و حەوت ساڵ، ئینجا دوای ئەو یۆستینوس نۆ ساڵ، ئینجا یوستنیانوس سی و نۆ ساڵ، ئینجا یوستینوس-ی خوارزای سێزدە ساڵ، ئینجا تەبارینوس چوار ساڵ، ئینجا مۆریقوس بیست ساڵ، ئینجا فۆقاس هەشت ساڵ، ئینجا هیرەقل

"هەرقل " و کوڕەکەی سی و یەک ساڵ، پاتشاییان کردووە. ئەوەش دەکاتە سێسەد و پێنج ساڵی حەڤدە پاتشا، کۆی گشتیی ئەوەش دەکاتە نۆسەد و نەوەد و دوو ساڵی پەنجا و هەشت پاتشا.

ئەمە مێژووی ئەو پاتشایانەی ڕۆمە کە دوای ئەسکەندەری مەقدۆنی تا ساڵی (کۆچی) پاتشاییان کردووە. ژمارەشیان پەنجا و هەشت شایە، چونکە کۆچی " پێغەمبەر د. س " لە ساڵی نۆیەمی پاتشاییی هەرقل بوو. ئەم مێژووانەشم لە پیاوێکی ڕۆمی وەرگرتووە کاری بندەستیی ئەحمەدی کوڕی عەبدولعەزیزی کوڕی دولەف بوو، بە دیل گیرابوو و پیاوێکی بە تەمەن بوو خوێندن و نووسینی ڕۆمیی دەزانی، بەڵام بە زەحمەت عەرەبیی پێ گۆ دەکرا، کوڕێکی لە سەربازانی سوڵتان هەبوو ئەستێرەناس و تێگەیشتوو بوو بە یەمەن ناویان دەبرد، لە زمانی باوکییەوە لە کتێبێکی بە ڕۆمی نووسراوەوە بۆمی بە ڕێنووس ئەم مێژووانەی وەردەگێڕا. ئینجا لە کتێبێکدا کە قازییەک لە قازییانی بەغدا دایناوبوو پێیان دەگوت وەکیع بەندێکم لە مێژووی پاتشایەڵێک بەرچاو کەوت هەر لە سەرەتای پاتشایەتیی قوستەنتینەوە هێنابووی تا ساڵی سێسەد و یەکی کۆچی. من لە بەندی چوارەمدا برێک لە هەواڵەکانی سێ چینی پاتشایانی ڕۆم باس دەکەم کە باسیان لێوە کرا، کە لە زمانی ڕۆمییە گێڕەوەکەوە مێژووی ساڵەکانیان باس دەکەم، ئینجا لە بەندی پێنجەمدا دەچمەوە سەر باسی ئەوەی لە کتێبەکەی وەکیعدا هەیە. ئەگەر خوای گەورە ئارەزووی لێ بوو.

## بەندی چوارەم

## لە بەشی دووەم

## لە گێڕانەوەی هەواڵی ئەو پاتشایانەی لەمەوپێش باسیان لێوە کرا

بەتڵیمۆس (ئەوەی باوکی خۆش دەویست)، بەتڵیمۆسی وەستا. بەتڵیمۆس (ئەوەی دایکی خۆش دەویست)، فلۆقەترا:

بەتڵیمۆس ئەوەی باوکی خۆش دەویست هێرشی کردە سەر ئیسرائیل لە فەلەستین و بە دیلی گرتن و ماوەیەک بە دیلی لەلای بوون، ئینجا ئازادی کردن و دەفرێکی لە زیو پێ دان و داوای لێیان کرد لە میچی قودس " بەیتولمەقدیس "دا هەڵی بواسن، شای وڵاتی شام لە سەردەمیدا ئەنتیاخوس بووە و لە شاری ئەنتاکیا دانیشتووە کە هەر بەخۆی بنیاتی نابوو. وەک شەڕوان چووە سەر بەتڵیمۆس " ئەوەی باوکی خۆش دەویست و بەزاندی و سووکایەتیشی پێ کرد.

بەڵام بەتڵیمۆسی وەستا خۆی بۆ هێرشی ئەنتیاخوس ئامادە کرد، هەواڵی مەرگی پێ گەیشت و بەسەر شامدا زاڵ بوو و خرایە سەر سامانی ڕۆم و بەوەش یۆنانییەکان دەستیان بەسەر شامدا گرت. بەڵام لە سەردەمی بەتڵیمۆس " ئەوەی دایکی خۆش دەویست "دا، ئەسکەندرۆسی کوڕی ئەنتیاخوس خۆی بۆ گەڕاندنەوەی شام ئامادە کرد و یۆنانییان بەزاندیان و شام کەوتە دەست دیماترنوس. فلۆقەتراش حەزی لە زانست بوو بایەخی بەکۆکردنەوەی دەدان و لەسەر کرینی

کتێبەکانی ئەفلاتوون و ئەرستاتاڵیس و ئەبوقرات ڕژد بوو و ئەم زانایانە مەقدۆنیایی بوون.

ئەغستۆس، تەباریس، قلۆدفوس، نیرۆن:

ئەغستۆس یەکەم کەس بووە کە قەیسەریان پێ گوتووە و گەردانکردنی وشەی " قەیسەر "یش لە " هەڵدرین "ەوە هاتووە، چونکە کە دایکی مردووە هەستیان کردووە ئەم لە زگیدا جووڵاوەتەوە و زگیان هەڵدڕیوە و ئەمیان (بە زیندوویی) دەرکردووە. کە بووەتە پاتشا هێرشی کردووەتە سەر ئەسکەندەرییە، دەستی بەسەر هەموو شتێکیدا گرتووە و گەنجینەکانی لە سامان و چەک هەمووی بردووەتە ڕۆما و لە ڕۆمدا شاری قەیسەرییەی بنیات ناوە. لە ساڵی چل و دووەمینی پاتشاییدا مەسیح لەدایک بووە " د. س ". لە سەردەمی تەباریسیشدا مەسیح بەرز کراوەتەوە و دوای بەرزکردنەوەی مەسیحیش سێ ساڵ لە پاتشاییدا بەردەوام بووە. قلۆدفوسیش یەعقووبی کوڕی زبدی حەواری " هاوەڵی مەسیح "ی کوشت و یەکەم شای بتپەرست بوو، قانوونی کوشتنی خرستیانانی دانا و خەڵکانێکی لێیان لەناو برد.

تاتوس، دومتیانوس، ئەدریانوس، ئەنتۆنیوس:

تاتوس و ئەستیسیانوسی هاوبەشی جوولەکەکان لێیان یاخی بوونەوە، ئەمیش لە ساڵی یەکەمی پاتشاییاندا هێرشیان بردە سەر مەقدیس و سێ هەزار کەسیان لە جوو کوشت و "بەیتولەقدیس "یشیان سووتاند و کەنیزەکێکی زۆریان لێ بە دیل گرتن. دومیتیانوسیش لە ساڵی نۆیەمی پاتشاییدا یوحەننای هاوەڵی نووسەری ئینجیلی بۆ دوورگەی قەبتوس دوور خستەوە و دواتر هێنایەوە. ئەدریانوسیش ئەوەی لە بەیتولەقدیسەوە مابوو تێکی دا. بەڵام ئەنتۆنیس فەرمانی بە سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی بەیتولەقدیسی دا و ناوی ئیلییای لێ نا.

دیقیوس، دقلتیانوس:

دیقیوس دەستی بەکوشتنی دیانان کرد و خەڵکێکی زۆری لێیان کوشت، خاوەنانی ئەشکەوت "أصحاب الكهف " لە دەس ئەم هەڵاتن و خەڵکی ئەفەسووس بوون. لە هەواڵەکانی خرستیانانی ڕۆمدا هاتووە کە خوا دوای سێسەد و نۆ ساڵ دوای مردنیان زیندووی کردنەوە لە سەردەمی شایەکدا کە بڕوای بە زیندووبوونەوە نەدەکرد. دقلتیانوس و مەکسیمیانوسی هاوبەشی دوای دیانان دەکەوتن لە شارەکانی ڕۆمدا و دەیانکوشتن و بە دیلی دەگرتن.

قوستەنتین، یولیانوس:

قوستەنتینی یەکەم بووە پاتشای ڕۆم، ئینجا گواستییەوە بۆ بازۆنتیا " بیزەنتیا " و شوورەیەکی بۆ بنیات نا و ناوی نا قوستەنتینییە٦ و کردیە پایەتەخت. ئینجا وازی لە بتپەرستی هێنا، لە ساڵی یەکەمی پاتشاییدا، چووە سەر ئاینی خرستیانان و لە حەوت ساڵەی پاتشاییدا هێلانی ڕەهایی (خەڵکی ڕەها ئورفە)ی دایکی چووە سەر فەلەستین کە باوکی لە شاری ڕەهاوە بە دیلی هێنابوو،

کڵێساکانی بنیات نا و چووه بەیتولەقدیس، ڕووناکیی بۆ داری ئەو خاچە دانا کە مەسیح " د. س "ی لەسەر لە خاچ درابوو، دەڵێن، بەدەستی خستووە و جەژنی خاچی بۆ داهێناوە و ئەو ئەرکەی لە ئەستۆی قوستەنتین هەڵگرتووە. لە نۆزدەمین ساڵی پاتشاییدا لە نیقیە سێسەد و دوازدە " ئوسقوف "ی کۆ کردەوە تا قانوونەکانی خرستیانییان دانا کە پێشتر نەبووە، دوای ئەوە هەموو ڕۆم و دوای ئەمانیش ئەرمەن بوونە دیان. ساڵی بیست و یەکەمی پاتشایی هەموو شارەکانی بە کڵێسا پڕ کرد. یۆلیانوسی برازای قوستەنتین وازی لە خرستیانی هێنا و چووەوە سەر بتپەرستی و لە سەردەمی پاتشاییی شاپووری کوڕی ئەرەشێردا هێرشی کردە سەر عێراق و لەوێ کوژرا. شاپوور پیاوێکی لە بەتریقە خرستیانەکانی کردە پاتشای ڕۆم پێیان دەگوت بونیانوس و ڕۆمی خستەوە سەر خاکەکەیان.

تیدۆسیوس، مرقیانوس، زنین، نوستاس:

تیدۆسیوس نەفرەتی لە نەستۆروس٧ی پەتریارک کرد، کە ئوسقوفێک بوو لە ئوسقوفەکان، ئەمیش ئەوەیە کە نەستوورییە خرستیانەکانیان دەدرێنە پاڵ. مرقیانوسیش و بەلخاریای هاوسەری نەفرەتیان لە یەعقووبییان کرد و ڕێوشوێنیان بۆ دانا. زینینیش خەڵکی وڵاتی ئەرمیناق بوو و بۆچوونی یەعقووبیی پێ پەسند بوو، بۆیە کەسێکی لێ یاخی بوو کە ئەم لەوێ نەبووە دەستی بەسەر قوستەنتینییەدا گرتووە، زنینیش بەپەلە گەڕایەوە و پاتشاییی لێ وەرگرتەوە و لە زینداندا مرد. ئەستاسیش لە چینی ناوەندی خەڵک بوو، بۆچوونی یەعقووبیی لا پەسند بوو و شارگەلێکی بنیات نان یەکێکیان عامووریە بوو، کە بناغەکەی لێ دەدا ئەوەندە پارەی دۆزییەوە بەشی بنیاتنانی شارەکە بکا، ئەوەشی مایەوە کڵێسا و دێری پێ بنیات نا. هەر خۆیشی باشتری دەزانی.



نەستۆریۆس

یۆستانیانوس، تەباریوس، مۆریقوس، فۆقاس:

یۆستینیانوس بنیاتنەری کڵێسای ڕەها[8]ی بیناسەیرە، تەباریوس-یش بایەخی بەو تەلارانە دەدا کە پاتشـایانی ڕۆمی لێ دادەنیـشتن، هـەندێکی بە زێڕ و هەندێکی بـە زیو و هـەندێکیـشی بە مس داپۆشین، مۆریقوسیش، پاتشایانی فارس لە چەند شارێکیدا بە سەریدا سـەرکەوتن و هەر ئەمیش کیسرا پەرویزی بەسـەر بەهرام چووپین پەسند کرد، یەک لە سەربازانی خۆی کە فۆقاس-یان پێ دەگوت هەڵی کوتایە سەری و کوشتی و بووە پاتشای ڕۆم. فۆقاس کە بووە پاتشا هەواڵەکە گەییە کیسرا پەرویز، بۆ مۆریقوس پێی ناخۆش بوو و شەهریزادی نارده شاری قوستەنتینییە و دەستی بەسەردا گرت و هەواڵێکی دوور و درێژی هەیە. پیاوێک لە پەتریارکەکان خۆی لە کیسرا نزیک کردەوە پێی دەگوترا هەرقڵ " هیرەقل "، بە هـەندێک دوورگەدا گـەڕا و کۆمـەڵێکی خـڕ کردەوە و چووە سەر شاری فـۆقاس و کوشتی و دوای کشانـەوەی فـورس لە شام لە سـەردەمی پاتشـاییی ئەردەشیری کوڕی شێرۆ خۆی بۆ نۆژەنکردنەوەی بەیتولەقدیس تەرخان کرد، ئینجا عەرەب هاتنە شام و کۆتا بە سەردەمی ڕۆمی تێدا هات.

## بەندی پێنجەم

## لە بەشی دووەم

## لە باسی مێژووەکانی ڕۆمدایە، ئەوەی وەکیعی قازی گێڕایەوە

وەکیع گوتی: ئەم مێژووانەم لە کتێبی پاتشایەک لە پاتشایانی ڕۆم-ەوە گواستووەتەوە، هەندێ وەرگێڕ لە ڕۆمییەوە بۆ عەرەبییان وەرگێڕاوە. قوستەنتینی کوڕی هێلانی " هێلانە یان هێلین "، دووسەد و نەوەد و حەوت ساڵ بەر لە مێژووی عەرەبی " کۆچی " بووە، سی و یەک ساڵی پاتشاییی کردووە، ئینجا قوستەنتینی کوڕی قوستەنتینی کوڕی بیست و چوار ساڵ. ئینجا یەلینوس دوو ساڵ و شەش مانگ. ئینجا تیدوس دە ساڵ و شەش مانگ، ئینجا بەتلیموس دە ساڵ و نۆ مانگ، ئینجا گەردینوس و ئەنتیلوس و تیدوس شەش ساڵ، ئینجا ئەرقادوسی کوڕی تیدوس سێزدە ساڵ و سێ مانگ پاتشاییان کردووە.

ئینجا تیدوسی کوڕی ئەرقادوس چل و دوو ساڵ و یەک مانگ، ئینجا بەستینوس و (ئەلبەستینوس!) بیست و نۆ ساڵ، ئینجا لاوی-ی گەورە شازدە ساڵ، ئینجا لاویی بچووک ساڵێک، ئینجا زینین حەڤدە ساڵ، ئینجا نەستاس بیست و حەوت ساڵ و چوار مانگ، ئینجا ئەنتلیوس نۆ ساڵ و یازدە مانگ، ئینجا قەستورۆندوس، کە لەدایکبوونی پێغەمبەر " د. خ " لە سەردەمیدا بوو، سی و هەشت ساڵ و سێ مانگ، ئینجا ئیستیفانوس پێنج ساڵ و سێ مانگ، ئینجا مەرقینوس، کە لە سەردەمیدا پێغەمبەر " د. خ " پەیامی بۆ داگیرا، بیست ساڵ و چوار مانگ پاتشایەتییان کردووە، ئینجا فوقاس، کە کۆچی پێغەمبەر لە کۆتاییی سەردەمیدا بووە،

هەشت ساڵی پاتشایەتی کردووە، ئینجا هەرقل و کوڕی، ئەمیش خاوەنی شەڕەکانی شامە، لە سەردەمیدا پێغەمبەر " د. خ " کۆچی دوایی کردووە، سی و یەک ساڵ پاتشایەتیی کردووە.

ئینجا قوستەنتینی کوڕی هەرقل، بیست و پێنج ساڵ پاتشایەتیی کردووە کە لە سەردەمیدا عوسمان کوژراوە و شەڕی سەففین بەرپا بووە، ئینجا قوستەنتینی کوڕی ژنی هەرقل حەڤدە ساڵ پاتشایەتیی کردووە، ئینجا قوستەنتینی کوڕی هەرقل دە ساڵی لە سەردەمی عەبدولمەلیکی کوڕی مەڕواندا پاتشایەتیی کردووە.

ئینجا لاوی، کە ئیلیۆنیشی پێ دەڵێن، سێ ساڵ پاتشاییی کردووە، ئینجا ئەستینوس لە سەردەمی عومەری کوڕی عەبدولعەزیزدا شەش ساڵ، ئینجا ئەستاسینوس دوو ساڵ، ئینجا تیدوس دوو ساڵ پاتشایەتییان کردووە، ئینجا لاوی کە لە سەردەمیدا پاتشایەتیی ئومەوییان بەسەرچووە، بیست و پێنج ساڵ و سێ مانگ، ئینجا لاویی کوڕی قوستەنتین پێنج ساڵ، ئینجا قوستەنتین -ی کوڕی لاوی دە ساڵ دوو مانگ کەم، ئینجا قوستەنتین شەش ساڵ و حەوت مانگ، ئینجا شابانوو ئەرینا کە پاتشاییی لە باوکی وەرگرت، پێنج ساڵ، ئینجا نیقفۆر لە سەردەمی ڕەشید " هاروون "دا هەشت ساڵ و نۆ مانگ، ئینجا نیقفۆر دوو مانگ، ئینجا میخائیلی کوڕی تۆفیل حەوت ساڵ و پێنج مانگ، ئینجا تۆفیلی کوڕی میخائیل لە سەردەمی مەئموونداا بیست و دوو ساڵ و سێ مانگ، ئینجا کچی میخائیلی کوڕی تۆفیل و دایکی تا کوڕەکەی گەیشتە تەمەنی پێگەیین، لە سەردەمی موتەوەککیلدا بیست و هەشت ساڵ، پاتشایەتییان کردووە.

ئینجا پاتشایی لەم بنەماڵەیەوە کەوتە دەست سەقلەب، لە سەردەمی موعتەزدا ساڵی دووسەد و پەنجا و سێدا بەسیلی سەقلەبی قبووڵی کرد، ئینجا بەسیل بیست ساڵ پاتشاییی کرد، ئینجا ئیلیۆنی کوڕی بەسیل لە سەردەمی موعتەمیددا لە ساڵی دووسەد و حەفتا و سێدا پاتشایەتیی کرد، ئینجا ئەسکەندەرۆسی کوڕی بەسیل لە سەردەمی موقتەدیردا لە دووسەد و نەوەد و نۆدا، ساڵێک و دوو مانگ مایەوە و بە پیلان (الدبیلە) مرد. ئینجا قوستەنتینی کوڕی ئیلیۆن کە دوازدە ساڵ پاتشا بوو، قوستەنتینی کوڕی ئەندرقوس بەسەریدا زاڵ بوو، کوڕێکی لە (شاری ئاشتی!)دا بوو دوای مردنی باوکی هەڵات و چووە وڵاتی ڕۆم، کە دەستی بەسەر پاتشایەتیدا گرت و لە دەرباردا جێگیر بوو کە خانووی پاتشایی بوو هاوەڵانی قوستەنتین -ی کوڕی ئیلیۆن لێیان توند کرد و کوشتیان و قوستەنتینی کوڕی ئیلیۆن ساڵی سێسەد و یەک دەستی بەسەر پاتشاییدا گرت.

لە نێوانی ئەوەی من لە بەندی سێیەمی ئەم بەشەدا دەیگێڕمەوە و ئەوەی وەکیعی قازی گێڕایەوە جیاوازییان زۆرە. ئەوەی من لە قسەی ڕۆمیم وەرگرت، بۆ پشت پێ بەستن لەوەی لە کتێبێکەوە گێڕاوەتەوە پەسندترە، دوور نییە ئەوەی گواستوویەتییەوە باشی نەخوێندبێتەوە.

ئەبومەعشەری ئەستێرەناس لە کتێبی هەزاران " الالوف "دا باسی مێژووی یۆنانییان و ڕۆم دەکا، کە لێرە من باسیان لێوە دەکەم.

گوتی فیلیقوس دواین پاتشای یۆنانییان بوو و لە شاری مەقدۆنییە دادەنیشت لە خاکی ڕۆمدا،

یۆنانییان یەکەم ساڵیان لە ساڵی پاتشاییەکەی بەرەو خوار دانا. ڕۆمیش هەموویان ساڵانی فیلوقوس دەکەنە سێ بەند: لە یەکەم ساڵییەوە تا تەواوی دووسەد و نەوەد و چوار ساڵ پێی دەڵێن ساڵانی " سەردەمی " یۆنانییان، چونکە یۆنانییەکان پاتشا و ڕێکخەرەوەی کاریان بوون، دوازدە پاتشا بوون، یەکەمیان فیلوقوس و دووەمیان ئەسکەندەر بوو. دوای ئەسکەندەریش نۆ شایان هەبووە نازناوی هەر یەکێکیان بەتڵیمۆس بووە، کە ناوێکە لە وشەی " جەنگ "ەوە۹ گەردان کراوە و هەریەکەشیان ناوێکی جیا لە ناوەکانی تریان هەبووە. دوای نۆیەمین شایان، پاتشایی کەوتە دەست شابانوویەکەوە ناوی فلۆقەترا بووە. ئینجا دوای ئەم دوازدەیە، کۆمەڵێک بوون بۆیان ڕێک کەوتبوو و لە ڕەمەکی زانایان بوون، هەریەکەیان ئەم نازناوەی هەبوو کە یەکێکیان بەتڵیمۆس ی دانەری کتێبی " مەجەستی "یە.۱۰ ئینجا دوای ئەوە سێسەد و سێزدە ساڵی تریش تەواوکەری شەشسەد و حەوت ساڵ، ڕۆمەکان بە ساڵانی ئەغستۆسی ناو دەبەن، چونکە یەکەم شایان بووە. ئینجا لە دوای ئەوەوە تا ئەم سەردەمەمان پێی دەڵێن ساڵانی دقلتیانوس، چونکە پاتشایەتیی بۆ مایەوە و بۆ ئەوانەی دوای خۆی جێگیر بوو، " هەر بە خۆی سرووشگەیێنی ڕاستییە. "

## بەشی سێیەم

## لە باسی مێژووەکانی ساڵانی پاتشایانی یۆنانییان

لە کتێبێکدا خوێندمەوە لەبارەی هەواڵەکانی یۆنانییانەوە نووسرابوو، گواستنەوەی درابووە پاڵ حەبیبی کوڕی بوهروزی مەترانی مووسڵ، کە یۆنانییەکان لە کۆنەوە سەرەتای مێژوویان لە دەرچوونی یۆنانی کوڕی تۆروس لە خاکی بابلەوە بەرەو ڕۆئاوا دادەنا. لەسەر ئەم مێژووە مانەوە



شەڕی کۆکمیلای نزیک هەولێر

لە نێوانی دارای شای فارس و ئەسکەندەری مەکەدۆنیی شای یۆنان

تا ئەسکەندەر دەرکەوت و بەسەر پاتشایاندا زاڵ بوو، یۆنانییەکانیش لەگەڵیان کەوتن و بوونە ناواخنی ڕۆم. هۆی سەرکەوتنی ئەسکەندەر بەسەر پاتشایاندا ئەوە بوو کە شەش ساڵ بەسەر لەدایکبوونیدا ڕەت بوو، لە شارەکەی دەرچوو و بەناو دەریا کەوت و دەستی بەسەر چەندان دوورگەدا گرت تا گەیشتە ئەوپەڕی فەرەنگستان لەوپەڕی ڕۆئاوادا. ئینجا گەڕایەوە و بەرەو خوار بووەوە بۆ ئەفریقیا و دابەزییە خاکی میسر، لەوێشەوە بۆ خاکی شام، وای بە بیردا هات کە هیچی نەکردووە و هیممەتی بەرز بووەوە و بەرەو ڕۆژهەڵات و چاوی چووە سەرکەوتن بەسەر پاتشای فارسدا.

کە لێی نزیک بووەوە وای بۆ ڕێک کەوت، کە هەندێک لە پارێزەرانی پشتەوەی هەڵیان کوتایە سەر شایەکەیان و کوشتیان، بەمجۆرە دەستی بەسەر شانشینی فارسدا گرت، ئینجا وێرای نیازی ئەولاتر، لە خاکی هیندستان و ئەوپەڕی ڕۆژهەڵات بکا و ئەو شوێنانەی دەستکەوت کە پێیان گەیشت. ئینجا گەڕایەوە شارە کۆنەکە بۆ ئەوەی دوای ئەوەی وێرانی کردبوو، نۆژەنی بکاتەوە، ئەوەی کە لە سەردەمی ئاوەدانیدا جێنشینی پاتشا کلدانییەکان بووە، کاتێک لێی نزیک کەوتەوە دەرمانخواردیان کرد و لە تەمەنی تەنیا سی و دوو ساڵاندا بەو ژەهرە مرد. کە لە ژیاندا بوو لە خەڵکانی سەردەمی خۆی خواست مێژوو بە ساڵانی پاتشاییەوە دانێن و سەرەتاکەی بە یەکەم ساڵی بیست و حەوت ساڵەی تەمەنی دابنێن، لەوەشەوە مێژوویان بۆ کتێبەکانیان دادەنا، ئینجا کە مرد لە ساڵی شەش ساڵەی ئەسکەندەریان دانا کە سەرەتای بزاوتەکەی بووە.

ئەمە ئەوەیە کە لە یۆنانییانی دەگێڕنەوە و ساڵانی دوای ئەسکەندەریانم باس نەکردووە، چونکە لە باسی مێژووەکانی پاتشایانی ڕۆمدا لە بەندی دووەمی بەشی دووەمدا باس کرا، جگە لەم کتێبەی گواستنەوەی دراوەتە پاڵ حەبیبی کوڕی بوهروز باسیانم لە شوێنی تردا نەدیوە.

***

پەراوێزەکانی وەرگێڕ

(١) ئەمانە، بەتلەمییەکان –یشیان پێ دەڵێن، کە زۆربەی ناوی پاتشاکانیا "بەتلیموس" بووە. بنەماڵەیەکی بە ڕەسەن مەقدۆنیایی بوونە، دوای مردنی ئەلکساندر " ئەسکەندەر "ی گەورە، کۆچیان کردووەتە میسر و دەوڵەتێکی سەربەخۆیان دامەزراندووە (٣٢٣ ی. پ. ز = ٢٧ ی. پ. ز) و پایەتەختیان شاری ئەسکەندەرییە بووە، یەکەم شایان " بەتلیمۆس –ی یەکەم " و دوا شایان "شازادە کلیۆباترا " بووە.

(٢) بە عەرەبی واتای وشەی " الصانع " دروستکەری شتێک دەگەیەنێ، کە دەکرێ بڵێین "وەستا " وەک من دامناوە، هەروەها لە بەغدا و هەندێک شوێنی تر واتای " شاگرد " دەگەیەنێ. من وەستاکەم لا پەسندتر بوو.

(٣) کلیۆپاترا: (٦٩ ی. پ. ز ٣٠ ی. پ. ز) شابانووی میسر بووە، لە مێژوودا بە پێوەندیی دڵداریی دراماتیکیی لەگەڵ یۆلیۆس قەیسەر و ئینجا لەگەڵ مارکۆس ئەنتۆنیۆسدا بووە، کە دواتر کلیۆپاترا خۆی دەکوژێ و دوا بەدوای ئەو ئەنتۆنیۆسزیش خۆی دەکوژێ و میسریش دەکەوێتە ژێر

دەسەڵاتی ڕۆماییيان.

کارێکی ئەدەبیی زۆر و بەناوبانگ بە ناوی کلیۆپاترا و ئەنتۆنیۆسەوە بەرهەم هێنراوە، لەمانە کارەکانی شێکسپیر و ئەحمەد شەوقی و... تاد.

(٤) نیرۆن یان نیرۆ: (٣٧ ی. پ. ز ٦٨ ی. پ. ز) پێنجەمین و دواترین ئیمپراتۆری ڕۆمانییە، یەکێکە لە دیکتاتۆرە زۆردارە هەرە دڕندەکانی مێژوو، یەک لە تاوانە هەرە گەورە و دیارەکانی نبرۆن سووتاندنی ڕۆمایە بە ژن و منداڵیەوە ساڵی ٦٤ ی. ز. کاتێک بە سەرخۆشی بیری لە، سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی ڕۆمای بۆ هاتووە، هەر لەژێر تەختەکانی شانۆوە ئاگری کردووەتەوە تا دە گەڕەکی لە چواردە گەڕەکەکانی ڕۆمای ئەوسا بووەتە خۆراکی ئاگر، هەر لەو کاتانەدا نیرۆن ئامێرێکی مۆسیقای بە دەستەوە بووە و شیعرەکانی هۆمیرۆسی بە گۆرانییەوە گوتووەتەوە کە باسی سووتاندنی شاری ترۆی " تەروادە " دەکا و بە سەرخۆشی لە بەرزەکێکدا دانیشتووە و زەوقی لەو سووتاندنە وەرگرتووە.

دواتر کە باری دەروونیی تێکچووە، خۆی کوشتووە.

(٥) گالینۆس (Galen): نۆژدارێکی یۆنانیی بەناوبانگە، پسپۆڕیی لە توێکاری " تشریح "دا بووە و گەلێک توێکاریی لە لاشەی ئاژەڵاندا کردووە لە پێناوی ناسینەوەی لەشی مرۆڤدا، گەلێک داهێنانی لە پزیشکیدا هەیە و یەکەم کەس بووە (خورپە)ی بۆ زانینی بارودۆخی نەخۆشان بەکار هێناوە.

(٦) لە ڕاستیدا (کۆنستانتینۆبڵ)ە، لەسەر زاری عەرەب و موسڵماناندا کراوەتە قوستەنتینییە، دواتریش تورکە عوسمانییەکان ناوەکانی: ئەستەمبووڵ و ئاستانە و ئیسلامبوڵ و هی تریان لێ ناوە.

(٧) نەستۆریوس یان نەستۆروس: یەک لە پیاوە ئاینییە گەورەکانی خرستیان " دیان " بووە، بەرز بووەتەوە تا گەیشتووەتە پلەی پەتریارکێتیی کورسیی قوستەنتینییە، ساڵی ٣٨١ ی. ز لە شاری مەراش لەدایک بووە، لە شاری ئەنتاکیا پەروەردە بووە. لە ١٠/ ٤ / ٤٢٨ ی. ز تیۆدیوسی ئیپراتۆر بە پەتریارکی هەڵبژاردووە. دواتر لەبەر ناکۆکیی ناو پیاوە ئاینییەکان دەرکراوە و بۆ بیاوانەکانی لیبیا دوور خراوەتەوە. دیانەکانی حەکاری و قەڵای کەرکووک و چەند لایەکی تری کوردستان لەسەر ڕێبازی نەستۆروسن، یان لەسەر ئەم ڕێبازە بوونە و دەمێکی زۆر نییە هەندێکیان وەک ڕێبازی ئاینی چوونەتە سەر ڕێبازی کلدانی.

یەک لەو کارانەی نەستۆروس ئەنجامی داون وەرگێڕانی ئینجیلە بۆ سەر زمانی ناوەخۆی ئەو میللەتەی دەوروبەرەکەی " زۆرێکی کوردستانی تورکیای ئەمڕۆ " کە وەک دەڵێن لە فرەنسا بە فرەنسایی و بەو زمانە کۆنە بڵاو کراوەتەوە کە ناوی دەقی " ئاریی کۆن "ی لێ نراوە.

(٨) ڕەها یان ڕوها: مەبەست لە شاری ئورفەیە.

(٩) دیارە وشەی (Battle)ی ئینگلیزیش هەر لە بنچینەدا لەم وشەیە وەرگیراوە کە واتای: جەنگ یان دەجەنگێ دەگەیەنێ.

(١٠) مەجەستی: ئەو کتێبە لە کەلەپووری عەرەب و موسڵماندا بەناوبانگە و پێی دەڵێن (المجسطی) کە وشەیەکی یۆنانییە، واتای شاهانە و ئەفسوون و جادوو دەگەیەنێ.

دیارە وشەی (Majesty)ی ئینگلیزیش کە واتای دەسەڵاتی شاهانە و شکۆ و گەورەیی دەگەیەنێ هەر لەو ڕیشەیەوە هاتووە.

# کەشتیی نووح

سایتی ویکیپیدیا

کەشتیی نووح، ئەو کەشتییە گەورەیەیە کە لە بەشی ئەفراندنی تەوراتدا باسی لێوە کراوە کە، خوا بەر لە تۆفان فەرمانی دروستکردنی بە نووح داوە بۆ نەبڕانەوەی ڕەسەنی مرۆڤ و گیانلەبەرانی تر. کەشتی بە ئامانجی پاراستنی خێزانی نووح و ئەو گیانلەبەرە بنچینەییانەی لە دنیادا هەبووە ئامادە کراوە. ئەم چیرۆکەی لە بەشی ئەفراندنی تەورات و قورئاندا باس کراوە، گوایە ڕۆژی ٢٧ی نیسانی ٢٠١٠ لە چیای ئاگریدا دۆزراوەتەوە. خوا بەناوی سزادانی مرۆ لەبەر ئەو ڕیزپەڕییە نیازی لەناوبردنی هەر هەموو گیانلەبەرانی جیهان ڕادەگەیەنێ. خوا تەماشای کرد، ئەو بەدکارییانەی مرۆ لەسەر زەویدا ئەنجامیان دەدا زۆرە، هەموو بیر و هزری هەر بەرەو بەدکارییە، لە ئەفراندنی مرۆ پەشیمان بووەوە. لە دڵەوە سکاڵای کرد. گوتی " ئەو مرۆیانەی ئەفراندمن، ئاژەڵەکان، خشۆکەکان، مەلەکان، لەسەر زەوییەوە دەسڕمەوە و فڕێیان دەدەم ". "چونکە لە ئەفراندنی ئەوان پەشیمان بوومەوە. بەڵام نووح بەزەییی لە چاوی خوا دیتەوە. " ئەفراندن / ٦٠٥ ٨ " بەڵام نووح کەسێک بووە بڕوای بەو هەبووە و خوا هەلێکی دەداتێ و دەبێتە هۆیەک. خوا، فەرمان بە نووح دەدا کەشتییەک دروست بکا و لەو گیانلەبەرانەی لە ژیاندا بوون لە هەریەکە جووتێ و (لە هەندێکیشیان حەوت جووت) سواری کەشتییەکە بکا.

" لە درەختی گۆفەر[1] کەشتییەک بۆ خۆت دروست بکە، زفت لە ناوەوە و دەرەوەی بدە، لە ناوەوەیدا ژوور دروست بکە. دەبێ کەشتییەکە وەها دروست بکەی، درێژیی سێسەد و بەرینیی پەنجا و بەرزیی سی گەز دەبێ. پەنجەرەشی بۆ بکە، باڵای بەرەو سەرەوە گەزێک بێ. دەرگەکەی لە تەنیشتەوە دانێ، نهۆمی خوارەوە و ناوەڕاست و سەرەوەی بۆ بکە، تۆفانێک دەنێرمە سەرزەوی، گشت گیانە هەناسەکێشەکانی ژێر ئاسمانان لەناو دەبەم. هەموو گیانداریێکی سەر ڕووی زەوی

................................................................

وەرگێڕانی لە تورکییەوە: ئەحمەد تاقانە



تۆفانی نووح و کەشتییەکەی
" نوسرەت چۆبان "



تابلۆیەکی ئێدوارد هێکس–ی ئەمەریکایی
(١٧٨٠ ١٨٤٩)
بارکردنی کەشتیی نووح بەجووت جووتی
گیانلەبەران دەنوێنێ

دەبێ بمرێ. بەڵام لەگەڵ تۆدا هاوپەیمانییەک دەکەم. لەگەڵ کوڕەکانت، ژنت، بووکەکانت سواری کەشتی بن. بۆ بە زیندوویی مانەوە، لە هەر جۆرە گیانلەبەرێک جووتێک کە یەکیان مێیە بێ لە کەشتییەکە دانێ. مەلی جۆرەوجۆر، ئاژەڵ، خشۆک، بۆ بە زیندوویی مانەوەیان جووت جووت دەبێ بێنە لای تۆ. بۆ خۆت و بۆ ئەوانیش هەرچییەک هەیە بخورێ لەگەڵ خۆت هەڵبگرە، دواتر بۆ خواردن کۆیان بکەوە. " ئەفراندن ٦: ١٤ ٢١ (لە زمانی ئەدغادا ناوی " خوافە " کە بەو هۆیانە دراوە کە لەسەر ئاودا ڕێ دەکەن)

لەوانەیە لە ناوی درەختی " گۆفەر "ەوە وەرگیرابێ. بەوەی کە بنەچەیان لە زەوی نەبڕێتەوە، لەو گیانلەبەرانەوە کە بە خاوێن دادەنرێن بە نێرە و مێیەوە لە هەریەکە حەوت جووت، لەوانەیان کە بەچڵکن دادەنرێن یەک و جووتێک، لە مەلانیش یەک و جەوت جووت ببە. " ئەفراندن ٧: ٢ "

نووح لە شەشسەدساڵیدا، لە حەڤدەمین ڕۆژی دووەم مانگی ئەو ساڵە هەموو کانییەکانی نشێوەکان تەقینەوە، سەرپۆشەکانی ئاسمان کرانەوە. چل شەو و چل ڕۆژ باران بەسەر زەویدا باری. ئەمەش میهرەبانییەکی خوا بوو بۆ نووح. ئەفراندن ٧: ١١ – ١٢

ئەو بەشەی تەورات کە باسی نیشتنەوەی دوای تۆفانی کەشتییەکە لەسەر چیای " ئاگری " دەکا ئەمەیە کە دەڵێ: کەشتی لە حەڤدەمین ڕۆژی مانگی حەوتەمدا بەسەر " چیای ئاگری "دا نیشتەوە. ئەفراندن ٤: ٨

بەپێی باوەڕی ئیسلامی، کەشتیی نووح دوای تۆفان لەسەر چیای " جوودی "دا نیشتووەتەوە. لە بابەتی کەشتیی ناوبراوەوە باسی ئەوتۆ هەیە کە لەسەر چیای ئاگریدا نیشتووەتەوە. ئۆستن هێنری لایارد و ل. کینگ، لە دەوروبەری ئەم چیایەدا نووسینی بزماریی ئاشوورییان بینیوە.

قورئانی پیرۆز دەڵێ کەشتییەکە لەسەر چیای جوودیدا نیشتووەتەوە. لە سوورەی هوددا دەڵێ:
"ئەی زەوی ئاوەکەت قووت بدەوە. ئەی ئاسمان! ئاوت ڕابگرە ". ئاو کشایەوە، کار ئەنجام درا. کەشتیش بە چیادا نیشتەوە و گوترا " کۆمەڵی زۆرداران دوور بن لە بەزەیی خوا ".

لە لێکدانەوەکانی قورئاندا باس لەوە کراوە کە جوودی لە شوێنێکی نزیکی مووسڵە. چیای باسکراو، ئەو چیایەی ئەمڕۆ لەناو سنوورەکانی جزیرەدایە. ئەمڕۆ دەکەوێتە ناو سنوورەکانی ناوچەی شیرناخەوە. ناوی شیرناخ، ناوێکی زۆر کۆنە بەواتای " شاری نووح " دەگەیەنێ و ئەو گوندەی بە ناوی " هەشتان "ە بە واتای (هەشتاکان) و لە داوێنی چیای جوودیدایە، لەو بڕوایەدان لەلایەن نووحەوە گوندی هەشتییان دروست کراوە و ناوی گوندەکە بەبۆنەی دابەزینی ئەو هەشتا کەسەوە لێ نراوە کە لەناو کەشتییەکەدا بوون.[٢]

***

سەرچاوە:

“ http://tr.wikipedia.org/wiki/Nuh%27un gemisi” adresinden alnd.

پەراوێزی وەرگێڕ:

(١) "گۆڤەر": لە کوردیدا " کفر " هەیە، ئەم دوو وشەیە بە دەنگەکانیانەوە لێک نزیکن، دارێکە لە دەوروبەری شاری " کفری " زۆرە، گوایە هەر لەبەر ئەوەش ناوی کفری لە شارەکە نراوە. "هەمبانە بۆرینە" دەڵێ: (کفر، دارێکی دەوەنە زۆرتر لە دەم چەمان دەڕوێ.)، خۆ ئەگەر ئەو پەندە بە بیردا بهێنینەوە کە دەڵێ: هەر دەوەنە و دەبێ بە دار. دوور نابێ لەوەی لەو سەردەمە کۆنانەدا درەختێک بووبێ، تەختەی کەڵکی ئەوەی بووبێ کەشتیی لێ دروست کرابێ.
هەروەها لە کوردیدا، چەند وشەیەکی تر هەن وەک:
قوففە: " هەمبانە بۆرینە " دەڵێ: بەلەمێکی لادیوار بڵندە. هەروەها " فەرهەنگی خاڵ چاپی یەکەم چاپخانەی کامەرانی سلێمانی ١٩٧٦ ب / ٣ " بە (قایغ)ی لێک داوەتەوە.
هەروەها وشەی " قوفک " واتە: قەرتاڵەی ترێ و میوەی تر " هەمبانە ".
لێرەدا باسێکم بە بیردا دێتەوە بۆ خۆشی و پڕ واتایی قسەکە دەگێڕمەوە: مامۆستا محەمەد تۆفیق وردی شاعیر و نووسەر دەیگێڕایەوە گوایە " بەشیر مەشیر " کە ناوی " حوسێن حوزنی موکریانی " هاتووە و نازناوی " داماو " بووە: مامۆستا بەشیر گوتوویەتی: ئەمە کەی داماوە، داماو بە یەکێک دەگوترێ لە دەم زێ بێت و شمەکیشی پێ بێ و (گوففە)ی دەست نەکەوێ بیپەڕێتەوە.
گوففە یان قوففە: وەکو خۆم لە دەوروبەری سەلمان پاک-ی نزیک بەغدا، کە دواتر ناویان لێ نا "مەدائین " ئەو گوففەیەم بینیوە، شتێکی خڕی گەورەی لە شێوەی تەنوورێکی زل، کە جێی یەک دوو زەلامی تێدا دەبووەوە وەک بلێی لە شێوەی قەرتاڵە دروستکردن دروست کرابێ و بە قیر و زفت دادەپۆشرا و وەک هۆیەکی گواستنەوەی ناو ئاو بەکار دەهێنرا.
(٢) لێکدانەوەی وشەکانی شیرناخ و هەشتان، لە وتارەکە خۆیدا بەو جۆرەیە، من هیچ دەستکارییەکم نەکردوون.

# دیكارت و شەڕێكی ترسناك لەگەڵ خۆی

هاشم ساڵح

پێشتر وتمان پاش فرانسیسی بیكۆن، دووەمین مامۆستای رۆئاوا دیكارتە. دیارە یەكەمین جار برادەرە پاریسییەكانی خۆی هەستیان بەم ڕاستییە كرد، بەتایبەت پاش ئەوەی چەند سیمایەكی گەورەی بلیمەتیان تێدا بەدی كرد. هەر بۆیە یەكێك لە هاوەڵەكانی پێی وت:

"ئێمە هەموومان پشت بە تۆ دەبەستین، بۆ ئەوەی پرۆژەكەی بیكۆن تەواو بكەیت و جێگەی ئەو بگریتەوە و ڕێگەی ڕاست پێشانی كۆمەڵگەی ئەوروپایی بدەیت"

هەروەها ئامۆژگارییان كرد كە زۆر ئاگای لە خۆی بێت و بگرە باشترە كە وڵات بەجێ بهێڵێ چونكە دڵنیان كە پاشتر ژیانی دەكەوێتە مەترسییەوە. چونكە كەسێك كە خاوەنی ئەو هەموو زیرەكی و بلیمەتییە بێت، ناتوانێ بە ئاسوودەیی لێرە بژی. درەنگ یان زوو كەشفی دەكەن و دەست دەكەن بە گێچەڵكردن پێی. درەنگ یان زوو، ناچار دەبێت لەگەڵ باوەڕی زۆرینە كە هێزە دەسەڵاتدارەكان پشتگیریی دەكەن، بكەوێتە شەڕێكی ئاشكرا و ڕاستەوخۆوە.

ئەویش هەر ئەمەی كرد كە ئەوان پێیان وت، زۆربەی زۆری ژیانی لە دەرەوەی وڵاتە ئەسڵییەكەی خۆی "فرەنسا" بەسەر برد، چونكە ئەو كات وڵاتێكی كاتۆلیكی و ملهوڕی ئوسوڵی بوو. فرەنسا بەهیچ شێوەیەك وەكو هۆڵەندا و وڵاتانی باكوری ئەوروپا كە زۆربەیان پرۆتستانت بوون، باوەڕی بە ئازادیی بیروڕا نەبوو.

مەزنیی دیكارت لە كوێدایە ؟ لەوەدایە كە توانی شەڕێكی گەورە لەگەڵ خۆی بكات، بەم شێوەیەش گەورە بوو و لە شەڕەكەش سەركەوتوو بوو.! خەڵكانێكی زۆر هەر لە هەمان ڕێگەی

................................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا



دیکارت

ئەودا گوم دەبن و ناگەنە هیچ ئەنجامێک. ئاخر هەموو کاتێک بەسەلامەتی گۆزەکە نابەیتەوە. بەڵێ ئەو پێش ئەوەی شەڕ لەگەڵ جیهانی دەرەوەی سەدە ناوەڕاستی و یەقینییە سەپاوەکاندا بکات، توانی بەئازاترین شێوە، گەورەترین شەڕ لەگەڵ خودی خۆی بکات. ئەو توانی پاش گومانێکی زۆر و بێ سنوور کە خەریک بوو لەناوی بەرێت و بەتەواوەتی مێشکی لەدەست بدات، بگاتە ڕاستی "یەقینێکی سارد". بەمانایەکی تر، ئەو کەسەی کە بنەڕەتی عەقڵانییەتی مۆدێرنی دامەزراندن، لە ساتێک لە ساتەکانی ژیانیدا لە لێواری شێتبوون نزیک بووە. کێ باوەڕ بەمە دەکات ؟ ئەو خودی خۆی دانی پێ دادەنێت. بەهۆی ئەو گومانە زۆرەوە، گومان ناخی وێران کرد و زۆر ئازاری کێشا و بەرەو دۆزەخی گومانی برد، بەشێوەیەک خەریک بوو پێی خۆی لەسەر زەوی ڕانەگرێت. بەم شێوەیە سەیر دەکەین، کە دامەزرێنەری عەقڵانییەتی فرەنسایی و ئەوروپایی بە گشتی، بەو شێوەیە ئێمە بۆی دەچین، کەسێکی عەقڵانی نەبووە، بگرە لە هەندێک کاتدا، شیمانەی ئەوە هەبووە کە بەرەو سنووری شێتی بڕوات. [١]

بەڵام لە دواین ساتدا توانی خۆی ڕزگار بکا، کاتێک ڕاستییەکەی بۆ دەرکەوت. ئەو هەروەک عاشقێکی گەورە، هەموو ژیانی بۆ دۆزینەوەی ڕاستی بەخشیبوو. لەکۆتاییدا دیکارت گەیشتە جێ، گەیشتە سەر زەویی وشک، گەیشتە سەر پارزەوینێکی نوێ. ئای چەندە لەو کاتەدا دڵخۆش بوو، چەندە بە ئاسوودەیی هەناسەی هەڵدەمژی، چەندە سوپاسگوزاری خوای کرد (پێ دەچێت لێشی ترسابێت). [٢]

ئینجا زانی، کە ئەو بەرپرسە لە سەرۆکایەتیکردنی ڕۆئاوا و بەرەو ڕێگەی ڕزگاری بەرێت و کلیل و مەنهەجێکی ڕاستی پێ دان، بۆ ئەوەی لەو تاریکییە قووڵ سەرلێشێواوییە ڕزگاریان بکا. بەم شێوەیە وانەیەکی باشی پێ داین لەبارەی پێویستیبوونەوە بەوەی کە شەڕێکی گەورە لەگەڵ خودی خۆمان بکەین، هەرچەندە نرخی زۆریشمان دابێت. لێرەدا مەبەست لە خودی تاک و خودی کۆمەڵ یەک شتە. ڕاستی هیچ نییە جگە لە ئەنجامگیریی ئەم شەڕە ناوەخۆییەی خودی خۆمان. وەحی برێتییە لە تەقینەوەیەکی ناوەخۆیی، کە هەموو ناخ و دەروونمان دەهەژێنێت. لێ دیکارت وەکو هەموو پێغەمبەرێک و فەیلەسووفێکی گەورە، هەستی کرد کە ئەمەش وەکو وەحییەک لە ئاسمانەوە بۆی دابەزیوە و ڕزگاری کرد، هەر بۆیە سوپاسی خوای کرد، بۆ ئەم دیارییە گرینگەی کە بەهیچ شێوەیەک نرخی ناپێورێت.

بۆ ئەوەی باشتر لە بۆچوونەکەم تێ بگەن دەڵێم: ئێمە بەگشتی حەز دەکەین کە خەڵکی تر بە دواکەوتوویی و توندڕۆیی و تایەفی و ڕەگەزپەرستی و هەمەجی... هتد تاوانبار بکەین . بەڵام زۆر بەدەگمەن خۆمان بەم تۆمەتانە یان بەشێکی بچووکی تۆمەتبار دەکەین. بەدەگمەن بە مێشکماندا ئەم پرسیارە دێت: چی ڕووی دەدا گەر ئێمە تایەفی یان ڕەگەزپەرست بین؟ چی دەبێت گەر بڵێین پەروەردەی ماڵەوەمان، پەروەردەی باوک و باپیرانمان هەڵەیە، پڕیەتی لە یەقینیاتی سەپێنراو و حوکمی پێش وەختی ؟ هەموو ئەم کولتوورە تەنها بە شان و باڵی تایەفەکەی خۆیەتی و ڕق و کینەیی دژ بەتایفەکانی تر بڵاو دەکاتەوە و وا پێشان دەدات کە ئێمە خاوەنی ڕاستییەکی ڕەهاین. هێندە ئازا نین کە بتوانین ئەم باسە بکەین، چونکە لە ناخەوە دەمانهەژێنێ و لەگەڵ خودی خۆمان دەمانخاتە شەڕێکی گەورەوە، لەگەڵ هەموو ئەو شتانەی کە هەر لە منداڵییەوە ناخمانی پڕ کردووە، کە خۆشەویستترین شتن لامان.

زۆر زۆر ئاسانە کە خەڵکی تر تاوانبار بکەین، بەڵام زۆر زۆر زەحمەتە بتوانین خۆمان تاوانبار بکەین و، ئەم کارە زەحمەتەش دیکارت کردی. لە ساتێک لە ساتەکانی ژیانیدا بڕیارێکی زۆر شێتانەی دا: ئەویش ئەوە بوو کە گومان لە هەموو ئەو فیکرانەی پێشووی خۆی بکات، کە هەر لە شیری دایکییەوە تا ئەو فیکرانەی کە لەگەڵ خێزان و قوتابخانە و مامۆستاکانی فێر بووە. بڕیاری دا هەموو ئەو فیکرانەی کە لە مێشکیدان بەشێوەیەکی تەواوەتی بشواتەوە و پاشان کۆمەڵێک یەقینی نوێ لەسەر زەویی نوێ دابمەزرێنێ، زەوییەک کە کۆمەڵێک کۆڵەکەی بەهێزی هەیە. هەر بۆیە هیگل وەسفی دەکا و دەڵێ:

"دیکارت پێشەنگ و پاڵەوانی فیکر بوو"

هیگل باش دەیزانی چی دەڵێت، چونکە ئەو بۆ خۆشی هەمان ئاستی ئەوی هەبوو.

گومان بەشێوەیەکی زۆر سەیر کاری لە دیکارت کرد، بۆ نموونە گومانی لەو کورسییە دەکرد کە لەسەری دانیشتووە یان ئەو مێزەی کە لە بەردەمیدایە !. لە هەندێک ساتدا لەبەر گومانکردن وای لێ دەهات کە خەریک بوو مێشکیشی لەدەست بدات.[٣]

وای لێ هات گومانی لە هەموو جیهانی دەرەکی دەکرد. بەڵام لە دوا وێستگەدا و پاش شەڕێکی ئێجگار توند لەگەڵ خودی خۆی، توانی بگاتە ئەم یەقینەی خوارەوە:

"ئەگەر تۆ گومان بکەیت و گومانیش ناخت بهەژێنێت و ئازار و ناڕەحەتت بکا، کەواتە نابێت گومان لەوە بکەیت کە تۆ بەگومانیت ! هەر لێرەشەوە گەیشتە سەر ڕستە بەناوبانگەکەی کە دەڵێت: من گومان دەکەم، کەواتە بیر دەکەمەوە، کەواتە من هەم"

ئەمەش ئەو ڕاستییە تۆکمەیەیە، کە دیکارت پێی گەیشت و هەموو سیستەمی فەلسەفیی خۆشی لەسەر ئەم بنەمایە دامەزراند. ئەو بەڕاستییەک گەیشت کە سەرچاوەکەی لە گومانەوە دروست دەبێت تەنانەت گومانی ڕادیکاڵیش. ئەو گەیشتە ئەم سنوورە:

"ئەگەر من بیر بکەمەوە، تەنانەت گەر گومانیش بکەم، ئەوا پێویستە من شتێک بم، هەر بۆیە پێویستە من هەبم بۆ ئەوەی گومان بکەم"

پێ دەچێت من بە بەردەوامی هەڵە بم یان هەڵخەڵەتێنراو بم، پێ دەچێت هەموو فیکرەکانم هەڵە بن، پێ دەچێت من لەلایەن بلیمەتێکی پیس و ساختەچییەوە گاڵتەم پێ کرابێت. بەڵام لەبەرئەوەی هەڵە بکەم یان هەڵبخەڵەتێم، پێویستە بەلایەنی کەمەوە من بوونم هەبێت! من ناتوانم هەڵبخەڵەتێم ئەگەر بوونم نەبێت.

کەواتە دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە هیچ گومانی تەنانەت گومانی رادیکاڵانەش)ی پێ ناوێت: کە من کەسێکم بەڕاستی بوونم هەیە ! ئەمەش ڕاستییەکی پتەوە کە هیچ نالەرزێت و ناگۆڕێت: ئەویش تیۆری کوجیتۆیە، کە دەڵێت:

"من هەم، کەواتە من بوونێکم کە دەتوانم بیر بکەمەوە، من بوونێک دەتوانم بە ڕاستی بگەم، ئەویش گەر هاتو بەشێوەیەکی مەنهەجی باش مێشکم بەکار هێنا"

هەروەک لۆک فیری دەڵێت: "لە ئەنجامی ئەزموونی گومانی ڕادیکاڵی کە دیکارت تێیدا دەژیا، بۆ یەکەم جار لە مێژووی فیکری جیهاندا، سێ فیکری گەورە دروست دەبێت، کە دەبنە بنەڕەتی فەلسەفەی مۆدێرن. ئەو فیکرانە کە دەبنە خاوەنی داهاتوویەکی پرشنگدار.[٤]

فیکرەی یەکەم:

دیارە دیکارت زۆر خۆی بە گومانەوە خەریک کرد و هەموو دڵ و دەروونی لای ئەم بابەتە بوو، ئەمەش مانای ئەوە نییە کە ئەمە تەنیا فیکرەیەکە بۆ کات بەسەربردن یان یاریکردنی سێرک ! بگرە ئەو دەیویست دۆزەخی گومان بەجێ بهێڵێت، پاش ئەوەی نرخێکی زۆر گەورەی دا، بۆ ئەوەی بگاتە ڕاستی و یەقینێکی نوێ یان بۆ ئەوەی پارزەوینێکی نوێی مەعریفە دەربخا. پێویستە ئاماژە بەوە بکەم، کە ئەو سەردەمەی دیکارتی تێدا دەژیا، سەردەمی دارمانی هەموو یەقینە پتەوە کۆنەکان بوو.

هەر لەو کاتەدا کۆپرنیکوس و کیبلەر و گالیلۆ و هەموو شۆڕشە زانستییە نوێیەکان پەیدا بوون، کە کۆتای بە یەقینەکانی عالەمی کۆن هێنا: یان بەواتایەکی تر کۆتایی بە زانستی "ئەرستۆتالیستی بەتلیموسی " هانی، ئەو زانستەی کە مەسیحییەت پرۆژە لاهووتی و خواییەکەی لەسەر دارشت.

ئەمەش پێی دەڵێن:

"فەلسەفەی سکولائی" المدرسیە" ئەو فەلسەفەیەی کە قەدیس تۆما ئاکوینی و خەڵکانی تر دایانرشت، کۆنترۆڵی هەموو سەدەکانی ناوەندی دەکرد هەتاوەکو دیکارت پەیدا بوو کۆتایی بەمە هێنا. ئەم فەلسەفەیەش خۆی وەکو ڕاستییەکی پیرۆز دەبینییەوە و هەر کەسێکیش گومانی لێ بکردایە، مانای وایە گومانی لە مەسیحیەت هەیە، نەک تەنیا گومان لە فەلسەفەی ئەرستۆ و بتلیموس. هەر کەسێکیش ئەم کارە بکات سزای سەربرینە. هەر لەبەر ئەم هۆیە هاوڕێکانی ئامۆژگارییان کرد کە فرەنسا بەجێ بهێڵێ، چونکە ئەوان پێشتر دەیانزانی کە ئەو لەگەڵیان مەبەست کڵێسایە" تووشی پێکدادان دەبێت و پاشان گەر لاهووتییەکان کەشفی بکەن، ئەوا "یەکسەر تیرۆری دەکەن[٥]"

لە کاتێکدا مرۆڤایەتی بەدرێژایی ٢٠٠٠ هەزار ساڵ هەڵەی کردبێت، چونکە پێی وابووە کە هەتاو بەدەوری زەویدا دەسووڕێتەوە نەک بەپێچەوانەوە، کەواتە بۆچی لە هەموو شتێکدا هەڵە ناکات ؟ هیچ شتێک بەشێوەیەکی تەواوەتی زامن نییە. وامان لێ هاتووە کە باوەڕ بە هیچ شتێک نەکەین. جێگەی ئاماژەیە ئەزموونی گومان شتێک نەبوو لەخۆڕا پەیدا بووبێت، بگرە لەو کاتەدا کۆمەڵێک هۆکار هەبوون بۆ ئەوەی پاساوی بۆ بهێننەوە. چیی تر باوەڕ بەهیچ شتێک ناکەین پاش ئەوەی کە هەموو ڕاستی و یەقینەکانی پێشوو، کە هێندەی چیاکان پتەو بوون، تووشی دارمان بوون. ئێستا ئێمە ناچار کراوین لەمەودوا گومان لە هەموو فیکرەیەک و دەستەواژەیەک بکەین و، زۆر باش شیبکەینەوە و لە هەموو ڕوویەکەوە بیخەینە ژێر پرسیاری جۆرەجۆر و ئینجا پاشان بڕیار بدەین ئاخۆ پێی ڕازین یان ناڕازین. ئەمەش یەکەمین وانە بوو کە رینیە دیکارت فێری کردین.

## فیکرەی دووەم:

دووەمین فیکرە کە ئەم فەیلەسووفە مەزنە دایهێنا، کە زۆر لە یەکەمیان ترسناکتر بوو، ئەویش ئەوە بوو: کە دەبێت مێژوو بەشێوەیەکی تەواوەتی بسڕێتەوە و لە نوقتەی سفرەوە دەست پێ بکەینەوە. لێرەوە رادیکاڵیزمی دیکارت و مەیلی کودەتایی دەردەکەوێت، بەشێوەیەک کە کەس لەو کاتەدا نەیدەتوانی قبووڵی بکات.

ئەمڕۆ بەلامانەوە ئەم فیکرەیە واقیعییە، عەقڵانییە، رەسەنە، تەنانەت نموونەیشە، ئەمە شتێکی ئاساییە پاش ئەوەی سێ سەدە و نیو بەسەر مردنی تێ پەڕیوە و پاش ئەوەی رۆئاوا فەلسەفەکەی هەڵمژیوە. بەڵام گەر کەمێک خۆمان بۆ ئەو سەدەیە بگەڕێنینەوە: ئەم فیکرەیەی ئەو وەکو بۆمبێکی چێنراو وا بووە کە لە پڕدا بە ئاسمانی ئەورووپادا دەتەقێتەوە. ئەو دەستی کرد بە پرسیارکردنی لەم جۆرە:

> چی دەبێت گەر هەموو فیکرەکانمان وەهمێک بن لە وەهمەکان ؟ چی دەبێت گەر هەموو ئەو فیکرانەی کە لەماڵەوە و قوتابخانە و کلێسا و قەشە وەرمان گرتووە هەر هەموویان هەڵەن؟

بەڵام لەو کاتەدا پرسیارێکی تر دروست دەبێت:

چۆن دەتوانین ئەمانە هەموویان بگۆڕین یان وازیان لێ بهێنین، پاش ئەوەی هەر لە شیری منداڵییەوە لەگەڵ ئەم فیکرانە ژیاوین و سەردەمانێکی زۆرمان لەگەڵدا بەسەر بردوون ؟.

ئەم فیکرانەمان خۆش ویستووە و کردوومانن بە بەشێک لە خۆمان کە ناتوانین وازیان لێ بهێنین. ئێمە لە کاتێکدا وا دەڵێین، کە هەموومان دەزانین کە فێربوونی زانستێک بەمنداڵی وەکو نەخشێک وایە بەسەر بەردێکەوە، بەمانای ئەوەی کە زۆر زەحمەتە یان هەر ناتوانین بیسڕینەوە. چونکە هەموو مرۆڤەکان فەیلەسووف نین، هەتاوەکو ئەم شەڕە قورسە بکەن، کە ترسی زۆری بۆ باری سایکۆلۆجیی مرۆڤ هەیە. هەموو کەسێک رینە دیکارت نییە. بگرە تەنانەت ئەویش وەکو پێشتر باسمان کرد، کە لە ساتێک لە ساتەکانی ژیانیدا، ترسی ئەوەی هەبوو کە مێشکی لەدەست بدات و شێت بێت. ئەمەش هەمووی بەهۆی ئەو شەڕە قورسەوە بوو کە لە ناخی خۆیدا کردی.[٦]

## دیکارت و شۆڕشی فرەنسایی

خەڵکی وا ڕاهاتوون کە بڵێن جان جاک رۆسۆ باوکی رۆحی شۆڕشی فرەنسایە، دیارە لەگەڵ ئەمیشدا باس لە ڤۆڵتێر و مۆنستکیۆ و بەشی زۆری فەیلەسووفانی تری ڕێنانسازی دەکرێت. دیارە ئەمەش تا ڕادەیەکی زۆر ڕاستە، بەڵام نابێت باوکی فیکریی هەموو ئەم فەیلەسووفانە لە بیر بکەین کە ئەویش دیکارت بووە. گەر جان جاک ڕۆسۆ بە باوکی نزیک و ڕاستەوخۆی شۆڕشی

فرەنسـایی دابنرێت، ئەوا بەدڵنیاییەوە دیکارت باوکی دوور و ناڕاستەوخۆی ئەم شـۆڕشـە بووە.[٧] چونکە دیکارت داهێنەری چەمکێکی نوێی شـۆڕشـی ڕادیکاڵی بووە، کە هـەمـوو مێژوو بەشـێوەیەکی تەواوەتی دەسڕێتەوە و خۆی لە یەقین و پاشخـانەکانی ئازاد دەکات. لەبەر ئەوە توکفیل هیچ هەڵەی نەکردووە کاتێک وتی:

یەعقووبییەکان هەڵگیرسێنەری شـۆڕشـی فرەنسـایی بوون وئەوان قـەڵای باستیلیـان شکاند و کـۆتاییـیـان بەسـەردەمـی پاشـایەتی و ئوسـوڵی و مـڵـهـووریی کـۆن هـێنا. بەواتایەکی زۆر ئاسـان ئەوان بڕێتـیی بوون لە " دیکارتی " کـە لە قـوتابخـانەکـاندا دەرچوون و دابەزینە سەر شەقامەکان.[٨]

چۆن لەم قسەیەی توکفیل تێ بگەین ؟ ئەو نوێکارییەی کە شـۆڕشگێرە فرەنسـاییەکان لە بواری مێژوویی و سیاسیدا کردیان، هەمان نوێکاری بوو کە دیکارت لە بواری فیکردا کردی.[٩]

پاشـان ئەو ئازایەتییـەکی گەورەی نواند، کاتێک وتی: پێویسـتە هـەمـوو باوەڕە بەجێمـاوە کۆنەکان لەلایەن مرۆڤـەوە بخرێنە ژێر گومان و شرۆڤـە بکرێن و ڕەخنەیان لێ بگیرێت، چونکە مرۆڤ توانی بوونی سـەربەخۆی خـۆی لە کڵێسـا و پیاوانی ئاینی بسـەپێنێت. تەنیـا مرۆڤ خـۆی کـە خـاوەنی مێشکە، دەتوانێت بڕیار لەسەر ڕاست و هەڵە و چاکە و خراپە بدا. هـەروەک ڕابوو سانت ئایتین کە یەکێک بوو لە سەرکردەکانی شۆڕشی فرەنسایی دەڵێت:

نابێت چیی تر مـێژوو هـەتا کۆتاییی زەمـەن حوکم بکات. مـێـژوومـان بڕێتی نییـە لـە یاسـایەکی مـیـراتگیـر کـە نەتوانین خـۆمـانی لـێ ڕزگار بکـەین. بەواتایەکی تر: دەتـوانین مـێـژوو بسـڕینەوە و کۆتاییی پێ بهێنین، دیارە بۆ ئەوەی ئێسـتایەک و داهـاتوویەکی تر دروست بکـەین، کە بەتەواوەتی لە مێژوو جیاواز بێت. بەواتایەکی تر ناکرێ لەبەرئەوەی مـاوەی هـەزار سـاڵ ژێر سـایەی سیستەمی دەرەبەگایەتیی ئەریسـتـۆکراتیی ئوسـوڵی هۆزگـەریدا ژیاوین و هـەروەها سـیـسـتـەمی نایەکسـانی و پێدانی پلە و پایەی تایبـەت بە کوڕانی بنەماڵە هـەبوو، ئەمـە مـانای ئەوە نییە ئێمە دەبێ هـەتاهـەتایە پابەندی ئەو شێوە کەلەپوورە بین.[١٠]

## فیکرەی سێیەم

سـێیـەمین فیکرەی گەورە کە دیکارت لەگەڵ خـۆی بۆی هێنابن، کە تا ڕادەیەک پێوەندی بە بابەتی پێشووەوە هـەیە، ئەویش ئەمەی خوارەوەیە:

مافی ئەوەمـان هـەیە هـەموو ئەو فیکرانە ڕەت بکەینەوە کە بە سـەرماندا سـەپێنراون، بەمانایەکی تر ئەو فـیکرانەی کە لە سـەرووی خۆمـانەوە بەبێ گفتوگۆ بەسـەرماندا سـەپێنراون. دیارە لێرەشدا مـەبەسـتی دیکارت ئەو بـاوەڕانە بوو کـە کڵێسـای مـەسـیحـی بەسـەر هـەمـووانی سـەپاندبوو، وەکو بڵێیت ئەمانە ڕاستییەکی تەواون و هـیچ جێگەی گفتوگۆ و قسـەکردن نین، گەر قەدیسێک قسـەیەکی

کـرد، دەبێت دەسـتـبـەجێ باوەڕی پێ بکەین و بەتەواوەتی تەسلیـمی بین. گـەر پاپای ڤـاتیکان فەتوایەکی دەرکرد، ئەرکی سەرشانمانە یەکسەر بەبێ بیرکردنەوە و گفتوگۆکردن قبووڵی بکەین، چونکە ئەو کەسێکی پاک و بێگەرد و پایەبەرزە و هیچ هەڵە ناکا. بەواتایەکی تر بۆ ڕاستی هەر قسەیەک بەپلەی یەکەم پشت بە شوێنی کۆمەڵایەتیی کەسەکە دەبەسترێت نەک بە ناوەڕۆکی قسەکە. لەبەر ئەوە دیکارت داهێنەری ڕۆحی ڕەخنەگرتنە، چونکە هیچ فیکرەیەکی بەبێ گومانکردن و شرۆڤەکردنی قبووڵ نەدەکرد. گەر ئەو فیکرەیە لە تاقیکردنەوەی دیکارت ڕزگاری بوو، ئەوا قبووڵی دەکات، گەرنا ئەوا قبووڵی ناکات، تەنانەت گەر مەسیحیش ئەو فیکرەی هێنابێت، قبووڵی ناکات. ئەو داهێنەری ئازادیی فیکرە لە کولتووری ئەورووپایی. ئەمەش جۆرە ئازایەتییەکی گەورەیە چونکە پێش ئەو لەم جۆرە ئازایەتییە نەبووە. دیارە بۆ ئەم کارەشی نرخێکی زۆری داوە. هەر بۆیە بەماوەیەکی کەم پاش مردنی کتێبەکانی خرانە ناو لیستی کتێبە حەرامکراوەکان.

بوسوییە کە ڕابەری بیری ئوسووڵی ئاینی فرەنسایی بوو دەڵێت:

"بەر لەعنەتی خوا بکەوێت. ئەم کابرایە میکرۆبی گومانی لە هەموو باوەڕ و شتە پیرۆزەکانمان چاند."

لە ڕاستیدا دیکارت خودی خۆی نەیتوانی ئەو ئازایەتییە بنوێنێ، کە گومانی خۆی لەسەر باوەڕە ئاینییەکان ڕابگەیەنێت. بگرە بە پێچەوانەوە بەشێوەیەکی ڕەها ئیمانی خۆی ڕاگەیاند، سوێندیشی خوارد کە وەکو کەسێکی ئیماندار باوەڕی بە ئاینی باو و باپیران هەیە. بەڵام ئەو ڕێگەی گومانە ڕادیکاڵانەیەی کە ئەو دایهێنا، لە داهاتوودا باوەڕە ئاینییەکانیشی گرتەوە. ئەمەش سیپۆنزا کردی، کە یەکێک بوو لە شاگردەکانی دیکارت. دیارە جگە لەمیش لایبنتز و لامبرانشیش هەمان کاریان کرد. ڕاستە ئەمان بۆچوونیان لەگەڵ مامۆستاکەیان جیاواز بوو، بەڵام هەموویان لە پاڵتۆکەی دیکارتەوە هاتنە دەرێ. ئەو پێشەنگی فەلسەفەی عەقڵانیی مۆدێرنە. سەیر دەکەیت لە دواین قۆناغیدا، دیکارت توانی گومان لە خودی گومانیش بکات. بەمانایەکی تر ئەو توانی ئەو هێزە نێگەتیڤە وێرانکارییەی گومان، بۆ هێزێکی پۆزەتیڤی بنیاتنەرانە بگۆڕێت، کە دەتوانێت ڕاستییەکان بەشێوەیەکی تۆکمەی تەواو دروستی بکات، کە سوودی زیاتری بۆ مرۆڤایەتی دەبێت. لێرەدا بلیمەتی و مەزنیی دیکارت دەردەکەوێت، چونکە گومان خەریک بوو زاڵ بێت بەسەریدا و پاشان بۆ کەسێکی نائومێد و بێ هیوای بگۆڕێت. دیارە نابێت ئەوەمان لە بیر بچێت ئەم حاڵەتەش بەسەر زۆر لە نووسەرانی تریشدا هاتووە. بەڵام ئەو لە دواین ساتدا، توانی خۆی لە پریشکی ئاگرەکە بپارێزێت، دیارە تەنیا بلیمەتە گەورەکان توانای ئەم کارەیان هەیە. پێ دەچێت هەر لەبەر ئەم هۆیەش بێت، کاتێک هیگل دەڵێت:

دیکارت پاڵەوانێک بوو پێشکێشی فیکر کرا.

دیارە وێرانکردن زۆر کارێکی ئاسانە، بەڵام ئاوەدانکردنەوە زۆر زەحمەتە، بەدڵنیاییەوە دروستکردنی شتێکی سوودمەند لەسەر زەوی، کارێکی ئاسان نییە.

پەراوێزەکان:

١- لێــرەدا پێم خــۆشــە لەبارەی ئەو سێ خــەونەی کــە دیکارت دیونی و هــەمــوو دەروونی هــەژاندوون، ڕوونکردنەوەیەکی باش بە خوێنەر بدەم. دیارە پاشتر توانی چارەسەرێکی گونجاو بۆ ئەم کێشــەیە بدۆزێتــەوە و لــە هــەمــان کــاتیــشــدا بــوو بەهۆی دابــەزینی پەیامــێکی نوێ و دۆزینــەوەی زانســتــێک و ڕاســتــییــەکی گــەورە. لەم ساتەدا ڕۆحی ئارام بووەوە و هێور بووەوە و پاشــان بڕیاری دا حــەجــێک بۆ شوێنە پیرۆزەکانی مەسیحی لە ناوچەی لۆریتو لە ئیتــاڵیا بکات، بۆ ئەوەی لەبارەی ئەم کۆتایییــە باشــەوە ســوپاسی خــوا بکات. بۆچی دیکارت وای کــرد ؟ چونکە گــەر لە ســاتە کــۆتــاییــیــەکــانیــدا ڕاستییەکانی بۆ دەرنەکەوتنایە ئەوا دۆزەخی گومان لە کۆتاییدا بەرەو لەدەستدانی مێشکی دەبرد. بەم شێوەیە ئەو باوەڕی نەدەکرد کە لە میکرۆبی گومانی وێرانکەر ڕزگاری بێت. ئەم ئەزمــوونەش لە شەوی ١٠ نۆڤــێــمــبــەری ١٦١٩ ڕووی دا و ئەمــەش لە چارەنووســی ژیانیــدا بڕیاردەر بوو. پاش ئەمــە دیکارت توانی جیاوازی لە نێوان گومانی مەنهەجی و پۆزەتیڤ، کە دەبێت بەسەر بۆچوون و باوەڕەکانماندا پراکــتــیــزەی بکەین بۆ ئەوەی باش لێی تێ بگەین و ڕاست لــە چەوت جــیــا بکــەینەوە، لەگــەڵ گــومــانی نێگەتیڤی وێرانکەر بکەین، کە دەبێت خۆمان لە پرووشکەکانی بپارێزین، پاش ئەوەی شەڕێکی گەورەی لەگەڵدا دەکەین.

٢- دەڵێن ســاڵی ١٦٢٣ دیکارت زیــارەتی مــەرقــەدی قــەدیســەی دو لوریت لە ئیتــالیا Notre-Dame de Lorette کــردووە، واتــە پاش چوار ســاڵ بەســەر ئیلهــام هاتن بۆی. بــەم شــێــوەیەش دیکارت لــە بەرامــبــەر ئەو پەیمانەی کــە لەگــەڵ خــودی خۆی بەستبــووی، وەفــادار بوو. ئاشکراکردنی ڕاستی، وەکو نیعــمــەتێکی گــەورە وابوو کە لە ئــاســمــانەوە بۆی دابــەزی. ئەمــەش ئەوەمــان بۆ دەردەخــات کــە چەندە هــەستی بە ترس کردووە، پێش ئەوەی ڕووی ڕاستەقینەی ڕاستییەکانی بۆ ئاشکرا بێت.

٣- لە ســەرەتای نووســینی کتێبەکــەیدا (تێڕامانە میــتــافــیزیقــیــیەکان)، گومان وای لە دیکارت کردبوو، کە گــومــان لە جــەســتــە و دەست و هــەمــوو شــتــێک بکات، بەڵام پاشــتــر بــۆی دەردەکــەوێت و دەڵێت: ئەمــە مەعقوول نییە، ئەمە شێتییە، منیش شێت نیم.

٤- ســەیری کتێبی:

vivre.Traite de philosophie a lusage des jeunes Luc Ferry :Apprendre a generations. Plon.Paris.2006.P 154 sq

٥- لێرەدا دەگــەینە وتە بەناوبانگەکەی نیتچە کە مــانای ئەمــە دەگــەیەنێت: ئاخۆ لــە ســاتێک لە ســاتەکــانی مێژوودا، تا چەندە خەڵکی توانای بەرگەگرتنی دڵۆپەیەک لە ڕاستییان هەبووە ؟ گەل ناتوانێت بەرگەی ڕاســتی بگرێت چونکە دەیکوژێت ؛ مــەبــەستم خــاوەنەکەی دەکــوژێت. لەبەر ئەوە پێــویســتــە بەشــێــوەی دڵۆپەی بچــووک ڕاســتی پێشکێشی خــەڵکی بکەین، چونکە گــەر هــەمــوو ڕاســتــیــیــەکــانمان بەجــارێک دابــەزانــد، ئەوا دەیانشــڵــەژێنێ و دەیانکــوژێ. لەبەر ئەوە وەکــو بیــرمــەندێک مــافی ئەوەت نیــیــە کــە یەقینەکانی خەڵکی هەروا بەئاسانی و خێرایی بهــەژێنیت. تەنیــا ســەرۆکێکی فیکری یان ســیــاسی دەتوانێت بــەیەکەم جار بەرگــەی ڕاستی بگرێت بێ ئەوەی بهــەژێت و پارســەنگی خــۆی لەدەست بدات. بەڵام زۆرینــەی خــەڵکی وا نین، لێرەدا باسی نموونەیەکــتــان بۆ دەکــەم. کــاتێک جــەنەراڵ دیگۆل ســاڵی

١٩٥٨ گەڕایەوە بۆ سەر دەسەڵات، گەر یەکسەر چارەسەرەکەی خۆی لەبارەی کێشەی جەزائیری بە خەڵکی بووتایە، ئەوا خەڵکی بەتەواوەتی شێت دەبوون. بەڵام ئەو لە سەرەتادا دەستی کرد بە خولانەوە بەدەوری ڕاستییەکان و شاردنەوەی مەبەستی ڕاستەقینەی خۆی و زۆر جاریش هەستی وای پێشانی خەڵکی دەدات، کە پێچەوانەی ئەوە بوو کە دەیکرد. بەڵام بە شێنەیی دەستی کرد بەوەی کە هەڵوێستی خۆی ئاشکرا بکات، بۆ ئەوەی گەلەکەی ئامادە بکات، بۆ ئەوەی بەرگەی بڕیارە قورسەکەی خۆی بگرن، ئەویش جیابوونەوەی جەزائیر لە فرەنسایە. لەگەڵ ئەوەی کە زۆر ئەگادارییی خۆی دەکرد، بەڵام کاتێک ڕاستییەکانی ئاشکرا کرد هەوڵیان دا تیرۆری بکەن و لەناوی بەرن. ئەمە مانای وایە، کە ڕاستی شتێکی ئاسان نییە. ڕاستی بە مانا حەرفییەکەی بکوژە. کێ دەتوانێت باس لە ڕاستیی کولتووری ئیسلامی بکات ؟ مەحاڵە. پێ دەچێت لە پاش پەنجا ساڵی تر بە شێنەیی ڕاستییەکان ئاشکرا بکرێن. بەڵام کێ ئاگای لەباری دەروونیی سەرۆکێکی فیکری یان سیاسی هەیە، کاتێک بەیەکجار ڕاستییەکانی بۆ ئاشکرا دەبێت ؟ ڕاستە ئەو تووشی گرژی و بێ تاقەتیی زۆر دەبێت بەشێوەیەک کە هیچ ناتوانین وەسفی بکەین. بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئەو هەڵگری بەرپرسیارێتییەکی گەورەیە. چەندە دۆزەخی تەنیایی ئازاری دەدات، کاتێک دەیەوێت بڕیارێکی قورس بدات. بیاوانی تەنیایی دەوری تەنیوە. پێ دەچێت لە ساتێکیشدا بڵێت: خوایە بۆچی من لە بەرامبەر ئەم هەموو شتە بەرپرسم ؟ بۆچی کارێکت پێ سپاردم کە لە سەرووی تەحەمولی خۆمدایە؟ بۆچی تەنیا من ئەم کارەت پێ سپاردم؟.

بەڵام لە هەمان کاتیشدا هەست بە شانازی و فەخرێک دەکات، چونکە خوا ئەوی لەناو هەموو مرۆڤایەتیدا هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی ئەم بەرپرسیارێتییە گەورەیە هەڵبگرێت، هەر بۆیە هەست دەکات بووەتە پێغەمبەرێکی مەزن. لەم کاتەدا هەستێکی لا دروست دەبێت، بەشێوەیەک کە وەسف ناکرێت، واهەست دەکات کە هەموو گەل بووەتە ئەو. دیارە سەرۆکە گەورەکان ئەم بارەیان دیوە: لە لۆتەرەوە بۆ دیکارت بۆ جان جاک ڕۆسۆ تا ناپلیۆن و کانت و هیگل: ئەمانەش هەموویان پێغەمبەری سەردەمی مۆدێرنن.

٦- پێ دەچێت خەڵکانێک پێم بڵێن: کاکی برا تۆ لێرەدا داوامان لێ دەکەیت کە مێشکمان بشۆینەوە بۆ ئەوەی پێش بکەوین ! بەدڵنیاییەوە تۆ چەند نیەتێکی پیست هەیە و ئامانجت وێرانکردن و لەناوبردنی کولتوور و باوەڕی باوک و باپیرانمانە. ئێمە نە پێویستیمان بە تۆیە و نە بە دیکارت و بە هیچ شێوەیەکیش گومانمان لە یەک باوەڕ و کولتوور و شتە پیرۆزەکانمان نییە. ئێمە پێویستیمان بەوە نییە کە لاساییی ئەزموونی ئەوروپایی بکەینەوە بۆ ئەوەی پێش بکەوین. ئێمە خاوەنی ڕەسەنایەتی و تایبەتمەندییەکی مێژوویی خۆمانین. برۆ لە بەرچاومان ون بەبێدەنگ بە ! منیش وەڵامیان دەدەمەوە و دەڵێم: گەر هەموو باوەڕەکانمان ڕاستن، من تێ ناگەم بۆچی خەڵکی تر پاش ئەوەی باوەڕە کولتوورییە کۆنەکانیان لەناوبرد و خۆیان لێ ڕزگار کرد، ئینجا پێش کەوتن، بەڵام ئێمە بە دواکەوتوویی ماینەوە و گیرمان بە دەست شەڕی ناوەخۆیی و تەقینەوە و ڕق و کینە خواردووە. بۆچی ئەوان توانییان خۆیان لە ڕق و کینە مەزهەبی و تایەفییەکانیان ڕزگار بکەن و دەوڵەتێکی مەدەنی و عیلمانی دروست بکەن، کە سنگی بۆ هەمووان فراوانە و ئێمەش لەمەدا شکستمان هانی ؟ ئاخۆ ئێوە لەو باوەڕەدان، کە ئێمە

دەتوانین لەسەر پاشماوەی بیرە کۆنەکان دەوڵەتێکی مۆدێرن دروست بکەین ؟ بەڵام لە هەمان کاتیشدا دانی پێدا دەنێم، کە وردوخاشکردنی کولتووری کۆن لە ڕووی دەروونییەوە کارێکی ترسناکە. چونکە گەل پێوەستە پێوەی و لەسەری دەژی و هێمنی و ئارامیشی پێ دەدا. لەبەر ئەوە من پێم وایە کە نابێت بەشێوەیەکی توند و ناشیرین پەلاماری شتە پیرۆز و یەقینەکانی خەڵکی بدەین. لەبەر ئەوە سەیر دەکەین ڕۆشنبیری عەرەبی لە بارێکدایە، کە جێگەی بەزەیی پێدا هاتنەوەیە. چونکە ئەو دەزانێت لەلایەک لەناوبردنی باوەڕە کۆنەکان کە لەناو خەڵکیدا باوە پێویستییەکی گرینگە، لەلایەکی تریشەوە لەوە دەترسێت کە پارسەنگی سایکۆلۆجیی گەل تێک بچێت. کەواتە چ بکەین ؟.

٧- لەبەر ئەوە هێزە کۆنەپارێزەکان هەڵەیان نەکردووە کاتێک بە توندی دژی وەستانەوە و کڵێساش کتێبەکانی خستە ناو لیستی کتێبە حەرامکراوەکان، یانی ئەو کتێبانەی کە زەرەریان بۆ باوەڕی مەسیحی هەیە و دژ بەو ئاینەشن. جێگەی ئاماژەیە بوسویە ڕابەری بیری ئوسووڵی فرەنسایی زۆر بەتوندی هێرشی کردە سەر و ئەوی بە بەرپرسی یەکەم دانا، لەو مەوجە سەرلێشێواوەی کە گومان لە باوەڕ و کولتووری پیرۆزمان دەکەن.

٨- سەیری سەرچاوەی ٤ بکە.

٩-لەبەر ئەوە ئێمە دەڵێین شۆڕشی فیکری پێش شۆڕشی سیاسی دەکەوێت و دەبێتە پێشڕەوی نەک بەپێچەوانە. دەبێت عەرەبانەکە بخەینە دوای ئەسپەکە نەک پێشی. ئەمەش هەتاوەکو ئەمڕۆ عەرەب و موسڵمانەکان تێی ناگەن. بەڵگەشم بۆ ئەمە ئەوەیە، کە زۆربەی ڕۆشنبیرەکان، کاتێک خومەینی شۆڕشی کرد "کە دەمانگەڕێنێتەوە دواوە"، چەپڵەیان بۆ لێ دا ! لەبەر ئەوە دەڵێین: هەتاوەکو ئەمڕۆ شۆڕشی فیکری لە گێتی عەرەبی و ئیسلامیدا ڕووی نەداوە. ئیتر چی دەڵێیت بەشۆڕشێکی سیاسی و گۆڕانکاریی ڕاستەقینە لە واقیعدا. ئەمەش حیکایەتێکی درێژە. ڕۆژێک لە ڕۆژان هەموو مێژووی کولتووریمان دەسڕێتەوە یان بەلایەنی کەمەوە سیمایەکی تەواوەتیی ڕۆئاوایی بەخۆوە دەگرێت. لێرەوە گرینگیی پرۆژەی ڕەخنەگرتن لە مێشکی ئیسلامی یان لەناوبردنی کولتووری زەرەرمەند و دۆگماتیکی داخراو دەردەکەوێت.

١٠-چی دەبێت گەر وای دابنێین ڕۆژێک لە ڕۆژان ڕۆشنبیرێکی میسریی موسڵمان بێتە دەرەوە و بڵێت: ئاینی مەسیحی ئاینێکە وەکو ئیسلام تەواوە؟ و ئیسلامیش لە ئاینی مەسیحی باشتر نییە. ئاخۆ ئەمە بە ئیستیفزازکردن دانانرێت؟ یان وای دابنێین ڕۆژێک لە ڕۆژان ڕۆشنبیرێکی سعوودی بڵێت: پێویستە هەروەک چۆن ڕێز لە مەزهەبی سوننی دەگرین، ئاواش ڕێز لە مەزهەبی شیعە بگرین. ئاخۆ ئەمە نابێتە هۆی دروستکردنی هەرایەکی گەورە؟ یان وای دابنێین ڕۆشنبیرێکی ئێرانی بڵێت: مەزهەبی سوننە ڕاستە و پێویستە هەروەک چۆن ڕێز لە مەزهەبی شیعە دەگرین، ئاواش ڕێز لە مەزهەبی سوننە بگرین. چی بەسەر دێت ؟ ئاخۆ ئەم پیاوە نابێتە هۆی ئەوەی کە هەموو خەڵکی ئێران ڕق و قینیان لێ بێتەوە ؟ یان وای دابنێین ڕۆشنبیرێکی عەرەبی بێتە دەرەوە بڵێت: پێ دەچێت کەسێکی بێباوەڕ (ملحد) لە چاو کەسێکی ئیماندار، ئەخلاقیتر و مرۆڤانەتر بێت کاتێک هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵکی تردا دەکات. ؟ ئاخۆ هەموو عەرەب و موسڵمانەکان تووشی شۆک نابن ؟ ئاخۆ بە توندوتیژی وەڵامی نادەنەوە ؟ یان وای دابنێین ئەو ڕۆشنبیرە بڵێت: ئاینەکان بریتین لە کۆمەڵێک پێکهاتەی خەیاڵیی جوان کە ئامانجیان

ئارامکردنەوەی خەڵکییە لە بەرامبەر مەرگ و ناتوانین ئەمڕۆ بەپێوەری ڕاست و چەوت حوکمی بەسەردا بدەین، یان هەمووی ڕاستە یان هەمووی چەوتە. ئاخۆ کاتێک ئەم قسانە دەکات خەڵکی بەردبارانی ناکەن؟ یان وای دابنێین بڵێت: لە نێوان هەموو ئاینەکاندا (ئیسلامی، مەسیحی، جوولەکە، بودی،،هتد) نیەتێکی ئەخلاقیی هاوبەش پێکەوە دەیانبەستێتەوە، تەنیا ئەمەش لای من گرینگە و ڕێزی لێ دەگرم و بەجەوهەری ئاینیشی دادەنێم ! بەڵام جگە لەمە هەموو تقووسات و نەریت و باوەڕە ڕێگەپێدراو یاساغەکان، نابنە جەوهەری ئاینەکە، چونکە ئەمانە هەموو شتێکی ڕێژەیین و لە ئاینێکەوە بۆ ئاینێکی تر دەگۆڕێت. ئاخۆ ئیماندارەکان ئەم پیاوە بە مولحید و فاسق دانانێن ؟ دەتوانین بێ سنوور نموونەی لەم جۆرە بهێنینەوە. بەڵام هێزە کۆنەپارێزەکانی گێتیی عەرەبی ئەم مەنتیقە ڕەت دەکەنەوە و بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەم باسە ڕێگەی تر دەدۆزنەوە. ئەوان پێت دەڵێن: کاکی برا بۆ سەیری ژاپۆن ناکەیت پێش کەوتن بەبێ ئەوەی لە کولتووری خۆیان دابڕێن. کەواتە بۆچی دەتەوێت دیکارت و نموونەی ئەوروپایی بەسەرماندا بسەپێنیت ؟ دەیانەوێت بەم فێڵە هەڵمان بخەڵەتێنن و بۆ ئەوەی ڕەخنەگرتن لە باوەڕ و شتە پیرۆزەکان بۆ هەتاهەتایە دوابخەن و شەڕەکە بەکراوەیی بەجێ بهێڵن. جوانترین و بەرزترین خاڵی نموونەی ئەوروپایی ئەوە بوو کە کەوتە شەڕێکی توندەوە لەگەڵ خودی خۆی، ئەمەش ئەوان ناتوانن بیبینن. ئەوان ناتوانن دان بەوەشدا بنێن کە ئێمە ئێستا پێویستییەکی گرینگمان بەم شتە هەیە، پاش ئەوەی بۆ ماوەیەکی زۆرە تووشی خامۆشی و چەقین بووین. دیارە کولتووری عەرەبی و ئیسلامی زۆر سوودمەند دەبێت، گەر بەشێوەیەکی ڕاستگۆیانە و هەتا سەر ئێسقان ئەم شەڕەی لەگەڵدا بکەین. بەهیچ شێوەیەک هەتا ئێمە ئەم شەڕە نەکەین، ناتوانین شارستانییەکەمان پێش بخەین، چونکە لە هەموو کاتێکدا ڕامان دەگرێت و بێ هیوامان دەکات، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە لەناو ڕەگ و ڕیشە و خوێنماندایە و زۆر دژی ئەو یاسا و یەقینانەیە کە لەگەڵ عەقڵی مۆدێرندا ناگونجێت. لەبەر ئەوە شەڕی خودی عەرەبی و ئیسلامی لەگەڵ خۆیان، هێشتا دەستی پێ نەکردووە و هیچ کەسێکیش ئەو ئازایەتییەی تێدا نییە کە دەست بەم شەڕە بکا. دیارە لێرەدا دەمەوێ چەند هەوڵێکی بچووکی هەندێک ڕۆشنبیر و ڕووناکبیری لێ دەرکەین. بەڕاستی هیچ کەسێک ناناسم ئەو ئازایەتییەی محەمەد ئاراگۆنی هەبووبێ وەکو ئەو خاوەنی پرۆژەی " ڕەخنە لە عەقڵی ئیسلامی " بووبێت.

سەرچاوە:

دیکارت و معرکة خطره مع الذات. هاشم صالح. سایتی الاوان.

# هەورێشم

ئەلێساندرو باریککۆ

١ لە ٢

١

ئەگەرچی باوکی داهاتووی باشی لە ڕیزی سوپادا بۆ دەویست، هێرڤێ ژونکور بۆ بژێویی خۆی کارێکی وا سەیری دەکرد کە، جا بە تیتاڵیشەوە بووبێت، شتێکی ئەوەندە نەرم و خۆشی لێ نیشتبوو، کەس باری نەدەهات دیوە دیارە ژنانەکەی پەردەپۆش بکات.

بۆ دابینکردنی بژێویی خۆی هێرڤێ ژونکور سەودای بە کرمی هەورێشمەوە دەکرد.

١٨٦١ بوو. فلوبێر خەریک بوو سەلەمبوی دەنووسی. ڕووناکیی کارەبا هێشتا هەر گریمانە بوو. لەوبەری زەریاشدا ئەبرەهام لینکۆلن شەڕێکی تاو دابوو کە دواییەکەی نابینێ.

هێرڤێ ژونکور ٣٢ساڵان بوو.

کرمی هەورێشمی دەکڕی و دەفرۆشت.

٢

ئەوی ڕاستی بێت هێرڤێ ژونکور کرمی هەورێشمی لە قۆناخێکی بوونیاندا دەکڕی کە هێلکەی میکرۆسکۆپی نەبێت هیچێک نەبوون، بە ڕەنگ زەرد یان کەوەیی، بێ لەرە و بە ڕواڵەت مردوو. هەر لە ناودەستێکدا جێی هەزارانیان دەبووەوە.

................................................................

وەرگێڕانی لە سویدییەوە: حەسەن نوور

"ئەمەیە کە دەڵێن سامانێکت بەدەستەوە بێت."

لە سەرەتای مانگی مایسدا هێلکەکان دەترووکان و کرمێکیان لێ هەڵدەهات کە دوای سی ڕۆژی خواردنی بێ پشووی گەڵای دارتوو، سەرلەنوێ خۆی لە پیلە دەنا. دوای دوو هەفتە و بۆ دوایین جار کە هەڵدەهات، سامانێکی لە دوای خۆیدا بەجێ دەهێشت کە بە هەورێشم هەزار مەتری هەودای خاوی پێک دەهێنا و بە سکەی زرینگەداریش فرەنکێکی زۆری فرەنسایی: ئەگەر ئەم هەمووە بەپێی گشت ڕێسایەکی ئەم هونەرە و بەش بە هێرڤێ ژۆنکوریش، لە ناوچەیەکی باشووری فرەنسادا پێوە چووبا.

لاڤیێلدیو ناوی ئەو شارە بوو کە هێرڤێ ژۆنکوری لێ دەژیا.

هێلێن ناوی هاوسەرەکەی بوو.

منداڵیان نەبوو.

٣

بۆ ئەوەی پەتایان بە تووشەوە نەیێت کە دەماودەم پەروەرگە ئەوروپاییەکانی دەگرتەوە، هێرڤێ ژۆنکور بۆ کڕینی هێلکەی کرمی هەورێشم تا ئەوبەری زەریای ناوین، تا سووریا و میسر دەچوو. هەر ئەمەیش گیانبازیی ڕاستەقینەی کارەکەی بوو. هەموو ساڵێک، لە سەرەتای کانوونی دووەمدا ملی لە ڕێ دەنا. هەزار و شەشسەت میل زەریای دەبڕی و هەشتسەت کیلۆمەتر وشکایی. هێلکەکانی هەڵدەبژارد، نرخیانی هەڵدەسەنگاند و دەیکڕین. کە دەگەڕایەوە هەشتسەت کیلۆمەتر وشکاییی دەبڕی و هەزار و شەشسەت میل زەریا. جا بەوجۆرە و زۆرجار لە یەکەم یەکشەمەی مانگی نیسان و زۆربەی جاریش لە سەروەختی نوێژی کلێسادا، دەگەیشتەوە لاڤیێلدیو.

دوایی دوو هەفتەی تری پێ دەچوو؛ هێلکەی پاکەتبەند دەکرد و خەریکی فرۆشتنیان دەبوو.

لە بەرماوەی ساڵیشدا پاڵی دەدایەوە.

٤

لێیان دەپرسی: ئەفریقیا چۆنە؟

ـ ماندووە.

هێرڤێ ژۆنکور خانوویەکی گەورەی لە پەڕگەی شاردا و کارخانەیەکی بچووکی لە ناوجەرگەیدا، بەرانبەر خانووە کۆنە چۆڵەکەی جین بێربێک، هەبوو.

جین بێربێک ڕۆژێک بڕیار دەدات کە تا لە دنیادا ماوە گۆ نەکات و لەم بەڵێنەی لانادات. هاوسەر و دوو کچەکەی دەستی لێ بەردەدەن و خۆی دەمرێت. خانووەکەیشی کەس بە تەمای کڕینی نابێت، بۆیە چۆڵ مابوو.

هێرڤێ ژونکور هەموو ساڵێک بە کڕین و فرۆشتنی کرمی هەورێشم ئەو هەموو ئاسوودەییەی بۆ خۆی و هاوسەرەکەی دابین دەکرد کە خەڵکی دەرەوەی شار بە خۆشبژیی دەزانن. ئەم کەسێک نەبوو بەهەوای پارە بایی بێت و ڕاستییەکیش کە لەوە بوو ڕۆژێک دەوڵەمەندێکی حەیتەی لێ هەڵبکەوێت، بەلایەوە بایی هیچێک نەبوو. لەمە بترازێت ئەم لەو کەسانە بوو کە بە چاکتری دەزانن سەرنجی ژیانی خۆیان بدەن، چونکە پێیان وایە ژیان ئەوەندە ناهێنێت خۆتی بۆ بکوتیت.

لەوانەیشە تێبینیتان کردبێت کە ئەم جۆرە کەسانە، هەر بەوجۆرە سەرنجی ژیانی خۆیان دەدەن کە زۆرینە سەیری ڕۆژێکی بارانبار دەکەن.

٥

ئەگەر کەسێک لێی پرسیبایە، هێرڤێ ژونکور دەیگوت ژیانی هەر بەوجۆرە تاهەتایە درێژە دەکێشێت. بەڵام لە سەرەتای ١٨٦٠کاندا پەتا، کە ئیتر هێلکەی لە پەروەرگە ئەوروپاییەکاندا تێ بردبوو، تا ئەوبەری زەریای ناوین تەشەنەی کرد و ئەفریقیای گرتەوە و بەپێی چەند سەرچاوەیەک تا هیندستان نەوەستا. ١٨٦١ کە هێرڤێ ژونکور لە سەفەرە ئاساییەکەی هاتەوە، هێلکەی وای هێنابوو کە دوای دوو مانگ دیاری دا هەر هەمووی گیرۆ بووە. بۆ لاڤیێدیو هەروەها بۆ گەلێکی ئەو شارانەی کە دارایی خۆیان بە بەرهەمهێنانی هەورێشم پێکەوە نابوو، ئەو ساڵە بە سەرەتای کۆتایی دەچوو. بەدیاریش کەوت زانست لە باریدا نەبوو هۆی ئەم پەتایە هەڵبهێنێت و پێ دەچوو سەرانسەری دنیا، تا بچووکترین کونجی، ئەم نەفرەتە نەزانراوە لێی داوە.

ـ نزیکەی هەموو دنیا، بالدابیو بەدەنگێکی نەوی گوتی: نزیکەی، چۆرێک ئاویشی بە پێرنووەکەی خۆیدا کرد.

٦

بالدابیو ئەو پیاوە بوو کە بیست ساڵی لەوەوبەر بۆ شارەکە هاتبوو، ڕێی ڕاستی تا نووسینگەکەی شارەوان بڕیبوو، بێ ئەوەی لە هیچ کەسی بگەیەنێت لێی چووبووە ژوور، هەورییەکی ڕەنگ هەموو ڕەنگەکانی خۆرنشینی لەسەر مێزەکەی هەڵخستبوو و لێی پرسیبوو

ـ دەزانن ئەمە چییە؟

ـ شتی ژنانە.

ـ هەڵە. شتی پیاوانە: پارەیە.

شارەوانەکە لە ژوورەکەی بە دەرکردن دابوو. بالدابیویش ڕێسگەیەکی لای ڕووبارەکە، کۆلیتێکی گەورە بۆ پەروەراندنی کرمی هەورێشم لە زارکی دارستانەکە و کڵێسایەکی بچووکی لەو جێیەی کە شەقامە سەرەکییەکە و جادەکەی ڕووەو ڤیڤێر یەکتر دەبڕن، لە ڕێی دایە ئاگنێسدا ڕۆ نا. سی

کارگەرێکی دامەزراند. تەونەدارێکی سەیری، ددانە و چەرخ هەر هەمووی، لە ئیتالیاوە هێنا و حەوت مانگی تەواو دەنگی نەکرد. دوایی چووەوە لای شارەوانەکە و سی هەزار فرانکی ئەسکەناز گەورەی لەسەر مێزەکەی ڕیز کرد و گوتی

- دەزانن ئەمە چییە؟

- پارەیە.

- هەڵە. ئەمە بەڵگەیە کە ئێوە کەرێکی گەورەن.

دوایی پارەکەی هەڵگرت و لە جانتاکەی نا، تەما بوو ڕێی خۆی بگرێت.

شارەوانەکە ڕای گرت.

- لەعنەتی خوات لێ بێت، چیت دەوێت بیکەم؟

- هیچ؛ جا بزانە شارەوانی چ شارێکی دەوڵەمەندت لێ دەردەچێت.

کە پێنج ساڵی بەسەر چوو لاڤیێلدیو خاوەنی حەوت ڕێسگە بوو، یەکێکی ناوەندە ڕابەرەکانی ئەوروپایشی لە پەروەراندنی کرمی هەورێشم و ڕستنی هەورێشمدا لێ هەڵکەوتبوو. هەرچی هەبوو موڵکی بالدابیو نەبوو. چەند کەسێکی خاوەنزەوی و بایەخداری ناوچەکە، شان بە شانی ئەم ملیان لە گیانبازییە سەیرەکەی کارەکە نابوو. خۆیشی بێ ئەوەی کۆ لە هیچ بکات هەموویانی بۆ نێو پاکیی نهێنییەکانی پیشەکەی ڕاکێشابوو. ئەمە شتێک بوو خۆشییەکی زیاتری پێ دەدا تا پارە وەک خۆڵ کەڵەکە بکات. کە خەڵک فێر بکات، کە ڕازی هەبێت و باسی بکات. بالدابیو کەسێکی وا بوو.

٧

بالدابیو ئەو کەسەیش بوو کە هەشت ساڵی لەوەوبەر ژیانی هێرڤێ ژونکوری گۆڕیبوو. ئەمە لەو سەروەختەدا بوو کە پەتا نوێیەکان کاری خراپی خۆیان لە بەرهەمە ئەوروپاییەکەی هێلکەی کرمی هەورێشم دەکرد. جا بێ ئەوەی سەری لێ بشێوێت، دۆخەکەی لێک دابووەوە و بەو ئاکامە گەیشتبوو کە کێشەکە چارە ناکرێت، بەڵکە دەبێت پێچی لێ بکرێتەوە. بۆ ئەمە بیرێکی هەبوو، بەڵام کەسی لەباری بۆی نەبوو. کە هێرڤێ ژونکوریشی بینی، خۆش و ڕێکپۆش لە بەرگە ئەفسەرییەکەیدا جادەی بەر قاوەخانەکەی ڤێردۆ دەبڕێت و هەنگاوی پڕ شانازیی وا دەنێت هەر لە سوپایی مۆڵەتدرا دێت، لێی ئاشکرا بوو کەسی مەبەستی پەیدا کردووە. هێرڤێ ژونکور لەو ڕێککەوتەدا بیست و چوار ساڵان بوو. بالدابیو لە ماڵی خۆیدا میوانداریی کرد، نەخشەنامەیەکی پڕ لە ناوی سەمەرەی بە بەریەوە هەڵخست و گوتی

- پیرۆزت بێت، کاری لەمە چاکترت دەست ناکەوێت، ڕۆڵە.

هێرڤێ ژونکور دوای ئەوەی چیرۆکێکی بیندرێژی سەبارەت بە کرمی هەورێشم و هێلکە و

هەرەمەکان و سەفەری نێو زەریای بۆ باس کرا، گوتی

- نابێت.

- بۆ نابێت؟

- دوو ڕۆژی تر مۆڵەتەکەم تەواو دەبێت و دەچمەوە پاریس.

- دواڕۆژی باش لە بواری سەربازیدا؟

- بەڵێ، باوکم وای دەوێت.

- وا بێت گرفتمان نییە.

بالدابیو پەلی گرت و بۆ باوکی برد

دوای ئەوەی لە شارەوانەکە هاتە ژوورەوە بێ ئەوەی مۆڵەت بخوازێت، پرسی:

- دەزانن ئەمە کێیە؟

- کوڕەکەمە.

- جارێکی تری لێ ورد ببنەوە.

شارەوانەکە پاڵی بە پشتەکی کورسییە چەرمەکەیەوە دا و لەشی بەسەر ئارەقەی شەرمەوە گەڕا.

- کوڕەکەمە هێرڤێ کە دەبێت دوو ڕۆژی تر لە پاریس بێت، لەوێ داهاتوویەکی زیتی سەربازی چاوەڕێیەتی ئەگەر خوا و دایە ئاگنێس یار بن.

- زۆر ڕاستە. بەڵام خوا بە شتێکی ترەوە تێ ماوە و دایە ئاگنێسیش سەربازی پێ پەتایە.

مانگێک دوا هێرڤێ ژونکور ملی لە ڕێی میسر نا. بۆ ئەم کارەیش سواری کەشتییەک بوو کە ناوی عادل بوو. بۆنی چێشتخانەکەی تا ناو دیوەکانی دەهات، ئینگلیزێکیش هەبوو لافی ئەوەی لێ دەدا لە شەڕی واترلۆدا چەکدار بووە. سێیەم ڕۆژ کە شەو داهات دەلفینیان بینی، وەک شەپۆلی مەست، ڕوو لە ئاسۆ بریسکەیان دەدا. لە ڕۆلێتەکەیشدا هەر ژمارەی شازدە دەردەچوو.

هێرڤێ ژونکور دوو مانگ دوا ـ لە یەکەم یەکشەمەی مانگی نیساندا، لە سەروەختی نوێژی کڵێسادا هەزاران هێلکەی هێنابوو کە هەر هەمووی بە پەمووەوە لە دوو سندووقی گەورە نرابوون. ئەم باسێکی زۆری پێ بوو، بەڵام تاکە شتێک کە بالدابیو پێی گوت، کاتێک بە تەنیا مانەوە، ئەمە بوو "باسی دەلفینەکانم بۆ بکە".

- دەلفینەکان؟ ـ باسی ئەو کاتەم بۆ بکە کە بینیتن. بالدابیو کەسێکی وا بوو. کەس نەیدەزانی تەمەنی چەند بوو.

٨

ـ نزیکەی هەموو دنیا، بالدابیو بە دەنگێکی نەوی گوتی: نزیکەی، چۆڕێک ئاویشی بە پێرنووەکەیدا کرد.

شەوێکی مانگی ئاب، دوای نیوەشەو، لە کاتێکدا ڤێردو دەمێک دەبوو دایخستبێت. کورسییەکان بە ڕێکوپێکی لەسەر مێزەکان سەروخوار کرابوون. پێشمێزی وجاغەکە خاوێن کرابووەوە و هەموو شتێکی تر هەروەها. مابووەوە چرا خامۆش بکرێت و دەرگە قفڵ بدرێت. بەڵام ڤێردو چاوەڕێ بوو: بالدابیو بە تاندا چووبوو.

لە بەرانبەریدا هێرڤێ ژونکور، بە جگەرەیەکی خامۆشی نێوان لێوەکانیەوە دانیشتبوو، بێ ئەوەی بۆ هیچێک بجوولێت گوێی هەڵخستبوو. ڕێک وەک هەشت ساڵی لەوەوبەر ڕێی ئەم کابرایەی دا چارەنووسی بنووسێتەوە. ئەم دەنگی ئەوی بە ئاستەم، بەڵام ڕوون پێ دەگەیشت کە بینی ناوەناوەی بە پێرنووەکەیەوە دەیبڕی. کات بێ ئەوەی بالدابیو بیبڕێتەوە، تێ پەڕی. دوایی گوتی

ـ چارمان ناچارە، بمانەوێت گیان دەرباز بکەین، دەبێ بۆ ژاپۆن بچین.

بێدەنگی.

ڤێردو کە وەستابوو و خۆی بە وجاغەکەدا دابوو، چاوی پێدا هەڵهێنان.

بالدابیو بە دۆزینەوەی دوادڵۆپە پێرنووی بنی پیاڵەکەیەوە خەریک بوو.

هێرڤێ ژونکور جگەرەکەی لەسەر لێوی مێزەکە دانا پێش لەوەی بڵێت

ـ باشە ئەمە دەبێت ڕێک کەوتبێتە کوێ، ئەم ژاپۆنە؟

بالدابیو گۆچانەکەی هەڵبڕی و بەسەر سەربانی پیرە ئاگۆستەوە ئاماژەی بۆ دوورێک کرد.

ـ ڕێک بەرەو ئەو لایە.

لێی زیاد کرد و گوتی

ـ تا ئەوسەری دنیا.

٩

لەو سەردەمەدا ژاپۆن بەڕاستی لەوسەری گۆی زەویدا بوو. وڵاتەکە دوورگەیەک بوو گەلێک دوورگە پێکەوەی نابوو و دووسەد ساڵیش دەبوو لە هەموو شتێکی دنیا دابڕابوو. ژاپۆن هیچ نێوانێکی لەگەڵ دنیای دەرەوەدا نەدەویست، لە دەرەکیشی پاوان کردبوو پێ بە دوورگەستانەکەدا بنێن. مەودای تا کەنارەکانی چین دووسەت میلی زەریایی دەبوو، بەڵام بڕیارێکی خوندکار کە

دروستکردنی کەشتی لە هەموو دوورگەستانەکەدا قەدەغە کردبوو دەگێک زیاتر هەڵببەستێت، دوورتری ڕاگرتبوو. بەپێی ڕێبازێکی بەش بە خۆی ڕۆشنی بیرکردنەوەیش یاسا بە گشتی ڕێی کۆچبردنی لە کەس نەگرتبوو، بەڵام سزای بۆ سەری ئەو کەسە دانابوو، بهاتایە و بۆی بگەڕایەتەوە. بازرگانی چینی و هۆڵەندی و ئینگلیز هەوڵی ناوەناوەیان دابوو شەقڵی ئەم دابڕانە نالەبارە بشکێنن، بەڵام ئەوەی لەم ڕێیەدا دەستیان کەوتبوو، تۆڕێکی ناسک و مەترسیداری قاچاخچێتی بوو.

ئەم کارە پارەیەکی کەم و ڕەنجێکی زۆر و چەند بەسەرهاتێکی دەگمەنی تێ هێنابوو، کە مرۆڤ بەو بەسەرهاتانە شەو لە بەندەرەکاندا بێ ئەوەی ماندوو بێت، بەهرەی بۆ خۆی دەبوو. ئیتر ئەمان لە کوێ کشیان پێ کرابوو، ئەمەریکاییەکان لەوێ بە زەبری چەک زۆریان بۆ هێنابوون. لە تەمووزی ١٨٥٣یشدا بوو کە سەرداری هێزی زەریایی ماتیو س. پیرری، بە هێزێکەوە کە لە کەشتیی نوێیینەی هەڵمی پێک هاتبوو، تەنگەی یۆکۆهامای لێیان گرت و هەڕەشەنامەیەکی پێیان گەیاند و تێیدا "ئارەزوو"ی خۆی لەو بارەیەوە خستە ڕوو کە دەرووی دوورگەستانەکە لە ڕووی دەرەکییەکاندا بکرێتەوە.

ژاپۆنییەکان لەوەوبەر یەک کەشتیشیان نەدیتبوو لە باریدا بێت ڕوو لە با ڕێ ببڕێت.

کە پیرری دوای حەوت مانگ بۆ وەڵامی هەڕەشەنامەکەی هاتەوە، ڕێژیمی سەربازیی دوورگەکە ملی دا پەیمانێک مۆر بکات کە بەری دوو بەندەری لە باکوری وڵاتەکەدا بۆ دەرەکییەکان هەڵدا و، سەرەتای نێوانی بەرتەسکی بازرگانی ساز درا. زەریای دەوری ئەم دوورگەستانە ـ سەردارەکە بێ ئەوەی خۆی پێ هەڵنەکێشێت، جاری دا لەمڕۆوە ئەوەندە قووڵ نییە کە پەی نەدا.

١٠

بالدابیو بەم هەمووەی دەزانی. بەڵام بە ئەفسانەیەکی هەمیشەی سەرزاریشی دەزانی کە کەسی وا باسیان دادەدا ژاپۆنیان دیبوو. ئەفسانەکە سەری لەوەوە هەڵدابوو کە خەڵکی دوورگەکە جوانترین هەورێشمی دنیایان بەرهەم دەهێنا. جا ئەمان بە ڕەچاوکردنی نەریتی لەبار و زانیاریی بەرپێوار کە بە وردەکارییەکی پڕڕازی گەیاندبوون، هەزار ساڵ بگرە زیاتر بوو پیشەیان ئەم کارە بوو. بالدابیو بەم مانایە ئەفسانەکەی پێ ئەفسانە نەبوو، بگرە ڕاستییەکی پاک و بێپەلە بوو. ئاخر ئەم جارێک سەرپەنجەی بە ڕێستێکی تاڵە هەورێشمی ژاپۆنیدا هێنابوو کە هەروەک پەنجەی بەری هیچێک کەوتبێت وابوو. جا کە پێ دەچوو هەموو شتێک بەهۆی باسی پەتای هێلکە و گیرۆکانیانەوە بە هیچە بچێت، بیری بۆ ئەمە چوو

ـ دوورگەکە کرمی هەورێشمی لێ هەڵدەڕژێت. جا دوورگەیەک یەک سەوداگەری چینی یان بیمەکاری ئینگلیز بۆ دووسەت ساڵی تەواو لێی پاوان بووبێت پێ بە خاکیدا بنێت، دوورگەیەکە هیچ پەتایەکی ناگاتێ.

بالدابیو بە بیرەکە دانەمرکا، بگرە لە گشت هەورێشمکارەکانی لاڤیێلدیوی گەیاند دوای ئەوەی لە قاوەخانەکەی ڤێردۆدا کۆیانی کردەوە. کەسیان لەوەوبەر ناوی ژاپۆنی نەبیستبوو

- بۆ کڕینی هێلکەی کرمی هەورێشم، دەتەوێت بۆ ئەوپەڕی گۆی زەوی، دووبەختانە بچین. بۆ شوێنێک کە لێیدا دەرەکی لە نزیکترین دار دەدرێت؟

بالدابیو بۆیانی ڕاست کردەوە

- دەدرا.

کەسیان نەیدەزانی باوەڕ بە چی بهێنێت. یەکیان دەستبەجێ بەرپەرچی دایەوە.

- دەبێت لەبەر چی بێت کە هیچ کەسێکی دنیا تا ئێستا بیری ئەوەندەی نەبردووە بۆ ئەوێ بچێت و هێلکەی لێ بکڕێت.

بالدابیو دەیتوانی تەفرەیان بدات و بیریان بۆ ئەوە ببات کە هیچ کوێیەکی هەموو دنیا بالدابیویەکی تری بە خۆیەوە نەدیوە، بەڵام پێی چاکتر بوو ڕاستییەکەی لێ بڵێت.

- ژاپۆنییەکان ملیان داوە هەورێشمی خۆیان بفرۆشن، بەڵام هێلکە، دیارە نا. ئەوان هەر وا دەستی لێ بەرنادەن. کامیشیان بیەوێت بۆ دەرەوەی بنێرێت، تاوانی دەکەوێت.

هەورێشمکارانی لاڤیێلدیو هەموویان کەم تا کورتێک دنیادیتە و فەرهەنگمەندی وا بوون، کە نەدەبوو بیریان بۆ کارێک بچێت یەک تاکە یاسای وڵاتەکەی خۆیانی پێ پێشێل بکەن. بەڵام کە لەوسەری گۆی زەویدا بیکەن بەلایانەوە کارێکی بەجێ و کردەنی بوو.

١١

١٨٦١ بوو. فلوبێر خەریک بوو سەلەمبوی تەواو دەکرد. ڕووناکیی کارەبا هێشتا هەر گریمانە بوو. لەوبەری زەریاشدا ئەبرەهام لینکۆلن شەڕێکی تاو دابوو کە دواییەکی نابینێت. هەورێشمکارانی لاڤیێلدیو یەکەتیەکی بازرگانییان پێک هێنا و هەموو شتێکیان بەو پارە زۆرەوە کە بۆ هەناردەکە پێویست بوو، کۆ کردەوە. سپاردنی کارەکەیشیان بە هێرڤێ ژونکور پێ شتێکی بەجێ بوو. جا کە بالدابیو ڕووی لێ نا پەسندی بکات، هێرڤێ ژونکور بە پرسیارێک وەڵامی دایەوە.

- باشە دەبێت ئەمە، ڕێک کەوتبێتە کوێ، ئەم ژاپۆنە؟

- ڕێک ڕووەو ئەو لایە. تا ئەوسەری دنیا.

لە شەشی تشرینی یەکەمدا ملی لە ڕێی ژاپۆن نا. بە تەنیا.

لەبەر دەروازەی شاردا باوەشی بە هێلێنی هاوسەریدا کرد و بێ پێچوپەنا گوتی

- بۆ هیچێک دڵت دانەخورپێت.

هێلێن ژنێکی بالابەرز بوو، نەرمـونیـان، پرچی ڕەشی تا ناوشـانی دەهات و هەڵی نەدەبەست. دەنگیشی سەیر خۆش بوو.

١٢

هێرڤێ ژونکور بە هەشتا هەزار فرەنکی زێڕی گیرفان و ناوی سێ کەسی پەنجەنیشانی بالدابو؛ چینییـەک و هۆڵەندییـەک و ژاپۆنییـەک، بەختـەوخوا ڕێی ژاپۆنی بە بەرپێوە نا. لە نزیک شـاری مـێتـزەوە سنووری بەزاند، ڤـورتمبـەرگ و بایێـرنی تێ پەڕاند و خـۆی بە ئوتریش گـەیاند. بە شەمەندەفەر بۆ ڤیێن و بۆداپێست چوو تا لەوێوە بۆ کیێڤ بەردەوام بێت.

بە دوو هەزار کیلۆمەتری دەشتاییـیەکەی ڕووسیـادا ئەسپی تاو دا، ئورالی تێ پەڕاند، دوایی خۆی بە سیبێریا گەیاند. چل ڕۆژی دا بەدەم چل شـەوەوە تا گەیشتە دەریاچەی بایکال کە خەڵکی ناوچەکە پێیان دەگوت: زەریا. لەگەڵ ڕووباری ئامور و بە درێژایی سنووری چیندا تا ئۆقیانووسی ئارام چوو. کە گەیشتە کەنارەکەی وچانێکی یازدە ڕۆژەی لە بەندەری سابیرکدا گرت تا گەمییەکی قاچاخچییانی هۆڵەندی بۆ کاپ تێرایەی کەناری ڕۆئاوای ژاپۆنی برد. بەنێو هەرێمی ئیشیکاوا و تۆیاما و نیگاتادا باریکەڕێی دایە بەرپێ و لەوێوە بۆ هەرێمی فۆکۆشیما تا بە شاری شیراکاوا گەیشت. بە دەوری لای ڕۆهەلاتیدا چەرخێکی دا.

دوو ڕۆژ چاوەڕێی کابرایەکی ڕەشپۆش ما کە چاوبەستی کرد و بۆ دێیەکی سەر گردەکانی برد. شـەوێکیش لەوێ مـایەوە. کە ڕۆژی کردەوە لەگەڵ کابرایەک بۆ کڕینی هێلکە ڕێک کەوت کە گوێی نەکرد و ڕووی بە هەوری، ڕەش، هەڵپێچیبوو. کە خۆری لێ ئاوا بوو هێلکەی لە سندووق نا، پشتی لە ژاپۆن کرد و ئامادە بوو بگەڕێتەوە.

هەرکە دواین خانووی دێیەکەی لە دوای خۆی نا، کابرایەک بە فرکان خۆی پێ گەیاند و ڕای گرت. کابرا بە دەنگێکی تووڕە و فـەرما شتێکی پێ گوت و بێ ئەوەی بێڕیزی بکات یان لە بڕیار لابدات بە پێش خۆیەوەی دا.

هێرڤێ ژونکور نە وشـەیەک ژاپۆنیی دەزانی نە تێی دەگەیشت، بەڵام ئیتر لێی ڕوون بووبوو کە هارا کێی دەیەوێت ببینێت.

١٣

دەرگـەیـەکی کاغـەزبەندیان کردەوە و هێرڤێ ژونکور چووە ژوورەوە. هارا کێی لەسـەر زەوییـەکە چوارمەشقێ، لە گۆشەی ئەوسەری ژوورەکەدا هەڵنیشتبوو. کراسێکی ڕەشی لەبەر بوو، هیچ زێڕ و زەمبـەرێکی لە خـۆی نەدابوو. تاکـە نیـشـانەی بەرچاوی دەسـتـەڵاتیـشی ژنێک بوو لەلایەوە ڕاکشابوو، بێ جووڵە و سەر لەسـەر ڕانی هارا کـێی چاوی لێک نابوو. باسکەکانی بـە ژێر ئەو

کراسە بەرپانە سوورەیەوە بوون کە بە دەوریییەوە وەک گڕی ئاگری ڕوو لە حەسیرە ڕەنگ خۆڵەمێشییەکە بڵاوەی دابوو. کە هارا کێی پەنجەی لەسەرخۆی بە پرچیدا هێنا دەتگوت دەست بە کوڵکی ئاژەڵێکی بێچوون و خەواڵوودا دەبات.

هێرڤێ ژونکور تا ئەوسەری ژوورەکە چوو، چاوەڕێی ئاماژەیەکی خانەخوێی کرد و بەرانبەری گرت. ئەمان بێ ئەوەی دەنگیان بێت چا و لە چاوی یەکتردا مانەوە. خزمەتکارێک کە تێ نەبینرا، هاتە ژوورەوە و دوو پیاڵەچاییی بە بەریانەوە دانا. دوایی چۆن هاتە ژوورەوە هەر وا دیار نەما. جا هارا کێی، بە زمانی خۆی، بە دەنگێکی یەکئاست و کەمێک ئاوازدار کە بە مەبەست گرێکی خرۆشێنی تێ خست، قسەی بۆ کرد. هێرڤێ ژونکور بێ ئەوەی پشووی سوار بێت گوێی بۆ شل کرد. جا بێ ئەوەی چاو لە چاوی دابڕێت و بۆ ترووکەیەک، کە خۆیشی هەستێکی ئەوتۆی پێ نەکرد، چاوی بە ڕووی ژنەکەدا داگرت.

بە ڕواڵ کچێکی کاڵ بوو.

هێرڤێ ژونکور سەرلەنوێ هەڵی ڕوانی.

هارا کێی وچانی گرت. پیاڵەیەکیانی هەڵگرت، بۆ لێوی خۆی برد، کورتێک چاوەڕێ ما. دوایی بە دەنگێکی بێ مەبەست نووساو و بە فرەنساییەک کە پیتە دەنگدارەکانی کەمێک درێژەوە دەکرد، گوتی

- هەوڵ بدەن پێم بڵێن کێن.

١٤

بۆ پێویستترین پیاوی ژاپۆن، بۆ خاوەنی هەموو شتێک کە دنیا توانیبووی لە دووڕگەستانەکەی دەربکات، هێرڤێ ژونکور هەوڵی دا بۆی باس بکات کێیە. ئەمەی بە زمانی خۆی و لەسەرخۆ کرد، بێ ئەوەی دڵنیا بێت هارا کێی تێی دەگات. جا خۆڕسکانە هەموو پێوەندێکی وریاییی پشتگوێ خست، بێ ئەوەی هیچی پێوە بنێت، بێ ئەوەی هیچی لە بیر بچێت، هەموو شتێکی وەک خۆی، ڕێک و ڕاست، بۆ باس کرد. هەر بەو دەنگە هاوسەنگەی کە باسی خۆی پێ دەست پێ کرد، بێ ئەوەی بۆ ڕوونکردنەوە پەنا بۆ دەستبزاوتن ببات، وەک کەسێک لاساییی کەسی خەولێخراو بکاتەوە، خەمۆک بەڵام بێ ئەوەی هەستی خۆی لێ بنێت، ڕووداوی کاری و وردێنەی شتی وەک نامیلکەی ئەو شتانە ڕیز کرد کە سووتمان نەیگرتوون. هارا کێیش گوێی پێ دا بێ ئەوەی پەیی کارکردێکی بە ڕووەوە دیار بکەوێت، چاوی بێ تروکەی لە لێوەکانی، وەک دوا دێرەکانی نامەیەکی ماڵاوایی بن، لانەدا. هەموو شتێکی ژوورەکەیش ئەوەندە کڕ بوو کە ئەوەی لە ناکاودا ڕووی دا بە ڕووداوێکی گەورە دەچوو ئەگەرچی شتێکی ئەوتۆ نەبوو.

دەسبەجێ،

بێ ئەوەی جووڵەی بێت،

کچە کاڵەکە

چاوی هەڵهێنا.

هێرڤێ ژونکور پێوە چوو، بەڵام خێرسکانە چاوی بۆ کچەکە داهێنا و شتێک کە بینی، بێ ئەوەی نێوان بە قسەی خۆیدا بهێنێت، ئەوە بوو کە چاوەکانی شێوەیەکی ڕۆژهەڵاتییان نەبوو و بە تین و تاوێکی هۆشبەر لێیان دەڕوانی؛ دەتگوت ئەو هەموو ماوەیە، لە پشت پێڵووەکانیشەوە هەر وایان کردبوو. هێرڤێ ژونکور تا لە توانایدا بوو خۆکردانە چاوی لێ کلا کرد و کۆشا لەسەر باسی خۆی بڕوا بێ ئەوەی دەنگی گۆڕانی تێ بکەوێت. کە چاوی کەوتە سەر پیاڵەچایەکەی بەردەستی خۆی، قسەی بڕی. بە دەستێکەوە گرتی، بۆ لێوی برد و لەسەرخۆ بینی پێوە نا. کە لە بەردەم خۆیدا دیسان داینایەوە، لەسەر باسی خۆی بەردەوام بوو.

١٥

فرەنسا، سەفەری نێو زەریا، بەرامەی دارتووی لاڤیێلدیو، شەمەندەفەری هەڵمی و دەنگی هێلێن. هێرڤێ ژونکور بە جۆرێک لەسەر باسکردنی ژیانی خۆی بەردەوام بوو کە تا ئەو دەمە یەک جار چییە نەیکردبوو. کچە کاڵەکەیش بە جۆشێکی واوە درێژەی بە لێ وردبوونەوەی دا کە هێرڤێ ژونکور هەر وشەیەکی دەردەبڕی نەدەبوو ئاوازێکی شیاوی لە یاد گرتنی، بێ هیچ مەرجێک، لێ نەنیشێت. ژوورەکەیش دەتگوت داکەوتە نێو سرەوتێکی یەکجارەکی کە کچەکە لە ناکاودا و لە بێدەنگییەکی تەواودا دەستێکی لەژێر کراسەکەیەوە دەرهێنا و لێ گەڕا بەسەر حەسیرەکەی بەردەمیدا بڕوات. هێرڤێ ژونکور چاوی لێ بوو چۆن ئەو خاڵە تەڵخە گەیشتە کەنارەی بەرچاوی، چۆن بەر پیاڵەچایەکەی هارا کێی کەوت و دوایی، چۆن دەستەکە، بێ ئەوەی دەرک بکرێت، بەردەوام بوو تا دواییەکەی بێ سڵبردن گەیشتە پیاڵەکەی تر، دیارە ئەویان بوو کە هێرڤێ بینی پێوە نا، کەمێک بەرزی کردەوە و لەگەڵ خۆی برد. هارا کێی لەو هەموو کەینەدا نیگای بێدەربڕینی لە لێوەکانی هێرڤێ ژونکور لانەکرد.

کچە کاڵەکە سەری کەمێک هەڵبڕی.

یەکەم جار بوو چاو لە هێرڤێ ژونکور هەڵبگرێت و لە پیاڵەکەی بنێت.

لەسەرخۆ پیاڵەکەی وەرسووڕاند تا لێوەکانی کەوتنە ڕێک سەر ڕێک ئەو جێیەی کە هێرڤێ ژونکور دەمی پێوە نابوو.

بە چاوی کەمێک خومارەوە بینێک چاییی خواردەوە.

پیاڵەکەی لە لێوی دوور خستەوە.

لەسەرخۆ بۆ ئەو جێیەی بردەوە کە لێیەوە بردبووی.

دەستی لەژێر کراسەکەدا شاردەوە.

سەرلەنوێ سەری نایەوە سەر ڕانی هارا کێی.

چاوی هەڵهێنرابوو و بێ لادان لە چاوی هێرڤێ ژونکور بڕابوو.

١٦

هێرڤێ ژونکور ماوەیەکی تریش بە تاندا چوو. کە هارا کێی چاوی لێ پۆشی و سەری داهێنا، وچانی دا.

بێدەنگی.

بەفرەنسایی، بە درێژکردنەوەی پیتە دەنگدارەکان و بە دەنگێکی بێ مەبەست نووساو، هارا کێی گوتی

ـ بتانەوێت، کارێک دەکەم بێنەوە.

یەکەم جاری بوو بزەی بە ڕوودا بێت.

ـ ئەو هێلکانەی پێتانن هێلکەی ماسین، هەر هەمووی بێبایین.

هێرڤێ ژونکور چاوی خستە ئەوێی بەردەمی خۆی کە پیاڵەچایەکەی لێ بوو. هەڵی گرت و هەر وەک لەوێی، لە پەراوێزە ڕەنگینەکەی لێوە خڕەکەیدا، چاو لە شتێک بگێڕێت وەری سووڕاند. کە دۆزییەوە، دەمی پێوە نا و پیاڵەکەی تا بنی هەڵدا. دوایی لە جێی خۆی داینا و گوتی

ـ دەزانم.

هارا کێی خۆشی لێ هات و پێ کەنی.

ـ بۆیە پارەی قەڵبتان پێ دا؟

ـ من پارەی ئەو شتەم دا کە پێم فرۆشرا.

هارا کێی هاتەوە سەر باری پێشوو.

ـ کە لێرە دەچنە دەرەوە ئەو شتەتان پێ دەدرێت کە دەتانەوێت.

ـ گەر لەم دوورگەیەوە گیانم دەرکرد، ئێوەیش هەقی خۆتان دەست دەکەوێت. بۆ ئەمەیان بەڵێنت دەدەمێ.

هێرڤێ ژونکور چاوەڕێی وەڵام نەمایەوە. هەستایەوە، یەک دوو هەنگاو کشایەوە و دوایی بۆی دانەوی.

دوایین شتێک کە بینی، پێش ئەوەی بچێتە دەرەوە، چاوەکانی کچە کاڵەکە بوون، کە کپ و کاس لە چاوەکانی ئەم بوون.

١٧

دوای شەش ڕۆژ، لە تاکاوکا، هێرڤێ ژونکور سواری کەشتییەکی قاچاخچییانی هۆڵەندایی بوو کە بۆ سابیرکی برد. لەوێوە و بە درێژایی سنووری چیندا خۆی بە گۆمی بایکال گەیاند، چوار هەزار کیلۆمەتری دەشتایی سیبیریای لە پشت خۆی نا، ئورالی تێ پەڕاند، گەیشتە کیێڤ و هەموو ئەوروپای، لە ڕۆهەڵاتەوە بۆ ڕۆئاوای، بە شەمەندەفەر بڕی، تا دوای سێ مانگەڕێ گەیشتە فرانسا. لە یەکەم یەکشەمی مانگی نیساندا لە سەروەختی نوێژی کڵێسادا هاتە بەر دەروازەی شاری لاڤیێلدیو. ڕاوەستا، سوپاسی خوای کرد. کە بۆ نێو شار پیادە بوو، هەنگاوی خۆی دەژمارد بۆ ئەوەی یەک بە یەک ناویان هەبێت و بۆ ئەوەی هەرگیز فەرامۆشیان نەکات.

بالدابیو لێی پرسی: ئەوسەری دنیا چۆنە؟

ـ نادیارە.

بە دیاری کراسێکی هەورێشمی بۆ هێلێنی هاوسەری هێنابوو کە لە ڕووی نەهات تەنیا جارێکیش لەبەری بکات. کراسێک کە هەر کەسێک دەستی بەری بکەوتایە، وای دەزانی وەک دەستی بە هیچدا هێنابێت، وایە.

١٨

ئەو هێلکانەی هێرڤی ژونکور لە ژاپۆنەوەی هێنابوون و سەد بە سەد لە پارچە توێکڵی دارتوودا لێک نووسابوون هەر هەمووی ساغ و پاک دەرچوون. بەرهەمی هەورێشمی لاڤیێلدیو و دەوروبەرەکەی لەو ساڵەدا بە چەند و چۆن زۆر لەوە زیاتر بوو کە پێشبینی دەکرا. جا بڕیار درا دوو ڕێسگەی نوێ ڕۆ بنرێت. بالدابیویش نیازی هێنا ڕەبەنگەیەک بەدەم ئەو کڵێسا بچووکەوە بدات کە لە ڕێی دایە ئاگنێسدا بنیاتی نابوو. لەبەر هەر چییەکی بێ بنەمایش بووە، شێوەیەکی خڕی بۆ دانا، بۆیە کارەکەی بە بیناسازێکی ئیسپانیایی سپارد کە ناوی خوان بێنیتێز بوو. بێنیتێز لە سازدانی مەیدانی گابازیدا ناوبڵاو بوو.

ـ دیارە خۆڵم لە نێوەندەکەیدا ناوێت، بگرە باخێک. لە جێی سەری گایش سەری چەند دەلفینێکم بەسەر دەروازەکەیەوە بۆ دابنێ.

ـ دەلفین. بەڕێز؟

ـ بەڵێ. ماسی، خۆ دەیزانی. بێنیتێز؟

هێرڤێ ژونکور کە ژماردی و بەسەر یەکەوەی نا، بۆی دەرکەوت ئیتر دەوڵەمەندە و دەستی دەڕوا. سێ دۆنم زەوی لەولاوە، لە خوار موڵک وماڵەکەی خۆیەوە کڕی و هاوینی ئەو ساڵە خۆی بە نەخشەکێشانی باخێکەوە خەریکاند کە بۆ پیاسەی سووک و کشومات لەبار بێت. باخەکەیشی لە

خەیاڵی خۆیدا نادیار دانا، ڕێک وەک ئەوسەری دنیا. هێرڤێ ژونکور بە ڕۆژ تا قاوەخانەکەی ڤێردو دەچوو، لەوێ گوێی لە قسە و باسی گوندی دەگرت و چاوی بە ڕۆژنامەدا دەگێڕا کە لە پاریسەوە ڕاستەوخۆ ڕەوانەی ئەوێ دەکرا. بە شەو لە بەرهەیوانی ماڵەکەیدا، تا درەنگی لێ دەهات پاڵی بە پاڵ هێلێنی هاوسەریەوە دەدا کە بە دەنگی بەرز کتێبی دەخوێندەوە. هێرڤێ ژونکور دڵی بەمە دابین بوو چونکە پێی وا بوو هێلێن دەنگێکی ئەوەندە خۆشی هەیە لە دنیادا تاکی نییە.

لە ٤ ی ئەیلوول ١٨٦٢دا هێرڤێ ژونکور بوو بە ٣٣ ساڵ. ژیانیش، نواندنێکی کشومات، بە بەرچاویەوە وەک باران بێت و دابکات وا بوو.

١٩

- بۆ هیچێک دڵت دانەخورپێت.

لەبەرئەوەی بالدابیو بڕیاری دابوو، هێرڤێ ژونکور لە یەکەم ڕۆژی مانگی تشرینی یەکەمدا سەرلەنوێ ملی لە ڕێی ژاپۆن نا. لە نزیک شاری مێتزەوە سنووری بەزاند، ڤورتمبەرگ و بایێرنی تێ پەڕاند و خۆی بە ئوتریش گەیاند. بە شەمەندەفەر بۆ ڤییەن و بۆداپێست چوو تا لەوێوە بۆ کییێڤ بەردەوام بێت. بە دوو هەزار کیلۆمەتری دەشتاییەکەی ڕووسیادا ئەسپی تاو دا، ئورالی تێ پەڕاند، دوایی خۆی بە سیبێریا گەیاند. چل ڕۆژی دا بەدەم چل شەوەوە تا گەیشتە دەریاچەی بایکال کە خەڵکی ناوچەکە پێیان دەگوت: خێو. لەگەڵ ڕووباری ئامور و بە درێژاییی سنووری چیندا تا ئۆقیانووسی ئارام چوو، کە گەیشتە کەنارەکەی وچانێکی یازدە ڕۆژەی لە بەندەری سابیرکدا گرت تا گەمییەکی قاچاخچییانی هۆڵەندایی بۆ کاپ تێرایەی سەر کەناری ڕۆئاوای ژاپۆنی برد.

بەنێو هەرێمی ئیشیکاوا و تۆیاما و نیگاتادا باریکەڕێی گرتە بەر و لەوێوە بۆ هەرێمی فۆکۆشیما تا بە شاری شیراکاوا گەیشت. بە دەوری لای ڕۆهەڵاتیدا چەرخێکی دا، چاو لە ڕێی کابرایەکی ڕەشپۆشدا دوو ڕۆژ ما کە چاوبەستی کرد و بۆ دێی هارا کێیی برد. کە باری هات سەرلەنوێ چاو بکاتەوە، دوو خزمەتکاری بە دیارەوە بوون کە باوڵەکەیان لێ سەند و بۆ پەڕگەی دارستانێکیان برد. لەوێ باریکەڕێیەکیان بۆ پەنجەنیشان کرد و جێیان هێشت. هێرڤێ ژونکور ڕێی بەر سێبەرێکی گرت کە درەخت بە دەور و سەر سەریەوە بەری ڕووناکیی ڕۆژیان پێ گرتبوو. کە دارستانەکەیش لە پرێکدا بەری خۆی وەک پەنجەرە، لە پەنا ڕێیە باریکەکەدا بۆ کورتێک بەرەڵا کرد، ڕاوەستا.

لەوێ گۆمێکی سیمەترێک بەرەوخواری بینی کە لەسەر کەنارەکەی هارا کێی و ژنێکی کراس ترنجی و پرچ پەخشان کە پشتیان لەم بوو، خزابوونە پاڵ یەکەوە. کە هێرڤێ ژونکور ژنەکەی دیت، ئەو لەسەرخۆ و بۆ کورتێک، بەڵام ئەوەندە بکێشێت کە چاوی لە چاوی ئەم هەڵبکەوێت، لای کردەوە.

چاوەکانی بە شێوە ڕۆهەڵاتی نەبوون، خۆیشی بە ڕواڵ کچێکی کاڵ بوو.

هێرڤێ ژونکور بەنێو دارستـانە چڕەکەدا پێوە چوو. کە لەو سـەریەوە دەرچوو لەسـەر کەناری گۆمـەکە وەسـتا. چەند هەنگاوێک بە بەرییـەوە هارا کێیی بێ جووڵە، تەنیا، پشتهـەڵکردوو، بە جلی ڕەشەوە، دانیشتبوو. لە نزیکیەوە کراسێکی ترنجی لەسـەر زەوییـەکە کەوتبوو، جووتێک سـۆڵیشی لێ بوو. هێرڤێ ژونکور لێی نزیکتر بووەوە. وردە شەپۆلی نەرم، هـەروەک لە شوێنێکی زۆر دوورەوە ڕەوانەی ئەوێ کرابن، ئاوی سەر لێوارەکەیان دەشۆردەوە.

بێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە هارا کێی لەبەر خۆیەوە گوتی

ـ پایزەبرا فرەنسایییەکەم.

لە پاڵ یەکتردا ئەمـان دەمێک سەرگەرمی قسـە و باس، دەمێک بێدەنگ، ماوەیەکی باش مانەوە. دوایی هارا کـێی هاتە سـەرپێ و هێرڤێ ژونکور هـەروەها. جا بەر لەوەی پێ بە ڕێیە باریکەکەدا بنێت، دەستی بێ ئەوەی هەستی پێ بکرێت و لای کراسـە ترنجییەکەی سەر کەنارەکە، لە تاکێکی دەستکێشەکانی بەر دا. کە گەیشتنەوە دێ تاریکی داهاتبوو.

٢٠

هێرڤێ ژونکور، وەک ئـەوەی لە دەرباری شادا بێت، چوار ڕۆژ میوانی هارا کێی بوو. دێنشینەکان هەر لە پێناوی ئەم کابرایەدا هەبوون و وردترین شت کە لەسـەر ئەم گردانەدا دەکرا، بۆ پاراستنی یان دڵڕاگرتنی دەکرا. ژیان کشومات ترپەی دەهات و وەک ئاژەڵێکی تەنگەتاو لە کونـەکەیدا زۆری بۆ هێنرابێت، وریا و خاو دەجووڵا. دنیا دەتگوت لە دووریی سەدان سەدە و ساڵدایە.

هێرڤێ ژونکور خـانوویەکی بۆ تـەرخان کـرابوو، پێنج خـزمـەتکاریش کـە بۆ کـوێ دەچوو بۆی دەچوون. ژەمی خـۆی بە تەنیـا، لە سـێـبـەری دارێکدا دەکـرد کـە پڕ بوو لە گـوڵێک ئـەم لەوەوبەر نەیدیبـوو. بە ڕۆژ دووجـار چاییـان بۆ دەهێنا، بێ ئـەوەی ڕێزی لە ڕوودا نـەنوێنن. بە شــەو بۆ گـەورەترین ژووری خـانووەکـە شـوێنی دەکـەوتن، کـە زەوینـەکـەی بەردپۆش بوو و کـە داوونـەریتی شـۆردنی لێ دا پێڕۆ دەکرا. سێ ژنی بەسـاڵداچووی ڕوو سپیـاوکراو، ئاویان پێـدا دەکرد و بە هـەوریـیـەکی نیوەگەرم وشکیان دەکردەوە. دەستی ئەمان زبر و ڕەق بوو، بەڵام وەک پەڕیش سـووک بوو.

بەرەبەیانی دووەم ڕۆژ هێـرڤێ ژونکور کـابرایەکی کـەژی بینی وا بۆ دێیـەکـە دێت. کـابرا دوو دروشکەی پڕ لە سندووقی گەورەی هێنابوو. ئینگلیز بوو. بۆ کڕین ڕووی لەوێ نەنابوو، بۆ فرۆشتن هاتبوو.

ـ چەک کاکی بەڕێزم. ئەی ئێوە؟

ـ بۆ کڕینی کرمی هەورێشم.

ئەو شەوە پێکەوە شێویان کرد و کابرای ئینگلیز باسێکی زۆری خۆی بۆ کرد: هەشت ساڵ بوو ئەوروپا و ژاپۆنی دەکرد. هێرڤێ ژونکور دانیشتبوو گوێی لێ دەگرت. جا کە ئەو باسی خۆی تەواو کرد، ئەم لێی پرسی

ـ بە ژنێکی لاو، کەژاڵ، هەڵەم نەکردبێت ئەوروپایی دەزانیت کە لێرە دەژیێت؟

کابرای ئینگلیز، بێ پەروا، پارووی لە دەم دەنا.

ـ ژاپۆن ژنی کەژی لێ نییە. لە هەموو ژاپۆندا تاکە ژنێکی کەژ نییە.

کابرای تایین بۆ سبەی زێڕێکی زۆری بار کرد و ڕێی خۆی گرت.

## ٢١

بەرەبەیانی ڕۆژی سێیەم بوو کە هێرڤێ ژونکور سەرلەنوێ چاوی بە هارا کێی کەوت. ئەم لە پڕ بۆی دەرکەوت پێنج خزمەتکارەکەی، هەروەک سیحر بێت، تۆزیشیان نەما و دوای دەمێکی کورت هارا کێیی بینی وا دێت: ئەو کابرایەی کە دێنشینەکانی بۆ لە ئارادا بوون، بەو نێوەدا وەک بەتاڵایی بێت دەهات و دەچوو. وەک ئەوەی یاسایەکی تۆمارنەکراو بۆ خەڵکەکەی دانابێت وازی لێ بێنن ژیانی خۆی بە تەنیا بژیێت.

ئەمان پێکەوە گردەکەیان بڕی تا گەیشتنە شوێنێکی بەرواڵا کە لێی دا باڵندەی شاباڵ شین، پۆل پۆل ئاسمانیان خەت خەت کردبوو.

ـ خەڵکی ئەم دەوروبەرە لە فڕینیان ورد دەبنەوە و بە ڕەوەکەیان داهاتوو تێ دەخوێننەوە.

هارا کێی درێژەی پێ دا

ـ کە منداڵ بووم، باوکم بۆ شوێنێکی وەک ئێرەی بردم. کەوانەکەی دایە دەستم و زۆری بۆ هێنام تیر لە دانەیەکیان بگرم. کردم و باڵندەیەکی گەورەی پەروباڵ شین، بێ گیان وەک بەرد، بە زەویدا کەوت. جا باوکم پێی گوتم؛ ڕەوی تیرەکە لێک بدەوە، گەر بتەوێت داهاتووت بۆ ڕوون ببێتەوە.

باڵندەکان بە سینگی ئاسماندا، هەڵکش و داکش، هەروەک بیانەوێت باڵی نەرمی پێدا بهێنن و بیسڕنەوە، لەسەرخۆ دەفڕین.

ئەمان کە ڕووناکییە سەیرەکەی ئێوارەیەکی وەک شەو دەورەیانی دابوو، بۆ ناو دێ گەڕانەوە. کە گەیشتنە بەر خانووەکەی هێرڤێ ژونکور لێک جیا بوونەوە. هارا کێی پشتی لێ کرد و لەسەرخۆ بەو ڕێیەدا بەرەوخوار چوو کە لەگەڵ ڕووبارەکەدا بەردەوام دەبوو. هێرڤێ لەسەر ئاستانەی دەرگەکەدا مابووەوە و چاوی بە دوایدا نابوو: چاوەڕێ ما، کە هەر بیست هەنگاوێک دوور بوو، گوتی

ـ کەی پێم دەڵێیت کچە کاڵەکە کێیە؟

هارا کێی کە هەنگاوی خاوی دەنا، بێ ئەوەی ماندوویتیی پێوە دیاربێت، بەردەوام بوو.

دەوروبەری کشومات و بەتاڵاییەک بوو. هەروەک بە زەبری جۆرە یاسایەکی سەیر بێت، ئەم کابرایە بۆ هەر کوێیەک دەچوو، تەنیاییەکی تەواوی بە دەورەوە دەبوو.

٢٢

بەیانیی دوا ڕۆژ کە هێرڤێ ژونکور لە ماڵ دەرکەوت و بە دێیەکەدا گەڕا، پیاوی بەرەوپیر دەهاتن کە خۆیان بۆ دادەنەواند و ژن کە چاویان لێ دادەخست و ڕووی گەشیان لێ دەنواند. کە چاویشی بە ڕکەیەکی گەورەی پڕ لە باڵندەیەکی هەمەجۆر کەوت: دیمەنێکی دەگمەن، لێی ڕوونەوە بوو زۆری بۆ دیوەخانەکەی هارا کێی نەماوە. هارا کێی پێی گوتبوو هەر باڵندەیەکی لە کونجێکی دنیاوە بۆ ئەوێ هێناوە. جا هیی وایان تێدا هەبوو لەو هەورێشمەی کە لاڤیێلدیو لە ساڵێکدا بەرهەمی دەهێنا، گرانتر بوو. هێرڤێ ژونکور کە ڕاوەستا لەم شێتییە مەزنە بڕوانێت، بیری هاتەوە لە کتێبێکدا خوێندوویەتەوە کە پیاوی ڕۆژهەڵاتی بۆ ئەوەی ڕێز لە دۆستی وەفاداری خۆی بنێت، نەک زێڕ و زەنبەر، سەیرترین باڵندە و دەگمەنی بۆ دەهێنێت.

خانووەکەی هارا کێی هەروەک دەریایەک بێدەنگیی لێ نیشتبێت وا بوو. هێرڤێ ژونکور یەک دوو هەنگاوی لێ نزیک بووە و دوو مەترێک دوور لە دەرووەکەی ڕاوەستا. دەرگەی نەبوو، بە دیوارە کاغەزبەندەکانیەوە تارماییی وا دەهاتن و دەچوون کە دەنگیان لێوە نەدەهات. هیچ لە هیچێکی ئەمە بە دنیای ڕاستەقینە نەدەچوو. جا ئەگەر ناوێک هەبوویێت لەم هەمووە بنرێت هەر ئەمە بوو: شانۆ. بێ ئەوەی بزانێت چاوەڕێی چییە، هێرڤێ ژونکور لە جێی خۆی لا نەچوو: بێ جووڵە، بەرزەپێ و دوو مەتر دوور. لەو هەموو ماوەیەشدا کە هەر تارمایی و بێدەنگی ئەو شتە بوون ئەم دیمەنە تایبەتمەندە ڕێی دا لەم دیوەوە دیاربێت، بەرێکی ئازادی بۆ چارەنووس هەڵدا. بۆیە دواییەکەی وەرگەڕا و پێی بە ڕێی بەرەو ماڵەکەی خۆیدا نا. هیرڤێ ژونکور سەرنجی خستبووە سەر هەنگاوەکانی، چونکە دەیزانی لە بیرکردنەوەی دەبوێرن.

٢٣

ئەو شەوە هێرڤێ ژونکور بارگەی لێک نا. دوایی بار هێنرا بۆ ژوورە گەورە بەردرێژەکەی ببەن تا شۆردنەکەی لێ پێڕۆ بکەن. جا پاڵ کەوت، چاوی لێک نا و بیری بۆ ڕکە گەورەکەی باڵندەکان، بۆ بارمتەی ئەوینە شێتانەکە برد. ئەوان خاولییەکی تەڕیان لەسەر چاوی دانا، بەڵام لەوەوبەر بەم جۆرەیان لەگەڵ نەکردبوو. ئەم کە دەستی برد لای بدا، دەستێک، کە دەستە پیرەکەی پیرەژنان نەبوو، گرتی و نەیهێشت.

جا هەستی کرد ئاوێک کە وەک ڕۆن وا بوو، لە پێشدا بە قاچیدا، دوایی بە شان و باڵ و سەر سینگیدا دەڕژێت. بێدەنگییەکی سەیریش دەورەی دابوو. هەستی بە نەوازشە وەک پەڕەی گوڵ

تەنکەکەی هەوریبەکیش کرد کە بەسەریدا داهێنرا و، دەستی ژنێک بە نەرمونیانی، ئەو دەستانە و ئەو تارایەی لە هیچ چنرابوو، سەرتاپای، هەموو شوێنێکی وشکەوە کرد. ئەم تەنیا جارێک نەلەرا، کە هەستیشی کرد دەستەکان لە سەرشانیەوە بۆ گەردنی هەڵکشان و، پەنجەکان هەورێشم و پەنجەکان بۆ لێوی هەڵخزان و یەک جار، لەسەرخۆ، بە ئاستەم پێیدا هاتن و دوایی نەمان، لەرەی نەکرد.

لەوەولا هەستی کرد چۆن تارا هەورێشمەکە هەڵبرا و لەسەری لادرا و دوایی چۆن دەستێک دەستی ئەمی کردەوە و شتێکی لێ نا.

زۆر چاوەڕێ ما، لە بێدەنگیدا، بێ ئەوەی جووڵە بکات. دوایی خاولییە تەڕەکەی بە شێنەیی لەسەر چاوەکانی لادا. دیوەکە نیوەتاریک بوو، هیچ کەسی لێ دیار نەبوو. هەستایە سەرپێ. لەو کراسەی نەوی کە لەسەر زەوی قەد کرابوو. کراسەکەی بە شانیدا دا. ژوورەکەی بەجێ هێشت. بە هەموو خانووەکەدا تێ پەڕی. گەیشتە سەر حەسیرەکەی خۆی و لێی ڕاکشا. جا چاوی لەو گڕە کزە بڕی کە لە چراوگەکەدا بڵێسەی دەدا و بە باکێکی زۆرەوە "کات"ی ڕاگرت. کاتی پڕ بە دڵی خۆی ڕاگرت.

دواییش هونەرێکی ئەوتۆ نەبوو دەستی بکاتەوە و سەیری کاغەزەکە بکات. بچووک. چەند پیتێکی ژاپۆنی، بە ژێر یەکەوە. بە مەرەکەبی ڕەش.

٢٤

سبەی، کە هێشتا ڕۆژ هەڵنەهاتبوو، هێرڤێ ژونکور پێی لێ نا. لە باوڵەکەیدا، هەزاران هێلکەی کرمی هەورێشم، واتا داهاتوویەک بۆ لاڤیێلدیو و کار بۆ سەدان کەس و داراییەک بۆ دەیانیانی شاردبووەوە. لەو جێیەی ڕێیەکەیشدا کە بەلای چەپدا پێچی دەکردەوە و دیمەنی دێی پشت گردەکەی لە هەموو شتێک پەنا دەدا، بێ هەست لەو دوو کابرایەی کە ڕێیان نیشانی دەدا، ئەسپەکەی ڕاگرت، لێی داپەڕا و لە کەناری ڕێیەکەدا بۆ تاوێک وچانی دا بێ ئەوەی چاو لەو ماڵانە هەڵبگرێت کە خۆیان بە گردەکەوە گرتبوو.

دوای شەش ڕۆژ، لە تاکاوکا، سواری کەشتییەکی قاچاخچییانی هۆڵەندایی بوو کە بۆ سابیرکی برد. لەوێوە بە درێژاییی سنووری چیندا خۆی بە گۆمی بایکال گەیاند، چوارهەزار کیلۆمەتری دەشتاییی سیبیریای لە پشت خۆی نا، ئورالی تێ پەڕاند، گەیشتە کیێڤ و هەموو ئەوروپای، لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوای، بە شەمەندەفەر بڕی، تا دوای سێ مانگی ڕێ گەیشتەوە فرەنسا. لە یەکەم یەکشەمی مانگی ئەپریلدا لە سەروەختی نوێژی کڵێسادا گەیشتە بەر دەروازەی شاری لاڤیێلدیو. لەوێ هێلێنی هاوسەری بینی بە فڕکان بۆ لای دەهات و کە باوەشێکی توندی پێدا کرد، ئەم بۆنی لەشی ناسییەوە و مەخمەڵەکەی دەنگیشی کە گوتی

ـ هاتیتەوە.

بە تاسەوە.

ـ هاتیتەوە.

٢٥

لە لاڤیێلدیو ژیان سووک و سانا ڕادەبوورا و هەموو شتێک لەسەر ڕەوتی ئاساییی خۆی درێژەی دەکێشا. هێرڤێ ژونکور هێشتی ژیان چل و یەک ڕۆژ بەسەر خۆیدا تێ بپەڕێت. لە چل و دووەمیدا کۆڵی دا. قوتوویەکی ناو باوڵەکەی کردەوە، نەخشەیەکی ژاپۆنی لێ دەرهێنا، هەڵی دایەوە و ئەو کاغەزەی لێ دەرکێشا کە چەند مانگێک بوو تێیدا شاردبوویەوە. چەند پیتێکی کەم. ئەمیان بە ژێر ئەوی تریانەوە. بە مەرەکەبی ڕەش. لە پشت مێزەکەیدا دانیشت و هەر بەوجۆرە مایەوە و سەرنجیانی دا.

بالدابیوی لای ڤێردو دۆزییەوە کە لای مێزی بلیاردەکە وەستابوو. ئەم هەموو جارێک بە تەنیا، لەگەڵ خۆی، یاریی بلیاردی دەکرد. بەڵام چ یارییەک؛ بە تەنساغەکە و تاکدەستەکە ناوی نابوو. جا بەشێوەیەکی ئاسایی لە تۆپێکی دا و لە تۆپێکی تر دەستێکی بەکار هێنا. ئەو ڕۆژەی تاکدەستەکە بیباتەوە، بالدابیو گوتی، لەم شارە نامێنم. لەو هەموو ساڵەدا هەر تاکدەستەکە بوو دەدۆڕا.

ـ بالدابیو، دەبێت کەسێک لەم دەوروبەرەدا پەیدا بکەم ژاپۆنیی پێ بخوێنرێتەوە.

تاکدەستەکە دووگۆشەییەکی بە پێچکردنەوە پێ ئەنجام درا.

ـ لە هێرڤێ ژونکور بپرسە، ئەو هەموو شتێک دەزانێت.

ـ من هیچ نازانم.

ـ مەگەر تۆ ژاپۆنییەکەی ئێرە نیت.

ـ گوتم من هیچ نازانم.

تەنساغەکە بەسەر داری بلیاردەکەدا داهاتەوە و ڕاستەچەپی پێکا.

ـ جا خاتوو بلانش نەبێت کەسی تر شک نابەم. ڕێستفرۆشییەکی لە نیما هەیە. سەرەوەی فرۆشگەکە ماڵبەچرایە. خاوەنی ئەوەشیان هەر خۆیەتی. دەوڵەمەندە و ژاپۆنییە.

ـ ژاپۆنییە؟ چۆنە وا لێرە گیرساوەتەوە؟

ـ شتی وای لێ نەپرسیت، ئەگەر دەتەوێت شتێکی لێ هەڵبکرێنیت. دەک بە لەعنەت بیت.

تاکدەستەکە لەو دەمەدا سێگۆشەیەکی پێ نەکرا، ئەگەرنا چواردە خاڵی پێکەوە دەنا.

٢٦

هێرڤێ ژونکور بۆ نهۆمی یەکەمی سەر ڕێستفرۆشییەکەی شەقامی روی موسکا، ژمارە ١٢ سەرکەوت و هەواڵی خاتوو بلانشی پرسی. ماوەیەکی باش چاوەڕێیان پێ کرد. ساڵۆنەکە دەتگوت بۆ بەزمێک ڕازێنراوەتەوە کە چەند ساڵێکی لەوەوپێش دەست پێ کراوە و هێشتا ماوە. کچەکان کاڵ و فرەنسایی بوون، هەر هەموو. پیانۆژەنێکی لێ بوو کە ئاوازی وای دەژەنی بیری مرۆڤی بۆ ڕووسیا دەبرد. جا کە هەر جارێک لە ژەنینی پارچەیەک دەبووەوە، دەستی ڕاستی بە قژیدا دەهێنا و لەبەر خۆیەوە دەیگوت

- ئافەرین.

٢٧

هێرڤێ ژونکور یەک دوو سەعات چاوەڕێ ما، دوایی بە داڵانێکدا دایانە پێش تا بە دەرگەی ئەوسەری گەیشتن. خۆی دەرگەکەی کردەوە و چووە ژوورە.

خاتوو بلانش لەسەر کورسییەکی نەرمی لای پەنجەرەیەک دانیشتبوو. ڕۆبێکی تەنکی لەبەر بوو: شان تا داوێن سپی. گولیلکی ڕەنگ شینێکی تیژ، وەک ئەوەی ئەڵقە بووبن، لە پەنجە بوو. پرچی ڕەش بوو، بریقەدار، رواڵی ڕۆهەڵاتی و دەموچاوی خڕ بوو.

- بۆ پێت وایە ئەوەندە دەوڵەمەندیت کە دەتوانیت بێیتە ناوجێم؟

هێرڤێ ژونکور بە کڵاوەکەی دەستییەوە ڕووبەڕووی مایەوە

- دەبێ چاکەیەکم لەگەڵدا بکەی، چەندیشی تێ بچێت بایەخی نادەمێ.

دوایی کاغەزە چوارقەدەکەی لە باخەڵی دەرهێنا و بۆی درێژ کرد.

- دەبێت بزانم چیی لێ نووسراوە.

خاتوو بلانش لە جێی خۆی نەجووڵا. لێوی کە تۆزێک لێک ترازابوون بە کۆنە مێژووی زەردەخەندە دەچوون.

- ژنی چاک بە، خاتوو.

خاتوو هیچ هۆیەکی نەبوو بۆی بخوێنێتەوە. سا هەر چۆنێک بووە لێی وەرگرت، لێکی کردەوە، سەیرێکی کرد. بە هێرڤێ ژونکوردا هەڵی ڕوانی، دوایی چاوی داهێنا. کاغەزەکەی، لەسەرخۆ، نوشتاندەوە. کە بەرەوپێش داهاتەوە تا پێی بداتەوە، ڕۆبەکەی، لەسەر سینەوە، درزی برد. هێرڤێ ژونکور بینی هیچی تری لەبەر نییە و بە تەن گەنج و وەک وەنەوشە سپییە.

- وەرەوە، ئەگینا دەمرم.

ئەمەی بە دەنگێکی سارد گوت کە بێ ئەوەی مووپەکی لەرەی بێت سەیری نێو نیگای هێرڤێ ژونکوری دەکرد.

وەرەوە، ئەگینا دەمرم.

هێرڤێ ژونکور کاغەزەکەی نایەوە باخەڵی.

ـ سوپاس.

کەمێک خۆی بۆ دانەواند. دوایی وەرچەرخا. کە بەرەو دەرگەکەیش دەچوو، خەریک بوو پارەیەکی لەسەر مێزەکە بۆ دابنێت.

ـ واز بێنە.

هێرڤێ ژونکور تاوێک دوودڵ بوو.

ـ پارەکە ناڵێم. ئا ئەو ژنە دەڵێم. واز بێنە. ئەو نامرێت و ئێوەیش دەزانن وایە.

بێ ئەوەی لای لێ بکاتەوە هێرڤێ ژونکور پارەکەی لەسەر مێزەکە دانا، دەرگەکەی کردەوە و چووە دەرەوە.

٢٨

بالدابیو گوتی جاروبار پیاو تەنانەت لە پاریسەوە بۆ ناوجێی خاتوو بلانش دەهاتن. کە بۆ پایەتەختیش دەچوونەوە، بەدەم ڕێوە خۆیان بە گولیلکی شینی یەخەی چاکەتەوە دەنواند؛ ئەو گولیلکانەی کە خاتوو بلانش هەموو کات، وەک ئەڵقە، لە پەنجەیانی دەکرد.

٢٩

بۆ یەکەم جار لە ژیانیدا هێرڤێ ژونکور ئەو هاوینە هاوسەرەکەی بۆ سەیرانی ریڤییێر برد. ئەمان دوو هەفتە لە میوانخانەیەکی شاری نیسدا مانەوە کە بە گشتی ئینگلیز سەریان پێدا دەکرد و بەو شەوئاهەنگانە ناوی ڕۆیشتبوو کە بۆ مێوانەکانی ساز دەکرد. هێلێن باوەڕی تەواوی هەبوو کە لە شوێنێکی وا دڵگیردا دەتوانن گیان بەو منداڵە بدەن کە چەند ساڵێک بوو بە فیڕۆ چاوەڕێی بوون. جا پێکەوە بڕیاریان دا منداڵەکەیان کوڕ بێت و فیلیپی ناو بێت. ئەمان بە پارێزەوە تێکەڵی ژیانی هاودەمیی ناوچەی مەلەکردن دەبوون. جا کە دڵخۆش و باش دیسان لە ژوورەکەی خۆیاندا دەبوون گاڵتەی خۆشیان بەو کەسە سەیرانە دەهات کە تووشیان هاتبوون. شەوێکیش لە ئاهەنگێکدا ئاشنای پۆڵۆنییەکی چەرمفرۆش بوون: کابرا گوتی ژاپۆنی دیوە.

لە شەوی پێش گەڕانەوەدا، کە دنیا هێشتا تاریک بوو، هێرڤێ ژونکور هەر چۆنێک بووە لە خەو هەستا و چووە ناوجێی هێلێن. کە هێلێن چاوی هەڵهێنا ئەو گوێی لە دەنگی خۆی بوو دەیچپاند

ـ خۆشتم دەوێت تاهەتایە.

٣٠

لە سەرەتای مانگی ئەیلوولدا هەوریشمکارانی لاڤیێلدیو کۆ بوونەوە تا بزانن چی بکەن چاکە. حوکمەت زیندەوەرناسێکی لاوی بۆ نیما ناردبوو تا لەو پەتایە بکۆڵێتەوە کە کەڵکی هێلکە فرەنساییەکانی بریبوو. لویس پاستوری ناو بوو کە زەڕەبینێکی بەکار دەهێنا، شتی نادیاری دیار دەخست. قسە وا بوو ئەنجامی تاکانەی هەڵهێنجاوە. لە ژاپۆنیشەوە هەواڵ هاتبوو کە شەڕێکی ناوەخۆیی بە بەرەوەیە و هێزی وا ئاگری خۆش دەکەن دژی ئەوەن ڕێی دەرەکییەکان بدرێت پێ بە خاکی وڵاتەکەدا بنێن. کۆنسولگەی فرەنسایش کە زۆرێک نەبوو لە یۆکۆهاما کرابووەوە، پەیامی دەنارد و لە هەموو لایەنێکی دەگەیاند لەو دەورانەدا پێوەندیی بازرگانیی بە دوورگەستانەکەوە نەگرن و، داوای لێیان دەکرد چاوەڕێی دەورودەمێکی باشتر بن. گەلێک دەستڕۆی لاڤیێلدیو جەنەڕالی وریا بوون و زۆر نیگەرانیی ئەو پارە زۆرەیش بوون کە هەموو هەناردەیەکی نهێنیی بۆ ژاپۆن خەرجی بوو. بۆیە پێشنیازیان کرد سەفەرەکانی هێرڤێ ژونکور بۆ ماوەیەک ڕابگرن و ئەو ساڵە بە هێلکەی کەم و زۆر متمانەگەیێنی بازرگانە گەورەکانی ڕۆهەڵاتی ناوین دابکەون. بالدابیو دانیشتبوو، گوێی لە هەموو لایەکیان گرت بێ ئەوەی ورتەی بێت. دواییەکەی کە نۆرەی قسەکردنی هات، گۆچانەکەی لەسەر مێزەکە دانا و چاوی ڕووەو ئەو کەسە هەڵهێنا کە ڕووبەڕووی دانیشتبوو. چاوەڕێ ما.

هێرڤێ ژونکور بە لێکۆڵینەوەکانی پاستوری دەزانی و هەواڵەکانی ژاپۆنی خوێندبووەوە، بەڵام لەو هەموو ماوەیەدا ڕای خۆی لێ دەرنەبڕیبوو. پێی باشتر بوو خۆی بە ڕازاندنەوەی نەخشەی ئەو باخەوە خەریک بکات کە دەیویست لە دەورەی خانووەکەی خۆیدا هەڵی بچنێت. لە کونجێکی نابەرچاوی نامەخانەکەیدا کاغەزێکی شاردبووەوە، چوارقەد، بە چەند پیتێکی ژێر یەکترەوە، بە مەرەکەبی ڕەش. پارەیەکی باشی لە بانکدا هەبوو، ژیانێکی ئاسوودە دەژیا و هیوایەکی بناخەداریشی بەوە بوو کە زۆر ناکێشێت و منداڵیان دەبێت. جا کە بالدابیو چاوی لێ هەڵهێنا، تەنیا شتێک کە لێی بیسترا ئەمە بوو

ـ تۆ بڕیار بدە، بالدابیو.

٣١

هێرڤێ ژونکور لە سەرەتای تشرینی یەکەمدا سەرلەنوێ ڕێی ژاپۆنی گرتە بەر.

لە نزیک شاری مێتزەوە سنووری بەزاند، ڤورتمبەرگ و بایێرنی تێ پەڕاند و خۆی بە ئوتریش گەیاند. بە شەمەندەفەر بۆ ڤیێن و بۆداپێست چوو تا لەوێوە بۆ کییێف بەردەوام بێت. بە دوو هەزار کیلۆمەتری دەشتاییەکەی ڕووسیادا ئەسپی تاو دا، ئورالی تێ پەڕاند، دوایی خۆی بە سیبێریا گەیاند. چل ڕۆژی دا بەدەم چل شەوەوە تا گەیشتە دەریاچەی بایکال کە خەڵکی ناوچەکە پێیان

دەگوت: دواین. لەگەڵ رووباری ئامور بە درێژاییی سنووری چیندا تا ئۆقیانووسی ئارام چوو، کە گەیشتە کەنارەکەی وچانێکی دە رۆژەی لە بەندەری سابیرکدا گرت تا گەمییەکی قاچاخچییانی هۆڵەندایی بۆ کاپ تێرایەی سەر کەناری رۆئاوای ژاپۆنی برد. جا ئەوەی کە ئەم چاوی پێی کەوت وڵاتێک بوو لە چاوەڕوانییەکی وەک ئاژاوەی شەڕێکدا بوو کە هێشتا باری نەهاتبوو بەرپا ببێت. هێرڤێ ژونکور چەند رۆژێکی بەدەم رێوە کێشا بێ ئەوەی پێی بووێت بەرکارە ئاساییەکانی وریاییـــیـــان لێ رەچاو بکات، چونکە لە دەوروبەریدا پێ دەچوو دابەشکردنی دەســــتـــەڵات و دەستگەکانی چاودێری لە بەرەبەری ئەو تەقینەوەیەدا شێوابن کە هەموو شتێکی ژێروژوور دەکرد. لە شیراکاوا چاوی بەو کەسە کەوت کە دەبوو بۆ لای هارا کێی بیبات. دوو رۆژ دوا لەسەر پشتی ئەسپەوە روانگەی دێیەکەیان لێ دەرکەوت. ئەم بۆ ئەوی پیادە بوو تا هەواڵی گەیشتنی پێش خۆی بگات.

٣٢

هێرڤێ ژونکوریان بۆ یەکێک لە خانووە دوورەکانی دێیەکەی سەر گردێکی بەر دارستانەکە برد. پێنج خزمەتکار چاوەڕێی بوون. باوڵەکەیان لێی وەرگرت و خۆیشی چووە هەیوانەکەی. لەوسەری دێیەکەدا خانووە لەبارەکەی هارا کێیی بۆ دەرکەوت کە لە خانووەکانی دەوروبەری زۆر گەورەتر نەبوو، بەڵام دارسەرووی ئەوەندە گەورەی بە دەورەوە بوون کە لە نارەحەتکردنیان دەپاراست. ئەم لە سەرپێ مایەوە و وەک ئەوەی هیچێک لە نێوان خۆی و ئاسۆدا نەبێت، سەیری خانووەکەی دەکرد. هەر بەو جۆرە، دواییەکەی، دەسبەجێ، بینی چۆن ئاسمانی سەر خانووەکە، بە سەدان باڵندەی رەوبردوو، کە هەروەک لە زەوییەوە هەڵتەقابن، پەڵەی خۆڵەمێشیی تێ کەوت؛ باڵندەی هەمەجۆرە کە بە هەموو لایەکی ئاسماندا، شپرزە و سەرلێشێواوی دەم بە چریکە و زریکە، دەفڕین؛ بریسکەبارانێک لە باڵ و گەواڵەرەنگێک کە بە رووناکیدا هەڵپرژابوو، لە دەنگیش، دەنگی داخورپاو، ئاوازی هەڵفڕیو.

بەم دیمەنە هێرڤێ ژونکور رووخۆش بوو.

٣٣

دێ لە پڕێکدا وەک شارەمێرووڵە کە دەهارووژێت، گیانی تێ گەڕا: خەڵک بە هەموو لایەکدا هەڵدەهاتن و هاواریان دەکرد، سەریان بۆ ئاسمان هەڵدەبڕی و شوێنی ئەو باڵندە هەڵاتووانە دەکەوتن کە لەو هەموو ساڵانەدا مایەی شانازیی خاوەنەکەیان بوون و ئێستا تیز و تەشەرێک بوون بە ئاسماندا دەچەرخان. هێرڤێ ژونکور لە خانووەکەی دەرهات. دیسان لەسەرخۆ کەوتە نێو دێ و بە هێمنییەکی بێ دوایی نێو نیگاوە چاوی لە ئاستی خۆی بریبوو. پێ نەدەچوو کەس بیبینێت و خۆیشی لەوە نەبوو کەسی لێ دیاربێت. دەتگوت داوێکی زەردە بە تانی مافوورێکدا ڕاهێل دەبێت

کە شێتێک دەستی لە چنینیدا هەبووە. جا پردی سەر چۆمەکەی تێ پەڕاند و تا دارسەرووە بەرزەکان شۆڕەوە بوو. لەوێ ڕێی بەر سێبەریانی گرت و لەو سەریەوە کە دەرچوو ڕکە گەورەکەی بینی بەری هەڵدراوە و باڵندەی تێدا نەماوە، لە بەردەم ڕکەکەیشدا ژنێک وەستاوە. هێرڤێ ژونکور چاوی بە دەوری خۆیدا نەگێڕا. هەنگاوی خاوی هەڵهێنا و بەردەوام بوو. کە گەیشتە ئاستی ڕاوەستا.

چاوی بە شێوە ڕۆژهەڵاتی نەبوو، بە ڕواڵ کچێکی کاڵ بوو.

هێرڤێ ژونکور هەنگاوێکی تری نا، دەستی درێژ کرد و بۆی کردەوە. کاغەزێکی چوارقەدی لەناو دەستدا بوو. کە ژنەکە کاغەزەکەی بینی هەموو ڕووی گەشەوە بوو. کە دەستیشی نایە سەر دەستی، بە نەرمی، ئەوەندەی چاو بترووکێنیت، دەستی هێرڤێ ژونکوری گوشی. دوایی دەستی بەو کاغەزەوە کێشایەوە کە لەناو دەستێکدا هەموو دنیا گەڕابوو. هەرکە لە لۆیەکی کراسەکەیدا شاردییەوە دەنگی هارا کێی هات.

- بە خێرهاتی، پایزەبرا فرەنساییەکەم.

ئەو چەند هەنگاوێکیان لێ دوور بوو، کراسی ڕەش و پرچی وەک ڕەشیشی قەمچییەکی دەفەی نێوشان بوو. هاتە پێش، ڕکەکەی پشکنی و لە یەک بە یەکی دەرگەکانی ڕوانی.

- دێنەوە. کەس لێی ئاسان نایێت خۆی لەبەر تاوی گەڕانەوەدا ڕابگرێت، وا نییە؟

هێرڤێ ژونکور وەڵامی نەدایەوە. هارا کێی چاوی برییە نێو چاوی و بە دەنگێکی نەوی گوتی

- وەرە.

ئەم دوای کەوت. چەند هەنگاوێک چوو، دوایی ڕووەو کچەکە وەرچەرخا و کەمێک بۆی داهاتەوە

- هیوادارم زوو چاوم پێت بکەوێتەوە.

هارا کێی نەوەستا.

- زمانی ئێوە نازانێت.

گوتیشی

- وەرە.

٣٤

ئەو شەوە هێرڤێ ژونکور لە ماڵی هارا کێی مێوانداری کرا کە چەند پیاوێکی دێیەکەی لێ بوو، چەند ژنێکی تەرپۆشیش کە سووراو و سپیاوێکی زۆری خۆیان کردبوو. جا ساکی خورلایەوە و تووتنێکی تیژ بە پایپی کلکدرێژ کێشرا کە سەری گێژ دەکرد. یەک دوو تەنافباز هاتن و کەسێک کە لاسایی مرۆڤ و ئاژەڵی کردەوە، پێکەنینی تێوە هێنا. سێ پیرەژن تاریان دەژەند بێ ئەوەی بزەی سەر لێویان تار بێت. هارا کێی سەرووی کۆڕی گرتبوو، جلی ڕەش و پێی پەتی بوو. لە

پاڵیدا ژنەی بە ڕواڵ کچی کاڵ دانیشتبوو کە کراسێکی جوانی هەورێشمی پۆشیبوو. هێرڤێ ژونکور لەولای سەرووی کۆڕەوە جێی گرتبوو. بۆنە بێتام خۆشەکەی ئەو ژنانە کاسی کردبوو کە دەورەیان دابوو. بە ڕووی ئەو پاوانەیشدا زەردەخەندەی شەرمنی دەنواند کە خۆشیان بەو چیرۆکانە دەهات خۆیان بۆیان دەگێڕایەوە و ئەم تێیان نەدەگەیشت. جا هەزار جار بە چاو لە چاوی کچەکە گەڕا و ئەو هەزار جار چاوی ئەمی دۆزییەوە. ئەمەی ئەمان سەمایەکی خەمبار بوو، پێوار و ناچار. هێرڤێ ژونکور تا شەوی درەنگ کرد ئەم سەمایەی کرد. دوایی هەستا و بە زمانی خۆی شتێکی بوردنخوازانەی گوت. بەهەرحاڵێکیش بووە ژنێکی لە خۆی تەکاندەوە کە ژێری تەما کەوتبوو جێی ئەو شەوەی لەگەڵ بەش بکات.

دوای ئەوەی ڕێی خۆی بە نێو دنیای دووکەڵ و ئەو پیاوانەدا کردەوە کە بەو زمانەی نەیدەزانی بانگیان دەکرد، پێی بە ڕێی خۆیدا هەڵگرت. پێش ئەوەی لە ژوورەکەوە هەنگاو بۆ دەرەوە بنێت، بۆ دواین جار نیگای ڕووەو کچەکە نارد کە دانیشتبوو، چاوی یەکجار کپ و کاسی، سەدان سەدە و ساڵ دووری، لەم بوو.

هێرڤێ ژونکور بە نێو دێیەکەدا گەڕا، بۆنی شنەبای شەوی هەڵمشت و بەو کۆڵانانەدا ڕێی لێ ون بوو کە تا سەر گردەکە پێچاوپێچ دەچوون. کە گەیشتە بەردەرگەی ماڵی خۆی چرایەکی ڕۆشنی بینی لە پشت دیوارە کاغەزبەندەکاندا تەکەی دەهات. چووە ژوورەوە و دوو ژنی تووش بوو کە لێی وەستابوون.

تازەکچێکی ڕۆهەڵاتی کە کراسێکی سادە و سپیی لەبەر بوو و، ئەویش کە خۆشییەکی پڕ خرۆشی لە نێوچاودا بوو. ئەمیان بواری نەدا هیچ بکات، بۆی چوو، دەستی گرت، بۆ دەموچاوی خۆی برد و لێوی پێدا هێنا. دوایی دەستی لێ توند کرد. نایە سەر هەردوو دەستی کچەکەی تر و بۆ کورتێک هەر وا هێشتییەوە نەوەک خۆی بدزێتەوە. دواییەکەی دەستی لێ شل کرد. دوو هەنگاو کشایەوە. چراکەی هەڵگرت. ئەوەندەی ترووکەیەک چاو لە چاوی هێرڤێ ژونکوردا مایەوە و ڕای کرد؛ چرایەکی ترنجی بوو کە وەک شەبەنگ بە نێو شەودا شوێنی ون بوو.

٣٥

هێرڤێ ژونکور ئەم کچەی هەرگیز نەدیتبوو، لە ڕاستیدا ئەو شەوەیش هەر نەیدیت. لەو ژوورە وەک ڕەژوو ڕەشەدا هەستی بە لەشولاری لەباری کرد و ئاشنای دەست و دەمی بوو. جا بە جووڵە و دەستبزاوتنێک کە لەوەوبەر نەیکردبوو، هەروەها کە فێر دەبوو چۆن بەسەر ئاسپاییەکی پێنەزاندا زاڵ بێت، بۆ گەلێک سەعاتی پەیاپەی لەگەڵی تێکەڵ بوو. لەو تاریکاییەشدا ئیتر هونەر نەبوو لە باخەڵی ئەمدا بیت و ئەوی تر نا.

بەر لەوەی ڕۆژ ببێتەوە تازەکچەکە هەستا، کراسە سپییەکەی لەبەر کرد و ڕۆیشت.

٣٦

كە بەیانی دا هێرڤێ ژونکور تێبینیی کرد یەک لە پیاوەکانی هارا کێی لە بەردەرگە چاوەڕێیەتی. کابرا پازدە پارچە توێکڵی داری تووی پێ بوو کە هێلکەی وردی ڕەنگ عاجیان لەسەر بوو. هێرڤێ ژونکور یەک بە یەکی پارچە توێکڵەکانی پشکنی، دوایی نرخیانی هەڵسەنگاند و بە زێڕی ئاڵ بژارد. پێش ئەوەی لە کابرا جیا ببێتەوە لێی گەیاند کە دەیەوێت چاوی بە هارا کێی بکەوێت. کابرا سەری با دا و ئەم لە ئاماژەکانی تێ گەیشت کە هارا کێی ئەو بەرەبەیانە زوو لەگەڵ هاوەڵەکانیدا دەرکەوتووە و کەس نازانێت کەی دێتەوە.

هێرڤێ ژونکور بە نێو دێیەکەدا بۆ ماڵی هارا کێی ڕای کرد. بەڵام ئەوەی ئەم لەوێ بینی یەک دوو خزمەتکار بوون لە وەڵامی هەموو پرسیارێکدا سەریان بادەدا. ماڵەکە وەک چۆڵ کرابێت وابوو. چەندیشی کرد و گەڕا، تەنانەت لەنێو شتی زۆر بێبەهادا، پەیی بە شتێک نەبرد وەک نامە بۆی دانرابێت. جا کە لەوێ دەرچووبوو و بۆ نێو دێیەکە دەگەڕایەوە ڕکە گەورەکەی تێ پەڕاند کە دەرگەکانی سەرلەنوێ داخرابوون و لێی دا سەدان باڵندەی دوور لە ئاسمان باڵەفڕکەیان بوو.

٣٧

هێرڤێ ژونکور دوو ڕۆژی تریش چاوەڕێی شتێک ما بە نیشانە بچێت. دوایی ملی لە ڕێی خۆی نا.

کە نیو سەعاتێک کەمتری ڕێ لە دێیەکە دوور بوو، ڕێ بە دارستانێکدا تاوی دا کە لێی دا دەنگی دەگمەنی وەک زرەی زیو دەهات و لە پەنا گەڵاوە هەزاران خاڵی تاریکی لێ دیاربوو کە پۆلێک باڵندە نابوویەوە لەوێ وچانی دابوو. بێ ئەوەی لەو دوو زەلامەی بگەیەنێت کە ڕێبەرییان دەکرد، ئەسپەکەی ڕاگرت. دەمانچەکەی لە پشتێن دەرهێنا و شەش گوللەی بە ئاسمانەوە نا. پۆلە باڵندەیەکی ئەوەندە گەورە، کە دوور نەبوو لە دووریی دوو سێ ڕۆژەڕێیشەوە دیاربێت، بێ هیچ ئامانجێکی جیا لە شپرزەیی خۆی، وەک پەڵە هەوری دووکەڵی ئاگرێکی بێ ئامان، ڕەش، بە ئاسماندا سەرگەردان بوو.

٣٨

دوای شەش ڕۆژ، لە تاکاوکا، هێرڤێ ژونکور سواری کەشتییەکی قاچاخچییانی هۆڵەندایی بوو کە بۆ سابیرکی برد. لەوێوە بە درێژاییی سنووری چیندا خۆی بە گۆمی بایکال گەیاند، چوار هەزار کیلۆمەتری دەشتاییی سیبیریای لە پشت خۆی نا، ئورالی تێ پەڕاند، گەیشتە کیێڤ و هەموو ئەوروپای لە ڕۆهەڵاتەوە بۆ ڕۆئاوای بە شەمەندەفەر بڕی، تا دوای سێ مانگی ڕێ گەیشتەوە فرانسا. هێرڤێ ژونکور لە یەکەم یەکشەمەی مانگی ئەپریلدا لە سەروەختی نوێژی کڵێسادا گەیشتە بەر دەروازەی شاری لاڤیێلدیو. جا داوای کرد دروشکەکەی ڕاگرن و خۆیشی لە پشت

پەردە دادراوەکاندا چەند خولەکێک بێ جووڵە ما. دوایی پیادە بوو، هەنگاو بە هەنگاو درێژەی بە ڕێی بەرپێی دا و کەیلی ماندوویەتییەکی بێ کۆتایی بوو.

کە بالدابو لێی پرسی ئەگەر هەستی بە شەڕ کردووە. گوتی: نەک ئەو شەڕەی کە چاوەڕێی بووم.

ئەو شەوە چووە باخەڵی هێلێن و ئەوەندە بێ ئارام لەگەڵی جووت بوو دڵی هێلێنی داخورپاند و فرمێسکی پێ ڕشت. کە ئەم هەستی پێ کرد، هێلێن ڕووی گەشی بۆ نواند و بە چرپە پێی گوت

ـ فرمێسکی خۆشیمە.

٣٩

هێرڤێ ژونکور هێلکەکانی بە هەورێشمکارانی لاڤیێلدیو دا. دوای چەند ڕۆژێک لە شار دیار نەکەوت، تەنانەت پیاسە ئاساییەکانی هەموو ڕۆژێکی تا قاوەخانەکەی ڤێردویشی نەکرد. لە سەرەتای مانگی حوزەیراندا، بۆ سەرسوورمانیی خەڵکەکە، خانووە چۆڵەکەی جین بێربێکی کڕی؛ ئەو جین بێربێکەی کە خۆی لە ئاخاوتن دابڕی و تا مرد گۆی نەکرد. خەڵک پێیان وا بوو کارخانەی لێ دادەمەزرێنێت، بەڵام ناوماڵەکەیشی نەگۆڕی. ناوەناوە دەچووە ئەوێ و بە دیار تەنیاییی خۆی و ژووره کاولەکانیەوە دادەنیشت. کەسیش نەیدەزانی چیی دەکرد. ڕۆژێک بالدابیوی بۆ ئەوێ برد

ـ دەزانیت بۆچی جین بێربێک تا مرد هیچی نەگوت؟

بالدابو گوتی

ـ ئەمەشی یەکێکی ئەو هەمووە بوو کە تا مرد نەیگوت.

ساڵانێکی زۆر تێ پەڕیبوو، بەڵام هێشتا تابلۆی بە دیوارەوە بوون و مەنجەڵ لەسەر دەستماڵەکانی نزیک دەفرشۆرکەکە مابوون. ئەمە دیمەنێک نەبوو کەس دڵی پێ دابکەوێت. بە حەزی بالدابویش بووایە لەوێ نەدەما. بەڵام هێرڤێ ژونکور سەرنجی کەمەندگیری لە دیوارە خۆرەگرتە و بێ گیانەکان نەدەپچڕاند. زۆر ئاشکرا و دیار بوو کە لەنێو ماڵەکەدا سەر و سۆراخی شتێکی دەکرد

ـ لەوەیە ژیانت جاروبار ئەوەندە سەخت بێت کە ئیتر هیچت بۆ گوتن پێ نەمێنێت.

ـ هیچی تر. تاهەتایە.

باسی جیدیی لایەنی باشی بالدابو نەبوو کە دانیشتبوو چاوی لە ناوجێیەکەی جین بێربێک بوو.

ـ هەر کێیەکی تر بووایە لەوەیە بە ماڵێکی ئەمەندە ناخۆش زمانی بشکایە.

هێرڤێ ژونکور گەلێک شەو و ڕۆژی بەرودوا، درێژەی بە ژیانێکی دوورەپەرێزانە دا. بە دەگمەن سەری لە ماڵ دەردەکێشا و کاتی خۆی بۆ نەخشەکێشانی ئەو باخە تەرخان دەکرد کە زوو یا درەنگ هەڵی دەچنی. کاغەز بە کاغەزیش وێنەی وا سەیری دەکێشا کە ئەوپەڕەکەی بە مەکەینە

دەچوون. ڕۆژێکیان هێلێن لێی پرسی

ـ ئەمە چییە؟

ـ قەفەسی باڵندەیە.

ـ قەفەسی باڵندە؟

ـ بەڵێ.

ـ قەفەسی باڵندە بۆ چی باشە؟

هێرڤێ ژونکور بە تینێکی زۆرەوە سەیری وێنەکانی دەکرد.

ـ بە باڵندەی پڕ دەکەیتەوە، چەندت بوێت. جا ڕۆژێک کە خۆشیت بە ڕوودا پێ دەکەنێت، دەرگەکانی دەکەیتەوە. کە بە ئاسماندا دەفڕن زاخاوی چاوتیان پێ دەدەیت.

٤٠

لە کۆتای تەمووزدا هێرڤێ ژونکور لەگەڵ هاوسەرەکەیدا بۆ نیس چوو. لەوێ خانوویەکی بچووکی کەناری زەریای کرێ گرت. ئەمەیان بە حەزی هێلێن بوو کە پێی وا بوو لە شوێنێکی تەریکی وادا ئارامی و ئاسایش تەمی ئەو خەمە دەڕەوێنێتەوە کە پێ دەچوو مێردەکەی داگرتبێت. هێلێن ئەوەندەی هۆش هەبوو وای بنوێنێت ئەم کارەی لە جۆشێکی بەتینەوە تاو دەستێنێت و بەمەیش ئەو خۆشییەی بۆ ئەو پیاوەی کە خۆشی دەویست دابین کرد تا لێی خۆش بێت.

پێکەوە سێ هەفتەی خۆشییەکی سادە و ئاسوودەیان بەسەر برد. ئەو ڕۆژانەی گەرما کەمێک دەشکا، دروشکەیان بەکرێ دەگرت و بە ناسینی دێی فەرامۆشی سەر ئەو گرد و شاخانە خۆشیان ڕادەبوارد کە دەریایان لێوە وەک پاشخانێکی شانۆ دیار بوو بە کاغەزی شین پێک هێنرابێت. جار هەبوو بۆ نێوشار دەچوون و لە شەواهەنگێک یان شتێکی گەورەتردا بەشدار دەبوون. شەوێک میوانی نەجیبێکی ئیتاڵیایی بوون کە بە بۆنەی شەستەمین ڕۆژی لەدایکبوونیەوە خوانێکی گەورەی لە میوانخانەی سویس ڕازاندبووەوە. بە خواردنی دواژەمەوە خەریک بوون کە هێرڤێ ژونکور سەری بە ڕێککەوت هەڵبڕی و سەیری هێلێنی کرد. هێلێن لەوسەری مێزەکە دانیشتبوو، لە تەنیشت ئینگلیزێکی ڕێزدار و دڵکێشدا کە سەیر ئەوە بوو بە چەپکێک گولیلکی شینی سەر یەخەی چاکەتەکەی خۆی دەنواند. هێرڤێ ژونکور چاوی لێ بوو کابرا خۆی بە لای هێلێندا داهێنا و شتێکی بە گوێیدا چپاند. هێلێنیش بە شێوەیەکی زۆر شیرین دایە قرمەی پێکەنین. کە پێ دەکەنی خۆی نەختێک دایە پێش تا پرچی بەر شانی کابرا کەوت، جووڵەیەک بێ ئەوەی بۆی لە ڕوو دامێنێت بەڵام بە موو کەم یا زۆری نەکردبێت. هێرڤێ ژونکور سەرنجی هێنایەوە سەر دەورییەکەی بەردەمی و نەیتوانی تێ نەبینێت دەستی، کە کەوچکە چایەکی زیوی توند گرتبوو، زۆر ئاشکرا دەلەرزی.

پاش تاوێک، لە ساڵۆنی جگەرەکێشاندا، لەبەر خواردنەوەی مەیێکی زۆر لەتری بەرەو کابرایەک

دا کە بە تەنیا لە پشت مێزێکدا دانیشتبوو و بێ ئەوەی هیچێکی وای بە ڕووەوە دیاربێت، چاوی لە بەردەمی خۆی بڕیبوو. هێرڤێ ژونکور بەسەر کابراکەدا داهاتەوە و لەسەرخۆ گوتی

- شتێکی زۆر گرینگم پێیە کە دەبێت پێتی بڵێم، برا. ئێمە هەموومان بۆگەنین. هەر هەمووومان بێوێنە و هەم بۆگەنین.

کابرا خەڵکی درێسدن بوو. بازرگانی چەرمەگا بوو و فرەنساییەکی ئەوتۆی نەدەزانی. کابرا دایە قاقای پێکەنین و بۆ سەلماندنی هاوڕایی، وەک کەسێک کە نەیەوێت کۆتاییی پێ بهێنێت، چەند جارێک سەری داهێنا.

هێرڤێ ژونکور و هاوسەرەکەی تا سەرەتای ئەیلوول لە ریڤیێر مانەوە. ئەمان بە تاسەوە لە خانووەکە دەرچوون، چونکە لەنێو ئەو چوار دیوارەدا ئەوینە لە چارە نووسراوەکەیان پێ لە شان گران نەبوو.

٤١

بالدابو بەرەبەیانێکی زوو سەردانی هێرڤێ ژونکوری کرد و لە بەرهەیوانەکەدا دانیشتن.

- بە باخ ناچێت.

- بالدابو، هێشتا دەستم پێ نەکردووە.

- وا بێت، باشە.

بالدابو بەیانییان پاپی دانەدەگرتەوە، بەڵام کردی و ئاگری پێوە نا.

- کابرای پاستۆرناوەم بینی. کابرا شارەزایەکی تەواوە. بۆی ڕوون کردمەوە چی بە چی کردووە. هێلکەی پووک لە پاکیان جیا دەکاتەوە. دیارە پێی ساغ نابنەوە. بەڵام پاک و ساغەکانی پێ جیا دەبێتەوە و بە دووری نازانێت سی لە سەدی بەرهەمەکەمان پاک بێت.

وچان.

- بیستوومە شەڕی ناوەخۆ لە ژاپۆن بەرپا بووە، ئەمجارەیان گاڵتە نییە. ئینگلیز چەک بۆ حوکمەتەکەی دەبەن، هۆڵەندی بۆ دژەکەی. لەسەر ئەم کارە ڕێک کەوتوون، دنەیان دەدەن وەک چەتە و جەردە ژین بکەن. خۆیشیان دوایی پوخت و پاکی وڵاتەکە دەبەن و لەنێو خۆیانی بەش دەکەن. کۆنسوڵگەی ئێمەیش دەقی نەشکاوە، هەر چاوەڕێیە. برووسکەی خۆی دەنێرێت و باس لە کوشتوبڕی بێگانە دەکات و دەڵێت وەک بەراز سەریان دەبڕن.

وچان.

- قاوەی تر ماوە؟

هێرڤێ ژونکور قاوەی بۆ تێ کرد.

وچان.

ـ دوو ئێتاڵیاییەکە، فێررێری و ئەوی تریان، ئەو دووانەی پار بۆ چین چوون... پازدە هەزار هێلکەی تازەیان هێناوە، هێلکەی دەرەجە یەک. هاوکارانمان لە بوللێت لێیانیان کڕیوە و دەڵێن هێلکەی وا چاکیان تا ئێستا نەدیوە. ئەوان مانگێکی تر بۆ چین دەچن... نرخێکی باشیان بۆ داناوین. نرخی گونجاو. ئونسی بە یازدە فرەنک. هەموویشی بیمە کراوە. کەسێک نین متمانەیان پێ نەکرێت. ڕێکخراوێکی گەورەیشیان لە پشتە. هێلکە بە نیوەی ئەورووپا دەفرۆشن. بەڕاستی جێی متمانەن، قسەی پێ ناوێت.

وچان.

ـ چوزانم. خۆ لەوەیە هێلکەی خۆمانمان بەس بێت؛ بەو کارەی کە باستور دەیکات و ئەوانەیش کە دەکرێت لەو دوو ئیتاڵییەیان بکڕین... لەوەیە پەکمان نەکەوێت. ئەوانی تری شاریش بە چاکی نازانن جارێکی تر بۆ ئەوێت بنێرین... جا ئەو هەموو پارەیەیش کە تێی دەچێت... بە خەتەرناکی دەزانن و هەقیانە. جارانی پێشوو جیا بوو، بەڵام ئێستا... ئیتر زەحمەتە گیانی لێ دەرباز بکەیت.

وچان.

ـ ڕاستت دەوێت، ئەوان نایانەوێت هێلکەکان لە دەست بدەن، منیش نامەوێت تۆم لە دەست بچێت.

هێرڤێ ژونکور ماوەیەک سەرنجی لەو باخە گرت کە هێشتا هەر لەسەر کاغەز بوو. دوایی شتێکی کرد کە لەوەوبەر لێی نەبینرابوو

ـ من بۆ ژاپۆن دەچم، بالدابو.

ـ ئەو هێلکانە هەر دەکڕم. ناچار بم بە پارەی خۆمیان دەکڕم. جا ئیتر دەمێنێتەوە سەر تۆ کە پێتیان بفرۆشم یان بە کەسێکی تر.

بالدابو ئەمەی لێ چاوەڕێ نەبوو. دەتگوت تاکدەستەکەیە کە دوا نۆرەی بووە و چوارگۆشەییەکی کێشاوە؛ ئەندازەگەرییەکی مەحاڵ و بۆڕی داوە.

٤٢

بالدابو لە هاوریشمکارانی لاڤیێلدیوی تێ گەیاند کە پاستۆر جێی متمانە نییە، دوو ئیتاڵیاییەکە نیوەی ئەورووپایان ڕووتاندووەتەوە، شەڕی ژاپۆن تا زستان دەبڕێتەوە و دایە ئاگنێسیشی هاتووەتەوە خەو و لێی پرسیوە تۆ بڵێیت پاکیی ئەم شارە خوێڕی و توێڕی نەبن. هێلێن تاکە کەس بوو نەیدەتوانی درۆی لەگەڵ بکات.

ـ سەفەری ئەمجارەی پێویستە، بالدابو؟

ـ نا.

ـ ئەی بۆ دەیکات؟

- من ڕێیم پێ ناگیرێت. جا کە بیەوێت بۆ ئەوێ بچێت، هەر ئەوەندەم لە دەست دێت هۆیەکی چاکی بنێمە ڕێ تا بێتەوە.

هەموو هاوریشمکارانی لاڤیێلدیو، بە نابەدڵیش بووە، بەشی خۆیان پارەی هەناردەکەیان دا. هێرڤێ ژونکور خۆی کۆ کردەوە و لە سەرەتای تشرینی یەکەمدا ئامادە بوو مل لە ڕێ بنێت. هێلێن، وەک هەموو ساڵێک، یارمەتیی دا بێ ئەوەی هیچی لێ بپرسێت و هیچ نیشانەیەکی نیگەرانیی لێ بنوێنێت، تا دواین شەو کە چراکەی کوژاندەوە و پێی لە جەرگی خۆی نا و گوتی

- بەڵێنم پێ بدە کە دێیتەوە.

بە دەنگێکی بڕندە و بێ نەرمی.

- بەڵێنم پێ بدە کە دێیتەوە.

لە تاریکدا هێرڤێ ژونکور وەڵامی دایەوە

- بەڵێن بێت.

٤٣

دەی تشرینی یەکەمی ١٨٦٤ هێرڤێ ژونکور بۆ چوارەم جار ڕێی ژاپۆنی گرتە بەر. لە نزیک شاری مێتزەوە سنووری بەزاند، ڤورتمبەرگ و بایێرنی تێ پەڕاند و خۆی بە ئوتریش گەیاند. بە شەمەندەفەر بۆ ڤیێن و بۆداپێست چوو تا لەوێوە بۆ کیێڤ بەردەوام بێت. بە دوو هەزار کیلۆمەتری دەشتاییەکەی رووسیادا ئەسپی تاو دا، ئورالی تێ پەڕاند، دوایی خۆی بە سیبیریا گەیاند. چل ڕۆژی دا بەدەم چل شەوەوە تا گەیشتە دەریاچەی بایکال کە خەڵکی ناوچەکە پێیان دەگوت: پیرۆز. لەگەڵ ڕووباری ئامور بە درێژاییی سنووری چیندا تا ئۆقیانووسی ئارام چوو. کە گەیشتە کەنارەکەی وچانێکی هەشت ڕۆژەی لە بەندەری سابیرکدا گرت تا گەمییەکی قاچاخچییانی هۆلەندایی بۆ کاپ تێرایەی کەناری ڕۆژئاوای ژاپۆنی برد. بە لاڕێی باریکی نێو هەرێمی ئیشیکاوا و تۆیاما و نیگاتادا ئەسپی تاو دا و دوایی بۆ فۆکۆشیما. کە گەیشتە شیراکاوا بینی نیوەی شار کاول بووە و هێزێکی سەر بە حوکمەت هۆبەی لەنێو کەلاوەکاندا هەڵخستووە. لەلای ڕۆهەڵاتییەوە بە دەوری شارەکەدا هات و پێنج ڕۆژ لە هیچە چاوەڕێی پیاوێکی هارا کێی ما. لە بەرەبەیانی شەشەم ڕۆژدا ڕووەو گردەکانی باکور کەوتە ڕێ. یەک دوو نەخشەی کەموکورتی پێ بوو و چەند بیرەوەرییەکی کاڵیش. بەو ناوەدا چەند ڕۆژێک ڕێی بە هیچ کوێیەک نەبرد تا لە پڕێکدا چەمێکی ناسییەوە و دوایی دارستانێک و دواتر ڕێیەک. لە کۆتاییی ڕێیەکەیشدا دێیەکەی هارا کێیی لێ دیار کەوت: تا بناغەی لە برێ چووبوو: خانوو، درەخت، هەرچی هەبوو.

هیچی بەسەر هەردوە نەمابوو.

یەک گیانی زیندووی لێ نەبوو.

هێرڤێ ژونکور لە جێی خۆیدا سڕ بوو و لەو پشکۆ گەورە دامرکاوە وڕ ما. ڕێیەکی هەشت هەزار کیلۆمەتر درێژی لە دوادا بوو، بە بەریشیەوە هیچ. جا لەو ساتەدا ئەو شتەی بینی کە بە نادیاری دەزانی.

ئەوسەری دنیا.

٤٤

هێرڤێ ژونکور لەنێو وێرانەی دێیەکەدا بۆ چەند سەعاتێک داما و باری نەدەهات جێی بهێڵێت، ئەگەرچی بە دووری نەدەزانی کە بەبادانی هەر سەعاتێک بەڵایەک بەسەر خۆی و هەموو لاڤیێلدیودا دەهێنێت. هێلکەی کرمی هاوریشمی دەست نەکەوتبوو، دەستیشی بکەوتایە هەر یەک دوو مانگی مابوو خۆی بەوسەری دنیا بگەیەنێت ئەگەر نەیویستایە هێلکەکانی بەدەم ڕێوە بتروکێن و کەڵەکەیەک گەرای بێ کەڵکیان لێ پێک بێت. جا ڕۆژێک دواکەوتنی لێ وەک کۆتاییی هەموو شتێک بوو. ئەمەی دەزانی بەڵام نەیدەتوانی پێی لێ بنێت و مایەوە تا شتێکی سەیر و چاوەڕێنەکراوی لێ پێش هات؛ لە هیچێکی بەتاڵەوە کوڕیلەیەک لە ناکاودا لێی دەرکەوت. کوڕەکە شڕە و شیتاڵی لەبەر بوو، سست و بە سڵی نێونیگاوە دەهات و چاوی لەم بێگانەیە بوو. هێرڤێ ژونکور لە جێی خۆیدا سڕ بوو. کوڕەکە یەک دوو هەنگاوی تریشی بۆ چوو. ڕاوەستا. ڕووبەڕووی یەک و دوو مەترێک لە یەکتر دوور، ورد لە یەک وردبوونەوە. دوایی شتێکی دەرهێنا کە لە جلە شڕەکەیدا شاردبوویەوە و بە ترس و لەرزەوە لێی نزیک بووەوە و بۆی درێژ کرد: دەستکێشێک. هێرڤێ ژونکور کەناری گۆمەکە و کراسە ترنجییەکەی سەر زەوی و شەپۆلە وردەکانیشی بەرچاو هاتەوە کە هەروەک لە شوێنێکی زۆر دوورەوە ڕەوانەی ئەوێ کرابن کەناراوەکەیان دەشۆردەوە. دەستکێشەکەی لێ وەرگرت و زەردەیەکی بە ڕوودا هێنا.

ـ خۆمم، کابرا فرەنسایی... کابرای هەورێشم، فرانسابییەکە، تێ گەیشتی؟... خۆمم.

کوڕەکە لەرزەکەی نەما.

ـ فرەنسابییەکە...

کوڕەکە ڕەشێنەی چاوی دیار نەبوو، بەڵام پێ کەنی. بێ پشوو، وەک کەسێک هاوار بکات قسەی بۆ کرد، ڕای کرد و بە دەست تێی گەیاند دوای بکەوێت. کوڕەکە لەسەر ئەو ڕێیەی دەچووە نێو دارستانەکەی ڕووەو چیاکان دیار نەما.

هێرڤێ ژونکور نەجووڵا. دەستکێشەکەی وەک تاکە شتێک لە دنیایەکی تێداچوو مابێت، ئەمدیو و ئەودیو کرد. دەیشیزانی ئیتر درەنگە و چاری ناچارە.

هەستا. لەسەرخۆ بۆ لای ئەسپەکە چوو. سواری پشتی بوو. دوایی شتێکی سەیری کرد. ئاوزەنگی لێ ژەنی و بەرەو دارستانەکە، دوورتر لەوسەری دنیا، دوای کوڕەکە کەوت.

## کورتەیەک لەسەر

# ڕەوشت

سەلاح حەسەن پاڵەوان

بەشی دووەم

### چێژ و ڕەوشتی ئەفلاتوونی

کاتێک باس لە مەسەلەیەکی وەک چێژ و ڕەوشت دەکەین و ئەم بابەتە دەخەینە خانەی لێکدانەوەوە پێویستە ئاگەداری وردەکارییەکان بین و کەم تا زۆر لەو بازنانە دوور کەوینەوە، کە بۆ مەوداکانی ترمان دەبات. چێژ دیاردەیەکی پێویست و گرینگی هەر لێکدانەوەیەکە لەسەر ڕەوشت، ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵ دەدات پایەکانی چێژ لەنێو بنیاتی ڕەوشتدا دیاری بکات، ڕەوشت هەردەم ئاماژەیە بۆ شێوەیەک لە چێژ، چێژی چاکە و چێژی خراپە دەکات، ئاکارە جوانەکان هەستێکی شیرین بە مرۆڤ دەدەن، ئاکارە جوانەکان تەسکینی و خاوبوونەوەیەکی ڕۆحی بۆ مرۆڤ مەیسەر دەکەن، بەڵام بە پێچەوانەشەوە دەکرێ هەندێ سیفەت و ئاکاری ڕەوشتی ببێتە هۆی تێکدانی سیفەتی حەز و چێژەکانی مرۆڤ؟

ئەفلاتوون زیاد لە پێویست ئاماژەی بەم دیاردەیە کردووە، یەکەم فەیلەسووفی یۆنانی بووە کە هەوڵی داوە کۆتا بە تێگەیشتنەکانی خۆی لەمەڕ ڕەوشت بهێنێ، بەڵام لە چ کاتێکدا کۆتا بە گەشەکردنی فەلسەفەیی ئەفلاتوونی لە بواری چێژدا دێت، ئەو کاتەیە کە ئەم فەلسەفەیە بەرەو «گەشەکردنی تیۆرەکەی دەڕوات لە بواری چێژدا، ئەویش بە بەستنەوە و بە شیکردنەوەی هێزە دەروونییە جۆرەوجۆرەکان، سێ جۆرە چێژ پێشکێش دەکات، هەریەکەشیان بە بەشێک لە بەشەکانی دەروونەوە دەبەستێت: چێژی هەستی، کە پێوەستە بە نەفسە شەهەوانییەکانەوە، هەروەها حەز و ئارەزوو هەیە لەگەڵ نەفسی تووڕەییدا دەگونجێ، بەڵام چێژە عەقڵانییەکان تەنیا ئەوانەن کە چێژی حەقیقین و پاراون لە هەر ئازارێ و ئەمەش لەگەڵ نەفسی عەقڵدا دەگونجێ.».

واتە ئەوەی کە ئەفلاتوون دەیخاتە ڕوو پۆلینکردنی چێژی راستەقینەیە، بە شێوەیەک کە لەگەڵ دەروونی مرۆڤدا بگونجێت و هەروەها بەشێک پێک بێنێ لە شێوەکانی بیرکرنەوەی ئەو سەردەمە، واتە بەپێی پۆلینکردنەکەی ئەفلاتوون مرۆڤ لایەنی سروشتی و لایەنی دەستکردی تێدایە، یان لایەنی ئاژەڵی و لایەنی مرۆیی، چێژیش بۆ چەند شێوەیەک چێژ دابەش دەبێ، یەکەم چێژی بەسوود کە خۆی دەبینیەوە لە شێوەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ چێژدا، هەرچەندە هەندێک لێکدانەوەی تر هەبوون، وەک لێکدانەوەی سۆفستاییەکان و لێکدانەوەکانی گۆرگیاس کە بۆچوونێکی تەواو جیاوازیان لەبارەی چێژەوە هەبوو، ئەوان پێیان وابوو چێژ بەشێک لەو پێکهاتەیە کە دەبنە هۆی گەندەڵکردنی سیفەتی مرۆڤ و دوورکەوتنەوەی لە چاکە و پاکداوێنی و نزیکبوونەوەی لە حەز و ئارەزووەکان و ورگ تێرکردن و نەفس بەرەڵاکردن. بێگومان ئەفلاتوون کە دێتە سەر باسی چێژ ئاماژە بەو گۆڕانکارییانەش دەکات کە لە بوونی مرۆڤدا دروست دەبن، بە تایبەت لە چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ خودی چێژدا و چۆنیەتیی تەوزیفکردنی لە بوارە جیاجیاجێیەکانی ژیان.

پێوەندیی نێوان چێژ و بەشەکانی تری پێکهاتەییی مرۆڤ دەمانگێڕێتەوە بۆ ئەو مەودایەی کە تێیدا باسیش لە نرخ و هەڵسەنگاندنمان بۆ دەکات، لە هەمان کاتدا هەموو کار و کاردانەوەیەکی مرۆڤ لێکدانەوە و بیرکردنەوەی خۆی هەیە، کە دەبنە هۆی پێکهێنانی ئەو مەودایەی کە تێیدا بوون و پێکهاتەییبوون دەشێوێ، بەهای مرۆڤ پابەندە بە بەهاکانی چێژ و بەهای پێکهاتن و بەهای نەفسی. مرۆڤ دەبێ سەرشۆڕی چێژ نەبێت و نەبێتە کۆیلەی چێژەکانی خۆی، گەر هاتو وای لێ بەسەرهات، ئەوا تووشی شێوەیەک لە لەدەستدانی عەقڵ دەبێت، دەبێ عەقڵ کۆنترۆڵی بوونی مرۆڤ و چێژ و بەهای مرۆڤ بکات، گەر ئەو کارەی نەکرد، مانای چێژ فەرمانڕەوایی هەموو بوونێکی مرۆڤ دەکات، بۆیە ئەفلاتوون بەو ئەنجامە دەگات کە باسکردنی بەها دەبێت زۆر سەربەخۆیانە ڕوو بدات، دوور لە هیچ جۆرە پێوەندییەک بە هەست و چێژە مرۆییەکانەوە، بەشێکی زۆر لە سیفەتەکانی مرۆڤ تووشی ونبوون دەبن گەر هاتو نەیانتوانی ئەو پێوەرە بپێون، کە پێوەری بوون و پێکهاتەکانی عەقڵە.

ئەفلاتوون گەدە بە سەرچاوەی چێژ دادەنێت و جەستەش بە سەرچاوەی حەز و ئارەزووەکان، بۆیە هێرشێکی بێ شومار دەکاتە سەر حەزە جەستەییەکان، واتە حەزەکانی گەدە، بۆیە کاتێ باس لە چێژی نەفس دەکات، بە عەقڵ و نەفسی دەبەستێتەوە و پێی وایە ئەوەی ژیانێکی دادپەروەرانە بژی، شادمان و پیرۆزە و ئەوەشی پێچەوانەی ئەمە بێت ناشاد و دزێوە. بۆیە ئەفلاتوون رای وایە ناکۆکییە ناوکۆیی و دەرەکییەکان کاریگەریان بۆ سەر عەقڵ هەیە و لە کاتی گەشەکردنی عەقڵ بە شێوەیەکی پێویست، حاڵەتێکی دەروونیی تێری لا دروست دەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی بە جوانی بتوانێ ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکات. ئەوەی کە نەفسی مرۆڤ هەڵدەخەڵەتێنێ، خودی مرۆڤ خۆیەتی و وای لێ دەکات بەدووی حەز و چێژە شەڕخوازەکاندا

بگەڕێت و زیاتر تووشی دزێویی پاشەڵی و خراپە و ریاکاری دەبێت، لەبەر ئەوەیە مرۆڤ خۆی بەرامبەر بە کارەکانی خۆی بەرپرسیارە و خوا بەرپرسیار نییە، خوا نە کەس هەڵدەخەڵەتێنێ و نە درۆش دەکات.

ئەفلاتوون کتێبی دووەمی کۆمارەکەی کە باس لە «شاری خۆشبەختی» دەکات، دەڵێت: عەقڵ هەتا بەرزتر بێت راستگۆترە، واتە چەندێک عەقڵ لەگەڵ گەشەکردنەکاندا گەشە بکات، لە حەز و چێژە ناوازەکان دوور دەکەوێتەوە. لە کتێبی سێیەمدا بە ناونیشانی «دەستووری شارە» باس لە کۆمەڵێ سیفات دەکات کە لە خانەی چاکەدا جێگەیان دەکاتەوە و یارمەتیدەرن بۆ چاککردنی نەفسی مرۆڤ و بەو چاکبوونەش چێژێکی راستەقینە لای مرۆڤ دروست دەبێت گەر نەفس ئازاد بێت، هەست بە باڵاترین مەزنی دەکەیت، گەر درۆزنان نەبن چاکە دەبێت. کە ئەمانەش لە کۆدا سەرچاوەیەکن بۆ بوونی نەفسێکی پاراو.

چێژی مۆسیقا توندوتیژیی دەروون دەگۆڕێ، ئەفلاتوون لە بەشی راهێنان لەسەر مۆسیقادا جەخت لەسەر رۆڵی مۆسیقا دەکات، لە وتووێژی نێوان سوکرات و ئەدیمنتیسدا باس لە ئامانجەکانی مۆسیقا دەکات. بۆیە ئێمەش لێرەدا باس لە مۆسیقا دەکەین لەبەرئەوەی بەشێکە لە ئاودانی چێژی دەروونی و رۆحی، ئەو لەوێدا باس لە سروود دەکات، بەپێی ئەو وتووێژە سروود لە ٣ بەش پێکهاتووە، ئاواز و ئەلفاز و ریتم. ئەلفازەکانی گۆرانی جیاوازی نییە لەگەڵ لەفزەکانی تر، بەو پێیەی ئەلفازی گۆرانی پێکهاتەیەکە لە رووی رێکوپێکییەوە بەهەمان شێواز کێشراوە. هەروەها دەبێ ئاواز و ریتم لەگەڵ لەفزەکاندا هاوجووت بن.

رۆڵی مۆسیقا لای ئەفلاتوون چێژگەیێنە، پێوەستە بە حاڵەتەکانی هەست و سۆز و هەڵچوون و ساتەکانی مرۆڤ، مۆسیقای شەڕ و هێمنی و ئاینی و ئیقاعە ئاینییەکان جیاوازن، لە شاردا جیاوازە، وەک لە لادێکاندا، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ئەرکی مۆسیقا ئەرکێکی رەوشتییە، بەشداری لە پاککردنەوەی دەروون دەکا، بەشداری لە وروژاندنی هەڵچوونەکان دەکات، ئەو پێی وایە دەبێ مۆسیقا خۆشەویستی دروست بکات.

راهێنانی هەست و چێژ دوو شێوازن کە ئەفلاتوون بەکاریان دەهێنێ بۆ دوورخستنەوەی مرۆڤ لە شتە خراپەکان و گەیشتنی بە چێژێکی مەزن، بە باڵاترین ئاستی بیرکردنەوە و مەزنێتی. بەشی چوارەمی کۆمارەکەی ئەفلاتوون کە باس لە چوار چاکییەکەی مرۆڤ دەکات، لە هەمان کاتدا ئەوە وەبیر مرۆڤ دەهێنێتەوە کە خود نابێت رەهبەری مرۆڤ بکات، بگرە عەقڵ ئەو ئەرکە دەبێت بگرێتە ئەستۆی خۆی. لە هەردوو ئەو هێزەی کە لە دەرووندان و دژ بە یەکن، کە هێزی زەین و عەقڵن، لەگەڵ هێزی شەهەوانی. بناخەیەکی گونجاو هەیە بۆ ئەوەی بڵێین ئەم دوو هێزە دوو هێزی دیارن لە دەروونی مرۆڤدا، ئەفلاتوون پێی وایە ئەو بەشەی کە تێیدا عەقڵ پێڕەوی دەکرێت و پێوەندیی بە نەفسەوە هەیە، هێزێکە بەرەو بیرکردنەوەمان دەبات. بەڵام هێزی شەهەوانی کە تێیدا چێژ بەشدارە، شتێکی ترە، ئەم دوو هێزە لە یەک کاتدا لەنێو دەروونی مرۆڤدا ئامادەن، مرۆڤ حەز و

ئارەزووەکان وای لێ دەکات دژ بە حوکمەکانی زەین بوەستێتەوە، شتێک ناتەوێ بیکەی یا بیبینی بەڵام حەز و ئارەزووەکان و چێژی بینین چاوەکانت پێ دەکاتەوە و دەستوپێی دەخاتە کار بۆ ئەوەی نەفس و ئیرادە رەفز نەکاتەوە، بەمجۆرە حەزەکان بەسەر عەقڵدا سەر دەکەون. ئەم دوو هێزە بەردەوام لە دەروونی مرۆڤدا لە شەڕێکی بەردەوامدان. تووڕەبوون وامان لێ دەکات یان دژ بە هێزی شەهەوانی بوەستینەوە یان ببین بە بەشێک لەو هێزە، هێزی تۆڵەکردنەوە و ئازاردانی خود بەشێکن لەو هێزە شەهەوانییە و دژ بەو هێزە شەهەوانییەن.

«ئەفلاتوون لە کتێبی فیلیبوس ئاماژە دەکات کە خۆشبەختی ناتوانی بە تەنیا چێژی رەها و عەقڵ بێت، لەبەرئەوەی ئەم دووانە هەردووکیان لە یەکێک لە لایەنە بنەڕەتییەکانی خۆشبەختیان تێدا نییە، پێوانەی چێژی تاک پێوەستی هەیە بە بەهای ئەو چالاکی و بارانەی کە تاک لەزەتی لێ دەبینێ....»

لە مەسەلەی باسکردنی چێژە سلبییەکانیشدا باسی دەسەڵاتمان بۆ دەکات، دەسەڵات لەنێو دەوڵەت و یاساکانی دەسەڵاتداراندا دەکات، لێرەشدا دیسان بۆ مەسەلەی چێژ و هەوەسبازی و حەز و ئارەزووەکان دەگەڕێتەوە و پێوەستیان دەکات، بە مەسەلەی دەسەڵات و داپڵۆسینەوە. ئەفلاتوون پێی وایە کەسی دەسەڵاتدار لە شێوەیەکی هەوەسبازیدایە، ناتوانێ خۆی لێ دەرباز بکات، گەر هاتو لەژێر ڕکێفی حەزە سلبییەکانی خۆی دەرباز بێت، دەبێتە کەسێکی دیموکراتخواز، بەڵام هەوەس و چێژی دەسەڵات چاوی نابینا دەکات و بەردەوام دەبێت لە داپڵۆسین و وەژێر ڕکێفنانی هەموو شتەکان بۆ سوودی خۆی و لێرەشەوە دەسەڵات و دەسەڵاتداری دەبێتە کولتوورێ بۆ بەجێهێنانی حەز و ئارەزووەکان.

کەسی داپڵۆسێنەر یان دیکتاتۆر بە چەند هەنگاوێک دەبێتە کەسێک کە دەکوژێ و دەبڕێ، گۆڕینی پاڵەوان بۆ دیکتاتۆر یەکێکە لە هەنگاوەکان، ئەفلاتوون دەڵێ پاڵەوان یان دوژمنەکانی دەیکوژن یا داپڵۆسینەکانی زێدەتر دەبن و دەبێ بەگورگ. یان ئەوەتا لە پاڵەوانەوە دەبێ بە خوا، کاتێک گەلەکەی دەزانن ناتوانن دەستبەرداری بن، دەیپەرستن، ئەمەش فێڵکە بەکار دەهێنرێ بۆ دەستبەرنەداری ئەو، ئەفلاتوون ئاماژە بەوە دەکات کە فەیلەسووف ناتوانێ ببێ بە دەسەڵاتدار، هۆی سەرەکیش، فەیلەسووفان بە تەنیا خۆیان دەزانن سەرکوتکردن چییە، ئەوان لە پێناوی پارە و پلە و پایە نایانەوێ ببنە دەسەڵاتدار.

## دادپەروەری و رەوشتی ئەفلاتوونی

یەکێک لەو مەسەلانەی کە ئەفلاتوون جەختی لەسەر دەکات، مەسەلەی دادپەروەرییە، واتە باشکردن و رێکوپێکردنی پێوەندییەکانی نێوان خەڵکی لە کۆمارەکەیدا. سوقرات و بولیمارخیس لە وتووێژێکی گەرموگوڕی نێو کتێبی یەکەمی کۆمارەکەی ئەفلاتووندا باس لە پرسیارێک دەکەن، کە پێوەندییەکی پتەوی بە رەوشتی دەوڵەت و دەسەڵاتەوە هەیە، ئەویش دادپەروەرییە، بەوە دەست

پێ دەکەن کە دادپەروەری چییە؟. بولیمارخیس وتەیەکی سیمونیدیس دەهێنێتەوە کە دەڵێ: دادپەروەری واتا ئەو شتەی کە هی مرۆڤە پێی بدرێتەوە، – مەسەلەیەکی تر دەبێتە رێگر لە بەردەمیان ئەویش ئەوەیە سیمونیدیس مەبەستی چی بوو لە وشەی ئەو شتەی هی ئەوە یان مافی خۆیەتی– بێگومان مەبەستەکە زیاترە لە مافی موڵکداری، سروشتی ماف لەسەر سروشتی ئەو پێوەندییە وەستاوە کە لە نێوان هەردوو کەسی مامەڵەچیدا روو دەدا. بۆیە دادپەروەی وای کردووە کارەکە بەسوودی خاوەنەکەی و زیانی دوژمنەکەی بەکۆتا بێت. سوقرات لە بولیمارخیس دەپرسێت دەستنیشانی «خاوەنەکان» بکرێت بولیمارخیسیش وەڵامی دەداتەوە خاوەنەکان «ئەو کەسانەن کە پێمان وایە ئەوان دەستپاکی و چاکەیان تێدایە».

بێگومان ئەو وتووێژە کە ئەفلاتوون لە بەشی یەکەمەکەیدا هێناویێتی، لە کاتی وتووێژەکەدا ئەوە بەدەردەخات کە ئەم جۆرە کارە دەبێت جیاوازی لە نێوان کەسی خراپەکار و کەسی ئەمیندا دانێت. پێی وایە کە دادپەروەر خاوەن حیکمەت و چاکەیە، بەڵام دەستدرێژیکەر شەڕخواز و نەزانە. سوقرات دەڵێ دەستدرێژی دەبێتە هۆی هێنانە کایەی ناکۆکی و دابەشبوون، بەڵام دادپەروەری دەبێتە هۆی رێکوپێکی و سارێژکردن. دەستدرێژیکردنە سەر هەموو ئەو ئارەزووەی بۆ یەکگرتن لە ئارادایەو، لەلای تاک و کۆمەڵ لەناوی دەبات. لەبەر ئەم هۆیە دەستدرێژی نیشانەی بێهێزییە نەک هێز.

دواجار سوقرات دەڵێ "نەفس وەکو چاو و گوێ و هەستەکانی تر، ئەرک و فرمانێکی هەیە جێبەجێی دەکات، نەفس ئەرکی ئەوەی هەیە پاکداوێنی ئەنجام بدات کە ئەویش دادپەروەرییە. بۆیە نەفس ئەگەر داوێنپاکییەکی رێکوپێکی نەبێت، ناتوانێت کارەکانی تەواو بکات".

تێکڕای ئەو وتووێژانەی لەو بەشەدا هەن، بەدەوری بازنەی خراپەکاری و چاکەکاریدا دەسووڕێنەوە، واتە زۆربەی زۆری ئەو دیاردانەی کە لەنێو ئەو بەشەی کۆمارەکەی ئەفلاتووندا بەرچاو دەکەون، بە زۆری جەخت لەسەر ئەوە دەکەن، کە مرۆڤ پێویستی بە چاککردنە، خۆچاککردنە، واتە خۆدوورخستنەوە لەو پێداویستییانەی کە پێویستن بۆ دوورخستنەوەی مرۆڤ لە نامرۆڤی و نادادپەروەری.

دادپەروەری زۆرتر هەوڵە بۆ تێهەڵکێشکردنی پرسیارە گرینگەکانی وڵات و دەوڵەت و لێکۆڵینەوە لەبارەی بەهاکانی بوون و بەهاکانی دەسەڵاتداران و رێوڕەسمی چارەسەرکردنی گرفتەکانی مرۆڤ، هەر لە هونەری دادپەروەری، تا راستیی هاوڕێیەتی و هەروەها راستگۆیی لە مامەڵە دەروونییەکان لەگەڵ خودی خۆت وە لێپرسینەوەی ویژدان بەرامبەر بەو کارانەی پێی هەڵدەستێ، بۆیە کەسێک کە زیانی بەرامبەرەکەی بوێ، تەنانەت لە ناخی خۆشی ئەو کەسە دوورە لە دادپەروەری و کەسێکی دزێوە.

هەرچەندە ئەفلاتوون پێی وایە دادپەروەری موڵکی بەهێزەکانە. بەڵام لە لێکدانەوەیەکی وردەکاردا، دەگاتە ئەو خاڵەی کە بڵێت مادام گەورەکان ئەو گۆشتە دەخۆن کە پێی بەهێز دەبن،

ئێمەش گەر بەشێکی بچووک لەو گۆشتەشمان بەرکەوێت، ئەوا ئێمەش هەر سوود لەو گۆشتە دەبینین.

مەسەلەی هەڵەی دادپەروەری هەڵەی داد نییە بگرە هەڵەی دادپەروەر خۆیەتی، واتە مرۆڤ کاتێک تووشی هەڵە دەبێت، خۆی بەرامبەر بەو هەڵەیەی خۆی بەرپرسیارە، گەر بیەوێ و نەیەوێ ئەو بەشێکە لەو هونەرەی کە پێی دەوترێ رەوشت، رەوشتی دادپەروەری راستە بڕوای بەوە هەیە کە مرۆڤ بیەوێ و نەیەوێ، ناتوانێ بەشێک لەو هێزە بێت کە لە سەرووی خۆیەتی، بەڵام خوا و دەسەڵاتدار دوو کەسن کە دەتوانن دادپەروەری بەرقەرار بکەن، خودی خوا لەبەرئەوەی بەشێکە لە توانا کە دەستنیشانی راستییەکان دەکات، ئەو کەسێکی بێ هەڵەیە.

دادپەروەری چییە: ئەمە پرسیارێکە ئەفلاتوون لە گۆشەنیگای چەند ناوێکەوە وەڵامیان دەداتەوە، بەپێی بۆچوونی سیمونیدس، دادپەروەری ئەو بۆچوونەی بولیمارخیس نییە کە هەر شتە بەو کەسە بدرێتەوە سەر بەوە، بگرە ئەو پێی وایە دادپەروەری گەڕاندنەوەی هەر شتێکە بۆ ئەو کەسەی کە ئەو شتە هی ئەوە، ئەفلاتوون دەیەوێ بڵێت دادپەروەری هەم چاکە پێشکێش دەکات و هەم خراپە، دادپەروەری مافی یەکێک وەردەگرێتەوە و یەکێک سزا دەدات، دەسەڵاتدار هەردەم دادپەروەری بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی بەکار دەهێنێت. لە حاڵەتی شەڕدا دەبێ لایەنگری یەکێک بێت و دژایەتیی ئەوی تر بکات. ئەفلاتوون دەڵێت: دادپەروەری لە کاتی بەکارهێنانیدا بێ سوودە و لە کاتی پشتگوێخستنیشیدا بەسوودە، گەر دادپەروەر دەستکارامە بێت لە پاراستنی پارەدا ئەوە پسپۆڕیشە لە دزینی. لە کۆتاییی گفتوگۆکەی نێوان سوکرات و بولیمارخیس، لەمەڕ سوودی دادپەروەری: بولیمارخیس دەڵێ: من وای دەبینم کەسێک کە سوودی دۆستەکەی و زیانی دوژمنەکەی بوێ ئەو کەسە کەسێکی دادپەروەرە.

پاشان هەر لەو بەشەدا لەسەری دەڕۆن و دەڵێن بەسوودەکان ئەو کەسانەن کە باشن، دیسان دێتە سەر ئەو باسەی کە دادپەروەری دانەوەی مافە بە هەموو ئەو کەسانەی خاوەنین. لە جێگەیەکی دیکەدا دەڵێ دادپەروەری واتە ویستنی سوودی کەسە بەهێزەکان، واتە دادپەروەری سوود ویستنی بەهێزەکان. ئەفلاتوون پێشی وایە دەسەڵاتداران بەدەر نین لە هەڵە ئەوانیش هەڵە دەکەن، واتە ئەوانیش هەندێ کات لە ئەرکی رەوشتی خۆیان دەچنە دەرەوە و ئەو ئەرکەی ئەوان بەرپرسیارن بەرامبەری بەجێی ناگەیەنن. کە ئەمەش بۆ خۆی باسێکە لەبارەی ئەو هەڵانەی مرۆڤ تێی دەکەوێ، واتە زۆرجار دادپەروەر لە سروشت و تێرمی خۆی دەچێتە دەرەوە، واتە ئەو سنوورانە دەبڕێت کە بۆی دەستنیشان کراوە.

دادپەروەریی دانا و باشکار، دادپەروەریی راستەقینەیە، بگرە ئەو کەسە نییە کە شەڕخواز و نەزانە. ئەو کاتە ئەفلاتوون بە شێوەیەکی بێ وێنە سەری لە سیاسەتی وڵاتەکەی ئەقورتان و بێ وەستان باسی لەو وڵاتە خەیاڵییە دەکرد کە لە کۆمارەکەیدا نەخشەی بۆ کێشابوو، کەسێک نەمابوو لەنێو ئەو وڵاتە بەشێک لە مەسەلە رەوشتییەکانی دەوڵەتی بەرنەکەوێت، هەر لە مۆسیقار و

هونەرمەند تا دەگاتە ئافرەت و خاوەن زەوی و دەسەڵاتداران و حاکمەکان، ئەمە بۆ خۆی زەوینەیەکی رەوشتیی لای ئەفلاتوون دروست کردبوو، زۆربەی ئەو بۆچوونانەی لەبارەی ئەو کاتەی دەوڵەت و سیاسەت و دیموکراتیەتی یۆنان دەیخستە روو باسی لەوە دەکرد دەبێ دادپەروەری بەرقەرار بێت، لەبەرئەوەی ئەو پێی وابوو دەستدرێژیکردنە سەر هەر جۆرە پێوەندییەکی ئاشتیخوازانە دەبێتە هۆی لەدایکبوونی جودایی و رق و قین لە نێوان مرۆڤدا، بەڵام دادپەروەری ئەو پێوەندییەی نێوان مرۆڤ پتەو دەکات، ئەو پێی وایە دەستدرێژیی هاووڵاتییان لە یەکتری دوور دەخاتەوە، نەک ئەمەش ئەو پێی وابووە کە دامەزراندنی رق و قین لە نێوان مرۆڤ دەبێتە هۆی رق لێبوونەوەی خۆشی. کە مرۆڤ لەگەڵ کەسانی تر تووشی ناکۆکی دەبێت ئەوا خۆشی دەبێتە بەشێک لەو ی و ئەمەش وای لێ دەکات لە پێوەندییەکان دوور کەوێتەوە و ناخی خۆی دابەش بێت و رقیشی لە دادپەروەران بێت.

ئەم بۆچوونانەی ئەفلاتوون رەنگدانەوەی لەسەر زۆر لە مەسەلە گرینگەکانی ژیان هەبووە لەوانە خوێندنەوەی ناخی مرۆڤ، وەک ویژدان، بیرکردنەوە، هەڵسوکەوت، هەروەها پێکهێنانی پێوەندییە سیاسی و رەوشتییەکان، کە مرۆڤ دژ بە یەک بێت، ئەوا پێوەندییەکانیشی دەشێوێن، ئەگەر لە یەکتری دوور کەوێتەوە، ئەوا ژیانیشی بەرەو شێوەیەک لە خۆپەرستی و دوورکەوتنەوە دەچێت و چیی تر لەو بازنەیەدا ناسوورێتەوە کە پێی دەوترێ، بازنەی رەوشت.

لە بواری دادپەروەریدا زۆرجار ئەفلاتوون پەلی بۆ سیاسەت و سیستەمە سیاسییەکانی ئەو کاتەی یۆنان راکێشاوە، دژ بە رەوشتی دەسەڵاتدارانی ئەو کاتەی یۆنان قسەی کردووە، بە تایبەت پاش حوکمی کوشتنی سوکرات، ئەو پێداچوونەوەیەکی دوور و درێژی بۆ هەڵسوکەوتی سیاسییەکانی ئەو کاتەی یۆنان کرد و بە شێوەیەکی زۆر قووڵ مەسەلەکانی خوێندنەوە. «ئەفلاتوون کوڕێکی ئەمەکداری سەردەمی خۆی بوو، لە سەردەمی ئەفلاتوونیشدا ئەسینا لە تەنگژەی شار– دەوڵەتدا دەژیا ئەو تەنگژەیەش رەنگدانەوە و پووکاندنەوەی ئەسینای بەخۆیەوە بینی، ئەو شارە ئەو کاتە لەسەر داروپەردووی شکۆ کۆنەکەیدا دەژیا، پاش ئەوەی سەرنەکەوتن لە شەڕی بلۆبۆنیز تەماهەکانی لەگەڵ خۆیدا برد و، خەڵکەکەی وا هەستیان کرد لەوانەیش ئەفلاتوون کە لە کۆتاییدا دەژین..». ئەمە لە کاتێکدا کە ئەو کاتە ناو و نازناوی فەیلەسووف و قوتابخانە فەلسەفییەکانی یۆنان بە هەموو سنوورەکاندا بڵاو دەبووەوە، بەهەرحاڵ ئەم کارە و ئەم رووداوانە هەستی سیاسیی ئەفلاتوونی بزواند و کەوتە رەخنەگرتن لە سیاسەت و کارەکانی ئەو کاتەی دەسەڵاتداران. ئەو هیوا و ئاواتی ئەوە بوو کە لەنێو سیستەمە سیاسییەکاندا کار بکات، هەرچەندە سیستەمی ئۆلیفیشاری، شێوەیەک لە خۆشبەختی و درەخشانیی بۆ ئەو سەردەمە گەڕاندەوە کە مایەی خۆشحاڵی بوو، توانیبووی سیستەمێکی پڕ گەشەو رێکوپێک بەرهەم بێنی و بەشداری لەگەڵ جەماوەردا بکات و سیستەمەکان رێک بخات، «هەرچەندە کە هەر خودی دیموکراتی خۆی کاتێک کە هێنرایەوە بە لەداردانی سوکرات سەرنەکەوتنی خۆی سەپاند.».

بێگومان هەموو ئەم کارە و هەڵە سیاسییەکان و ناڕەوشتیی سیاسییەکان وای لە سوکرات کرد نادادپەروەریی دەسەڵاتی یۆنانی ڕاگەیەنێ و تاقە چارەیەکیش بۆ دەربازبوون لەو بێ سەروبەرییە برێتی بوو لە دەسەڵاتدان بە فەیلەسووفان، واتە ئەوان دەبێ دەسەڵات بگرنە دەست.

فەیلەسووفان دەتوانن وڵاتێکی ئارامگەیێن دروست بکەن، ئەوان مەملەکەتی ڕاستی و حیکمەت و ڕەوشت دەخوڵقێنن، ڕەوشتی فەیلەسووف لە بەرژەوەندییەوە سەرچاوە ناگرێت، بگرە سەرچاوەی ئەو دەستنیشانکردنی چاکەیە، دۆزینەوەی خراپەکارییەکانە، دامەزراندنی مەملەکەتێکە لە وریایی و بێدەنگی. ئەفلاتوون لە پەیامی حەوتەمدا دەڵێت: تەنیا ئەو کاتە سنوورێک بۆ دزێوی دادەنرێت گەر هاتو فەیلەسووفە ڕاستەقینەکان دەسەڵاتی سیاسییان هەبێت. هەرچەندە ئەوەی ئەفلاتوون دەیڵێت شێوەیەکە لە خەیاڵ، وەکو هەموو ئەو خەیاڵانەی تری کە دەیەوێ لە کۆمارەکەیدا بەرقەراری بکات، بەڵام بە شێوەیەکی ورد و درشتانە دەستنیشانی دەسەڵاتی فەیلەسووف دەکات.

لە سیاسەتی ئەفلاتووندا شاری خۆشبەختی، شاری بوونی ڕەوشتی ئیرادەیە، واتە ڕەوشتی ئیرادە ڕێنوێنیی عەقڵ دەکات، لە نووسینەکانی ئەفلاتووندا ڕووی زاڵ، لە بواری ڕەوشتدا گرینگیدانە بە ئیرادە و عەقڵی تاک، هەروەها «مەسەلەی دەوڵەت و گرفتی ڕەوشتی پێ دەچێت دووڕووی دراوێک بن لە نووسینەکانی ئەفلاتوون و ئەرستۆ، لەبەرئەوەی سەنتەری گرینگیدانیان تاک بوو نەک دەوڵەت.». کەواتە تاک و ڕەوشتی تاک جێگەی لێکۆڵینەوە بوو، هەر ئەمەش وای لە ئەفلاتوون کرد لە پاش گرینگیدانە سروشتییەکانی ئەبیقرات و گومانی سوفستاییەکانەوە، بگاتە مرۆڤ بۆ ئەوەی تێ بگات، بۆچی دەبێت مرۆڤ جێگەی گرینگی پێدان بێت، سوفستاییەکان کاتێک ڕەفزی هەموو بیرێکی ئاینی و شتەکانی تریان دەکرد و دەیانگوت مرۆڤ پێناسەیە بۆ هەموو شتەکان، بەگۆڕینی مرۆڤ لە بابەتی بەهاوە بۆ دانەری بەها.

هەر پاش ئەو هەموو ڕووداوانە سوقرات دێت، کە پاشانیش ئەفلاتوون جێپێی هەڵدەگرێت، ئەو مرۆڤە ڕەفز دەکاتەوە کە پێوانەی هەموو شتێکە، «ئەفلاتوون ئەوە دەسەپێنێ کە لە پشتەوەی ئەو ڕێژەیەی کە تەبریری ئەوە دەکات مرۆڤ پێوانەی هەموو شتێکە، کۆمەڵێ شتی جێگیریش هەن.». ئەو ڕێژەیەی کە ئەفلاتوون ویستی جێبەجێی بکات، برێتییە لە خودی شتەکان لە خودی خۆیاندا، هەموو تینووبوونێک بە تێنوێتی لە قەڵەم دەدرێت چ تینووێتیی مرۆڤ یان زەوی یا درەخت یا گیانلەبەر تەنانەت زەویش، بۆیە بیری ڕێژەیی لە بڕیاردانداا بەسەر ڕەوشتدا هەمان ئەو بۆچوونەیە کە وا لە ئەفلاتوون بکات کە ڕێژەیی بۆ ڕەوشتیش بەکار بهێنێت.

«هەروەها ئەم بۆچوونەش لە بواری بەها و ڕەوشتی»دا ڕاستە. تێرکردنی برسی و ڕزگارکردنی خنکاو..... هتد خێرن، بەڵام لە پشتەوەی ئەم نموونە تاقانانە، خێرێکی بەدەستهاتوو هەیە، چاکەی ماقووڵە با بڵێین چەمکی چاکە «نموونەیەکە»، ئەو چاکەیە لە خودی خۆیدا بە باشترین وێنە دەردەکەوێت. گەر هاتو ئەم جۆرە ڕوانینەمان گشتگیر کرد ئەوە بەئاسانی بڕیار دەدەین کە جیهان لە ڕاستیدا دوو جیهانە: جیهانی هەستەکان و ماقووڵەکان.

جیهانی هەست و ماقووڵ دوو چەمکن ئەفلاتوون لەوێوە بۆچوونە رەوشتییەکانی خۆی دەخاتە روو بێ ئەوەی سڵ لە هیچ بڕیاردانێ بکاتەوە بە وتووێژی بەرزبوونەوە بەردەوامی بە تیــــۆرە رەوشتییەکانی خۆی دەدات.

## رەوشت لای ئەرستۆ

ئەرستۆ لە سەردەمی لاوێتیدا و لە ٣٦٨ پێش زاینی بۆ بەدەستهێنانی زانست و فێربوون و گەشەدان بەلایەنی فەلسەفیی خۆی رووی کردە ئەکادیمیای ئەفلاتوون، لەوێدا دەستی بە فێربوون کرد و نزیکەی بیست ساڵ لەوێ مایەوە، تا ئەو کاتەی مامۆستاکەی کۆچی دوایی کرد، ئەرستۆ لە ٣٤٣ فیلیپی مەکەدۆنیا بانگی دەکات تا وانەی فەلسەفە بە ئەسکەندەر بڵێتەوە، بەردەوام بوو لەسەر فێرکردنی ئەسکەندەر لەبارەی زانستی رەوشتەوە، دەشڵێن ئەسکەندەر لەسەر دەستی ئەفلاتوون پرەنسیپەکانی فەلسەفەی رەوشت فێر بووە، هەروەها زانیاری لە بواری سیاسەت و پزیشکی فێر بووە، بەڵام پاشان پێوەندیی نێوان ئەم دووانە تێک دەچێت بەهۆی ئەو هێرشانەی ئەسکەندەر کردیە سەر رۆهەڵات بە مەبەستی تواندنەوەی هەردوو شارستانیەتی یۆنانی و فارسی لەنێو یەکتریدا، هەروەها کوشتنی خزمێکی سوکرات تەنیا لەسەر ئەوەی بە شێوەی فارسیانە سوجدەی بۆ نەبردووە، سوکرات ئەم هەموو کارانەی بە دەرچوون لە یاساکانی رەوشت لە قەڵەم دا، ئەرستۆ بەمەش نەوەستا پاشان روو دەکاتە ئەسینا و لەوێدا دەست بە دامەزراندنی ئەکادیمیایەکی تایبەت بە خۆی دەکات بە نێوی لوکیوم.

زۆربەی ئەو کارانەی ئەرستۆ ئەنجامی داون زیاتر برێتین لە وانەی تایبەت بە قوتابییەکانی وتونەتەوە، واتە بە شێوەیەکی رێکوپێک و نەخشە بۆ دارێژاو دەستی بە نووسین نەکردووە، واتە زیاتر گرینگی بە کۆکردنەوەی وتە و وانەکانی خۆی داوە. یەکێک لە باشترین فەیلەسووفەکانی یۆنان، لە گرینگترین بابەتە فەلسەفییەکانی نووسیوە و لە هەموو بوارەکاندا پەلوپۆی هاویشتوە و هەوڵی داوە بێ گویدانە هەر جۆرە گۆڕانکارییەکانی سیاسی پەیامەکانی خۆی بگەیەنێ. لە بوارەکانی میتافیزیکی و لۆجیک و ئیتیک و سروشت و هونەر و شیعر و کۆمیدیا شتی نووسیوە.

لە بواری رەوشتدا یەکێکە لە فەیلەسووفە گرینگەکان و پێی دەوترێ فەیلەسووفی رەوشت. کرۆکی فەلسەفەکەی لەسەر مەسەلە گرینگەکانی ژیان دانراوە، ئەوێک زیاتر لا لە هەمووان سەرقاڵی برەودان بە بیر و لێکدانەوە فیکرییەکانی بواری رەوشت بووە، ئەو بڕوای وایە هەرچی کارێک کە مرۆڤ ئەنجامی دەدات لە پێناوی چاکە و خراپەیە. لە راستیدا سەرچاوەی بیری رەوشتی ئەرستۆی بەدەوری چەمکی پاکداوێنی و خراپەکاریدا دەسووڕێتەوە، دۆزینەوەی ئەم دوو زاراوەیەش بۆ ئەم دەگەڕێتەوە.

ئەوەی کارەکانی ئەرستۆ لە ئەفلاتوون و سوکرات جیا دەکاتەوە، ئەم هەستا بە کۆکردنەوەی ئەو زانیارییانەی کە کۆ بووبوونەوە، سەرەڕای باسە تایبەتییەکانی خۆی. سوکرات بە شێوەیەکی زۆر

مەنهەجییانە بابەتەکانی پێرست کردبوو، زۆربەی ئەو بابەتانەی کە دەستی بە نووسینی دەکرد بە ئەسڵی مەسەلەکان دەستی پێ دەکرد، لە زۆربەی ئەو بابەتانەی دەیانخاتە ڕوو دەستنیشانی پێناسەکان دەکات.

سوکرات بە مرۆڤەوە دەست پێ دەکات، واتە ڕەوشتی مرۆڤ و چاک و خراپەکان، ئەو وای دەبینێ کە چاکە شتێکە هەمووان لە هەوڵی ئەنجامدانیدان. سەرەڕای ئەوەش ژمارەیەکی زۆر لەو تیۆریانەی کە سوکرات پێشکێشی کردوون باس لە پرەنسیپەکانی ڕەوشتی چاکە دەکەن. بۆ نموونە سوکرات دەڵێت کاتێک ئێمە بە شتێک دەڵێین باشە کە ئەنجامی باشە ئەنجام بدات: ئەنجامدانی چاکەی ئەو شتە پابەندە بە چۆنیەتیی ئەنجامدانیەوە، هەموو کەسێک چاکە دەکات، بەڵام چاکە کامیان لە سەرووی هەموو چاکەکانی ترەوەیە. واتە مرۆڤ مەرجیش نییە کە بزانێت چۆن چاکە دەکات، بگرە مەرجیش ئەوەیە کە بزانێ کەی و چۆن و دەرهەق بە کێ و لە چ ڕوویەکەوە ئەنجامی ئەو چاکییە دەدات، واتە بزانێ سەردەم و ئامانج و چۆنیەتییەکانی ئەو کارە دەستنیشان بکات.

ئەرستۆ ڕای وایە کە هاوڕێیەتی و دیموکراتییەت دەبنە هۆی هێنانە کایەی دادپەروەری. هەر بۆیە لە کۆمەڵگەیەکدا کە کێشەکان دەگەنە ئەو ئاستەی کە دەسەڵات پێوەندییەکان دیاری دەکات، واتە دەسەڵاتی هێز و سست، باڵا و خوارەوە، ئەو کاتە ڕەوشت دەکەوێتە بەر هەڕەشەوە تەنیا ڕێگەیەک بۆ پەیدابوونی خۆشبەختی و دادپەروەری دەمێنێتەوە هاوڕێیەتیی ڕاستەقینەیە، ئەمە بەشێکە لەنێو کتێبەکەیدا جەختی دەکاتە سەر و زیاتر لە چەند شوێن ئەم بابەتە چەند بارە دەکاتەوە.

سوکرات لە نێوان هەموو کردار و ڕەوشت و ئاکارەکاندا ڕێگەیەکی نێوەند دەبینێ، لە نێوان ڕەزیلی و دەستبڵاوی چاکەیەک هەیە پێی دەوترێ چاوتێری، لە نێوان هاوار و بێدەنگی شتێک هەیە پێی دەوترێ چرپە. کاتێک لێکۆڵەرەوەیەک دەیەوێ گرینگی بە بابەتەکانی ئەرستۆ بدات ڕووبەڕووی کۆمەڵێ پونتی گرینگ دەبێتەوە، لە هەندێکیاندا لەگەڵ ئەفلاتوونی مامۆستای بە تەواوی دژە و لە هەندێکی تریدا تەواو یەک دەگرنەوە، وەکو لە پێشتر ئاماژەمان کرد ئەفلاتوون بڕوای بە بوونی زانست و حیکمەتی مەزن بوو، لە کۆتاییدا دەیڕوانییە عەقڵ وەک بڕیاردەر لەسەر چاکەی موتڵەق، بێگومان لە ڕێگەی عەقڵەوە، ئەویش بەو مەبەستەی مرۆڤ تێ بگات ئاخۆ چاکە چییە.

پونتی کاری سوکرات بڕۆیتی بوو لە ئاوڵادانەوە لە مەسەلە چارەنووسسازەکانی مرۆڤ، وەک هەڵسوکەوتی مرۆڤ و خۆچاککردن و پارێزگاریکردنی بەهاکان. هەموو کات بە پێناسە دەست پێ دەکات پێناسەکردنی ئەو زانستانەی کە دەیەوێ لەبارەیانەوە قسە بکات، پاشان دێت ئەو بابەتانە دەخاتە نێو بازنەی لێکۆڵینەوە و گرینگیدان بە پێوەندییەکانی بە مەسەلەکانی ترەوە. یەکێک لە گرینگترین ئەو نووسینانەی سوکرات بە دوور و درێژی تیۆرەکانی خۆی تێدا دەخاتە ڕوو برێتییە

لەو کتێبە بەناوبانگەی سوکرات بە ناونیشانی «رەوشت بۆ نیقۆماخۆس»، لەو کتێبەدا سوکرات زانیاریمان پێشکێش دەکات لەبارەی چاککردنی رەوشتەوە. ئەرستۆ ئەم کتێبەی بەسەر ١٠ وتاردا دابەش کردووە، ئەو لەو کتێبەدا بە شێوەیەکی سەربەخۆ باس لە رەوشت دەکات، بەشەکانی ئەم کتێبە یان وتارەکانی بریتین لە: وتاری یەکەم تایبەتە بە خۆشبەختی، وتاری دووەم: داوێنپاکی، سێیەم: بەشێک لە کردارە ئیرادی و نائیرادییەکان. وتاری چوارەم: دیسانەوە باسی ئاکارە چاک و خراپەکان دەکات. وتاری پێنجەم دادپەروەری: وتاری شەشەم چاکییەکانی عەقڵ. حەوتەم: رەزیلی و ناپاکی و نادیسپیلینی و چێژ. هەشتەم و نۆیەم خۆشەویستی و هاورێیەتی. وتاری دەیەم تایبەتە بە چێژ و خۆشبەختی و ژیانی هیوا . لە کۆتاییدا باس لە رەوشت و سیاسەت دەکات.

«لە ناونیشانەکانی ئەم ١٠ وتارەدا دەتوانین بنیاتی دایکی رەوشتناسی هەڵهێنجین بەو شێوەیەی کە ئەرستۆ وێنەی کێشاوە، ئەویش بەمجۆرەیە: ١) خۆشبەختی مەبەستێکە لە مەبەستەکانی ژیان بۆ زۆربەی خەڵکی. ٢- چۆنیەتیی هاتنە دی ئەم خۆشبەختییە: پاکداوێنی و پیسداوێنییەکان. ٣- خۆشبەختی بەو شێوەی کە فەیلەسووف دەبینێ.» . بەمجۆرە بەپێی ئەو ناونیشانانەی کە لەم کتێبەدا دەیبینین، ئەرستۆ هەوڵی داوە بناغەیەکی پتەو بۆ بیری رەوشت دانێت، ئەم بناغەیە، سەرچاوەی بیرکردنەوەیە بۆ ئەوەی کە خوێنەر بە هەموو شێوەیەک ئاگەداری هەموو بیر و سەرەتاکانی رەوشت بێت.

بنەمای بیری ئەرستۆیی، هەوڵی داوە لە ناخی مرۆڤەوە دەست پێ بکات واتە بە پلەی یەکەم سیفەتی مرۆڤ دەخوێنێتەوە، واتە پێش هەموو شتێک بیری ئەرستۆیی بیری شیکردنەوەی سیفەت و نەفسی مرۆڤە، واتە کەم تا زۆر هەڵدەستێ بە دیراسەکردنی سیفەتە سروشتی و سیفەتە دەستکردەکانی مرۆڤ، واتە ئەو سیفەتانەی مرۆڤ لە ئەنجامی پێوەندی و کاریگەرییە دەرەکییەکاندا وەری دەگرێت هەر بۆیە بەشی کۆتاییی کتێبەکە تەرخان کراوە بۆ سیاسەت و کاریگەری سیاسەت لە ژیانی مرۆڤ.

هەرچەندە خودی سوکرات بەپێی ئەو سیفەتانەی کە باسی دەکات، کەم تا زۆر وردە وردە لە کرۆکی توانا و سیفەتی مرۆڤ نزیک دەبێتەوە. لە راستیدا بەشەکانی ئەو کتێبەی ئەرستۆ تایبەتە بە لێکدانەوەی سیفەتی مرۆڤ، بەڵام لێکدانەوەکانی خۆشی بەشدارن لە کۆکردنەوەی گشتگیرییەک لەبارەی لێکدانەوەکانی مرۆڤەوە.

ئەرستۆ کاتێک باس لە چاکە و خراپە دەکات، بەپێی بۆچوونی مرۆڤیش ئەو بۆچوونەی خۆی دەگۆڕێت، بۆ نموونە ئەو پێی وایە روانینی مرۆڤیش بۆ چاکە و خۆشی دەگۆڕێت، باشترین سیفەتی چاکە ئەوەیە کە هەست بە چێژ بکەیت، بەڵام هەندێکی تریش پێیان وایە باشترین چاکە ئەوەیە کە بزانی باشترین خراپە چییە.

بۆ ئەوەی بەراورد بکەیت لە نێوان سیفەتەکان. ئەو هەموو چاکانەی کە مرۆڤ هەوڵی بۆ دەدات بۆ ئەوەیەتی کە هەست بە چێژ بکات، کەواتە ئەو هەموو چاکانە دەبێ لە پشتیانەوە مەبەست

هەبێت، هەر چاکەیەک دەبێ مەبەستی تایبەت بە خۆی لە پشتیەوە بێت، کەسان هەن پێیان وایە ئەو مەبەستانە لە ناخەوە هەڵچدەقووڵێن، هەشن دەڵێن ئەو خۆشبەختییە ئەوەیە کە تۆ لە خودی خۆیدا بیبینی.

ئەرستۆ پێی وایە باشترین سیفەتەکانی رەوشت بوونی خۆشبەختییە لە ئەنجامدانی کارەکاندا، کەواتە رەوشت لای ئەرستۆ لە سەرچاوەی خۆشحاڵییەوە سەرچاوە دەگرێت، کاتێک مرۆڤ بە دوا پلەی رەوشت دەگات ئەگەر زانی لە ئەنجامدانی هەر کارێکدا کە بەجێی دەگەیەنێت تووشی شێوەیەک لە خۆشبەختی دەبێت. کەواتە مرۆڤ دەبێ لە ژیانیدا بەکارێک هەڵسێ، یان ئەرکێک و کردەوەیەک بەجێ بگەیەنێ کە ببێتە هۆی شادمانی و خۆشبەختی. ئەرستۆ پێی وایە بۆ بەدیهاتنی ئەم خۆشبەختییە دەبێ ئەوەش بزانرێت کە چ هێزێک لە پشتەوەی ئەم خۆشی و خۆشبەختییەدا هەیە. چۆن جیاوازی لە نێوان چاکەکان دادەنێین ئەمە ئەو پرسیارەیە هەموو کەس دەیکات و هەموو کەسێکیش دەیەوێ بگاتە چاکترین چاکە، بەڵام ئاخۆ چنگی دەکەوێ ؟ ئەگەر چنگیشی بکەوێت ئاخۆ بەردەوام دەگاتە ئەو وەڵامە؟

## داوێنپاکیی و نێوەند لەنێو بنیاتی بیری ئەرستۆیدا

وەک پێشتر ئاماژەم کرد بیری ئەرستۆیی، لەگەڵ بیری ئەفلاتوونیدا لە زۆر لە هێڵە سەرەکییەکاندا یەک دەگرنەوە و لە هەندێ هێڵی تایبەتدا لە یەکتری دوور دەکەونەوە، ئەم دوورکەوتنەوەیە بەو مەودایەدا دەچێت کە ئەرستۆ بکرێتە باوکی بیری رەوشت لەنێو فەلسەفەی یۆنانیدا.

ئەرستۆ پێی وایە ئەنجامی هەر کردارێک گەیشتنە بە خۆشبەختی. ئەو کاتە لەنێو بیری ئاینی یۆنانیدا بۆچوونێک هەبوو پێی لەسەر ئەوە دادەگرت، کە مرۆڤ ناگاتە خۆشبەختی تا ئەو ساتەی دەمرێ، هەر ئەمەش وای لە ئەرستۆ کرد بگەڕێت بەدووی باسکردنی بیری خۆشبەختی لە پێوەندی لەگەڵ مردندا. ئەو پێی وایە مەرج نییە مرۆڤ تەنیا بە مردن خۆشبەخت بێت، بگرە زۆر شتی تر لە ژیاندا هەن وا لە مرۆڤ دەکەن خۆشبەخت بێت. تا ئەو ساتەی کە دەمرێ.

کەواتە ئەوەی ئەرستۆی بە ئەنجام گەیاند قوڵبوونەوەی بوو بەنێو پاکداوێنیدا، ئەو پێی وابوو پاکداوێنی مرۆڤ بەو خاڵە دەگەیەنێ کە بتوانێ بریار بدات ئاخۆ ئەو خۆشبەختە یان نا، لە پاکداوێنیدا هەموو کات لە خۆشبەختیدا ئامادەیە: «خۆشبەختی پێوەستە بە پاکداوێنیی کامڵەوە، مەبەستیش لێرە پاکداوێنیی نەفسە، نەفسیش هەیە بێژەرە و هەشە بێدەنگە.. نەفسی بێدەنگیش چەند لایەنێکی هەیە لە نەفسی بێژەر دەچێت، بۆیە بەرەو ئەوە دەڕوات، ئەمەش بە روونی لە شەهوەدایە. مرۆڤ دەکەوێتە ژێر کاریگەری وەعز و سەرزەنشت و تۆڵەوە، ئەمەش کاری نەفسی بێژەرە کاتێ بەر لە شەهوەتی خۆی دەگرێت ئەمە کاری نەفسی بێدەنگە. لەسەر ئەم بناغەیە دەکرێ پاکداوێنییەکان دابەش بکرێن بۆ پاکداوێنی فیکری، وەک حیکمەت و تێگەیشتن و عەقڵ، کە ئەمانە تایبەتن بە نەفسی بێژەر و پاکداوێنیی خولقی وەکو ئازادی و وازهێنان لە زەوق و

رابواردن، کە ئەمانەش تایبەتن بە نەفسی بێدەنگی. بەمجۆرە ئێمە بە خولّقی مرۆڤ دەڵێین کەسێکی ئارام یا توندڕۆ پێی ناڵێین کەسێکی حەکیم یا تێگەیشتوو. پاکداوێنییە فیکرییەکان بە فێربوون وەردەگیرێت بۆیە پێویستی بە راهاتن و ماوەیەکی دوور و درێژ هەیە. بەڵام پاکداوێنییە خولّقییەکان بە عادەت مرۆڤ فێری دەبێت». کەواتە بیری پاکداوێنی کاتێک جیاوازییەکان دەستنیشان دەکات و هەردوو سیفەتەکانی مرۆڤ لە یەکتری جیا دەکاتەوە، بۆیە پێی وایە ئەو رەوشتانەی مرۆڤ بە ئادەت لە کۆمەڵگەوە وەریان دەگرێت و لە کۆمەڵگەوە فێریان دەبێت و لەسەریان رادێت، زۆرجار مرۆڤ خۆی بەرامبەر بە بەرەنجامەکانی بەرپرسیار نییە، بەڵام لە بەرامبەر ئەوەشدا ئێمە دەتوانین بیر لەوەش بکەینەوە کە مرۆڤ بە راهێنان و فێرکردنیش دەکرێت ئەو بیر و رەوشتانەی لە بیر ببرێتەوە کە لەسەریان راهاتووە. کەواتە بابەتی رەوشت لای ئەرستۆ دوو لایەنەیە، یەکێکیان سروشە و یەکێکیان راهاتنە، واتە ئەکت و ئیمۆشیونێڵە. لێرەوە بەو راستییە دەگەین کە لە نێوان هەر کارێکی رەوشتیدا جۆرێک لە زیادەڕۆیی هەیە، مرۆڤ دەتوانێ لەو زیادەڕۆییە خۆی دەرباز بکات. ئەرستۆ بڕوای بە نێوەند هەبووە، نێوەند لە نێوان رەزیلی و دەستبڵاوی، لە نێوان شەڕخوازی و تەسلیمبوون، لە نێوان زۆربڵێی و بێدەنگی... هتد، بۆیە بڕوای بە هاوسەنگی هەبووە، بە بڕوای ئەو هاوسەنگی رێگەیەکە بەرەو پاکداوێنی، مرۆڤ بە پەیڕەوکردنی نێوەندە رێگە، بەوە دەگات کە بزانێت، جیاوازی لە نێوان هەردوو خراپییەکان چییە، واتە بەوە دەگات کە تێ بگات، چ کاتێک دەتوانێ بڕیار لەسەر ئەوە بدات نێوەندەکان تا چ رادەیەک بەشێکن لە پاکداوێنییەکان.

«کەواتە داوێنپاکی نێوەندە لە نێوان هەردوو خراپییەکان، یەکێکیان بەزیادەیی و ئەوی تریان بە کەمبوودی، ئەمە راستە، بەڵام ئەم پێناسەیە بەسەر هەموو پاکداوێنی و پیسداوێنەکاندا دەسەپێ؟ لە راستیدا هەندێ پیسداوێنی هەن نێوەند قبووڵ ناکەن، وەک خیانەت و کەمئابڕوویی (بێ ئابڕوویی: کەم ئابڕوویی) و ئیرەیی، ناقۆڵایی و دزی و نەفسکوژی... هتد، لەمانەدا شتێک نییە باش و خراپ بێت، لەبەرئەوەی ناقۆڵاییەک نییە کە باش بێت یان خیانەتێک نییە باش بێت.. هتد. هەروەها داوێنپاکی و، ئازایەتی زیادە و کەمی نییە،.....» بەمجۆرە بەو ئەنجامە دەگەین کە ئەرستۆ لە مەسەلەی نێوەندا مەبەستی لە کۆمەڵە سیفەتێکی رەوشتی دیاریکراو بوو، بەڵام بۆ کۆمەڵێ سیفەتی تری خراپ ئەو چارەسەرێکی ئەوتۆی نەبووە، تەنیا تەفروتووناکردن و لەناوبردنی نەبێت. هەر بۆیەش کاتێک ئەم بۆچوونانەی لەنێو دەزگاکانی ئەو کاتەی دەوڵەتی ئەسینادا دەخستە ڕوو، دەبووە سەرچاوەی گومان و لەلای زۆربەی دەسەڵاتدارانی ئەو کاتە بە شێوەیەکی سلبی وەردەگیرا.

بۆیە ئەمە وای لە سوکرات کرد کە لە بڕیاردانەکانیدا گشتگیر نەبێت، واتە نەتوانێت خاوەنی بۆچوونێکی گشتگیر بێت، بگرە هەر مەسەلە و سیفەت و بۆچوونێکی بە تەنیا شی دەکردەوە. بۆ ئەوەی بگاتە دادپەروەرییەک لە بڕیاردان، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە لەبارەی زۆر لەوانەی لە مەسەلەی رەوشتی سوکراتی کۆڵیونەتەوە، بە گومانن لە هەندێ لە تیۆرییەکانی ئەو لەمەڕ ڕەوشت،

ئەمەش لە سەرچاوەی ئەو نێوەندەوە هەڵقووڵاوە کە ئەرستۆ جەختی کردووەتە سەر.

هەڵبژاردن ڕێگەیەکە بۆ دوورکەوتنەوە لە سەرسوڕمانی لە نێوان هەردوو خراپی و هەردوو چاکییەکان، مرۆڤ لێرەدا لە ڕێگەی عەقڵەوە بڕیار دەدات کە چ ڕێگەیەک بۆ خۆدی خۆی و ڕەوشتی خۆی هەڵبژێرێت، تا لەو تەنگژەیە بێتە دەرێ کە ڕووی تێ کردووە، بەڵام ڕوانین و هەڵبژاردنی تاک زۆرجاریش سەنگی مەحەک نییە بۆ ئەوەی ئەو تاکە ئەو شتەی کە هەڵی بژاردووە، دەبێ کۆ و بەرەنجامی هەڵبژاردنەکان بکرێنە سەنگی مەحەک.

بۆ نموونە کاتێک مرۆڤ خەون بە کۆمەڵێ مەسەلەوە دەبینێ، واتە خەون و حەزەکانی ئەوەن کە بێنە دی، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستن ئەو خەونانە بێنە دی، لەم ڕوانگەیەوە، هەڵدەستێ بە لێکدانەوەی ڕێگەیەک یان گەڕان بەدووی ڕێگەیەک بۆ گەیشتن بەو خەونە، لێرەشدا دەبێ ڕێبازێ هەڵبژێرێ بۆ ئەوەی بەوە بگات. کەواتە هەڵبژاردن لێرەدا بۆ مەبەستێکە شارل فرنەر دەڵێت: هەڵبژاردن پێوەستە بە هۆکارەکانەوە، بەڵام ڕەنگە هیوا پێوەست بێت بە مەبەستەکانەوە.

## چێژ

چێژ یەکێکە لەو مەسەلانەی بەشداری لە بڕیاردان لە مەسەلەی هەڵبژاردندا دەکات. ئەرستۆ لە کتێبی "ڕەوشت بۆ نیقوماتیوس" بە دوور و درێژی باس لە مەسەلەی کاریگەری چێژ بەسەر خوو و ئاکار و ڕەوشتەکانی مرۆڤ دەکات. حەز و ئارەزووەکانی مرۆڤ بەشێکن لەو هەوڵانەی مرۆڤ لە ڕێگەیانەوە ڕەوشتی خۆی ئاراستە دەکات، کەسی تاوانکار بیەوێ و نەیەوێ پیسکرداری دەکات و ناتوانێ خاوەنی پاکداوێنی بێت. کاتێک ئەمانە نەتوانن ببنە خاوەنی هەڵبژاردنی خۆیان لە هەڵگەڕانەوەو پاشگەزبوونەوە، ئەوا دەبنە بەشێک لە سیفەتی خراپە.

هەروەها پێشتر تێبینیمان کرد لای ئەفلاتوون ئەوەی کە چاکەیە لە سەرچاوەیەکەوە دەست دەکەوێت کە ئەویش سەرچاوەکەی گشتە. چێژیش بەشێکە لەو حەزە گشتیەی کە لە ناخی مرۆڤدا هەیە یاخۆ لە ناخی کۆمەڵگەوە سەرچاوە دەگرێت. حەز و ئارەزوو و چێژ، بەرەو مەبەست پەلکێشمان دەکەن، واتە بێ بوونی مەبەست ئامانجەکان بەدی نایەن، بۆیە دەبێت مەبەستێک لە پشتی هەموو ئارەزوویەکەوە هەبێت. ئەوەی مەبەستی دەسکەوتنی پلە و پایەکە، مەبەستی ناو و نازناوە، بۆ ئەمەش پێویستی بەوە هەیە کە ئەرکێک بکات، ئەوەی کە بۆ ئەرکە پاڵی پێوە دەنێت، حەزەکانێتی، واتە چێژی ئەو پلە و پایەیە وای لێ دەکات، هەوڵی جێبەجێکردنی ئامانجەکانی بدات. وەک لە لێکدانەوەی هەر دە بەشی کتێبی ڕەوشتی ئەرستۆدا بینیمان کە هەموو ئەو شتانەی کە ئەرستۆ لە بەشەکانی خستوویەتییە ڕوو لە کۆتاییدا بەوە دەگات کە بێتە سەر باسی چێژ و جۆرەکانی چێژ. بەپێی ئەم بەشەی لە کتێبەکەیدا هاتووە، ژمارەیەکی زۆر لە جۆرەکانی چێژ هەن، ئەو چێژ بە چاو دەشوبهێنێ. پێی وایە کە چێژ کردارێکی ئانییە، هەروەها چێژ دەرگەیەکە بە ڕووی خۆشبەختیدا دەکرێتەوە.

چێژ پێوەندییەکی پتەوی بە رەوشتەوە هەیە، مرۆڤ لە رێگەی چێژەوە دەتوانێ جیاوازییەکانی نێوان چاکە و خراپە دەستنیشان بکات، واتە لەم رێگەیە دەتوانێ لە نێوان درێوی و نادرێویدا هەنگاو هەڵهێنێ، واتە مرۆڤ بیەوێ و نەیەوێ بەشێکە لەو سیفەتانەی کە لە ناخەوە پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێت، تا دەستنیشانی ئاکار و جووڵەکانی خۆی بکات. کەواتە ئەوەی لە ناخەوە پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێت کە شتێک ئەنجام بدات، هۆیەکە و ئەو هۆیەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە چێژەکە بۆ کردار بگۆڕێت، کە بوو بە کرداریش لە سیفەتێکدا رەنگ دەداتەوە، ئەگەر کردارەکە رێرەوی چاکەی هەبوو ئەوە کرداری چاکەیە، بەپێچەوانەشەوە دەبێتە چێژێکی خراپ.

واتە هۆکاری گۆڕانکاری نەفسیش پێوەندیی بە کردارەوە هەیە «چێژ پێوەندیی بە کردارەوە هەیە کەواتە بە ژیانیشەوە پێوەستە. لەبەرئەوەی ژیان خۆی جۆرێکە لە کردار، ژیان چالاکییە. لەبەرئەوەی هەمووان حەزیان لە ژیانە کەواتە حەزیان لە چێژیشە، لێرەوە چێژەکان فرەچەشن بوون: چێژی ئەسپ وەک هی سەگ نییە و هی سەگیش وەکو هی مرۆڤ نییە.».. ئەرستۆ کاتێک باس لە چێژ دەکات پێوەستی بە خۆشبەختییەوە هەیە، مەحاڵە خۆشبەختی بەبێ بوونی چێژ، ئەو جەخت لەسەر ئەوە دەکات بەبێ بوونی چێژە هەمەچەشنەکان بوونی خۆشبەختیش نابێت هەر لەبەر ئەم هۆیەش لە کتێبەکەیدا کاتێ باس لە حیکمەتی چێژ دەکات و لەگەڵ حیکمەتی خۆشبەختی بە عەقڵیانەوە دەبەستێت هەر چێژێک عەقڵ رێنوێنی نەکات، نابێتە چێژی ڕاستەقینە.

خۆشبەختیش وەک وتمان بۆ خودی خۆیەتی و نەک بۆ شتێکی دیاریکراو، واتە خۆشبەختی بۆ مەبەستێک نییە لە خۆشبەختیی خۆی زیاتر. هەر بۆیە دەڵێ ئەوەی بەدووی خۆشبەختیدا دەگەڕێ، بەدووی عەقڵدا دەگەڕێ. «لەم حاڵەدا خۆشبەختی سەر بە لەش نییە، بگرە سەر بە شتێکە کە رەهبەری لەش دەکات، ئەو شتەش عەقڵە...».

ئەوانەی وێڵن بەدووی خۆشبەختیدا دەبێ لە هیچ شتێک سڵ نەکەنەوە، ئەگەر هاتو ئەو چێژە خۆشبەختییەکی ڕاستەقینەی لە پشتەوە بێت یان ببێتە هۆی بەدیهێنانی ڕاستەقینەیی و حەقیقەت.

## دادپەروەری و پاکداوێنی

هەرچەندە سوکرات لە بۆچوونیدا، لەگەڵ مامۆستاکەی لەم بوارەدا یەک ناگرێتەوە، بەڵام ئەو زیاد لە پێویست پێوەست بوو، بە چاک ویستن بۆ مرۆڤ، بوونی مرۆڤێک کە چاک تێ بگات، مەبەست لە خۆشبەختی چییە. سوکرات پێی وایە لە بەکارهێنانی عەقڵی تیۆری تایبەتدا، مرۆڤ دەگاتە باشترین چاکە. ئەو کاتەی عەقڵی تیۆری بۆ گەیشتن لەوەی کە چاکە چییە بەکار دەهێنرێ. کاتێک هەموو هێزەکانی جەستە لەژێر ڕکێفی عەقڵدا کاریان کرد، ئەو کاتە مرۆڤ بەو ئامانجە دەگات. سوکرات پێچەوانەی سوفستاییەکان بڕوایەکی تەواوی بە بوونی دادپەروەری هەبوو، ئەوان مرۆڤیان بەپێوانەی هەموو شتێک دادەنا، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەوەیان لا ڕاست نەبوو، کە

پێناسـەیەک بۆ بوونی مـرۆڤ، کـە ئەویش بـوونی دادپەروەرییـە. بوونـی دادپەروەری واتە بـوونی پاکـداوێنی. کـاتێک کـە ئەفلاتوون بـڕوای بەو دادپەروەرییـەی سـەر زەوی نەبـوو، بەوەی کـە مـرۆڤ بەشـێوەیەکی نایەکسـانی لەدایک بوون، بەڵام ئـەرسـتۆ پێچەوانـەی ئەو بۆچوونە، بە تەواوی دژ بەو سیفەتانە بوون کە دادپەروەرییەکان پێشێل دەکرد.

دیسـانەوەی بۆ باسکردنی دادپەروەری بۆ بیری نێوەند دەگەڕێینەوە کە ئەرسـتۆ بڕوای پێ بوو، ئەو پێی وابوو، دەبێ دادپەروەری بەشـێوەیەک بێت کە هـەمـوو کەسـێک وەکو یەک سـامـانی چنگ کـەوێت. واتە بـڕوای وابوو مـانـای دادپەروەری واتـە سـوودی گـشـتی. هـەروەهـا لە شـێـوەی دەسەڵاتدارێتیشدا بڕوای بەبوونی دەسەڵاتێک بۆ کەمایەتییەکان واتە حوکمی ئۆرۆستۆکراتی یان دەسەڵاتی هەڵبژێردراو، بەرامبەر بەدەسەڵاتی ئۆلیگارشی.

لە مـەسـەلەی دەسـەڵاتدا دیسان ئـەرسـتۆ پێچـەوانەی زۆربەی ئەو دەسـەڵاتانەی کە هـەیە، بڕوای وایە کە دەسـەڵاتـێک هـەیە پێی دەوترێ دەسـەڵاتـی زۆرایەتی، واتە دەسـەڵاتی ئەوانەی کـە هەڵگری، بڕوای یەکسانین.

لە مەسـەلەی دادپەروەریدا ئەرسـتۆ دێتە سـەر کۆمـەڵێ پرەنسیپ بۆ جێبـەجێکردنی دەسـەڵات کە ئەویش بوونی یاسـایە. واتە دەبێ هـەر کـەسـە بەپێی یاسـایەکی دروست مـامـەڵەی لەگەڵدا بکرێت و هـەر کـەسـە مـافی خـۆی بـدرێ و بەپێی داد و یاسـا مـامـەڵەی لەگـەڵدا بکرێت. لە پاڵ ئەو هـەمـوو بۆچوونانەی کە ئەرستۆ هەیبوو، ئەو بڕوای بە شێوە هەمەچەشنەکانی دادپەروەری هەبوو، هەر لە دادپەروەریی تاکەکەسی و یاساییەوە بـۆ دادپەروەری سیاسی. هـەروەک لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد بوونی دەسەڵاتێکی دادپەروەرانە.

دادپەروەری ڕێگەیەکە بەرەو گەیشتن بەشێوەیەک لە خۆشحاڵیی گشتی، ئەو خۆشبەختییەی کە تاک و کـۆمـەڵگە پێکەوە کـۆ دەکـاتەوە، بەمـەبەسـتی گـەیشـتن بە شـێـوەیەک لە بوون و مـەزنی. دادپەروەری لە بیری ئەرستۆدا بۆ ئەوەیە کە مرۆڤ لە چاکەیەکی هەمیشەییدا بژی. ڕای گشتی بۆ ئەرسـتۆ جێگەی خـۆی هـەبوو. هەر بۆیە لە ڕوانگەی تیۆری عـەقڵییـەوە، ئەوەی پێشکێش کرد کە مـرۆڤ دەبێت بەجوانترین شـێوە ئەرکەکانی سـەرشانی جێبەجێ بکات، واتـە بەبێ وەستان دەبێ بەردەوام بێت لـە گـەڕان بەدووی ئەو لایەنە چاکانەی کـەوا لە مـرۆڤ دەکـەن، عـەقڵ بەکار بێنێ لە ئەنجامدانی کارەکانیدا.

هـەندێ خـاڵی سـەرەکیی نێو کتێبەکەی ئەرسـتۆ "لەمـەڕ ڕەوشـتی نیکومـاخ"ی دەکرێ لە چەند هێـڵـێکی گـشـتـیـدا کۆ بکرێتـەوە: ئەو هێـلانەش بریتین لـە: ژیانی چاکـە، پاکـداوێنیی ڕەوشـتی، پاکداوێنیی عـەقڵی. بۆیە کاتێک ئەو باس لە چاکە دەکات پێی وایە چاکە مانایەکی گشتگیرە و تەنیا لە کۆمـەڵێ سیفەت و شتی تایبەتدا کۆ ناکرێتەوە، هەموو شتێک چاکە کە بە چاکی ئەنجامی دەدات. هەروەها لـە بەرامـبـەر ئەوەشـدا شـتـێک نییـە چاک دەبێت ئەگـەر کـارێک ئەنجـام نەدات، جوانی، کارجوانی بەرەنجامەکانێتی، فاسێک بـە چاکە وەسف دەکرێ کە بە چاکی شت ببڕێتەوە.

چاوێک بە چاکی وەسف دەکرێت کاتێ کە توانی بەجوانی ببینێ. بۆیە بۆ مرۆڤ چاکە لەوەدایە کە ئەو خاوەن عەقڵە، گەر بیەوێ بەرەو ئاراستەیەکی چاک کارەکان ئەنجام دەدا، کەواتە مرۆڤ بۆ ئەم مەبەستەش پێویستی بە عەقڵە تا کەسێکی خاوەن ڕەوشت دەرچێ. بۆیە ئەوەی هەستی کرد کارێک خۆشحاڵی پێ دەدا مانای وایە لە ناخیدا شتێک هەیە بەرەو پێویستییەکانی ڕۆحی ئاراستەی دەکات، بەڵام ئەمە مەرج نییە ئەنجامدان هەر کارێک چێژ بدا چاکە بێت، ئەگەر هاتو ئەو کارە لەگەڵ پاکداوێنیی ڕەوشتیدا گونجا ئەوە مانای وایە کە چێژگەیێنە.

بەڕاستی مەسەلەی دادپەروەری لای ئەرستۆ گەیشتووەتە ئەو ڕادەیەی کە زۆربەی زۆری بەشی نووسینەکانی داگیر کردووە، بێگومان مەسەلەی دادپەروەری ناوکی باسکردنی دژەکەیەتی کە ئەویش داپڵۆسین و ناڕێکییە لە ژیاندا.

کاتێک کە وڵات یاساکان دادەنێت بۆ ئەوەیەتی تا چاکە لەنێو خەڵکیدا بڵاو کاتەوە واتە بۆ ئەوەیەتی چاکەی ڕەها مومارەسە بکات، لێرەشەوە دەتوانین بڵێین وڵات بۆ مەبەستی خۆشبەختی ئەم یاسایانە دادەنێ تا دادپەروەری بەرقەرار بێت، بەڵام مەرج نییە ئەم یاسایانە هەموو کات بە مەبەستی خۆشبەختی دانرێن، ئەمەشیان ئەرستۆ بەپێی بۆچوونی ئەفلاتوونی دەیبەستێ بە سیستەمی دەوڵەت و ڕێژیمەکەوە.

لەو کاتەشدا ئەرستۆ زۆر جەختی لەسەر ئەوە کردووە کە چاوچنۆکەکان ئەوانەی دەوڵەت دەبەن بەڕێوە و بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان کار دەکەن، هەرگیز ناتوانن دادپەروەری بەرقەرار کەن، بۆیە دوورخستنەوەی ئەو کەسانە بە ئەرکێکی پێویست دەزانێ لەنێو دەوڵەت و یاسا و پێکهاتەکانی ژیاندا، ئەمە سەرەڕای ئەوەش ئەو زۆرجار بێ سڵکردنەوە، هێرش دەکاتە سەر چاوچنۆکەکاندا، ئەو یاسای ئابووریش دەبەستێ بە دادپەروەرییەوە، لە بازرگانیدا دەبێ هەر کەسە مافی خۆی بدرێ و ئەوەی پێویستە پارەی بدرێ و ئەوەشی شایستەیە ماڵ و موڵکی بۆ بگێڕدرێتەوە. هەروەها لەسەر مەسەلە ئابووری و دەروونییەکان ناوەستێ، بگرە پابەندە بەواقیع و ئەو بەدەستەوەدانانەی کە ڕووبەڕووی دەبنەوە، لە بواری سیاسەتیشدا دیسان دادپەروەری بە بڕبڕەی پشتی هەموو کێشەکان دەزانێ، تەنیا لە یەک سنووردا سیاسەت قەتیس ناکات، بگرە مەودا بۆ سیاسەت درێژ دەکاتەوە تا ئەو ڕادەیەی بە هەموو پێوەستەکانی دەبەستێتەوە. ئەو بەپێچەوانەی ئەفلاتوون باس لە شاری دادپەروەری ناکات، بگرە بەدووی باشترین دەسەڵات و حوکمدا دەگەڕێ. پێوانەوەی باشی حوکم لای ئەرستۆ ئەو پێوانەیە کە لە کتێبەکەی ڕەوشت بۆ نیخۆماتیوسدا باسی دەکات «لێرەوە سیاسەت بەڕێزترین و بەرزترین سیاسەت بوو لەبەرئەوەی لەسەر ئاستی هەموو کۆمەڵگە مەبەستی جێبەجێکردنی چاکەیە، واتە ""چاکەی سیاسی"". ""چاکەی سیاسیش بریتییە لە دادپەروەری، دادپەروەری سوودی گشتییە،.......». لەم بوارەشدا ئەرستۆ زۆر شێلگیرانە جەختی کردووەتە سەر دادپەروەریی دانراوی، پێشی وابووە ئەمەیان بەپێی تێگەیشتن و لێکدانەوەی کەس و کۆمەڵ دەگۆڕێ، هەیە پێی وایە کە دادپەروەری سەرچاوەکەی هەڵسوکەوتە و هەشە پێی وایە عەقڵ و لێکدانەوەیە، بۆیە ئەو بێ سڵکردنەوە مەسەلەی دادپەروەری بۆ شێوەی دەسەڵات

دەگەڕێنێتەوە. ئەرستۆ بۆ دابەشکردنی حوکم «دابەشکردنەکەی ئەفلاتوون بۆ شێوەکانی حوکم بەکار دەهێنێ» کە ئەویش حوکمی تاک و کەمایەتی و زۆرایەتییە:

– حوکمی تاکەکەس، ڕەنگە حوکمێکی چاک بێت کە ئەویش حوکمی فەیلەسووفە کە ئەفلاتوون بیری لێ دەکاتەوە، رەنگە ئەو حوکمەش لادەر بێت و داپڵۆسێنەر دروست دەکات.

– بەڵام حوکمی کەمایەتی رەنگە حوکمێکی شیاو بێت ئەویش حوکمی ئۆرۆستۆکراتی و حکوومەتی ئەخیارەکانە، بەرامبەرەکەشی حکوومەتی دەگمەنە بێ کەڵکەکانە کە ئەویش حوکمی ئۆلیگارشییە: واتە حکوومەتی خاوەن سامانەکان.

– بەڵام حکوومەتی زۆرایەتی رەنگە چاک بێت دەستوور رێک دەخات، یان بێ کەڵک بێت نەچێتە ژێر ڕکێفی یاساوە ئەو حوکمەش حوکمی ئاژاوەچییەکانە..

بەڵام ئەرستۆ بۆ بڕیاردانە لەسەر ئەوەی کە ئەم چێوە حوکمانە چۆن دێنە دی چۆن باشییەکان بەسەر خراپییەکاندا سەر دەکەون، هیچ پێوانەیەکی دوورو درێژی نەهێناوەتەوە، بگرە بە وردی هەڵدەستێ بە لێکدانەوەیەک لەمەڕ پێوەندیی تاک و کۆمەڵ لە بڕیاردان لەسەر شتێکی ئاوەها، لێرەشەوە پێوانەیەک هەیە ئەویش پێوانەی عەقڵە. پێشی وایە گەر هاتو مرۆڤ بەو ئەنجامە گەیشت کە چاکەی حەقیقی چییە، ئەوە دەتوانێ بڕیار لەسەر هەڵبژاردیی ڕێگەی خۆی بدات. کاتێک کە دێتە سەر باسکردنی یاسا پێی وایە کە بە دوو شێوە دەکرێ کۆمەڵگە چاک کرێت یا بە یاسا یا بە چاککردنی کەسەکان. هەردەم ئەرستۆ پەنا دەباتە بەر نێوەند لە هەڵبژاردن، بۆ نموونە لە شێوەی دەسەڵاتیشدا ئەو سێ شێوەی هێناوەتە پێشی، پێی وایە لە نێوان حوکمی سێ ئەدا دەبێ نێوەند هەڵبژێرین، هەروەها مەسەلەی سێینەی ئەرستۆ لە زۆربەی زۆری لێکدانەوەکانیدا ئامادەیە و هەردەمیش پەنا بۆ نێوەند دەبات، واتە نێوەندی زۆربلێیی و بێدەنگی کەمدوویییە، نێوەندی داپڵۆسین و ئاژاوە، ڕێکوپێکی، نێوەندی رەزیلی و دەستبڵاوی، دەستودڵ چاکی، رەفز و سەلماندن بەڵگەیە. ئەم شێوە نێوەندە تەنانەت لە بڕیارە سیاسی و فیکری و فەلسەفییەکانیشیدا ئامادەن، واتە لە هەموو جێگەیەکدا ئامادەگیی خۆیان هەیە.

## چاکەکاریی رەوشت و چاکەکاریی عەقڵ

بێگومان ئەرستۆ زۆربەی کارە فەلسەفییەکانی خۆی بۆ بواری رەوشت تەرخان کردووە، لەم رووەشەوە، زۆر بە دوور و درێژی باس لە ماناکانی رەوشت دەکات و شیکردنەوەی جۆرەوجۆریان بۆ دەکات، لە زۆربەی لێکدانەوەکانیشیدا کەم تا زۆر جەختی کردووەتە سەر مەسەلە هەرە گرینگەکانی رەوشت و هەڵسوکەوتی مرۆڤ و چاکە و چاکەکاری، هەروەها لە هەردوو بواری تیۆری و پراکتیکدا باس لە چاکەکارییەکانی رەوشت دەکات.

هەروەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد ئەو بڕوای بە شێوەیەکە لە راهێنان و هەڵبژاردن و بەکارهێنانی عەقڵە بۆ ئەوەی سیفەت و ئاکارەکانی مرۆڤ بگۆڕێت، واتە لە سیفەتی خراپەوە

بڕوات بەرەو سیفەتی چاکە، لەم پێودانگەشدا ئاماژە بەوە دەکات کە ئەگەر مرۆڤ توانی بەسەر فیکر و بیری خۆیدا حوکمڕان بێت، ئەوە دەتوانێ بە ئاسانی ڕێنوێنیی ئاکار و هەڵسوکەوت و بڕیارەکانی خۆی بکات. خاوەنداریێتیی مرۆڤ بۆ ئەو ئامێرە مەزنە دەگەڕێتەوە کە پێی دەوترێ عەقڵ، ئەمیش تەنیا بۆ ئەوە نییە کە هەبێت و لەنێو سەردا ئامادە بێت، بگرە بۆ ئەوەیە تا بتوانێ گەشەی پێ بدات و گۆڕانکارییەکانی پێ ئەنجام بدات. هەموو ڕەوشتێ وەردەگیرێت و فێری دەبین، بۆیە دەکرێ گەشەیان پێ بدەین و یاخۆ لە خودی خۆماندا ڕەفزیان بکەینەوە، مەرج نییە هەموو ئەو ڕەوشتانەی کە لە دەرەوە بۆمان دێن، بەسوود بن «پیاو دەبێ بە کەسێکی چاوتێر گەر هاتو ڕاهێنانیکردن یان ڕاهات لەسەر ئەو کردارانەی کە کەسی چاوتێر لە خۆیانەوە ئەنجامی دەدەن، ئەم چاوتێرەش نابێ بە کەسێکی چاوتێر تا ئەو کاتەی کە ئامادەگییەکی پتەوی تێیدا جێگیر نەبێت...». چاکەی ڕەوشتی پێوەندیی بە ناخی مرۆڤەوە هەیە

پەڕاوێزەکان:

١- تطور الفكر الاخلاقي في الفلسفةي الغربية، الدكتور محمد مهلران رشوان، دار قباء، ١٩٩٨، لا ٦٦

2- http://www.imamjawad.net/htm/far/library/akhlagh/falsafeh/saadat/saadatdarfalsafeh.htm.

٣- د. محمد الجبر، الأخلاق في الفلسفة اليونانية، الينابيع، الطبعة الاولى ٢٠٠٣، لا ١١٦

٤- هەمان سەرچاوە ل ١٢٠ - ١٢٩

٥- نقد العقل العربي ٤- العقل الاخلاقي العربي، دراسة تحليلية نقدية لنظم القيم في الثقافة العربية، الدكتور محمد عابد الجابري- المركز الثقافي العربي، لا ٢٥٧

٦- هەمان سەرچاوە لا ٢٥٩

٧- هەمان سەرچاوە ل ٢٦١

٨- نقد العقل العربي ٤- العقل الاخلاقي العربي، دراسة تحليلية نقدية لنظم القيم في الثقافة العربية، الدكتور محمد عابد الجابري- المركز الثقافي العربي، ل ٢٦٨

٩- نقد العقل العربي ٤- العقل الاخلاقي العربي، دراسة تحليلية نقدية لنظم القيم في الثقافة العربية، الدكتور محمد عابد الجابري- المركز الثقافي العربي، لا ٢٧٠

١٠- سەرچاوەی پێشوو لا ٢٧١

١١- کتێبەکەی ئەرستۆ: ڕەوشت بۆ نیقوماخۆسئەو -

١٢- نقد العقل العربي ٤- العقل الاخلاقي العربي، دراسة تحليلية نقدية لنظم القيم في الثقافة العربية، الدكتور محمد عابد الجابري- المركز الثقافي العربي، لا ٢٧٦

١٣- سەرچاوەی پێشوو لا ٢٧٨

١٤- سەرچاوەی پێشوو ٢٧٨

١٥- الموسوعة الفلسفية المختصرة، مكتبة النهضة-بغداد١٩٨٣، لا٤٨٧

# زۆردارێتیی خوایەتی
# و
# ونبوونی سەرووەری

عەلی حەرب

پێ دەچێت ئەو راگەیاندن و وتار و وانانەی وەک بیر لە رێگەی دەزگەکانی راگەیاندنەوە بڵاو دەبنەوە، دەبنە هۆی دروستکردنی گرفت و شپرزەیی و تووڕەیی، بەرەنجامەکانی شێلگیری و هەڵچوون و توندوتیژی و دەستدرێژی دەبێ، بەجۆرێک دەبێتە هۆی پچڕاندنی هێڵەکانی پێوەندی و چاندنی رق و قین لە نێوان کۆمەڵگە مرۆیییەکان، یان لە نێوان دانیشتوانی یەک وڵات و کەسانی یەک هۆز.

پاش وتەکانی پاپا لەسەر ئیسلام بۆ نموونە ئەو رووداوانەی روویان دا، بووە هۆی نانەوەی ئاژاوە و بڵاوبوونەوەی وتە توندوتیژەکانی نێوان زۆر لە زانایان و بانگەشەکەران، کە ئەوەش بۆ خۆی بووە هۆی ئەوەی جەماوەر لە شەقامەکانەوە کاری ئاژاوەگێڕی دژ بە دەزگەکانی کڵێسا ئەنجام بدەن، ماوەیەکە لە لبنان حاڵەتەکە بەم شێوەیە: ماوەیەکە گفتوگۆ توندوتیژ و وتارە سیاسییە ئاگرینەکانی نێو فیستیڤاڵە چرووپڕەکان کە لە هەردوو سەربازگەکەدا بەڕێوە دەچێت، بەتایبەت لەسەر ئاستی جەماوەر و گەلدا دەبێتە هۆی لەدایکبوونی بارگرژی و رق و قینە تا دەگاتە ئەوەی درز و ناکۆکییەکان زیاتر دەکات و کەشوهەوای پێکەوەژیان و گۆڕینەوەی نێوان لبنانییەکان ژەهراوی دەبێت.

هەروەک بڵێ قەدەری لبنان ئەوە بێت ببێتە وڵاتێکی تایەفەگەری، هەر کاتێک فرسەتێک هاتبێتە پێشەوە بۆ دەرکەوتنی دینامیکی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی، پڕ پێوەندی و بەردەوامخوازی، لە چاوەڕوانی ئەوەدا دەبێت کەسێک بێت و زمان و چەمک و یاساکانی ئەو زمانە داڕێژێت، لە پڕ لەلایەن سەرکردەی تایەفە و پاسەوانانی تایەفەگەری پشت دەکرێتە ئەو گۆڕانکارییەوە و هەموو

.................................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: سەلاح حەسەن پاڵەوان

رووداوەکان بۆ خاڵی سفر دەگەڕێنەوە و وڵات بەرەو پاشەکشەکردن دەڕوات.

هەر بەم هۆیەشەوە لێرەوەیە لە سەرتاسەری لبنان "بەڵگەنامەی شەرەف" بانگەشەی بۆ دراو، داوا لە سەرۆک و ڕابەرە سیاسی و ئاینییەکان و زۆربەی ئەو کەسانە کرا کە لە مینبەرەکانەوە قسە دەکەن و ئەوانەشی سەرقاڵی وتووێژ و گفتوگۆی سیاسی و سیمیناری سیاسین، داوایان لێ کرا لە دەربڕینی بۆچوونەکانیان لەسەر پرسە گرینگەکان هێمنی بپارێزن و پێڕەوی هێڵی ناوەند و هۆشمەندی بکەن، بەتایبەت ئەو پرسانەی جێگەی ناکۆکییە و لەسەری یەکڕا نین.

لە راستیدا کاتێ بۆ یەکەمین جار پێش چەند مانگێک گوێم لە دەستەواژەی "بەڵگەنامەی شەرەف" بوو، لە هەڵوێستێکدا خۆم بینییەوە رێک لە هەڵوێستی گاڵتەجارییانەی سوقراتییانە دەچوو، لەبەرئەوەی ئەوان داوای شتێک دەکەن خۆیان ناتوانن پابەندی بن.

گرفتەکە لەوەدایە کە پابەندبوون بە بەڵگە و پەیمانێک لەسەر شتێکی تر بنیات دەنرێت، ئەم جۆرە کارانە برێتین لە دەسەڵاتی تاکی مرۆڤ بەسەر خۆیەوە، عەرەب بەم کارەیان دەوت "پیاوەتی"، ئەمە مانای وایە مرۆڤ لە نهێنیدا ئەو کارە ناکات کە لە ئاشکرادا پێی شەرمە بیکات.

بەم مانایە قسەکردن لەسەر سەروەری نییە بواری بۆ نییە. ئەوەشی روو دەدات رێک پێچەوانەی ئەمەیە، ئەوەی لە پشتی پەردەوە دەگوترێت و لە ژوورە تاریکەکان بە ئەنجام دەگات و لە تاریکیی عەقڵەکانەوە بەڕێوە دەچێت تەواو پێچەوانەی ئەو شتەیە کە دەگوترێ و ئاشکرا دەکرێت. بۆ پاڵپشتیی ئەم قسەیەشمان نموونەی شەڕی لبنان بە هەموو بەش و نموونە و بەرگرییەکانیەوە باشترین بەڵگەیە، لێرەوە یەکەمین کەسێ کە پەیماننامە و رێککەوتنەکان پێشێل دەکات ئەو کەسانەن کە خۆیان دایانناوە، بۆیە ئاشتی تەنیا ئاگربەستێکی کاتییە لە نێوان دوو شەڕ و دوو فیتنەگێڕی، مانای هاوسەنگیی ترس لە بناغەوە برێتییە لەوەی: کەسێک ترس و زەندەقی لە رووداوێک دەچێت، پابەندی رێککەوتنەکە دەبێت، بەڵام کاتێک هەست بە هێز دەکات، ئەو رێککەوتنە پێشێل دەکات تا هێرش بکاتە سەر دوژمن یان شەریکەکەی.

زۆربەی رووداوەکان گەواهی لەسەر ئەوە دەدەن کە ئەو پێشێلکارییانەی لە نێوان وڵاتان و هێزە چالاکەکانی سەر گۆڕەپانی ناوەخۆ و ناوچەیی و جیهانیدا لە هاوپەیمانێتی و بارستەیی روو دەدەن بووەتە بنەما، نەک بەدەر لە بنەما. گرووپێک یان تیمێک کاتێ کە هاوپەیمانی لەگەڵ یەکێکی تردا دەبەستێ یەکڕاست ئەوانی تر بەوە تۆمەتبار دەکات کە پرۆژەکانیان دژ بە پرۆژە و بەرنامەکانی ئەوە. بە پێچەوانەوە، هەندێ گرووپ و تیم هەن زۆر لە یەکتری نێزیکن لە رووی پرەنسیپ و بەرنامەوە، یان هەر خاوەنی یەک پرسن، کەچی دژایەتیی یەکتری دەکەن و شەڕی یەکتری دەکەن، هەروەک ئیسلامییەکان لە عێراق و فەلەستینییەکان لە غەزە و بەرزاییەکانی رۆهەڵات.

ئەوەتا ئەمرۆ دەبینین ناسیۆنالیستەکان لە جێگەیەک پشتیوانی لە ئیسلامییەکان دەکەن و لە

شوێنێکی تر کار بۆ ریشەکێشکردنیان دەکەن، یان ئیسلامییەکان لە دەرەوەی وڵات پشتگیری لە ئیسلامییەکان دەکەن، کەچی لە ناوەوە کار بۆ دوورخستنەوەیان دەکەن، یان نیشتمانپەروەران هاوپەیمانی لەگەڵ ئەو کەسانە دەکەن کە بڕوایان هەر بە نیشتمانەکان نییە. دەبینین دیموکراتخواز و ریفۆرمخواز لە وڵاتەکەی خۆی لەگەڵ سەرکوتکەر و رادیکاڵییەکانی وڵاتانی تر هاوپەیمانی دادەمەزرێنێ، نەتەوەپەرست و چەپڕۆ و لیبراڵییەکان بوون بە پیاوی هەڵگرانی پێڕەوی ئیسلامی، رۆشنبیران بەرگری لە دەسەڵات و سیستمێک دەکەن کە خۆیان توانایان نییە، بۆ چرکەیەکیش لە سایەیاندا بژین. ئەمەش بە تەواوی حاڵی ئەو کەسانەیە هەندێ چارەسەر و هەڵبژاردن و چاوەڕوانییان بۆ لبنان هەیە کە خۆیان بەوە رازی نین بۆ وڵاتەکەی خۆیان یان بۆ هیچ وڵاتێکی تر پیادەی بکەن.

ئەمەش مانای وایە مەسەلەکە پێوەست نییە بە پرەنسیپ و ئەو ئامانجانەی هەوڵی جێبەجێکردنی دەدەین، بە ڕادەی ئەوەی مەسەلەکە پێوەستە بە دەسەڵات و ئەو پلە و پایانەی دەمانەوێ دەستبەرداری نەبین، یان مەسەلەکە ئەو بڕوا جێگیری و گرێیانەیە کە بووین بە کۆیلەی، یاخۆ قیبلەنومامان ون کردووە و ئەو شێواز و شمەکانەمان نییە کە پێویستن... کارەکە وای لێ هاتووە هیچ کەسێک جێگەی بڕوا نییە لەو دروشمە ئاینی و دنیاییانەی کە پێشکێشی دەکات، ئەو کەسانە بوونی یاسایی خۆیان لەدەست داوە. کەسانێک هەن دژایەتیی سیاسەتی ئەمەریکا دەکەن تەنیا بۆ ئەوەی بەرگری لە رێژیمێکی خراپتر بکەن، یان ئەوانەی رای دەگەیەنن بەرگری لە خاک و نیشتمان و ناسنامە دەکەن، کەچی بەرگرییەکانیان پێش هەموو کەس زیان بەخۆیان دەگەیەنێت تا کەسانی تر، بەرگرییەکانیان دەبێتە هۆی نانەوەی زیان و وێرانکاری، ئەمە رێک باری ئەو کەسانەیە کە ئاشقی ئازادین تا مومارەسەی سەرکوتکاری بکەن، بانگەشە بۆ مۆدێرنیزم دەکات تا خراپترین خراپ بەرهەم بهێنێت، بە عەقڵییەتی ڕەگەزپەرستی و پڕوپووچخوازی داوای رۆشنگەری دەکات.

ئەوەی کە پێی دەگوترێ باوەڕ لەدەستدان، بناخەی نەمانی سەروەرییە، سەروەری پێوەندییە لەگەڵ خودی خۆت، بە بڕوا و حەز و دەسەڵاتەکانی، بناخە نراوە لەسەر پەیمانبەستن و تەگبیر و عەقڵخوازی و بەڕێوەبردن و دیسپلین، ئەوەش لە رێگەی پابەندبوون بە پرەنسیپ و ئەوە پێوانانەی کە رێزی لێ دەگیرێت و کاری پێ دەکرێت. ئەمە مانای وایە سەروەری لای پیاوانی دەوڵەت و دەسەڵات بووە بە دەگمەن و ناوازە.

دەکرێ بڵێین دواین نموونەی ئەو کەسە سەروەرانە نیلسۆن ماندێلای سەرۆکی باشووری ئەفریقیا بوو، ئەو پیاوە نێزیکەی ٣٠ ساڵی تەمەنی لە گرتیگە بردە سەر، کاتێ دەسەڵاتی سەرۆکایەتیی وڵاتەکەی گرتە دەست و، پاش تەواوبوونی کاتی دیاریکراوی خۆی رەتی کردەوە بەردەوام بێت، سەرەڕای ئەوەی گەلەکەی داوای مانەوەیان کرد. نیلسۆن ماندێلا باشترین نموونەی سەرکردەیە کە پابەندی تەواوی بە پرەنسیپەکان هەیە و پابەندە بەرامبەر بەخۆی پێش

ئەوەی بەرامبەر بە کەسانی تر. سەرۆکی فەرەنسا شارل دیگۆل ساڵی ١٩٦٨ کاتێ نارەزاییی دژ بەرز بووەوە پرسی مانەوەی خۆی لە دەسەڵات خستە ریفراندۆمەوە، هەروەها مەرجەکانی لەسەر خۆی قورستر کرد، داوای کرد زیاتر لە سێ بەشی دەنگەکان بکاتە مەرج بۆ مانەوەی خۆی. بەڵام لە ئەنجامدا زۆرینەی تەواو دەنگیان لەسەر کشانەوەی ئەو دا، بەبێ هیچ پەشیمانییەک کورسیی دەسەڵاتی بەجێ هێشت. لە وڵاتە عەرەبییەکان لای ئێمە، سەرۆک داوای راپرسی دەکات پێش ئەوە مسۆگەری کردووە کە ئەنجامەکەی لە بەرژەوەندیی ئەودایە، بە رێژەیەکی زۆر بەرز ٩٩٪ ئەمەش لە بێ مانایی زیاتر هیچی تر ناگەیەنێت.

ئێمە ئەمڕۆ ئەم نموونانەمان کەمە، زۆر بەکەمی کەسێک دەدۆزینەوە خۆی گەورەی خۆی بێت، وا پێ دەچێت سەروەری سەردەمی بەسەر چووە. نەک تەنیا لەبەرئەوەی جیهانی بەهاکان تووشی داتەپین بوون، نەخێر، بگرە چەمکی خودیش کە برێتییە لە هەڵبژاردن، ئازادی، سەربەخۆیی دارمانییان بەسەردا هاتووە لەژێر کاریگەری گۆڕانکاری و بازدانە مەعریفیی بوارە جیاجیاکان، هەموو ئەمانە ئەوەیان دەرخست ئێمە لە ئەندازەی ئەو وتنانە نین کە دەیانڵێین، لە رووی پێوەندیمان لەگەڵ هۆش و عەقڵ و زانست و یەقین، بەهەمان رادە ئێمە بووینەتە بەندی دەستی بنیات و میکانیزم و کۆد و ئاڵۆزکارییەکان کە لە پشتەوەی ئێمەوە کار دەکەن، تا ببێتە هۆی بەرهەمهێنانی پێشێلکاری، جیاکاری، نەگونجان لە نێوان چەمک و وتراوەکان، وتن و کردار، ئارەزوو و دەسەڵات، پرەنسیپ و سامان.

ئەوەی وامان لێ دەکەن بەگومان بین، گومانی تەواومان بە وتنێک نەبێت کە کەسێک دەیڵێت، یان ئەوەی وامان لێ دەکات رووی راستەقینەی ئەو کەسە بەو شێوەیە نەبینین کە خۆی پێ پێشکێش دەکات، هۆی ئەمەش یان ئەوەیە ئەو کەسە ئەوەی دەیڵێ جیاوازیی لەوە هەیە کە مەبەستێتی، ئەوەی بیری لێ دەکاتەوە جیاوازە لەوەی بڕیاری لەسەر دەدات، ئەو بەرەنجامەی پێی دەگات پێچەوانەی ئەوەیە کە مەبەستێتی، ئەوەی دەیەوێ ناتوانێ ئەنجامی بدات.

ئەمەش دەمانباتەوە بۆ هۆکارێکی تر کە بەشداری لە پێشێلکاریی سەروەری دەکات، ئەو هۆکارەش ئەوەیە کە دەسەڵاتی مرۆڤ لە رێنوێنیکردن و کۆنترۆڵکردن لەم سەردەمەدا لەناو دەچێت، بەهۆی گەیشتنی مرۆڤایەتی لەم سەردەمەدا بۆ نێو بارێکی تایبەت لە سیفەتەکان، ئەو بارانەش لە رووی هارمۆنی و سەردەم، لە رووی بەدەستەوەدان و بەرهەمەکانی، سیستەم و تۆڕەکان، بزووتن و بەردەوامییەکەی بارێککەلێکن سیفەتەکانیان خێرایی، لەدەست چوون، بەردەوام بگۆڕ، ئاوئاسا، زیاد لە پێویست ئاڵۆز.

ئەمەش ئەوەمان لا راڤە دەکات کە مرۆڤ لە ڕووبەڕووبوونەوەی دیاردە ترسناکەکان ناتەواوە، ئەو دیاردانەی هەڕەشە لە داهاتووی مرۆڤایەتی دەکەن، پیسبوونی ژینگە و زیادبوونی گەرمای گۆی زەوی، ئەو رێککەوتنە نێونەتەوەییانەی کە دەبەسترێن رێزیان بۆ رێککەوتنەکانیان نییە و یان رێککەوتنەکانیان فڕێ دەدرێنە چەکمەجەکانەوە.

ئەم جۆرە بارودۆخە لە جیاتیی چارەسەر، گرفتی زیاتر بەدی بێنێت، هیچ گرفتێک نابینیت بە شێوەیەکی بنبڕ کۆتایی پێ بێت، هەر گرفتێک کە چارەسەر دەکرێت، بە هەڵواسراوی دەمێنێتەوە تا ببێتە هۆی قووڵبوونەوە و لەدەستدان و تێ کەوتن و تێکەڵوپێکەڵی، بە تەواوی وەک هەموو ئەو رێککەوتننامانەی کە دەبەسرێن تا بەبەردەوامی پێشێل بکرێن.

واقیعەکە ئەمڕۆ وایە: ئەوەی مرۆڤ دەیزانێ، دروستی دەکات، بنیاتی دەنێت، ناوی لێ دەنێت بەردەوام شتێکە ناتەواو و قرتاو و گوماناوی و مینڕێژکراو و پێشێلکراو. ئەمەش وا دەکات پرۆژە و داوا ئایدیۆلۆجی و سیاسییەکان وەک برێک تەڵە و بۆسەیان لێ بێت، کۆمەڵێ عفریتی سەیر دەردەپەڕێن، کۆنترۆڵکردنیان سەخت دەبێت، لە هەموو شوێنێک دەرگەی دۆزەخ دەکەنەوە، بۆ نموونە ئەوەی بە تایبەتی لە وڵاتە عەرەبییەکان روو دەدات.

بەم شێوە مرۆڤ بووەتە ئەسیری ئامراز و دروستکەر و سیستەمەکانی خۆی، بارکراوە بە خەم و داواکانی خۆی، کەوتووەتە ژێر باری تارمایی و مێردەزمەکانی خۆیەوە، تا ئەو ڕادەیەی بووەتە کۆیلەی ناو و حەز و ئارەزوو و دەسەڵات و پلە و پایە و سامانەکانی خۆی و هەموو ئەو شتانەی بەرەو بەخوابوون و دڕندایەتی دەبات.

سەیر نییە گەر کۆکارییەک لە نێوان دوو سیفەتدا بکەین: چەمکی سەروەری، دەسەڵاتی نەفسە بەسەر خۆدا، یان دەسەڵات بەسەر شتەکان تا بەجوانی بەکار بهێنری، ئەم چەمکە لە دژی چەمکی خوایەتی دەوەستێتەوە، ئەم چەمکە ئەو چەمکەیە کە لاهووتی و زانایانی کەلام و گێڕەوانی باسە پیرۆزەکان دایانڕشتووە، خوا ئادەمی دروست کرد بەڵام پێشتر دەیزانی ئەو ئادەمە خوێن دەڕێژێ و سەرزەوین خراپ دەکات، یان خوا مرۆڤی تەنیا دروست کردووە بۆ ئەوەی بیپەرستێ. خواش، هەروەک ئیمام غەزالی دەڵێت، خاوەنی ئەوماڵەیە، هەرچۆنێک بیەوێ ئاوەها بەکاری دەهێنێ، هەر ئەوە پرسیار دەکات و کەس لەمەڕ کارەکانی لێی ناپرسێ. لێرەوە تێ دەگەین چەمکی خوا بە ڕووی کۆمەڵێ مانادا دەکرێتەوە وەک ماناکانی سەرکوتکاری، گەمەکردن و یاری و پێڕابواردن و نابەرپرسیارێتی و دڕندایەتی.

بێگومان چەمکێکی تر هەیە تەواو پێچەوانەی ئەوەی سەرەوەیە ئەو چەمکە لە دەرەوەی دەسەڵاتی هیچ کۆت و بەندێکدا نییە، ئەم چەمکە لای فەیلەسووفەکان دەیبینین، یان لای هەندێ لە خواناسان، بەو شێوە وەسفی خوا ناکرێ کە دەسەڵاتێکی رەها و ئەنجامدەری رەها و دەسەڵاتی رەهایە، واتە خوڵقێنەرێک نییە هەرچییەک بیەوێ دەیکا. بگرە خوا زیاتر لەوەوە نێزیکە کە پرەنسیپێکی ماقووڵە بۆ ڕاڤەکردنی سەرەتا و دروستبوون، خوا وەک جووڵێنەری جیهان، پێویستی بوون و رێکخەری شتەکانە، مەبەستێکە بۆ هەوڵدان، ئەندازیارە و دروستکارە، بەرێخەر و بەرنامەدانەرە.

لێرەدا ئێمە ڕووبەڕووی دوو جۆرە وەسپ دەبینەوە، دوو ڕووی یەک دراوی مرۆڤایەتین، ئەم دوو

چەمکە دوو دەستەواژەی یەک دەستەواژەن، دوو جۆری تێگەیشتن، دوو شێوەن لە شێوەکانی دەسەڵات و بەڕێوەبردن و کارکردن، بۆیە هەریەکەیان بە شێوەیەکی جیاواز وەردەگێڕدرێت، هەریەکەیان بە ئارەزووی خۆی و تێگەیشتن و پێوانەی خۆی وەسپی خوا دەکات.

ئەگەر چەمکی دووەم مانای ماقووڵ و مەرجدار و حیکمەت و تەدبیر بگەیەنێت، ئەوە مانای باو چەمکی یەکەمە، کە لەلایەن هێزە ئیسلامییە توندڕۆکانەوە بە شێوەیەک بەکار دەهێنرێت ئەنجامەکەی تیرۆر و ڕەتکردنەوە و دڕندایەتی دەگەیەنێت.

ڕەنگە ئەمەش هۆکاری ڕاڤەکردنی دەستەباڵابوونی ئەو هێزانە بێت کە خاوەنی حەزی دەسەڵاتی هەڵبژاردنخوازی، شێتێتیی لاهووتی و وتاری یەکمەودایی و ڕەتکردنەوە و دوژمنایەتی بێت، بەتایبەت پاش هاتنی هێزە ئیسلامییە یەکتاپەرستەکان بۆ سەر شانۆی جیهانی، بۆ ئەوەی پێش ڕۆژی ئاخیرەت لەسەر دەستی شەپۆلە نوێیەکانی ڕاگەیەنران تام و چێژی دۆزەخ تاقی بکەینەوە. ئەمەش مانای وایە ئەوەی کە دەیچێنینەوە ماڵوێرانییە، نەک لەبەرئەوەی وازمان لە کولتووره یەکتاپەرستەکان و شەریعەتەکانی خوا هێناوە، بگرە لەبەر ئەوە بووین بە خوا و بە ڕادەی ئەوەش چیی تر توانای کۆنترۆڵکردنی خۆمان نییە.

بە کورتی، ئەوەی ئەزموونە تاڵەکان بخوێنێتەوە لەمەڕ پێشێلکارییە ئابڕووبەرەکان دەرهەق بە شەریعەت و یاسا و ڕێککەوتننامە ئاینی و مەدەنییەکان، دڵنیا دەبێت هەرچییەک لەسەر زەوی پێشان دەدرێت پیرۆز نییە، هەر کەسێکیش هەستا و دروشمێکی بەرز کردەوە مانای ئەوە نییە ئیتر ئەو کەسە جێی باوەڕە. بەم مانایە لەمەڕ چارەسەری ناکۆکی و تەنگژەکان چاکتر وایە بڵێین: "هیچ کەسێک........ "پاکیزەیە و تووشی هەڵە نابێت، هەمووومان بەشداریی ئەو تەنگژەیەین کە تێی کەوتووین، هەندێکمان کاتێک لە بەرەنجامەکانی ئەو تەنگژە هەڵدێت ئۆباڵەکەی دەخاتە سەر ئەستۆی یەکێکی تر.

هەروەک لە کۆندا گوتراوە، ئەگەر دین مامەڵە بێت، ئەوە عەقڵ ئاڵوگۆڕییە، هەر کەسێک کە ئەمەی مەبەست بێت دەبێ بڕوای بە هاوبەشی هەبێت، چونکە چارەسەرەکانیش بە زمانی وتووێژ دێنە ئەنجامدان، بەبێ پاوانکردن و دەست بەسەراگرتن، بەبێ بریڤکاری چوارچێوە بۆ دیارکراو و یەکلایەنی، گەر وا ڕووی دا ئەوە مانای وایە ئەوەی داوای دەکەین خۆمان دژایەتیی دەکەین، دەنووسێین بە شتەکانەوە تەنانەت ئەوانەی دژی ئەو شتانەشن کە پێوەی نووساون، هەروەک ئەو پێوەندییەی لە نێوان ئێمە و خوا و عەقڵ و ئاین و نوێگەری و ئازادی و دادپەروەری و ڕاستیدا هەیە.

کارکردن بە لۆجیکی وتووێژ و گۆڕینەوە و شەراکەت و چارەسەر پێویستی بە ڕاهێنانێکی عەقڵی لە ڕووی نزمبینینی ئەنتۆلۆجییەوە ئەمەش چوار ڕووی هەیە:

– یەکەم دانپێدانانی هاوبەرامبەر بە تێکشکاندنی تاکخوازی خود، بە شێوەیەک بوار بۆ

قبووڵکردنی ئەوی تر بکرێتەوە، بەو سیفەتەی ئەو کەسەی تر کەسێکە جیاواز لە من لە رووی شوناسنامە، بەڵام لە رووی ماف و کەرامەت و ئازادی یەکسانە بە من.

– دووەم کرانەوە و زاخاوبوونی مێشک بەجۆرێکی وا کە تاک بڕوا بەوە بهێنێت ئەو کەمترە لەوەی پێی دەگوترێ یان بانگەشەی بۆ دەدرێ. ئەمەش راستییەکە بۆ هەموو کەسێک کە لەسەر ئەم زەوییە دەژی. هیچ بوونەوەرێک لەسەر ئەم زەوییە نییە کە رێژەیی و لە پڕ نەبێ، هەمەچەشن و جۆرەوجۆر نەبێت، ناتەواو و گۆڕان، گۆڕانکار و نوێخواز نەبێت

– سێیەم مامەڵەکردن لەگەڵ چارەسەرییەکان لەسەر بناخەی رێککەوتن، نەک وەک چارەسەری کۆتایی، بناخەی ئەم مامەڵەکردنەش دڵنیابوونە لەوەی کە ناسنامەی تاک و کۆ، تەنیا ناسنامەیەکی ئاوێتە بووە، لەسەر بناخەی "دوولایەنەی بنەچە"یان جەمسەر و دوور لە جەمسەر، بەڕادەی ئەوەش "فرەمەودایی" یان روو و ئاستەکان، ئەمەش رێگە خۆش دەکات بۆ بیرکردنەوە و کارکردن بۆ بەرهەمهێنانی دەستەواژەیەکی ئاوێتە بوو، یان سیستمێکی پڕ جووڵەی لە داپچڕان و پێک گەیشتن.

– چوارەم هۆشیاریی رەخنەیی لە رەخنەگرتن لە خۆت پێش رەخنەگرتن لە کەسانی تر، واتە رەخنە لە کردنەوەی دەرگە و دەستەبەرکردنی تواناکان، داڕشتنەوەی چوارچێوە و یاسای نوێ کە ژیانی هاوبەش دەستەبەر بکات، ژیانی یەکسانی، ئاشتی و گۆڕینەوە، لە کاتێکدا ئەو کەسانە لە زیادبووندان کە هەوڵ دەدەن سەنگەری سیمبولی و ماتەریالییەکان لێ بدەن لە ناوەوە و دەرەوە لە نێوان خەڵکان. مەبەستەکەش ئەمەیە، مادامەکی مرۆڤەکان لە یەکتری نابنەوە: چۆن دەتوانن زمان و پێوانە و یاساکانی بنیاتی هاوبەش داهێنین.

راستە کۆمەڵەکان، شوناسنامە و گرووپە کولتووری و نەتەوەیی و سیاسییەکان بە خزمایەتی و رەگەزخوازی بنیات دەنرێ، بەڵام پێویستی بە پاڵپشت و پشتگیری و سەرخستن هەیە، هەروەها پێویستی پێداهەڵدان و پشتگیریش هەیە. بەڵام پێویست بە کەسانێک نییە کە مومارەسەی دەمارگیری دەکەن و بارگاوی بن بە دوژمنایەتیکردنی ئەوی تر، هەروەها پێویستی بە کەسانێک نییە کە کوێرانە ئیمزا بکات و چەپڵە و هەڵهەڵە لێ بدات. پێویستی بە سەرکردەی بەتوانا هەیە نەک بێ توانا، بەڕادەی ئەوەی هەڵە دەکەن لە پێشبینییەکانیان لە هەڵسەنگاندنەکانیشیان هەڵە دەکەن، هەروەها پێویستی بەو کەسانە نییە مومارەسەی کەرنەڤاڵی پەرستن بۆ سەرکردە و پاڵەوانەکانیان دەکەن، تا خوا دروست بکەن و خۆشیان لای خۆیانەوە ببنە کۆیلەی روانگەیان، هەڵوێست و درۆ و کەوتنەکان و سەرکەوتن و شکۆمەندی و بردنەوەکانیان.

کۆمەڵگە و تەوژم و پارت و گرووپ و مەیدانەکان ئەوەندە بە زۆری پێکەوە کۆبوونەوە تا ئەو رادەیەی تا گەیشتە پلەی پەرستنی تاکەکەسی و توانەوە لە پرسەکاندا، تا ئەو سنوورەی کوێرانە سەرکوتکاریمان کرد و وێرانەمان بۆ مایەوە.

ڕەنگە زیاتر لە هەموو شتێک ئەوەی کە پێویستمان بێت، ئەو سەرکردانەن کە گوێ لە کەسانی تر دەگرن بۆ دروستکردنی نێوەندێک بۆ تێگەیشتن و هێڵی پێوەندی، ئەو سەرکردانەی بە عەقڵی دەستبەدەستکردن و ڕێوڕەسمی نێوەند بەرژەوەندی و پرسەکان بەڕێوە دەبەن، ئەمەش بەو مەبەستەی کە ئاسۆیەک بکرێتەوە، چوارچێوە و ئەو شمەکانەی کە یارمەتیدەرن بۆ دەرچوون لە تەنگژە، ئەو تەنگژەی هەمووان دەخاتە نێو مەقاشییەوە، بۆ نموونە: سیستەمی سەرکوتکار و تایەفەگەری، پرۆژەگەلی ئیمپریالی و ڕێکخراوی تیرۆریستی، شێتێتیی بڕوای گرووپکاری و دۆزەخی ئامێری سەربازی.... لە سەردەمێکدا کە ناسنامەکان و گرفتەکان مۆرکی جیهانی وەردەگرن، پێویستمان بە کەسانێکە کە بیر کەنەوە تا تێ بگەن و دەستنیشانکەر بن، تا بیر بکەنەوە و تەگبیرێ بکەن، تا بتوانن لەگەڵ هاوشێوەکانی خۆیان پێوەندی بەرپا بکەن. بۆیە کۆمەڵگە پێویستی زۆر بە کەسانێکە کە خاوەن عەقڵی رەخنەیین، ئەو کەسانەی پارێزگاری سەربەخۆیی خۆیان دەکەن، دوور دەکەونەوە لە پۆلێنکردن و داماڵین، بەڕادەی ئەوەش لەسەر سنووری نێوان سەربازگەکان دەوەستن تا بە کراوەیی و نەرمونیانی و بزوێنەر و جیهانی مومارەسەی ناسنامەی خۆیان بکەن.

ئەمە حاڵی ئەو کەسەیە کە لە سەر ئاستی بوون تەماشای پرسەکان دەکا، واتە لە پشتەوەی دروشمە هەڵخەڵەتێنەرەکان تەماشای بوون دەکات، لە پشتەوەی دەمامکی ئایدیۆلۆجی ساختە و سەنگەری بڕوا هەڵخراوەکان، لەبەرئەوەی بە ڕوویەک لە ڕووەکان پێوەندیی مرۆڤ لەگەڵ خودی خۆی پێوەندییەکی نەزانی و زوڵم و گەندەڵی و دوژمنکاری و دۆڕان و هەموو ئەو کارەساتە هەڵپەسیوانەیە، خەڵکانی ئەم سەردەمەش شایەدی لەسەر هەموو ئەمانە دەدەن. ئەوەی بەم شێوەیە بیر دەکاتەوە ڕوویەکی ئەرێنی لای ئەو کەسە دەبینێ کە بە دوژمن و دژ و ئەوی تر و نامۆی لە قەڵەم دەدات، لە هەمان کاتدا تیشک دەخاتە سەر ڕووە نەرێنییەکەی خودی خۆی و کەس و نەتەوەکەی خۆی.

ئەمەش مانای ئەوە نییە هیچ رۆشنبیرێک حەزی سیاسیی نییە بەڵام نابێت ئەو پێوەندییە فیکرییەی نێوان خۆی و پیاوانی دەوڵەت و خاوەن دەسەڵاتەکان نەهێڵێت، تەنانەت ئەگەر هاتو رۆشنبیر هاوکاری سیاسییەکان بێت و پشتگیریی نەخشە سیاسییەکانیشیان بکات. ئەوەی لە رۆشنبیر چاوەڕوان و ئەرکە لەسەری ئەوەیە کە پارێزگاری سەربەخۆیی خۆی بکات و لە بیرکردنەوەی مومارەسەی ئازادی بکات، بەجۆرێک وەک بەرهەمهێنەری بیر بەتایبەتمەندێتیی خۆی کار بکات، رەنگە بیرەکانی بۆ تێگەیشتنی جیهان و شیکردنەوەی واقیع سوودی لێ ببینرێت، یان بۆ خوێندنەوەی ڕووداوەکان و دەستنیشانکردنی تەنگژەکان.

هەرچییەک بێت، بۆ رۆشنبیر جوان نییە واز لە سەربەخۆیی بیرکردنەوەی بهێنێت، بەتایبەت ئەگەر هاتو ئەو رۆشنبیرە خاوەن مەعریفە بێت یان نازناوێکی جیهانی و فەلسەفیی هەبێت، بۆ ئەوەی سیفەتەکانی خۆی لەدەست نەدات و ببێتە تەنیا خزمەتکاری دەسەڵات و چاوەشی

سیاسەتەکان و پاشکۆی سەرکردەکان. ئەمە یەکەمین ئەرکی رۆشنبیرە، رۆشنبیر وەک لێکۆڵەرەوە و شیکەرەوە لەسەریێتی بە چاوێکی رەخنەیی ئەو شتانە بخوێنێتەوە کە سیاسییەکان نایبینن، هەروەها هەستێ بە دیاریکردنی گرفتەکان بەو ئامرازانەی کە لە بواری خۆیدا بەکاریان دەهێنێ، وەک زمانی چەمک و تێگەیشتن و شێوازە عەقڵانییەکان.

سەرچاوە:

تواطوء الأضداد. الآلهة الجُدد و خَراب العالـَم. الدار العربية للعلوم ناشرون. الطبعة الأولى ٢٠٠٨

پەراوێزەکان:

١ – ئەمەش ئەو شێوەیە کە وڵاتێکی وەک لبنان پێویستێتی، ئەو وڵاتە قەدەری ئەوەیە کە مەحکومە بە یەکلاکردنەوە، بەڕادەی ئەوەش لە سەرەتاوە پێویستی بە چارەسەرکردنێکی ئاوێتەبووی نێوان هۆزەکان و کۆمەڵەکان هەیە، پاشان لە نێوان هێزە چالاکەکانی لە دەرەوەی وڵاتە عەرەبییەکان و ناونەتەوەییەکان.

٢ – بۆ شایەدی لەسەر ئەم بۆچوونە ئەو شتەیە کە ستراتیجی ئەمەریکایی ریچارد هاس پێشکێشی دەکات، ئەو کەسێکی ئۆپۆزیسیۆن و ئینشیقاقچی نییە وەک نەئوم شۆمسکی، لەبەرئەوەی هاس نزیکە لە دەسەڵاتەوە و نزیکە لە دروستکەری بریار لە گرووپی دەسەڵات لە ئیدارەی ئەمەریکا. لەو کاتەی کە سەرۆکی ئەمەریکا جۆرج بوشی کوڕ وێنەی نەخشەی نوێی رۆهەڵاتی ناوەڕاستی رادەگەیاند، شیکردنەوەکانی ریچار هاس بەرەو ئەوە دەچوون بیرێ گەلاڵە بکات و بڵێت ئەمەی بۆش دەکات مانای کۆتایی دەسەڵاتی ئەمەریکاییە لە رۆهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەمەش شایەدە و نموونەیەکە لە جیاوازیی نێوان هەڵوێست و شیکردنەوە، بەڕادەی ئەوەش ئەوە ئاشکرا دەکات کە چۆن ئەو هەڵوێستە سیاسییەی وەری دەگرین رەنگە نەبێتە هۆی چارەسەر بەڵام یارمەتیی ئەوە دەدات گرفتەکان زیاتر بکات.



# شێوەکار
# ئەرسەلان ئەحمەد

ئامادەکردنی: ڕۆستەم ئاغالە

لە ساڵی ١٩٩٦ەوە ئەرسەلانم ناسی لە گەلەری زاموا بوو لەو ساتەوە تا ئێستا بەتێکڕا هەر نیگار (گەڵا) دەکێشێ.

سەیریی ئەو نیگارکێشە لەوەدایە نابینی بێزار بێ لەو فۆرمە. یان هەوڵ بدا فۆرمێکی تر بۆ خۆی دەستەمۆ بکات، بۆیە زۆرمان لە هاوڕێیان بۆ یەکترناسین دادەڕێژین بەو شێوە نیگارکێشانەی خۆی پێوە گرتووە بۆ نموونە ئەرسەلان ناوی (ئەرسەلان حەمە گەلایە). نامیق حەمە سێو. دڵشاد خەت خەت پشیلە. حەمە کاکە حەمە قازە. ڕۆستەم حەمەکەر. ڕێبوار سەعید حەمە دەکرێ، زۆری تر.

ئەرسەلان نیگارکێشکی سەرکەوتووی دروستکردنی تابلۆیە، شێوەکارێکی سەرکەوتووە لە گەڵای بێ گوڵ گەڵای بێ مرۆڤ. گەڵای بێ هەور. لەبەرئەوەی گەڵاکانی ئەو لەگەڵای ناو باوەشی دارەکانی ناو دارستان ناچن. گەڵاکانی ئەو باکگراوندی شاخ و ئاسمان دەشتایی نییە. لە گەڵایەکی جیاکراوەی ئەبستراکست دەچن کە جیاکراوەن لە گەڵاکانی سروشت.

ئەو بابەتی گەڵای کردووەتە هاوکێشە و ڕەهەندی بیرکردنەوەی لە دنیای سەرمایەداری و بیری یەکسانی و ژیانی دوو گەڵا و دوو مرۆڤ یا دوو بوونەوەرییە قەد دارێکی وشک و بێ چڵ. قووڵبوونەوەی ئەو گەڵا وای کردووە زۆر فۆرمی سەیر و نەبیندراوی گەڵا نیگار بکێشێ کە پێشتر نەمانبینیووە. چ لە ڕەنگ و چ لە گۆڕانی قەبارە و شێوەی ڕووبەرەکەی. ئەو سەرکەوتووانە – گەڵا– پەلکی– پڕ کردووەتەوە لەسەر ڕووبەرەکانی ناو تابلۆکانی و پارسەنگی ڕەنگەکانی بەسارد و

گەرمەوە ڕاگرتووە، هەروەها پارسەنگی دووریيەكانی ناو تابلۆكەی فەرامۆش نەكردووە.

ئەرسەلان- كە لەناو دۆستانی خێزانەكەی بە (ئالان) بانگ دەكرێ زۆر كار ناكات بەڵام زۆر بەهەست و وریایەوە نیگار دەكێشێ و بیرم نییە كارێكی ناتەواوی ئەوم بینیبێ.

گەڵا وەك بابەت و فۆرمێ بەكار هاتووە لە سەردەمی پێش ڕێنسانس و دوای ئەویش تا سەردەمی ڕۆمانسی لە سەردەمی كلاسیك بەگشتی گەڵا نیگار كێشراوە لەسەر بەشی (فۆرمە سێكسییەكانی ناو گوڵ) لە هی ژن و پیاو و منداڵدا. كارەكانی تیتان و ڕۆبنس و كارافاجۆ و مایكل ئەنجیلۆ و ئالجریكۆ و زۆری تر...

داپۆشینی ئەو شوێنە وروژێنەرە سێكسییە تەنیا بە گەڵا بووە لە هەندێ تابلۆ نەبێ. بۆڵەترێ بووە. بۆیە زۆر لە گەڵاكانیش لە (گەڵامێو) دەچن لە پانی و ناسكییان. نازانم ئاماژەی ئەرسەلان بۆ گەڵا چییە؟.

گرینگ نییە نازانم وەڵامەكەی چییە؟ بەڵام ناوبراو زۆر نێزیك بووەتەوە لەو كەشە سێكسییە. گەڵاكانی ناو تابلۆكانی باسی گرفتی تەنیایی و شەرم دەكەن گەڵا بێ مرۆڤ و سروشت ئاستی ئەو وەك تابلۆكانی (عەبدوالكەریم ئەمین) دەبینم كە سروشت تاكە بابەت و دوا بابەتی ئەوە و بۆ دەرمان تاكە مرۆڤ شك نابەین.

خوێندنەوەیەكی خێراترم بۆ كارەكانی ئەو هاوڕێم ئەوەیە گوزارشتی تەنیایی و گران بەدوای سێبەری پڕ لە كەشی خۆش و حەسانەوە و پشودان لەناو كەشی پڕ ڕۆمانسییەت تا وای كردووە كە جیهانی نیگاركێشانی گەڵا بەر نەدات.

ئەرسەلان نیگاركێشكی كارامە و ئەكادیمی نییە، دەروێش عەبدوڵڵا یانەی خۆمان: نە ئوستازێكی هەبووە دەستی بگرێ، نە حرفی مەكتەبێكی هونەری خوێندووە، بۆیە ئەو لەو نیگاركێشە خۆرسكانەیە ئەو باشتر بڵێم (دێمەكارانە) نە پەروەردەی سروشتی خۆیەتی.


oil on canvas 100x70 cm



oil on canvas 50x70 cm



oil on canvas 50x70 cm



oil on canvas 100x70 cm


oil on canvas 40x60 cm



oil on canvas 50x70 cm



oil on canvas 50x70 cm



drawing 20x10 cm


drawing 20x10 cm



oil on canvas 50x70 cm


oil on canvas 100x70 cm



oil on canvas 100x70 cm



oil on canvas 40x30 cm



oil on canvas 50x70 cm



oil on canvas 100x70 cm



oil on canvas 50x70 cm

# سینەمای تارکۆڤسکی

## جیهانێکی میتافیزیکی و خەونێکی بێ سنوور

حەمید عەقبی

ئەنگمار بێرگمان دەڵێ: ئەگەر فیلم خەون نەبێ، ئەوا دیکۆمینتارییە، تارکۆڤسکی لە هەموومان مەزنترە، لەبەرئەوەی دەمانباتە خەونێکی بێ کۆتاوە.. هەندێک پێیان وایە فیلمەکانی ئەندرێ تارکۆڤسکیی دەرهێنەری ڕووسی قورس و پەنهانن، ئەمەش لە سۆنگەی پابەند نەبوونیەوە بەگێڕانەوەی لۆجیکیی ڕووداوەکانی فیلمەکانییەوە، تارکۆڤسکی ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە فیلم تەنیا حەکایەت، یاخۆ ئامۆژگاری و گوتاری کۆمەڵایەتی بێت، هەروەها بەلای ئەوەوە پیشەیەک نییە بۆ بژێویی ژیان، یاخۆ بەدەستهێنانی قازانجی مادی.



وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: سەباح ئیسماعیل

ئەم هونەرمەندە دڵسۆزیی زۆری بۆ هونەری حەوتەم نواند، لەناو پێخەفی نەخۆشیدا دوور لە خێزان و نیشتمانەکەی ساڵی ١٩٨٦ لە پاریس بەدەستکورتی گیانی لەدەست دا، بەڵام سامانێکی هونەریی بۆ مرۆڤایەتی جێ هێشت، تارکۆڤسکی بەنەمری دەمێنێتەوە، ئەمەش لەبەرئەوە نییە فیلمێلێکی زۆری دەرهێناون، بەرهەمەکانی حەوت فیلمن، کە لە شیعرەوە نێزیکترن وەک لە سینەما.

سینەمای تارکۆڤسکی گەشتێکی دڵگیری خەونێکی پەرجوودار و جیهانێکی میتافیزیکیی بێ سنوورە، بینەری فیلمەکانی دەبێ ئامادە بێت و خۆی وەکو سەرنشینی شەمەندەفەر بێتە بەرچاو بەتەنیشت پەنجەرەکەوەیە.

بە گەشتێکی کورت بەفیلمی ستلکەردا هەوڵ دەدەین جیهانی تارکۆڤسکی بدۆزینەوە، کە دوا فیلمی بوو لە ڕووسیا، ساڵی ١٩٧٩ دەری هێنا.

ستلکەر کاراکتەرێکی خەوخۆش و شێواوە، لە جیهانێکی تەنگدا، کە بەپارە ئابلۆوقە دراوە و هەست بەدڵەڕاوکێ دەکات، ستلکەر لەگەڵ ژنەکەی و کیژە کەمئەندامەکەیدا لە ماڵێکی خاکەڕایی و خاڵی لە دیکۆر و کەشخەییدا دەژێت، کەشەکە ڕەنگی تاریک و خەمهێنەری لەخۆ گرتووە، ڕەنگی خاکی لە هەندێک شوێندا بەهێزەوە هەژموونی لەسەر شوێنەکانی ڕەنگی سپی و ڕەشدا جێ هێشتووە، سەرەتایەکن بۆ شوێنی داخراو، ژووری نووستن، سێ کاراکتەر بەدەر دەکەون، ستلکەر، ژنە و کچە، لەسەر قەرەوێڵەیەکی یەک نەفەری نووستووە لە مەرگ دەکات، شوێنەکە بیرۆکەی بەندیخانەت بیر دەخاتەوە، تەنیا پەنجەرەیەکی تێدایە، کە سەرچاوەی ڕووناکی و دەنگەدەنگی شەمەندەفەر خوازەیە بۆ بیرۆکەی سەفەر و هەڵاتن وەکو تاقە شێواز بۆ قوتاربوون لە واقعێکی ترسناک و توند.

لە کاتی نووستندا هەر کاراکتەرە و دۆخی جیا لەوی دی هەیە، ئەمەش ئەوەت لا دروست دەکات، هەر کاراکتەرە و بۆچوونی خۆی هەیە جیا لەوی تر سەبارەت بەگەردوون و بوون. ماڵ خوازەیە بۆ وێنەی ڕووسیای نیشتمان، ستلکەر زۆرێک لە تارکۆڤسکییەوە هەڵدەگرێت، دەرهێنەر لە ساڵانی دواییدا وای لێ هات وای هەست دەکرد لە زینداندایە، لە سۆنگەی ئابلۆوقە و ئەو چەوسانەوەیەی بەدەست دەزگا فەرمییەکانەوە دەیچێشت، کە داهێنانە هونەرییەکەیان ڕەت دەکردەوە، لەبەرئەوەی سینەمای نەخستبووە خزمەتی دووڕوویی و ستایشی ڕێژیمە سیاسییە تۆتالیتارییەکەوە.

دەبینین ژنە نووستووە، کەچی هەردوو چاوانی کراوەن، ستلکەریش بەهەمان شێوە، تەنیا کیژە منداڵەکەیە بەئاسوودەیی دەنوێت، هەر وێنە یاخۆ جووڵەیەک لە فیلمەکانی تارکۆڤسکیدا خوازەیە بۆ شتێکی تر، هەر لە خاڵی دەستپێکەوە لە گرتەی یەکەمدا شتێک لە خاچ دەکات، بۆ ئاماژەدان بەواقیعی ئەم جیهانە کلۆڵە، تارکۆڤسکی، سەرنج دەداتە بادەیەک کەمێک شەرابی تێدایە، پەرداخەکە لەگەڵ بەرزبوونەوەی ژاوەژاوی شەمەندەفەرەکەدا لە دەرەوە، دەلەرێتەوە، وا هەست دەکەین بادەکە دەکەوێت، ئەم لەرینەوەیە دەلالەتی هەمەچەشنی هەیە، گرینگترینیان لەرینەوە و پشێویی ناوەوەی کەسایەتییەکانە، هەر جووڵە یاخۆ وێنەیەکی جیهانی دەرەوە، جگە لە وێنەی

جیهانی ڕوح چیی تر نییە.

ستلکەر هەڵدەستێت، بەهێوری ئەوێ جێ دەهێڵێت، تەماشایەکی خێزانەکەی دەکات، دەچێتە ئاشخانەکەوە، دەمی دەشوات، نانی بەیانی دەخوات، ژنەکەی بەدەردەکەوێت، دڵەڕاوکێ بەڕوخسارییەوە دیارە، دەکەونە گفتوگۆ، ژنە دەکۆشێت ڕێی لێ بگرێت لەوەی ماڵ جێ بهێڵێت و بەرەو شوێنێکی نادیار سەفەر بکات، ئەو شوێنەی ستلکەر بەردەوام سەردانی دەکات، تاکو هەست بەحەوانەوە و ئارامیی دەروونی و ڕوحی بکات، ئەم شوێنەش لەژێر چاودێریدایە و پۆلیس پاسەوانیی دەکات، ئەم شوێنە تووشی ڕووداوێکی کەشوهەوا هاتووە، بۆیە داخرا و بەر بەگەیشتنە ناوی گیرا. ئەوە تەنیا ستلکەرە دەزانێت چۆن بگاتە ئەم شوێنە، ئەوێ پانتاییەکی میتافیزیکییە، نەک تەنیا شوێنێکی جوگرافیی دابڕاو لە سروشتی ئەفسووناوی لەم جیهانەدا.

گۆشەیەکی پیرۆز ئەویش ژووری چێژوەرگرتنە، ئەو شوێنەی ستلکەر تێیدا هەست بەخۆشییەکی ڕوحی و هاوسەنگییەکی دەگمەنی ناوەخۆیی دەکات، هەستکردن بەکامەرانی ئەگەر بۆ چەند ساتێکیش بێت، شایانی سەرکێشی و سەرچڵییە، دوور نییە لە هەر گەشتێک بەم جیهانەدا گەشتیار ژیانی لەدەست بدات، لێ لە بەهەشت دەکات، گەشتی ستلکەر و هاوەڵانی لە گەشتەکەی دانتی دەکات بۆ بەهەشتە ونبووەکە. خراپەکاری دەوری داوین و ڕێگەی هەستکردنیش بەکامەرانی دژوارە، لە جیهانی خەوندا حەقیقەتی خۆمان دەبینین، ڕزگاربوون لە ساختەکاری و بینینی خود هێند کارێکی ئاسان نییە، ڕوح ئەو شتەیە کە تارکۆڤسکی بەدوایدا وێڵە، سینەما ئامرازی گەڕان و



گوزارشتی ڕوحی و هزری و فەلسەفییە، هەر وێنەیەک دەلالەت هەڵگرێت دەرهێنەر بۆ ئاوەزی بینەری دەنێرێت، لەبەرئەوەی هزر و ئاوەز دەروازەی ڕوحن.

لە گشت فیلمەکانیدا دەرهێنەر گەلێک پرسیاری ئاڵۆز هەمبەر کێشە گەورەکان دەوروژێنێت، وەکو مرۆڤ و سروشت و دروستکەری گەردوون.

لەم گەشتەدا دوو کاراکتەر لەگەڵ ستلکەردان، یەکیان پرۆفیسۆرە و ئەوی تریشیان نووسەرە، وێڕای هەوڵی زۆری ئافرەتە بۆرژواکە بەتەفرەدانی بەپارە ستلکەر ئەوە ڕەت دەکاتەوە لەگەڵ خۆیدا بیبات، ستلکەر وەکو مۆچیارێکی جیهانی ڕوحی و میتافیزیکی ئەم کارە بۆ پارە پەیداکردن و قازانج ناکات، بگرە چێژ و حەزێکە، تاکو ڕێگە بەوانی تر بدات جیهانی ڕاستەقینە بدۆزنەوە،

پیشەی ستلکەر وەکو ئامۆژگاریکارێک لە پیشەکەی تارکۆڤسکی دەکات وەکو سینەماکارێک، کە ئەوەی ڕەت کردەوە هزر و ڕوحی خۆی بە ڕێژیمە سیاسییەکە بفرۆشێ، ئیدی وای لێ هات بووە دوژمن و لەلایەن دەزگا ڕۆشنبیری و هونەرییەکانی سەر بەدەسەڵاتەوە چاودێری دەکرا، ئەو دەسەڵاتەی هیچ گرینگییەک بەتاک نادات و دروشمی سۆشیالیزم و خزمەتی کۆمەڵگە وەک هۆکارێک بۆ مانەوەی خۆی بەکاردەهێنێ.

تارکۆڤسکی زوو درێوی و ستەمی دەسەڵاتی تۆتالیتاری بۆ دەرکەوت.

دوای ئەوەی ستلکەر و هاوەڵانی چەندان مەترسی دەبڕن، ستلکەر دەتوانێت هەڵبێت و خۆی لە گوللەی پۆلیسەکان بپارێزێت، کە بەدوایەوە بوون، هەر هێندەی دەگاتە جیهانەکەی خۆی، لە ئامێزی سروشتدا ڕادەکشێت. لە بەشی یەکەمی فیلمەکەدا، کە بەڕەش و سپی وێنە گیراوە، لەگەڵ بەدەرکەوتنی ئەم جیهانە ڕەنگەکان بەدەردەکەون، تاکو دەرفەت بەڕەنگی سەوز و ڕەنگە گەشەکان بدەن.



ستلکەر عەرەبانەکە دوور دەخاتەوە (ئامرازی گەیشتن بەم جیهانە) و شووشە مەیەکە تێ دەکات، تاکو کەس بیر لە گەڕانەوە بۆ واقیع نەکاتەوە، ئەگینا هیچ بێهۆشکەرێک کاریگەریی لەسەر هەستکردن بەچێژی خەون نابێت.

لە دیمەنی یەکەمدا کاتی گەیشتنی هەرسێ کاراکتەرەکە بۆ ئەم جیهانە، دەبینین سێ دارتەلی کارەبا شێوەی خاچ وەردەگرن، تارکۆڤسکی ئەم هێما ئاینییە بۆ پیرۆزییەکەی بەکار ناهێنێت، بگرە بۆ خوازە، یاخۆ بیرهێنانەوەی ئازارەکان و توندوتیژییە مرۆییەکانە. دارتەلەکان لە دۆخی جیاجیادان، یەکیان لاربووەتەوە، ئەوی تر ڕەپوڕاست وەستاوە، دویەمینیشیان لەسەر زەوییەکە فڕێ دراوە، بەتەنیشت ئەم دارتەلانەیشەوە پاشماوەی چەک و تانکن، ژەنگیان هەڵهێناوە و لە بان هەندێکیان گیا و گوڵ شین بوون.

لەم دیمەنانەدا تارکۆڤسکی لە دەرەوەی واقیع و لەناو خەوندایە، بەڵام بەکارهێنانی سروشت وەکو دیکۆرێکی جوان و قەشەنگ بەکار نەبراوە، بگرە ڕۆحی مرۆیی دەگەیەنێت، بوونی شێوەی خاچەکە و هەندێک پاشماوەی چەک، ڕەنگە بۆ بەدیارخستنی ڕوح بێ لە بەرابەر ئازار و خۆپەرستیی هەندێک لە مرۆڤەکان.

ترسی ستلکەر کۆتایی پێ نەهاتووە، دوای پشوویەکی کەم دەبینین ڕاڕایی پێوە دیارە، ناهێڵێت کەس دەست بۆ شتەکانی ئەم جیهانە ببات، لەبەرئەوەی بەلای ئەوەوە شتێکی پیرۆزە و لەسەرمانە

ڕێزی لێ بگرین و نەیشێوێنین، هەڵبژاردنی کەسایەتیی نووسەر و پرۆفیسۆر بۆ گەشتکردن بەجیهانی خەوندا، قسە و باسی زۆر لەبارەی ڕۆڵی ئەدەب و زانست دەوروژێنێت لە پاراستنی بێگەردیی ڕوح و پاککردنەوەیدا، بەڵام داخۆ ئەدەب و زانست بەڕاستگۆییەوە ڕۆڵی خۆیان گێڕاوە؟ پرسیارێلێکی زۆر دەرهێنەر بەشێوازی ناڕاستەوخۆ دەیانخاتە ڕوو.

گەیشتن بەم جیهانە سەرەتایەکە بۆ گەشتێکی سەخت بۆ گەیشتن بەژوورە پیرۆزەکە، ئێمە لە بەهەشتداین، بەڵام ئەم بەهەشتە پلەی هەیە و جیهانێکی هەمەڕەنگە، یاسایەکی سروشتی نییە، لە ماوەی گەشتەکەدا باران دەبینین لەپڕ دەبارێ و پاشان لێی دەکاتەوە، بەفر دەبارێت، پاشان گەردەلوولێک هەڵدەکات، هاژەی تاڤگەکان دەبینین و دەبیستین، لە نیزیکیانەوە بەردی گڕکانیی کڵپەسەندوو دەبینین، ئەوە جیهانی خەونە، کە دان بەهیچ یاسایەکدا نانێت.

گەیشتن بەتروپکی چێژ و هەستکردن بەئاسوودەیی ڕوحی، کە حەزی شاعیرە و ئامادەیە قوربانی بەژیانی بدات، تاکو ڕوحی بەر ڕاستییە ڕەهاکان بکەوێ، دوای ململانێیەکی زۆر لە نێوان کەسایەتییەکان و کاراکتەرەکانی ناو ئەم جیهانانە، کەسایەتییەکان دەگەنە ژووری لەزەت و لە خەونێکی جواندا مەلە دەکەن و تەنیا بێدەنگی بەسەر دەنگی بارانەکەدا زاڵ دەبێ، کە شێوە ئەفسوونێکی دڵگیر بەبینەر دەدا.



تارکۆڤسکی باران وەکو ئامرازێکی وێنەکێشان و نەخشاندن بۆ دابەشکردنی ڕەنگەکان، بەبەکارهێنانی تەکنیکی شێوەکاری، بەڕووپۆشکردنی وێنە بەڕەنگێک، پاشان سڕینەوەی و جارێکی تر ڕەنگڕێژکردنی، ئەم گەمەکردنە بەڕەنگ تاکو جیهانی میتافیزیکی و خەون بخوڵقێنێ، ئەم یاری و فێڵکردنە بەڕەنگ لە شێوازی سوریالی دەکات، کە ئەندرێ بریتۆن بەنووسینی ئۆتۆماتیکیی ناو دەبات، تێیدا هونەرمەند خەیاڵ و ناهۆشیاری ئازاد دەکا بێ هیچ قەید و شەرتێکی گوزارشتکردن، یاخۆ هەژموونی بیردۆزەکان و یاساکانی ئیستاتیکای هونەری، یان بیرکردنەوە لە دەسەڵاتی سانسۆر.

خەونەکە دوماهی دێت و کاراکتەرەکان دەگەڕێنەوە واقیعە کلۆڵەکەیان، ستلکەر سەگ و گورگەکە لەگەڵ خۆیدا دەبات، کە بەشێکن لە جیهانە میتافیزیکییەکە، لە دوایین دیمەندا کیژە منداڵەکەی ستلکەر دەبینین بەجووڵەی چاو و هێزی میتافیزیکی پەرداخی سەر مێزەکە دەجووڵێنێ، تەنیا ئەو ڕوحێکی پاک و بێگەرد شک دەبات.

# مەرگ دۆستی
# و
# ژیان دۆستی

ئەریک فرۆم

لەم وتارەدا هەوڵ دەدەم ئەو حەزانە باس بکەم، کە ئاراستەکەیان دژ بە ژیانە، وە ئەمەش جۆرێکە لە خراپترین جۆری نەخۆشی عەقڵی. کە دەتوانین بە جەوهەری ڕاستەقینەی "شەڕەنگێزی" دابنێین. هەروەها باس لە سێ جۆر لەو ئاراستانە دەکەم: نکروفیللی و بیوفیلیا، نەرجسیەت، خۆڕاهێنان لەسەر ئەوەی کە لەگەڵ ئازاردا بژی.

هەوڵ دەدەم ئەو هەستە باشە شاراوانەی کە لەم حەزانەدا هەیە بەکەمی باس بکەم، کە ناتوانین بە نەخۆشییان دابنێین. بەڵام من زیاتر جەخت لەسەر شێوە نەگریسەکانی ئەم سێ مەیلە دەکەم، کە لە کۆتاییدا هەرسێکیان یەک دەگرن و " ئاوێتەی ڕزینبوون " پێک دەهێنن کە ئەمەش جەوهەری "شەڕەنگێزییە". لە هەمان کاتدا ئەمەش نەخۆشییەکی کوشندەیە و ڕەگەزێکی نامرۆیانە و وێرانکەرانەیە و خراپترین جۆری شەرەنگێزیشە.

من لێرەدا هیچ پێشەکییەکی جوان شک نابەم، بۆ ئەوەی بچمە ناو باسی نکرۆفیللی، جگە لە دەستەواژەیەکی کورتی فەیلەسوفی ئیسپانیایی " ئۆنامونو"، کە لە بۆنەیەکدا کە جەنەراڵ " میلان ئەستراي" وتارێکی لە زانکۆی سالامنکا پێشکێش کرد، کاتێک" ئۆنامونو" لە کاتی شەڕی ناوەخۆی ئیسپانیادا سەرۆکی ئەو زانکۆیە بوو. باشترین دروشم لای جەنەراڵ " بژی مەرگ" بوو.

کاتێک جەنەراڵ ئەم دروشمەی بەرز کردەوە، خەڵکانێکی زۆر لەناو هۆڵەکەدا هەمان شتیان دووبارە دەکردەوە. کاتێک جەنەراڵ لە وتارەکەی بووەوە، " ئۆنامونو" هەستایە سەرپێ و گوتی:

(گوێم لە دەبەنگێک بوو گریانی نکروفیللییانە دەگریا و هاواری دەکرد " بژی مەرگ"

.........................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا

من هەموو تەمەنی ژیان خۆمم بۆ ئەوە تەرخان کردووە، کە ئەو شتە دژاوارانە زیندوو بکەمەوە، کە دەبێتە هۆی تووڕەبوونی خەڵکی تر. پێویستە لێرەدا من بە ڕاشکاوەیی پێتان بڵێم، من وەکو پسپۆڕێک و مەرجەعێک پێتان ڕادەگەیەنم ئەم دژاوەر (مەبەستی دروشمی " بژی مەرگ" وەرگێڕ) زۆر نامۆ و بۆگەنە لەلام . من بەبێ هیچ دەستەواژەیەکی ئەدەبییانە و ڕاستەوخۆ پێم خۆشە پێتان بڵێم: من ئەوەندەی دەبینم کە جەنەراڵ میلان ئەستڕای شەلە. ئەو لە شەڕدا کەمئەندام بوو. هەروەک چۆن "سرفانتس" یش کەمئەندام بوو. بەداخەوە ئەمڕۆ لە ئیسپانیادا خەڵکانێکی زۆری شەل و کەمئەندامامان هەیە، بەدڵنیاییەوە ژمارەشیان زیاتر دەبێت کەمتر نابێت، مەگەر خوا بۆ خۆی یارمەتیمان بدات. ئەوەی کە زۆر پێم ناخۆش بوو ئەوەیە، کە هەست دەکەم جەنەراڵ میلان ئەستڕای دەیەوێت شێوازی زانستی دەروونناسیی گشتی بەسەر خەڵکیدا بسەپێنێت. کەسێکی شەل کە خاوەنی ئەو گەورەیییە ڕۆحییەی سرفانتس نەبێت، مەیلی ئەوە دەکاتە کە لە دەوروپشتەکەیدا هەموو شتێکی خراپ بچێنێ، دیارە ئەویش لە ڕێگەی ئیفلیجکردنی دەوروبەریەوە.)

لێرەدا جەنەراڵ میلان ئەستڕای چیی تر نەیتوانی بەرگە بگرێت و پارسەنگی خۆی بپارێزێت و هاواری کرد: "بمرێ عەقڵ " هەر لە پاش خۆشیەوە، سەربازەکانی هاواریان کرد (بژی مەرگ). بەڵام " ئۆنامونو" بەردەوامیی بە قسەکانی دا و گوتی:

" ئێرە پەرستگەی عەقڵە و منیش کاهینی ئەم پەرستگەیەم. ئێوەش دەتانەوێت سنووری پیرۆزی ببەزێنن. بە دڵنیاییەوە ئێوە دەیبەنەوە و سەردەکەون، چونکە خاوەنی هێزێکی وەحشیی بەهێزن و بۆ ئەم کارەش سەروو زیادیەتی. بەڵام ئێوە ناتوانن بێدەنگم بکەن، چونکە ئێوە بۆ ئەوەی بێدەنگم بکەن، پێویستە سەرەتا قەناعەتم پێ بکەن. وە بۆ ئەوەی قەناعەتیشم پێ بکەن، پێویستیتان بەشتێکە کە ئێوە نیتانە ئەویش: عەقڵ و مافی خەباتکردنە. من لەو باوەڕەشدام کە ئێمە دەبەنگییەکی گەورە دەکەین، گەر بمانەوێت هانت بدەین، بۆ ئەوەی بیر لە ئیسپانیا بکەیتەوە، چونکە پێشتر کاری خراپی خۆتان کردووە. "

دیارە " ئۆنامونو" لە کاتی قسەکانیدا هەستی بە کەسایەتیی نکروفیلی کردبوو، کاتێک هاواریان دەکرد " بژی مەرگ"، هەر ئەمەش جەوهەری کێشەی شەڕەنگێزییە. چونکە لەو کاتەدا هیچ کەسێکی تر نەبوو بێت جیاوازی لە نێوان کەسایەتیی نکروفیلی و بیوفیلیدا بکات. دیارە لە ناویاندا کۆمەڵێک هەبوون بەتەواوەتی خۆیان بۆ مەرگ داناوە، کە ئەمانەش خەڵکانێکی شێتن.

کۆمەڵەکی تریش بەتەواوەتی خۆیان بۆ ژیان داناوە، هەوڵ دەدەین لەسەر ئەمانە هەڵوەستەیەک بکەین، چونکە ئەمانە توانییان بگەنە ئەو ئاستەی کە مرۆڤی ئاسایی دەتوانی بیگاتێ. جێگەی ئاماژەیە هەردوو مەیلەکە نکروفیلی و بیوفیلی، دەتوانین لەناو هەمووماندا هەستی پێ بکەین،

دیاره به ڕێژەی جیاواز. بەڵام ئەوەی کە بەلامانەوە گرینگە و جێگەی بایەخمانە، ئاخۆ کام لەم مەیلە لەوی تریان بەهێزترە؟! وە هەر ئەوەش هەڵسوکەتی مرۆڤ دیاری دەکات، نەک بوون و نەبوونی ئەم دوو ئاراستەیە.

## نکروفیلی

" نکروفیلی" مانای " خۆشەویستی بۆ مەرگ، مەرگ دۆستی " دەگەیەنێت، لە بەرامبەردا " بیوفیلیا " دێت کە مانای " خۆشەویستی بۆ مەرگ " دەگەیەنێت. جێگەی ئاماژەیە ئەم دەستەواژەیە زیاتر لە بواری سایکۆلۆجیدا بەکار دەهێنرێت بەتایبەت بۆ ئەو کەسانەی تووشی لادەری سێکسی بوون، کە ئارەزووی دەستکەوتنی لاشەی جەستەی ژنێکی مردووی هەیە، بۆ ئەوەی مومارەسەی سێکسیی لەگەڵدا بکات. مانایەکی تری ئەم دەستەواژەیە ئەوەیە، کە ئەو کەسە ئارەزوویەکی کوشندەی بۆ جەستەی مردوو هەبێت. بەڵام وەکو هەموو دیاردەیەکی تر، تەنیا لە لادانی سێکسیدا، وێنە ڕاستەقینەکەی خۆی دەردەکەوێت. هەر بۆیە " ئۆنامونو" زۆر جوان ئەم حاڵەتەی بۆ دەرکەوت و وشەی " نکروفیلی" بەکار هێنا بۆ ئەوەی ئاماژە بە وتەکەی جەنەراڵ بکات. دیارە لێرەدا مەبەستی لەوە نییە کە جەنەراڵ تووشی لادانی سێکسی بووە، بەڵکە مەبەستی ئەوەیە، کە جەنەراڵ زۆر ڕقی لە ژیان دەبێتەوە و زۆر مەرگیشی خۆش دەوێت. ئەوەی کە زیاتر جێگەی سەرسووڕمانە، هیچ کاتێک وەسفی حاڵەتی نکرۆفیلی لی وەکو مەیلێک لە ئەدەبی سایکۆلجیدا باس نەکراوە. هەرچەندە ئەم حاڵەتەش پێوەندییەکی بەهێزی بە کەسایەتیی سادی و شەڕەنگێزییەوە هەیە. " هەروەک فرۆید باسی دەکات ". لە هەمان کاتیشدا پێوەندیشی بە غەریزەی مەرگیشەوە هەیە. هەوڵ دەدەم لە داهاتوودا جۆری ئەم پێوەندییە دیاری بکەم، بەڵام ئێستا دەمەوێت باس و شرۆڤەی کەسایەتیی نکروفیلی بکەم.

کەسایەتیی نکروفیلی، ئەو کەسەیە کە ئارەزووی هەموو شتێکی مردوو دەکات، هەموو شتێکی مردوو وەکو: لاشەی مردوو، پاشەڕۆی خواردن، پیسایی، بۆگەنی. هەروەها نکروفیلییەکان ئەو کەسانەن کە زۆر حەز دەکەن باس لەبارەی " نەخۆشی، کفن و دفن، مەرگ"ەوە بکەن. دیارە باشترین نموونەش کەسایەتیی " هیتلەر"ە، کە بەتەواوەتی سیفاتی نکروفیلی بەسەریدا دەسەپێت.

هیتلەر کەسێک بوو کە چێژی لە وێرانکاریدا دەبینی، بۆنی مردووش، بۆنێکی خۆش بووە لەلای. لەو کاتانەی کە سەرکەوتوو بوو، تەنیا حەزی بە وێرانکردنی دوژمنەکانی بوو، بەڵام پاشتر لەگەڵ ڕووداوەکانی " گۆتردام رونگ" و لە کۆتاییی ژیانیدا، حەزی دەکرد هەموو شتێک بە تەواوەتی وێران بکات و ببینێت، بۆ نموونە:

وێرانکردنی گەلی ئەڵمانی، وێرانکردنی هەموو دەوروبەری، تەنانەت وێرانکردنی خۆشی.

بەپێی یەکێک لە ڕاپۆرتەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی دەرکەوتووە (هەرچەندە هەتاوەکو

ئێستاش بە تەواوەتی نەسەلمێنراوە): سەربازێک هیتلەری بینیوە لە پەنا لاشەی مردوویەکدا وەستاوە و کە لە حاڵەتێکی ئێجگار خۆشی و نەشەوەیەکی زۆری پێوە دیاربووە و نەیویستووە لە جەستە مردووەکەش دوور بکەوێتەوە.

نکرۆفیلییەکان لە ڕابردوودا دەژین، وە هیچ کاتێک لە داهاتوودا ناژین. هەموو هەستەکانیان زیاتر وجیدانییە، واتە ئەوان زیاتر هەستەکانیان بەوە پڕ دەکەن کە دوێنێی هەیانبووە، یان ئەوەی کە خۆیان لەو باوەڕەدا بوون کە هەیانبووە. ئەوان بە گشتی (ساردن، خەیاڵاوین، زۆر جەخت لەسەر " یاسا و نیزام" دەکەنەوە). هەموو بەها و پرەنسیپەکانیان تەواو پێچەوانەی ئەو بەهایانەیە کە بە ژیانی سروشتییەوە دەمانبەستێتەوە: نەک ژیان بگرە مەرگ دەبێتە هۆی هەست بزواندن و ڕازیبوونیان.

یەکێک لەو شتانەی کە کەسایەتیی نکرۆفیلی پێ جیا دەکرێتەوە، هەڵوێستیەتی بەرامبەر بە "هێز". هەروەک سیمون وایل پێناسەی هێز دەکات و دەڵێت:

هێز مانای توانای گۆڕینی مرۆڤە بۆ لاشەی مردوو.

بە تەواوەتی هەروەک چۆن حاڵەتی سێکسی دەتوانێت ژیان بخوڵقێنێت، هێزیش دەتوانێت لەناوی بەرێت. هەموو هێزێکیش لە شرۆڤەی کۆتاییدا تەنیا لەسەر توانای کوشتن کۆ دەبێتەوە. پێ دەچێت من نەتوانم کەسێک بکوژم، بەڵام ئازادیی لێ دەستێنمەوە. یان حەز دەکەم زەلیلی بکەم یان ماڵ و سامانەکەی تاڵان بکەم. بەڵام هۆکاری سەرەکیی هەموو ئەم کارانەم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە توانا و حەزێکی زۆرم بۆ کوشتن هەیە. کێ مەرگی خۆش بوێت بە شێوەیەکی سەرەکیش هێزی خۆش دەوێت. لەلای ئەم مرۆڤانە گەورەترین بەرهەمی مرۆڤ خوڵقاندنی ژیان نییە، بگرە وێرانکردنیەتی. وە بەکارهێنانی هێز تەنیا کاریگەری لە هەلومەرجێکی دیاریکراو تایبەت نییە، بگرە جۆرێکە لە ڕێگەی ژیانیان.

هەر ئەمەش هۆکاری حەزی شێتانەی نکروفیلییەکانمان بۆ " هێز" دەردەخات. لەلای ئەو کەسانەی کە ژیانیان خۆش دەوێت، نێر و مێ جەمسەری بنەڕەتی ژیانن، بەڵام لەلای کەسانی نکروفیلی ئەم جەمسەرییە دەگۆڕێت: لای ئەمان جەمسەری بنەڕەتی بەسەر ئەو کەسانەی کە خاوەنی هێز، لەگەڵ ئەوانەی کە بێ هێزن، دابەش دەبێت. نکروفیلیەکان شەیدای پیاوکوژەکانن و ڕقیشیان لە قوربانییەکان دەبێتەوە. لێرەدا پێم خۆشە وشەی " شەیدای پیاوکوژانە" بەکار بهێنم، چونکە ئەم کەسانە " مەبەستی پیاوکوژەکان" کرۆکی سەرەکیی خەیاڵ و هەستە سێکسییەکانی نکرۆفیلییەکانە، بەڵام هەروەک پێشتریش باسمان کرد، بە ڕێژەیەکی کەمتر لەوەی پێشوو یان لە حاڵەتی نکروفاجیا " ئەوانەی ئارەزوویان خواردنی لاشەی مردووە"، هەرچەندە ئەم ئارەزووەش لەناو خەونەکانی کەسانی نکروفیلی بوونیان هەیە. من زۆر لەوانە دەناسم، کە خەونی نکروفیلی دەبینن، کە دەیانەوێت مومارەسەی سێکسی لەگەڵ پیرەژنێک بکەن، یان کەسێک کە بەهیچ

شێوەیەک لاشەی کەڵکی هیچی پێوە نەمابێت، یان کەسێک کە لێی دەترسن و زۆر شەیدای هێز و وێرانکارییەکانین.

دیارە کەسانی وەکو هیتلەر و ستالین کە خاوەنی توانایەک و دەسەڵاتێکی بێ سنووری کوشتن و وێرانکاری بوون، لەلایەن کەسانی نکرۆفیلی زۆر خۆشەویستن. بەڵام زۆرینەی خەڵکی کە لێیان دەترسان، وە پێیان باش بووە کە خۆشەویستیی خۆیان بۆ ئەوان دەربخەن، ئەمەش بۆ ئەوەی هەستی ترسی خۆیان بشارنەوە. زۆر کەس هەیە کە ناتوانێت سیفاتی نکرۆفیلی لە سەرۆکەکانیدا کەشف بکات، بگرە بە پێچەوانەوە بە باوکی رۆحی و بنیاتنەر و پاکیزەیی سەیریان دەکات. گەر سەرۆکە نکروفیلییەکان خۆیان وەکو کەسانی بنیاتنەر و پارێزەرانی پێشان نەدەن، ئەوا خەڵکانێکی ئێجگار کەم دوایان دەکەون، ژمارەی ئەو کەسانەشی کە دژیان شۆڕش دەکەن، زۆر دەبێت و دەتوانن رێژیمەکانیان بڕووخێنن.

لە کاتێکدا ژیان بەشێوەیەکی وەزیفی و ئاڵۆز بنیات دەنرێت، بەڵام کەسایەتیی نکروفیلی هەموو شتێکی خۆش دەوێت کە هیچ مانایەکی بنیاتنەرانە و میکانیکی نییە. کەسانی نکروفیلی ئارەزووی ئەوە دەکەن، کە هەموو شتێکی ئۆرگانی بۆ نائۆرگانی بگۆڕن و هەوڵ دەدەن ژیان لە شێوازێکی ئامێر ئاسا نزیک بکەنەوە، بەشێوەیەک کە کەسایەتییە زیندووەکان بکەنە تەنیا شتێک یان ئامێرێک. هەموو کار و هەست و بیرێکی زیندوو بۆ تەنیا شتێک دەگۆڕن، کەسانی نکرۆفیلی دەیانەوێت خۆیان بکەنە خاوەنی خەڵکانی تر. هەر ترسێکیش بۆ سەر موڵکی ئەو، ترسێکە بۆ سەر ژیانی. گەر ئەو موڵکەی" سامانەی" کە هەیەتی نەمێنێت، ئەوا پێوەندیشی بە جیهانەوە نامێنێت. هەر ئەمەش هۆکاری سەرەکیی ئەو کاردانەوە سەیرەیە، کە کاتێک ئامادەیە ژیانی خۆی بدۆڕێنێت نەک موڵکەکەی لەدەست بچێت. هەرچەندە گەر ژیانی لەدەست دا، ئەوا بوونیشی نامێنێت. ئەو ئارەزوویەکی زۆری بۆ حوکمکردن هەیە، هەر لە کاتی ئەم حوکمکردنەشەوە ژیان دەکوژێت. هەر بۆیە ئەو لە ژیان دەترسێت چونکە ژیان ڕێگە نادات کەس کۆنترۆڵی بکات.

ئەو ژنەی کە لە حیکایەتەکەی سولەیمانی پێغەمبەردا، وای پێشان دا کە دایکی منداڵەکەیە، نموونەیەکی باشە بۆ ئەم مەیلە. ئەو ژنە پێی باشتر بوو کە ببێتە خاوەنی نیوەی منداڵێکی مردوو، هەتا لەدەستدانی منداڵێکی زیندوو. دادوەری لای کەسێکی نکرۆفیلی مانایەکی تایبەت بەخۆی هەیە، ئەو پێشوازی لە مەرگ دەکات، یان بمرێت لەبەر خاتری ئەو شتەی کە پێی وایە دادوەرییە.

" دیسپلین و یاسا" لەلایەن ئەوەوە دوو بتی پیرۆزن، هەر کەسێکیش هێرش بکاتە سەر "دیسپلین و یاسا"، ئەوا هەست دەکات کە ئەمە هێرشێکی شەیتانییە بۆ سەر بەها پیرۆزەکانی.

کەسانی نکرۆفیلی حەزیان بە شەو تاریکییە. بە ئەفسانە و شیعر و حەزیشی بە ژیانی ناو ئەشکەوت و قووڵاییی دەریایی دەکەن، کە زۆرجار وەکو کوێر وەسف دەکرێت. (لە چیرۆکەکەی هێنریک ئیبسن " پییرِ جینت"دا، خەڵکی ئەشکەوت، خەڵکانێکی کوێر بوون، کە تەنیا لە ئەشکەوتدا

دەژیان، تاکە بەهای گرینگ لایان " نەرجسیەتە" یان شتێک کە تەنیا لە ماڵەوە دروست کرابێت).

کەسانی نکرۆفیلی هەموو شتێک کە لە ژیان دوورت دەخاتەوە یان دژی ژیانە، لای ئەو خۆشەویستە. ئاراستەی سەرەکیی ژیان و بیرکردنەوەی بۆ مێژووە، نەک بەرەو داهاتوو، کە زۆر لێی دەترسێت و ڕقی لێ دەبێتەوە. ئەمەش وای لێ دەکات کە بە " یەقین" وە پێوەست بێت. بەڵام ژیان لای ئەو خاوەنی هیچ " یەقینێک" نییە. ئەو هیچ پێشبینییەکی بۆ ژیان نییە، وە ناشیەوێت بەسەریدا زاڵ بێت. دیارە بۆ ئەوەی زاڵیش بێت بەسەر ژیاندا، دەبێت بۆ مەرگ بیگۆڕێت، مردن لە واقیعیدا، تاکە " یەقینە" لە ژیانیدا.

زۆرجار مەیلی نکرۆفیلی بەشێوەیەکی ڕوون لە خەونەکانی خەڵکیدا دەردەکەوێت. زۆرجار لە خەونەکاندا تاوان، خوێن، لاشەی مردوو، کەللەسەر، وە زۆرجاریش مرۆڤەکان بۆ ئامێر دەگۆڕێن یان وەکو ئامێر هەڵسوکەوت دەکەن. دیارە لەلای خەڵکی ئاسایی زۆر کەم خەونی ئاوا دەبینن، بەڵام لای کەسانی نکرۆفیلی بە بەردەوامی ئەم خەونانە دەبینن.

کەسانی نکرۆفیلی خاوەنی چەند سیمایەکی تایبەتین کە لە دەموچاویان هەستی پێ دەکەیت، بۆ نموونە کەسێکی سارد، ڕێک دەڵێیت پێستی مردووە، زۆرجاریش کە سەیری دەموچاوی دەکەیت، دەڵێیت تازە بۆنێکی ناخۆشی بۆن کردووە. (دەتوانین ئەم سیمایانە لە دەموچاوی هیتلەر ببینین). ئەو کەسێکی ڕێک و ئامادەیە، هەوەسبازە، وەسواسە " ڕاڕایە". ئەم جۆرە کەسایەتییەش کە پێشکێشی جیهان کرا، برێتی بوو لە ئایشمان*. ئایشمان شەیدای ڕێژیمی بیرۆکراتی و مەرگ بوو. ملکەچی و کاری ڕێکوپێک، گرینگترین بەهاکانی ژیانی بوون. ئەم پیاوە هەروەک چۆن خەڵوزی بەردین دەگوازیتەوە، ئاوا جوولەکەکانی بە شەمەندەفەر گواستەوە. جوولەکە لە دیدیگەی ئەوەوە حیسابی مرۆڤی بۆ نەکراوە، هەر بۆیە من پێم وایە پرسیارکردنی لەوەی کە ئاخۆ ڕقی لە قوربانییەکانی بووە یان نەء، پرسیارێکی نابەجێیە.

دیارە نموونە لەسەر کەسانی نکرۆفیلی تەنیا لەناو کەسایەتییە بەهێزەکان نییە وەکو ئایشمان، بگرە خەڵکانێکی زۆر هەن کە نکرۆفیلین بەڵام ئەو هەلومەرج و دەسەڵاتەیان نییە بۆ کوشتن. بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئەوان نکرۆفیلییەتی خۆیان بەشێوازێکی کەمتر زەرەرمەند پێشان دەدەن و مرۆ ڕووکەشیەن کەمتر هەستیان پێدەکات. نموونەشمان لەسەر ئەوە، ئەو دایکانەیە کە هەموو کاتێک تەنیا گرینگی بە نەخۆشی، سەرنەکەوتن " فەشەل" و نیشانە خراپەکانی داهاتووی منداڵەکەی دەدات. لە هەمان کاتدا هیچ گرینگی ناداتە ئەو گۆڕانکارییە پۆزەتیڤانەی کە بەسەر منداڵەکەیدا دێت، وە هیچ کاردانەوەیەکی بۆ خۆشیی منداڵەکەی نییە، وە هیچ هەست بۆ گەشەسەندنی منداڵەکەی ناکات. هەموو کاتێکیش خەون بە " نەخۆشی و مەرگ و لاشەی مردوو و خوێن " دەبینێت. ئەم دایکە بەشێوەیەکی دیار و ڕاستەوخۆ ئازاری منداڵەکەی نادات، بەڵام بەشێوەیەکی لەسەرخۆ و هێمن، هەموو خۆشییەکی ژیانی منداڵەکەی دەکوژێت و، باوەڕی گەشەسەندنی تێدا دەخنکێنێت و لە کۆتاییشدا دەردە نکرۆفیلییەکەی خۆی بۆ منداڵەکەی دەگوازێتەوە.

زۆرجار تێڕوانینی کەسانی نکرۆفیلی لەگەڵ زۆربەی تێڕوانینەکانی بەرامبەری ناگونجێت و دژ دەوەستێتەوە. باشترین نموونەش لەسەر ئەم حاڵەتە، کەسایەتیی نکرۆفیلی " کارل یونگە"، کە لە پاش خۆی ژیاننامەکەی بڵاو بووەوە، باشترین بەڵگەی داین بەدەستەوە بۆ ئەوەی ئەم بۆچوونەمانی پێ بسەلمێنین. هەروەک لە ژیاننامەکەیدا نووسیویەتی، زۆرجار خەونی بەلاشەی مردوو خوێن و تاوانی کوشتن دەبینی. لێرەدا دەمەوێت تەنیا باسی یەکێک لە مەیلە نکرۆفیلییەکانی بکەم.

لە کاتی دروستکردنی ماڵەکەی لە شارۆکەی " بۆلینگن" تەرمی سەربازێکی فەرەنسایی دۆزییەوە، کە پێش ١٥٠ ساڵ لەم شوێنەدا کوژرابوو، ئەو کاتەی کە ناپلیۆن پەلاماری ئەڵمانیای داوە. یەکسەر یونگ وێنەیەکی لاشەکەی گرت و بەسەر دیوارێکی هەڵی واسیوە. پاشان دفنی کرد و سێ فیشەکیشی لەسەر قەبرەکەی تەقاند، کە ئەمەش وەکو سڵاوێکی سەربازی وابوو. پێ دەچێت ئەم حالەتە شتێکی نامۆ بێت یان هیچ گرینگی و بایەخێکی نەبێت. بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە گوزارشت لە مەیلێکی دامرکاو و شاراوە دەکات. جێگەی ئاماژەیە هەر لە سەرەتاوە فرۆید هەستی بەوە کردبوو، کە یونگ حەزی بە مەرگە. لە کاتێکدا کە لەگەڵ فرۆید پێکەوە بەرەو ئەمەریکا دەڕۆن، لەناو کەشتییەکەدا یونگ هەر باسی ئەو لاشانەی بۆ دەکرد، کە لە هامبۆرگ باش پارێزراون. فرۆیدیش زۆر لەم قسانە بێزار دەبێت. پاشان فرۆید پێی دەڵێت، تۆ بۆیە زۆر باسی لاشەی مردووی دەکەیت، چونکە لەناو (لاوعی، عەقڵی باطن)ی خۆتدا، تەمەنناى مەرگی دەکەیت. هەرچەندە هەتا ماوەیەکی زۆر یونگ هەر نکووڵیی لەم قسەیەی فرۆید دەکرد، بەڵام لە پاش چەند ساڵێکی تر بەتایبەت پاش ئەوەی لە فرۆید جیا بووەوە، ئەم خەونە نامۆیەی بەچاوی خۆی بینی.

کاتێک لە خەونیدا هەستی کرد کە پێویستە "سگفرید" بکوژێت. چەکێکی بەدەستەوە گرت و کاتێک " سیگفرید" لەسەر چیاکە بەدەرکەوت یەکسەر کوشتی. پاشان ترسێکی زۆری لێ نیشت، ئەویش لەبەرئەوەی نەوەکو ئەم تاوانەی ئاشکرا بکرێت. بەڵام باش بوو بارانێکی زۆر باری و تاوانەکەی هەموو شاردەوە و هەموو خوێنەکەی پاک کردەوە.

بەیانی زوو یونگ لە خەو هەڵسا و بیری کردەوە، گەر لەم خەونە تێ نەگات، ئەوا دەبێت خۆی بکوژێت. پاش کەمێک بیرکردنەوە گەیشتە ئەم بیرە: کوشتنی سیگفرید مانای کوشتنی پاڵەوانێکە لەناو ناخی خۆیدا. سیگمۆند (مەبەستی فرۆیدە... وەرگێڕ) دەیتوانی زۆر بەئاسانی ڕاستییەکانی لێ بشارێتەوە و تەفسیری خەونەکەی بۆ نەکات، چونکە فرۆید توانا و شارەزاییەکی ئێجگار باشی لە تەفسیری خەونەکان هەبوو. لەوانە بێت خەڵکانێک ئەم پرسیارە بکەن: باشە چۆن دەکرێت ئەم هەستە بۆ ماوەی چەندان ساڵ کەبت (خەفەکردن) بکرێت؟!. وەڵامی ئەم پرسیارەش ئەوەیە، خەون شێوەیەکە لە ڕێبازی نکرۆفیلی، لەبەرئەوەی ئەم ڕێبازە دەتوانرێت لە ناخدا خەفە بکرێت، یونگ ئەو توانایەی نەبوو کە لە خەونەکەی تێ بگات. ئەوەی کە بە تەواوەتی لەگەڵ ئەم وێنەیەدا دێتەوە (مەبەستی نکرۆفیلییە)، شەیدابوونی یونگە بۆ مێژوو، کە تاکوتەرا بەرەو ئاراستەی ئێستا و داهاتوو هەنگاوی دەنا. بەرد باشترین مادە بوو لەلای، کاتێک منداڵ بوو

خەونی بەوەوە دەبینی، کە خوا لە ئاسمانەوە تاشەبەردێکی گەورە فڕێ بداتە خوارەوە و بیدا بەسەر کڵێساکەدا و وێرانی بکات. بەڵام سۆزی زۆری بۆ هیتلەر و بۆچوونە ڕەگەزپەرستەکانی، جۆرێک بوو لەو هەستەی کە خەڵکانێک زیاتر دۆستی مەرگ و حەزیان پێیەتی.

بەهەرحاڵ، یونگ کەسێکی داهێنەری ئاسایی نەبوو، بگرە لە بواری داهێناندا توانایەکی ئێجگار سەیری هەبوو. دیارە داهێنانیش دوژمنی سەرسەختی نکرۆفیلییە. بۆ چارەسەرکردنی ئەم دژوارەیەی ناخی، ناچار بوو پارسەنگێک لەگەڵ هێز و حەزە وێرانکارییەکانی ناخی ڕابگرێت، بۆ ئەوەی خۆی چارەسەر بکات. جێگای گوتنە پرسەکانی " مەرگ، وێرانکردن " بابەتی سەرەکیی هەموو لێکۆڵینەوە و بەرهەمە گرینگەکانی بوون.

من گەیشتوومەتە ئەو حاڵەتەی کە دەتوانم بڵێم، بۆ ئەوەی بە کەسێک بڵێین کەسێکی نکرۆفیلی، ئەوا پێویستە هەموو سیفاتەکانی تێدا هەبێت. دیارە ئەم کەسانەش کۆمەڵێک سیمای تایبەتی خۆیانیان هەیە. لەوانە:

(ئارەزووی کوشتن، پەرستنی هێز، حەزکردن بە مەرگ و بۆگەنی و پیسی، گۆڕینی هەموو شتێکی ئۆرگانی بۆ نائۆرگانی، ئەویش لە ڕێگەی دیسپلینەوە. ئەمانە هەموو پێکەوە سیمای بنەڕەتی ئەم ڕێبازەن.)

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێک جیاوازیی زۆر لە هێزی ئەم مەیلەدا دەردەکەوێت. پێ دەچێت شێوەیەک لە شێوەکانی ئەو سیفاتانە لای کەسێک لەگەڵ کەسێکی تر زۆرتر بێت. هەروەها پلەی هۆشیاری و تێگەیشتن لە مەیلە نکرۆفیلییەکان، لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت. بەڵام بەهیچ جۆرێک ناتوانین چەمکی شێوەی نکرۆفیلی، لە هەڵسوکەوتەکانی تری مرۆڤ جیا بکەینەوە. نکرۆفیلی خاوەنی ڕێبازێکی بنەڕەتییە. ئەو وەڵامێکی دژواری ژیانە، کە بەشێوەیەکی گشتی دژ بەڕاستیی ژیانە. ئەم مەیلەش لە هەموو مەیلەکانی تری مرۆڤ، کوشندەتر و خراپترە. ئەم مەیلە لادانێکی تەواوەتییە: لە کاتێکدا کە تۆ خاوەنی بوونێکی زیندووی، کەچی لە جیاتیی ژیانت خۆش بوێت، عاشقی مەرگیت. ڕقت لە بنیاتنان و گەشەپێدانە، وێرانکاریت لای خۆشەویستە. دروشمی سەرەکیی کەسانی نکرۆفیلی ئەمەیە:

" بژی مەرگ".

## بیوفیلی

مەیلی بیوفیلی دژی مەیلی نکرۆفیلییە، کە جەوهەرەکەی بریتییە لە خۆشەویستی بۆ ژیان بەرامبەر بە خۆشەویستی بۆ مەرگ. دیارە ئەمیش ڕێک وەکو نکرۆفیلیا وایە، تەنیا لە یەک سیفات دروست نابێت، بگرە بوونی خۆی لە کۆمەڵێک سیفاتی تەواوەتی دەبینێتەوە. ئەمەش خۆی لە کۆمەڵێک کاری جەستەیی، هەست و سۆزەکانیدا خۆی دەبینێتەوە. مەیلی بیوفیلی بەشێوەیەکی گشتی

گوزارشـتی خـۆی لەنـاو مرۆڤدا دەکـات. ئەم مـەیلـەش بە شـێـوەیەکی جـەوهـەری حـەزی بە ژیان و زیندووبوونە. بەڵام لەبارەی ئەو تیـۆرییـەی فرۆیدەوە (غـەریزەی مـەرگ)، من لەگـەڵ زۆربـەی زانایانی زیندەوەرزانـی و فـەلسـەفـەدا هـاوبیـرم، کـە دەڵێن تێگەیشـتن لە ژیان و پارێزگـاریکردن لە بوون، سیفەتی هـەموو گیانلـەبەرێکی زیندووە. هـەروەک سپینۆزاش دەڵێت:

(هـەمـوو شـتێـک گـەر خـۆی بەتەنیا بێت، دەیەوێت پارێزگاری لە بوونی تـایبـەتی خـۆی بکات)

هـەر ئەمـەش بووەتە جەوهـەری بنـەڕەتی جێگەی گفتوگۆیەکی زۆر.

ئەم مـەیلە بۆ ژیان لەناو هـەمـوو گیانلـەبەرێکی زیندوو لە دەوروپشـتمـاندا بوونی هـەیە، ڕووەکێک لەژێر بەردێکەوە دێتـە دەرەوە بۆ ئەوەی تیـشکێکی ڕۆژی دەست بکەوێت و بژی، ئاژەڵێک کـە شـەڕ دەکات بۆ ئەوەی لە مـەرگ ڕزگاری بێت، هـەتا دەگاتە مـرۆڤ، کە هـەمـوو شـتێک دەکات بۆ ئەوەی پارێزگـاری لە ژیـانی خـۆی بکات. مـەیلی پارێزگـاریکردن لە ژیان و شـەڕکـردن لە دژی مـەرگ، شێـوەیەکی بنـەڕەتیی مـەیلی بیوفیلییـە، وە ئەمـەش لەنـاو هـەمـوو گیـانلەبەرە زینـدووەکانـدا هـەیە. پارێزگـاریکردن لە ژیان و شـەڕ لە دژی مـەرگ، تەنیـا شـێـوەیەکی هـەسـتی ژیان دۆسـتییـە. بەڵام ڕوویەکی تری ئـەم حـاڵەتە کە زۆرتر پۆزەتیـڤییـە برێتییـە لە: کە هـەمـوو گیـانلەبەرە زینـدووەکـان خـاوەنی مـادەیەکی زیندوون، کـە مـەیلی بۆ تێکەڵاوی و یەکـبـوون هـەیە، ئەو حـەز دەکـات لەگـەڵ گیـانلەبەرەکانی جیـاواز و دژەکانی خـۆی ئاوێتە بێت و، بەشێوەیەکی ئاڵۆز گەشـە بکات. یەکەتی و گەشـەی هـاوبەش، سیـفەتی هەمـوو پرۆسـەیەکە، بەتایبەت ئەوانـەی کە پێوەندییان بە بیـرکردنەوە و هـەستەکان هـەیە.

دیاره بـاشــتـرین گـوزارشت لـەم مـەیلە ئەوەیە کـە هـەسـتـی یەکـبـوونی نێـوان شـانەکـان و گیانلەبەرەکان، سەرەتا لە مەیلی یەکبوونی شانەکان، پاشان بۆ مەیلی یەکبوونی سێکسی لەلایەن ئاژەڵ و مـرۆڤـەکانەوە دروست دەبێت. دیارە یەکـبـوونی سـێکسی لەلای ئەمـانـەی دوایی " ئاژەڵ و مـرۆڤ" لە ڕێگەی هـەسـتی بزواندن و سـەرنج ڕاکێشـانی لە نێوان هـەردوو جـەمسـەری مێ و نێردا دروست دەبێت.

جـووتبـوون و تێکەڵاوبوونی نێـوان هەردوو جـەمسـەری مێ و نێـر، پێویسـتـییـەکی گـرینگە بۆ بەردەوامیی ژیانی ڕەگـەزی مـرۆڤی. پێ دەچێت هـەر لەبـەر ئەم هۆیەش بێت، کە سـروشت چێژێکی زۆر بەهێـزی داوەتە مـرۆڤ بۆ ئەوەی هـەردوو جـەمسـەر یەک بگرن. بەڵام لە ڕووی بایلۆجـییـەوە، ئەنجـامی ئەم یەکـبـوونە دەبێـتـە هۆی دروسـتـبـوونی گـیـانلەبەرێکی نوێ. هـەر بۆیە بـازنەی ژیان برێتییـە لە بـازنەی یەکبوون و لەدایکبوون و گەشـەسـەندن، لە بـەرامـبـەردا بازنەی مـەرگ دێت کە برێتییە لە وەستان لە گەشەسەندن و لێکترازان و لەناوچوون.

هـەرچەندە غـەریزەی سـێکسی کە لە ڕووی بایۆلۆجییـەوە خـزمـەتی ژیان دەکـات، بەڵام لە ڕووی

دەروونییەوە ناتوانین بە بیوفیلیای دابنێین. هەرچەندە زۆر زەحمەتیشە کە هیچ هەڵچوونێکی توند نابێنێت، کە پێوەندییەکی توندی بە غەریزەی سێکسییەوە نەبێت. بۆ نموونە (لەخۆباییبوون، ئارەزووی سامان، سەرکێشیکردن "مغامرة"، تەنانەت ئارەزووکردن بۆ مەرگیش، هەموو ئەمانە دەتوانن ئەم غەریزەیە بۆ خۆیان بەکار بهێنن. کەواتە ئەم کارە ئەم هەموو تێرامان و شرۆڤەکردنەی بۆ چییە؟ پێ دەچێت بگەینە ئەو ئاستەی کە بڵێین، سروشتی غەریزەی سێکسی وای کردووە، کە خۆی لەگەڵ ئەو جۆرە ئارەزووانە بگونجێنێت کە توندن، هەرچەندە ئەو ئارەزووانەش دژی ژیان بن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین بە هیچ جۆرێک گومان لەوە بکەین، کە ئارەزووی سێکسی و وێرانکەرانە، پێوەندییەکی ئێجگار توندیان هەیە.

جێگەی ئاماژەیە فرۆید باسی ئەم تێکەڵاوییە دەکات، بەتایبەت کاتێک باسی ئارەزووی ژیان و ئارەزووی مەرگ دەکات، بەتایبەت ئەمەش لە نەخۆشیی سادی و ماسۆشیدا دەبینێتەوە.

سادیەت و ماسۆشی و خواردنی لاشەی مردوو و تۆپیو کە هەموو ئەمانە لادانن، ئەمانە تەنیا لادانێک نیین لە رووی سلوکی سێکسییەوە، بگرە ئەم لادانانە گوزارشت لە لادانێکی بنەڕەتی دەکەن کە ئەویش: تێکەڵاویکردنی ژیان و مەرگە.

دەتوانین کەسایەتیی بیوفیلی لە رێگەی کۆمەڵێک سیفاتەوە بناسینەوە. کەسێک کە ژیانی خۆش بوێت، هەوڵ دەدات لە هەموو بارە جۆرەوجۆرەکانی ژیاندا، پرۆسەی گەشەسەندن و ژیان لە هەموو بوارەکاندا بەئەنجام بگەیەنێت. ئەو هەوڵی بنیاتنان دەدات. ئەو دەیەوێت بگەڕێت و ئارەزووی بینینی شتی نوێ دەکات، هەروەها حەز دەکات ژیانێکی سەرکێشیانە بژی نەک ژیانێکی گەرەنتی. ئەو کۆی گشتی دەبینێت نەک بەشە بچووکەکان. هەروەها ئەو حەز دەکات کە هێمن و ئارام بێت و هەڵسوکەوتەکانی خۆشەویستی و عەقڵ بەسەریدا زاڵ بێت، نەک هێز و لەناوبردنی شتەکان، هەروەها دژی شێوازی بەڕێوبردنی بیرۆکراتییە، چونکە لای ئەو خەڵکی برێتی نین لە مادەی وشک. لە کۆتاییشدا ئەو چێژ لە ژیان (بەهەموو دیاردەکانییەوە) وەردەگرێت و نایەوێت تەنیا ژیان ببزوێنێت.

بیوفیلی خاوەنی ئەخلاقێکن کە پرەنسیپێکی تایبەتی لەبارەی چاکە و خراپەیانەوە هەیە. چاکە هەموو ئەو شتەیە کە لە خزمەتی ژیاندایە، خراپەش ئەوەیە کە لە خزمەتی مەرگدایە. چاکە برێتییە لە رێز لێنانی ژیان و هەموو ئەو شتانەی کە لە خزمەتی ژیان و گەشەسەندن و کراوەییدان. بەڵام خراپە هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە، کە دەبنە هۆی ئەوەی ژیان خەفە و خامۆش بکەن، یان ئاڵۆزی بکات و بۆ کۆمەڵێک پارچە دابەشی بکات. خۆشی لای ئەو چاکەیە و دڵتەنگی و ناخۆشیش خراپەیە.

هۆشیاری لای کەسێکی نکرۆفیلی، ئەو هۆشیارە نییە کە خۆی لە کاری خراپە دەپارێزێت و کاری چاکە دەکات. هەروەها لای ئەو " منی باڵا" هەروەک فرۆید باسیکردووە، وەکو چاودێرێکی توند لەسەر سادیەت دانانرێت. بەڵام هۆشیاری لای کەسایەتیی بیوفیلی، وای لێ دەکات کە بەرەو

ژیان و خۆشی بەرێت. هەروەها چالاکیی ئەخلاقی لای ئەو جەخت لەسەر ئەو لایەنەی مرۆڤ دەکات، کە ژیان دۆستە. لەبەر ئەم هۆیە کەسانی بیوفیلی هیچ هەست بە پەشیمانی و خۆتاوانبارکردن ناکەن، کە ئەمانەش هەموویان شێوەیەکی ترن بۆ ئەوەی ڕقت لە خۆت بێتەوە و دڵتەنگ بیت. ئەو یەکسەر بەرەو ژیان هەنگاو دەنێت و دەیەوێت کاری چاکە بکات. لەلای سیپۆنزاش ئەخلاق نموونەیەکی باڵا بووە لای. ئەو دەڵێت:

> (چێژ لەناو خودی خۆیدا شتێکی خراپ نییە بگرە باشە، بەڵام ئازار چەشتن لەناو خودی خۆیدا خراپە) پاشتر دەڵێت: (لەلای مرۆڤی ئازاد، زۆر کەم بیر لە مەرگ دەکاتەوە، حیکمەتی ئەو تێڕامانە لە ژیان نەک لە مەرگ)

ژیان دۆستی لە پشت هەموو شێواز و میتۆدە فەلسەفییەکانەوەیە. هەموو چەمکە جۆرەجۆرەکانی فەلسەفە، خۆیان لەم هزرەی سیپۆنزادا دەبیننەوە. هەموو ئەمانە گوزارشت لەوە دەکەن کە پرەنسیپی مرۆڤێکی عاقڵ ئەوەیە کە ژیان دۆستە، دڵتەنگی خراپەیە و خۆشیش چاکەیە. ئامانجی مرۆڤ لە ژیان ئەوەیە، کە هەموو شتە زیندووەکانی خۆش بوێت و خۆشی لە هەموو شتە مردوو و میکانیکی دوور بخاتەوە. من لێرەدا هەوڵم دا کە وێنەیەکی ڕوونی هەردوو مەیلی نکرۆفیلی و بیوفیلی پێشان بدەم. بەڵام زۆر کەم ئەم دوو مەیلە وا بە ڕوونی لە یەک کەسدا دەردەکەون. چونکە نکرۆفیلی ڕوون واتە ئەو کەسە شێتە، بیوفیلی ڕوونیش واتە کەسێکی قەدیس. بەشێکی زۆری خەڵکی، تێکەڵاوێکن لە هەردووکیان، بەڵام ئەوەی کە گرینگە لامان بوونی ئەو مەیلە لە کەسێکدا. دیارە ئەو کەسانەی کە مەیلی نکروفیلییان تێدا بەهێزە، بەهێواشی مەیلی بیوفیلی لە ناخیاندا دەکوژن. جێگەی گوتنە ئەو کەسانە خۆیان هێندە هۆشیار نین کە هەست بە خۆشەویستی مەرگی ناخیان بکەن، هەر بۆیە دڵیان ڕەقتر دەبێت، بەشێوەیەک هەڵسوکەوت دەکەن، کە وەکو کاردانەوەیەکی عەقلانی و مەنطیقی ببینن.

ئەو کەسانەشی کە مەیلی ژیان دۆستی لە ناخیاندا زاڵە، کاتێک لە " دۆڵی مەرگ" نزیک دەبنەوە، تووشی شۆک دەبن. لەبەر ئەوە زۆر گرینگە ئێمە تەنیا هێزی مەیلی نکرۆفیلی لای کەسێک تێ نەگەین، بگرە پێویستە بزانین تا چەندە ئەو کەسەش هۆشیار و ئاگەداری ئەم مەیلەی ناخیەتی. گەر ئەو کەسە لەو باوەڕەدا بوو، کە لەسەر زەویی ژیان دەژی، لە حاڵەتێکدا ئەو لەسەر زەویی مەرگ دەژی، بەم شێوەیەش ئەو کەسە ژیانی لە دەست دەردەچێت و، هیچ هیوایەکیش نییە کە جارێکی تر بۆ ژیان بگەڕێتەوە.

وەسفکردن مەیلی نکرۆفیلی و بیوفیلی ڕووبەڕووی پرسیارێکمان دەکاتەوە ئەویش ئەوەیە، ئاخۆ ئەم چەمکانە هیچ پێوەندییان بە چەمکی فرۆید لەبارەی غەریزەی ژیان "ئیرۆس" و غەریزەی مەرگەوە هەیە ؟. لێرەدا ئاسانە ئەم لێکچوونە بکەین. دیارە کاتێک فرۆید لە ڕێگەی ئەزموونگەراییەوە ئەم پێشنیازەی باس کرد، کە هەردوو پاڵنەرەکە لەناو ناخی مرۆڤدا بوونی هەیە، ئەو زیاتر کاریگەری شەڕی یەکەمی جیهانیی پێوە دیاربوو، کە تێیدا هێزی پاڵنەرە

وێرانکارییەکان دەرکەوت. پاش ئەوەی جارێکی تر تیۆرییە کۆنەکەی کە دژ بە غەریزەی سێکسی و غەریزەکانی "من" دەوەستایەوە گۆڕی، پاش ئەوە گەیشتە ئەو ڕاستییەی کە خەباتکردن بۆ ژیان و خەباتکردن بۆ مەرگ، پێوەستن پێکەوە و هەردووکیشیان لەناو مادەی ژیاندا بوونیان هەیە. لە کتێبەکەی کە ساڵی ١٩٢٠ بەناوی (چی لە پشت پرەنسیپەکانی چێژ وەرگرتنەوە هەیە) نووسیویەتی. فرۆید لەو باوەڕەدا بوو پرەنسیپێکی ویراسیی" میراتگری" کۆن هەیە، کە ناوی لێ ناوە. " Repetition Compulsion، خەفەتی دووبارەبوونەوە". ئەمە کار دەکات بۆ ئەوەی جارێکی تر بگەڕێیتەوە سەر حاڵەتی پێشوو و گەڕانەوەی ژیانی ئۆرگانی بۆ حاڵەتی ئەسڵیی خۆی. فرۆید دەڵێت:

" گەر ئەوە ڕاست بێت کە دەڵێن، لە زەمەنی زۆر کۆندا، بەشێوازێک کە هیچ باوەڕ ناکەیت، ژیان لە مادەیەکی مردوو دروست بووە، بەپێی ئەو پێشبینینانە کە کراون، غەریزەیەک دەرکەوتووە و کە ئامانجی ئەوە بووە ژیان لە مردن ڕزگار بکات و جارێکی تر حاڵەتی ئۆرگانی شتەکان دروست بکاتەوە"

لە ڕاستیدا دەتوانین تێبینیی غەریزەی مەرگ بدەین، کاتێک بەرەو دەرەوە هەنگاو دەنێت و دژی خەڵکی ترە، یان کە بەرەو ناوەوە هەنگاو دەنێت دژی خودی خۆت ڕووبەڕوو دەبێتەوە، زۆرجاریش لەگەڵ غەریزەی سێکسیدا تێکەڵاو دەبێت، ئەمەش بە ڕوونی لە لادانی سادی و ماسۆشیدا بەدی دەکەین. لە بەرامبەر غەریزەی مەرگ، غەریزەی ژیان دەردەکەوێت. لە کاتێکدا کە غەریزەی مەرگ (کە هەندێک جار لە فەرهەنگی دەروونیدا باپاناتوسیشی پێ دەڵێن، هەرچەندە فرۆید ئەم دەستەواژەیەی بەکار نەهێناوە) سیفەتی جیاکردنەوە و پەرتەوازەکردنی هەیە، بەڵام ئیروس " غەریزەی ژیان" ئەرکی بەستنەوە و تێکەڵاوکردن و یەکگرتنەوەی گیانلەبەرەکان لە نێوان خۆیان هەیە، ئەویش لە ڕێگەی شانەکانیانەوە.

بەم شێوەیە ژیانی تاکێک دەبێتە گۆڕەپانێکی گەورە بۆ شەڕی ئەم دوو غەریزەیە: لەلایەکەوە هەموو کاتێک ئیرۆس دەیەوێت هەموو مادە ئۆرگانییەکان لە پرۆسێسی یەکگرتنەوە کۆیان بکاتەوە، بەڵام غەریزەی مەرگ، هەموو کاتێک بەپێچەوانەی هەوڵەکانی ئیرۆسەوە کار دەکات.

پەراوێز:

* ئایشمان. یەکێک بوو لە کەسە باڵادەستەکانی ڕێژیمی نازیی ئەڵمانیا، بەتایبەت لە بواری سەربازی و ئەمنیدا، ڕۆڵێکی گەورەی لەم ڕێژیمەدا هەبوو. یەکێک بوو لە بەرپرسە سەرەکییەکانی کۆمەڵکوژی جوولەکەکان لە ئەڵمانیا و ئەوروپادا.

سەرچاوە:

ئەم وتارە لەم کتێبە وەرم گێڕاوە.

جوهر الانسان. آريش فروم. ترجمة. سلام خيربك. دار الحوار. الطبعة الاولى. ٢٠١١.

# خۆشەویستیی ناو فیلمی سینەماکان

ئامادەکردنی: شێرزاد هەینی

سینەمای جیهانی لە مێژووی دوور و درێژی خۆیدا بە فیلمە درێژ و رۆمانسییەکانی، چەندان چیرۆکی بەسۆزی دڵداری و سۆزی راستەقینەی گێڕاوەتەوە، ئەکتەرە نازدارەکانیان کارەکتەری راستیی سۆزەکانیان بەرجەستە کردووە، بینەرانی ئەو فیلمانە بە کارەکتەری ستارە ناسراوەکانی سینەما شادومان بوون، دڵیان بە ئەڤینەکان ئاو دراوە، ئەوانیش لەبەر نیگای ئەو بەرهەمە هونەرییانە ناویان دەرکردووە، بوونەتە کەسانی خۆشەویست و کەوتوونەتە بەردڵان. زۆرن دەپرسن فیلمە سینەماییەکان کام فیلمی ئەڤینی زۆر نازداریان باش بەرجەستە کردووە، کام لە کارەکتەرەکان توانیویانە لەو چەند ساڵەی تەمەنی خۆیاندا، لە چیرۆکەکان نواندنی راستەقینەی دڵداری و سووتانەکان بکەن. کەسانی شارەزا و پسپۆڕانی بواری سینەما لەو فیلمانەدا بیست و پێنجەم فیلمیان دەستنیشان کردووە، لەوانە وەک نموونە:

## فیلمی تایتانیک

لە رۆژی چواردەی مانگی ئەپریلی ساڵی ١٩١٢ دوو هەزار و دووسەد و سی و پێنج کەس، سواری پاپۆڕێکی گەشتیاریی گەورەی تایتانیک دەبن، ئەو رۆژەی ئەو سەرنشینانە دەگەنە سەر پشتی پاپۆڕەکە، ئاووهەوا خۆش بوو، ئاسمان ساماڵ، دەریا مەند و هێمن، وەک ئاوێنەیەکی نازدار، تیشکی مانگی شەوەکە بە ئارامی لەناو ئەستێرە پرشنگدارە زۆرەکانی گوم کردبوو. لە سەعاتی یازدەی شەو، پێش نیوەشەوەکە تیمە موزیکاکەش جوانترین و بەجۆشترین ئاوازی بۆ سەرنشینەکانی پلەی یەکەم دەژەنی، هەموو سەمایان دەکرد، لە جوانیی دەریاکە و لەبەر چرای ئەستێرەکان و سۆزی گەرمی موزیکەکە، دڵشاد دەرۆیشتن و بەهیوای گەرمەوە سەفەریان دەکرد.

پاپۆڕەکە سەفەری یەکەمی بوو، سەربەرزانە ئاوی زەریای ئەتڵەسی دەبڕی، دەرۆیشت و لەبن

دەریاوە كارەساتێكی دڵتەزێن چاوەڕوانی دەكردن، كە پاشان بەگەورەترین و جەرگبڕترین كارەساتی دەریایی لە مێژوو ئەژمارد كرا.

ئەوانەی لەو كارەساتە دەربازیان بووبوو دەگێڕنەوە، كەوا سەرەتا پاپۆڕەكە لەنگەیەك، یان سووكە هەژانێكی كردووە، پاشان بەئاسایی ڕێ دەكاتەوە، وەك ئەوەی هیچ رووی نەدابێت، ئەوانە وتوویان هەندێكمان هەر هەستمان بەو هەژانە نەكردبوو، تەنیا ئەوانەی لە پێشەوەی پاپۆڕەكە بوون، ئەوان جەستە شەختە گەورەكەیان لە پێشەوە دیبوو، وەك دێوێك لەناو تاریكی بۆیان دەركەوتبوو. كاپتنەكە و بەرپرسی ئاراستەی پاپۆڕەكە، ویستبووی خۆی لەو شاخە بەفرینە لابدات، بەڵام هەندێ لە كەسانی شارەزا وتبوویان، كەوا كاپتنەكە ئەوەی نەكردبوو، رەنگە ئەگەر كاری بۆ لادان و گۆڕینی ئاراستەكە كردبووایە، شیمانەی ئەوە هەبوو، بتوانێ پاپۆڕەكە لەو لێدانە زیانمەندە دوور بكاتەوە، بەڵام رەنگە كاپتنەكە هەر هەستیشی پێ نەكردبێ، بۆیەش شاخەكە بەر پێشەوەی پاپۆڕەكە دەكەوێت و لووزە ئاسنینەكەی دەشكێنێ، بەوەش جەستەكەی شەق دەكات، پاپۆڕەكە بەژمارەیەكی زۆری سەرنشینەكانی نقومی ناو ئاوەكە دەبن و لەناو دەچن.

شارەزایان ئەوەیان بۆ ئاشكرا بووە، كەوا تەنە شەختە سەهۆڵبەندەكە، سێ بەشی لەبن ئاو بووە و لە بەرچاوان دیار نەبووە، كە شەپۆلێكی نەرم ئاراستەی پاپۆڕەكە دەگۆڕێت، بەشی بنەوەی بەو شاخە بەستراوە شەختەبەندەكە دەكەوێت، وەك دەمی كلیل چۆن سەری قوودیك دەكاتەوە، بەو شێوەیە دەرزێك لە بنكەی پێشەوەی پاپۆڕەكە دەكاتەوە، كە دەمی دەرزەكە گچكە بووە، بەڵام سەبر سەبر كونەكە گەورە دەبێت، دەبێتە هەڵزڕانێكی تیژی كراوە، دەمە پانەكەی دەگاتە سێ پێ، بەوەش ئاو دەگاتە نهۆمەكانی ژێرەوەی پاپۆڕەكە كە ماشینەكانی لێوە بەسترابوو.

لە رووی ئەندازەییەوە بەشەكانی خوارەوەی پاپۆڕەكە، لە دوازدە بەشی جیا بەسترابوون، هەموو بەشەكانیش دژەئاو ساز كرابوون. بەپێی نەخشەسازیی پاپۆڕەكە وا كرابوو، كەوا ئەگەر چوار بەشیان بەیەكەوەش بكرێنەوە موستەحیلە دەرگەی دۆزەخ بە رووی سەرنشینەكان بكاتەوە، پاپۆڕەكەش وا ساز كرابوو، كەوا بەهەموو پێوانەكانی دەریاوانی ئەو پاپۆڕە نقوم نابێت، بەڵام هەموو مەزەندە و نەخشەسازییەكان بەهەڵە و بەرەواژ دەرچوون، پاپۆڕەكە تەنیا بە دوو سەعات نقوم بووبوو.

لەناو سەرنشینەكانی پاپۆڕەكە كە ژمارەیان ٢٢٣٥ كەس بوو، ١٥٢٢ كەسیان لەو شەوەدا و بە كارەساتەكە مردن، كە زۆربەیان پیاوانی سەرنشینی نهۆمی سێیەم بوون، ئەوە و ئەندامانی تاقمی پاپۆڕەكە و هەموو ئەندامانی تیمە موزیكەكە، كەواتە تەنیا ٧١٣ كەس دەربازیان بووە.

پاش تێپەڕبوونی سی و پێنج ساڵ بەسەر نقومبوونی پاپۆڕەكە، دەرهێنەری سینەمایی (جیمس كامیرۆن) بە خەیاڵ رووداوەكان لەسەر سۆز و سووتانی ئەڤینی كیژ و كوڕێك دەگێڕێتەوە، ئەوەی ئەڤین ئەو دوو كەسەی ناو دوو توێژ و چینی كۆمەڵایەتیی ئەمەریكایی و بەریتانیایی جیاواز گەیاندبووە یەك، سەربردەی ئەو دوو عاشقە لەگەڵ راستیی رووداوەكان و كەسایەتییەكان و

مەرگەساتەکانی تێکەڵ کردبوو.

لە ساڵی ١٩٩٥ فیلمەکە بە میزانییەی دووسەد ملیۆن دۆلار بەرهەم هاتووە، بەڵام داهاتەکەی هەموو پێوانەکانی سینەمایی دەشکێنێت، دەگاتە نزیکەی ملیارێک و هەشتسەد ملیۆن دۆلار، ئەوەش یەکەم فیلمە داهاتەکەی سنووری یەک ملیار دۆلار ببەزێنێ، ماوەی دوازدە ساڵیش لە لووتکەی داهاتی سینەما دەمێنێتەوە، تا هەمان دەرهێنەر جیمس کامیرۆن، فیلمی ئاڤاتار دەردەهێنێ، ئەو فیلمە نوێیە پێوانەی داهاتی تایتانیک دەبەزێنێ.

سۆزی ئەڤینی ناو فیلمەکە و داهێنانی کارەکتەرەکان وای کردبوو، ئەو فیلمە زۆرترین خەڵاتی جیهانی بەدەست بهێنێت، فیلمەکە بۆ چواردە خەڵاتی ئۆسکار دەستنیشان کرابوو، بۆیە یازدە خەڵات وەردەگرێت، لەوانە خەڵاتی باشترین فیلم و باشترین دەرهێنان.

ئەوەی شایانی باسە بەشی زۆری فیلمەکە لەسەر پشتی (میستسلاف کیلدیش)، ئەو پاپۆڕە رووسییەی تایبەت و پسپۆر لە دۆزینەوە و یارمەتیدانی ئەو کەشتی و غەواسانەی لەناو دەریاکان نقوم دەبن دیمەکانی گیرابوون، هەر ئەو کەشتییە بووە، کە شوێنەوار و پارچەکانی تایتانیک دەدۆزێتەوە، زووتریش پارچەکانی کەشتییە شەڕوانییە ئەڵمانیاییەکەی بسمارکی دۆزیوەتەوە. بەڵام بەشێکی تری فیلمەکە لەسەر ئەو پاپۆڕە بووە کە تایبەت بۆ پێشاندانی فیلمەکە لەسەر شێوە و نەخشە کۆنەکەی دروست کرابوو.

دیارە دەرهێنەرەکە سوودی لە کۆنە نەخشەکەی پاپۆڕەکە وەرگرتووە، هەموو نەخشەسازییەکانی لەو کۆمپانیا وەرگرتبوو، کە سەد ساڵ پێشتر پاپۆڕەکەیان لەسەر دروست کردبوو، تایتانیک لەناو حەوزێکی گەورەی وەستاوی ئاو، لە ستۆدیۆیەکی تایبەت راگیرابوو، کە حەوزەکە حەڤدە ملیۆن لیتر ئاوی دەگرت، ڕووبەرەکەی دەگەیشتە چل فەدان، لەسەر لێوارەکانی کەناری بلایا دو روزاریتو لە مەکسیک ڕاگیرابوو. پارەی سازکردنی ستۆدیۆ و حەوزەکە گەیشتبووە بیست ملیۆن دۆلار. دوو رافیعەی گەورە پێشەوەی پاپۆڕەکەیان بەرز کردیتەوە، تا دیمەنی نقومبونەکە پێشکێش بکەن، هەروەها بە گرافیک و دەستکارییەکانی کۆمپیوتەریش کرتە زەحمەتەکانی فیلمەکە گیراوە. دەرهێنەرەکەش ئێستا کار دەکات لە ساڵی ٢٠١٢ فیلمەکە لەسەر سیستەمی سێ ئاراستەیی پێشکێش بکاتەوە.

***

فیلمەکە بەکۆششی ماسیگرێکی دۆزینەوەی گەنجینەکان (برۆک لۆڤیت) دەست پێ دەکات، کە لەگەڵ تیمەکەی لەناو پاشماوە و پارچەکانی پاپۆڕێکی نغرۆ بوو، بەدوای پارچە مروارییەک وێڵن بەناوی (دڵی زەریا)، کە گومان دەکەن ئەو پارچە گرانبەهایە لەناو باوڵی پیاوێکی دەوڵەمەندا بووبێت، کە ئەویش سەرنشینی پاپۆڕە نغرۆبووەکە بووە، بە ناوی (کالیدون) کال هوکلی، بەڵام کە باوڵەکە دەدۆزنەوە، دەبینن گەنجینە ناوازەکەی تێدا نییە، بگرە تابلۆیەکی هونەری ژنێکی رووتی تێدایە، کە خەناوکەیەکی لە ملە و خەناوکەکەش مرواریيەکی نایابی پێوەیە، رۆژی دروستکردنی

تابلۆیەکەش بە رۆژی ١٤ ی ئەپریل ١٩١٢ تۆمار کراوە، ئەویش رۆژی نقومبونی تایتانیک بووە.

دیارە کەوا هەواڵی دۆزینەوەی تابلۆکە لە تەلەڤزیۆنەکان بڵاو دەبێتەوە، بۆیە ژنێک بە ناوی (رۆز دوسون کالفرت) پێوەندی بە پیاوە دەریاوانە شەیداکەی گەنجینەکانی بن دەریا دەکات، ئیتر لەو ساتەوە ژنەکە، رووداوەکە وەک کرتەکانی فیلمەکە دەگێڕێتەوە، ئەوەش راستیی سیناریۆی فیلمەکەیە، ئەو وتبووی من ناوی راستیم (رۆز دوویت بوکاتر) بووە، خەڵکەکە و میدیای ئەودەمانە ناوی منیشیان وەک قوربانییەکانی ناو پاپۆڕەکە بیستووە، بەڵام دەربازم بووە و لەو شەوەدا من نەخنکاوم.

ئەو ژنە یەکێک بووە لە سەرنشینەکانی پاپۆڕەکە، لەو رۆژەش تەمەنی حەڤدە ساڵ بووە، لە بەندەری ساوسهامبتونی ئینگلیزی لەگەڵ دایکی و دەستگیرانەکەی (کال)ی کوڕی یەکێک لە سەرمایەدار و پیشەسازە گەورەکەی دروستکردنی ئاسن و پۆڵا سواری پاپۆڕەکە دەبێت. دایکی کیژەکە زۆر دڵی بە پرۆسەی مارەییی کیژەکەی خۆش بوو، لەگەڵ کوڕەکە رێک کەتبوو، کەوا کێشە ئابوورییەکانی چارەسەر بکات، بۆیەش کیژە ناسکەکە لەو پلانەی نێوان کوڕەکە و دایکی خۆی، کەوتبووە نێوان بەرداشی دوو ئاگری دژوار، چونکە ئەو لەژێر پاڵەپەستۆی توندی دایکی بەو هاوسەرکارییە رازی بووبوو، بۆیەش کیژەکە بیر لەوە دەکاتەوە لەسەر پاپۆڕەکە خۆی فڕێ بداتە ناو دەریاکە، خۆی لەو پرۆسەیە بەخۆکوشتن دەرباز بکات، بەڵام کوڕێکی گەنج بەناوی (جاک دۆسون) لەسەر پاپۆڕەکە کیژە داماوەکە لەو نیازە سارد دەکاتەوە، ئیتر لەو سەفەرە دەریاییەدا نێوانیان گەرم دەبێت.

کە دایک و کوڕەکە هەست دەکەن کیژەکە هەست و رامانی بۆ لای کوڕێکی تر دەڕوات، کۆشش دەکەن کیژە بەدەستگیرانەکە سارد بکەنەوە، هەڕەشەی لێ دەکەن، بۆیەش کال، کوڕە دەوڵەمەندەکە لەبەرئەوەی نیگارکێشێکی بەتوانا بووە، کیژەکە لە ژوورێک دەکات و داوای لێ دەکات رووت ببێتەوە و بەرووتی وێنەی جەستە نازدارەکەی بکێشێت، کیژەکەش لەسەر داوای دەستگیرانەکەی تەنیا خەناوکەی گەردەنی دەهێڵێتەوە و بەتەنیا بۆی رووت دەبێتەوە، دیارە کەوا مرواریەکەش دیاریی رۆژی نیشانکردنی بووە.

دەستگیرانەکەی رۆز، لەگەڵ چەندان لە هاوەڵەکانی کۆششیان کردبوو، کیژەکە لە کوڕەکە دوور بکەوێتەوە و پێوەندییەکەیان بە زیندوویی بکوژن، لەودەمانەش لووتی پێشەوەی پاپۆڕەکە خۆی بە چیا سەهۆڵبەندییەکە دابوو، لەودەمانە خاوەن تابلۆیەکەش، گەنجینەکەی لەناو باوڵەکە دەشارێتەوە، هەمووشیان کار بۆ ئەوە دەکەن (جاک)ی شەیدای کیژەکە، بە دز لە قەڵەم بدەن، بۆ ئەو مەبەستەش مرواریەکەی کیژەکە دەخرێتە ناو گیرفانی پاڵتۆی کوڕەکە و شکایەتی لێ دەکەن، کە مرواریەکە لەناو گیرفانی ئەو دەدۆزنەوە، کوڕە عاشقەکە لەلایەن بەرپرسەکانی ناو پاپۆڕەکە دەگیرێت و لە نهۆمەکانی خوارەوە بەند دەکرێت، دەستی لە عامودێک دەبەستنەوە، بەو هیوایەی تا دەگاتە سەر بەندەرەکە جارێکی تر کوڕەکە سەر پاپۆڕەکە و کیژەکە نەبینێتەوە.

له ڕاكردنی پیاوەكە و دەستگیرانەكەی بۆ گەیشتن بە بەلەمە گچكەكانی دەربازبوون، بۆ كیژەكە دەردەكەوێت مروارییەكە لەناو گیرفانی پیاوەكەیە و جاكی عاشق نەیدزیوە، بۆیەش رۆز، واتە كیژەكە بەتەنگاوی دەگەڕێتەوە نهۆمەكانی خوارەوەی پاپۆڕەكە، تا كوڕەكەی بدۆزێتەوە و بەیەكەوە دەرباز بن، كیژەكە لەوێ تەورداسێک دەدۆزێتەوە، لەگەڵ شەپۆلی توندی ئاوی ناو پاپۆڕەكە كۆشش دەكات، كەلەپچەكەی دەستی دۆستەكەی بشكێنێ و بەیەكەوە دەربازیان بێت. كە لە نهۆمی خوارەوە سەردەكەون هیچ بەلەمی دەربازبوون نامێنێ، بۆیە لەناو ئاوەكە بەرەو مەرگ و خنكان دەچن، بەڵام پاشان كیژەكە دەگاتە سەر تەختەدارێک كە دەزانێت بەتەنیایە دووبارە بۆ دۆزینەوەی كوڕەكە دەگەڕێتەوە ناو پاپۆڕەكە، بەڵام ناتوانێت گیانی جاک لە مردن و ئاوە ساردەكە رزگار بكات، بۆیە كوڕەكە دەمرێت و كیژەكەش دەربازی دەبێت و لەسەر كەناری نیویۆرک بە زیندوویی هەڵدەستێتەوە، لەوێ ناوەكەی خۆی دەگۆڕێت و نازناوی كوڕەكە وەردەگرێت، خۆشی لە دڵی رەقی دەستگیرانەكەی دەشارێتەوە، ئەو دەگێڕێتەوە كەوا زۆرجار لەو ژیانە نوێیەدا كۆششی كردووە خۆی بكوژێت. لە دوا ساتەكانی فیلمەكە پیرەژنە دەربازبووەكەی ناو پاپۆڕەكە، عاشقە شەیداكەی كوڕە هەژارەكەی ناو نهۆمە هەرزانەكانی پاپۆڕەكە، ئەوە ئاشكرا دەكات كەوا پارچە مروارییەكەی لەلا ماوە، بەڵام ناز بەو گەنجینە ناكات و سامان بە شتێكی لاوەكی دەزانێت، بۆیە پارچە مرواریيەكە فڕێ دەداتە ناو ئاوی دەریاكە، بەردەوامیش ئەو ژنە خەونی بەوە دیوە، كەوا رۆژانێک دەست لەناو دەستی جاک لەسەر لمووزی پێشەوەی پاپۆڕەكە بەیەكەوە بن، وەک شەوە ئەفسووناوییەكەی ساڵی ١٩١٢

ئەو فیلمە بەرجەستەی ئەڤینێكی پاک و قوربانیی گیانە بۆ خۆشەویستی راستەقینەی بێگەرد و دوور لە سامان و كڕین و فرۆشتنی ئەڤین، ئەگەرچی چیرۆكەكە كۆنە بەڵام لەو فیلمەدا بووە بە دەرسێكی جوانی ئەڤین.

## فیلمی جارێكیان

ئەو فیلمە چیرۆكێكی نائاساییە لە نێوان گۆرانیبێژێكی گەڕیدەی سەر شەقامە سەرەكییەكانی پایەتەختی ئێرلەندە، لەگەڵ كیژێكی ئاوارەی كۆماری شیكیا. ئەو دوو كەسە بەڕێككەوت دەگەنە یەک و لەناو كەشە جوانەكەی هونەر دەفڕن، بەیەكەوە ستران ساز دەكەن و گۆرانی دەچڕن و بەسەرهاتی ئەڤین بە تێكستی جوان و پایەدار و ئاوازی شكۆدار دەڵێنەوە، ئەو دوو هونەرمەندە، لەو بازنە جوانەی هونەر، یەک هەفتە بەسەرهاتی باڵكێش دەبینن.

ئەوەی زۆر نامۆیە لەو فیلمە سینەماییەدا، كیژەكە و كوڕەكە، واتە هەردوو پاڵەوانەكە بەدرێژایی فیلمەكە ناویان نییە، بە دوو وشەی ئاسایی بانگیان دەكەن، بە كوڕەكە دەڵێن گەنجەكە و كیژەكەش بەبێ ناو، واتە تەنیا بە كیژەكە ناوی دەبن.

ئەگەرچی ئەو فیلمە بودجەكەی گەیشتووەتە سەد و شێست هەزار دۆلاریش، بەڵام ئەكتەر و

کەسایەتیی دیاری ئەو بوارە ڕۆڵیان تێدا نەگێڕاوە، گۆرانیبێژی ناسراو، ئەکتەر دیاری بەر کامێراکان و دەرهێنان و وێنەگرتن کاریان تێدا نەکردووە، ئینجا فیلمەکە توانیویەتی چەندان خەڵاتی جیهانی، لەوانە خەڵاتی ئۆسکار بۆ پارچە موزیکییەکەی پێشەکییەکەی دەستەبەر بکات، هەروەها لە گۆرانییەکەی (Falling Slowly) خەڵاتی ئۆسکاری وەرگرتووە، هەر ئەو فیلمە خەڵاتی گرامیی هونەریشی وەرگرتووە. لە ساڵی ٢٠٠٧ خەڵاتی (Independent Spirit)ی ئەمەریکیایی وەک باشترین فیلمی بێگانە وەرگرتووە. دەرهێنەری فیلمەکە (جۆن کارنی) دوو ساڵ پەرۆشی ئەوە بوو سەرمایەیەک پەیدا بکات بۆ دەرهێنانی فیلمەکەی، بۆیە بەناچاری روو لە ئەنجوومەنی سینەمای ئێرلەندی دەکات، ئەودەمانەش سەرۆکی ئەو ئەنجوومەنە دەستی لە کار کێشابووەوە، بەناچاری فەرمانبەرێکی ئاسایی ئەو ئەنجوومەنە، خەمی پەیداکردنی بڕە پارەیەکی کەمی بەرهەمهێنانی فیلمەکە دەخوات، لەودەمانەش فەرمانبەرەکە بۆ پێدانی پارەکەی مەرجی ئەوە لەسەر دەرهێنەرەکە دەکاتە ماڵ، کەوا نابێت میزانییەکەی لە سەد و پەنجا هەزار یۆرۆ زۆرتر بێت، نەوەک فیلمەکە سەرنەکەوێت و پارەکەی نەگرێتەوە.

بەسەرهاتی فیلمەکە باس لە کوڕێک (گلین هانسارد) دەکات، لەناو شەقامەکانی ئەو شارە موزیک دەژەنێت، ئاواز ساز دەکات، گۆرانی دەڵێت و باس لە خۆشەویستییەکی سەرنەگرتووی فاشیل دەکات، باسی ژنێک دەکات کە خیانەت لە مێردەکەی دەکات و دەڕوات و بەتەنیا لە ماڵەکەی جێی دەهێڵێت، پیاوە هونەرمەندەکەش بۆ بژێویی ژیانی خۆی لە سەنتەرە بازرگانییەکانی شەقامی (گرافتۆن)ی پایەتەخت، لەناو بازرگانەکانی مادە هۆشبەرەکان کاتەکانی بەسەر دەبات، بە هیوای ئەوەی شتێکیان لێ بەربەداتەوە، بەو بڕە پارەیەش ڕۆژانەی خۆی دابین بکات.

لەو شەقامە جەنجاڵەدا کیژێکی گوڵفرۆش بە ناوی (مارکیتا ئایرگلوفا) لەو پیاوە داماوە نزیک دەبێتەوە، کیژەکە بە نیاز بووە کەمێک دڵی بکاتەوە، بۆیەش قسەی لەگەڵدا کردووە، باسی گۆرانییەکانیشی کردووە، کوڕەکەش بە کیژە گوڵفرۆشەکە دەڵێت، من کوڕی پیاوێکی وەستای گسکی کارەباییم، باوکم دوکانێکی گچکەی هەیە و ڕۆژانە ئەو کارە دەکات، بۆیەش کیژەکە دەڵێت زۆر باشە، ئێمەش گسکە کارەباییەکەمان کار ناکات، وا چاکە کارئاسانیم بۆ بکەیت باوکت گسکەکەی ماڵەوەمان بۆ چاک بکاتەوە، بەو بابەتە دیالۆگەکەیان گەرم دەبێت.

بەیانییەکە کیژەکە لەگەڵ گوڵەکانی گسکەکەش لەگەڵ خۆی دەهێنێت، بە کوڕەکە دەڵێت ئەگەر تۆ زانیت من دەرد و هیواکانم چییە، نیوەڕۆ داوەتت دەکەم، بەیەکەوە دەچنە رێستورانتێکی سادە و هەرزان لەوێ ژەمە نانێک دەخۆن، کیژەکە بە کوڕەکە دەڵێت، من شەیدا و هیڤیداری ستران و ئاوازم! پاش نانخواردنەکە دەچنە دەزگایەکی فرۆشتنی ئامێری موزیک، کە تێیدا کیژەکە زۆر لەوێ پیانۆی ژەنیوە، لەوێ کوڕەکە تێکستی گۆرانییەکی بۆ دەڵێتەوە، بۆیەش بەیەکەوە پرۆڤە لەسەر گۆرانییەکە دەکەن، بەوەش هەردووکیان لەسەر ئەوە ڕێک دەکەون بەردی سازکردنی پێوەندییەکی هونەریی بەرز دابنێن، لەگەڵ ئاواز و هونەرەکە دەکەونە ناو ئەڤینێکی جۆشداری گەرمی ناوازە.

بەیانییەکەی کیژەکە دەست بە گوڵەوە لە تەنیشت کوڕەکە دەوەستێت، بەیەکەوە موزیک دەژنن و گۆرانی دەڵێن و گوڵەکانیش دەفرۆشن، بۆیەش کوڕەکە کیژەکە دەباتە دوکانەکەی باوکی، لە ڕێگادا کوڕەکە باسی خۆشەویستەکەی بۆ دەکات، کە بەرەو لەندەن ڕۆیشتووە و ئەوی بەتەنیا جێ هێشتووە، باوکەکە لەگەڵ چاککردنەوەی گسکە کارەباییەکان، ئەوە دەدرکێنێت کەوا کوڕەکەی بە هونەرمەند نازانێت و بایەخ بە هونەرەکەی ئەو نادات، بۆیە کوڕەکە دەستی کیژەکە دەگرێت و دەڕۆن و دەچنە ناو شوقە چۆڵەکەی سەر دوکانەکەیان، کوڕەکە دەیەوێت سێکس لەگەڵ کیژەکە بکات، بەڵام کیژەکە ئەوە قبووڵ ناکات و بەڕاکردن شوێنەکە جێ دەهێڵێت و بەتووڕەیی و بەتەنگاوی خۆی لەبن دەستی دەرباز دەکات.

بۆ بەیانی هەردووکیان دەگەنەوە یەک، کوڕەکە داوای لێبووردنی لێ دەکات، بەوەش ئاشت دەبنەوە، بەیەکەوە دەکەونە کارکردن، گۆرانی دەڵێن، هەستی ڕێبوارانی سەرشەقامەکان دەجووڵێنن، پیاوێکی سووتاوی عاشق لەگەڵ کیژە گوڵفرۆشێکی تێنووی هەموو جوانییەکانی ئەڤین، لە ئاواز و تێکستی یەکتری ستران دەڵێن و باس لە عیشق و سووتانی دووری دەکەن، بە سۆزەوە خەڵکێکی زۆر لەو دوو عاشقە جوانە کۆ دەبنەوە.

گۆرانی و بەزمەکەیان لەو گوزەرە دەنگ دەداتەوە، بۆیەش زۆر لە هونەرمەندانی تری شارەکە ماوە ماوە بەشدارییان دەکەن، بەیەکەوە گۆرانی دەچڕن، ناوچەکە ئاوازدار دەکەن، لەگەڵ وتنی گۆرانییەکان، کوڕەکە بیر لە خیانەتی دوڵبەرەکەی دەکاتەوە، کە چۆن بەرەو لەندەن ڕۆیشت و ئەوی بەتەنیا جێ هێشتووە، بەردەوام نامەی بۆ دەنووسێت و درۆیەکانی بەبیر دەهێنێتەوە. لەودەمانە کیژە گوڵفرۆشەکە هانی کوڕەکە دەدات بچێتە لەندەن و دۆستەکەی بدۆزێتەوە و لەگەڵ هاوڕازەکەی بگەنەوە یەک، لەوێش گەشە بە کاروانە جوانەکەی هونەری خۆی بدات، کە بەیەکەوە دەچنە ناو شوقەی کیژەکە، کوڕەکە هەست دەکات، کیژەکە لەگەڵ پیرە دایکێکی دەژیت و زووتر شووی کردووە، دایکیشی کیژە گچکەکەی بۆ بەخێو دەکات، کەواتە بۆ کوڕەکە ڕوون دەبێتەوە کەوا پیاوێک لە ژیانی ئەودا هەیە.

بە هاندانی کیژەکە و لەبەر سۆزی دڵدارییەکەی، کوڕەکە بڕیار دەدا سەفەری لەندەن بکات و بگاتەوە دوڵبەرەکەی، بەڵام دەبووایە پێش سەفەرکردنەکەی خۆی ساز بکات بۆ تۆمارکردنی گۆرانییەکان، بۆ ئەو مەبەستەش پێویستی بە پشتیوانیی کیژەکە هەبووە، دەبووایە بچن لە کۆمپانیاکانی شارەکە ستۆدیۆیەکی پرۆفیشناڵ بدۆزنەوە، بەڵام بۆیان دەردەکەوێت کەوا تۆمارکردنی گۆرانییەکان پارەیەکی زۆری دەوێت، بۆیەش بەناچاری ڕوویان لە قەرزی بانکەکان کردووە، لە بەردەم بەڕێوەبەری بانکەکە کە پاشان بۆیان ڕوون دەبێتەوە ئەویش شەیدای زۆری موزیکە، کیژەکە دەبێتە کەفیلی کوڕەکە بۆ وەرگرتنی قەرز، بەوەش دەتوانن ستۆدیۆکە دابین بکەن.

لەودەمانە بەیەکەوە خەریکی تۆمارکردنی گۆرانییەکان بوون، کیژەکە ئەوە ئاشکرا دەکات کەوا مێردەکەی بەرەو وڵاتەکەی خۆیان شیکیا گەڕاوەتەوە، ئێستاش مێردەکەی خۆی خۆشدەوێت، بەڵام

ئەو ڕازە بە وشەیەکی شیکی دەردەبڕێت، پاشان بۆ کوڕەکە ڕوون دەبێتەوە، لەو وشانەی بە زمانی شیکی وتبووی، مەبەستی لەو وشەیە ئەوە بووە نیازی بووە بڵێت، من تۆم خۆشتر دەوێت. لەناو سالۆنەکانی ستۆدیۆکە کیژە گوڵفرۆشەکە ئاوازێکی خەمگین دەژنێت و دەست دەکات بە گریان و سۆزی دڵداریی دەکولێتەوە. کوڕەکە داوا لە کیژەکە دەکات بەیەکەوە بچنە لەندەن و لەوێ بژین، بەڵام ترسی ئەوەی هەبوو دایکی بە بیانووی بەخێوکردنی منداڵەکەی لەگەڵیان بێت بۆ لەندەن، ئەوەش بۆ ئەوان دەبووە بارگرانی. لەگەڵ سۆز و گەرمیی کارکردنیان لە تۆمارکردنی گۆرانییەکە و هەستکردن بە سەرکەوتنی بەرهەمەکەیان کیژەکە تەلەفۆن بۆ مێردەکەی دەکات و دڵی دەداتەوە و ئاشتی دەکاتەوە، بۆیەش ئەو ڕازی دەبێت بگەڕێتەوە دبلن و بەیەکەوە بژین.

کە کوڕەکە تێ دەگات بەیانییەکەی ئەو سەفەر دەکات، کیژەکەش پێشوازی لە مێردەکەی دەکات، داوا دەکات بەیەکەوە سێکس بکەن، پاش داوا و پێداگرتنی زۆری کوڕەکە کیژەکەش دڵی نەرم دەبێت و بەیەکەوە دوا شەویان سۆزدار دەبێت. کوڕەکە بە یارمەتیی باوکی چەند گۆرانییەک تۆمار دەکات، ئەویش بۆ یادی گوڵفرۆشەکە پیانۆیەک دەکڕێت و بۆ کیژەکەی ڕەوانە دەکات.

ئەو فیلمە یەکەم کاری دەرهێنانی دەرهێنەرەکە بووە، بۆیەش ناو لە فیلمەکەش دەنێت جارێکیان، هەردوو کارەکتەرەکەش زووتر و پێشتر کاری نواندنیان نەکردبوو، چونکە ئەستێرە ناودارەکانی سینەما، داوای پارەی زۆریان لە دەرهێنەرەکە کردبوو، بۆیەش ئەو بڕیار دەدات ئەو نەبەردییە بکات و بە دوو کەسی دوور لەو بوارە فیلمەکەی ئەنجام بدات، کە سەرکەوتنی باشی بەدەست هێنابوو.

## ئاشە سوورەکە

لە ساڵی ١٨٩٩ نووسەر و شاعیرە گەنجە ئینگلیزەکە کریستیان (ئەیوان ماکریگور) بۆ گەیشتن بە خەون و ژیانە بوهیمییەکەی و ئازادییە ڕەهاکەی دەگاتە پاریس، لەوێ لە گەڕەکی (مونمارتر) کە دانیشتوانەکانی زۆریان بوهیمی بوون، هەر لەو ناوچەیەش کاری دزی و تاوان و خراپەکاریی زۆری لێ ڕوو دەدا.

ئەو بەڕێکەوت کۆمەڵە ئەکتەرێک بە سەرپەرشتیی کەسێک بە ناوی (ڕودریک تۆلۆز) دەدۆزێتەوە، ئەوانە بەیەکەوە سەرقاڵی نووسینی شانۆنامەیەک بە ناوی (شتێکی سەیر) بوون، دەستە هونەرییەکە کە دەزانن ئەو کوڕە لادێییە لە نووسین شارەزایە، داوای لێ دەکەن دوا پەردەکانی شانۆنامەیەکیان بۆ بنووسێ، بەو هیوایەی دەقەکەیان لە مەیخانەی (ئاشە سوورەکە)، ڕوانگەی کەسە بوهێمییەکان لە پایەتەختی فەرەنسا بفرۆشرێت، لەوێ هەژار و دەوڵەمەندەکان بە مەستی گۆرانی دەچڕن و سەما دەکەن و ژیانی تێدا گەرم و بەجۆشە، کەسە ئورستقراتی و داماوەکان تێدا گیرۆدەی بێهۆشین، لەگەڵ سێکس و تاوانیش ئالوودەن، لەو ڕۆژانەش بوو تازە کارەبا دەدۆزرێتەوە، مەیخانەکە بەو ڕووناکییە جوانە دەبریسکایەوە، چەندان کۆڵان و شەقامی شارەکەی ڕووناک کردبووەوە.

تۆلۆزی بەڕێوەبەری دەستەکە، گۆرانیبێژە ژنەکەی مەیخانەکە، ساتان (نیکۆل کیدمان) لە ژوورەکەی خۆی بە کریستیان دەناسێنێت، لەوێ قسەی لەسەر بڕگەکانی شانۆنامەکەی بۆ دەکات، کەسیش ئەوەی نەدەزانی کەوا خاوەنی مەیخانەکە (هۆلدر زیلدر) گفتی بە دۆقی دەوڵەمەند (مۆنروس) داوە، کەوا ئەو ژنە گۆرانیبێژە نازدارە تەنیا بۆ ئەو دەبێت، با کەس بەتەمای ئەو نەبێت لەو ئاشە سوورە هەناسەیەکی ئەوی بەربکەوێت.

ساتان ئەو ژنەی کرێی لە هەموو هونەرمەند و سەماکەرەکان زۆرتر بوو، بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە کەوا دۆقە دەوڵەمەندەکە، ئەوەی سەرمایەی مەیخانەکە دابین دەکات، شەیدای ئەو بووە و کراوە بە کەنیزەی ئەو. ئەگەرچی ژنەکە تێ دەگات ئەو کوڕە نووسەرە کەسێکی لاتی داماوە، بەڵام لە یەکەم نیگاوە شەیدای کوڕەکە دەبێت، بەڵام مەسەلەکە زوو دەگاتەوە دۆقە دەوڵەمەندەکە، ئەوانیش دەڵێن ئێمە خەریکی لەبەرکردن و پرۆڤەکردنین لەسەر ڕۆڵی شانۆییەکە، بۆیەش زۆر بەیەکەوە دەمێننەوە. خاوەن مەیخانەکە لەگەڵ بەڕێوەبەری تیپە شانۆگەرییەکە و چەند کەسێکی تر، فێڵێک لە دۆقە دەوڵەمەندەکە دەکەن، کەوا بابەتی ئەوجارەی شانۆگەرییەکەیان باسی کەسێکی موهەرج دەکات، کە تێیدا ژنە خزمەتکارە هیندییەکە لەگەڵ سیتارژەنێک خۆشەویستی دەکەن، سیتاریش ئامێرێکی مۆزیکی ڕۆهەڵاتییە. بۆیەش لەو ڕۆژەوە هەردوو خۆشەویستەکە بەیەکەوە لە کاتی پرۆڤەکان، بە بیانووی نواندن یەکتری دەبینن، بەبێ ئەوەی خاوەن مەیخانەکە بەوە بزانێت، کە دۆقە دەوڵەمەندەکە هەست و گومان لەو مەسەلەیە دەکات، هەڕەشەیان لێ دەکات، ئەو چیی تر پشتیوانیی دارایی لە تیپەکە ناکات، ڕاستەوخۆش هەڕەشەی پیاوە دەوڵەمەندەکە لە ژنەکە دەگەیێنێن. تا خاوەن مەیخانەکە دۆقە دەوڵەمەندەکە ڕازی بکات و دڵنیا بێت کیژەکە تەنیا بۆ ئەو دەبێت، بڕیار دەدەن ژنەکە بچێت داوەتی ببێت و بەیەکەوە نانی ئێوارەیەک بخۆن، بەڵام لە کۆتا بە پیاوەکە دەڵێن، ژنەکە لە کاتی ئەنجامدانی پرۆڤەکان ماندوو بووە، دیارە کەوا زۆر ناساغە و تووشی سیل بووە، ئەو نەخۆشییەش لەو ڕۆژانە دەیکوژێت، بۆیەش ناتوانێت نواندنەکەیان تەواو بکات، بەوەش دۆقەکە زۆر تووڕە دەبێت.

لەو دەمانەی کیژەکە لەگەڵ کریستیان نواندنیان دەکرد، دەیویست بە کوڕەکە بڵێت، بوونی ئەو پێوەندیمان دوارۆژی شانۆگەرییەکە دەخاتە مەترسی، بەڵام ئەو لەناو بڕگەکانی نواندنەکاندا گۆرانیی بە سۆزی دەوتەوە.

ڕۆژێکیان خاوەن مەیخانەکە سەیری نواندنی پرۆڤەکانی نێوان ساتان و کریستیانی دەکرد، لەو دەمانە هونەرمەندێک دەگاتە سەر شانۆکە و لەبەر ئیرەیی و چاوهەڵنەهاتن بەو کارە، بە خاوەن مەیخانەکە دەڵێت، ئەو کوڕەی لەگەڵ کیژەکە نواندن دەکات کریستیانە و تا دەستی بگاتە دۆستەکەی بە ناوی سیتارژەن ڕۆڵەکەی بینیوە. بۆیە دۆقەکە بەوەیان شێت و هار دەبێت و بڕیار دەدات دوا دیمەنی شانۆگەرییەکە ببڕن، داوا دەکات دیمەنەکە لە بەیەکگەیشتنی ژنە هیندییەکەی ناو دەقەکە و سیتارژەنەکە بگۆڕن و ژنە هیندییەکە ببێتە نەسیبی موهەرەجەکە، نەک

سیتارژەنەکە، بۆیەش تا پیاوەکە رازی بکەن بە ژنەکە دەڵێن وەرە ئەو شەوە لەگەڵ ئەو بمێنەوە، تا هیچ دەستکاریی دەقەکە نەکات.

شەو کیژەکە لەناو باوەشی دۆقەکە دەبێت، کیژەکە دەبینێت کوڕە دۆستەکەی لە دەرەوە وەک ئەوەی لەسەر ئاگر ڕای کێشن دەگەوزێت، ژان گرتوویەتی و لە تاو دزین و ڕفاندنی دۆستەکەی هاوار دەکات، بۆیەش یەکێک لە سەماکەرەکانی تیپەکە بەزۆر کیژەکە لە باوەشی دۆقەکە دەردەهێنێ و دەربازی دەکات، ئەوانیش بەیەکەوە رادەکەن. ئەگەر ساتانی بۆ نەگێڕنەوە، کابرا هەڕەشەی کوشتنی کریستیان دەکات، بۆیەش کیژەکە دەدەنەوە دۆقەکە، بواریش نادەن کریستیان جارێکی تر روو لەو مەیخانەیە بکاتەوە. ئەگەرچی تۆلۆزی بەڕێوەبەری تیپە شانۆییەکە پێی دەڵێت، هێشتا ساتان تۆی خۆش دەوێت، بەڵام ئەو تووشی ناڕەحەتی و داماویی زۆر دەبێت.

لە شەوی کردنەوەی نواندنی یەکەمی شانۆگەرییەکە، کریستیانی عاشق بەنهێنی خۆی دەگەیەنێتە پشت پەردەکە، دەستی لەناو دەستی ساتانی دۆستەکەی دەنێت، پێی دەڵێت من تۆم خۆش دەوێت، ئامادەم وەک دۆقە دەوڵەمەندەکە، پارەی زۆرت بۆ هەڵبڕێژم، کیژەکە ئاگەدار دەکاتەوە کەوا دۆقەکە هەڕەشەی کوشتنی لەو کردووە، لەو دیمانەیەدا بەسۆزەوە بەیەکەوە قسە دەکەن، لەو دەمانە پەردەکە دەکرێتەوە و رووناکی لەو دوو کەسە عاشقە شەیداکە دەدات، بۆیەش خاوەن مەیخانەکە، ئەوە ئاشکرا دەکات کەوا کریستیان بە دزی و بەبێ ئاگەداریی ئەوان، هاتووەتە ناو پەردەکە، هەر ئەویشە سیتارژەنەکە، بەڵام نواندنەکە بە ئارامی دەڕوات، هەموو لایەک بە ئارامی و بە هێمنی سەیری شانۆگەرییەکە دەکەن، بۆیەش بەڕێوەبەری تیپەکە تۆلۆز یەک بە دەنگی خۆی هاوار دەکات، من یەک وشەی مەزن فێر بووم، تێ گەیشتم کەوا خۆشەویستی ژیانە، ئەوەش لە هەموو بەهاکان جوانترە. ئەوەش تێکستی ئەو گۆرانییە بوو کە کریستیان بۆ دۆستەکەی نووسیبووی، کە بەیەکەوە لەسەر تەختە شانۆکە دەیانوت، بۆیەش کریستیان و ساتان بەیەکەوە کارەکتەری دەقەکەیان جێبەجێ کرد و شانۆییەکەیان بەڕێوە برد.

لەودەمانە پیاوەکانی دۆقە تووڕەکە، کۆشش دەکەن کریستیانی عاشق بکوژن، بەڵام بەڕێوەبەر و ئەندامانی تیپەکە، هەولەکە پووچەڵ دەکەنەوە، دۆقەکە دەیەوێت تووڕەبوونەکەی خۆی بەکوڕەکە دەربکات، بەڵام دەسەڵاتی نابێت، بەڵام کیژەکە و کوڕەکەش بەیەکەوە گۆرانییە سۆزدارەکە لەناو چەپڵەڕێزانی بینەران تەواو دەکەن، زۆر بەئاسایی ڕەوشەکە بە جوانی بەڕێوە دەچێت. پێش داخستنی پەردەی کۆتاییی شانۆگەرییەکە، ساتانی نەخۆش بەردەبێتەوە، لە دوا هەناسەی ژیانیدا ئەوە دووپات دەکاتەوە کەوا کریستیانی خۆش ویستووە، لەگەڵ ئەو وشانە گیانی دەردەچێت و دەمرێت، پاش ساڵێک لە مردنی ساتان، کریستیانی عاشق چیرۆکی خۆشەویستیی خۆیان بە ناوی ئەڤین هەتا مردن دەنووسێتەوە.

ئاشە سوورەکە، فیلمێکی ئەمەریکای- بریتانی- ئوسترالییە، بۆ هەشت خەڵاتی ئۆسکار کاندید کرابوو، لەوانە دوو خەڵاتی بەرکەوتووە، هەروەها ئەو فیلمە بۆ شەش خەڵاتی گولدن کاندید

کرابوو، لەوانە سێ خەڵاتی بەرکەوتووە. ئەو فیلمە پاش بیست و دوو ساڵ، یەکەم فیلمی مۆزیکە خەڵات وەردەگرێت، فیلمەکە لە ستۆدیۆکانی فۆکسی شاری سیدنی ئوسترالیایی وێنەی گیراوە و یەکەم نواندنی لە ساڵی ٢٠٠١ بووە.

## ژنە جوانەکە

ئەگەرچی فیلمی ژنە جوانەکە تەنیا بە میزانییەکی چواردە ملیۆن دۆلاری کرابوو، بەڵام داهاتەکەی گەیشتبووە ٤٦٣ ملیۆن دۆلار. ژنە جوانەکە، فیلمێکی خۆشەویستیی کۆمیدی بوو، لەو بوارەش یەکێک بووە لە فیلمە زۆر سەرکەوتووەکان، هەر بەو فیلمەش بووە کە پاڵەوانە ژنەکەی (ژوولیا روبرتس) دەبێتە ئەکتەرێکی میللیی زۆر خۆشەویستی ناو خەڵک، هەر بە دەنگۆ ئەو فیلمە بووە، ئەو بەردەوام ناوی هەبووە و سەرکەوتنی زۆری لەو بوارەدا بەدەست هێناوە، ئەوەش بۆچوون و رامانی رەخنەگرانی بواری سینەمایە.

که لە هەشتاکانی سەدەی رابردوو دیاردەی لەشفرۆشی و سۆزانی لە نیویۆرک تەشەنە دەکات، بیرۆکەی بنچینەییی ئەو فیلمە پەیدا دەبێت، بەڵام ئەو بیرۆکەیە چەند گۆڕانێکی تیا دەکرێت و دەبێتە چیرۆکێکی ئەڤینی جوان، لە نێوان پیاوێکی سەرمایەداری سەرکەوتوو و دەوڵەمەند، کە کارەکتەرەکەی لەلایەن هونەرمەند (ریتشارد گییر) و ژنە سۆزانییەک لە لۆس ئەنجلس و هونەرمەند (ژوولیا روبرتس) بەرجەستە کرابوو، ئەو دەمانەش ژنەکە تەمەنی تەنیا بیست و یەک ساڵ بووە، لەو تەمەنە و لەو کارەکتەرە، ئەو ژنە ئەکتەرە دەتوانێت، بوونی دیار و کاریگەری خۆی لە سینەمادا بچەسپێنێت.

رووداوەکانی فیلمەکە لەوە دەست پێ دەکات، کە پیاوە سەرمایەدارەکە (ئیداورد لویس)، بۆ جێبەجێکردنی کۆنتراکتی کڕینی کۆمپانیایەکی مەزن، کە کێشەی قەرز و پارەیان هەبووە دەگاتە شاری لۆس ئەنجلوس، پیاوەکە ئۆتۆمۆبێلی یەکێک لە پارێزەرەکانی بەکار دەهێنێت، لەوێ دەگاتە ناوچەی (بیفرلی هیلز)، دیارە کەوا لە رێگاوبانەکانی ئەو ناوچەیە شارەزا نەبووە، بەئاسانی هوتێلەکەی بۆ نادۆزرێتەوە، تا شوێنەکە بەئاسانی بدۆزێتەوە رووبەڕووی ژنە سۆزانییەک بە ناوی (ڤیڤیان) دەبێت، تا ژنەکەش بباتەوە و شەوێکی خۆشی لەگەڵدا رابوێرێت، داوای لێ دەکات ئاسانکاریی بۆ بکات بۆ دۆزینەوەی رێگەی گەیشتن بە هوتێلەکەی، ژنەکە سواری ئۆتۆمۆبێلە سپۆرتەکەی پیاوە دەوڵەمەندەکە دەبێت، بەیەکەوە دەکەونە قسەکردن، ژنەکە زۆر باسی رۆژانەی خۆی بۆ پیاوەکە دەکات، لەبەرئەوەی ئەو باشتر شارەزای شارەکە بووە، بۆیە ئۆتۆمۆبێلەکەشی لێ وەردەگرێت و خۆی لێی دەخورێت، لە پاداشتی ئەوەی ئاسانکاریی گەیاندنی بۆ کردووە، پیاوەکە بیست دۆلاری دەداتێ، بەڵام ئەو بەئاسانی دەستبەرداری ئەو ژنە نازدارە نابێت، لە جیاتیی ئەوەی بە پاسێک بگەڕێتەوە شوێنەکەی خۆی رێک دەکەون لەسەر ئەوەی شەوە بەرامبەر پارەیەکی باش لەگەڵ ئەو، لە ژوورێکی نازداری هوتێلە ناودارەکە بمێنێتەوە، دیارە کەوا ژنەکەش جوان بووە و

پۆشاکی بەری و سینگی رووتی سەرنجی هەموو کارمەندەکانی هوتێلەکە رادەکێشێت.

(ئیدوارد)ی پیاوە دەوڵەمەندەکە ئەگەرچی ژنە سۆزانییە نازدارەکەی لەگەڵدا بوو، بەڵام زۆربەی کاتەکانی بە پێوەندییە تەلەفۆنییەکان و سەیرکردنی ڕاپۆرتە تایبەتییەکان پڕۆژەکانی سەرقاڵ بوو، ژنەکەش بۆ کات بەسەربردن سەیری بەرنامە کۆمیدییەکانی تەلەفزیۆنی دەکرد، کەم کەمیش قسەی خۆش و سۆزداریشیان کردووە. بەیانییەکەی ئیدوارد، داوا لە ڤیڤیان دەکات، ئەگەر ئەو ماوەی هەفتەیەک لەگەڵیدا بمێنێتەوە، لە هەموو بۆنە و سەردان و شەوچەرەکانی لەگەڵیدا بێت چەندی پارە دەوێت، ژنەکە داوای سێ هەزار دۆلار دەکات، دیارە ناز و جوانییەکەی بە چاوی ئیدوارد زۆرتری دەهێنا، بۆیە نەک پارەکەی پێ ئاسایی بوو، ئازادی دەکات کارتی بانکەکەی خۆشی بۆ مەسروفاتی رۆژانەی خۆی و خۆگۆڕین لە کاتی پێویست بەکار بهێنێت، لە دەرهێنانی پارەش لە بانک دەستکراوەش بێت.

ژنەکە تا باش خۆی برازێنێتەوە و کەرەستە و جوانکارییەکانی ساز بکات، دەچێتە بوتیکە گەورەکانی نزیک هوتێلەکە، ئەو شوێنەی زۆربەی خەڵکە دەوڵەمەندەکان بازاڕی تێدا دەکەن، لەبەرئەوەی ژنەکە سینگ و مەمکی زۆر بە دەرەوە دەبێت، بۆیەش یەکێک لە فرۆشیارەکانی ناو بوتیکێکیان بە چاوی بێرێزییەوە سەیری دەکات و بێزی لێ دەکاتەوە، کۆشش دەکات لە بوتیکەکەیان دەریشی بکات.

لەو بوتیکەدا ڕووبەڕووی بەرێوەبەری هوتێلەکە دەبێتەوە، کەمێک بەیەکەوە لەناو بازاڕەکاندا پیاسەیەک دەکەن، پیاوەکە فێری جۆران ئەتەکێتی رازاندنەوە و هەڵسوکەوتی دەکات، چەندان مۆدێلی سازی پۆشاکی فێر دەکات، لەو کاتەی بەیەکەوە بوون، پیاوەکە تێ گەیشت ئەو ژنە زۆر لە هەڵسوکەوتی سەرخوان و دانیشتن و خواردن شارەزا نییە، بۆیە توانی بەشێک لە شێوازەکانی باوی رۆژانەی فێر بکات. کە دەگەڕێتەوە هوتێل ئیدوارد سەرقاڵی کار و بەرنامەکانی خۆی بوو، بەڵام پاشان هەست دەکات دۆستە مێوانەکەی زۆر شتی نوێ فێر بووە، جلوبەرگی گۆڕاوە، شێوەی مکیاج و خۆڕازاندنەوەکانی نوێکاریی بەسەردا هاتووە، بەڵام هێشتا ئەو خەریکی کارەکانی خۆی بوو.

بەیانییەکەی ژنەکە باسی سەردانی بوتیکەکانی بۆ دەکات، ئەویش دەستی دەگرێت و دەیباتە ناو فرۆشگەکان تا هەموو پێویستییەکانی بکڕێت، ئەوانەی دوێنیی بە چاوی سووک سەیریان کردبوو، لەگەڵ ئەو پیاوە دەوڵەمەندە بەچاوێکی ترەوە سەیری دەکەن، داوای لێبووردنیشی لێ دەکەن، چونکە بە شێوە و رەفتاریش ژنەکەی دوێنێ نەبوو.

لەبەرئەوەی گۆڕەپانی یاریی پولو شوێن و دیمانەی پیاوانی خاوەنکار و بزنسمانەکان بوو، بۆیە کە ئیدوارد دەچێتە ئەوێندەرێ ڤیڤیانیش لەگەڵ خۆیدا دەبات، ژنەکە کە منداڵێکی خاوەن کۆمپانیایەک دەدوێنێت فیلیپی پارێزەری ئیدوارد دەگاتە لایان، ئەو گومان لە مانەوەی ئەو ژنە لەگەڵ بەرپرسەکەی دەکات، بۆیە ئەو بە ئیدوارد دەڵێت، رەنگە ئەو ژنە جاسووسی لایەنێک بێت،

بەڵام ئیدوارد راستیی رووداوەکە و دیتنی بەرێککەوتی بۆ دەگێڕێتەوە، بەڵام پارێزەرەکە هەر بە چاوێکی سووکەوە سەیری ژنەکە دەکات، کە دەزانێت پارێزەرەکە گومانی لێ کردووە و بە چاوی بەدکار سەیری کردووە بەتوورەییەوە دەگەڕێتەوە هوتێلەکەیان، بەڵام ئیدوارد دڵی دەداتەوە و بەبیری دەهێنێتەوە ئەو سێ هەزار دۆلار وەردەگرێت و بەڵێنیان هەبووە.

بەیانییەکەی سواری باڵەفڕە تایبەتییەکەیان دەبن، بەیەکەوە بۆ ئامادەبوونیان لە ئۆپرایەک دەچنە سان فرانسیسکۆ، ژنەکە لە خۆشیی گەشتەکە و سەردانە جوانەکەی ئۆپراکە زۆر سەرسام دەبێت، بۆیە لە کۆتاییی دەرچوونەکەیاندا بە سینگێکی کراوە و بەهەناسەیەکی گەشەوە بە ئیدوارد دەڵێت:

گەشتەکەمان زۆر تایبەتی و نایاب بوو، زۆر دڵم خۆشە.

لە رۆژانی پشوودانەکەی ئیدوارد لە ژووری نووستنەکەیاندا خەریکی یاریی شەترەنج دەبن، لەوێ ژنەکە بەرگە ناگرێت و یەک بەهەناسە و پڕ بە سینگییەوە بە پیاوەکە دەڵێت:

ئیدوارد من تۆم خۆشویست، بەڕاستی من تۆم خۆش دەوێت.!

هەردووکیان خەریکی خواردنی نانی بەیانی بوون، ئیدوارد بە فیفیان دەڵێت تا دیمانەمان ئاسان و بەردەوام بێت و هەردەمێک حەزمان لە سۆز و رابواردن بوو، من ئامادەم شوقەیەکت لە نزیک خۆمەوە بۆ بەکرێ بگرم، بەڵام ژنەکە بەتوورەییەوە دەڵێت:

من تۆم بە شوقەی باش و ژیانی خۆش نەویستووە، من تۆم خۆش ویستووە.

لەو بەیانییەدا هەردووکیان نەیانتوانی مەسەلەکەیان یەکلا بکەنەوە، لەو دەمانە (کیت) ی دەستەخوشکی، کە بەیەکەوە کاری لەشفرۆشی دەکەن و بەیەکەوەش لە شوقەیەک دەژین، لە ناکاو دەگاتە لایان، لەوێ فیفیان دڵی خۆی بۆ دەکاتەوە و ئەویش تێ دەگات کەوا دەستەخوشکەکەی کەوتووەتە داوی دڵداری و شەیدای ئەو پیاوە بووە.

لەگەڵ شەوانی ژووانە جوانەکاندا، ئیدوارد سەرگەرمی کۆنتراکت و بەرنامەی کڕینی کۆمپانیاکەش بوو، بەڵام لەو ڕەوشەدا بڕیار دەدات کۆمپانیاکە نەکڕێت و دەستی خاوەنە قەرزارەکەی بگرێت تا خۆی بگرێتەوە، چونکە ئەزموونەکەی لەگەڵ ژنەکە دڵی نەرمتر دەکات و هەست دەکات مامەڵەی دەگۆڕێت و کۆشش دەکات ژیان و کارکردن و رابواردن بەیەکەوە گرێ بداتەوە، بیریش لەوە دەکاتەوە پێویستە ماوە ماوە لەسەر مەیدانی کارکردن و جووڵانەوەی زۆری، کەم بکاتەوە و دەمێکی زۆریش خەریکی جوانییەکانی ژیان بێت، دیارە کە جاران بە چەندان شێوە لەچەشەکانی ژیان دوور بووە.

پارێزەرەکەی ئیدوارد بە پەشیمانبوونەوەی خاوەن کارەکەی لە کڕینی کۆمپانیاکە، فیفیان تاوانبار دەکات، بۆیەش توورەیی زۆری لەگەڵ دەنوێنێ، تا لەو مەیدانەی خۆیان دووری بخاتەوە، پارێزەرەکە دەست بۆ ژنەکە درێژ دەکات و دەیەوێت سێکسیی لەگەڵ بکات، لەو دەمانە ئیدوارد

دەگاتە سەریان و پیاوەکەی لێ دوور دەخاتەوە، دڵی دۆستەکەی دەداتەوە و پێی دەڵێت، من ئامادەم هەموو ئاسانکارییەکانی ژیانت بۆ بکەم، داواش دەکات تووڕە نەبێت، بەڵام ژنە تۆراوەکە، دڵی ئاشت نابێتەوە و دەگەڕێتەوە لای دەستەخوشکەکەی لە کۆنە شوقەکەیان و بڕیار دەدات ژیانێکی نوێ دەست پێ بکاتەوە و روو لە خوێندن بکات، بۆ ئەو مەبەستەش سەفەری سان فرانسیسکۆ بکات، بەو هیوایەی خوێندنەکەی تەواو بکات و بە هیوا و بەرنامەیەکی تر روو لە ژیان بکاتەوە.

بە رۆیشتنی فیفیان ئیدوارد هەست دەکات زامدار بووە، بۆیە لەگەڵ شوفێرەکەی بە شوێنیدا دەچێت و لە قاڵدرمەیەکی رکی ئاسنی دەرەوە، وەک نیشاندانی سۆزی گەرمی خۆشەویستی بەرەو پەنجەرەی ژنەکە بەسەر دیوارەکە سەردەکەوێت، لەبەرئەوەی هەردوو دەستی گیرابوو، بۆیەش گوڵێکی سووری بە ددانەکانی دەگرێت تا لەبەر پەنجەرەکە و لە ئاسمانەوە گوڵەکە لەناو شوقەکەی خۆی پێشکێش بە فیفیان بکات، لەو دەمانە ئیدوارد حیکایەتی پیاوە سوارەکەی سەرپشتی ئەسپە سپییەکەی بەبیر دێتەوە، بە کۆشش و مەترسییەکی زۆرەوە ئیدوارد دەگاتە بەرپەنجەرەکە، لەگەڵ پێشکێشکردنی گوڵە سوورەکە بەسۆزەوە ماچی دەمی فیفیان دەکات.

***

فیلمی ژنە جوانەکە لە ساڵی ١٩٩٠ چوار خەڵاتی ئۆسکاری بەرکەوتووە، وەک باشترین ژنە ئەکتەر (ژوولیا روبرتس) و باشترین ئەکتەری پیاو (ریتشارد گیر) و کارەکتەری پارێزەرەکەش (هیکتۆر ئالیزوندوش)خەڵاتی باشترین پاڵەوانی یاریدەر وەردەگرێت.

رووداو و رۆژانەی فیلمەکە زۆر لە رووداوی یەکێک لە چیرۆکەکانی جۆرج برناردشۆ، کە هەمان ناوی هەیە دەچێت، هەروەها لەگەڵ شاکارە موزیکییەکەی شانۆکەی برودوای ژنە جوانەکە، کە لە هۆلیوود بەرهەم هاتبوو نزیک بوو، ئەویش هەمان ناوی هەبوو.

فیلمی ژنە جوانەکە کێشە و ئاستەنگی زۆری دەهاتە پێش، کۆسپەکان ئەوەندە زۆر بوون لە ژماردن و باسکردن نایەن، سەرەتا دەرهێنەرەکەی داوا لە ئەکتەر کریستۆفەر ریف دەکات، کارەکتەری سەرەکیی ئەو فیلمە وەربگرێت، بەڵام ئەو قبوڵی ناکا، ئال باشینو سەرەتا سیناریۆکە دەخوێنێتەوە و بە کارەکتەرەکەی رازی دەبێت، چەند کرتەیەکیش لە وێنەگرتنی فیلمەکە بەشداری دەکات، پاشان لە بەشداریکردنەکە پەشیمان دەبێتەوە، سەبارەت بە کارەکتەری ژنەکەش، چەندان ژنە ئەکتەر رۆڵەکەیان قبووڵ نەکردبوو، کە ژمارەیان گەیشتبووە دە ژنە ئەکتەر. سەرەتا پێشنیازەکەیان ئاراستەی کارین ئالین کردبوو، پاشان مولی رینگوولد و فیونا و جینیفر کونیللی و میگ رایان و ماری ستینبورجن و میشیل فایفر و داریل هانا و ڤالیریا کولینۆ و جینفر جیسون، هەموو قبووڵی ئەوەیان نەبوو رۆڵی ژنێکی سۆزانی ببینن، کە بە دوای راوکردنی پیاوان لە شەقامەکاندا بسوورێتەوە، لە کۆتاییدا ژوولیا روبرتس رۆڵەکە وەردەگرێت، بەوەش زۆر دەناسرێت و دەبێتە ئەستێرەیەکی پرشنگداری سینەما.

لەو فیلمەدا چەندان رووداو و پێشهاتی سەیر رووی داوە، لەوانە دوو لە گەورە بەرهەمهێنەرانی

ئۆتۆمۆبێلی جیهان (بورش و فیراری) قبووڵیان نەبووە، مارکەی ئۆتۆمۆبێلەکانیان لەو فیلمە بەکار بێت و ژنێکی لەشـفـرۆش بەکـاری بهـێنێ، ئەوان وایان دەزانی ئەوەیان ناوبانگی مـارکـەی ئۆتۆمۆبێلەکانیان لەکەدار دەکات. تا لە کۆتا مارکەی لۆتس کاری بەریتانیایی بەوەیان رازی بووە، پاش نیشاندانی فیلمەکە و دەرکەوتنی ئۆتۆمۆبێلەکەیان لەو فیلمەدا فرۆشی ئۆتۆمۆبێلەکەیان پاش ساڵی ١٩٩٠ سێ جار زیادی کردووە، ئەوەش پێچەوانەی بۆچوونی مارکەکانی تری ئۆتۆمۆبێل بوو، کە وایان دەزانی دەرکەوتنی مارکەکەیان لەو فیلمە فرۆشتنی کەم دەکاتەوە.

## فیلمی ژوورێک دەڕوانێتە سەر دیمەنێکی جوان

بەشێکی ئەو فیلمە باس لە کیژۆڵەیەکی بەریتانیایی لە چینی ئورستقراتی بە ناوی (لوسی هانیتشیرش)، کە گەیشتوتە شاری فلۆرەنسای ئیتاڵیایی بۆ بەسەربردنی پشووەکەی دەکات، لەبەرئەوەی کیژەکە دەوڵەمەند بووە، بۆیەش لەو گەشتەدا پوورێکی بە تەمەنی خۆی وەک بەردەست و هاوکار بە ناوی (شارلۆت بارتلی) لەگەڵدا بووە، لەوێ و لەو هوتێلە کیژەکە هەست بەناڕەحەتی دەکات، هەست دەکات ژوورەکەی دڵی توند دەکات، چونکە بەپێی بەڵێن و داوای ژوورگرتنەکە بڕیار بوو ژوورەکەیان بڕوانێتە سەر رووباری (ئارنوو)، نەک ئەو ژوورەی دەڕوانێتە سەر گۆڕەپانێکی مردووی ساردوسڕ.

لەو دەمانەی پووری کیژەکە لە پێشوازیی هوتێلەکە مشتومڕ لەسەر هەڵکەوتەی ژوورەکە دەکات، پیاوێکی بەریتانیایی بە ناوی (ئیمرسۆن) بۆ ساردکردنەوەی تووڕەبوونەکە و جێبەجێکردنی داواکاریی کیژ و ژنەکە، پێشنیاز دەکات ژوورەکەی خۆی و کوڕەکەی کە دەڕوانێتە سەر رووبارەکە لەگەڵ دوو ژوورەکەی ئەوان بگۆڕێتەوە، بەڵام ژنەکە بێ رەزامەندیی کیژەکە ئەوە قبووڵ ناکات، چونکە وا دەزانێت ئەو پیاوە کە کوڕێکی گەنجی لەگەڵدایە مەبەستێکی لەو پێشنیازەدا هەیە، دەیەوێ بەو پیاوەتییە قازانجێک بکات، ئەوەش رەنگە بۆ برازای ژنەکە باش نەکەوێتەوە، لەو دەمانە قەشەیەک کە ئەویش لەو هوتێلە دابەزیبوو، مەسەلەکە سارد دەکاتەوە ژنەکە دڵنیا دەکاتەوە کەوا، ئەو پیاوە هیچ مەبەستی نییە، تەنیا دەیەوێ داواکەی برازاکەی جێبەجێ بێت و بەس، بۆیەش ژنەکە پێشنیازی پیاوەکە قبووڵ دەکات و ژوورەکان دەگۆڕنەوە.

بۆ بەیانی کیژەکە بۆ دیتنی شارەکە و پیاسەیەک دەچێتە دەرەوە، لەو دەرچوونەدا ژنێکی نووسەر و رۆماننووس بە ناوی (ئەلیانوور لافیش) کە ئەویش لە هوتێلەکە دابەزیبوو هاوشانی دەکات، چونکە ئەو زووتر و زۆریش سەردانی ئەو شارە جوانەی کردبوو، شارەزای شوێنە جوانەکان و دیمەنە سەرنجراکێشەکان بوو، هەموو شەقامەکانی دەناسی. لەناو قەرەباڵغیی شارەکە، ئەو دوو هاوڕێیە لە یەکتر ون دەبن، هەرچەند کیژە بەگزادەکە دەگەڕێت هاوڕێیە ژنەکەی نادۆزێتەوە، لەو دەمانە و بەڕێککەوت ئەو پیاوەی ژوورەکانیان لە هوتێل لەگەڵ دەگۆڕێتەوە لەگەڵ کوڕەکەی رووبەڕوو دەبێتەوە، بۆیەش بەیەکەوە پیاسەیەک دەکەن، کیژەکە هەست دەکات کوڕ و

باوکەکە زۆر سەیرن، ئاکار و ڕەفتاریان ئاسایی نییە، هەموو جووڵە و قسەکانیان دوورە لە نەریتە باوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، لەگەڵ ئەوەش کیژەکە هەست بە ئارامی و دڵخۆشیش دەکات، دەبینێت باوک و کوڕەکە ناسک و بەڕێزن، بۆیەش لە ڕۆژانی داهاتووش دیمانە و سەردانەکانیان گەرم و بەجۆش دەبێت.

ڕۆژێکیان لوسی شوێنەواری تاوانێک لەو شارە دەبینێ، لە ترساندا دەبووڕێتەوە، کە لە ناوچەی ڕوودانی تاوانەکەش جۆرجی هوتێلەکەیان دەبینێت، ئەو بەتەنگاوی پەنای دەباتە بەر و داوای لێ دەکات، ژمارەیەک لەو وێنانەی لەناو کامێراکەیەتی فیلمەکانی بۆ بشواتەوە، کە وێنەکان دەشواتەوە لە یەکێک لە وێنەکان پاشماوەی خوێن لەسەر جلی کیژەکە دیار دەکەوێت، لە ترسی ئەوەی نەوەک کوشتنەکە بکەوێتە ئەستۆی ئەو، کیژەکە بە پەلە وێنەکانی فڕێ دەداتە ناو ڕووبارەکە، بەوەش خۆی لە مەسەلەی لێکۆڵینەوە دوور دەگرێت، بەیەکەوە لەگەڵ کوڕەکە سەیری وێنەکانی سەر ئاوەکەی ناو ڕووبارەکە دەکەن، لەو دەمانە کوڕەکە وەک گەنجێکی کاڵفامی بێ هەست باس لەو پتکە خوێنانەی سەر جلی کیژەکە دەکات، بەڵام ئەوەشی پێ خۆش بوو دەمەتەقێی ڕۆمانسی بەیەکەوە بکەن.

کە کیژەکە دەگەڕێتەوە هوتێلەکەیان، بیر لەوە دەکاتەوە، پێوەندییەکانی لەگەڵ جۆرجی کوڕە گەنجەکەی ناو هوتێلەکە ببڕێت، ئەوەش لەبەر دوو هۆکار بووە، یەکەمیان کە زۆر گرینگ بووە، ئەو هەستی بە گومان و ڕاڕاییەک کردووە بەرامبەر ئەو کوڕە، دووەمیشیان نەیدەویست پووری تووڕە بکات، چونکە ئەو وەک بەردەستێک و چاودێرێک لەو سەفەرە لەگەڵیدا هاتبوو. پووری کیژەکە زۆر بە دیتنی باوک و کوڕە سەیرەکە ناڕەحەت دەبوو، بۆیە بە هیچ شێوەیەک حەزی نەدەکرد کیژەکە هاتوچۆیان بکات، ئەوەش مەسەلەکە ئاڵۆزتر و ڕقەکەی زیاتر دەکا، کە قەشەیەک بە ناوی بەڕێز ئایگر دەگاتە هوتێلەکە و دەزانێت وەک دەڵێن و خواش شاهیدی ئەو تاوانەیە، گوایە باوکی کوڕەکە هاوسەرەکەی خۆی کوشتبوو.

مێوانەکانی هوتێلەکە لە ڕۆژی کۆتایی هەفتەکە، بۆ بەشداریکردنیان لە ئاهەنگێک، دەچنە گوندێکی نزیکی خۆیان، نەفەرەکان قبووڵی ئەوە دەکەن ژنێک گوایە خوشکی شوفێرەکەیە لەگەڵیاندا سوار بێت، بەڵام دوایی خەڵکەکە هەستیان کردبوو، کەوا شوفێرەکە ژنەکەی ماچ کردووە، بۆیەش دەردەکەوێت ژنەکەی خوشکی شوفێرەکە نەبوو، قەشەکە پاسەکە ڕادەگرێت و ژنەکە ناچار دەکات لە پاسەکە دابەزێت، لەو دەمانە باوکی کوڕەکە ئایمرسۆن لەگەڵ قەشەکە، لەسەر هێنانە خوارەوەی ژنەکە دەبێتە دەنگەدەنگیان، کە ژنەکە دانابەزێت هەموو لایەک هەست دەکەن قەشەکە قسەکەی بۆ ناچێتە سەر، دوو دڵدارەکە واتە ژنەکە و شوفێرەکە لەیەک جیا ناکرێنەوە.

لە گوندەکە کیژەکە بە زمانێکی ئیتاڵیایی خراپی شکاو، بە شۆفێرەکە دەڵێت، من دەمەوێ بچمە سەردانی قەشەکە، دیارە کەوا شۆفێرەکە لە قسەکانی کیژەکە ناگات، دەستی کیژەکە دەگرێت و دەیباتە لای جۆرج، کوڕە گەنجەکەی ناو هوتێلەکە، ئەو لەسەر کەناری دەریاکە و لەناو گوڵ و

گوڵراز پیاسەی دەکرد، کە کیژەکە دەبینێت دەستی دەگرێت و ماچی دەکات و لە کاتی راموسانەکاندا پووری بەسەریاندا دادێت، بە دیتنی ئەو دیمەنە زۆر توورە دەبێت، کیژەکەش تا دڵی پوورەکەی ئاشت بکاتەوە، لەوێ بەڵێن بەو دەدات چیی تر ئەو ئیشانە نەکات، لە قسەکانی دەرنەچێت، زۆریش لە پووری دەپاڕێتەوە ئەو مەسەلەیە بۆ دایکی نەگێڕێتەوە و دان بە هەڵەکەشی دادەنێت، دیارە ئەوە بۆ پووریشی خراپ بوو، چونکە دایکی کیژەکەی رادەستی ئەو کرد بوو، بەڵێنی وەرگرتبوو، لەو سەفەرەدا زۆر ئاگەداری بێت و جوان چاودێریی هەڵسوکەوتەکانی بکات. بەیانییەکەی کیژەکە بەبێ ئەوەی ماڵئاوایش لە کوڕەکە بکات لەگەڵ پووری بەرەو رۆما بەڕێدەکەون.

***

لە رۆماش کیژەکە لەگەڵ کوڕە دەوڵەمەندێک بە ناوی (سیسیل فایس) یەکتری دەدۆزنەوە، کە زووتر ناسیارییان هەبووە، لە سەردانەکانیان بۆ ئیتاڵیا دیمانەیان بووە و بەیەکەوە سەماشیان کردبوو، لەو ئاهەنگانەشدا دووجاریش کوڕە داوای خوازبێنیی کیژەکەی کردبوو، کە دەگەڕێنەوە بەریتانیا بۆ جاری سێیەم داوای دەکاتەوە. ئەگەرچی کیژەکە کوڕەکەی بە کەسێکی لووتبەرز و رۆحگەورە دەناسی، زۆریش رەخنە و بۆچوونی نارەوا و نارێکی لەسەر نەریتە کۆمەڵایەتییەکانیش دەگرێت، بەڵام کیژەکە داواکەی قبوڵ دەکات. بۆیەش لەسەر ئەو بەڵێنە و بۆ زۆرتر یەکترناسین، هەردووکیان چەند رۆژێک بەیەکەوە لە رۆما دەمێننەوە و پاشان لوسی دەگەڕێتەوە دەڤەری سورای بەریتانیایی و ناو بنەماڵەکەی.

پاش تێپەڕبوونی ماوەیەکی کورت بەسەر گەشتەکەی لوسی و پوورەکەی بۆ ئیتاڵیا، بەڕێز بیب کە قەشەی شارۆکەکەیان بوو بە دانیشتوانەکەی رادەگەیێنێت، کەوا لەو رۆژانە دوو مێوان روو لەو شارۆکەیە دەکەین، ئەوانیش ئایمرسۆن و جۆرجی کوڕیەتی، لەوێ بۆ ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانیان لەگەڵ سیسیل کە مێوانداریی کردوون خانوویەکیان بەکرێ گرتووە، کە مێوانەکان لەو خانووە دادەنیشن لەگەڵ خاوەن خانووەکە لەسەر ئەوەی ئەو کەسێکی دواکەوتوو و کەللەڕەقە، بەردەوام دەنگەدەنگیان هاتووە، بەردەوام ناکۆک دەبن، ئەوانەش لەگەڵ براکەی لوسی کە ناوی فریدی بووە، بەڕێککەوت دەبنە هاوڕێ و هاموشۆی یەکتری دەکەن، لە رۆژی کۆتاییی هەفتەش فریدی هەردووکیان لە گۆڕەپانی تێنس بۆ یاری و مەشقکردن داوەت دەکات، دیارە کەوا سیسیلی دەستگیرانی لوسیش لەو یارییە و لەو داوەتەدا ئاگەدار و بەشدار دەبێت، بەوەش لوسی تووشی شۆک و سەرسام دەبێت، کە دەبینێت لە گۆڕەپانەکەدا دوو کوڕ ئامادەن، یەکێکیان کۆنەدۆست و هاوڕێیەتی، دووەمیشیان دەستگیرانیەتی، بۆیەش بڕیار دەدات لەگەڵ ئەو پێشهاتە، زۆر زیرەکانە و هێمنانە هەڵسوکەوت بکات و بەهیچ شێوەیەک خۆی سەخڵەت نەکات و زەوق و رەوشی هەموولایەک نارەحەت نەکات.

پێش ئەوەی یارییەکان دەست پێ بکات و مێوانەکان بەیەکەوە لەسەر یەک خوان کۆ دەبنەوە،

جۆرج دڵی بۆ کۆنەدۆستەکەی لێ دەدات، بوارێک دەدۆزێتەوە و پێش ماڵئاواییکردن لوسی بە گەرمی لە باوەش دەگرێت و ماچی دەکات. لە کۆتایی دیمانەکەی سیسیل و جۆرج، جۆرج کۆپییەک لە ڕۆمانێکی سۆزداری چاپکراوی نوێیان پێشکێش دەکات، کە کیژەکە چەند بڕگەیەکی لێ دەخوێنێتەوە بەدەربڕینەکەی سەرسام دەبێت، لە ڕۆمانەکەش ئاماژە بەوە دراوە، کەوا کوڕێک لەناو باخچەیەکی پڕ لە گوڵ و گوڵزار کیژێکی ماچ کردووە. لوسی بەوە زۆر تووڕە دەبێت، کە دەزانێت ڕۆمانەکە لەلایەن خاتوو ئالیانور لافیشەوە نووسراوە، ئەو ژنەی لە فلۆرەنسای ئیتاڵیایی لەناو شەقامەکانی پشتەوەی شارە کۆنەکەی سەر ئاوەکە بەیەکەوە پیاسەیان کردووە.

کیژەکە ئەوەی بۆ روون دەبێتەوە کەوا پوورە شارلۆت نهێنیی ماچەکەی بەو ژنە نووسەرە کە گێڕاوەتەوە، بۆیەش زۆر تووڕە دەبێت، بۆیە کیژەکە داوا دەکات پوورەکەی پشتیوانیی لێ بکات لە دەرکردنی جۆرجی میوانیان، هەڕەشەشی لێ دەکات جارێکی تر و بە هیچ بیانوویێک روو لەو ماڵە نەکاتەوە. کوڕەکە ویستبووی کیژەکە لەو تووڕەبوونە هێمن بکاتەوە، بەڵام بێ سوود دەبێ، بۆیە ئەو بە لوسی دەڵێت، سیسیل تۆی خۆش ناوێت، هەرگیز ناتوانێت ئەڤینێکی دڵسۆزانەت نیشان بدات، ئەو تۆی وەک کەرەستەیەکی جوانکاری لەسەر تاقی ژوورەکانی ماڵەوەی یان ئۆفیسەکەی ریز دەکات، بەڵام ئەو بەڕاستی خۆشی دەوێت و نازی دەکێشێت.

ئەگەرچی ئەو قسانە کەمێک سۆزی لوسی دەجووڵێنێت، بەڵام لەسەر دەرکردنەکەی پەشیمان نابێتەوە، ئێوارەکەش لەگەڵ دەستگیرانەکەی ناکۆکییان لەسەر مەسەلەیەکی تری دوور لەو بابەتە دەکەوێتە نێوان، بۆیەش پرۆسەی بەدەستگیرانبوونیان هەڵدەوەشێنەوە. لوسی تا لەو رەوشە نالەبارە کەمێک دوور بکەوێتەوە و مێشکی ئارام بێت، لەگەڵ کیژە دەستەخوشکەکانی کە لە دوا سەردانیان بۆ فلۆرەنسا ئاشنایەتیی لەگەڵدا کردبوون، بڕیاری گەشتێک بەرەو یۆنان دەدات. بەر لە سەفەرکردنی کیژەکە بۆ یۆنان، باوکی کوڕەکە ئایمرسۆن، بە هێمنی قسەی لەگەڵ دەکات، باسی مەسەلەی هەڵوەشاندنەوەی بەدەستگیرانکردنەکە دەکەن، کیژەکە هەموو گرێیەکانی دڵی خۆی بۆ باوکی جۆرج دەکاتەوە، دیارە کەوا بڕوای تەواوی بە پیاوەکە هەبووە، بۆیەش راستییەکانی بۆ دەدرکێنێت، کەوا ئەو کوڕەکەی ئەوی لە یەکەم دیمانەدا خۆش ویستووە، بە دەنگێکی بەرز دەڵێت من جۆرجم خۆش ویستووە، ئیتر چارەنووسی دڵدارییەکە و فیلمەکە، لەو دیمەنە و بەو دیالۆگە کۆتایی دێت.

***

ڕۆمانەکە لە ساڵی ١٩٠٨ لەلایەن ی. م. فۆسترەوە نووسراوە، کە تێیدا هەردوو دڵدار دووبارە لە فلۆرەنسا بەیەک دەگەنەوە و ژیانێکی کامەران و ئارام دەژین، دیارە کەوا دایکی کیژەکە چاوی لەوە بوو کیژەکەی شوو بە کوڕە دەوڵەمەندەکە بکات، واتە سیسیل ببێتە زاوای نەک جۆرج.

پاش پەنجا ساڵ لەو ڕووداوانە نووسەری ڕۆمانەکە لە ساڵی ١٩٥٨ ڕۆمانەکە تەواو دەکات، کە تێیدا چارەنووس و هەواری لوسی و جۆرج لە ڕۆمانەکە دیار نییە و نازانێت پاش کارەساتەکانی

شەڕە جیهانییەکە ئەوان دەگەنە کێندەرێ، بەڵام لە ڕۆمانەکەدا نووسراوە کەوا ئەو دوو هاوسەرە ژیانێکی خۆشیان هەبووە، کوڕێک و دوو کچیان بووە، پوورە شارلۆتیش بەر لە مردنەکەی، وەسیەت دەکات سامانەکەی خۆی بۆ ئەوان بێت. دیارە کەوا شەڕی یەکەمی جیهان شادومانییەکەی ئەو خێزانە جوانە دەشێوێنێ، جۆرج دەبێتە کەسێکی نەیاری دەسەڵات و دژی بەرنامە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی حکوومەت بووە، بۆیەش لەسەر کارەکەی دەردەکرێت، پاشان دەگیرێت، ئەو خەمە گەورەش دەبێتە هۆی مردنی دایکی ژنەکە، چونکە دایکێکە بە نارەحەتییەکانی کیژە تاقانەکەی خەفەتبار دەبێت و دەمرێت. باوکی کوڕەکەش لە ئاکامی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پۆلیس کە هاتبوون لوسی بە تاوانی شکایەتی هاوسێیەکانیان بگرن، چونکە بەردەوام پیانۆ دەژەنێت و ماڵەکانی بەو دەنگە هەراسان کردووە، بۆیەش باوکی جۆرج لە داخاندا دەمرێت. ئەوەیە ئاکامی ڕەشی شەڕەکە کە قوربانیی زۆری گیانی و سەرمایەی لێ کەوتەوە و خەڵکەکە زیانی زۆریان بەرکەوتووە. کە لوسی دەزانێت دایکی دەمرێت دەیەوێت بگەڕێتەوە ماڵەکەی خۆیان تا لەوێ بژیت، بەڵام کە دەچێت دەبینێت فریدی برای خانووەکەی فرۆشتووە چونکە دەسکەوتی پارە و مووچەی دوکتۆرییەکەی بەشی نەکردووە.

کە شەڕی جیهانیی دووەم ڕوویداوە، جۆرج پێوەندیی بە ریزەکانی سوپاوە دەکات و تێیدا لە شەڕەکانی دژ بە نازییەت و ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ هێزەکانی هیتلەر ئازایەتی دەنوێنێت. کە پیاوەکە لە بەرەکانی شەڕ دەبێت ژنەکە زۆر داماو دەژیت، چونکە خانووەکەیان بەر بۆردمانی نازییەکان دەکەوێت و خاپوور دەبێت، بۆیە ژنەکە بێ نەوا دەژیت. جۆرج لەناو ریزەکانی سوپا و بە ڕووی فاشییەکانی ئیتاڵیا ئازایەتیی زۆری لە باکوری ئەفریقیا نواندوە، بۆیەش پلەی زۆر بەرز وەردەگرێت، کە ئیتاڵیا لە شەڕەکە دەدۆڕێت ئەو یەکسەر دەگەڕێتەوە فلۆرەنسا، لەوێ بە دیتنی کەلاوەی کۆنە هوتێلەکەی کە لەگەڵ لوسی ژووانیان بوو دڵتەنگ دەبێت، بەتایبەتی ئەو ژوورەی ئەوانی تێدا ژیابوون هیچ شوێنەوارێکی نەمابوو. ڕۆمانەکە بەوە کۆتایی هاتووە کەوا جۆرج و لوسی چاوەڕوانی هەڵگیرسانی شەڕی سێیەمی جیهانییان کردووە، بەو هیوایە هەردووکیان بەو گۆرانە، ڕەنگە ئەو ژن و مێردە دڵسۆزە بەیەک بگەنەوە.

فیلمەکە بەرهەمێکی بەریتانیایی بووە و لە ساڵی ٥٨٩١ لەلایەن دەرهێنەر جیمس ئایڤۆری لە ڕۆمانێک بە هەمان ناو بەرهەم هاتووە، ڕۆمانەکە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٠٨ بڵاو کراوەتەوە، ئەوەی جیاوازیی هەیە، ڕۆمانەکە کۆتاییی وەک فیلمەکە نەبووە، چونکە لە فیلمەدا دوا ساتەکانی ڕووداوەکان بە خۆشی و بە ژیانی کامەرانیی پاڵەوانەکە کۆتاییی هاتووە. هیلینا کارتر کارەکتەری (لوسی)ی وەک کیژێکی ئازادی کراوە گێڕاوە، جولیان ساندس ڕۆڵی جۆرجی دیوە، کە رامان و هەڵسوکەوتەکانی لە نێوان ئازادی و سەربەستی و بۆچوونە نامۆکانی بووە.

# ئەنا لیندی
## سیاسەتوانی سوێدی هۆڤیانە و
## بەناهەق تیرۆر کرا

ئامادەکردنی: شێرزاد هەینی



کە ئەنا لیندی، ئەو ژنە سیاسەتوانە ناودارەی یەکەتیی ئەوروپایی و وەزیری دەرەوەی سوێد و کاندیدی سەرۆکایەتیی وەزیرانی سوێد و سەرۆکی داهاتووی حزبی سۆسیال دیموکرات، پاش بریندار بوونەکەی لەناو سوپەرمارکێتێکی گەورەی سەنتەری ستۆکهۆڵم بەدەستی سوێدییەکی بە ڕەچەڵەک بێگانە بەچەقۆیەکی کاریگەر لە ڕۆژی١٠ی سێپتەمبەری ٢٠٠٣ بە سەختی بریندار دەکرێت، دەگەیەندرێتە نەخۆشخانە بەناوبانگەکەی سوێد کارولینسکا، دوکتۆرەکان ناتوانن لە مردن ڕزگاری بکەن و پاش نەشتەرکارییەکی گەورە بۆ بەیانییەکەی بەو برینەوە دەمرێت، بەڵام لەو ڕۆژانە بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنیی سوێدی جۆر و کۆششی نەشتەرکارییەکە و هەوڵدانی نوژدارە

گەورەکانی ئەو نەخۆشخانەیەی کریکیت کردبوو، ئەو رەخنەیەش دەنگی دایەوە و لیژنەی لێکۆڵینەوەیان ساز کرد بەرەنجام دەرکەوت کەمتەرخەمی لە دوکتۆرەکان نەبووە و بە بەیانێکی رەسمی لەو دەزگایە سکرتیری گشتیی ئەنجوومەنی نەخۆشخانەکە کەسی تاوانبار نەکرد، گومانی بەرنامەکەی (کالا فاکتە)ی تەلەڤزیۆنەکەی بۆ هەموولایەک ڕەواندەوە.

ئەنا لیندی ئەو ژنە سیاستوانە بوو هەموو کۆچبەرە بێگانەکان، موسڵمانە سوێدییەکان بۆی گریان، لە مزگەوتەکان پرسەیان بۆی دانا، ئەنجوومەنی زانا ئاینییەکەی موسڵمان لە خوتبەی هەینی بە گەورەیی ناویان هێنا، نوێژیان لەسەر رۆحی پیرۆزی کرد، دوو هەزار کەس نوێژیان بۆ کرد، چونکە ئەو یەکێک بوو لەوانەی داواکاری مافی کەمینەکان بووە، لەگەڵ مافی مرۆڤ بوو، بەردەوام کۆششی دەکرد بێگانەکان لەناو کۆمەڵگەی سوێدی ئاوێنە بن، پرۆسەی میگراشوون توندوتۆڵ ساز بێت، بەرگریی لە دۆزی فەلەستینییەکانی کردووە، لەگەڵ کوردەکان دۆستایەتیی گەرم بوو، جارێکیان لە باڵەفڕگەی دیاربەکر حکوومەتی تورکیا بواری نەدابوو داببەزێت، چونکە دەیزانی سەفەرەکەی بۆ پشتیوانیی کوردەکان بووە، بەڵام دوایی هەر سەردانی دیاربەکری کردبوو. ئەو زۆر سەردانی مزگەوتەکان و سەنتەرەکانی کۆمەڵەی مەدەنیی بێگانەکانی لەناو سوێد کردووە، لەگەڵ وەزیرەکانی حکوومەتی سوێد بەشداریی لە کردنەوەی مزگەوتە گەورەکەی ستۆکهۆڵم کردبوو، ماوە ماوە تیرۆرکردنی ئەو سەرهەڵدەداتەوە و دۆسیەکەی نوێ دەکەنەوە کەوا کوشتنەکەی ئەو بە دەستی گەنجێکی سربی ڕەچەڵەک و سوێدی ڕەگەزنامە دەستی دەرەکیی تێدا بووە، یان دوکتۆرەکان لە چارەسەرکردنەکەی کەمتەرخەمییان کردووە، بکوژەکەی (میخائیل میخائیلوفیتش) کە ڕەوانەی نەخۆشخانەیەکی دەروونی کراوە. دادگەی پێداچوونەی سڤیا هۆڤرتن سزای بکوژەکەی ئەنا لیندی لە گرتنی هەمیشەیی دەگۆڕێت بە حوکمی کەسانی نەخۆشیی دەروونی، هەر لەو دادگەیەش بڕیاری قەرەبووکردنەوەی هەردوو منداڵەکەی ئەنا لیندی بە پەنجا هەزار کرۆن بۆ هەر یەکێکیان دەبڕێتەوە، ئەوەش بۆ ئەوەیە تا شوێنەوارە دەروونی و ئاڵۆزییەکانی باری تایبەتییان پاش تیرۆرکردنی دایکیان ئارام بکەنەوە. پارێزەی بکوژەکەش بەو بڕیارە دڵخۆش بووە کەوا بڕیارەکە بۆ گیراوەکە پەسند و گونجاوە، زووتریش ئەو وتبووی کەوا گیراوەکە بەرپرسی ڕاستەوخۆیە لەو تاوانە.

ئەنا لیندی لە باوکێکی نیگارکێشی مارکسی چەپگەر و لە دایکێکی مامۆستا لە ساڵی ۱۹٥۷ لەدایک بووە، ناوی تەواوی (ئیڤا ئەنا ماریا لیندی) بووە، ئەویش یەکەم ئەندامی ئەو خێزانە بووە کە کاری سیاسیی لە سوێد کردووە. ئەو لە تەمەنی دوازدە ساڵییەوە بایەخی بە چالاکیی کۆمەڵایەتی و سەندیکایی داوە، پاشان ڕووی لە سیاسەت کردووە، بەردەوام پرسیاری زۆری لە باوکی کردووە و باسی هەموو لایەنە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی لەگەڵ کردووە، ئەویش بەپێی توانا و زانیارییەکانی خۆی وەڵامی داوەتەوە، دیارە مەبەستی وەرگرتن و پەیداکردنی زۆرترین زانیاری و ئاگەداری بووە. ئەو هەر لەو تەمەنەوە دەبێتە بەرپرسی لیژنەی خوێندکاران لە



قوتابخانەکەی، لە تەمەنی سێزدە ساڵییەوە دەبێتە ئەندامی سەرکردایەتیی لاوانی سۆسیال دیموکراتەکان، بەشداریی ئەو ڕێپێوانەی کردووە کە حزبەکەیان بە سەرپەرشتی سەرۆکی حزبەکە و سەرۆکی پێشووی وەزیران (ئۆلف پاڵمە) دژ بە شەڕی ڤێتنام و هێرشی ئەمەریکاییەکان لەو وڵاتە، ئەو لە تەمەنی نۆزدە ساڵییەوە دەبێتە ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانیی شارەکەیان ئێنشۆپینگ. لە ساڵی ١٩٨٢ خوێندنی یاسا لە زانکۆ تەواو دەکات و لە دادگە کار دەکات، هەمان ساڵ و لە تەمەنی بیست و دوو ساڵیدا ئەو کیژە گەنجە دەگاتە پەرلەمانی سوێد و ماوەی شەش ساڵ وەک ئەندام پەرلەمان دەمێنێتەوە و دەبێتە بەرپرسی یەکەتیی گەنجانی سۆسیال دیموکراتەکان.

ئەنا لیندی وەک ژنێکی چالاک و داکۆکیکەر لە بەرگریکردن لە سەلامەتیی ژینگە دەناسرێت، هەرگیز دوودڵ نەبوو لە دژایەتیکردنی ئەو دەزگا و کۆمپانیایەی زیانیان بە ژینگە دەگەیاند، بۆیەش سوێدییەکان سەرسام نەبوون کە سەرۆک وەزیران (ئەنگار کارلسۆن) لە ساڵی ١٩٩٤ ئەو ژنە دەکاتە وەزیری ژینگە. کە سەرۆک وەزیرانی سوێد لەسەر لیستی حزبەکەیان دەگۆڕێت، ئەوجارە (یۆران پارشوون) پۆستی وەزارەتی دەرەوە لە ساڵی ١٩٩٨ دەداتە ئەو ژنە، لەو رۆژەوە ئەو دەبێتە بەرگریکەر لەلایەنە سیاسییەکانی دەرەوە و ئەمنییەکان و مافەکانی مرۆڤ و دابینکردنی مافی تاکی سوێدی و لە هەموو وڵاتانی جیهان و نوێنەرایەتیی باڵای میللەت و وڵاتەکەی دەکات. ئەو لەناو پیاوە فۆرم و پۆشاک دیارەکانی ساڵۆنەکانی سەنتەری یەکەتیی ئەوروپایی لە برۆکسل وەک ژنێک پێگەی خۆی دەچەسپێنێت. هەمولایەک ڕێزی تایبەتی دەگرن و دەبێتە کەسایەتییەکی خۆشەویستی ئەوروپایی. لەگەڵ بەرنامە چڕوپڕەکانی حکوومەت و حزب ئەو

ژنە لەگەڵ مێردەکەی (بوو هولبری) کە سەرۆکی لێژنەی نیابی شارێکی ڕۆئاوای وڵاتی دەکرد، بەیەکـەوە بەرنامـەیان هەبوو بۆ خـاوێنکردنەوەی مـاڵەکـەیان، بۆ چاودێریی منداڵەکـان و بەشداریکردنیان لە چالاکییەکانی ئەوان و رازیکردنی پێداویستییەکانیان و شووشتنی جلوبەرگ و ناوماڵەکەیان.

لە دوا نامەکەی بۆ دایکە کۆچکردووەکەی دیڤیدی کوڕە گەورەکەی کە تەمەنی سێزدە ساڵان بووە، نووسیبوی:

من باشـترین و دڵسـۆزترین دایکم لە جیـهـان لەدەست دا، ئەوەی زۆر گـرینگە من لەبەر ڕۆشناییەکانی دایکم کار و چالاکییەکانی داهاتووم ئەنجام بدەم و لە ئامۆژگارییەکانی دەرنەچم هەرگیزیش بیر لە تۆڵەکردنەوەی دایکم ناکەمەوە، کۆشش دەکەم لەگەڵ منداڵ و نەوەکانم ئاسوودە و کامەران بژین، بیرش لەوە دەکەمەوە هەردەم دایکم شانازی بە کارەکانمەوە بکات، رەنگە لە ئاسمان یان لە شوێنێکی تر دووبارە لەگەڵ دایکم بەیەکتری بگەینەوە، بەڵام بیریش لەوە دەکەمەوە بۆ خۆم و بە ئارەزووی خۆم بژیم، وەک چۆن دایکم پێی خۆش بوو، ئەوەی دایکم ئاسوودە دەکات.

کوڕە گچکە تەمەن نۆ ساڵییەکەشی نامەیەک بۆ دایکی دەنووسێت، نامەکەش لەناو تابووتەکە دادەنێت، قبووڵ ناکات کەس نامەکە بخوێنێتەوە، ئەو وتبووی:

من نامەکەم بۆ ئەو نووسیوە، بۆیە نامەوێ دەقی نامەکەم لە میدیاکان بڵاو بکرێتەوە.

مێردەکەی بە لەدەستدانی هاوسەرەکەی وتبووی:

من (ئەنا)م لەدەست دا، ئەو لەو جیهانە گچکەی خۆمان و لە جیهانە رەسمییە گەورەکەی جیهانیش ئەومان لەدەست دا، ئەوەیان خەمی گەورەی منە، هەرگیز بڕوا ناکەم کەوا من و هەردوو کوڕەکەم بەبێ ئەنا بژین، سوێد و ئەوروپا ئەو ژنە چالاکەی لەدەست دا، شوێنی ئەو لە بواری سیاسەتدا پڕ نابێتەوە، وەک کەسە نزیکەکانی ئەو دەڵێن ئەنا لیندی تەنیا کەسێکی سیاسی و چاکـساز و پێناوی وڵات و پێـوەندییـە ناکـۆکـەکـان نەبوو، ئەو هەتا دوورترین مـەودا لەگـەڵ ئاوێتەبوونی کولتووری و دیپلۆماسیی مرۆیی بوو.

کە دانمارکییەکان دەیانویست دژایەتیی هاتن و وەرگرتنی پەنابەرانی وڵاتانی سێیەم بکەن، ئەو هاوکاری کۆچبەرەکان بوو، دەستی یارمەتیی گەیاندە ئەو ئەفغانانەی لە ئوستراليا کێشەی پەنابەرییان هەبوو، ئامادەش بوو نێوان و دیالۆگی هەردوو کۆریا بگرێتە ئەستۆ. ئەو بەردەوام بە ترێن هاتوچۆی ماڵەوەی دەکرد و لە کاتی پشوودانەکانیدا وەک خەڵکی ئاسایی دەگەڕایەوە شارۆکەکەی خۆی بۆ لای منداڵەکانی و هاوسەرەکەی.

شوێن و شێوە و گەورەیی کارەساتی کوشتنی ئەنا لیندی و یۆلف پاڵمە زۆر لەیەک نزیک بوون، بە کوشتنی هەردووکیان زیان بە بزاڤی چاکخوازی کەسایەتیی دیپلۆماتی سوێدی و ئەوروپایی و جیهانی گەیشت.

# گازبرووم

## مەملەکەتی گازی رووسی و ژیان لەبەر پاڵەپەستۆی کۆیلەتی گازدا

ئایروین کووخ



شارێکی لاچەپی رووسی زۆر دوور بووەتە سەرەتای خاڵی گەیاندنی هێڵەکانی گاز بۆ ئەڵمانەکان، کرێکارەکانی ئەو دەزگایە هەست دەکەن ژیان و کارکردن لەو کێڵگەیە شێواو و نائومێدییە، کارکردن لەگەڵ کۆمپانیای گازبرووم زەحمەتە، ئەوە بۆچوونی ژمارەیەک کرێکاری ئەو دەزگایەیە. ئەوەش لەو ڕاپۆرتە دەردەکەوێت کە لە کۆواری دیرشپیگل بڵاو کراوەتەوە.

لەناو گۆشەکانی هوتێلی یویوت بۆنی شەوێکی تاریک دەهات، کە من ناوەکەم بە هوتێلی پشوودان وەردەگێڕم، لەوێ کەسێک بە ناوی یفگینی گورلیوڤ دەبینرا، ئەو ماوەی یازدە ساڵە لەو هوتێلە دەژیت و ساردیی ساڵۆن و ژوورەکانی جەستەی ماندوو کردبوو، لاواز و سیسیی پێوە

................................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: شێرزاد هەینی

دیاربوو، بەیانییەکی زوو بوو، ئەو چاوەڕوان بوو پاسەکەیان بگەنە بەردەرگەکە تا سواری پاسەکە بێت و بگاتە سەر کارەکەی، بەیانییە زووەکە تاریک و سارد و تەڕوتووش بوو. ئەو هوتێلە دەکەوێتە گەڕەکێکی شاری گریازوفتسی باکوری مۆسکۆ، لەو شارەوە ترێنەکە بە هەشت سەعات کرێکارەکان دەگەیەنێتە ئێستگەی شەمەندەفەرەکە تا بەرەو سیبیریا سوار بن، سەرژمێری شارەکە پازدە هەزار کەسە و مەڵبەندێکی رۆشنبیریشی تێدایە، لە دەروازەی هوتێلەکەش بە لافیتەیەک نووسراوە ژووری بەتاڵمان نییە. یفگینی کاری لەحیم و ئاسنگەری دەکات و لەو پیشەیەدا وەستایە، ئەو لە خوارووی وڵاتەوە بۆ کارکردن هاتووە، سێ رۆژ بوو گەیشتبووە ئەو شارە، بەیانییەکەی ژووانی هەبوو تا بە پاسەکە بچێتەوە سەر کێڵگەکەیان لە گازبرووم. ئەو کێڵگە رووسییە بە مەزنترین پێگەی بەرهەمهێنانی گازی جیهان ئەژمارد دەکرێت، کە ساڵانە فرۆشی بەرهەمەکەیان دەگاتە هەشتا ملیار یۆرۆ ئەوەش دەکاتە نزیکەی سەد و دە ملیار دۆلار، چوارسەد هەزار کرێکار لەو کارگەیە کار دەکەن و درێژیی بۆڕییەکانیان دەگاتە پێنجسەد و هەشتا هەزار کیلۆمەتر، بێگومان ئەو کێڵگەیە قازانجی لە هەموو کارگە و کێڵگەکانی جیهان زۆرترە.

پاسێکی کەسکی گەورە دەگاتە بەردەم هوتێلەکە، لەگەڵ وەستانی دەنگێکی گەورە پەیدا دەکات، یفگینی و لەگەڵ هاوڕێیەکانی ناو ژووری ژمارە چواری هوتێلەکە سوار دەبن، ئەوانیش ڤاسیلی و سیرجای و ئەلکسندر بوون. ئاسمان وەک بەفر سپی بوو، یفگینی تەمەن سی و حەوت ساڵییەکە، بەتەنیا دەژیا و لە هاوسەرەکەی جیا بووبووەوە، لەناو پاسەکە سەری بە ئاسنە ساردەکەی بەردەمی کردبوو، رەنگە ئەودەمانە بیری لەوە کردبێتەوە کە دوو ساڵە ژنەکەی لەلای ئەو رۆیشتووە و لەگەڵ پیاوێکی تر دەژیا، دیارە ژنەکە بەو ژیانە و بە دوورکەوتنەوەی ئەو لە ماڵەوە رازی نەبووە، بۆیە بڕیار دەدات ماڵەکەی جێ بهێڵێت، چونکە ناتوانێت لە ماڵێکی ساردی بێ هاوسەر بژیت. ئەو ئەگەرچی ژنەکەی نەمابوو، بەڵام ماوە ماوە بۆ سەردانی کیژەکەی دەگەڕایەوە شاری بریانسکی خوارووی مۆسکۆ، لەوێش بە پۆستی ئەلیکترۆنیش وێنەی بۆ ڕەوانە دەکات و بە ئیمێلی ئەلیکترۆنی کورتە نامەی بۆ دەنێرێت، بەڵام هەرگیز بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵدا ناکات، هەر بە نامەش وەڵامی کیژەکەی دەداتەوە، بۆی دەنووسی کەی کارم تەواو بوو دەگەڕێمەوە.

ئەو لەگەڵ کرێکارێکی زۆر لە کۆمپانیای گازبرووم هەڵکەوتوو لە دووری بیست کیلۆمەتر لە شارەکە، لە نوێکردنەوەی ئێستگەی ناردنی ژمارە حەڤدە (کۆمبرسەر ستایشن ١٧) کاری دەکرد، بۆیەش لە شارۆکەکە یەک ژووری بەتاڵ لەو زستانەدا دەست نەدەکەوت. رێگەکە بۆ شوێنی کارکردنەکە پڕ کەند و چاڵ بوو، لەو رۆژانە کاریان لە نوێکردنەوەی ئامێرە کۆنەکانیان دەکرد، لە جیاتیی ئەوان ئامێری نوێیان دادەنا، بەوەش دەکرا هەنارده و پاڵدانەکان بەهێزتر بکەن بۆ ناردنی گازی سیبیری بەو هێڵە و بەناو دەریای بەلتیک بەرەو ئەڵمانیا دەڕۆیشت، ئەو خاڵەش ئێستگەی ژمارە کیلۆمەتر سفر بوو، لەوێیەوە پڕۆژە مەزنەکە دەستی پێ دەکرد. ئەو بەشیان برێتی بوو لە درێژیی ٩١٧ کیلۆمەتر، کە بە سێ هێڵ لە گریازوڤتسەوە دەڕۆیشت، ئەوەش یەکێکە لە جەمسەرە

گرینگەکانی هەناردنی گاز لە رووسیا تا دەگاتە فیبورگ لەسەر دەریای بەلتیک، ئەو بەشەی کۆمپانیاکە بریتییە لە حەوت ئێستگە، کە بەرهەمی گازی یوزهنو رووسکوی لە سیبیریا بە هەمان پاڵەپەستۆ رابگرن واتە ٨,٩ ملیۆن باسکال بمێنێتەوە. ئەو پرۆژەیەی کە کاری تێدا دەکەن، گاز دەگەیەنێتە سەر کەنارەکانی دەریای بەلتیک و ئیشی تێدا بەردەوامە، بەتایبەتی لەو ساڵەدا، ئەو هێڵە لە دەڤەری فیبورگی رۆئاوای سانت پیترسبۆرگەوە دەست پێ دەکات. ئەو هێڵە لەبن ئاوە و بە قووڵیی دووسەد و دە مەتر دەڕوات، پاش گەیاندنی ژێردەریا لە درێژیی هەزار و سەد و بیست و چوار کیلۆمەتر لە نزیک گریفسوالدی سەر کەنارەکە لە باکوری رۆهەڵاتی ئەڵمانیا دەردەکەوێتەوە. لە وڵاتی ئەڵمانیاوە گازی رووسی بە هێڵی تایبەتییەوە دەگاتە فرەنسا و بەریتانیا و دانیمارک و بەلجیکا و هۆڵەندا بەوەش گازی رووسی دەگاتە نزیکەی بیست و شەش ملیۆن ماڵی ئەورووپایی.

دوێنێ شەو یفگینی تێر خەو نەبووبوو، ئەو لەو چەند ساڵەی رابردوو بەو شێوەیە ژیاوە، بەتایبەتی کە هاوسەرەکەی جێی دەهێڵێت، کۆششی کردبوو لەوێ لە شارۆکەکەیان بریانسک بمێنێتەوە و واز لەو کارە doورە بهێنێت، لەوێ لە دوکانێکی گچکەی مافوورفرۆشتن کاری کردبوو، بەڵام دەسکەوتی مادیی زۆر کەمتر بووبوو، بەوەش ماڵەکەی خۆی لە رووچوون و لە جیابوونەوە بپارێزیت. بەڵام بەو کارە و بەو پارەی دەهاتە دەستی نەدەکرا کرێ و مانگانەی رەهنی شوقە گەورەکەی بدات، بۆیەش ناتوانێ بەو



شێوەیەش پێوەندی بە ژنەکەی رابگرێت، بەرەنجام هاوسەرکارییەکەیان دەڕووخێت. پاش ئەو جیابوونەوەیە دووبارە ئەو کرێکارە داماوە روو لە ئاوارەیی دەکاتەوە و دەگاتە ئەو کێڵگەیە بۆ ئیشکردن کە ماوەی دە هەفتە لەوێ کار دەکات و دوازدە هەفتەش وەک کارمەندێکی کۆمپانیای ئێس یو ٧ ئار ئای تی ئێم کار دەکات، کە کار دەکەن تۆربینەکان ساز و ئامادە دەکەن. بۆ خۆژیاندن یفگینی لە سەرانسەری وڵات کاری کردووە، بەوەش مانگانە نزیکەی دوو هەزار و چوارسەد دۆلاری دەس کەوتووە، دیارە کەوا ئەو پارەیەش لە رووسیا پارەیەکی زۆرە و پێنج جار لە مووچەی مامۆستایەک زۆرترە. ئەو هەموو جۆرە کارێکی کردووە، وەک لەحیم و چەکووچداری و سازکردنی ئامێرەکان، رۆژانە لە ناوچە ساردەکان کە تێیدا پلەی گەرما چل لەژێر سفر بووە کاری کردووە و لە کاتی زریانی بەفردا بەرگەی گرتووە و لە کاتی کارکردن وای لێ هاتووە لەبەر بەفر و زریان دەستی خۆی نەدیوە. هەموو جارێک کە ئەو گەڕاوەتەوە نیشانەیەکی لەسەر دەرگە دارەکەی

ماڵەکەی کردووە، ئەوەش موژدەی گەڕانەوەی بووە. ئیمڕۆش ئەو لە گریازوفتس لە دەفەری ڤۆلۆگدا کە بەشێکی هەرێمی فیدرالی باکوری ڕۆئاوایە کار دەکات.

ناوی ئەو شارە وشەیەکی رووسییە و ماناکەشی قوڕ دەگەیەنێت، دەڵێن بۆیەش ئەو شارە ناوی لێ نراوە قوڕ، چونکە شازادە کاترینی مەزن کە سەردانی ئەوێندەریێ کردووە کەوتووەتە ناو قوڕ و چڵپاو بۆیەش تووڕە بووە و ناوەکەش لەو ڕووداوە هاتووە، قسەکە وا هاتووە. ئێستاش لەو شارە پەیکەرێک بۆ یادی قوربانییەکانی شەڕە نیشتمانییە مەزنەکە ساز کراوە، ئەوانەی لە بەرگری بە ڕووی ئەڵمانە نازییەکان کوژراون، پەیکەرەکە کوتەلی سەربازێکە لە ئاسن دروست کراوە و کوتەلەکەش بە گوڵی پلاستیک دەوری دراوە و پاڵتۆکەشی لایەکی با بردوویەتی و بە دەستی چەپیشی بەتوندی گرتووە. لە پشتی پەیکەرەکە بینایەک هەیە کە دەرگە و پەنجەرەکانی بە بزمار داخستووە، ئەگەرچی خانووەکان کۆنن و کەوتوونەتە ناو قوڕ و چڵپاو بەڵام خەڵکی تێدا دەژین.

شەقامە سەرەکییەکەی گریازوفتس بە ناوی لینین بروسبکت ناسراوە، لەناو لیتەی قوڕ و چڵپاو چەندان پیاوی پیرم دەبینی لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی٢٠١٠ لەناو ئەو قووڕەوە، کە پێیان لەناو پێڵاوە لاستیکییەکانیان بوو عەرەبانەیان رادەکێشا، خەڵکەکەش لە دوکانەکان بە پاڵتۆی گەورە و ئەستوورەکانیانەوە دەست بە کەلوپەلەکانەوە دێنە دەرەوە. لە گۆشەیەکی دوکانێک لافیتەیەک دیارە کە تێیدا بە رەنگی سوور نووسرابوو: چل ساڵ لە سەرکەوتن ساڵانی ١٩٤٥ هەتا ١٩٨٥، لەو لافیتەوە دەگەیتە لافیتەیەکی تر کە تێیدا نووسراوە، دەتوانیت لەو دوکانە قژ بە درێژی سی و پێنج سانتیمەتر یان درێژتریش بە رەنگی بۆر لە بەیانییان سەعات دە هەتا سەعات پێنجی ئێوارە تەنیا لە رۆژی ٢٥ی مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٠ بکڕن.

هاووڵاتییانی ئەو شارە هیچ کاتێک دوودڵ نین لەوەی هەر بۆیان بگونجێت شارەکە جێ بهێڵن، چاوەڕوانی بوارێک دەکەن، بەڵام هەمووشیان خەون بەوە دەبینن کار لە کۆمپانیای گازبرووم بدۆزنەوە، بەڵام ئەوانەی کاریان دەست دەکەوێت ژمارەیان کەمە، هەندێکیان هەموو ئینتەرڤیووەکان دەرباز دەکەن و دادەمەزرێن، ئێستا حەوتسەد کەس لە ژنان و پیاوانی ئەو شارە کار دەکەن، ئەو ژمارەیەش لە چاو گەورەیی پڕۆژەکە کەمە، هەر لەو شارە نزیکەی چوارسەد کارمەندی لایدەی وەک یفگینی کار دەکەن. سەعات شەش و نیوی بەیانی بوو کە یفگینی لە پاسەکە دابەزی، هێشتا خەو چاوەکانی بەرنەدابوو، بە خەواڵوویی دابەزی، لەناو تاریکی و لە بوارە تەسکەکەی ناو بەفرەکە ڕێگەی دەرچوونی دۆزییەوە و گەیشتە دەروازەی ئێستگەکە، دیوار و شوورەکەی لەناو چەندان پۆستەر و لافیتە بری، لە لافیتەکان چەندان ڕێنوێنی و ئاگەداری بۆ کرێکارەکان هەڵواسرابوو، کە تێیدا نووسرابوو، بۆ نموونە، جگەرەکێشان قەدەغەیە، خودەکانیان لەسەر بکەن، پێڵاوە پاشپان بەرزەکان لە پێ بکەن. ئەویش وەک کرێکارەکانی تری ناسنامەکەی نیشانی پاسەوانە قەڵەوەکە نیشان دا، ئینجا بە هێمای ڕووناکییەکی کەسکی گچکە دەرگەکە کرایەوە و ئەویش لەناو دەرگەیەکی سووڕاو دەچێتە ژوورەوە. لەسەر دیوارەکە لافیتەیەک لەناو

چوارچێـوەیەکی پلاسـتیکی هەڵواسـرابـوو، کـە تێـیدا نووسـرابـوو : دوا مـۆڵەتی دانی ئابوونەی مـانگانەی ئەندامـانی حـزبی رووسیـای یـەکگرتوو هـەردوو ڕۆژی ١٥ و ١٦ی مـانگی نۆڤێـمـبـەرە و دەتوانن لە بەیانیی سەعات هەشتەوە هەتا دوو چارەگێک کەم پارەکە بدەن.

***

هەتا ساڵی ١٩٨٩ گازبرووم بەشێک بوو لە وەزارەتی گاز لە سەردەمی سۆڤیەتی و وەزیرەکەشی فیکتۆر تشیرنومیردین بوو، ئەوەی پاشان دەبێتە سەرۆک وەزیرانی رووسی. لە ساڵی ١٩٩٢ ئەو کۆمپانیایە حکومەتییە دەبێتە کۆمپانیایەکی هاوبەشی ئەهلی و دیمتری میدفیدیف ماوەیەکی زۆر دەبێتە سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن، ئەوەی پاشان دەبێتە سەرۆکی رووسی، زۆریش دەیانوت ئەو پیاوە دەسکردی سەرۆک وەزیران فلادیمیر پۆتینی سەرۆکی حزبی رووسیای یەکگرتووە، نیوەی بەشەکانی ئەو کۆمپانیایە موڵکی دەوڵەتە. ئەو کۆمپانیایە گازبرووم حەفتا لقی ساز و ئامادەی هەیە، هەروەها لە چەندان کۆمپانیای تریش بەشیان هەیە، لەوانە کۆمپانیاکەی کە راوێژکاری پێشووی ئەڵمانی گیرهارد شرودر سەرۆکایەتیی دەکات. گازبرووم بانک و ڕۆژنامە و ئێستگە و رادیۆ و تەلەڤزیۆن و چەندان ستۆدیۆ و سینەما و موڵک و سامانی زۆری تری هەیە، بە کورتی کۆمپانیای گازبرووم دەسەڵات و سامانێکی زۆری هەیە.



یفگینی بەخێرایی بەبەردەم لافیتەیەک رەت بوو، کە لە شێوەی نیۆنی رووناک بوون، کە تێیدا پیرۆزباییی ڕۆژی لەدایکبوونی کرێکارەکانی تێدا نووسرابوو، ناوی ئەوانەی تێدا بوو کە مێژووی ڕۆژی بوونیان بوو. یفگینی لەبەر پرخەی هاوڕێیەکانی ژوورەکەی لەناو هوتێلەکە خەوی لێ نەدەکەوت، بۆیە لەودەمانە ئەو ساڵانەی دەژمارد بۆ ئەوەی بگاتە ڕۆژی خانەنشینی و پشوودان و دەربازبوونی لەو ژیانە زەحمەتە، کە ساڵەکانی ژمارد بۆی ساخ دەبێتەوە کەوا هێشتا زۆری ماوە راژەی کارکردنەکەی تەواو بکات و خانەنشین بکرێت، چونکە پێویستی بە بیست و دوو ساڵ و هەشت مانگ و چەند هەفتەیەک هەیە.

ئایگور ئیڤانوڤیتش فیلکین تەمەنی حەفتا ساڵ بوو، ماوەیەکی باش بوو خانەنشین کرابوو، تازە لە دڵەکوتە و سەکتەی مێشک رزگاری بووبوو، ئەو لە ناندینەکەی خۆی لە گەڕەکی ئولیتسا کیدرڤی شەقامی سیدر ١١ دانیشتبوو، خانووەکەی ئەو بریتی بوو لە هەشت ژووری بنمیچ بەرز، خانووەکەی باخچەکەی بەردەمی نزیکەی هەزار و دووسەد مەتر چوارگۆشەیی بوو، کە تێیدا داری

سێو و دارتووی گەورەی تێدا بوو. ئەو خانووەش لەلایەن کۆمپانیای گازبرووم لەساڵی ١٩٩٧ پێشکێشی ئەو کرابوو، بۆ بەناوکردنی خانووەکەش بەناوی خۆی داوای لێ کرابوو تەنیا بەشێکی کەمی نرخەکەی بدات. ئەو لەو ساڵانە رۆژانە لەبەر پەنجەرەی ناندینە گەرمەکەی کاتی بەسەردەبرد، لەسەر مێزێک و لە دیار شووشەیەک شەراب دادەنیشت و پشیلە خۆشەویستەکەشی لە ئامێز دەگرت. ئەو پیاوێکی ئارام بوو، حەزی دەکرد گوێ لە دیالۆگی هێمن بگرێت، سەردانی مێوانەکان بۆ ماڵەکەی گەرم و دڵشادی دەکرد. ماڵەکەی ئەو دەکەوتە بەشی باشووری شاری گریازوڤتس، کە تێیدا کۆمپانیاکەیان ژمارەیەکی زۆری خانووی بۆ کرێکارە خانەنشینەکانی لەسەر یەک نەخشەی هاوشێوە دروست کردبوو. کۆڵانی گەڕەکەکەیان هەموو قیرتاو کرابوون، ئەو گەڕەکە یەکێک بوو لە جوانترین گەڕەکەکانی شارەکە، بۆیە هەندێ کەس هەبوو ناویان لەو گەڕەکە نابوو، شەقامی سانتا باربرا، ئەوەش ئاماژەیە بە زنجیرە تەلەڤزیۆنییە ئەمەریکاییەکە، کە ماوەیەک بوو لە کەناڵەکانی تەلەڤزیۆنی رووسی نیشان درابوو.

***

ئەو پیاوە بە تەمەنە پیرە، لەگەڵ قسەکردن هەناسەیەکی قووڵی هەڵدەکێشا، لەگەڵ باوشک و هەناسەکەی ددانە زێڕینەکانی بەدەردەکەوت، لەودەمانەی لەگەڵ ئەو دانیشتین، ئەو باسی ئەودەمانەی بۆ گێڕاینەوە کە لە ناوچەی بوگورلوی گوردیتشیە لە نزیک تڤیری ئاسیای ناوەڕاست چەند بۆمبێک لە باخچەی ماڵەکەیان تەقینەوە، چونکە بەرەی شەڕە گەورەکە لە نزیک باخچەکانی ئەوان بوو، شەڕەکانیش لە باخچەکانی ئەوانەوە نزیک بوو، ئەو وتی یەکێک لە ساچمەکانی ئەو بۆردمانە گەیشتبووە ژوورەکەی ئەوان و بە دیواریش وەنووسابوو، بۆیەش ئەوان لە ماڵەوە کردبوویانە سینگ و کەلوپەلیان پێوە هەڵواسیبوو، بەردەوام پاڵتۆیەکی پێوە بوو.

فیلکین بەپەلە قسەی بۆ دەکردین، لەگەڵ سەرخوورانێکەوە نەخشەیەکی گەورەی رووسیا و ناسنامەیەکی خۆی بە ژمارە ٢٤٨٩ بۆمان دەرهێنا، ئەو وتی من ماوەی دە ساڵە خانەنشین کراوم، بەشانازیشەوە بۆم هەیە بچمە ناو کێڵگەکانی بەرێکردنی گازی ژمارە ١٧، دەتوانم لەوێ ساوناکەیان بەکار بهێنم، هەقی ئەوەم ماوە لەو گەرماوەدا پشوو بدەم. ئەو لە سەرەتای دامەزراندنی ئەو کێڵگەیە لە ساڵی ١٩٦٩ لەگەڵ ئیشکردنەکەدا بووە، کە تێیدا لەودەمانە یەکەم بۆڕی لەو ناوچەیەدا دانابوو، کە هاوشانی هێڵی تورزهۆک دەڕۆیشت و لە رۆژی ٢٣ی فبرایەری ساڵی ١٩٧٣ ئێستگەی بەرێکردنی باشووری شارەکە کرایەوە. لە ساڵی ١٩٧٨ کۆمپانیاکە باخچەیەکی ساوایان و لە ساڵی ١٩٨٢ گەڕەکی کرێکاران دروست دەکات، کە پێشتر کرێکارەکان لەناو کەرەڤانەی گچکە دەژیان. بەهاتنی کرێکاری زۆرتر چەندان بینایەی نوێ لە شەقامی ئۆلیستا گازوفیکۆڤ یان شەقامی کرێکارەکانی گاز دروست کرا، ئەو باڵەخانە پێنج نهۆمانەش نەخشەکانیان هاوشێوەیە. لە یادی رۆژی دامەزراندنی کۆمپانیاکە کە دەکاتە رۆژی یەکەمی مانگی سێپتەمبەر ساڵانە ئاهەنگ ساز دەکرێت، ئاهەنگەکەش لە هۆڵێکی مەڵبەندی رۆشنبیری لە

شەقامی کارل مارکس دەکرێت، کە تێیدا وتار دەخوێندرێتەوە و ئاگری جوانی هەڵدەدرێت و سووپی تایبەتیش ساز دەکرێت، هەر ئیمڕۆ لەسەر شانۆی فۆلۆگدا ئاهەنگی خێزانی و کۆنسێرت بۆ هەموو خێزانەکان دەکرێت. هەر کرێکارێک منداڵێکی ببێت کۆمپانیاکە بڕی پارەی هەزار و پێنجسەد یۆرۆیان وەک یارمەتی پێشکێش دەکات، هەروەها کارمەندەکانیش دڵنیایی تەندروستییان بۆ ساز دەکات و نەخۆشەکانیش رەوانەی سەیرانگە و شوێنەکانی پشوودان دەکات، لەنێو کرێکارەکانیش پێشبڕکێی فوتبۆڵ دەکرێت، سەیرانی ڕاوەماسییان بۆ دەکەن، تێیدا کەسانی براوە لە راوکردنی ماسیش خەڵات دەکرێت، کارمەندە کۆنەکانیش پاداشت وەردەگرن.

لە بەهاری ساڵی ٢٠١٠ لە ئێستگەکەش کڵێسایەکی بەداری پتەو بۆ یادی قەدیس بریانشانینوڤ (١٨٠٧– ١٨٦٧) و بۆ ئەسقف ستافروبول دروست کردووە. فیلکین لەو پیاوە نینۆک پیس و قژ درێژەکان نەبوو، ئەو پیاوێکی خاوێنی ئیماندار بوو، ئەو زۆربەی کاتەکانی لەناو باخچەکەی بەڕێ دەکرد و باخچەکەی بە دڵی زیندووی خۆی دەزانی، ئەو هەموو داهاتەکەی لەناو ژێرزەوینەکەی داکردبوو، کە قووڵاییەکەی سێ مەتر دەبوو، کە دەکرا بە بۆڕییەکی گازەوە بۆی شۆڕ ببێتەوە. ئەو حەزیشی دەکرد لەو ژێرزەوینەش بمرێت، کە پەتاتە و باسترمەی تێدا بوو، بەڵام ئەو وادەزانێت هێشتا بواری ژیانی ماوە. ئەو باسی گرتنی بۆقەکانی بۆ کردین، کە هەزاران بۆقی دەگرت، ئەوانەی حەزیان دەکرد لە ئاوە شیرتێنەکان نزیک ببنەوە، ئەو بۆقانە دەکەوتنە بەردەمی مزەخەکانی کۆمپانیاکانی گازبرووم، زۆری لەو بۆقانە بە زیندوویی و بە مردوویی دەگرت، هەندێکیان بەسەلامەتی لەبن زەبری ئامێرەکان دەربازیان دەبوو، زۆریان لە بەردەمی تیژی ئامێرەکانیش پارچە پارچە دەبوون. ئەو وتی من کارم لەسەر دەسکێکی پۆڵاییی پانی نۆهەد سانتیمەتر دەکرد کە قوڵی سڕ دەکردم، بۆیە شەوێکیان هەستم بە ماندووبوون کردبوو، زۆریش ماندوو بووبووم، لەو سەرمایە و لە پلەی سی ژێر سفرەوە خەوم لێ کەوتبوو، کە بەیانی بەئاگە هاتبووم هەستم کرد سەرۆکەکەمان منی بە فرویەکی گەرم داپۆشیبوو، پاشان منیان سزا نەدا و کەسیش قسەیەکی پێ نەوتم.



کە ئەو جۆرە قسانەی بۆ دەکردم فرمێسکی لە چاوەکانی دەسڕی و هەستی بە ختووکە دەکرد. ئەو دەیوت من بەردەوام پێشوازی لە مێوانەکانم دەکەم، بەردەوام سەردانم دەکەن، ئەو هەموو دەرگەکانی دەخستە سەرپشت، لەناکاو ئەو برادەرانی بەبیر هاتەوە کە نەخۆش کەوتبوو،

ئامێرێکی شێلانی ڕەنگاوڕەنگی هێنابوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەخۆشییەکەی دڵ. ئەو فێر بوو هەموو مێوانەکانی لەناو خانووەکەی بگێڕێت، هەموو دەرگەکانی بۆیان دەکردەوە، بۆ ئێمەش دەرگەکانی کردەوە و سەردانی خانووە بەردینەکەی کۆمپانیای گازبرووممان کرد، لە ژوورێکیان ئایقۆنێکی گرانبەهامان بینی، ئەو ئایقۆنەکانی زۆر خۆش دەویست، کە تێیدا وێنەی قەدیسە رووسەکانی تێدا بوو، وەک ئەندریە و ئەلیکسی و بوریس و سیریل و میخائیل و نیکۆلای و بیوتر و سیراڤیم و سیرغییە و فلادیمیر. لەوانە ئایقۆنێکی ژنە قەدیس کازانی تێدا بوو، ئەو وادەزانێت ئەو قەدیسە لە مردن دەربازی کردووە و دڵەکووتەکە نەیکوشتووە، لە زۆر بەدکاریش بەردەوام دەیپارێزێت. لەگەڵ فیلکێن لەسەر مێزەکە دانیشتین، ئەو گلاسێک شنابسی بۆ داناین، ئەو پیرەمێردە بەردەوام پشیلەکەی لە باوەشدا بوو، ناوی لە پشیلەکەش نابوو سڤیتا و چیرۆکی جوانیشی بۆ دەگێڕایەوە، بە ئێمەشی وت ئەو چیرۆکانە ڕووداوی ڕاستەقینەن، هەموو چیرۆکەکانی من ڕوویان داوە و بەچاوی خۆم ڕووداوەکانم دیوە.

ئەو وتی ڕۆژێکیان شەیتان هاتە ناو کێڵگەکەمان سێ کەسی تاوانباری دەستگیر کرد، ئەوان نیەتیان هەبوو تاوانێک ئەنجام بدەن، بەڵام ڕازی نەبوو ناوی کەسەکە ئاشکرا بکات. من لە شەیتان پاڕامەوە سێ کەسەکە نەکوژێت، شەیتانەکە داوای لێ کردن دەتوانن داوای هەر شتێک بکەن، من بۆتان پەیدا دەکەم، من هەموو شتێکم لە دەست دێ، داوا بکەن، یەکێک لەوانە کە لەحیمچی بوو وتی، کە هەموو شتت پێ پەیدا دەبێت، کە دەتوانیت موعجیزە بکەیت، لەناو ئەو بۆڕیانە دارسێوێک بڕوێنە و گەڵای دارەکەش با دۆلاری ئەمەریکایی بێت. شەیتانەکە داوای پیاوە لەحیمچییەکەی جێبەجێ دەکات، بەڵام دوایی پیاوەکەی کوشت. کەسی دووەمیش کرێکارێکی میکانیکی بوو، ئەویش بە شەیتانی وت، کە تۆ هەموو شتت پێ پەیدا دەبێت، دەی بزانم تۆ دەتوانی ڕووبارێک لێرە بە شەرابی شنابس پەیدا بکەیت و ماسیی برژاوی بەناودا بڕوات، دەتوانیت لەناو پەمپ و بۆڕیان ڕووبارێک پەیدا بکەیت، شەیتان داواکەی بۆ گەیاندە سەر، بەڵام میکانیکەکە لە جێی خۆی ڕۆحی دەرچوو و مرد. کارمەندە بەدکارەکەی سێیەمیش کە بەڕێوەبەری ئێستگەکەمان بوو، قستەنتین باڤلوفیتش زیماکۆف لوولەیەک گازی بەسەر شەیتان کردووە، وتی ئەگەر تۆ شتێکت لە دەست دێ ئەو بۆڕییە گازییە ڕاگرە، بەوەیان شەیتان تووڕە بوو، بەو تووڕەییە گەیشتە دۆزەخ هەتا ئیمڕۆش لەوێ مایەوە، پیاوەکەش بەزیندوویی مایەوە و هەتا ئیمڕۆش هەر بەڕێوەبەرە.

قستەنتین زیماکۆف بەڕێوەبەری ئیدارەی پیشەسازیی بۆڕییە گازییە هەرێمییەکان لە کۆمپانیای گازبرووممە لە گریازوفتس، ئەو لەو هەشت ساڵەی دوایی وەک تاکێکی شاناز و هاوولاتییەکی بەرچاو لەو شارە ماوەتەوە و ئەندامیشە لە حزبی ڕووسیای یەکگرتوو. کە لە نووسینگەکەی سەردانمان کرد ئەو بە گەرمی پێشوازیی کردین، سەرمێزی ژوورەکەی پڕ بوو لە مۆر و فایل، دیواری ژوورەکەی بە کاغەزی بۆر داپۆشرابوو، لە پشت سەری خۆیەوە وێنەیەکی فلادیمیر پۆتین سەرۆکی پێشوو وڵات و سەرۆک وەزیرانی ئێستا و وێنەی دیمتری میدفیدیڤی سەرۆکی دەوڵەت و

سەرۆکی کۆمپانیای گازبروومی پێشووی لە دیوارەکەدا بوو. بافلوڤیتشی تەمەن پەنجا و حەوت ساڵییەکە بە دەستە بەمووەکەی چاوەکانی هەڵگلۆفی و دەستی گەیاندە زەنگی سەر دیوارەکەی پشتی، لەگەڵ بەدەنگهاتنەوەکەش داوای قاوەی بۆ کردین، ئەو بە دەنگە کەرخەکە و بە ڕوویێکی خۆشەوە وتی:

قسەی خۆش زۆرە بەڵام! بەراستی کاتی زۆرمان نییە، بەڵام زۆریش بەو دیمانەیە بەختیارم. ئەو وتی کارەکانمان بۆ گەیاندنی گاز بە کەناڵەکانی سەر دەریای بەلتیک ساز و ئامادەیە و ماوەی چەند مانگێکە تەواو بووە. کۆمپانیای نۆرد سیرێم ئای جی، کۆمپانیایەکی بنەڕەتییە بۆ گەیاندنی هێڵەکانی گاز و کارکردنی پەمپەکان، ئەو کۆمپانیایە بە ڕێنوێنی راوێژکاری پێشووی ئەڵمانی گیرهارد شرودر لە ساڵی ٢٠٠٥ بە مەبەستی گەیاندنی گازەکە بۆ سەر کەنارەکە دروست کراوە. کۆمپانیای گازبرووم خاوەنداری بەشی ١٥٪ هەیە، بارەگەکەشی لە شاری زووخی سویسرایییە، هەردوو کۆمپانیای ئەڵمانی و وینترشال هولدینگ بەشی پازدە و نیوەیان لە سەدە لەو کۆمپانیایەدا هەیە، نیدیرلاندز گازوونی و کۆمپانیای جی دی ئێف سویزی فرەنساییش هەریەکە و بەشی نۆ لە سەدەیان هەیە. ئەو پرۆژەیە بەبڕی ٧ ,٤ ملیار یۆرۆ تەواو دەکرێت، کە لەلایەن ٢٦ بانکی دەولییەوە هاوکار دەکرێن، وا مەزەندە دەکرێت لە ساڵی ٢٠١١ پرۆژەی گەیاندنی هێڵەکان کە وزەی ساڵانەی دەگاتە ٧٢ ,٥ ملیار مەتر شەشپاڵوو لە گاز، بە تەواوبوونی بەشی دووەمی بۆڕییەکە لە ساڵی داهاتوو، بەرهەمەکە دەگاتە دوو ئەوەندە مەتر شەشپاڵوویە. زیماکۆڤ ماوەی بیست و سێ ساڵە بەڕێوەبەری ئێستگەی پاڵدانەکەیە، بەشانازییەوە دان بەوەدا دەنێت کەوا نوکتە و قسەی زۆری لەسەر هەڵدەبەستن، لە سەرانسەری وڵاتیش باسی دەکەن، لەگەڵ جووڵاندنی ئەنگوستیلەکەی ناو پەنجەکانی بەدڵەوە پێ دەکەنی و قسەی بۆ دەکردین.

***

زیماکۆڤ بۆمان روون دەکاتەوە کەوا هەموو ئامادەییەکان سازە بۆ گەیاندنی گازی رووسی لە پایزی ساڵی ٢٠١١ بە ئەڵمانیا و هیچ ئەستەنگیش ناتوانێت رێگە بەو پرۆژەیە بگرێت و ڕێرەوی بۆڕییەکان بەرەو ڕۆئاوا دەڕوات. ئەو وتی لەبەر ئەو پرۆژەیە نەبێت ئەو شارە و ئەو دەڤەرە دەبێتە پیسترین و ناشیرینترین ناوچەی ئەو وڵاتە، بەڵام پرۆژەکە شاری گریازوفتسی بوژاندووەتەوە، واقیعەکە وایە و ئەوەش بەرچاوە. بەبێ ئەوەی کەسمان ئەو پرسیارەی ئاراستە بکات، ئەو بەدەنگێکی گەورەوە وتی:

هەندێ کەسانی وەک ئێمە، بەو شێوەیە و بەو کارانە پارە و سامان کۆ دەکاتەوە، بەڵام ئەوانی تر، خەڵکانی تریش پارە بە گەندەڵی و بە دزی پەیدا دەکەن. دیارە لە وشەی ئێمەی مەبەستی کۆمپانیای گازیروومە و مەبەستی لە وشەی ئەوانیش کەسە سیاسییەکانە. زیماکۆڤ ئێمە بردە ژوورەکەی تەنیشتمان، لەوێ پەیکەرێکی قەدیس ئاگناتییووس بریانشانینۆڤی نیشان داین، کە چەند مانگێک پێش ئێستا دروستی کردبوو، نەخشەیەکی بەسەر دیوارەکە پان کردەوە و بە

پەنجـەکـانی هێڵـی تۆڕی بۆڕییـەکـانی گـازی رووسی لە شـاری گـریـازوفیـتس نیـشـان داین، بە دڵشادییەوە ئەو وتی:

لەو شـارەوە گـازی رووسی دەگـاتە هەمـوو شـوێنێکی ئەو جیـهانە و سـەرچاوەکە لێرەیە. لەگەڵ قـسـەکـردنـدا بەدەنـگێکی بەرز وتـی ئەو، بەبێ ئەو شـارە تۆڕی گـاز بوونی نیـیـە، بەبێ ئێـسـتگەی کۆمـپرێسـر سـتـایش ٧١ گازیش پەیدا نابێت. ئەو وتی ئەو کۆمپانیـایە زۆرتر و باشـترین داهاتە لە هـەموو رووسیـا، ئەوەش سەرکەوتووترین کۆمپانیایە کە بەراستی رێزی کرێکارەکانی دەگرێت. ئەو دەزگایەش یەکێکە لەو دەزگایانەی پشتیوانی و هـاورێیەتیی ژینگە دەکات، بۆیە رێگە دەدەین ورچ و ئاسکەکـان ئازادانە لـەناو تۆڕەکان و لـە نزیک ئێـسـتگەکە بسـووڕێنەوە و کـەسیـش نارەحـەتیـان ناکات، ئەوەش قسەی زیماکۆڤ بوو. دیمانەکەمان بەو شێوەیە لەگەڵ پیاوەکە تەواو بوو، ئەو هەتا دەرگـەش بەڕێین کـردین، لە رێگەی دەرچوونمان لە سـاڵۆنـەکـە پـارچەکـانی گـەمـەی شـەترەنج پلاستیکی بڵند و پەیکەرێکی هەتا نـاوقەدی لینینمان دیت. ئەگەرچی کەشەکە باران و زریانێکی بەهێز بـوو، ئاسـمـانەکە بە هـەورێکی بۆر گیـرابوو، هەواکـە هەمـوو سـتـوونەکـانی دەهەژاند، بەڵام مـەکـینەکـان نـەرەیان دەهات و ئیـشـیـان دەکـرد، بۆیەش بەپەلە چەترەکانمان کردەوە و بـەڕاکردن بەرەو چایخـانەکـە رۆیشـتین. خـەڵکەکـە بە نەعلە سـادەکـانیـان لەناو قـوڕ و چڵـپاوەکـە دەهاتن و دەچوون، بەڵام دەستـە ژنێکم بینی بـە پێڵاوی پاشـپان بـەرزەوە دەڕۆیشـتن، بە هـاتنی کـاتی نیـوەڕۆ هـەموو بەرەو نانخواردن رۆیشتن.

غـالیـان فـاریاگوڤـای تەمـەن پەنجا و یەک سـاڵانە، مـاوەی نۆ سـاڵە لەو رێسـتـورانتـە چێشت لێ دەنێت، ئەو خۆی ناتوانێت خواردنەکان بە پارەی خۆی ئامادە بکات و رێستورانتـەکە بەڕێوە ببات، بۆیەش لەگـەڵ کـۆمـپـانیـایەک کـۆنـتـراکـتی کردووە بـۆ بەڕێوەبردنەکـە و خـواردن ئـامـادەکـردن بۆ کـارمـەندانـی گـازیرووم. ئەو ژنە لەگـەڵ هاوکارەکـانی نانی چوارسـەد کـرێکار سـاز دەکـەن، هـەر ژەمـــێکیش بە ١٢٠ هـەتـا ١٥٠ روبلە، کـــە دەکـــاتە سێ هـەتـا چـوار یۆرۆ، دیارە کـــەوا نرخـی خواردنەکەش بەپێی جۆرە ژەمەکەیە، جۆرەکانیش وەک ماسی، مریشک، گۆشتی گا، برنج، پەتاتە، شیرنەمەنی، کاکاو، لەگەڵ چایە. هەموو غالیانیان بەناوی غیلیا بانگ دەکرد، ئەو دەیوت یەک ژەمە خـواردن لە کـافیـتریاکەی ئەنجـوومـەنی دومـای رووسی تـەنیا بە پەنجا رۆبلە، لەوێ لـە پەرلەمـانی رووسـی کـافـیـار وەک شـتـی برژاو پێـشکێش دەکـرێت، بەڵام دەیویست قـەنـاعـەت بە خـۆی بکات، ئەوەیان درۆیەکە و دەکرێت. ئەو بەپۆشاکی جوان و بەروانکەی خاوێن و مکیاجی نازدارەوە لەسـەر خـوانەکان دەسـووڕایەوە، بەدەسـتی خۆی شـۆربای فـاسۆڵیـای بۆ کرێکارە برسییـەکان تێ دەکـرد، لەگەڵ ئیشکردندا قسـەشی دەکـرد. لەو سـاڵۆنەش چەندان حـەوزی مـاسیی جـوان دانرابوون، کـە تێیدا چەندان دیمەنی پلاستیکی ناو حەوزەکەی رەنگین کردبوو.

هـەموو بەیانییـان غـالیـان لە هـەوارەکەی کە مـاوەی بیست سـاڵە تێدا نیشـتـەجێیە و دەچێتـە سـەر کـارەکـەی، ئەو لـەو بینایە دەژیت کـە لە پێنـج نـهـۆم پێک هـاتووە و دەرگـە و پەنجـەرە ئاسنـەکـانی

ژەنگاوین، زۆریان شکاو و کار ناکەن، لەسەر پەیژەکانی ئەو باڵەخانەیە چەندان کۆنە شووشەی بەتاڵ ڕیز کراون، لەسەر دیوارەکانی چەندان دروشمی جۆرەوجۆر نووسراوە، لەوانە هەڕەشە و بەڵێن و راگەیاندنی مۆژدەدەر دەبینرا. ئەو وتی من شەوانە کە لەمپایەک لەسەر پەیژەکە دادەنێم، بەیانییەکەی نامێنێ و دەدزرێن، باڵەخانەکەش دەکەوێتە یولیتسا مولودیوشنایا (شەقامی گەنجان) ژمارە ١٩، ئەو مانگانە لە بری ئەو دوو ژوورەی کە تێدا دەژیت ٣٣٠٠ رۆبل دەدات کە دەکاتە نزیکەی هەشتا و دوو یۆرۆ، ژمارەی شوقەکەی ئەو ١٣یە و دەکەوێتە نهۆمی دووەم لەو باڵەخانەیە، مانگانەش لە کارەکەی لەو کافتیریایە ٧٥٠٠ رۆبل وەردەگرێت.

ئەو کە گەنج بووە هیوا و ئومێدی وابووە رۆژێک لە رۆژان ببێتە پزیشک، بەلام دایکی ئامۆژگاریی کردووە ببێتە کابانی رێستورانتێک، چونکە هەرگیز ئەوانەی لە ناندینەکان کار دەکەن، ئەوانەی چێشت ئامادە دەکەن برسی نابن، ئەو لەگەڵ دایکی ژیاوە، چونکە باوکی زوو بەر شەمەندەفەرێک کەوتووە و مردووە، رەنگە لەودەمانە باوکەکە مەست و سەرخۆش بووە، بەلام کەسیش نازانێت راستیی کەوتنە بن شەمەندەفەرەکەی ئەو پیاوە چۆن بووە. ئەو لەبەر رۆشنایی ئامۆژگارییەکانی دایکی فێری چێشت لێنان دەبێت و لە رێستورانتێک کار دەدۆزێتەوە و زۆریش پەرۆشی ئەوە بووە لە زێدی خۆی لە کۆماری مۆردوفیا دوور بکەوێتەوە، بۆیەش لە دەڤەری فۆلگا کە یەکەم پیاو داوای هاوسەرکاریی لێ دەکات، ئەو یەکسەر داواکەی قبووڵ دەکات و شووی پێ دەکات، پیاوەکەش پۆلیس بووە و زۆر لە رێستورانتەکەیان نانی خواردووە. ئەو لە تەمەنی نۆزدە ساڵییەوە لەگەڵ هاوسەرەکەی دێنە شارۆکەی گریازوفیتس و بەکورتی دوا ڕۆژەکانی ژیانی بۆمان بەو چەند دێرە کورت کردەوە و وتی:

من لەو پیاوە پۆلیسە کیژێکم بوو، ئەو خیانەتی لێ دەکردم، زۆریش ئەشکەنجەی دەدام، پۆلیس کەوتە نێوانمان و بۆیە دۆسیەکەمان گەیشتە دادگە و لەوێ بڕیاری جیابوونەوەم وەرگرت. ئەو لەساڵی ١٩٨٣ دوو رێباز و ژیاننامەی لە بەردەمدا بووە، یان بەردەوام بخواتەوە و کاتەکانی بە مەستی یان بەلەشفرۆشی بەڕێوە ببات، بەلام ئەو بەشانازییەوە وتی، من هەردوو رێگەکەم هەڵنەبژارد، ژیانە درێژەکەم بەشانازی و سەرفرازییەوە بەڕێ کردووە. غالینا لەگەڵ سازکردنی فاسۆڵیا و تێکەڵکردنی پەتاتە وردکراو و برنجەکە قسەی بۆ دەکردین و مەبەستی بوو هەناسە و بیرەوەرییەکانی خۆی بگێڕێتەوە.

ئەو دووبارە شوو دەکاتەوە و لەو پیاوەش کیژێکی تری دەبێت، بەلام مێردی دووەمیشی مەست و سەرخۆش دەژیا، بەلام ئەوەی باش بوو مێردەکەی ئەو شەوانە بە مەستی دەگەڕایەوە ماڵەوە، کە زۆربەی مەستەکانی ئەو دەڤەرانە شەوانە بۆیان نەدەکرا بگەڕێنەوە، بەلام ئەو رۆژێکیان بڕیارێکی توندی ڕووبەڕوو دەکاتەوە، پێی دەڵێت یان من یان مەشرووب! لەو رۆژەوە پیاوەکە لەبەر هەڕەشەی ژنەکەی واز لە مەشرووب دەهێنێت و چیی تر دەست بۆ پێکی مەی نابات، لەو رۆژانە ئەو سەرقاڵی باخچەکەی ناوماڵەکەیان دەبێت، بۆیەش ئەوان ئەو ژن و مێردە هەرگیز دەسکەوتی رۆژانەیان

بەشی ژیانێکی خۆش و ئاسوودەی نەکردووە، بۆیە پیاوەکە بۆ کارکردن لە هەڵکۆڵینی هێڵەکانی بۆڕییە پیترۆڵییەکان بەرەو باکور دەڕوات و لە ناوچەی ئارخانجیلسک و ناوچە نزیکەکانی ئەوێندەرێ کار دەکات و مانگانەش نزیکەی هەزار یۆرۆی دەست دەکەوێت، ئەوەش دوو ئەوەندەی ئەو مووچەیە بوو کە لە شارۆکەکەیان دەستی کەوتووە. ئەو دەیوت لەبەر ئاگر و رووناکیی ئێستگەکانی پەمپی پاڵدانی گازی ١٧ لە کافتیریاکە خۆم پێ راناگیرێ، کە زۆر لە گریازوفیتس نزیک بووە، ژیانی ئەو ژنەش لەو شوقە ناخۆشە و لەو رەوشەدا ژیانی بەتەنیایی زۆر زەحمەتە.

ئەو باڵەخانەیە لەلایەن کۆمپانیای گازبرووم‌ەوە دروست کراوە، هەر ئەو کۆمپانیایەش سەرپەرشتیی چاکردنەوەی دەکات، لە بەردەم دەروازەی باڵەخانەکەش پیاوێک پاسەوانی دەکرد و داری پیرۆزی سەری ساڵیشیان لێ ڕازاندبووەوە. غالینا وتی شوێنەکەمان خۆش و خاوێن بوو، بەڵام کۆمپانیای گازبرووم ئەوە پێنج ساڵە باڵەخانەکەی فرۆشتووەتە شارەکە، بۆیەش هیچ دەستێک چاکی ناکاتەوە، وا هێدی هێدی دەڕمێت و کاول دەبێت، ژیان و ڕێز و هیوامان لەو رۆژەوە لێرە و لەو ژیانە نەماوە. لەو قسانەدا بوو رووم‌ەتی ژنەکە بە چەند دڵۆپە فرمێسکێکی بە ژان تەڕ بوون، بۆیەش بەبێ ئەوەی هەست بە شەرمکردن بکات، پارزوونگەکەی دەستی دانا و دەستی بە رووم‌ەتە خاڵخاڵە کوتراوەکەی داهێنا و فرمێسکەکەی وشک کردەوە. ئەو تاکە هیوای لە ژیاندا ئەوە بوو شوقەیەکی سێ ژووری هەبێت، ژوورەکان خاوێن و بۆنخۆش بن و بۆنی پشیلەیان لێ نێت. غالینا لەناو کافتریاکە دەسووڕایەوە و لەگەڵ قسەکردن لەگەڵ ژنەکان خواردنەکانی کۆ دەکردەوە و قاپەکانی دەشووشت و شوێنەکەی پاک دەکردەوە، دادەنیشت و پیوازی بۆ خواردنی بەیانی ورد دەکرد، بڕیاریشە بەیانی گۆشتی گا بە پیوازیان بۆ سوور بکاتەوە، لەودەمانەش نم نم باران بەنەرمی لە پەنجەرەی کافیتریاکەی دەدا. ئەو بە تاریکیی باڵەخانە و رەشانەوە زەردەکەی سەر پایەی قاڵدرمەکە تووڕە و هەراسان بوو.

سەعات شەشی ئێوارەیە، رۆژەکە سارد و تاریک بوو، یفگینی گورلیۆڤ ئەوەی ژنەکەی جێی هێشتبوو، بەرەو هوتێلی کۆمفۆرت دەڕۆیشت و کلیلی ژووری ژمارە ٤ب لە دەست دابوو، بەیانییان و ئێواران بە زەحمەتی قوفڵی دەرگەکەی دادەخست و دەکردەوە. لەسەر سیسەمە تەسک و باریکەکەی دەست لە ئەژنۆ دادەنیشت و سەری داماوی لەناو دەستی دەشاردەوە، ماوەیەک وا دادەنیشێت، پاشان هەڵدەستێتەوە و پێڵاوەکانی لە پێ دەکاتەوە، تا هاوڕێیەکانی لە بۆنی ئەو بێزار نەبن، ژوورەکە بە بۆنێکی خۆش دەڕشێنێ، سەیری بنمیچی ژوورەکە دەکات و بیر لەوە دەکاتەوە دەمێکی چ روو دەدا و چ بکا، پێش سەعات هەشت کۆمپیوتەرەکەی دەکاتەوە تا بزانێت هیچ مەسیجی بۆ نەهاتەوە، ئینجا تێ دەگات هیچ نامەی نوێی بۆ نەهاتووە.

* ئەو وتارە لە کۆواری دیرشپیگلی ئەڵمانی بڵاو کراوەتەوە و لە ژمارەی ١١٦٧ ی رۆژی ١٦ی نۆڤمبەری ٢٠١١ ئەلجریدەی کوێتی کراوە بە عەرەبی.

# شەڕی سەربەخۆبوونی ئەمەریکا

نیکۆله شلەی. زابینه بوسه

داگیرکردنی ئەمەریکا له ڕێگەی کۆچبەره ئەوروپاییيەکانەوه، خاڵی سەرەکی بوو بۆ دروستبوونی شەڕ و پێکدادان لەگەڵ خەڵکه ڕەسەنەکەی باکوری ئەمەریکا، کە بە ئینديانە ناودەبرێن. دروستکردنی دەزگەی حکوومەتی و شێوەی بەڕێوەبردنی وڵات و بەهێزبوونی ئابووری و له هەمان کاتیشدا پەیدابوونی جۆرەوجۆرییەکی ئاینی و کولتووری، هەموو ئەمانەش سەرەتای کێشە بوون لەگەڵ خەڵکە ڕەسەنەکەی ئەمەریکا. بەڵام تەنیا شەڕ و پێکدادان له نێوان کۆچبەره ئەوروپاییيەکان و خەڵکە ڕەسەنەکە ڕووی نەدا، بگره له نێوان کۆچبەره ئەوروپاییيەکانیشدا شەڕ و پێکدادان دروست بوو. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەمەریکا تەنیا بەلای کۆمپانیا و کۆچبەره ئینگلیزەکانەوه گرینگ نەبووه، بگره ئیسپانییەکانیش له بەشی باشووری ئەمەریکا و فەرەنساییيەکان له نیو سکۆتلاند و کێبێک، هۆڵەندییەکانیش تا ساڵی ١٦٢٤ له هەرێمی هودسۆن ریڤەر و سوێدییەکانیش تا ساڵی ١٦٣٨ له ناوچەی دێلاوارا کۆلۆنیای خۆیان هەبوو، بۆ ئەمانیش ئەمەریکا گرینگییەکی ئێجگار زۆری هەبوو. لەبەر ئەوه شەڕێکی زۆر له نێوان کۆچبەره ئەوروپاییيەکان ڕووی دا، کە زیاتر هۆکارەکانیشی بۆ کێشەکانی ئەوروپا دەگەڕایەوه. ئا لەو کاتەدا باکوری ئەمەریکا له ڕووی سیاسی و ئابوورییەوه، وەکو بەشێکی دانەبڕاوی ئەوروپا سەیر دەکرا. له پاش (شەڕی فەرەنسی و هیند، French and Indian War ساڵی ١٧٦٣، ئینگلتەرا بوو بە گەورەترین دەسەڵاتداری کۆڵۆنی له باکوری ئەمەریکا. له ڕێککەوتننامەی ئاشتیی پاریسی (ساڵی ١٧٦٣)دا، بەپێی بەندەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیە، فەرەنسا هەموو کۆڵۆنیاکانی خۆی له باکوری ئەمەریکا دۆڕاند و هەموو کۆڵۆنیاکانی له نێوان ئینگلتەرا و ئیسپانیا دابەش کرا(سنووری

................................................................

وەرگێڕانی له ئەڵمانییەوه: ئەردەڵان عەبدوڵڵا

دەسـەڵاتی فرەنسا هەرێمی لیوزیانای ئێستاوە، کە دەکەوێتەوە رۆئاوای میسیپی، هەتاوەکو نیو ئۆرلەین دەگـرتەوە). لەپاش ئەم شـەڕەوە ترسی فـرەنسی نەمـا، ئەمــەش سـەرەتایەک بوو بۆ پەیدابوونی ساردی و کێشە لە نێوان کۆڵۆنیاکان و وڵاتی دایک، چیی تر پێویستیان بە پارێزەرێک نەبوو، چونکە ترسەکە نەما. لێرەوە چەمکەکانی ئیمپراتۆریەتی بەریتانیایی و کۆچبەرەکان تووشی پێکدادان بوون. کاتێک بەریتانیا باجێکی زۆری بەسەر کۆچبەرەکان سەپاند، کە بە Sugar Act 1764 یاسای شەکر ناو دەبرێت. بەپێی ئەم یاسایە گومرگێکی زۆر خرایە سەر (شەکر، قاوە، شەراب) هەروەها چەند شمەکێکی تریشی گرتەوە، کە دەبووایە ئەمەریکاییەکان لە گیرفانی خۆیان بیدەن، دیارە جگە لەم یاسایەش، یاسایەکی تر بووە هۆی تووڕەبوونی ئەمەریکاییەکان، ئەویش یاسای Stamp act ساڵی ١٧٦٥، ئەم یاسایە برێتی بوو لە باجێکی ڕاستەوخۆ کە هەموو چاپەمەنییەکانی دەگرتەوە، لە رۆژنامەوە بۆ وەرقەی دۆکۆمێنتی و تەنانەت کارتی یاریکردنیشی دەگرتەوە. هەموو ئەمەش بۆ ئەوەبوو کە ئەو بۆشاییە گەورەیەی کە کەوتبووە خەزێنەی دارایی بەریتانیاوە، ئەمەش لە ئەنجامی شەڕەکانەوە، پڕیان بکاتەوە. هەموو ئەمانەش بوونە هۆی تووڕەبوونی خەڵکی ئەمەریکا و بوو بەهۆی دروستبوونی ڕاپەڕینی خەڵکی دژ بە بەریتانیا.

## بەبێ مافی نوێنەرایەتی، باج نادەین

ئەمە دروشمێک بوو کە دژ بەکۆڵۆنیالیزمی بەریتانی بەرز کرایەوە و ترسیشی بۆ یەکپارچەیی بەریتانیا هەبوو. هەر بەوەشەوە نەوەستان بگرە دەست کرا بە بایکۆتکردنی شمەکی ئینگلیزی و نەهێشتنی پێوەندی لەگەڵ بازرگانە بەریتانیاییەکان. ئەمەش کاریگەری زۆری هەبوو. ساڵی ١٧٦٦ لە ئەنجامی ئەو ڕاپەڕینەی ئەمەریکاییەکان، پەرلەمانی بەریتانیایان ناچار کرد کە ئەو یاسا خراپەی Stamp act هەڵوەشاندەوە. هەر ساڵێک پاش ئەم ڕاپەڕینەش، واتە ساڵی ١٧٦٧، هەرچی گومرگی زیاد دانرابوو لەسەر (شووشە، کاغەز، ڕەنگ، چای، شەکر، نیسک، هەروەها لۆکەش)، هەموو بەجارێک هەڵگیران، کۆچبەرەکان تەنیا بەشێکی ئێجگار بچووک گومرگ و باجیان دەدا.

ئەمەش کۆمەڵێک شتی نوێی لەگەڵ خۆی هانی. کۆچبەرەکان جارێکی تر دەستیان کردەوە بە بایکۆتکردنی بازرگانی لەگەڵ وڵاتی دایک (مەبەستی بەریتانیایە). پاشتر کۆمەڵێک گۆڕانکاریی نوێ ڕووی دا، لەوانە پەیدابوونی چەند کارگەیەک و دۆزینەوەی ڕێگەی قاچاخی بۆ شتومەک، کە لە ناوچەکانی کاریبیکەوە دەهێنرایە ئەمەریکا. لە هەمان کاتیشدا لەناو کۆچبەرەکاندا، گفتوگۆیەکی توند لەبارەی پێوەندیی نێوان بەریتانیا و کۆڵۆنیاکەی (مەبەست ئەمەریکایە) پەیدابوو. هەندێک لە کۆچبەرەکان پێیان وابوو کە وڵاتی دایک نابێت هیچ پێوەندیی بە ئەمەریکاوە هەبێت، هەندێکی تر ڕادیکاڵانە بیریان دەکردەوە و دەیانگوت، پەرلەمانی بەریتانیا هیچ مافێکی یاساییی بەسەر ئێمەوە نییە. بڵاوبوونەوەی نامەکانی جەنەراڵ کۆرت، کە بە Townsbend Act ناسراوە، کە تێیدا داوای

پچڕانی هەموو مافێکی یاسایی و سروشتیی لەگەڵ بەریتانیا دەکرد، ئەمەش جۆرێک ترسی لە بەریتانیا دروست کرد. هەر بۆیە هێزە سەربازییەکانی بەریتانیا بۆ بۆستن گوێزرانەوە، کە ناوەڕاستی کۆڵۆنیاکە بوون، ئەمەش جۆرە نارەزاییەکی لەناو کۆچبەرەکاندا دروست کرد. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لەناو ئەمەریکاییەکاندا باوەڕی ئەوەیان لا دروست دەبوو، کە وڵاتی دایک (بەریتانیا) ماف و ئازادییان لێ دەدزێت. هێنانی چوار هەزار سەربازیی بەریتانیایی بۆ بۆستن، نارەزایی و ترسی لای دانیشتوان دروست کرد، ئەو کات هەموو دانیشتوانی بۆستن نەدەگەیشتنە ١٦ هەزار کەس. لە ٥ی مارسی ١٧٧٠ گرووپێکی خۆپێشاندەران تۆپەڵە بەفر کە لەناویدا بەردی تێدا بوو، گرتە سەربازە بەریتانیاییەکان. ئەمەش تیپە سەربازییەکەی تووشی شڵەژانێکی گەورە کرد، سەربازە بەریتانیاییەکان تێکچوون و نەیانزانی چی بکەن، یەکسەر تەقەیان لە خۆپێشاندەران کرد. لەم ڕووداوەدا کە بە (کۆمەڵکوژی بۆستن) ناسراوە، پێنج خەڵکی سیڤیل کوژران. لە ئەنجامی ئەو بایکۆتکردن و خۆپێشاندانانە، باج و گومرگی حکومەتی کە پێشتر دانرابوو، لە ئەپریلی ١٧٧٠ هەڵگیرا، هەروەها (باجی چایش) هەڵگیرا.

لە ١٦ دیسەمبەری ١٧٧٣دا کۆمەڵێک کۆچبەر کە جلوبەرگی هیندییان لەبەر کردبوو، پەلاماری کەشتییە بەریتانیاییەکانی دا و پاشان هەرچی (چای) تێدابوو خستیانە ناو ئاوەوە، ئەم ڕووداوەش بە Boston Tea Party ناسراوە. ئەوان دەیانویست بەم شێوەیە نارازیبوونی خۆیان بەرانبەر بە پەرلەمانی بەریتانیا دەرببڕن، چونکە بەپێی یاسای پەرلەمان، کۆمپانیای ڕۆهەڵاتی هیندی، بازرگانیکردنی (چای) بۆ خۆی قۆرخ کردبوو. ساڵی ١٧٧٤ بەریتانیا کۆمەڵێک یاسای توندی دژ بە هەرێمی ماساشوسیت دەرکرد کە بە Coercive Acts ناسراوە. لە پاش ئەمە هەموو کۆڵۆنیاکانی بەریتانیا لە ئەمەریکا، یەکیان گرت و لە سێپتەمبەری ١٧٧٤ لە هەرێمی فێلەدێڤیا کۆ بوونەوە و کۆنگرێسێکی پارزەوینیان دروست کرد First Continental Cingress. لە هەموو کۆڵۆنیاکانەوە نوێنەری خۆیان ناردبوو، جگە لە کۆڵۆنیای جۆرجیا. هەموو کۆبوونەوە بۆ ئەوەی پێکەوە دژ بە بەریتانیا بوەستنەوە. لە کۆنگرێسەکەدا هاتبوو، کە پێویستە پێوەندیی نێوان وڵاتی دایک و کۆڵۆنیاکە بە شێوەیەکی ڕیشەیی بگۆڕێت. لەم کۆبوونەوەیەدا هەستێکی گەورە هەبوو، کە بەرژەوەندییەکی هاوبەش هەموویان پێکەوە دەبەستێتەوە. لە هەمان کاتیشدا هەستی ئەمەریکانیزم و دروستبوونی نەتەوەیەک سەری هەڵدا. لە پایزی ١٧٧٤دا شۆڕشی ئەمەریکا دەستی پێ کرد.

لە ١٩ی ئەپریلی ١٧٧٥ ئاگری شەڕ سنووری نێوان هەردوولای گرتەوە، لەم ڕۆژەدا شەڕ لە نێوان گرووپە چەکدارە ئەمەریکاییەکان و سوپای بەریتانیا لە ناوچەی لێکسینگتۆن دروست بوو. ئەمەش سەرەتای شەڕی سەربەخۆیی ئەمەریکا بوو. لە شەڕی لیکسینگتۆن گرووپە چەکدارە ئەمەریکاییەکان، توانییان یەکەمین سەرکەوتن بەدەست بهێنن و ناوچەی نیوئینگلاند لە هەرێمی ماساشوسیت لە دەستی جەنەراڵ تۆماس گەیج رزگار بکەن. لە ئەنجامی ئەم شەڕەدا جەنەراڵ

گەیچ ناچار بوو ١٥٠٠ سەرباز لە بۆستن داوا بکات و بیانهێنێتە ئێرە بۆ ئەوەی پشتگیریی سوپاکە لە دژی چەکدارە ئەمەریکاییەکان بکات، بەڵام لە بەرامبەریشدا لە هەرێمەکانی ترەوە چەکدارە ئەمەریکاییەکانیش هاتن بۆ هەرێمی ماساشوسیت بۆ ئەوەی پشتگیرییان بکەن. لە ١٠ مای ١٧٧٥ دووەمین گۆنگرەی کۆنگرێس لە فیلەدێڵفیا بەسترا، هەر لە هەمان ڕۆژدا گرووپە چەکدارە ئەمەریکاییەکان کە بە (Green Mountain Boys) ناسراون، لە ناوچەی Ticonderoga پەلاماری سوپای بەریتانیایان دا. لەم ڕۆژەدا کۆنگرێس بڕیارێکی ڕادیکاڵانەی تری دا، ئەویش دروستکردنی سوپایەکی تایبەتی ئەمەریکا کە بە (Continental Army) ناسراوە. هەروەها بڕیاریان دا کە جۆرج واشینتۆن بکەنە سەرۆکی سوپای ئەمەریکا و هەروەها مافی ئەوەیان پێ دا کە سکەی پارە دەربکات و هەروەها کۆمەڵێک دەسەڵاتی تری دەوڵەتی پێ درا. پاش ئەوەی شەڕێکی قورس لە ناوچەی بونکەر هیل لە نێوان چەکدارە ئەمەریکاییەکان و سوپای بەریتانیا ڕووی دا، بەریتانیاییەکان سەرکەوتنێکی باشیان بە دەست هێنا و، هەروەها پاش ئەوەی چەندان جار داوایان لە مەلیک جۆرجی دووەم کرد، کە ڕێگەچارەیەکی ئاشتییانە بۆ کێشەی باکوری ئەمەریکا بدۆزێتەوە، بەڵام هیچ وەڵامی نەبوو. لەبەر ئەوە دووەمین کۆبوونەوەی کۆنگریس لە ٢ یۆلیۆ ١٧٧٦ بڕیاری دا کە لەژێر دەسەڵاتی مەلیک نەمێنن. دوو ڕۆژ پاش ئەوە واتە ٤ یۆلیۆ ١٧٧٦ تۆماس جیفرسۆن (کە لەلایەن بنیامین فرانکلین و جۆن ئادەمس کارمەند بوو)، ئیعلانی سەربەخۆبوونی ئەمەریکای ڕاگەیاند. ئەمەش بەشێوەیەکی گشتی ڕووبەڕووی مەلیک جۆرجی دووەم کرایەوە. جێگەی ئاماژەیە هەر لە سەرەتای ساڵی ١٧٧٦ەوە ئەم کێشە ئاڵۆزە و ئەو نووسینانەی کە" تۆماس پاینە " کە بە "Common Sense" ناسراوە، کە لەبارەی سەربەخۆبوونی ئەمەریکاوە نووسیبووی، جێگەی گفتوگۆیەکی توند بوو.

## بەردەوامبوونی شەڕەکان

لەپشت مەیدانەکانی شەڕەکەوە هێشتا وڵاتەکە یەکی نەگرتبووەوە. نەبوونی پارە و چەک بۆ شەڕ لە دژی بەریتانیا، دوو کێشەی گەورە بوون. هەرچەندە هەموو کۆڵۆنیاکان بڕیاری سەربەخۆییان دابوو، بەڵام هەندێکیان لە بەرامبەر پەلاماری چەکداریدا ترسیان هەبوو، دیارە نەبوونی ئەزموونی سەربازی و چەک، یەکێک بوو لە هۆکارەکان، کە وای لەم کۆڵۆنیایانە کرد، ئەم ترسەیان بەرانبەر ئینگلتەرا هەبێت.

هەر زوو جۆرج واشینتۆن دەرکی بەو ڕاستییە کردبوو، کە سوپای بەریتانیا زۆر لە سوپاکەی ئەو بەهێزترە، هەر بۆیە ئەو پشتی بە تەکنیکی شەڕی پارتیزانی بەست. بەتایبەت لە زستانی ساڵی ١٧٧٦/١٧٧٧دا، واشینتۆن توانی هەندێک سەرکەوتنی بچووک بەدەست بهێنێ، کە لە ڕووی مۆڕاڵییەوە توانی ورەی سوپاکەی بەرز بکاتەوە. لە سەرەتای ساڵی ١٧٧٧دا، کۆی گشتیی ئەو چەکدارانەی کە لەژێر فەرمانڕەواییی جۆرج واشینتۆن بوون، دەگەیشتە ٥ هەزار کەس.

بەریتانیاییەکان ستراتیجییەکی زۆر گەورەیان لە دژی ئەمەریکاییەکان دانا، بۆ ئەوەی ڕاپەڕینەکەیان سەرکوت بکەن. لە کاتێکدا کە جەنەراڵ "بۆرجۆینە " بەخۆی و حەفت هەزار سەربازەوە لە کەنەداوەوە بەرەو باشوور هات، لە هەمان کاتیشدا جەنەراڵ "باری ست لێگەر" بە گرووپێکی بچووکەوە لە رۆئاواوە بەرەو رۆهەلات هات. دەبووایە جەنەراڵ " هاو" لە نیویۆرکەوە بێتە هودسۆن لەوێ لەگەڵ جەنەراڵ "بۆرجۆینە " یەک بگرنەوە. لە نێوان ئەم سێ بەرەی شەڕەدا دەیانویست ڕاپەڕینەکە سەرکوت بکەنەوە. جەنەراڵ "بۆرجۆینە " سەرکردایەتیی گەورەترین قۆڵی شەڕەکەی کرد و پەلاماری ناوچەی تیکۆندێرۆگا دا، کە بنکەی سەرەکیی ڕاپەڕیوەکان بوون و پاشان لەم شەڕەدا دۆڕاندیان.

لە ٢٣ی یۆلیۆ ١٧٧٧دا جەنەڕاڵ " هاو" بەخۆی و کۆمەڵێک کەشتی و ١٥ هەزار سەربازەوە پەلاماری نیویۆرکی دا، ئامانجی ئەوە بوو کە بەرەو ناوچەکانی چێساپەیک بای و پاشان بەرەو فێلەدێفیا بڕوات، کە سەنتەری ڕاپەڕیوەکان بوو، بۆ ئەوەی لەناویان بەرێت و لەوێ چاوەڕێی گەیشتنی جەنەراڵ "بۆرجۆینە " بکات. بەڵام کاتێک جەنەراڵ "بۆرجۆینە " گەیشتە ناوچەی هوسۆن ریڤێرا، هێزێکی کەلەهێسە بەکرێگیراوەکان پێک هاتبوو، لە ١٦ی ئۆگوستی ١٧٧٧دا بەرامبەر هێزەکەی جۆرج واشینتۆن شکان و لە ناوچەی بێنینگتۆن هێزەکە بەتەواوەتی تێک شکێنرا. لە پاش ئەم شەڕە، جەنەراڵ " هاو" ناچار بوو هێزەکەی لە چێساپەیک بای بکشێنێتەوە بۆ ئەوەی لە ناوچەی براندواین پەلاماری هێزەکانی جۆرج واشینتۆن بدات. هەر بۆیە جارێکی تر فێلەدێفیای داگیر کردەوە. لە ٧ی ئۆکتۆبەری ١٧٧٧دا لە ناوچەی " ساراتۆگا" ئەمەریکاییەکان توانییان یەکەمین سەرکەوتن بەدەست بهێنن. هەردوو جەنەراڵ هۆراتیۆ گەیتس و بێنێدیک ئارنۆڵد، توانییان سەرکەوتن بەسەر هێزەکانی " جەنەڕال "بۆرجۆینە " بەدەست بهێنن و نێزیکەی ٦٠٠ سەربازیشیان لێ بە دیل بگرن.

لە ١٧ ئۆکتۆبەری ١٧٧٧دا جەنەراڵ "بۆرجۆینە " خۆی تەسلیمی جەنەراڵ گەیتس کرد. نێزیکەی ٥٧٠٠ سەربازیش بە دیل گیران و لە شاری بۆستن سواری کەشتییەک کران و بۆ ئینگلتەرا نێرانەوە. ئەم سەرکەوتنە گەورەیەش چارەنووسی هەموو شەڕەکەی دیاری کرد.

کاتێک مەلیکی فرەنسا لودفیگی چواردە هەواڵی ئەم سەرکەوتنەی بیست، سەیری کرد کە کاتی ئەوە هاتووە کە تۆڵەی خۆی لە سەختترین دوژمنی بکاتەوە کە ئەویش بەریتانیا بوو. یەکسەر بەفەرمی دانی بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا نا و، یارمەتییەکی مادی و چەک و تەقەمەنیی زۆری بۆ ناردن و لە فێبراوەری ١٧٧٨دا شێوە هاوپەیمانییەکی لەگەڵدا مۆر کردن.

لە ئینگلتەرا پێیان وابوو کە سەرکەوتنی " ساراتۆگا" لە ئەنجامی یارمەتیدانی فرەنسا بووە. بۆ ئەوەی ئەم بارە نوێیە بگۆڕن، ئینگلتەرا هەموو یاساکانی پێشووی هەڵوەشاندەوە، تەنانەت "یاسای چای"یشی هەڵوەشاندەوە و لە هەمان کاتیشدا دەستیان کرد بە ناردنی شاندی ئاشتی بۆ

فێلەدێفیا. بەڵام کۆنگرێسی ئەمەریکا ئەو ڕێککەوتننامەیەی کە لەگەڵ فرەنسا مۆریان کردبوو، بەکۆی دەنگ ڕازی بوون. جێگەی ئاماژەیە لەم ڕێککەوتننامەیەدا، فرەنسا جگە لە یارمەتیی جەنگی، هاوکاریی ئابووریشی دەدان. ئەمەش وای کرد کە هەر یەکسەر شەڕ لە نێوان بەریتانیا و فرەنسا هەڵبگیرسێت. ئیسپانیاش وەکو هاوپەیمانێکی فرەنسا هاتە ناو شەڕەکەوە. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، هێشتا شەڕ لە دژی بەریتانیا بەردەوام بوو و سەرکەوتنی تەواوەتیش دیار نەبوو.

پاش ئەوەی جەنەڕاڵ " هاو" خۆی و سوپای بەریتانیای تەسلیمی جەنەڕاڵ کلینتۆن کرد، بەریتانیاییەکان ستراتیجیی خۆیان لە شەڕەکەدا گۆڕی. شەڕەکە لە باکورەوە بۆ باشوور گوێزرایەوە و بەریتانیاییەکان خۆیان لە ناوچەی " باشووری کارۆلاینا و جۆرجیا" قایم کرد.

ساڵی ١٧٧٨ بەریتانیاییەکان ناوچەی " ساڤاناه"یان لە دەست دەرچوو، لە ساڵی ١٧٧٩ هەموو بەشەکانی ناوچەی جۆرجیاشیان دۆڕاند. جەنەراڵ کلینتۆن بە خۆی و کۆمەڵێک کەشتییەوە پەلاماری بەندەری " چارلیستۆن"یان دا، کە ئامانجی ئەوەبوو بەندەرکە داگیر بکات. بەڵام سەرکەوتوو نەبوو. لەم شەڕەدا نێزیکەی ٣٠٠٠ سەربازی ئەمەریکایی بە دیل گیران، ئەمەش لەم شەڕەدا خراپترین تێکشکانی سەربازی بوو بۆ ئەمەریکاییەکان.

هێزە ئەمەریکاییەکان تێکشکانێکی خراپی تریان لەلایەن جەنەراڵ گەیتس لە باشوور تووش هات، لە کاتێکدا کە لە ناوچەی کامدێن لە هەرێمی ساوزکارۆلاینا ڕووبەڕووی هێزەکانی بەریتانیا بوونەوە کە جەنەراڵ کۆرنوایلس سەرکردایەتیی دەکردن، نێزیکەی هەزار چەکداری ئەمەریکایی گیانیان لەدەست دا و. پاشان جەنەراڵ ناتانێل گرینیان کردە سەرکردەی هێزە ئەمەریکاییەکان، ئەمیش توانی جەنەراڵ کۆرنوایلس و هێزەکانی لە ناوچەکانی " باکور و باشووری کارۆلاینا" بەرەو دواوە بکشێنێتەوە.

کۆرنوێلس جارێکی تر تووشی جەنەراڵ کلینتۆن بوو، ئەمجارەشیان هەڵەیەکی گەورەی کرد، کاتێک هێزەکانی لە ناوچەی یۆرک تاون، ناچار کران کە بکەونە سەنگەری بەرگریکردنەوە و ناچار کرا، کە هێزە ماندووەکەی بۆ یارمەتی و ئازووقە هێنان پشت بە دەریا ببەستن، ئەمەش گەورەترین هەڵە بوو کە کردی. لە دوورگەی هیندیی ڕۆژئاواوە هێزێکی دەریایی فرەنسایی بە سەرکردایەتیی ئەدمیراڵ " دو گراس" هەروەها لە بنکەی سەرکردایەتیی هێزە دەریاییەکانی فرەنساشەوە لە نیو پۆرت ئایسلاند، هێزێکی بەسەرکردایەتیی جەنەراڵ کۆمت دو ڕۆشامبۆ بۆ یارمەتیدانی هێزەکانی جەنەراڵ واشینتۆن هاتن.

لە هەلومەرجێکی ئێجگار دژاور و زەحمەتی ئەو کاتدا، لە ٥ ئۆگوستی ١٧٨١ هەرسێ ڕووبەڕووی یەکتری بوونەوە، ئەدمیراڵ تۆماس گراڤێس سەرکردایەتیی شەڕەکەی دەکرد. لە ٢٨ سێپتەمبەری ساڵی ١٧٨١دا گەمارۆی بەندەری یۆرک تاون درا و شەڕێکی سەخت بەرپابوو. لە ١٧

ئۆکتۆبەری ١٧٨١دا، جەنەراڵ کۆرنوێلس شاری یۆرک تاون و ٧٠٠٠ سەرباز خۆیان بەدەستەوە دا.

لە پاش دۆڕاندنی شەڕی یۆرک تاون بەریتانیاییەکان، وازیان لە سەرکوتکردنی شۆڕشی ئەمەریکاییەکان هێنا.

لە کۆتاییدا هەموو لایەنە شەڕکەرەکان لە پاریس کۆ بوونەوە و بۆ ئەوەی ڕێککەوتننامەی ئاشتی مۆر بکەن. شاندی ئەمەریکا لە (جۆنس ئادەم، بنیامین فرانکلین، جۆن جەی، تۆماس جێفرسۆن و هنری لاورێنس) پێک هاتبوو. ئەمانە لەگەڵ دیپلۆماسی بەریتانیایی " ڕیتچارد ئۆسوڵد" کۆ بوونەوە، کە لە ئەنجامدا ڕێککەوتننامەی ئاشتیی پاریس مۆر کراو، هەر ١٣ ولایەتە ئینگلیزەکان سەربەخۆیی خۆیان لە بەریتانیا دەستکەوت. بەریتانیا بە فەرمی دانی بەم وڵاتەدا نا و، هەموو هێزەکانی خۆی هەتا سنووری کەنەدا کشانەوە و تەسلیمی ئەم نەتەوە گەنجەی کرد. ئەو سنوورەی لێرەدا دیاری کرا، باکوری هەموو دەریاچە گەورەکانی دەگرتەوە، کە لە میسیسسپییەوە بۆ ڕۆئاوا دەکشێت، باشووریش هەتا باکوری ناوچەی فلۆریدای ئێستای دەگرتەوە.

## کۆتاییی شەڕەکە

لەگەڵ مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی ئاشتیی پاریس (ڤێرسای، ١٧٨٣) کۆتا بەشەڕی باکوری ئەمەریکا و سەربەخۆبوونی ئەمەریکا هانی. ئەم نەتەوە گەنجە، بەهۆی ئەم شەڕەوە توانی بە ئامانجەکانی خۆی بگات. دەستوورێکی نوێیان داڕشت، کە سوودیان لە کۆڵۆنیاکانی پێشوو وەرگرتبوو، ئەم دەستووورە لەسەر بنەمای کۆماری و دیموکراتی و یاسا گشتییەکانی دامەزرابوو، وەکو سەربەخۆبوونی گەل، دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی دەوڵەت، دەست بەدەست کردنی دەسەڵات و بەشداریکردنی هاووڵاتییان لە دەسەڵاتدا. لە هەمان کاتیشدا بەشێکی زۆری دەستوورەکە، دانی بە مافەکانی مرۆڤ و مافە مەدەنییەکاندا نابوو.

بڕگەی کۆنفیدراسیۆن کە بە " Articles of Confederation " ناسراوە، لە ١٥ی نۆڤێمبەری ١٧٧٧دا هەموو وڵاتەکان پێکەوە بڕیاریان دا کە یەکەتییەکی دەوڵەتی دروست بکەن. بەڵام بە حوکمی ئەوەی خاوەنی هیچ سەربەخۆییەکی دارایی و میکانیزمی دەسەڵاتی دەوڵەت نەبوون، ئەم دەستووورە کاریگەری خراپی بۆ سەر دارایی و بازرگانی هەبوو. لەبەر ئەوە ساڵی ١٧٨٦، جارێکی تر دەستکاریی ئارتیکلەکانی کۆنفیدراسیۆن کرایەوە و گۆڕانکاریی نوێ خرایە ناو دەستوورەکەوە.

ساڵی ١٧٨٧ لە فیلەدێفیا گۆڕانکاریی نوێ بەسەر دەستووردا کرا، کە بەتەواوەتی دەستووری ئەمەریکای گۆڕی، لەم دەستوورەدا دانی بە ولایەتی فیدراڵی دانا، کە ئەم ولایەتانەش بەپێی بنەماکانی دەستوور، دەسەڵات دابەش کراوە و دەزگای بەهێزیش هەیە بۆ دژایەتیکردنی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات کە بە Checks and balances ناسراوە.

سالّی ١٧٨٩ دەستووری ئەمەریکا بەشێوەیەکی فەرمی کاری پێ کرا. هەتا سالّی ١٧٩١ دە برگەی نوێ کە بە Amendments ناسراوە، بۆی زیاد کرا و پاشان بوونە بەڵگەی دەستووری. ئەمەش بوو بە بنەمایەکی گرینگ بۆ پێشکەوتنی نەتەوەیەکی سەربەخۆ، مۆدێرن و نەتەوەیەکی دیموکرات.

## تێڕوانینێکی گشتی

لایەنە شەڕکەرەکان:

ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دژ بە بەریتانیا، لە یۆلیۆی ١٧٧٨ وە فرەنسا بەشداری کرد، لە ئەپریلی ١٧٧٩ وە ئیسپانیا وەکو هاوپەیمانی فرەنسا بەشداری کرد. لە سێپتەمبەری ١٧٨٠وە هۆڵەندا بێلایەن هاتە ناو شەڕەکەوە.

کاتی شەڕەکە:

لە سالّی ١٧٧٥ تا ١٧٨٢ (لە نۆڤێمبەری ١٧٨٢ ڕێککەوتننامەی ئاشتی لە پاریس مۆر کرا).

ژمارەی بەشداران:

ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا: ٢١٧٠٠٠ سەرباز. هیچ زانیاریی تەواو لەبارەی ژمارەی سەربازانی بەریتانیا و فرەنسا و ئیسپانیاوە نازانرێ قوربانییانی شەڕ. ئەمەریکا: ٤٤٣٥ کوژراو، (هەروەها ٦١٨٨ کەسیش لە ئەنجامی خزمەتی سەربازیدا گیانیان لەدەست داوە. هیچ زانیاری تەواو لەبارەی ژمارەی سەربازانی بەریتانیا و فرەنسا و ئیسپانیاوە نازانرێ

سەرچاوە: لەم کتێبە وەرگیراوە.

Nicole Schley, Sabine Busse. Die Kriege der USA.Chronik Einer Aggressiven Nation. Heinrich Hugenduble Verlag .München. 2003.S 11 _ 25.

# ئاخۆ سیستەمی سەرمایەداری بەردەوام دەبێت؟

## گفتوگۆیەک لە نێوان نۆربێرت ڤاڵتەر و ئاڵمار ئاڵتڤاتەر

کریستیان تشاس. ڤۆڵفگانگ ئاوشاتیوس

پێش ماوەیەک کۆواری " تسایت گشیشتە"ی ئەڵمانیایی، لەبارەی تەنگژە ئابوورییەکە و سیستەمی سەرمایەدارییەوە، گفتوگۆیەکی لە نێوان نۆربێرت ڤاڵتەر و ئاڵمار ئاڵتڤاتەر ساز کرد. پێش چەند ساڵێک، یەکەمیان کتێبێکی بەناوی (گەشەی زیاتر بۆ ئابووریی ئەڵمانیا). دووەمیشیان کتێبێکی بەناوی (کۆتاییی سەرمایەداری بەو شێوەیەی کە ئێمە دەیزانین) چاپ و بڵاوکردەوە

ئەڵمار ئاڵتڤاتەر لە ساڵی ١٩٣٨ لەدایک بووە، توێژەرێکی سیاسییە و هەواداری تیۆری مارکسیزمە. ساڵی ١٩٦٨ بوو بەئەندام لە " پەیمانگای ئاوتۆ زۆر " لە بەرلین، کە زیاتر وەکو سەنتەرێکی لێکۆڵینەوەی چەپ بوو. ئەم سەنتەرەش لە پاش شۆڕشی خوێندکارانەوە دروست بووە.

نۆربێرت ڤاڵتەر کە لە ساڵی ١٩٤٤ لەدایک بووە، ساڵی ١٩٦٨ دەبێتە خاوەنی دیپلۆمی زانکۆ و پاشان دەبێتە ئەندام لە " پەیمانگەی لێکۆڵینەوەی سەرمایە" لە فرانکفۆرت. ئەمڕۆش وەکو پسپۆڕێکی ئابووری لە بانکی (دۆیتچە بانک) کار دەکا. هەرچەندە پێشتر هەڵەیەکی گەورەی کرد، کاتێک گوتی: پێشبینی دەکەم کۆتاییی ساڵی ٢٠٠٩، ژمارەی بێکارەکانی ئەڵمانیا بگاتە پێنج ملیۆن کەس.

بەڕێز ڤاڵتەر، ئاخۆ کتێبی " سەرمایە، کەپیتال"ی مارکستان خوێندۆتەوە؟

**نۆربێرت ڤاڵتەر**: بە ماوەیەکی زۆر پێش ئەوەی بچمە دۆیتچە بانکەوە، لە تەمەنی ٢٣ ساڵیدا لە زانکۆی فرانکفۆرت دەمخوێند، ئەمەش ساڵی ١٩٦٨ بوو. ئەو کاتە هاوڕێکانم لۆمە و تاوانباریان دەکردم، کە تەنیا بایەخ بە ئابووریی بۆرجوازی دەدەم. هەر بۆیە پاشتر بازنەیەکی رۆشنبیریمان

.................................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا




لەبارەی مارکسەوە پێک هێنا. ئەمەش وای لێ کردم کە بە شێوەیەکی قووڵ کتێبی " سەرمایە، کەپیتاڵ " بخوێنمەوە. ئەمەش ناخۆشترین و بێزارترین کتێب بووە کە لە ژیانمدا خوێندبێتمەوە. زۆر بە ڕاشکاوانە دەڵێم، لە بەشێکی زۆری کتێبەکەدا هیچ تێ ناگەیت نووسەر دەڵێت چی، جگە لەوەش بەزمانێکی ئەڵمانیایی زۆر لاواز نووسراوە.

**ئەڵمار ئاڵتڤاتەر**: بەهیچ ناتوانم بەم قسەیە ڕازی بم، مارکس بۆ خۆی " سەرمایە " بە کارێکی هونەریی تەواو دادەنێت، وە لەو باوەڕەشدام کە هەڵەی نەکردووە، چونکە لە هەندێک شوێنی ئەم کتێبەدا ئەدەبێکی بەرز دەبینین.

ئەی ئێوە کەی بۆ یەکەم جار کتێبی " سەرمایە"تان خوێندەوە؟

**ئەڵمار ئاڵتڤاتەر**: لە جەژنی سەری ساڵی ١٩٦١دا بوو.

ئاخۆ وەکو دیارییەک دەستت کەوت؟

**ئەڵمار ئاڵتڤاتەر**: نەخێر، بەڵکە خاوەن کتێبخانەیەکی چەپ لە شاری میونشن، ئەو قەناعەتەی لام دروست کرد، کە ئەم کتێبە بخوێنمەوە. وە ئامۆژگاریی کردم، کە هەرسێ بەرگەکە بکڕم، کە لە ئەڵمانیای ڕۆهەڵات چاپ کراوە، چونکە بە نرخێکی هەرزان دەستت دەکەوێت، ئەو کاتە من خوێندکار بووم. لەو کاتەدا تەمەنم بیستی تێ پەڕاندبوو، هیچ پارەشم نەبوو تەنانەت نەمتوانی بگەڕێمەوە ماڵی باوکم، ئەمەش ناچاری کردم کە لە ژوورەکەی خۆمدا بمێنمەوە هەرچەندە ژوورەکەم هیچ ئامرازێکی گەرمکردنەوەی تێدا نەبوو. لەوێ " سەرمایە "م خوێندەوە و بەداخەوە هەستم کرد کە " برتۆڵد برێخت " ڕاستی کردووە کاتێک دەڵێت:

(تێگەیشتن لە مارکس تێچوونی زۆرە، چونکە دەبێت ئەو کەسە کۆمەڵێک کتێبی تر بخوێنێتەوە، ئینجا دەتوانێت لە مارکس تێ بگات)

ئەمڕۆ پاش پەنجا ساڵ بەسەر ئەم ڕووداوەدا تێپەڕیوەو، خۆمان لە خراپترین تەنگژەیەکی ئابووری دەبینینەوە کە تووشی سەرمایەداری بوو، مارکس لەم بارەیەوە چی دەڵێت؟

**ئەلمار ئالتفاتەر**: لە بەرگی سێیەم لە "سەرمایە"دا و بەتایبەت لە فەسڵی پێنجەمدا، بەشێکی گرینگی لەبارەی ئەم باسەوە تێدایە، کە بە ناونیشانی "سەرمایەی بۆ سوود هەڵگیراوە"، کە باس لە کێشەی قەرزدان دەکات لەو سەردەمەدا. لەم بەشەدا کە فریدیک ئەنجلس پێشەکیی بۆ نووسیوە و تێیدا باسی ئەو تەنگژە ئابوورییە دەکات کە لە چل و پەنجاکانی سەدەی نۆزدەم سەری هەڵدا. کاتێک ئەو پێشەکییە دەخوێنیتەوە، گەر هەندێک گۆڕانکاریی مێژوویی و هەلومەرجی ئابووریی لێ دەربکەین، وا هەست دەکەیت کە ڕێک باسی ئێستا دەکات. ڕاستە تەنگژەی ئابووریی ئێستا، لە ڕووی مێژووییەوە تایبەتمەندییەکی پێوە دیارە، بەڵام لە زۆر سیمای گشتیدا ڕێک وەکو تەنگژەکانی سەدەی نۆزدەم و بیستەم دەچێت.

ئەو کات بەتەواوەتی چی ڕووی دا؟

**ئەلمار ئالتفاتەر**: دوو شت لە تەنگژەکەدا ڕوویان دا. لەلایەکەوە ئەوەی کە مارکس باسی دەکات و دەڵێت: ڕێژەی سوود بەرەو داکشان دەچێت، چونکە کۆی گشتیی داهاتی سەرمایەی مالی لە چاو ئابووریی نەختیی (الاقتصاد العيني) زیاترە. بۆ نموونە کۆمپانیاکانی پیشەسازیی ئۆتۆمۆبێل و کۆمپانیاکانی بیناسازی. لەلایەکی تریشەوە خەڵکی سەرمایەگوزار هەوڵ دەدات کە سوودی زۆرتری مالیی دەست بکەوێت، ئەویش لە ڕێگەی بوونی جۆری نوێی پشکە داراییەکان. بەڵام لەگەڵ پەیدابوونی نیشانەکانی کورتهێنانی ئابووریی نەختی، هەموو پشکە داراییەکان هیچ نرخێکیان نابێت و لە ئەنجامیشدا داڕمانی دارایی دروست دەبێت. لەم کاتەشدا تەنگژەکە بەردەوام دەبێت، هەتاوەکو جارێکی تر ئابووریی نەختی دێتەوە سەر خۆی (واتە ئەکتیف دەبێتەوە)

**ڤالتەر**: بە دڵنیاییەوە کێشەکە لە بازاڕی پشکەداراییەکان (بۆرسەکان) دەست پێ دەکات و پاشان دەبێتە هۆی دروستبوونی تەنگژەی ئابووری. ئەمەش ڕاستییەکە هیچ گومانی تێدا نییە.

بەڕێز ڤالتەر ئێوە بۆ خۆتان، پێش ١٥ ساڵ کتێبێکتان بە ناوی (دەوڵەتی کەم، بازاڕی زۆر) نووسیوە. لەم تەنگژە ئابوورییەی ئەمجارەدا دەرکەوت کە بازاڕیش تووشی شکست هات. ئاخۆ ئەمە وانییە؟

**ڤالتەر**: ئەوە ڕاستە، بەڵام من هیچ پێویستیم بە مارکس نییە تا بگەمە ئەو ئەنجامە.

ئەڵمار ئاڵتڤاتەر: ئەی ئێمە پێویستیمان بە کێیە؟

ڤاڵتەر: ئادەم سمیس

ئەمەش زیاتر هەوادارانی ئابووریی بازاڕی ئازاد پشتی پێ دەبەستن

**ڤاڵتەر**: دیارە ئادەم سمیس توانی چەمکی کێبەرکێی ئازاد دابمەزرێنێت، ئەمەش شتێکی ڕاست بوو. بەڵام ئەو لە کتێبەکەیدا (میتۆدی هەستی مۆراڵی) کە لە ساڵی ١٧٥٩دا نووسیویەتی، یانی کاتێکی زۆر پێش مارکس، تێیدا باس لەوە دەکات کە چۆن چاوچنۆکی و خۆپەرستیی بێ سنوور، بەرەو تەنگژەیەکی گەورەمان دەبات، هەروەک ئەوەی ئەمڕۆ تێی کەوتووین. لە هەمان کاتیشدا ئادەم سمیس باسی لەوەش کردووە، کە بازاڕ پێویستی بە دەوڵەتە بۆ ئەوەی کار و چالاکییەکانی ڕێک بخات و بەڕێوەی بەرێت، بەداخەوە ئەمەش بەتایبەتی لەم تەنگژەیەدا ئامادە نەبوو (مەبەستی ڕۆڵی دەوڵەتە... وەرگێڕ) وە بەهۆی ئەمەشەوە بووە هۆی زیادبوونی ڕۆڵی بازارە داراییەکان (بۆرسە). بەڵی ڕاستە بازاڕ شکستی هێنا، بەڵام لە هەمان کاتیشدا دەوڵەتیش تووشی شکست هات.

**ئەڵمار ئاڵتڤاتەر**: باشە بۆچی ناڵێیت، لە هەمان کاتدا سیستەمەکە خۆشی تووشی تەنگژە هاتووە و پێویستییەکی گرینگیشی بە ریفۆرمی جەوهەری هەیە، هەتاوەکو چاک بکرێتەوە.

**ڤاڵتەر**: بە دڵنیاییەوە هەلومەرجەکە پێویستی بە گۆڕانکاری هەیە، من وای بۆ دەچم. بەڵام ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێ، کە من سیستەمی بازاڕی ئازاد نەهێڵم. من لەو باوەڕەدام، کە ئێمە پێویستیمان بە شێوازی نوێ و زۆر شێلگیرانەتر هەیە، بۆ ئەوەی بازارە داراییەکانی پێ ڕێک بخەین.

بەڵام بۆچی بە تەواوەتی لەم کاتەدا؟ بە دڵنیاییەوە ئێمە ئەمە یەکەمین تەنگژە نییە کە تووشمان هاتبێت، لە هەشتاکاندا کێشەی قەرزی دەوڵەتانی گێتیی سێیەم سەری هەڵدا، پاشان تەنگژەی مەکسیک بەدوایدا هات، ئینجا تەنگژەی ئاسیا و پاشان تەنگژەی ئابوورییە تازەپێگەیشتووەکان دروست بوو. بەڵام زۆربەی زانا ئابوورییەکان لەو ساڵانەدا هەر سیما باشەکانی بازاڕی ئازادیان بۆ دەژماردین.

**ڤاڵتەر**: دیارە من لە ساڵانی حەفتاکاندا زۆر گرینگیم بە ئازادکردنی ئابووری دەدا، لەو کاتەدا بازاڕەکانی ئەورووپا پارزەوینی بوون، هەروەها بازاڕە داراییەکان پاڵەپەستۆیان لەسەر دادەنرا. بەڵام پاشتر لەم بۆچوونەم پەشیمان بوومەوە، بەتایبەت کاتێک چاودێریی تەنگژەی ئابووریی وڵاتانی ئاسیاویم کرد، من یەکێک بووم لەو زانا ئابوورییە کەمانەی کە پێشوازیم لە دەستخستنە ناو کاروباری بازاڕ لەلایەن حکومەتی هۆنگ کۆنگەوە کرد. من ئەمڕۆ پێم وایە لە کاتێکدا بازارە داراییەکان پارسەنگی خۆیان دەدۆڕێنن، کە ئەویش لە ئەنجامی هەڵسوکەوتی

سەرمایەگوزارەکان، دەوڵەت هەتا سنوورێکی ڕێگەپێدراو، دەتوانێت دەست بخاتە ناو کاروباری ئابوورییەوە.

بەڵام دۆیتچە بانک بەوە نەناسراوە، کە یەکێک بێت لەو گرووپانەی کە هەوڵ بۆ ئەوە بدات کە دەوڵەت ڕێکخستن و دەست بخاتە ناو کاروباری ئابوورییەوە.

**ڤالتەر**: ببوورە تۆ لەوەیاندا هەڵەیت، چونکە سەرۆکی دۆیتچە بانک " جۆزێف ئاکەرمان " بە خودی خۆی ماوەی چەندان ساڵە هەوڵی ئەوە دەدات، ئەویش لە ڕێگەی ئەوەی کە سەرۆکی (پەیمانگەی دارایی ناودەوڵەتییە)، چەندان پرۆژە و پێشنیازی پێشکێش کردووە، بۆ ئەوەی ڕێکخستن و لێپرسینەوەی نوێ لە جیهاندا بسەپێنرێت. ئەمەش لە پایزی ساڵی ۲۰۰۸ەوە بوو، یەکسەر پاش ئەوەی بانکی (لێهمان برۆزەر) ئەمەریکا داڕما. هەندێک لەو پێشنیازانەش لەناو مێزی دانیشتنە ناودەوڵەتییەکان جێگەی خۆیان گرت، کە داوای کردبوو بازاڕە داراییەکان باشتر لەلایەن دەوڵەتەوە چاودێری بکرێن.

**ئەلمار ئالتڤاتەر**: ئەوەی لە بانکەکاندا بووەتە جێگەی سەرنج و سەرسووڕمانمان ئەوەیە، تەنیا پێش نیو ساڵ هەموو بانکەکان خۆیان لە حاڵەتی داڕماندا دەبینییەوە. کەچی ئێستا خۆیان لە باشترین حاڵەتدا دەبیننەوە و قازانجێکی بێ سنووریش دەکەن. بە دڵنیاییەوە ئەو قازانجە بۆ دەوڵەت ناگەڕێتەوە، هەرچەندە دەوڵەت لەو کاتەدا لە هەموو شوێنێکی جیهاندا ناچار کرا هەوڵی ڕزگارکردنی بانکەکان بدات ئەمەش لە ڕێگەی ئەو یارمەتییە زۆرەی کە حکوومەت بە بانکەکانی دا. بەڵام نەخێر، هەموو قازانجەکە چووە گیرفانی خاوەنی پشکەکان و پیاوە بانکییە سەرمایەگوزارەکان، ئەویش لە ڕێگەی ئەو مووچە زۆرەی کە وەری دەگرن. هەموو شتێک وەکو جارانی لێ هاتەوە. دیارە ئەم حاڵەتەش نەک تەنیا لەلایەن چەپەکانەوە، بگرە لەلایەن کۆنەپارێزەکانیشەوە، جێگەی ناڕەزاییبوون بوو.

**ڤالتەر**: بوەستە، بەشێکی زۆری بەڕێوەبەری بانکە تایبەتییەکان، ئەوانەی بانکەکانیان تووشی تەنگژە بوون، کارەکانیان لە دەست دەرچوو. سەرمایەگوزارەکانیش ئەوانەی پارەیان لەم بانکانە دانابوو، ئەمانیش بە شێوەیەکی دراماتیکی تووشی زەرەرێکی زۆر بوون. لەلایەکی تریشەوە ئەو بانکانەی کە دەوڵەت بەشدار بووە تێیدا و یارمەتیی داون، بەشێکی زۆری سەرۆکەکانی گۆڕاون، بۆ نموونە بانکی (پیشەسازیی ئەڵمانیایی) یان (دەزگای قەرزدان بۆ سەرلەنوێ دروستکردنەوە، یان هیبو ریاڵ ئاستیت). هەموو سەرۆکەکانی ئەمانە گۆڕاون. بەواتایەکی تر لە ئەنجامی هەڵەکانی بەشدارانی، بازاڕ بەشێوەیەکی گشتی سزای هەموویانی دا. بەڵام هەندێک لەو شتانەی تۆ باسیان دەکەیت ڕاستە، بەتایبەت لەبارەی ئەوەی کە بانکەکان بە ئاسانی توانییان پارێزگاری لە خۆیان بکەن، ئەویش لە ڕێگەی ئەو یارمەتییەی کە لە پارەی باجی خەڵکییەوە پێیان دان. دیارە دەوڵەت چ بە ئیرادەی خۆی یان بەبێ ئیرادەی خۆی. لە بارێکدایە ناتوانێت بە شێوەیەکی

کاریگەری زۆر لەسەر سیاسەتی ئەو دەزگا داراییانە دابنێت. ئەم کارەش حکوومەت بەرگەی ناگرێت. بەڵام من لەو باوەڕەدام ئەمە کورتبینییەکی خراپە، کە لەم کێشەیەدا تەنیا تیشک بخرێتە سەر بەڕێوەبەری بانکەکان و هەڵەکانیان.

ئەی پێویستە تیشک بخرێتە سەر کێ؟

**ڤالتەر**: ئێمە لە ڕاستیدا ناتوانین ڕۆڵی خراپی بەڕێوەبەرە چاوچنۆکەکان و کۆمەڵێک کۆمپانیاکانی دڵنیایی " تأمین" و خەڵکانی تر کە بوونە هۆی دزینی ملیۆنان و بە هەڵوێستەکانی ئەوان، بوونە هۆی ئەوەی خەڵکانێکی زۆر زەرەری زۆر بکەن. پێویستە کۆمەڵێک پرەنسیپی ئەخلاقی بەسەر هەمووواندا بسەپێنرێ، گەر وا نەکەین ئەوا کارێکی نابەجێیە. ئەمڕۆ جۆرە عەقڵیەتێکی باو هەیە، کە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، لەسەر خەڵکی تر بژی، وە پێویستە لەسەرمان کە سنوورێک بۆ ئەم دیاردە خراپە دابنێین.

**ئەلمار ئالتڤاتەر**: دیارە پێویستە دان بەوەدا بنێین کە ئێمە لە کۆمەڵگەیەکدا دەژین کە تاکگەرایی بە پیرۆز دادەنێت. ریکلام (شاباش) و پەروەردە و هەموو شتێک لەسەر بنەمای تاکگەرایی دامەزراوە، کە دەیانەوێت بەرەو ئاستێکی بەرزتری بەرن کە ئەویش خۆپەرستییە. لە کۆتاییشدا کۆمپانیایەکی ساختەچیی دڵنیایی دەردەکەون، کە منیش وەکو تۆ ڕقم لێیانە.

بەڕێز ڤالتەر، جگە لەوەی کە ئێوە پێتان وایە "سەرمایە" بەشێوازێکی خراپ نووسراوە، جگە لەمە چیی تر لە بۆچوونەکانی مارکستان بەدڵ نییە؟

**ڤالتەر**: تێڕوانینی مارکس بۆ مرۆڤ و باوەڕهێنان بەوەی کە نەک بازاڕ بگرە تاک نمایندەی دەوڵەت دەکات، هەر ئەم کەسانەش دەبێت ئابووری بەڕێوەبەرن و ئەم خەڵکانەش خاوەن پلەیەکی بەرزی زیرەکین و لەلای خەڵکیش خۆشەویستن. سەیر دەکەین کە ئەو وڵاتانەی کە تیۆری مارکسی تێدا پراکتیزە کراوە، هەموو حەزو بەرژەوەندییەکانی تاکی تێدا بەشێوەیەکی نامەعقول پەراوێز خراوە، کە ئەمەش لە هیچ ڕێژیمێکی تردا بەدی ناکرێت.

**ئەلمار ئالتڤاتەر**: تێڕوانینی مارکس خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە مرۆڤ دەتوانێت ئازاد بێت و بگەڕێتەوە بۆ خودی خۆی. ئەمەش ڕاستە. بەڵام جگە لەمە، مرۆڤەکان وا تێ گەیێنراون کە پێویستە ملکەچی ئەو فەرمانانە بن کە ڕێژیم داوایان لێ دەکات. لەبەر ئەوە شرۆڤەکردنی تەنگژەکە بەوەی کە هەندێک بەڕێوەبەری چاوچنۆک ڕۆڵیان هەبووە، ئەمە شتێکی ناتەواوە. چونکە لە گرووپە پیشەییەکانی تریش خەڵکی چاوچنۆک هەیە. بەڵام ناکرێت کەسێک پشت بەوە ببەستێت و بیکاتە هۆکاری سەرنەکەوتنی ڕێژیمێک، چونکە چاوچنۆکی لەو کاتانەشدا هەیە کە هیچ تەنگژە نییە. لەبەر ئەوە مارکس تێڕامانی ئەو ڕێگەیانەی کرد، کە ئەم سیستەمە بەڕێوە دەبەن و ئەم پرسیارەشی کرد: ئەو یاسایانە چین کە دەبنە هۆی کەڵەکەبوون، وە ئەنجامەکانی چ

کاریگەرییەکیان بۆ سەر مرۆڤ هەیە؟. بێکاری مانای چییە؟، وە دیاریکردنی کاتی کارکردن لە کارگەیەکدا چ مانایەکی هەیە؟، یان کاتێک هیچ ڕێزێک بۆ مەرجی تەندروستیی کارکردن دانانرێت، چونکە خەرجی زۆرە. هەندێک پێیان وایە ئەم شتانە پێوەندیی بە سەردەمی ئەمڕۆمانەوە نییە، بەڵام ئەمە ڕاست نییە، چونکە ئەمانە هەمووی پرسی ئێستامانن.

بەڕێز ئاڵتڤاتەر ئاخۆ کاتێک تەنگژەکەی پایزی ساڵی ٢٠٠٨ ڕووی دا، هەستت بە خۆشی نەکرد؟

**ئەلمار ئاڵتڤاتەر**: نەخێر.

ئەمەش تۆ لە مارکس جیا دەکاتەوە، چونکە کاتێک تەنگژەی ئابووریی جیهانیی ساڵی ١٨٥٧ ڕووی دا، مارکس زۆر خۆشحاڵ بووە.

**ئەلمار ئاڵتڤاتەر**: ڕاست دەکەیت، ئەو هەستی کرد کە تێڕوانینەکانی ڕاست دەرچوون، وە پێش دەچێت ئەمە جۆرێک لەخۆڕازیبوون بێت. منیش هەمان هەستم کرد کاتێک ئەوەی کە من پێشبینیم کرد هاتە دی، من ساڵی ٢٠٠٥ کتێبێکم بەناوی " کۆتاییی سیستەمی سەرمایەداری بەو شێوەیەی کە دەیزانین". من لەم کتێبەدا باسی ئەوەم کردووە کە سیستەمی سەرمایەداری قابلیەتی تووشبوونی تەنگژەی هەیە. بەڵام پێویستە ئەوەش بزانین کە دروستبوونی تەنگژە مانای نەمانی سەرمایەداری ناگەیەنێت. وەکو لێکۆڵەرەوێکی مارکسی، من وای دەبینم کە تیۆرییەکەی زۆر پێشنەکەوتووە بۆ ڕووخانی سیستەمی سەرمایەداری، بگرە هەموو کاتێک جەخت لەسەر ئەوە کراوەتە کە ئەم سیستەمە تەنگژەکانی وەکو فوارە دەردەچێت، زۆرجار دەتوانێت گۆڕانکاری یان نوێبوونەوە بکات.

**ڤاڵتەر**: ئەمە وەهمە گەر تۆ لەو باوەڕەدا بیت، کە ئابووریی بازاڕ پارسەنگێکی کۆتاییی هەبێت و نەگۆڕ بێت و هیچ تەنگژەی تێدا ڕوو نەدات. هەموو کاتێک گرفت و پشێوی دەبێت، زۆرجار ئەو پشێوییانە وەکو تەنگژەیەک دەردەکەون و بەڵام ئێمە هیوادارین کە هیچ تەنگژەیەک ڕوو نەدات، بگاتە ئاستێکی ترسناک، کە مرۆڤ ڕووبەڕووی برسێتی ببێتەوە.

بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕۆژانە ١٨ هەزار منداڵ لە جیهاندا ڕووبەڕووی برسێتی دەبنەوە، ئاخۆ ئەم تەنگژەیە وا ناکات کە جۆرێک لە تەنگژەی بەردەوام دروست بێت؟

**ڤاڵتەر**: دیارە مرۆڤایەتی پێش سیستەمی سەرمایەداریش برسێتیی بەخۆوە دیوە. بگرە بەپێچەوانەوە چەندە سەرمایەداری پێش بکەوێت، هێندەش جیهان خۆشگوزەران دەبێت. بەڵام دەوڵەتانی تازەپێگەیشتوو کە هەوڵیان دەدا خۆیان لە بەرامبەر ئابووریی بازاڕی جیهانی دابخەن،

ئەمانە نەیانتوانی پێش بکەون و ڕێژەی هەژاریش تێیاندا زیاتر بوو. دیارە من نامەوێت بەرگری لە سەرمایەداری بکەم، بەو شێوەیەی کە پێش تەنگژەی ئابوورییەکە هەبوو، بەڵام من بەرگری لە پرەنسیپی کێبەرکێ دەکەم. هەر بۆ ئاگەداریشت من زۆر بە پەرۆشەوەم بۆ بەشی چواردەی دەستووری ئەڵمانیا، کە تێیدا جەخت لەسەر گرەنتیی موڵکیەتی تاکەکەسی دەکاتەوە، بەڵام لەگەڵ زیادکردنی بڕگەیەکی تر، کە دەڵێت: "موڵکداری تایبەتی ئەرکی لەسەرشانە "

**ئەڵمار ئاڵتڤاتەر**: دیارە گەر سەیری مێژووی مرۆڤایەتی بکەین، دەبینین نەوەی ئەمڕۆ لە چاو نەوەی پێشوو، لە ڕووی مادییەوە باشتر دەژی. ئەمەش یەکێکە لە سیما باشەکانی سەرمایەداری. لێ گەر ئەم بارە بێت بەردەوام (مەبەستی تەنگژەکەیە... وەرگێڕ)، نەوەکانمان ئەم شێوە ژیانە ئاسانەی ئەمڕۆیان دەست ناکەوێت. ئەم پێشکەوتنە گەورەیەی کە لە شۆڕشی پیشەسازییەوە هەتا ئەمڕۆ بەردەوامە، لە ئەنجامی ئەو وزە سروشتییەیە وەکو " نەوت و گاز و خەڵووزی بەردین" دروست بووە، ئەمانە لە ماوەی ٢٥٠ ساڵ لە کاتی ئادەم سیمیسەوە توانییان گڕ و تینێکی گەورە بە سەرمایەداری بدەن. بەبێ ئەمانە (مەبەستی نەوت و گاز و خەڵووزە... وەرگێڕ) هیچ گەشەسەندنێک و نوێکارییەک ڕووی نەدەدا. لێ گەر نەوت نەمێنێ چی ڕوو دەدات؟ ئاخۆ دەکرێت ئێمە لە پاش خۆمان مێزێکی بەبێ نان بەجێ بهێڵین و بڵێین: ئەی منداڵ و نەوە خۆشەویستەکانمان، هەموو ئەوەی لەسەر مێزەکەیە بۆ ئێوەیە؟ ئەمە پرسیاری گرینگن کە دەبێت بیکەن. ئێمە دەتوانین بەرگەی ئەو زەرەرە داراییە بکەین کە لە ئەنجامی ئەم تەنگژە ئابوورییەی ئێستا دروست بووە، بگرین، بەڵام ئاخۆ دەتوانین ئەو سەرچاوە سامانە سروشتییانە قەرەبوو بکەینەوە، کە لە دەستمان چوون؟ ئاخۆ ئەم شێوە ئابوورییەی چالاکەی ئەمڕۆمان کە پشتی پێ دەبەستێن دەتوانێت بەردەوام بێت؟ ئاخۆ بوونی چەند سەرچاوەیەکی ئەلتەرناتیڤی وزەی وەکو: خۆر و با و ئاو، دەتوانن ببنە ئەلتەرناتیڤێکی ڕاستەقینە؟

مارکس هیچ پرسیارێکی لەبارەی ئیکۆلۆجییەوە نەکردووە؟

**ئەڵمار ئاڵتڤاتەر**: ئەم قسەیە ڕاست نییە، ئێمە لە کتێبی " سەرمایە"دا چەند بڕگەیەکی گرینگ دەبینین، کە مارکس باس لە وێرانکردنی زەوی و سروشت دەکات، ئەویش لە ئەنجامی بەکارهێنانی شێوازی پیشەسازی لە کشتوکاڵدا. لەلایەکی تریشەوە لە سەدەی ١٩دا سۆسیالیستی ئۆکرانی " سێرگی بودولنسکی " لە دژی بۆچوونی مارکس دەڵێت: کە بنەمای ئابووری کار نییە بگرە "وزە"یە. تەنانەت " کار"یش بە تێڕوانینی ئەو هیچ نییە جگە لە شێوەیەکی تری " وزە". مارکس و بەتایبەتی ئەنجلسیش زۆر گرینگییان بەم گفتوگۆکردنە لەسەر ئەم تیۆرییە داوە، دەتوانیت ئەمەش لە نامەکانی هەردووکیاندا بۆمان دەربکەوێت.

**ڤاڵتەر**: من لەو باوەڕەدام کە خەڵکانێکی زۆر، هەروەک پێشتریش وابووە، هیچ هۆشیارییەکی وایان لەبارەی ئەو بارە ترسناکەوە نییە کە لە ڕووی ئیکۆلۆجیەوە تێیدا دەژین. بۆ چارەسەرکردنی

ئەم کێشانە، هەروەک چۆن دەبێت دەوڵەت ڕیفۆرم لە بازاڕە داراییەکاندا بکات، بەهەمان شێوەش پێویستمان بە کاری دەوڵەت لەم بوارەدا دەبێت. لێ من گومان لەو سیاسەتانە دەکەم، کە لەسەر بنەمای بەخشین و نەهێشتن دامەزراون، پێم وایە ئەمانە ڕێگەچارەی باش نین. من پێشنیاز دەکەم کە پشت بە ئالیاتی نرخ ببەستین، بۆ نموونە سەرچاوەکانی وزەی سروشتی نرخیان زۆرتر بێت، ئەمەش لە ڕێگەی سەپاندنی باجەوە یان لە ڕێگەی ئەوەی هەلی زیاتر و باشتر بدرێتە وزە ئەلتەرناتیڤەکانی تر، کە پاکتر و کەمتری تێ دەچێت.

دیارە زۆرجار پێشبینیی ئەوە دەکرێت کە سەرمایەداری دەمرێت، مارکسیش دواین کەس بووە کە ئەم پێشبینییەی کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا سەرمایەداری ماوە. چۆن دەتوانین ئەمە شی بکەینەوە؟

**ئەلمار ئالتفاتەر**: مارکس لە سۆنگەی ئەوەوە پێشبینیی دەکرد، کە سیستەمی سەرمایەداری شێوازێکی کۆمەڵایەتیی بەسەرچووە. ئەو زۆرجار لەو باوەڕەدا بووە، کە سەرمایەداری بەم زووانە لەناو دەچێت، بەتایبەت کاتێک بەچاوی خۆی تەنگژە گەورەکانی بینیوە. لەبەر ئەوە دەبووایە خۆی یەکلایی بکاتەوە. لە پاش مەرگی مارکس، پرسی پەرلەمان و دیموکراتی بە ئەنجلس سپێردرا، ئەو لەو باوەڕەدا بوو کە دەتوانین سۆسیالیزم لە ڕێگەی ڕیفۆرم لە جیاتیی شۆڕش پراکتیزە بکەین. بەڵام ئەوەی کە ئێمە دەیزانین ئەوەیە، کە سیستەمی سەرمایەداری هەموو چەند سەدەیەکە لە ئەوروپادا بوونی هەیە و لە ناوچەکانی تری جیهانیش هەمووی چەند ساڵێکە. بەدڵنیاییەوە ئەویش ناتوانێت تا سەر بەردەوام بێت. بەدڵنیاییەوە ڕۆژێک لە ڕۆژان لەناودەچێت. هەر لە ئێستاشەوە کۆمەڵێک ئەلتەرناتیڤ و شێوازی ئابووری هەن، کە زیاتر لەسەر بنەمای هاوکاری دامەزراون.

**ڤالتەر**: سەرمایەداری لەسەر بنەمای ئەو فیکرەیە دامەزراوە کە دەڵێت: مرۆڤ داهێنەرە، هەروەها ئەوان لە تاک پێک دێن، وە هەموو مرۆڤێک لە کەسێکی تر جیاوازە و دەکرێت ئەم کەسەش خاوەنی توانا و تایبەتمەندییێکی خۆی بێت. ئەمەش لە مێژووی مرۆڤایەتییەوە سەرچاوەی گرتووە. من لەو باوەڕەدام کە ئێمە دەتوانین وەڵام بە کێشە و گرفتە گەورەکانی داهاتوومان بدەینەوە، ئەویش لە ڕێگای پشتبەستن بە ئابووریی بازاڕ، جا ئەوەش گەر پێویست بێت بە کێشەی ئاو یان بەکارهێنانی وزەی خۆر. بە دڵنیاییەوە سەرمایەداری دەمێنێ، وە من لەم بارەیەوە زۆر گەشبینم.

* تێبینی: ئەم وتارە لەژێر ناوی" ستزول الرأسمالیة في یوم من الأیام!" من پێم باش بوو ناونیشانەکەی بگۆڕم، چونکە باسەکانی ناو وتارەکە زیاتر لەگەڵ ئەم ناونیشانەدا دێتەوە.

سەرچاوە: ستزول الرأسمالیة في یوم من الأیام!، کارل مارکس والأزمە الاقتصادیە: حوار بین نوربرت فالتر وإلمار ألتفاتر/ سایتی الاوان.

# دامەزراندن.. ئەفراندن.. پێشڕەوێک

مەحموود زامدار

*پێشکێشە بە وەچەی نوێی چیرۆکی کوردی*

### هەڵوەستەیەک

پێنج ساڵ شتێک بەدوای سەروسۆراخی گەڕام. لە زۆر کەسم پرسی، تا یەک دوو خزمیم دۆزییەوە و خەبەرم بۆ نارد... بەڵام هەر مایەپووچ بووم و هەناسەسارد...! لە پاشا – بەر لە ڕاپەڕین – ناونیشانیم وەرگرت و خۆم تەیار کرد بچمە بەغدا و بگەمە خزمەتی و بە تێروتەسەلی باس و خواسی خۆی و چیرۆک سەردەمەکەی و هەروا ئەو بێدەنگی و دوورەپەرێزییە سەیرەی، کە پتر لە چل ساڵی خایاند ببیستم. لەبەر ڕاپەڕینی پیرۆز، چوونەکەم لەبەر گەلێ هۆی گشتی و تایبەتی سەری نەگرت. تا ئەوە بوو بەستر بەستر پێرار لە پرسەی مەلای ناوداری هەولێریان و خانەوادەی پڕ لە خزمەتی (موفتی) مامۆستا محەمەدی ڕەشاد گەیشتمە ئەنجامێک، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا کورتە چیرۆکێکی ترە...!! ڕێککەوتنێکی سەیرتر...!

لەو پرسەیەدا کەوتبووینە تەنیشت یەکەوە بێ ئەوەی هیچ کاممان ئەوەکەی تر بناسێ، ماوەیەکی درێژ هەر لە تەنیشت یەک بووین لە پڕێکدا یەک لە ناسیاوە هەولێرییەکانی کە تازە هاتبووە پرسەکە لە هێکڕا گوتی: «کاک ئیحسان کەی لە بەغدا تەشریفت هێناوە؟» من یەکسەر کە ئاوەم دایەوە، وام بەدڵدا هات کە: هەبێ و نەبێ، ئا ئەمە ئەو کەسەیە کە بەدوایدا دەگەڕێم..!؟ وردە وردە بەدەم قسە و باسەوە خۆم لێی نێزیک و نێزیکتر کردەوە، تا کتوپڕ لێم پرسی:

– مامۆستا جەنابت ئیحسان مستەفای محامی نیت

پرسیارەکەی پێ سەیر بوو، نەختێ ڕاما و بەوردی تەماشای کردم و وەک بڵێی ئەویش بۆ من بگەڕێ و لە پرسین دابێ، بە بزەیەکەوە گوتی:

- بەڵێ منم... ئەی تۆ کاک مەحموود نیت؟
- بەڵێ منم.
- خەبەرەکەتم لەلایەن کاک عەبدولوەهاب حاجی حەسەنەوە پێ گەیشت، زۆریشم پێ خۆشە کە تۆم ناسی، وادیارە هێشتا فەرامۆش نەکراوم؟
- مامۆستا گیان ناکرێ تا سەر پیاوی خزمەتگوزار و داهێنەر لە بیر بکرێ، ئەمڕۆش نا سبەی.
- سوپاسی هەستت دەکەم سوپاسی هەموو مرۆڤێکی بەوەفا دەکەم.
- باشە قوربان، کەی دەمەتەقێیەک ساز بدەین؟
- کەیفی تۆیە.
- بەیانی؟
- بەیانی.
بۆ بەیانییەکەی یەکمان گرتەوە.. دوای یەک دوو جگەرەکێشان و هەندێ قسە و باس، پێم گوت:
- ساڵی لەدایکبوونت؟
- (١٩٢٦) شاری هەولێر.
- پلەکانی خوێندنت؟
- هەمووی هەر لە هەولێر.
- ئەی بڕوانامەکەت؟
- لیسانس - کۆلێجی ماف - بەغدا ١٩٤٩
- ئەی ئێستا؟
- خانەنشینم و لە بەغدام.
- ئەی لەبەرچی چیرۆک؟
- هونەرێکی بەرزە و چاکترین هۆیە کە بۆ دەربڕینی گیروگرفتی کۆمەڵایەتی و سیاسی و سایکۆلۆجی.
- کام لە چیرۆکنووسانت لە بەردڵ بوو؟
- گۆرگی، کێخەف، مەحموود تەیموور، ذوالنون ئەیوب، هەمنگوای، جیمس، مۆلەر، فۆکنەر... هتد.
- ئەی نووسەرانی چلەکان؟
هەموویان دەناسم و زۆربەی نووسینەکانی ئەو سەردەمەی کۆوارە کوردی و عەرەبییەکانم خوێندووەتەوە؛ کە لە تافی لاویش دابووم، بڕوا ناکەم هیچ ڕۆژێک و بەهەر چوار وەرزی ساڵ، دوای نیوەڕۆیان نەختێ بۆرژابێتمەوە. ئەمە جگە لە بەشێکی باشی شەوان بەتایبەتی شەوانی درێژی زستانان.
- ئێستاش هەر وای؟

- هەر وام... بەڵام نەختێ کەمتر.
- ئەی برادەرە نێزیکەکانی ئەو سەردەمەت.
- جەودەت ئەحمەد ناجی، عاسم حەیدەری، مارف خەزنەدار، گیوی موکریانی، عوسمان مستەفا، محەمەد تۆفیق وردی، دڵزار، دڵدار، ڕەشادی موفتی، زەکی هەناری، خەلیل خۆشناو، شاکر فەتاح، عیزەدین فەیزی... هتد.
- ئەی ئەم کوردییە پاکەت و تۆش وەک کوڕە هەولێرییەکەی ناو شار؟
- کۆوار و ڕۆژنامە و دیوانەی شیعرییە کوردییەکانی ئەوسام دەخوێندەوە... خۆ منیش هەر بە شیعر دەستم پێ کردووە. ئەمە و زۆربەی برادەرەکانیشم سلێمانی و کۆیی و گەرمیانی بوون بەتایبەتی لە بەغدا. خۆیشم زۆر هەوڵی فێربوونی کوردیی پاک و پەتیم دەدا.
- ئەی سەروسۆراخی ژیانی تایبەتی خۆت و باری ئاڵۆزیی سیاسەتی ناو وڵات؟
- هەموویان فەوتان.
- جگە لە چیرۆک؟
- دوو شانۆنامەم نووسیبوو، نازانم چییان لێ هات.
- یەکەم چیرۆکت؟
(سکاڵای مردوو) بوو، ئەو کاتە تەمەنم (١٨) ساڵان بوو.
- دوا چیرۆکت؟
- موشکیلەی وەستا جەعفەر
- ئەی ئێستا...؟
- لە دوور و نێزیکەوە بەرهەمی کوردی بەتایبەتی چیرۆک دەخوێنمەوە.

## بەراییەک

ئەو ژان و ژوورەی کە کورتە چیرۆکی کوردی بەخۆیەوە دیوە، لام وایە گەلێ لە ژان و ژووری ژانرە ئەدەبییەکانی تر، بەجۆشتر و بەسوێترە و هەر خۆی لە خۆیدا چیرۆکێکی درێژی ئەم هونەرە بەرزەیە و پێداویستییەکی زۆری بە لێکۆڵینەوەی زانستییانەی ورد و لەبار هەیە بۆ دەستنیشانکردنی قۆناخە جوێ جوێکانی و دەست خستنەسەر هەموو موعادەلە قورس و ئاڵۆزەکانی.

ئەگەر سەرهەڵدان و قۆناخی گوێزانەوە و وەرچەرخانی ئەم هونەرە مەزنە، بەند و ئاوێزان بێ بەبێداربوونەوە و ڕاچەنینی کۆمەڵ و بەگیانی پڕ لە تەوژمی پێشکەوتن و بەنرکە و ڕاپەڕینی شارستانیەت و لە ئەنجامیش بەڕەوشی چۆستی جووڵانەوەی ڕۆشنبیریمانەوە، ئەوا پەیدابوونی گەلێ ڕۆژنامە و کۆواری یەکجار بەنرخی (سی و چلەکان) لایەنێکی تری ئەو سەرهەڵدان و قۆناخە پڕ لە ئەشکەنجە و ئاستەنگ و تەنگەبەرەیە.

هەر بۆیەش نووسەرە پێشرەوەکانی ئەو گاڤە و هەڵگرانی چراوگی نوێخوازی، چەندان ئەستێرەی درەوشاوەی ئەو قۆناخەن و دەبێ بەوردبینی و بەبێلایەنی لە ژیان و جۆری بیرکردنەوە و رووناکبیریی هەر یەکێک لەوانە بکۆڵرێتەوە و پەردەی قەتمەری رۆژگاری پڕ لە وەیشومە، لەسەر روویان سەرەنداز بکرێتەوە.

کەڵەچیرۆکنووسێکی وەک (ئیسحان مستەفا)ی پارێزەر و هەولێری، یەکێکە لەو پێشرەوە لەخۆبووردووانەی چلەکان و سەرەتای پەنجاکانی ئەم سەدەیە و کەم کەسیش – زۆر زۆر کەم – هەیە ئەم مرۆڤە خاکەڕا و دڵازای رۆشنبیرەی ناسیبێ، یا بەرهەمی خوێندبێتەوە، یا هەر گوێبیستیشی بووبێ، خۆ ئەگەر بەرهەمیشی خوێندبێتەوە ئەوا لە یەک دوو بەرهەم زیاتر، هیچی تری لێ نازانێ و لەمەش زیاتر ئاشنای نەبووە.

هاوڕێم مامۆستا (حوسێن عارف) لە کتێبە بەنرخەکەی (بیبلیۆگرافیای چیرۆکی کوردی) و لاپەڕە (٨)دا دەڵێ.... ئیحسان مستەفا، تەنیا بە دوو چیرۆک هاتووەتە کۆڕەوە، بەڵام بەهەرەداری و وەستاییی خۆی وەها سەلماندووە، کە دەتوانین بڵێین ئەگەر بەردەوام بووایە لەسەر چیرۆک نووسین و دەستی لێ هەڵنەگرتایە، لەوە بوو لە کۆڕی چیرۆکی کوردیدا... بووبووایەتە چیرۆکنووسێکی لێهاتووی گەورە و خزمەتێکی زۆری بکردایە.

برادەرم عومەر مارفی بەرزنجەییش لە کتێبە بەهادارەکەی و لە لاپەڕە (٤٧)دا وتوویەتی: «پێویستە چیرۆکەکانی ئیحسان مستەفا و چیرۆکە تاقانەکەی فایق زێوەری لێ دەرهاوێژین کە لە رووی شێوەی تەکنیکی و ناوەرۆکەوە، تا رادەیەک دەستی وریابوون و خۆخەریککردنی پێوە دیارە و لە ریزی بەرهەمە هەرە باشەکانی ئەو سەردەمە دەوەستن».

– جگە لەم دوو ئاماژە کورتبڕە و خێرایە و لە تەک چیرۆکێکی تەرجەمەکراو و بەس و هیچی تر، بۆ ئەم چیرۆکنووسە بەهرەمەندە نەوتراوە... ناڵێم مەگەر رۆشنبیرانی چل و پەنجاکان بەرهەمی (ئیحسان مستەفا)یان دیبێ و خوێندبێتەوە و لە پاشان و لە ئەنجامی گەلێ هۆ و ئەنگێزە و هەروا وازهێنانی ئەم مامۆستایە لە نووسین و مردنی گەلێک لە رۆشنبیرانی ئەو سەردەمەش، هەر بەجارێ لە یاد چووە و فەرامۆش کراوە. خۆ ئەم وەچەش بە – گشتی – هەر بەجارێ هیچی لێ نازانێ و هیچیشی نەدیوە، هەر ئەمەش بوو هانی دام سەرەڕای لێهاتوویی و دەوری دیاری ئەو چیرۆکنووسە هونەرمەندە، تا بێم و شوێنپێی بکەوم و خۆمی پێ خەریک بکەم و ژیاننامە و چیرۆکەکانی بخەمە بەر دڵ و دیدەی مێژوونووسانی ئەدەب و بەتایبەتیش (ئەدەبی چیرۆک نووسین) و هەروا رەخنەگرانی بەزات و سەلیقە و بەویژدان و نەوەی نوێ و راچەنیوی ئەمڕۆی نەتەوەی کورد.

جا ئەگەر بێتو بەوردی و بەچاوی هەڵسەنگاندنەوە، سەیری ئەو (شەش کورتە چیرۆکە) بکەیت، ئەوا بەوردی بۆت روون دەبێتەوە کە بۆ ئەو گاڤ و قۆناخە راچەنیوەی هونەری کورتە چیرۆکی کوردی، ئەم چیرۆکانە بە شایستەیی و نازکێشانەوە جێگەی خۆیان دەگرنەوە و ئەشبنە

سەرچاوەیەکی بەپێز، بۆ گەلێ شیکردنەوە و لێتوێژینەوەیەکی زانستییانە و ئەکادیمیانەی بوارەکانی تەکنیک و زمان و بنیات و ناوەڕۆک. چونکە – بەڕای خۆم – وەک دیارە چیرۆکەکان تا ڕادەیەک زۆر باش لەم بوارانەدا گۆی هونەرییان بردووەتەوە و بوونەتە مایەی تێرامانێکی قووڵی سەرهەڵدان و قۆناخی ئەو سەردەمەی ئەم هونەرە بۆ ئەو گاڤە زۆر زۆر لەبار بووە.

ئەو کورتە چیرۆکانە – بەگشتی – خەستی و چڕی و کورتبڕی و سادەیی و ڕوونی و ڕەوانی و ڕستە برووسکەیی و وەسفی ناسک و وردی کەس و پاڵەوانەکانی پێوە دیارە و لێوەندەیە لە نهێنی بەجوانەکانی دەق و دوورە لە درێژدادڕی و گفتوگۆی حازربەدەس و بەنخەنخ و گێڕانەوەی ساردوسڕ و بنیاتی کۆنە و گیانی وتارنووسینی بێتام. فیچقە خوێنێکی نوێشی خستووەتە نێو شادەماری کورتە چیرۆکی ئەوسای کوردی و هەر زۆریش لە دنیای ڕاستەقانیی چیرۆکنووسین و ساتەکانی ڕاستگۆیی نزیک دەبێتەوە و دەمانخاتە بەردەم بارێکی زیرەکانەی هونەری و بیرەوەریشمان تێروپڕ دەکات و بەزمان و بەگیانێکی شاعیرانەی پاراو، هەستی مرۆڤانەمان دادەمووچێنێ و قووڵتر و ڕەگاژۆتری دەکات و لە چرکەکانی ڕواڵەتبازی و کلکەلەقەیی و لە دڵگوشران و خەمۆکی ڕامان دەپسکێنێ و لەنێو جەستە گشتییەکەی چیرۆکەکاندا، نهێنیی ئیستیتیکییانەی خۆی دەدرکێنێ و هەوڵیش دەدا ئەم نووسینانەی بکاتە، چەکێکی کاریگەر بۆ گۆڕینی جیهانەکەی دەوروبەری خۆی.

ڕاستە، هەرچەندە ئەم چیرۆکانە (ئیزافە)یەکی زۆر زۆر نییە. بۆ سەرخەرمان بەرەکەتی چیرۆکی کوردی، بەڵام بۆ ئەو ڕۆژانە جۆرێکە لە جۆرەکانی داهێنان و هەوڵێک بووە لە هەوڵەکانی نوێخوازی. ئەم نووسەرەش پێشڕەوێ بووە لە پێشڕەوەکانی ئەم هونەرە بەرزە. لە قۆناخی (گوێزانەوە) و (دامەزراندن)دا کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا شتێکی بەنرخە و بەدیدی پڕ لە میهرەی ڕەخنەگرانەی پوختەوە سەیری دەکرێت و دەشبێ هەر واش سەیر بکرێ.

## دایک

ئێستاش لە بیرمە، هەرچەند ساڵەکانی پێشوو دێنمە بەرچاوم دێتەوە بیرم، پیرەژنێکی پیر، بە قەدی باریکی، بەپێستی چرچی، بە ئێسقانی بەرزی، بەقژی سپیی شێواوی دێتە بەرچاوم.

بەڵێ، ئێستاش هەر لە بیرمە، چیرۆکەکەی بە تەواوی دەزانم، هەرچەندە سەرنجی بدەمێ وشەکانی پارچە پارچە لە دڵێکی بریندار و خەمناکەوە دەهاتنەوە دەرەوە، دێنە پێش چاوم.

ئێستاش بەچاوی خەیاڵ دەبینم، وشەکانیم گوێ لێیە. چۆن لە بیری کەم؟... ها... چۆن لە بیری کەم، من بەدەستی خۆم عەرزوحاڵەکەم بۆ نووسی، لە تەنیشتمەوە دانیشتبوو و بەدەنگێکی کز و نزم و باریک، بەدڵێکی بەکوڵ و جۆشەوە، بەقوڵپەقوڵپی گریانەوەی دەیوت و دەمنووسی... ئەمە پێش چواردە ساڵ بوو...

ڕۆژێک بۆ ماڵ دەهاتمەوە دەنگی پیرەژنێکم گوێ لێ بوو:

– ئەریّ قوربان ئەفەندی نەهاتەوە؟ گەلێک ئەفەندیم لە رێگە دی بۆ ماڵەوە دەچوون.

چاوم هەڵبڕی سەیری ئەملا و ئەولای خۆم کرد، لێت نەشارمەوە تووڕەش بووم چونکە خوێندنمی لێ برد ژنێکی پیری چەماوەی پشت دەرپەڕیوم دی، دارێکی خواری بەدەستەوە بوو و دەهاتە پێش، کڵاشە دڕاوەکەی لە دوای خۆی کێش دەکرد، بەنزمییێکەوە لە پێش خۆیەوە قسەی دەکرد و دوعای چاکی بۆ دەکردم...!

– دایکم وتی:

– کوڕم! ئەمە دووجارە ئەم ژنە دێتە ماڵمان و تۆش لێرە نیت... ڕۆڵە خێرت دەگاتێ عەرز و حاڵەکەی بۆ بنووسە، پارەی نییە بەنووسینی بدا...

– تووڕە بووم!

– ئێستا کاتی عەرزوحاڵ نووسینە.

ویستم هەزار بەهانە بۆ ئەم پیرەژنە بدۆزمەوە، بەڵام کە پیرەژن دیتی من قسە ناکەم دەستی هەڵبڕی بۆ ئاسمان و وتی:

– کوڕم خوا مەحاشت (١٠) دینار بێ، ببێ بە عاجی، ببێ بە قومسۆری، بەدڵساردییەکەوە پێنووس و کاغەزم ئامادە کرد، دەستم کرد بە نووسین، دەم نا دەم پیرەژنەکە دەیوت «ئا... بەقوربانت بم».

کوڕی دەری کردبوو! ژنەکەی شکاتی لێ دەکرد، داوای پارەی لێ دەکرد، دەیوت:

– کوڕم ئیشم پێ ناکرێ، چۆن ئیش بکەم، ناتوانم بەتەواوی بڕۆم! نازانم چی بکەم.

– دایکم پێمی وت:

– ڕۆڵە چاکت کرد ئەم ژنە کوڕێکی دەوڵەمەندی هەیە، دایکی دوکانێکی بۆ دانا، بەسایەی ئەم دوکانەوە پارەی پەیدا کرد. پاشان ژنیشی بۆ هێنا، ئینجا کوڕە و ژنەکەی پیرەدایکیان دەرکرد!.

– پیرەژن زمانی کراوە:

– ئەریّ بەخوا کوڕم... تکانم بۆ دانا کردمە نەجاڕ، کە هیچی نەبوو. ئەریّ بەخوا هیچی نەبوو چ بکەم تاقانە بوو! چۆن بێ ئیشی ببینم؟ باوکیشی مردووە، چەک و خشڵی خۆم فرۆشت تکانێکی ئاوەدانم بۆ دانا، هەتا نەمردووم ژنیشم بۆ هێنا. دەست و لاقی پیاوە گەورەکانم ماچ کرد تا بیکەنە خاوەن قۆنتەرات لای حەسکەرەکان، ئەو چاوانەم کوێر بێ ئەگەر خراپییەکم بۆی ببێ.

ئینجا ئەمە چوار مانگە لە ماڵێ دەری کردووم، منی قوڕبەسەر کە نۆ مانگ لە سکی خۆمدا گرت، دوایش سێ ساڵ نەنووستم! ئەریّ بە غەوس سێ ساڵ! نەوەک بگریێ منیش لە خەو دابم.

پیرەژن هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا وتی:

– پێرار کە گرانەتا گرتبووی سەحاتەک بەرم نەدا هەر تەرعە ئیشێکم بۆ کرد. بە کوڕی خۆم بڵێم: نوێژیشم بۆ دەکرد، دەستم هەر لە ئاسمان بوو. شەو و ڕۆژ دوعام دەکرد چاک ببێتەوە! ئێستاش دەرکراوم؟ لە کون و قوژبنان دەگەڕێم نانی شەوم نییە! دوێنێ چوومە لای، داوای شتێکی

لێ بکەم، تەشتێکی پڕ ماسیی سوورەوەکراو لە بەردەم دابوو، بۆ حەسکەرەکانی دەبرد ئەم چاوانەم کوێر بێ، پشکە گۆشتێکی نەدامێ! کوڕم کە عیسان پیر بوو، وەک منداڵی ساوای لێ دێ حەز لە هەموو شتێک دەکا. ئەرێ بە پێغەمبەر هیچی نەدامێ و بەحەسکەرێکی وت دەری کە! ئێستاش ڕۆڵە نەمدەزانی چی بکەم تاکو دایکت کوڕی ساغ بێ، پێمی وت شکات بکە، نەفەقەی لێ وەرگرە، ئێستاش تۆی حەمر درێژ ئەم خێرەت کرد و ئەم حەرزوعاڵەت بۆ نووسیم.

ئینجا پیرەدایک بەخشەخشی کڵاشەکەی بە تەقەتەقی دارەکەی لە پێش چاوم ون بوو، دەم بە دوعاوە چووە دەرەوە. ئیتر نەمزانی چی بەسەرهات! پاش هەشت ساڵ، لەگەڵ هاوڕێکانم لە گەڕان بووم ڕێگەمان کەوتە سەر گۆڕستانێک لە ناکاو چاوم کەوت بە پیرەژنێک: پیرەژنێکی سەروپۆتەڵاک شێواو، ڕووت و ڕەجاڵ، زۆر کەساس، بە کزییەکەوە لە تەنیشت گۆڕێکەوە، لەپەو ڕوو کەوتبوو، بە ئاستەم نووزەی دەهات، وەکو باران خوڕەخوڕ فرمێسک بەچاویدا دەهاتە خوارەوە و دەیوت:

– مولەکەی ڕۆحم ڕۆ! هێزی ئەژنۆم ڕۆ! گریکی دڵم ڕۆ! بڕبڕەی پشتم ڕۆ! ڕووناکیی چاوە کزەکانم ڕۆ! ئەوی ڕۆڵە ڕۆ.

کاتێ چوومە پێشەوە و چاک لێی ورد بوومەوە، ناسیمەوە کە ئەمە ئەو پیرەژنە کڵۆڵەیە کە هاتە ماڵەوە و عەرزوحاڵەکەم بۆ نووسی.

## سکاڵای مردوو

ئاه! خوایە... ئەم خەوە چیی بوو، هەروەک فلیمێکی سینەمایی لە پێش چاوم هات ون بوو.

شەوێکی هاوین لە سەرجێی نووستنەکەم دانیشتبووم، خەریکی خوێندنی وتارێکی برادەرێک بووم، پێش ئەوەی بینێرێ بۆ کۆوارێک، بەناوی (ئادەمیزاد و پێشکەوتن)ەوە، بەڕاستی وتارێکی پڕ مانا و بەکەڵک بوو، پاش ئەوەی وتارەکەم خوێندەوە، بەبرام گوت:

– (عەلی... دەبینم دەنگی دراوسێکەمان نایێت، لام وایە تووشی ناخۆشییەک بوو).

– (نەختێ ئارام بگرە ئێستا گوێمان لە دەنگی دەبێت... ها ئەم وتارە ئی کێیە؟

دەستی درێژ کرد بۆ وتارەکە (ئادەمیزاد و پێشکەوتن) ڕەنگە وتارێکی جوان بێت پاشان ئەم یەک دوو درێژەی لێ خوێندەوە، گوتی...

– بەخوا من ڕام لێ نییە! ڕەنگە تۆ ڕات لێ نەبێ، چونکە بەوێنەیەکی شیعری نووسراوەتەوە. هە هە ها... وایە کاکە؟).

لە کاتی قاقای پێکەنینی براکەمدا دەنگی شمشاڵێک هات، دەنگێکی نزم و سووک و دەنگێکی ناسک و لەت لەت بوو، غەمبار بوو، لام وابوو ئەم دەنگە هەموو غەم و ئازاری هەژاریی پێوە بوو...

برام – عەلی – وەڵامی دایە:

– (ها... نەمگوت نەختێ ئارام بگرە، تۆ هیچ بەقسەی من باوەڕ ناکەی...) بەڕاستی دراوسێکەمان شمشاڵێکی نایاب و جوان لێ دەدا...

بەڵام سەرسام مابووم نەمدەزانی بۆچی ئەم شەوە نەغمەکەی گۆڕیوە، لە شەوەکانی ڕابردوودا نەغمەی وای لێ دەدا، دەیهێنایە هەڵپەڕین، کەچی لەم شەوەدا نەغمەیەکی بەگرین لێ دەدا، هەروەک ناڵینی کچێک کە گوێی لە خیانەتی دڵدارەکەی بێ! من و عەلی برام، کز بووین، بە هەموو هۆش و دڵمانەوە گوێمان لەم نزمە بوو.. کەی... ئیتر نەمزانی چی بوو...!

خۆم لە پێش زەریاچەیەکی گەورە دی، بە ئاوە ڕۆنە شینەکەی، کە شەوقی مانگ دەکەوتە سەر پەڕەی لووسی، بەتاسەوە ماچی دەکرد، هەروەک وەک دڵدارێکی کە کاتێکی درێژ بێ.

یارەکەی نەدیبێ... ئەستێرەکان لەم زەریاچەیەدا دەدرەوشانەوە وەک بریسکەی چاوی پشیلەیەک کە لە جێگەیەکی تاریکدا دەبینرێ.

لە ناکاودا چاوم بەکچێک کەوت کچێکی لاواز و ڕەنگزەرد بوو، لەنجە سستی دەهات بۆ لای ئەو زەریاچەیە. جارجاریش دەستی بۆ ئاسمان هەڵدەبڕی و تەماشایەکی دەکرد. ئاه! ئەوا نزیک بوومەوە... داخوا بۆچی دێتە لای ئەم ئاوە، لەم شەوەدا؟ زۆر چاک دیم، هەروەکو گوتم کچێکی لاواز و باریک بوو بەڵام زگی ئاوسا بوو، هەروەک ژنێکی زگپڕ... دەگریا!!

فرمێسکەکانی وەک ئاونگێک دەبریسکاوە و دەهاتە خوارێ... قسەی دەکرد بەڵێ قسەی دەکرد، گوێم لێ ڕاگرت، بەدەنگێکی کز و خەمگین سکاڵای دەکرد، دەستی بۆ ئاسمان هەڵبڕیبوو.

– (ئاه خوایە! ئەمە نۆ مانگە خەفەتی مەرگ لە دڵما چەقیوە، نۆ مانگە دەزانم کە پاش ئەم کاتە دەمرم ئەمە نۆ مانگە شەو و ڕۆژ لەبەر تۆ نەپاڕایمەوە... ئاه من بۆچ وا ئاخر شەڕ بووم، کاشکی نەهاتبامە ئەم گێتییەوە، ئەم گێتییە کە پارەپەرستن و خۆپەرستن نەبێت هیچی تری لا نییە!.

خوایە! تۆ، تۆڵەی من، لەم مێردە بێ هۆشە بکەوە، ئەم مێردە کە هۆی مەرگی من بوو... مەرگێکی بە ڕەنج و بە ئازار خوایە! ئەمە نۆ مانگە دەگریم و دەناڵێنم، بۆ ئەمەی منداڵم دەبێ! چۆن حەز بکەم منداڵم ببێ کە منداڵبوونم و مردنم پێکەوە دەبێ! خوایە چیم کردبوو، تا بمخەیتە ناو ئەم ئاسیبە زلە، ئەم ئاسیبە کە یەکێک لە پێش ئەمەدا بمرێ مردنی خۆی بزانێ.

ئەم ڕۆژە چ ڕۆژێک بوو، ئەم ڕۆژە ڕەشە، هەرگیز لە بیرم ناچێ، تا ڕۆژی مەحشەر... ئەم ڕۆژە لە پاش شووکردنم، ژانێک منی گرت، لەناو ئەم ڕەنجە منیان بردە لای دوکتۆر... گوتی:

– ئەگەر ئەم ژنە منداڵی دەمرێ بۆ ئەمە حەبێک هەیە، یا بیخوا تاکو منداڵی دەبێ غەیری ئەم چارەیە نییە...).

زۆر شوکورم کرد، خوایە! خواردنی حەبێک چییە خۆ لە مردن قوتار دەبم، با منداڵم دەبێ! بەڵام بەزەوی دادا (چۆن منداڵم دەبێ، کەس بێ منداڵ بووە، ئەی ئەم ماڵ و دەوڵەتە بۆ کێ بمێنێ؟ بۆ ئەم دایکە پیرە، یان بۆ ئەم برا مل ئەستوورە؟ پاشان کێ دەڵێ قسەی ئەم دوکتۆرە ڕاستە، هەزار جار قسەیان بەدرۆ دەرچووە، نەخێر من ڕازی نیم با بڕۆینە لای دوکتۆرێکی تر...)

– منیان بردە لای دوکتۆرێکی تر، پارەیان دایێ تا بڵێی ئەم قسەیە ڕاست نییە. چی بکەم خوایە؟ گریام و ناڵیم، بەفرمێسکی گەرمم دەستم شوشت، بەڵکو ڕازی دەبێ ئەم حەبە بخۆم و

ئەم ترسە لە دڵمدا نەمێنێ... بەڵام ئەم هۆشە پتر تووڕە بوو، گوتی:

– ئەگەر ئەم حەبە بخۆی، منداڵت دەبێ، تەڵاقت دەدەم! من تۆم بۆ منداڵبوون هێناوە!.

وای دڵت سەرەند بێ! وا تێ دەگا من ئالەتێکم بۆ منداڵهێنان، یا لە ئادەمیزاد نیم. چوار مانگی پێ نەچوو زانیم مردنم نزیک بوو، هەستم کرد کە منداڵ لە زگمدا دەبزوێ، ئاه خوایە! لەم ڕۆژەدا، ژینم بوو بە دۆزەخ، تا ئەم ڕۆژە هات، ڕۆژی منداڵبوونم، چارە نەبوو مردم، مردنێکی بەئازار و ئێش... چی بکەم لە ناوچاوانم وات نووسیبوو!)

سەرم سوڕما، من لە خەوام، یا نەنووستووم، سەیرم کرد کچەکە دەستی پتر هەڵبڕی و هاواری کرد:

– (خوایە، تۆ تۆڵەی من لەم مێردە بێ هۆشە بسێنە، کەسم نییە خوایە هەر تۆم هەیە...!).

لەم دەمەدا، لە دوورەوە دوو تارماییم دی ڕوویان لە کچەکە دەکرد، هەریەکە قۆڵێکی گرت یەکێکیان گوتی:

– بێچارە لە خانووی مردووانەوە ڕای کردووە، هاتووەتە لای خوا سکاڵا بکا، نەیتوانیوە ئارام بگرێ تا ڕۆژی قیامەت.

لەم کاتەدا بە ئاگا هاتم، دەنگی شمشاڵەکە کز بووبوو براکەم پێ کەنی و گوتی:

– (ها چ زوو نووستی لەم هاتوهاوارەدا..)

بەڕاستی دەنگی ژنان دەهات، گوتم چی بووە؟ خێرە؟

– (پیاوێکی دراوسێمان، ژنەکەی تەڵاق دا، چونکە ئەمە دوو ڕۆژە شیوەکەی سوور دەکا).

پێ کەنیم، گوتم:

– ئەمەش کۆنە بەزمێکی تری ڕزیوە.

## موشکیلەی وەستا جەعفەر

بە سەرچاوان... لە ئەوەلەوە بۆت دەگێڕمەوە... ئەوەڵەن من کەرم...!؟ شکارتەیەکم لە کەرایەتیدا هەیە...! یانە بۆ خۆم هاویشتە ناو ئەم قوڕە..؟ خوات لێ خۆشبێ بابە! گۆڕت پڕ لە نوور بێ چەند جار گوێت ڕاکێشام.

– کوڕم نەکەی دوو ژن بێنی، کوڕم جەعفەر... جەعفەر... دوو حورمە نەهێنی، پاشان سوارت دەبن.

بەڵام ملم بشکێ بە (یەک) ڕازی نەبووم و (یەکی) تریشم هێنا و نەسیحەتی باوکیشم شکاند و مەپرسە لە چ حاڵێکدام... هەردووکیان لێم بوون بە عیزرائیل، هەروەکو کەرێک سوارم دەبن...! کاشکێ بەسواریش ڕازی بانە... جگە لە جووتەش... یەک سوار دەبێ و ئەوی تریش بە نەقیزە دەمهاژوا...!...! دایم گریان و هاوارە لە ماڵا... هەموو کون و قوژبنێک پڕ بووە لە جنێو و قسەی پیس... مردم هەندێ جەڕە و مەسینە بکڕم... هەموویان بەسەر یەکتردا شکاند... تەماشای هەر

لایەک بکەی چاوت بە مووی زولف و ئەگریجە دەکەوێ... هەتا کەنناسی بەلەدیە جارجار کە: زبلی خانوومان دەبا پێم دەڵێ:

– وەستا جەعفەر! بۆ خاتری خوا ئەم هەموو مووە چییە؟... ئەفەندی...؟ خۆ جاری ڕۆژەک نەبوو بڵێم ئۆخەی... هەرگیز دەقیژێنم... ئۆف دەکێشم... کچێ بەسیەتی (نەقشین) کچێ چاوت کوێر بێ (مامز) لێم گەڕێن نانەکە زەقنەبووت کەم... چی بکەم گەرووم کەوت هەندی هاوار بکەم... دەستم شل بوو هەندی لێیان دەم...! پێرێ قوماشم بۆ کڕین... گوتم زستانە و سەرمایە کەیفیان دێ... هەندی پێ نەچوو... شەربەیێکی تازەم کڕیبوو هەلاهەلا بوو... جنێودان دەستی پێ کرد.. هەر لەبەر ئەوە چونکە... قوماشەکەی (نەقشین) نیو گەز لە هی (مامز) بوو...! توخوا ئەفەندی... چی تێدایە؟ نەقشین بەچاو مامز هەندی فیلێکە.

دوێنێ شەو: لە سەفەر گەڕامەوە... زۆر ماندوو بووم. یەکسەر چوومە هۆدەی خۆم و هەردووکیانم بانگ کرد:

– کچێ نەقشین، مامز گیان...؟

بەلام هیچ یەکیان نەهاتنە لام خزمەتم بکەن... زۆر عاجز بووم، لە دڵی خۆمدا گوتم! (موستەحەقت بێ جەعفەر!).

– ئەفەندی... کاکی تۆ؛ زۆر زیرەکە، زۆر، باوەڕکە هیچم نەکرد... خەوتم... بەلام بەیانی زوو هەڵسام... دوو جەرە ئاوم بەسەر خۆمدا ڕژاند پاشان شەهادەتێکم هێنا... جارێ نەچووبوومە دەرەوە... قەوما... ئەمما چۆن قەومانێک... هەر مەپرسە... جنێو لە مابەینیان دەستی پێ کرد.

– ئا... حوشتر... لۆری بەشەو چوویتە لای!؟

– چاوت کوێر بێ قالۆچەی ڕەش... من چوومە لای یان تۆ چوویت؟ ها ها ها تومەز ئەفەندی تەگبیریان کردبوو کە هیچ یەکێکیان نەیێتە لام... بەلام من بەیانی (غوسڵم) دەرهێنا وایان زانی لەگەڵ یەکتر خیانەتیان کردووە، ئاوڕێکم دا... سەیرم کرد (مامز) سەری شکاوە... ها ها. ئەفەندی هەرا بوو، ئێستاش ئەفەندی قوربانت دەبم چارەیێکم بۆ بکە.

پێ کەنی و گوتم:

– محامیت بۆ چییە؟ ژنەکانت لەسەر ئەم (ئیشە) قابیلە لە دەس یەکتری شکات بکەن... یا لە دەرهەق تۆ شکات بکەن؟.

– ئەفەندی... بەقوربان... تێ نەگەیشتووی... ئەوان دەرهەق من شکاتیان کردووە... گۆیا کە من لە ژنەکانم داوە و سەری هەردووکیانم شکاندووە!.

## جۆخین و خوێن

– حاکم بەگ.. تۆ دەفەرمووی بۆچ مچە ئاغام کوشت؟ خوا عالیمە، چ سوێندت لەسەر من نییە... مچە ئاغام نەکوشتووە، مچە ئاغا منی کوشتووە... مومکینە باوەڕم پێ نەکەی، بەلام... ئەمرۆڵڵا

ڕەزای هەق... من پیاوێکی مردوومە، چیم لە چی نەماوە... لە چ ترسم هەبێ!؟ فەرموو گوێم لێ ڕاگرە... بزانە من مچە ئاغام کوشتووە یانە ئەو منی کوشتووە!؟ (ئەمە چل و یەک ساڵە).. لە گوندی مچە ئاغا فەلاحم... بێ وچان تاپۆی دەدەمێ... نەمهێشت ڕۆژێ مرتەمرتم لەگەڵدا بکا... قسەم پێ بڵێ... لە هیچ کەسێک قسەی ناشیرینم قبووڵ نەکردووە. بەڵام هەر شتێک بەفەرموودەی خوایە! پێرار ڕۆژێک مچە ئاغا خولامێکی خۆی ناردە دوام... گوتم...

– خێرە ئینشائەڵڵا... چوومە خزمەتی.

بە ڕوویەکی گەش ئەمری دانیشتنی کردم و جغارەیەکی پێ دام...! شێوام هیچ شتی وا نەدیتراوە لە مچە ئاغا...! پاش گفتوگۆیەکی کەم... ئەمری کرد کە: کچەکەی خۆم جێگەی بەهەشت بێ – بیدەمە خولامێکی خۆی... لە جێگەی خۆم ڕاچەنیم... من سۆفی عەلاوی حەمەڕەش... کچی خۆم بە خدرۆکی بدەم... خدرۆکی خولامی ئەم پیاوە خراپە... دزە... بێ نامووس و کافرە... بەبێ ترس و لەرز جوابم داوە...

– ئاغا...! ئەگەر ئەمر بکەی سەری کچەکەم ببڕم خۆم نادەمە ناشکێنم خدرۆک، تووڕە بوو فینجانی قاوەی دا بەئەرز، دەستی بەجنێودان و قسەی پیس کرد... هەندی پێ نەچوو... لە ئاوایی دەری کردم... چی تێدا هەیە، فەلاحێکی باش و ڕاستگۆ بووم... لە هەر جێگەیەک قەبووڵم دەکەن... بارم کرد... خۆم و کچەکەم چووینە گوندی... لەوێدا زەوییەکی گەورەم بەدەست کەوت! تۆویەکی زۆرم چاند... ئەوەی هەبوو چاندم، شەو و ڕۆژ خۆم و کچەکەم پاش نوێژکردن... دوعامان دەکرد... خوا مەرحەمەتمان پێ بکا... بارانمان نەبڕێتەوە...! تاکو شتێکی بەر من دەکەوێ.

کە بەهار داهات... بەکەرەمی خواوە... دەغڵێکی زۆر باشم هات، هەرگیز تەماشای دەغڵەکەم دەکرد و شوکرانە و حەمدی خوام دەکرد... کچەکە داوای شتێکی دەکرد... دەمگوت:

– ڕۆڵە...! سەبرکە بەمەرحەمەتی خوا... جۆخینەکە هەڵبگرم... هەموو داوات جێبەجێ دەکەم...! دایم چاوم لە ئاسمان بوو... دەستم لەسەر دڵ بوو... تەزرەی لێ نەدات.

دووربێ لە ئافاتی خەراپ... کە وەختی دروێنە هات... بەخۆم و کچەکەم، هەر لە وەختی بەیانی تاکو ڕۆ ئاوابوون، دروێنەمان دەکرد، ئەم ڕۆژەم قەت لە بیر ناچێ کە سەیری جۆخینەکەی خۆم کرد ماشەڵڵا هەندی قەڵاتێک بەرز بوو...! شەوان تاکو بەیانی، خەوم لە خۆم حەرام کردبوو... پاسی جۆخینەکەم دەکرد... بەیانیش کچەکەم پاسی دەکرد...!

نەزری دوو مەولوودی پێغەمبەرم کردبوو کە: کە ئەم جۆخینەی بەخێر هەڵبگرم...! لە کەیفیان کچەکەم فڕی بوو... گفتم دابوویە کە قادە جلێکی ئاگربارانی بۆ بکەم...! بەڵام قەلەندەرەی چاوی پێ نەکەوت و مرازی حاسڵ نەبوو...! لەم وەختەدا، بیستمان... چوار جۆخینی مچە ئاغایان سووتاندووە خوا دەزانێ زۆر عاجز بووم... گەرچی مچە ئاغاش دەری کردبووم...! ڕۆژەک خزمەکی خۆم هاتە لام و هۆشیاری کردم و گوتی:

– مچە ئاغا سوێندی خواردووە، جۆخینت بسووتێنێ... چونکە وای زانیوە کە تۆ جۆخینەکەت سووتاندووە.

که گوێم لەم خەبەرە بوو شێت و هار بووم.

– چۆن خەرمانم دەسووتێنێ...؟ دەری کردم، شاربەدەری کردم، ئێستاش خەرمانم دەسووتێنێ...!؟

بەڵام... حاکم بەگ... خواتەعالا ئارەزووی چۆن بێ... وا دەبێ...! پاش حەفتەیەک کچەکەم نەساغ کەوتبوو بەداوەدەزیێک، تەنیا پێستە و ئێسقانی ما... لە نکەنکی و هاواری جەرگم سووتا مەجبوور مام جۆخینەکەم تەسلیمی پیاوێکم کرد... کچەکەم بردە خەستەخانەی هەولێر.. لەوێ! دختۆرێک گوتی:

– کچەکەت تووشی تیفۆ بووە.

کچەکەیان لەوێدا نواند... منیش مەجبوور مام بگەڕێمەوە سەر جۆخینەکەم...! پاش نیوەڕۆ بوو، بە پیادە ڕێگەی خۆم گرت... لە ڕێگەدا گوێم لە ئاخ و ئۆف و بابەی کچەکە دەبوو.. فرمێسکم لە چاو دەهاتە خوارەوە...! پاش نیوەشەو، نزیکی گوندەکەم بووم... تەماشام کرد ڕووناکیی ئاگرێکی زل دیارە... بەهەڵاتن چوومە پێش... گەیشتمە سەر جۆخینەکەم... نەفەسم بڕابوو... سەیرم کرد: جۆخینەکەم هەمووی دەسووتێ و هیچی نەماوە.

هار بووم، زمانم گیرا!، هەستم کرد، حاکم بەگ... هەردوو چاوم دەرپەڕی کە تەماشای جۆخینەکەم کرد... چاوم بەسووتان و ناڵەی کچەکەم کەوت! یەکێک لە دەشتەکییەکان گوتی:

– خوا چاوی مچە ئاغای کوێر کات... پیاوەکانی مچە ئاغا جۆخینەکەتیان سووتاند... یەکسەر بەم نیوەشەوە گەڕامەوە هەولێر لە خەستەخانە کچەکەشم ئەمری خوای کردبوو... حاکم خۆشبێ...! بەیەکجاری شێت بووم چاوم ئەرزی نەدەدیت نەمزانی چۆن گەیشتمە گوندی گرت... تەماشام کرد، مچە ئاغا لەگەڵ چەند برادەرێکی، خەریکی قومارکردنن، بەبێ سەلام و سوئال، قوربانیی خەنجەرێکم کرد... حاکم بەگ! من مچە ئاغام نەکوشتووە... مچە ئاغا منی کوشتووە!!!.

## کوێرە

– خوا خێرتان بنووسێ شەوی جوعمەیە...!

بەتەنیا خۆ و سێبەری، لەژێر دار ئەلیکتریکێک ڕاوەستابوو، خۆی هاویشتبووە سەر گۆچانی... دەستە چرچەکەی بۆ فلسێکی خێرەومەندێک کردبووەوە... هەروەکو دەغڵێکی ڕەنگ زەردی تینوو. لە ئاسمانی دڵسۆزەوە قومە ناوێک دەرۆزە بکات...!

ئەم گۆچانە چەند لەلای خۆشەویستە! ئاخۆ ڕەفیقی کوێرەوەری نییە؟ شەو و ڕۆژ لەژێر دەستیدا نییە؟ ئاخۆ ئەم دارە لەو ڕۆژەوەی کە کچەکەی ئەمری خوای کرد، لە جیاتیی چاوی نییە؟

خۆزگەم بەپار...! کە مۆمی ژیانی کچەکەی نەکوژابوو، دەستی دەگرت و ڕێگەی پێ پیشان دەدا.

خۆزگەم بەپێرار...! کە چاوێکی مابوو وەکو هەر کەسێک کاری خۆی دەکرد و چاوی لە دەست کەسێک نەبوو.

- خوا خێرتان بنووسێ...!

ئەم ژیانە چ ژیانێکە... لەناو بەحریدا، گیان دەدا وەک پیرەماسییەک... لەناو گۆمە ئاوێکی شێلودا بێ و وردە وردە ئاوی کەم ببێ... لە بەیانییەوە تاکو شەو... دەمی شل دەبێ بۆ پارچە نانێک... هەرگیز لە باوەشی تاریکیدایە! ئەسیری شەوە... شەوێکی بێ ئەستێرە... دڵێ قالۆچەیێکە، کەوتووەتە ناو گۆمە قیرێک...! لە هەموو شتی جوان بێ بەرە: لە درەوشانەوەی ئەستێرە، لە پێکەنینی مانگ، لە بەبووکچوونی بەهار، لە خوێناویی لالەزاران... لە... لە...!! خشتەکانی بینای ژیانی... ڕۆژ بەڕۆژ، دەڕووخێتەوە، هۆش و یادگاریی خۆشی وردە وردە لەناو فرمێسکیدا دەتاوێتەوە...! خۆزگەم بەو ڕۆژە کە، تاکە چاوێکی هەبوو... ئیشی خۆی دەکرد... وەکو هەموو ڕەنجبەرێک نانی خۆی و کچەکەی پەیدا دەکرد... بەڵام کێ دەیزانی لە دەفتەری ژیانی... ئەم نەگبەتییانە هەبوو... ئەو ڕۆژەی قەت لە بیر ناچێ کە: لە ئانی دروینە... لە پڕێکدا ژانەچاوی گرت... نەیزانی ئەم ژانە لە کێوە هات؟... ئاخۆ کاری گەرمانی بوو... یا تەپوتۆزی دروێنە بوو؟... تەنگژەی ئەم ژانە لە کێوە هات؟... بەڵام زۆر چاک دەیزانی... بێ ئیش و کار ما...؟ خوا خێری وەستا مام عەولا بنووسێ...، زۆر هەوڵی دا چاوەکەی چاک بکات... هەموو جۆرە دەرمانی بەکار هێنا، هەتا ئاوی کاردی...! بەڵام لە دەستی دەرنەچوو... کوێر بوو...! زۆر شوکرانەی خوای کرد، لەو ڕۆژەوە تامی برسییەتیی بە تەواوی زانی...! مانگێک، دوو مانگ سێ... چوار... ناچار ما، قۆڵی کچەکەی گرت و هاتە ناوشار بۆ دەرۆزەکردن... چەند پێی ناخۆش بوو.

- خوا خێرتان بنووسێ.

ئەم وشەیە دەرگەی گوێی دەهەژاند و پەردەی دڵی دەگیرساندەوە، بەڵام شتێک هەیە بەرامبەر برسییەتی ڕابوەستێ!؟ قەت نەیدەزانی نەگبەتی... هێشتاکە سێبەریەتی و لە دوای دەڕوا و خۆی ئامادە دەکا شاپێکی تری لێ بدا... ڕۆژێک شاپەکەی تریشی پێ کەوت...، کچی تاقانە و نازداری نەخۆش کەوت... چەندجار دەستی هەڵبڕی و لە سەروچاوی ئاینەوە هاواری کرد.

- خوایە...! بۆ خاتری گەورەیی خۆت کچەکەم بەجێ بهێڵە... لێم. زۆری مەزانە... لە جیاتیی چاومە...!

ئەو شەوە بەدەی قەد لە مێشکی ناسرێتەوە کە... کچەکەی لەناو ئاگری تادا دەسووتا... داوای ئاوی لێ کرد... شێت و هار بوو... بەم نیوەشەوە ئاوی لە کوێوە بۆ بێنێ؟! گۆچانەکەی هەڵگرت و بەتەقەتەقی دارەکەی ڕۆیشت... کە: گوێی لە نوزەی دەبوو... (بابە قومەک ئاو) کزەی جەرگی دەهات... چەند جار ساتمەی خوارد. کەوتە ناو ئاوی پیس... لە دەرگەی ماڵانی دا هاواری کرد:

- بۆ خاتری خواتان قومە ئاوێک... بۆ خاتری مردووتان. کە پاش دەمێک گەڕاوە... کچەکەی ئەمری خوای کردبوو... زۆر گریا لە هەردوو چاوی کوێری فرمێسک دەهاتە خوار... دەمێک بە ڕیشە سپییەکەی دەنووسا و دەکەوتە خوارەوە...

لەم دەمەدا دەستی هەڵبڕی... فرمێسکی ڕژای سڕیەوە:

– ئۆف ف خـۆزیا ئەو وەختــە بمردبام... پاش مـودەتێک ملی کـەچ کـرد و ڕۆیشت...، هێـشــتـا فرمێسکی وشک نەبووبوو:

– خوا خێرتان بنووسێ... شەوی جوعمەیە.

## مەلا پیرۆتی جادووکەر

یاهو...! بەشـەر چ مەخلووقێکی عەجایبە... دوێنێ چاوم بە سـمێڵێک کەوت حـاڵەن یادگارێکی کۆنم کە: بیست سـاڵ لەمـەوپێش هاتە بیر...! دەتوانم بڵێم... ڕۆژی هـەزار سـمێڵ دەبینم، بێ ئەوەی یەک زەڕە سـەرنجی بدەمێ. بەڵام... سمێڵەکەی دوێنێ... قەڵافەتی، شۆخ و شەنگی، ئەم جۆگە ڕۆنەی کە: (لە ناوەندی لووتی بەرەو خوارەوەی دەچێت... ئـەم سمێڵـە نایابە... ئەم یادگارە خـەوتووەی بە ئاگا هێنا و مەلا پیرۆتی جادووگەری خستە بیرم!... خوای لێ خۆشبێ.

– (پیاوێکی زانایە... لە عیلمی سیمیا، پیاوێکی مەردانەیە)... هەروەکو باپیرم دەیوت:

باپیرم خوا عەفوی کات پیاوێکی کۆڵەوار بوو... بەهەموو شتێک باوەڕی دەکرد... نیوەی دەوڵەت و سـامانی سـەرفی عیلمی سـیمیا کـرد... تاوەکو مـەلا پیرۆتی جـادووگـەری نـاسی... ئینجا وازی لە عیلمی سـیـمیـا هێنا... کاشکی مـەلا پیرۆت چوار سـاڵ لەمـەوبەر باپیـرمی ناسـیبـووایە...! بۆیە کە دوێنێ چاوم بەو سـمێڵـە کـەوت و مەلا پیرۆتم هاتە بیر... دەسـبەجـێ فاتیـحـایەکەم بۆ خـوێند. خـوا قبووڵی کات...! بیست ساڵ لەمەوپێش بوو ئێستاش بە بیرمە کە: نیوەڕۆژێکی پێنچشەم لە هەڕەتی هـاوینا لە (مەلا) گەڕامەوە ماڵێ... باپیرم بانگی کردم:

– وەرە کوڕم، دەستی مـامۆستا مەلا پیرۆتی ماچ بکە، پیاوێکی زانایە، مـەردانەیە... سـەیرم کرد. پیـاوێکی ڕەشتـاڵەی گـوڕنی ناشیـرین و ڕەق دانیـشتـووە... هیـچی بەچاو نەدەچوو... غـەیری سـمێڵـە نایابەکەی نەبێ...!!... هەموو شتی لەبیر لادابوو: جلوبەرگی عامەمـەی دارسیغارەکەی تەسـبیـحی... تەنیا هـەموو هۆش و مەعریفەتی خستبووە سـەر سمێڵی.

دەس ماچکردنم لە بیر چوو چاوم گیرۆدەی سمێڵی بوو... پاشان لە ماڵەوە زانیم... ئەو مێوانەش وەکو ئەغلەب مێوانی ترمان لە: عـولەمای سـیـمیـایـە...! نان و مانم بۆ بردن... دووبارە باپیـرم بانگی کردم:

– وەرە کوڕم... چوار هێلکەمان بۆ بکڕە... زوو ڕانەوەستی... گوتم:

– بابە...! هێلکەمان بۆ چییە... تازە مەلا پیرۆت نانی خوارد...

مەلا پیرۆت بە ڕووترشی بە جواب هات... تەماشای باپیرمی کرد و گوتی:

– ئا غولامێکی نەفام خەری...این خزمەتکارست... باپیرم پێ کەنی و گوتی:

– ڕۆڵە تۆ هـەقت نـەبێ... هێلکەمـان پێـویستـە... تەمـامـان هـەیە تـەجرەبەیەک بکەین... ئینشـائەڵڵا خوا ڕوومان ڕەش ناکا بەهیمەتی مامۆستا.

زۆر منداڵ بووم... تەماشای سمێڵی مەلا پیرۆتم کرد و بەجواب هاتم:

– نەخێر خزمەتکار نیم... عجم أست.

(رام کرده دەرەوە) هێلکەکانم بۆ هێنان... دانیشتم و گوێم ڕاگرت، باپیرم گوتی: زۆر بەخێر بێیت مامۆستا... ڕۆژێکی موبارەکە، بەخوا فرسەتێکی باشە... زاتەن ئەمڕۆ پێنجشەممەوە، بۆ پاش نوێژ جومعە، چل و هەشت سەعات ماوە... بۆ مودەتی تەجروبەیان، هەروەکو جەنابت فەرمووی...! مەلا پیرۆت سکوت بوو... تەماشای کتێبێکی کۆنی دەکرد پاش کاتێک هێلکەکانی شکاند و لەگەڵ تۆزێکی ڕەشی تێکەڵ کرد. باپیرم دەستەکانی لە یەکتری خشاند و لە کەیفان گوتی:

– کوڕم ئیلهامێکم بۆ هاتووە... لەم تەجروبەیەدا بەسەر دەکەوین...! ڕۆژی شەمو... هەموو قاپوقاچاخمان دەبێتە ئاڵتوون، ئەمما کوڕم نابێ بەکەسێک بڵێی... سکووت بووم... ئەمە سەد جارە گوێم لەم قسەیە دەبێ... قاپوقاچاخمان هەر پاقرە... پاش سەعاتێک لە ناوەندی حەوشی خانوومان. جەهەننەمێک پەیدا بوو... مەنجەڵێکی لە قوڕ دروستکراویان دامەزراندبوو ئاگریان – لەم چلەی هاوینە – لەژێر دەسووتاند... کە هێوارە داهات، دراوسێکەمان هاواری کرد:

– بەسیەتی وەستا حەسەن، سووتاین بۆ خاتری خوا... باپیرم... پێ کەنی و دەیگوت:

– دەبێ هەتا پاش نوێژی سبەینێ، ئاگری لەژێر بسووتێ، ئینجا ئەم دەرمانە... کە لەناویەتی دەبێتە تۆزێکی سپی، ئەو وەختە کەمێک لەم تۆزە سپییە... پاقری دەکاتە ئاڵتوون... بەو شەرتە نابێ قەپاغی ئەم مەنجەڵە هەڵبگیرێ... تاکو پاش نوێژی سبەینێ.

سبحەینێ لە خەو هەڵسام سەیرم کرد باپیرم بەتەنیا دانیشتووە و بارێک داری قەلاشکەری خستووەتە بەردەمی. کە نیوەڕۆ داهات. مەلا پیرۆت ئیزنی خواست و چووە دەرەوە هەتا وەختی پاش نوێژ باپیرم لە بیست سبیل زیاتری خواردووە... سەد جار لە ڕێبواران پرسم کرد...

– مامە... لە نوێژ دەرچوون...؟

لە دوادا زانیمان نوێژ تەواو بوو... کەس نەما لە نوێژی جومعە دەرنەچووبێ.. بەڵام مەلا پیرۆت نەهاتەوە.

باپیرم زۆر تەنگاو بوو... پاشان نەیتوانی چاوەنۆڕی مەلا پیرۆت کات... قەپاغی مەنجەڵەکەی هەڵگرت.. لە نانی هەڵگرت و بە بیسمیلا و دوعاکردن، هەموو فیکری وابوو کە چاوی بەتۆزێکی سپی بکەوێ... هەروەکو مەلا پیرۆت فەرمووبووی... بەڵام هیچیان نەدی غەیری مشکەیەکی ڕەش نەبێ...! باپیرم ڕەنگی زەرد بوو.. چووە ژوورێ و سوێندی بەقورئان خوارد و تۆبەی کرد... کە: جارێکی تر خەریکی عیلمی سیمیا نەبێت... بەڵام زوو نەختێ ئاردی نشاستەی لەناو کاغەزێکی دانا و خستییە گیرفانیەوە... بە عاجزی و ماتی لە هۆدەی مێوانان... دانیشت... وەختی عیشایێ مەلا پیرۆت پەیدا بوو:

– سەلامون ئەلەیکوم.

باپیرم وەڵامی دایەوە... بەپێکەنین هەردوو قۆڵی هاویشتە سەر ملی ئەمبەر و ئەوبەری ڕوومەتی ماچ کرد....

– هەی دەستخۆش مامۆستا، تەجرەبەکەمان ناجیح بوو بە سەرت قەسەم کە: قەپاغەکەم

هەڵگرت تەماشام کرد هەروەکو فەرمووت تۆزێکی سپی... وەکو ئاردی نیشاستە لەناویدا بوو... ئەلحەمدولیللا بە ئاخری عومرم موەفەق بووم، خوا مەرتەبەت بەرز بکات، تەماشاکە... کاغەزەکەی کە نیشاستەکەی لەناو دانابوو، دەرهێنا.

– سەیرکە عەینەن وەکو فەرمووت وایە.

مەلا پیرۆت تێک چوو... سەیرم کرد لە کەیفان سمێڵی دەلەرزی... بەپێکەنین گوتی:

– وەستا ئەی بەشی من؟

باپیرم جوابی دایەوە:

– بەشی چی مامۆستا... هەقدەستی ئەم دەرمانە... هەشت لیرەت وەرنەگرت. تۆ بەخۆت سڕی ئەم دەرمانە دەزانی، دەتوانی بۆ خۆت دروستی بکەی...!

– ئامان وەستا... فەرمووم ئەمە هەشت لیرەکەت، بەڵام نەختێ لەم دەرمانەم بدەرێ من گەلێ تەجروبەم کرد... بەڵام لە دەستم دەرنەچوو. هەروەکو کتێب دەڵێ... بەڵام خوا لە دەستی تۆی دەرهێنا.

باپیرم هەشت لیرەکەت لێ ستاند و گوتی:

کەواتە... فێڵت لە من کرد:.... وەستا لە سەدان سەد... نیو مسقاڵت نادەمێ مەلا پیرۆت داهات و دەست و پێی باپیرم ماچ بکات، باپیرم گوتی: قەیدی ناکا... مامۆستا بۆ خاتری خوا نەختێکت دەدەمێ... فەرموو، لە پڕێکدا کاغەزەکەی کردەوە... هەموو نیشاستەکەی بەدەموچاو و سمێڵی وەردا و هاواری کرد...

– ئەم ئاودەڵەی باوێنە دەرەوە...

لەو ڕۆژەوە، باپیرم مەرقەی تەرک کردووە... خۆزیا مەلا پیرۆت باپیرمی زووتر ناسیبووایە.

ئاماژە:

١– دایک: لە ژمارە (٤)ی ساڵی (١٩٤٤)ی کۆواری (دەنگی گێتی تازە)دا بڵاو کراوەتەوە.

٢– سکاڵای مردوو: ئەم چیرۆکە لە ژمارە (٥)ی ساڵی (١٩٤٤)ی کۆواری (دەنگی گێتی تازە)دا بڵاو کراوەتەوە هەر ئەم چیرۆکەش لەگەڵ (١٥) چیرۆکی تری نووسەرانی کورد لەلایەن د. مارف خەزنەدارەوە گۆڕاوەتە سەر زمانی ڕووسی و لە مۆسکۆ لە ساڵی (١٩٦٨)دا لە کتێبی (دوانزە سوارەی مەریوان) وەشان کراوە.

٣– موشکیلەی وەستا جەعفەر: لە ژمارە (٥٤)ی ساڵی (١٩٥١)ی ڕۆژنامەی هەولێر بڵاو کراوەتەوە، بنواڕە کتێبی (ڕۆژنامەی هەولێر سەرهەڵدان و کۆتایی) – ١٩٨٨ – مەحموود زامدار.

٤– جۆخین و خوێن: لە ژمارە (٥٨)ی ساڵی (١٩٥٢)ی ڕۆژنامەی هەولێر بڵاو کراوەتەوە، بنواڕە هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٥– لە ژمارە (٦٩)ی ساڵی (١٩٥٢)ی ڕۆژنامەی هەولێر بڵاو کراوەتەوە. بنواڕە هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٦– مەلا پیرۆتی جادووگەر: هەردوو ژمارەی (٧٥) – (٧٦)ی ساڵی (١٩٥٢)ی ڕۆژنامەی هەولێر بڵاو کراوەتەوە، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

# حیکایەتی زادیج

ڤۆڵتێر

لە پەنجایەکانی سەدەی رابردوودا، ئەم شاکارەی ڤۆڵتێر کراوە بە کوردی. بەپێویستمان زانی بیخەینەوە سەر رێنووسی تازە و جارێکی تر بڵاوی بکەینەوە بەڵام بەبێ دەسکاری و گۆڕین. وەرگێڕی ئەم نامیلکەیە یەکێک بووە لە چالاکەکانی ئەو دەمە. ڕاستە ئەم نامیلکەیەی ڤۆڵتێر پێویستی بەوەرگێڕانێکی تازە هەیە لە زمانی بنەڕەتییەوە. بەڵام تا ئەو کارە کە یەکێک ئەنجامی بدا، با ئەمەیان لە بەردەستدا بێ. نموونەیەکیشە بۆ زمانی نووسین لەو سەردەمەدا کە دەشێ لێکۆڵەوان سوودی لێ وەربگرن. "واتە"

بەناوی یەزدانی پاک

دیاری

زۆر کورد هەنە زبانی کوردییان بەلاوە ئاینێکی پاکە، دەبێ بەپاکی بناسرێ، هەموو خاوەن بیر و هۆشێک دەزانێ: بوونی نارێکێش لە نەبوونی چاترە، خوێندەواری تێگەیشتوویش نووسراو دەخوێنێتەوە، هیچ ناپرسێ نووسەر کێیە؟ بۆ ئەوانە بەملکەچی ئەم چیرۆکە بەدیاری دەنێرم.

بەعقووبە – محەمەد عەلی کوردی

.................................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: محەمەد عەلی کوردی

"پێشەوە"

دوکتۆر تەها حوسێن لە ساڵی ١٩٧٤دا ئەم چیرۆکەی لە فرەنساییەوە کردووەتە عەرەبی، لە پێشەوەدا دەڵێ: ئەم چیرۆکەم نزیکەی دە جار خوێندەوە، پێشم وایە دیسان دەیخوێنمەوە، هەر دەیخوێنمەوە، لێی تێر نابم، چونکە دڵ و گیان و بیر و ژیر لەم چیرۆکە نایابە بەشدار دەبن.

کاتێ (بەرێککەوت) ئەم چیرۆکەم هاتە دەست، بێ پشوو سێ چوار جارم خوێندەوە، دیتم داستانێکی زۆر بەکاکڵە.

گوتم: چۆن من فرەنسایی نازانم، زۆر کوردیش هەنە عەرەبی باش نازانن، با منیش سوودێکم بۆ کوردزبان هەبێت.

زبانی کوردیی ئەم چیرۆکە زۆر ئاسانە، بەوەتەی پچڕ پچڕم نووسیوە، لە ماڵەوە، لەگەڵ برادەرانم، لە بازاڕ چۆن دەدوێم وەهام نووسیوە.

کوردیی ئەم چیرۆکە (با بڵێم زبانی محەمەد عەلی کوردی) وەکو چێشتی مجێور وایە، لە وتەی سولەیمانی و کۆیە و ڕەواندز و پشدەری تێدایە، هەندێ وشەی بادینانیشم بۆ هێناوە، بەڵام: چونکە وتەی "پشدەر" زبانی مادەر بەسەر شێوەکانی تردا زاڵ بووە.

ئەگەر یاریدەی مەعالی تۆفیق وەهبی و مامۆستا عەلائەدین سەجادی نەبایا، بەجارێک نووسینەکە دەبوو بەزبانی پشدەری.

محەمەد عەلی کوردی

## یەک چاو

١

لە زەمانی پاشایی "موبدار" لە شاری "بابل" گەنجێ هەبوو ناوی "زادیج" بوو، زادیج گەنجێکی لاوچاک و بەناوبانگ بوو، پیاوێکی زۆر مەرد و بەئەدەب بوو، زۆریش دەوڵەمەند بوو، لەگەڵ جوانی و دەوڵەمەندیشیا دەیتوانی جڵەوگیریی هەوا و هەوەسی خۆی بکات، چونکە پیاوێکی خود پەسند نەبوو.

هاوشارییەکانی زادیج سەریان لەو پیاوە سووڕ مابوو:

چونکە لەگەڵ ئەو هەموو زیرەکی و زانایییەیدا قسەی زۆر نەدەکرد، پاشملە باسی کەسی نەدەکرد، لە هەرا و هوریا دوور بوو، گوایا ئەو پیاوە لە زۆربڵێکانی بابل نەبوو.

زادیج لە یەکەم نووسراوی "زەردەشت" ئەمە فێر بووبوو:

"پیاوی بەدەعیە وەک تۆپی فوودراو وایە هەر کونێکی تێ بوو، فش دەبێتەوە".

لە هەموو ڕەوشتی زادیج چاکتریان ئەوە بوو، قەت گاڵتەی بە ژنان نەدەکرد، ژنیشی

هەڵنەدەخەڵەتاند.

زادیج زۆر سەخی و دڵفراوان بوو، باکی لەوە نەبوو، کە لەگەڵ سپڵەش بکات، چونکە پێڕەوی ئەم بیرە بەرزەی "زەردەشتی" ئەکرد:

"ئەگەر نانت هەبێ بیدە بەسەگیش، ئەگەر بشتگرێت".

چۆن باسی ئەقڵ و زانایان بکرایا، وەها باسی زادیج دەکرا، چونکە هۆگری زانایان بوو.

هەر زانستێک لە زمانی کلدانیانا باو بوو هەمووی دەزانی. دەیزانی کە شای ئاسمان خورشید چەقی چەرخی گەردانە.

دەیزانی کە ساڵ ٣٦٥ ڕۆژ و چارەکێکە، گەلێ جار "موگبەد و کاهینە"کانی "بابل" بەکافریان دائەنا لەگەڵ ئەوەش تووڕە نەدەبوو، گاڵتەی بەوان نەدەکرد، بێدەنگ و هەرا دائەنیشت. بەهۆی گەنجی و جوانی و دەوڵەمەندییەوە زادیج وەهای ئەزانی:

کە دەگونجێ بەخت یار بێت، بەبۆنەی ماڵی دنیاوە گەلێ کەس دەورەیان دابوو بەدۆست و برادەری ئەزانین!!

زادیجی لاوچاک و ئاقڵ و دەوڵەمەند حەزی لە "سامیرا" دەکرد، چونکە سامیرای بەگزادە بەجوانی و دەوڵەمەندی لە هەموو کچەکانی بابل بەناوبانگتر بوو.

زادیج بەدڵ حەزی لە سامیرا کردبوو، سامیراش بۆ ئەو نەمابوو، لە تاوان شێت بووبوو، هەردووکیان چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەیان دەکرد، کە بەیەکتری شاد ببن و ژیانێکی خۆش بەیەکەوە بەسەر بەرن.

بەڵام ڕۆژێ لە ڕۆژان، لە کاتێکا کە هەردووکیان بەیەکەوە چووبوون بۆ سەیران، لە دەری دەروازەیەکی شاری بابل، لەسەر کەناری "فورات" لەژێر سێبەری دارخورمایەکدا دانیشتبوون، لە ناکاو دیتیان چەند زەلامێکی پڕ چەک، بەتیر و شمشێرەوە ڕوویان تێ کردن.

ئەو پیاوانە نۆکەری "ئۆرکان"ی خزمی وەزیرێکی پاشا بوون، "ئۆرکان" چونکە خزمی وەزیر بوو، وەهای دەزانی: کە هەموو شتێک و هەموو ئیشێک بۆ ئەو ڕەوایە، هیچ کەسێک نییە بەرهەڵستی بکات، کەس حەدی نییە دەست وەبەر دەستی بنێ.

هەرچەندە "ئۆرکان" وەکو زادیج جوانمەرد و خۆشرەوشت نەبوو، خۆی لە زادیج بەرێزتر دادەنا، چونکە وەکو زادیج لەلای خەڵقی بابل خۆشەویست نەبوو، زۆر ڕقی لە زادیج دەبووەوە، بەغیلیی پێ دەبرد.

ئێجگار لەبەر ئەوەش ڕقی لە زادیج هەڵگرتبوو، چونکە سامیرا حەزی لە زادیج کردووە حەزی لەو نەکردووە.

ئۆرکان ئەو پیاوانەی ناردبوو کە سامیرا ڕاکێشن، پیاوەکان وەکو گورگ هەڵمەتیان دایە سامیرا و بەزۆر ڕایان ڕفاند، گەلێکیان عەزیەت دا و بریندارێشیان کرد. وەهایان ئازار دا ئەگەر

پڵنگی کێوان چاوی لێبووایا بەزەیی پێدا دەهاتەوە، دەنگی هاوار و گریانی گەیشتە کەشکەڵانی ئاسمان، بانگی دەکرد:

"ئەی دەسگیرانی خۆشەویستم وا بەزۆر لە خۆشیی خۆمم دەسێنن".

سەودای دڵداری ئازایی زادیجی دوو چەندان کرد، خۆی و دوو خزمەتکار ئەو هەموو زەلامەیان شکاند، سامیرای بەبرینداری و بێ هۆشی بردەوە ماڵی خۆی.

کاتێ سامیرا هاتەوە هۆش، چاوی بەچاوی زادیج کەوت، بەدڵێکی پڕ لە ئارەزوومەندییەوە گوتی:

"ئەی زادیج! هەتا ئێستە هەر ئەوەندەم خۆش دەوێی، کە هەموو ژنێک مێردی خۆی خۆش ئەوێت، بەڵێ ئەوەندەم خۆش ئەوێیت کە بەناموس و ژیانیش قەرزداری تۆم".

هیچ کەسێک دڵێکی وەکو دڵی سامیرای بەسۆز نەدیتبوو، کەسیش لە هیچ دەمێک وەکو دەمی سامیرا، کە دان بەچاکە دابنێت نەیبیستبوو، چونکە وتاری خۆشەویستی وەکو بڵێسەی ئاگر لە دەمی دەهاتە دەرەوە.

برینی سامیرا سووک بوو، زۆری پێ نەچوو سارێژ بووەوە، بەڵام برینی زادیج زۆر کاریگەر بوو، تیرێک لە چاوی درابوو، برینەکەی قووڵ بوو چاک نەدەبووەوە.

سامیرا شەو و ڕۆژ دەگریا، لە خوای بابل دەپاڕایەوە، کە دەسگیرانی زوو چابێتەوە، بەدڵێکی گەرم چاوەڕوانیی ئەو ڕۆژەی دەکرد، کە هەردوو چاوەکانی زادیج بەرانبەر بەچاوی سامیرا بکرێتەوە، بەڵام: گوانێک لە ناوەندی چاوە برینداریەکەی پەیدا بوو، گوانەکە زۆر بەسام بوو، قاسید بەهەموو وڵاتانا بڵاو بوونەوە، هەتا چوونە "منفیس" پزیشکی گەورە "هەرمیس" بەخۆی و داروودەستەکی زۆریەوە هاتنە بابل، هەرمیس تەماشای نەخۆشیی کرد، ڕاپۆرتی دا: کە زۆری پێ ناچێ زادیج کوێر ئەبێت، ڕۆژ و سەعاتی کوێربوونیشی دانا، هەمیسان هەرمیس گوتی:

"ئەگەر برینەکە لە چاوی ڕاست بووایا چاک ئەبووەوە، بەڵام برینی چاوی چەپ دەرمانی نییە".

هەموو مرۆڤی بابل چوون بۆ زادیج گریان، وەهاش لە زانایی و دووربینیی هەرمیس سەریان سوورما. دوو ڕۆژی پێ نەچوو، گوانەکە لە خۆیەوە دەربوو، زادیج بەتەواوی چابووەوە، لەگەڵ ئەوەشا دوکتۆری گەورە هەرمیس کتێبێکی دانا ئیسپاتی کرد، کە هەق نییە زادیج چابێتەوە.

زادیج ئەو کتێبەی نەخوێندەوە، بەڵام هەرکە توانی لە ماڵ بێتە دەرەوە، خۆی ئامادە کرد، کە بچێ بۆ دیدەنیی ئەو ژنە کە بەخت یاری خۆی لە ناوچاوانی ئەوا دەبینی، هەر بۆ خاتری ئەو ژنەش دوو چاوی ساغی دەویست.

زادیج بیستی کە پێشی سێ ڕۆژ سامیرا چووە بۆ لادێ ئەوەشی زانی: کە دەسگیرانە جوانەکەی، هەرکە بیستوویەتی زادیج ئەبێ بە"یەک چاو" دەسبەجێ بڕیاری داوە، کە ناتوانێ لەگەڵ کوێر بژی، هەر بەو شەوە شووی بەئۆرکان کردووە.

کاتێ ئەوەی زانی زۆر تێکچوو، لە تاوان وەختبوو بمرێ، دەستە و ئەژنۆ دانیشت و داما.

بەڵام! لە ئاخریدا ئاقڵیی زادیج بەسەر هەوەسیا زاڵ بوو، دڵی خۆی دایەوە، لەبەر خۆیەوە گوتی:

"چونکە ئەو بێ مەرجییەم لەو کچە گەورەزادە بەرچاو کەوت، دەبێ بۆ خۆم کچە هەژارێکی بەناموس و جوان مارە بکەم".

ئەوسا زادیج هات "ئازوورا"ی خواست، ئازوورا کیژێکی زۆر جوان و بەناوبانگ بوو، زۆری پێ نەچوو گواستییەوە، مانگێکی تەواوی بەخۆشەویستی و رێکوپێکی لەگەڵ بەسەر برد، بەڵام دیتی: کە ئازوورا تۆزێ سووکەڵەیە، وەهاش چووەتە مێشکییەوە: هەر گەنجێک لە هەموو گەنجان لاوچاکتر بێت، دەبێ لە هەمووشیان بەختیارتر و گەورەتر و زیرەکتر بێت.

## لووت

٢

رۆژێک ئازوورا بەشێواوی و تووڕەیی لە سەیران هاتەوە، هەناسەبرکێی پێ کەوتبوو، زادیجی مێردی لێی پرسی:

– ها، ژنە خۆشەویستەکەم، بۆ وا شێواوی؟ بۆچی وا پەشۆکاوی؟ دەبینم لەسەر رەوشتی خۆت نیت.

– ئاخ! هەزار حەیف! خۆزگە ئەوەی من دیتم تۆش بتدیایە، وەکو من لە رقانا شێت ئەبوویت.

– خێرە، چی بووە چی قەوماوە؟

– کوڕە! هەر مەپرسە، وەرە بمکوژە! چووم بۆ سەرەخۆشیی "خسرۆ"، کە دەزانی دوو رۆژە بێوەژن بووە، دیتم گۆڕێکی جوانی بۆ مێردە جوانەمەرگەکەی دروست کردووە، لەگەڵ خوا مەرجی کردووە، هەتا ئاو بەجۆگادا بڕوات، ئەو قەبرە بەجێ نەهێڵێ.

– وا دیارە ژنێکی ڕاست و بەوەفایە، مێردەکەی خۆی بەڕاستی خۆشویستووە.

– ئەی هەی، چاکی تێ گەیشتی! خۆزگە دیتبات چی دەکرد.

– چی دەکرد! توخوا ژنە جوانەکەم پێم بڵێ.

– خەریک بوو ئاوەڕێژی جۆگاکە لە شوێنی خۆی بگۆڕێ.

ئەنجا ئازوورا دەستی کرد بەسەرزەنشتی "خسرۆ" سەروپۆتەڵاکی شکاند، هەندێ جنێویشی پێ دا، هەتا زادیجی مێردی لەو خودپەسندییە بێ جێیەی بێزار بوو، دڵی پڕ بوو.

زادیج دۆستێکی گیانی گیانی هەبوو، ناوی "کادور" بوو، کادور لەو گەنجانە بوو، کە ئازوورا زۆر لێیان ڕازی بوو، چونکە پیاوێکی پایەبڵند و هێمن بوو.

زادیج قسەی ئازوورا و خسرۆی بۆ کادور گێڕایەوە، بەماڵ و دیاریی گرانبەها دەمی پڕ کرد.

چەند ڕۆژێک لەوە پاش ئازوورا چوو بۆ لادێ، بۆ ئەوەی دوو سێ ڕۆژ لەلای دەستەخوشکێکی بەسەر بەرێت.

ڕۆژی سێیەم کە ئازوورا گەڕایەوە، نۆکەر و کارەکەر، بەگریان و قوڕپێوان، بەپیرییەوە چوون، ئازوورا سەری سووڕما، هاواری کرد:

– چی بووە! چی قەوماوە؟

– ئاغاژن خۆت خۆشبی، چیت پێ بڵێین؟ ماڵمان وێران بوو، زادیجی سیلاحشۆر دوێنێ جوانەمەرگ بوو.

– داخی بەجەرگم ماڵی وێرانم، بۆچی خەبەرتان نەدامێ؟

– بۆیە هەر بەشەو هاوارمان بۆ نەهێنای، چونکە لە حاڵی سەرەمەرگا فەرمووی: "دڵی ئازوورا تەنگ مەکەن، سەیرانی لێ تێک مەدەن، با بەخۆشی ڕابوێرێت".

– هەیڕۆ زادیجم ڕۆ لە کوێتان ناشتووە؟

– لە سووچێکی باغچەکەدا، کە گۆڕستانی خانەوادەی خۆیانی تێدایە.

ئازوورا دەستی کرد بەگریان و لەخۆدان، پرچی خۆی ڕنییەوە، سوێندی خوارد کە خۆی دەکوژێ، یان ناخوات و ناخواتەوە، هەتا دەمرێت.

ئێوارە درەنگێک "کادور" پەیدا بوو، ئیزنی خواست کە دوو قسە لەگەڵ ئازوورا بکات، هەردووکیان بەیەکەوە زۆر گریان، بەڵام ڕۆژی دوایی کەمتر گریان، بەیەکەوە نانی ئێوارەیان خوارد، هەر لەو دانیشتنەدا کادور بەگوێی ئازوورایدا چرپاند: زادیجی دۆستم لە پێش مردنیا هەموو ماڵ و دەوڵەتی خۆی دەقەبەڵ کردووم، وەهاش بەباش دەزانم: کە من و تۆ، ئەو هەموو ماڵ و دەوڵەتە بەیەکەوە بخۆین خۆشی لەوەدایە.

ئازوورا گریا، لە پاشان توورە بوو، لە پاشان دڵی نەرم بوو، نانی شێوانیشیان بەیەکەوە خوارد، دانیشتنی شەویان درێژ بوو، قسەیان زۆر کرد، ئازوورا بڕیاری دا: کە خوالێخۆشبوو پیاوێکی زۆر چاک بوو، بەڵام دەتوانم بڵێم: هەندێ عەیبی هەبوو، ئەو عەیبانە لە کادوردا نین.

هەر خەریکی نانی شێوان بوون، کادور لە ناکاو وەکو ژێی کەوان ڕێک هاتوهاواری کرد:

– ئاخ! سپڵم! ئاخ! هەر ئێستە دەمرم!

ئازوورا زۆر شێوا، تێکچوو، هەموو جۆرە دەرمانێکی حازر کرد، زۆر خەفەتی خوارد، چونکە پزیشکی گەورە "هەرمیس" زۆر لە بابل دانەنیشت.

لە پاشان زەحمەتی کێشا، دەستی لەسەر جێگەی ئێش دانا و گوتی:

– ئاخۆ ئێشت زۆر بەتاوە؟ ئەم دەردە هەموو کات ناو بەناو سەرت لێ دەدات؟

– بەڵێ! ئێشم زۆر بەتینە، زۆرجار لە قەبرم نزیک ئەخاتەوە.

– نەتبیستووە دەرمانی چییە؟

– بەڵێ بیستوومە، هەموو حەکیمان بڕیاریان داوە، کە یەک دەرمانی هەیە، ئەویش دەست ناکەوێ.

– چۆن دەبێ؟ چ دەرمانێک هەیە و دەست نەکەوێت؟

– بەڵێ، دەست ناکەوێ، لووتی پیاوێکی تازە مردوو لە کوێ پەیدا دەبێت؟ هەر ئەو دەرمانەشە ئەگەر لەسەر تەنیشتمی دا پێم دەڵێن: سیبووری دەبەخشیت.

– پەککو! دەرمانێکی غەریبە.

– بۆچی؟ خۆ لە نوشتە و گشتەکی کاک "ئەرنۆ" عەجایەبتر نییە، کە ئیفلیجی و تا و لەرزیان پێ دەرمان ئەکات.

ئەم وەرامە لەگەڵ لاوچاکی کادور "ئازوورا"ی ئیقناع کرد و گوتی: خۆ ڕۆژی حەشرێ کە زادیجی مێردم لەسەر پردی "تشنیاڤا" تێپەڕ دەبێ و دەچێ بۆ بەهەشتێ، پێم وایە فریشتەکان نایگێڕنەوە، دەرگەی بەهەشتێ لێی پێوە نادرێ، چونکە لووتەکەی لەو ڕۆژەدا تۆزێ لە لووتی ئەم دنیایە کورتتر ئەبێ!

ئەوسا "ئازوورا" هەستا، گوێزانێکی تیژی دەست دایە، ڕووی کردە گۆڕی مێردەکەی، لە پێشان بەفرمێسکی زۆر ئاوی دا، لە پاشان لێی نزیک بووەوە، دیتی زادیج لەسەر پشتی ڕاکشاوە.

زادیج دەستبەجێ هەستا، دەستەکی بەلووتی خۆیەوە گرت، بەدەستێ تریش دەستی گوێزانی ژنەکەی گرت و گوتی:

ئەی خاتوونەکەم، ئیتر لۆمەی "خسرۆ"ی بێوەژن مەکە، لووتبڕینی من و جێگە گۆڕینی ئەو، با هەر وەکو یەک بن!.

## سەگ و ئەسپ

٣

وەکو لە کتێبی "زەند"دا هاتووە، بۆ زادیج ئاشکرا بوو، کە مانگی یەکەمی ژنهێنان "مانگی شەکراوە"، بەڵام مانگی دووەم "مانگی زوخاوە"، لەبەر ئەوە بەناچاری ئازوورای تەڵاق دا، شاری بەجێ هێشت، دوور لە شار لەسەر کەناری "فورات" لە خانوویەکی دێهاتیدا دانیشت، ڕۆژێ لەبەر خۆیەوە گوتی:

لەم گەردوونەدا هەر ئەو کەسە بەخت یارە، کە لە باوەشی تەبیعەتدا پەروەردە بێت، بێجگە لە نامەی بەرزی سروشت هیچ نامەیێک نەخوێنی، ئەوساکە لە کەس زیان نابینی، لەوەش ناترسێی، کە ژنە خۆشەویستەکەی لووتی ببڕێ.

زادیج بەمجۆرە بیرانە دڵی خۆی دایەوە، لە باس و خواسی "ڕووەک و جانەوەر" (نبات و

حیوان)، گەلێ شت فێر بوو، کە مرۆڤ ڕێگەی بەو بیرانە نەدەبرد، چونکە زادیج زۆر زیرەک و ورد و دووربین بوو.

ڕۆژێک زادیج چووبوو بۆ سەیران، لە نزیک لێڕێک هاتوچۆی دەکرد، دیتی کە یەکێ لە نێرەمووکەکانی "قەراڵیچە" بەراکردن ڕووی تێ کرد، چەند سەرهەنگێکیشی وا بەشوێنەوەیە، هەموویان بەپەشۆکاوی بەملا و بەولادا ڕادەکەن، وەکو شتێکی زۆر بەرز و بەڕێزیان بزر کردبێت، کابرای نێرەمووک لە زادیجی پرسی:

– هۆ جوان سەگی قەراڵیچەت بەرچاو نەکەوتووە؟

زادیجیش لەسەرخۆ گوتی:

– سەگی قەراڵیچە، دێڵە، گوڵ نییە.

– بەڵێ! ڕاستە.

زادیج درێژەی دایە، گوتی:

– دێڵەسەگێکی زۆر بچووکە، تازە ترەکیوە، لە دەستی چەپی دەشەلی، هەردوو گوێی زۆر شۆڕن.

کابرای نێرەمووک بەتەنگەتاوی گوتی:

– کەوابوو چاوت پێی کەوتووە.

زادیج گوتی:

– نەء، قەت نەمدیوە، نەشم زانیوە، کە قەراڵیچە دێڵەسەگێکی هەیە.

هەر لەو ئانەدا، وا هەڵکەوت "هەڵکەوتێکی غەریب"، ئەسپێکی پاشا لە دەست مەیتەر ڕای کردبوو، دەشتی بابلی دابووە بەر، ئەو ئەسپە لە هەموو ئەسپەکانی پاشا چاتر و خۆشبەزتر بوو، سەرمەیتەر لەگەڵ کۆمەڵێک، وەکو ئەوانەی بۆ دێڵەسەگ دەگەڕان، تەنگەتاو بووبوون، بۆ ئەسپەکە دەگەڕان، سەرمەیتەر ڕووی کردە زادیج و لێی پرسی:

– ئەرێ برا ئەسپی پاشاتان نەدیوە؟

زادیج گوتی:

– ئەو ئەسپە لە هەموو ئەسپەکانی پاشا خۆشبەزترە، پێنج پێ بەرزە، کلکی سێ پێ و نیو درێژە، لغاوەکەی زێڕە، ناڵەکانی زیوە.

سەرمەیتەر گوتی:

– بۆ کوێ چوو؟ ئێستە لە کوێیە؟

زادیج گوتی:

– نەمدیوە، ناویشم نەبیستووە.

سەرمەیتەر لەگەڵ کابرای نێرەمووک هیچ شکیان نەما، کە زادیج دێڵەسەگی قەڕاڵیچە و ئەسپی پاشای دزیوە، ڕەپیچەکیان دا، دەستبەجێ دایانە دەست داوەران "القضاه" ئەوانیش جێبەجێ حوکمیان بەسەرا دا، کە چەند دارێکی لێ بدرێ، ماوەی ژیانیشی لە "سیبریا" بەسەربەرێ.

بەڵام هێشتا بەتەواوی قەراری دادگە "محكمة" دەرنەچووبوو، خەبەر هات، کە دێڵەسەگ و ئەسپ دۆزرانەوە، داوەرەکان بەنابەدڵی حوکمەکەیان گۆڕی، کە دەبێ زادیج ٤٠٠ مسقاڵ زێڕ جەزا بکێشێ، چونکە ڕاستی نەگوتووە، بەر لە دیفاع جەزاکەیان لێ ساند، ئەوسا گوتیان: وەرە چیت لەبارایە بیڵێ، مودافەعەی خۆت بکە، زادیج لە بەرانبەری داوەرەکان ڕاوەستا و گوتی:

ئەی ئەستێرەکانی دادپرسی، ئەی کێو و پەنای زانستی، ئەی ئاوێنەکانی ڕاستی، هەر ئێوەن کە لە مس قورسترن، لە ئاسن ڕەقترن، لە ئەڵماس بریسکەدارترن، لە زێڕی تیزاو دەکەن، مادام ئێستە ئیزن درام لە خزمەت ئەم کۆمەڵە بەرزەدا قسە بکەم، بە"ئوورمزدا" سوێند دەخۆم: کە قەت دێڵەسەگی بەڕێزی قەڕاڵیچەم نەدیوە، قەت ئەسپە لاوچاکی موبارەکی پاشاشم بەرچاو نەکەوتووە، فەرموون با ئەوەی بۆم زانرا عەرزتان بکەم:

لە نزیک لێڕەوار سەیرانم دەکرد، بەر لەوە تووشی نێرەمووکی گەورە و گران و تووشی سەرمەیتەری بەناوبانگ ببم، لەسەر زیخ شوێنی جانەوەرێکم دیت، لێی ورد بوومەوە زانیم، ئەوە شوێنی سەگێکی بچووکە، دیتم لەناو شوێنی چوارپەلی خیشکێکی باریک و درێژ، لەسەر بەرزایی زیخ دەرئەکەوێ، زانیم ئەوە جێ خیشکی مەمکی دێڵەسەگە، چونکە تازە ترەکیوە، مەمکی شۆڕ بووەتەوە، دیتم: لە بەرانبەری دوو پێی پێشەوەی خیشکێکی تریش هەیە، زانیم کە ئەو دێڵەسەگە گوێکانی زۆر شۆڕن لە زەوی دەخشێن، دیتم: شوێنی سێ پەلی لەوی تریان قووڵترە، لەوەوە زانیم: دێڵەسەگی قەڕاڵیچەی گەورە تۆزێ دەشەلێ.

با بێمە سەر باسی ئەسپی شاهەنشا، من لەناو دارستاندا دەگەڕام، شوێنی سمی ئەسپێکم هاتە بەرچاو، دیتم: کە هەموو جێ سمەکانی بەجووت کەوتوون، لەبەر خۆمەوە گوتم: ئەم ئەسپە ئەسپێکی خۆشبەز و بەڕەوتە، دیتم: لە شوێنی ڕەوتیدا بەبەرزاییی پێنج پێ گەڵای داران تازە وەریوە، زانیم: ئەو ئەسپە پێنج پێ بەرزە، لە ڕاست و چەپی ڕێگەدا بەبەرزیی سێ پێ و نیو تۆز لە داران تەکابوو، لەوەوە زانیم: کە کلکی ئەو ئەسپە ئەوەندە درێژە، دەبێ لغاویشی زێڕ بێت، چونکە بەبەردێکی "محک" لووتی خوراندبوو، وێنەی زێڕەکەی لەسەر دەرچووبوو، لە ئاخریشا زانیم: کە ناڵەکانی زیون، چونکە شوێنیان لەسەر بەردێکی تر دیار بوو.

داوەرەکان لە زیرەکی و وردیی زادیج سەریان سووڕما، ئەو دەنگوباسە گەیشتە قەڕاڵ و قەڕاڵیچە، لەناو کۆشک و بارەگای پاشا، بێجگە لە باسی زادیج هیچ باس و خواسێکی تر نەما، هەرچەند کۆمەڵی موغ و کاهین گوتیان: کە زادیج جادووگەرە دەبێ بسووتێنرێ، پاشا ئەمری کرد: کە چوارسەد مسقاڵ زێڕەکەی بدەنەوە.

کۆمەڵێکی گەورە لە کاتب و موباشر و فەڕاش و دەستوپێی دادگە ڕوویان کردە ماڵی زادیج، کە

٤٠٠ مسقاڵە زێڕەکەی بدەنەوە، تەنیا ٣٩٨ مسقاڵیان گل دایەوە، ئەوە مەسرەف و ڕەسمی مەحکەمەیە، فەڕاش و موباشر و کاتبەکانیش داوای بەخشیشیان لێ دەکرد.

زادیج دیتی: کە زانینی زۆر خاوەنەکەی بەفەتارەت دەبات، ئەوسا کە مەرجی کرد: ئەمجارە کە شتێکی دی و زانی زوو بەزوو نەیڵێ.

هەر لەو ڕۆژەدا بەندییەک لە زیندان ڕای کردبوو، لەبەر پەنجەرەی خانووی زادیج تێپەڕی بوو، وەختێ لە زادیجیان پرسی، وەرامی دایەوە: کە کەسی نەدیوە.

بەڵام! گەواهییان "شەهادە" لێ دا، کە لەو ئانەدا، زادیج لەبەر پەنجەرە دانیشتبوو، تەماشای ڕێگەی دەکرد، لەسەر ئەوە، ٥٠٠ مسقاڵ زێڕیان جەزا لێ ساند، زادیج زۆر سوپاسی داوەرەکانی کرد، کە تۆزێ ڕەحمیان پێ کردووە، چونکە لەو سەردەمەدا ڕەوشتی بابل وەها بوو، دەبێ جەزا کرا و جێبەجێ سوپاسی کۆمەڵی حاکمەکان بکات، ئەوساکە زادیج گوتی:

"ئەی خوایە، ئادەمیزاد جێگەی بەزەیی و گریانە، نابێ بچێتە ئەو دارستانە کە سەگی قەڕاڵیچە و ئەسپی پاشای لێوە بڕوات، زەحمەتە مرۆڤ لە ژیانا بەختیار بێت".

## بەغیل

## ٤

زادیج لە قەراغ شاری بابل کۆشک و باڵاخانەیەکی زۆر جوانی هەبوو، لەو شانشینەدا هەموو ئەسبابی شادی و خۆشی کۆ کردبووەوە، بەیانییان بۆ مەلا و فەقێ و زانا و خوێندەواران کتێبخانەی کرابووەوە، ئێواران بۆ دۆست و برادەران سفرە و خوانی ڕاخرابوو، بەڵام زۆری پێ نەچوو، زادیجی لاوچاک لەلایەن مەلا و زانایان تووشی هەزار دەرد و بەڵا بوو:

لە ئاینی "زەردەشت"دا هاتووە: "گۆشتی عەنقا ناخورێت" لەسەر ئەوە کێشە و گێرە و دوژمنایەتی کەوتە ناو زانایان:

هەندێ گوتیان: گۆشتی عەنقا چۆن حەرام دەکرێت؟ عەنقا خۆی نییە، هەندێکیش گوتیان:

چونکە زەردەشت گۆشتی عەنقای حەرام کردووە دەبێ عەنقا هەبێت.

زادیج ویستی هەردوولا پێک بێنێ، گوتی: ئەگەر عەنقا هەبێت با نەیخۆین، ئەگەر نەشبێت بۆمان ناخورێت" بەمجۆرە پەیڕەوی ئاینی زەردەشت ئەکەین، با هیچ دوژمنایەتی نەمێنێ.

لە شاری بابلدا زانایەکی موعتەبەر هەبوو، کتێبێکی سێزدە جلدی دابوو، ئەو کتێبە گەورەیە هەمووی لە باس و خواسی عەنقا ئەدوا، وەهاش مەنشوور بوو، کە ئەو زانایە قوتبی زەمانە، خاوەنی کەشف و کەرامەتە، بەرماڵی لەسەر ئاو دەگەڕێ، ئەو زانایە هات هاواری بردە بەر کاهینی گەورە "ییپوور" ئەم کاهینە بەدەش زۆر ئەحمەق و خودپەسند بوو، هیچ باکی نەبوو، کە فتوای بەلێدان و سووتانی زادیج بدا، هەر بۆ ئەوە کە مرۆڤ بڵێن: "ییپوور" "خورشید"ی ڕازی کردووە.

کادوری دۆستی زادیج (دۆستێک لە سەد قەشە چاترە) دەستبەجێ چوو بۆ لای "ییپوور"ی پیر و گوتی:

هەر بژی "خورشید"، هەر بژی "عەنقا"، ئەی کوڵەکەی دین، زادیج پیاوێکی زۆر پاکە عەزابی مەدە، ئێستە لە باغ و بێستانیدا چەند جۆرە عەنقا بەخێو ئەکات، گۆشتیشیان ناخوات، بەڵام ئەو کابرای زانا، کە دووزمانیی لە زادیج کردووە، پیاوێکی زەندیق و بێ دینە، وەها دەزانێ: کە کەروێشک پیس نییە.

ئەوساکە "ییپوور" سەرە کەچەڵەکەی خۆی بادا و گوتی: ها، هە! ئێستە زۆر باشە، دەبێ هەردووکیان عەزاب بدرێن، زادیج چونکە ناوی عەنقای بەخراپە بردووە، کابرای دوژمنیشی چونکە بیری لەبارەی کەروێشکەوە خراپە.

کادور زانی: ئەم ئیشە وەها پێک نایەت، رێگەی دۆزییەوە: مەترەسێکی زۆر جوانی خۆفرۆشی هەبوو، ئەو ژنەی ناردە لای کاهینی گەورە، چونکە دەیزانی: ئەو جۆرە ئافرەتانە لەلای کاهینەکانی بابل زۆر بەقەدر و بەقیمەتن، هیچ قسە و تکایان رەت ناکرێتەوە.

ئەو عانە زادیج ناڵاندی و گوتی: "دەبێ هۆی بەختیاری چی بێت؟ هەر شتێ لەم گەردوونەدا هەیە سووکیم پێ دەکات، ئەو شتانە کە نیشن لێم بوون بەدوژمن".

مەلا و فەقێ و زانای لە بەرچاو کەوتن، سوێندی خوارد:

کە ژیانی خۆی بەرەزم و بەزم و کەیف و ئاهەنگ بەسەر بەرێت. دەستی پێ کرد، لە خەڵقی بابل پیاوی لاوچاک و ئازا و ژنی جوان جوانی لە دەوری خۆ کۆ کردنەوە، شەو و رۆژی بەخواردنی خۆش و خواردنەوەی باش، بەگۆرانی و ساز و سەمتوور و چەنگ و نای، بەزمی جەم ئاسیای دەرازاندەوە، بەقسەی خۆش و پێکەنین دەم و ساعەتی رادەبواردن، بەراستی مرۆڤی بابل گەورە و بچووک، هەژار و دەوڵەمەند، سوپاسی زادیجیان دەکرد، چاکەی زادیج لە هەموو لایەک دەنگی دابووەوە، چونکە دۆست و برادەرەکانی لە هەموو جۆرە کەسێ تێکەڵ بوون.

لە بەرانبەری کۆشکی زادیج کۆشکێکی زۆر گەورە هەبوو، کابرایەکی دەوڵەمەندی لەچەر "ئازیمار" ناو لەو کۆشکەدا دانیشتبوو، دیمەنی ناشیرینی گەواهی ئەدا: کە خاوەنی ئەم دیمەنە پیاوێکی زۆر دڵپیس و بەدخووە.

ئازیمار بەغیلیی بەزادیج دەبرد، بەغیلی دڵی خواردبوو، چونکە لەگەڵ ئەو هەموو ماڵ و دەوڵەتەی نەیدەتوانی وەکو زادیج چەند نانخۆرێکی بەپەلەتیقە لە دەورەی خۆی کۆ بکاتەوە.

هەراوهوریای پیاو و ژن، گرم و هۆڕی گالیسکە و رەورەوان، فاکفیکی خزمەتکار و نۆکەران لە دەوران دەوری ماڵی زادیج ئارامییان لە ئازیمار هەڵگرتبوو، خۆ مەدح و سەنای زادیجیش بەجارێ خنکاندبووی.

ئازیمار گەلێ جار بەبێ بانگهێشتن دەهاتە سەر سفرەی زادیج، بەقسەی پروپووچ ئاهەنگی

کۆمەڵی تێک ئەدا، نانیان بۆ نەدەخورا، وەک مێشەڕەشە پیس نەبوو، بەڵام مەعیدەی دەشێواند.

ڕۆژێک ئازیمار وەعدی دابوو: کە لەبەر خاتری خاتوونێک زیافەتێکی گەورە بکات، بەڵام پەشیمان بووەوە، ئەو شەوە لەسەر سفرەی زادیج نانی خوارد.

جارێک ئازیمار لەگەڵ زادیج بەیەکەوە دەگەڕان، لەو گەڕانەدا تووشی وەزیرێک هاتن، وەزیرەکە بانگهێشتنی زادیجی کرد، خۆی لە ئازیمار نەگەیاند، ئازیمار لەوە زۆر تووڕە بوو، بوو بەدوژمنی زادیج "گەلێ دوژمنایەتیی گەورە گەورە لە شتی پروپووچەوە ڕوو ئەدات".

ئازیمار لە شاری بابلدا بەبەغیلی ناوبانگی دەرچووبوو، ڕقی لە زادیج هەڵگرت، بۆ ئەوە دەگەڕا لە هەڵکەوتێکا زادیج لەناوبەرێت، "زەردەشت" فەرموویەتی: "لە ڕۆژێکدا سەد هەل بۆ خراپە ڕوو ئەدات، کەچی لە ساڵێکدا هەلێک بۆ چاکە هەڵناکەوێ".

ڕۆژێک کابرای بەغیل چوو بۆ کۆشکی زادیج، دیتی: لە باغچەدا لەگەڵ دوو برادەر و خاتوونێکی جوان دێن و دەچن.

لەو عانەدا زادیج باسی ئازایی و شەڕ و ئاوەری پاشای بابلی دەکرد، چونکە تازە بەئاهەنگ و شادی گەڕابووەوە، بەسەر یەکێ لە دوژمنانی (لە میرانی ئۆرکانیا) زاڵ بووبوو، شایانی سوپاس و ستایش بوو.

زادیج تەختەدارێکی تەنک و سووکی هاتە بەردەست، چوار بەندی (شیعر) لە مەدحی پاشا و فەلسەفەی ژیان، لەسەر تەختەدارەکە نووسین و دایە دەست خاتوونەکە.

برادەرەکانی زادیج ویستیان: کە خۆی شیعرەکانی بخوێنێتەوە، بەڵام شەرمی کرد، چونکە حەزی لە فیشاڵ و خۆهەڵکێشان نەدەکرد، تەختەکەی شکاند و هاویشتییە ناو دەوەنە گوڵان، برادەرەکانی زادیج زۆری بۆ گەڕان بێ سوود بوو. کابرای بەغیل لەناو باغچەکەدا خۆی گرت هەتا ئەوان ڕۆیشتن، ئەوسا کە زۆر گەڕا پارچەیەکی لە تەختەکە دۆزییەوە، هەندێ وتەی لە شیعرەکانی زادیج تێدا بوو، ئەو وتە پچڕپچڕانە ئەمانە بوون:

............... بەگوناهی ناشرین..............................

............... دانیشت لەسەر تەخت...........................

............... ئەو کەسە لە عانی ئاشتیدا.....................

............... یەکەم دوژمنە..................................

بێگومان ئەم وتانە بەمجۆرە پیسترین هەجوون بۆ پاشا، ئازیماری بەغیل ئەو ڕۆژەی (لە ژیانی خۆیا) بەیەکەم ڕۆژی بەختیاری زانی، ئێستە دەتوانێ: زادیجی خۆشەویست، بەجارێ بەفەتارەت بەرێت، هات ئەو هەجووە پیسە کە بەدەستی زادیج نووسراوە، گەیاندییە دەست پادشا.

جێبەجێ زادیج و خاتوونەکە و هەردوو برادەرەکەی خرانە گرتیگە، زۆری پێ نەچوو پاشملە حوکمی مردنی بەسەرا درا، وەختێ هێنایان کە گوێ لە حوکمەکە بگرێ، تووشی کابرای بەغیل

بوو، کابرا پێی گوت: شعرەکانت پووچ و بێ بەهان.

زادیج خۆی داوای ئەوەی نەدەکرد کە شاعیرێکی بەرزە، بەڵام ئەوەی لەلا زۆر گران بوو، کە دەڵێن: بەگوناهی هەجووی پاشا گیراوە، باشە! با ئەو شیعری نارێکی هەڵبەستبێت، خاتوونەکە و برادەرەکانی بۆچی خراونە زیندانەوە؟ ئێستە چی بکات؟ ئاینی بابل وەهایە.

زادیجیان برد بۆ جەفادان، لە ڕێگەدا دیتی: لەوانە کە تووشیان دەبێت هیچ کەسێ ناتوانێ بۆی بگیرێت، یان بەزەیی پێشان بدات، هەر بۆ ئەوە تەماشای دەکەن بزانن: بەپێکەنین ڕوو دەکاتە مردن، یان دەترسێ.

بەڵێ! زادیج غەمگین دیار بوو، هەر بۆ ئەوەش غەمگین بوو، کە میراتی بۆ کەسوکاری بەجێ نەماوە: سێ بەشی ماڵ و دەوڵەتی (لە چوار بەش) بۆ خەزێنەی پاشا زەوت کراوە، چارەکێکیشی بەباربوو دراوە بەکابرای بەغیل.

لەو عانەدا کە زادیج بۆ مردن ئامادە کرابوو، وەها ڕێک کەوت "تووتی"یەکی پاشا فڕیبوو چوو بۆ باغچەی ماڵی زادیج، تووتی گەڕایەوە یەکسەر هاتە کۆشی پاشا، دیتی: دانکە قۆخێکی هێناوە، پاشا لێی ورد بووەوە، دیتی: قۆخەکە تەڵسمە دارێکی پێوە نووساوە، هەندێ وتەی لەسەر نووسراوە.

پاشا پیاوێکی زانا بوو، وتەکانی خوێندەوە، دیتی مەبەسێکیان لێ دەرناکەوێ، بەڵام لە قافیەی هۆنراوە دەکەن، پاشاش مەیلی زۆری لە زانست و شیعر هەبوو:

ئەو پاشایانە کە مەیلیان لە شیعر بێت، زانینیان گەرەک بێت، بێگومان خاوەن بیر و هۆش ئەبن، بۆیە پاشای بابل کەوتە بیرەوە و گوتی:

دەبێ ئەم وتانە ساغ بکەمەوە، ئیشی ئەم تووتییە بێ سڕ نییە.

قەڕاڵیچەش دانیشتبوو، هاتەوە بیری کە ئەم نووسراوە لەو تەختەدارە دەچێ، کە ئازیمار پێشکێشی پاشای کردووە.

فەرمانیان دا پارچە تەختەکەیان هێنا، هەردوو پارچەکەیان لێک دان بۆیان زانرا کە یەکن، وەکو زادیج نووسیبووی ئەم شیعرانەیان خوێندەوە:

دیتم مەرز و بۆم شێواوە بەگوناهی ناشیرین

هەرکە پاشا لەسەر تەخت دانیشت دنیا ئاسوودە بوو

هەوا و هەوەس لە عانی ئاسایشدا شەڕ هەڵدەگیرسێن

عەشق ئەو کەسەیە یەکەم دوژمنە لێی بترسین

دەسبەجێ پاشا فەرمانی دا: زادیج بێنن، خاتوونەکە و برادەرەکانیشی لە زیندان دەربێنن.

وەختێ زادیج هاتە دیوانی پاشا لە بەردەمیا زەویی ڕامووسی، بەزیرەکی و چالاکی پاڕایەوە، تکای کرد، کە لە گوناهی ئەو شیعرە نارێکانەی بببوورن.

پاشا و قەراڵیچە بەدیتنی زادیج شاد بوون، ئەمریان کرد:

هەرچی ماڵی کابرای بەغیل هەیە خەڵاتی زادیج بکرێت.

بەڵام زادیج تکای کرد: کە ماڵی ئازیماری بەغیل بدرێتەوە بەخۆی.

لەوساوە ڕۆژ بەڕۆژ قەدری زادیج لەلای پاشا زۆرتر ئەبوو، لە هەموو ئاهەنگ و بەزمێکی پاشا حازر ئەبوو، لە هەموو ئیشێکا پرسی پێ دەکرد.

لەو وەختەشەوە قەراڵیچە زۆری خۆشویست، خۆشەویستییەکە بۆ ئارەزووی زۆر، لە ئاخریدا وای لێ هات: ئەو خۆشەویستییە بۆ قەراڵیچە و بۆ پاشا و بۆ زادیج وەکو یەک جێگەی ترس بوو.

ڕەنگبێ زادیج وای دەزانی کە زۆر زەحمەت نییە بەختیار بیت.

## مەرد

٥

ڕەوشتی بابلییەکان وەها بوو: هەر پێنج ساڵ جارێک لە شاری بابل جەژن و زەماوەندێکی گەورەیان دەکرد، بۆ ئەوەی لە بڕانەوەی هەر پێنج ساڵێکدا، ناوی "مەرد" بدرێ بەو کەسانە کە لەو بەینەدا ئیشێکی زۆر مەردانەیان کردبێت.

پیاوە گەورەکانی بابل لە خان و بەگلەران، لە کاهین و زانایان، لەو ڕۆژەدا دەکران بە"حەکەم" کاربەدەست و حوکمڕانی شاران، کێیان پەسند بکردایە، ناوەکەیان ئەدا بە(حەکەمان)، ئەوانیش لە پاش بەراوردێکی زۆر بڕیارێکیان ئەدا، پاشای بابل بەزمانی خۆی قەرارەکەی دەخوێندەوە، هەرکەسێ بەمەرد پەسند بکرایە، پاشا بەدەستی خۆی کاسەیەکی زێڕی ساغ، بەگەوهەر نقێمکراوی خەڵات دەکرد، ئەو مەردە لە زمانی پاشا گوێی لەم وتارە دەگرت:

"ئەم خەڵاتی مەردییە وەرگرە، لە خوام دەوێت: پیاوی وەک تۆ لەناو ڕەعیەتما زۆر بکات".

لەو جەژنەدا لە دەشت و دەر لە شار و لادێ، عالەم کۆ دەبوونەوە، پاشای بابل لەسەر تەخت دادەنیشت، میر و مەزن و کاربەدەستی مەرزان، لەگەڵ موغ و کاهینان، دەورەیان ئەدا، ئەوانە هەموویان کۆ دەبوونەوە، بۆ ئەوەی هەموو کەس بزانێ ئەمڕۆ مەبەس لە "مەرد"ی سوارچاکی و سیلاحشۆڕی کوشت و بگیر نییە، ئەمڕۆ پیاوەتی بەئیشی پیاوانە کردنە بەتێکۆشین و هەوڵدانە بۆ چاکەکردن.

لە دوای ئەوەی کە مەجلیس ڕازایەوە، هەرکەسە لە جێی خۆی ئارامی گرت، حاکمی شار بەدەنگێکی بەرز ناوی چەند کەسێکی هەڵدا، کە ئەوانە "مەردن"، شایانی خەڵاتی پاشان، ئەم حاکمە هیچ باسی مەردایەتیی زادیجی نەکرد، گوایا: ئەم پیاوەتییە ئەو کردی: کە دەوڵەتی کابرای بەغیلی داوە بەخۆی و لەو ئیشانە نییە کە ناوی زادیج بخرێتە ناو مەردانەوە، هەتا لەو مسابەقەدا بەشدار بێت.

حاکمی شار لەپێشا ناوی (قازییەکی) دا کە جارێ خەڵەت حوکمێکی داوە، لە پێناوی ئەو خەڵەتە، هەموو ماڵ و دەوڵەتی خۆی داوە بەو کەسە، کە بەهۆی حوکمە چەوتەکەی ماڵێکی زۆری فەوتاوە.

لەوە پاش ناوی گەنجێکی دا گۆیا: زۆر حەزی لە کچێک دەکرد، ویستی بیخوازێ، بەڵام زانی: کە برادەرێکی خۆی بۆ ئەو کچە سووتاوە، لەبەر ئەوە وازی لە خواستنی هێنا، بەمەش ڕازی نەبوو، هەستا: مارەییی کچەکەی لە ماڵی خۆی لە جیاتیی برادەرەکەی دا.

لە پاشان ناوی سەربازێکیان دا کە لە شەڕی "هیرکانیا" ئیشێکی کرد کەس نەیکردووە و نایکات: دوو سەربازی لەشکری دوژمن دەسگیرانی ئەو سەربازەیان فڕاند، ئەویش کەوتە شوێنیان کە دەسگیرانەکەی ڕزگار بکات، لەو کاتەدا خەبەری بۆ هات: کە هەندێ سەربازی دوژمن وا خەریکن دایکی بەدیل بەرن، ئەویش بەگریان و هاوار وازی لە دەسگیرانی هێنا، ڕای کرد و چوو دایکی خۆی لە دەست دوژمن نەجات دا، وەختێ بۆ لای دەسگیرانی گەڕایەوە، دیتی: وا گیان ئەدات، ویستی لە خەفەتان خۆی بکوژێ، بەڵام دایکی پێی گوت: ڕۆڵەم خۆت مەکوژە، تەنیا تۆم هەیە، بێجگە لە تۆ کەس نییە بەخێوم بکات، ئەوساکە هۆشی ئازاییی هاتەوە بەر، وەهای بەباش زانی: کە دەبێ بۆ خاتری دایکی مەینەتیی ژیان بکێشێ.

کۆمەڵی "حەکەمان" ئەو سەربازەیان پەسند کرد، ئەو کاتە پاشا گوتی: بەڵێ ڕاستە، پیاوەتیی ئەو سەربازە و ئەوانی تریش مەردانەیە، بەڵام من لەم جۆرە پیاوەتییانە سەرم سوور نامێنێ، بەعاجباتیشی نازانم، بەڵام دوێنێ زادیج مەردایەتییەکی کرد، زۆرم پێ عەجایەب بوو، واقم لێ وڕ ما:

پێشی چەند ڕۆژێک لە وەزیری خۆشەویستم "کوریپ" زۆر تووڕە بووم، دەستم کرد بەلۆمە و سەرزەنشتی، ئاگری غەزەبم هەڵگیرسابوو، دیتم دەستوپێوەندی من یەک لە دوای یەک پێشدەستییان دەکرد بزانن کامیان زۆرتر خراپەی "کوریپ" ئەدۆزێتەوە، لە زادیجم پرسی: تۆ بیرت لەبارەی کوریپەوە چۆنە؟ دیتم بەهەموو هێزی خۆیەوە، بەبێ ترس و لەرز مەدح و سەنای کوریپم بۆ دەکات.

من لە مێژووی خۆمانا خوێندوومەتەوە: زۆر کەس هەموو سامانی خۆی لە پێناوی خەڵاتێکا بەخت کردووە، زۆر کەسیش داکی لە دەسگیرانی پێش خستووە، بەڵام قەت نەمبیستووە: پیاوێک لە دەستوپێوەندی پاشا چاکەی کەسێک بڵێت، کە پاشا ئاگری غەزەبی لەو کەسە گرتبێ، لەبەر ئەوە: "وا من بەهەر یەکێ لەو مەردانە پەسنتان کردن بیست هەزار دیناری زێڕم پێ دان، وا (کاسەی زێڕین) کە یەکەم خەڵاتە ئەیدەم بەزادیج".

زادیج گوتی: "سەروەری خاوەنشکۆ ئەمڕۆ تەنیا ئێوە شایانی خەڵاتن، ئەو چاکەی پاشا کردی بێ هەمتایە، هەتا ئێستە کەسێک نەیکردووە، چونکە ئێوە کە پاشایەکی خاوەن سەروماڵن، لە کاتی غەزەبدا لە پرستادێکی خۆتان تووڕە نەبوون، هەرچەند ئەو عەبدە بەپێچەوانەی فەرمانی

پادشا قسەی کرد".

ئەو حەشاماتە لە پاشا و زادیج سەریان سوورما، ئەو قازییە کە ماڵی خۆی لە پێناوی خەڵەتێک بەخت کردبوو، کابرای ئاشق کە بۆ خاتری دۆستێکی وازی لە دەسگیرانی هێنابوو، کابرای سەرباز کە داکی لە دەسگیرانی پێش خستبوو، ئەوانە هەموویان خەڵاتی پاشایان وەرگرت، لە دەفتەری "مەردان"دا ناویان نووسرا، زادیجیش "کاسەی ئاڵتوونی" درایە، پاشاش ناوبانگی وا دەرچوو، کە پاشایەکی گەورە و خێرخوایە، بەڵام ئەو ناوبانگە باشە زۆری دەوام نەکرد، زەماوەندی جەژنی ئەو ڕۆژە لە هەموو جەژنەکانی تر درێژتر بوو، هەتا ئێستە عالەم باسی ئەو جەژنەی "ئاسیاییەیان" دەگێڕنەوە، زادیج دەیگوت: "کەوابوو من زۆر بەختیارم"، بەڵام ئەویش بەسەهوو چووبوو.

## وەزیر

## ٦

قەزاوقەدەر: یەکەم وەزیری پاشای بابل عەمری خوای بەجێ هێنا، پاشا هات: زادیجی لە جێگەی دانا، لە خۆشییانا هەموو نازەنینەکانی بابل دەستیان کرد بەئاهەنگ و چەپڵەڕێزان، چونکە لەوەپێش حکوومەتی بابل وەزیرێکی وەها گەنجی نەدیتبوو، کاربەدەست و پیاوماقووڵی قەسر هەموویان مات و مەلوول بوون، کابرای بەغیل سیل و دیقی گرت، بەڵغەمی بوو بەخوێن.

بەڵام! زادیج سوپاس و ستایشی شا و شاژنی زۆر کرد، لە پاشان چوو بۆ لای "تووتی"یەکەی پاشا لە دوای سەلام و سوپاس پێی گوت: ئەی باڵندە جوانەکە لە کوشتن ڕزگارمت کرد، سەرەڕای ئەوەش کردتمە یەکەم وەزیر، دێڵەسەگی قەراڵیچە و ئەسپی پاشا خراپەی زۆریان لەگەڵم کرد، بەڵام تۆ چاکەت دامەوە، هەروەها شانسی پیاو پێوەندیی شتی پووچ دەبێت، لە پاشان زادیج درێژەی دایە و گوتی: "لام وایە ئەم بەختیارییە عەمری کورت دەبێت"، تووتییەکە گوتی: "بەڵێ".

زادیج لەم وەرامە مات بوو، داما، بەڵام چونکە پیاوێکی زانا بوو، ڕەوشتی جانەوەر و هەموو شتێکی دەزانی، دەیزانی: کە تووتی (عالم الغیب) نییە، بۆیە جێبەجێ دڵی خۆی دایەوە، هەر ئیش و کارێک کە پێویستی یەکەم وەزیر بوو، بەڕێکوپێکی بەجێی هێنا:

هات: عالەمی تێ گەیاند: کە قانوون ئاینێکی پاکە، دەبێ حوکمی ڕەوا بێت، دەبێ ئیتاعەی بکرێت، ئەبێ هیچ کەسێک وا تێ نەگات: ئەگەر قانوون گرتی سووکیی پێ کراوە.

زادیج هەرچەند یەکەم وەزیر بوو، بیروباوەڕی خۆی بەزۆر بەسەر خەڵقا دانەدەبڕی، هەموو وەزیرێک دەیتوانی: بێ ترس و لەرز بەپێچەوانەی بیری زادیج فیکر و باوەڕی خۆی پیشان بدات.

زادیج لە دادگەدا نەیگوت: "دەبێ وەهابێ یان وەها دەکەم"، دەیگوت: "قانوون وەها دەفەرمووێ"، بەڵام کە زانیبای: قانوون سەخت و تیژە، ئەو دەهات: نەختێ نەرمی ئەکرد، ئەگەر ئیشێ ڕووی

بدایە لە بەندی قانووندا نەبایە خۆی وەکو زەردەشت بەڕێگەی ڕاست و ڕەوان حوکمی دەکرد.

زادیج ئەم بیرەی دانابوو: "نەجاتدانی گوناهکارێک چاترە لە گرتن و کوشتنی بێ گوناهێک".

زۆری پێ نەچوو کە زادیج بوو بەیەکەم وەزیر هەتا هەموو کەسێک لە زیرەکی و زانایی ئەو بەشدار بوون، بنوارە: بازرگانێکی نەستووری بابلی لە هیندستاندا مردبوو، دوو کوڕ و کچێکی لە پاش بەجێ مابوون، کابرای بابلی وەسێتی کردبوو: کە ماڵ و دەوڵەتی بەدوو کەرتی وەکو یەک بۆ کوڕەکانی بێت، بەو شەرتە خوشکەکەیان بەشوو بدەن.

کابرای بازرگان لە وەسیەتەکەیا ٣٠ هەزار دیناری بەجیاواز دانابوو، وەسێتی کردبوو ئەو زیادەیە بدرێت بەو کوڕەیان، کە باوکی لە براکەی تری زۆرتر خۆشویستبێت:

کوڕە گەورەکەیان هات: گۆڕێکی جوانی لەژێر گومبەزێکا بۆ باوکی دروست کرد، بەڵام گچکەکەیان هات: لە بەشە میراتی خۆی ماڵێکی زۆری کردە مارەیی خوشکەکەی.

مرۆڤی بابل دەیانگوت: کوڕە گەورەکە باوکی خۆی خۆشتر دەوێت، کوڕی بچووک خوشکی خۆشتر ئەوێت، دەبێ ٣٠ هەزار دینارەکە بۆ گەورەکە بێت.

بەڵام! زادیج هات: برای گەورەی بەتەنیا بانگ کرد و پێی گوت: "باوکت نەمردووە، زۆر نەخۆش بوو، چابووەتەوە، بەم زووانە دێتەوە بابل، کوڕەکە گوتی:

"الحمدلله کە نەمردووە، بەڵام! من ماڵێکی زۆرم بۆ گۆڕەکەی سەرف کردووە".

لە پاشان زادیج برا بچووکەکەی گاز کرد، بەویشی وەها گوت، ئەویش گوتی: "خەنی لە خۆم کە نەمردووە، هەر هاتەوە، بەشە میراتیی خۆمی ئەدەمەوە، بەڵام زۆرم پێ خۆشە ئەو ماڵەی داومە بەخوشکەکەم باوکم لێی ببورێت".

زادیج گوتی: هیچی نادەیەوە، ٣٠ هەزار دینارەکەش ئەدرێ بەتۆ، چونکە دەرکەوت: تۆ باوکی خۆت خۆشتر دەوێت.

لە شاری بابلدا کیژێکی دەوڵەمەند هەبوو، وەعدەی شووکردنی بەدوو کاهین دابوو، لە پاش بەینێک کە هاتوچۆی هەردووکیانی کرد، دەرکەوت کە زگی پڕە، هەریەکە لە کاهینەکان دەیگوت: "من زگی ئەو کچەم پڕ کردووە، دەبێ ببێتە ژنی من، ئەوی تر هەقی نییە".

کچەکە گوتی: "من شوو بەوەتان ئەکەم کە بتوانێ ئەو منداڵەی دەمەبێت، بیکاتە نیشتمانپەروەرێکی ڕاست".

زۆری پێ نەچوو کچەکە کوڕێکی بوو، هەردوو کاهینەکە لەسەر ئەو کوڕە بوو بەشەڕیان: هەریەکە دەیگوت: ئەوە کوڕی منە، من باشی بەخێو ئەکەم چاکی پێ دەخوێنم، لە ئاخریدا ئەم داوایە کەوتە لای زادیج، لای یەکەم وەزیر کە بڕیاری بدات.

زادیج هەردوو کاهینەکەی گاز کرد، بەیەکیانی گوت: تۆ چە زانستێک فێری ئەو منداڵە دەکەی؟

کاهینەکە گوتی: "من فێری هەموو عیلمێکی دەکەم: فێری مەنتیق و جوغرافیای ئاسمان و فێری

باس و خواسی دێو و درنجی دەکەم، فێری ئەوەی دەکەم: چەرخی گەردان لە چی دروست کراوە؟ قەزاوقەدەر چییە؟ جەوهەر و عەرز، موجەڕەد و مەرەکەب، نەژادیبوون، چینە؟".

بەکاهینەکەی تری گوت: "تۆ چی فێر ئەکەی؟"

ئەویش گوتی: "من زۆر هەوڵ ئەدەم کە بیکەم بەپیاوێکی وەها دۆستی زۆر بن".

زادیج گوتی: "تۆ باوکی ئەو منداڵە بیت یان نەبیت، تۆ دایکی مارە بکە".

حاکمێک هەبوو لە "میدیا" ناوی "ئیراکس" بوو، هەموو ڕۆژێ لە دەست ئەو حاکمە عالەم هاواری دەهێنا بۆ قەسری پاشا، چونکە ئەو حاکمە پیاوێکی زۆر بەدەعیە و خۆپەسند بوو، زۆر لە خۆی ڕازی بوو، لە تاووس خۆ پەسندتر بوو، لە کۆتر خۆ خۆشەویستتر بوو، لە کیسەڵ سستتر بوو، زۆریشی حەز لە مەدح و خواردن و خواردنەوە و کەیف و ئاهەنگ دەکرد.

زادیج ویستی ئەو حاکمە بخاتە سەر ڕێگەی ڕاست، هات: لەسەر ئەمری پاشای بابل ئوستادێکی مۆسیقا لەگەڵ دوازدە گۆرانیبێژ، لەگەڵ بیست و چوار ئالاتی بۆ نارد، لەگەڵ ئەوانەش دەستەیەکی چێشتکەر و سفرەچیی باش، لەگەڵ چوار پیاوماقووڵی زانایشی بۆ نارد.

پاشا فرمانی بەو دارودەستەیە دا کە نابێ یەک دەقیقە لە ئیراکس غافڵ بن، دەبێ شەو و ڕۆژی بەم دەستوورە بەسەر بەرێت: یەکەم ڕۆژ ئیراکس لە خەو هەستا و هەڵنەستا، جێبەجێ مامۆستای مۆسیقا لەگەڵ گۆرانیبێژ و ئالاتییەکان هاتنە ژوورەوە، دوو سەعاتی تەواو گۆرانی و مۆسیقا دەوامی کرد، لە هەرسێ دەقیقەشدا ئەم وتارەیان دووپات دەکردەوە:

.................... بەخوا میر زۆر ئازایە..................

.................... ئەی خوایە چەند پیاوێکی گەورەیە......

.................... هەر میر شایانی لەخۆ ڕازیبوونە........

کە گۆرانی و مۆسیقا تەواو دەبوو، دەستبەجێ یەکێ لە پیاوماقووڵەکان سەعاتێکی تەواو وتارێکی لە مەتح و ستایشی ئیراکس دەخوێندەوە، کە وتارەکە تەواو دەبوو، بێ وچان بەگۆرانی و مۆسیقا و چەپڵەڕێزان، ئیراکسیان دەبرد بۆ سەر سفرە و خوان، خواردن و خواردنەوەش سێ سەعاتی دەکێشا، هەرکە ئیراکس قسەی دەکرد یەکەم پیاوماقووڵ دەیگوت: "هەرچی بفەرمووی ڕاستە".

دووەمیان دەیگوت: "هەرچی ڕاست نەبێ میر نایڵێ".

دووەکانی تریش بەدەمیەوە پێ دەکەنین، کە قاوەڵتی تەواو دەبوو، گۆرانی و مۆسیقا دەستی پێ دەکردەوە.

ئیراکس هەوەڵ ڕۆژ زۆری پێ خۆش بوو، وەهای زانی: کە پاشای بابل ئەو هەموو دارودەستەکەی بۆ ناردووە لەبەر ئەوە کە ڕێزی لێ ناوە و قەدری گرتووە، بەڵام ڕۆژی دووەم لەزەتی کەمتر بوو، ڕۆژی سێیەم دڵی تەنگ بوو، ڕۆژی چوارەم نەیتوانی ئەم جەفایە بکێشێ.

زۆریش لەوە وەتەنگ هاتبوو: کە هەموو ساتێ دەیانگوت: "میر شایانی لەخۆ ڕازیبوونە، هەرچی میر بفەرمووێ ڕاستە"، هەمیسان لەوەش بێزار بووبوو: کە هەموو ڕۆژێ لە وەخت و سەعاتی خۆیا وتارێکی مەدح و سەنای بەدرۆ دووپات دەکرایەوە.

ئیراکس بۆ پاشای نووسی، تکای لێ کرد: کە ئەو پیاوماقووڵ و گۆرانیبێژ و خەدەم و حەشەمە، بەرێتەوە، چونکە مەرجی کردووە: لەوە پاش خۆپەسند نەبێت، زۆریش چست و چالاک بێت، واز لە ستایشی بەدرۆ بێنێ.

ئەوساکە ئیراکس بەختیار بوو، وەکو لە ئاینی پاکی "بەراهیمە"دا گوتراوە، ئیراکس زانی: "خۆشی و ئاهەنگی بەردەوامی شەو و ڕۆژ خۆشیی تێدا نییە".

## بەن گۆرەوی

٧

زادیجی یەکەم وەزیر ڕۆژ بەڕۆژ زیرەکی و مەردایەتیی تازەی پێشان ئەدا، عالەم لە زیرەکیی زادیج سەری سووڕ مابوو، هەموو کەس خۆشی دەویست، وەهایان دەزانی کە لە دنیادا یەکەم بەختیارە، لە هەموو کەس بەشانسترە، ناوی زادیج وڵاتی بابلی پڕ کردبوو، لەلای ژنان یەجگار خۆشەویست بوو، هەموویان چاویان تێ بریبوو، هەموو مرۆڤی بابل سوپاسی دادپەرستیی ئەو پیاوەیان دەکرد.

زاناکانی بابل وەها تێ گەیشتبوون: کە زادیج لە ڕیزەی پێغەمبەراندایە، کاهینەکان باوەڕیان کردبوو کە زادیج لە کاهینی گەورە "ییپوور" گەلێک زاناترە.

زەمانی هەراکەی عەنقا کۆن بووبوو، هەرچی زادیج پەسندی نەکردبا هیچ کەسێک قبووڵی نەدەکرد.

بەڵام لەناو بابلییاندا ئاگری دوژمنایەتییەکی تر هەڵگیرسابوو، هەزار و پێنجسەد ساڵ بوو نەدەکوژایەوە، لەبەر ئەوە شاری بابل بووبووە دوو بەشی لێکتر دوژمن:

بەشێکیان باوەڕیان وەها بوو: هەرکەسێ بچێتە ژووری "بتخانە" دەبێ پای چەپی پێش خات، ئەگینا کافر ئەبێت، دین و ئاینی بەتاڵە.

بەشێکیشیان ڕقی زۆریان لەم ڕەوشتە بوو، هەر گاوێ چووبان بۆ ناو "بتخانە" پێی ڕاستیان پێش ئەخست.

ئەنجا خەڵقی بابل چاوەنۆڕی ڕۆژی "جەژنی گەورەیان" دەکرد، جەژنی "ئاگری پاک" هەتا بزانن: لەو ڕۆژەدا زادیج چۆن دەچێتە ژووری بتخانە؟ پای چەپی پێش دەخات یان پای ڕاستی؟.

بەڵام زادیج لەو ڕۆژەدا بەبازدان بەجووتە پێ چووە ژووری بتخانەوە، لە پاشان وتارێکی بەرزی دا و گوتی: خوای ئاسمان و زەوی چۆن گەورەیی خۆی نەداوە بەکەس، هەروەهاش پایەکی لەوی تر چاتر دانەناوە، پێی ڕاست و چەپ هەردووکیان وەکو یەک وان.

کابرای بەغیل و ژنەکەی گوتیان: وتارەکەی زادیج زۆر عاجباتی نەبوو، شاخ و داخی نەهێنانە لەرزین، ئاوی دەریای وەجۆش نەهێنا، ئەستێرەی نەهێنانە خوارێ، خۆری وەکو مۆم نەتواندەوە، بەڵام زادیج ئەوەی بەس بوو، کە دەیزانی: وتارەکەی لە بیروباوەڕی خۆی ئەکات.

لەو ڕۆژەدا مرۆڤی بابلیش وەکو زادیج بەبازدان چوونە ژووری بتخانە، لەبەر ئەوەش نەبوو کە ئەقڵیان بەباشیی کردارەکە شکابوو، لەبەر ئەوە بوو کە یەکەم وەزیر وەهای کرد: بەبازدان چووە ژوورەوە.

لە زەمانی وەزارەتی زادیجدا کاهینە "سپییەکان"ی بابل دەیانگوت: زۆر گوناحە کەسێک لە زستاندا بەرەو ڕۆهەڵات نوێژ بکات، کاهینە "ڕەشەکان" دەیانگوت:

"ئوورمزدی پاک" ڕقی لەو کەسانە دەبێتەوە: کە لە هاویندا لە نوێژا ڕوو ئەکەنە ڕۆئاوا، بەڵام زادیج فەرمانی دا: لە نوێژدا ڕوو بکەنە هەرلایەک یەزدانی پاک لەوێیە.

زادیج وەخت و سەعاتی خۆی جوان دابەش کردبوو: پێش نیوەڕۆژ ئیش و کاری عالەمی بەجێ دەهێنا، پاش نیوەڕۆش ڕێگەوبان و باغ و بێستانی بابلی دەڕازاندەوە، شەوانەش بەزم و ئاهەنگی بۆ قەراڵ و قەراڵیچە دەگێرا، لەبەر ئەوە پاشا ناوی دەبرد بە"وەزیری گەورە"، شاژنیش پێی دەگوت: "وەزیری شەن" هەردووکیان دەیانگوت: بەنەمانی زادیج حکوومەت و میللەت تووشی بەڵایەکی گەورە دەبن.

هیچ وەزیرێک بەقەدەر زادیج ژنی بەخێر نەدەهێنان، ئەوەش سەیر بوو: زۆرترینی ئەو خاتوونانە کە دەهاتنە لای زادیج، بۆ ئیشێکی وا نەدەهاتن کە کەڵکی هەبێ.

ژنی کابرای بەغیل لە هەموو خاتوونەکانی بابل زۆرتر دەهاتە لای زادیج، ڕۆژێ ئەو ژنە بە"زەند ئاڤێستا" و بە"ئاگری پاک" سوێندی بۆ زادیج خوارد: کە ئەو دووزمانییەی مێردەکەی لەبارەی زادیجەوە کرد، زۆری پێ ناخۆش بوو، بەسرییەوەش بەزادیجی گوت: مێردەکەی پیاوێکی زۆر "دڵپیسە" زۆر توندوتیژە، لە پاشان تێی گەیاند: کە خوای بابل بێگومان عەزابی ئەدات، لە "ئاگری پاک" کە ئینسان نەمر دەکات، بێبەش دەبێت.

لەو کاتەدا ئەو ژنە بەقەستەنی "بەن گۆرەوی"یەکەی خۆی خستە خوارەوە، زادیجیش بەئەدەب بەن گۆرەوییەکەی هەڵگرتەوە، بەڵام شەرمی کرد بیخاتەوە جێی خۆی: بەدەستی خۆی گۆرەویی خاتوونەکەی نەبەستەوە.

ژنی کابرای بەغیل ئەم ئیشەی بەخەڵەتێکی بێ ئەنجام دانا، هەرچەند زادیج فیکری لەم خەڵەتە خاڵی بوو، هیچی لە دڵا نەبوو، بەڵام ژنی کابرای بەغیل، بیری زۆری لەم خەڵەتە کردەوە، لە دواییدا ئەم خەڵەتە (ئەو شەرم و ئەدەبی زادیجە) بوو بەهۆی قەزا و بەڵایەکی زۆر پیس و ناخۆش بۆ زادیج.

لە مێژووی نهانی شاری بابلدا نووسراوە: کە زادیج تەنیا جارێ بەهەڵە چووە، لەم سەهووەدا

لەزەتێکی نەدیوە.

جارێک زادیج کەنیزەکێکی جوانی "قەراڵیچە ستارتیە"ی ماچ کرد، لە عانی ماچکردنا هۆش و بیری لەلایەکی تر بوو، بەبێ هۆش و ئاگا گوتی: "قەراڵیچە"، کەنیزەکە بابلییەکە وەهای زانی: کە زادیج پێی دەڵێ: "تۆ قەراڵیچەی منی"، بەڵام زادیج دیسان بەبێ ئاگا و هۆش گوتی: "قەراڵیچە ستارتیە" خاتوونە جوانەکە زۆر خۆی بەبەختیار زانی، چونکە وەها تێ گەیشت: کە زادیج دەڵێ: "تۆ لە قەراڵیچە ستارتیە جوانتری" لە پاشان ئەو کەنیزەکە بەخەڵات و بەراتێکی زۆرەوە لە کۆشکی زادیج چووە دەرەوە.

جارێک ئەو کەنیزەکە جوانە چوو بۆ دیدەنیی ژنی کابرای بەغیل، چونکە زۆر دۆست بوون، بەزم و ئاهەنگی خۆی لەگەڵ زادیج بۆ گێرایەوە، ژنەکەی بەغیل ئاگری گرت، بەگرژی و تیژی گوتی: "وادیارە زادیج تۆی لە من خۆشتر دەوێت، چونکە دەعبەی نەهێنا بەن گۆرەویی پام بخاتەوە شوێنی خۆی، لەو رۆژەوە ئەم بەن گۆرەوییەشم لە بەرچاو کەوتووە".

کەنیزەکە بەختیارەکە بە ژنە بێ بەختەکەی گوت: بەن گۆرەویی تۆ لە هی قەراڵیچە دەکات، رەنگبێ هەردووکتان لە یەک (کۆگا) و لە یەک وەستاتان کڕیبێت.

ژنەکەی بەغیل مات بوو، کەوتە بیرەوە، هیچی تری نەگوت، لە پاشان چیرۆکی کەنیزەکەکە و زادیجی بەتەواوی بۆ مێردە بەغیلەکەی گێرایەوە.

لەو چەندانەدا زادیج دیتی: کە بیری شێواوە، زۆرجار لە عانی دادپەرستیدا، لە وەختی بەپیرەوەچوونی میواندا، بێ هۆش و بێ ئاگا دەبێت، نەیدەزانی سەبەبی ئەم گێژییە چییە؟ بۆچی وا بیری بڵاوە؟.

جارێ لە خەویا دیتی: بەرەوپشت لەسەر پووش ڕاکشاوە، لەناو پووشەکەدا دڕک و داڵ لە بەدەنی ڕادەچێت ئازاری زۆری پێ دەگات.

جارێکی تر لە خەویا دیتی: لەسەر تەختێکی تانوپۆ گوڵ نوستووە، مارێک هات بەسەر دڵیەوەی دا، زادیج لەبەر خۆیەوە ئەیگوت: سەد حەیف و مەخابن: لەسەر پووشی دڕکاوی زۆر نووستم، ئێستە لەسەر تەختی گوڵان دەنووم، بەڵام دەبێ ئەو مارە چی بێت؟.

## دڵپیسی

٨

زادیجی زانا لە زانایی و مەردایەتییەوە تووشی گەلێ نەگبەتی هات: وای لێ هاتبوو بەموحەرەمی ڕاز و نیازی پاشای بابل "موبدار"، بوو بەهاودەمی پاشا و ژنە جوانەکەی، زۆرجار بەتایبەتی لەگەڵ قەراڵیچە ستارتیە گفتوگۆی دوور و درێژی دەکرد، ڕۆژ بەڕۆژ وتاری دڵگری پەرەی دەساند، چونکە (بێگومان) ئەویش حەزی دەکرد خۆی بەرێتە پێشەوە، خۆی خۆشەویست بکات.

لاوچاکی و چەلەنگیی زادیج لەگەڵ زانایی یەکتری گیر بووبوون، لە دڵی ستارتیەدا جێگەیان گرت، ستارتیە نەیدەزانی بۆچی ئەوەندە زادیجی خۆش دەوێت؟.

عەجەبەن ئەو هەموو میهرەبانییە دڵگەرمی دڵدارییە؟ یان تەقدیر و خۆشەویستیی پیاوێکی مەردە.

لەژێر سێبەری داوێنپاکیدا خۆشەویستی پەرەی سەند، لە ژێر پەردەی پاکیدا ستارتیە بەبێباکی، بەبێ پەروا چاو و گوێی خۆی بەدیتن و بیستنی زادیج شاد دەکرد، کێ گومانی دڵداریی بەستارتیە دەبات؟ زادیج مەردێکە خۆشەویستی پاشایە، ڕەهبەری وڵاتی بابلە، دەبێ ژن و پیاو تەقدیری بکەن.

ستارتیە لەلای پاشا و کەنیزەکانی بەبێ پەروا باسی مەردایەتی و شەنگی زادیجی دەکرد، کەنیزەکەکانیش بەو بۆنەوە دوو چەندان مەدح و سەنای زادیجیان بۆ شاژن ئەکرد.

لە ڕاوێژی گفتوگۆی گەرمی وەها دیاربوو: کە ستارتیە تیرێکی کاریگەری لە جەرگی دراوە، بەڵام جارێ گەرمەبڕ نییە بەخۆی نازانێ.

هەرچەند ستارتیە وەهای پێشان ئەدا: کە شاژنێکی وەکو ستارتیەی سەربەست، لەگەڵ وەزیرێکی ڕاستگۆ و کاردروست، دەبێ گفت و لفت بکات، هەتا بزانرێ کە شاژن لەو وەزیرە ڕازییە.

بەڵام ئەو هەموو خەڵات و بەراتە کە پێشکێشی زادیجی دەکرد گەواهی ئەدا: کە ستارتیە مەستی بادەی دڵدارییە، دیسان ڕاز و نیازیشی لەگەڵ زادیج ژنێکی دڵگەرم و گیان برینداری پیشان ئەدا.

ستارتیە لە غایەت بەدەر نازدار و جوان بوو، لە سامیر کە گوتی: شوو بەکوێر ناکات جوانتر بوو، لەو ژنەش کە ویستی لووتی مێردەکەی ببڕێت، ڕەعناتر بوو.

زۆری پێ نەچوو ستارتیە وای لێ هات: لە کاتی گفتوگۆی زادیجدا ڕەنگی سوور هەڵدەگەڕا، زادیجیش بەتیلەی چاوی ستارتیە وەکو ئاگری تێ بەردەن وای لێ دەهات، زۆرجار لە گفتوگۆدا دادەچڵەکان مووچڕکیان بەبەدەنیدا دەهات، تێگەیشتن کە هەردووکیان بەتیرێک ئەنگێوراون.

زادیج زۆر خەریک بوو: ئاگری دەروونی دڵداری بەئاوی زانین و فەلسەفەی ژیان بکوژێنێتەوە، یان بەخاکی سەبر و بەراورد ئەو ئاگرە کپ بکاتەوە، بەڵام بەناچاری دەیدی: وەکو ئاگری ژێر کا لەلایەکی ترەوە بڵێسەی دەردەچێ، جەرگی زادیجی هەڵدەقرچاند.

زادیج دەیزانی: چاکەی پاشا لەگەڵ زادیج، پایەبەرزیی خۆی، نان و نمەک، ڕەوشتی مەردایەتی... ئەوانە خواوەندی تۆڵەن، تۆڵەی خیانەت دەسێنن، بۆیە ئەو پیاوە مەردە بەزۆر جڵەوگیری هەوا و هەوەسی دەکرد، بەسەر تەفرەی ئەهریمەنا زاڵ دەبوو، بەڵام (بێگومان) ئەو زاڵییە بەبێ ناڵین و فرمێسک دەستی نەئەدا.

زادیج وای لێ هات نەیئەتوانی (وەکو جاران) لەگەڵ ستارتیە بەبێ پەروا، بەبێ تێکچوون گفتوگۆی زۆر و سیحرئامێز بکات، چونکە هەرکە چاوی بەستارتیە دەکەوت پەردەیەکی شەرمین وەکو هەور بەسەر هەردوو چاویا دەهات زمانی قورس دەبوو، قسەی تێکەڵ ئەکردن، هەناسەی سوار ئەبوو، چاوی بەیەکا دەنان، چونکە دەیدی: ستارتیەش چاوی پڕ بوون لە فرمێسک، دەیدیت: برژانگی چاوی پڕ لە ئاوی تیری ئاگرین دەپرژێن، نیشانەی ئەو تیرانە دڵی پڕ ئێشی زادیجە، گۆیا هەریەکەیان بەوی تر دەڵێ: "هەردووکمان سەوداسەری یەکترین، بەڵام لەم سەوداسەرییە ئەترسین، هەردووکمان بەئاگرێک دەسووتێین، بەڵام هیچمان حەز لەو ئاگرە ناکەین".

باری دڵی غەمباری زادیج ئەوەندە قوری بووبوو، توانای هەڵگرتنی ئەو بارەی نەما، چونکە سەودایی دڵداری لە سنوور دەرچوو، بەناچاری ڕازی دڵی خۆی بۆ "کادورا"ی دۆستی ئاشکرا کرد، وەکو نەخۆشێک دەردی خۆی بەدوکتۆر بڵێت بەڵکو چارەی بزانێ.

کادورا گوتی: "ئەو سەوداسەرییە کە خۆشت نەتدەزانی چییە؟ نیشانەم وەرگرتبوو، تێ گەیشتبووم، چونکە ئاگری دڵ کە گڕی ساند لە قرچەی دەموچاو خۆی نیشان ئەدات، دووکەڵی ئەو ئاگرە ئەڕژێتە چاو بەناچار فرمێسک دەبارێنێ.

کەوابوو ئەی دۆستی خۆشەویستم وا دابنێ: ئەوەی من لە خۆمەوە خوێندمەوە، یان لە تۆوە زانیم، پاشاش وەکو من بیزانێ، حاڵی پاشا چۆن ئەبێت؟، ئەوەش بزانە: پاشا هەر چەند پیاوێکی بێ عەیبە، لە هەموو کەس دڵپیسترە.

دیسان ئەوەش تێ بگە: تۆ جڵەوگیری هەوا و هەوەست پێ دەکرێت، چونکە تۆ (هیچ ناڵێم) زادیجی، بەڵام ستارتیە ژنە، ژنێکە بێ پەروا، بێ ترس، باکی لەوە نییە: کە بەتیلەی چاو هەموو ئارەزوویەکی خۆی ئەدا بکات، چونکە هەتا ئێستە وەها دەزانێ: کە بێ گوناهە، لە پاکیی خۆی دڵنیایە، ئەنجا جێگەی حەیف و مخابنە کە ئەو دڵنیایە بێ ترس و بێ پەروای دەکات، هیچ باکی لەوە نییە: کە هەندێ شت هەیە نابێ بخرێتە پاش گوێ، دووبارە ئەگەر تۆ و ستارتیە پێتان بکرایە لێکتری ئاشکرا بن، لە یەکتری بگەن، دەتان توانی ڕێگەیەک دابنێن کە ڕەقیب و بەدگۆ ڕازی دڵتان لە ڕەفتار و گوفتارتان نەدزن، خۆت دەزانی ئەوەش بەزادیج ناکرێت، ئەنجا ئێستە میهرەبانیی ئێوە وەکو یەکسەرە وایە، میهرەبانی یەکسەرەش دەردی سەرە، بەئێش و هاوارە، هەر ئاشکرا دەبێت، بەڵام خۆشەویستیی دووسەرە هاواری نامێنێ، ڕەنگبێ بتوانێ خۆی بشارێتەوە.

لەگەڵ ئەو هەموو ترس و شێواوییە کە زادیج هەیبوو، ستارتیە ڕەوشتی خۆی تێک نەدا، باسی زادیجی زۆر دەکرد، هەرکە ناوی زادیجیشی دەبرد ڕەنگی دەهێنا و دەبرد، سوور هەڵدەگەڕا، لە دیوانی پاشادا زۆر بەگەرموگوڕی لەگەڵ زادیج ئەدوا، کە زادیج دەچووە دەرەوە دائەما و مات دەبوو.

"موبدار" کەوتە شکەوە، دڵی پێش کرد، زۆری پێ نەچوو هەرچی لەو بابەتەوە بەخەیاڵیدا هات لە گومان دەرچوو، بوو بەباوەڕ.

کارەساتی گەورە لەمەوە رووی دا: پاشا دیتی: پێڵاوی ستارتیەی ژنی وەکو پێڵاوی زادیج هەردووکیان شین، گوڵەنگی سەری ستارتیە وەکو کڵاوی زادیج هەردووکیان زەردن.

سرنجی ئەو شتانە باوەڕی موبداریان بەتەواوی توندوتیژ کرد، سەرەڕای ئەوەش دەستوپێوەندی قەسر، کارەکەر و کەنیزەک دەستیان کرد بەچرپەچرپ: ستارتیە چییەتی؟ ئاشقە. ئاشقی کێیە؟.

پاشا بەجارێ ئاگری غەزەبی هەڵگیرسا، کابرای بەغیل پێی زانی، ژنەکەی خۆی هان دا: کە "بەن گۆرەوی"ی خۆی بۆ پاشا بنێرێ، لە بەدبەختیی زادیج ئەو بەن گۆرەوییەش وەکو هی ستارتیە شین بوو.

شەوێ لە شەوان سەرلەئێوارە "موبدار" بڕیاری دا: کە ستارتیە بەژەهر بمرێنێ، سەر لەبەیانیش زادیج بخنکێنێ، سەربڕێکی ڕەشی "نێرەموکی" هەبوو فەرمانی دایە کە ئەم کارە یەکە نابێ بەدوو.

لە کۆشکی موبداردا "قەزەمێک" هەبوو، وەکو جانەوەری ماڵی وەهابوو، هیچ شتێکیان لێ نەدەشاردەوە، کەڕوڵاڵ بوو، بەڵام زۆر زیرەک بوو، لە بزووتنی لێوان لە هەموو گوتارێک حاڵی دەبوو، بەم کارەساتەی زانی.

کابرای قەزەم زادیج و ستارتیەی زۆر خۆشئەویستن، دەشیزانی: بێ گوناهن، وەخت بوو لە تاوان شێت بێت، چی بکات؟ چۆن نەهێڵێ ئەم کارەساتە بقەومێ.

کابرا نەیئەزانی بنووسێ، بەڵام وێنەگەرێکی زۆر بەهونەر بوو، هات: لەسەر تەختەیێک. لەلایەکەوە وێنەی پادشای دانا، ئاگری غەزەبی گرتووە، فەرمانی کوشتن و بڕین ئەدات.

لەلایەکی ترەوە لە نزیک پادشا وێنەی مێزێکی دانا، پادشا "تەنافێک و بەن گۆرەوییەک و گوڵەنگێکی شینی" لەسەر مێزەکە دانا، لە ناوەڕاستی لەوحەکەدا وێنەی ستارتیەی دانا، کەوا خەریکە گیان ئەسپێرێ کەنیزەکەکان دەورەیان داوە، وێنەی زادیجیشی بەخنکاوی بەتەنافێکی شین لەژێر پای ستارتیە دانا، لەلایەکیشەوە وێنەی ڕۆژهەڵاتی نیشان دا، هەتا بزانرێ ئەم کارەساتە لەگەڵ خۆرکەوتن ڕوو ئەدات.

کابرا کە وێنەکەی تەواو کرد، هات دەستبەجێ دای بەیەکێ لە کەنیزەکەکانی ستارتیە، بۆ خاتری دەستبەجێ بگاتە دەستی.

زۆری پێ نەچوو بەو شەوە دەرگەی زادیج لێ درا، لە خەویان هەڵساند، نامەیێکیان دایە دەستی، دیتی: لە ستارتیەوە هاتووە، نەیزانی لە خەونایە، یان بێدارە؟ بەدوو دەستی لەرزۆک نامەکەی کردەوە.

بزانە دەبێ حاڵی زادیج چۆن بێت؟ چەند غەمبار بێت؟

کە ئەم وتارە بخوێنێتەوە: "هەر ئێستە خۆت ڕزگارکە، ئەگینا دەمری، ئەی زادیج من ئەمرت پێ دەکەم کە دەرباز بیت، بەئاگری دڵی من و تۆ، بەگوڵەنگی زەردی من سوێندت ئەدەم کە ڕاکەی،

دەزانی: من بێ گوناهم، بەڵام وەها دەزانم: بەگوناهباری دەمرم".

زادیج هێزی قسەی نەما، ناردی بەشوێن کادورا هیچی نەگوت، نامەکەی دایە دەستی.

کادور گوتی: "هیچ چارەت نەما، هەر ئێستە برۆ بۆ ممفیس، ئەگەر بتەوێ ستارتیە ببینی، یان لەگەڵ موبدار بخەفی، سەعاتێ زووتر ستارتیە دەمرێنی، تۆ ئیشی خۆت ببینە، منیش بیرێک لە ستارتیە دەکەمەوە، بەیانی وەها خەبەر بڵاو ئەکەمەوە: کە ڕێگەی هیندت دایە بەر، زۆری پێ ناچێ: منیش بەشوێنتا دێم، هەرچی لە بابلدا ڕوو ئەدات بۆت دەگێڕمەوە.

جێبەجێ کادور ئەمری کرد، دوو ئەسپی تازەی خۆشبەزیان حازر کردن، زادیجیان (وەکو بار) لەسەر ئەسپێک دابەست، چونکە نەیتوانی خۆ بگرێت، نۆکەرێکیشی لەگەڵ سوار کرد، سەعاتێکی پێ نەچوو کادور (کە لە دەریای غەما خنکابوو) دۆستە خۆشەویستەکەی لە بەرچاو بزر بوو.

پیاوی ماقووڵ و جێگەدار، زادیجی یەکەم وەزیر ڕای کرد، لای نەکردەوە هەتا گەیشتە جێگەیەکی بەرز کە بەسەر شاری بابلیا دەڕوانی، لەوێ لای کردەوە، بەری خۆی دایە کۆشکی ستارتیە، بێ هۆش کەوت، کە وەهۆش هاتەوە، چاوی پڕ بوو لە فرمێسک ئاواتی مردنی خواست.

لە دوای ئەوە هەقی وەفای ستارتیەی بەناڵە و گریان بەجێ هێنا، کەوتە بیری ئەو بەدبەختییە کە بۆی نووسراوە، بەبێ ئیختیار هاواری کرد و گوتی: "ژیان چییە؟ ئەی مەردی چە سوودێکت پێ دام؟ دوو ژن خیانەتیان لەگەڵ کردم، ژنی سێیەم بێ سووچ و تاوان ئەیمرێنن، هەر پیاوەتی و چاکییەک کە هەمبوو، بوو بەهۆی نەگبەتیم، پێم وایە: هەر بۆیە ئەوەندە پایەبەرز بووم، هەتا بەجارێ (الی الدرك الاسفل) بێمە خوارەوە، ئەگەر وەکو زۆر کەس پووچ و شەڕانی بام، پێم وایە تۆزێ بەختیار دەبووم"، ئەوساکە بەم بیر و بەراوردە ڕووی کردە وڵاتی میسر.

## ژنێکی سەرکێش

٩

زادیج ڕێگەی میسری دایە بەر، بەشەو بەئەستێران ڕێگەی بەدی دەکرد، لە زانستی ئەستێران زۆر شارەزا بوو، بەبیری ڕاست و بەفیکری تیژ وێنەی چەرخی گەردوونی دەهێنا بەرچاو، خۆی لە بیر دەچووەوە، لەناو بۆشاییی بێ پایان "في الفضاء اللامتناهي" بەخەیاڵی دووربینی دەسی دەکرد بەسەیران، بەراوردی دەستووری بێ مانەندی هاتوچۆی مانگ و ڕۆژ و ئەستێرە و شەو و ڕۆژی دەکرد: کە چەند جوانن؟ چەند گەڕانێکی بەوێڵیان هەیە؟ لەو بیرەدا بەدبەختی و جەفای خۆی لە یاد نەدەما، سەری لە نەزانیی ئادەمیزاد سوور دەما: چونکە دەیدی ئەگەر بەڕاستی بنواڕینە ئادەمیزاد و زەوی، تێ دەگەین: کە ئەم عالەمە لەسەر کەوکەبی عەرد، وەکو کرم و مار و مێروو، کە لەناو تۆزێ قوڕدا یەکتری دەخۆن! لەگەڵ ئەوەش چاوی پڕ لە شەڕ و تەماعی ئادەمیزاد، ئەم تۆزە قوڕی زەویی زۆر بەگەورە و گران دەبینی، هیچ بیر لەوە ناکاتەوە کە ئەم عەردە نوختەکی زۆر

بچووکە لە چاو ئەو ئەستێرانە، کە وەکو پریشکێکی زۆر بچووک دەیانبینی.

لە ناکاو وەهۆش دەهاتەوە، چی بکات؟ پابەندی خوێن و گۆشتە، تەماشای حاڵی خۆی دەکرد، ناچار نەیدەتوانی ستارتیەی نەیەتەوە بیر، بەبیریا دەهات: کە ئێستە زۆر لە خەتەردایە، ڕەنگبێ ئێستە مردبێت، لەم کاتەدا عالەمی بێ پایانی لە بیر نەدەما، هەر ئەوەی دەدی: کە ستارتیە لە گیانەلادایە، زادیجیش وا پیاڵەی نەگبەتیی دەنۆشێ.

بەدرێژاییی ڕێگە، شەو و ڕۆژ لەم بیر و فەلسەفەی بەرزەوە، نە زادیج، نە شاری بابل، نە... لە چاو چەرخی گەردوون بەبوون دەژمێررێن، دەگەڕایەوە بۆ ئەو خەفەت و جەغارەتە کە ئێستە تووشی هاتووە، بەم تەحرە هەر تاوە بەڕەنگێ بوو، هەتا نزیک بووەوە لە سنووری میسر، لە نزیک گوندێک خزمەتکارەکەی لە پێشەوە نارد، تاکو جێگەیەکی بۆ ئامادە بکات، خۆشی لەسەرخۆ بەنێو باغ و بێستاندا دەگەڕا، لە ناکاو لە قەراغی شەقام، ژنێک و پیاوێکی دیتن، ژنەکە شڵەژابوو، هاواری دەگەیشتە کەشکەشانی فەلەک، پیاوەکەش ئەوەندە غەزەبی گرتبوو، باسی ناکرێت.

پیاوەکە بەلێدان و جنێودان بەربووبووە گیانی ژنەکە، ژنەکەش دەپاڕێتەوە و دەست و پێی ماچ دەکات، زادیج وەهای دانا: کە ئەم دوو میسرییان ژن و مێرد: مێردێکی بەغیرەت و دڵپیسە، ژنێکی جوان و خائینە.

بەڵام وەختێ ڕوانییە ژنەکە، دیتی: زۆر جوان و دڵڕفێنە، سەر و سیمای زۆر لە ستارتیە دەکات، دڵی بە ژنەکە سووتا، زۆر قینی لە پیاوەکە هەستا، سەرەڕای ئەوەش دیتی: ژنەکە بەگریان و فیغان بەزادیج دەڵێ: "لە دەست ئەم پیاوە دڵڕەق و بێ ڕەحمەم ڕزگارکە، ژیانم پێ ببەخشە".

زادیج گورج ڕای کرد، بەهۆی بەریوانی خۆی هاویشتە مابەینی پیاوەکە و ژنەکە، بەزبانی میسری، کە تۆزێکی دەزانی، بەکابرای گوت: "ئەگەر تۆزێ ڕەحمت لە دڵایە، تکات لێ دەکەم: نەختێ قەدری جوانیی بزانە، بەزەیت بەم زەعیفەدا بێتەوە، چۆن دەتوانی بەمجۆرە ئەم پەرییە بخەیتە ژێر پێتەوە؟ دەزانی بێجگە لە فرمێسک هیچ چەکێکی تری نییە خۆی پێ بپارێزێ".

کابرای میسری بەتوندوتیژی گوتی: "وادیارە تۆش خۆشت دەوێت، با تۆڵەی ئەو لە تۆ بستێنم".

هەر وای گوت و پرچی ژنەکەی (کە لە دەستی خۆی ئاڵاندبوو) بەرەڵای کرد، ڕمێکی وای داوەشاندە زادیج کە سینگی بدڕێنێ. زادیج لەسەرخۆ خۆی لە نووکی ڕمەکە لادا و گورج پەیکانەکەی گرت و ڕای کێشا، کابرای میسرییش نەیدا بەدەستەوە، لەم گێرە و کێشەیەدا ڕمەکە تێک شکا و هورد بوو، کابرای میسری دەستی دایە شمشێر، زادیجیش (بەناچاری) شیری خۆی هەڵکێشا، ڕوویان کردە یەکتری.

کابرای میسری بەبێ پەروا و ترس، بۆ ڕاست و چەپ، بەقەستی کوشتن شمشێری دادەوەشاند، بەڵام زادیج بەسیلاحشۆری و هونەرمەندیی خۆی دەپاراست، ژنەکەش لەسەر گیا شینەکە دانیشتبوو، بەهێمنی کەزیی خۆی لوول ئەدا و سەیری دەکردن.

کابرای میسری لە زادیج بەهێزتر بوو، بەڵام زادیج لەو زاناتر و شیروەشێنتر بوو، زادیج شەڕی خۆپاراستنی دەکرد، بەڵام کابرا شەڕی کوشتنی ئەکرد، ناچار زادیج پەلاماری کابرای دا شیری لە دەست ساند، کابرا نەوەستا (لە ڕقانا دەمی کەفی کردبوو) پەلاماری زادیجی دا و باوەشی پێدا کرد، زادیجیش تەکانی دا خۆ، کابرای هەڵگرت و بەعەردیا کێشا، نووکی شمشێری لەسەر سینگی دانا و گوتی: "ئێستە تۆ دیلی، ژیانی خۆت بکڕەوە".

بەڵام کابرای میسری ئەجەلی هاتبوو، ئاقڵی لێ گۆڕابوو، لە وەختێکا کە زادیج نەیەویست بیکوژێ، خەنجەری هەڵکێشا و زادیجی بریندار کرد، ئەوساکە زادیج چارەی نەما، نووکی شمشێری لە سینگی کابرادا نقوم کرد، کابرا بەهاوارێک هەناسەی لێ بڕا، گیانی بەدۆزەخ سپارد.

لە پاش ئەوە زادیج بەئەدەب ڕووی کردە ژنەکە، لەسەرخۆ پێی گوت: "ئەی خاتوونی موحتەرەمم: دەزانی: ئەو گۆڕ بەگۆڕە زۆری لێ کردم کە بیکوژم، ئێستە تۆ سەربەخۆ بوویت، لە شەڕی ئەو پیاوە (کە بەدخووی وەهام نەدیوە) ڕزگار کرای، ئێستە چیم پێ دەفەرموون؟".

ژنەکە گوتی: "ئەی گوناهکاری لە خوا نەترس، دەمەوێ بمری، گەرەکمە نەمێنی، خۆشەویستی منت کوشت، دەمەوێ ئێستە دڵت دەربێنم پارچە پارچەی بکەم".

زادیج گوتی: "ئەی خاتوون: بەڕاستی تۆ ژنێکی (سەرکێشی) خوویەکی زۆر غەریبت هەیە، کابرای بەدخو ویستی من و تۆ بکوژێ، تۆ هاوارت کردە من، منیش شەرمم لە تۆ کرد، تووشی ئەم گێچەڵە هاتم".

ژنەکە بە داد و فیغانەوە گوتی: "خۆزگە زۆرتری لێ بدامایە، خۆزگە بیکوشتمایە، من سزاواری لێدان بووم، چونکە من ڕێگەی غیرەت و دڵپیسیم نیشان دا، خۆزگە ئێستە بۆ لێدانم بمایە، تۆش لە جێگەی ئەو بێ هەناسە بوویتایە:.

زادیج هەرچەندە ڕقی زۆر هەستابوو، لەسەرخۆ پێی گوت: "هەرچەندە تۆ زۆر نازەنینی، بەڵام سزاواری ئەوەی منیش وەکو کابرات لێ بکەم، چونکە تۆ لەو بەدخووتری، بەڵام من نامەوێ ئێستە ئەو عەزیەتە بکێشم".

ئەوساکە سواری وڵاغی خۆی بوو، ڕووی کردە گوند، زۆر نەڕۆیشت هەرایەکی هاتە گوێ، دیتی چوار کەسی بابلی پڕ چەک ڕادەکەن، هەرکە چاویان بە ژنەکە کەوت هاواریان کرد: "ها... وەرن... ئەوەتا لەو وێنەیە دەکات کە پێمانە".

زادیج دیتی: ئەو بابلیانە هیچ تەماشای کابرای کوژراویان نەکرد، دەستبەجێ دەورەی ژنەکەیان دا و ڕایان ڕفاند، ژنەکە دەستی کرد بەهاوار: "ئەی غەریب ئەمجارەش ڕزگارم کە نەجاتم دە، لە خراپەم ببوورە، پەشیمانم، لە گوناهم خۆشبە، خەلاسم کە، هەتا مردن بۆ تۆ ئەبم".

زادیج دڵی شکابوو، مەیلی شەڕی نەمابوو، لەبەر خۆیەوە گوتی: "بچۆ لە یەکێ تر یارمەتی داوا

بکە، من جارێکی تر تەفرە نادرێم".

زادیج لە دیتنی ئەو چوار بابلییانە زۆر کەوتە بیر و بەراوردەوە، چونکە وا یزانی: ئەوانە فرستادەی "موبدار"ی پاشای بابلن، بەلام چونکە بریندار بوو، خوێنی برینەکەی نەوەستابوو، موحتاجی تیمار بوو، بەڕاکردن ڕووی کردە گوندەکە، لەبەر ئەوە پێی نەکرا کە بزانێ: ئەو بابلییانە بۆچی هاتوون؟ ئەو ژنەیان بۆچ ڕاڕفاند؟ هەمیسان لە ڕەوشت و خووی ئەو ژنەش تێ نەگەیشت.

## بەندەگی

## ١٠

زادیج گەیشتە دێکە و نەگەیشت، خەڵکی بەهەرا و هوریا دەورەیان دا: "ها... ها... ئەوە هەوە ئەم کابرایە... میسوفی نازەنینی ڕفاند و کلیتۆفیسی کوشت".

زادیج گوتی: "ئەی کاکینە... هەتاهەتایە... خوا بمپارێزێ... خوا نەکا من میسوفی ڕەعنای ئێوە هەڵگرم، میسوف ژنێکی سەرکێشە، لە حەد بەدەر سەرکێشە، کلیتۆفیسیش من بەئەنقەست نەمکوشت، خۆم لە کوشتن ڕزگار کرد، زۆر بەنەرمی تکام لە کلیتۆفیس کرد، کە تۆزێ بەزەیی بەمیسودا بێت، ئەوەندە بەزەبروزەنگ لێی نەدات، نازانم بۆچی ویستی بمکوژێ؟ من پیاوێکی غەریبم پەنام بەمیسر هێناوە، هیچ ناگونجێ یەکێ پەناتان پێ بێنێ ژنتان لێ هەڵگرێ، پیاوتان بکوژێ".

خەڵقی میسر لەو زەمانەدا خاوەن داد و ساحێب ڕەحم بوون، مرۆڤی گوندەکە زادیجیان بردە دادگە، لە پێش هەموو شتێکدا برینەکەیان تیمار کرد، لەوە دوا لە زادیج و خزمەتکارەکەی وێ کەوتن، بەجیاواز لە هەردووکیان پرسی، بۆیان دەرکەوت: کە زادیج بەناهەق کابرای نەکوشتووە، بەلام خوێنێکی ڕشتووە، شایانی ئەوەیە بکرێتە بەندەی خاوەن خوێن، هاتن: لە پێشدا هەردوو ئەسپەکەی زادیجیان فرۆشتن، پارەکەیان بۆ پێویستیی ئاوەدانی دانا، هەرچی زێڕ و زیو بوو، بەسەر خەڵقی گوندەکەدا دابەش کرا، زادیج و خزمەتکارەکەیان بردنە بازاڕی بەندەفرۆشان کە بیانفرۆشن، کڕیاریان زۆر بوون، لە ئاخریدا بازرگانێکی دەوڵەمەندی عەرەب "سیتوک" ناو هەردووکی کڕین.

بەهای نۆکەری زادیج لە هی زادیج زۆرتر بوو، چونکە کابرا لە زادیج قەڵەوتر و بەخۆوەتر بوو، کاروباری چاتر پێ دەکرا، باشتر بەرگەی عەزیەتی دەگرت، کەس بەری خۆی نەدا ئەوە: کە زادیج ئاغایە، کابرای هاواڵی نۆکەریەتی، یان کەس نەیدەزانی: کە زادیج زاناتر و جێگەدارترە، زادیج بوو بەبەندەیێکی ژێردەستی خزمەتکاری خۆی، هەردووکیان بەگوریس بەیێکەوە تێکخستن، تەسلیم بەخاوەنی تازەیان کران.

زادیج لە ڕێگەدا دڵی خزمەتکارەکەی دەدایەوە، پێی ئەگوت: سەبرت بێت، ژیانی ئادەمیزاد و

بەسەرهاتی ئینسان زۆر سەیرە، بزانە: "ئەو نەگبەتییەی کە بۆ من نووسراوە، وادەستی خستە یاخەی تۆش، بزانە: گەڕانی چەرخ لەبارەی من لە هەموو لایەکەوە هەتا ئێستە زۆر سەیرە، لەسەر ئەوە کە چاوم بەدێڵەسەگێک نەکەوتبوو چوارسەد زێڕیان جەریمە کردم، لەسەر عەنقا وەختبوو بمسووتێنن، لەسەر چەند شیعرێک کە لە مەتح و سوپاسی پاشادا هەڵم بەستبوون خرامە زیندانەوە، لەبەر ئەوە گوڵەنگی "قەڕاڵیچە" زەرد بوو، زۆر نەمابوو لە قەنارە بدرێم، وا ئێستاش لەگەڵ تۆ کراوین بەبەندە، چونکە پیاوێکی بەدخوو لە ژنی خۆی ئەدا، منیش ژنەم ڕزگار کرد، ئێستە چارە نییە، دەبێ ئازا بین، بێگومان ئەم مەینەتەش بێ پایان نابێ، دەبێ لە جێگەیەک ڕاوەستی.

بێ شک ئەم بازرگانە عەرەبە بەندەی زۆرن، بۆچی منیش (وەکو زۆر کەسی تر) نەبم بەعەبد؟ منیش هەر پیاوێکم لە پیاوان، ئەم بازرگانە نابێ سەخت و دڵڕەق بێت، مادام چاوەڕوانی ئیش و قازانج بێت، دەبێ لەگەڵ بەندەکانی نەرم و هێمن بێت".

زادیج وەها دڵخۆشیی خزمەتچییەکەی ئەدایەوە، بەڵام لەلایەکی ترەوە دڵی خۆی بەسەر ئەنجامی قەڕاڵیچە ستارتیەوە پەند و مەشغووڵ بوو.

لە پاش دوو ڕۆژ سیتوکی عەرەبی لەگەڵ هەردوو عەبدەکانی و حوشتر و باری بۆ عەرەبستان گەڕایەوە.

عەشیرەتی سیتوک لە نزیک چۆڵیی "ئۆریب" دانیشتبوون، ئەو ڕێگەیە زۆر درێژ و بەزەحمەت بوو، کابرای عەرەب لە ڕێگەدا چاوەدێریی خزمەتکارەکەی لە زادیج زۆرتر ئەکرد، زۆرتر مەیلی بەو ئەدا، چونکە خزمەتچییەکە باشتری دەزانی: بار ببەستێ، حوشتر بار بکات.

دوو ڕۆژیان مابوون بگەنە ئۆریب حوشترێک کەوت و بەجێ ما، باری حوشترەکەیان بەسەر حوشترەوانەکاندا دابەش کرد، زادیجیش لەو بارە بەشی خۆی هەڵگرت.

سیتوک دیتی: ئەو بەندە کوڵ بەکۆڵانە لەبەر کۆڵی گران، هەموویان چەماونەوە، جارجار دەهاتە پێکەنین، زادیج هاتە گوفتار، تێی گەیاند کە بۆچی کۆڵهەڵگر دادیتەوە؟ نیشانی دا "تەوازن چۆنە؟" بۆچی چارەوا شایانی بار و سوارییە؟ بەو موناسەبەوە هاتە سەر باسی "گرانیی نەوع".

کە ئەبینێ دوو چشتی جیاواز و بەقەد یەک، یەکێکیان لەویتر قورسترە، وەکو دار و ئاسن، هەمیسان باسی سوودی هەندێ زیندەواریشی بۆ کرد، لەگەڵ چەند شتی تر، کە پێوەندیی بازرگانی بێت، بۆ کڕین و فرۆشتن پێویست بێت.

سیتوکی بازرگان سەری لە زادیج سووڕما، دیتی ئەم بەندە تازەیە زۆر زانایە، (نەک لە بەندە و خزمەتکار) لە سیتوکیش زاناترە، گەلێ ڕێزی لێ نا، بەچاوی خۆشەویستی تەماشای کرد، لە نۆکەر و بەندەکانی تر پێشی خست.

سیتوک پێنجسەد مسقاڵ زیوی بەقەرز دابوو بەجوولەکەیەک، وەختێ گەڕاوە بۆ ماڵەوە، بۆ ناو

خزم و کەسی خۆی، داوای قەرزەکەی لە جوولەکەکە کرد، بەڵام جووەکە بەهەلی زانی: ئینکاری قەرزەکە بکات، چونکە شاهیدەکان مردبوون، بەلای جووەوە زۆر خۆش بوو، کە بتوانێ ماڵی کابرایەکی عەرەب بخوات، چونکە جوولەکە و عەرەب دوژمنایەتییان کۆنە، جوولەکە وڵاتی عەرەبستان بەنیشتمانی خۆیان ئەزانن و دەڵێن چەند ساڵە عەرەب زەوتیان کردووە.

سیتوک شکایەتی حاڵی خۆی بۆ زادیج کرد، چونکە بۆی ئاشکرا بووبوو، کە زادیج زۆر زانایە، کردبووی بەدەمڕاستی خۆی، لە هەموو ئیشێکدا پرسی پێ دەکرد، زادیج گوتی:

– ئەرێ ئاغا: ئەو مسقاڵە زیوانەت لە کوێ دان بەو "کافرە"؟

سیتوک گوتی:

– لەسەر تاشەبەردێکی گەورە و پان دانیشتبووین لە نزیک چیای ئۆریپ.

– پێم بڵێ: ئەم جوولەکە ڕەوشتی جیاوازی چییە؟

– لە غەداریدا لە هەموو کەس جیاوازە.

– مەبەستم ئەوەیە: چالاکە یان سستە؟ زیرەکە یان هەڵەیە؟

– لە خواری و لە خواردنی ماڵی خەڵکدا زۆر چالاکە.

– ڕوخسەتم بدەرێ با من لە دادگەدا وەکیلت بم.

لەوەدوا زادیج جووەکەی بردە دادگاە، بەمجۆرە لەگەڵ "داوەران" هاتە گوفتار: "ئەی کۆڵەکەی عەرشی دادپەرستی... بەندە کە وەکیلی ئاغامم، داوای پێنجسەد مسقاڵ زیو لەم جوولەکەیە دەکەم، ئێستە ڕێگەی خواری گرتووە. نایەوێ بیداتەوە.

قازی گوتی: شاهیدت هەیە؟ زادیج گوتی: نەء، دوو شاهیدم هەبوون مردوون، بەڵام لە جێگەیەک تاشەبەردێکی گەورە و پان هەیە، مسقاڵە زیوەکان لەسەر ئەو بەردە ژمێرراون، ئەگەر دادگە ڕوخسەت بدات، ئەو تاشەبەردە بێتە ئێرە، ئومێدم وایە شایەتیم بۆ بدات، ئێستە ئێمە لێرە چاوەڕێ دەبین، هەتا ئەو بەردە دێتە ئێرە، بەندە چەند کەسێک ئەنێرم لەسەر حیسێبی ئاغام بیهێنن.

قازی گوتی: قەیناکا. ئەوسا کە قازی خەریک بوو تەماشای شکایەتی تر بکات.

ئێوارە داهات، ئیش خەلاس بوون، قازی بە زادیجی گوت: ئەرێ برا... بەردەکەت نەهات؟

جووە لە قاقای پێکەنینی دا و بەقازیی گوت: جەنابتان ئەتوانن هەتا بەیانی لێرە دانیشن، ئەو بەردە حازر نابێت، چونکە شەش میل لێرەوە دوورە، لە پازدە کەسیش کەمتر ناتوانن لە جێگەی خۆی ببزوێنن.

زادیج لە خۆشییاندا لە هەڵای دا و گوتی: نەمگوت: بەردەکە شاهیدیم بۆ ئەدات؟ مادام ئەم کابرایە جێگەی بەردەکە ئەزانێ ئەوەش ئەزانێ، کە مسقاڵە زیوەکانی لەسەر ئەو بەردە بۆ ژمێرراون.

جووەکە واقی وڕما، ناچار ڕاستیی گوت، قازییش دەستبەجێ فەرمانی دا: کە جوولەکەکە بەو تاشەبەردەوە ببەستنەوە، تا قەرزەکە ئەداتەوە، لەو ڕۆژەوە زادیجی "بەندە" و ئەو تاشەبەردە بوونەتە "چاکی" عەرەبستان!!.

## سووتاندن

### ١١

سیتوک ئەوەندە لە زادیجی بەندە ڕازی بوو، وەکو پادشای بابل کردیە دۆستێکی خۆشەویست، زادیجیش بەختیار بوو کە ئەم ئاغایەی ژنی نەهێناوە، وەهاش دیاربوو: کە سیتوک پیاوێکی ڕاستگۆیە، بیر و بەراوردی ڕێکە، حەز لە چاکە ئەکات، ڕاستیی زۆر پێ خۆشە.

بەڵام، ئەوەی دڵی زادیجی ناخۆش و تەنگ کردبوو، ئەم ئاینە بوو: سیتوک (وەکو هەموو عەرەبی ئەو زەمانە) مانگ و ڕۆژ و ئەستێرەی دەپەرست، مەبەس: لەشکری ئاسمان.

زادیج لە بابەت ئەو ئایینە بەرە بەرە، بەڕێگەی تاقیکردنەوە، جارجار لەگەڵ سیتوک ئەدوا، کە زانی کابرا تێ گەیشتووە، لەوانەیە قسەی ڕاستی لەگەڵ بکرێت، ڕۆژێ بەڕاستی پێی گوت:

– مانگ و ڕۆژ و ئەستێرەش وەکو مەخلووقاتی تر وەهان، پەرستنی ئەوانە و پەرستنی بەردێک وەکو یەک وایە.

سیتوک بەحوکمی پیشەی باب و باپیر گوتی:

– ئەستێرە و مانگ و ڕۆژ نەمرن، هەر بوون، هەر ئەبن، ئەوانە ژیان ئەبەخشن، چوار فەسڵی ساڵ دەگێڕن، لەگەڵ ئەوەش ئەوانە چونکە زۆر لە ئێمە دوورن ئەبێ تەقدیسیان بکەین، ئەبێ بیانپەرستین. زادیج گوتی:

– دەریای سوور "البحر الاحمر" سوودی لەوانە بۆ تۆ زۆرترە، چونکە ئەو دەریایە کوتاڵ و بازرگانیی تۆ ئەبا بۆ هیندستان، بۆچی وەکە ئەستێران ناپەرستی؟ ئەگەر لەبەر دووریی ئەستێران دەپەرستی، بۆچی شاری "جنجارید" ناپەرستی؟ ئەویش زۆر دوورە، کەوتووەتە ئەوپەڕی دنیاوە.

سیتوک گوتی:

– نەء، ئەستێرە و شاری جنجارید زۆر لێک جیاوازن: ئەستێرە ڕووناکن، ڕووناکی ئەبەخشن، ئەبێ بیانپەرستین.

ڕۆژ ئاوابوو، شەوی تاریک هات، زادیج لەناو خێوەتی دیوەخاندا چەند مۆم و چرای زۆر زەلام و زۆر بەشەوقی هەڵکردن، وەختێ ئاغای هات بۆ دیوەخان، لە بەرانبەری چراکان چۆکی دادا و گوتی: "ئەی ڕووناکیی بەهێز و نەمر، ئەی چرا شەوقدارەکان... هەر مرادێکی هەمە پێکی بێنە، ئارەزووم ڕەواکە".

لەوە پاش هاتە سەر سفرە، هیچ گوێی نەدا سیتوک، تەماشاشی نەکرد، سیتوک حەپەسا و پێی گوت:

– کوڕە ئەوە چیتە؟ چیت لێ قەوماوە؟ زادیج گوتی:

– منیش وەکو تۆ ئەم ڕووناکییە ئەپەرستم، گوێ نادەمە کەسێکی تر، واز لە خاوەنی ئەوانە و خاوەنی خۆشم دێنم، ئەبێ ئەم چرایانە بمپارێزن!!

ئەوساکە سیتوک لە مەبەستی تێ گەیشت، قسەی نەستەقی زادیجی لە ناوەڕاستی دڵی چەقی، وازی لە پەرستنی مەخلووقات هێنا، دەستی کرد بەپەرستنی ئەو کەسە، کە ئەوانەی دروست کردووە، هەر بووە، هەر ئەبێت.

لەو ڕۆژانەدا کە زادیج لە عەرەبستان بوو، ڕەوشتێکی زۆر پیس و ناشیرین لە عەرەبستاندا باوی ساندبوو، ئەو عادەتە پیسە لە "بەراهیمە"ی هیندستانەوە هات بۆ ناو عەرەب زۆری نەمابوو، هەموو دنیا داگیر بکات.

ئەو پیشەیە چی بوو؟ هەر پیاوێک بمردایە ئەبووایە ژنەکەی خۆی بسووتێنێ، هەتا بەپاکی بناسرێت، بۆ ئەو "سووتاندنە" زەماوەندێکی گەورە دەگەڕا پێیان ئەگوت: زەماوەندی "بێوەژن سووتاندن"، هەر عەشیرەتێک ژمارەی بێوەژنی سووتاوی زۆربایە ناوبانگی ڕەسەن و پەسندی لەناو عێلاتدا بڵاو دەبووەوە.

لە عەیامی بەندەگی زادیجدا، کابرایەکی عەرەب لە خزمەکانی سیتوک مرد، ژنێکی جوان و جحێڵی لە پاش بەجێ مابوو، ناوی "ئەلمونا" بوو.

ئەلمونای نازدار بڕیاری دا: کە ڕۆژی هەینی سەعات شەشی ئێوارە، خۆی ئەمرێنێ، لەسەر دەنگی تەپڵ و دەهۆڵ و زوڕنا، خۆی فڕێ ئەداتە ئاگرەوە، زادیج بەسیتوکی گوت:

– ئەم "سووتاندنە" پێشەکیی زۆر خراپ و ناشیرینە، بۆ کۆمەڵ و بۆ نیشتمان زیانی ئێجگار زۆرە، چونکە ئەو هەموو ژنانە کە ئاگر قووتیان ئەدات، شایانی ئەوەن، چەند منداڵ بەخێو بکەن، ئەو منداڵانە چەند پیاوێکی نیشتمانپەروەریان لێ هەڵدەکەوێ، زادیج وازی لە سیتوک نەهێنا هەتا باوەڕی کرد، بەڵام سیتوک لەگەڵ ئەم باوەڕەش گوتی:

– بەڵێ، ئەگەر بگونجێ ئەبێ ئەم پیشە تەرک بکرێت، بەڵام ئەوە هەزار و پێنجسەد ساڵە ژن ئەسووتێنرێن، کێمان ئەتوانێ پیشەیەک کە بەدرێژاییی زەمان بۆ تەدەین و ئاین ئێستە بیگۆڕێ؟ ئادەمیزاد وەهایە: ڕەوشتی پێشینان (هەرچەند پیس و خراپ بێت) بەپاکی دەزانێ، ئەیپەرستێ، کەوابوو ئەم پیشەیەش شایانی باوەڕ و پەرستنە، چونکە ئێجگار کۆنە، ئەوە میراتی باب و باپیرمانە، زادیج گوتی:

– خۆ دەزانی: ئەقڵ لەو پیشەیە کۆنترە، ئێستە تۆ لەگەڵ ڕیشسپیی عەشیرەت قسە بکە، منیش وا ئەچم دڵی ئەو بێوەژنە نازدارە ئەدەمەوە، زادیج خۆی گەیاندە "ئەلمونا"، بەم تەحرە لەگەڵیدا هاتە گفتوگۆ:

– ڕەنگبێ نەزانی: کە تۆ چەند جوان و جحێڵی؟ چەند ناسک و نازەنینی! بەمجۆرە گەلێک مەتح و سەنای جوانی بێوەژنی کرد لە پاشان پێی گوت: زۆر حەیف و مەخابنە ئەم بەدەنە ناسک و نازدارە ئاگر بیسووتێنێ، بۆ ئاگر بێت، بەڵێ، تۆ ئازا و بەغیرەتی، پێم وایە شووەکەی خۆت زۆر خۆش ئەویست لەبەر ئەوە خۆتی بۆ دەسووتێنی، بێوەژن گوتی:

– من؟ نەء، قەت ئەو مێردەم خۆش نەویستووە، ئەوەندە توندوتیژ و دڵپیس بوو باری هەڵنەدەگیرا، لەگەڵ ئەوەش بڕیارم داوە خۆم بسووتێنم. زادیج گوتی:

– ڕەنگبێ (سووتاندن) ئەوەندە خۆش بێ لە خۆشییاندا مانەندی نەبێ. خاتوونەکە گوتی:

– سووتان؟ باسی مەکە، چونکە بەڵایەکە هەر بەبیر لێکردنی ئینسان دێتە لەرزین، بەڵام چی بکەم؟ چارەم نییە. یان چی بکەم لە کارەساتێک چارەی نەبێ؟ من ژنێکی بەحەیا و ئابڕووم، نامەوێ ناوبانگم بەخراپی دەرچێت، یان لە ترسی ئاگر گاڵتەم پێ بکرێت. ئەوساکە زادیج گوتی:

– وادیارە: تۆ بۆیە خۆت دەسووتێنی هەتا خەڵک لێت ڕازی بێ، لەبەر لۆمەی خەڵکی خۆت دەمرێنی، ئەم بیرە نە ئابڕووە نە دینداریيە.

زادیج زۆری بەبەرا هەڵخوێند، وازی لێ نەهێنا هەتا ژیانی لە بەرچاوی شیرین کرد، با بڵێم وای لێ کرد، حەز ئەکات بۆ خاتری ئەو کەسە ئێستە قسەی لەگەڵ ئەکات نەسووتێ، حەز ئەکات بۆ خاتری ئەو پیاوە بمێنێ، چونکە زادیج لە ئاخریدا پێی گوت:

– چیت پێ خۆشە؟ ئەگەر لە سووتان ڕزگار بیت.

– ئاخ و داخ و هەزار حەسرەت بۆ ئەو ڕۆژە لەدەست سووتان ڕزگار بم، ئەگەر نەجاتم بوو لە تۆ داوا ئەکەم: بمخوازی، مارەم بکەی ژنی تۆ بم.

بەڵام زادیج خۆی لەم ئاواتە کەڕ کرد، چونکە ستارتیەی هەر لە بیر بوو، دڵی بەدڵداری پێوەند بوو.

ئەوساکە لەگەڵ شێخ و سەرۆکی خێڵ و عەشیرەت تێکۆشان، هەتا قانوونێکیان دانا، کە "نابێ هیچ بێوەژنێک خۆی بسووتێنێ بەر لەوە سەعاتێک لە جێگەیەکی خاڵی، لەگەڵ لاوێکی قۆز دانەنیشێ".

لەو ڕۆژەوە هیچ بێوەژنێکی عەرەب خۆی نەسووتاند، زادیج ئەو چاکەی لەگەڵ عەرەبستان کرد، ئەو پیشە پیسە کە چەند ساڵ بوو تەقدیس ئەکرا، بووبوو بەئاین، بەیەک ڕۆژ تەرک کرا، کردەوەی چاکی زادیج لە عەرەبستاندا دەنگی دایەوە.

## نانی شێوان

١٢

سیتوک بەجۆرێ وەگری زادیج بووبوو نەیئەتوانی لێی جیاواز بێتەوە، چونکە زانایی زادیج لە دڵی چەقیبوو، لەبەر ئەوە سیتوک جارێک زادیجی لەگەڵ خۆ بۆ بازاڕی بەسرە[1] برد، گەلێک بازرگانی

قورس و دەوڵەمەند، لە گشت شار و وڵات، لەو بازاڕەدا کۆ دەبوونەوە، لەبەر ئەوە زادیج دڵی زۆر بەو بازاڕە دەکرایەوە، چونکە خەڵکێکی زۆر لە هەموو ڕەنگ و پیشە و ئاین و زبان لەوێ کۆ دەبوونەوە، زادیج ئەیگوت: "عالەم هەمووی خێزانێکی گەورەیە لە بەسرە کۆ بوونەوە".

ڕۆژی دووەم لە هاتنیان بۆ بەسرە لەگەڵ کۆمەڵێ لە بازرگان (نانی شێوانیان) ئەخوارد، وا ڕێک کەوت لەو کۆمەڵەدا میسری و هیندی و جنجاریدی و کتانی و کلتی و چەند میللەتی تریش کۆ بووبوونەوە، ئەو میللەتانە چونکە زۆرجار هاتوچۆی "شط العرب"یان کردبوو، ئەوەندە فێری زبانی عەرەبی بووبوون، کە بەو زبانە قسە بکەن و لێکتری بگەن.

زادیج دیتی کابرایەکی میسری تووڕە بووبوو، ئەیگوت:

– وێران بێ بەسرە چەند شارێکی لەچەرە، بارمتەکی زۆر نایابم پێشان داوە، کەچی هیچ بەسرەییەک نییە هەزار مسقاڵ زێڕم بەقەرز بداتێ، سیتوک گوتی:

– چۆن چۆن؟ ئەو بارمتە نایابە چییە؟

کابرای میسری گوتی:

– ئەو بارمتە لاشەی پوورمە "عمتي"، ئەو پووری منە، لە هەموو ژنی میسر باشتر و بەحەیاتر بوو، هەموو وەختێ لەگەڵم دەگەڕا، ئەمجارە لە ڕێگەدا مرد، منیش هاتم: لاشەکەیم کردە "مۆمیا"، مۆمیای میسری کە مانەندی نییە، ئەگەر ئێستە لە میسردا بەبارمتەی دابنێم، هەرچەندێ داوا بکەم پێم ئەدەن، بزانە: لەوە عەجایبتر هەیە؟ من ئەم بارمتە عەنتیکە دائەنێم، کەچی بەهەزار مسقاڵ زێڕ ڕژدیم لەگەڵ ئەکەن، لەو عانەدا کابرا دەستی درێژ کرد، خەریک بوو: هەندێ گۆشت مریشک.

"موتەرجم م. ع. کوردی"

بخوات، بازرگانێکی هیندی دەستی گرت و پێی گوت:

– چی ئەکەی؟

کابرای خاوەن مۆمیا گوتی:

– ئەمەوێ تۆزێ لەم مریشکە کوڵاوە بخۆم. کابرای هیندی پێی گوت:

– ئەوە مەکە ئەم مریشکە مەخۆ، ڕەنگبێ گیانی پلکم چووبێتە بەر ئەم مریشکە، پێم وایە تۆ گۆشتی پلکت ناخۆیت، ئەوەش بزانە: کوڵاندنی مریشک بۆ سروشت "الطبيعة" سووکییەکی ناڕەوا و بێ پەروایە. میسرییەکە بەتووڕەییەوە گوتی:

– کوڕە چیتە لە قسەی مریشک و سروشت؟ ئێمە "گا" ئەپەرستین و گۆشتیشی ئەخۆین. کابرایەکی خەڵکی کەناری ڕووباری "جانج" هاتە جواب و گوتی:

– چۆن ئەبێ گا بپەرستن؟. کابرای میسری گوتی:

– شتێکی عاجبات نییە، ١٣٥ هەزار ساڵە ئێمە گا دەپەرستین، کەسیش ڕەخنەی لێ نەگرتووین.

کابرای هیندی گوتی: ١٣٥ هەزار ساڵ؟ ئەمە حیسێبێکی درۆیە، هیندستان تەنیا هەشتا هەزار ساڵە ئاوەدانە، لەگەڵ ئەویش ئێمە لە ئێوە کۆنترین، بەر لەوەی ئێوە گا بپەرستن و بیخۆن "براهما" خواردنی گۆشتی گای لە ئێمە حەرام کردووە.

کابرای میسری گوتی:

– کە تۆ باسی براهما ئەکەیت، دەیهێنییە ڕیزی "ئاپیس"، من پێکەنینم دێت، براهما چی کردووە؟ چە شتێکی باشی نیشانی خەڵک داوە؟

کابرای براهمی گوتی:

– براهما مرۆڤی فێری خوێندن و نووسین کردووە، ڕووی زەوی قەرزداری براهمایە، چونکە فێری یاریی "شترەنج"ی کردووە.

کابرایەکی کلدانی لەوێ دانیشتبوو گوتی:

– کوڕە درۆت کرد، تەنیا "یونس نەهەنگ" ئەو چاکەی لەگەڵ عالەم کردووە، ئەبێ هەموو کەس ئەوە بزانێ، ئەبێ هەموو کەسیش بیپەرستێ، چونکە هەموو عالەم ئەڵێ: "یونس نەهەنگ" لە ڕوحی خوا پەیدا بووە، کلکی زێڕ بووە، سەری ئینسان بووە، هەموو ڕۆژێ سێ سەعات لە ئاو دەهاتە دەرێ پەند و نەسیحەتی خەڵقی دائەدا، کوڕی زۆری هەبوون، هەموویان پادشای دنیا بوون، هەموو کەسێک ئەوە ئەزانێ، ئێستە من وێنەیەکی "یونس"م پێیە ئەیپەرستم، پەرستنی لام فەرزە، هەموو کەسێک ئەتوانێ چۆنی لا خۆش بێت گۆشتی "گا" بخوات، بەڵام بۆ کەس دروست نییە "ماسی" بکوڵێنێ، لەگەڵ ئەوەش ئێوە "میسری" میللەتێکی تازە خوڵقاون، بێ قەدر و بێ قیمەتن، چونکە ژمارەی ساڵی میسر تەنیا ١٣٥ هەزارە، هیندیش تەنیا هەشتا هەزار ساڵ ئەژمێرن، بەڵام ئێمە "کلدانی" "ساڵنامە"مان چوارسەد هەزار ساڵ ئەخوێنێتەوە، گوتیان لە من بێت، واز لە قسەپڕژاندن بێنن، من حازرم هەریەکەتان وێنەیەکی "یونس نەهەنگی" بدەن هەتا بیپەرستی، کابرایەکی "کومبالو"یی دانیشتبوو، گوتی:

– من بیروباوەڕم باشە: میسری، کلدانی، یۆنانی، براهمی، گائابیس، یونس نەهەنگ... هەموویان بەباش ئەزانم، بەڵام: نووری سروشت "ئەللی" و ئاسمانی باڵا "القیان" ئەوانە لە گا و لە نەهەنگ باشترن، بەرزتر و بەڕێزترن، هیچ باسی نیشتمانی خۆم ناکەم: لە میسر و وڵاتی کلدانیان لە هیندستان گەورەترە، لە کۆنیش نادوێم، چونکە بۆ ئامیزاد بەختیاری لە کۆنی چاکترە، ئەگەر ناچار لە ساڵنامە بدوێم، ئەڵێم: هەموو خەڵقی ئاسیا ساڵنامەیان لە ئێمە وەرگرتووە، ئێمە بەر لەوە کلدانی فێری ژمارە بن ساڵنامەمان دروست کردووە، لەم عانەدا کابرای یۆنانی قیژاندی: ئێوە هەمووتان نەزانن، بۆچی نازانن؟ "کاووس" نەژادی هەموو شتێکە، نازانن؟ "مادە و صورە" ئەم گەردوونەیان وەها داناوە، کابرای یۆنانی درێژەی دا بەوتار زۆری ڕست، بەڵام: کابرای "کلتی" شەرابی زۆر خواردبووەوە، وای ئەزانی: کە جەنابی لە هەموویان زاناترە، ئینجا قیژاندی و گوتی:

– بێجگە لە "گوڵ" و لە "بەڕوو" هیچ شتێکی تر شایانی پەرستن و پاکی نییە، من هەموو دەمێک گوڵێکم لە گیرفانایە، باب و باپیری من "سیتین" لەوان باشتر و خێرخواتر لەسەر زەوی نییە، ڕەنگبێ ئێمە هەندێ جار گۆشتی ئادەمیزادیش بخۆین، لەگەڵ ئەوەش ئەبێ هەموو عالەم قەدری ئێمە بگرێت، هەر کەسێک ئێستە ناوی گوڵ و بەڕوو بەخراپ بێنێ، نیشانی ئەدەم کە ئەبێ چۆن بژی!!!

هەرا و هوریا زۆر بوو، دوژمنایەتی تیژ بوو، سیتوک دیتی: زۆری نەماوە سفرەکەیان خوێناوی بێت، زادیج بێدەنگ دانیشتبوو، زانی: کە سیتوک حەز ئەکا زادیج لەم بابەتەوە بدوێت، بەڵکو ئەم عالەمە ئاشت دەکاتەوە.

زادیج هەستا پێ و ڕووی کردە کابرای "کلتی"، چونکە لە هەموویان تووڕەتر دیار بوو، زادیج پێی گوت:

– تۆ ڕاست دەکەی، هەندێ لە گوڵ و لە بەڕووم بدەرێ هەندێ مەتح و سەنای زمانلووسیی کابرای یۆنانیشی کرد، جۆرە توندوتیژیی خالقەکەی خاو کردەوە، لە پاشان ڕووی کردە هەموویان و گوتی:

– ئەی برادەرینە: لەسەر هیچ و خۆڕایی ئەتانەوێ شەڕ و دوژمنایەتی بخەنە ناو خۆتان، ئێوە هەمووتان لەسەر یەک فیکر و یەک ئاینن، لە هەموو لایەکەوە بوو بەهەرا:

– چۆن چۆن؟ چی ئەڵێی؟. زادیج گوتی:

– لەسەرخۆ بن. ڕووی کردە کابرای "سیتی" و پێی گوت: تۆ کە گوڵ و بەڕوو دەپەرستی، مەبەست ئەو کەسەیە، کە گوڵ و بەڕووی دروست کردووە. کابرای "سیتی" گوتی:

– بەڕاستی قسەکەت دروستە. لەوە پاش زادیج گوتی:

– ئەی کاکی میسری: تۆ گا ئەپەرستی، پێم وایە ئەو کەسەت زۆر لەلا گەورەیە، کە گای بۆ خوڵقاندووی، هەر ئەو کەسەش دەپەرستی. کابرای میسری گوتی:

– بەڵێ وایە. ئەوساکە زادیج بەکابرای کلدانی گوت:

– یونس نەهەنگ گەورەیە، بەڵام ئەبێ ملی خۆی بۆ ئەو کەسە کەچ بکات، کە دەریا و نەهەنگی دروست کردووە. کابرای کلدانی گوتی:

– ئەم بیرە بەرزەم زۆر پێ باشە. دووبارە زادیج گوتی:

– بێگومان کاکی هیندی و کاکی کاتی باوەڕ ئەکەن: کە ئەبێ لە پێش هەموو شتێکدا یەکێک هەبووبێ، لە وتاری بەنرخی کاکی یۆنانی تێ نەگەیشتم، بەڵام باوەڕم هەیە، کە کاکی یۆنانی ئەمە دەسەلمێنێ: ئەبێ هەر بوویێکی زۆر بەهێز کەرەستە و وێنەی "المادە والصورە" دروست کردبن. کابرای یۆنانی لە زانایی زادیج سەری سووڕما و گوتی:

– بەڕاستی زادیج لە ئاینی من باش تێ گەیشتووە. ئەنجا زادیج گوتی:

– کەوابوو ئێوە هەمووتان لەسەر یەک بیروباوەڕن، هیچ شتێکی واتان لە مابەیندا نییە، کە شایانی دوژمنایەتی بێت.

لە پاشی ئەم وتارە، ڕوویان کردە زادیج، دەستیان کردە ملی، هەموویان ئاشت بوونەوە، سیتوک کوتاڵی خۆی بەقازانجێکی باش فرۆشت، ئەوساکە لەگەڵ دۆستی خۆشەویستی گەڕایەوە بۆ ناو خزم و کەسوکاری.

بەڵام زادیج هەرکە گەیشتەوە بیستی: کە دادگە پاشملە حوکمی داوە: "دەبێ زادیج بەئاگرێکی نەرم و کز بسووتێنرێ".

## ژوان

## ١٣

لەو عانەدا کە زادیج لە بەسرە بوو، "کاهینی ئەستێران" قەراریان دابوو کە زادیج لەناوبەرن، تۆڵەی پووچکردنی "بێوەژن سووتاندنی" لێ بستێنن، چونکە هەر زێڕ و زیوێک، کە لە پاش بێوەژنی سووتاو بەجێ دەما، هەمووی ئەدرا بەکاهینی ئەستێران، زادیج لەم میراتەی بێبەش کردن.

کاهینەکان شکاتیان بردە بەر دادگە، زادیجیان تێوە پێچاند: کە باوەڕی بە"لەشکری ئاسمان" نییە، بیروباوەڕی لەبارەی ئەستێرانەوە خراپە، سوێندیان خوارد: کە لە زادیجیان بیستووە دەڵێ: "ئەستێرەی ئاسمان لە دەریا ئاوا نابن".

داوەرەکان "القضاە" لەم کفرە قەباحەتە هاتنە لەرزین، زۆری نەمابوو لە تووڕەییان بەرگی خۆیان دابدڕن، بەڵێ ئەگەر زانیبایان: زادیج ئەوەندەی ماڵ هەیە، کە بەرگی تازەی پێ بکڕن، هیچ جلکیان لەبەر خۆدا نەدەهێڵا، بەڵام لە خەفەتان بەم حوکمە وازیان لە زادیج هێنا: "دەبێ زادیج بەئاگرێکی نەرم و کز بسووتێنرێ". سیتوک لەم کارەساتە زۆر تێکچوو، بۆ ڕزگارکردنی دۆستی خۆشەویستی ئەوەی لە دەستی هات کردی، بەڵام بێ سوود بوو، چونکە بەزۆر بێدەنگیان کرد.

بێوەژنە جوانەکە "ئەلمونا" بەم ئیشەی زانی چاکەی زادیجی لە بەرچاوە، زادیج ژیانی لەلا شیرین کردووە، زادیج لە بەڵای سووتان ڕزگاری کردووە، ئەو بێوەژنە نازدارە بڕیاری دا زادیجیش وەکو خۆی لە سووتان، لە زەڵم و زەلالەتی ئاگر ڕزگار بکات.

ئەلمونا چی بکات؟ وەخت نەماوە، قەراریان داوە بەیانی زوو زادیج بسووتێنن، ئەبێ ئەمشەو نەهێڵێ ڕۆژ بێتەوە ڕزگاری بکات، جێبەجێ ئەم بیرەی بەمێشکدا هات، لای کەس قسەی نەکرد، گوێتان لێ بێت، ئەلمونا چە ڕێگە و شوێنێکی دانا؟

ئەلمونا چەند جوان و نازەنین بوو، دوو ئەوەندە خۆی جوان کرد: هات خۆی ڕازاندەوە، بەرگێکی ئاوریشمی تەنکی ڕەنگاوڕەنگی کردە بەر، عەتر و گوڵاوی بەخۆدا کرد، خۆی کردە بوتێکی سیحرئامێزی فتنە ئەنگێز.

ئەلونا خۆی کردە بووکێکی بێ مانەند، ئەوساکە داوای خەڵوەتی سەرۆکی کاهینی ئەستێرانی کرد، کاتێ وەکو بووکی تازە، وەکی پەریی بەهەشت، لە بەردەمی پیرەمێردی گەورە و گران ڕاوەستا و گوتی:

– ئەی نۆبەرەی هورچی پیر، ئەی برای کەڵەگاجووت، ئەی ئامۆزای گەماڵی زەبەلاح، "سەرۆکی کاهینی ئەستێران بەم جانەوەرانە ڕێزی لێ دەنرا، چونکە نیشانەی گەورەیی بوون". قوربان هاتووم ڕازی دڵی خۆمت پێ بڵێم:

زۆر ئەترسم گوناهبار بووبم، چونکە لە پاش مێردی خۆشەویستم خۆم نەسووتاند، نازانم: ئەم لاشە پیس و ناشیرین و پیرەم بۆچی هێڵاوە؟ بۆچی نەمسووتاند؟

ئەلونا دەپاڕایەوە، لەسەر خۆش دەست و بازووی دڵڕفینی لەناو سۆرانی دەرهێنا و گوتی:

– بنوارە: ئەم دەست و بازووە چییە؟ بۆچی نەمسووتاند؟ پیرەمێردی کاهین شتێکی وا جوانی نەدیبوو، هەردوو چاوی لە ئەلونا بڕین، دەمی کردەوە و گوتی:

– سوێند ئەخۆم: لە حەیاتی خۆمدا لەم دەست و بازووە جوانترم نەدیوە، لەمەش جوانتر نابێت. بێوەژنی نازدار گوتی:

– هەزار حەسرەت بۆ گوناهباریم، بەڵێ؟ با دەست و بازووم جوان و نازک و نازدار بن، بەڵام باوەڕ مەکە سینگ و بەرۆکم شایانی ئەوە بن لە ئاگر بیانپارێزم، هەر دەبێ بسووتێن.

لەگەڵ ئەم وتارە هات: جوانترین مەمکێک کە خوا دروستی کردبێ، دەری خست و نیشانی پیرەمێردی دا، چۆن مەمکێک بوو؟ بێنە دوگمەکی گوڵی سوور لەسەر سێوێکی سپی وەک عاج بچەسپێنە، لەو مەمک و گۆیە جوانتر نابێت.

ئەو سینگ و بەرۆکە کە لە بەیانیی بەهار خۆشتر بوو، ئەو دوو چاوە خومارە کە نەزاکەتیان لێ دەباری، ئەو دوو کوڵمەی سوور و سپی وەک ئەزعەوان و شیری ساف، ئەو جووتە لێوە ئاڵە کە سیحریان لێ دەباری، ئەو ددانە مورووارییانە کە لە لێوی دەریای عەرەب جوانتر بوون، ئەو دیمەنە شیرینە کاهینی پیری وەها لێ کرد، کە خۆی بەکوڕێکی بیست ساڵی پێشان دات، بەزمانێکی لاڵ، هاواری کرد:

– ئەلونا، ئەلونا گرفتارت بووم، خۆت مەسووتێنە، زێڕ و زیوی تۆم ناوێت، تۆ خۆت زێڕی... ئەلونا زانی: کە کابرای پیر بەجارێ خەرفا و سووتا، ڕێگەی بزر کرد، زانی ئێستە هەلی قسەیە، گوتی:

– قوربان لە زادیج خۆشبە، بێ گوناهە. پیرەمێرد گوتی:

– ئەی خاتوونە ناسک و نازدارەکەم، سەرم لە ڕێتە، بەڵام هەزار حەسرەت بۆ من، چونکە بەخشینی زادیج دەبێ سێ کاهینی تریش مۆری بکەن. ئەلونا گوتی:

– بەسەر چاوم، بەشەرتێ بەهای ئەم بەخشینە لوتف و کەرەمی تۆ بێت. ئەلونا گوتی:

– قوربان تۆ ئەوەندە ڕێزم لێ دەگری شەرمەسارم ئەکەی، کە ڕۆژ ئاوابوو، ئەستێرەی "شیت" هەڵات، تەشریف بفەرموو، لە هەیوانی سووری گوڵڕەنگ کەنیزەکی خۆت ئەبینی، هەرچی ئارەزووت بێ لە تەکیدا پێک دێنێ!!

ئەلونا ئیمزای بەخشینی زادیجی لەگەڵ خۆ بردە دەرەوە، پیرە کاهینی وەکو فێدار بەدەردی هەوا و هەوەس بەجێ هێشت، کابرای پیر لە بزووتنی هێزی ئەترسا، هات: خۆی حەمام لەمیش کرد، دەستی کرد بەشەراب خواردنەوە، شەرابی گوڵگونی پڕ لە عەتر و ڕێحانی زۆر خواردەوە، سەبر و قەراری نەما، چاوی خێل بوون، ئەوەندە چاوەنۆڕی ئەستێرەی شیت بکات.

ئەلونای ناسک بەدەن چوو بۆ لای کاهینی دووەم، ئەویش سوێندی بۆ خوارد: کە مانگ و ڕۆژ و ئەستێرەی ئاسمان، لە چاو ئاگری ڕوومەتی ئەلونا ساردن، ئەلونا داوای بەخشینی زادیجی لەویش کرد، ئەویش هەر بەو شەرتە ملکەچیی پێشان دا، ئەلونا "ژوانی" بەویش دا، کە هەڵاتنی ئەستێرەی "جنێب" هەنگاوی بەیەکتر شادبوونە.

لەوەدوا ڕووی کردە لای کاهینی سێیەم، لای کاهینی چوارەم، بۆ لای هەر کامیان دەچوو بەخشینی زادیجی پێ مۆر دەکردن، لە ئەستێرە بۆ ئەستێرە "ژوانی" پێ ئەدان.

لە دوای ئەوە ئیمزای هەر چوار کاهینی وەرگرت، چوو بۆ لای داوەران (القضاە)، تکای لێ کردن، کە تەشریف بکەن بۆ کۆشکی ئەلونا، چونکە فرمانێکی زۆر گەورە و گرانی هەیە.

وەختێ داوەرەکان حازر بوون، ئەلونا ناوی هەر چوار کاهینی نیشان دان، پێشی گوتن بڕوانن: ئێستە دەزانن: ئەم کاهینانە، بەچە قیمەتێک بەخشینی زادیجیان بەئەلونا فرۆشتووە؟

زۆری پێ نەچوو، شەو داهات، هەر کاهینێک لە وەختی ژوانی خۆیدا پەیدا بوو، هەر کامێکیان دەهاتە ژوورەوە واقی وڕ دەما، کە برادەرەکانی لە ماڵی ئەلونا ئەدیتن، نەخوازەڵا: دە دیتیان: داوەریش هەموویان دانیشتوون بەجارێ شەرمەسار بوون، عار و عەیبیان ئاشکرا بوون.

بەمجۆرە زادیج لە سووتان ڕزگار بوو، سیتوکیش بەڕا و هونەر و جوانیی ئەلونا شێت بوو، لە خۆی مارە کرد.

## هەڵپەڕین

١٤

وا ڕێک کەوت ئەبووایە لەو بەینەدا سیتوک بەبازرگانی بچێ بۆ جزیرەی "سەرەندیب"، بەڵام: وەکو هەموومان ئەیزانین یەکەم مانگی ژنهێنان "مانگی شەکراوە"، دڵی نەهات بەو زووە لە ژنە جوانەکەی دوور کەوێت، "ئەوەی بەخەیاڵا نەهات: کە ئەتوانێ هەتاهەتایە نەیبینێ"، ناچار تکای لە دۆستی خۆشەویستی کرد، کە لە جیاتیی سیتوک ئەم سەفەرە بکات.

زادیج لەبەر خۆیەوە گوتی: "سەد ئاخ و داخ: بۆچی دەبێ هەر لە سەفەردا بم؟ بۆچی دەبێ

بەدەستی خۆم، خۆم لە ستارتیە دوور خەمەوە؟ چارەم چییە؟ ئەبێ خزمەتی ئەو کەسە بکەم، کە چاکەی لەگەڵ کردووم".

ئەوەی گوت و بەدڵێکی غەمناک و بەچاوێکی نمناکەوە بۆ سەرەندیب ڕۆیشت.

زادیج زۆری پێ نەچوو: لە وڵاتی سەرەندیب ناوبانگی ڕۆیشت، مەنشوور بوو، کە پیاوێکی بلیمەت و زانایە، پیاوێکی زۆر تێ گەیشتووە، لە زانایيدا تاک و جیاوازە، هەکە وای لێ هات: بووە دەمڕاستی (الحکم) ناو بازرگانی قورسی ئەو شارە، بوو بەدۆستی زانا و حوکەمای سەرەندیب، بوو بەپرسپێکراوی عالەمی ئەو شارە، هەتا میللەت و حکوومەت ناسییان.

پادشای سەرەندیب ویستی زادیج ببینێ، گفتوگۆی لەگەڵ بکات، هەرکە پادشا چاوی بەزادیج کەوت جێبەجێ چووە دڵیەوە، زانی: کە پیاوێکی زانایە، وازی لێ نەهێنا، ئەمری کرد: کە ئەبێ زادیج دۆست و هاودەمی پادشا بێت.

زادیج بەوە تۆزێ دڵتەنگ بوو، شەو و ڕۆژ خەیاڵی بڵاو بوو، چونکە دۆستی و هاودەمی موبداری پادشای بابلی لە بیر ناچێتەوە، کەوا ئێستە نەگبەتی و دەربەدەریی ئەو خۆشەویستییە ئەکێشێ، لە دڵی خۆیدا ئەیگوت: "ئاخۆ ئەم دۆستییەش تووشی چە نەگبەتییەکم بکات".

لەگەڵ ئەوەش نەئەشیا لە چاکەی پاشا خۆی ڕزگار کات، چۆن لە لوتفی ئەم پاشایە مەمنوون نابێ؟: نابوسان شای سەرەندیب کوڕی نوساب، کوڕی نابسۆن، کوڕی سنبوسنایە، لە هەموو پادشایەکانی ئاسیا بەناوبانگترە، هەر کەسێ ئەیبینێ و قسەی لەگەڵ ئەکات، گرفتاری گفتولفتی ئەبێ، ئەنجا ئەبێ زادیج بەوە بنازێ کە بووەتە دۆستی ئەو پادشایە.

دەڵێن: چەندە "نابوسان شا" مەرد و سەخی بوو، مەئموور و کاربەدەستەکانی ئەوەندە دز و درۆزن و خراپ بوون. نەخوازەڵا: لەو عانەدا "خەزنەدارێکی" هەبوو زۆر دز و خایەن بوو، پاشاش ئەیزانی، بەڵام چی بکات؟ هەتا ئێستە چەند خەزنەداری گۆڕین، کەچی دەرامەدی خەزێنە لە زێڕ و لە زیو، هەر ئەکرێ بەدوو بەش، بەشی زۆری بۆ خەزنەدار و کاربەدەستانە.

نابوسان زادیجی لە دەردی دڵی خۆی تێ گەیاند و پێی گوت: "تۆ گەلێک زۆرزانی، ناتوانی خەزنەدارێکم بۆ پەیا کەی، دزیم لێ نەکات؟". زادیج گوتی:

– بەڵێ، بەجۆرێکی زۆر ئاسان ئەتوانم. خەزنەدارێکی پاک و ئەمینت بۆ پەیاکەم، پادشا لە خۆشییان چاوی زادیجی ماچ کرد و گوتی:

– ئەم ڕێگە ئاسانە چۆنە؟. زادیج گوتی:

– ئەوانەی گەرەکتە بیانکەی بەخەزنەدار بانگیان بکە بۆ "هەڵپەڕین"، هەر کامیان بەسووکی و چوستی هەڵپەڕی بیکە بەخەزنەدار، ئەو پیاوە پاک و ڕاست ئەبێت.

پادشا گوتی:

– تۆ گاڵتە ئەکەی، ڕێگەکەت زۆر سەیرە چۆن یەکێ کار سووک هەڵقونێ، سێپێیی چوست

بکات، لەلات وایە خەزنەدارێکی پاکداوێن ئەبێت؟. زادیج گوتی:

– بەڵێ. ئەوەی سووک هەڵپەڕی، ناڵێم خەزنەدارێکی زۆر زانایە، بەڵام دەزانم: لە هەموو کەس خاوێنترە.

پادشای سەرەندیب کە زانی: ئەم وتارە لە کونی دڵی زادیج دێتە دەرەوە، وای زانی: کە ئەو پیاوە بەکەشف و کەرامەت دەزانێ: کام پیاو بۆ خەزنەداری ئەگونجێ، لەبەر ئەوە زادیج گوتی:

– پاشام، وامەزانە من کەشف و کەرامەتم هەیە، کتێبی کەشف و (خرق العادا)تم موتالا کردوونە، لەو کتێبانە و لەوانەش کە ئەو کتێبەیان داناون دڵم ڕەش بووە، ئێستە ئەگەر پادشا ئەمر بکات، چەندە ئیمتیحانێک ڕێک ئەخەم، ئەوساکە دەزانن: ڕێگەی هەڵپەڕکێ هیچ فێڵ و خواری تێدا نییە.

نابوسان لەمە زیادتر سەری سووڕما، چۆن ئەبێ؟ بەهەڵپەڕین خەزنەدار بدۆزیتەوە، ئەگەر زادیج داوای (علم الغیب)ی بکردایە، لەلای پادشا ئاسانتر بوو، لەخۆوە گوتی:

– باشە، ئەوە تۆ و ئیمتیحان، چۆنت ئەوێ ڕێکی بخە.

زادیج گوتی:

– پاشام وازم لێ بێنە، چی ئەکەم با بیکەم، بێگومان لەم تاقیکردنەوە قازانجێک ئەکەی بەبیرتدا نایەت.

هەر ئەو ڕۆژە، بەناوی پادشا، زادیج جاڕی ڕایەشت، ئەم ئیعلانەی بڵاو کردەوە: "نابوسانی کوڕی نوسناب، پادشای سەرەندیب خەزنەدارێکی پێویستە، هەر کەسێ لە خۆی ڕادەبینێ یەکەم ڕۆژی مانگی "تمساح" کەراسێکی ئاوریشمی تەنک بکاتە بەر و بێت بۆ کۆشکی پادشا".

لەو ڕۆژەدا شەست و چوار کەس خۆیان دیار کرد، بۆ ئیمتیحان هاتنە کۆشکی پادشا، لە ژووری چاوەڕێ دانران. لە ژوورێکی تریشدا پێویستیی هەڵپەڕکێ لە جۆقی مۆسیقا و لە گۆرانیبێژی دەنگخۆش دانران. لە مابەینی ژووری ئینتیزار و ئۆدەی هەڵپەڕیندا، دالانێکی تەنگ و تاریک و درێژ هەبوو، لەو ڕاڕەوەدا پارەیەکی زۆر لە زێڕ و لە زیو لەسەر عەردی ڕێگە تاریکەکە ڕاخرابوو، دەرگەوانیش تەنبێ کرابوو، کە ئەوانەی هاتوون بۆ ئیمتیحان یەکە یەکە لە ژووری ئینتیزارەوە بیانبات بۆ ژووری هەڵپەڕکێ، بەو شەرتە چەند دەقیقەیێک، هەریەکە کە تێپەڕ ئەبێت، با بەتەنیا بمێنێ، کەسی لەگەڵ نەبێ، بەمجۆرە هەر شەست و چوار کەسە یەکە یەکە لەو دالانە تاریکەوە بەتەنیا چوونە ژووری هەڵپەڕین.

وەختێ پادشا ئەمری هەڵپەڕینی دا، قەت هیچ کەسێک چۆپیکەری وەکو ئەوانەی مست و تەنبەڵ نەدیبوو، سەری خۆیان داخستبوو، پشتیان کووڕ کردبووەوە، دەستیان خستبووە ناو گیرفانەوە، بزانە چۆن هەڵئەپەڕین؟

زادیج لەسەرخۆ دەیگوت: "پەککوو، چەند دز و خایەنن"، تەنیا یەکێکیان تێدا بوو بەچوستی و

سەربڵندی، دڵنیا، قەدوباڵا ڕاست، بەختیار هەڵئەپەڕی. زادیج ئەیگوت: "ئەوەیان پیاوێکی زۆر مەرد و زۆر پاکە".

نابوسان ئەو کابرایەی خۆش هەڵپەڕی کردە خەزنەدار، ئەمریشی دا ئەوانی تر هەموویان جەریمە بکرێن، ماڵێکی زۆریان لێ بستێنرێت، چونکە هەریەکە لەوانە، لەو کاتەدا کە لە داڵانەوە تێپەڕی بوو گیرفانی لە زێڕ و زیو پڕ کردبوو، هەتا قورس بووبوو، بۆیە نەیدەتوانی بەسووکی و سەربڵندی هەڵپەڕێ.

لەگەڵ ئەوەش نابوسان خەفەتی زۆری بۆ ڕەوشت و خووی خراپی ئادەمیزاد خوارد، چونکە دیتی، لە شەست و چوار کەسدا شەست و سێیان دزن، لەو ڕۆژەشەوە ئەو داڵانەیان ناو نا: "ڕاڕەوی فریو".

ئەگەر ئەو دزییە لە وڵاتی "فارس"دا ڕووی دابا، ئەو دزانە تووشی عەزیەتێکی زۆر گران ئەکران، ئەگەر لە وڵاتێکی تردا بکرایە سێ چەندانی ماڵی دزراو لە دادگەدا پارە سەرف ئەکرا، پارەی خەزێنەش نەدەدرایەوە، لە هەندێ شاری تردا ئەو دزانە دەیانتوانی باش ڕێگەی خۆیان پاک بکەنەوە، هەموو سووچ و تاوانێک بخەنە ئەستۆی کابرای پاکی خۆشهەڵپەڕ.

بەڵام لە سەرەندیبدا حوکمی ئەو دزانە هەر ئەوە بوو، کە خەزێنەی حکوومەت پڕ کەنەوە، چونکە نابوسان پادشایەکی بەحلم و لەسەرخۆ بوو.

نابوسان ویستی چاکەی زادیج بداتەوە، هات زێڕ و زیوێکی زۆری باربوو کرد، لەو پارەیە کە لە خەزێنەی پادشا دزرابوو زۆرتری دایە، ئەو بەرات و خەڵاتە بۆ زادیج سوودی زۆر بوو، چونکە دەستی ڕۆیشت کە پیاوێک بنێرێ بۆ بابل باس و خواسی ستارتیەی بۆ بزانێ.

لەو کاتەدا کە زادیج ئەمری دا پیاوەکە بچێ بۆ بابل لەرزی هاتێ، دەنگ لە قوڕگیدا گیرا، خوێنی لەشی گەڕاوە بۆ دڵی، چاوی تاریک بوون، زۆر نەما گیانی دەرچێ.

پیاوەکە سواری کەشتی بوو، زادیجیش بەدڵێکی گەرم و پڕ لە سۆز، گەڕاوە بۆ کۆشکی نابوسان، وەختێ لە سووچێک دانیشت لە بێهۆشیی خۆی وای زانی: کە ئێستە تەنیایە، بەبێ ئیختیار، بەدەنگێکی بەرز گوتی: "ئاخ، دڵداری".

نابوسان وای زانی: مەبەسی زادیج لەوێیە، گوتی:

- بەڵێ، دڵداری "ئاخ بۆ دڵداری!"، هەر دڵدارییە کە منی هەراسان کردووە، وا ئێستە زانیت: بۆچی غەمگینم؟ ئەی زادیج، تۆ پیاوێکی زۆرزانی، تکات لێ دەکەم، چۆن خەزنەدارێکی پاک و ئەمینت بۆ دۆزیمەوە، بەوجۆرەش ژنێکی ڕاست و پاکم بۆ پەیدا بکە.

زادیج هاتەوە هۆش، بیری نابوسانی نەگۆڕی، پەیمانی بەپادشا دا: چۆن یارمەتیی کردووە بۆ کۆکردنەوەی زێڕ و زیو وەهاش لە بابەت دڵداری یاریدەی بدات، هەرچەند ئەیزانی، کە ڕێگەی دڵداری زۆر سەخت و گرانە.

## چاوی کاڵ

### ١٥

نابوسان شا بەزادیجی گوت:

– "بەدەن و دڵ".

کابرای بابلی نەیتوانی بێدەنگ بێت و قسەکەی نابوسان نەبڕێ، دەستبەجێ گوتی:

– زۆر سوپاست ئەکەم، کە نەتفەرموو: "مێشک و دڵ"، ئێمە لە شاری بابلدا هەموو دەمێ ئەم دوو وشانەمان لەسەر زمانە: "مێشک و دڵ"، ئەو کتێبەی داناوە لە مێشک و دڵ بەشدار نییە، فەرموو پاشام وتەکەت تەواو بکە.

نابوسان گوتی:

– بەدەن و دڵم بۆ دڵداری خوڵقاون، بەدەنم تێروتەسەلە، ئێستە لە کۆشک و سەرای مندا، بۆ لەزەتی من سەد ژن دانراون، هەموویان ناسک و نازەنینن، هەموویان فەرمانبەری منن، گشتیان بەئارەزووی من دێن و دەچن، ئەگەر نەڵێم: هەموویان دڵداری منن، ئەتوانم بڵێم: بۆ ڕەزای من دڵداری پێشان ئەدەن، بەڵام دڵم لە بەختیاری زۆر دوورە، چونکە وا ئەزانم: ئەو ژنانە هەموویان هەواخواهی پادشای سەرەندیبن، هیچ کامیان دڵداری شەخسیی نابوسان نین.

مەبەستم ئەوە نییە، کە ئەو ژنانە بێ مەرج و گوناهبارن، بەڵام ئاواتم ئەوەیە: ژنێک بدۆزمەوە کە بەدڵ و گیان دڵدار و فیداکاری نابوسان بێت، ئەگەر ئەو گەنجە نایابەم بەدەست کەوێت، ئەو سەد ژنە جوان و نازدارانەی لە پێناودا بەخت ئەکەم، ئێستە پێم بڵێ: ئاخۆ ئەتوانی لەناو ئەو سەد پەری ڕووانە کە لە کۆشکی نابوساندان، یەکێ بدۆزییەوە کە بەدڵ و گیان دڵداری نابوسان بێت؟.

زادیج دیسان گوتی:

– پاشام لێم گەڕێ ئیشێک بکەم، ئیزنم بدە بەئارەزووی خۆم زێڕ و زیوی ناو "دالانەکە" بەکار بێنم، لەوەدوا حیسابم لەگەڵ بکەن، ناهێڵم مانقرێکت بفەوتێ.

نابوسان گوتی:

– ئەوە تۆ و کۆشک و ژن و پارە، چی ئەکەی بیکە.

زادیج هات: لە خەڵکی سەرەندیب ٣٣ کەسی شەل و کوێر و پیس و پۆخڵی هەڵبژاردن، لە دەستوپێ و نۆکەری پاشاش ٣٣ لاوی قۆزی هەڵبژاردن، ٣٣ کاهینی زمانلووسی مل ئەستووریشی هەڵبژارد.

زادیج ئەو ٩٩ کەسەی تێ گەیاند: کە ئێوە ئەتوانن سەربەخۆ، بێ ترس و لەرز بچنە کۆشک و سەرای پادشا، هەریەکەتان ژنێک لەو سەد ژنە بۆ خۆی ڕازی بکات، بەدیداری شاد بێت. بەهەر

شــەل و كــوێرێكیش چوار هەزار دیناری بەخـشی، هەتا بتـوانێ بەزەبری پارە ژنێک بۆ خـۆی هەڵفریوێنێ.

ئێـوارەی یەكـەم ڕۆژ نەهات هەتا شـەل و كـوێر هەمـوویان بەختـیـار بوون، بەئارەزووی خـۆیان گەیشتن، بەڵام لاوە قۆز چونكە پارەیان نەبوو، لە پاشی دوو ڕۆژ ئەنجا توانییان: كە هەریەكە ژنێک بۆ خـۆیان پەیدا كـەن، قـەشـەكان هـەرچەند عـەزیـەتی زۆریان كێـشـا، لە ئاخریدا ٣٣ ژنی دیندار خۆیان تەسلیم كردن.

نابوسـان لە دەلاقـەیەكەوە ئەینۆڕییـە ناو كـۆشک و سـەرا و باڵەخانەی ژنەكانی، تەماشـای ئەم ئیمتیـحانەی ئەكرد، بەچاوی خـۆی دیتی ٩٩ لە ژنەكانی خاوەنشكۆ وازیان لە نامـووسی خـۆیان هێنا، هەریەكە لەگەڵ پیاوێک پێک هاتن.

دیتی: تەنیا كـچێكی ناسک و نازدار و تەڕ و تازە مـایەوە، نابوسـان هەتا ئـەو ڕۆژە دەخلی ئەو كچەی نەكردبوو. دیتی: چەند شـەل و كوێرێک چوونە لای ئەو كچە كە فریوی بدەن، بیست هەزار دینـاریشــیـان لە بـەردەمی دانا، كـە بەزۆری پارە تەفـرەی بدەن، لەگـەڵ ئەوەش نامـووسی خـۆی پاراست و بەشەل و كوێرەكانیش زۆر پێ كەنی.

لە دوای ئەوانە دوو لاوی ئێـجگار قـۆز و جوان چوونە لای كیـژەكە، بـەوانی گـوت: "لای من وایە، نابوسـان لە ئێوە جـوانتـرە"، لە دوای لاوەكان قـەشـەیەكی زمانلـووسیش لەگەڵ قـەشـەیەكی ملقـەوی هـاتنە لای، ئەو كـەنیـشـكە بەكـابرای زمـانلووسی گـوت: "تۆ پیـاوێكی زۆر لەوچە و چەنـەبازی"، بەكابرای ملئەستووریشی گوت: "تۆ زۆر لە گاجووتێكی ملئەستوور ئەكەی"، هەمیسـان كـچەكە گـوتی: "دڵ یەكێكە نابێ بەدوو، بۆ مـاڵی دنیـا خـۆم بەشــەل و كوێر نافرۆشم، حـەزیش لە هەتیـو مەتیوی كۆڵانان، لە قەشـەی ملئەستوور و زمـانلووس ناكەم، دڵم داوە بەنابوسـانی كوڕی نوسناب، هەر چاوەڕێی ئەو ڕۆژەم كە ئەویش دڵداری من بێت".

نابوسان: بەچارەی شـاد بوو، وەكو گوڵ گەشایەوە، كانیی دڵی كرایەوە، چەند زێڕ و زیوی دابوو بەشـەل و كوێران دوو ئەوەندەی خـەڵاتی ئـەو كیـژە ناسک و نازدارە كرد، سـەرەڕای ئەوەش كردیە قەڕاڵیچەی وڵاتی سەرەندیب.

بەڵێ، ئەو كــیــژە شـــایانی خــەڵات و بەرات بـوو، چونكە لە هـیچ بـاغـێكدا گــوڵـی وا جــوان نەپشكوتبوو، لەناو حۆر و پەرییاندا دڵڕفێنی وەها نەدیترابوو.

ناڵێم: ئەو كچە شارەزای وێڵ و ڕەوشت و كاروباری شـاهانە بوو، بەڵام لە چۆپیدا وەک نەمـامی تەڕ و تازە دەلەرییـەوە، وەک بلبلی بەهار ئاوازی خـۆش بوو، لە جوانیشـدا "عەشـتـرۆتی" بابل بوو، لەگەڵ ئەوەش زیرەک و بەئەدەب بوو، سـەرەڕای ئەوەش نابوسـانی زۆر خۆش ئـەویست، نابوسـانیش وەک بت ئەیپەرست.

بەڵام سـەد حـەیف، ئەو قـەڕاڵیچـە جوانە "چاوەكـانی كاڵ" بوون، ئەو چاوە كاڵ و جـوانە بوون

بەهۆی نەگبەتییەکی گەورە:

دەمێک بوو لە وڵاتی سەرەندیب ئەم قانوونە دانرابوو:

"نابێ پادشای سەرەندیب گرفتار و دڵداری ژنێکی چاوکاڵ بێت".

چونکە بەر لە پێنج هەزار ساڵ سەرۆکی کاهینان حەزی لە ژنێکی پادشای سەرەندیب کردبوو، ئەو ژنە چاوی کاڵ بوو، ئینجا بۆ ئەوەی پادشا واز لەو ژنە بێنێ هەتا قەشەی پیر بۆ خۆی بەرێت، ئەو قانوونەی دانابوو، لەوە پاش کرابوو بەمادەیەکی قانوونیی ئەساسیی سەرەندیب.

کاربەدەستی حکوومەت و پیاوماقووڵی شار هەموویان چوونە لای نابوسان، هەتا بزانن: بۆچی دڵداری ژنێکی چاوکاڵە؟ ئەم ئیشە هۆی نەگبەتیی وڵاتە.

لە هەموو لایەکەوە بوو بەدەنگوباس: کە پادشا ژنێکی چاوکاڵی هەیە، زۆری نەماوە وڵات وێران بێت، دنیا پڕ بووە لە شەڕوشۆڕ، زەوی و ئاسمان هاتوونە لەرزین، چونکە نابوسانی کوڕی نوسناب ئاشقی دوو چاوی کاڵ بووە، بەجارێ وڵاتی سەرەندیب پڕ بوو لە هاوار و فیغان و شەل و کوێر و کۆم و کاهین و سەوزەژن.

خەڵقی شیمالی جەزیرەی سەرەندیب هەموویان عەشیرەتی خێڵەکی و کێوی و نەزان بوون، هەرکە بیستیان: قەشە و کاهین و شەل و کوێر لە پادشا بێزارن، وڵات تۆزێ شێواوە، ئەوەیان بەهەل زانی، هاتن بەجارێ هێرشیان کردە سەر وڵاتی نابوسانی خێرخوا، دەستیان کرد بەتاڵان و بڕۆ، شەڕ هەڵگیرسا.

نابوسان داوای هەندێ ماڵی لە کاهینە دەوڵەمەندەکان کرد، هەتا بتوانێ لەشکرێکی باش ڕێک بخات، بەڵام ئەوان لە باتیی ئەوە دەست بەگەنج و گیرفانیاندا بکەن، بەدوعا و نوێژ دەستیان بەرەو ئاسمان بەرز کردەوە، وازیان لە وڵات و لە پادشا هێنا، هەرچی ئەقەومێ با بقەومێ. ئەوساکە نابوسان شا بەزادیجی گوت:

– ئەی خۆشەویستم ئەتوانی لەم تەنگوچەڵەمەشم ڕزگار کەی؟ زادیج گوتی:

– بەڵێ، ئەمرەکەی، ئێستە وا ئەکەم کاهینە لەچەرەکان خۆیان بەدەستی خۆیان، بەدەخیل و ئەمان، ماڵ و دەوڵەتیان پێشکێشی پادشا بکەن. نابوسان گوتی:

– چۆن؟ چۆن؟. زادیج گوتی:

– پادشام، تۆ وەرە ئێستە تەنیا مودافەعەی مڵک و ماڵ و کۆشک و سەرای خۆت بکە، واز بێنە با ئەو عەشائیرە کە هێرشیان هێناوە ڕوو بکەنە مڵک و ماڵ و زەویوزاری ئەو لەچەرانە، با تاڵانیان بکەن.

نابوسان بەڕا و تەدبیری زادیج کەوتە ڕێ، ئەوساکە کاهین و دەوڵەمەندی لەچەر بەپاڕانەوە و لالانەوە هاتنە لای نابوسان، تکایان لێ کرد: کە لە بەڵای تاڵان و بڕۆ ڕزگاریان بکات. نابوسانیش (وەکی ئەوان) دەستی کرد بەدوعا و گوتی: "ئەی ئاسمان تکات لێ دەکەم: کە ماڵ و مڵکی ئەوانە

لە تالان و برۆ بپارێزی".

ئەو وەختە ناچار هەر ماڵێک پادشا داوای کردبوو تەقدیمیان کرد، پادشاش لەشکرێکی گەورەی ڕێک خست، بەئارەزووی خۆی جڵەوگیریی عەشیرەتی کرد، چۆنی ویست شەڕەکەی بەئەنجام هێنا.

شەڕ نەما، وڵات ئارامی گرت، بەڵام ئەو ڕا و تەدبیرە کە زادیج کردی، هەرچەند سەرکەوتنی نابوسانی تێدا بوو، بوو بەهۆی نەگبەتییەکی سەخت بۆ زادیج، چونکە وەزیر و پیاوماقووڵی حکومەت لێی بوون بەدوژمن، کاهین و سەوزەژن سوێندیان خوارد، کە بەفەتارەتی بدەن، شەل و کوێر و کۆم و دەوڵەمەندی لەچەر سوێندخوار بوون، کە ژیانی پێ تاڵ بکەن، ئەوانە وازیان نەهێنا هەتا دڵی نابوسانیان لە زادیج ڕەنجاند، ئەوەندەیان دووزمانی لێ کرد، هەتا پادشا دڵی پیس کرد، لە زادیج کەوتە شکەوە.

زەردەشت فەرموویەتی: "چاکەی پیاو لە دەرەوە چاوەڕێیە گومان و دڵپیسی دەچێتە ژوورەوە".

هەر ڕۆژە تاوانێکیان بۆ زادیج دروست ئەکرد، پێشینان گوتوویانە: "یەکەم تاوان لائەبەیت، دووەم تاوان ڕێت دەخشێ، سێیەم تاوان بریندارت دەکا، چوارەم تاوان ئەتکوژێ".

زادیج کە تێفکری ترسی لێ پەیدا بوو، زانی: ئیتر بەئاسوودەیی ناژیێ، ماڵ و کوتاڵی سیتوکی فرۆشتبوو، قازانجێکی باشی کردبوو، بڕیاری دا: کە لە سەرەندیب بارکات، قەراری ئەوەشی دا، کە خۆی هەوڵ بدات هەتا شتێک لە ستارتیە بزانێ، لەگەڵ ئەوەش لەبەر خۆیەوە ئەیگوت:

"لە سەرەندیب دانیشتم، قەشە و شەل و کوێر تووشی شەڕێکم دەکەن، بۆ کوێ بچم؟ لە میسر ئەمکەن بەبەندە، ئەچمەوە عەرەبستان دەمسووتێنن، لە بابل لە قەنارەم ئەدەن، هەرچۆنیش بێت ئەبێ بەڕاستی بزانم: ستارتیە چی بەسەر هاتووە، با بڕۆم بزانم: قەزاوقەدەر چی بۆم هەڵگرتووە؟.

## جەردە

### ١٦

لە سنووری "بەترا" و "سووریا" زادیج تووشی قەڵاتێکی سەخت و گەورە بوو، لە پڕێکدا هەندێ عەرەبی پرچەک دەست بە شیر و ڕم، لە قەڵاتەکە دەرپەڕین، بەهێرش هاتن دەورەی زادیجیان دا، تێکڕا تێیان خوڕی: "مەڕۆ کەلوپەلت بۆ ئێمە، سەریشت بۆ میر".

بەڵام: وەرامی زادیج و پیاوەکەی شمشێر کێشان بوو، یەکەم وەلام کە لێیان هاتە پێشەوە کوژرا، ئەوساکە بەجارێ دە پازدە کەس هێرشیان هێنایە سەر ئەو دوو ڕێبوارە، هەرچەندە زادیج و خزمەتکارەکەی بڕیاریان دابوو هەتا مردن شەڕ بکەن، بەڵام ڕاستە بەرانبەرەکی دوو نەفەر لەگەڵ لەشکرێک، لەگەڵ کۆمەڵێک زۆر درێژ نابێ.

سەرۆکی جەردەکان وەها بڵێین: میری ڕێگران ناوی "ئەربوجاد" بوو، کابرا لە پەنجەرەوە چاوی

لەم شەڕە بوو، کە زانی: ئەو ڕێبوارە ئەوەندە ئازا و بەغیرەتە، دڵی پەڕییە سەری، بەپەلەپەل لە قەڵاتی هاتە خوارەوە، دەستبەجێ بڵاوەی بەجەردەکان کرد، ئەوساکە ڕووی کردە زادیج و گوتی: "هەر شتێک لەم عەردەوە تێپەڕ بێت، هی منە، هەر شتێکیش لە هەر کوێ تووشی بم، هەمیسان هی منە، بەڵام چونکە تۆ مەردێکی جەنگی و ئازای، وا سەختیی ئەم قانوونەم لەسەر تۆ لابرد".

لەوە دوا زادیجی لەگەڵ خۆی بردە قەڵاکەوە، ئەمری بەپیاوەکانی کرد، کە خزمەتی باشی بکەن، شەویش لەگەڵ خۆی لەسەر سفرە و خوانی دانا.

ئەربوجاد: لە عەرەبی چۆڵپەرست بوو (البدو) پیشەی دزی و ڕێگری بوو، لەگەڵ خراپەی زۆر و بێ شوماری جارجار چاکەی ئەکرد، دزێکی بەتەماح و ماڵ خۆشەویست بوو، بەخشندەیەکی مەرد و بدەش بوو، لە شەڕ و سیلاحشۆڕیشدا زۆر ئازا و نەبەرد بوو، تێکەڵی و هاودەمیشی خۆش بوو، حەزیشی لە کەیف و ئاهەنگ و داوێنپیسی ئەکرد، لە گفتوگۆدا زیندوو و وریا بوو، دڵ و زمانیشی یەک بوون. لە کاتی خواردن و خواردنەوەی دوور و درێژ، دەنگوباسێکی بەتام و بەوێڵی لەگەڵ زادیج کرد.

ئەربوجاد: زادیجی زۆر بەدڵا چووبوو، بۆیە پێی گوت:

– وایە باش ئەزانم. تۆ بێیتە ناو لەشکری من، ئەم ڕەوشتەی ئێمە بۆ تۆ لە هەموو ئیشێکی تر چاترە، چونکە ئەم ئیشە سووکی و زیانی تێدا نییە، ئومێدیشم وایە کە تۆش ڕۆژێک وەکو من سەرکەوی و بگەیتە ئەندازەی من، ئەوە شتێکە لە پیاوی ئازا دوور نییە. زادیج گوتی:

– ڕەوا ئەبینی، کە لێت بپرسم چەند ساڵە خەریکی ئەم ئیشی مەردانەی؟. ئەربوجاد گوتی:

– لەو ڕۆژەوە خۆم ناسیوە ئەوە پیشەمە، بەڵێ بەر لەوەی دەست بەدزی و جەردەیی بکەم، من نۆکەر و ڕەنجبەری پیاوێکی عەرەب بووم، هەرچەند ئاغاکەم زۆر مەرد و بەهونەر بوو، من زۆر قینم لە حاڵ و گوزەرانی خۆم بوو، ئێجگاریش دڵم لەوە تەنگ بووبوو، "کە لەسەر ڕووی ئەم زەوییە پان و بەرینەدا، بەشێکم نییە، هەمووی هی خەڵکییە، منیش یان بەزۆر یان بەکرێ ئیش ئەکەم".

ڕۆژێک دەردی دڵی خۆمم بۆ کابرایەکی عەرەبی ساڵدیتە ئاشکرا کرد، ئەویش پێمی گوت: کوڕم نائومێد مەبە، بزانە ئەو گەوهەرە شەوچراغە، کە ئێستە تاجی قەڕاڵی هیندی ڕازاندووەتەوە، وە شەوقی هێناوە، لە پێشدا دەنکە زیخێکی هیچ و پووچ بووە، ئەو دەنکە زیخە گەلێ جار هەناسەی ساردی هەڵئەکێشا: کە بۆچی وەها بێ بەهایە، بەڵام بەسەبر و تەحەمول بوو بەو گەوهەری پادشایە و چووە سەر تەوقی سەری.

گوتەی کابرای پیرم چووە دڵەوە، تەئسیری زۆر تێ کردم، گوتم: منیش ئێستە دەنکە زیخێکم ئەبێ ڕۆژێک ببم بەگەوهەر، هاتم: دەستم کرد بەدزی، یەکەم جار دوو ئەسپم دزی. لەوە دوا هاواڵ و هاوپیشەم پەیدا کردن، توانیمان هەندێ کاروانی بچووک ڕووت کەینەوە، خۆمم لە هاوڕێیەکانم بەرز و جیاواز نەگرت، وا ئێستە بەشی خۆم لەزەت لە دنیا وەرئەگرم، ئومێدیشم وایە دوو چەندانی

بێبەشی و هەژاریی کۆنم تێری و تەسەلیم دەست کەوێت، ناوبانگم بڵاو بووەتەوە، پێم ئەڵێن: میر، میری جەردە و ڕێگران.

ئەم قەڵاتەم بەزەبروزەنگ داگیر کردووە، پاشای سووریا ویستی ئەم قەڵاتەم لێ بستێنێ، بەڵام ئەوەندە دەستئەستوور و دەوڵەمەند بووم لێی ناترسم، دەوروپشتی خۆمم هەموو داگیر کردووە، وڵاتێکی زۆرم لەژێر دەستدایە.

جارێک شاهەنشا فەرمانی دامێ، کە باجی "بەترا"ی بۆ بستێنم، خەرج و باجێکی زۆرم کۆ کردەوە، بەڵام یەک چەرخیم بەشاهەنشا نەگەیاند.

موبداری پادشای بابل، وەزیرێکی نارده سەرم، کە لە قەنارەم بدات، ئەو وەزیرە هات، فەرمانی خنکاندنی منی هێنابوو، وەزیر هەموو شتێکی ئەزانی، من هاتم ئەو چوار کەسەی کە لەگەڵ وەزیر هاتبوون، لە بەردەمی ئەوا لە قەنارەم دان، لەوەدوا بەوەزیرەکەم گوت:

– تۆ لە خنکاندنی من چیت دەست ئەکەوێ؟. وەزیر گوتی:

– سێسەد دینارم دەست ئەکەوێت. منیش پێم گوت:

– تۆ ئەتوانی لەگەڵ من دوو ئەوەندە پەیدا کەیت، وا ئێستا بووەتە دز و ڕێگرێکی زۆر باش، لە هەموو پیاوەکانی من ئازاترە، تۆش بەگوێم بکەی ئەتوانی وەک ئەو وەزیرە پێ بگەی و سەرکەوی.

بۆ دزی و جەردەیی قەت وەختی وەک ئێستە باش هەڵناکەوێ، چونکە موبدار کوژراوە. زادیج گوتی:

– ڕاستە موبدار کوژراوە؟ ئەی پێم بڵێ قەراڵیچەی بابل "ستارتیە" چی بەسەر هاتووە؟.

ئەربوجاد گوتی:

– نازانم، هەر ئەوەندە ئەزانم موبدار شێت بووبوو، لە پاشان کوژرا، بابل ئێستە جێگەی شەڕ و خراپەیە، چونکە حکومەتی بابل تێک چووە، ئێستە کاتی خۆدەرخستنە، من ئیشێکی وام کردووە ناوم بڕوات، عالەم سەری لێم سووڕ بمێنێ.

زادیج گوتی: تکات لێ دەکەم، پێم بڵێ لە قەراڵیچە ستارتیە چی ئەزانی؟

ئەربوجاد گوتی:

– پێتم گوت: نازانم، هەمیسان پێت ئەڵێم ئەگەر ستارتیە لە شەڕدا نەکوژرابێ ئێستە لەناو کەنیزەکی میری ئۆکرانیادا ئەدۆزرێتەوە، ئەوەشم لەلا یەقین نییە، چونکە من لە شەڕدا هەر خەمی تاڵان و ماڵ ئەخۆم، باکم لە باس و خواس نییە، لە تاڵان و بڕۆدا چەند ژنم بە دیل گرتوون، هەمووم فرۆشتوون، ژنی جوان بەپارەی زۆر ئەفرۆشم، ناپرسم ئەوە کێیە؟ کێ نییە؟ چونکە هیچ کەسێک ئەسڵ و فەسڵ ناکرێت، قەراڵیچەی ناشیرین کڕیاری دەست ناکەوێ، نازانم ڕەنگبێ ستارتیەم فرۆشتبێت، یان ئێستە مردووە، باکم لە شتی وا نییە، بۆ تۆش وا باشە گوێ بەم شتانە نەدەی.

زادیج هەرچەندی کرد ڕاستییەکی لە ئەربوجاد دەست نەکەوت.

لەبەر غەمی گران و خەفەتی زۆر مات و بێدەنگ دانیشت. ئەربوجادیش هەر ئەیخوارد و ئەیخواردەوە، هەر قسەی ئەکرد و نەیدەبڕییەوە، هەتا گوتی: "من ئێستە لە هەموو کەس بەختیارترم، تۆش ئەتوانی وەکو من خۆت بەختیار کەیت".

لەوە دوا شەراب مەستی کرد و نواندی، پرخەی خەوی خۆش و ئاسوودەیی دەستی پێ کرد.

بەڵام زادیج بەدرێژاییی ئەو شەوە لەبەر دڵتەنگی و پەشێوی خەوی لێ نەکەوت، لەبەر خۆیەوە بەکزی و داماوی ئەیگوت: "چی بووە؟ چی ڕووی داوە؟ موبدار شێت بوو و کوژرا، داخی بەجەرگم، حکوومەتی بابل تێک چوو، بەڵام ئەم کابرای جەردە بەختیارە، دەک فەلەک کوێربی، قەزاوقەدەر کۆستت کەوێ، بۆچی دزێک بەختیارە؟ جوانترین وێنەیەکیش کە سروشت کێشاویەتی، یان بەمردنێکی زۆر بەمەینەت مردووە، یان ئێستە ژیانێکی لە مردن ناخۆشتری بۆ نووسراوە، ئەی ستارتیە چی بەسەرهات؟.

وەختێ بەیانی بەردا، ڕۆژ هەڵات هەر کەسێ لەو قەڵاتەدا تووشی دەبوو، ئەم باس و خواسەی لەگەڵ ئەکرد، بەڵام هەریەکە خەریکی کاروباری خۆی بوو، کەس جوابی زادیجی نەدایەوە، چونکی ئەو شەوە تاڵان و ماڵێکی زۆریان هێنابوو، خەریک بوون دابەشی بکەن، زادیج هەر ئەوەی پێ کرا ئیزنی لە ئەربوجاد خواست کە بڕوات.

دەستبەجێ سەرتاپای خۆی گۆڕی، لەو قەڵاتە باری کرد، بەدڵێکی تەنگ و بیرێکی شێواو ڕێگەوبانی دایە بەر، فیکر و زمانیشی پابەندی ئەم شتانە بوو: "ستارتیەی بێکەس، پاشای بابل، دۆستی خۆشەویست کادور، جەردەی بەختیار ئەربوجاد، ئەو ژنە سەرکێشە کە چوار بابلی لە سنووری میسر ڕفاندیان، ئەو هەموو قەزا و بەڵایە کە تووشی دێت".

## ڕاوکەر

١٧

لە مەودای چەند قۆناغێک، دوور لە قەڵاتی ئەربوجاد زادیج گەیشتە سەر ڕووبارێک، لەوێ دانیشت کە بحەسێتەوە، لە بەدبەختی و ئاوارەیی خۆی کوڵی گریانی هەستا، وەهای بەدڵا هات کە زادیج لەم دنیایەدا وێنەی بەدبەختییە.

لەبەر پەشێوی سەری داخستبوو، لاڵانەوەیەکی هاتە گوێ، سەری هەڵبڕی، دیتی چەند هەنگاوێک دوور لە زادیج ڕاوکەرێک لە کەناری ڕووبارەکە ڕاکشاوە، زۆر بەسستی و دەست شلی شەداوێکی ڕاگرتووە، هیچ لەوە ناکا کە بیخاتە ناو ئاو، دیتی کابرای ڕاوکەر چاوی لە ئاسمان بڕیوە و ئەڵێ:

"من لە هەموو کەس بەدبەختترم، هیچ شک لەوەدا نییە، خۆزگەم بەو ڕۆژە، کە لە بابل پەنیرم ئەفرۆشت، یەکەم دەرهێنەری پەنیر من بووم، کەچی لە ناکاو ماڵم وێران بوو، ژنم لە جوانیدا

دەستەگوڵی ژنان بوو، ئەویش خیانەتی لەگەڵم کرد، تەنیا خانوویەکی تەنگم بۆ مایەوە، ئەویش لە بەرچاوم وێران و تالان کرا، وا ئێستە ئاوارەم، پەنام بەم کوختە هێناوە، بێجگە لە ڕاوەماسی ڕێگەی نان پەیداکردن نازانم، هەتا ئێستە ماسییەکیشم نەگرتووە. ئەی شەداوەکە ئیتر فرێت نادەمە ناو ئاو، وا بڕیارم دا خۆم بخەمە ئەم گێژاوە".

کابرای ڕاوکەر ئەوەی گوت و بەگوڕ هەستایە پێ، وەکو یەکێ کە بیەوێ پایان بەژیانی خۆی بدات.

زادیج گوێی و چاوی لای کابرا بوون، بەخەیاڵیدا هات: ئەمە چییە؟ چۆن ئەبێ یەکێ هەبێ بەقەد زادیج بەدبەخت بێت؟ چۆن بەگورجی ئەمەی بەخەیالا هات، وەهاش بەچوستی بۆ ڕزگارکردنی کابرا ڕاپەڕی و ڕێی کرد، دەستبەجێ مەچەکی گرت، بەزمانێکی نەرم و شیرین لاواندییەوە، دڵخۆشیی دایەوە.

"ئەڵێن: ئەگەر دوو بەدبەخت گەیشتنە یەکتری، باری غەمیان تۆزێ سووک ئەبێت، وەکو چۆن ئەگەر هەژار تەنیا نەبێ، دڵی زۆر بەخۆ نامێنێ.

بەڵێ وایە، وەکی زەردەشت فەرموویەتی: مەبەس ئەوە نییە، دوو بەدبەخت ڕێگەی بەختیاری ئەدۆزنەوە، مەبەس ئەوەیە: دوو هاودەرد هۆگری یەکترن، چونکە ئادەمیزاد لە سروشتیدا کەمەندکێشی هاومەینەتی خۆیەتی، دیسان بەدبەخت دڵی بەبەدبەخت ئەکرێتەوە، چونکە کەیفخۆشی بەختیار بۆ بەبەدبەخت سووکی و ئیهانەیە، بەلام دوو بەدبەخت، کە تووشی یەکتر هاتن، گۆیا دوو دەوەنی بچووکن پاڵیان بەیەکەوە داوە، هەتا بای سەرسەر و سەخت نەیانشکێنێ".

ئەنجا زادیج بەڕاوکەری گوت:

– بۆچی وا بەدبەختی سواری شانت بووە؟. کابرا گوتی:

– چونکە ڕێگەی ڕزگاری نادۆزمەوە، من لە گوندی "دیرلپاک"دا، کە لە قەراغ شاری بابلە، لە هەموو خەڵقی تر پایەبەرزتر بووم، ئەو پەنیرە کە من و ژنەکەم دروستمان ئەکرد، لە گشت پەنیری ولاتی بابل چاتر و خۆشتر بوو، قەراڵیچە ستارتیە و وەزیری بەناوبانگ زادیج، پەنیری منیان ئێجگار لەلا پەسند بوو، جارێک شەشسەد سەلکە پەنیرم بۆ کۆشکی ستارتیە و کۆشکی زادیج ناردبوو، ڕۆژێک بۆ پارەی پەنیرەکەم ڕووم کردە شار، گەیشتمە بابل و نەگەیشتم، بیستم ستارتیە و زادیج هەردووکیان بزرن، بەڕاکردن چووم بۆ کۆشکی زادیج، زادیجم قەت نەدیبوو، لە ناکاو دیتم قوماندارێک بەلەشکرەوە فەرمانی پاشای هێناوە، خەریکن کۆشک و باڵەخانەی زادیج تالان و وێران ئەکەن، چاوم لێوە بوو قەسرەکەیان تەرت و تونار کرد، وازم لەوێ هێنا، بەڕاکردن ڕۆیشتم بۆ کۆشکی ستارتیە، چێشتکەر و خزمەتکار گوتیان ستارتیە مردووە، هەندێ گوتیان وا لە زینداندایە، هەندێ تریش گوتیان ڕەنگبێ ڕای کردبێ، بەلام هەموویان پێمیان گوت پارەی پەنیرت نادرێتێ.

شێواوی لە بابلدا پەیدا بوو، ناچار خۆم و ژنەکەم چووین بۆ لای "میر ئۆرکان، ئەویش مامڵەتی من بوو، تکام لێ کرد، کە لەم هەرا و هوریایەدا بمانحەوێنێتەوە.

ژنەکەم لە پەنیرە نەگبەتییەکەم سپیتر بوو، ئەرغەوانی شاری "صور" لە سوور و سپیی ژنەکەم جوانتر نەبوو، لەبەر ئەوە ئۆرکان ژنەکەمی داگیر کرد، منیشی دەرکرد.

منیش هاتم بەدڵێکی غەمناک و بەگیانێکی پڕ لە جەخارەوە قاقەزێکم بۆ ژنە خۆشەویستەکەم نارد، هەموو دەردی دڵی غەمبارم تێدا نووسیبوو، کەچی ژنەکەم بەقاسیدەکەی گوتبوو "من خاوەنی ئەم نامەیەم نەدیوە، بەڵام ناوم بیستووە، ئەڵێن پەنیرێکی نایاب دروست ئەکات، پێی بڵێ با هەندێ لەو پەنیرەمان بۆ بێنێ، پارەی ئەدرێتێ".

وەختی نەگبەت بەجارێ وەتەنگی هێنام، پەنام بردە بەر دادگە، بێجگە لە شەش مسقاڵ زێڕ هیچم نەمابوو، دوو مسقاڵم دا بەپسپۆڕێکی قانوونزان، دووشم پێشەکی دانە موحامییەک، دووشم دانە دەرگەوانی قازی، بەر لەوەی بنوارنە شکایەتەکەم هیچم نەما، ناچار گەڕامەوە بۆ دێیەکەمان بەشکم خانووەکەم بفرۆشم ژنەکەم بکڕمەوە.

خانووەکەم لەوەبەر بەشەست مسقاڵ زێڕ قەبڵابوو، بەڵام خەڵقی گوندەکەمان کە زانییان لەبەر هەژاری ئەیفرۆشم یەکەم کڕیار "٣٠" مسقاڵی دامێ، دووەم کڕیار بیست، سێیەم دە، بەو حاڵەش بەفرۆشتنی ڕازی بووم، کەچی لە ناکاو میر ئۆرکان بەلەشکرەوە هێرشی هێنایە سەر بابل و دەوروپشتی بابل، مەملەکەتی هەموو وێران کرد، خانووەکەی منیش تاڵان کرا، لەوە دوا ئاگری تێ بەردرا.

ماڵ و ژن و خانووم نەما، ئاوارە بووم، وا ئێستە پەنام بەم جێگەیە هێناوە کە دەمبینی، ویستم بەڕاوەماسیی خۆم بژیم، بەڵام ئێستە ماسییش وەکو ئادەمیزاد پێم پێ دەکەنێ، هەتا ئێستە ماسییەکم نەگرتووە، وەختە برسییەتی بمکوژێ، ئەگەر مەردایەتی و دڵنەوازیی تۆ نەبووایە ئێستە لەم ڕووبارەدا خنکابووم، لە جیاتیی ئەوە من ماسی بخۆم، ماسی منیان ئەخوارد.

کابرای ڕاوکەر پێی نەکرا ئەم چیرۆکە بەزنجیرە و بەتەواوی بگێڕێتەوە، چونکە زادیج لە تاوی دەردی دڵی خۆی دەمێ نەدەمێ قسەی ڕاوکەری دەبڕی و لێی ئەپرسی:

– ها چی بووە؟ قەڕاڵیچە چی بەسەر هاتووە؟. کابراش جوابی ئەدایەوە:

– میرم نازانم، هەر ئەوەندە ئەزانم زادیج و ستارتیە پارەی پەنیریان نەدامێ، ژنەکەمیان داگیر کرد، ئێستە بەجارێ نائومێدم. زادیج پێی گوت:

– وا مەزانە ماڵەکەت هەمووی ئەفەوتێ، گوێم لە گەلێ کەس بووە، کە باسی زادیج ئەکەن ئەڵێن، پیاوێکی مەرد و بەغیرەتە، ئەگەر هاتەوە بابل وەکو خۆی بەتەمایە لەوەت زۆرتر ئەداتێ، کە تۆ داوای لێ ئەکەی، بەڵام واز لە ژنەکەت بێنە، وا دیارە ژنێکی بێ وەفایە بەگوێی من بکە، ژنێکی تر بێنە باوەڕیشت بەمن بێت هەستە بگەڕێوە بۆ بابل، وا منیش ئەڕۆم بۆ ئەوێ، من لە پێش تۆدا

ئەگەمە شار، چونکە من سوارم و تۆ پیادەی. نازانم ئەگەر تۆ بەر بەمن گەیشتیتە شار پیاوێکی بەناوبانگی لێیە ناوی "کادور"ـە، بچۆرە لای ئەو پیاوە پێی بڵێ لە ڕێگەیێکدا تووشی دۆستێکی تۆ بووم. ئەنجا لەوێ چاوەڕێم بە هەتا دێم. هەستە بڕۆ، ئومێدم وایە نەگبەت نەتگرێت.

زادیج بەزمان وەهای دڵخۆشیی کابرا ئەدایەوە، لە دڵی خۆشیدا ئەیگوت: "ئەی ئورمزدای گەورە و گران! تۆ منت بۆ دڵنەوازیی ئەم پیاوە هەنارد، ئەی کێ بۆ سەرخۆشی و دڵنەوازیی من ئەنێری؟".

زادیج هات نیوەی ئەو زێڕ و زیوە، کە لە عەرەبستان هێنا بووی بەکابرای ڕاوکەری دا، کابرا لە خۆشییان حەپەسا، دەست و پێی زادیجی ماچ کرد و گوتی: "گومانم لەوەدا نییە، کە تۆ فریشتەیەکی بۆ ڕزگارکردنی من نێرراوی".

زادیج پارەی ئەژمارد و هەندێ پرسیاریشی لە کابرا ئەکرد، لەگەڵ پرسیار فرمێسکی ئەهاتە خوارێ، کابرای ڕاوکەر سەری لەوە سووڕما، گوتی:

– گەورەم چیتە؟ لەگەڵ ئەم گشت پیاوەتی و مەردایەتییە چۆن ئەگونجێ تۆ بەدبەخت بیت؟.

زادیج جوابی دایەوە:

– من سەدجار لە تۆ بەدبەختترم. کابرا گوتی:

– چۆن ئەبێ ئەوەی ئەبەخشێ لەوەی وەرئەگرێ بەدبەختتر بێت؟. زادیج گوتی:

– برام نەگبەتیی تۆ هەمووی هەژاری و نەبوونییە، بەڵام نەگبەتیی من وا لە دڵدایە. کابرا گوتی:

– ئەبێ میر ئۆرکان ژنی تۆشی داگیر کردبێت.

ئەم قسەی دواییی کابرا برینی دڵی زادیجی کولاندەوە، ئەوەندەی چاو لێک نێی و هەڵێنی هەر قەزا و بەڵایەک تووشی هاتبوو، هاتەوە بیری، یەک لە دوای یەک ژماردنی لە دێڵەسەگی ستارتیەوە هەتا گەیشتە قەڵاتی ئەربوجاد، ئەنجا بەکابرای گوت:

– بزانە میر ئۆرکان، کە شایانی جەور و عەزابە، وا ئێستە لە هەموو کەس بەختیارترە، هەرچۆنێ بێت تۆ ئێستە گیر مەبە، بڕۆ بگەرە کۆشکی کادور، لەوێ چاوەڕێم بە منیش دێم بۆ بابل.

لەوە دوا لێک دابڕان، کابرای ڕاوکەر ئەڕۆیشت و سوپاسی بەخت و دەوڵەتی خۆی ئەکرد، زادیجیش تف و لەعنەتی بۆ نەگبەتیی خۆی ئەنارد.

## باسلیک

١٨

لەو سەفەرەدا زادیج گەیشتە مێرگێکی سەوز و جوان، دیتی لەناو مێرگەکەدا چەند ژنێک ئەسووڕێنەوە وەکو لە شتێک بگەڕێن، بەڵێ لە شتێک ئەگەڕێن زۆر بەوردیش ئەگەڕێن، دێن و دەچن و ورد ئەڕوانن، زادیج لە یەکێکیان نزیک بووەوە بەئەدەب لێی پرسی:

– ئەڕ خاتوون ناتوانم بەیاریدەتان شەرەفیاب ببم؟. ژنە سوورییاییەکە جوابی دایەوە:

– ئاگەدار بە شتی وا نەکەی، ئەو شتە ئێمە بۆی ئەگەڕێین بێجگە لە ژن نابێ کەسی تر دەستی لێ بدات. زادیج گوتی:

– بەڕاستی ئەمە شتێکی سەیرە ئەبێ ئەوە چۆن شتێ بێت بەغەیرەژن کەسی تر دەستی لێ نەدات؟. ژنەکە گوتی:

– ئەو شتە باسلیکە. زادیج گوتی:

– بەڵێ بەڵێ باسلیک، باسلیکتان بۆ چییە؟ بۆچی بۆی ئەگەڕێن؟. سوورییاییەکە گوتی:

– باسلیکمان بۆ ئاغای گەورەمان میر ئۆجوڵ پێ لازمە، بنواڕە لە پایانی ئەم مێرگە و لە ڕۆخی ڕووبارەکەدا کۆشکێکی گەورە دیارە، ئەوە کۆشکی میر ئۆجوڵە، ئێمە هەموومان کەنیزەکی ئەوین.

بەینێکە میر تووشی دەردێک هاتووە، دوکتۆرەکەی ڕاپۆری داوە "کە باسلیکی بەگوڵاو کوڵاو دەرمانی ئەو دەردەیە".

باسلیکیش جانەوەرێکی زۆر نایابە، بێجگە لە ژن خۆی بەدەست کەسەوە نادات.

ئەنجا میر ئۆجوڵ ئەمری داوە، هەر کەنیزەکێک باسلیک پەیدا بکات، ئەو کەنیزەکە مارە ئەکات و ئەبێ بە ژنی میر و ئەبێ بەکابانی ماڵ. ئەنجا وازم لێ بێنە با بگەڕێم، ئەزانی چەندم پێ ناخۆشە؟ چیم بەسەر دێت؟ ئەگەر یەکێ تر لەو ژنانە باسلیک بدۆزێتەوە.

زادیج وازی لەو ژنە و هاواڵەکانی هێنا، با بگەڕێن بۆ باسلیک. لەناو مێرگەکەوە ڕۆیشت، هەتا گەیشتە کەناری ڕووبارەکە لەوێ تووشی خاتوونێکی تر بوو، ئەو خاتوونە بەرەو ڕووبار دانیشتبوو قەد و باڵایەکی بۆشناغی هەبوو، ڕووپۆشی بەسەر سەریدا هاتبووە خوارەوە، دەموچاوی داپۆشیبوو، پەیاپەی هەناسەی ساردی هەڵئەکێشا و چیلکەکەیشی لە دەستدا بوو وەها دیاربوو، کە بەو چیلکەیە لەسەر زیخ شتێک ئەنووسێ. سەودایی تێگەیشتن پاڵی بەزادیجەوە نا، لە خاتوونەکە نزیک بووەوە، هەتا بزانێ ئەو ژنە چی لەسەر زیخ ئەنووسێ؟ یان وێنەی چی ئەکێشێ. لێی نزیک بووەوە، لەسەر زیخ چاوی بەم تیپانە کەوت: "ز، ا، د" بەبێ ئیختیار مچوڕکێکی پێدا هات. وەختێ بەچاکی وردبووەوە دیتی وشەی "زادیج" بەتەواوی نووسراوە، بەجارێک حەپەسا، وەها حەپەسا ساعەتێک مات و بێدەنگ ما، نووزەی لێوە نەهات، لەوە دوا بەدەنگێکی کڕ و نووساو و پچڕپچڕ، بەدەنگێکی مات و غەمگین گوتی:

– ئەی خاتوونی بەرز و بەڕێز! لەم غەریبە ئاوارە و نائومێدە ببوورە، ئەگەر لێت بپرسێ ناوی زادیج لێرە چی ئەکا؟ بۆچی نووسراوە؟ لەمە حەپەساوم.

خاتوونەکە کە ئەو دەنگ و وتانەی هاتنە گوێ، بەدەستێکی لەرزۆک ڕووپۆشی لادا و هەردوو چاوی بڕییە زادیج، لە ناکاو بەدەنگێکی بەرز ناڵەیێکی لێوە هات "ئەتوانین بڵێین سەدای دڵداری بۆ دەنگی دایەوە، قریوەی شادی و خۆشی بوو زرینگایەوە، هاواری حەپەسان بوو چریکەی هات".

سۆزی دڵداری، حەپەسانی ناکاوی شادیی پێک گەیشتن ئەوانە هەموویان کۆ بوونەوە، بەجارێ هێزیان لە خاتوونەکە بڕی، خۆی بۆ نەگیرا، لە باوەشی زادیجدا بێ هۆش کەوت.

ئەو خاتوونە ستارتیە بوو، قەراڵیچەی بابل بوو، ئەو خاتوونە بوو، کە زادیج دەیپەرست، لۆمەی خۆشی ئەکرد، کە بۆچی ئەیپەرستێ، ئەو ژنە بوو ئەوەندەی زادیج بۆی ئەگریا ئەوەندەش لێی دەترسا.

زادیج ڕاما، ئاگای لە دنیا بڕا، هەردوو چاوی بڕیبوونە دوو چاوی ستارتیە ئاخۆ کەی ئەکرێنەوە؟

دیتی ئەو دوو چاوە کاڵانە لەسەرخۆ، بەشێوەی شەرم و دڵداری، بەرە بەرە کرانەوە. ئەو کاتە زادیج چریکاندی: "ئەی هێزی بوزورگەواری نەمر! ئەی خاوەنی سەرئەنجامی گێتی! ئەرێ ڕاستە ستارتیەت بۆ من ناردووە؟ کەی؟ لە کوێ ئەیبینم؟ بەه بەه لەم نەزاکەتە کە ئەیبینم!!".

زادیج ئەوەی گوت و هەستا، لە بەردەمی ستارتیە چۆکی دادا، زەویی ژێر پێی ستارتیەی ماچ کرد و دەموچاوی لە خۆڵ وەردان.

ستارتیە بەدەستی خۆی هەڵی ساند لەسەر کەناری ڕووبار لە تەنیشت خۆیەوە داینا، ستارتیە بەوە ڕانەدەگەیشت فرمێسکی خۆی بسڕێتەوە، چەند جار چاوی دەسڕینەوە بۆ ئەوەی وشکیان کاتەوە، بەڵام بارانی فرمێسکی ناچار تەڕی دەکردنەوە.

هەر قسەیەک کە ئەیکرد ناڵین و گریان چەند جار بێدەنگی ئەکرد، قسەکەی ئەبڕی، ناچار دووپاتی ئەکردەوە، بەشادی و بەشێواوی لە زادیجی دەپرسی، ئەوە چە ڕێکەوتێ بوو ئێمەی لێرە کۆ کردەوە؟

نەیئەهێلا زادیج جوابی بداتەوە، پرسیارێکی تری لێ دەکرد، دەستی پێ دەکرد، کە چیرۆکی دەرد و بەڵای خۆی بۆ زادیج بگێڕێتەوە، لە ناکاو ئەیبڕی و بەزادیجی ئەگوت، تۆ چیرۆکی قەزا و بەڵای خۆتم بۆ بگێڕەوە.

لە پاش بەینێکی درێژ توانییان جڵەوگیری شێواوی و حەپەسان بکەن و بێنەوە سەرخۆ. زادیج هەر بەڵایەک بەسەریدا هاتبوو بەکورتی بۆ ستارتیەی گێڕایەوە، ئەوساکە بەزمانێکی نەرم و بەدەنگێکی پڕ لە سۆز گوتی:

– ئەی ئاوارەی خۆشەویستم، ئەمە چە ڕێککەوتێکە لەم جێگە چۆڵەدا لە بەرگی کەنیزەکاندا، لەگەڵ ئەو ژنانە کە بۆ باسلیک ئەگەڕێن ئەتبینم؟ لێرە چی ئەکەی؟ چۆن کەوتوویتە ئێرە؟. ستارتیەی نازەنین گوتی:

– وا وازم لەم ژنانە هێنا با بگەڕێن بۆ باسلیک، وەرە هەتا ئەم دەقیقەیە، کە بەدیدارت شادم چەند قەزا و بەڵام بەسەردا هاتووە بۆت بگێڕمەوە.

– خۆت زانیت، کە مێردم موبدار شا، نەیویست کە تۆ لای من لە هەموو کەس خۆشەویستتر

بێت، لەبەر ئەوە شەوێک بڕیاری دا، کە تۆ بخنکێنێ و منیش دەرمانداو بکات، زانیشت کە یەزدانی پاک چۆن کابرای قەزەمی کەڕولاڵی تەسخیر کرد، کە فەرمانی شەهریار بەمن بگەیەنێ، تۆ هەر ئەو شەوە بەئەمری من بەزۆری دۆستی بەوەفات "کادور" بۆ ممفیس ڕات کرد، هەر ئەو شەوەش لە ناکاو لە دەرگەیەکی شوێنەون کادور هاتە کۆشکی من زۆر بەچوستی و مەردانە منی ڕفاند، بردمی بۆ "بوتخانەی ئورمزدا"، پیری موغان، کە برای کادور بوو منی شاردەوە لە کوێ؟. لەناو هەڵولای بوتێکی زەلامدا شاردمیەوە پایەی ئەو بوتە گەورە لە بناغەی بوتخانەوە دروست کرابوو، تەوقەسەریشی گەیشتبووە بنمیچی بوتخانەکە، لەناو زگی ئەو بوتەدا وەکو نێژراو مامەوە، بەلام کاهینی پیر خزمەتێکی باشی ئەکردم، ئەتوانم بڵێم لە هیچم کەم نەبوو.

با بێینە سەر باسی پێشوو:

ئەو شەوە بەر لە بەیانی ئەجزاچی شەهریار چووبوو بۆ باڵەخانەی من شەرابێکی پڕ لە ژەهر و بەنگ و تریاک، شەرابێکی گورگخنکێنی بۆم هێنابوو، کاربەدەستێکی تریش لەگەڵ تەنافێکی ئاوریشمی شین، چوو بۆ کۆشکی تۆ، بەلام ئورمزدا وەهای یارمەتی کردبوو، نە من، نە تۆ لە جێگەی خۆمان نەمابووین.

سەرلەبەیانی، کادور چوو بۆ لای موبدار، گەلێک گلەیی لە من و لە تۆ کردبوو، پێشی گوتبوو: زادیج بۆ هیندستان چووە، ستارتیەش ڕێگەی میسری داوەتە بەر، ئەنجا پیاویان بەشوێن هەردووکماندا ناردبوو.

ئەوانەی بەشوێن مندا هاتبوون، منیان نەدەناسی، چونکە نەیاندیتبووم، بێجگە لە وێنەی من هیچیان لە دەستدا نەبوو، ئەوانە لە سنووری میسردا تووشی ژنێک هاتبوون، کە قەد و بالای لە من ئەکات "ڕەنگبێ لە منیش جوانتر بێت" ئەبینن ئەو ژنە وێڵ و گرین و سەرگەردانە، وەها تێ گەیشتبوون، کە ئەوە قەراڵیچەی بابلە، هێنابوویان بۆ لای موبدار، ئەویش کە زانی ئەوانە بەهەڵەچوون، ڕقی زۆر هەستابوو، بەلام کە تێفکری ئەو ژنە زۆر جوان و تازەیە، ڕقی نیشتەوە. ئەو ژنە ناوی "میسوف" بوو، لەوە پاش بیستم میسوف بەزبانی میسری بەمانا جوانی سەرکێشە بەڕاستی ئەو ژنە سەرکێش بوو، بەلام لە ڕێگەی دڵداریدا.

زۆرجار خاوەن فریو و دڵڕفێن بوو، لەبەر ئەوە موبدار ئاشقی ئەو ژنە بوو، ئەویش سواری شانی موبدار بووبوو، زۆری پێ نەچوو بوو بە ژنی پادشا و بوو بەقەڕاڵیچەی بابل.

ئەو کاتە بەدخوویی ئەو ژنە دەرکەوت، بەبێ ترس و شەرم هەر شتێک بەخەیاڵیدا بهاتایە، ڕێک بووایە و ناڕێک بووایە بگونجایە و نەگونجایە ئەیکرد.

ڕۆژێ داوای هەڵپەڕینی لە پیرەمێردێ نەخۆش "پیری موغان" کردبوو، جارێک داوای ناسکەنانی لە سەرمەیتەر کردبوو، کە ئەبێ خۆی دروستی بکات، چونکە سەرمەیتەر ناسکەنانەکەی سووتاندبوو، دەری کرد، ئەنجا قەزەمێکی خۆی بەسەرمەیتەر دانا، خزمەتکارێکی کۆشکیشی کردبوو بەیەکەم وەزیر، سیاسەتی ولاتی بابلی بەو کابرا نەزانە سپاردبوو.

مـوبدار شـا هـەتـا ئەو ڕۆژە کە ویستی من بکوژێ و تۆش بخنکێنێ، پیاوێکی مـەرد و ڕاسـتڕوو بوو، بەڵام پیاوەتی و مەردایەتیی خۆی لە پێناوی ژنێکی شێتدا دانا.

ڕۆژی جـەژنی "ئاگری پـاک" موبدار بۆ نوێژ هـاتە بوتخانـە، چاوم تێیـەوە بوو، کە لە بەردەمی ئەو بوتە گەورە کە من لە ناویدا حەشار درابووم، موبدار چۆکی دادابوو، لە خواوەندی بابل دەپاڕایەوە، کە بەزەییی بەمیسوفدا بێت.

منیش بەدەنگێکی بـەرز قیژاندم "خواوەندی بابل گوێ ناداتە ئەو زۆرداره، کە ژنێکی ژیر و زانا بکوژێ، ژنێکی شێت و سەرکێش لە جێگەی دابنێ".

مـوبدار وای زانی کە ئەو قیـژەیە سەدای بوتـی گەورەیە، لەبەر ئەوە تـرسـا، جێبەجێ ئەقڵی تێک چوو، زۆری پێ نەچوو لە حـەیبـەتی ئەم سەدایە و لە سـەرکێشـیی میسوف شێت بوو. خـەڵقی بابل وەهـا تێگەیشتن کە شـێتیی مـوبدار تۆڵەی ئاسـمـانـە، بوو بەهەرا و هوریا، عـالەم دەست بە شـیـر و تیر و ڕم هـەستان، شاری بابل (کە جێگەی کەیف و ئاهەنگ بوو) بوو بەمەیدانی شەڕی ناوەخۆ.

ئەوساکە لەناو بوتەکە هاتمە دەرەوە، بووم بەسەرۆکی لەشکرێک، میری ئۆکرانیاش بەلەشکرەوە هـاتە بابل، سـێ لەشکر لە بابل کۆبـوونەوە، هـەرسـێکیـان ناحـەزی یەکتری بوون. مـیری ئۆکرانیـا یەکەم جار هێرشی بردە سەر لەشکری موبدار، زۆری پێ نەچوو مـوبدار کوژرا، میسـوفیش بە دیل گیـرا، ئەنجا بزانە ئەبێ چـەند خـەفـەتم خـواردبێت؟ گوتم وا لەگـەڵ مـوبدار بەجارێک لێک بڕاین، ئێستە ئەتوانم کە شوو بەزادیج بکەم، لەبەر ئەوە کادور بەشوێن تۆدا بۆ ممفیس ڕۆیشت.

بەڵام قـەزا و قـەدەر وەهـا بوو، کە کۆمـەڵێک لە لەشکری ئۆکرانیـا منیش یەخسـیـر بکەن، من و مـیسـوف بەیەکـەوە پێشکێشـی میری ئۆکرانیا کراین، پێم وایە مـیـر منی لەلا پەسـندتر بوو (پێت ناخۆش نەبێت) بۆیە منی ناردبووە ناو ژن و خێزانی خۆی، بەهەموو هێزیەوە پێمی گوت:

– با لەم هـەرا و هـوریـایە، لەم تاڵان و بڕۆیە ڕزگار بـین، ئەوسـاکە بەدیدارت شـاد ئەبم، زۆرم پێ خۆشە. منیش بەزمانی قەڕاڵیچەیەک گوتم:

– بەڵێ قـەزاوقـەدەری غـەمـبـار وا ئەکات، ئەبێ قـەڕاڵیـچـەی بابل ببێـتـە پەرسـتـاری[٢] مـیـرێکی وەحشـی و نەزان، ڕەنگبێ لە دوای مـردنم دەسـتت بگاتێ، چونکە مـردنم لـە دۆسـتـایەتیی پیـاوێکی نەزان و کێوی باشـترە، بەڵام کـابرای ئۆکرانی گوێی نەدامێ، من بەزمـانی خـاوەنشکۆیەک قسـەم ئەکرد، کـەچی ئەو کێوییە بەچاوی کەنیزەک و پەرسـتـار تـەماشـای منی ئەکرد، پێم پێ ئەکـەنی و ئەیگوت:

– ژنی ژیر خـۆی ناکوژێ، من ئـەم جـۆرە دەعیـە و لووتبـەرزییـە بەباش ئـەزانم، بەقولەڕەشـێکی گـوت: "ئەم ژنە زۆر جـوانـە بەڵام بێـعـارە، خـزمـەتی باش بکە، هـەتا لەم سـەفـەرە دێمـەوە، بـەڵکو جوانـتریش ئەبێت، ئـەو وەختـە نەفـرەتم لێ ناکـات"، لە سـەرگوزەشـتی مـیـسـوف زانیم، کـە تۆ لە ممفیس دانیشـتـووی، بۆیە بڕیارم دا، کە لەم زیندانە ڕاکەم خـۆم بگەیەنمە مـیسـر، ئەنجا ڕۆژێک بەمیسوفم گوت:

– ئەی میسوفی ناسک و نازدار، تۆ لە من جوانتری، تۆ ئەتوانی میر ئۆرکان هۆگری خۆت بکەی، با بەتەنیا بۆ تۆ بێت، یاریدەم بدە بەشکم ڕائەکەم، زۆری پێ نەچوو وەهام بۆ ڕێک کەوت، ڕۆژێک بەدزییەوە لەگەڵ قەرەواشێکی میسریدا ڕام کرد. لە سنووری عەرەبستان، کابرایەکی جەردەی بەناوبانگ ناوی ئەربوجاد بوو یەخسیری کردم، دەستبەجێ فرۆشتمی بەبازرگانێکی بەندەکڕ، کابرای تاجریش هێنامی بۆ ئەم کۆشکە، کۆشکی میر ئۆجوڵ، ئەو پیاوەی بە دیلی گرتم، نەیپرسی من کێم؟ ئەوەی کرێشمی لێمی نەپرسی!!.

ئۆجوڵ پیاوێکی زۆرخۆرە وا ئەزانێ هەر بۆ خواردن و خواردنەوە خەڵقاوە، بێجگە لە خواردن و دانیشتن و بەزم و ئاهەنگ هیچی تر نازانێ، لەبەر خواردن و ڕۆنیشتن ئەوەندە قەڵەو بووە وەختە بخنکێ، دوکتۆرەکەی پێی گوتووە ئەگەر باسلیکی بەگوڵاو کوڵاو بخوات لەشی سووک ئەبێت و خواردن زوو هەزم ئەکات، میر ئۆجوڵیش بڕیاری داوە هەر کامە لە کەنیزەکەکانی باسلیکی بۆ بێنێ مارەی ئەکات، وا ئێستە ئەبینی من وازم هێناوە، با ئەو قەدر و ڕێزە بۆ ئەو ژنانە بێت، نەخوازەڵا ئەمرۆکە تۆم دیت قەت نامەوێ باسلیک بدۆزمەوە.

لە دوای ئەم چیرۆکە هەریەکە لەم دوو دڵدارە ئەوە چەند ساڵ بوو لە دڵیاندا بوو یەکتریان لێی تێ گەیاند، فریشتە خۆشەویستیی وتاری دڵداریی ئەوانەی لە ئاسمانی "پەروین"دا نووسی.

ڕۆژ درەنگ بوو، ژنەکان بێ ئەوەی باسلیک بدۆزنەوە، گەڕانەوە بۆ کۆشک، زادیجیش لە ڕێگەیێکی ترەوە چووبووە خزمەتی میر ئۆجوڵ، بەمجۆرە سەلامی لە میر کرد: "لە خوام تەڵەبە لە ئاسمانەوە تەندروستیت بۆ ببارێنێ". من دوکتۆرم بیستم کە میر نەخۆشە، بۆیە بەگورجی هاتم، باسلیکی بەگوڵاو کوڵاوم بۆت هێناوە، هیچ پارە و پوولیشم ناوێت، تەنیا یەک تکام لە میر هەیە، چەند ڕۆژێکە کەنیزەکێکی بابلیی جوان هاتووەتە ئەم کۆشکە، ئەمر بکەن با بڕواتەوە بۆ بابل، ئەگەر میری گەورە چاک نەبووەوە، من لە جێگەی ئەو کەنیزەکە ئەبم بەبەندەیێکی ئەڵقە بەگوش.

میر ئۆجوڵ تکای زادیجی قبووڵ کرد، ستارتیە لەگەڵ قەرەواشەکەی ڕۆیشتنەوە بۆ بابل، وەعدەی بەزادیج دا، کە لە بابل چی ڕووی داوە زوو بەزوو بنووسێ. زادیج و ستارتیە ماڵئاواییان وەکو پێک شادبوونیان پڕ لە دڵداری و خۆشەویستی بوو، ئومێدی پاشەڕۆژیان ڕووناک بوو.

لە کتێبی "زند"دا نووسراوە "سەعاتێ پێک شاد بوون و سەعاتێ لەیەک جودا بوون، لە هەموو ژیان بەرز و بەڕێزترە".

زادیج بەئۆجوڵی گوت: میرم ئەو باسلیکە من بۆ تۆم هێناوە ناخورێت، بەڵام یاریی پێ ئەکرێت، ئەو یارییە سوودی ئێجگار زۆر دەبەخشێ، بنواڕە باسلیکم لەناو ئەم کوندەی فوو دراوە داناوە، بەم پێستە تەنکە داپۆشیوە، ئەبێ تۆ بەهەموو هێزی خۆت شەقێک لەم کوندەیە هەڵدەی، منیش بۆتی ئەنێرمەوە، ئەگەر چەند ڕۆژێ ئەم یارییە بکەی ئەزانی هونەری من بەچە پایەیێک گەیشتووە؟.

یەکەم ڕۆژ ئۆجوڵ ئەوەندە ماندوو بوو، هەناسەی سوار بوو، هەتا وای زانی کە لەبەر شەکەتی

ئەمرێ. دووەم ڕۆژ ئەوەندە ماندوو نەبوو خەویشی لە دوێشەو خۆشتر بوو. هەشت ڕۆژی پێ نەچوو میر هێزی هاتەوە بەر، بەدەنیشی سووک بوو، شادی و خۆشیی نەوجەوانیی بۆ گەڕایەوە، ئەنجا زادیج پێی گوت:

– میرم تۆ یاریی تۆپێنت کرد، ئەوەش بزانە باسلیک لە سروشتدا نەخوڵقاوە، تەندروستیی پیاو لە پێناوی کەم خواردن و کەم بزووتنەوەدایە، زۆر خواردن و تەندروستی وەکو بەختی ئەستێرە و جادووی کاهین شتێکی خەیاڵین پەیدا نابن و بەیەکەوە کۆ نابنەوە.

دوکتۆری ئۆجوڵ دیتی کە مانی زادیج زیانێکی زۆری بۆ ئەو تێدایە، لەگەڵ ئەجزاچیی قەسری ئۆجوڵ قسەیان کردە یەک و قەراریان دا، کە زادیج بنێرن بۆ گۆڕستان، بەشکم لەوێ باسلیک ئەدۆزێتەوە!.

زادیج لەسەر ئەو چاکەیە، کە کردی میرێکی زۆرخۆری قەڵەوی چاک کردەوە، ژیانی کەوتە خەتەرەوە. ڕۆژێک قاوەڵتییەکی زۆر بەنرخیان بۆ دروست کرد، بڕیاریان دابوو کە لە نۆبەی دووەمدا لە عانی خواردنەوەدا ژەهری هەلاهلی بۆ بکەنە پیاڵەوە، زوو بەزوو بینێرن بۆ وڵاتی ڕۆستاخیز، لەوێ باسلیک بێنێ!.

بەڵام لە نۆبەی یەکەمدا لە عانی نانخواردندا نامەیەکی درایە، دیتی لە ستارتیەی نازدارەوە هاتووە.

زادیج دەستبەجێ هەستا و سفرە و خوانی بەجێ هێشت و لێی دا ڕۆیشت.

زەردەشتی گەورە و گران فەرموویەتی "هەر پیاوێک دڵداری کچێکی جوان بێت، ئەو کیژە لە تەنگوچەڵەمەی ژیان ڕزگاری ئەکات".

## دلێری

۱۹

قەڕاڵیچەی ئاوارە ستارتیەی نازدار گەڕایەوە بۆ بابل، خەڵقی شار و لادێ بەدڵ و بەگیان بەپیریەوە چوون، وا ڕێک کەوت لەو عانەدا وڵاتی بابل تۆزێ ئاسوودە بووبوو، شەڕ و جیدال و گرتن و کوشتن، نەمابوو ئەنجوومەنێک لە میر و مەزن و پیاوماقووڵی وڵات حوکمڕانییان ئەکرد، لە بیری ئەوەدا بوون، کە چۆن پادشایەکی بەشان بۆ وڵاتی بابل ئیختیار بکەن، چونکە لە نەتەوەی موبدار کەسی وەها نەبوو.

لەبەر ئەوە زانا و پیر و ئیختیاری وڵات، لەگەڵ کاهین و دەمڕاست هەموویان سوێندخوار بوون، کە ئەمجار ستارتیەی نازەنین لە کەسێک مارە ئەکەن و ئەیکەن بەپادشای بابل، کە خۆیان ئەو کەسە پەسند بکەن و هەڵی بژێرن.

گوتیان شەرت نییە ئەو کەسەی ئەبێ بەخاوەن تاج و تەختی بابل، ئەبێتە مێردی ستارتیە،

پیاوێکی جێگەدار و شازادە بێت و پیاوێکی خانەدان و گەورەزادە بێت، بەڵام شەرتە ئەو پیاوە لە شەڕدا لە هەموو کەس دلێرتر بێت، شەرتە لە زانستدا لە هەموو کەس ژیرتر و زاناتر بێت، شەرتە خۆشەویستی میللەت بێت. شەرتە پادشای بابل مێردی ستارتیە لە مەیدانی پاڵەوانیدا تاک بێت، ئەوەش بەئیمتیحان نەبێ نازانرێت.

لە شار و لادێ، لە دەشت و دەر بەئەمری ئەنجوومەن جارچی ئەمجارەی ڕایەشت:

"هەر کەسێ ئەیەوێ ببێ بەشەهریاری بابل، ببێتە مێردی ستارتیە، ئەبێ ڕۆژی هەینی، پازدەی مانگی تمساح لە ساڵی ٣٧٥٠ لە پاش دروستکردنی بوتخانەی ئورمزدا لە مەیدانی جلیتبازیی شاری بابلدا حازر بێت، ئەبێ ئەو دلێری خۆهەڵبژێرە لەو مەیدانەدا چوار پاڵەوانی نەبەرد بەخسیر بکات، ئەو دلێرانە کە هەریەکە چوار پاڵەوان بەخسیر ئەکات، پێویستە ئەوساکە خۆیان بێنەوە مەیدانی شەڕ، هەتا یەکێکیان ئەوانی تر ئەبەزێنێ، بەتەنیا خۆی لە مەیداندا تاک ئەمێنێ، لەوەدوا ئەبێ ئەو دلێرەی پاڵەوانبەزێن هەر مەتەڵ و پرسیارێک کە کاهینی گەورە لێی دادێنێ، بەبێ وردبوونەوە دەستبەجێ مەتەڵ هەڵێنێ و وەرامی پرسیار بداتەوە، هەر دلێرێ لەم ئیمتیحانە دەرچێت، ئەبێتە خاوەن تاج و تەختی بابل، ئەبێتە مێردی ستارتیەی نازدار، ئەو پاڵەوانە بەڕاستی شایانی شەهریاری وڵاتی کلدانییانە".

لە پاشی ئەم ئیعلانە هاتن لە قەراغ شاری بابل، کە مەیدانی جلیتبازی بوو، مەیدانێکی جغزەییی گەورەیان دروست کرد، دەوران دەوری ئەو مەیدانەیان بەپلە پلە وەکو شانۆی تیاترۆ ڕازاندنەوە، هەمیسان بۆ دانیشتن و نووستنی دلێر و پاڵەوان چەند ژوورێک ئامادە کران.

بێجگە لە ستارتیە کەس نەیئەزانی زادیج لە کوێیە، زادیجیش ئاگای لەم ئیمتیحانە نەبوو، بەڵام ستارتیە ئەم وەزعەی دوور و درێژ بۆ زادیج نووسی، چونکە وای ئەزانی کە دلێری و زیرەکی و زانایی زادیج بێ هەمتایە. ئەوەشی بۆ نووسی کە ئەبێ خۆی و ناوی بگۆڕێ، چونکە ستارتیە نایەوێ کەسێک بڵێ ستارتیە لایەنگیری زادیج ئەکات، یان بڵێن ستارتیە زادیجی خۆش ئەوێت.

زادیج بەر لە ڕۆژی مەیدانداری گەیشتە بابل، دەستبەجێ چوو بۆ لای کاربەدەستان، ناوێکی وەرگیراو و بەرگێکی سپیی کردە نیشانەی دلێرێکی غەریب، ئەوانیش بەگوێرەی دەستووری ئەو ئیمتیحانە بردیانە ژوورێک، لە بەردەمی ژوورەکە ئاڵایەکی سپی هەڵکرا.

کادوری دۆستی زادیج کە تازە بەبێهووودەیی لە ممفیس گەڕابووەوە زادیجی ناسی، هات ئەسپێکی تازی و جلکوبەرگێکی جەنگیی سپیی بۆ هەنارد، زادیج بەبێ بەراورد زانی کە ئەم بەرگە سپییەی لە ستارتیەوە بۆ هاتووە، بێگومان ئەبێ بەم بۆنەوە باوەڕ و ئومێدی سەرکەوتنی دوو چەندان بێت، هێزی دلێریی لەوەوە پەیدا ئەبێت.

لە ڕۆژی دانراودا شانۆی دەوران دەوری مەیدانی شەڕ پڕ بوو لە ژن و پیاو، لە گەورە و بچووک، لە پاش بەینێک قەراڵیچە ستارتیە لە ڕەوڕەوەی شاهی هاتە خوارەوە، لەژێر چەترێکی ئاوریشمی تەلزێڕی پڕ لە گەوهەردا دانیشت، لەگەڵ هاتنی ستارتیە پاڵەوانان لە مەیدان دەرکەوتن داوای

شەڕوان و دلێرانیان کرد.

یەکەم دلێری خۆهەڵبژێر کە بۆیان هاتە مەیدان میرێک بوو ناوی "ئیتۆباد" بوو، ئەو میرە زۆر دەوڵەمەند بوو، لەگەڵ شێتی و ترسنۆکیشی زۆر خۆهەڵکێش بوو، خزمەتکار و دەستوپێوەندی وەهایان بردبووە مێشکییەوە کە: ئیتۆباد بۆ تاج و تەخت خوڵقاوە، ئەویش باوەڕی کردبوو و خۆی دانابوو کە ئەبێ ببێتە پادشای بابل.

ئەو میرە لە سەرتاپای خۆی لە ناوچەکەدا بزر کردبوو، بەڵام خەڵقی بابل کە دیتیان ئیتۆباد چۆن ئەسپی لە مەیداندا دێنێ و دەبا، زانییان کە ئەم پیاوە لەوانە نییە چەوگانی سیاسەتی بابل بگرێتە دەست.

یەکەم سوار کە هێرشی بردە ئیتۆباد جێگەی پێ لەق کرد، دووەم سوار لە خانەی زینی دەرخست و کەوتە سەر کەفەڵی ئەسپەکەی، دەست و پێی بڵاوکردن، بەڵام بەپەلەپەل لەژێر هەرای قاقای پێکەنینی عالەم خۆی کوتایە خانەی زین.

پاڵەوانی سێیەم لە تەنیشتییەوە تێ پەڕی، گورج قاچی ڕاستی ئیتۆبادی گرت و فرێی دا سەر زیخ، مەیتەرەکانی مەیدانی جلیتبازی بەپێکەنینەوە سواریان کردەوە، بەڵام زۆری پێ نەچوو هەتا دلێری چوارەم هێرشی بۆ هێنا، قاچی چەپی گرت و خستییە خوارەوە، ئەوساکە چارەی نەما، بەگاڵتە و گەپ و پێکەنین... خواحافیزیی لێ کرا، بەشەلەشەل ڕۆیشت و ئەیگوت: "ئەم جۆرە ئازایی و جەنگئاوەرییە بۆ پیاوێکی وەکو ئیتۆباد هیچ نییە".

بیری بابلییان لەبارەی ئیتۆبادەوە ڕاست بوو. خۆهەڵبژێرەکانی تر یەک لە دوای یەک هاتنە مەیدان، هی وا هەبوو دوو پاڵەوانی بەزاند، هەندێکیان سێ پاڵەوانی بەدیل ئەگرت، بێجگە لە دلێرێک کە ناوی میر "ئوتام" بوو هیچ دلێرێک نەبوو، کە چوار پاڵەوان یەخسیر بکات. لە دوای میر ئوتام خۆهەڵبژێری بەرگ سپی "یانی زادیج" هاتە مەیدان، ئەو دلێرە بەگورجی بەدەستووری کارزار چوار پاڵەوانی بە دیل گرتن، تەماشاکەر لە دەستوبردی ئەو دلێرە سەریان سووڕما.

هەر ئەوە مابوو خەڵقی بابل بزانێ لە میر ئوتام و لە دلێریی غەریبی بەرگ سپی کامیان سەرئەکەون؟ کامیان ئەبنە خاوەن تاج و تەختی بابل؟ ئەبنە مێردی ستارتیەی نازەنین؟

بەرگی جەنگیی میر ئوتام شین بوو، هی زادیج (وەکو زانیمان) سپی بوو، هیچ کەسێک بێجگە لە ستارتیە و کادور، خاوەن بەرگی سپییان نەدەناسی.

ئەو دوو دلێرە شین و سپییە هاتنە مەیدان، هەتا یەکێکیان ئەوی تریان لە ناوبەرێ، یان بیکوژن یان دیلی بکات، خەڵقی بابل باکیان نەبوو کامیان سەرئەکەون، بەڵام دڵی ستارتیە بۆ دلێری بەرگ سپی وەکو سەعات لێی ئەدا، لە ئاسمان ئەپاڕایەوە، کە سواری سپی سەرکەوێ.

هەردوو دلێری نەبەرد یەکتریان ئەهێنا و ئەبرد، دەستیان کرد بەڕمبازی، ڕمی کوشتنیان داوەشاندە یەکتری هیچیان لە خانەی زین نەبزووتن، هەردووکیان ئەوەندە چالاک بوون، خەڵقی

بابل وەهایان لێ هات ئارەزوویان ئەکرد، کە هەردووکیان ببن بەشەهریاری بابل، تەنیا ستارتیە نەبێ ئەم ئارەزووەی لە دڵدا نەبوو.

ئەسپ ماندوو بوون، ڕم تێک شکان، زادیج دەرفەتی ساند بەچاپووکی خۆی کوتایە پشتی ئوتام، بەگورجی لە ئەسپی خۆیەوە بازی دا بۆ سەر ئەسپی ئوتام، دەستی کرد بەپشت بەندیا و لە خانەی زینەوە فڕێی دایە سەر زەوی، بۆ خۆشی گەڕاوە خانەی زین و بەدەوری ئوتامدا هەڵسووڕا، لە هەموو لایەکەوە بوو بەهەرا: "سواری سپی سەرکەوت، سواری سپی بوو بەپادشای بابل، بوو بەشەهریاری کلدانییان..".

بەڵام ئوتام لە شەرمان ڕقی هەستا، غەزەبی گرت، دەست بەشمشێری ڕووت ڕووی کردە زادیج، زادیجیش ناچار شیری خۆی لە کالان ڕاکێشا و خۆی لە ئەسپەکەی فڕێ دایە خوارەوە و بەرەنگاری بوو.

ئەو دوو مەردە دلێرە، دەست بەشمشێر کەوتنە مەیدان، دوو دوژمنی خوێنخوار ڕوویان لێک کرد، چەپ و ڕاست بەشمشێر وەرگەڕانە یەکتری، پەری کڵاوزرێ، بزماری قەڵغان، ئەڵقە و مووروویی زرێ هەموویان بەدەم نووکی شمشێرەوە پەڕین، بێ پەروا بۆ سەر و ملی یەکتری شیریان دائەوەشاند لێک دوور ئەکەوتنەوە، شاڵاویان بۆ یەکتری ئەهێنا، لێکیان ئەدا، وەکو شامار بەدەوری یەکتردا ئەسووڕانەوە، لە هێزی لێکدان، لە مابەینی قەڵغان و کڵاوزرێ و شمشێر پریشکی ئاگر وەکو ئەستێرە ڕائەکشا.

زادیج ئەیویست ئوتام بکوژێ، وەکو برووسکە پشتی لێ ساند، باوەشی پێدا کرد و بەعەردی داکێشا و چەکی کرد. ئەو کاتە ئوتام هاواری کرد: "ئەی دلێری سپی تەنیا تۆ شایانی تاج و تەختی بابلی"!.

ئەبێ بزانین ئەو سەعاتە ستارتیە چەند شاد و دڵفێنک بووبێت؟

لەوە دوا کاربەدەستی مەیدانی جلیتبازی هەریەکەیانی لە میر ئوتام و دلێری بەرگ سپی، بۆ ئیسراحەت بردە ژووری خۆی، لەگەڵ چەند خولامێکی کەڕوڵاڵ خواردن و خواردنەوەیان بۆ هەناردن. قەزەمە کەڕوڵاڵەکەی ستارتیە خواردنی بۆ زادیج برد، خەبەریشیان دایێ کە ئەم شەو بەئاسوودەیی ئەتوانێ بخەوێ، بەیانی بەبەرگ و نیشانی سپییەوە ئەبێ بۆ ئیمتیحان بێتە لای کاهینی گەورە.

ئەگەرچی دڵدار خەوی سووک ئەبێت، بەڵام زادیج چونکە زۆر ماندوو و مجرۆ بوو، خەوێکی گرانی لێ کەوت. ئوتام (کە ژوورەکەی لە تەنیشت ژووری زادیجەوە بوو) هەستا بەئەسپایی چووە ژووری زادیج، بەئاسانی بەرگ و نیشانی سپیی لێ دزین، بەرگ و نیشانی خۆی (کە شین بوو) لەلای زادیجی بەجێ هێشت.

بەیانی کە ڕۆژی ڕووناک شاخی لە ئاسۆ دەرکەوت، میر ئوتام بەبەرگ و نیشانی سپییەوە چوو

بۆ لای کـاهینی گـەورە پڕ بەدەم بەهەمـوو هێـزی خـۆی گـوتی: "پیـاوێکی وەکـو ئوتام ئەبێ سەرکەوێت".

کاهینی بابل وای زانی ئەمە ڕاستە، هات ئەمری دا کە جارچی جاڕ ڕایەڵێ: "ئێستە زانرا کە ئەو دلێرەی لە مەیدانی جلیتبازی و دلێریدا سەرکەوتووە ئوتامی ناوە، ئەنجا تەنیا ئەوەی ماوە لە ڕۆژی دانراودا لە بەردەمی ئەنجوومەنی ئیمتیحاندا وەرامی پرسیار و مەتەڵی کاهینی گەورە بداتەوە".

جارچی ئەم جارەی دا، زادیج هەر لە خەودا بوو، کاتێ وەخەبەر هات، بێجگە لە بەرگ و نیشانێکی شین هیچ بەرگێکی لەلای خۆی نەدیت، جلوبەرگی تریشی نەبوو، کە بەدەنی خۆی پێ داپۆشێ، ناچار بەفیکرێکی حەپەساو و بەجەرگێکی پڕ لە غەزەب و بەرگ و نیشانی شینی کردە بەر و هاتە دەرەوە.

بەهۆی ئەو بەرگە شینەوە هەر کەسێ تووشی ئەهات گاڵتەی پێ دەکرد، زادیج لە هەموو عومری خۆیدا تووشی ئەوەندە سووکی و شەرمەزاری نەهاتبوو، عالەمێک بەفیکەفیک و پەلاتیقە دەورەیان دابوو، ناچار ما بەزەبری شمشێر ڕێگەی کردەوە و خۆی قوتار کرد، سەری سووڕما نەیئەزانی چی بکات؟ ناتوانێ ئێستە ستارتیە ببینێ، ناتوانێ بڵێ بەرگ و نیشانم دزراوە، چونکە نابێ سڕی ستارتیە ئاشکرا بکرێت، بزانە ئەبێ چەند خەفەت و پەشێوی و غەزەب دایگرتبێ؟

هەستا لە شەرمان لە شار چووە دەرەوە، بەسەر کەناری فوراتدا ڕێگەی وێڵی دایە بەر، ئەمجارە بەتەواوی وەها چووە مێشکییەوە، کە لە ڕۆژی ئەزەلدا لە قەزاوقەدەرەوە، نەگبەتیی بۆ نووسراوە، هیچ چارە نییە، ڕێگەی ڕزگاری نەماوە، هەر بەڵایەک بەسەریدا هاتبوو لەو ژنەوە کە گوتی: "یەک چاوم ناوێ"، هەتا ئەو ساعەتە کە چەک و بەرگیان لێ دزی، هەمووی هاتنەوە بیر، لەبەر خۆشییەوە جارجار ئەیگوت: "قەیناکات، شایانی ئەم سزایەم چونکە درەنگ خەبەرم بووەوە، ئەگەر تۆزێ کەمتر بخەوتایەم ئەبوومە پاشای بابل و مێردی ستارتیە، وا دیارە زانایی و مەردی و دلێریی هەموویان بۆ من هۆی نەگبەتین".

بەخۆی نەبوو لە دەربارەی هێزی خوایی ڕەخنەی لە دەم دەرچوو، زۆری نەمابوو باوەڕی بێتە سەر ئەوە کە: ئەم چەرخی گەردوونە لەژێر دەستی هێزێکی زۆرداردا ئەگەڕێت، ئەو هێزە زۆردارە پیاوی مەرد و زانا تووشی نەگبەتی ئەکات، بەخت و دەوڵەتیش بەسواری بەرگ شین ئەدات".

زۆرتر لەمە غەمبار و خەفەتخوار بوو، کە ناچار مابوو بەرگە شینەکەی لەبەردا بوو، بەڵام زۆری پێ نەچوو تووشی هەندێ بەرگ و کوتاڵفرۆش هات، چەک و بەرگی شینی بەقیمەتێکی هەرزان پێ فرۆشتن، هات کراسێکی درێژ و ئارەقچنێکی کڕی، بەسەر کەناری فوراتدا، بەسەرگەردانی لێی دا ڕۆیشت، نازانێ بۆ کوێ ئەچێ؟ لەبەر خۆشییەوە گلەیی لە هێزی ئافەریدەن ئەکرد: هەتا کەی ناڕەوایی لەگەڵ ئەکات؟".

# چۆڵپەرست

## ٢٠

زادیج لە کەناری فوراتەوە بەپەشۆکاوی ڕێگەی دایە بەر و ڕۆیشت، نەیئەزانی بۆچی ئەڕوات؟ بۆ کوێ ئەڕوات؟ لە ناکاو تووشی پیاوێکی پیری نوورانی هات، جلکوبەرگی پاک و خاوێن بوو، ڕیشی سپی وەک بەفر بەسەر سینگیدا هاتبووە خوارێ، گەیشتبووە پشتێنی، کتێبێکی لە دەستدا بوو زۆر بەواز و بەئارەزوو ئەیخوێندەوە.

زادیج لە سەرگەردانی و شێواویی خۆی گەلێک کەیفی بەکابرای پیری نوورانی هات، لە کانی دڵیەوە دەستی لەسەر سینگی دانا، سەری خۆی نەوی کرد، پشتی خۆی کووڕ کرد، بەدەنگێکی پڕ لە ئیخلاس سەلامی لە کابرای پیر کرد، کابرا لەسەر خۆیەوە بەدەمێکی خەندان، بەگۆڤێکی نەرم، وەرامی سەلامی دایەوە، زادیج لە خوای ویست، کە لەگەڵی بدوێت، بەخۆیدا پەرموو لێی پرسی:

– ئەی جێگەداری باوکم تەشریفت لە کوێوە دێت؟. کابرای پیر لەسەرخۆ تاخیر گوتی:

– لەو چۆڵ و بیاوانەوە دێم و دەگەڕێم. زادیج گوتی:

– گەورەم بەڵێ لە بیاوانەوە دێیت، بەڵام بۆ کوێ ئۆغر ئەکەی؟

کابرا بەپێکەنینەوە گوتی:

– بۆ بیاوانیش ئەچم. زادیج گوتی:

– لە بیاوان بۆ بیاوان... لەوە تێ ناگەم. پیرە گوتی:

– ڕۆڵەم بۆچی تێ ناگەی؟ من لە چۆڵی ئەژیم، ناویشم "چۆڵپەرست"ـە، واز لەوە بێنە، چیت لە من گەرەکە ئەوەم لێ بپرسە. زادیج گوتی:

– ئەو کتێبە چییە بەدەستەوەیە؟. چۆڵپەرست گوتی:

– ئەم کتێبە باسی قەزاوقەدەر ئەکات، ئەتەوێ بیخوێنییەوە!.

هەر وای گوت و کتێبەکەی دایە دەست زادیج، هەرچەندە زادیج گەلێ زبانی دەزانی، زۆر ورد بووەوە لەو کتێبە هیچ تێ نەگەیشت، هیچی لێ هەڵنەکڕاند.

چۆڵپەرست بەنەرمی (وەکو بەزەیی بەزادیجدا بێت) پێی گوت:

– ڕۆڵەم وا دیارە زۆر غەمناکی!. زادیج هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا و گوتی:

– بەڵێ قوربان خەفەتم ئێجگار زۆرە، پێشم وایە ناهەقم نییە ئەگەر لە داخان بمرم لۆمەم ناکرێت، جەور و جەفام زۆر دیوە. چۆڵپەرست گوتی:

– حەز ئەکەی چەند ڕۆژێک لەگەڵ من بگەڕێی؟ ئومێدم وایە سوودێکت پێ بگەیەنم! گەلێ جار دڵنەوازیی ئاوارەم کردووە، زۆرجار غەمی غەمبارم سووک کردووە، لەوەدا هیچ زیانم نەکردووە،

پارەم نەداوە، ڕەنجم نەکێشاوە، هەر ئەم کتێبەم بۆ خوێندوونەوە، لە چاکە و خەراپەی ئادەمیزادم تێ گەیاندوون.

دیمەنی جوان و زمانی نەرم و گوفتی بەنرخی چۆڵپەرست زادیجی کەمەندکێش کردبوو، لە خوای ویست کە لەگەڵیدا بگەڕێ. بەهەموو هێز و باوەڕی، لە کانی دڵیەوە بەچۆڵپەرستی گوت:

– من تکات لێ ئەکەم کە بەجێم نەهێڵی، ئاوارەم نەکەی، هەتا ئەمبەیتەوە بۆ بابل. چۆڵپەرست پێی گوت:

– منیش حەز ئەکەم، کە تۆ لە هاوەڵیم بێزار نەبی، ئەمەوێ بەئورمزدا سوێندم بۆ بخۆی، کە چەند ڕۆژێک لەگەڵم بگەڕێی، لەو ڕۆژانەدا هەرچی ئەیکەم بێزار نەبی و ڕانەکەی.

زادیج بەئارەزووی چۆڵپەرست سوێندی بۆ خوارد. لێیان دا ڕۆیشتن، ئەو ڕۆژە هەتا ئێوارەیان بەسەردا هات نەوەستان، لە عانی ئێوارەدا گەیشتنە کۆشک و باڵەخانەیەکی زۆر گەورە و گران، چونکە ڕۆژ درەنگ بوو، ڕوویان کردە دەروازەی ئەو کۆشکە داوای میوانداریيان کرد، دەرگەوانی کۆشک بە ڕوویێکی زۆر بەشووش و خۆشەوە، بەگورجی بردنیە لای قارەمانی قەسر، ئەویش دەستبەجێ بردنی بۆ لای خاوەنی ئەو کۆشک و سەرایە.

خاوەن کۆشک هەرچەند ئەوەندە ڕووی نەدانێ، بەڵام لەگەڵ خۆی لەسەر سفرەی دانان، نان و پاتێکی زۆر پاک و بەلەزەتی دەرخوارد دان، بەلەگەن و ئافتاوەی زێڕ دەست و دەمیان شۆشتن، وەختی خەوتنیش ژوورێکی تەنیای پاک، پڕ لە مافوور و سەرەنداز و لێفە و دۆشەکیان دانێ، خزمەتکار و دەستوپێوەند لە خزمەتیان غافڵ نەبوون، بەیانی کە لە خەو هەستان هەمیسان لە خواردن و خواردنەوە هیچیان کەم نەبوو، وەختێ کە ویستیان بڕۆن، بەهەر یەکە دینارێکی زێڕی دا، لەگەڵ ئەم هەموو خزمەتە کابرای خاوەن ماڵ (میرێکی لووتبەرز بوو) هیچ نەیدواندن، هیچی لێ نەپرسین، گفتولفتێکی لەگەڵ نەکردن.

لە ڕێگەدا زادیج بەچۆڵپەرستی گوت: وا تێ گەیشتم میری خانەخوێمان پیاوێکی بەخشندە و نان بدەیە، بەڵام وا دیارە زۆر بەدەعیە و لووتبەرزە.

زادیج قسەکەی تەواو نەکردبوو، دیتی چۆڵپەرست توورەکەیەکی لە پشتەوەیە دەڵێی فوو دراوە، کە لێی ورد بووەوە زانی، کە چۆڵپەرست لەگەنە زێڕەکەی خانەخوێی دزیوە، لەناو توورەکەکەدا حەشاری داوە، زادیج لەوە سەری سووڕما، بەڵام بەخۆیدا نەپەرموو هیچ بڵێت.

وەختی نیوەڕۆژ گەیشتنە خانوویێکی بچووک، وەها دەرکەوت کە خاوەن ماڵ پیاوێکی دەوڵەمەند و لەچەرە، چۆڵپەرست داوای کرد، کە ئەیانەوێ لەم نیوەڕۆیەدا تۆزێ ئیسراحەت بکەن، چونکە زۆر ماندوو بوون، زۆر برسی و تینوو بوون.

خزمەتکارێکی پیری پیسی چڵکن، بە ڕوویێکی گرژ و ترشەوە لێیان هاتە پێشەوە، بردنی بۆ تەویلەی چارەوا، نەختێ زەیتوونی ڕزیو، لەگەڵ هەندێ نانی ڕەق و دۆی ترشی بۆ هێنان.

زادیج دیتی چۆڵپەرست چۆن دوێنێ شەو بەهەوەس پلاو و گۆشتی ئەخوارد، وەهاش بەلەزەت نانەڕەق و دۆی ترش ئەخوات.

خزمەتکارە پیس و گرژەکە ڕاوەستابوو، تالووکەی لێ ئەکردن هەتا زوو بەزوو بەڕێیان کات، مەبادا شتێک بدزن، کەچی چۆڵپەرست هات ئەو دوو دینارە کە دوێنێ دەستیان کەوتبوو، هەردووکی کردنە بەخشیشی ئەو خزمەتکارە، پێشی گوت ئێمە زۆر سوپاست ئەکەین لەسەر ئەو خزمەت و حورمەتە بەرامبەر بەئێمە.

لەوە دوا چۆڵپەرست تکای لەو خزمەتکارە کرد، کە ئەمانەوێ چاومان بەخانەخوێمان بکەوێت، دوو قسەی لەگەڵ بکەین، سوپاسی چاکەی بەجێ بێنین.

هەرکە چوونە ژوورەوە، چۆڵپەرست بەکابرای لەچەری گوت، ئەی سەرداری بەڕێز! نازانم چۆن سوپاسی ئەم میواندارییە باشەت بکەم؟ لە پێناوی ئەو هەموو خزمەتە، ئەم لەگەنە زێڕەم لێ وەربگرە، با یادگاریی چاکەی جەنابت بێت.

کابرای لەچەر، لە خۆشیاندا حەپەسا، وەختبوو شێت ببێت، دەنگی گیرا، چۆڵپەرستیش مەودای نەدایە بێتەوە سەرخۆ و بکەوێتە گوفتار، گورج گەڕایەوە و ڕۆیشت، زادیجیش بێ ئیختیار کەوتە شوێنی. ئەمجار زادیج خۆی بۆ نەگیرا، بەچۆڵپەرستی گوت:

– ئەی باوکی بەڕێزم، کردەوەی تۆ لە هی ئادەمیزاد ناکات، ئەو میرە بەخشندە و بدەیە، لەگەڵ ئەو هەموو قەدر و ڕێزە کە لە ئێمەی نا، تۆ هاتی لەگەنە زێڕەکەت لێ دزی، هاتی داتە ئەو کابرا لەچەرە، کە ئێمەی بەجانەوەر و کێوی دانابوو!.

چۆڵپەرست گوتی:

– کوڕم تێ بگە، ئەو میرە کەوا ئێستە بەلووتبەرزی تەماشای خەڵق ئەکات، نان بدەییش ئەکا بۆ ئەوەی ماڵ و سامانی پێشانی عالەم بدات، ئەبینی لەمەودوا ئەبێتە پیاوێکی ژیر و زانا و بەماریفەت، کابرای لەچەریش ئەبێتە پیاوێکی بدە و میوانپەروەر، سەرت سووڕ نەمێنێ. بکەوە شوێنم.

زادیج بێدەنگ بوو، لە دڵی خۆشیدا ئەیگوت: "من کەوتوومەتە شوێن کابرایەک یان زۆر شێتە، یان لە هەموو کەس بلیمەتترە".

چونکە سوێندیشی خواردبوو نەیئەتوانی چۆڵپەرست بەجێ بێڵێ.

ئێوارەی ڕۆژی دووەم گەیشتنە خانووبەرەیەک نە گەورە بوو نە بچووک، دەروبانێکی پاک و خاوێنی هەبوو، وا دەرکەوت خاوەن کۆشک پیاوێکی زۆر زانا و بلیمەتە، چونکە بەتاقی تەنیا لەو چۆڵە دانیشتووە، وەڕەز نابێت، حەز لە چاکە و میوانداریی زۆر ئەکات، دەعیە و تەکەبوری نییە، بەپێی خۆی بەپیر چۆڵپەرست و زادیجەوە هات، بەقسەی خۆش و پێکەنین بردنیە دیوەخان، بەگفتولفتی خۆش خۆش حەساندنیەوە، نان و پێخۆرێکی پوختە و سادەی دەرخوارد دان، لەسەر

نانخواردن بەقسە و باسی خۆش لاواندنیەوە، وای پێشان دان کە چاکەیان لەگەڵ کردووە، چونکە هاتوونە ماڵی و لێی میوان بوون.

بەڵام وەختێ باسی هەرا و شەڕی بابل دەهاتە پێشەوە کابرای زانا خۆی لە هەندێ وتە ئەپاراست، قسەی بەکورتی ئەبڕییەوە، لە قسەکانی وا دەرئەکەوت، کە زۆر حەز بەچاکەی ستارتیە ئەکات، جارجاریش ئەیگوت: خۆزگە زادیج لە مەیدانی دلێریدا حازر بووایە، پێم وایە ئەگەر هاتبایە مەیدان تاج و تەختی بابلی پێ دەبڕا. لەوەپاش گوتی: بەڵام میللەتی بابل شایانی ئەوە نین، کە مەردێکی وەکو زادیج پادشاییان بکات.

زادیج کە گوێی لەم وتارە بوو لە شەرمان سوور هەڵگەڕا، غەم و خەفەتی دوو چەندان بوو، "خانەخوێش نەیئەزانی کەوا زادیج بەرانبەری دانیشتووە".

لەو دانیشتنەدا قسەی خۆشیان زۆر کرد، هاتنە سەر باسی زانست و سروشت و گەردوون، هەرسێکیان گوتیان: ئەم چەرخی گەردوونە بەئارەزووی زانا ناسووڕێتەوە، بەڵام چۆڵپەرست گوتی:

– ئادەمیزاد ڕێگەی هێزی پەروەردگار نازانێ، ئەوەی هەتا ئێستە زانیویەتی هەمووی یەک تنۆکە لە دەریای گەردوون، یەک زەڕەیە لە زانستی پەروەردگار، بۆیە ئادەمیزاد زوو هەڵە ئەبێت و بەخەڵەت ئەچێت.

– وەختێ هاتنە سەر باسی هەوا و هەوەس، زادیج گوتی: هەوەس زیانی ئێجگار زۆرە، شتێکی زۆر بەترسە، چۆڵپەرست گوتی: "ئەو بایەی کە کەشتی ئەگێڕێ، هەندێ جاریش کەشتییەکە وەرئەگێڕێ، وەکو "زراو، زراو ڕقی ئینسان هەڵئەستێنێ، زراو ئادەمیزاد نەخۆش ئەخات، لەگەڵ ئەوەش ئادەمیزاد بەبێ زراو ناژێت". کەوابوو هەر شتێک لەم زەوینەدا هەیە هەمووی خەتەرە، هەرچی هەشە نابێ نەبێ، بەڵام زانستی ئادەمیزاد هەتا ئێستە نەگەیشتووەتە ئەو ڕادەیە، کە بۆچی دروست کراوە؟

لەوەدوا باسی لەزەت و خۆشی هاتە پێشەوە، چۆڵپەرست گوتی: لەزەت و خۆشی دادەنێکی بەسوودی خواییە، ژیری و زانست بۆیە خوڵقاون هەتا ئادەمیزاد چۆنیەتیی لەزەت و عەزیەت بزانێ، بەگوێرەی پێویستی خۆی بنۆڕێتە خەڵق.

کە شەو درەنگ بوو، خانەخوێی زانا و بلیمەت هەردووکی بردنە ژوورێکی پاک و خاوێن، پڕ لە دۆشەک و لێفە و سەرئەنداز، زۆر سوپاسی خوای کرد، کە ئەم دوو میوانە زانایەی بۆ هەناردووە، بەر لە خەوتن هەندێ پارەی بۆ هێنان زۆریشی تکا کرد، کە لێی وەربگرن.

بەر لە نووستن چۆڵپەرست ماڵئاواییی لە خانەخوێکەی کرد و گوتی: ئەبێ شەوەکی هەستم و بڕۆم بۆ بابل، ناتوانم ئیتر بەخزمەتت بگەم، زۆر سوپاس و ستایشت ئەکەین لەسەر ئەم میواندارییە، ئەویش بەجێی هێشتن، ئەوساکە زادیج و چۆڵپەرست لێی ڕاکشان. بەر لە نیوەشەو،

چۆڵپەرست زادیجی لە خەو ڕاکرد و پێی گوت: هەتا کەس لە خەو هەڵنەستاوە هەستە با بڕۆین، بەڵام چونکە ئەم پیاوە کەوتە بەر دڵم، زۆرم خۆش ئەویست، ئەبێ شتێکی بەیادگار بۆ بەجێ بێڵم. هەر ئەوەی گوت و هات ئاگر و نەوتی بەخانووەکەوە نا، خانوو ئاگری تێ بەربوو و گڕی گرت.

زادیج پەلاماری دا و ویستی ئاگرەکە بکوژێنێتەوە، بەڵام چۆڵپەرست وەها بەهێز ڕای کێشا هیچ خۆی بۆ نەگیرا، خانوو بەجارێ ئاگری تێ بەربوو، چۆڵپەرست لە دەرەوە تەماشای ئەکرد و لەسەرخۆ ئەیگوت: "سوپاسی ئەو خوایەم لەسەرە کە ماڵی خانەخوێکەمی بەجارێ تەرتوتونا کرد. چەند پیاوێکی باش و بەختیارە".

کاتێ زادیج گوێی لەم وتارە بوو، ویستی پێ بکەنێ، ویستی لە چۆڵپەرست توورە بێت، ویستی لێی بدات و بەجێی بێڵێ، بەڵام چی نەکرد، چونکە کەمەندکێشی چۆڵپەرست بوو، سوێندیشی بۆ خواردبوو خۆشی بێ ناخۆشی بێ ئەبێ ئەم کاروانە بەئەنجام بگەیەنێ.

ئەو ڕۆژەش هەتا ئێوارێ ڕۆیشتن، شامیان کەوتە ماڵی بێوەژنێک، ئەو بێوەژنە زۆر دەوڵەمەند بوو، زۆر خێرخوا و میوانپەرست بوو، ئەو شەوە میوانداریەکی زۆر باشی کردن.

بێوەژنەکە تەنیا برازایەکی جوانی چواردە ساڵی هەبوو، لەو منداڵە بەدەر کەسێکی تری نەبوو، بەیانی کە هەستان بڕۆن کوڕەکەی لەگەڵ هەناردن هەتا پردیان پیشان بدات، وەختێ گەیشتنە ناوەڕاستی پردەکە، چۆڵپەرست کوڕەکەی گاز کرد و گوتی: "کوڕم وەرە، ئەمەوێ چاکەی پوورت بدەمەوە، چونکە خزمەتی کردین".

هەر ئەوەی گوت و کاکۆڵی منداڵەکەی گرت و هەڵی بڕی و هاویشتییە ناو ڕووبارەوە، هەتیو کە تۆزێ سەراو کەوت، لە ناکاو لەژێر شەپۆلی ئاوا نقوم بوو، ئیتر نەبینرا.

زادیج خۆی بۆ نەگیرا و قیژاندی: "ئەی دڕندەی کێوی، ئەی گوناهکار، چیت کرد؟ هەتا ئێستە کەسێک گوناهکاری وەکو تۆی نەدیوە".

چۆڵپەرست گوتی: تۆ مەرجت کرد، کە هەرچی ببینی هەڵی بگری، قسە نەکەی وا ئێستە دەرکەوت، کە ناتوانی لەگەڵ من بگەڕێی.

با پێت بڵێم، بزانە ئەو خانووە، کە هێزی خوایی سووتاندی و تێکوپێکی دا، گەنجێکی لەژێردایە، ئێستە خاوەنی خانووەکە دەری هێناوە، خەنی لە خۆی.

ئەوەش بزانە ئەو منداڵە کە خوا کوشتی، ئەگەر بژیایە لە پاشی ساڵێک (مەت)[٣]ی خۆی ئەکوشت، لە پاشی دوو ساڵ تۆیشی ئەکوشت، زادیج گوتی: ئەی کێویی نەزان، کێ ئەم خەبەرەی بەتۆ داوە؟ وا گریمان تۆ لە کتێبەکەتدا ئەوەت خوێندبێت، تۆ هەقت چییە کە منداڵێک هیچ خراپەی لەگەڵ تۆ نەکردبێت بێی بیکوژی؟.

لەو کاتەدا کە زادیج ئەم ڕەخنەیەی دەگرت، دیتی ڕیشە درێژەکەی چۆڵپەرست نەما، دەموچاوی نەوجەوانێکی قەشەنگ دەرکەوت، لە ناکاو جلکوبەرگیشی نەما، دیتی چوار باڵی زەلام لە لەشێکی

بەسامی گەورە پەیدا بوون.

زادیج حەپەسا، هەر ئەوەندەی پێ کرا بەچۆکدا هات و گوتی: "ئەی پەیامهێنەری ئاسمان، ئەی فریشتەی خواوەندی یەکانە، کەوابوو تۆ لە بەرزیی تاقی گەردوونەوە هەر بۆ ئەوە هاتییە خوارەوە، کە ئادەمیزادی ناتەواو تێ بگەیێنی کە ئەبێ ئادەمیزاد باوەڕی بەهێزی قەزای ئەمر هەبێت.

جسرادی فریشتە وەرامی دایەوە و گوتی: ئادەمیزاد وای لێ هاتووە، لە هەموو شتێک ئەدوێ، کەچی هیچ شتێکیش نازانێ، تۆ لە هەموو کەس زیادتر پێویستی فێربوونی، لە هەموو کەس بەزانین پێویستتری.

زادیج گوتی: بەڵێ، من پێ لە نەزانیی خۆم ئەنێم، بەڵام بۆ ئەوەی دڵنیا بم، زۆر تکات لێ دەکەم، کە وەرامی ئەم پرسیارەم بدەیتەوە.

ئەو منداڵە کە خنکا، ئاخۆ پەند و تەربیەی لە کوشتنی چاتر نەبوو؟ ڕاست نەئەکرایەوە؟

جسراد گوتی: ئەگەر بگونجایە بژیەت و چاک بێت و ژن بێنێ، خۆی ئەکوژرا، ژنەکە و کوڕەکەشی لەگەڵیدا ئەکوژران.

زادیج گوتی: چی ئەفەرمووی؟ بۆچی گوناه و نەگبەتی چارەیان نییە؟ بۆچی ئەبێ هەموو زانا و بلیمەتێک تووشی نەگبەتی بێت؟

جسراد گوتی: پیاوی خراپ، خۆی نەگبەتە، زۆرجاریش پیاوی چاک لە پیاوی خراپەوە تووشی نەگبەتی ئەبێت، ئەو نەگبەتییە ئیمتیحانی پیاوی چاکە، ئەوەش بزانە خراپەیەک نییە خێرێکی لێ پەیدا نەبێت؟.

زادیج گوتی: بۆچی؟ ناگونجێ چاکەیەک هەبێ هیچ خراپەیەکی لەگەڵ نەبێت؟

جسراد گوتی: کەوابوو ئەبێ ئەم چەرخە بەجۆرێ تر بگۆڕێت، ئەبێ وێنەیەکی تر لە هێزی خواوەند لە ڕووداوی زەوی و ئاسمان دروست بکرێت، چونکە بێ عەیبی، چاکەی بێ خراپە، هەر لە جێگەیەک ئەبێ کە خراپە ناتوانێ ڕووبکاتە ئەو جێگەیە، ئەو جێگەیەش "بەبێ جێگەییە – لامکان" کە خراپە نایگاتێ.

ڕەنگبێ چاکەی بێ خراپە هەبێت، چونکە خوای پەروەردگار لەم کەون و مەکانەدا، کە پێی ئەڵێن "بۆشایی – فضاء" چەند عالەمی دروست کردووە، هیچ کامیان لەوی تر ناکات.

هەمیسان ئەم هەموو جیاوازیی دروستکراوەی سەر ڕووی زەوییە، نیشانەی هێزی بێ پایانی یەزدانە، بنواڕە دوو گەڵای دارێک لەسەر زەوی، دوو ئەستێرە لە ئاسمان هیچ کامیان لەوی تر ناکا. سەرەڕای ئەوەش، لەسەر ئەم زەوییە کە تۆی تێدا خولقاوی هەرچی ئەیبینی جێگە و زەمانێکی بۆ دانراوە.

ئادەمیزاد وا ئەزانێ ئەو منداڵە کە خنکا بەهەڵکەوت کەوتە ناو ڕووبارەوە، یان ئەو خانووە کە سووتا، بەڕێککەوت ئاگری تێ بەربوو، بەڵام من پێت ئەڵێم هەڵکەوت خۆی نییە، هەر ئیشێک ڕووی

داوە و ڕوو ئەدات، یان تاقیکردنەوەیە، یان ئازارە، یان چاکەدانەوەیە، یان پاراستنە.

کابرای ڕاوکەرت بێتەوە بیر ئەو کابرایە وای ئەزانی، کە لە هەموو کەس نەگبەتترە، کەچی ئورمزدا تۆی هەنارد هەتا ئەنجامی ژیانی ئەو کابرایە بگۆڕێت.

ئەنجا ئەی ناتەوانی بێدەستەڵات و بێ چارە، ڕەخنە لە ئیشی ئەو کەسە مەگرە، کە پەرستنی ناچارییە.

زادیج گوتی: بەڵام... هەتا ئەو گوتی بەڵام، جسرادی فریشتە گەیشتە ئاسمانی دەیەم، ئەوساکە زادیج باوەڕی بەهێزیی خوا و پەرستنی بەجارێ قایم بوو، ئەوەشی هاتە گوێ، کە فریشتەکە لە ئاسمانی باڵاوە تێیەوە ئەخوڕێ: "هیچ ڕامەوەستە بگەڕێوە بۆ بابل".

## مەتەڵ

### ٢١

زادیج بەشێواوی و سەرگەردانی، بەدڵێکی پڕ لە ژان گەڕایەوە بۆ بابل، وەها پەشۆکابوو، ئەتگوت برووسکە لێی داوە، بەڵام نەیسووتاندووە.

لەو ڕۆژەدا کە دیوان گیرابوو، دلێر و پاڵەوان بەڕیز وەستابوون، ستارتیە و کاهینی گەورە، لەگەڵ میر و بەگزادە و پیاوماقووڵەکانی بابل دانیشتبوون، میر ئوتامیش بەبەرگی ڕەنگ سپییەوە ڕاوەستابوو، چاوەڕێی ئەوە بوو کاهینی گەورە لەو دیوانەدا بەمەتەڵ و پرسیار تاقی بکاتەوە.

لەو ڕۆژەدا زادیج بەئاشکرایی گەیشتە شاری بابل، خەڵقی بابل هەرکە زادیجیان دیت، بەجارێ ژن و پیاو دەورەیان دا، لە خۆشییان کردیانە شایی و زەماوەند، لە تەماشاکردنی تێر نەدەبوون، بەدڵ و بەگیان لە ئورمزدا لە خوای بابل ئەپاڕانەوە، کە زادیج بکرێتە پادشای بابل، بکرێتە مێردی ستارتیەی نازدار.

مرۆڤی بابل زادیجیان لەسەر شان و مل هەڵگرت و بردیان بۆ دیوانی ئیمتیحان.

وەختێ زادیج هاتە پێشەوە، ستارتیە سەری سووڕما، بۆچی زادیج بێ چەک و بەرگە؟ بۆچی چەک و بەرگی سپی لەبەر ئوتام کراوە؟.

دانیشتوانی دیوان هەرچەندە زادیجیان خۆش ئەویست، بەهاتنی خۆشحاڵ بوون، بەڵام لە دیواندا پچەپچ پەیدا بوو، کە زادیج چۆن دێتە دیوانی ئیمتیحان؟ چونکە لە مەیدانی دلێریدا خۆی نەنواندووە، خۆی تاقی نەکردووەتەوە.

زادیج کە ئەم پچەپچەی هاتە گوێ بەدەنگێکی بەرز، بەزمانێکی لووس ئەم وتارەی دا:

"ئەی گەلی نیشتمان، حەز ئەکەم بزانن، کە منیش وەکو ئەم دلێرەی سپیپۆشە، کە ڕاوەستاوە، دلێریی خۆمم نواند، خۆم تاقی کردەوە، چوار پاڵەوانم بە دیل گرتن، دەستەی پاڵەوان و دلێران ئەزانن، کە دلێری بەرگ و نیشان سپی، لە مەیدانی دلێریدا چی کرد؟. بەڵام ئێستە ئەبینن چەک و

بەرگی سپی لەلای پیاوێکی ترە، هەڵبەت ئەو پیاوە ئەم بەرگە بەشایانی خۆی ئەزانێ، ئەنجا تکام وایە، بەر لەم باس و خواسە، ئێستە لە ئیمتیحانی پرسیار و مەتەڵ بەشدارم بفەرموون".

وەختی دەنگ وەرگیران قەت کەسێک نەبوو بڵێ: بەشدار ناکرێت، چونکە ڕاستی و مەردایەتیی زادیج لەلای بابلییان ئاشکرا بووبوو، هەموویان خۆشیان ئەویست، وەزارەتیی زادیجیان لە بیر مابوو.

ئەوساکە کاهینی گەورە دەستی پێ کرد، لە پێشیشدا ئەم پرسیارەی کرد:

"ئەو شتە چییە؟ کە لە هەموو شتێک درێژترە، لە هەموو شتێک کورتترە، لە کاتێکدا زۆر بەگورجی ئەڕوات، هەر لەو عانەدا زۆر بەسستی ئەڕوات، ئادەمیزاد بەفیڕۆیی لە کیس خۆی ئەدا، کەچی لە پاشان بۆی ئەگریێ، بێ ئەو شتە هیچ ئیشێک ناکرێت، هەندێ چشت قووت ئەدات و شوێنەونی ئەکات، هەندێ شتیش نەمر ئەکات".

ئەبووایە میر ئوتام بەر لە هەموو کەس وەرامی ئەم پرسیارە بداتەوە، چونکە یەکەم مەردی مەیدان بوو، کەچی گوتی: "پیاوی وەک ئوتام مەتەڵ نازانێ، هەر ئەوەی بەسە، کە بەنووکی ڕم سەرکەوتووە".

هەندێ لە دانیشتوان گوتیان: "مەتەڵ دەرهێنانیش بەبەختە"، یەکێک گوتی: "ئەو شتە زەوینە"، یەکێکی تر گوتی: "ئەو شتە ڕووناکییە". وەختێ نۆبەی زادیج هات، ڕووی کردە کاهین و ستارتیە و گوتی:

"ئەو شتە زەمانە، زەمان لە هەموو شتێک درێژترە، زەمان بۆ ئاواتی ئادەمیزاد کورتە زەمان لە عانی شادی و خۆشیدا گورج ئەڕوات، زەمان بۆ چاوەڕێ زۆر سست ئەڕوات، ئادەمیزاد وەختێ خۆی بەشتی هیچ و پووچ و فیڕۆیی ڕادەبوێرێ، لە پاشان بۆی ئەگریێ، زەمان شتی پڕوپووچ قووت ئەدات، لە بیر ئەچێتەوە، بەڵام شتی بەرز و بەوێڵ، ئیشی باش، پیاوی چاک نەمرە و ئەمێنێ".

کۆمەڵی دانیشتوان بەجارێ لە هەرایان دا و گوتیان: "زادیج ڕاست ئەکات".

لەوەدوا کاهین پرسی: "ئەوە چییە؟ هەموو کەسێک گەرەکیەتی، سوپاسی بەخشندەشی زۆر کەم ئەکرێ، هەموو کەسێک بێ ئەوەی بزانێ سوودی لێ وەرئەگرێ، ئەو شتە ئەیدەن بەخەڵک، بێ ئەوەی بتوانن کە لەلای خۆیان بمێنێتەوە، کەس نازانێ کەی بزری ئەکات".

زادیج گوتی: "ئەو شتە ژیانە".

میر ئوتام کە وەرامی زادیجی ئەهاتە گوێ، لەبەر خۆیەوە ئەیگوت: "مەتەڵ هەڵێنان زۆر ئاسانە، ئەگەر حەزم بکردایە هەموو مەتەڵەکانم دەرئەهێنان".

چەند پرسیاری تریشیان لە زادیج کرد، هەمووی ڕاست و دروست بەبێ ڕاوەستان جواب دانەوە.

لەو عانەدا، لە سووچێکی دیوانەوە ئەم وتەیەی هاتە گوێ:

"زۆر زۆر حەیف و مخابن، کە ئەم مەردی وەها زانا و زیرەک و بلیمەت، دلێرێکی شەڕیش نەبێ".

ئەوساکە زادیج بەزمانێکی لووس، بەبێ ئەوەی خەم و خەفەت و ڕق لەهجەی بگۆڕێ، گوتی: ئەی سەرداری گەورە و بەڕێز، چۆن ئەمبینن، کە لە وەرامی مەتەڵ و پرسیاردا بێ مانەندم، هەروەها لە دلێریشدا لە مەیدانی بابلدا، بێ هەمتا و سەرکەوتوو بووم، ئەم چەک و بەرگە سپییە، کە ئێستا لەبەر میر ئوتامدا ئەیبینن، هی منە، میر ئوتام وا گومان ئەبا، کە ئەم بەرگە سپییە بۆ ئەو لە بەرگە شینەکەی خۆی باشترە، ڕەنگبێ وەها بزانێ، کە بەرگی سپی هەر شایانی خۆیەتی، ئێستە هەرچەندە میر ئوتام چەک و بەرگی شەڕی پۆشیوە، بێجگە لەم کراس و تەقیلەیە، لەگەڵ ئەم کەچە شمشێرە، هیچی ترم پێ نییە، ئامادەم پێتان بسەلمێنم، کە میر ئوتام ئەم چەک و بەرگەی لە من دزیوە، من ئەو دلێرەم، کە لە مەیدانی دلێریدا میر ئوتامم چەک کرد و گوتی:

"ئەی شاسواری سپی، هەر تۆ شایانی تاج و تەختی بابلی، ئێستەش ئەتوانم چەکی بکەم".

زادیج ئەم وتارەی تەواو کرد و تەمەنناییەکی بۆ ستارتیە کێشا، دەست بە شمشێری ڕووت ڕاوەستا، داوای لە میر ئوتام کرد، کە بۆی بێتە مەیدان.

ئوتام ئەم هەڕ و گیڤەی زادیجی زۆر پێ خۆش بوو. ڕاستە، دلێرێکی پڕچەک، بەزرێ و قەڵغان و کڵاو ئاسنەوە، لە پیاوێک ناترسێ، کە بێجگە لە شمشێرێکی کۆن چەکێکی تری پێ نەبێ لە کراسێک و ئارەقچینێک بەولاوە بەرگی لەبەردا نەبێ، لەبەر ئەوە میر ئوتام بەبێ ترس و لەرز شیری لە کالان ڕاکێشا، بەبێ ئەوەی تەمەننا بۆ کەسێک بکات، ڕووی کردە زادیج و بەگورجی بەقەستی کوشتن شمشێرێکی ڕاوەشاندێ بەجۆرێ، کە هەموو دانیشتووی دیوان حەپەسان و شڵەژان.

زادیج لە جیاتیی قەڵغان، بەپانایی شمشێر شیری ئوتامی قۆزتەوە، شیرەکەی لە ناوەڕاستیدا پەڕی، زادیج ئەمەی بەهەل زانی. وەک پڵنگ بەرەنگاری ئوتام بوو، یاخەی گرت و بەسەر زەویدا ڕای کێشا، لە ڕقاندا سواری سینگی بوو، نووکی شمشێری لەسەر سینگی دانا و گوتی: "نقە نەکەی هەتا چەکت دەکەم، ئەگینا هەر ئێستە گیانت بەدۆزەخ ئەسپێرم".

ئوتام بەجارێ حەپەسا و خۆی شل کرد، هەتاکو زادیج هەموو چەک و بەرگی جەنگی لەبەر ئوتام داکەند و کردیە بەر خۆی، ئەوساکە بەبەرگی سپییەوە لە بەردەمی ستارتیە چۆکی سوپاس و ستایشی دادا.

کادوری دۆستی گەواهیی دا، کە ئەم چەک و بەرگە سپییە هی زادیجی بەر لە مەیدانی جلیتبازی کادور بەناوی قەراڵیچەوە بۆ زادیجی ناردووە.

زادیج بەئەمری کاهینی گەورە، بەئارەزووی هەموو میللەتی بابل، تاجی شەهریاری لەسەر سەر دانرا، ستارتیە لە هەموو کەسێک زۆرتر بەمە شادمان بوو، چونکە بۆ میللەتی بابل ئاشکرا بوو،

که زادیج شایانی تاج و تەختی بابلە، شایانی دڵداری ستارتیەیە.

بەڵێ زادیج پادشایەکی بەختیار بوو، چونکە هەموو کەس لێی ڕازی بوو، هەژار و دەوڵەمەند وەکو یەک سوپاسیان دەکرد، باوەڕی بەوتەی جسرادی فریشتە قایم بوو، ئەو دەنکە "زیخە"شی هاتەوە بیر، کە لە ئاخریدا بەهۆی سەبرەوە بوو بەگەوهەری تاجی پادشای هیند.

زادیج هات جەردەی بەناوبانگ ئەربوجادی هێنا بۆ بابل، ڕوتبەیەکی لەشکری گەورەی دایە، عەهد و پەیمانی لەگەڵ کرد، کە ئەگەر سەربازێکی مەرد دەرچوو ئەیکاتە قوماندارێکی بەرز، ئەگەر خووی جەردەیی و ڕێگری سەری لێ بداتەوە لە قەنارەی ئەدات.

سیتوک و ئەلموناى نازەنینی لە عەرەبستانەوە هێنانە شاری بابل، سیتوکی کردە سەرۆکی بازرگانیی وڵاتی بابل.

ئەمەی لە هەموو ئیشێکی تر جێگەی تێفکرین بوو، هات ناوی لە کادوری دۆستی نا "دۆستی شەهریار". ئەمری کرد کە جارچی ئەم جارە ڕایەڵێت:

"لە دنیادا زادیج یەکەم پادشایە دۆستێکی گیانی بەگیانی هەیە".

زادیج چاکەی کابرای قەزەمی کەڕوڵاڵی لە بیر نەچووەوە، ئەمری کرد کە ئەم کابرایە لە کۆشکی زادیجدا زۆر بەناز و نیعمەت ژیان بەسەر بەرێت.

کۆشکێکی زۆر جوانی پێشکێشی کابرای ڕاوکەر کرد، حوکمیشی لە میر ئۆرکان کرد، کە سامانێکی زۆر بداتە کابرا، ژنەکەشی بداتەوە، بەڵام ڕاوکەر پیاوێکی زۆرزان بوو، ماڵ و دەوڵەتی میر ئۆرکانی قبووڵ نەکرد.

زادیج وازی لە میسوفی جوان و سەرکێش هێنا، با بۆ خۆی بە شار و لادێدا هەر بسووڕێتەوە.

سامیرای نازدار بۆ بەدبەختیی خۆی دەستی کرد بەگریان، چونکە وای زانی، کە زادیج ئەبێتە یەک چاو، لەبەر ئەوە شووی پێ نەکرد.

ئازورا لە سامیرا غەمناکتر بوو، لەبەر پەشیمانی هەر ئەگریا، چونکە زۆری نەمابوو لووتی زادیج ببڕێت، بەڵام زادیج نەیهێڵا خەفەت بخۆن، بەشوێن هەردووکیانیدا نارد، زۆر دڵی دانەوە، ماڵ و سامانێکی زۆریشی پێ دان، ئەوساکە زانییان کە زادیج پیاوێکی زانا و بلیمەتە ڕقی لە کەس نابێتەوە، قین لە زگ نییە، قەت خراپە ناکات.

کابرای بەغیل کە دیتی رەخنە لە زادیج ناگیرێ، پیاوێکە بەپادشایی مەغروور نابێ، بەگەورەیی خۆی لێی ناگۆڕێ لە داخانا تەقی کرد و مرد.

حکوومەتی بابل لە سایەی زادیجەوە زۆر پێشکەوت، شەڕ و هەرا نەما، هەرزانی کەوتە وڵات، دز و جەردە بوون بەجووتیار و کاسبکار، بازرگانی زۆر بوو، فراوانی و هەرزانی دەستی پێ کرد، خوێندن و پیشەسازی بڵاو بووەوە.

زەمانی زادیج خۆشتر و جوانتری هەموو زەمانێک بوو، چونکە دۆستایەتیی میللەت و

دادپەرستیی حکوومەت شاباڵی ڕەحمەتیان بەسەر وڵاتدا کێشابوو، میللەت سوپاس و ستایشی زادیجیان دەکرد، زادیجیش شەو و ڕۆژ شوکری یەزدانی پاکی دەکرد.

وەرگێڕانی بۆ عەرەبی: تەها حوسێن

....................................................................................

"منیش (محەمەد عەلی کوردی) پژدەری، گەڕامەوە وەکو پێشینان ناڵێم هیچم پێ نەبڕا! چونکە پێم وایە خوێندەواری کورد لە وتەی باش بێبەشم ناکەن، کە ئەم چیرۆکە نایابەم بەڕێکوپێکی خستووەتە بەردەست، بۆ ئەوەی دڵ و گیان، بیر و زمان لەزەتی لێ وەرگرێت، هیچی تریشم ناوێت".

بەعقووبە: محەمەد عەلی کوردی

لەبارەی جوانییەوە!..

ئەم شتانەی خوارەوە هی دۆستی غەمخواری خۆمان وەستا "بەشیر مەشیر"ـە، لەبەرئەوەی زادیج پەرێشان و ئاوارە بوو بەشوێن ستارتیەدا، با بەشوێن کچێکی وەهاشدا هەر ئاوارە بێ!

١- جوانیی کچ ٣ شتە: ڕەوشتی باش، دەم بەخەندە، خاوەن نامووس.

٢- سپییەتیی کچ ٣ شتە: پێست، دان، دەست.

٣- ڕەشی ٣: چاو، برۆ، برژانگ.

٤- سووری ٣: لێو، کوڵم، نینۆک.

٥- درێژی ٣: باڵا، بسک، گەردن.

٦- کورتی ٣: گوێچکە، ددان، پێ.

٧- پانی ٣: سینگ، ناوچەوان، بەینی برۆ.

٨- پڕی ٣: پشتی پێ، دەست، برۆ.

٩- باریکی ٣: ناوقەد، لێو، قولەپێ.

١٠- نەرمی ٣: پەنجە، سمت، قژ.

دایکی ئەمانە هەمووی خوو و ڕەوشتی جوانە.

لەبارەی ژنەوە لە فەیلەسووفێکیان پرسی: ئەویش وتی: ژن بەرامبەر بەپیاو لە شەڕدایە، تا ئەبەد بەبێهوودنە!..

سرێک

سـرێکە وا لە دڵما بیـڵـێم زمـان ئەسـووتێ
بیشارمەوە و نەیبێژم مێشک و ئێسقان ئەسووتێ
ئەستێرەکەم بەدەرخەی لە بورج یا نجوومگەر
لە تاوی ئاه و ناڵەم حەوت ئاسمان ئەسووتێ!

دوێنێ ئەوەی بە(مـصـبـاح) دیوانـی پڕ لە شـۆق بوو
ئێـسـتـا بەشـەو لە مـاڵیـا چرا گـران ئەسـووتێ
(بەشـیـر مـوشـیـر) لە عـەزرەت کـوردانە وا بـەپـیـری
عـارەق دەکـا و لە گـەرمـان لەنـاو دووکـان ئەسـووتێ!

حەوخشتەکی.. بەشیر موشیر
"ئەم حەوخشتەکییە بەوەزن و پڕ مەعنایە هی شاعیری بەناوبانگ وەستا "بەشیر موشیر" خەیاتە، خاوەنی "سیپارەی هەقپەرستی".

؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟
؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟
کـەی مـن وەک شـەداد شـەدادیم کـرد
کـەی من وەک نـەمـروود نەمـروودیم کـرد
کـەی مـن لـە دینـی تـۆ تـەوەللاییـم کـرد
کـەی مـن عـیـسـاییـم ناسـی بێ وەفـاییم کـرد
کەی من مووسـاییم ناسی بێ میسـاقیم کرد!

پەراوێز:

(١) هەرچەند ناوی بەسرە و شط العرب لە زەمـانـی بابلیـیـاندا نەبـووە ڕەخنە لە چیـرۆک ئەگـرێ، چونکە خاوەنی ئەم چیرۆکە (ڤۆڵتێر) زۆر ناوی خۆکردی نووسیوە، موتەرجمی عەرەبی تەها حوسێن دەستی لێ نەداوە، منیش لەبەر ئەمانەت نەمگۆڕین، چونکە مەبەس لە چیرۆکی خەیاڵیی زانینی کارەساتە، ناو و جێگە قیمەتی زۆر نییە.

٢- پەرسـتـار وشـەیەکی کـوردیی ڕووتە، لە پەرستن وەرگـیـراوە، بەرانـبـەری "أمـە"ی عـەرەبیـیـە، فـردەوسی پەرستاری بۆ ژن بەکار هێناوە:

پرستار زاده نباید بکار و گرچند باشد پدر شهریار

م. ع. کوردی

(٣) مـەت: وشـەیەکی کـوردیی بادینیـیـە، بەمـانا پـوورە "خـوشکی باوک". پێم وایە لە "عـمـە"ی عـەرەبی وەرگیراوە. "م. ع. کوردی"

## پێڕست


کارەساتەکانی شوێنەواری زانایانی کورد. محەمەد عەلی قەرەداغی ........ 3
ئەرمەن و کورد– بەشی دووەم فەرهاد پیربال ........ 20
کورد و وڵاتەکەی. موقەدەم شێخ عەبدولواحید. لە عەرەبییەوە: ئەحمەد تاقانە ........ 57
لە بارزانەوە.. تا مەهاباد و یەکەتیی سۆڤیەت و ئەنفال و زیندەبەچاڵکردن. جگەرسۆز پێندرۆیی ........ 85
عێراق و کورد ڕووبەڕووبوونەوەی ترسی پاشەکشە. لە ئینگلیزییەوە: رابەر یوونس ........ 90
نامەی ئەمین عالی بەدرخان بۆ کۆمیسێری فرەنسا... لە فرەنسییەوە: د. نەجاتی عەبدوڵڵا ........ 112
کەسێتیی تاکی عێراقی. بەشی هەستەم. باقر یاسین. لە عەرەبییەوە: سەباح ئیسماعیل ........ 122
کولتوور و دەوڵەت. د. عەبدولحوسێن شەعبان. لە عەرەبییەوە: عەبدورەڕاق عەلی ........ 151
ئەقڵی دەشتەکی و تێکچوونی ئەخلاق. عەلی وەردی. لە عەرەبییەوە: عومەر عەلی غەفوور ........ 170
ڕاگەیاندنی تایفی. محەمەد فەریق حەسەن ........ 182
مێژووی ساڵانی پاتشایان و پێغەمبەرانی سەر زەوی. لە عەرەبییەوە: ئەحمەد تاقانە ........ 185
کەشتیی نووح سایتی ویکیپیدیا. لە تورکییەوە: ئەحمەد تاقانە ........ 196
دیکارت و شەڕێکی ترسناک لەگەڵ خۆی. هاشم سالح. لە عەرەبییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا ........ 199
هەورێشم. ئەلێساندرو باریککۆ. لە سوێدییەوە: حەسەن نوور ........ 211
کورتەیەک لەسەر رەوشت. سەلاح حەسەن پاڵەوان ........ 243
زۆرداریێتیی خوایەتی و ونبوونی سەروەری. عەلی حەرب. لە عەرەبییەوە: سەلاح حەسەن پاڵەوان ........ 262
شێوەکار ئەرسەلان ئەحمەد. ئامادەکردنی: ڕۆستەم ئاغالە ........ 271
سینەمای تارکۆڤسکی. حەمید عەقبی. لە عەرەبییەوە: سەباح ئیسماعیل ........ 289
مەرگ دۆستی و ژیان دۆستی. ئەریک فرۆم. لە عەرەبییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا ........ 294
خۆشەویستیی ناو فیلمی سینەماکان. ئامادەکردنی: شێرزاد هەینی ........ 306
ئەنا لیندی سیاسەتوانی سوێدی هۆڤیانە و بەناهەق تیرۆر کرا. ئامادەکردنی: شێرزاد هەین ........ 325
گازبرووم. ئایروین کووخ . لە عەرەبییەوە: شێرزاد هەینی ........ 329
شەڕی سەربەخۆبوونی ئەمەریکا. نیکۆلە شلەی. زابینە بوسە. لە ئەڵمانییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا ........ 341
ئاخۆ سیستەمی سەرمایەداری بەردەوام دەبێت؟ لە عەرەبییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا ........ 349
دامەزراندن.. ئەفراندن.. پێشڕەوێک. مەحموود زامدار ........ 358
حیکایەتی زادیج ڤۆڵتێر. لە عەرەبییەوە: محەمەد عەلی کوردی ........ 374